
ئىنجىلى يېرۆز

ئینجیلی پیرۆز

مزگێنی

پەیمانی نوێی حەزرەتی عیسا

بە شێوەی کوردی سۆرانی

هەموو مافەکانی بلاوکردنەوە پارێزراوە

چاپی دووەم

New Testament Kurdish (Sorani)
NKV by International Bible Society
Copyright © IBS 1999
ISBN 1-56320-073-2
All Rights Reserved

Second print (10,000 copies) 1999

پێشەکی

تەنها یەك ئینجیل هەیە ئەویش ئینجیلی حەزرەتی عیسایە، ئەوەش ئەو مزگێنییەیە کە عیسا هێنای و ڕایگەیاند، قوتابیەکانیشی دوای هەستانەوەی لەنێو مردووان بەردەوامبوون لەراگەیاندنی. عیسا خۆی ئینجیلی نەنووسیوە، بەڵام فێرکردنەکانی بەشێوەیەك بەقوتابیەکانیدا کە ئاسان بێ بۆ بیرهاتنەوەو فێرکردنی خەڵکی تر، قوتابیەکانیش هەموو ڕووداوەکانیان بەچاوی خۆیان بینی بەتایبەتی هەستانەوەی لەدوای مردن. لەشەوی پێش مردنی بەڵێنی پێدان کەدوای مردنی ڕۆحی پیرۆز دێتو هەموو ئەو شتانەی پێیووتن وەبیریان دەهێنێتەوەو هەموو شتێکیان فێر دەکات (یوحەنا 14:26، 2پەترۆس 1:19–21). پەنجا ڕۆژ دوای لەخاچدانی ئەم بەڵێنە هاتەدی، بۆیە لەو کاتەوە قوتابیەکانی دەستیانکرد بەراگەیاندنی مزگێنی پادشاهێتی خوداو فێرکردنی خەڵکی بەو شتانەی عیسا فێری کردن. هەندێ لە دوانزە قوتابیەکە لەگەڵ نێرراوانیتر بەڕابەرایەتی ڕۆحی پیرۆز هەستان بەنووسینەوەی ئەم مزگێنییە، مێژووی زۆربەی نووسراوەکانی مەزەندە دەکرێ بە 25–40 ساڵ دوای مردنی عیسا، تیایدا ژیانو فێرکردنەکانو مردنی عیسایان تۆمارکردووە، بەهەستانەوەشی لەنێو مردووان کۆتاییان پێهێناوە. ئەم نووسراوانە بۆ خوێنەری جوراوجۆر نووسراون، بۆ نموونە: یوحەننا، تا خوێنەری بێباوەڕ بۆ باوەڕ بهێنێ (یۆحەنا 20:31)، لۆقا، بۆ چەسپاندنی خوێنەری باوەڕدار لەوەی فێری بووە (لۆقا 1:1–4).

ووشەی ئینجیل لەووشەی (ئیوانجلیۆن)ی یۆنانی هاتووە، بە واتای مزگێنی، ئەم ووشەیە لەسەردەمی عیسا تەنها بۆ مزگێنیدان بە هاتنی پادشا بۆ شارێك بەکاردەهات، بۆیە ئەو

مزگێنیـیەی عیسا ڕایگەیاند بە ئینجیل ناوبرا، چونکە مزگێنی هاتنی پادشـاهێتی خودایە بەهۆی عیساوە، مزگێنی بوونی عیسایە بە پادشا بەسـەرکەوتنی بەسـەر شـەیتاندا، ئەمـەش بەمـردنی لـەسـەر خـاچ هاتـەدی، بەمـە مـرۆڤایەتی ڕزگارکـرد لەکۆیلایـەتی گونـاە، ئـەم سـەرکەوتنەش بەهەسـتانەوەی لـەنـێو مـردووان ئاشـکرا کـرا، بەم شـێوەیە لێخۆشـبوونی گوناهی بەخۆڕایی پێدراین، هەروەها بەهۆی ڕۆحەوە ژیانی هەتاهەتایی پێبەخشین، ناوەڕۆکی ژیانی هەتاهەتاییش ئەمەیـە: (ناسـینی خـودای هەتاهـەتایی وەك باوکـێکی ئاسمـانی). باوەڕهێـنانو تۆبەکـردنو سـتایشکردن بەووتەو بەکردار، وەلأمی ئەو کەسانەیە کە گوێ لەمزگێنی خودا دەگرن.

ئیجیـلی پـیرۆز لـە 27 نووسـراو پـێك هـاتووەو بەکۆی هـــەموویان دەووتـــرێ (پـەیمانی نوێ)، ئەمەش بەشی دووەمە لە کتێـبی پـیرۆز. بەشـی یەکـەم لەتەوراتی حەزرەتی موساو زەبووری حـــەزرەتی داودو نووســـراوی پێغەمـــبەران پـێك‌هاتووە، بەکۆی ئەمانـیش دەووتـرێ (پـەیمانی کـۆن)، هـەروەها پـەیمانی کـۆن بەو پەیمـــانـەش دەووتـرێ کـە خـودا لەگـەڵ گـەلی ئیسرائیلی بەست لـــەڕێگای موســاوە (2کۆرنسـۆس 3:14، عیـبرانیەکان 8:13)، بەهـەمان شـێوە بـەو پەیمانـەی کـە خـودا لەگەڵ هەموو مرۆڤایەتی بەسـتی بـە خوێـنی عیسـا، دەووتـرێ پەیمانینوێ (لۆقا 22:20)، ئەمـەش هێـنانەدی ئـەو بەڵێنانەی خودایە کە بەهۆی پێغەمبەرەکانی ڕایگەیاندبوو (عیبرانیەکان 8:6-12).

دانـانی ئـەم 27 نووسـراوە بـەم شێوەیەی ئێستا، دانانێکی زەمـەنی نیـیە بـەڵکو بابەتیـیە، لەسەرەتا چوار پەرتووکی مزگێنییە، لـەدوای ئـەوان پەرتووکی‌کـرداری نـێرراوانە، ئـەم پەرتووکـە بە دەرکەوتـنی عیسـا بـۆ قوتابـیەکانی دەسـت پـێدەکـات دوای هەسـتانەوەی لـەنـێو مـردووان، دوایی بۆمان دەردەکەوێ چۆن لـە مـاوەی (30) سالّی دوای ئەمە مزگێنی مەسیح لەقودسەوە تا ڕۆما

بلاوەبێتەوە، ئەم پەرتووکە تەواوکەری پەرتووکی مزگێنییە بەپێی نووسینی لۆقا. ئەم پێنج پەرتووکە بەشی مێژوویی ئینجیلیان پێکهێناوە.

لەدوای ئەمان 21 نووسراو دێت لەشێوەی نامە، یەکەمیان نزیکەی 20 ساڵ دوای هەستانەوەی عیسا نووسراوە. پۆڵس 13 نامەی یەکەمی نووسیوە، هەروەها یاقوب و پەترۆس و یۆحەننا و یەهوداش هەندێ نامەیان نووسیوە، دوا نووسراویش بینینەکەی یوحەننایە، ئەمەش بەحەوت نامە دەست پێدەکات بۆ کۆمەڵە باوەڕدارەکانی هەرێمی ئاسیای ڕۆمانی، تیایدا لەشێوەی بینینی ڕەمزی خواستو کرداری خودا لەسەر زەوی ڕادەگەیێ. نامەکانی ئینجیل پڕن لەفێرکردن، بە دەسەلاتی مەسیح نێرراوەکان پێشکەشی خوێنەرە یەکەمینەکانیان کرد، ئینجا مزگێنی بەکار هێناو بوو بەژیانی ڕۆژانەی خوێنەران و بەخواستی خودا بۆ ئێمەش بە پارێزراوی مایەوە.

هەر 27 نووسراوەکە بە زمانی یۆنانی نووسراون، چونکە زمانی سەرەکی بووە لەئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەو سەردەمەدا. ئێستا لەمۆزەخانەکانی جیهاندا بەدەیان هەزار دەسنووسی کۆنی ئینجیل هەیە، جا یان بە پارچە پارچەین یان وەرگێڕانە کۆنەکانن و یان لە نامەکانی قوتابیە یەکەمینەکانن مێژووی هەندێ لەم دەسنووسانە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەم. زیاتر لەپێنج هەزار دەسنووس هەیە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی 300ز. ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزە کە ئەو دەقەی ئەمڕۆ لەبەر دەستمانە هەمان ئەو دەقەیە کە باوەڕداران لەسەرەتاوە بەکاریان هێناوە. ئەم نووسراوە کوردییەش لەوەرگێڕانە عەرەبی و ئینگلیزیەکانەوە وەرگیراوە، هەروەها لەسەر دەقی نەژادی یۆنانی چاوی پێخشێنراوەتەوە، تاکو خوێنەری کورد دڵنیابێ کە ئەم نووسراوە وەرگێڕانی تەواوی ئەو

دەقەیە کە قوتابیانی عیسا نووسیویانە. بێهەڵەیی و ڕوونی ئاشکرایی دوو ئامانجی سەرەکی بوونە لەوەڕگێڕاندا.

ڕوونکردنەوە

لەوانەیە هەندێ ووشە زانراو نەبێ وەك (کاهین، کەنیشت، لەئاوهەڵکێشان،..هتد)، بۆ ئەمانەش لیستەیەك کراوە لەکۆتایی کتێبەکە بۆ ڕوونکردنەوەی زاراوەکانو ووشەکان، هەر ووشەیەکیش پێویستی بە ڕوونکردنەوە بووە بەم نیشانەیە(*) دیاری کراوە. هەروەها ئەمانەی خوارەوە بۆ زیاتر یارمەتی دانی خوێنەر کراوە:

- هەر کتێبێك پێشەکی *بە جۆرە نووسینێکی تایبەتی (بەلاری) بۆ نووسراوە*.
- بۆ هەر بڕگەیەکیش ناونیشان بەخەتێکی جیاواز نووسراوە بۆ ڕوونکردنەوەی بڕگەکە وەکو: بنەچەی عیسا
- هەندێ جار تێبینی لەخوارەوەی لاپەڕەکان بەرچاودەکەوێ.
- وەرگێراوەکانی پەیمانی کۆن لەنێوان دوو کەوانەی بەم شێوەیە: { } دانراوە.

لێژنەی وەرگێڕانی ئەم دەقە باش دەزانن کە مرۆڤ بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام ئەم دەقە کوردییە دەخەنە بەر دەستی خوێنەران لەگەڵ سوپاسیان بۆ خودای گەورە لەسەر یارمەتیدانی، هەروەها لەخودا دەپاڕێنەوە تاکو ئەم کتێبە ببێتە مایەی پیرۆزکردنی خوێنەرو شکۆدارکردنی خودا. ئامین.

ناوەرۆك

	لاپەرە	ژمارەی بەشەکان
مزگێنی بەپێی نووسینی مەتتا	1	28
مزگێنی بەپێی نووسینی مەرقۆس	75	16
مزگێنی بەپێی نووسینی لۆقا	125	24
مزگێنی بەپێی نووسینی یۆحەننا	206	21
کرداری نێراوان	249	28
نامەی پۆڵس بۆ باوەردارانی رۆما	317	16
یەکەم نامەی پۆڵس بۆ باوەردارانی کۆرنسۆس	350	16
دووەم نامەی پۆڵس بۆ باوەردارانی کۆرنسۆس	382	13
نامەی پۆڵس بۆ باوەردارانی غەلاتیە	404	6
نامەی پۆڵس بۆ باوەردارانی ئەفەسۆس	415	6
نامەی پۆڵس بۆ باوەردارانی فیلیپی	426	4
نامەی پۆڵس بۆ باوەردارانی کۆلۆسی	434	4
یەکەم نامەی پۆڵس بۆ باوەردارانی تەسالۆنیکی	442	5
دووەم نامەی پۆڵس بۆ باوەردارانی تەسالۆنیکی	450	3
یەکەم نامەی پۆڵس بۆ تیمۆساوس	455	6
دووەم نامەی پۆڵس بۆ تیمۆساوس	464	4
نامەی پۆڵس بۆ تیتۆس	471	3
نامەی پۆڵس بۆ فلیمۆن	475	1
نامە بۆ عیبرانیەکان	477	13
نامەی یاقوب	503	5
یەکەم نامەی پەترۆس	513	5
دووەم نامەی پەترۆس	521	3
یەکەم نامەی یۆحەننا	527	5
دووەم نامەی یۆحەننا	536	1
سێیەم نامەی یۆحەننا	538	1
نامەی یەهوزا	540	1
بینینی یۆحەننا	543	22

مەتـتا یەکێك بوو لەدوانزە قوتابیەکەی مەسیح. زۆربەی ئەو ڕووداوانەی باسـی دەکـات بـە چـاوی خۆی بینیویەتی. جوولـەکەیەکی باجگر بوو بەڵام دوای باوەڕهێـنانی وازی لەکارەکـەی هێـناو دوای عیسا کەوت. بەیارمەتی ڕۆحـی پـیرۆز ئـەم پەرتووکەی نووسییەوە. مێژووی نووسینەوەی دیار نییە، بـەڵام مـەزەندە دەکـرێ بـە (60-65)ز. لەسـەدەی دووەمـی زاینـیەوە، نووسـراوەکەی مەتتا لەپێشەوەی هەموو نووسراوەکانی پەیمانی نوێ دانراوە. ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

1-بەپـرد دادەنـرێ لەنێوان پەیمانی کۆنو پەیمانی نوێ، هەر لەسەرەتاوە ڕەچەڵەکی عیسا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئیبراهیمو داود.

2-سـەرەتا بـاوەڕداران زۆربـەیان جوولـەکـە بـوون، ئـەم نووسـراوەش ئاراسـتەی ئـەوان کـراوە. ئەمـەش بەشـێوەیەکی ئاشـکرا دەردەکـەوێ لەبەکارهێـنانی هـەندێ زاراوە کـە لەلای جوولـەکەکان نامۆ نەبوون، وەك: پادشـاهێتی ئاسمـان، شـاری پادشـای مـەزن (قـودس)، هەروەها هەوڵـی داوە تیشـك بخاتـە سـەر ئـەو لایەنەی ژیانی عیسا کە هەموو پێشبینیەکانی پەیمانی کـۆن دەربـارەی مەسـیح لـەم هاتۆتە دی. سەلماندویەتی عیسا مەسیحە، ئەو پادشـایەی جوولەکـەکان چاوەڕێیان دەکرد تا لەژێردەستی ڕزگاریان بکات. بـەڵام کـە هـات زۆربـەی جوولـەکـەکان باوەڕیـان پـێی نەکـردو دەسـتیان لەکوشتنیدا هەبوو.

1

ئەمـەش نـاوی ئەوکەسانەن کە دەبنە پشـت بۆ عیسای* مەسیحی* ڕۆڵـەی داود* ڕۆڵـەی ئیـبراهیم*: [2]ئیـبراهیم بـاوکی ئیسـحاق بـوو، ئیسـحاق بـاوکی یـاقوب بـوو، یاقوب باوکی یەهوزاو براکانی بوو، [3]یەهوزا باوکی فارسو زارح بوو کە سامار دایکیانە، فـارس بـاوکی حەسـرون بـوو، حەسـرون بـاوکی ئـارام بوو. [4]ئارام

بنەچەی عیسا

باوکی عەمیناداب بوو، عەمیناداب باوکی نەحشون بوو، نەحشون باوکی سەلمون بوو، [5]سەلمون باوکی بوعەز بوو کە ڕاحاب* دایکێتی، بوعەز باوکی عوبەید بوو کە ڕاعوس دایکێتی، عوبێد باوکی یەسا بوو، [6] یەسا باوکی داودی پادشا بوو.

داود باوکی سلێمان بوو لەو ژنەی کە ژنی ئوریا بوو، [7]سلێمان باوکی ڕەحەبەعام بوو، ڕەحەبەعام باوکی ئەبیا بوو، ئەبیا باوکی ئاسا بوو، [8]ئاسا باوکی یەهوشافات بوو، یەهوشافات باوکی یورام بوو، یورام باوکی عەزەیا بوو، [9]عەزەیا باوکی یوسام بوو، یوسام باوکی ئاحاز بوو، ئاحاز باوکی حەزقیا بوو، [10]حەزقیا باوکی مەنەسا بوو، مەنەسا باوکی ئامۆن بوو، ئامۆن باوکی یووشیا بوو، [11]یووشیا باوکی یەکنیاو خوشك‌و براکانی بوو، لەکاتی ڕاپێچکردنیان بەرەو بابل.

[12]دوای ڕاپێچکردنیان بۆ بابل، یەکنیا باوکی شالتیئل بوو، شالتیئل باوکی زەربابل بوو، [13]زەربابل باوکی ئەبیهود بوو، ئەبیهود باوکی ئەلیاقیم بوو، ئەلیاقیم باوکی عازور بوو، [14]عازور باوکی سادوق بوو، سادوق باوکی ئەخیم بوو، ئەخیم باوکی ئەلیود بوو، [15]ئەلیود باوکی ئەلیعازر بوو، ئەلیعازر باوکی مەتتان بوو، مەتتان باوکی یاقوب بوو، [16] یاقوب باوکی یوسفی دەزگیرانی مریەم بوو، ئەو مریەمەی عیسای لێ بووە، کە بەمەسیح ناودەبرێ.

[17]ژمارەی نەوەکان لەئیبراهیمەوە بۆ داود چواردە نەوەن، لەداودەوە بۆ ڕاپێچکردنیان بەرەو بابل دیسان چواردە نەوەن، هەروەها لەڕاپێچکردنیان بۆ بابل تا عیسا چواردە نەوەن.

لەدایك بوونی عیسا

[18]لەدایك بوونی عیسا بەم شێوەیە بوو: لەکاتێکدا مریەم دەزگیرانی یوسف بوو، پێش ئەوەی بگوێزرێتەوە، بەهۆی ڕۆحی پیرۆز سکی پڕبوو. [19]یوسفی دەزگیرانی کورێکی چاك‌بوو نەیویست ئابڕووی بەبات، بڕیاریدا بەنهێنی وازی لێبهێنێت. [20]کاتێ بیری لەمە دەکردەوە، فریشتەیەکی خوداوەند لەخەودا بۆی دەرکەوتو پێی ووت: (ئەی یوسفی کوڕی داود، مەترسە لەوەی مریەم بهێنیت، چونکە

ئەوەی ئەو سکی پێی هەیە لەڕۆحی پیرۆزە. 21کوڕێکی دەبێت ناوی دەنێیت عیسا، چونکە گەلەکەی ڕزگار دەکات لەگوناهەکانیان) 22 ئەمانە هەمووی ڕوویدا، تاکو ئەوەی خوداوەند لەسەر زمانی پێغەمبەری خۆی ڕایگەیاند بێتەدی: 23{ئا ئەوەتا کچێك سکی پڕ دەبێت، کوڕێکی دەبێت ناوی دەنرێ (عەمانۆئێل) واتە خودا لەگەڵمانە.} 24کاتێ یوسف خەبەری بووەوە، ئەوەی فریشتەکەی خوداوەند فەرمانی پێدا کردی، هەستاو دەزگیرانەکەی هێنایە لای خۆی 25 بێئەوەی لەگەڵی جووت بێت تا لەدایك بوونی منداڵەکە، کاتێ لەدایك بوو ناوینا عیسا.

دیدەنی ئەستێرەناسەکان

2

دوای لەدایك بوونی عیسا لەبەیتلەحمی یەهودیا* لەسەردەمی هێرۆدسی پادشا، هەندێ ئەستێرەناس لەڕۆژهەڵاتەوە هاتنە قودس، 2 پرسییان: (پادشای لەدایك بووی جوولەکە لەکوێیە؟ ئێمە لەڕۆژهەڵاتەوە ئەستێرەی ئەومان بینی، هاتووین کڕنوشی بۆ ببەین.) 3 کاتێ هێرۆدسی* پادشا ئەمەی بیست، پەشۆکاو هەموو قودس لەگەڵی پەشۆکا. 4هەرچی سەرۆك کاهینەکانو مامۆستایانی شەریعەت هەبوو هەمووی کۆکردنەوە، لێی پرسین: (ئایا مەسیح لەکوێ لەدایك دەبێت؟) 5وەڵامیان دایەوە: (لەبەیتلەحم* لەیەهودیا، چونکە پێغەمبەر ئاوای نووسیوە: 6{تۆش ئەی بەیتلەحمی خاکی یەهودیا کەمتر نیت لەشارەکانی دیکەی یەهودیا، چونکە تیاتدا دادوەرێك دەردەکەوێت، گەلی ئیسرائیلم بۆ بەڕێوە دەبات.}) 7دوای ئەمە هێرۆدس بەنهێنی ئەستێرەناسەکانی بانگکردو لەبارەی کاتی دەرکەوتنی ئەو ئەستێرەیە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردن، 8ئینجا ناردنی بۆ بەیتلەحم، پێی ووتن: (بڕۆن، باش بگەڕێن کاتێ منداڵەکەتان دۆزیەوە، هەوالّم بدەنێ تاکو منیش بێمو کڕنوشی بۆ ببەم.) 9 دوای ئەوەی قسەی پادشایان بیست ئەوێیان بەجێهێشت، هەمان ئەستێرەی لەڕۆژهەڵات بینی بوویان، دیسان دەرکەوت، پێشیان کەوتو

هات لەسەر ئەو شوێنەی منداڵەکەی لێبوو ڕاوەستا. [10]کاتێ ئەستێرەکەیان بینی، زۆر شادومان بوون، [11]چوونە ژوورەوە، منداڵەکەو دایکیان بینی، دانەوینو کرنۆشیان بۆ بردو گەنجینەکانیان کردەوەو زێڕو بخوردو موڕیان* پێشکەش کرد. [12]ئینجا خودا لەخەودا ئەستێرەناسەکانی ئاگادارکردەوە نەگەڕێنەوە لای هێرۆدس، ئەوسا ئەوانیش بەڕێگایەکی دیکە گەڕانەوە بۆ وولاتی خۆیان.

هەلاتن بەرەو میسر

[13]دوای ئەوەی ئەوان ڕۆیشتن، فریشتەیەکی خوداوەند لەخەوا بەیوسفی ووت: (هەستە منداڵەکەو دایکی ببەو ڕابکە بۆ میسر، لەوێبە هەتا فەرمانی گەڕانەوەت پێدەدەم، چونکە هێرۆدس دەگەڕێ بەشوێن منداڵەکە تا بیکوژێ.) [14]یوسفیش هەستاو لەهەمان شەودا منداڵەکەو دایکی بردو بەرەو میسر ڕۆیشت. [15]لەوێ مایەوە تا هێرۆدس مرد، تاوەکو ئەوەی خوداوەند لەسەر زمانی پێغەمبەر ووتویەتی بێتەدی: {ڕۆڵەی خۆم لەمیسرەوە بانگکردووە.}

[16]کاتێ هێرۆدس هەستی بەوەکرد ئەستێرەناسەکان گاڵتەیان پێکردووە تووڕە بوو، هەستا بەکوشتنی هەموو منداڵانی شاری بەیتلەحمو دەوروبەری لەدوو ساڵ بەرەو خوارتر، بەپێی ئەو کاتەی لەئەستێرەناسەکانەوە پێی ووترابوو. [17]بەمەش ئەوەی لەسەر زمانی پێغەمبەر ئیرمیا* ووتراوە هاتەدی: [18]{لەشاری ڕامەوە هاوار دئەبیسترێ، گریانو شیوەنێکی زۆر، ڕاحیل◆ بۆ منداڵەکانی دەگری. ڕازی نییە سەرەخۆشی لێبکرێ چونکە منداڵەکانی نەماون}.

گەڕانەوە بۆ شاری ناسیرە

[19]کاتێ هێرۆدس مرد، فریشتەیەك لەلایەن خوداوەندەوە چووە خەوی یوسف لەمیسر، [20]پێی ووت: (هەستە، منداڵەکەو دایکی

◆**ڕاحیل** : یەکێکە لەژنەکانی حەزرەتی یاقوب، دایکی یوسفو بنیامینە، لێرەدا هێمایە بۆ دایکە بنیامینیەکان.

بگەڕێنەوە بۆ ئیسرائیل، ئەوانەی هەوڵی کوشتنیان دەدا مردن.) [21]
ئەویش هەستا، منداڵەکەو دایکی گەڕاندەوە بۆ ئیسرائیل. [22]بەڵام کاتێ یوسف بیستی ئەرخێلاوس لەشوێنی هێرۆدسی باوکی حوکمڕانە لەناوچەی یەهودیا، ترسا بڕوا بۆ ئەوێ. ئینجا لەخەودا پێی نیشان درا بڕوا بۆ ناوچەی جەلیل*. [23]لەوێ گەیشتە شارێك بەناوی ناسیرە، تیایدا نیشتەجێبوو. بەمەش ئەوەی لەسەر زمانی پێغەمبەران ووتراوە هاتەدی: {به ناسیرەیی ناودەبرێ.}

حەزرەتی یەحیا

3 هەر لەو ماوەیەدا، یەحیای خەڵك لەئاوهەڵکێشی، لەدەشتی یەهودیا دەرکەوتو مزگێنی ووشەی خودای دەدا، [2]دەیووت: (تۆبە* بکەن، چونکە پادشاهێتی ئاسمان نزیك بۆتەوە.) [3]ئەم یەحیایەش ئەوەیە کە لەسەر زمانی پێغەمبەر ئەشعیا* دەربارەی ووتراوە: {دەنگێك لەدەشتودەر بانگەواز دەکات، ڕێگا بۆ خوداوەند ئامادەبکەن، ڕێڕەوی ڕێك بخەن.} [4]بەرگی یەحیا لەتووکی ووشتر چنرا بوو، ناوقەدی بەپشتێنێکی چەرم دەبەست، خواردنیشی بریتی بوو لەکوللەو هەنگوینی کێوی. [5]خەڵکی قودسو ناوچەی یەهودیاو دێیەکانی نزیك ئوردن دەهاتن بۆ لای و [6]لەسەر دەستی دانیان بەگوناهەکانیان دەناو لەڕووباری ئوردن لەئاو هەڵدەکێشران.

[7]یەحیا کە بینی زۆر لە فەریسیەکان*و سەدوقیەکان دێن بۆ لەئاوهەڵکێشان، پێی ووتن: (ئەی بێچووە ماران، کێ ئاگاداری کردن لەدەست تووڕەیی داهاتوو هەڵبێن؟ [8]با بەرووبوومتان هەبێ شایانی تۆبەکردن بێ. [9]بەخۆتان مەڵێن: ئیبراهیم باوکمانە، پێتان بڵێم خودا توانای هەیە لەم بەردانە نەوە بۆ ئیبراهیم دروست بکات. [10]ئەوەتا تەور خراوەتە سەر قەدی دارو هەر دارێك بەرووبوومی چاك نەدات، دەبڕێتەوەو فڕێ دەدرێتە ناو ئاگر. [11]من بۆ تۆبەکردن لەئاوهەڵتاندەکێشم*، بەڵام ئەوەی دوای من دێت، لەمن بەتواناترە، من شایانی ئەوە نیم تەنانەت پێڵاوەکانیشی بۆ هەڵگرم. ئەو

لـــەڕۆحی پـــیرۆزو لەئاگـــر هەڵتاندەکێشـــێت. [12]شـــەنی خـــۆی بەدەســتەوە دەگرێـــتو کاو دانەوێڵە لەیـــەك جـــیا دەکاتـــەوە، دانەوێڵـــە لەعەمـباردا کۆدەکاتـەوەو کایەکەش بـــە ئاگـــرێ دەسوتێنێ کوژانەوەی بۆ نییە.

لەئاوهەڵکێشانی عیسا

[13]ئیـــنجا عیســـا لەناوچـــەی جەلـیلەوە بـۆ سەر ڕووباری ئوردن هـــات، تالەســـەر دەســـتی یەحـــیا لەئاوهەڵبکێشـرێت. [14]بـەڵام یەحـیا بەرامـبەر ئـەم کـارە ڕاوەستاو ووتی: (مـن پێویسـتیم بەوەیە لەسەر دەستی تـۆدا لەئاوهەڵبکێشـرێم، کەچـی تۆ دێیـت بۆ لای من؟) [15]عیسا وەڵامی دایەوە: (با ئێستا ئەمە ببێت، تاهەموو ڕاسـتودروسـتیەك بێـتەدی.) ئینجا یەحـیا قـبوڵی کرد. [16]کـاتێ عیسـا لەئاوهەڵکێشـــــراو لەئاوەکـــــە بـەرزبووەوە، ئاسمان کرایەوەو ڕۆحی خـــــودا لەشـــــێوەی کۆتـــــرێك هاتـــەخوارەوە بـــۆیو لەســـەری نیشتەوە، [17]ئینجا دەنگێك لەئاسمانەوە هـــات، ووتـــی: (ئەمـــە ڕۆڵـــەی خۆشەویســـتمە ئـــەوەی زۆر پـــێی دڵشادم.)

تاقیکردنەوەی عیسا

4

عیســا بـەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە برایە دەشـتودەر، تـاکو شـەیتان* تـاقی بکاتـەوە. [2]دوای ئـەوەی چـل ڕۆژو چل شەو بەڕۆژوو بوو، برسی بوو. [3]تاقیکەرەوە هاتە پێشەوە، پێی ووت: (ئەگـەر تـۆ ڕۆڵـەی خـودای* بـەو بەردانـە بڵـێ بـبن بـە نـان.) [4]عیسا وەڵامـی دایـەوەو ووتـی: (لەکتێـبی پـیرۆز نووسراوە: {مرۆڤ تەنها بە نان نـاژی، بەڵکو بەهەموو ووشەیەك کە لـەدەمی خـوداوە دێتەدەر.}) [5]ئینجا لەلایەن شەیتانەوە بەرەو شاری پیرۆز بـرا، لەقـەراغی سـەربانی پەرستگا* ڕایگـرتو [6]پـێی ووت: (ئەگـەر تـۆ ڕۆڵـەی خودای لێرەوە خۆت هەڵدە خوارەوە. چونکە نووسراوە: {فەرمان دەدات بەفریشتەکانی ئاگادارت بنو لەسەر دەستیان هەڵتگرن نەوەك پێت بـەر بـەردێ بکـەوێ.}) [7]عیسـا پێی ووت: (هـــــەروەها نووســـــراوە: { خوداوەند خودات تاقی مەکەرەوە.}) [8]دیسـان لەلایەن شەیتانەوە برایە سەر لـووتکـــەی شـــاخێکی زۆر بـــەرزو

هـەموو مەزنێـتیو پادشاهێتی جیهانی پیشانداو [9]پێی ووت (هەموو ئەمانەت پـێدەدەم گەر سەردانوێنیو کرنۆشم بۆ بەری.) [10]لێرەدا عیسا پێی ووت: (ئەی شەیتان لێم دوورکەوە، چونکە نووسـراوە: {بـۆ خوداوەند خودات کرنوش بەرەو تەنها ئەو بپەرستە}) [11] دوای ئەمـە شـەیتان وازی لـێهێـنا، ئینجا چەند فریشتەیەك هاتن بۆ لایو دەستیان کرد بەخزمەتکردنی.

مزگێنیدان لەناوچەی جەلیل

[12]کـاتێ عیسـا بیسـتی یەحـیا گیراوە، گەرایەوە بۆ ناوچەی جەلیل. [13]لـەوێ شـاری ناسـیرەی بەجێهێشـتو لـەشـاری کەفەرناحوم کە کەوتۆتە سەر دەریاچە لـەسنووری زەبولـونو نەفتالـیم* نیشتەجێ بوو، [14]تـا ووتـەی پێغەمبەر ئەشعیا بێتەدی کـە دەڵـێ: [15]{ئـەی ناوچـەی زەبولـونو نەفتالـیم، ئـەی ناوچـەی سـەر کـەناری دەریاچـەو پشـتی ڕووبـاری ئـوردن، ئـەی ناوچـەی جەلیـلی ناجوولەکـە، [16]ئەو گەلـەی لـەتاریکی دانیشتوون، ڕووناکییەکی مەزنـیان بیـنی، هەموو ئەوانەی لـەژێر سێبەری مردنا دانیشتوون ڕووناکییان لـێهەڵهات.}

[17]لـەو کـاتـەدا عیسـا دەسـتیکـرد بـە مـزگێـنیدانو دەیـووت: (تـۆبـە بکـەن، چـونکە پادشـاهێتی ئاسـمان نزیك بۆتەوە.)

عیسا قوتابیەکانی هەڵدەبژێرێ

[18]کـاتێ عیسـا بەکـەناری دەریاچـەی جەلـیلدا* دەڕۆیشـت، دوو بـرای بیـنی، شـەمـعـون کـە پـێی دەووتـرا پەتـرۆس لـەگـەڵ ئـەندراوس، تۆڕیـان فـڕێ دەدایە ناو دەریا، ئیشیان ڕاوە ماسی بوو. [19]پێی ووتـن: (وەرن دوام کەون، دەتانکەم بەڕاوکـەری مـرۆڤ.) [20]دەست بەجێ تۆڕەکانـیان بەجێهیشـتو دوای کـەوتن. [21]کـە لەوێ تێپەڕی، دوو بـرای تـری بیـنی، یـاقوبی کـوڕی زەبـدیو یۆحەنـنای بـرای، لەبەلەمێکدا لـەگـەڵ زەبـدی باوکـیان تۆڕەکـانـیان چـاك

---

*زەبولـونو نەفتالـیم: دوو ناوچـەی بچـووکن دەکەونە باکووری فەلەستینو ڕۆژئاوای دەریاچەی جەلیل، بە ناوی دووان لە کورەکانی حەزرەتی یاقوب ناو نراون

دەکـردوە، ئەوانیشی بانگ‌کـرد. [22] دەسـت بـەجێ بەلەمەکـەو باوکـیان بەجێهێشتو دوای کەوتن.

عیسا خەڵکی فێر دەکات

[23]عیسـا بەهـەموو ناوچـەی جەلـیلدا دەگـەڕا، لەکەنیشتەکانیان فـێری دەکـردنو مزگێنی پادشاهێتی دەدانـێو هەموو نەخۆشیو دەردێکی لـەناو خەڵکدا چارەسەر دەکرد. [24] بەمە دەنگوباسی عیسا گەیشتە هەموو سـوریا. چـی نەخۆشو دەردی گران هـەبوو، بەجۆرەها ئازارەوە، ئەوانەی ڕۆحـی پیسـیان تـێدا بـوو، هەروەها فێدارەکـانو شـەڵو گۆجـەکان هـەموویان بـۆ لای هێـناو چـاکی‌کردنەوە. [25]هـەروەها خەڵکـێکی زۆر کـە لەناوچـەی جەلـیلو دە شـارەکە*و قـودسو ناوچـەی یەهودیـەو پشـت ئوردنەوە هاتبوون هەموو دوای کەوتن.

ووتاری سەر چیا

5 عیسـا کـە خەڵکەکـەی بینی، چووە سـەر چـیا، کـە دانیشت قوتابیەکانی لـێی نـزیك بوونـەوە. [2]دەستی کرد بەفێرکردنـیانو ووتـی: [3] خۆزگـەدەخوازرێ بەوانـەی هەژارن لـەرۆح، چونکە پادشاهێتی ئاسمان بۆ ئەوانـە. [4]خۆزگـەدەخوازرێ بـە لـێوبەبارەکان، چـونکە دڵـنەوایی دەکـرێن. [5]خۆزگـەدەخوازرێ بـە دڵـنەرمـەکـان، چـونکـە زەوی بۆ ئـەوان بـەمیرات دەمێنێـتەوە. [6] خۆزگەدەخوازرێ بەبرسیو تینوەکان بـۆ ڕاسـتودروسـتی، چـونکە تـێر دەبـن. [7]خۆزگـەدەخوازرێ بە دڵ پڕ لەبەزەیـیەکان، چـونکە بـەر بـەزەیی دەکـەون. [8]خۆزگـەدەخوازرێ بـە دڵـپاکەکان، چونکە خودا دەبینن. [9] خۆزگـەدەخوازرێ بەئاشتی خوازان، چونکە بەڕۆڵەی خودا ناودەبرێن. [10] خۆزگـەدەخوازرێ بەچەوسـێنراوان لەپێـناوی ڕاسـتودروستی* چونکە پادشـاهێتی ئاسـمان بـۆ ئەوانـە. [11] خۆزگـەدەخوازرێ پێـتان، کـاتێ خـەڵکی جنـێوتان پـێدەدەنو دەتانچەوسـێننەوە، لەپێـناوی مـن قسـەی خراپـتان دەخەنـە پـاڵ. [12] دڵخـۆشو شـادومان بـن، چـونکە پاداشـتتان مەزنـە لـەئاسمان. ئـاواش پێغەمبەرانـیان پـێش ئـێوە چەوساندۆتەوە!

خوێی زەوی و ڕووناکی جیهان

(13ئێوە خوێی زەوین، بەڵام گەر خوێ سوێریەکەی لەدەستدا، چۆن تامە سوێرەکەی بۆ دەگەڕێتەوە؟ بەکەڵکی هیچ نایەت، ئەوە نەبێ فڕێ بدرێتە دەرەوەو خەڵکی پێشێلی بکەن. 14ئێوەن ڕووناکی جیهان، شارێك لەسەر شاخ دروستکرا ناتوانرێ بشاردرێتەوە. 15هەروەها خەڵکی چرا هەڵناکەن تا بیخەنە ژێر جامو تەشتەوە، بەڵکو لەشوێنێکی بڵند دایدەنێن، تاکو ڕووناکی بدات بەهەموو ئەوانەی لە ماڵەکەدان. 16بەهەمان شێوە با ڕووناکیتان بۆ خەڵکی بدرەوشێتەوە، هەتا ئیشە باشەکانتان ببینن و ستایشی باوکتان بکەن کە لەئاسمانە.

تەواوکردنی شەریعەت

(17وابیرنەکەنەوە من هاتووم شەریعەت* یان ووتەی پێغەمبەران* لابەرم، من نەهاتووم لایبەرم، بەڵکو تەواوکەرم بۆی. 18ڕاستیتان پێدەڵێم: هەتا زەوی و ئاسمان لەئارادابێ، ووشەیەك یان خاڵێکی شەریعەت لەناو ناچێ، تاهەمووی دێتەدی. 19ئەوەی سەرپێچی خاڵێکی بچووکی ئەم ڕاسپاردانەی کردو خەڵکی فێرکرد وابکەن. لەپادشاهێتی ئاسمان بەبچووکترین ناودەبرێ. بەڵام ئەوەی ئیشی پێدەکاتو خەڵکی فێر دەکات، لەپادشاهێتی ئاسمان بەمەزن ناودەبرێ. 20من پێتان دەڵێم: گەر ڕاستیودروستیتان لەمامۆستایانی شەریعەتو فەریسیەکان زیاتر نەبێت، بە هیچ جۆرێك ناچنە ناو پادشاهێتی ئاسمان.

تووڕەبوون

(21بیستوتانە لەکۆندا بەخەڵکی ووتراوە: {خەڵکی مەکوژن، ئەوەی بکوژێت شایانی حوکم بەسەردانە.} 22بەڵام من پێتان دەڵێم: هەر کەسێ بەناڕەوا لەبراکەی تووڕە بێت، شایانی حوکم بەسەردانە. ئەوەی بەبراکەی دەڵێ هیچوپوچ شایانی ڕاوەستانە لەبەردەم ئەنجومەنی بالای جوولەکە*، ئەوەش بەبراکەی دەڵێ بێمێشك شایانی دۆزەخە. 23ئەگەر قوربانیەکەت هێنا بۆ قوربانگە، لەوێ بیرت کەوتەوە کە براکەت شتێکی بەسەرتەوەیە، 24قوربانیەکەت لەبەردەم قوربانگەدا بەجێبهێڵەو بڕۆ

یەکـەمجار بـراکەت ئاشـت بکەرەوە، ئـینجا وەرە قوربانـیەکەت پێشـکەش بکـە. [25]هەروەها لـەگەڵ ئەو کەسەی ناکۆکـە لـەگەڵـت، خـێرا ئاشـت بـەرەوە، هـەر لـەو کاتەی بەڕێگاوەن بـۆ دادگـا، نـەوەك بـتداتە دەسـت دادپـرسو دادپرسـیش بتداتە دەست پۆلـیس، پۆلیسـیش ڕەوانـەی بەندیخانـەت بکـات. [26]ڕاسـتیت پێدەڵێم: لـەوێ دەرناچی تا دوا پوول نەدەیتەوە.

داوێن پیسی

([27]بیسـتوتانە ووتـراوە: {داوێـن پیسـی مەکـە}، [28]بـەڵام مـن پێـتان دەڵێم: ئەوەی بە هەوەسبازی سەیری ئافرەتـێکی کـرد، ئـەوا لـەدڵی خۆی داوێنپیسی لـەگەڵ کردووە. [29]ئەگەر چـاوی ڕاستت توشی گوناهی کردی دەری بهێـنەو فـڕێبدە، چـاکتر وایە ئەندامـێکی لـەشـت نەمێـنێ، لـەوەی هـەموو لـەشت بخرێتە دۆزەخەوە. [30] ئەگـەر دەسـتی ڕاسـتت تووشـی گونـاهی کردی، بیبڕەوەو فڕێبدە، چاکتر وایە ئەندامێکی لـەشت نەمێنێ، لـەوەی هـەموو لـەشت بخرێـتە دۆزەخەوە.

تەلاق

([31]دیسـان ووتـراوە: {ئـەوەی ژنەکەی تەلاق دەدات، با تەلاقنامەی بداتـە دەسـت.} [32]بـەڵام مـن پێتان دەڵـێم: ئـەوەی ژنەکـەی تـەلاق دەدات بێهـۆی داوێـن پیسـی وای لـێدەکـات داوێـن پیسـی بکـات. ئـەوەش تەلاق دراوێك بهێنێت، ئەوا داوێن پیسی دەکات.

سوێند خواردن

([33]بیسـتوتانە لـەکۆندا ووتراوە: {پێچـەوانەی سـوێندەکانت مەجولـێرەوە، بەڵکو پەیمانت لـەگەڵ خوداوەنـد بەرەسـەر}، [34]بـەڵام من پێتان دەڵێم: هەرگیز سوێند مەخۆن، نـە بەئاسمان، چونکە تەختی شاهانەی خودایـە، [35]نە بەزەوی، چونکە جێی پێدانانێتی، نە بەقودس چونکە شاری پادشای مەزنە، [36]نە بەسەری خۆت، چـونکە توانـای ئەوەت نییە، تالێکی ڕەش یـا سپی بکەیت. [37]با قسەتان: بـە بـەڵێ بێت گەر وابوو، بە نەخێر بێـت گـەر وانـەبوو، لەمـە زیاتـر لەشەیتانەوەیە.

تۆڵەسەندن

([38]بیستوتانە ووتراوە: {چاو بە چاو، ددان بە ددان}. [39]بەڵام من پێتان دەڵێم: بەربەرەکانی خراپە مەکەن بەخراپە، ئەوەی کێشای بە ڕوومەتی ڕاستت، ئەوی کەشی بۆ ڕاگرە. [40]ئەوەی ویستی کراسەکەت ببات، چاکەتەکەشی بدەرێ. [41]ئەوەی ناچاری کردی یەك میل لەگەڵی بڕۆیت، دوو میل لەگەڵی بڕۆ. [42]ئەوەی داوای شتێکی لێکردیت، بیدەرێ. ئەوەی داوای قەرزت لێدەکات مەیگەڕێنەوە.

خۆشەویستی دوژمنان

([43]بیستوتانە ووتراوە: {ئەوەی لێت نزیکە خۆشت بوێ، ئەوەی دوژمنتە ڕقت لێی بێت}، [44]بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێو نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە [45]بەمە دەبنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لەئاسمانە، ئەو خۆری خۆی بەسەر چاك و خراپدا هەڵدێنێو بارانی خۆی بەسەر دادپەروەرو زۆرداریش دەبارێنێ. [46]ئەگەر هەر ئەوانەتان خۆشویست کە ئێوەیان خۆش دەوێ، چ پاداشتێ وەردەگرن؟ ئایا باجگرانیش* ئەمە ناکەن؟ [47]ئەگەر تەنها پێشوازیتان لەبراکانتان کرد، چ شتێکی مەزنتان کردووە ئایا بت پەرستەکانیش ئەمە ناکەن؟ [48]بۆیە ڕاستو تەواو بن، هەروەك باوکی ئاسمانیتان ڕاستو تەواوە.

خێرکردن

6

(نەکەن لەبەر چاوی خەڵکی کاری چاکە بکەن، بەنیازی ئەوەی بتانبینن. ئەگینا پاداشتتان نییە لای باوکی ئاسمانیتان.

[2]گەر خێرەکت کرد، زۆرنا لێمەدە، وەك دوورووەکان لەکەنیشتو سەر شەقامەکان دەیکەن، تاخەڵکی بیانبینن و بەشانو باهویان هەڵبدەن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: بەمە ئەوان پاداشتی خۆیان وەرگرت. [3]بەڵام تۆ کە خێرێکت لەگەڵ یەکێ کرد، نەیەڵێت دەستی ڕاستت بەچەپت بزانێ. [4]با خێرەکەت نەبینراو بێت ئەو باوکەت کەهەموو نهێنییەك دەبینێت، ئەو پاداشتت دەداتەوە.

نوێژکردن

([5]کـاتێ نوێـژ* دەکـەن وەك دووڕووەکان مەبن کە حەزدەکەن بە پـێوە لەکەنیشـتەکانو سووچـی شـەقامەکان نوێژ بکەن تاخەڵکی بیان بیـنن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: بەمە ئەوان پاداشـتی خۆیان وەرگرت. [6]بەڵام تۆ کـە نوێـژ دەکـەی، دەرگـا لەسـەر خـۆت داخـە، نوێـژ بکـە بۆ باوکی نەبیـنراوت، ئـەو باوکـەی هـەموو نهێنیـەك دەبینێـت، ئـەو پاداشـتت دەداتەوە.

[7]کـاتێ نوێـژ دەکـەن، ووشەکان ئەوەندە دووبارە مەکەنەوە، وەك بت پەرسـتەکان دەیکـەن، ئـەوان وابـیر دەکەنـەوە بەدووبارەکـردنەوە، وەڵام بەدەست دەهێنن. [8]وەك ئەوان مەبن، چـونکە باوکـتان دەزانـێ پێویستیتان بەچـیـیە، پـێش ئـەوەی داوای لـێبکـەن. [9]دەتوانـن ئاوەهـا نوێـژ بکـەن: (ئـەی باوکمـان لـەئاسمان با نـاوت پیرۆز* بێت، [10]با پادشاهی تۆ بێت، باخواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکـرێ وەك لـە ئاسمـان. [11]نـانی ڕۆژانـەمان ئەمـڕۆش بـدەرێ. [12]لـە گوناهمـان خۆش بە، وەك چۆن ئێمە لـەگوناهی ئەوانـە خـۆش دەبین، کە خـراپەمان بەرامبەر دەکەن. [13]مەمان خـەرە تاقی کـردنەوە بـەڵکو ڕزگارمـانکـە لەشـەیتان.) [14]گـەر لەهەڵـەی خەڵکی خۆش بوون، ئەوا باوکی ئاسمانیتان لەهەڵەکانتان خۆش دەبێـت. [15]ئەگـەر لەهەڵەی خەڵکی خـۆش نـەبوون، ئـەوا باوکیشـتان لەهەڵەکانتان خۆش نابێت.

ڕۆژووگرتن

([16]کـاتێ بـەڕۆژوو* دەبـن، ڕووگرژ مەبن وەك دووڕووەکان کە ڕووگـرژ دەکـەن، بـۆ ئـەوەی بـۆ خـەڵکی دەرخـەن کـە بـەڕۆژوون. ڕاستیتان پـێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیـان وەرگـرتووە. [17]بـەڵام تۆ کە ڕۆژوو دەگـری، دەمو چـاوت بشۆ، بۆنـی خۆش لـەسەرت بدە، [18]هەتا بۆ خەڵکی دەرنەکەوێ کە بەڕۆژوویت، بـۆ بـاوکی نەبینراوت نەبێـت، ئـەو باوکەی هەموو نهێنیەك دەبینێت، ئەو پاداشتت دەداتەوە.

گەنجینەی ڕاستەقینە

([19]لەسـەر زەوی سـامان کۆمەکەنـەوە، کـە مۆریانـە و ژەنگ خـراپی دەکـەنو دز بەشـوێنی دەگـەڕێو دەیـدزێ. [20]سـامانتان لە

ئاسمان کۆبکەنەوە، کە مۆریانەو ژەنگ خراپی ناکاو دزیش بەشوێنی ناگەڕێو نایدزێ. [21]چونکە سامانت لەکوێ بێت، دڵیشت لەوێ دەبێت.

([22]چاو چرای لەشە، گەر چاوت ساغ بێت، ئەوا لەشت هەمووی ڕووناکە، [23]ئەگەر چاوت خراپ بێت، ئەوا لەشت هەمووی لەتاریکیدایە، بەڵام گەر ئەو ڕووناکییەی تیاتدایە تاریك بێ، ئاخۆ دەبێ چ تاریکییەك بێت. [24]کەس ناتوانێ کۆیلەی دوو گەورە بێت، یان ڕقی لەیەکێکیان دەبێتو ئەوەی دیکەی خۆش دەوێت یان دڵسۆزی یەکێکیان دەبێتو ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. ئێوەش ناتوانن کۆیلەی پارەو خودا بن بەیەکەوە.

خودا خەمان دەخوات

([25]بۆیە پێتان دەڵێم: خەمی ژیانی خۆتان نەبێت، ئەوەندە خەمی خواردنو خواردنەوەو لەبەرکردن مەخۆن. ئایا ژیان لە خواردن زیاتر نییە؟ ئایا لەشتان لە جلوبەرگ گرنگتر نییە؟ [26]سەیری باڵندەی ئاسمان بکەن. نارۆێنێ، دروێنە ناکات، شت لەعەمبار کۆناکاتەوە. لەگەڵ ئەوەش باوکی ئاسمانیتان بەخێوی دەکات. ئایا ئێوە لەو باڵندانە زیاترنین؟ [27]کێ لەئێوە گەر خەمی ئەمانەی خوارد، دەتوانێ یەك کاژێر لەژیانی زیاتر بکات. [28]بۆچی خەمی بەرگتانە؟ سەیری گوڵی کێڵگە بکەن چۆن گەورە دەبێت، بێئەوەی هیلاك بێتو بڕێسێت، [29]با پێتان بڵێم: تەنانەت سلێمانی داناش لەوپەڕی مەزنیدا وەك ئەو گوڵانەی لەبەرنەکردووە. [30]گەر بێتو خودا گیای دەشت ئاوها بپۆشێت، هەرچەندە ئەمڕۆ هەنو بەیانی تەنوریان پێ دادەخرێت، ئایا ئێوە ئەی کەم باوەڕینە، لەوان زیاتر نین تا پۆشتەتان بکات؟ [31]خەم مەخۆن بڵێن: چی بخۆین؟ یان چی بخۆینەوە؟ یان چی لەبەر بکەین؟ [32]ئەم شتانە هەمووی بت پەرستان هەوڵی بۆ دەدەن. باوکی ئاسمانیتان دەزانێ پێویستیتان بەمانە هەمووی هەیە. [33]ئێوە یەکەمجار داوای پادشاهێتیو ڕاستودروستی خودا بکەن، ئەوانی دیکەتان هەمووی بۆ جێبەجێ دەبێ.

[34]ئەوەندە خەمی بەیانی مەخۆن، چونکە بەیانی خەمی خۆی دەخواتو هەر ڕۆژێك بەشی خۆی گیروگرفتی

هەیە.

خەڵکی تاوانبار مەکەن

7 (خەڵکی تاوانبار مەکەن تا تاوانبار
نەکرێن، [2]چونکە بەو شێوەیەی
خەڵکی تاوانبار دەکەن ئێوەش
تاوانبار دەکرێن، بەو پێوانەی بۆ
خەڵکی دەپێون، بۆتان دەپێونەوە. [3]
بۆچی سەرنج لەپووشی ناوچاوی
براکەت دەدەیت، بەڵام ئاگات
لەتەختە دارەکەی ناو چاوی خۆت
نییە؟ [4]یان چۆن بەبراکەت دەڵێیت:
ڕێم بدە با ئەو پووشە لەچاوت
دەربهێنم، لەکاتێکدا تەختە دارێك
لەچاوی خۆتدایە؟ [5]ئەی دووڕوو
یەکەم جار تەختە دارەکەی ناو
چاوت دەربهێنە، تا باش ببینیت،
ئەوسا پووشی ناوچاوی براکەت
دەربهێنە. [6]شتی پیرۆز مەدەن
بەسەگ، زێڕیشتان فڕێ مەدەنە
بەردەم بەراز، نەوەك بەقاچی پێشێلی
بکاتو بەسەرتان هەڵگەڕێتەوەو
پارچە پارچەتان بکات.

داوا بکەن، پێتان دەدرێ

(7داوا بکەن، پێتان دەدرێ.
بگەڕێن، دەدۆزنەوە. لەدەرگا بدەن،
لێتان دەکرێتەوە. [8]هەر کەسێ داوا
بکات، وەردەگرێ. ئەوەی
دەگەڕێت دەدۆزێتەوە. ئەوەش کە
لەدەرگا دەدات، لێی‌دەکرێتەوە. [9]چ
مرۆڤێك لەئێوە گەر منداڵەکەی
داوای نانی لێ‌کرد، بەردی
دەداتێ. [10]یان داوای ماسی
لێ‌بکات، ماری دەداتێ؟ [11]گەر
ئێوەی خراپ بزانن شتی باش
بەمنداڵەکانتان بدەن، ئایا دەبێ
باوکی ئاسمانیتان چەند شتی باشتر
بدات بەوانەی داوای لێ‌دەکەن.
[12]چۆن دەتانەوێ خەڵکی
هەڵسوکەوتتان لەگەڵ بکەن،
بەهەمان شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ
بکەن ئا ئەمەیە پوختەی شەریعەتو
فێرکردنی پێغەمبەران.

دەرگای تەنگ

(13لە دەرگای تەنگەوە بڕۆنە
ژوورەوە، چونکە ئەو دەرگایەی
بەرەو لەناوچوون دەڕوات، پانەو
ڕێگاکەی بەرینەو زۆریش لێیەوە
دەچنە ژوورەوە. [14]بەڵام تەنگتژین
دەرگاو نارەحەتترینیان، دەرگاو
ڕێگای گەیشتنە بەژیان، ئەوانەی ڕێی

پێدەبەن زۆر کەمن.

ناسین بە بەرووبووم

(15ئاگـــــاداری پێغەمـــــبەرە درۆزنـەکان بن، ئەوان دێن بۆ لاتان، گورگـن لەپێسـتی مـەڕ، 16بـەڵام بەبەرووبوومـیان بیان ناسن، ئایا دڕك تـرێ دەگـرێ یـان حوشـترئالووك هـەنجیر دەگـرێ؟ 17هـەموو دارێکی باش بەرووبوومی باش دەدات. داری خراپـیش بـەرووبوومی خـراپ. 18 داری بـاش بـەرووبوومی خـراپ نـادات، هـەروەها داری خـراپ بـەرووبوومی بـاش نـادات. 19هـەر داریـك بـەرووبوومی باش نـەدات، دەبڕێـتەوەو فـڕێ دەدرێتە ناو ئاگر. 20کـەواتـە دەتوانـن بە بەرووبووميان بیاننناسـن. 21هـەموو ئەوانـەی کـە دەڵـێن: خوداوەند، خوداوەند! ناچنە نـاو پادشاهێتی ئاسمان، ئەوانە نەبن کە بەخواسـتی بـاوکم دەکـەن کـە لەئاسمانـــە. 22لـــەڕۆژی لـــێ پرسـینەوەدا، زۆر کـەس پێم دەڵێن: خوداوەند، خوداوەند، ئایا بەناوی تۆ نـەدواین، بـەناوی تۆ ڕۆحی پیسمان دەرنەکـرد، بـەناوی تـۆ زۆر کـاری سەرسـوڕهێنەرمان نەکـرد؟ 23بـەڵام لـەو کاتەدا پێیان دەڵێم: من هەرگیز ئـێوەم نەناسـیوە، لـێم دوورکەونەوە ئەی بەدکاران!

داناو گێل

(24ئـەوەی گوێـی لـەم ووتانەم دەبێـتو هەڵسـوکەوتی پێدەکات، وەك پیاوێکی دانـا وایـە کە بناغەی خانووەکـەی لەسـەر بـەرد دروست کردبێـت. 25کاتێ باران باری، لافاو هەسـتاو ڕەشـەبا هـاتو لـە خانووەکـــەیدا، خانووەکـــەی ناڕووخێت، چونکە لەسەر زەویەکی بـەردین دروستی کردووە. 26ئەوەش کـە گوێـی لـەم ووتانـەم دەبێـتو هەڵسـوکەوتی پێناکـات، لـە کابرایەکی گێل دەکات خانووەکەی لەسەر لم دروست کردبێت، 27کاتێ بـاران بـاریو لافـاو هەستاو ڕەشەبا هـاتو لـە خانووەکـــەیدا، خانووەکـەی دەڕووخـێنێ، بـەڵام ڕووخانێکی چاك.)

28کـاتێ عیسـا لـەم ووتانە تەواو بـوو، خەڵکەکە لەشێوەی فێرکردنی زۆر سەرسـام بـوون، 29چونکە وەك دەسـەڵاتدارێك فـێری دەکردن، نەك وەك مامۆستایانی شەریعەت.

پاکبوونەوەی نەخۆشی گولی

8

کاتێ عیسا لەسەر چیایەکە هاتە خوارەوە، خەڵکێکی زۆر دوای کەوتن. [2]پیاوێك نەخۆشی گولی هەبوو، هات کرنۆشی بۆ بردو ووتی: (گەورەم، گەر بتەوێ، دەتوانی پاکم بکەیتەوە.) [3]عیسا دەستی بۆ بردو دەستی لێداو ووتی: (من دەمەوێ، پاك بەرەوە.) کابرا دەست بەجێ برینی پێوە نەما. [4] عیسا پێی ووت: (ئاگاداربە، بەکەس مەڵێ، بەڵکو بڕۆ خۆت نیشانی کاهین بدەو ئەو قوربانیەی موسا فەرمانی داوە پێشکەشی‌بکە، با ئەمە ببێتە شایەتییەك بۆ خەڵکی.)

باوەری سەرپەلێك

[5]کاتێ عیسا چووە شاری کەفەرناحوم، سەرپەلێك هات بۆ لای‌و لێی پاڕایەوەو ووتی: [6](گەورەم ئیشکەرێکم هەیە، ئیفلیج بووە لەناو جێدا کەوتووەو ئازارێکی زۆری هەیە؟) [7] عیسا پێی ووت: (وا لەگەڵت دێم چاکی دەکەمەوە.) [8] سەرپەلەکە وەڵامی دایەوەو ووتی: (گەورەم من شایانی ئەوە نیم خۆت بێیتە ماڵەکەم، بەڵکو تەنها ووشەیەك بڵێ ئیشکەرەکەم چاك دەبێتەوە. [9] چونکە منیش مرۆڤێکم لەژێر دەسەڵاتی لەخۆم گەورەتر، هەروەها سەربازیشم هەیە لەژێر دەسەڵاتی منن، بەیەکێ بڵێم: (بڕۆ)، دەڕوات، بەوی کە بڵێم: (وەرە)، دێت، بەکۆیلەکەشم بڵێم: (ئەوە بکە)، دەیکات.) [10]کاتێ عیسا گوێی لەمە بوو، بەسەرسوڕمانەوە بەوانەی دوای کەوتبوون، ووتی: (ڕاستیتان پێ دەڵێم، لەئیسرائیلدا کەسم نەدی باوەڕێکی مەزنی ئاوای هەبێت. [11] پێتان دەڵێم: خەڵکێکی زۆر لەڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواوە دێن‌و لەگەڵ ئیبراهیمو ئیسحاقو یاقوب لەناو پادشاهێتی ئاسمان دادەنیشن. [12] بەڵام ڕۆڵەکانی پادشاهێتی* خۆیان، فڕێ دەدرێنە تاریکی دەرەوە جا لەوێیە گریان‌و چڕکە چڕکی دڕان.) [13]ئینجا عیسا بە سەرپەلەکەی ووت: (بڕۆ بەپێی باوەڕت، با بۆت ببێ.) هەر لەو کاتەدا لەوێ ئیشکەرەکەی چاك‌بوەوە.

چاك‌کردنەوەی خەڵکێکی زۆر

[14]کاتێ عیسا بۆ ماڵی پەترۆس

چـوو، خەسوی پەترۆسی بینی لەناو جـێدا کەوتووەو تای لـێهاتووە. [15] عیسـا دەستی گرت، تایەکەی نەما. ئـیتر ئـەویش هەستاو دەستی کرد بەخزمەتکردنـیان. [16]کـاتێ ئـێوارە داهـات، خـەڵکی ژمارەیـەکی زۆر شـێتیان بـۆ هێـنا، چـی ڕۆحی پیس هـەبوو تـیایان بـە ووشـەیەك دەری کـرد. هەروەها هەموو نەخۆشەکانی دیکەشـی چـاك کـردەوە. [17]تـاکو ئـەوەی لەسەر زمانی پێغەمبەر ئەشعیا هـاتووە بێـتەدی کـە دەڵـێ: {ئـەو دەردەکـانی لابردینو نەخۆشیەکانی هەڵگرتین.}

نرخی دوای عیسا کەوتن

[18]کـاتێ عیسـا بیـنی خەڵکـێکی زۆر لـــەدەوری کۆبوونەتـــەوە فـەرمانیدا بەقوتابـیەکانی تا بپەڕنەوە بـۆ بـەری ئەوبـەری دەریاچـەکە. [19] یـەکێ لەمامۆستایانی شەریعەت هاتە پێشـەوەو ووتـی: (مامۆستا بۆ کوێ بڕۆیـت دوات دەکـەوم.) [20]عیسـا وەڵامـی دایـەوەو ووتـی: (ڕێـوی کونـی هەیـەو باڵـندەکانی ئاسمانـیش هـێلانە، بەڵام ڕۆڵەی مرۆڤ، جێی نییە سـەری بخاتە سەر.) [21]هەروەها یەکێ لـەقوتابـیەکانی پـێی ووت: (گەورەم، ڕێگەم بدە جارێ بچم باوکم بنێژم.) [22]عیسـا وەڵامی دایەوە: (دوامکەوە، واز لـە مردووان بهێنە مردووەکانیان بنێژن.)

عیسا ڕەشەبا هێمن دەکات

[23]ئـینجا عیسـا سـەرکـەوتە سەر بەلەمێکو قوتابیەکانی دوای کەوتن. [24]لـــەناکاو ڕەشـــەبایەکی بەهـێز هـــەڵـی کـــردە سـەر دەریاچـەکە، ئـەوەندەی نـەمابوو شـەپۆلـی ئـاو بەلـەمـەکـە نقـووم بکـات، بـەڵام عیسـا نووستبوو. [25]قوتابیەکانی خێرا چـوونە لای، هەڵیانساندو ووتیان: (گـەورەم ڕزگارمـان کـە وا لـەناو دەچـین.) [26]ئـەویـش پـێی ووتـن: (ئـەی کـــەم باوەڕیـــنە، بۆچـی دەترسـن؟) ئینجا هەستا فـەرمانیدا بەڕەشـەباو دەریاچـــەکـە، هێمـنی بـاڵی کێشـا بـەو نـاوەدا. [27]هـەموو سـەریان سـوڕماو ووتـیان: (ئەمە چ مرۆڤـــێکە، وا ڕەشـــەباو دەریـــا گوێڕایەڵی دەکەن؟)

دەرکردنی ڕۆحی پیس

[28]کـاتێ عیسـا گەیشتە ئەوبەری

دەریاچەکە، لەشاری جەدەرین دوو پیاوی بینی ڕۆحی پیسیان تێدا بوو، تازە لە نێوان گۆڕەکانی گۆڕستان هاتبوونە دەرەوە، ئەمانە زۆر دڕندە بوون، تەنانەت کەس نەیدەتوانی لەو ڕێگەیەوە بڕوات. [29] لەناکاو هاواریان کردو ووتیان: (چیت لێمان دەوێ، ئەی عیسای ڕۆڵەی خودا؟ هاتووی بۆ ئێرە پێش کاتی خۆی، تا ئازارمان بدەی؟) [30] لەو نزیکانە ڕانە بەرازێك دەلەوەڕان، [31] ڕۆحە پیسەکانی ناو دوو مرۆڤەکە لێیپاڕانەوەو پێیان ووت: (ئەگەر دەرمان دەکەیت، بمانێرە ناو ئەو بەرازانەوە.) [32] ئەویش پێی ووتن: (بڕۆن.) ئەوانیش لە مرۆڤەکان چوونە دەرەوەو چوونە ناو بەرازەکانەوە، ڕانە بەرازەکە لەقەدپاڵی گردەکەوە بەردو دەریاچەکە هەڵدێرانو لەناو ئاوەکە خنکان. [33] شوانەکان کاتێ ئەمەیان بینی، خێرا ڕایان کرد بۆ ناو شار، ئەوەی بینییان لە دوو پیاوەکەی ڕۆحی پیسیان تیا بوو و لەڕانە بەرازەکە، هەموویان بۆ خەڵکی شار گێڕایەوە. [34] ئەوەبوو شارەکە هەمووی هاتە دەرەوە بۆ بینینی عیسا، دوای ئەوەی بینییان، داوایان لێکرد ئاوایەکەیان بەجێبهێڵێ.

چا کردنەوەی ئیفلیجێك

9

ئینجا عیسا سواری بەلەم بوو، دەریاچەکەی بڕیو گەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی ﴿کەفەرناحوم﴾. [2] کابرایەکی ئیفلیجیان هێنایە لای بەجێگەکەیەوە، کاتێ عیسا سەیری باوەڕیانی کرد، بەکابرای ووت: (ووڕەت بەرزبێ کوڕم، گوناهەکانت بەخشراون.) [3] هەندێ لەمامۆستایانی شەریعەت لەدڵی خۆیان ووتیان: (ئەمە کفر دەکات.) [4] عیسا زانی بیر لەچی دەکەنەوەو لێی پرسین: (بۆچی لەدڵتان بەخراپە بیردەکەنەوە؟ [5] کامیان ئاسانتر بووترێ: (گوناهەکانت بەخشران.) یاخود بووترێ: (هەستەو بڕۆ؟) [6] بەڵام بۆ ئەوەی بزانن ڕۆڵەی مرۆڤ لەسەر زەوی دەسەڵاتی گوناە بەخشینی هەیە.) ئینجا بەئیفلیجەکەی ووت: (هەستە، جێگاکەت هەڵگرەو بڕۆرەوە بۆ ماڵ.) [7] ئەویش دەست بەجێ هەستایە سەرپێ و بەپێی خۆی

بـــەرەو مـــاڵ گەڕایـــەوە. [8]کـــاتێ خەڵکەکـــە ئەمـــەیان بیـــنی، ترســـانو دەستیانکرد بەستایشی ئەو خودایەی ئەم دەسەلاتەی داوە بەمرۆڤ.

عیسا بۆ گوناهباران هاتووە

[9]کـاتێ عیسـا لـەوێ تێدەپەڕی، باجگـرێکی دی نـاوی مەتـتا بـوو، لەســـەر شـــوێنی بـــاج وەرگـــرتن دانیشتبوو. پێی ووت: (دوام کەوە.) ئـەویش هەسـتاو دوای کـەوت. [10] لـەکاتـێکدا عیسـا چووە ماڵی مەتتاو لـەســـەر خـــوان دانیشـــت، زۆر لـەباجگـرەکانو گوناهـباران هـاتنو لـەســـەر خـــوان لـەگـــەڵ عیســـاو قوتابـــیەکانی دانیشـــتن. [11]کـــە فەریســـیەکان ئەمـــەیان بیـــنی، بەقوتابیەکانـــیان ووت: (بۆچـــی مامۆســـتاتان لـەگـــەڵ باجگـــرو گوناهـــباران دادەنیشـــێتو نـــان دەخـوات؟) [12]کـاتێ عیسا گوێی لە ووتەکانیان بوو، ووتی: (مرۆڤی لەش ساغ پێویستی بە پزیشك نییە، بەڵکو نەخۆش. [13]بڕۆنو مانای ئەمە فێربن: {مـــن داوای بـــەزەیی دەکـــەم نـــەك قوربـانی}، نەهاتووم بۆ بانگ کردنی ئەوانەی خۆیان بەچاك دەزانن، بەڵکو گوناهباران بۆ تۆبەکردن.)

لەبـارەی ڕۆژووەوە

[14]ئینجا قوتابیەکانی یەحیا لـەعیسا هاتـنە پێشـەوەو پرسـیاریان لـێکرد: (بۆچـی ئـێمەو فەریسیەکان بەڕۆژوو دەبـین، بـەڵام قوتابیەکانـت بەڕۆژوو نـابن؟) [15]عیسـا پـێی ووتـن: (ئایـا خەڵکی لەشایدا شیوەن دەکەن کاتێ زاوا لـەنێوانـیان بێـت؟ بـەڵام ڕۆژانێ دێت زاوا بەرز دەکرێتەوەو لـەنێوانیان نامـێنێ، ئەوسا بەڕۆژوو دەبن. [16]هیچ کەسـێ کراسـی کـۆن بەقوماشـێکی تـازە پـینـە ناکـات، چـونکە پارچـە تازەکە دەچێتەوەیەك و کراسە کۆنەکە ڕادەکێشـێتو درِاویەکـە خـراپتر دەکـات. [17]خەڵکی مەی تازە ناکەنە مەشـکەی کۆنـەوە، ئەگینا مەشکەکە دەدرێ، مەیەکـــــــــە دەڕژێو مەشـکەکەش لـەناو دەچـێ. بـەڵکو مـەی تازە دەکرێتە مەشکەی تازەوە، تـا مەیەکـەو مەشـکەکەش بەیەکـەوە پارێزراو بن.)

زیندووکردنەوەی کچێك

[18]لەکاتـێکدا عیسـا ئەمانـەی دەووت، یـــەکێ لـەپێشـــەوایانی

جوولەکە هاتە پێشەوە، کڕنووشی بۆ بردو ووتی: (کچەکەم ئێستا مرد، بەڵأم وەرە دەستی لێ بدە، زیندوو دەبێتەوە)، [19]عیسا هەستاو لەگەڵ قوتابیەکانی دوای پیاوەکە کەوت. [20]هەر لەوکاتەدا ژنێك کە دوانزە ساڵ بوو نەخۆشی خوێن لێچوونی هەبوو، لەعیسا نزیك بووەوە لەدواوە دەستی بۆ چمکی کراسەکەی بردو لەدڵی خۆیدا ووتی: [21](ئەگەر تەنها دەست لەجلەکانیشی بدەم، چاك دەبمەوە.) [22]عیسا ئاوڕی دایەوە بینیو ووتی: (کچەکە، دڵنیابە، باوەڕت چاکی کردیتەوە.) ژنەکە دەست بەجێ چاك بووەوە. [23]کاتێ عیسا چووە ماڵی پێشەواکە، شیوەنکەرانو کۆمەڵێ خەڵکی بینی بەیەکا دێنو دەچن. [24]ووتی: (لاچن، کچەکە نەمردووە، بەڵکو خەوتووە.) ئەوانیش پێی پێکەنین. [25]کاتێ خەڵکەکەی کردە دەرەوە، هاتە ژوورەوەو دەستی کچەکەی گرت، کچە هەستایە سەرپێ. [26]ئەم هەواڵە لەهەموو وولأتدا بلأوبووەوە.

چاکردنەوەی دوو کوێر

[27]کە عیسا لەوێ ڕۆیشت، دوو کوێر دوای کەوتن، هاواریان دەکردو دەیان ووت: (ڕۆڵەی داود، بەزەییت پێماندابێتەوە) [28]کاتێ هاتە ماڵەوە، هەردووکیان هاتنە لای. عیسا لێی پرسین: (ئێوە باوەڕتان بەوە هەیە من دەتوانم ئەمە بکەم؟) ئەوانیش وەلأمیان دایەوە: (بەڵێ گەورەم.) [29]ئەویش دەستی هێنا بە چاویاندا ووتی: (بابۆتان بێ، بەپێی باوەڕتان.) [30]دەست بەجێ چاویان ڕوونا کی تێکەوت، عیسا پێی ڕاگەیاندنو ووتی: (ئاگادارین بەکەس مەڵێن) [31]بەڵأم ئەوان ڕۆیشتنو هەواڵیان لەهەموو ناوچەکەدا بلأوکردەوە.

لاڵێك دەکەوێتە قسەکردن

[32]کە دوو کابراکە چوونە دەرەوە، چەند کەسێك لاڵێکیان هێنایانە لای، ڕۆحی پیسی تیا بوو. [33]کاتێ عیسا ڕۆحە پیسەکەی لێ دەرکرد، لاڵەکە دەستی کرد بەقسەکردن. خەڵکەکە سەریان سوڕماو ووتیان: (شتی وا بەهیچ جۆرێك لەئیسرائیلدا نەبینراوە.) [34]

بـەڵام فەریسـیەکان ووتـیان: (ڕۆحی پـیس بەهـێزی سـەرۆکی ڕۆحـە پیسەکان دەردەکات.)

دروێنەی زۆرو کرێکاریکەم

35عیسا بەشارو لادێکان دەگەڕا، لـە کەنیشتەکان خەڵکی فێردەکردو مزگێـنی پادشـاهێتی ئاسمـانی ڕادەگـەیاند. هـەموو دەردو نەخۆشیەکی چاك دەکردەوە. 36کاتێ خەڵکەکـەی دەبینی بـەزەیی پێیاندا دەهاتـەوە، چـونکە پەرێشـانو دەربەدەر بوون، وەك مەڕی بێ شوان بـوون. 37جـا بـە قوتابیەکانی ووت: (درووێـنە زۆرە، کـرێکار کەمـە. 38 کەواتـە نوێـژ بکـەن تـا خوداوەندی درووێـنە کـرێکار بـۆ درووێـنەکەی بنێرێت.)

بانگکردنی دوانزە نێرراوەکە

10

ئـینجا دوانـزە قووتابـیەکەی* بـانگ کـرد، دەسـەلاتی دانـێ تـا ڕۆحـە پیسـەکان دەر بکـەنو هـەموو نەخۆشـیو دەردێك چاك بکەنەوە. 2 نـاوی دوانـزە نێرراوەکەش* ئەمەیە: شـەمعون کـە بـە پەتـرۆس ناودەبـرا لـەگـەڵ ئەندراوسـی بـرای، یـاقوبی کـوڕی زەبـدیو یۆحەنـنای برای. 3 فیلیـپۆسو بـرتۆلماوس، تۆماو مەتتای باجگـر، یـاقوبی کـوڕی حـەلفاو تـەداوس، 4شـەمعونی قانـەویو یەهوزای ئەسخەریوتی ئەوەی عیسای بەدەستەوەدا.

عیسا نێرراوەکانی دەنێرێت

5عیسا ئەمانەی ناردو ووتی: (ئەو ڕێگەیـە مەگـرن کـە بـەناو ناجوولەکاندا دەڕوات، مەچنە شاری سـامریەکان*، 6بەڵکو بەتایبەتی بڕۆنە لای مـەڕە وون بووەکـانی مـاڵی ئیسـرائیل. 7کـاتێ دەچـن ئەم پەیامە ڕابگەێـنن: (پادشـاهێتی ئاسمان نزیك بۆتـەوە.) 8نـەخۆش چـاك بکەنـەوە، مـردوو زیندووبکەنەوە، گەڕوگولـی پـاك بکەنـەوە، ڕۆحـە پیسـەکان دەربکـەن. بەخۆڕایی وەرتان گرتووە بـەخۆڕایی بـیدەن. 9زێڕو زیو و مس لەگەڵ خۆتان هەڵ مەگرن، 10تورەکە لـەگـەڵ خۆتـان هـەڵمەگـرن، دوو کـراسو دوو پـێلاڤو گۆچان مەبەن، چـونکە ئیشـکەر شـایانی ئەوەیـە خۆراکی خۆی بدرێێ. 11دەچنە هەر شـارو لادێـیەك، بگـەڕێن بەشـوێن

ئەوانەی شایانی ئێوەبن، لەوێ بمێنەوە هەتا کاتی ڕۆیشتنتان دێت.
12 کە چوونە ماڵێك سڵاوّیان لێبکەن. 13 ئەگەر هاتوو ئەو ماڵە بەڕاستی شایانی ئەوە بوون، با ئاشتیتان بچێتە ناویانەوە ئەگەر شایانی ئەوە نەبوون، با ئاشتیتان بگەڕێتەوە بۆ خۆتان. 14 گەر یەکێك پێشوازی لێنەکردن، یان گوێی لێنەگرتن، ئێوەش کە لەو ماڵۆ شارە دەچنەدەرەوە، تۆزی پێتان بتەکێنن.
15 ڕاستیتان پێدەڵێم: لەڕۆژی لێپرسینەوەدا، دۆخی شاری سەدومو عەمورە* باشتر دەبێ لەو شارە.

چەوسانەوەی داهاتوو

(16 من ئێوە وەك بەرخ بەناو گورگدا دەنێرم، جا دانابن وەك مار، نەرمونیان بن وەك کۆتر. 17 ئاگادار بن، خەڵکی دەتان دەنە دەست دادگا، لە کەنیشتەکانیاندا بەقامچی لێتان دەدەن، 18 لەپێناوی من دەبرێنە بەردەم دادوەرو پادشاکان، ئەمەش دەبێتە شایەتیەك بۆ من، لای جوولەکەو میللەتانیش. 19 کاتێ دەتاندەن بەدەستەوە، گوێ مەدەنە ئەوەی چۆن قسە بکەن یان چی بڵێن، چونکە لەوکاتەدا پێتان دەووترێ چی بڵێن. 20 ئێوە خۆتان قسە ناکەن، بەڵکو ڕۆحی باوکتانە بەهۆی ئێوەوە قسە دەکات. 21 برا، برای خۆی دەدا بەدەستەوە بۆ مردن، باوك منداڵی خۆی. منداڵان لەباوکو دایك هەڵدەگەڕێنەوەو دەیانکوژن. 22 خەڵکی ڕقیان لێتان دەبێ لەبەر ناوی من، بەڵام ئەوەی تاکۆتایی خۆی ڕاگرێ، ئەوە ڕزگاری دەبێت. 23 کە لەشاری دەتان چەوسێننەوە، ڕاکەن بۆ شارێکی دیکە. ڕاستیتان پێدەڵێم: شارەکانی ئیسرائیل تەواو ناکەن پێش هاتنەوەی ڕۆڵەی مرۆڤ.

مەترسن

(24 قوتابی لەمامۆستاکەی بەرزتر نییەو کۆیلەش لەگەورەکەی بەرزتر نییە. 25 بەسە قوتابی وەك مامۆستاکەی بێت وکۆیلەش وەك گەورەکەی بێت. گەر خاوەن ماڵیان بە بەعلەزبول* ناوبردبێت ئاخۆ دەبێ چی بەئەندامانی ماڵەکەی بووترێ؟ 26 لەوان مەترسن، چونکە

هیچ شتێکی شاراوە نیە دەرنەکەوێت و هیچ نهێنیەك نیە ئاشکرا نەبێت. [27]ئەوەی لە تاریکیدا پێتانی دەڵێم، لەڕووناکیدا بیڵێنەوە، ئەوەی بەچرپە گوێتان لێدەبێ، بەدەنگی بەرز لەسەربانان ڕایبگەێنن. [28]مەترسن لەوانەی دەتان کوژن بە لەش و ناتوانن دەرووتان بکوژن، بەڵکو ترستان لەوەبێ کە دەتوانێ لەش و دەروون بەیەکەوە لەدۆزەخدا لەناوبەرێ. [29] ئایا دوو چۆلەکە نافرۆشن بە یەك فلس؟ کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، یەکێ لەوانە بەبێ خواستی باوکتان ناکەوێتە سەر زەوی. [30]ئێوە تەنانەت قژی سەریشتان ژمێراوە. [31]کەواتە مەترسن، ئێوە زۆر لەچۆلەکە بەنرختڕن.[32]ئەوەی دانم پیادەنێ بەرامبەر بەخەڵکی، منیش دانی پیا دەنێم بەرامبەر بەباوکم، ئەوەی کە لەئاسمانە. [33]بەڵام ئەوەی نکۆڵیم لێدەکات بەرامبەر بەخەڵکی، منیش نکۆڵی لێدەکەم بەرامبەر باوکم، ئەوەی کە لەئاسمانە.

ئاشتینا بەڵکو شمشێر

([34]لەوباوەڕەدا نەبن من هاتووم بۆ ئەوەی ئاشتی بێنمە سەر زەوی، نەهاتووم بۆ هێنانی ئاشتی، بەڵکو شمشێر! [35]من هاتووم بۆ ئەوەی ناکۆکی بخەمە نێوان، باوك و کور، کچ و دایك، بووك و خەسوو. [36]ئا بەم جۆرە مرۆڤ دوژمنی خانەوادەکەی خۆی دەبێت.

[37]ئەوەی دایك و باوکی لەمن زیاتر خۆشویست، شایانی من نییە. ئەوەی کوڕی یان کچی لەمن زیاتر خۆشویست، شایانی من نییە. [38] ئەوەی خاچەکەی هەڵنەگرێ و دوام نەکەوێت، شایانی من نییە. [39]ئەوەی خۆی بەژیانیەوە بەستبێتەوە، دەیدۆڕێنێ، ئەوەی ژیانی خۆی لەپێناوی من بدۆڕێنێ، دەیباتەوە. ([40] ئەوەی پێشوازی لەئێوە بکات، ئەوا پێشوازی لەمن دەکات، ئەوەش پێشوازی لەمن بکات، ئەوا پێشوازی لەوە دەکات کە منی ناردووە. [41]ئەوەی پێشوازی لەپێغەمبەرێك بکات، لەبەرئەوەی پێغەمبەرە، ئەوا پاداشتی پێغەمبەرێك وەردەگرێت. ئەوەش پێشوازی لەمرۆڤێکی چاك بکات، ئەوا پاداشتی مرۆڤێکی چاك وەردەگرێت. [42]هەرکەسێکیش جامێ ئاوی سارد

بـــدات بەیـــەکێ لـــەم مـــندالانە، لەبەرئەوەی قوتابی منن، ڕاستیتان پێ دەڵێم: پاداشتی ئـەو هەرگیز وون نابێت.)

عیساو حەزرەتی یەحیا

11

کـە عیســا لـــەئامۆژگاری کـــردنی دوانـزە قوتابیەکەی تەواو بوو، لەوێ ڕۆیشـــت، چـــوو بـــۆ فـــێرکردنو ڕاگـــەیاندنی ووشـــەی خـــودا لەشارەکانیان.

2 کـاتێ یەحیا لەبەندیخانـەدا ئـەو کارانـەی عیســای بیســت، هـەندێ لەقوتابـیەکانی نـاردە لای، 3 لێـیان پرسی: (ئایا تۆی ئەوەی کە دێ، یان چـاوەڕێی یەکـێکی دیکـە بکەین؟) 4 عیسا وەڵامی دانەوەو ووتی: (بڕۆن، ئـەوەی بیستوتانەو بینیوتانە بەیەحیای بڵێن: 5 کوێرەکان دەبینن، گۆجەکان بـەڕێکی دەڕۆن، گـەڕوگوڵان پـاك دەبـنەوە، کـەڕان دەبیستن، مردووان زیـندوو دەبـنەوەو هەژاران مزگێنیان پـێ دەدرێ. 6 خۆزگـە دەخـوازرێ بەوانـەی گومـانم لـێ ناکەن.) 7 دوا بـەدوای ڕۆیشتنی قوتابیەکانی یەحیا، عیســا دەســتی کـرد بەقســەکردن لـــەبارەی یەحـیاوە بـۆ خەڵکەکـە، ووتـی: (بۆ بینینی چی چوونە بیابان؟ بـــۆ بینیـــنی قامیشـــێك کـــە بـــا دەیجوڵێنێتەوە؟ 8 ئەی بۆ بینینی چی چوون؟ بۆ بینینی مرۆڤێك کە بەرگی نایـابی لـەبـەربێ؟ ئـەوەتان ئەوانـەی بـــەرگی نایـــاب لەبەردەکـــەن، وان لەکۆشـکی پادشـاکان. 9 ئەی بۆچی چـــــوونە دەرەوە؟ بـــــۆ بینیـــــنی پێغەمـبەرێك؟ بەڵـێ من پێتان دەڵێم، بـەڵکو مـەزنتر لەپێغەمـبەر.) 10 ئەمـە ئەوەیـە کـە دەربـارەی نووسراوە: { ئـەوەتا مـن نێرراوی خۆم لەپێشتەوە دەنـێرم ئـەوەی ڕێگـات بـۆ ئامـادە دەکـات. } 11 ڕاسـتیتان پێدەڵـێم: لەنـێو ئەوانـەی لەژن لەدایك بوون، نیـیە مـەزنتر لەیەحـیای خـەڵك لەئاوهەڵکێـش، بـەڵام بچـووکترینی ئەوانـەی لەپادشـاهێتی ئاسـمانن، لـەو مـەزنترە. 12 لەڕۆژانی یەحیای خەڵك لەئاوهەڵکێشـەوە تا ئێستا پادشاهێتی ئاسمـان پێشـکەوتنێکی بەهـێز پـێش دەکـەوێ، هەرچـەندە بەهـێزەکان هـــەوڵی ڕاگرتـــنی دەدەن. 13 شـــەریعەتو هـــەموو پێغەمـــبەران، تاهاتـنی یەحیا پێشبینییانکردووە. 14 ئەگـەر بـڕوا دەکەن، ئەم یەحیایە ئەو

ئەلیاسەیە* کە چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکرێت. [15]ئەوەی گوێ هەیە بۆ گوێ گرتن باگوێ بگرێ!

([16]ئەم نەوەیە لەچی دەکەن؟ لەو منداڵانە دەکەن کە لەگۆڕەپانی بازاڕە دانیشتوونو بانگی هاوڕێکانیان دەکەنو دەڵێن: [17] زورنامان بۆ لێدان کەچی هەڵنەپەڕین، شینمان بۆ کردن کەچی سنگتان نەکوتیو لەخۆتان نەدا. [18] یەحیا هات چونکە ناخواو ناخواتەوە، ووتیان: (ڕۆحی پیسی تیایە.) [19]ئینجا ڕۆڵەی مرۆڤ هات، دەخواو دەخواتەوە ووتیان: (ئەمە پیاوێکی زۆرخۆرو مەستە، هاوڕێی باجگرانو گوناهبارانە.) بەڵام ڕاستی دانایی بە بەرووبوومی دەردەکەوێ.)

شارەگوناهبارەکان

[20]ئینجا عیسا دەستی کرد بەسەرزەنشتکردنی ئەو شارانەی کە زۆربەی نیشانە سەرسوڕهێنەرەکانی تیا نواندبوون، چونکە هێشتا تۆبەیان نەکردبوو، [21]ووتی: (خاك بەسەرت ئەی کورزین، خاك بەسەرت ئەی بەیتسەیدا، ئەو کارە سەرسوڕهێنەرانەی لای ئێوە کرا گەر لەسورو سەیدا بکرایە دانیشتوانی هەر لەزووەوە تۆبەیان دەکردو خۆیان لەخۆڵەمێش دەگەوزاند. [22] بەڵام پێتان دەڵێم: دۆخی سورو سەیدا لەڕۆژی لێپرسینەوەدا باشتر دەبێ لەدۆخی ئێوە. [23]تۆش ئەی کەفەرناحومی بەرزبووەوە تا ئاسمان؟ دەخرێیتە خوارەوە تا بنی دۆزەخ، گەر لەشاری سەدومدا ئەو بکرایە کە لای تۆ کراوە، شارەکە هەتا ئەمڕۆ دەمایەوە. [24]بەڵام پێت دەڵێم: دۆخی سەدوم لەڕۆژی لێپرسینەوە باشترە لە تۆ.)

وەرن بۆ لام، من دەتانحەسێنمەوە

[25]عیسا بەردەوام بوو لەسەر قسەکانیو ووتی: (سوپاست دەکەم ئەی باوك، خوداوەندی ئاسمانو زەوی، چونکە ئەم کارانەت لەداناکان شاردۆتەوەو ئاشکرات کردووە بۆ منداڵان. [26]بەڵێ، ئەی باوك، ئەمە خواستی تۆیە. [27]باوکم هەموو شتێکی پێ سپاردوم، کەس ڕۆڵە ناناسێ باوك نەبێ، کەسیش باوك ناناسێ تەنها ڕۆڵەو ئەو کەسانە نەبێ کە ڕۆڵە دەیەوێ بۆیانی دەربخات. [28]وەرن بۆ لام

ئـــەی هـــەموو مـــاندووانو بارگـــرانەکان، مـــن دەتـــان حەســـێنمەوە. [29]نـــیری مـــن هەڵگـرنو لـەمنەوە فێربن، چـونکـە من هێمنو دڵنەرمم. ئەوسا حەسانەوە دەدۆزنـەوە بۆ دەروونتان. [30]چونکە نیرەکەم سووکەو بارم ئاسانە.)

گەورەی ڕۆژی شەممە

12

لەڕۆژی شەممەدا، کاتێ عیسا بەنێوان دەغڵـەکاندا تێدەپـەڕی، قوتابیەکانی برســییان بــوو، دەســتیان کــرد بەگوڵەگـەنم پـرواندنو خواردنی. [2] کەفەریسـیەکان ئەمـەیان بینـی پێیان ووت: (ئـەوەتا قوتابیەکانـت کارێك دەکـەن لـەشەممەدا* دروست نییە.) [3] عیسـا وەڵامـی دانەوەو ووتی: (ئەی نەتان خوێندۆتەوە کە داودو ئەوانەی لـەگـەڵی بـوون چـیان کـرد، کـاتێ برسـییان بـوو؟ [4]چـۆن چـوونە ماڵی خـوداو نـانی قوربانیان* خوارد، ئەو نانـەی دروســت نــەبوو بخــواردن، نەڵەلایـەن ئەوەوە، نەڵەلایەن ئەوانەی کــە لەگەڵـیدا بــوون، تــەنها بــۆ کاهیــنەکان* نــەبێ. [5]ئایـا نــەتان خوێــندۆتەوە لەتــەوراتدا کــە کاهیــنەکان لــەڕۆژی شــەممەوان لەپەرستگا یاسای شـەممە دەشکێنن کەچـی بەتاوانباریش دانانرێن؟ [6]بەڵام مـن پێـتان دەڵـێم، یەکـێك لـێرەیە مـەزنترە لەپەرستگا. [7]ئەگـەر مانای ووتـەکان تێبگەیشـتنایە: {من داوای بـەزەیی دەکـەم نـەك قوربانی}، ئەوا حوکمـتان نـەدەدا بەسـەر ئەوانـەی بێـتاوانن. [8]چـونکە ڕۆڵـەی مـرۆڤ گەورەی ڕۆژی شەممەیە.)

چاکردنەوەی نەخۆش لەشەممە

[9]ئینجا عیسـا لـەوێ ڕۆیشـتو چـووە کەنیشـتەکەیان، [10]لـەوێ پیاوێکی لـێبوو دەستێکی ووشك ببوو، فەریسیەکان دەیانوویست عیسا تاوانبار بکەن، بۆیە لێیان پرسی: (ئایا چـاکردنەوەی نـەخۆش لـەڕۆژانی شـەممە دروسـتە؟) [11]عیسـا وەڵامـی دانـەوەو ووتـی: (کـێ لەئـێوە گـەر مـەڕێکی هەبێتو مەڕەکەی لەڕۆژی شەممەدا بکەوێتە ناو چاڵێکەوە، ناچێ دەری بهێنێـت؟ [12]باشـە! مـرۆڤ زۆر لـەمەڕ بەنرختر نییە؟ کەواتە لـەڕۆژانی شەممەدا کاری باش دروستە.) [13]ئینجا بەپـیاوەکەی ووت: (دەســتت درێژکە.) ئەویش دەستی درێژ کردو

دەستی چاك بووەوە وەك دەستەکەی دیکەی لێهات.

خزمەتکاری هەڵبژێردراو

14 بەڵام فەریسیەکان چوونە دەرەوە تەگبیریان کرد چۆن لەناویبەن. 15 عیساش بەمەی زانیو لەوێ ڕۆیشت، خەڵکێکی زۆر دوای کەوتن، هەموو ئەوانەی نەخۆش بوون چاکی کردنەوە. 16 بەڵام ئاگاداری کردن لای کەس باسی نەکەن، 17 تا ئەوەی لەسەر زمانی ئەشعیا پێغەمبەر ووتراوە بێتەدی کە دەڵێ: 18 {ئا ئەوەتا ئەو خزمەتکارەی هەڵمبژاردووە، ئەو خۆشەویستەی پێی دڵشادم، ڕۆحی خۆمی تیا دادەنێم، تا بەهەموو میللەتان دادپەروەریم ڕابگەیەنێ. 19 شەڕ ناکاتو هاوار ناکات، کەس دەنگی نابیستێ لەشەقامەکان. 20 قامیشێکی کوتراوەو ناشکێ، پلێتەیەکی گڕدارەو ناکوژێتەوە، هەتا دادپەروەری بەسەرکەوتن دەگەیێ. 21 هیوای میللەتان لەسەر ناوی ئەو دەبێ.}

عیساو سەرۆکی ڕوحە پیسەکان

22 ئینجا پیاوێکی لاڵو کوێریان بۆ هێنا ڕۆحی پیسی تیابوو، ئەویش چاکی کردەوە بەجۆرێ دەیتوانی ببینێتو گفتوگۆ بکات. 23 خەڵکەکە هەموو سەرسام بوونو ووتیان: (ئایا ئەمە ڕۆڵەی داود نییە؟) 24 بەڵام فەریسیەکان کە ئەمەیان بیست ووتیان: (ئەو ڕۆحی پیس دەرناکات مەگەر بە بەعەلزبولی سەرۆکی ڕۆحە پیسەکان نەبێت.) 25 عیسا بەبیرکردنەوەی ئەوانی زانی، ووتی: (هەر پادشایەتیەك دووبەرەکی تیابێت، ویران دەبێت، هەر شارو ماڵێك دووبەرەکی تیابێت، خۆی ڕاناگرێ. 26 ئەگەر شەیتان، شەیتان دەربکات، ئەوا دوو بەشنو دووبەرەکییان تیایە، کەواتە چۆن پادشایەتیەکەی خۆی ڕادەگرێ؟ 27 ئەگەر من بەبەعەلزبول ڕۆحی پیس دەردەکەم، ئەی ڕۆڵەکانتان بەکێ دەریاندەکەن؟ بۆیە ئەوان حوکم دەدەن بەسەرتان. 28 بەڵام ئەگەر من بەڕۆحی خودا ڕۆحی پیس دەربکەم، ئەوا پادشاهێتی خودا دەچەسپێ بەسەرتان. 29 ئەگینا چۆن یەکێ دەتوانێ بچێتە ماڵی کابرایەکی

بەهێزو شتەکانی تالأن بکات، گەر یەکەم جار نەیبەستێتەوە، ئینجا مالّەکەی تالأن بکات؟ [30]ئەوەی لەگەلّم نییە دژمە، ئەوەش لەگەلّما کۆناکاتەوە، بلاّوی دەکاتەوە.

[31]لەبەرئەوە پێتان دەلّێم: هەموو گوناەو کفرکردنێکی مرۆڤ دەبەخشرێ تەنها کفرکردن بەرامبەر بەڕۆحی پیرۆز نەبێ نابەخشرێ، [32] ئەوەی ووشەیەك دژی ڕۆلّەی مرۆڤ بلّێت دەبەخشرێ. بەلاّم ئەوەی ووشەیەك دژی ڕۆحی پیرۆز بلّێت نابەخشرێ، نەلەم زەمانەداو نە لە زەمانی ئایندە.

دار بەبەروبوومی دەناسرێ

[33](وابکەن دار باش بێت، بەروبوومی باش دەدات. یاخود وابکەن دار خراپ بێت، بەروبوومی خراپ دەدات، چونکە دار بەبەروبومی دەناسرێ. [34]ئەی بێچوە ماران، چۆن دەتوانن بەچاکی بدوێن، کە خۆتان خراپ بن؟ دەم ئەوە دەلّێ کە لەدلّ هەلّدەقولّێ. [35] مرۆڤی چاك، لەگەنجینەی چاکی ناو دلّی شتی چاك دەردەهێنێ، مرۆڤی بەدیش، لەگەنجینەی بەد، شتی بەد دەردەهێنێ. [36]بەلاّم من پێتان دەلّێم: هەر ووشەیەکی پووچ کە خەلّکی پێی دەدوێ لەڕۆژی لێپرسینەوەدا، لێپرسینەوەی خۆی هەیە. [37]چونکە بەووشەکانی خۆت بێتاوان دەبی، هەروەها بەووشەکانی خۆت تاوانبار دەکرێی.)

نیشانەی یونس پێغەمبەر

[38]ئینجا هەندێ لەمامۆستایانی شەریعەتو فەریسیەکان ووتیان: (ئەی مامۆستا، دەمانەوێ نیشانەیەکت لێ ببینین.) [39]عیسا وەلاّمی دانەوە: (نەوەیەکی بەدکارو بەدڕەوشت داوای نیشانە دەکەن، نیشانە نادرێ، تەنها نیشانەی یونس* پێغەمبەر نەبێ. [40]چۆن یونس سێ ڕۆژو سێ شەو لەناو سکی نەهەنگدا بوو، ئاواش ڕۆڵەی مرۆڤ سێ ڕۆژو سێ شەو لەناو دلّی زەویدا دەمێنێتەوە. [41]دانیشتوانی نەینەوا

*شازنی باشوور: مەبەست شازنە بەلقیسە کە فەرمانڕەوای یەمەن بوو لەسەردەمی حەزرەتی سلێمان.

لـەڕۆژی لێپرسینەوە، ڕادەوەستن بەرامبەر ئـەم نەوەیـەو تاوانـباریان دەکـەن، چـونکە تۆبـەیان کرد کاتێ یونس ووشەی خودای پێڕاگەیاندن. ئـەوەتا لـەیونس مـەزنتر لـێرەیە. [42] شـــاژنی باشـــوور* لـــەڕۆژی لێپرسـینەوەدا لەگـەڵ ئـەم نەوەیـە ڕادەوەسـتێو تاوانـباری دەکـات، لـەبەرئـەوەی لەوپەڕی زەمینەوە هات بـۆ گوێگرتن لەدانایی‌یەکانی سلێمان. ئەوەتا لەسلێمان مەزنتر لێرەیە.

گەڕانەوەی ڕۆحی پیس بۆ لەش

[43]کـە ڕۆحـی پـیس لەمرۆڤێك چـــووە دەرەوە، ســـەرگەردانی پەیداکـردنی جـێی حەوانەوە دەبێت لـەبـیابانی ووشـکی بێئـاو، بـەلأم نایدۆزێـتەوە. [44]ئـینـجـا دەڵـێ: بـا بگەڕێمـەوە بـۆ ئـەو ماڵـەی بەجـێم هێشـت، کـە دەگەڕێـتەوە دەبیـنێ چـۆڵە، گسك دراوەو جوان کراوە. [45]ئەوســا دەڕوات، لەگـەڵ خـۆی حـەوت ڕۆحـی خـراپتر دەهێـنێو هـەمووی دەچـنە ناو ئەو مرۆڤەوە. ئـیتر داهـاتووی ئەو مرۆڤە لـەجاران خـراپتر دەبێت. ئەم نەوە بەدکارەش، ئاوهـای بەسـەر دێت.) [46]لـەوکاتەدا کـە عیسـا قسـەی بـۆ خەڵکەکـە دەکـرد، دایـكو خوشـكو براکانی لـەدەرەوە ڕاوەسـتا بـوون، داوایـان دەکـرد لەگـەڵـی بدوێن. [47]یەکێك لـــەئامادەبووان پـــێی ووت: (ئـــەوە دایکت‌وخوشكو براکانتە لەدەرەوە ڕاوەســتاون، دەیانـەوێ لەگەڵـت بدوێـن.) [48]وەڵأمـی دایـەوە ووتـی: (دایکـم کێـیەو خوشـكو بـراکانم کـــێن؟) [49]ئیـــنجا دەســـتی بـــۆ قوتابیەکانی ڕاکێشاو ووتی: (ئەمانەن دایـكو براکانم، [50]ئەوەی کاربکات بەخواستی ئەو باوکەم کە لەئاسمانە، ئەوا ئەو براو خوشكو دایکمە.)

نموونەی جوتیارێك
13

هـەر لەهـەمان ڕۆژدا عیسـا لـەماڵ چـووە دەرەوە، لەسەر کەناری دەریا دانیشـت. [2]خەڵکـێکی زۆر لـێی کۆبوونـەوە، لەبـەر ئـەوە چـووە ناو بەلەمـێك دانیشـت، خەڵکەکـەش هـەمووی لەسـەر کـەناری دەریاکـە بەپـێوە ڕاوەسـتا بـوون. [3]بەنموونـە لەزۆر بابەت دواو قسەی بۆ کردنو ووتی: (جوتیارێك چووە دەرەوە تۆو بچـێنێ. [4]لـەوکاتـەدا تـۆوی دەچاند،

بەشێ لەتۆوەکە کەوتە سەر ڕێگا، باڵندە هاتنو خواردیانن، 5بەشێکی دیکەشی کەوتە سەر زەوییەکی بەردین کە خۆڵەکەی تەنك بوو، خێرا سەریان دەرکرد، چونکە زەویەکە قوڵ نەبوو، 6بەڵام کە ڕۆژ هەڵهات، ووشك بوونو پڕوکان چونکە ڕەگی تەواویان نەبوو. 7 بەشێکی دیکەشی، کەوتنە نێوان درکەوە، کاتێ درکەکان سەریان دەرکرد خنکاندیانن. 8هەندێکیش لەتۆوەکە کەوتە سەر زەوی باش، بەرووبوومیدا. بەشێکی یەك بەسەد بەشێکی دیکەشی یەك بەشەستو یەك بەسی. 9کێ گوێی هەیە، با گوێ بگرێ!)

بۆچی عیسا بە نموونە دەدوێ؟

10قوتابیەکان هاتنە پێشەوەو پێیان ووت: (بۆچی بەنموونە قسەیان بۆ دەکەیت؟)

11عیسا وەڵامی دایەوەو ووتی: (لەبەرئەوەی بەئێوە دراوە نهێنی پادشاهێتی ئاسمان بزانن، بەڵام بەوان نەدراوە. 12چونکە ئەوەی هەیەتی، زیاتری پێ دەدرێ تالێی دەڕژێ، بەڵام ئەوەی نییەتی، ئەوەندەی کە هەیشێتی لێی دەسەنرێتەوە. 13 بەنموونە قسەیان بۆ دەکەم چونکە سەیردەکەن بەڵام نابینن، گوێ دەگرن بەڵام نابیستنو تێناگەن. 14 بەمەش پێشبینی ئەشعیا دەربارەی ئەوان دێتەدی، ئەوەی دەڵێ: { بیستن دەبیستن، بەڵام تێناگەن، سەیرکردن سەیردەکەن، بەڵام نابینن، 15چونکە دڵی ئەم گەلە بەتەواوی ڕەق بووە، گوێیان قورس بووە بۆ گوێگرتن، چاویان نووقاندوە نەوەك بەچاویان ببینن، بەگوێیان ببیستن، نەوەك بەدڵیان تێ بگەنو بگەڕێنەوە لای من، ئەوسا منیش چاکیان بکەمەوە.} 16بەڵام ئێوە، خۆزگە دەخوازرێ بەچاوتان چونکە دەبینن، خۆزگە دەخوازرێ بەگوێتان چونکە دەبیستن. 17ڕاستیتان پێ دەڵێم: زۆر لەپێغەمبەرانو پیاوچاکان بەئاواتەوە بوون، ببینن ئەوەی ئێوە دەیبینن، ببیستن ئەوەی ئێوە دەیبیستن بەڵام نەیانبیستو نەیانبینی.

ڕوونکردنەوەی نموونەکە

18(کەواتە گوێبگرن لەواتای نموونەی جوتیارەکە. 19هەرکەسێ

پـەیامی پادشـاهێتی ببیسـتێو تـێی نەگات، شەیتان دێتو ئەوەی لەدڵی چـاندراوە دەیرفێـنێ. ئەمـەش ئەوەیە کەکەوتە سەر ڕێگاکە [20]بەڵام ئەوەی لەسـەر زەویـە بەردینـەکە ڕوا، ئەوە ئەوەیە کە ووشەکە دەبیستێو دەست بەجێ بەخۆشیەوە وەری دەگرێ، [21] بـەڵام لەناوەڕۆکـیدا بـێ ڕەگـەو بێ بنچـینەیە، دەمێنێتەوە تا ماوەیەك، کە تەنگانـەو چەوسانەوەی بەسەر هات، لەپێـناوی ووشـەی خـودا، ئەوکاتـە دەگۆڕێـت. [22]ئـەوەش کـە لەنـێوان دڕکـەکاندا ڕوا، ئەوەیـە کـە گـوێ لەووشـەکە دەگرێ، بەڵام کاروباری ڕۆژانەو بیری دەوڵەمەندی، ووشەکە دەخنکێـنن. ئـیتر بـەر نـادات. [23] ئەوەشـیان کـە لەسـەر زەویە باشەکە ڕوا، ئەوەیـە کـە ووشەکە دەبیستێو تێدەگـات. ئـەوەیان بـەرووبووم دەدات، یـەك بەسەد، یەك بەشەستو یەك بەسی.)

نموونەی گەنمو زیزانە

[24]ئـینجا نموونەیـەکی دیکـەی بۆ هێنانەوە، ووتی: (پادشاهێتی ئاسمان* وەك ئەمـە وایـە، مرۆڤـێك تۆوێکـی چاك لـە کێڵگەکەیدا بچێنێ. [25]کاتی خـەوتن، دوژمـنەکەی دێـتو زیزانە لەنێوان گەنمەکەیدا دەڕوێنێو دەڕوا. [26]کاتێ گەنمەکە بەرز بووەوە گوڵی گرت، زیزانەکە لەگەڵی دەرکەوت. [27]کۆیلەکانی خاوەن ماڵ هاتنو پێیان ووت: (گـەورەم، ئایا لەکێڵگەکەت تـۆوی چـاکت نـەڕواند؟ ئـیتر ئـەم زیـزانەیە لـەکوێوە هات؟) [28]وەڵامی دانـەوە: (دوژمـن ئەمـەی کـردووە) لێیان پرسی: (گەورەم، دەتەوێ بچین زیـزانەکان کۆکەیـنەوە؟) [29]وەڵامـی دانـەوە: (نەخـێر، نـەوەك لـەکاتی کۆکـــردنەوەی زیـــزانەکەدا، گەنمەکەشـی پـێوە هەڵکێشـن. [30] وازیـان لـێ بهێـنن بـا هەردووکیان بەیەکـەوە بڕۆگـەن، تا کاتی دروێنە، بەدروێـنەکەرەکان دەڵێم، یەکەم جار زیـــزانەکە کۆکەنـــەوە، بیبەســـتن بەکۆمـەڵ بۆئـەوەی بسـوتێنرێ بەڵام گەنمەکە بەرن بۆ عەمبارەکەمو لەوێ کۆی بکەنەوە.)

نموونەی دەنکە خەرتەلە

[31]هـەروەها نموونەیـەکی دیکەی بـۆ هێـنانەوەو ووتـی: (پادشـاهێتی ئاسمان وەك دەنکە خەرتەلەیەك* وایە، کـە یـەکێ بیهێـنێو لەباخەکـەیدا

بیچێنێ. [32]لەگەڵ ئەوەی بچوکترین تۆوە، کاتێ بەرز دەبێتەوە دەبێتە ڕووەکێکی گەورە، تەنانەت باڵندەش دەتوانن لەسەر لق و لاسکەکانی هێلانە بکەن.)

نموونەی هەویرترش

[33]دیسان نموونەیەکی دیکەی بۆ هێنانەوە ووتی: (پادشاهێتی ئاسمان لەهەویرترشێك دەکات، ئافرەتێك بیهێنێو تێکەڵاوی سێ ڕبە ئاردی بکات، تا هەویرەکە هەمووی هەڵ بێت.) [34]عیسا بەردەوام ئەم نموونانەی بۆ خەڵکەکە دەهێنایەوە کاتێ قسەی بۆ دەکردن، هەوڵی دەدا ووتەکانی بەنموونەوە بن. [35]بەمەش ئەوەی یەکێ لەپێغەمبەران ووتویەتی هاتەدی: {بە نموونە دەدوێم تا ئەوەی لەدروستکردنی جیهانەوە شاراوەیە دەریخەم.}

ڕوونکردنەوەی نموونەی زیزان

[36]ئینجا عیسا خەڵکەکەی بەڕێکردو گەڕایەوە بۆ ماڵ. قوتابیەکانی هاتنە لای، ووتیان: (واتای نموونەی زیزانەی ناو کێڵگەکەمان بۆ ڕوون بکەرەوە.) [37]وەڵامی دانەوە: (چێنەری تۆوە چاکەکە، ڕۆڵەی مرۆڤە. [38]کێڵگەکەش جیهانە. تۆوە چاکەکەش ڕۆڵەکانی پادشاهێتین. زیزانەکانیش ڕۆڵەکانی شەیتانن. [39]دوژمنەکەش کە زیزانەکەی چاند شەیتانە. درووێنەکەش کۆتایی جیهانە. درووێنەکەرەکانیش فریشتەکانن. [40]هەروەك چۆن زیزانەکە کۆکرایەوەو سوتێنرا، لەکۆتایی جیهان هەمان شت ڕوودەدات. [41]ڕۆڵەی مرۆڤ فریشتەکانی دەنێرێت، تا هەموو بەدکارو ئەوانەی خراپەکارن لەپادشاهێتیەکەی دەربکەن. [42]ئینجا دەیانخەنە ناو تەنووری گڕدار، جا لەوێ دەبێ بەگریانو چڕکە چڕکی دڕان. [43]ئەوسا ڕاستودروستان لەناو پادشاهێتی باوکیان وەك ڕۆژ دەدرەوشێنەوە. ئەوەی گوێی هەیە، با گوێ بگرێ!

نموونەی گەنجینەو مرواری

([44]پادشاهێتی ئاسمان لەگەنجینەیەك دەکات لەناو کێڵگەیەکدا شاردرابێتەوە یەکێ دەیدۆزێتەوەو دیسان دەیشارێتەوە

لەوێ، ئینجا لەخۆشیان دەڕوات چی هەیە هەموو دەفرۆشێ و ئەو کێڵگەیەی پێ دەکڕێ. [45] هەروەها پادشاهێتی ئاسمان لەبازرگانێك دەکات دەگەڕێ بەشوێن مرواری چاك و جوان. [46] کاتێ مرواریيەکی زۆر بەنرخ دەبینێ، ئەڕوا هەرچیەکی هەیە دەیفرۆشێ و مرواریيەکەی پێ دەکڕێ.

نموونەی تۆڕ

[47] هەروەها پادشاهێتی ئاسمان لەتۆڕێك دەکات فڕێدرابێتە دەریاوە، لەهەموو جۆرێ کۆدەکاتەوە. [48] کاتێ پڕدەبێ و ڕادەکێشرێتە کەناری دەریا، ئەوەی باشە کۆی دەکەنەوە لەسەبەتەداو خراپەکانیش فڕێ دەدەن. [49] هەمان شت ڕووەدا، کاتێ کۆتایی ئەم جیهانە دێت فریشتەکان دێن، بەدکاران دەردەهێنن لەناو ڕاستودروستانداو [50] فڕێیان دەدەنە ناو تەنووری گڕدارەوە. جا لەوێ دەبێ بەگریان و چڕکەچڕکی ددان.) [51] عیسا لێی پرسین ئایا ئەمانە هەموی تێگەیشتن؟ وەلأمیان دایەوە: (بەڵێ.) [52] جا پێی ووتن: (لەبەرئەمە، هەر یەکێ لەمامۆستایانی شەریعەت* ببێ بەقوتابی لەپادشاهێتی ئاسمان، لەخاوەن ماڵێك دەچێ لەگەنجینەکەی تازەو کۆن بەیەکەوە دەربهێنێت.) [53] کاتێ عیسا ئەم نموونانەی تەواوکرد لەوێ ڕۆیشت.

ڕەتکردنەوەی عیسا

[54] کە گەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی چووە کەنیشتو دەستی کرد بەفێرکردنیان، سەرسام بوون و پرسییان: (ئەم هەموو دانایی و کارە سەرسوڕهێنەرانەی لەکوێ بوو؟ [55] ئایا ئەمە کوڕی دارتاشەکە نییە؟ دایکی مریەمی ناو نییە؟ یاقوب و یوسف و شەمعون و یەهوزا برای نین؟ [56] ئەوە نییە خوشکەکانی هەموی لێرە لامانن؟ ئەمانەی هەموو لەکوێ بوو؟ [57] خەڵکەکە لێی بەگومان بوون، بەڵأم عیسا پێی ووتن: (هیچ پێغەمبەرێك کەم نرخ نییە، تەنها لەشارو ماڵی خۆی نەبێ.) [58] لەوێ کاری سەرسوڕهێنەری زۆری نەکرد، لەبەر بێ باوەڕیان پێی.

کوشتنی حەزرەتی یەحیا

14

کاتێ هێرۆدسی پادشا، ناوبانگی عیسای بیست، [2]بەپیاوەکانی ووت: (ئەوە یەحیای خەڵك لەئاوهەڵکێشە لەناو مردووواندا زیندووبووەتەوە، بۆیە کاری وا سەرسوڕهێنەر دەکرێ لەسەر دەستی.) [3]کاتی خۆی، هێرۆدس یەحیای گرت، زنجیر بەستی کردو فڕێی دایە ناو بەندیخانەوە. ئەمەش لەبەر هێرۆدیای ژنی فیلۆپسی برای. [4]چونکە یەحیا پێی دەووت: (دروست نییە تۆ بڕاژنەکەت بخوازی.) [5]ئەوەبوو هێرۆدس دەیویست یەحیا بکوژێ، بەڵام دەترسا لەو خەڵکەی ئەوێ. چونکە خەڵکەکە وەك پێغەمبەرێك سەیری یەحیایان دەکرد. [6]بەڵام لەکاتی ئاهەنگ گێڕان، بەبۆنەی جەژنی لەدایك بوونی هێرۆدسەوە، کچی هێرۆدیا لەناوڕاستی خەڵکەکە دەستی کرد بەسەماکردن، هێرۆدس ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو، [7]ئەوەبوو سوێندی بۆ خواردو بەڵێنی دایە، ئەوەی داوای بکات بۆی جێبەجێ بکاتو بیداتێ. [8]کچە دوای ئەوەی ڕاوێژی بەدایکی کرد، ووتی: (لێرە لەسەر سینییەك سەری یەحیام بدەرێ.) [9]هێرۆدس ئەمەی پێ ناخۆش بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش فرمانیدا ئەوەی دەیەوێت بیدەنێ، چونکە لەبەردەمی ئەو خەڵکەی لەوێدا بوون سوێندی خواردبوو. [10]بەفەرمانی ئەو چوونە بەندیخانە، سەری یەحیایان بڕیو [11]لەسەر سینییەك پێشکەشی کچەکەیان کرد، ئەویش وەری گرتو بۆ لای دایکی برد. [12]لەدواییدا قوتابیەکانی یەحیا هاتن لاشەکەیان هەڵگرتو ناشتیان. ئینجا بۆ لای عیسا چوونو هەواڵیان دایە.

تێربوونی پێنج هەزارکەس

[13]کە عیسا ئەمەی بیست بە تەنها سواری بەلەمێك بوو، چوو بۆ جێگایەکی چۆڵەوانی. بەڵام کاتێ خەڵکەکە ئەمەیان بیست، هەموو لەشارەکانەوە بەپێ بۆ لای چوون. [14]کاتێ عیسا گەیشتە کەناری دەریا، خەڵکێکی زۆری بینی. بەزەیی پیاهاتنەوەو نەخۆشەکانی چاك کردنەوە. [15]کاتێ ئێوارە داهات، قوتابیەکانی هاتنو ووتیان: (ئەم شوێنە چۆڵەوانیەو کاتیش درەنگە، خەڵکەکە بەڕێ کە با بڕۆن بۆ

لادێکانو خواردن بۆ خۆیان بکڕن.) [16]بەڵام عیسا پێی ووتن: (پێویست ناکات بڕۆن، ئێوە نانیان بدەنێ بابیخۆن.) [17]ئەوانیش ووتیان: (لەپێنج نانو دوو ماسی زیاترمان نییە.) [18]عیسا ووتی: (بیهێنن بۆم بۆ ئێرە.) [19]دوایی عیسا فەرمانی بەخەڵکەکەدا هەموو لەسەرگیا دانیشن. ئینجا پێنج نانەکەو دوو ماسیەکەی هەڵگرتو سەری هەڵبڕی بۆ ئاسمانو سوپاسی کردو لەتی کرد، ئەوسا دای بەقوتابیەکان، ئەوانیش دابەشیان کرد بەسەر خەڵکەکەدا. [20]هەموو نانیان خواردو تێر بوون، هەر لەو پارچە نانانەی لێیان مایەوە، دوانزە سەبەتەیان پڕکرد. [21]ژمارەی ئەوانەی کەنانیان خوارد، پێنج هەزار پیاو بوون، بێجگە لەژنو منداڵ.

عیسا بەسەر ئاودا دەڕوات

[22]دوای ئەمە فەرمانیدا بەقوتابیەکانی سواری بەلەمەکە بنو بڕۆن بۆ ئەوبەری دەریاچەکە، تا ئەو خەڵکەکە بەڕێ بکات. [23]دوای ئەوەی خەڵکەکەی بەڕێ کرد، سەرکەوتە سەر شاخێك بۆ ئەوەی بەتەنها نوێژ بکات، کاتێ ئێوارە داهات، لەوێ بەتەنهابوو، [24]بەڵەمی قوتابیەکانیش گەیشتبووە ناوەڕاستی دەریاچەکە، شەپۆلی ئاوەکە پایدا دەکێشا، چونکە ڕەشەبا بەپێچەوانەی بەلەمەکە بوو. [25]لەبەرەبەیاندا عیسا بۆ لایان هات، بەسەر دەریاچەکەدا بەپێ دەڕۆیشت. [26]کاتێ قوتابیەکان ئەمەیان دی، ترسانو ووتیان: (ئەمە خێوە.) ئینجا لەترسا دەستیان کرد بەهاوارکردن. [27]دەستبەجێ عیسا پێی ووتن: (ووڕەتان بەرز بێ، ئەوە منم، مەترسن.) [28]پەترۆس ووتی: (گەورەم، گەر تۆی، فەرمانم پێ بدە بەسەر ئاوەکەدا بەپێ بێم بۆ لات.) [29]عیسا پێی ووت: (وەرە)، پەترۆس لە بەلەمەکە دابەزیو بەسەر ئاوەکە بەپێ بەرەو لای عیسا ڕۆیشت. [30]بەڵام کاتێ تۆندی بایەکەی بینی، ترساو ڕۆچوو، هاواری کرد: (گەورەم ڕزگارم کە.) [31]عیسا دەست بەجێ دەستی دریژکردو گرتیو پێی ووت: (ئەی کەم باوەڕ، بۆچی گومانت کرد؟) [32]کەسەرکەوتنە سەر بەلەمەکە، ڕەشەباکە هێمن بوو. [33]ئەوانەی لەسەر بەلەمەکە بوون، هاتنە پێشەوە

کڕنوشیان بۆ عیسا بردو ووتیان: (بەڕاستی تۆ ڕۆڵەی خودای.)
34 کاتێ پەڕینەوە بۆ ئەوبەر، لەشاری جەنیسارەت هاتنە خوارەوە.
35 خەڵکی ئەو دەوروپشتە ناسیانەوە، هەواڵیان نارد بۆ ناوچەکانی دیکە، چی نەخۆشیان هەبوو هێنایان بۆ لای. 36 داوایان لێ کرد ڕێیان بدات، هیچ نەبێ دەست لەچمکی جلەکانی بدەن. جا هەموو ئەوانەی دەستیان لێدا، چاك بوونەوە.

سەرپێچیکردنی ڕاسپاردەی خودا

15 ئینجا چەند کەسێك لەماموّستایانی شەریعەتو فەریسیەکان لەقودسەوە هاتنە لای عیسا لێیان پرسی: 2 (بۆچی قوتابیەکانت سەرپێچی خووڕەوشتی پیران دەکەن، پێش نانخواردن دەستیان ناشۆن؟) 3 عیسا لەوەڵامدا ووتی: (باشە ئەی بۆچی ئێوە سەرپێچی ڕاسپاردەی خودا دەکەن، لەپێناوی پارێزگاری کردنی داب و نەریتتان؟ 4 خودا ڕای سپاردووەو دەڵێ: {ڕێزی باوك و دایکت بگرە. ئەوەی قسەی خراپ بەباوك و دایکی بڵێ، باچارەنووسی مردن بێت.} 5 بەڵام ئێوە دەڵێن: گەر یەکێ ناوی قوربانی بهێنێت، لەو شتانەی کە دەیبەخشێ بە دایك و باوکی، ئیتر ئازادە لەڕێزگرتنیان. 6 ئێوە بەمە لەپێناوی خووڕەوشتتان، ووشەی خودا دەشکێنن. 7 ئەی دووڕووەکان، ئەشعیای پێغەمبەر ڕاستی پێشبینی کردووە سەبارەت بەئێوە کاتێ ووتویەتی: 8 {ڕێزی ئەم گەلە بۆ من هەر بەدەمە، بەڵام دڵیان زۆر لێمەوە دوورە. 9 بێ سوودە پەرستنیان بۆ من لەکاتێکدا ئەوان شتێ فێری خەڵکی دەکەن لە مرۆڤەوەیە.})

ئەوەی مرۆڤ گلاو دەکات

10 ئینجا خەڵکەکەی هەموو بانگکردو پێی ووتن: (گوێ بگرنو تێبگەن. 11 ئەوەی دەچێتە ناو دەمەوە، مرۆڤ گلاو ناکات، بەڵکو ئەوەی لەدەم دێتە دەرەوە، ئەوە مرۆڤ گلاو دەکات.) 12 دوایی قوتابیەکانی هاتنە پێشەوەو پێیان ووت: (دەزانی فەریسیەکان کاتێ گوێیان لەم قسەیە بوو زۆر بێزار بوون.) 13 وەڵامی دانەوە: (هەر ڕووەکێك باوکی

ئاسمانیم نەیچاندبێت، هەڵدەکەنرێ.
[14]وازیان لێبهێنن، ئەوانە کوێرن
دەیانەوێ ڕێگا پیشانی کوێر بدەن،
گەر بێتو کوێر ڕێگا پیشانی کوێر
بدات، هەردووکیان بەیەکەوە
دەکەونە چاڵەوە.) [15]پەترۆس پێی
ووت: (ئەم ئموونەیەمان بۆ
ڕوونبکەوە.) [16]عیسا لێی پرسین:
(ئایا ئێوەش هێشتا تێ ناگەن؟ [17]
نازانن ئەو خواردنەی دەچێتە ناو
دەمەوە، دەڕواتە ناو سك و دوایی
فڕێ دەدرێتە دەرەوە؟ [18]بەڵام ئەوەی
لەدەم دێتە دەرەوە، لەدڵەوەیەو
ئەوەیە مرۆڤ گلاو دەکات. [19]چونکە
بیری خراپ لەدڵەوە هەڵدەقوڵێ بۆ
دەرەوە، وەك: کوشتن، داوێن پیسی،
بەدڕەوشتی، دزی، شایەتی درۆ،
کفرکردن. [20]ئائەمانە مرۆڤ گلاو
دەکەن. بەڵام خواردن بەبێ دەست
شوشتن، مرۆڤ گلاو ناکات.)

باوەڕی ژنێکی کەنعانی

[21]دوای ئەمە عیسا ئەو ناوچەیەی
بەجێ هێشتو چوو بۆ دەوروپشتی
سورو سەیدا. [22]ژنێکی کەنعانی
خەڵکی ئەو دەوروپشتە بوو، لەعیسا
هاتە پێشەوەو هاواری کرد:
(گەورەم، ئەی ڕۆڵەی داود،
بەزەییت پێمدا بێتەوە، کچەکەم
بەشێوەیەکی زۆر خراپ ڕۆحی پیسی
تیایە.) [23]بەڵام عیسا وەڵامی
نەدایەوە. قوتابیەکانی هاتن لێی
پاڕانەوەو پێیان ووت: (شتێکی بۆ
بکە، ئەو بەدوامان هاوار دەکا.) [24]
وەڵامی دایەوە: (من تەنها بۆ مەڕە
وون بووەکانی ئیسرائیل نێرراوم.) [25]
بەڵام ژنەکە لێی نزیك بووەوە،
کرنۆشی بۆ بردو ووتی: (گەورەم
یارمەتیم بدە.) [26]عیسا وەڵامی
دایەوە: (ناشێ نانی منداڵان ببرێ
فڕێ بدرێ بۆ سەگ.) [27]ژنەکە
ووتی: (ڕاستە گەورەم، بەڵام
سەگیش ئەوە دەخوات کە لەسەر
مێزی گەورەکانی دەکەوێتە
خوارەوە.) [28]ئینجا عیسا ووتی:
(خوشکە، باوەڕی تۆ مەزنە، ئەوەی
داوای دەکەیت با بۆت ببێت.)
ئەوەبوو کچەکەی دەستبەجێ چاك
بووەوە.

ناندانی چوار هەزار کەس

[29]ئینجا عیسا لەو ناوچەیە
ڕۆیشت بەرەو دەریای جەلیل،
سەرکەوتە سەر شاخێك و دانیشت.

[30]ئەوەبوو خەڵکێکی زۆر هاتنە لای، ئیفلیجو گۆچو کوێرو لاڵو زۆر نەخۆشی کەیان لەگەڵ بوو، لەبەرپێیدا دایانناننان، ئەویش چاکی کردنەوە. [31] کاتێ خەڵکی بینیان لاڵ قسە دەکا، ئیفلیج چاك دەبێتەوە، گۆچ بەڕێکی دەڕوا، کوێر دەبینێ، سەریان سوڕماو ستایشی خودای ئیسرائیلیان کرد. [32]عیسا قوتابیەکانی بانگکردە لای خۆیو ووتی: (من بەزەییم بەو خەڵکەدا دێتەوە، ئەوە ماوەی سێ ڕۆژە لەگەڵمدانو هیچیان نییە بیخۆن، ناشمەوێ بەبرسێتی بیاننێرمەوە، نەوەك لەڕێگا بڕنەکەن.) [33]قوتابیەکان ووتیان: (لەکوێمان بوو لەم چۆڵەوانیەدا، ئەو نانە زۆرەی بەشی ئەم هەموو خەڵکە بکات؟) [34]عیسا لێی پرسین: (چەند نانتان لایە؟) وەڵامیان دایەوە: (حەوت، لەگەڵ چەند ماسییەکی بچکۆلە.) [35]ئەوەبوو عیسا فەرمانیدا بەهەموان تا لەسەر زەوی دانیشن. [36]ئینجا ماسیەکانو حەوت نانەکەی بەرزکردەوەو سوپاسی خودای کرد، لەتی کردنو دای بەقوتابیەکان، تا بەسەر هەموان دابەشی کەن. [37]بەمە هەموو نانیان خواردو تێربوون، دوایی حەوت سەبەتەی پڕ لەتە نانیان کۆکردەوە. [38]ژمارەی نان خۆران چوار هەزار پیاو بوون، بێجگە لەژنو منداڵ. [39] ئینجا عیسا خەڵکەکەی بەڕێکردو سواری بەلەم بوو چوو بۆ ناوچەی مەجەدان.

داواکردنی نیشانەی ئاسمانی

16 هەندێ لەفەریسیەکانو سەدوقیەکان هاتن بۆ لای عیسا بۆ ئەوەی تاقی بکەنەوە، داوایان لێ کرد نیشانەیەکی ئاسمانیان پیشان بدات. [2] لەوەڵامدا پێی ووتن: (ئەگەر لەکاتی ئێوارەان ئاسمان سوورەبێ، دەڵێن بەیانی هەتاو دەبێت. [3]ئەگەر لەبەیانیش ئاسمان سوورو ڕووگرژ بوو، دەڵێن، ئەمڕۆ باران دەبێت، ئەی دووڕووەکان، ئێوە لەڕووی ئاسمانەوە دەزانن ئاو و هەوا بخوێننەوە، بەڵام نیشانەکانی زەمانە نازانن بخوێننەوە. [4] نەوەیەکی بەدکارو بەدڕەوشت داوای نیشانە دەکات، هیچ نیشانەیەکی پێ نادرێ، تەنها نیشانەی یونس پێغەمبەر نەبێت)، ئینجا لەوێ ڕۆیشتو ئەوێی بەجێهێشت.

[5]کـــاتێ گەیشـــتنە ئەوبـــەری دەریاچـــەکە، قوتابـــیەکان بیریـــان چووبوو نان لـــەگـــەڵ خۆیان بهێنن. [6] عیسـا پێی ووتن: (ووریابن ئاگاداری هەویرترشـــــی فەریســـــیەکانو سەدوقیەکان بن.) [7]قوتابیەکان لەدڵی خۆیـان بیریـان کـــردەوەو ووتـیان: (ئەوە بۆیە وادەڵێ، چونکە ئێمە نانمان لـەگـــەڵ خۆمـــان نەهێـناوە.) [8]عیســا بەمەی زانیو پێیانی ووت: (ئەی کەم باوەڕیـنە، بۆچـی لەنـێوان خۆتان بیر لـــەوە دەکەنەوە نانتان نەهێناوە؟ [9]ئایا هێشتا تێنەگەیشتون؟ بیرتان چووەوە پێـنـج نانەکەی پێنج هەزار کەسی پێ تـێر بـوو چـەند سەبەتەیەکیشی لـــێ مایـــەوە؟ [10]حـــەوت نانەکـــەتان بـیر چووەوە چوار هەزار کەسی تێرکردو چـەند سەبەتەکیشـی لـــێمایـــەوە؟ [11] تێناگەن من مەبەستم نان نەبوو کاتێ ووتم: ئاگـــــاداری هەویرترشـــــی فەریسـیەکانو سـەدوقیەکان بن!) [12] ئینجا قوتابـیەکان تێگەیشـتن کەئەو ئاگاداریـان ناکاتـەوە لەهەویرترشـی نـان، بـەڵکو ئاگاداریـان دەکاتـەوە لەفـــــێرکردنی فەریســـــیەکانو سەدوقیەکان.

دان پیانانی پەترۆس بەمەسیح

[13]کـاتێ عیسـا گەیشـتە ناوچەی قەیسـەری فیلیـپۆس، لەقوتابـیەکانی پرسـی: (بەبیرو رای خەڵکی ڕۆڵەی مـرۆڤ* کێـیە؟) [14]وەڵامـیان دایـەوە: (بەشـێ لەخـەڵکی دەڵـێن، یەحـیای خـــەڵك لەئاوهەڵکـــێش، بەشـــێکی دیکـەش دەڵـێن، ئەلـیاس پێغەمـبەر بەشـێکی تـریش بەئیرمـیا یان بەیەکێ لەپێغەمـبەرانی دادەنێن.) [15]ئینجا لێی پرسـین: (ئەی ئێوە، دەڵێن من کێم؟) [16]پەتـــرۆس کەشەمعونیشـــی پـــێ دەووتـرا، وەڵامی دایەوە، ووتی: (تۆ مەســـیحی، ڕۆڵـــەی خـــودای زیـندووی.) [17]جـا عیسا پێی ووت: (خۆزگـــەت پێدەخـوازرێ، ئـــەی شـەمعونی کـوڕی یۆنـا، ئـەم زانینـە لەگۆشتو خوێنەوە نییە. بەڵکو لەو باوکەمەوەیـە کـە لەئاسمانە. [18]منیش پێت دەڵێم، تۆ پەترۆسیو لەسەر ئەم بـــەردە کۆمەڵـــەی خـــۆم دروســـت دەکـــەمو هـــێزەکانی مردنـیش پـــێی ناوێرێـــت. [19]کلیـــلی پادشـــاهێتی ئاسمانت دەدەمێ، ئەوەی دایدەخەیت لەســـەر زەوی، داخـــراو دەبێـــت لـــەئاسمان، ئـەوەی دەیکەیتەوە لەسەر زەوی، کـراوە دەبێت لەئاسمان.) [20]

ئینجا قوتابیەکانی ئاگادارکردەوە جاریّ بەکەس نەڵێن کە ئەو مەسیحە.

یەکەم باسی مردنی عیسا

[21]ئیتر عیسا لەو کاتەوە دەستیکرد بەڕوونکردنەوە بۆ قوتابیەکانی سەبارەت بەوەی کە دەبێت بڕوات بۆ قودس، لەوێ ئازار بدرێ بەدەستی پیران* و سەرۆك کاهینەکانو مامۆستایانی شەریعەت، ئینجا بکوژرێو لەڕۆژی سێهەمدا زیندووبێتەوە. [22]پەترۆس عیسای هێنایە ئەم لاوەو سەرزەنشتیکردو پێی ووت: (خوا نەکات گەورەم، هەرگیز ئەمەت بەسەر نەیەت.) [23] عیسا ئاوڕیدایەوەو بە پەترۆسی ووت: (وون بە لەبەرچاوم ئەی شەیتان، ئێستا تۆ کۆسپی لەبەردەمم، چونکە تۆ هێشتا بیرت لای کاروباری خودانیە، بەڵکو لای کاروباری مرۆڤە.)

خۆئامادەکردن بۆ مردن

[24]ئینجا عیسا بەقوتابیەکانی ووت: (ئەوەی دەیەوێ بەدوامەوە بڕوات، با واز لەخۆی بهێنێت و خاچی خۆی هەڵگرێو دوام کەوێت. [25]چونکە ئەوەی بیەوێ ژیانی ڕزگار بکات، ژیان دەدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی ژیانی خۆی بدۆڕێنێت لەپێناوی من، ژیانی ڕزگار دەکات. [26]چونکە چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت گەر هەموو جیهان بەرێتەوەو خۆی بدۆڕێنێت؟ یاخود مرۆڤ بۆ کڕینەوەی ژیانی خۆی چی پێش کەش دەکات. [27]ڕۆڵەی مرۆڤ بەشکۆی باوکیەوە لەگەڵ فریشتەکان دەگەڕێتەوە، ئینجا هەر کەس بەپێی کرداری خۆی، پاداشت وەردەگرێ. [28]ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەندێك لەوانەی لێرەدا ڕاوەستاون، مردن نابینن تا هاتنەوەی ڕۆڵەی مرۆڤ نەبینن بە پادشاهێتیەکەیەوە.)

شێوە گۆڕانی عیسا

17 دوای ئەمە بەشەش ڕۆژ عیسا پەترۆسو یاقوبو یۆحەنای برای یاقوبی لەگەڵ خۆی بردو بەیەکەوە چوونە سەر چیایەکی بەرز. [2]کاتێ لەبەرچاویان بەتەواوی شێوەی گۆڕا، دەموچاوی دەدرەوشایەوە وەك ڕۆژو جلەکانی سپی هەڵگەڕا وەك

ڕوونـاکی. [3]لەپـڕ موسـاو ئەلـیاس دەرکـەوتن بۆیـانو لەگـەڵ عیسـادا کەوتـنە گفـتوگۆ. [4]ئیـنجا پەتـرۆس بەعیسـای ووت: (گـەورەم، شتێکی خۆشـە لێرە بمێنینەوە، گەر دەتەوێت سـێ چـادر هەڵدەدەین یەکێ بۆ تۆو یـەکێ بـۆ موسـاو یەکێکـیش بـۆ ئەلـیاس.) [5]لەوکاتەدا پەترۆس ئەمەی دەووت، هەورێکی ڕۆشن باڵی کێشا بەسـەریان، دەنگـێك لەهەورەکـەوە بانگی کـرد: (ئـا ئـەوەتا ڕۆڵـەی خۆشەویستم، ئـەوەی پێی دڵشادم. گوێـی بۆ ڕاگرن.) [6]کاتێ قوتابیەکان گوێـیان لەدەنگەکـە بـوو، لەترسـا کـەوتن بـەدەمدا. [7]بەڵام عیسا لێیان نزیك بووەوە دەستی لێدانو ووتی: (هەسـتن، مەترسـن.) [8]ئیـنجا چاویان هەڵـبڕی، لەعیسـا زیاتـر کەسـیان نەدی.

[9]کاتێ لەچیاکە دەهاتنە خوارەوە، عیسـا فـەرمانی پێدان: (ئەمە بەکەس ڕامەگەیـەنن، تـا ڕۆڵـەی مرۆڤ لەناو مـردووان هەڵدەسـتێتەوە.) [10]ئیـنجا قوتابـیەکانی لێیان پرسی: (ئەی باشە بۆچـی مامۆستایانی شەریعەت دەڵێن، دەبێ ئەلیاس یەکەمجار بێت؟) [11]عیسا وەڵامـی دانـەوە ووتی: (ئەمە ڕاستە، ئەلـیاس دێـتو هـەمـوو شـتێ دەخاتەوە شوێنی خۆی. [12]بەڵام پێتان دەڵـێم: ئەلـیاس هاتو نەیان ناسی، چـیان ویسـت پێـیانکرد، هـەروەها ڕۆڵـەی مرۆڤـیش بەدەسـتیانەوە دەکەوێـتە بـەر ئـازار.) [13]ئەوسـا قوتابـیەکان تێگەیشـتن، عیسـا سـەبارەت بەیەحـیای خـەڵك لەئاوهەڵکێش دەدوێ.

دەرکردنی ڕۆحی پیس

[14]کـاتێ گەیشـتنە لای کۆمەڵـە خەڵکەکـە، کابرایەك هاتە بەردەمیو لەبەرپـێی کەوت، [15]ووتی: (گەورەم، بەزەییـت بـەم کوڕەم بێتەوە، هەندێ جار فێ دەیگرێتو تووشی ئازارێکی زۆر دەبێـت، زۆر جـاریش دەکەوێتە نـاو ئاگـرو ئـاوەوە. [16]بـردمە لای قوتابیەکانـت بـەڵام نـەیانتوانـی چـاکیبکەنەوە.) [17]لـێرەدا عیسـا ووتـی: (ئەی نەوەی بێباوەڕو خوار، تاکـەی لەگەڵـتان بم؟ تاکـەی بارتان هەڵگرم؟ ئەو کوڕە بهێنن بۆ لام.) [18]عیسـا هەڕەشەی لەو ڕۆحە کرد کە لەکوڕەکـەدا بـوو، ئـەویش لەلەشی هاتـە دەرەوە، کوڕە دەستبەجێ چاك بـووەوە. [19]دوای ئەمـە، قوتابـیەکان

بەتەنها لەعیسایان پرسی: (بۆچی ئێمە نەمانتوانی ئەو ڕۆحە پیسە لەو کوڕە دەربکەین؟) 20وەڵامی دانەوە، ووتی: (لەبەرکەمی باوەڕتان. ڕاستیتان پێ دەڵێم: گەر هێندەی دەنکە خەرتەلەیەك باوەڕتان هەبێت، بەو کێوە دەڵێن لێرە بڕۆ بۆ ئەوێ، دەڕواتو هیچ شتێك نییە لەدەستتان یاخی بێت. ﴿21بەڵام ئەم جۆرە ڕۆحانە دەرناکرێ، بەنوێژو ڕۆژوو نەبێت.﴾)

دووەم باسی مردنی عیسا

22کاتێ عیساو قوتابیەکانی بە ناوچەی جەلیلدا دەگەڕان، عیسا بە قوتابیەکانی ووت: (ڕۆڵەی مرۆڤ ئەوەندەی نەماوە بدرێ بەدەستی خەڵکەوە، 23دەیکوژنو لەڕۆژی سێیەمدا زیندوودەبێتەوە.) جا قوتابیەکانی بەمە زۆر دڵگران بوون.

باجی پەرستگا

24کاتێ گەیشتنە کەفەرناحوم*، باجگرانی پەرستگا هاتنە لای پەترۆسو لێیان پرسی: (ئەرێ مامۆستاکەتان باجی پەرستگا نادات؟) 25ووتی: (بەڵێ، دەیدات.) کە پەترۆس چووە ماڵەوە بۆ لای عیسا بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە لەگەڵی بدوێ، یەکسەر عیسا لێی پرسی: (ڕات چییە شەمعون؟ پاشایانی سەر زەوی سەرانەو باج لەکێ وەردەگرن لەڕۆڵەی ووڵاتەکەی خۆیان یاخود لە بێگانە؟) 26پەترۆس وەڵامی دایەوە: (لەبێگانە.) ئینجا عیسا پێی ووت: (کەواتە هاوڵاتیان سەربەستن. 27بەڵام بۆ ئەوەی تەگەرە نەخەینە ڕێگایانەوە، بڕۆ بۆ دەریاچەکەو تۆڕەکەت هەڵدە، یەکەم ماسی کەدەیگریت، دەمی بکەرەوە، دەبینی چوار درهەمی تیایە، بیهێنەرە دەرەوەو باجی خۆمو خۆتی لێبدە.)

کێ مەزنترینە ؟

18 لەو کاتەدا قوتابیەکان هاتنە لای عیساو لێیان پرسی: (کێ مەزنترینە لەپادشاهێتی ئاسمان؟) 2عیسا منداڵێکی بانگکردو لەناوەراستیاندا ڕای گرتو 3ووتی: (ڕاستیتان پێبڵێم: گەر نەگۆڕێنو وەکو ئەو منداڵەتان لێنەیەت، هەرگیز ناچنە پادشاهێتی ئاسمانەوە. 4ئەوەی توانی

وەك ئەم مندالّە خۆی بەساکاری ڕاگرێ، لەپادشاهێتی ئاسمانداو بەمەزنترین دادەنرێ.[5] ئەوەی بەناوی منەوە پێشوازی لەمندالێکی وەك ئەمە بکات، ئەوا پێشوازی لەمن کردووە.[6] بەڵام هەر کەسێك یەکێ لەوباوەڕدارە بچووکانەی کەباوەڕیان بەمن هەیە تووشی گوناه بکات، باشتر وایە بۆی بەردی دەستار بەملیەوە هەڵواسرێو نوقمی دەریا بکرێ.[7] قوڕ بەسەر ئەم جیهانە کەوا خەڵکی تووشی گوناه دەکات! تووش بوونی گوناهیش دەبێ ڕووبدات، بەڵام قوڕ بەسەر ئەوەی دەبێتە هۆی ڕوودانی![8] گەر دەستت یاخود قاچت تووشی گوناهی کردی، بیبڕەو❖ فڕێدە، باشترە بێ دەست یا بێقاچ بچیتە ژیانەوە، لەوەی بەدەستو قاچی ساغەوە بخرێیتە ئاگری هەتاهەتاییەوە،[9] گەر چاوت تووشی گوناهی کردی، دەری بهێنەو فڕێدە: باشترە بەیەك چاو بچیتە ژیانەوە لەوەی بەدوو چاوەوە بخرێیتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

نموونەی مەڕی ووڵبوو

(10)ئاگادار بن ڕقتان لەم باوەڕدارە منداڵانە نەبێت، چونکە فریشتەکانیان لەئاسمان گشت کات ڕووی ئەو باوکەم دەبینن کە لەئاسماندایە.[11] ﴿چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ، هاتووە بۆ ڕزگارکردنی وون بووان.﴾[12] ڕاتان چییە؟ گەر یەکێك سەد سەر مەڕی هەبێتو دانەیەکی لێوون بێت، ئایا نەوەدو نۆکەی تر لەچیا بەجێناهێڵێتو ناگەڕێ بەدوای مەڕە وون بووەکەدا تا دەیدۆزێتەوە؟[13] ڕاستیتان پێدەڵێم: گەر دۆزییەوە، زیاتر لەنەوەدو نۆکەی تر کە وون نەبوون، پێی دڵخوش دەبێ![14] بەهەمان شێوە باوکی ئاسمانیم نایەوێت یەکێ لەو باوەڕدارە منداڵانە لەناوبچن.

گلەیی برایانە

(15)گەر براکەت خراپەی بەرامبەر کردی، بڕۆ لای‌و بەتەنها لەنێوان خۆتان گلەیی لێ بکە. گەر گوێی لێگرتی، ئەوا براکەت

❖**بیبڕە** : لێرە مەبەست بڕینی ئەندامی لەش نییە، بەڵکو وازهێنان لە گوناه.

دەستگیر دەبێتەوە. [16]خۆ ئەگەر گوێی لێ ڕانەگرتی، برایەك یاخود دوو بـرای کـە لەگـەڵ خۆت بەرە، هـەتا لەهەموو شتێ بدوێن، بەشایەتی دوو یاسێ کـەس. [17]ئەگـەر بەمەش ڕازی نـەبوو، مەسـەلەکە بخـەرە بـەردەمی کۆمەڵی باوەڕداران، ئەگەر لەوانـیش گوێی ڕانەگرت، ئەوا وەك یەکـێکی خوانـەناسو باجگـر هەڵسـوکەوتی لەگـەڵ بکـە. [18] ڕاستیتان پێدەڵێم: ئـەوەی ئـێوە لەسـەر زەوی بیبەسـتن، ئـەوا لەئاسمانیش بەستراو دەبێت، ئەوەش کە لەسەر زەوی ئێوە بیکەنەوە، ئەوا لەئاسمانیش کراوە دەبێت. [19]هەروەها باپێتان بڵێم: گـەر دووان لەئـێوە ڕێکـەوتن لەسـەر داواکردنی شتێك، هەرچییەك بێت، باوکی ئاسمانیم بۆتان دەهێنێـتە دی. [20]چـونکە لەهـەر شوێنێکدا دووان یاخود سیان بەناوی مـنەوە کۆبـنەوە ئەوا من لەنێوانیاندا دەبم.)

لێبووردنی برایان

[21]ئینجا پەترۆس هاتە لای و لێی پرسی: (گـەورەم، دەبـێ چەند جار لەبـراکەم خۆشـبم کـاتێ هەڵـەم بەرامبەر دەکـات؟ تا حەوت جار؟) [22]عیسـا وەڵامـی دایـەوە: (من نااڵێم حـەوت جـار، بەڵکو حەفتا کەرەت حـەوت جار! [23]لەبەرئەمە پادشاهێتی ئاسمـان لـە پادشایەك دەکات ویستی لێپرسـینەوە لەگـەڵ کۆیلـەکانی بکـات. [24]کـاتێ دەسـتی کرد بەلێپرسینەوەی قەرزەکانی یەکێکیان بـۆ هێنا دە هەزار بەشە زیو قەرزاری بـوو. [25]جا لەبەرئەوەی هیچی نەبوو قەرزەکـەی پێبداتـەوە، پادشـاکە فەرمانـیدا خـۆی و ژنو منداڵی بفرۆشـرێ تا قەرزەکەی پێبدرێتەوە. [26]بـەڵام کۆیلەکـە لەبـەردەمی چـۆکیداداو لـێی پاڕایـەوەو ووتی: گەورەم لەسەرم ڕاوەستە، چی قەرزم لەسـەرە دەیدەمـەوە. [27]پادشـاکە بـەزەیی بەکۆیلەکـەی هاتـەوە، ئازادیکـردو لەقەرزەکـەی خـۆش بـوو. [28]کـاتێ ئـەم کۆیلەیـە لـەوێ ڕۆیشـت، کۆیلەیـەکی تری بینی کە هـاوڕێی بـوو، سەد بەشە زیو قەرزی لابـوو، مـلی گـرتو پـێی ووت: ئـەوەی بەسـەرتەوەیە بمـدەرەوە! [29] هاوڕێـیەکەی لەبەرپـێی کـەوتو لێپاڕایەوە ووتی: لەسەرم ڕاوەستە، قەرزەکـەت دەدەمەوە. [30]بەڵام کابرا

بەمە ڕازی نەبوو، بردی‌و بەگرتنیدا، تا ئەوەی بەسەریەوەیە بیداتەوە. [31] کاتێ کۆیلەکانی تر ئەمەیان بینی، زۆریان پێناخۆش بوو، هەموو شتێکیان بەپادشاکەیان ڕاگەیاند. [32] پادشا بانگی‌کردو پێی ووت: ئەی کۆیلەی بەدکار، ئەو هەموو قەرزەت لابوو، لێت خۆش بووم، چونکە لێم پاڕایتەوە. [33]ئایا نەدەبوایە تۆش کەمێك بەزەییت بەهاوڕێکەت بهاتایەوە، وەك من چۆن بەزەیم پیاتا هاتەوە؟ [34]پادشاکە لەمە زۆر ڕقی هەستاو ناردی بۆ ئەوەی دارکاری بکرێ، تا دوا پوولی قەرزەکەی دەداتەوە. [35]هەروەها باوکی ئاسمانیشم، بەهەمان شێوە هەڵسوکەوتتان لەگەڵ دەکات، گەر لە دڵەوە لە هەڵەی براکانتان خۆش نەبن.)

ژن هێنان‌و تەلاق دان

19 دوای ئەوەی عیسا ئەم ووتەیەی تەواوکرد، لەناوچەی جەلیلەوە ڕۆیشت بۆ ناوچەی یەهودیا کە دەکەوێتە پشت ڕووباری ئوردونەوە. [2]خەڵکێکی زۆر دوای‌کەوتن، لەوێ نەخۆشەکانیانی چاککردەوە. [3] هەندێ لەفەریسیەکان هاتنە لای عیسا بۆ ئەوەی تاقی‌بکەنەوە، لێیان پرسی: (دروستە پیاو ژنەکەی لەسەر هەر هۆیەك بێت تەلاق بدات؟) [4] عیسا وەڵامی دانەوەو ووتی: (ئەی نەتان خوێندۆتەوە، کە {دروستکەر لەسەرەتاوە مرۆڤی بەنێرو مێ دروستکردووە؟} [5]ئەوسا پێی‌ووتن: {لەبەرئەوە پیاو دایك‌و باوکی خۆی بەجێ دەهێڵێت، لەگەڵ ژنەکەی جووت دەبێت‌و هەردووکیان دەبنە یەك لەش. [6]ئیتر دوو نین بەڵکو یەك لەشن. ئەوەی خودا بەیەکی گەیاندووە، مرۆڤ جیای ناکاتەوە}) [7] دیسان لێیان پرسی: (ئەی بۆچی موسا ڕێی‌سپاردووە کە تەلاقنامە بەژن بدرێت‌و تەلاقی بکەوێت؟) [8] لەوەڵامدا ووتی: (لەبەر دڵڕەقیتان، موسا ڕێی‌دان ژنەکانتان تەلاق بدەن، ئەگینا لەسەرەتاوە وانەبوو. [9]بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی ژنەکەی بێهۆی داوێن پیسی تەلاق دەدات‌و یەکێکی‌دیکە دەهێنێت، ئەوا داوێن پیسی دەکات. [10]ئینجا قوتابیەکانی پێیان ووت: (ئەگەر حاڵی پیاو لەگەڵ ژنەکەی وابێت، کەواتە ژن نەهێنان

باشـترە!) [11]وەلأمـی دانـەوە: (ئـەم ووتەیـە هەموو خەلّکی پێی ڕازینین، تەنها ئەوانە نەبێت کەپێیان دراوە. [12] جـا بەشـێك خەسـاو هـەن کـە بەخەسـاوێتی لەدایك دەبن، بەشێکی دیکەشـیان خـەلّکی خەساندوویانن، هـەروەها خەسـاویش هـەن خۆیـان خەسـاندووە لەپێـناوی پادشـاهێتی ئاسمـان. کـێ دەتوانێـت بەمـە ڕازی بێت، باڕازی بێت.)

پادشاهێتی ئاسمان بۆ منالأنە

[13]ئیـنجا هـەندێ مـندالّی بچووکیان هێنایە پێشەوە تاکو دەست بخاتە سەر سەریانو نوێژیان بۆ بکات، قوتابیـەکان لێیان گرژ بوون. [14]بەلأم عیسـا ووتـی: (واز لەمندالأن بهێنن، هاتنە لای منیان لـێ قەدەغە مەکەن، چـونکە پادشـاهێتی ئاسمـان هـی ئەم جـۆرە کەسـانەیە.) [15]ئینجا دەسـتی لەسەریان داناو لەوێ ڕۆیشت.

گەنجە دەوڵەمەندەکە

[16]کورێکـی گـەنج هاتـە لایو پرسـی: (ئـەی مامۆسـتا چ چاکەیەك بکەم تاکو ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێـنم؟) [17]وەلأمـی دایـەوە: (بۆچی لـــەبارەی چـــاکەوە پرســـیارم لـێدەکەیـت؟ تـەنها یەکـێك هەیـە چـاکە. بـەلأم ئەگـەر دەتەوێت ژیان بەدەسـت بهێنی، کار بەڕاسپاردەکانی شـەریعەت بکـە.) [18]ئـەویش لـێی پرسـی: (چ ڕاسـپاردەیەك؟) عیسـا وەلأمـی دایـەوە: (مـەکوژە، داوێـن پیسـی مەکـە، مـەدزە، شـایەتی درۆ مەدە، [19]ڕێزی دایك و باوکت بگرە، ئـەوەی لێـت نـزیکە وەك خـۆت خۆشـت بوێـت.) [20]ئـینجا کـوڕە گەنجەکـە پێی ووت: (ئەمانەم هەموو لەمندالّیـەوە کـردووە، ئـیتر کـەم وکوڕیـم چـیە؟) [21]عیسـا وەلأمـی دایـەوە: (ئەگەر دەتەوێت تەواوبیت، بـڕۆ چـیت هەیـە بیفرۆشـەو بەسـەر هـەژاران دابەشـی کە، بـەم شـێوەیە گەنجینەیەکت لەئاسماندا دەبێت، ئینجا وەرە دوامکـەوە.) [22]کـاتێ کـوڕە گەنجەکـە ئەمـەی بیسـت، بـە دڵتەنگـیەوە ڕۆیشـت، چـونکە سـامانێکی زۆری هـەبوو. [23]ئـینجا عیسـا بەقوتابیەکانی ووت: (ڕاستیتان پێدەڵێم: شتێکی گرانە بۆ دەوڵەمەند بچێتە پادشاهێتی ئاسمانەوە. [24]دیسان دەڵـێم: چوونە ژوورەوەی ووشترێك لـەکونی دەرزیەوە ئاسانترە لەچوونە

ژوورەوەی دەوڵەمەندێك بۆ ناو پادشاهێتی ئاسمان.) [25]کاتێ قوتابیەکانی گوێیان لەمەبوو زۆر سەرسام بوون، پرسیان: (کەواتە کێ دەتوانێ ڕزگاری بێت؟) [26]بەڵام عیسا سەیرکردنو پێی ووتن: (ئەمە لای مرۆڤ مەحاڵەو نابێت، بەڵام لای خودا، هەموو شتێك دەبێت.) [27]ئینجا پەترۆس ووتی: (ئەوەتا ئێمە وازمان لەهەموو شتێك هێناوەو دوات کەوتووین، بەشمان چی دەبێت؟) [28]عیسا وەڵامی دانەوە: (ڕاستیتان پێدەڵێم، کاتێ ڕۆڵەی مرۆڤ لەسەر تەختی شکۆمەندی خۆی دادەنیشێتو ئێوە کەدوام کەوتوون لەکاتی نوێبوونەوەدا لەسەر دوانزە تەخت دادەنیشن، تاکو دوانزە هۆزەکەی ئیسرائیل تاوانبار بکەن. [29]هەر کەسێکیش ماڵ، برا، خوشك، باوك، دایك، منداڵ زەوی لەبەر ناوی من بەجێهێشتووە، سەد ئەوەندە وەردەگرێتەوەو ژیانی هەتاهەتایی بەمیرات بۆی دەمێنێتەوە. [30]بەڵام زۆر لەیەکەمینەکان دەبنە دواهەمین، زۆر لەدواهەمینەکان دەبنە یەکەمین.)

نموونەی کرێکارانی ناو ڕەز

20

(پادشاهێتی ئاسمان لەگەورەی ماڵێك دەکات، بەیانی زوو دەڕواتە دەرەوە تاکرێکار بۆ ڕەزەکەی بگرێت. [2]ڕۆژی بەدینارێك لەگەڵ کرێکارەکان ڕێکەوت، ئینجا ناردنی بۆ ڕەزەکەی. [3]دوای ئەوە نزیکی کاتژمێری نۆ چووە دەرەوە، لەمەیدانی شار کرێکاری بێ ئیشی دیکەی دی، [4]پێی ووتن: برۆن ئێوەش لەڕەزەکەمدا کار بکەن، کرێتان چەندە دەتان دەمێ. ئەوانیش ڕۆیشتن. [5]ئینجا کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆ ڕۆیشتەوە بۆ مەیدان، دوای ئەوە کاتژمێری سێی پاش نیوەڕۆ هەمان کاری کردەوە. [6]دیسان نزیکی کاتژمێری پێنجی ئێوارە چووە دەرەوە، کرێکاری دیکەی بێ ئیشی بینی، پرسی: بۆچی بەدرێژایی ڕۆژ بێئیش وەستاون؟ [7]وەڵامیان دایەوە: چونکە کەس بەکرێی نەگرتووین. ئەویش ووتی: ئێوەش برۆن بۆ ڕەزەکەم! [8]کاتێ ئێوارە داهات خاوەن ڕەزەکە بەسەرکارەکەی ووت: کرێکارەکان بانگ بکەو کرێکەیان بدەرێ، دەست پێبکە

بەوانەی کە دواجار هاتوونو کۆتایی پێ بهێنە بەوانەی یەکەمجار هاتن. [9]جا ئەوانەی کە کاتژمێر پێنج هاتبوون هاتنە پێشەوە، هەر یەکی دینارێکیان وەرگرت. [10]کاتێ نۆرەی ئەوانەی یەکەمجار هات وایانزانی زیاتر وەردەگرن، بەلأم هەر یەك لەوانیش دینارێکیان وەرگرت. [11]لەوکاتەدا دەستیانکرد بە بۆلەبۆلکردن بەسەر خاوەن ڕەزەکەداو [12]ووتیان: ئەوانەی دواجار هاتن تەنها کاژێرێك ئیشیان کردووە. کەچی تۆ ئەوانت وەك ئێمە دانا کە بەدرێژایی ڕۆژەکە لەژێر تیشکی ڕۆژ ئیشمان کردووە. [13]وەلأمی یەکێکیانی دایەوەو ووتی: هاوڕێم، من غەدرم لێ نەکردویت، ئایا لەگەلّ من بەیەك دینار ڕێك نەکەوتوویت؟ [14]بەشی خۆت وەرگرەو بەڕێگەی خۆتدا بڕۆ. من دەمەوێ بەوەی دواجاریش هات وەك تۆی بدەمێ. [15]ئایا سەربەستی ئەوەم نیيە هەلّسوکەوت بەمالّی خۆمەوە بکەم بەو شێوەیەی خۆم دەمەوێت؟ یان چاوت پیسە چونکە من چاوتێرم؟ [16]بەم شێوەیە دواهەمین دەبنە یەکەمینو یەکەمینیش دەبنە دواهەمین. چونکە زۆرن ئەوانەی بانگ دەکرێنو کەمن ئەوانەی هەلّدەبژێرێن.)

سێهەم باسی مردنی عیسا

[17]کاتێ عیسا بەرەو قودس دەڕۆیی، هەر دوانزە قوتابیەکەی لەڕێگا جیاکردەوە، پێی ووتن: [18] (ئەوا ئێمە دەڕۆین بۆ قودس، لەوێ ڕۆلّەی مرۆڤ دەدرێتە دەست سەرۆك کاهینەکانو مامۆستایانی شەریعەت، بڕیاری مردن بەسەریدا دەدەن. [19] دەیدەنە دەست ناجوولەکەکان، گاڵتەی پێدەکەنو بە قامچی لێی دەدەنو لە خاچی دەدەن. بەلأم لەڕۆژی سێهەمدا زیندوودەبێتەوە.)

خزمەتکارمەزنترینە

[20]ئینجا دایکی دوو کوڕەکەی زەبدی لێی هاتە پێشەوەو هەردوو کوڕەکەشی لەگەلّ بوو، کڕنووشی بۆ بردو داوایەکی لێکرد. [21]

❖**جام** : مەبەستی لەو ئازارەیە کە کاتێ لەسەر خاچەکەی بوو بینی، ئەمەش بەپێی پلانی خودا.

ئـەویش بەژنەکـەی ووت: (چـیت دەوێ؟) وەلاّمـی دایـەوە: (بلّـێ باهەردوو کوڕەکەم لەپادشاهیەکەتدا دابنیشـن، یەکێکیان لای ڕاستتەوە، ئـەوی دیکـەیان لای چـەپتەوە.) [22] عیسـا وەلاّمـی دایـەوە، بـەیاقوبو یۆحەننای ووت: (ئێوە نازانن داوای چـی دەکەن. ئایا دەتوانن ئەو جامە♦ بخۆنەوە کە من دەیخۆمەوە؟ وەلاّمیان دایـەوە: (بەلّێ، دەتوانین.) [23] ئەویش ووتـی: (جـامی من دەتوانن بخۆنەوە، بـەلاّم دانیشـتن لـەلای ڕاسـتو چەپەوە، ناتوانم بیدەم تەنها بۆ ئەوانە نەبێـت کـە بـاوکم بـۆی ئامادەکـردوون.) [24] کـاتێ دە قوتابیـەکەی ترگوێیان لەو دوو برایە بـوو، لێـیان دلّگران بوون. [25] عیسا هـەموویانی بانگکردو ووتی: (ئێوە دەزانـن سـەرۆك نەتـەوەکان فەرمانـڕەوایی دەکـەن، گەورەکانیان دەسەلاّتیان بەسەریاندا هەیە. [26] بەلاّم ئـێوە بـا ئـەوە لـەنێوانـتاندا نەبێـت، ئـەوەی دەیـەوێ لـەناوتاندا مـەزن بێـت، با وەك خزمەتکار بێت بۆتان. [27] ئـەوەش کەدەیـەوێ لـەناوتاندا یەکـەم بێت، با وەك کۆیلەتان بێت. [28] هـەر وەك چـۆن ڕۆلّـەی مـرۆڤ نـەهاتووە تـا خزمەت بکرێ، بەلّکو هـاتووە تـا خـزمەت بکـاتو خۆی بەخـتبکـات بـۆ کڕیـنەوەی زۆر کەس.)

چاکردنەوەی دوو کوێر

[29] لەوکاتـەدا عیسـاو قوتابیەکانی ئـەریحایان بەجێدەهێشت. خەلّکێکی زۆر دوایـان کـەوتن. [30] دوو کوێـر لەتەنیشـتی ڕێگاکـەدا دانیشـتبوون، کـاتێ گوێـیان لـێبـوو عیسا بەوێدا دەڕوا، هاواریـانکـرد: (بەزەییـت پـیـامـاندا بێـتەوە گـەورەم، ئـەی ڕۆلّـەی داود.) [31] جـا خەلّکەکـە سەرزەنشـتیانکردن تاوەکو بێدەنگ بـن، بەلاّم ئەوان زیاتر هاواریانکرد: (ئەی گەورە، بەزەییت پیاماندابێتەوە، ڕۆلّـەی داود!) [32] عیسـا ڕاوەسـتا، بانگیکـردنو لـێی پرسـین: (چـیتان دەوێ بۆتـانی بکـەم؟) [33] وەلاّمـیان دایـەوە: (چـاومان چـاك‌بکەیـتەوە، گەورەم.) [34] ئیتر بەزەیی پێیانداهاتەوە، دەسـتی هێـنا بەچاوی هەردووکیان، دەسـتبەجێ چـاویان ڕۆشـنایی تێکەوت، جا ئەوانیش دوای‌کەوتن.

عیسا بۆ قودس دەڕوات

21

کاتێ لەقودس نزیك بوونەوە، گەیشتنە دێی بەیتفاجی لای شاخی زەیتون، عیسا دووان لەقوتابیەکانی ناردو [2]پێی ووتن: (دەچنە ئەو دێیەی بەرامبەرتان، یەکسەر ماکەرێك دەبینن، لەگەڵ جاشکەکەی بەستراونەتەوە، دەیان کەنەوەو دەیانهێنن بۆم. [3]گەر یەکێ شتێکی پێووتن، بڵێن: گەورەمان پێویستی پێیانە، دەست بەجێ دەیان نێرێت.) [4] ئەمەش تاکو ئەوەی لەسەر زمانی پێغەمبەرێك ووتراوە بێتەدی: [5]{بڵێن بەکچەکەی شاری داود، ئەوا پادشاکەت بەساکاریو بەسواری ماکەرو جاشکێك دێتە لات.} [6]دوو قوتابیەکە ڕۆیشتن، ئەوەی عیسا پێی ڕاسپاردبوون، کردیان. [7]ماکەرو جاشکەکەیان هێنا، کراسەکانی خۆیان لەسەر پشتی ڕاخست، جا عیسا سواری بوو. [8]خەڵکێکی زۆر، دەستیانکرد بەڕاخستنی ڕێگاکە بەجلەکانیان. ئەوانی دیکەش لقە داریان دەبڕیو ڕێگاکەیان پێ ڕادەخست. [9]ئەو خەڵکەی پێش عیسا کەوتبوون، هەروەها ئەو خەڵکەش کە لەدوایەوە دەڕۆیشتن هاواریان دەکرد دەیان ووت: (هۆسانا* بۆ ڕۆڵەی داود*، پیرۆزە ئەوەی بەناوی خوداوەندەوە دێت، هۆسانا لەبەرزایی!) [10]کاتێ عیسا چووە ناو قودس، هەموو شارەکە خرۆشا، دانیشتوانی پرسییان: (ئەمە کێیە؟) [11]خەڵکەکە وەڵامیان دایەوە: (ئەمە عیسای پێغەمبەرە، خەڵکی شاری ناسیرەی ناوچەی جەلیلە.)

پاکردنەوەی پەرستگا

[12]ئینجا عیسا چووە گۆڕەپانی پەرستگاو هەموو ئەوانەی خەریکی کڕینو فرۆشتن بوون، دەری کردن، دەزگاو جێگای دانیشتنی پارەگۆڕەوەکانو کۆترفرۆشانی سەروژێرکرد. [13]پێی ووتن: (خودا لەکتێبی پیرۆز فەرمویەتی: {ماڵەکەم بە ماڵی نوێژ ناودەبرێ}، بەڵام ئێوە کردوتانە {بەئەشکەوتی دزان!}) [14]کاتێ لەپەرستگا بوو، کوێرو شەڵ لێی هاتنە پێشەوە ئەویش چاکی کردنەوە. [15]کاتێ سەرۆك کاهینەکانو مامۆستایانی شەریعەت ئەم کارە سەرسوڕهێنەرەیان بینی ڕقیان هەستا، گوێیان لەمندالانی ناو پەرستگا بوو هاواریان دەکرد:

(هۆسانا بۆ ڕۆڵەی داود!) [16]جا لێیان پرسی: (گوێت لێیە ئەوانە چی دەڵێن؟) عیسا وەڵامی‌دانەوە: (بەڵێ، نەتان خوێندۆتەوە: {لەسەر زاری منداڵانو شیرەخۆران ستایشت ڕێکخستووە؟}) [17]ئەوسا بەجێی هێشتنو چووە دەرەوەی شار بەرەو دێی بەیتعەنیا، بەنیازی ئەوەی لەوێ بمێنێتەوە.

[18]بەیانی ڕۆژی داهاتوو، کاتێ دەگەڕایەوە بەرەو شار برسی بوو. [19]دار هەنجیرێکی لەتەنیشت ڕێگاکە بینیو چوو بۆی، بەڵام لەگەڵ زیاتر هیچی تری پێوە نەدی، ئینجا بەدارەکەی ووت: (با تاهەتایە بەرنەگریت!) دارەکە دەستبەجێ ووشکبوو. [20]کاتێ قوتابیەکان ئەمەیان دی، سەریان سوڕماو ووتیان: (چ زوو دارەکە ووشک بوو!) [21] وەڵامی‌دانەوە: (ڕاستیتان پێدەڵێم: گەر باوەڕتان هەبێتو گومان نەکەن، نەك هەروەك ئەوەی بەم دارەم کرد دەتوانن بیکەن، بەڵکو ئەگەر بەو شاخە بڵێن هەڵکەنرێو بکەوە ناو دەریاوە، بەم شێوەیە دەبێت. [22]جا هەموو ئەو شتانەی لەنوێژدا بەباوەڕەوە داوای دەکەن، وەری‌دەگرن.)

دەسەڵاتی عیسا

[23]کاتێ گەیشتە پەرستگاو دەستی بەفێرکردن کرد، سەرۆك کاهینەکانو پیرانی گەل لێی هاتنە پێشەوەو پرسییان: (بە چ دەسەڵاتێك ئەمانە دەکەیت؟ کێ ئەم دەسەڵاتەی داوە پێت؟) [24]عیسا وەڵامی‌دانەوەو ووتی: (منیش پرسیارێکتان لێدەکەم، گەر وەڵامتان دامەوە، ئەوسا پێتان دەڵێم بە چ دەسەڵاتێك ئەمانە دەکەم. [25]پێم بڵێن: لەئاوهەڵکێشانی یەحیا لەکوێوە بوو؟ لەئاسمانەوە بوو یان لەخەڵکی؟) ئەوانیش لەنێوان خۆیان کەوتنە ڕاوێژکردنو ووتیان: (ئەگەر بڵێین لەئاسمانەوە بوو، پێمان دەڵێ، باشە بۆ باوەڕتان پێنەکرد؟ [26]وە ئەگەر بڵێین لەخەڵکەوە بوو، ترسی ئەوە هەیە خەڵکەکە هەڵگەڕێنەوە بەسەرماندا، چونکە هەموویان یەحیا بەپێغەمبەر دادەنێن.) [27]ئینجا وەڵامیان دایەوە، ووتیان: (نازانین.) ئەویش ووتی: (کەواتە منیش پێتان نالێم بە چ دەسەڵاتێك ئەمە دەکەم.)

نموونەی دوو کوڕەکە

(28 ڕاتان چییە؟ پیاوێك دوو کوڕی هەبوو. چووە لای یەکەمیانو پێیووت: کوڕم ئەمڕۆ بڕۆ لەڕەزەکەمدا کار بکە. 29 لەوەڵامدا ووتی: نامەوێ بچم. بەڵام دوای ئەوە پەشیمان بووەوە ڕۆیشت. 30 ئینجا پیاوەکە چووە لای کوڕی دووەمیو هەمان داواکاری لێکرد. کوڕە وەڵامی دایەوەو ووتی: بەڵێ گەورەم! بەڵام لەدواییدا نەڕۆیشت. 31 ئایا کامیان لەو دووانە بەخواستی باوکیان کرد؟) وەڵامیان دایەوە: (یەکەمیان.) ئینجا عیسا پێی ووتن: (ڕاستیتان پێدەڵێم: باجگرانو داوێن پیسان پێشتان دەکەون لەچوونە ناو پادشاهێتی خوداوە. 32 یەحیا ڕێگای ڕاستودروستی گرتو بۆ لاتان هات، کەچی باوەڕتان پێنەکرد، بەڵام باجگرانو داوێنپیسان باوەڕیان پێهێنا. تەنانەت دوای بینینی ئەمە باوەڕتان پێنەکردو تۆبەتان نەکرد.)

نموونەی باخەوانەکانی ڕەز

33 گوێ بگرن بۆ نموونەیەکی دیکە: (گەورە پیاوێك ڕەزێکی چاند، دەوروبەرەکەی پەرژین کرد، بابەتی تریێ گوشینی تیادانا، شوێنی ئێشکگرتنی تیا دروستکرد ئینجا دایە دەست باخەوانانو بۆ گەشت ڕۆیشت. 34 کاتێ ڕەزەکە بەری گرت، کۆیلەکانی نارد بۆ لای باخەوانەکان تاکو بەرووبوومی ڕەزەکەی بۆ بهێنن. 35 باخەوانەکان کۆیلەکانیان گرت، لەیەکێکیان داو ئەویدیکەیان کوشتو سێیەمیشیان بەرد باران کرد. 36 ئینجا گەورە پیاوەکە لەجاری پێشوو کۆیلەی زیاتری نارد، باخەوانەکان چیان لەوانەی یەکەمجار کرد واشیان لەمان کردەوە. 37 لەدواییدا کوڕەکەی نارد بۆ لایان، ووتی: ڕێز لەکوڕەکەم دەگرن! 38 باخەوانەکان کەکوڕەکەیان بینی بە یەکتریان ووت: ئەمەیە میراتگر! وەرن بابیکوژین تادەست بگرین بەسەر میراتەکەیدا. 39 ئینجا کوڕەکەیان گرتو بردیانە دەرەوەی ڕەزەکەو کوشتیان! 40 باشە کاتێ خاوەن ڕەزەکە دەگەڕێتەوە دەبێ چی لەباخەوانەکان بکات؟ 41 وەڵامیان دایەوە: (ئەو بەدکارانە لەناودەبا. دوایی ڕەزەکە دەداتە دەست

باخەوانانی دیکە تا لەکاتی خۆیدا بەرووبوومی بدەنێ.) [42]عیسا پێی ووتن: (ئایا لەکتێبی* پیرۆزدا نەتان خوێندۆتەوە: {ئەو بەردەی وەستاکان پەسەندیان نەکرد، هەر ئەو بەردەبوو بووە بەردی بناغە؟ ئەمە لەلایەن خوداوەندەوە بوو، چەند سەرسوڕهێنەرە لەبەرچاومان!} [43]لەبەرئەوە پێتان دەڵێم: پادشاهێتی خوداتان لێدەسەندرێتەوەو دەدرێتە دەست گەلێك كە بەرووبوومی دەدات. [44] ئەوەی بکەوێ بەسەر ئەم بەردەدا تێكدەشكێ، ئەوەش کە بەردەکە بەسەریدا بکەوێت پانوپلیشی دەکاتەوە.) [45]کاتێ سەرۆك کاهینەکانو فەریسیەکان ئەو دوو نموونەیان بیست زانیان مەبەستی ئەوانە. [46]بۆیە هەوڵی گرتنیان دەدا، بەڵام لەخەڵکەکە دەترسان چونکە عیسایان بەپێغەمبەر دادەنا.

نموونەی داوەتی پادشا

22 دیسان عیسا گەڕایەوە سەر نموونەکانیو ووتی: [2](پادشاهێتی ئاسمان لەپادشایەك دەکات، شایی بۆ کوڕەکەی بگێڕێ. [3]کۆیلەکانی دەنێرێ تاکو بانگکراوان بۆ شاییەکە بانگ بکەن، بەڵام ئەوان نایەن. [4] پادشاکە جارێکی دیکە کۆیلەکانی دەنێرێتو پێیان دەڵێ: بەبانگکراوان بڵێن، ئەوەتا من خوانم ئامادەکردووە، گاو دابەستەکانم سەر بڕیوەو هەموو شتێ ئامادەیە، کەواتە وەرن بۆ شاییەکە! [5]بەڵام بانگکراوان گوێیان نەدایە، یەکێ دەڕوا بۆ کێڵگەکەی، ئەوی دیکە بۆ بازرگانیەکەی. [6]ئەوانەی کە لەوێیا دەمێننەوە، کۆیلەکانی پاشا دەگرن، قسەیان پێدەڵێن، ئینجا دەیانکوژن. [7]جا پادشا بەمە زۆر تووڕە دەبێو لەشکر دەنێرێ، هەموو ئەوانەی تاوانبارن لەناویان دەبات و شارەکەیان دەسوتێنێ. [8]دوای ئەمە بەکۆیلەکانی دەڵێ: وا نانی شایی ئامادەیە، ئەو بانگکراوانە شایستەی ئەوە نەبوون، [9]کەواتە بڕۆنە سەری ڕێگاکانو هەرکەسێ دەبینن بانگیکەن بۆ شاییەکە. [10]ئینجا کۆیلەکانی چوون بۆ سەر ڕێگاکان، ئەوەی بینیان لەخەڵکی خراپو باش کۆیان کردەوە، هەتا هۆڵی شاییەکە بەتەواوی پڕ بوو لەمیوان. [11]ئینجا

پادشا خۆی دەکات بەهۆڵەکەدا تامیوانەکان ببینێت، یەکێ دەبینێت کەجلی شایی لەبەرنەکردووە. [12]پێی دەڵێت: ئەی دۆست، چۆن هاتیتە ژوورەوەو جلی شایی لەبەرنەکردووە؟ کابرا هیچ وەڵامی نەدایەوە. [13]ئینجا پادشا فەرمان دەدا بەکۆیلەکانیو دەڵێ: دەستو قاچی ببەستنەوەو فڕێیدەنە تاریکی دەرەوە، جا لەوێ دەبێت بەگریانو چڕکە چڕکی ددان! [14]چونکە بانگکراوان زۆرن، بەڵام هەڵبژێراوان کەمن.)

باج دان بە قەیسەر

[15]ئینجا فەریسیەکان ڕۆیشتنو تەگبیریان کرد، چۆن عیسا بەقسەی خۆی تووش بکەن. [16]چەند قوتابیەکی خۆیان لەگەڵ پیاوانی هێرودس نارده لای، پێیان ووت: (مامۆستا، دەزانین تۆ ڕاستگۆیتو بەڕاستی خەڵکی فێری ڕێگەی خودا دەکەیت، لەکەس سڵ ناکەیتەوە، چونکە پلەو پایە نرخی نییە لات. [17]کەواتە پێمان بڵێ: دروستە سەرانە بدرێ بەقەیسەر یان نا؟) [18]عیسا بەفێڵەکەیانی زانیو ووتی: (ئەی دووڕووەکان، بۆچی تاقیم دەکەنەوە؟ [19]ئا پارەیەکی ئەو سەرانەیەم بدەنێ.) ئەوانیش دینارێکیان* دایە. [20]لێی پرسین: (ئەم وێنەو نووسراوە هی کێیە؟) [21]ووتیان: (هی قەیسەرە.) ئینجا پێی ووتن: (کەواتە ئەوەی هی قەیسەرە، بیدەن بە قەیسەر، ئەوەش کەهی خودایە بیدەن بە خودا.) [22]کە گوێیان لەم وەڵامە بوو سەرسام بوونو بەجێیان هێشتو ڕۆیشتن.

زیندووبوونەوەی مردووان

[23]لەهەمان ڕۆژدا، چەند سەدوقیەك* کەباوەڕیان بەزیندووبوونەوە نییە، هاتنە لای عیسا پرسیاریان لێکرد، [24]ووتیان: (ئەی مامۆستا، موسا دەڵێ، گەر پیاوێکی وەجاخ کوێر مرد، پێویستە لەسەر براکەی، براژنەکەی بخوازێتو بۆ براکەی نەوە دروست بکات. [25]جا لای ئێمە حەوت برا هەبوون، یەکەمیان ژنی هێناو بێوەچە مرد، ژنەکەی بۆ براکەی بەجێهێشت، [26]دووەمیش هەروەها ئینجا سێهەم تاگەیشتە حەوتەم. [27]لەدوای هەموویان ژنەکەش مرد. [28]ئایا لەکاتی زیندووبوونەوەدا ئەو ژنە دەدرێ بەکامیان، چونکە ژنی

هـەموویان بـووە؟) [29]عیسـا وەلأمی دانـەوەو ووتـی: (ئـێوە بەهەڵـەدا چـوونە، چـونکە نەکتێب تێدەگەن، نەهـێزی خـودا. [30]لەبەرئـەوەی خـەڵکی لـەکاتی زیـندووبوونەوەدا نـەژن دەهێـنن نەشوو دەکەن، بەڵکو لـەئاسمان وەك فریشـتە دەبـن. [31]ئایا نـەتان خوێـندۆتەوە ئـەوەی لـەبارەی زیندووبوونەوە پێتان ووتراوە لـەلایەن خـوداوە؟ [32]{مـنم خودای ئیبراهیمو خـودای ئیسـحاقو خودای یاقوب. خـودا، خـودای مـردووان نییە، بـەڵکو خـودای زیـندووانە.} [33]کەخەڵکەکـە گوێـیان لـەمـەبوو، سەرسام بوون لـەشێوەی فێرکردنی.)

گەورەترین ڕاسپاردە

[34]کـاتێ فەریسـیەکان بیسـتیان عیسـا سـەدوقیەکانی بێدەنـگ کـردووە، یەکـیانگـرت بـۆ ئەوەی پرسـیاری دیکەی لـێبکەن، [35]یەکێ لـەوانـەی زانابوو لـەشەریعەت ویستی تاقیبکاتەوەو پێی ووت: [36](مامۆستا، چ ڕاسـپاردەیەك مەزنترین ڕاسپاردەیە لـەشـەریعەت؟) [37]عیسـا وەلأمـی دایـەوە: (خوداوەنـد خـودات خۆش بـوێ بەهـەموو دڵو هـەموو گـیانو هـەموو بیرتـەوە. [38]ئەمـە مـەزنترینو یەکـەم ڕاسـپاردەیە. [39]دووەمیشـیان وەك ئـەو وایـە: ئـەوەی لێت نزیکە وەك خـۆت خۆشـت بـوێ. [40]جـا شـەریعەتو پێغەمـبەران هـەموو بـەم دوو ڕاسپاردەیە بەندن.)

مەسیح و داود

[41]کـاتێ فەریسـیەکان بەیەکـەوە کۆبوونـەوە، عیسـا لێیپرسـین: [42](ڕاتـان چـییە دەربارەی مەسیح* ئەو ڕۆڵـەی کێـیە؟) ووتـیان (ڕۆڵـەی داودە.) [43]لێیپرسین: (کەواتە، چۆن داود بـەهۆی ڕۆحـی پـیرۆزەوە بەخوداوەند بانگی دەکاو دەڵێ: [44]{خوداوەنـد بـەخوداوەندمی فـەرموو: لـەلای دەسـتی ڕاسـتمەوە دانیشـە تادوژمنانـت بخەمـە ژێـر پێتەوە.} [45]ئەگـەر داود پـێیبڵێ خوداوەند، ئیتر چۆن دەبێ بەڕۆڵـەی؟) [46]جا کەسیان نەیانـتوانی تەنانـەت بەووشـەیەکیش وەلأمـی بدەنـەوە. ئـیتر لـەو ڕۆژەوە کـەس نـەیدەتوانی هیچ پرسیارێکی لـێبکات.

هەموو‌تان برای یەکترین

ئینجا عیسا لەگەڵ خەڵکەکەو قوتابیەکانی دواو ووتی: [2](ئەوەتا مامۆستایانی شەریعەتو فەریسیەکان لەسەر کورسیەکەی موسا دانیشتوون. [3]ئەوەی پێتانی دەڵێن کاری پێبکەن! بەڵام بەکرداری ئەوان مەکەن، چونکە ئەوان باسی شتێك دەکەن، خۆیان کاری پێناکەن. [4]باری قورسو ئەوەی لەتوانادا نییە دەیپێچنەوەو دەیخەنە سەر شانی خەڵکی، بەڵام خۆیان نایانەوێ پەنجەیان بەری بکەوێت.

[5]هەموو ئەوەش کە دەیکەن، بۆ ئەوەیە سەرنجی خەڵکی بۆ خۆیان ڕاکێشن. بەبەستنی ئایەتەکانیان بەناوچەوانو قۆڵیانەوەو بەجلی پانو پۆڕیانەوە، [6]حەز لەجێی سەروو لەمیواندارێو ڕیزی پێشەوە لەکەنیشتەکان دەکەن، [7]هەروەها حەز دەکەن، لەگۆڕەپانی شاردا سڵاوێان لێبکرێو خەڵکی بەگەورەم، گەورەم، بانگیان بکەن.

[8]بەڵام ئێوە ڕازی مەبن بەمامۆستا بانگتان بکەن! چونکە مامۆستاتان هەر یەکێکەو هەمووشتان برای یەکن. [9]هەروەها کەس بەباوك بانگ مەکەن لەسەر زەوی! چونکە باوکتان هەر یەکێکە، ئەویش ئەو باوکەیە کە لەئاسمانە. [10]ڕازیش مەبن بەگەورە بانگتان بکەن! چونکە گەورەتان هەر یەکێکە، ئەویش مەسیحە. [11]باگەورەتان، نۆکەرتان بێت. [12]ئەوەی خۆی بەرزکاتەوە، نزم دەکرێتەوەو ئەوەش خۆی نزم بکاتەوە، بەرز دەکرێتەوە.

دووڕوویی فەریسیەکان

([13]بەڵام خاك بەسەرتان ئەی مامۆستایانی شەریعەتو فەریسیانی دووڕوو! چونکە دەرگای پادشاهێتی ئاسمان بەڕووی خەڵکی دادەخەن، نەخۆتان دەچنە ژوورەوە نە دەهێڵن خەڵکیدیکە بچێت. [14]خاك بەسەرتان ئەی مامۆستایانی شەریعەتو فەریسیانی دووڕوو، ئێوە مالّی بێوەژن دەخۆنو بەخۆڕایی دریژە دەدەن بەنوێژەکانتانو دەپاڕێنەوە، لەبەرئەوە سزای زیاتر وەردەگرن. [15]خاك بەسەرتان ئەی مامۆستایانی شەریعەتو فەریسیانی دووڕوو، ئێوە لەدەریاو بیاباندا دەگەڕێن تا یەکێ بکەن بەجوولەکە، کاتێ کردتان بە جوولەکە، ئەوسا دوو ئەوەندەی خۆتان بەلای

دۆزەخدا دەیبەن.
16خاك بەسەرتان ئەی ڕابەرە کوێرەکان! ئێوە دەڵێن: ئەوەی سوێند بەپەرستگا بخوا، ئەوا هیچی لەسەر نیە، بەڵام ئەوەی بەزێڕی پەرستگا سوێند بخوا ئەوا دەبێ 17سوێندەکەی بباتەسەر. ئەی نەفامینە، ئەی کوێرینە، کامیان لەم دووانە مەزنترن، زێڕەکە یا ئەو پەرستگایەی زێڕەکە پیرۆز دەکات؟ 18هەروەها ئێوە دەڵێن: ئەوەی سوێند بە قوربانگا بخوا، ئەوا هیچی لەسەر نیە، بەڵام ئەوەی سوێند بەقوربانی سەر قوربانگە بخوا، ئەوا دەبێ 19سوێندەکەی بباتەسەر. ئەی کوێرینە کامیان لەم دووانە مەزنترن، قوربانی یان ئەو قوربانگەیەی قوربانیەکە پیرۆز دەکات؟ 20چونکە ئەوەی سوێند بەقوربانگە دەخوا، ئەوا سوێند دەخوا بەقوربانگەو ئەوەش کە لەسەریەتی. 21ئەوەی بەپەرستگا سوێند دەخوا، ئەوا سوێند دەخوا بەپەرستگاو بەوەش کە تیایدا نیشتەجێیە. 22ئەوەی بەئاسمان سوێند دەخوا، ئەوا سوێند دەخوا بەتەختی خوداو بەوەش کە لەسەری دانیشتووە!

23خاك بەسەرتان ئەی مامۆستایانی شەریعەتو فەریسیانی دووڕوو! چونکە ئێوە دەیەکی نەعناع‌و شوێتو زیرە دەدەنو گرنگترین بابەتی شەریعەت وەك ڕاستی و بەزەیی‌و باوەڕ پشت‌گوێ دەخەن، پێویست بوو لەسەرتان ئەمە بکەنو ئەویش لەیاد نەکەن. 24ئەی ڕابەرە کوێرەکان! ئێوە شت پاك دەکەنەوە لەمێشوولە، بەڵام وشتر قوت دەدەن!

25خاك بەسەرتان ئەی مامۆستایانی شەریعەتو فەریسیانی دووڕوو! ئێوە دەرەوەی پیاڵەو قاپەکانتان پاك دەکەنەوە، بەڵام ناوەکەی پڕە لەوەی بەدزی‌و بەڕەڵاڵی دەستتان کەوتووە! 26ئەی فەریسی کوێر، یەکەمجار ناو پیاڵەکەت پاك کەرەوە، تادەرەوەشی پاك بێتەوە.

27خاك بەسەرتان ئەی مامۆستایانی شەریعەتو فەریسیانی دووڕوو! چونکە ئێوە وەك گۆڕێکی بەگەچ سواخ دراو وان، کە دەرەوەی جوان دیارە، بەڵام ناوەوەی پڕە لەئێسقانی مردووانو هەموو پیسییەك! 28ئێوەش هەروەها، لای

خەڵك خۆتان چاك دەردەخەن، بەڵام ناوەوەتان پڕە لەدووڕوویی و خراپە.
29خاك‌بەسەرتان ئەی مامۆستایانی شەریعەت و فەریسیانی دووڕوو! ئێوە گۆڕی پێغەمبەران هەڵدەبەستن و ئارامگای پیاوچاکان دەڕازێننەوە، 30 ئینجا دەڵێن: گەر لەسەردەمی باپیرانماندا بژیایناین، بەشداری خوێن ڕشتنی پێغەمبەرانمان لەگەڵیاندا نەدەکرد. 31ئا بەمە شایەتی لەسەر خۆتان دەدەن، کە باپیرانتان خوێن ڕێژی پێغەمبەران بوون! 32جا ئەوەی باپیرانتان دەستیان پێکرد ئێوە تەواوی کەن، باجام پڕبێت.
33ئەی مارەکان، نەوەی ئەژدیها، چۆن لەسزای دۆزەخ هەڵدێن؟ 34ئا لەبەرئەمەیە من پێغەمبەرو پیاوی داناو مامۆستاتان بۆ دەنێرم. هەندێکیان دەکوژن و لەخاچیان دەدەن، هەندێکی تریشیان لەکەنیشتەکانتان بەر قامچی دەدەن و لەشارێکەوە بۆ شارێکی دیکە دەربەدەریان دەکەن.
35بەم جۆرە چی خوێنی پیاوچاکان لەم سەر زەمینەدا ڕژاوە دەکەوێتە ملتان لەخوێنی هابیلی بێتاوانەوە تا خوێنی زەکەریا* کوڕی بەرخیا کە ئێوە لەنێوان پەرستگاو قوربانگەدا کوشتتان. 36ڕاستیتان پێدەڵێم: ئۆبالّی ئەمانە هەموو دەکەوێتە ملی ئەم نەوەیە.)

غەمباری عیسا سەبارەت بە قودس

37(ئەی قودس، ئەی قودس، بکوژی پێغەمبەران و بەردبارانکەری ئەوانەی نێردران بۆ لات! چەند جار ویستم منداڵەکانت کۆبکەمەوە، هەروەك چۆن مریشك جوجەڵەکانی لەژێر باڵی کۆدەکاتەوە، بەڵام نەتانویست. 38ئا ئەوەتا ماڵەکەتان بە کەلاوەیی بۆتان بەجێدەهێڵرێ! 39 چونکە پێتان دەڵێم، ئیتر ئێوە من نابینەوە، هەتا نەڵێن: {پیرۆزە ئەوەی بەناوی خوداوەندەوە دێت.})

پێشبینی وێرانبوونی پەرستگا

24

دوای ئەوەی عیسا لەپەرستگا هاتەدەرەوە، قوتابیەکانی لێی نزیك بوونەوە هەتا سەرنجی بۆ خانووەکانی پەرستگا ڕاکێشن. 2جا عیسا پێی ووتن: (ئا ئەم هەموو خانووە دەبینن؟ ڕاستیتان پێدەڵێم: بەردی بەسەر بەردەوە نامێنێ، بەڵکو هەمووی دەڕوخێنرێ.)

نیشانەکانی کۆتایی زەمانە

3کاتێ لەسەر کێوی زەیتون دانیشتبوو، قوتابیەکانی بەتەنها لێی نزیك بوونەوەو پێیان ووت: (پێمان بڵێ کەی ئەمە ڕووەدات؟ هەروەها نیشانەی گەڕانەوەتو کۆتایی زەمانە چییە؟) 4عیسا وەڵامی دایەوە: (ئاگادارین، کەس هەڵنەتێنێ. 5چونکە زۆر کەس بەناوی منەوە دێنو دەڵێن، من مەسیحمو زۆر کەس هەڵدەخەڵەتێنن. 6هەروەها جەنگو دەنگوباسی جەنگ دەبیستن، ئاگادارین، نەترسن، پێویستە ئەمانە هەمووی ڕووبدات، بەڵام هێشتا کۆتایی نییە. 7چونکە میللەتان دەچن بەگژ یەکتریداو پادشاهێتی بەگژ پادشاهێتی دیکەدا، برسێتیو بومەلەرزە لەزۆر شوێن ڕووەدات. 8بەڵام ئەمانە هەمووی ژانی یەکەمە. 9ئینجا خەڵکی دەتان دەن بەدەستەوە بۆ ئازاردانو دەتانکوژن، هەموو گەلان لەپێناو ناوی من ڕقیان لێتان دەبێتەوە. 10هەروەها زۆر کەس لەباوەڕیان وەردەگەڕێنو یەکتری دەدەن بەدەستەوەو ڕقیان لەیەکتری دەبێت. 11زۆر پێغەمبەری درۆزن دەردەکەون، زۆر کەس هەڵدەخەڵەتێنن. 12ئینجا کەگوناە بلاوبووەوە، خۆشەویستی لەدڵی زۆر کەس نامێنێ. 13بەڵام ئەوەی تا کۆتایی خۆی ڕادەگرێ، ڕزگاری دەبێت. 14مزگێنی ئەم پادشاهێتییە لە هەموو جیهان ڕادەگەیەندرێ، وەك شایەتییەك* بۆ من لای هەموو میللەتان، ئینجا کۆتایی دێ.

گەورەترین تەنگانە

(15کاتێ پیسی کاولبوون لەشوێنی پیرۆزدا دەبینن، (ئەوسا باخوێنەر تێبگات،) ئەوەی لەسەر زمانی پێغەمبەر دانیال ووتراوە، 16ئینجا ئەوانەی لەناوچەی یەهودیان با ڕابکەن بۆ چیا، 17ئەوەش کە لەسەربانە، با نەیەتە خوارەوە، بۆ ئەوەی شتێك لەماڵەکەی ببات. 18هەروەها ئەوەی لەکێڵگەیە با نەگەڕێتەوە. هەتا جلەکەی لەگەڵ خۆی ببات. 19خاك بەسەر سك‌پڕو شیردەر لەوڕۆژانەدا! 20نوێژ بکەن با ڕاکردنتان لەزستاندا یان لەشەممەدا نەبێت. 21چونکە تەنگانەیەکی واگەورە ڕووەدات، کە لەدروستکردنی جیهانەوە

تائێستا شتی وا نەبووبێت‌و هەرگیز ناشبێت. [22]گەر بێت‌و ئەو ڕۆژانە کەم نەکرێتەوە، کەس ڕزگاری نابێت. بەڵام لەپێناوی ئەوانەی هەڵبژێرراون، ئەو ڕۆژانە کەم دەکرێتەوە. [23]جا ئەو کاتە گەر یەکێك پێیووتن: ئەوەتا مەسیح لێرەیە یان لەوێیە، باوەڕ مەکەن، [24] چونکە چەند مەسیحێکی فێڵبازو پێغەمبەری درۆزن دەردەکەون، نیشانەی گەورەو شتی سەرسوڕهێنەر دەکەن، بەشێوەیەك گەر بتوانن تەنانەت هەندێ لەهەڵبژێراوەکانیش هەڵدەخەڵەتێنن. [25]ئەوەتا من پێشتر ئاگادارتان دەکەمەوە، [26]گەر خەڵکی پێیان ووتن: ئەوەتا مەسیح لەدەشتە! مەڕۆن بۆ دەشت، یان ئەوەتا لەژوورەوەیە! باوەڕ مەکەن. [27]چونکە چۆن هەورە تریشقە لەڕۆژهەڵاتەوە بریسکە دەدات، لەڕۆژئاواوە ڕووناکی دەردەکەوێ، گەڕانەوەی ڕۆڵەی مرۆڤیش ئاوها دەبێت. [28]جا هەرشوێنێك کەلاکی لێبێت، داڵ لێی کۆدەبێتەوە.

هاتنەوەی عیسا

([29]دوای ڕۆژانی ئەو تەنگانەیە، ڕۆژ تاریك دەبێت، تیشکی مانگ دەگیرێ، ئەستێرەکان لەشوێنی خۆیان دەکەونە خوارەوەو هێزی ئاسمان تێك دەچێت. [30]ئینجا نیشانەی ڕۆڵەی مرۆڤ لەئاسماندا دەردەکەوێ، هەموو خێڵەکانی سەر زەمین دەست دەکەن بەگریان، جا ڕۆڵەی مرۆڤ دەبینن، لەسەر هەوری ئاسمان بەهێزو شکۆیەکی مەزنەوە دێت. [31]فریشتەکانی بەکەڕنایەکی گەورەوە دەنێرێ، تاکو هەڵبژێرراوانی خودا لەهەر چوار گۆشەی جیهانو لەم سەرو ئەوسەری ئاسمانەوە کۆبکەنەوە.

لە دارهەنجیر فێربن

([32]ئەم نموونەیە لەدار هەنجیر فێربن، کاتێ لقەکانی نەرم بوون‌و گەڵایان دەرکرد، ئەوا دەزانرێ هاوین نزیك بووتەوە. [33]هەروەها کە ئەم هەموو شتانەتان بینی ڕووەدات، بزانن ئەو نزیکە بەڵکو لەبەر دەرگایە. [34]ڕاستیتان پێدەڵێم: ئەم نەوەیە بەسەر ناچێ، هەتا ئەم شتانە هەمووی ڕوونەدات. [35]ئاسمان‌و زەوی بەسەر دەچن، بەڵام ووتەکانم هەرگیز بەسەر ناچن.

ئەو کاتەی کەس نایزانێ

(36ئەو ڕۆژو ئەو کاتە، کەس نایزانێ، نەفریشتەکانی ئاسمان، نەڕۆڵە، تەنها باوك نەبێ. 37سەردەمی نوح چۆن بوو، گەڕانەوەی ڕۆڵەی مرۆڤیش هەروا دەبێت. 38خەڵکی پێش ڕۆژانی لافاوەکە دەیانخواردو دەیانخواردەوە، ژنیان دەهێناو شوویان دەکرد، تا ئەو ڕۆژە هات کە نوح چووە ناو کەشتیەکەوە، 39بە خۆیان نەزانی هەتا لافاوەکە هاتو هەموویانی برد. هاتنەوەی ڕۆڵەی مرۆڤیش هەروا دەبێت. 40لەو کاتەدا دوو پیاو لەکێڵگە دەبن، یەکێکیان دەبرێو ئەوی‌کە بەجێدەهێڵرێ. 41 دوو ژن دەستار دەکەن، یەکێکیان دەبرێو ئەوی‌کە بەجێ دەهێڵرێ. 42لەبەرئەوە ئێشك بگرن، چونکە نازانن لەچ کاتێکدا خوداوەندتان دەگەڕێتەوە. 43ئەوەش بزانن، گەر گەورەی ماڵ بزانێ شەو لەچ کاتێك دز دێتە سەری، ئێشك دەگرێو نایەلێ ماڵەکەی ببڕێت. 44کەواتە ئێوەش ئامادەبن، چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ لەکاتێکدا دەگەڕێتەوە کە نایزانن.

نموونەی کۆیلەی سەرڕاست

(45کەواتە کێیە ئەو کۆیلە سەر ڕاستو دانایەی گەورەی ماڵ دایدەنێ بەسەر ئەوانەی لەماڵەکەیدان تاکو لەکاتی خۆیدا خواردنیان بۆ ئامادە بکات؟ 46خۆزگە دەخوازرێ بەو کۆیلەیە کاتێ گەورەکەی دەگەڕێتەوە دەبینێت وا بەکاری خۆی هەڵدەستێت. 47ڕاستیتان پێدەڵێم: ئینجا گەورەی ماڵ هەموو ماڵەکەی خۆی دەخاتە بەردەست ئەو کۆیلەیە. 48بەڵام گەر بێتو کۆیلەکە لەدڵی خۆی بڵێت: گەورەم لەهاتنەوەدا دوادەکەوێ، 49ئینجا دەست بکات بەلێدانی کۆیلەکانی دیکە، بخواو بخواتەوە لەگەڵ سەرخۆشان. 50 ڕۆژێ دەبێت گەورەی ماڵ تیایدا بگەڕێتەوە کە ئەو نایزانێت، کاتێك ئەو درکی پێناکات، 51ئەوسا کۆیلەکەی سزا دەدات، بەشی لەگەڵ دووڕووواندا دەبێت، جا لەوێ دەبێت بەگریانو چڕکە چڕکی ددان.)

نموونەی کچە داناکانو کچە نەفامەکان

25

(پادشاهێتی ئاسمان وەك دە کچ وایە، چرایان هەڵگرتبێت‌و بەرەو پیری زاوا هاتبن. [2]پێنج لەوان دانا بوون، پێنجیش نەفام. [3]نەفامەکان چراکانیان لەگەڵ خۆیان برد، بێئەوەی نەووتی زیادە بەرن. [4]بەڵام داناکان لەگەڵ چراکانیان نەووتی زیادەیان خستە قووتوویەکەوەو لەگەڵ خۆیان بردیان. [5]کاتێ زاوا دواکەوت هەموو خەو بردنیەوەو نووستن. [6]لەنیوە شەودا دەنگ بەرزبووەوە: ئەوەتا زاوا هات، هەموو چوون بەرەو پیری! [7]کچانیش هەستان تا چراکانیان ئامادە بکەن. [8]نەفامەکان بەداناکانیان ووت: تۆزێ نەوتمان بدەنێ لەوەی خۆتان، چونکە چراکانمان دەکوژێتەوە! [9]داناکان وەڵامیان دایەوە: لەوانەیە بەشی ئێمەو ئێوەش نەکات. وا چاکترە بچنە لای نەوت فرۆش، نەوت بۆ خۆتان بکڕن! [10]لەکاتێکدا نەفامەکان ڕۆیشتن بۆ نەوت کڕین، زاوا گەیشت، ئەوانەی ئامادەبوون لەگەڵی چوونە ناو هۆڵی شاییەکە، ئینجا دەرگا داخرا. [11]دوای ماوەیەك ئەوانی دیکە گەڕانەوەو ووتیان: گەورەم، گەورەم، دەرگامان لێبکەرەوە. [12]زاوا وەڵامی دایەوە: ڕاستیتان پێ دەڵێم، من ناتان ناسم. [13]کەواتە ئێشك بگرن، چونکە ڕۆژو کاتی گەڕانەوەی ڕۆڵەی مرۆڤ نازانن.

نموونەی دواکەوتنی گەورەی مارْ

([14]هەروەها پادشاهێتی ئاسمان لەپیاوێك دەکات کە دەیەوێ گەشت بکات، کۆیلەکانی بانگ دەکاو مالّەکەیان دەداتە دەست. [15] بەیەکێکیان پێنج بەش‌و بەوی‌کە دوو بەش و بەسێهەم یەك بەش زیویان پێدەدات. هەریەکە بەپێی توانای خۆی، ئینجا دەڕوات. [16]ئەوەی پێنج بەشە زیوەکە وەردەگرێ، یەکسەر دەڕوات‌و دەست دەکات بەبازرگانی پێوەی، ئەوسا پێنج بەشی دیکەش بەدەست دەهێنێ. [17]هەروەها ئەوەی دوو بەشەکە وەردەگرێ هەمان شت دەکات، ئەویش دوو بەشی دیکە بەدەست دەهێنێ. [18]بەڵام ئەوەی یەك بەشەکە وەردەگرێ، دەڕوات لەزەویدا چاڵێك هەڵدەکەنێ و زیوی گەورەکەی تیا دەشارێتەوە. [19]دوای ماوەیەکی زۆر کاتێ گەورەی ئەو کۆیلانە دەگەڕێتەوە، بانگیان دەکات

بـۆ لێپرسـینەوە. [20]ئـەوەی پێـنج بەشـەکەی وەرگرتـبوو، دێتە پێشەوە پێـنج بەشی کەش لەبەردەمی دادەنێو دەڵێ: گەورەم تۆ پێنج بەشت دامێ، ئەمـەش پێـنج بەشی کەیە کە بەدەستم هێناوە. [21]گەورەکـەی پێی دەڵێت: باشـت کـرد ئـەی کۆیلـەی چـاك و دەسـت پـاك. دەسـت پـاك بوویـت لەکـەمدا، زۆرت پێدەسـپێرم. وەرە ژوورەوە بـۆ خۆشـی گەورەکەت [22] هـەروەها ئـەوەی کە دوو بەشەکەی وەرگرتـبوو دێتو دەڵێ: گەورەم تۆ دوو بەشت دامێ، ئەمەش دوو بەشی دیکەیە کە بەدەستم هێناوە.

[23]گەورەکـەی پـێی دەڵێـت: باشـتکـرد ئـەی کۆیلـەی چـاك و دەسـتپـاك! دەسـتپـاك بوویـت لەکـەمدا، زۆرت پێدەسـپێرم. وەرە ژوورەوە بـۆ خۆشی گەورەکەت. [24] ئیـنجا ئـەوەی یـەك بەشـەکەی وەرگرتـبوو دێتو دەڵێت: گەورەم، زانـیم تـۆ پـیاوێکی دڵـڕەقی دروێنە دەکـەی لەشـوێنێك کـە نـەت ڕووواندووە، کۆدەکەیتەوە لەشوێنێك کە نەت چاندووە، [25]ترسام، ڕۆیشتم بەشە زیوەکەم لەناو زەویدا شاردەوە. هـا ئـەوە ماڵەکەتـە. [26]گەورەکـەی پێی دەڵێت: ئـەی کۆیلـەی خراپو تەوەزەڵ! زانیت من دروێنە دەکەم بێ ڕواندنو کۆدەکەمەوە بێچاندن، [27] جـا باشـتر وابـوو ماڵەکەمـت لای پارەگۆڕەوەکـان دابـنایە، تـا دوای گەڕانـەوەم لەگەڵ سوودەکەی وەرم بگـرتایەوە. [28]ئـا ئـەو بەشـەی لـێبسـەننەوە بـیدەن بـەوەی دە بەشـەکەی پێبـوو. [29]هـەر کەسـێ هەیـبێ، زۆرتـری پـێدەدرێ، تا لێی دەڕژی، بـەلاّم ئـەوەی کـە نیـیەتی ئـەوەندەی کەهەشـیەتی لـێی دەسـەندرێتەوە. [30]ئـا ئـەم کۆیلـە بێسـوودە، فـڕێ بدەنـە تـاریکی دەرەوە، جـا لـەوێ دەبـێ بەگریانو چڕکەچڕکی ددان.

عیسا حوکم بەسەر جیهان دەدات

([31]کـاتێ ڕۆڵـەی مـرۆڤ لەگەڵ فریشـتەکانی بەشـکۆمەندی دەگەڕێتەوە، دادەنیشێ لەسەر تەختی شـکۆمەندی خـۆی. [32]هـەموو نەتـەوەکان کۆدەبـنەوە لەبەردەمیدا، ئـەویش هەندێکیان لـەوی دیکەیان جـیا دەکاتـەوە وەك چۆن شوان مەڕ لەبـزن جـیادەکاتەوە. [33]جامـەڕەکان لـەلای ڕاسـتی خـۆی ڕادەگـرێو

بزنەکانیش لەلای چەپیەوە. [34]ئینجا پادشا بەوانەی لای ڕاستیەوەن دەڵێ: وەرن ئەی ئەوانەی باوکم پیرۆزی کردوون، ئەو پادشاهیەتیە وەرگرن کە لەدروستکردنی جیهانەوە بۆتان ئامادەکراوە. [35]چونکە برسی بووم تێرتان کردم، تینوو بووم ئاوتان داپێم، نامۆ بووم جێگەتان کردمەوە. [36]ڕووت بووم جلتان لەبەرکردم، نەخۆش بووم سەرتان لێدام، دیل بووم هاتن بۆ لام. [37]ئەوسا ڕاستودروستان وەڵام دەدەنەوەو دەڵێن: ئەی گەورە، کەی تۆمان بەبرسێتی دیوە نانمان داویتێ؟ یان بەتینوێتی ئاومان داویتێ؟ [38]کەی تۆمان بەنامۆیی دیوەو جێگەمان کردویتەوە یان بەڕوتی جلمان لەبەرکردویت؟ [39]کەی تۆمان دیوە بەنەخۆشی یان دیلی سەرمان لێداوی؟ [40]ئینجا پادشا وەڵامیان دەداتەوە: ڕاستیتان پێدەڵێم: هەرشتێك ئێوە بۆ یەکێ لەم برا بچوکانەم نەکردووە، بۆ منتان نەکردووە. [41]دوای ئەوە بەوانەی لەلای چەپیەوە ڕاوەستاون دەڵێت: دوورکەونەوە لێم ئەی نەفرەت لێکراوینە بۆ دۆزەخی هەتاهەتایی، ئەوەی بۆ شەیتانو دەستو پێوەندەکەی ئامادەکراوە. [42]چونکە برسی بووم تێرتان نەکردم، تینوو بووم ئاوتان نەدامێ، [43]نامۆ بووم شوێنتان نەکردمەوە، ڕوت بووم جلتان لەبەرنەکردم، نەخۆش بووم سەرتان لێنەدام، دیل بووم نەهاتنە لام. [44]ئینجا ئەوانیش وەڵام دەدەنەوە، دەڵێن: ئەی گەورە، کەی تۆمان دیوە بەبرسێتی، بەتینوێتی، بەنامۆیی، بەڕوتی، بەنەخۆشی، بەدیلیو یارمەتیمان نەداوی؟ [45] وەڵامیان دەداتەوە: ڕاستیتان پێدەڵێم: هەر شتێکتان بۆ یەکێ لەم برا بچوکانەم نەکردووە، بۆ منتان نەکردووە. [46]ئینجا ئەوانە بۆ سزای هەتاهەتایی دەچنو ڕاستودروستەکانیش بۆ ژیانی هەتاهەتایی.)

پلانێك بۆ کوشتنی عیسا

26

کاتێ عیسا ئەم ووتانەی هەموو تەواوکرد، بەقوتابیەکانی ووت: [2] (ئێوە دەزانن کەدوو ڕۆژی‌کە جەژنی تێپەڕبوون دێت. ئەوسا ڕۆڵەی مرۆڤ، دەدرێ بەدەستەوە تاکو لەخاچ

بـدرێ.) [3]ئینجا سەرۆك كاهینەكانو پیرانـی گـەل لەمالّی یەكێ لەسەرۆك كاهیـنەكان* كـەناوی قـەیافا بـوو كۆبوونـەوە، [4]تەگـبیریان لەعیسـا دەكـرد بەفـێلّێ بـیگرنو بیكوژن. [5] بـەلاّم ووتـیان: (ئەمـە لەجـەژندا ناكەین، نەوەك گەل بشلّەژێت.)

ئاماەدەكردنی عیسا بۆ ناشتنی

[6]لەوكاتـەی عیسـا لەبەیـتعەنیا لـەمالّی شـەمعونە گـول بوو، [7]ژنێك هـات بـۆ لای بەشوشـەیەك بۆنـی گرانبەهاوە، بۆنەكەی رژاند بەسەریدا كـاتێ لەسـەرخوان بوو. [8]قوتابیەكان كـە ئەمـەیان بینـی، زویـر بـوونو ووتـیان: (ئـەم دەسـت بلاّویـەی بۆچییە؟ [9]دەتوانرا ئەو بۆنە گرانبەهایە بفرۆشـرایەو پارەكـەی بەهـەژاران بدرایـە؟) [10]عیسـا بەمـەی زانی، پێی ووتـن: (بۆچی ئەم ژنە زویر دەكەن؟ ئـەو شـتێكی چـاكی بۆ من كرد. [11] هـەژاران گشـت كـاتێ لای ئێوەن، بەلاّم من گشت كاتێ ئاوا لاتان نابم. [12]ئـەو بۆنەكـەی بەسـەرمدا رژانـد، ئەمەی كرد بۆ ئامادەكردنم بۆ ناشتن. [13]راسـتیتان پێدەلّـێم: كـاتێ بانگـەوازی ئـەم مزگێنییـە* لەهەموو جـیهاندا دەكـرێ، یـادی ئـەوەش دەكـرێ، كـە ئـەم ژنـە بـۆ مـنی كردووە.)

ناپاكی یەهوزا

[14]ئیـنجا یەكـێك لەدوانـزە قوتابـیەكەی كـە نـاوی یـەهوزای ئەسـخەریوتی بـوو رۆیشـت بۆ لای سـەرۆكی كاهیـنەكان، [15]ووتـی: (چەندم پێدەدەن تا بیدەمە دەستتان؟) ئەوانـیش سی دراوی زیویان بۆ دانا. [16]ئـیتر لەوكاتـەوە یەهوزا دەگەڕا بۆ هەلێك كەوا عیسا بدا بەدەستەوە.

نانی جەژنی تێپەڕبوون

[17]لەیەكـەم رۆژی جـەژنی فـەتیرەدا*، قوتابـیەكان هاتـنە لای عیسـاو پرسـییان: (لەكوێ دەتەوێت نـانی جـەژنی تێپەڕبوونـت بـۆ ئامادەبكـەین؟) [18]وەلاّمـی دانـەوە: (بـڕۆنە ناو شار، بۆ لای فلاّن كەس، پـێی بلێن: ماموّستا دەلّێ كاتم نزیك بووتـەوە، لەگـەلّ قوتابیەكانم لای تۆ جـەژنی تێپـەڕبوون دەكـەم.) [19] قوتابیەكان فەرمانی عیسایان جێبەجێ كـرد، لـەوێ نـانی جـەژنی تێپەڕبوونیان ئامادەكرد.

[20] عیسا ئێوارە لەگەڵ دوانزە قوتابیەکەی لەسەر خوان دانیشت. [21]لەکاتێکدا کە نانیان دەخوارد، عیسا ووتی: (ڕاستیتان پێبڵێم: یەکێ لەئێوە دەمدات بەدەستەوە.) [22] قوتابیەکان بەمە خەمێکی قورس دایگرتن، هەریەك لەوان پرسیاریان لێکرد: (گەورەم، ئەوە منم؟) [23] وەڵامی دایەوە: (ئەوەی لەگەڵم دەست درێژ دەکات بۆ قاپەکە، ئەو دەمدات بەدەستەوە. [24] ڕۆڵەی مرۆڤ ڕۆیستە بەو شێوەیە بەڕوات، وەك لەکتێبی پیرۆز لەسەری نووسراوە. بەڵام خاكبەسەر ئەو کەسەی ڕۆڵەی مرۆڤ بەدەستەوە دەدات. باشتر بوو بۆ ئەو کەسە هەر لەدایك نەبوایە.) [25]ئینجا یەهوزا ئەوەی کە دەیدات بەدەستەوە، پرسیاری لێکرد: (مامۆستا، ئایا ئەو کەسە منم؟) وەڵامی دایەوە: (خۆت ووتت.)

دوا نان خواردن

[26]لەکاتی نان خواردن عیسا نانێکی هەڵگرت، دوای سوپاس کردن، پارچە پارچەی کردو دای بەقوتابیەکانو ووتی: (بگرن، بخۆن، ئا ئەمە لەشی منە.) [27]ئینجا جامێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد، دای پێیانو ووتی: (هەموو لێی بخۆنەوە! [28]چونکە ئەمە خوێنی منە بۆ پەیمانی نوێ* ئەو خوێنەی لەپێناوی زۆر کەس دەڕژێ، بۆ گوناە بەخشین. [29]پێتان دەڵێم: من لەمڕۆ بەدواوە لەبەرووبوومی مێو ناخۆمەوە، تا ئەو ڕۆژە دێت کە سەر لەنوێ لەپادشاهێتی باوکم لەگەڵتان دەیخۆمەوە.) [30]دوای ئەوەی گۆرانی ڕۆحیان ووتەوە، چوونەدەرەوە بۆ کێوی زەیتون.

نکۆڵیکردنی پەترۆس

[31]ئینجا عیسا پێی ووتن: (ئەمشەو هەموتان لەمن دەکەونە گومانەوە، چونکە لەکتێبی پیرۆزدا نووسراوە: {لەشوانەکە دەدەم، مەڕی مێگەلەکە پەرشو بلاودەبنەوە. } [32]بەڵام ئەوە بزانن کە دوای زیندووبوونەوەم پێشتان دەکەوم بۆ جەلیل.) [33]پەترۆس وەڵامی دایەوە: (گەر هەموو لێت بکەونە گومانەوە، من گومانت لێناکەم.) [34]عیسا پێی ووت: (ڕاستیت پێدەڵێم: هەر ئەمشەو پێش ئەوەی کەلەشێر بخوێنێ تۆ سێ جار نکۆلیم لێدەکەیت.) [35]

پەترۆس ووتی: (گەر لەگەڵت بمرم، نکۆڵیت لێناکەم.) هەروەها قوتابیەکانیش هەموو وایان ووت.

نوێژی عیسا لە باخی جەسیمانی

[36]دوای ئەوە عیساو قوتابیەکان چوون بۆ باخێك پێی‌دەووترێ باخی جەسیمانی، پێی‌ووتن: (لێرە دانیشن، دەچم نوێژ دەکەم.) [37]لەگەڵ خۆی پەترۆس و دوو کوڕەکەی زەبدی برد، پەژارەو دڵتەنگی دای‌گرتبوو. [38]پێی‌ووتن: (ئەوەندە دڵم تەنگە تا مردن، لێرە بمێننەوەو لەگەڵم شەواره بگەرن.) [39]کەمێك لێیان دوورکەوتەوە، بەسەر ڕووداو کەوتو دەستی کرد بەنوێژکردن، ووتی: (ئەی باوك، گەر دەبێت ئەم جامەم لێ‌دووربخەرەوە. بەڵام نەك وەك ئەوەی خۆم دەمەوێت، بەڵکو وەك ئەوەی تۆ دەتەوێ.) [40]ئینجا گەڕایەوە بۆ لای قوتابیەکان، کە بینی نووستوون، بەپەترۆسی ووت: (ئا ئاوها نەتانتوانی‌کاژێرێك لەگەڵم ئێشك بگرن؟ [41]ئێشك بگرنو نوێژ بکەن نەوەك بکەونە تاقی‌کردنەوەوە. ڕۆح چالاکە، بەڵام لەش لاوازە.) [42]بۆ جاری دووەم ڕۆیشتەوە نوێژ بکات، ووتی: (ئەی باوکی خۆم، گەر خواردنەوەی ئەم جامەم لێ‌دوورناخەیتەوەو هەردەبێت ببێت. با وابێتو بەخواستی تۆبێ.) [43]ئینجا گەڕایەوە بۆ لای قوتابیەکانو بینی دیسان نووستون، چونکە خەو چاوی قورس کردبوون. [44]ئیتر وازی لێهێنان، بۆ جاری سێهەم گەڕایەوە تا نوێژ بکات، هەمان ووتەی دووبارەکردەوە. [45]دوایی گەڕایەوە بۆ لای قوتابیەکانو ووتی: (ئەوە هێشتا نووستوونو پشوو دەدەن؟ ئەوەتا کاتی ئەوە نزیك بووتەوە کە ڕۆڵەی مرۆڤ بدرێتە دەست گوناهباران. [46]هەستن بابڕۆین! ئەوا ئەوەی دەمدات بەدەستەوە نزیك بووەوە.)

گرتنی عیسا

[47]لەوکاتەی دەدوا، یەهوزا کە یەکێ بوو لەدوانزە قوتابیەکە، لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر بەشمشێرو کوتەکەوە گەیشتنە ئەوێ، کە لەلایەن سەرۆك کاهینو پیرانی گەلەوە نێررابوون. [48] ئەوەی عیسا دەدات بەدەستەوە نیشانەیەکی دابوونێ پێیانی ووتبوو: (ئەوەی ماچی دەکەم، ئەوە خۆیەتی،

بـیگرن.) [49]لەعیسـا نـزیك بووەوەو ووتـی: (سـلاّو ئەی مامۆستا.) ئینجا ماچـی‌کرد. [50]ئەوسـا عیسـا ووتـی: (ئـەی دۆسـتی مـن، ئـەوەی بـۆی هـاتووی بـیکە.) ئینـجا ئەوانـەی لەگـەلّی هاتـبوون لەعیسـا هاتـنە پێشـەوەو گرتـیان. [51]یەکێ لەوانەی لەگـەلّ عیسـادا بـوو دەسـتی بـۆ شمشـێرەکـەی دریژکرد، دەری هێناو لەیـەکێ لەکۆیلـەکانی سـەرۆك کاهینـەکانی‌داو گوێی بڕی. [52]عیسا پـێی ووت: (شمشێرەکەت بگەڕێنەوە نـاو کـێلانەکەی خـۆی، چـونکە ئەوانەی شمشێر هەلّدەگرن، بە شمشێر لـەناو دەچـن. [53]ئایـا وا دەزانیـت نـاتوانم داوا لـەباوکم بکـەم زیاتـر لەدوانزە لەشکر فریشتەم بۆ بنێرێت؟ [54]بـەلاّم ئـیتر چـۆن ئـەوەی لەکتێبی پـیرۆزدا نووسراوە بێتەدی، کە دەلّی دەبێ بەوشێوەیە ڕوو بدات؟) [55]ئینجا عیسـا ووتەکانی ئاراستەی خەلّکەکە کـردو ووتـی: (هـەروەك چـۆن بـە شمشـێرو کوتەکەوە دەچن بۆ دزێك، ئاوهـا دەتانـەوێ بمگرن؟ هەموو ڕۆژ لەنێوانـتان بووم لەپەرستگا خەریکی فـێرکردن بـووم، کەچی نەتان گرتم. [56]بـەلاّم، ئەمانـە هـەمووی ڕوویـدا، هـەتا پـەرتووکی پێغەمبەران بێتەدی)، لـەو کاتـەدا قوتابـیەکانی هـەموو بەجێیان هێشتو ڕایان‌کرد.

دادگایی‌کردنی عیسا

[57]ئەوانـەی عیسـایان گـرت، بـردیان بـۆ لای قـەیافا کـە سـەرۆك کـاهین بـوو. لـەوکاتەدا مامۆستایانی شـەریعەتو پـیران لای کۆبووبوونـەوە. [58]پەتـرۆس دوور بـەدوور دوایـان‌کـەوت بـۆ مـالّی سـەرۆکی کاهینـەکان، ئینـجا چووە ژوورەوەو لـەناو پاسـەوانەکان دانیشت تاکۆتایی مەسەلەکە ببینێت. [59]سـەرۆك کاهینـەکانو ئەنجومـەنی بـالاّی جوولەکـەو پـیران هەموویان دەگـەڕان بەدوای شایەتییەکی درۆدا دژی عیسا، تاوەکو بیکوژن، [60]بەلاّم هیچی وایان نەدۆزیەوە، زۆر لـەوانەی کـە بەدرۆ تاوانیان دەخستە پاڵ عیسا ئامـادەبوون لەوێ. لەدواییدا دووان هاتـنە پێشـەوە، [61]ووتـیان: (ئـا ئەمە ووتـی: مـن دەتوانم پەرستگای خودا بڕوخێـنمو لـەماوەی سـێ ڕۆژ دروسـتی بکەمـەوە.) [62]لـەوێ سـەرۆکی کاهیـنەکان هەسـتاو لێپرسـی: (ئایـا وەلاّمـت چـییە

دەربارەی ئەوەی ئەم دووانە پێت دەڵێن؟) [63] بەڵام عیسا بەبێدەنگی مایەوە، دیسان سەرۆك کاهین پرسیاری لێکردو ووتی: (سوێندت دەدەم بە خودای زیندوو، پێمانبڵێ، ئایا تۆ مەسیحی ڕۆڵەی خودای؟) [64] عیسا وەڵامی دایەوە: (خۆت ووتت. هەروەها پێشتان دەڵێم، لەئێستەوە ڕۆڵەی مرۆڤ دەبینن لەلای دەستە ڕاستی خودای بەتواناوە دادەنیشێت، ئینجا لەدوایدا لەسەر هەوری ئاسمانەوە دەبینرێ دێتەوە.) [65] سەرۆکی کاهینەکان کراسی خۆی دادڕیو هاواریکرد: (ئەوەتا کفر دەکات! ئیتر پێویستمان بەشایەت نییە. ئا ئەوەتا ئێوە گوێتان لەکفرەکەی بوو. [66] ڕاتانچیە؟) وەڵامیان دایەوە: (شایانی مردنە!) [67] ئینجا تفیان لەڕووی کردو لێیاندا. هەندێکیشیان بەزللە لێیان دەداو دەیان ووت: [68] (ها ئەی مەسیح پێمان بڵێ، کێ بوو لێیدایت؟)

پەترۆس نکۆڵی لەعیسا دەکات

[69] لەو کاتەدا پەترۆس لەحەوشەی خانووەکەدا دانیشتبوو. یەکێ لەکارەکەرەکانی ئەوێ هاتە لای و پێی ووت: (تۆش لەگەڵ عیسای جەلیلی بوویت.) [70] پەترۆس ڕەتیکردەوە ووتی: (من نازانم تۆ چی دەڵێیت!) [71] ئینجا پەترۆس چووە لای دەروازەی خانووەکە، کارەکەرێکی کەش ناسیەوە بەوانەی لەوێ بوون ووتی: (ئا ئەمەش لەگەڵ عیسای ناسری بوو!) [72] بۆ جاری دووەم پەترۆس نکۆڵی لێکردو سوێندی خوارد: (من ئەو پیاوە ناناسم!) [73] دوای ماوەیەك ئەوانەی لەوێ ڕاوەستابوون لەپەترۆس هاتنە پێشەوەو پێیان ووت: (لەڕاستیدا تۆ یەکێکیت لەوان، شێوەی قسەکردنت ئەوە دەردەخات.) [74] پەترۆس دەستیکرد بەنارەزایی دەربڕینو سوێند خواردنو ووتی: (من ئەو پیاوە ناناسم!) دوای ئەمە دەستبەجێ کەڵەشێری بەیانی خوێندی. [75] ئەوسا پەترۆس قسەکانی عیسای بیرکەوتەوە کاتێ ووتی: (پێش ئەوەی کەڵەشێر بخوێنێ سێجار نکۆڵیم لێدەکەیت.) ئینجا چووە دەرەوەو گریانێکی بەکوڵ گریا.

عیسا دەدرێتە دەست پیلاتۆس

27 کاتێ ڕۆژ بووەوە، سەرۆك کاهینەکانو پیرانی گەل، تەگبیریان لەعیسا کرد تابیکوژن. [2] جا بەدەست بەستراوی بۆ لای پیلاتۆسی* فەرمانڕەوایان برد.

یەهوزا خۆی دەکوژێ

[3] کاتێ یەهوزا، ئەوەی کە دابووی بەدەستەوە، بینی حوکم بەسەر عیسادا درا، پەشیمان بووەوە، سی پارچە زیوەکەی بۆ سەرۆك کاهینو پیران گەڕاندەوەو [4] ووتی: (هەڵەم کرد کاتێ بێتاوانێکم دابەدەستتانەوە.) وەلأمیان دایەوە: (ووتیان، ئەمە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەخۆتەوەیە.) [5] ئینجا یەهوزا پارچە زیوەکانی لەپەرستگادا فڕێداو ڕۆیی، دوای ئەوە چوو خۆی هەڵواسیو خۆی خنکاند. [6] سەرۆك کاهینەکان پارچە زیوەکانیان هەڵگرتەوەو ووتیان: (ئەمە نرخی خوێنە، ناشێ بۆمان بیخەینە گەنجینەی پەرستگاوە.) [7] دوای تەگبیرکردن، بەو پارەیە زەوی کابرایەکی گۆزە دروستکەریان کڕی، تاکو بیکەن بەگۆڕستان بۆ بێگانەکان. [8] لەبەر ئەمە هەتا ئێستاش پێی‌دەووترێ زەوی خوێن. [9] ئەوسا هاتەدی ئەوەی لەسەر زمانی ئیرمیای پێغەمبەرەوە ووتراوە: {سی پارچە دراوە زیوەکەیان وەرگرت، کەنرخی ئەوە، ئەو نرخەی لەلایەن ڕۆڵەکانی ئیسرائیل دانرا. [10] ئینجا دایان بەو زەوییەی هی گۆزە دروستکەر بوو، هەروەك خوداوەند فەرمانی پێدابووم.}

پیلاتۆس پرسیار لەعیسا دەکات

[11] عیسا بەرامبەر پیلاتۆسی فەرمانڕەوا ڕاوەستا، فەرمانڕەوا لێی پرسی: (ئایا تۆ پادشای جوولەکەی؟) وەلأمی دایەوە: (خۆت ووتت.) [12] بەلأم کاتێ سەرۆك کاهینەکانو پیران تاوانیان ئاراستەی‌کرد هیچ وەلأمی نەدانەوە. [13] پیلاتۆس ووتی: (ئایا گوێت لێنییە شایەتی لەدژت دەدەن؟) [14] بەلأم عیسا تەنانەت بەووشەیەکیش وەلأمی نەدایەوە، فەرمانڕەوا لەمە زۆر سەرسام بوو.

بڕیاری لەخاچ دانی عیسا

[15]فەرمانڕەوا کردبوویە پیشە، هەموو جەژنێ گیراوێك ئازاد بکات لەوانەی کە گەل خۆی هەڵیدەبژێرێ. [16]لەو کاتەدا گیراوێکی بەناوبانگ لایان بوو، ناوی بارابباس بوو. [17]کاتێ خەڵکەکە کۆبووبوونەوە، پیلاتۆس لێیپرسین: (کێتان دەوێ بۆتان ئازادکەم، بارابباس، یان عیسا ئەوەی کە پێیدەووترێ مەسیح؟) [18]چونکە دەیزانی لەچاوپیسی عیسایان داوە بەدەستەوە. [19]کاتێ فەمانڕەوا لەسەر تەختی حوکمڕانی دانیشتبوو، ژنەکەی هەوالّی بۆ ناردو ووتی: (هیچ شتی خراپ بەرامبەر ئەو کابرایە مەکە، ئەو بێتاوانە بەهۆی ئەوەوە دوێنێ شەو خەوێکی زۆر خراپم بینی.) [20]بەڵام سەرۆك کاهینەکانو پیران هانی خەڵکەکەیان دەدا بۆ ئەوەی داوای ئازادکردن بۆ بارابباس بکەنو کوشتنیش بۆ عیسا. [21]دیسان پیلاتۆس پرسیەوە: (دەتانەوێ لەم دووانە کامیان ئازاد بکەم؟) وەڵامیان دایەوە: (بارابباس.) [22]ئینجا پرسی: (ئەی چی لەعیسا بکەم کە بە مەسیح ناودەبرێ؟) هەموو وەڵامیاندایەوە: (با لە خاچ بدرێ!) [23]فەرمانڕەوا پرسیاری کرد: (باشە چ خراپەیەکی کردووە؟) زیاتر هاواریان کرد: (با لەخاچ بدرێ!) [24]کاتێ پیلاتۆس بینی سوودی نییەو خەریکە ئاژاوە دروست دەبێت، ئاوی هێناو لەبەردەمیان دەستی شوشتو ووتی: (من بێتاوانم لەخوێنی ئەم مرۆڤە، خۆتان ئەم کارە جێبەجێ بکەن!) [25]گەل هەموو وەڵامیان دایەوە: (باخوێنی بەملی ئێمەو منداڵمان بێ!) [26]ئینجا ئەویش بارابباسی بۆ ئازادکردن، بەڵام عیسا قامچی لێدراو درایە دەست سەربازەکان بۆ لەخاچدان.

سەربازەکان گاڵتە بەعیسا دەکەن

[27]سەربازەکان عیسایان بۆ خانووی فەرماندارى برد، لەشکریان هەموو لێکۆکردەوە. [28]جلەکانیان لەبەرداکەندو جلێکی سووریان لەبەرکرد. [29]هەروەها تاجێکی درکیان چنیو لەسەر سەریان دانا، قامیشێکیان دایە دەستی ڕاستی، لەبەردەمی چۆکیان داداو گاڵتەیان پێدەکردو دەیان ووت: (سلاو لەتۆ ئەی پادشای جوولەکە!) [30]ئینجا تفیان لێکرد، قامیشەکەیان

لـێوەرگـرتـو بەسـەریان کێشا. [31] دوای ئـەوەی بەتـەواوی گاڵـتەیان پێکـرد، کراسەکەیان لـەبەر داکەندو کراسـەکەی خۆیـان لـەبەرکردەوەو بردیان بۆ لـەخاچدان.

لەخاچدانو مردنی عیسا

[32]لـەوکاتـــەدا ســـەربازەکان عیســایان بـۆ لـەخاچـدان دەبـرد، پـیاوێکی قەیرەوانیـیان بینـی نـاوی شـــەمعون بـــوو، ناچـاریان کـــرد خاچـەکەی* عیسا هەڵگرێ. [33]کاتێ گەیشـتنە ئـەو شـوێنەی پێیدەووترێ گولگۆسـە واتە شوێنی کاسەسەر، [34] شـەرابی تـێکەاڵو بـە تاڵاویـان دا بە عیسـا تـا بـیخواتەوە، کـە تامی کـرد نەیویسـت بـیخواتەوە. [35]ئینجا کاتێ لـەخاچیان دەدا، کراسەکەیان لـەنێوان خۆیـــاندا دابـــەشکـــرد، دوای شـێروخەتکردن لـەسەری. [36]دوایی هـەر لـەوێ لـەبەر خاچەکە دانیشتنو ئێشـــکیان گـــرت. [37]ئیـــنجا لـەژوورسـەریەوە، ئـەو تاوانەی پێیان تاوانبار کـردبوو هەڵـیانواسـی کە نووسـرابوو: (ئەمـە عیسـایە پادشای جوولەکـە.) [38]لـەگەڵیدا دوو دزیش لـەخاچـــدران یـــەکێ لـەدەســـتی ڕاســـتیەوەو یەکێکـــیش لـەدەســـتی چـەپیەوە. [39]هاتوچـۆکەران جنێویان پـێدەدوا سـەریان ڕادەوەشـاندو [40] دەیـــان ووت: (ئـــەی ڕووخێـــنەری پەرسـتگاو دروسـتکەرەوەی لـەسـێ ڕۆژدا، خـۆت ڕزگـار بکـە، ئەگـەر ڕاسـتە تۆ ڕۆڵـەی خودای لـەخاچەکە وەرە خـوارەوە!) [41]هەروەها سەرۆک کاهینـەکانو مامۆستایانی شەریعەتو پیرانـی گـەل گاڵـتەیان پێدەکـردو دەیـانووت: [42](خـەڵکی دیکـەی ڕزگارکـرد، بـەاڵم نـاتوانێ خـۆی ڕزگـار بکـات! ئایـا ئەمەیـە پادشای ئیسـرائیل؟ دەبـا ئێسـتا بێتەخوارەوە لـەخاچـــەکە! هـــەموو بـــاوەڕی پێدەهێنین. [43]پشتی بەخودا* بەست، گـەر بەڕاسـتی خـودا ئـەمی بوێـت ڕزگـاری دەکات، چونکە دەیووت: من ڕۆڵـەی خودام.) [44]دوو دزەکەش هەمان شت گاڵـتەیان پێکرد.

مردنی عیسا

[45]لـەکاژێـری دوانزەی نیوەڕۆوە تـا کاژێـری سـێی پـاش نـیوەڕۆ، تاریکـایی بەسەر هەموو زەویدا هات. [46]لـــەدەوری کاژێـری سـێدا عیسـا بەدەنگـــێکی بـــەرز هاواریکـــرد:

(ئیلۆی، ئیلۆی، لەما شەبەقتەنی؟) مانای: (خودای‌من، خودای‌من، بۆ وازت لێهێنام؟) [47]کاتێ هەندێ لەوانەی کە ڕاوەستابوون گوێیان لەمەبوو، ووتیان: (ئەوە ئەلیاس بانگ دەکات!) [48]یەکێ لەوان ڕای‌کرد ئەسفەنجێکی هەڵگرت، خستیە ناو سرکەوەو کردی بەسەر قامیشێکەوەو پێی‌دا تا بیخواتەوە، [49] بەڵام ئەوانی دیکە ووتیان: (وازی لێبهێنە، با بزانین ئەلیاس دێت ڕزگاری بکات.) [50]ئینجا عیسا جارێکی دیکە بەدەنگێکی بەرز هاواری‌کردو ڕۆحی سپارد. [51]ئەوسا دەستبەجێ پەردەی پەرستگا* لەسەرەوە تاخوارەوە دڕاو بوو بە دوو بەشەوە، هەموو زەوی لەرزیو بەردیش درزیان برد، [52]گۆڕ کرایەوە، زۆر لەخوشك‌و برا پیرۆزەکان کە مردبوون هەستانەوە، [53]لەگۆڕ هاتنەدەرەوە چوونە شاری پیرۆز دوای زیندووبونەوەی عیسا، زۆر کەسیش ئەوانی بینی. [54]بەڵام سەرپەلەکەو ئەو سەربازانەی ئێشکگری عیسابوون، ترسێکی زۆریان لێنیشت، کاتێ زەوی لەرزیو ئەمانەیان دی، ووتیان: (بەڕاستی ڕۆڵەی خودا بوو!) [55] لەدوورەوە چەند ژنێك سەیریان دەکرد چی ڕووەدات، ئەمانیش ئەوانە بوون کە لەجەلیلەوە دوای عیسا کەوتبوون هەتا خزمەتی بکەن، [56]لەنێوانیاندا مریەمی مەجدەلی‌و مریەمی دایکی یاقوب‌و یوسف، هەروەها دایکی هەردوو کوڕەکەی زەبدی تیابوو.

ناشتنی عیسا

[57]کاتێ ئێوارە داهات پیاوێکی دەوڵەمەند ناوی یوسف بوو، دانیشتووی شاری ڕامە بوو، یەکێك بوو لەقوتابیەکانی عیسا. [58]چووە لای پیلاتۆس داوای تەرمەکەی عیسای لێکرد، ئیتر پیلاتۆس فرمانی‌دا بیدرێتێ. [59]یوسف تەرمەکەی هێناو بەکەتانی پاك پێچای‌و [60]لەگۆڕێکی تازەدا کە لەبەرد هەڵکەنرا بوو ناشتی، ئینجا بەردێکی گەورەی گلۆر کردەوە بۆ سەر دەرگای گۆڕەکەو ئەوێی بەجێ هێشت. [61]هەر لەوناوە مریەمی مەجدەلی‌و مریەمەکەی دیکەیشی لێبوو، بەرامبەر گۆڕەکە دانیشتبوون.

ئێشکگرتنی گۆڕی عیسا

[62]بۆ بەیانی، دوای ڕۆژی خۆئامادەکردنی شەموان، سەرۆك کاهینەکانو فەریسیەکان بەیەکەوە چوونە لای پیلاتۆس، [63]ووتیان: (گەورەم، بیرمان کەوتەوە ئەو گێرە شێرێنە لەکاتێکدا زیندوو بوو ووتی: من دوای سێ ڕۆژ زیندوو دەبمەوە. [64]جا فەرمان دەربکە بۆ پاسکردنی گۆڕەکەی بەچاکی نەوەك ڕۆژی سێهەم قوتابیەکانی بێنو بیدزن، ئەوسا بەگەل بڵێن ئەو لەنێوان مردووان زیندووبوتەوە. چونکە گێرە شێرێنی دوایی لەیەکەم خراپتر دەبێت.) [65]پیلاتۆس وەلأمی دایەوە: (پاسەوانتان هەیەو بڕۆن چۆن بەچاکی دەزانن وا پاسی بکەن.) [66]ئەوانیش ڕۆیشتنو دەرگای گۆڕەکەیان باش داخست، مۆریان لێداو پاسەوانییان کرد.

زیندووبوونەوەی عیسا

28 لەڕۆژی یەکەمی هەفتەدا دوای شەممە، مریەمی مەجدەلیو مریەمەکەی دیکە چوون تەماشای گۆڕەکە بکەن. [2]بومەلەرزەیەکی بەهێز ڕوویدا، فریشتەیەك لەلایەن خوداوەندەوە* لەئاسمان هاتە خوارەوە، هاتو تلی بەبەردەکە داو لەسەری دانیشت. [3]شێوەی فریشتەکە وەك بروسکە وابوو. جلەکانی وەك بەفر سپیبوو. [4]ئەوەبوو پاسەوانەکان ترسیان لێنیشتو وەك مردوویان لێهات. [5]فریشتەکە بەدوو ژنەکەی ووت: (مەترسن، من دەزانم ئێوە بەشوێن عیسای لەخاچدراودا دەگەڕێن. [6]ئەو لێرە نییەو هەستاوەتەوە، هەروەك خۆی ووتی، وەرن سەیری ئەو شوێنە بکەن کە ئەو تیایدا نێژرابوو. [7]بەخێرایی بڕۆنو هەواڵ بەقوتابیەکانی بدەن، کە ئەو لەنێوان مردووان هەستاوەتەوە، ئەوەتا ئەو پێشتان دەکەوێ بۆ جەلیل، لەوێ دەیبینن. ئەوا پێم ووتن.) [8]دوو ژنەکە بەخێرایی ڕۆیشتن، ترسێکی زۆرو خۆشییەکی گەورە لەدڵیانبوو، ڕایانکرد بۆ لای قوتابیەکان بۆ ئەوەی پێیان ڕابگەێنن. [9]لەو کاتەی بەڕێوە بوون بۆ بردنی ئەم هەواڵە، عیسا خۆی پێیان گەیشتو ووتی: (سلاۆ.) ئەمانیش چوونە پێشەوەو قاچیان گرتو کڕنوشیان بۆ برد. [10]

عیسا پێی ووتن: (مەترسن، بڕۆن بەبراکانم بڵێن بێن بۆ جەلیل، لەوێ دەمبینن.) [11]لەوکاتەدا دوو ژنەکە دەڕۆیشتن، هەندێ لەپاسەوانەکان چوون بۆ ناو شارو ئەوەی ڕووی دابوو بۆ سەرۆك کاهینەکانیان گێڕایەوە. [12]ئینجا سەرۆك کاهینەکانو پیران کۆبوونەوە تا لەم ڕووداوە بدوێن. پارەیەکی زۆریان دا بەسەربازەکانو [13]پێیان ووتن: (ئێوە بەخەڵکی بڵێن لەکاتێکدا خەوتبووین، قوتابیەکانی هاتوون‌و تەرمەکەی عیسایان دزیوە. [14]گەر هەواڵەکەش بەفەرمانڕەوا گەیشت، ئێمە لەسەرتان دەکەینەوە، بەم شێوەیە گیروگرفتتان بۆ نابێت.) [15]سەربازەکان پارەکەیان وەرگرت، چیان پێ‌ووترا کردیان، جا بەم شێوەیە هەواڵەکە لەنێوان جوولەکەدا بلاوبوتەوە تا ئەمڕۆ.

دەرکەوتنی عیسا بۆ قوتابیەکان

[16]ئیتر یانزە قوتابیەکە چوون بۆ ناوچەی جەلیل، بۆ ئەوکێوەی عیسا بۆی دەست نیشان کردبوون. [17]کاتێ بینیان کرنووشیان بۆ برد، بەڵام هەندێکیان گومانیان‌کرد. [18]عیسا لێیان نزیك بووەوە ووتی: (هەموو دەسەڵاتێکی زەوی‌و ئاسمانم پێ‌بەخشراوە. [19]کەواتە بڕۆن، هەموو گەلان بکەن بە قوتابی. بەناوی باوك‌و ڕۆڵەو ڕۆحی پیرۆز لەئاویان هەڵکێشن. [20]فێریان بکەن با کار بکەن بەهەموو ئەو شتانەی ڕامسپاردون، ئەوەتا هەمووڕۆژێك لەگەڵتانم هەتا کۆتایی زەمانە.)

مزگێنی بەپێی نووسینی مەرقۆس

کاتێ مەرقۆس یاوەرو یارمەتیدەری پەترۆس بوو لەڕۆمای پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، بەڕێنمایی ڕوحی پیرۆز ئەم پەرتووکەی نووسی .مەرقۆس سەربردەی ژیانی عیسا بەشێوەیەکی کورت باس دەکات. زیاتر تیشکی خستۆتە سەر کردارەکانی نەك ووتەو فێرکردنەکانی. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم نووسراوە زیاتر ئاڕاستەی ئەو باوەڕدارانە کراوە کە بەڕەگەز ڕۆم بوون. بۆیە بەکورتی باسی پەیمانی کۆن دەکات، هەروەها هەوڵی داوە ئەو شتانە ڕوون بکاتەوە کە تایبەت بوون بە ئایینی جوولەکەوە. عیسا لەم نووسراوە وەك ڕزگارکەرێك دەردەکەوێت کە هاتووە خزمەت بکات نەك خزمەت بکرێ هەروەها ژیانی خۆی بەخت بکات تاوەکو مرۆڤ ڕزگاربکات لە گوناهەکانی (مەرقۆس10:45)، بەخوێنی خۆی پەیمانی نوێو پەیوەندی دروستکردووە لەنێوان خوداو مرۆڤ (مەرقۆس14:24).

دەرکەوتنی حەزرەتی یەحیا

1

ئەمە سەرەتای مزگێنی عیسای مەسیحی ڕۆڵەی خوایە: بەپێی ئەوەی لەپەرتووکی ئەشعیای پێغەمبەردا نووسراوە: [2]{ئا ئەوەتا من نێررواوی خۆم لەپێشتەوە دەنێرم، ئەوەی ڕێگات بۆ ئامادە دەکات. [3] دەنگێك لەدەشتودەر بانگەواز دەکات، ڕێگا بۆ خوداوەند ئامادەبکەن، ڕێڕەوی ڕێك بخەن.} [4] ئەوەبوو یەحیای خەڵك لەئاوەڵکێش لەدەشت دەرکەوت، لەئاوەڵکێشانی تۆبەکردنی ڕاگەیاند بۆ گوناە بەخشین. [5] دانیشتوانی وولاتی یەهودیاو قودس، هەموو هاتنە لای یەحیا، تا لەڕووباری ئوردون لەسەر دەستی ئەو لەئاوەڵکێشرێنو دان بەگوناهەکانیان بنێن. [6] جلو بەرگی یەحیا بریتیبوو لەمووی ووشتر، ناوقەدی بەپارچە چەرمێك بەستزا بوو، خواردنیشی بریتی بوو لەهەنگوینی کێوی‌و کوللە. [7] ئەمەش ڕاگەیاندنەکەی ئەو بوو: (لەدوای من یەکێك دێت زۆر لەمن بەتواناترە، یەکێکە تەنانەت شایانی

ئەوەنیم قەیتانی پێلاوەکانیشی بکەمەوە. [8]من لەئاو هەڵتان دەکێشم، بەڵام ئەو لەڕۆحی پیرۆز هەڵتان دەکێشێت.)

لەئاوهەڵکێشانی عیسا

[9]لەو ڕۆژانەدا، لەشاری ناسیرەی ناوچەی جەلیل عیسا هات، لەسەر دەستی یەحیا لەڕووباری ئوردن لەئاوهەڵکێشرا. [10]کاتێ لەئاوەکە بەرزبووەوە، بینی ئاسمان کرایەوە، ڕۆحی پیرۆز لەشێوەی کۆتریك لەسەری نیشتەوەو [11]دەنگێك لەئاسمانەوە ووتی: (تۆی ڕۆڵەی خۆشەویستم، ئەوەی پێی دڵشادم.)

[12] دوای ئەمە عیسا لەلایەن ڕۆحی پیرۆزەوە برایە دەشتوودەر. [13]چل ڕۆژ لەوێدا لەناو مارو مێروودا مایەوە، شەیتان هەر لەگەڵی خەریك بوو تاکو تاقی بکاتەوە، فریشتەی ئاسمانیش لەو کاتەدا خزمەتیان دەکرد.

عیسا قوتابییەکانی هەڵدەبژێرێ

[14]دوای ئەوەی یەحیا گیرا، عیسا گەڕایەوە بۆ ناوچەی جەلیل، مزگێنی خودای ڕادەگەیاندو دەیووت: [15](کاتەکە هاتووەو پادشاهێتی خودا نزیکبووەتەوە، تۆبەبکەنو باوەڕبهێنن بەم مزگێنییە.)

[16]لەکاتێکدا عیسا لەسەر کەناری دەریای جەلیل دەڕۆیشت شەمعونو ئەندراوسی برای بینی، خەریکی ئەوەبوون تۆڕی ماسی فڕێ بدەنە دەریاچەکەوە، هەردووکیان ماسیگر بوون. [17]عیسا پێی ووتن: (وەرن دوام بکەون، دەتانکەم بەڕاوکەری مرۆڤ.) [18]ئەوانیش دەستبەجێ تۆڕەکانیان بەجێهێشتو دوایکەوتن. [19]ئینجا هەندێك لەوێ دوورکەوتەوە، یاقوبی کوڕی زەبدیو یۆحەننای برای بینی، لەبەلەمێکدا خەریکی چاککردنی تۆڕەکانیان بوون. [20]یەکسەر بانگی کردن تا دوای کەون، ئەوانیش زەبدی باوکیان لەگەڵ ئیشکەرەکانیتر لەبەلەمەکەدا بەجێهێشتو دوایکەوتن.

دەرکردنی ڕۆحی پیس

[21]ئینجا هەموو ڕۆیشتن بۆ شاری کەفەرناحوم. لەڕۆژی شەممەدا عیسا چووە کەنیشتو دەستی کرد

بەفێرکردن. [22]ئەوانەی لەوێ بوون هەموو سەرسام بوون، چونکە وەك دەسەلأتدارێك فێری دەکردن، نەك وەکو مامۆستایانی شەریعەت.[23] لەکەنیشتەکە پیاوێکی لێبوو ڕۆحی پیسی تیابوو، هاواری کردو [24]ووتی: (ئەی عیسای ناسیری چیت دەوێ لێمان؟ هاتووی بمانکوژیت؟ من دەزانم تۆ کێیت. تۆ پیرۆزی خودای!) [25]عیسا هەڕەشەی لێکردو ووتی: (بێدەنگبەو لەو کابرایە وەرە دەرەوە!) [26]ئینجا ڕۆحە پیسەکە کابراکەی کوتا بەزەویداو هاوارێکی بەرزی کردو لێی هاتەدەرەوە. [27] خەڵکەکە هەموو سەریان سوڕماو کەوتنە پرسیار لەیەکتری: ئەمە چییە؟ ئەم فێرکردنە تازەیە بەدەسەلأتەوەیە، تەنانەت ڕۆحە پیسەکانیش ملکەچن بۆی کاتێ فەرمانیان بەسەر دەدات). [28]دەستبەجێ ناوبانگی عیسا، لەهەموو ناوچەی جەلیلو دەوروپشتی بلأوبووەوە.

چاکردنەوەی خەڵکێکی زۆر

[29]کاتێ کەنیشتەکەیان بەجێهێشت، چوون بۆ ماڵی شەمعون، ئەندراوسو یاقوبو یۆحەنناشیان لەگەڵدا بوو. [30] خەسووی شەمعون لەناو جێ کەوتبوو لەرزوتای هەبوو، خێرا ئەمەیان بەعیسا ووت. [31]عیساش لێی نزیك بووەوە، دەستی گرتو هەڵیساندەوە سەرپێ. دەستبەجێ لەرزوتاکەی نەماو هەستا بۆ خزمەتکردنیان. [32]کاتێ ئێوارە داهاتو ڕۆژئاوا بوو، خەڵکەکە چی نەخۆشیان هەبوو لەگەڵ ئەوانەی ڕۆحی پیسیان تێدابوو، هەموویان هێنایە لای. [33]خەڵکی شارەکە هەموو بەردەرگای ماڵەکەیان لێگرتبوو، [34]خەڵکێکی زۆری چاككردەوە لەجۆرەها نەخۆشی، هەروەها ڕۆحی پیسی لەزۆریان دەرکرد، بێئەوەی بهێڵێ قسە بکەن، چونکە دەیانزانی کێیە.

مزگێنیدان لەناوچەی جەلیل

[35]بۆ ڕۆژی دوایی، بەرەبەیان پێش دەرکەوتنی ئاسۆ هەستاو چووە شوێنێکی چۆڵەوانیو دەستی کرد بەنوێژکردن. [36]شەمعونو هاوڕێکانی بەشوێن عیسادا گەڕان، [37]کە دۆزیانەوە پێیان ووت: (هەموو خەڵکەکە داوات

دەکەن.) [38]ئەویش پێی ووتن: (وەرن بابڕۆین بۆ ئەم دێیانەی دەوروپشت، تا لەوێش ووشەی خودا ڕابگەێنم، چونکە لەبەر ئەمە هاتووم.) [39]ئینجا ڕۆیشت تاوەکو لەکەنیشتەکانی ناوچەی جەلیل ووشەی خودا ڕابگەێنێ‌و ڕۆحی پیس لەخەڵکی دەربکات.

پاکبوونەوەی نەخۆشی گوڵی

[40]یەکێك نەخۆشی گوڵی هەبوو، هات‌و لێی پاڕایەوە، کەوتە سەرچۆك لەبەردەمیەو ووتی: (گەر بتەوێ پاکم دەکەیتەوە) [41]عیسا بەزەیی پیاهاتەوە، دەستی لێی‌داو ووتی: (دەمەوێ، پاك‌بەرەوە.) [42]هەر کە ئەمەی ووت، کابرا برینەکانی نەماو پاك بووەوە. [43]عیسا دەستبەجێ ڕەوانەی‌کردو بەتوندی ئاگاداری‌کردەوەو [44]ووتی: (ئاگاداربە، ئەمە بەکەس مەڵێ، بەڵکو بڕۆ خۆت نیشانی کاهین بدە، ئەو قوربانییە پێشکەش بکە کە موسا فەرمانی پێداوە، بۆ پاکبوونەوەکەت، وەك شایەتییەك بۆیان.) [45]بەڵام کابرا، ڕۆیشت‌و ئەم هەواڵەی لەهەموو لایەك بڵاوکردەوە، ئیتر عیسا لەوناوە نەیتوانی بەئاشکرا بچێتە شارەکان، لەشوێنی چۆڵەوانی دەمایەوەو خەڵکی لەهەموو لایەکەوە دەهاتنە لای.

چاکردنەوەی ئیفلیجێك

2

پاش چەند ڕۆژێك عیسا گەڕایەوە بۆ کەفەرناحوم، خێرا هەواڵ بلاوبووەوە کە عیسا لەماڵەوەیە. [2]خەڵکێکی زۆر لێی‌کۆبوونەوە، بەشێوەیەك شوێنی کەس نەمابوو، تەنانەت لەبەر دەرگاکەش. ئینجا عیسا دەستی‌کرد بەباسکردنی ووشەی خودا بۆیان. [3] هەر لەوکاتە کابرایەکی ئیفلیجیان هێنایە لای بەچوار کەس هەڵیان گرتبوو. [4]بەڵام بەهۆی زۆری خەڵکەکەوە نەیانتوانی لێی‌نزیك ببنەوە، ئینجا چوون سەربانی ئەو شوێنەی کە عیسای تیابوو کونیان کردو کابرایان بەنوێنەکەیەوە شۆڕکردە خوارەوە بۆ بەردەمی. [5] کاتێ عیسا بەم شێوەیە باوەڕیانی بینی بەکابرای ووت: (کوڕم، گوناهەکانت بەخشران.) [6]لەنێوان دانیشتووەکان هەندێ مامۆستای

شەریعەت هەبوون، لە دڵی خۆیاندا ووتیان: [7](بۆچی ئەم پیاوە بەم شێوەیە دەدوێ؟ بەمە کفر دەکات! کێ دەتوانێ لەگوناە خۆشبێت تەنها خودا نەبێ؟) [8]دەستبەجێ عیسا بە ڕۆحی خۆی زانی لەدڵیاندا چۆن بیری لێدەکەنەوە، پێیووتن: (بۆچی ئاوها بیردەکەنەوە لەدڵتاندا؟ [9]کامیان ئاسانترە، بەئیفلیج بوترێ: گوناهەکانت بەخشرا، یاخود پێی بوترێ: هەستە، نوێنەکەت هەڵگرەو بڕۆ؟ [10]بەڵام ئەمەم ووت بۆ ئەوەی بزانن، ڕۆڵەی مرۆڤ لەسەر زەوی توانای گوناە بەخشینیشی هەیە.) [11]ئینجا بەکابرا ئیفلیجەکەی ووت: (پێت دەڵێم: هەستە جێگاکەت هەڵگرەو بڕۆ بۆ ماڵەوە.) [12]دەستبەجێ کابرا هەستاو جێگاکەی هەڵگرتو لەبەردەم خەڵکەکەدا بەپێی خۆی ڕۆیشت. بەمە هەموو سەرسام بوون، ستایشی خودایان کردو ووتیان: (هەرگیز شتی وامان نەدیوە!)

عیسا بۆ گوناهباران هاتووە

[13]عیسا دووبارە ڕۆیشتە سەر کەناری دەریاچە، خەڵکەکە هەموو لێی کۆبوونەوەو ئەویش دەستی کرد بە فێرکردنیان. [14]هەروەها لەکاتی ڕۆیشتندا، لاوی کوڕی حەلفی بینی دانیشتبوو لەشوێنی باجوەرگرتن، پێی ووت: (دوام کەوە.) ئەویش هەستاو دوای کەوت.

[15]کاتێ عیسا لەماڵی ئەو لەسەر خواندبوو زۆر لەباجگرانو گوناهباران لەوانەی دوای کەوتبوون لەگەڵ قوتابیەکانی لەگەڵیبوون، [16]کە مامۆستایانی شەریعەتو فەریسیەکان بینیان عیسا لەگەڵ باجگرانو گوناهباران نان دەخوات، بەقوتابیەکانیان ووت: (بۆچی لەگەڵ باجگرانو گوناهباران نان دەخوات؟) [17]کاتێ عیسا گوێی لەمە بوو وەڵامی دانەوە: (لەشساغ پێویستی بەپزیشك نییە، بەڵکو نەخۆش. نەهاتووم بۆ بانگکردنی ئەوانەی خۆیان بەچاك دەزانن، بەڵکو گوناهباران.)

دەربارەی ڕۆژوو

[18]کاتێ قوتابیەکانی یەحیاو فەریسیەکان بەڕۆژوو بوون، چەند کەسێ هاتنە لای عیساو لێیان پرسی: (بۆچی قوتابیانی یەحیاو قوتابیانی

فەریسیەکان بەڕۆژوو دەبن، بەڵام قوتابیەکانی تۆ بەڕۆژوو نابن؟)
19لەوەڵامدا ووتی: (ئایا ئەوانەی شایی دەگێڕنو لەگەڵ زاوادان، بەڕۆژوو دەبن؟ نەخێر ئەوەندەی زاوایان لەگەڵدایە ناتوانن بەڕۆژوو بن. 20بەڵام ڕۆژانێ دێت زاوا بەرزدەکرێتەوەو لەنێوانیان نامێنێ، ئەوسا بەڕۆژوو دەبن. 21هیچ کەسێ کراسی کۆن بەقوماشی تازە پینە ناکات، چونکە پارچە تازەکە دەچێتەوە یەکو کراسە کۆنەکە ڕادەکێشێتو دڕاویەکە خراپتر دەکات. 22خەڵکی مەی تازە ناکەنە مەشکەی کۆنەوە، ئەگینا مەشکەکە دەدڕێ، مەیەکە دەڕژێ مەشکەکەش بەکەڵك نامێنێ. بەڵکو مەی تازە دەکرێتە مەشکەی تازەوە.)

گەورەی ڕۆژی شەممە

23لەڕۆژی شەممەدا، کاتێ عیسا بەنێوان دەغڵەکاندا تێدەپەڕی، قوتابیەکانی برسییان بوو، دەستیانکرد بەگوڵەگەنم پروواندنو خواردنی. 24 کە فەریسیەکان ئەمەیان بینی پێیان ووت: (بۆچی قوتابیەکانت شتێك دەکەن کە لەڕۆژانی شەممەدا دروست نیە؟) 25عیسا وەڵامی دانەوەو ووتی: (ئەی نەتان خوێندۆتەوە داودو ئەوانەی لەگەڵی بوون چیانکرد، کاتێ برسییان بوو؟ 26چۆن چوونە ماڵی خودا، لەسەردەمی ئەبیاسری سەرۆك کاهین، نانی قوربانیان خوارد، ئەو نانەی دروست نەبوو بخورێ، تەنها بۆ کاهینەکان نەبێ، بەڵام ئەو نانەکەیدا بەوانەی کە لەگەڵیشی بوون.)
27ئینجا عیسا پێیووتن: (شەممە بۆ مرۆڤ دروستکراوە، نەوەك مرۆڤ بۆ شەممە. 28کەواتە ڕۆڵەی مرۆڤ گەورەی ڕۆژی شەممەشە.)

چاکردنەوەی نەخۆش لەشەممە

3 دیسان عیسا گەڕایەوە بۆ کەنیشت. لەوێ پیاوێکی لێبوو دەستی ووشك بوو، 2هەندێ لەوان سەیریانکرد بۆ ئەوەی بزانن ئایا عیسا لەڕۆژی شەممە ئەو پیاوە چاکدەکاتەوە، تاکو بەمە تاوانباری بکەن. 3جا عیسا بەپیاوەکەی ووت ئەوەی کەدەستی ووشك بوو بوو: (وەرە ئێرە.)
4ئینجا لێیپرسین: (ئایا لەڕۆژانی

شەمەدا، کامەیان دروستە، کاری چاك یاخود کاری خراپ؟ ڕزگارکردن یاخود کوشتن؟) هەموو بەبێدەنگی مانەوە.

[5]عیسا بەتووڕەییەوە سەیری‌کردنو غەمباربوو لەبەر دڵ ڕەقییان، بەپیاوەکەی ووت: (دەستت درێژکە.) ئەویش دەستی درێژکردو دەستبەجێ دەستی چاك بووەوە. [6] ئینجا فەریسیەکان لەگەڵ پیاوانی هێرۆدس لەخەڵکەکە دوورکەوتنەوەو تەگبیریان لێکرد بیکوژن.

[7]دوای ئەمە عیسا قوتابیەکانی بەرەو دەریاچەکە کشان، خەڵکێکی زۆر لەناوچەی جەلیلو یەهودیەو [8] قودسو ئادومیەو پشتی ئوردونەوە دوای کەوتن. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەناوچەی سورو سەیدا، کاتێ هەواڵی ئەو کارانەیان بیست کە عیسا کردوویەتی، هاتن بۆ لای. [9] عیسا فەرمانیدا بەقوتابیەکانی، بەلەمێکی بچووکی بۆ ئامادەبکەن، بۆ ئەوەی خەڵکەکە پاڵەپەستۆی لەسەر نەکەن. [10]چونکە خەڵکێکی زۆری چاككردبووەوە، وای لێهاتبوو هەر کەسێ نەخۆشیەکی هەبوایە، خێرا دەچوو بۆ لای تادەستی لێبدات [11] ئەوانەی ڕۆحی پیسیان تیابوو کاتێ دەیانبینی کڕنووشیان بۆ دەبردو هاواریان دەکرد : (تۆ ڕۆڵەی خودای.) [12]ئەویش بەتوندی فەرمانی پێدەدان کە ئاشکرای نەکەن.

دوانزە نێردراوەکە

[13]دوایی عیسا چووە سەر شاخێك، ئەوانەی دەیویست بانگی‌کردن، ئەوانیش چوونە لای. [14]دوانزە قوتابی لێ دیاری‌کردن، بۆ ئەوەی لەگەڵی بن‌و بیانێرێ بۆ بڵاوکردنەوەی ووشەی خودا.

[15]هەروەها دەسەلاتی پێدان بۆ دەرکردنی ڕۆحە پیسەکان. [16]ئەو دوانزە قوتابیەی دیاری‌کرد ئەمانەن: شەمعون کە بەپەترۆس ناوی دەبرد، [17]یاقوبی کوڕی زەبدیو یۆحەننای برای، کە ناوی لێنابوون (بوانەرجس) واتە کوڕانی هەورەگرمە، [18]ئەندەراوس‌و فیلیپۆس‌و بەرتۆلماوس‌و مەتتاو تۆماو یاقوبی کوڕی حەلەفی‌و تەداوس‌و شەمعونی قانەوی، [19]هەروەها یەهوزای ئەسخەریوتی ئەوەی عیسای

دا بەدەستەوە. ئینجا عیسا گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

عیساو سەروٚکی شەیتان

[20]دیسان لەوێش خەڵکێکی زۆریان لێ کۆبووەوە، بەشێوەیەك نەیانتوانی نان بخۆن. [21]کاتێ کەسوکاری ئەمەیان بیست، هاتن لەگەڵ خۆیان بیبەن، چونکە وا بلاوبوو بووەوە کە مێشکی تێکچووە. [22]هەندێ لەمامۆستایانی شەریعەت لەقودسەوە هاتبوون، ووتیان: (بەعلەزبولی تێدایە، بەسەرۆکی ڕۆحە پیسەکان، ڕۆحە پیسەکان دەردەکا.) [23]ئینجا عیسا بانگی کردنو بەمٶونە قسەی بۆکردنو ووتی: (شەیتان چۆن دەتوانێ شەیتان دەربکا؟ [24]هەر وواڵاتێك دووبەرەکی تیابێت، ناتوانێت خۆی ڕابگرێ، [25]هەر ماڵێکیش دووبەرەکی تیابێت، خۆی ڕاناگرێ. [26]گەر شەیتان بەسەر خۆی هەڵگەڕایەوەو بوو بەدوو بەشەوە، خۆی ڕاناگرێت، بەڵکو بەرەو کۆتایی دەچێ. [27]کەس ناتوانێ بچێتە ماڵی کابرایەکی ئازاو شتەکانی تاڵان بکا، گەر لەپێشا کابرای ئازای نەبەستبێتەوە، ئینجا ماڵەکەی تاڵان بکات.

[28]ڕاستیتان پێدەڵێم: هەموو گوناهێك و کفرکردنێکی نەوەی مرۆڤ دەبەخشرێ، [29]بەڵام ئەوەی کفر بکات بەرامبەر بەڕۆحی پیرۆز، هەرگیز نابەخشرێ، بەڵکو دەکەوێتە ژێر حوکمی هەتاهەتاییەوە.) [30]ئەمەی ووت، چونکە بەعیسایان ووت: ڕۆحی پیسی تیایە.

خێزانی ڕاستەقینەی عیسا

[31]دوای ئەوە دایکو براکانی عیسا هاتن، لەدەرەوە وەستانو ناردیان بەشوێنی. [32]لەوکاتەدا خەڵکێکی زۆر لەدەوروبەری دانیشتبوون، یەکێ هات پێیووت: (ئەوەتا دایکتو براکانت لەدەرەوە ڕاوەستاون بانگت دەکەن.) [33]عیساش ووتی: (دایکم کێیەو براکانم کێن؟) [34]ئینجا سەیرێکی ئەوانەی کرد کە لەدەوروپشتی دانیشتبوونو ووتی: (ئا ئەمانەن دایکو برای من، [35]هەر کەسێ بەخواستی خودا هەڵسوکەوت بکات، ئەو براو خوشکو دایکمە.)

نموونەی جوتیار

4

دیسان عیسا لەسەر کەناری دەریاچەکە دەستی کرد بەفێرکردنی خەڵکەکە، ژمارەیەکی زۆر خەڵك لێی کۆبوونەوە، بەشێوەیەکی وا عیسا دەبوایە بچووایە ناو بەلەمێك کە لەناو ئاوەکەدا بوو، خەڵکەکەش لەسەر ووشکایی بوون. 2بەنموونە زۆر شتی فێرکردن، لەفێرکردنەکەیدا پێی ووتن: 3(گوێبگرن، جوتیارێك چووە دەرەوە تۆو بچێنێ. 4لەوکاتەدا کە تۆوی دەچاند، بەشێ لەتۆوەکە کەوتە سەر ڕێگا، باڵندە هاتنو خواردنی، 5بەشێکی کەشی کەوتە سەر زەویەکی بەردین کەگڵەکەی تەنکبوو، خێرا سەریان دەرکرد، چونکە زەویەکە قوڵنەبوو. 6بەڵام کەڕۆژ هەڵهات، ووشك بوونو ڕوکان، چونکە ڕەگی تەواویان نەبوو. 7بەشێکی کەشی، کەوتنە ناو درکەوە، کاتێ درکەکان سەریان دەرکرد خنکاندنیو بەروبوومیاننەدا. 8هەندێکیش لەتۆوەکە کەوتە سەر زەوی باش، بەروبوومیاندا. بەشێکی یەك بەسەد بەشێکی کەشی یەك بەشەستو یەك بەسی.) 9هەروەها ووتی: (کێ گوێی هەیە بۆ گوێگرتن، با گوێ بگرێ.)

10کاتێ عیسا بەتەنها بوو، ئەوانەی دەوروپشتی لەگەڵ قوتابیەکانی لێیان پرسی، ئاخۆ واتای ئەم نموونەیە چییە؟ 11پێیووتن: (بەئێوە دراوە نهێنی پادشاهێتی ئاسمان بزانن، بەڵام بۆ ئەوانەی لەدەرەوەن هەموو شتێ بەنموونە پێیان دەدرێ. 12چونکە ئەوان سەیر دەکەن بەڵام نابینن، گوێدەگرن بەڵام تێناگەن، تانەگەڕێنەوەو گوناهەکانیان ببەخشرێ!)

ڕوونکردنەوەی نموونەکە

13ئینجا پێیووتن: (ئایا ئەم نموونەیە تێنەگەیشتن؟ باشە ئەی چۆن نموونەکانیتر تێدەگەن؟ 14جوتیارەکە ووشەکە دەچێنێ. 15هەندێ کەس وەك ئەو تۆیەن کە دەکەوێتە سەر ڕێگا، ئەوانە گوێ لەووشەی خودا دەگرن، ئینجا شەیتان دێتو ووشەکە لەدڵیان دەردەهێنێت. 16تۆوەکەی کەوتە سەر زەویە بەردەڵانەکە، ئەوانەن کە ووشەی خودا بەخۆشییەوە وەردەگرن، 17بەڵام لەناویاندا هیچ

ڕەگـــی نیـــیە، خۆیـــان ڕادەگـــرن تاماوەیـــەك، کـــاتێ دەکەونـــە چەوسـانەوەو گیرۆگرفـتەوە بـەهۆی ووشـەی خودا، دەستبەجێ دەکەون.
[18]تۆوەکەی کەوتە جێگا درکاویەکە، ئەوانـەن کەگوێیان لەووشەی خودا دەبیـت، [19]بەڵام نیگەرانی دەربارەی ژیـانو تەفـرەدانی دەوڵەمـەندیو ئـارەزووی شـتی دونـیایی دەچـێتە ناویانـەوەو دەبێـتە هـۆی خـنکاندنی ووشـەی خـودا، ئـیتر ووشەکە هیچ بەرناگـرێ. [20]بـەڵام ئـەوەی کەوتـە سـەر زەوی بـاش، مەبەسـت لـەو مرۆڤانەیە کە گوێیان لەووشەی خودا دەبێـتو وەریدەگـرنو بـەرووبوم دەدەن، یەکێکـیان سـی ئـەوەندە، یەکـێکی کـەش شەسـت ئـەوەندەو یەکێکیتریشیان سەد ئەوەندە.)

نموونەی چرا

[21]عیسـا پـێیووتن: (ئایا خەڵکی چرا هەڵدەکەنو دەیخەنە ژێر تەشتو نوێـنەوە؟ ئایـا لەسـەر شوێنێکی بەرز دای نـــانێ؟ [22]چـــونکە هـــیچ شـــاراوەیەك نیـیە ئاشکرا نەبێ، هیچ نهێـنییەك نییە دەرنەکەوێ. [23]ئەوەی دوو گوێـی هـەیـە بۆ بیستن، باگوێ بگرێ.)

نموونەی پێوانە

[24]هـــەروەها پـــێیووتـــن: (ووردبینەوە لەوەی گوێتان لێدەبێ، بـەچ پـێوانەیەك بـۆ خەڵکی دەپێون بەهـەمان پـێوانە بۆتـان دەپێورێتەوەو زیاتریشـتان پـێدەدرێ. [25]چـونکە ئەوەی کە هەیەتی زیاتری پێدەدرێ، ئـەوەش کـە نییەتی، تەنانەت ئەوەش کە هەیەتی لێی دەسەنرێتەوە.)

نموونەی ڕووەك

[26]عیسـا بـەردەوام بوو و ووتی: (پادشاهێتی ئاسمان لەمرۆڤێك دەکات لەزەویەکـەی تـۆو بچـێنێ. [27]شـەو دەخـەوێ، بەیانی هەڵدەستێ، دەبینێ تۆوەکە ڕووواوەو نەشونمای کردووە، ئـەو نـازانێ ئەمـە چـۆن دەبێت. [28] زەوی لەخۆیـەوە بەرووبووم دەدات، گەنم یەکەمجار لەشێوەی گیا دەڕوێ، ئینجا لاسك‌و گوڵەگەنم دەردەکات، پاشان گوڵەگەنمەکە پڕ دەبێ لەگەنم. [29]بـەڵام کـاتێ بەرەکـە دێتە بەرهەم، داسـی لێ گـیر دەکرێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کاتی دروێنەی هاتووە.)

نموونەی دەنکە خەرتەلە

[30]دیسان پێیووتن: (پادشاهێتی ئاسمان لەچی دەکات، بەچ نموونەیەك ڕوونی کەینەوە؟ [31]وەك دەنکە خەرتەلەیەکە، کاتی چاندنی بچووکترین تۆوی سەر زەوییە، [32] بەلأم کاتێ ڕوواو نەشونمای کرد، دەبێتە گەورەترین ڕووەك‌و لقی گەورە دەردەکات، بەشێوەیەك باڵندەی ئاسمان دەتوانێ لەژێر سێبەریدا بحەسێتەوە.) [33]عیسا بەزۆر نموونەی ئاوا دەدوا بۆ خەڵکەکە، تا ئەو ئاستەی دەیانتوانی گوێی لێبگرن. [34]هەمیشە نموونەی بەکاردەهێنا لەقسەکانی، بەلأم کاتێ بەتەنها دەبوو لەگەڵ قوتابیەکانی، واتای هەموو شتێکی بۆ ڕوون دەکردنەوە.

هێمن کردنی ڕەشەبا

[35]کاتێ ئێوارە داهات، بەقوتابیەکانی ووت: (بابپەڕینەوە بۆ ئەوبەری ئاوەکە.) [36]دوای ئەوەی خەڵکەکەیان بەرێکرد، قوتابیەکان چوونە ناو ئەو بەلەمەی عیسای تێدابوو، هەر لەو کاتەدا چەند بەلەمێکی تر شوێنیان کەوتن. [37] لەدوایدا ڕەشەبایەکی زۆر بەهێز هەڵی کرد، شەپۆلی ئاو بەتوندی دەیدا بەملاو ئەولای بەلەمەکەدا، بەشێوەیەك خەریك بوو پڕ بێ لەئاو. [38]عیساش لەپشتی بەلەمەکەوە سەری خستبووە سەر سەرینێك‌و خەوتبوو. هەڵیانساندو پێیان ووت: (مامۆستا، چیبە دەڵێی هیچ گوێی نادەیتێ، ئەوا ئێمە لەناو دەچین؟) [39] ئەویش یەکسەر هەستاو هەڕەشەی لەڕەشەباکەکردو بەدەریاچەکەی ووت: (بێدەنگبە! هێمنبە!) دەستبەجێ ڕەشەباکە بێدەنگبوو و ئارامییەکی تەواو بالّی بەسەر دەریاچەکەدا کێشا. [40]ئینجا پێیووتن: (بۆچی بەم شێوەیە ترسان؟ باوەڕتان نییە؟) [41]قوتابیەکان ترس چوو بووە دڵیانەوە، بەیەکتریان دەووت: (ئەمە کێیە، تەنانەت ڕەشەباو دەریاش ملکەچن بۆی؟)

دەرکردنی ڕۆحی پیس

5

ئینجا گەیشتنە شاری جەراسین کە کەوتۆتە ئەوبەری دەریاچەکەوە. [2] هەرکە عیسا لەبەلەمەکە هاتەخوارەوە، لەناو گۆڕستانی ئەو

ناوچەیەدا، کابرایەك کە ڕۆحی پیسی تیابوو لێی هاتە پێشەوە، [3]ئەو کابرایە لەگۆڕستاندا دەژیاو کەسیش نەیدەتوانی ببەستێتەوە. تەنانەت بەزنجیریش. [4]زۆرجار بەکۆتو زنجیر دەیانبەستەوە، بەڵام زنجیری دەپچڕاندو کۆتی دەشکاند، کەسیش نەیدەتوانی بیگرێ. [5] شەو و ڕۆژ یا لەگۆڕستان بوو یا لەشاخ، هاواری دەکردو لەشی خۆی بەبەرد بریندار دەکرد. [6]بەڵام کاتێ لەدوورەوە عیسای بینی، ڕایکردە لای‌و کڕنۆشی بۆ برد، [7] بەدەنگی بەرز هاواری‌کرد: (چیت لەمن دەوێ، ئەی عیسای ڕۆڵەی خودای گەورە؟ سوێندت دەدەم بەخودا ئازارم مەدە!) [8]چونکە عیسا پێی ووتبوو: (ئەی ڕۆحی پیس لەم پیاوە وەرە دەرەوە!) [9]ئینجا عیسا لێی‌پرسی: (ناوت چییە؟) وەڵامی دایەوە: (ناوم لیجیۆنە، چونکە ئێمە لەشکرێکی گەورەین.) [10]زۆر لەعیسا پاڕایەوە دەریان نەکات بۆ دەرەوەی ناوچەکە. [11]لەو ناوەدا ڕانە بەرازێکی گەورە دەلەوەڕان لەقەراغی شاخێکدا، [12]ڕۆحە پیسەکان لێی‌پاڕانەوە ڕێیان بدات بچنە ناو بەرازەکانەوە. [13]ئەویش ڕێی‌دان. ڕۆحە پیسەکان لەپیاوەکە هاتنەدەرەوەو چوونە ناو بەرازەکانەوە، ئینجا ڕانە بەرازەکە کە ژمارەیان نزیکەی دوو هەزار دەبوو، کەوتنە ڕاکردنو لەقەراغی ئەو شاخەی بەقەدیەوە بوون، هەڵدێران بۆ ناو دەریاچەکەو هەموو خنکان.

[14]شوانی بەرازەکان خێرا چوون بۆ ناو شارو کێڵگەکان تا ئەم هەواڵە بڵاوبکەنەوە، جاخەڵکەکە هاتنەدەرەوە بۆ بینینی ئەوەی ڕوویداوە. [15]کاتێ هاتنە لای عیسا، ئەو پیاوەیان بینی کە لەشکرێ ڕۆحی پیسی تێدابوو لای عیسادا دانیشتووە بەپۆشتەبێو ئەقڵ تەواویەوە. بەمە خەڵکەکە ترسیان لێنیشت. [16] هەروەها ئەوانەی ڕووداوەکەیان بینیبوو، بۆ خەڵکەکەیان گێڕایەوە چی ڕووبدا سەبارەت بەو پیاوەی ڕۆحە پیسەکانی تێدا بوو هەروەها بەرازەکان. [17]ئیتر هەموو داوایان لەعیسا کرد لەناوچەکەیان بڕوات.

[18]ئینجا عیسا سواری بەلەم بوو، پیاوەکەی ڕۆحە پیسەکانی لێدەرکرا بوو، لەعیسا پاڕایەوە ڕێی بدات

لەگەڵی بێت. [19]بەڵام عیسا ڕێگەی نەداو پێیووت: (بگەڕێوە بۆ ناوماڵۆ کەسوکارت، بۆیان بگێڕەوە خوداوەند چی بۆت کردوەو چۆن بەزەیی پیاتداهاتەوە.) [20]جا کابرا بەهەموو دە شارەکەدا گەڕاو ئەوەی عیسا بۆی کردبوو بۆخەڵکی گێڕایەوە. خەڵکەکەش بەمە زۆر سەرسام بوون.

زیندووکردنەوەی کچێك

[21]کاتێ عیسا گەڕایەوە ئەوبەری دەریاچەکە، ژمارەیەکی زۆر خەڵك لەکەناری دەریاچەکەدا لێی کۆبوونەوە، [22]پیاوێك ناوی یایرۆس بوو، پێشەوایەکی کەنیشت بوو، کاتێ عیسای بینی، هاتو لەبەرپێی کەوتو [23]لێی پاڕایەوەو پێیووت: (کچەکەم بچووکەکەم لەسەرەمەرگدایە، وەرە دەستی لێبدە تا چاك بێتەوەو زیندووبێتەوە.) [24]عیسا لەگەڵی ڕۆیشت، ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکیش بەدوایدا ڕۆیشتنو پاڵەپەستۆیان دەکرد.

چاکردنەوەی ژنێك

[25]هەر لەوێدا ژنێك هەبوو، ماوەی دوانزە ساڵبوو خوێن لێچوونی هەبوو، [26]لەسەر دەستی چەند پزیشکێك ئازاری زۆری چەشتبوو، ئەوەی هەیبوو دابووی بە پزیشك، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو، بەڵکو هەتا دەهات خراپتر دەبوو. [27]ژنە باسی عیسای بیستبوو، بۆیە هاتە ناو خەڵکەکەوەو لەدواوە دەستی لەچمکی کراسەکەیدا، [28]لەبەرئەوەی ژنەکە ووتی تەنها بەدەست لێدانی چمکی کراسەکەی چاکدەبێتەوە. [29]ژنەکە دەستبەجێ خوێن لێچوونەکەی ڕاوەستاو هەستی بەچاکبوونەوە کرد لەنەخۆشیەکەی. [30]کاتێ عیسا هەستی کرد هێزێك لێی هاتەدەرەوە، سەیری خەڵکەکەی کردو پرسی: (کێ دەستی لەجلەکانمدا؟) [31]قوتابیەکانی پێیان ووت: (هەموو دەوروپشتیان گرتوویتو پاڵەپەستۆت دەکەن، کەچی تۆ دەپرسی کێ دەستی لێدام؟) [32]بەڵام ئەو سەیری دەوروپشتی کرد، بۆ ئەوەی بزانێ ئەو کەسە کێبوو. [33]ژنەکەش بەڕوداوەکەی خۆی زانی،

بەترس‌و لەرزەوە هاتە پێشەوە، چۆکی داداو هەموو شتێکی بەڕاستی پێووت. [34]ئینجا عیسا بەژنەکەی ووت: (کچم، باوەڕت‌بوو چاکی کردیتەوە، بڕۆ دڵنیابە، چاك بوویتەوە لەنەخۆشیەکەت.)

[35]لەو کاتەی عیسا قسەی دەکرد، هەندێکەس لەماڵی پێشەوای کەنیشتەکەوە هاتن، ووتیان: (کچەکەت مرد، ئیتر ئەرك مەخەرە بەر مامۆستا بۆ هاتن.) [36] کاتێ عیسا ئەمەی بیست، قسەی لەگەڵ باوکەکە کردو ووتی: (مەترسە، تەنها باوەڕت هەبێ.) [37]کە ڕۆیی بۆ ماڵەکە نەیهێشت کەس لەگەڵی بڕوات تەنها پەترۆس‌و یاقوب‌و یۆحەنای برای یاقوب نەبێت. [38]کاتێ گەیشتنە ماڵی پێشەوای کەنیشتەکە، سەیری‌کرد خەڵکەکە دەگرین‌و شیوەن دەکەن، [39]ئەویش پێی‌ووتن: (بۆچی شڵەژاون‌و دەگرین؟ ئەم کچە نەمردووە، بەڵکو نووستوە.) [40]بەمە خەڵکەکە پێ پێکەنین، بەڵام عیسا خەڵکەکەی هەموو کردە دەرەوەی ژوورەکەو دایك‌و باوکی کچەکەو ئەوانی‌تر کە لەگەڵی بوون بردنی بۆ سەر جێگای کچەکە. [41]دەستی کچەکەی گرت، بانگی کردو ووتی: (ئەی کیژۆڵە، پێت دەڵێم هەستە!) [42]کچەکە تەمەنی دوانزە ساڵبوو، یەکسەر هەستایە سەرپێ‌و دەستی‌کرد بە ڕۆیشتن، خەڵکەکەش هەموو لەمە زۆر سەریان سوڕما. [43]جا ڕای‌سپاردن، ئەوەی ڕوویداوە جارێ بەکەسی نەڵێن، ئینجا پێی‌ووتن شتێك بهێنن بۆ کچەکە تابیخوات.

ڕێز نەگرتن لە عیسا

6

عیسا ئەوێی بەجێهێشت‌و گەڕایەوە بۆ وولاتی خۆی، قوتابیەکانیش دوای‌کەوتن. [2]کە ڕۆژی شەممە هات، لەکەنیشت دەستی‌کرد بەفێرکردنی خەڵکەکە، کاتێ خەڵکەکە گوێیان لێگرت، سەریان سوڕما، ووتیان: (ئەمانەی هەموو لەکوێ بوو؟ ئەم دانایە چیبە پێی دراوە؟ ئەم کارە سەرسوڕهێنەرانە چیبە لەسەر دەستی دەکرێ؟ [3]ئایا ئەوە دارتاشەکەی کوڕی مریەم نیبە؟ برای یاقوب‌و یوسی‌و یەهوزاو شەمعون نییە؟ خوشکەکانیشی لەگەڵمان نین لێرە؟) بەم شێوەیە لێی

کەوتنە گومان. [4]بەڵام عیسا پێیووتن: (هیچ پێغەمبەرێك بێڕێز نییە، تەنها لەوولاتی خۆی و لەنێوان خزمو کەسوکارو مالّی خۆی نەبێ.) [5]بەم شێوەیە نەیتوانی هیچ کارێکی سەرسوڕهێنەر بکات، تەنها ژمارەیەکی کەمی لەخەڵکی چاککردەوە. ئەویش بەدەست دانان لەسەریان. [6]سەری سوڕما لە بێباوەڕییان. ئینجا گەڕا بەلادێیەکانی دەوروپشتو دەستی کرد بەفێرکردنیان.

عیسا نێڕراوەکانی دەنێرێت

[7]دوای ئەوە عیسا هەر دوانزە قوتابیەکەی بانگکردو دوو دوو ناردنی بەملاو ئەولادا دەسەلاتی پێدان بەسەر ڕۆحە پیسەکان، [8]ئینجا ڕای‌سپاردنو ووتی: (بۆ ڕێگا هیچ لەگەڵ خۆتان هەڵمەگرن، تەنها داریەك، نەنان، نەتورەکە، نەپارە لەگیرفانتان، [9]پێڵاوێك لەپێ بکەنو جلی زیادە لەگەڵ خۆتان مەبەن. [10] هەروەها ووتی: (چوونە هەر ماڵێك، لەوێ بمێنەوە تا ئەو شوێنە بەجێ دەهێڵن. [11]بەڵام گەر لەشوێنێك، کەسێك نەبوو ئێوەی بوێو گوێ لەقسەکانتان بگرێ، لەوێ بڕۆنو تۆزی پێتان بتەکێنن تابببێ بەشایەتی بەسەریانەوە. [12]ئیتر قوتابیەکان دەستیانکرد بەڕاگەیاندنی ووشەی خودا تاخەڵك تۆبە بکەن. [13]هەروەها ڕۆحی پیسیان دەردەکردو ژمارەیەکی زۆر نەخۆشیان بەڕۆن چەور دەکردو چاکیان دەکردنەوە.

کوشتنی حەزرەتی یەحیا

[14]ناوی عیسا دەنگی‌دایەوە تاکو گەیشتە لای هیرۆدسی پادشا، هەندێکیان ووتیان: (ئەوە یەحیای خەڵك لەئاوهەڵکێشە لەناو مردووان زیندووبووەتەوە، بۆیە کاری سەرسوڕهێنەر لەسەر دەستی دەکرێ.) [15]هەروەها هەندێکیان ووتیان: (ئەوە ئەلیاسە.) هەندێکیشیان ووتیان: (ئەوە پێغەمبەرێکە، وەك پێغەمبەرانی کۆن.) [16]بەڵام هیرۆدس کاتێ ئەمەی بیست، ووتی: (ئەوە کەسی‌کە نییە، جگە لەو یەحیایەی سەرم بڕیو ئێستاش زیندووبووەتەوە!) [17]ئەم هیرۆدسە کاتی خۆی ناردیو یەحیای گرتوو فڕێی‌دایە بەندیخانە لەسەر ئەو

هیرۆدیایەی کە خواستی، هیرۆدیاش ژنی فیلیپۆسی برای خۆی بوو. [18] چونکە یەحیا بەهیرۆدسی دەووت: (دروست نییە براژنەکەت بخوازیت.) [19]هیرۆدیاش بەمە رقی هەڵسا لەیەحیاو حەزی دەکرد بیکوژێ، بەڵام نەیدەتوانی. [20]هیرۆدسیش لەیەحیا دەترساو دەیپاراست، چونکە دەیزانی یەحیا کابرایەکی چاکو پیرۆز بوو. کاتێ گوێی لەقسەکانی دەبوو زۆر دڵگران دەبوو، لەهەمان کاتیشدا حەزی دەکرد گوێی لێبگرێ. [21]جا هەل ڕێکەوت، کاتێ هیرۆدس بەبۆنەی جەژنی لەدایك بوونیەوە ئاهەنگێکی گەورەی گێڕابوو، تیایا سەرپەلو ناوداڕەکانی ناوچەی جەلیلی بانگکردبوو، [22] کچەکەی هیرۆدیا هاتو دەستی کرد بەسەماکردن، هیرۆدسو میوانەکان بەمە زۆر پێخۆشحاڵبوون. ئینجا هیرۆدسی پادشا بەکچە دەڵێ: (هەرچیت دەوێ داوای بکە، دەتدەمێ.) [23]هەروەها سوێندی بۆ دەخواو دەڵێت: (ئەوەی داوای دەکەیت پێتی دەدەم گەر نیوەی پادشاهیەتەکەشم بێت.) [24]کچەش چووە دەرەوەو لەدایکی پرسی: (چی داوا بکەم؟) ئەویش وەڵامی دایەوە: (داوای سەری یەحیای خەڵك لەئاوهەڵکێشی بکە.) [25]کچە دەستبەجێ هاتە ژوورەوەو داوای لەپادشا کردو پێیووت: (دەمەوێ ئێستا، سەری یەحیای خەڵك لەئاوهەڵکێشم لەسەر سینییەك بدەیتێ.) [26]پادشا بەمە زۆر دڵتەنگ بوو. بەڵام لەبەر ئەو سوێندەی خواردبووی، هەروەها لەبەر ئەو بانگکراوانەی لەگەڵیدا بوون، نەیویست سەرپێچی ئەو سوێندە بکات کە بۆ کچەکەی خواردبوو. [27]پادشا یەکسەر شمشێر بەدەستی ناردو فەرمانیدا سەری یەحیای بۆ بهێنرێ. شمشێر بەدەست ڕۆیشتو لە بەندیخانەدا سەری یەحیای بڕی، [28]ئینجا خستیە سەر سینییەکو هێنای بۆکچەکە، ئەویش دای بەدایکی. [29] کاتێ قوتابیەکانی یەحیا ئەمەیان بیست، هاتن تەرمەکەیان هەڵگرتو ناشتیان.

تێربوونی پێنج هەزارکەس

[30]نێڕراوەکان گەڕانەوە بۆ لای عیسا، هەواڵی هەموو شتێکیان دایە، لەوەی کردبوویانو فێریانکردبوو.

[31]ئینجا عیسا پێی‌ووتن: (هەر خۆتان وەرن بۆ ئەم شوێنە چۆڵە، کەمێ پشوو بدەن.) خەڵکەکە ئەوانەی دەهاتن و دەچوون ئەوەندە زۆر بوون نەیانهێشت تەنانەت نانەکەشیان بخۆن. [32]جا عیساو قوتابیەکانی بەبەلەم چوون بۆ شوێنێکی چۆڵ. [33]لەوکاتەدا زۆر خەڵك ئەوانیان بینی و ناسیانن، لەشارەکانەوە هاتن بەپێ، ڕایان دەکرد بەرەو ئەو شوێنەو پێش ئەوان لەوێ ئامادە بوون. [34]کاتێ عیسا لەبەلەمەکە هاتەخوارەوە، خەڵکێکی زۆری بینی، بەزەیی پێیان هاتەوە، چونکە وەك مەڕی بێ شوان وابوون. یەکسەر دەستی کرد بەفێرکردنیان سەبارەت بەزۆر شت. [35]پاش ماوەیەکی زۆر، قوتابیەکانی هاتن و پێیان ووت: (ئەم شوێنە چۆڵەو ڕۆژیش ئەوەندەی نەماوە. [36]خەڵکەکە بەڕێ بکە، با بڕۆن بۆ ئەم کێڵگەو لادێ نزیکانەو شتێك خواردن بۆ خۆیان بکڕن.) [37]ئەویش پێی ووتن: (ئێوە خواردنیان بدەنێ.) جا پێیان ووت: (ئایا بڕۆین بایی دوو سەد دینار نانیان بۆ بکڕین و بیاندەینێ تا بیخۆن؟) [38]عیسا لێی پرسین: (سەیرکەن بزانن چەند نانتان هەیە؟) ئەوانیش پێیان ووت: (پێنج نان و دوو ماسی.) [39]ئەوسا ئەویش فەرمانی‌دا بەقوتابیەکانی، خەڵکەکە کۆمەڵ کۆمەڵ لەسەر سەوزە گیا دانیشێنن، [40]ئینجا خەڵکەکە بەکۆمەڵی بازنەیی دانیشتن، هەر کۆمەڵەی سەد تا پەنجا کەسێك دەبوون. [41]عیسا پێنج نان و دوو ماسیەکەی هەڵگرت، ڕووی کردە ئاسمان و سوپاسی کرد، ئیتر نانەکانی لەت کردو دای بەقوتابیەکانی تا دابەشی کەن بەسەر خەڵکەکەدا. هەروەها دوو ماسیەکەشی دابەش کرد. [42]خەڵکەکە هەموو نانیان خوارد تا تێربوون. [43]پاشان دوانزە سەبەتە لەتە نان و هەندێ پاشماوەی ماسییان کۆکردەوە. [44]ژمارەی ئەوانەی نانیان خوارد پێنج هەزار پیاو دەبوون.

عیسا بەسەر ئاودا دەڕوات

[45]دوای ئەمە عیسا فەرمانی‌دا بەقوتابیەکانی، دەستبەجێ سواری بەلەمەکە بن و بچنە ئەوبەری دەریاچەکەوە، بۆ شاری بەیت‌سەیدا، بەڵام خۆی لەوێ مایەوە بۆ ئەوەی خەڵکەکە بەڕێبکا. [46]دوای ئەوەی خەڵکەکەی بەڕێکرد چووە

سەرشاخ بۆ نوێژکردن.
[47]کاتێ ئێوارە داهات، بەڵەمەکە لەناوەڕاستی دەریاچەکە بوو، عیساش بەتەنها لەووشکانیدا بوو. [48]بینی قوتابیەکانی ماندوون بەهۆی سەوڵ لێدان، چونکە ڕەشەباکە ڕوو بەڕوویان بوو، لەبەرەبەیاندا بەپێ بەسەر ئاوی دەریاچەکەدا چوو بۆ لایانو خەریك بوو لێیان تێپەڕێ. [49]کاتێ قوتابیەکان بینییان بەسەر ئاوەکەدا دەڕوات، وایانزانی خیۆە، هەموو هاواریانکرد، [50]چونکە پەشۆکان کاتێ بینیان، بەڵام ئەو دەستبەجێ قسەی لەگەڵ کردنو پێی ووتن: (ووڕەتان بەرز بێت، ئەوە منم مەترسن!) [51]ئینجا عیسا چووە ناو بەڵەمەکەیان، ڕەشەباکەش ڕاوەستا. قوتابیەکانیش زۆر سەرسام بوونو سەریان سوڕما. [52]چونکە ئەوان لەکارە سەرسوڕهێنەرەکەی پێنج نانەکە تێنەگەیشتن دڵیان هێشتا هەر ڕەق بوو.

عیسا نەخۆشیتر چاك دەکاتەوە

[53]کاتێ عیساو قوتابیەکانی پەڕینەوە ئەوبەری ئاوەکە، بەڵەمەکەیان لەنگەرداو چوونە ناوچەی جەنیسارەت. [54]هەر لەبەڵەمەکە دابەزین خەڵکەکە عیسایان ناسیەوە. [55]دوای ئەوە گەڕان بەو ناوچەو دەوروپشتەدا. عیسا لەهەر کوێ بوایە، خەڵکەکە نەخۆشەکانیان بەجێگەوە دەبرد بۆ لای. [56]بۆ هەر کوێ بڕۆیشتایە، لادێ، شار، کێڵگە، خەڵکەکە نەخۆشەکانیان دەهێناو لەشەقامەکان دایاندەنان، ئەوانیش دەپارانەوەو داوای ئەوەیان دەکرد دەستی لێ بدەن، تەنانەت گەر لەچمکی کراسەکەشی بێت، ئەوەی دەستی لێدەدا چاك دەبووەوە.

سەرپێچیکردنی ڕاسپاردەی خودا

7

هەندێ فەریسیو مامۆستایانی شەریعەت کە لەقودسەوە هاتبوون چوونە لای عیسا. [2]بینیان هەندێ لەقوتابیەکانی بێدەست شوشتن نان دەخۆن واتە بەدەستی پیس. [3]چونکە فەریسیەکانو جوولەکە هەموو نانیان نەدەخوارد بێئەوەی بەباشی دەستیان نەشۆن، ئەمەش وەك خۆبەستنەوەیەك بوو بەخووڕەوشتی پیرانیان. [4]هەروەها گەر لەبازاڕ

بهاتنایەوە نانیان نەدەخوارد تاخۆیان نەشۆردایە، خوورِەوشتی کەشیان هەبوو وەریان گرتبوو، لەسەری دەڕۆیشتن، وەك شوشتنی کاسەو مەسینەو قاپو قاچاغی مس. [5]لێرە فەریسیەکانو مامۆستایانی شەریعەت لێیان پرسی: (باشە بۆچی قوتابیەکانت لەسەر خوورِەوشتی پیران نارِۆنو بەدەستی نەشۆراوەوە نان دەخۆن؟) [6]ئەویش وەلأمیدانەوە ووتی: (ئەی دووڕووەکان ئەشعیا باشی پێشبینیکردووە دەربارەتان کاتێ ووتویەتی: {ڕێزی ئەم گەلە بۆ من هەر بەدەمە، بەلأم دلّیان لەمنەوە دوورە. [7]بە خۆڕایی دەمپەرستن، ئەوان شتێ فێری خەلّکی دەکەن کە ڕِاسپاردەی خەلّکیە.} [8]ئێوە ڕِاسپاردەکانی خوداتان پشتگوێ خستووەو خۆتان بەستۆتەوە بەخوورِەوشتی مرۆڤەوە.) [9]دیسان پێیووتن: (لەڕِاستیدا ئێوە باش دەزانن چۆن ڕِاسپاردەکانی خودا ڕِەتبکەنەوە تا پارێزگاری لەخوورِەوشتی مرۆڤ بکەن. [10]چونکە موسا ووتویەتی: {ڕێزی دایكو باوکت بگرە، ئەوەی دایكو باوکی ڕِیسوا بکات، بامردن سزای بێت.} [11]بەلأم ئێوە دەلّێن: (گەر یەکێ بەدایكو باوکی بلّێت ئەوەی لەمنەوە دەستتان دەکەوێ دەیکەمە قوربانی. [12]ئیتر ئێوە داوای لێناکەن خزمەتی دایكو باوکی بکات. [13]ئابەم شێوەیە، بەو داب و نەریتانەی وەرتان گرتووە، ووشەی خودا لەکار دەخەن . هەروەها زۆر شتی کەش لەم بابەتە کە دەیکەن.)

ئەوەی مرۆڤ گلاوی دەکات

[14]ئینجا جارێکی کە هەمووانی بانگکردو پێیووتن: (هەموو گوێم بۆ ڕِاگرنو تێبگەن. [15]شت نییە لەدەرەوەی مرۆڤەوە بێتە ناوی و گلاوی بکات. بەلأم ئەوەی لەمرۆڤەوە دەردەچێ، ئەوەیە گلاوی دەکات. [16]﴿ئەوەی دوو گوێی هەیە بۆ بیستن با گوێ بگرێ.﴾ [17]کاتێ خەلّکەکە هەموو ڕِۆیشتن عیسا هاتە ماڵەوە، قوتابیەکان دەربارەی ئەو نموونەیە پرسیاریان لێکرد. [18]پێیووتن: (ئایا ئێوەش تێناگەن؟ نازانن ئەوەی لەدەرەوەی مرۆڤەوە دێتە ناویەوە ناتوانێ گلاوی بکات؟ [19]چونکە ناچێتە دلّیەوە، بەلّکو دێتە ناو سکیەوە ئەوسا لەلەشی دێتە

دەرەوە.) بەمەش ڕایگەیاند هەموو خواردنێك پاکە. [20]ئینجا ووتی: (ئەوەی لەمرۆڤەوە دەردەچێ، ئەوەیە مرۆڤ گلاۆ دەکات. [21]چونکە لەناوەوەو دڵی مرۆڤەوە، بیری خراپ دێتەدەرەوە وەك: بەرەڵاییی، دزی، کوشتن، داوێن پیسی، [22] چاوچنۆکی، خراپەکاری، هەڵخەڵەتاندن، بەدڕەوشتی، چاوپیسی، کفر، لووتبەرزی و گێلی، [23]ئەم شتانە هەموو لەناوەوەی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێو مرۆڤ گلاۆ دەکات.)

باوەڕی ژنێکی کەنعانی

[24]دوای ئەمە عیسا ئەو ناوچەیەی بەجێهێشتو چوو بۆ هەرێمی سورو سەیدا. چووە ماڵێك نەیویست ئاشکرابێت، بەڵام نەیتوانی بەشارەوەیی بمێنێتەوە. [25]ئینجا ژنێك کچەکەی ڕۆحی پیسی تیابوو، کاتێ زانی ئەو لەوێیە هاتو کەوتە بەرپێی. [26]ژنەکەش یۆنانی بوو، خەڵکی فینیقیەی سوریا بوو، لێیپاڕایەوە تاکو ئەو ڕۆحە پیسە لەکچەکەی دەربکات.

[27]بەڵام عیسا پێیووت: (جارێ بامندالّەکان تێربن، چونکە دروست نییە نان لەمان بسەنرێتو فرێبدرێ بۆ سەگ.) [28]ژنەکەش لەوەڵامدا ووتی: (ڕاستە گەورەم! بەڵام سەگیش لەژێر مێزدا لەبەرماوەی مندالّەکان دەخوات.)

[29]ئینجا عیسا پێیووت: (ئا لەبەر ئەم قسەیە، بڕۆ وا ڕۆحە پیسەکە لەکچەکەت دەرچوو.)

[30]کاتێ ژنە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، کچەکەی بینی لەسەر جێگاکەی و ڕۆحە پیسەکەی لێ دەرچوو بوو.

چاکبوونەوەی کەڕو لاڵێك

[31]دوای ئەمە عیسا ناوچەی سوری بەجێهێشتو گەڕایەوە بۆ دەریاچەی جەلیل، بەشاری سەیداو سنووری دە شارەکە تێپەڕی. [32] یەکێکی کەڕو لاڵیان بۆ هێنا، لێیپارانەوە دەستی لەسەر دانێ. [33] عیسا هێنایە ئەم لاوە تۆزێ دوور لەخەڵکەکە، سەری پەنجەی خستە ناو گوێی کابراوە، تفیکردو زمانیگرت. [34]ڕووی خۆی کردە ئاسمانو هەناسەیەکی هەڵکێشاو بەکابراکەی ووت: (ئیفەسا!) واتە بکرێوە. [35]دەستبەجێ گوێو

گـرێی زمـانی کـرانەوە، بـەرێك و
ڕەوانی دەستی کرد بەقسە کردن، [36]
ئـینجا ڕای سـپاردن بەکـەس نەڵـێن
بـەڵام چـەند ڕای دەسـپاردن ئـەوان
زیاتـر هەوالّـیان بڵاودەکـردەوە. [37]
خەڵکەکـە زۆر سەرسـام بـوون
بەشـێوەیەك دەیـان ووت: (هـەموو
کـردەوەکانی بەباشـی ئـەنجامدا!
تەنانـەت وا دەکـات کـەڕ ببیسێت و
لاڵ قسە بکات.)

تێربوونی چوار هەزار کەس

8 لـەو ڕۆژانـەدا خەڵکـێکی زۆر لای
عیسا کۆبووبوونەوە، شتێکی واشیان
نـەبوو بـیخۆن، عیسـا قوتابـیەکانی
بـانگ کردو پێی ووتن: [2](من بەزەییم
بـەو خەڵکەدا دێتەوە، وا بۆ سێ ڕۆژ
دەچـێ لەگەڵـمدان، شتێکی وایان نییە
بـیخۆن. [3]ئاشمـەوێ بەبرسـێتی
بیانـنێرمەوە بۆ ماڵەوە، نەوەك لەڕێگا
بـڕ نەکـەن، چـونکە هەندێکـیان
لەشوێنی دوورەوە هاتوون.)
[4]ئـینجا قوتابـیەکانی پێیان ووت:
(کـێ دەتوانـێ لـەم چـۆڵەوانیە ئـەم
هەموو خەڵکە نان بدات؟)
[5]عیسـا لـێی پرسین: (چەند نانتان
لایـە؟) وەڵامیان دایەوە: (حەوت.) [6]
ئەوسـا فەرمانی دا بەخەڵکەکە لەسەر
زەوی دانیشـن. حـەوت نانەکـەی
بەرزکـردەوە بـۆ ئاسـمان، سوپاسـی
خـودای کـرد، لەتی کـردنو دای
بەقوتابـیەکان تا دابەشی بکەن بەسەر
هەمووان، ئەوانیش دابەشیان کرد. [7]
هـەروەها چـەند ماسـییەکی
بچکۆلەشـیان پێبـوو ئەویشـی
پیرۆزکـردو فـەرمانی دا بەقوتابیەکانی
ئەوانـەش دابـەش بکـەن بەسـەر
خەڵکەکـەدا. [8]ئـیتر هـەموو نانـیان
خـوارد، هـەتا تـێربوون. پاشـان لـەو
پارچـە نانانەی لەخەڵکەکە مابووەوە،
حـەوت سـەبەتەیان پڕکرد. [9]ژمارەی
ئەوانەی نانیان خوارد، نزیکەی چوار
هـەزار کـەس دەبوون. [10]دوای ئەوە
عیسـا خەڵکەکـەی بـەڕێکـردو
دەسـتبـەجێ لەگـەڵ قوتابـیەکانی
سـواری بەلەمـێك بـوو، بۆ ناوچەی
دەلمانووسە چوو.

داواکردنی نیشانەی ئاسمانی

[11]هـەندێ لەفەریسیەکان هاتن بۆ
لای عیسـا بـۆ ئـەوەی تاقی بکەنەوە،
داوایـان لـێکرد نیشانەیەکی ئاسمانیان
نیشـان بدات. [12]ئەویش هەناسەیەکی

هەڵکێشـاو ووتی: (بۆچی ئەم نەوەیە داوای نیشـانە دەکـەن؟ ڕاسـتیتان پـێدەڵێم: بەم نەوەیە نیشانە نادرێ.) [13]ئیـنجا بەجـێیهێشـتن. دووبـارە سواری بەڵەم بوو، پەڕییەوە ئەوبەری دەریاچەکە.

فێرکردنی فەریسیەکان

[14]لەوکاتـەدا قوتابـیەکانی بیریان چـووبوو لـەگـەڵ خۆیـان نان بهێنن، تـەنها یەك نانیان پێبوو. [15]عیسا ڕای سپاردنو پێیووتن: (ئاگاتان لەخۆتان بـێ. ئاگـاداری هەویرترشـی فەریسـیەکانو هـیرۆدس بـن.) [16] قوتابـیەکان لـەدڵی خۆیـان بیریـانکـردەوەو بەیـەکتریان ووت: (بۆیـە وا دەڵێت چونکە نانمان لەگەڵ خۆمـان نەهێناوە.) [17]عیسـا بەمـەی زانیو پێیووتن: (بۆ لەدڵی خۆتان وا بیردەکەنـەوە، لەبەرئـەوەی نانـتان پـێنیـیە؟ ئایـا هێشـتا فـێرنەبوون، تـێنەگەیشتون؟ ئایا هێشتا دڵتان هەر ڕەقـە؟ [18]خـۆ چـاوتان هەیـە، ئەمانە نابـینن؟ گوێتان هەیە، ئەمانە نابیستن؟ هـەروەها بیریشـتان نایەتەوە؟ [19]کاتی پێنج نانەکەی لەتمکرد بۆ پێنج هەزار کـەس، چـەند سـەبەتە پارچـە نـانی لـێمایەوە؟) ووتیان: (دوانزە سەبەتە.) [20]هـەروەها حەوت نانەکەی لەتمکرد بۆ چوار هەزار کەس، چەند سەبەتەی پـڕ پارچـەی لـێمایـەوە؟) ووتـیان: (حـەوت.) [21]ئیـنجا پێیووتن: (ئەی چۆن تائێستا تێناگەن؟)

چاکبوونەوەی کوێرێك

[22]عیسـا لـەگـەڵ قوتابـیەکان بـۆ شـاری بەیـتسەیدا چوو، خەڵکەکە کابـرایەکی کوێـریان هێـنایە لایو لێپاڕانەوە دەستی لەسەر دانێت. [23] ئـەویش دەسـتی کوێـرەکەی گرتو بـردیە دەرەوەی دێیەکە پاش ئەوەی تفـی لـەسـەر چاوی کابرادا، دەستی لـەسـەر دانـاو لـێپرسـی: (هـیچ دەبـینی؟) [24]کابـرا سـەیری کـردو ووتـی: (خـەڵك دەبیـنم، وەکـو درەخـت دەڕۆن.) [25]عیسـا جارێکی کـەش دەسـتی خستەوە سەر چاوی، بەمـە کابـرا چـاکبـووەوە هـەموو شـتێکی بەباشو بەڕوونی دەبینی. [26] ئیـنجا عیسـا کابـرای بـەرەو ماڵەوە ڕەوانەکردو پێی ووت: (جارێ مەڕۆ بۆ ناو دێ.)

دان پیانانی پەترۆس بەمەسیح

[27]دوای ئەمە عیساو قوتابیەکانی ڕوویان کردە دێیەکانی قەیسەری فیلیپۆس، لەڕێگا لەقوتابیەکانی پرسی: (خەڵکی من بەکێ دادەنێن؟) [28]وەڵامیان دایەوە: (بەشێ لەخەڵکی دەڵێن، تۆ یەحیای خەڵك لەئاوهەڵکێشی، بەشێکی کەش دەڵێن، تۆ ئەلیاسی، هەندێکی کەش دەڵێن یەکێ لەپێغەمبەرانی.) [29]دیسان لێیپرسین: (ئەی ئێوە، من بەکێ دادەنێن؟) پەترۆس وەڵامیدایەوە: (تۆ مەسیحی*.) [30]عیسا ئاگاداری کردنەوە ئەمە لای کەس باس نەکەن.

یەکەم باسی مردنی عیسا

[31]ئینجا عیسا دەستیکرد بەفێرکردنیان، کە ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت ئازار بچێژی‌و پیرانو سەرۆك کاهینەکانو مامۆستایانی شەریعەت ڕەتیبکەنەوە، هەروەها بکوژرێ‌و دوای سێ ڕۆژ زیندووبێتەوە. [32]عیسا ئەم باسەی زۆر بەئاشکرا بۆ باسکردن، پەترۆسیش بردیە لاوەو سەرزەنشتی کرد. [33]ئینجا عیسا ئاوڕی لەقوتابیەکانی دایەوە، سەیریکردنو سەرزەنشتی پەترۆسی کرد، ووتی: (لاچۆ لەبەردەمم ئەی شەیتان، تۆ بیرت لای شتی خودایی نییەو بیر لەشتی مرۆڤانە دەکەیتەوە.)

خۆئامادەکردن بۆ مردن

[34]ئینجا عیسا قوتابیەکانی‌و خەڵکەکەی بانگکردو پێیووتن: (ئەوەی دەیەوێ بەدوامەوە بڕوات، با واز لەخۆی بهێنێتو خاچی خۆی هەڵگرێ‌و دوامکەوێت. [35]چونکە ئەوەی بیەوێ ژیانی ڕزگاربکات، دەیدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی ژیانی خۆی دەدۆڕێنێت لەپێناوی منو مزگێنی، ئەوە ژیانی ڕزگار دەکات. [36]چونکە چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت، گەر هەموو جیهان بەدەستەوە، بەڵام خۆی بدۆڕێنێت؟ [37]یان مرۆڤ چی پێشکەش بکات بۆ کڕینەوەی خۆی؟ [38]چونکە ئەوەی شەرمی بەمنو ووشەکانم بێ، لای ئەم نەوە بەدڕەوشتو گوناهبارە. ڕۆڵەی مرۆڤیش، شەرمی پێوە دەکات، کاتێ لەشکۆمەندی باوکی لەگەڵ فریشتە پیرۆزەکان دەگەڕێتەوە.)

شێوە گۆڕانی عیسا

9

ئینجا عیسا پێی ووتن: (ڕاستیتان پێدەڵێم: هەندێ لەوانەی لێرەدا ڕاوەستاون، تامی مردن ناچێژن تا پادشاهێتی خودا* نەبینن کاتێ بەتواناوە دێت.

[2]دوای ئەمە بەشەش ڕۆژ، عیسا پەترۆس و یاقوب و یۆحەننای لەگەڵ خۆی بردو بەیەکەوە چوونە سەر چیایەکی بەرز. کاتێ لەبەرچاویان شێوەی خۆی بەتەواوی گۆڕی، [3] جلەکانی بەشێوەیەك سپی‌بوو بریسکەی دەدایەوە زیاتر لەهەموو ڕوونا کی ئەم سەر زەویە. [4]لەو کاتەدا موساو ئەلیاس دەرکەوتن بۆیان، لەگەڵ عیسادا دەدوان. [5]ئینجا پەترۆس بەعیسای ووت: (گەورەم، شتێکی خۆشە لێرە بمێنینەوە گەر دەتەوێت سێ چادر هەڵدەدەین یەکێ بۆ تۆ، یەکێ بۆ موسا، یەکێکیش بۆ ئەلیاس.) [6]پەترۆس نەیدەزانی چی دەڵێ، لەو کاتەدا هەر سێ قوتابیەکە ترسیان لێ نیشتبوو، [7]ئینجا هەورێك بالّی کێشا بەسەریانو دەنگێك لەهەورەکەوە بانگی کرد: (ئا ئەوەتا ڕۆڵەی خۆشەویستم، ئەوەی پێی دڵشام، گوێی بۆ ڕاگرن.) [8]دوای ئەمە قوتابیەکان خێرا سەیری دەوروپشتیان کرد، بەڵام لەعیسا زیاتر کەسیان نەبینی.

[9]کاتێ لەشاخەکە هاتنە خوارەوە، عیسا ئاگاداری‌کردنەوە: (ئەمەی بینیان جارێ بەکەسی ڕانەگەیەنن، تا ڕۆڵەی مرۆڤ لەناو مردووان هەڵدەستێتەوە.) [10]ئەوانیش ڕاسپاردەکەیان جێبەجێ‌کرد، بەڵام لەناوخۆیان پرسیاریان‌کرد: (باشە مەبەست لەهەستانەوە لەنێو مردووواندا چییە؟) [11]ڕووی پرسیاریان کردە عیساو ووتیان : (باشە بۆچی مامۆستایانی شەریعەت دەڵێن، دەبێ یەکەمجار ئەلیاس بێتەوە؟) [12]عیسا وەڵامی‌دانەوەو ووتی: (ئەمە ڕاستە، ئەلیاس دێتو هەموو شتێ دەخاتەوە شوێنی خۆی. سەرەڕای ئەمە بۆچی لەکتێبی پیرۆزدا نووسراوە، ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت ئازار بکێشێتو بەچاوی نزم سەیر بکرێ؟ [13]بەڵام پێتان دەڵێم ئەلیاس هات، چیان‌ویست پێیان‌کرد، بەو شێوەیەی لەکتێبی پیرۆز دەربارەی نووسراوە.)

دەرکردنی ڕۆحی پیس

[14]کاتێ عیساو قوتابیەکانی

هاتنەوە لای قوتابیەکانی کە، بینیان خەڵکێکی زۆریان لێکۆبووەتەوە، لەوانە هەندێ لەمامۆستایانی شەریعەت خەریکی گفتوگۆ کردنن لەگەڵیان. [15]کە خەڵکەکە عیسایان بینی هەموو سەرسام بوون، خێرا بۆ لای چوون تاسلاوی لێبکەن. [16]ئەوسا عیسا لێیپرسین: (دەربارەی چی دەدوێن؟) [17]یەکێ لەنێوان خەڵکەکەوە هاواری کرد، ووتی: (مامۆستا کورەکەم هێناوەتە لات ڕۆحی پیسی تێدایە، لاڵی کردووە. [18]کاتێ دەیگرێ، دەیدا بەزەویداو کەف لەدەمی دێتو ددانە چرکێی پێدەکەوێت. داوام لەقوتابیەکانت کرد ڕۆحەکە دەرکەن، بەڵام نەیانتوانی. [19]عیسا لەوەڵامدا ووتی: (ئەی نەوەی بێباوەڕ! تاکەی لەگەڵتان بم؟ تاکەی بارتان هەڵگرم؟ ئا بیهێنن بۆ لام.) [20]ئەوانیش کورەکەیان هێنایە لای عیسا. هەر کە ڕۆحە پیسەکە عیسای بینی، مندالەکە فێی لێهاتو کەوتە سەر زەوی، کەف لەدەمی هاتو دەستی کرد بەگەوزینو خۆ خولانەوە. [21]عیسا لەباوکی کورەکەی پرسی: (لەکەیەوە وای لێدێت؟) ئەویش لە وەڵامدا ووتی: (لەمندالێیەوە. [22]زۆر جار ڕۆحە پیسەکە خستویەتیە ناو ئاو و ئاگرەوە تابیکوژێ. گەر بتوانی شتێکمان بۆ بکەیت، بەزەییت پێمان بێتەوەو یارمەتیمانبدە.) [23]عیسا پێی ووت: ((گەر بتوانی)؟ ئەوەی باوەڕبهێنێ هەموو شتێکی بۆ دەبێت.) [24]دەستبەجێ باوکی منداڵەکە هاواری کرد: (باوەڕم هەیە، یارمەتی بێباوەڕیم بدە.) [25]عیسا کە بینی خەڵکەکە لێیان کۆدەبنەوە، بەڕۆحە پیسەکەی ووت: (ئەی ڕۆحی کەڕو لاڵ، فەرمانت پێدەدەم برۆ دەرەوە لەو کورەو جارێکی کە نەگەڕێیتەوە بۆ لای!) [26]دواییڕۆحەکە هاواریکردو کورەکەی بەتوندی خستو هاتە دەرەوە. کورە وەك مردووی لێهات، کەسانێکی زۆر ووتیان: (مرد.) [27]بەڵام کاتێ عیسا دەستیدایە دەستیو هەڵیساند، ئەویش هەستایە سەرپێ. [28]کاتێ عیسا گەڕایەوە بۆ ماڵ، قوتابیەکان بەتەنها لێیان پرسی: (بۆچی ئێمە نەمانتوانی ئەو ڕۆحە دەرکەین؟) [29]وەڵامی دایەوە: (ئەم جۆرە ڕۆحە دەرناکرێ بەنوێژ نەبێت.)

دووەم باسی مردنی عیسا

[30]دوای ئەمە لەوێ ڕۆیشتنو بەناوچەی جەلیل تێپەڕین، عیساش نەیدەویست کەس پێی بزانێ، [31] چونکە خەریکی فێرکردنی قوتابیەکانی بوو، پێیووتن: (ڕۆڵەی مرۆڤ، دەدرێ بەدەستی خەڵکیەوە، دەکوژرێ، دوای کوشتنی بەسێ ڕۆژ هەڵدەستێتەوە). [32]بەڵام ئەوان ئەم قسەیە تێنەگەیشتنو ترسان لێی بپرسن.

کێ مەزنترینە ؟

[33]ئینجا عیسا چوو بۆ شاری کەفەرناحوم. کاتێ گەیشتەماڵەوە، لەقوتابیەکانی پرسی: (ئەوە لەڕێگا باسی چیتان دەکرد؟) [34]قوتابیەکان هیچ وەڵامیان نەدایەوە، چونکە لەڕێگە مشتومڕی ئەوەیان بوو، کامیان مەزنترە. [35]ئینجا عیسا دانیشت، هەر دوانزە قوتابیەکەی بانگکردە لای خۆی‌و پێیووتن: (گەر یەکێ ویستی یەکەمین بێت. باخۆی بخاتە دوای هەموانەوەو ببێتە خزمەتکار بۆ هەموتان.) [36]هەر لەوێدا منداڵێکی بانگکرد، گرتیە باوەشیەوەو لەناوەڕاستیان ڕای‌گرتو پێیووتن: [37](ئەوەی بەناوی منەوە پێشوازی لەیەکێ لەم منالانە بکات، ئەوا پێشوازی لەمن دەکات، هەروەها ئەوەی پێشوازی لەمن دەکات، ئەوا پێشوازی لەمن ناکات، بەڵکو لەوەی ناردوومی.)

ئەوەی دژمان نییە لەگەڵمانە

[38]ئینجا یۆحەننا ووتی: (مامۆستا، یەکێکمان بینی بەناوی تۆوە ڕۆحی پیسی لەخەڵکی دەردەکرد، ڕێمان لێگرت، چونکە دوامان ناکەوێت.) [39]عیسا ووتی: (ڕێی لێمەگرن. کەسێ نییە بەناوی منەوە کاری سەرسوڕهێنەر بکاتو بتوانێ بەخراپە باسم بکات. [40]جا ئەوەی دژمان نییە لەگەڵماندایە. [41]چونکە ئەوەی بەناوی منەوە جامێ ئاوی پێدان، لەبەرئەوەی سەر بە مەسیحن، ڕاستیتان پێدەڵێم ئەو کەسە پاداشتی وون نابێت.

کۆسپ دروستکردن

([42]ئەوەی ببێتە کۆسپ بۆ یەکێك لەم بچووکانەی باوەڕیان بەمن هەیە، ئەوا باشترە بۆ ئەو بەردی دەستار بەملیەوە هەڵواسرێ‌و فڕێ

بدرێته ناو قولأیی دەریاوە. [43]
هەروەها گەر دەستت تووشی
گوناهی کردی، بیبڕەوە، باشترە
بڕۆیته ناو ژیانی هەتاهەتایی بەیەك
دەستەوە لەوەی بەهەردوو دەستتەوە
بڕۆیت بۆ دۆزەخ، بۆ ناو ئاگرێ
کوژانەوەی بۆ نییە. [44]﴿چونکە
لەوێ کرمەکانیان مردنیان بۆ نییەو
ئاگریان ناکوژێتەوە.﴾ [45]هەروەها
گەر قاچت تووشی گوناهی
کردی، بیبڕەوە، باشترە بەیەك
قاچەوە بڕۆیته ناو ژیانی
هەتاهەتاییەوە لەوەی بەهەردوو
قاچەوە بڕۆیته ناو دۆزەخەوە. بۆ ناو
ئاگرێ کوژانەوەی بۆ نییە. [46]
﴿لەوێ کرمەکانیان مردنیان بۆ نییەو
ئاگریان ناکوژێتەوە.﴾ [47]هەروەها
گەر چاوت تووشی گوناهی کردی
دەریهێنە، باشترە بڕۆیته ناو
پادشاهێتی خوداوە بەبێ چاو لەوەی
بەدوو چاوەوە بڕۆیته ناو دۆزەخەوە.
[48]لەوێ کرمەکانیان مردنیان بۆ نییەو
ئاگریان ناکوژێتەوە. [49]چونکە
هەموو بەئاگر سوێر دەکرێن. [50]
خوێ باشە، بەلأم گەر خوێ
سوێریەکەی نەما، چی سوێریەکەی بۆ
دەگەڕێنێتەوە؟ با لەدەرونتان
گشتکات خوێ هەبێت، هەروەها
ئاشتی خوازبن بەرامبەر بەیەکتری.)

تەلأق دان

10

ئینجا عیسا ئەو ناوچەیەی
بەجێهێشتو چوو بۆ هەرێمی
یەهودیاو پشتی ئوردون. دیسانەوە
خەلکەکە لێی کۆبوونەوە، ئەویش
هەروەك لێڕاهاتبوو دەستی کرد
بەفێرکردنیان.
[2]هەندێ لەفەریسیەکان لێیهاتنە
پێشەوە تا تاقیبکەنەوە، لێیان پرسی:
(ئایا دروستە پیاو ژنەکەی تەلأق
بدات؟) [3]لێرەدا عیسا لێیپرسین:
(موسا چ ڕاسپاردەیەکی پێداون؟) [4]
ووتیان: (موسا ڕێیداوە تەلأقنامە
بنووسرێ، بەمەش ژن تەلأق
دەدرێ.) [5]عیسا وەلأمیدانەوە:
(موسا ئەم ڕاسپاردەیەی بۆ نووسیون،
لەبەر دڵڕەقیتان. [6]بەلأم لەسەرەتای
دروست بوونەوە خودا مرۆڤی بەنێرو
مێ دروست کرد. [7]لەبەر ئەو هۆیە
پیاو باوکو دایکی بەجێ دەهێلێتو
لەگەڵ هاوسەرەکەی یەکدەگرێ، [8]
ئەوسا هەردووکیان دەبن بەیەك
لەش. ئیتر دوو نین بەڵکو یەك

لەشن. [9]ئەوەی خودا بەیەکی گەیاندووە، مرۆڤ جیای ناکاتەوە.) [10] کە گەرانەوە بۆ مالێ قوتابیەکانی لەم بارەیەوە لێیان پرسی. [11]ئەویش پێیووتن: (ئەو پیاوەی ژنەکەی تەلاق دەداو یەکێکی کە دەهێنێ، ئەوا داوێن پیسی لەگەڵ دەکات. [12]هەروەها ئەو ژنەی واز لەمێردەکەی دەهێنێتو شوو بەیەکێکی کە دەکات، ئەوا داوێن پیسی دەکات.)

پادشاهێتی ئاسمان بۆ منداڵانە

[13]هەندێ کەس منداڵیان هێنا بۆ لای عیسا، بۆ ئەوەی دەستیان لێبدات، بەڵام قوتابیەکان نەیانهێشت. [14]کاتێ عیسا ئەمەی بینی، تووڕەبوو، پێیووتن: (واز لەمنداڵان بهێنن با بێن بۆ لام، ڕێگەیان لێمەگرن، چونکە پادشاهێتی خودا بۆ ئەوانەیە. [15] بەڕاستی پێتان دەڵێم: ئەوەی وەک منداڵێك پادشاهێتی خودا وەرنەگرێ، ناچێتە ناویەوە.) [16]ئینجا منداڵەکانی لەباوەشکردو دەستی خستە سەر سەریانو پیرۆزی کردن.

گە نجە دەوڵەمەندەکە

[17]کاتێ عیسا خەریك بوو دەڕۆیشت، پیاوێك خێرا هات، کڕنووشی بۆ بردو لێی پرسی: (ئەی مامۆستای باش، چی بکەم بۆ ئەوەی ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنم؟) [18] عیسا پێیووت: (بۆچی بەباش ناوم دەبەیت؟ ئەوە بزانە کەس باش نییە یەکێك نەبێت، ئەویش خودایە. [19]تۆ ڕاسپاردەکان دەزانیت: مەکوژە، داوێن پیسی مەکە، مەدزە، شایەتی درۆ مەدە، زۆرداری لەکەس مەکە، ڕێزی باوکو دایکت بگرە.) [20] کابراش ووتی: (مامۆستا لەمنداڵیەوە هەموو ئەمانەم کردووە.) [21]عیسا سەیری کردو خۆشیویست، پێیووت: (شتێکت ماوە بیکەیت بڕۆ ئەوەی هەتە بیفرۆشەو دابەشی کە بەسەر هەژاران، بەمە گەنجینەیەکت دەبێت لەئاسمان، دوای ئەمە وەرە دوام بکەوە.) [22]کابرا بەمە زۆر دلگران بوو، ئەوێ بەجێهێشت، چونکە سامانێکی زۆری هەبوو.

[23]ئینجا عیسا سەیری دەوروپشتی خۆی کردو بەقوتابیەکانیووت: (چەند گرانە بۆ

ئەوانەی دەوڵەمەندن بچنە ناو پادشاهێتی خوداوە!) [24]قوتابیەکان سەریان سوڕما لەقسەکانی، بەڵام عیسا جارێکی کە وەڵامی دانەوەو پێیووتن: (ڕۆڵەکان چەند سەختە چوونە ناوەوەی پادشاهێتی خودا! [25]ڕۆیشتنی حوشترێك بەکونی دەرزیەکدا ئاسانترە لەچوونە ژوورەوەی دەوڵەمەندێك بۆ پادشاهێتی خودا.) [26]قوتابیەکان زیاتر سەریان سوڕماو بەیەکتریان ووت: (کەواتە کێ ڕزگاری دەبێت؟) [27]عیسا سەیری کردنو ووتی: (بەلای مرۆڤەوە ئەمە نابێت، بەڵام بەلای خوداوە نا، چونکە هەموو شتێك لەلایەن خوداوە دەبێت.) [28]ئینجا پەترۆس پێی ووت: (ئەوەتا ئێمە هەموو شتێکمان بەجێهێشتوەو دواتکەوتوین.) [29]عیسا لە وەڵامدا ووتی: (ڕاستیتان پێدەڵێم: کەس نییە براو خوشك و دایك و باوك و منداڵ و ماڵ و کێڵگەی بەجێهێشتبێ لەپێناوی من و لەپێناوی مزگێنی، [30]لەم زەمانەدا سەد ئەوەندە وەرنەگرێتەوە لەماڵ و براو خوشك و دایك و منداڵ و کێڵگە لەگەڵ چەوسانەوە، لەداهاتووش ژیانی هەتاهەتایی. [31]بەڵام زۆر لەیەکەمینەکان دەبنە دواهەمین و دواهەمینەکانیش دەبنە یەکەمین.)

سێهەم باسی مردنی عیسا

[32]کاتێ هەموو بەڕێگاوەبوون بەرەو شاری قودس، عیسا لەپێشیانەوە دەڕۆیشت و قوتابیەکانیش بەسەرسوڕماویەوە بەدوایەوە، خەڵکەش بەترسەوە. عیسا دوانزە قوتابیەکەی جارێکی کە بردە لاوە، پێیووتن چی بەسەردێ: [33](ئەوا بۆ شاری قودس دەڕۆین، لەوێ ڕۆڵەی مرۆڤ دەدرێتە دەست سەرۆك کاهینەکان و مامۆستایانی شەریعەت، بڕیاری مردنی بەسەردا دەدەن، دەیدەنە دەست ناجوولەکەکان، [34]گاڵتەی پێدەکەن، تفی لێدەکەن، بەقامچی لێیدەدەن، ئینجا دەیکوژن. ئەویش دوای سێ ڕۆژ هەڵدەستێتەوە.)

خزمەتکارمەزنترینە

[35]لێرە یاقوب و یۆحەننا دوو کوڕەکەی زەبدی لێیهاتنە پێشەوەو پێیان ووت: (مامۆستا، دەمانەوێ ئەوەی داوات لێدەکەین بۆمانی

جێبەجێ بکەی.) [36]ئەویش لێیپرسین: (چیتان دەوێت بۆتانی بکەم؟) [37]پێیان ووت: (بهێڵە لەشکۆمەندیەکەتدا یەکێکمان لەلای ڕاستتو ئەوی ترمان لەلای چەپت دانشین.) [38]عیسا پێیووتن: (ئێوە نازانن داوای چی دەکەن، دەتوانن ئەو جامە بخۆنەوە کەمن دەیخۆمەوە، یا بەو شێوەیە لەئازار هەڵکێشرێن کە من هەڵدەکێشرێم؟) [39]ووتیان: (دەتوانین.) ئینجا عیسا پێیووتن: (ئەو جامەی من دەیخۆمەوە، بەو لەدوایدا ئێوەش دەیخۆنەوە، بەو شێوەیەی من لەئازار هەڵدەکێشرێم، ئێوەش هەڵدەکێشرێن. [40]بەڵام دانیشتن لەلای ڕاستو چەپمەوە من ناتوانم بیدەم، تەنها بەوانە نەبێ کە بۆیان دانراوە.) [41]کاتێ دە قوتابیەکە ئەمەیان لەیاقوبو یۆحەننا بیست لێیان تووڕەبوون. [42]ئەوسا عیسا بانگی کردنو پێیووتن: (دەزانن سەرۆك نەتەوەکان کە فەرمانڕەوایی دەکەن گەورەیان هەیە لەسەرووانەوە، هەروەها گەورەکانیان دەسەڵاتیان هەیە بەسەریان. [43]بەڵام ئێوە بائەمە لەناوتان نەبێت، ئەوەی دەیەوێ مەزن بێت لەناوتان، با ببێت بەخزمەتکارتان. [44]ئەوەش کە دەیەوێت لەناوتان ببێتە یەکەمین، بابببێتە کۆیلە بۆ هەمووان. [45]تەنانەت ڕۆڵەی مرۆڤیش نەهاتووە بۆ ئەوەی خزمەت بکرێ، بەڵکو بۆ ئەوەی خزمەت بکاتو خۆی پێشکەش بکاتو بەخت بکات لەپێناوی خەڵکێکی زۆر.

عیسا کوێرێك چاكدەكاتەوە

[46]ئینجا گەیشتە ئەریحا، کاتێ ئەریحایان بەجێهێشت قوتابیەکانو خەڵکێکی زۆری لەگەڵ بوو، کوڕی تیماوس کە بارتیماوسی پێدەوترا کوێر بوو، لەسەرە ڕێگادا دانیشتبوو سوالّی دەکرد. [47]کاتێ بیستی عیسای ناسیریبە لەوێوە دەڕوا، دەستی کرد بەهاوارکردنو ووتی: (ئەی عیسای ڕۆڵەی داود، بەزەییت پێمدابێتەوە!) [48]لەوێدا زۆر کەس سەرزەنشتیانکرد تا بێدەنگ بێت. بەڵام ئەو زیاتر هاواریکرد: (ڕۆڵەی داود، بەزەیت پیامدابێتەوە!) [49]عیسا ڕاوەستاو ووتی: (بانگی بکەن.) ئەوانیش کابرای کوێریان بانگکردو ووتیان: (بە ووڕەبە! هەستە! بانگت

دەکـات.) [50]ئەویش کەواکەی بەری
فـرێداو ڕۆیشـت بەرەو لای عیسا.
[51]عیسـا لـێپرسی: (دەتەوێ چیت
بـۆ بکـەم؟) کابـرای کوێـر وەلامـی
دایـەوە: (گـەورەم، دەمـەوێ چـاوم
چاکەیتەوە.) [52]ئینجا عیسا پێووت:
(بـڕۆ! بـاوەڕت چـاکی کردیـتەوە.)
دەسـتبـەجێ کابرا چاوی ڕووناکی
تـێکـەوتو لـەدوای عیسـا ڕۆیـی
بەڕێدا.

عیسا دەڕوات بۆ قودس

11 کـاتێ لـەقودس نـزیك بوونـەوە،
گەیشتنە دێی بەیتفاجیو بەیتعەنیا
کەنـزیك کـێوی زەیـتونن. عیسـا
دووان لەقوتابـیەکانی نـارد، [2]
پـێیووتـن: (بـڕۆنە ئـەو دێـیەی
بەرامـبەرتان، کـە دەگەنـە ئـەوێ،
دەبینـن جاشـکێك بەسـتراوەتەوە، تا
ئێستا کـەس سـواری نـەبـووە،
بـیکـەنـەوەو بیهێنن بـۆ ئێرە. [3]گـەر
یـەکـێك پـێیووتـن: بـۆ ئەمـە
دەکـەن؟ بلـێن: گەورەمان پێویستی
پێـیەتی، ئینجا دەستبەجێ دەینێرێ
بـۆ ئـێرە.) [4]قوتابـیەکان ڕۆیشـتنو
لـەکۆلانـێك بینـیان جاشـکەکە
بـەدەرگای دەرەوە بەسـتراوەتەوە،
ئەوانـیش کردیانەوە، [5]هەندێ کەس
لـەویدا ڕاوەسـتابوون ووتـیان:
(چـیدەکـەن؟ بـۆ ئـەو جاشـکە
دەکەنەوە؟) [6]بەو شێوەیەی عیسا پێی
ووتـبوون وەلامـیان دایـەوە، ئـیتر
وازیـان لـێهێـنان. [7]ئیـنجا
کراسـەکانیان خسـتە سـەر پشـتی
جاشکەکەو هێنایان بۆ عیسا، ئەویش
سـواری بـوو. [8]زۆر لەخەڵکەکـە
ڕێگەکـەیان ڕاخسـتبوو
بـەجلەکانیانو هەندێکی کەش بەلقی
دار کـە لەباخەکانیان کردبووەوە. [9]
ئەوانـەی لەدوایـەوە دەڕۆیشـتنو
ئەوانـەش لەپێشیەوە بوون، هاواریان
دەکـرد: (هۆسـانا! پـیرۆزە ئـەوەی
بەناوی خوداوەندەوە دێت! [10]پیرۆزە
ئـەو پادشـاهێتییەی دێت، پادشاهێتی
داودی باوکمـان! هۆسـانا
لەبـەرزایی!) [11]دوای ئەمـە عیسـا
گەیشـتە شـاری قـودس، چـووە ناو
پەرسـتگاکەوە تەمشـای هـەموو
شـتێکی کرد، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی
کـات دەمـەو ئـێوارە بـوو، لەگـەڵ
دوانزە قوتابیەکەی ڕۆیشتەوە بۆ دێی
بەیتعەنیا.

دارهه نجیری بێ بەر

12بەیانی کاتێ عیسا دێی بەیتعەنیای بەجێهێشت، برسی بوو. 13لەدوورەوە دار هەنجیرێکی بینی باش گەلای کردبوو، ڕووی تێکرد بەلکو بەری پێوە بێت. کاتێ گەیشتە لای لەگەلا زیاتر هیچی پێوە نەدی، چونکە کاتەکە وەرزی هەنجیر نەبوو. 14عیسا پێی ووت: (ئیتر کەس لەبەرت ناخوات تاهەتایە.) قوتابیەکانیش گوێیان لەمەبوو.

پاککردنەوەی پەرستگا

15هاتنەوە بۆ قودسو عیسا چووە ناو پەرستگاکەوە، دەستی کرد بەدەرکردنی ئەوانەی خەریکی کڕینو فرۆشتن بوون. مێزی پارە گۆڕەوەکانی وەرگێڕا لەگەڵ شوێنی دانیشتنی کۆتر فرۆشان. 16ئیتر نەیهێشت کەس بەناو پەرستگاکەدا بڕوات لەوانەی شتو مەکیان بەسەر کۆڵەوە بوو. 17دەستی کرد بەفێرکردنی خەڵکەکەو ووتی: (ئایا خودا لەکتێبی پیرۆز نەیفەرمووە: {مالّم بەشوێنی نوێژ ناودەبرێ لەلای هەموو گەلان؟} کەچی ئەوەتا ئێوە کردووتانە بە {ئەشکەوتی دزان!})

18هەر کە سەرۆك کاهینەکانو مامۆستایانی شەریعەت گوێیان لەمە بوو، بیریان کردەوە لەوەی چۆن بیکوژن. چونکە لێی دەترسان لەبەرئەوەی خەڵکەکە هەموو سەرسام بووبوون لەفێرکردنەکانی. 19کاتێ ئێوارە داهات، عیسا قوتابیەکانی چوونە دەرەوەی شار.

دەربارەی هێزی باوەڕ

20ڕۆژی دوایی بەیانی زوو کاتێ بەلای دار هەنجیرەکەدا ڕۆیشتن، سەیریانکرد هەمووی ووشك بووە لەڕەگەوە. 21پەترۆس بیری کەوتەوەو ووتی: (مامۆستا، سەیری ئەو دار هەنجیرە بکە کە نەفرەتت لێکرد، ووشك بووە!) 22ئینجا عیسا بەهەموویانی ووت: (باوەڕتان بەخودا بێت.) 23بەڕاستی پێتان دەڵێم: ئەوەی بەو شاخە بڵێ هەڵکەنرێو بڕۆ خۆت بخەرە ناو دەریاوە، بەمەرجێ گومان نەکات لەدڵی، بەڵکو باوەڕ بکات ئەوەی دەیڵێ دەبێت، ئەوا بۆی دەبێت. 24جا لەبەرئەوە پێتان دەڵێم: ئەوەی داوای دەکەنو نوێژی بۆ دەکەن، باوەڕتان هەبێ کە وەرتان

گـرتووە، ئـەوا بۆتـان دەبـێ. [25]
کاتێکـیش کـە نوێـژ دەکـەن گـەر
شـتێکتان هـەبوو بەسـەر یەکێـکەوە
لـێی‌خۆش‌بن، هەتا بـاوکـی ئاسمانیتان
لەهەڵەکانـتان خۆش‌بێت. [26]﴿بـەڵام
ئـێوە گـەر لـێبوردنـتان بۆ خەڵکی
نەبێـــت، بـــاوکـی ئاسمانیشـــتان
لـێبووردنی نابێت بۆهەڵەکانتان.﴾)

دەسەڵاتی عیسا

[27] عیســاو قوتابـیەکانی دیســان
هاتـنەوە بۆ قودس، کاتێ بەپەرستگادا
دەڕۆیشـت، سـەرۆك کاهیـنەکانو
مامۆستایانی شەریعەتو پیران لێی‌هاتنە
پێشـەوە، [28]لێـیان پرسـی: (ئـەوەی
کـردووتە بـەچ دەسەڵاتێ دەیکەیت؟
کـێ دەسـەڵاتی پێـت داوە ئـەم شتانە
بکەی؟) [29]عیسا وەڵامی دانەوە ووتی:
(منـیش شـتێکتان لـێدەپرسـم، گەر
وەڵامـم بدەنـەوە، ئەوسـا پێتان دەڵێم
بـەچ دەسەڵاتێك ئەم شتانە دەکەم: [30]
ئایـا یەحـیا لەئاسمانـەوە دەســەڵاتی
پێدرابوو خەڵك لەئاوهەڵکێشێت یان
لەخەڵکـیەوە؟ وەڵامـم بدەنـەوە!) [31]
ئەوانـیش کەوتـنە تەگبیرو ڕاوێژ لەنێو
خۆیان، ووتیان: (گەر بڵێن لەئاسمانەوە
بـوو، دەڵێـت باشـە بۆچـی باوەڕتـان
پـێنەکـرد؟ [32]یـان ئەگـەر بڵـێین
لەخەڵکـیەوە بوو، ...) ئەوان لە گەل
دەترسـان، چـونکە گـەل یەحـیایان
بەپێغەمـبەر دادەنا. [33]ئەوسا بەعیسایان
ووت: (نـازانین.) عیسـاش پێیووتن:
(منـیش پێتان نالـێم بەچ دەسەڵاتێك
ئەمانە دەکەم.)

نموونەی باخەوانەکانی ڕەز

12

عیسـا بەنموونـە قسـەی‌کـرد بـۆ
خەڵکەکە، ووتی: (کابرایەك باخێکی
مێوی چاندو دەوروپشتەکەی پەرژین
کـرد، لـەناویدا بابەتی تڕێ گوشینی
تـێدا دانـاو شـوێنی پاسـەوانی تـێدا
دروسـت‌کـرد. ئینجا ڕەزەکـــەی
دایەدەســت باخـەوانانو خـۆی بـۆ
وولاتـــێکی‌کە ڕۆیشـــت. [2]کـــاتێ
وەرزی بـــــەرووبووم هـــــات،
ئیشـــکـەرێکی نـــارد بـــۆ لای
باخەوانـــەکان تـــاکـو لـەبـــەری
ڕەزەکـە بەشـی خـۆی بۆ بنێرن. [3]
بـەڵام باخـەوانەکان کابرایان گرتو
لێیانداو بەدەستی بەتاڵ نارد‌یانەوە. [4]
کابـرا دیسـانەوە ئیشـکەرێکی کەی
نارد بۆ لایان، باخەوانەکان ئەمیشیان
بەلـێدانو سـووکایەتی پێکـردنو

سەرشـــکاویەوە بۆ ناردەوە. [5]ئینجـا کـابـرا ئیشـکـەرێکـی کـەی نـارد، بـاخـەوانـــــەکـان ئـــــەمجارە ئیشـــکەرەکەیان کوشـــت. کابـــرا دیســـان چـــەند کەسێکی تری نارد بـــۆ لایـــان، باخـەوانـــــەکـان ئەمجـارەشـــیان هـەسـتان بەلـــێدانی هـەندێکـــیانو کـوشـتنی ئـــەوانی کـــەیان. [6]کـابـرا کـورِێکی تاقانەی خـۆشـەویستی هـــەبوو، لـــەدواییدا هـەســـتاو کورِەکەی نارد بۆ لایان، ووتـــی: هـــەر چـــۆنێك بێـــت لـەکورِەکـــەم ســڵدەکـەنەوە. [7]بەڵام باخەوانـــەکان بەیـــەکتریان ووت: ئـــەوەتا ئـــەوە میراتگـــرە، وەرن بابـیکوژین ئەوسـا مـیراتـەکـــە بـۆ خـۆمـــان دەمێنێـــتەوە. [8]ئیـــنجا کورِەکـــەیان گـــرت، کوشـــتیانو فرِێیاندایـــە دەرەوەی رِەزەکـــە. [9] باشـــە دەبـــێ خـــاوەنی رِەزەکـــە چـیبکات؟ ئەو دێتو باخـەوانەکان لـــەناو دەبـــاتو رِەزەکـــە دەدا بەباخەوانانی تر. [10]ئـــــایا لەکتێبی پیرۆزدا ئەم ئایـەتەتان نەخوێندۆتەوە: {ئـــــەو بـــەردەی وەســـتاکان رەتـیانکردەوە، بوو بە بەردی بناغە. [11]ئەمەش لەخوداوەندەوەیەو شتێکی سەرسـورهێنەرە لەبەر چاومان.}؟ [12] دوای ئەمـە ویسـتیان عیسـا بگـرن، چـونکە دەیانـزانی نموونەکـە ئـەوان دەگرێـتەوە، بـــەلاّم لەخەلّکەکـــە ترسان، ئیتر وازیان لێهێناو رِۆیشتن.

باج دان بە قەیسەر

[13]ئـینجا هـەندێ لەفەریسیەکانو پـیاوانی هیرۆدسیان نارد لای عیسا، تـــاکو بەووشـــەیەکی خـــۆی تووشـیبکـەن. [14]هاتنو پێیان ووت: (مامۆستا ئێمە دەزانین تۆ رِاستگۆیت، گوێش نادەیت بەکەس، چونکە پلەو پایـەت بەخـــەیالّدا نایـــەت، تـــەنها فـێرکـردنی رِێگـەی خـودا نەبێـت بەشێوەیەکی رِاست. باشە ئایا سەرانە دان بەقەیسەر دروستە یان نا؟ سەرانە بدەیـن یـان نەیدەین؟) [15]بەلاّم عیسا بـەدووڕوویی ئەوانی زانیو پێیووتن: (بۆچـی تاقـیم دەکەنەوە؟ ئا دیناریکم بدەنـێ باتەماشای بکەم.) [16]ئەوانیـش دیناریکیان پـێیدا، ئـینجا عیسا لێی پرسـین: (باشـە ئـەم وێنەو نووسراوە هـی کێیە؟) ووتیان: (هی قـەیسەرە.) [17]پـێیووتـن: (کەواتـە ئـەوەی هـی قەیسـەرە بـیدەن بە قەیسـەر، ئەوەش هـی خـودایـە بیدەن بەخودا.) ئەوان

بەم وەڵامە زۆر سەریان سوڕما.

زیندووبوونەوەی مردووان

[18]ئینجا هەندێ لەسەدوقیەکان کەباوەڕ بەزیندووبوونەوە ناکەن، لێیهاتنە پێشەوەو پرسیاریان لێکردو ووتیان: [19](مامۆستا، موسا بۆی نووسیوین، گەر یەکێ براکەی مردو ژنەکەی بێ منداڵ بەجێما، پێویستە لەسەری براژنەکەی بهێنێتو وەچە بەناوی براکەیەوە دروست بکات. [20]حەوت برا هەبوون، یەکەمیان ژنی هێناو مرد بێ ئەوەی منداڵی هەبێ. [21]دووەم براژنەکەی خواست، ئەویش مرد بێئەوەی منداڵی لەپاش بەجێ بمێنێ، سێهەمیش هەمان شت. [22]تا بەم شێوەیە هەر حەوت براکە مردن، بێئەوەی هیچ منداڵیان لەپاش بەجێ بمێنێ. لەپاشان ژنەکەش مرد. [23]باشە لەڕۆژی زیندووبونەوەدا، ژنەکە بۆ کامیان دەبێت؟ چونکە ژنی هەموویان بووە.)

[24]عیسا وەڵامی دانەوە ووتی: (ئایا ئێوە گومڕا نین، چونکە نە لەکتێب دەزانن نە لەهێزی خودا؟ [25]کاتێ خەڵکی زیندووەدبنەوە، نەژن دەهێنن و نەشوو دەکەن، بەڵکو وەک فریشتەی ئاسمان دەبن. [26]بەڵام دەربارەی مردووان کە زیندووەدبنەوە، ئایا لەتەوراتدا نەتانخوێندۆتەوە چۆن خودا لەناو دەوەنەکەدا لەگەڵ موسا دواو پێیووت: (من خودای ئیبراهیمو خودای ئیسحاقو خودای یاقوبم؟) [27]ئەو خودای مردووان نییە، بەڵکو خودای زیندووانە، کەواتە ئێوە خراپ گومڕابوون!)

گەورەترین ڕاسپاردە

[28]یەکێ لەمامۆستایانی شەریعەت کە گوێی لەقسەکانیان بوو هەروەها بینی عیسا باش وەڵامی دانەوە، لێیپرسی: (چ ڕاسپاردەیەك یەکەمی هەموو ڕاسپاردەکانە؟) [29]عیسا وەڵامی دایەوە: (یەکەمی هەموو ڕاسپاردەکان ئەمەیە: {گوێ بگرە ئیسرائیل، خوداوەند خودای ئێمە یەك خوداوەندە، [30]جا دەبێ خوداوەند خودات خۆش بوێ بەهەموو دڵو هەموو گیانو هەموو بیرو هەموو تواناتەوە.} ئەمە ڕاسپاردەی یەکەمە. [31]دووەمیشیان وەك ئەم وایە، (ئەوەی لێت نزیکە وەك خۆت خۆشت بوێ، ئیتر هیچ

ڕاسپاردەیەك نیە مەزنتر لەم دوو ڕاسپاردەیە.) [32]ئینجا مامۆستاکەی شەریعەت پێیووت: (مامۆستا ئەمە ڕاستەو تۆ ڕاستت فەرموو. خودا هەریەکەو هیچ خودایێکی نییە تەنها ئەو نەبێ، [33]هەروەها خۆشەویستی ئەو بەهەموو دڵو بەهەموو تێگەیشتنو بەهەموو تواناوەیە، هەروەها خۆشەویستی ئەوەی لێت نزیکە وەك خۆت باشترە لەهەموو قوربانیەك‌و قوربانی سوتاندنێك.) [34]کاتێ عیسا بینی کابرا بەژیرانە دوا، پێیووت: (تۆ ئەوەندە دوور نیت لەپادشاهێتی خوداوە.) دوای ئەمە ئیتر کەس نەیوێرا هیچ پرسیارێکی کەی لێبکات.

مەسیح و داود

[35]لەکاتێکدا عیسا لەناو پەرستگاکە خەڵکی فێردەکرد، ووتی: (مامۆستایانی شەریعەت چۆن دەڵێن مەسیح* کوڕی داودە؟ [36] کاتێ داود خۆی بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە دواو ووتی: {خوداوەند بەخوداوەندمی فەرموو: لەلای دەستی ڕاستمەوە دانیشە تادوژمنانت بخەمە ژێر پێتەوە.} [37]کە داود خۆی مەسیح بەخوداوەند بانگ بکات، ئیتر چۆن مەسیح دەبێت بەکوڕی؟) خەڵکەکە زۆر بەشادومانیەوە گوێیان بۆ قسەکانی ڕاگرتبوو. [38]عیسا لەفێرکردنەکەیدا پێی ووتن: (ئاگاداری مامۆستایانی شەریعەتبن، ئەوانەی بەجلی پانو پۆڕو دڕێژەوە دەگەڕێن‌و حەز دەکەن لەگۆڕەپانە گشتیەکاندا سلاوّیان لێبکرێ، [39] لەکەنیشتەکان ڕیزی پێشەوە دەگرن، ڕیزی یەکەمیش لەکاتی داوەتەکاندا. [40]هەروەها مالّی بێوەژن دەخۆن، وەك خۆدەرخستن درێژە بەنوێژەکانیان دەدەن. ئەوانە سەختترین سزا وەردەگرن.)

بەخشینی بێوەژن

[41]عیسا بەرامبەر سندوقی پەرستگاکە دانیشت‌و سەیری ئەوەی دەکرد چۆن خەڵکی پارەیان تێدەکرد، زۆر لەدەوڵەمەندەکان پارەی زۆریان خستە ناو سندوقەکە. [42]ئینجا بێوەژنێکی هەژار هات‌و دوو پولی خستە ناو سندوقەکە، کە چارەك چارەکی دینارێکی نەدەکرد. [43]عیسا قوتابیەکانی بانگ‌کردو پێیووتن: (ڕاستیتان پێدەڵێم، ئەو

بـێوەژنە هـەژارە، لـەهەموو خەڵکەکە زیاتـر پـارەی خستە ناو سەندوقەکە. [44]چـونکە هـەموو ئەوانیتر پارەیانـدا لـەوەی لەپێویستی خۆیان زیاتربوو، بـەڵام ئەوەی ژنەکە دای، لەپێویستی خـۆی‌بـوو، تـەنها هـەر ئـەوەش گوزەرانی ئەو بوو.)

نیشانەکانی کۆتایی زەمانە

13

لەکاتـێکدا عیسا پەرستگاکەی بەجێ دەهێشـت، یـەکێ لەقوتابـیەکانی پـێی‌ووت: (مامۆسـتا، سـەیری ئـەم بـەردو خـانووە سـەر سـورهێنەرانە بکـە!) [2]عیسـاش پـێی‌ووت: (ئـەم خـانووە مەزنانـە دەبینیـت؟ بـەردی بەسـەر بەردیـەوە نامـێنێ هـەمووی دەڕوخێـت.) [3]کـاتێ عیسـا لەسـەر چـیای زەیـتون بـوو بەرامـبەر پەرسـتگاکە، پەتـرۆس و یـاقوب و یۆحەنـناو ئـەندەراوس بەتـەنها لێیان پرسـی: [4](پێمان بڵێ کەی ئەم شتانە ڕووەدات، پێش ئەوەی ئەمانە ببێت چ نیشانەیەك دیاری دەدات؟) [5]عیسا وەڵامـی‌دانـەوە ووتـی: (ئاگاداربن، کـەس هەڵتان نەخڵەتێنێ. [6]زۆر هەن بـەناوی مـنەوە دێـن و دەڵـێن، ئـێمە ئـەوین. بەمـەش زۆر کـەس هـەڵ دەخەڵەتێـنن. [7]کـاتێ بـاس و هەواڵی جـەنگ دەبیستن مەترسن، ئەمە دەبێ ڕووبـدات، بەڵام ئەمە جارێ کۆتایی نییە. [8]میللەتان دەچن بەگژ یەکتردا وواڵات بـەگژ ووڵاتـی‌کـەدا، بوومەلەرزە لەزۆر شوێن ڕووەدات، هەروەها برسێتی و نەبوونی، بەڵام ئەمە جارێ پێچوو ژانی یەکەمە. [9]ئاگاداری خۆتـان بـن، چـونکە دەتـانبەنـە بەر دادگـاو کەنیشتەکان، لێتان دەدەن و لەپێـناوی مـن لەبـەردەم حوکمڕانو پادشـاکان ڕادەوەستێنرێن، تا شایەتی بۆ من بدەن لەبەردەمیان. [10]هەروەها یەکـەمجار دەبـێ مزگێـنی بەهـەموو مـیللەتان ڕابگەیەنـرێ. [11]کاتێکیش دەتانـبەن بۆئـەوەی بـتانـدەن بەدەستەوە، نارەحـەت مەبن بەوەی چـی بڵـێن، بەڵکو لەوێدا چیتان بۆ دەوتـرێ پـێی‌بدوێـن، چونکە ئێوەنین دەدوێـن، بـەڵکو ڕۆحـی پـیرۆزە دەدوێـت. [12]برا، برا دەدا بەدەستەوە بـۆ مـردن، بـاوك کـور، مـندالان لـەباوك‌و دایـك هەڵدەگەڕێـنەوەو دەیـانکوژن. [13]هەموو خەڵکی ڕقیان لێـتان دەبێـتەوە لەپێـناوی ناوی من، بـەڵام ئـەوەی تاکۆتـایی خـۆی

ڕادەگرێ ئەوە ڕزگاری دەبێت.

گەورەترین تەنگانە

[14]کاتێ پیسیو کاولبوون دەبینن لەو جێگایەی کە نابێ لێی بێ، ئەوەی پێغەمبەر دانیال باسی کردووە، (باخوێنەر تێبگات)، دوایی با ئەوانەی لەناوچەی یەهودیادان ڕاکەن بۆ شاخەکان، [15]ئەوەش لەسەربانە، بابۆ بردنی هیچ شتێك نەیەتە خوارەوەو نەچێتە ژوورەوە، [16] هەروەها ئەوەی لەکێلگە بوو، با نەگەڕێتەوە تاکو جلەکانی لەگەڵ خۆی ببات. [17]خاك بەسەر سك‌پڕو شیردەر لەوڕۆژانەدا! [18]نوێژ بکەن با ئەمە لەزستاندا نەبێت. [19]چونکە تەنگانەیەك ڕوودەدات کە هێشتا لەدروستکردنی جیهانەوە، ئەوەی خودا دروستی‌کردووە، تا ئەمڕۆ شتی‌وا نەبووەو نابێت. [20]گەر بێتو خوداوەند ئەو ڕۆژانە کەم نەکاتەوە، هیچ مرۆڤێك ڕزگاری نابێت. بەڵام لە پێناوی ئەوانەی هەڵبژێرراون، ئەو ڕۆژانە کەم دەکرێنەوە. [21]گەر هاتوو ئەو کاتە یەکێك پێی‌ووتن: ئەوەتا مەسیح لێرەیە! یا ئەوەتا لەوێیە! باوەڕ مەکەن. [22]چونکە چەند مەسیحێکی فێڵبازو پێغەمبەری درۆزن دەردەکەون، نیشانەی گەورەو شتی سەرسوڕهێنەر دەکەن، تاکو تەنانەت گەر بتوانن هەڵبژێراوانیش هەڵبخەڵەتێنن. [23] بەڵام ئاگاردارین، ئەوا من ئاگاداری ئەم هەموو شتانەم‌کردن، پێش ئەوەی ڕووبدات.

هاتنەوەی عیسا

[24]بەڵام لەو ڕۆژانەدا، دوای ئەو تەنگانەیە، ڕۆژ تاریك دەبێتو تیشکی مانگ دەگیرێ، [25] ئەستێرەکان لەئاسمانەوە دەکەونو هێزی ئاسمان تێك‌دەچێت. [26]ئەوسا دەبینن ڕۆڵەی مرۆڤ لەناو هەورەوە بەتواناو شکۆیەکی مەزنەوە دێت. [27]ئینجا فریشتەکانی دەنێرێتو هەڵبژاردەی خۆی لەهەر چوار لاوە لەمسەرو ئەوسەری زەویو ئاسمانەوە کۆدەکاتەوە.

[28]ئەم شتە لەدار هەنجیرەوە فێربن: (کاتێ لقەکانی نەرم دەبێتو گەڵا دەکات، دەزانرێ هاوین نزیك بووەتەوە. [29]هەروەها ئێوەش، کاتێ دەبینن ئەمانە ڕوودەدات، بزانن ئەو نزیکەو لەبەر دەرگایە. [30]ڕاستیتان

پـێدەڵـێم، ئـەم نەوەیە بەسەر ناچێت هـەتا ئەمانـە هـەموو ڕوونـەدات. [31] ئاسمـانو زەوی لەناودەچـن، بـەڵام ووتەکانم هەرگیز لەناوناچێت.

کەس ئەو کاتە نازانێ

[32]ئـەو ڕۆژەو ئـەو کاتـە کـەس نایزانێـت، نەفریشتەی ئاسمان نەڕۆڵە، تـەنها بـاوك نەبێـت. [33]کەواتـە ئاگـاداربن و ئێشـك بگـرن چـونکە نـازانن کـەی ئەو کاتە دێت. [34]ئەمە لـەوە دەکـات کـابرایەك بـچێ بۆ گـەشـت، ماڵەکـەی بـەجێبهێڵێ، بیداتە دەست چەند ئیشکەرێك و هەر یەکـە ئیشـێکیان بداتێ، دەرگاوانیش ڕاسپێرێ ئێشك بگرێ. [35]ئیتر ئێشك بگـرن، چـونکە نـازانن گەورەی ماڵ کـەی دەگەڕێـتەوە، ئـێوارە یـاخود نـیوەی شـەو، یـا لەگـەڵ خوێـندنی کەڵەشێر، یا بەیانی. [36]نەوەك لەناکاو بگەڕێتەوە و بتانبینێت لەخەودان. [37] جـا ئەوەی بەئێوەی دەڵێم، دەیڵێم بە هەمووان: ئێشك بگرن!)

پلانێك بۆ کوشتنی عیسا

14 جـەژنی تـێـڕبوونو فـەتیرە دوو ڕۆژی مـابوو، سـەرۆك کاهینـەکانو مامۆستایانی شەریعەت بەدوای فێڵێك دەگـەڕان تـا عیسـای پـێ بگـرنو بـیکوژن. [2]بـەڵام ووتـیان: (بائەمـە لەجـەژنا نەبێـت، نـەوەك لـەناو خەڵکەکەدا ئاژاوە ڕووبدات.)

ئامادەکردنی عیسا بۆ ناشتن

[3]کـاتێ عیسا لەشاری بەیتەعنیا بـوو، لـەماڵی شەمعونە گول لەسەر خـوان دانیشـتبوو، ژنـێك هـات شوشـەیەك بۆنـی ناردینـی سـافی گرانـبەهای بەدەسـتەوەبوو، شوشـەکەی شـکاندو بۆنەکـەی کرد بەسـەر عیسـا. [4]بـەڵام هـەندێك لەوانـەی لـەوێبوون زویـربوونو لـەدڵی خۆیـان ووتیان: (ئەم بۆنە بۆ بـەو شـێوەیە خەسـارکرا؟ [5]دەتوانرا بۆنەکـە بەزیاتـر لەسـێسـەد دینار بفرۆشـرایەو پارەکـەی بدرایـە بەهـەژاران.) جـا دەسـتیانکرد بەسەرزەنشـت کردنی ژنەکە. [6]بەڵام عیسـا ووتـی: (وازی لـێبهێـنن. بۆ بـێزاری دەکەن؟ ئەو کارێکی چاکی بەرامـبەر کـردم. [7]چـونکە هەژاران هـەموو کـاتێ لاتـان هـەن، هـەر کاتێکـیش ویستتان دەتوانن چاکەیان

بەرامبەر بکەن، بەلأم من هەموو کاتێك لاتان نیم. [8]ئەو ئەوەی لەدەستی هات کردی، دەستپێشخەری خۆی کرد لەبۆن لێدانی لەشمو ئامادە کردنی بۆ ناشتن. [9]ڕاستیتان پێ دەلێم: لەهەر شوێنێك لەم جیهانەدا بانگەوازی ئەم مزگێنییە بلأوبکرێتەوە، یادی ئەمە دەکرێ کە ئەم ژنە کردی.)

ناپاکی یەهوزا

[10]ئینجا یەهوازی ئەسخەریوتی کەیەکێبوو لەدوانزە قوتابیەکە، ڕۆیشت بۆ لای سەرۆك کاهینەکان تاکو عیسا بدات بەدەستەوە. [11]کاتێ گوێیان لەمە بوو، زۆر پێخۆشحاڵ بوونو بەڵێنی ئەوەیان پێدا پارەی بدەنێ، بەم شێوە ئەو دەگەڕا بۆ هەلێك تا عیسا بدات بەدەستەوە.

نانی جەژنی تێپەڕبوون

[12]لەیەکەم ڕۆژی جەژنی فەتیرە، ئەوەی قوربانی تێپەڕبوونی تێدادەکرێ، قوتابیەکان لەعیسایان پرسی: (دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆین نانی جەژنت بۆ ئامادەکەین تا بیخۆیت؟) [13]ئەویش دووان لەقوتابیەکانی نارد، پێیووتن: (بڕۆن بۆ ناو شار، لەوێ پیاوێکتان پێدەگات گۆزەیەك ئاوی هەلگرتووە، دوای بکەون. [14]کاتێ چووە ژوورەوە، ئێوە بەخاوەن ماڵ بڵێن: مامۆستا دەلێت: کوا دیوەخانەکەم کە لەگەڵ قوتابیەکانم نانی جەژنی تێپەڕبوونی تیا دەخۆم؟) [15]ئینجا ئەویش ژوورێکی گەورەتان پیشاندەدات لەنهۆمی دووەمی ماڵەکە، ڕاخراوەو ئامادەکراوە، ئالەوێدا بۆمانی ئامادە بکەن.) [16] ئیتر دوو قوتابیەکە ڕۆیشتنو ژوورەکەیان بەم شێوەیە بینی کە عیسا پێی ووتبوون، جا لەوێدا نانی تێپەڕبوونیان ئامادەکرد. [17]کە ئێوارە داهات، عیسا لەگەڵ دوانزە قوتابیەکەی هات. [18]کاتێ لەسەر خوان دانیشتبوون نانیان دەخوارد، عیسا بەقوتابیەکانی ووت: (ڕاستیتان پێدەڵێم، یەکێ لەئێوە کەئێستا لەگەلّم نان دەخوات، دەمدات بەدەستەوە. [19]قوتابیەکان غەم دایگرتن، یەك لەدوای یەك دەستیانکرد بەپرسیار لێی: (ئایا منم؟) [20]ئەو وەلأمیدانەوەو ووتی: (ئەو یەکێکە لەم دوانزەیە، ئەوەی لەگەلّم دەستی بەنانەوە

لەقاپەکەدایە. [21]چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ، دەبێت بەو شێوەیە بڕوات کە لەکتێبی پیرۆزدا لەسەری نووسراوە، بەڵام خاك‌بەسەر ئەوەی ڕۆڵەی مرۆڤ دەدات بەدەستەوە، باشتر بوو ئەو کەسە هەر لەدایك نەبووایە.)[22]هەر لەوکاتەی نانیان دەخوارد، عیسا نانێکی هەڵگرت، پیرۆزی‌کرد، لەتی‌کردو دای پێیان، ووتی: (وەگرن، ئەمە لەشمە.) [23]ئینجا جامێکی هەڵگرتو سوپاسی خودای کردو پێیانی‌دا، هەموو لێیان‌خواردەوە. [24]پێی‌ووتن: (ئەمە خوێنی منە، خوێنی پەیمانی نوێیە، ئەوەی دەڕژێ لەپێناوی زۆر کەس. [25]ڕاستیتان پێدەڵێم: ئیتر لەبەری مێو ناخۆمەوە تا ئەو ڕۆژەی لەپادشاهێتی خودا جارێکی‌کە بە نوێی لەوبەرە دەخۆمەوە.) [26]ئینجا بەگۆرانی ستایشی خودایان‌کردو بۆ شاخی زەیتون ڕۆیشتن.

نکۆڵی‌کردنی پەترۆس

[27]عیسا پێی‌ووتن: (هەموتان دەکەونە گومانەوە، چونکە نووسراوە: {لەشوان دەدەم، ئیتر مەڕەکان بلاوەدەبنەوە}. [28]بەڵام دوای هەستانەوەم، پێشتان دەکەوم بۆ جەلیل.) [29]پەترۆس پێی‌ووت: (گەر هەموو گومان بکەن، من گومان ناکەم.) [30]عیساش پێی‌ووت: (ڕاستت پێدەڵێم: تۆ ئەمڕۆ هەر ئەمشەو، پێش ئەوەی کەلەشێر دووجار بخوێنێ، سێجار نکۆلێم لێدەکەی.) [31]بەڵام پەترۆس بەپشت ئەستوریەوە ووتیەوە: (گەر بشمرم لەگەڵت نکۆلێت لێناکەم.) هەروەها قوتابیەکانی‌کەش هەموو وایان ووت.

نوێژی عیسا لەباخی جەسیمانی

[32]ئینجا چوون بۆ شوێنێك پێی‌دەوترا جەسیمانی، بەقوتابیەکانی ووت: (ئا لێرەبن تا نوێژ دەکەم.) [33]ئەوسا پەترۆسو یاقوبو یۆحەننای لەگەڵ خۆی‌بردو لەوێدا هەستی بەدڵگرانیو دڵتەنگی‌کرد. [34]پێی‌ووتن: (زۆر دڵگرانم تامردن، بمێننەوە لێرەو ئێشك بگرن.) [35]ئینجا کەمێك لێیان دوورکەوتەوە، چۆکی‌داداو دەستی‌کرد بەنوێژکردنو داوای ئەوەی کرد کاتەکەی بەسەر تێپەڕێت، گەر دەبێت. [36]ووتی: (ئەی باوك، تۆ دەتوانی هەموو شتێك

بکـەی، ئـەم جامـەم لەسـەر لابەرە، بـەلاّم بـا وانەبێـت وەك ئـەوەی مـن دەمەوێـت، بـەلّکو بـەو شێوەیە بێت کـەخۆت دەتەوێـت.) [37]دوای ئەمـە گەڕایەوە بینی قوتابیەکانی نووستون، بەپەترۆسـی ووت: (ئـەی شـەمعون نووستویت؟ نەتتوانی کاژێرێك ئێشك بگـری؟ [38]نوێژ بکەنو ئێشك بگرن، نـەوەك تـاقی بکرێنەوە. ڕۆح چالاکە بـەلاّم لـەش لاوازە.) [39]دیسـان ڕۆیشـتەوە جارێکیتـر نوێـژیکردو هـەمان ووتـەی دووبارەکـردەوە. [40] کـاتێ گەڕایـەوە، سەیریکرد دیسان نووسـتوون، چـونکە خـەو چـاوی قـورسکـردبوون، نەیانـزانی بەچـی وەلاّمـی بدەنـەوە. [41]کاتێ بۆ سێهەم جـار گەڕایـەوە بۆلایـان پـێیووتـن: (تائێستا نووستونو پشوودەدەن؟ ئیتر بەسـە! کاتەکـە هاتووە، ئەوا ڕۆڵەی مرۆڤ دەدرێتە دەست گوناهباران. [42] هەسـتن بـا بڕۆین، ئەوا نزیك بووەوە ئەوەی دەمدات بەدەستەوە.)

گرتنی عیسا

[43]هـەر لـەو کاتەدا عیسا قسەی دەکـرد، یـەهوزا کـە یەکـێك بـوو لەدوانزە قوتابیەکە، لـەگەڵ کەسانێکی زۆر کـە شمشـێرو داریان هەڵگرتبوو گەیشـتنە ئـەوێ، ئەمانـەش لـەلایـەن سـەرۆك کاهیـنەکانو مامۆسـتایانی شـەریعەتو پیرانـەوە نـێررابوون. [44] ئـەوەی عیسـای دابەدەسـتەوە، نیشـانەیەکی دانـێ، ووتـی: (ئـەوەی ماچـی دەکـەم، خۆیـەتی، بـیگرنو بیـبەن.) [45]هـەر کـە یـەهوزا گەیشتە ئـەوێ، لـەعیسـا هاتەپێشەوەو ووتی: (مامۆسـتا!) ئینـجا بەگەرمیـیـەوە ماچـیکـرد. [46]ئـیتر دەسـتبـەجێ دەستیان لەسەردانا و گرتیان. [47]بەلاّم یـەکێ لـەوانـەی لـەوێدا لـەگەڵ عیسا ڕاوەسـتابوون، شمشێرەکەی دەرهێناو کێشـای بەیـەکێ لەکۆیلـەکانی سـەرۆك کـاهینو گوێـی بـڕی. [48] عیسـاش پـێیووتن: (وەك ئەوەی بۆ دەسـتگیرکردنی یاخیبوویەك بەدارو شمشـێرەوە هـاتوون؟ [49]هەموو ڕۆژێ لـەپەرستگا لـەناوتان بووم خەڵکم فێر دەکـرد نـەتانگـرتم، بـەلاّم باکتێـب بێـتەدی.) [50]دوای ئەمە هەموو ڕایان کـردو بەجێیان هێشت. [51]کوڕێکی گـەنج نـەبێ کەهیچـی لـەبـەر نەبوو جگـە لەپارچـەیەك خـامی تـەنك کە خـۆی پـێداپۆشی بوو، کوڕە دوای عیسـا کـەوت، ئەویشیان گرت. [52]

بـەلأم ئـەو جلەکەی بەجێ هێشتو بەڕووتی لەدەستیان ڕای کرد.

دادگایی‌کردنی عیسا

[53]ئیـنجا عیسـایان بـردە لای سـەرۆك کـاهین، پـیرانو مامۆستایانی شـەریعەت‌و سـەرۆك کاهیـنەکانی تـریش هەموو کۆبوونەوە. [54]پەترۆس دوور بـەدوور دوای عیسـا کـەوت هـەتا مـاڵی سـەرۆك کـاهین، لەگەڵ ئێشـك‌گـرەکان دانیشـت لەبـەردەم ئاگـر خـۆی گـەرم دەکـردەوە. [55] سەرۆك کاهینەکانو هەموو ئەنجومەن دەسـتیان‌کـرد بەگـەڕان بـەدوای شـایەتییەك تـا سزای کوشتن بـەسەر عیسـادا بـدەن، بـەلأم هیچـی وایان نەدۆزیـەوە. [56]کەسانێکی زۆر بەدرۆ شـایەتییان دژی ئـەودا، بـەلأم قسـەکانیان بەپێچـەوانەی یـەکترەوە بـوو. [57]ئیـنجا هەندێکـیان بـەدرۆ شـایەتییان لەسـەرداو ووتـیان: [58] (گوێمـان لـێبـوو دەیووت: ئـەم پەرستگایەی دەست دروستی‌کردووە مـن دەیڕوخێنم، دوایی لەماوەی سێ ڕۆژدا پەرسـتگایەك دروسـت‌دەکـەم کە بەدەست دروست نەکرابێت.) [59] بـەلأم لەمـەش دیسـان قسـەکانیان بەپێچـەوانەی یەکترەوە بوو. [60]ئینجا سـەرۆك کـاهین لەناوەڕاسـتی ئەنجومەنەکـەدا ڕاوەسـتاو لەعیسای پرسـی: (هـیچ نالێیت دەربارەی ئەو شـایەتییانەی دژت دەدرێ؟) [61]بـەلأم عیسـا بـەبێدەنگـی مایـەوەو هـیچ وەلأمـی نەدایـەوە. دیسانەوە سەرۆك کـاهین لـێپرسـی، ووتـی: (ئایـا تۆ مەسیحی، ڕۆڵەی خودای پیرۆز؟) [62] عیسـا ووتـی: (من ئەوم. لەدواییشدا دەبیـنن چـۆن ڕۆڵـەی مـرۆڤ دادەنیشـێت لەلای ڕاستی خودای بە توانـاوە، ئیـنجا لەسـەر هـەورەکانی ئاسمـان دێـتەوە.) [63]سـەرۆك کـاهین جلـەکانی خـۆی دادڕیو ووتـی: (ئیتر پێویستمان بەشایەتی نییە. [64]خۆ گوێـتان لەکفـرەکەی بـوو، بـڕیاری ئـێوە چـییە؟) هـەموو بـڕیاریاندا کـە عیسـا شـایانی کوشتنە. [65]هەندێکیان دەسـتیان‌کـرد بـەتف لـێکـردنیو هـەندێکی‌کەشـیان دەمو چـاویان داپۆشـیو پـیایان دەکێشـاو پێـیان دەووت: (هـەڵێبهێـنە کێیە؟) دوای ئەمـە پاسـەوانەکانیش بـە زللـە پێیان‌کێشا.

نکۆڵی پەترۆس لە عیسا

66لەکاتێکدا پەترۆس لەخوارەوە لەحەوشەی ماڵەکە دانیشتبوو، یەکێ لەو ئافرەتانەی لەلای سەرۆك کاهین کاری دەکرد هاتە ئەوێ. 67کاتێ پەترۆسی بینی خۆی گەرم دەکاتەوە، سەیری کردو پێیووت: (تۆش لەگەڵ عیسای ناسیری بوویت.) 68 بەڵام پەترۆس نکۆڵی لێکردو ووتی: (نازانم، تێناگەم دەڵێی چی.) ئینجا چووە دەرەوە بۆ لای دەرگاکە. ﴿لەوکاتەدا کەلەشێری بەیانی خوێندی.﴾ 69لێرە ئافرەتێکی کە لەوانەی لەوێ کاریان دەکرد بینی، ووتی بەوانەی لەوێدا ڕاوەستابوون (ئەمەش یەکێکە لەوان.) 70پەترۆس دیسان نکۆڵی لێکرد. پاش ماوەیەك ئەوانەی لەوێدا ڕاوەستابوون، دیسانەوە پێیان ووت: (ڕاستە تۆ یەکێکی لەوان، چونکە تۆش جەلیلیت.) 71بەڵام پەترۆس دەستی کرد بەقسە بەخۆ ووتنو سوێند خواردنو ووتی: (ئەم کابرایەی باسیدەکەن، من ناناسم.) 72لەوکاتەدا کەلەشێری بەیانی جارێکی کەش خوێندی، ئەوسا پەترۆس بیری کەوتەوە ئەوەی عیسا پێیووت: (پێش ئەوەی کەلەشێری بەیانی دوو جار بخوێنێ، سێجار نکۆلیم لێدەکەی.) ئینجا خۆی پێنەگیراو دەستی کرد بەگریان.

عیسا دەدرێتە دەست پیلاتۆس

15 کاتێ ڕۆژ بووەوە، سەرۆك کاهینەکانو پیرانو مامۆستایانی شەریعەتو هەموو ئەنجوومەن بەیەکەوە کۆبوونەوە. ئینجا عیسایان بەدەستی بەستراوەوە بردو دایانە دەستی پیلاتۆس. 2پیلاتۆس لێیپرسی: (تۆی پادشای جوولەکە؟) عیسا وەڵامی دایەوە: (تۆ ووتت.) 3 لێرە سەرۆك کاهینەکان تاوانی زۆریان خستەپاڵی. 4پیلاتۆس دووبارە لێیپرسی: (چییە، هیچ وەڵام نادەیتەوە؟ بزانە چیت پێدەڵێن!) 5 بەڵام عیسا هیچ وەڵامی نەدایەوە، پیلاتۆس بەمە سەرسام بوو.

بڕیاری لەخاچ دانی عیسا

6پیلاتۆس لەهەموو جەژنێك یەکێك لەو بەندانەی ئازاد دەکرد کەگەل داوای دەکرد. 7یەکێك کە ناوی باراباس بوو، لەو کاتەدا

لەبەندیخانەی پیلاتۆس بەندبوو لەگەڵ هاوڕێکانی کە گێرەشێوێنو پیاوکوژ بوون. [8]ئینجا خەڵکەکە هەموو داوایان لەپیلاتۆس کرد ئەوەی هەموو کاتێك بۆیانی دەکات، جێبەجێ بکات. [9]پیلاتۆسیش قسەی لەگەڵ کردنو لێیپرسین: (دەتانەوێ پادشای جوولەکەتان بۆ ئازادکەم؟) [10]چونکە دەیزانی سەرۆك کاهینەکان لەڕقا ئەمیان داوە بەدەستەوە. [11]بەڵام سەرۆك کاهینەکان خەڵکەکەیان هاندا تاکو داوای ئازادکردنی بارابـاس بکەن. [12]پیلاتۆس دیسان لێیپرسین: (ئەی باشە چیبکەم لەوەی کە بەپادشای جوولەکە ناوی دەبەن؟) [13]یەك لەدوای یەك هاواریانکرد: (لەخاچی بدە!) [14]پیلاتۆس لێیپرسین: (باشە چ خراپەیەکی کردووە؟) کەچی ئەوان زیاتر هاواریانکرد: (لەخاچی بدە!) [15]جا چونکە پیلاتۆس دەیویست خەڵکەکە ڕازی بکات، هەستا بارابـاسی بۆ ئازادکردن، دوای ئەمە عیسا درایە بەر قامچیو نێررا بۆ لەخاچدان.

سەربازەکان گاڵتە بەعیسا دەکەن

[16]سەربازەکان بردیانە ناو خانوویەك کە هی ئمپراتۆریەت بوو، لەوێ هەموو لەشکرەکەیان بانگکردو لێیکۆبوونەوە. [17] کراسێکی ئەرخەوانی گرانبەهایان لەبەرکرد، لەسەر سەری تۆقێکیان دانا لەدڕك دروستکرابوو. [18] دەستیانکرد بەسلاۆ لێکردنیو دەیانووت: (سلاۆت لێبێت ئەی پادشای جوولەکە!) [19]ئینجا بەقامیش کێشایان بەسەریو خۆیان بۆ چەماندەوەو چۆکیان بۆدادا و تفیان لێکرد. [20]دوای ئەوەی بەباشی گاڵتەیان پێکرد، کراسە ئەرخەوانییەکەیان لەبەرداکەندو جلەکانی خۆیان لەبەرکردەوەو بردیانە دەرەوە بۆ لەخاچدان.

مردنی عیساو لەخاچدانی

[21]کابرایەك کە لەوێوە دەڕۆیشت، بانگیانکردو ناچاریانکرد تاکو خاچەکەیان بۆ هەڵگرێت. ئەو کابرایەش ناوی شەمعونی قەیرەوانی بوو، باوکی ئەسکەندەرو ڕوفوس، تازە لەکێڵگە دەهاتەوە. [22]ئینجا عیسایان برد بۆ

شـۆنێك پـێی دەوترا گولگۆسە واتە (کاسـەسـەر). [23]ئـینـجا مەیان داپێی تـێکەڵکرابوو لەگـەڵ تـالأو، بـەڵأم نـــەیخواردەوە. [24]دوای ئـــەوەی لەخاچیاندا کراسەکەیان دابەش کرد، شـێروخەتیان لەسـەرکرد بۆئـەوەی بزانن هەریەکەیان چی بەردەکەوێت. [25]ئـەو کاتـەی لەخاچـیاندا کاژێری نـۆی بـەیانی بـوو، [26]تاوانەکەشـی بەسـەر سەریەوە نووسرابوو: پادشای جوولەکـــە. [27]لەگـــەڵ دوو دز لەخاچـــیاندا، یـــەکێ لەدەســـتی ڕاسـتیەوە، ئەوی کـەش لەدەسـتی چەپیەوە. [28]﴿بەمە نووسراوی کتێب هاتەدی کەدەڵێت: لەریزی تاوانباران دانرا.﴾ [29]ئەوانەی بەوێدا تێدەپەڕین، قســـەیان پـــێدەووتو گاڵـــتەیان پـــێدەکـــرد، ســـەریان بـــادەداو دەیـانووت: (هـا! ئـەی ڕوخێـنەری پەرسـتگاو دروسـتکەرەوەی بەسـێ ڕۆژ، [30]لەســـەر خاچـــەکە وەرە خـوارەوەو خـۆت ڕزگـار بکە.) [31] بەهـەمان شـێوە سەرۆك کاهینەکانو مامۆسـتایانی شـــەریعەت گاڵـــتەیان پێدەکردو بەیەکتریان دەووت: (بزانە خـــەڵکی کـــەی ڕزگارکـــرد، بـــەڵأم نـاتوانێ خـۆی ڕزگـار بکـات. [32]با ئێسـتا مەسـیحی پادشـای ئیسـرائیل لەسەر ئەو خاچە دابەزێت، تا هەموو ببـیـنینو باوەڕبهێـنین.) تەنانـەت دزەکانیش کە لەگەڵی لەخاچدەدران گاڵتەیان پێدەکرد.

[33]کـاتێ بـوو بەدوانزەی نیوەڕۆ، تـاریکی بـالّی کێشـا بەسەر زەویداو زەوی هـەموو تـاریكبوو، تا کاژێری سـێی پاش نیوەڕۆ. [34]لەکاژێری سێی پـاش نیوەڕۆدا عیسا بەدەنگێکی بەرز هـاواریکـرد: (ئیلۆی، ئیلۆی، لەما شـەبەقتەنی؟) بـەواتای (خودای من، خـودای من، بۆ وازت لێهێنام؟) [35] هـــەندێ کـــەس کـــە لـــەوێ ڕاوەستابوون، کاتێ گوێیان لەمە بوو ووتیان: (ئەوە بانگی ئەلیاس پێغەمبەر دەکـات.) [36]یـەکێ خـێرا ڕایکردو ئەسـفنجێکی لەسـرکە هەڵکێشـاو کـردی بەسەر قامیشێکەوەو دایپێی، تـاکو لـێی بخواتـەوەو ووتی: (بابزانین ئەلیاس دێت دایبگرێت!)

[37]ئـینـجا عیسـا بەدەنگـێکی بەرز هـاواریکـردو ڕۆحی دابەدەستەوە. [38]پـەردەی پەرسـتگاش لەسـەرەوە تـاخوارەوە دڕاو بوو بەدوو بەشەوە. [39]کـاتێ ئـەو سـەرپەلەی بەرامبەری ڕاوەسـتابوو، بینی عیسا چۆن ڕۆحی

سپارد، ووتی: (بەڕاستی ئەم مرۆڤە
ڕۆڵەی خودا بوو!) [40]ژنێکی زۆر
لەدوورەوە تەماشای ڕووداوەکەیان
دەکرد، لەنێوانیاندا مریەمی
مەجدەلی‌و مریەمی دایکی یاقوبی
بچووک‌و یوسف‌و سالومەیان لەگەڵ
بوو، [41]ئەمانیش ئەوانە بوون
کەبەدوای عیسادا دەڕۆیشتن‌و
خزمەتیان دەکرد کاتێ لەجەلیل بوو،
هەروەها زۆر ژنی تریش لەگەڵی
هاتبوون بۆ قودس.

ناشتنی عیسا

[42]کاتێ ئێوارە داهات، ئەو ڕۆژە
ڕۆژی خۆئامادەکردن بوو، مانای
ڕۆژێک پێش ڕۆژی شەممە، [43]یوسف
کەخەڵکی شاری ڕامە بوو،
ئەندامێکی بەرزی ئەنجوومەنی باڵای
جوولەکەبوو، ئەویش لەوانەبوو کە
چاوەڕێی پادشاهێتی خودایان دەکرد،
هاتو بێترس چووە لای پیلاتۆس‌و
داوای تەرمەکەی عیسای‌کرد. [44]
پیلاتۆس سەری سوڕما لەوەی کە
عیسا مردووە، سەرپەلەکەی
بانگ‌کردو لێیپرسی: (ئایا دەمێکە
مردووە؟) [45]کاتێ سەرپەلەکە
باسەکەی بۆ گێڕایەوە، فەرمانیدا
تەرمەکەی عیسا بدەن بەیوسف. [46]
ئینجا یوسف کەتانی کڕی، لاشەکەی
داگرتو بەکەتان کفنی‌کردو
لەگۆڕێکدا ناشتی کە لەبەرد
هەڵکەنرا بوو. دوایی بەردێکی گلۆر
کردەوە بەر دەرگای گۆڕەکە. [47]
مریەمی مەجدەلی‌و مریەمەکەی‌تر کە
دایکی یوسف بوو، سەیریان دەکرد
بۆ ئەوەی بزانن لەکوێ دەنێژرێ.

زیندووبوونەوەی عیسا

16

کە ڕۆژی شەممە بەسەرچوو، مریەمی
مەجدەلی‌و مریەمی دایکی یاقوب‌و
سالومە، بۆنو ڕۆنیان کڕی بۆ
چەورکردنی تەرمەکەی عیسا. [2]
ڕۆژی یەکەمی هەفتە بوو، ئەوان
بەیانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات بۆ سەر
گۆڕەکە هاتن. [3]بەیەکتریان دەووت:
(باشە کێ بەردی دەرگای
گۆڕەکەمان بۆ لادەدات؟) [4]بەڵام کە
سەیریان‌کرد، بینیان بەردی سەر
دەرگای گۆڕەکە لاچووە، لەگەڵ
ئەوی زۆر گەورەش بوو. [5]کاتێ
چوونە ناو گۆڕەکە، کوڕێکی
گەنجیان بینی بەکراسێکی سپیەوە
لەلای ڕاستەوە دانیشتووە، ئەوانیش

تاسان. [6]پێیووتن: (مەترسن، ئێوە بەشوێن عیسای ناسریدا دەگەڕێن، ئەوەی لەخاچدرا. ئەو زیندووبووەوە! لێرە نییە. ئا ئەوەتا ئەو شوێنەی تیایدا دانرابوو. [7]بەڵام ئێوە بڕۆنو هەواڵ بەقوتابیەکانیو بەپەترۆس بدەن، ئەو پێشتان دەکەوێت بۆ جەلیل، ئینجا وەك پێیووتن لەوێ دەیبینن.) [8]ئەوانیش بەڕاکردن لەگۆڕەکە هاتنە دەرەوە. ترس و سەرسامیەکی زۆر دایگرتبوون، هیچیان بەکەس نەووت لەبەرئەوەی دەترسان.

﴿[9]عیسا دوای هەستانەوەی لەیەکەم ڕۆژی هەفتەدا، یەکەمجار بۆ مریەمی مەجدەلی دەرکەوت ئەوەی عیسا حەوت ڕۆحی پیسی لێ دەرکردبوو. [10]ئەویش ڕۆیشتو مژدەیدا بەوانەی لەگەڵ عیسادا بوون، ئەوانەی خەریکی شیوەنو گریان بوون. [11]کاتێ بیستیان عیسا زیندووەو مریەم خۆی بینیویەتی، باوەڕیان نەکرد. [12]دوای ئەمە عیسا بەشێوەیەکی تر بۆ دووان لەمان دەرکەوت، لەکاتێکدا بەڕێوەبوون بەڕەو یەکێ لە لادێکان. [13]ئینجا ڕۆیشتنو مژدەیاندا بەوانی کە، بەڵام دیسان باوەڕیان بەمانیش نەکرد. [14]ئینجا لەدواییدا، عیسا بۆ هەر یانزە قوتابیەکەی دەرکەوت، لەکاتێك لەسەر خوان بوون، ئاگاداری کردنەوە لەبەر کەم باوەڕیو دڵڕەقیان. چونکە باوەڕیان نەکرد بەوانەی ئەویان بینیبوو دوای هەستانەوەکەی. [15]ئەوسا پێیووتن: (بڕۆن بۆ هەموو لایەکی جیهان، ئەم مزگێنییە بەهەموو خەڵکی ڕابگەیەنن: [16]ئەوەی باوەڕی هێناو لەئاوهەڵکێشرا ئەوا ڕزگاری بووە، ئەوەش کە باوەڕ ناهێنێ ئەوا تاوانبار دەکرێت. [17]ئەوانەی باوەڕ دەهێنن ئەم نیشانانە لەگەڵیان دەبێ، بەناوی من ڕۆحی پیس دەردەکەن، هەروەها بەزمانی ڕۆحی تازە دەدوێن، [18]دەتوانن مار بگرن، گەر خواردنەوەیەکی کوشندەش بخۆن هیچ تووشی ئازار نابن، دەست دادەنێن لەسەر نەخۆش و چاکی دەکەنەوە.)

[19]دوای ئەوەی عیسای خوداوەند ئەمانەی پێووتن، بەرزکرایەوە بۆ ئاسمانو لەلای دەستە ڕاستی خوداوە دانیشت. [20]ئەوانیش ڕۆیشتن، مزگێنیان

لەهـــەموو لایـــەك بلاوكـــردەوە، خـــوداوەندیـــش لەگەلّیان كـاری دەكـــردو پشـــتگیری ووشـــەكـانی خـــۆی دەكـــرد بەنیشـــانەكـانی. ئامین.

مزگێنی بە پێی نووسینی لۆقا

لۆقا پزیشك و مێژوونووسێکی یۆنانی بوو، یاوەرو یارمەتیدەری پۆڵسی نێرراو بوو، هەروەها لۆقا نووسەری پەرتووکی کرداری نێرراوانە، کە تەواوکەری ئەم پەرتووکەیە.

لەم پەرتووکەدا لۆقا لێکۆڵینەوەیەکی کردووەو بەدوای سەرچاوەی ڕاستدا گەڕاوە بۆ زانیاریەکانی سەبارەت بەژیانی عیسا لەسەر زەوی، بۆ ئەوەی خوێنەر ڕاستی زانیاریەکانی لەبەر دەست بێ (1:1-4). ئەم پەرتووکەش بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەیەتی، مەسیح لەم پەرتووکەدا مرۆڤێکە ڕزگارکەری هەموو جیهانە. لۆقا باسی هەندێ ڕووداو و نموونە دەکات تیایدا دەری دەخات کەمەسیح مرۆڤێکی تەواو و بێگەردە، هەروەها پزیشکی نەخۆشیەکانە بەدوای لەناوچووەکاندا دەگەڕێ تا ڕزگاریان بکات.

ئەم پەرتووکە لەسەرەتادا بەلەدایك بوونو کاتی منداڵی مەسیح دەستپێ دەکات، ئینجا هەموو خزمەتەکانی. پاشان لە(9:51)ەوە باسی ئەوە دەکات چۆن مەسیح چاوی دەخاتە سەر قودسو مردنی لەوێ، دواتر بەباسی ئازارو مردنو هەستانەوەی نێو مردووانو بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان کۆتایی دێت. ئەوەی جێی سەرنجیشە ئەوەیە کە لۆقا زۆر گرنگی بەفێرکردنەکانی مەسیح دەدات کە بەنموونەوە بوون.

چۆن ئەم مزگێنییە نووسرا

1 ئەی پایەبەرز ساوفیلۆس*، کاتێ زۆر کەس هەستان بەنووسینی ئەو ڕووداوانەی لای ئێمە ڕوویدابوو، [2]بەپێی ئەوەی بەدەستمان گەیشتبوو، لەوانەی لەسەرەتاوە بینەری ڕووداوەکانو خزمەتکاری ووشەکە بوون. [3]دوای ئەوەی هەموو شتێکم بە ووردی لەسەرەتای باسەکەوە پشکنی، وام بەباش زانی بەڕێك‌وپێکی و یەك لەدوای یەك بۆتی بنووسم، [4]تاکو ڕاستی ئەو شتانە بزانی کە ڕاگەیندراوە.

مزگێنی لەدایکبوونی یەحیا

5لەسەردەمی هێرۆدسی پادشای
ناوچەی یەهودیا، کاهینێك* هەبوو
ناوی زەکەریا* بوو لەکۆمەڵەی ئەبیا،
ژنەکەشی ناوی ئەلیسابات بوو
لەنەوەی هارۆن*، 6هەردووکیان
مرۆڤی چاك بوون لەبەرچاوی خودا،
پەیڕەوی ڕاسپاردەکانو
فێرکردنەکانی خوداوەندیان دەکرد
بەبێ کەموکوڕی. 7منداڵیان نەبوو،
چونکە ئەلیسابات نەزۆك بوو،
هەردووکیشیان زۆر بەساڵدا
چووبوون.
8لەکاتێکدا زەکەریا لەنۆرەی
کۆمەڵەکەی خۆیدا کاروباری
کاهینایەتی جێبەجێ دەکرد. 9بەپێی
نەریتی ئەوسای کاهینایەتی نۆرەی
هات بچێتە ناو پەرستگای
خوداوەند*و بخورد بسووتێنێ. 10
لەکاتی سووتانی بخوردەکەدا،
خەڵکی هەموو لەدەرەوە نوێژیان
دەکرد. 11لەلای ڕاستی قوربانگەی*
بخوردەکەوە فریشتەیەکی خوداوەند
دەرکەوت. 12کاتێ زەکەریا ئەمەی
بینی، تێك چوو، ترسی لێنیشت.
13بەڵام فریشتەکە پێی ووت: (ئەی
زەکەریا مەترسە، چونکە نوێژەکەت
بیسترا، هەروەها ژنەکەت ئەلیسابات
لە تۆ کوڕێکی دەبێتو ناوی دەنێیت
یەحیا. 14پێی شادومان دەبیتو زۆر
کەس بە لەدایك بوونی دڵخۆش
دەبن. 15چونکە لای خوداوەند مەزن
دەبێت. شەراب و مەی ناخواتەوە،
هەر لەسکی دایکیەوە پڕ دەبێت
لەڕۆحی پیرۆز. 16هەروەها زۆر
لەڕۆڵەکانی ئیسرائیل بۆ لای
خوداوەندی خۆیان دەگەڕێنێتەوە. 17
بەڕۆح و توانای ئەلیاسەوە پێش
خوداوەند دەکەوێت، تا باوکان
لەگەڵ منالاندا ئاشتبکاتەوە و
یاخیبووان بگەڕێنێتەوە بۆ دانایی
ڕاستودروستان، ئینجا گەل بۆ
خوداوەند ئامادەبکات.) 18
زەکەریاش بەفریشتەکەی ووت:
(بەچی ئەمە بزانم، چونکە من
پیاوێکی بەتەمەنم و ژنەکەشم بەساڵدا
چووە؟) 19فریشتەکە وەڵامیدایەوە:
(من ئەو جبرائیلەم لەبارەگای خودا
ڕادەوەستم، نێررراوم بۆ ئەوەی
لەگەڵت بدوێم و ئەم مژدەیەت
بدەمێ. 20جا ئەوەتا تۆ لاڵ دەبیتو
توانای قسەکردنت نامێنێ تا ئەو
ڕۆژەی ئەمەی تیا دەبێت، چونکە
باوەڕت بەووتەکانم نەکرد، ئەوەی

لەکاتی خۆی دیتەدی.) [21]خەڵکەکە چاوەڕوانی زەکەریا یان دەکردو سەرسام بووبوون لەدواکەوتنی لەناو پەرستگادا. [22]بەڵام کاتێ هاتەدەرەوە نەیتوانی لەگەڵیان بدوێ، ئینجا زانیان کە لەپەرستگادا بینینی خودایی دیوە. بەئیشارەت لەگەڵیان دەدواو هەر بەلاڵی مایەوە. [23]کاتێ ڕۆژانی خزمەتکردنی لەناو پەرستگادا تەواوبوو، گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

[24]دوای ئەوە، ئەلیساباتی ژنی سکی پڕبوو، ماوەی پێنج مانگ ئەم شتەی شاردەوەو دەیووت: ([25] خوداوەند وایلێکردم، لەم ڕۆژانەدا ئاوڕی لێدامەوە بۆ ئەوەی شوورەیی‌و سەر شۆڕیم لەناو خەڵکی لەسەر لابەرێ.)

مزگێنی لەدایکبوونی عیسا

[26]کاتێ ئەلیسابات سکی شەش مانگبوو، جبرائیلی فریشتە لەلایەن خوداوە نێررا بۆ شارێك لەناوچەی جەلیل ناوی ناسیرە بوو، [27]بۆ لای کچێکی نیشانکراو لەپیاوێك ناوی یوسف بوو، لەبنەماڵەی داود، ناوی ئەم کچەش مریەم بوو. [28]فریشتەکە هاتە لای‌و پێی ووت: (ئەی ئەو کەسەی بەرەکەتی خودات بەسەردا ڕژاوە، سلاۆت لێبێ، خوداوەندت لەگەڵە.) [29]مریەم بەووتەی فریشتەکە شێواو بیری کردەوە دەبێ ئەم جۆرە سلاۆکردنە چی‌بێت. [30]فریشتەکە پێی ووت: (مەترسە ئەی مریەم، خودا بەرەکەتی پێت داوە، [31] ئا ئەوەتا سکت پڕ دەبێ‌و کوڕێکت دەبێ ناوی دەنێیت عیسا. [32]ئەو مەزن دەبێت، بەڕۆڵەی خودا ناودەبرێت، خوداوەند خوداش تەختی داودی باوکی پێدەبەخشێ. [33]هەروەها تاهەتایە بەسەر ماڵی یاقوبدا فەرمانڕەوایەتی دەکات، پادشاهێتیەکەشی کۆتایی بۆ نییە.) [34] مریەم بەفریشتەکەی ووت: (چۆن شتی‌وا ڕوو دەدا کە من شووم نەکردبێ؟) [35]فریشتەکە وەڵامی دایەوە: (ڕۆحی پیرۆز دێ بەسەرتاو هێزی خودا سایەی سەرت دەبێت. چونکە ئەو پیرۆزەی لێت دەبێت بەڕۆڵەی خودا ناودەبرێت. [36]ئەوەتا ئەلیساباتی خزمیشت بەو تەمەنە بەسالدا چووەوە سکی پڕە بە کوڕێك. ئا ئەوەی پێیان دەووت نەزۆك سکی شەش مانگە. [37]چونکە

هیچ شتێك نییە لای خودا نەبێت.)
[38]مریەم ووتی: (من خزمەتکاری خوداوەندم. ئەوەی دەیڵێیت ڕازیم بەبوونی.) جا فریشتەکە بەجێی هێشت.

دیدەنی مریەمو ئەلیسابات

[39]هەر لەو ڕۆژانەدا، مریەم بەخێرایی بەرەو شاخ ڕۆیشت، بەمەبەستی شارێك لە شارەکانی ناوچەی یەهوزا. [40]چووە ماڵی زەکەریاو سلاوی لەئەلیسابات کرد. [41]کاتێ ئەلیسابات گوێی لەسلاوی مریەم بوو، منداڵەکە لەسکیدا جوڵا، ئینجا ئەلیسابات پڕبوو لەڕۆحی پیرۆز.
[42] بەدەنگێکی بەرز هاواری کردو ووتی: (تۆ لەناو ژناندا پیرۆزیت، پیرۆزە ئەوەی لەسکتدایە. [43]من کێم هەتا دایکی گەورەکەم بێت بۆ لام؟ [44]کە سلاوی تۆ گەیشتە گوێم، لەخۆشیدا منداڵەکە لەسکمدا جوڵایەوە. [45]خۆزگە دەخوازرێ بەوەی باوەڕی هێناوە بەوەی چی لەخوداوەندەوە پێی ووتراوە دێتەدی.)

ستایشی مریەم

[46]مریەم ووتی: (گیانم ستایشی خوداوەند دەکات، [47]ڕۆحم دڵشادە بەخودای ڕزگارکەرم. [48]چونکە سەیری ساکاری کارەکەرەکەی کرد، ئەوەتا لەئێستا بەدواوە هەموو نەوەکان خۆزگەم پێدەخوازن. [49] چونکە توانادار کاری مەزنی بەمن ئەنجامدا، پاکوپیرۆزە ناوی ئەو، [50] بەزەیی بۆ ئەوانەیە کە نەوە دوای نەوە لێیدەترسن. [51]هێزی دەستی دەرخست، خواستی لووت بەرزەکانی تەفروتونا کرد لەبۆچوونەکانی دڵیان، [52] تواناراەکانی لەتەختەکانیان هێنایە خوارەوەو ساکارەکانی بڵند کردەوە. [53]برسییەکانی لەخێرو بەرەکەتی خۆی تێرکرد، دەوڵەمەندەکانی بەدەستی بەتاڵ ڕەوانەکرد. [54]یارمەتی ئیسرائیلی خزمەتکاری خۆی داو بەزەیی خۆی یادکەوتەوە، [55]هەر وەکو چۆن قسەی لەگەڵ باپیرانمان کردبوو، لەگەڵ ئیبراهیمو نەوەکانی بۆ هەتاهەتایە.) [56]دوای ئەوەی مریەم لای ئەلیسابات نزیکەی سێ مانگ مایەوە، گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی.

له دایكبوونی حەزرەتی یەحیا

[57]ئەلیسابات کاتی منداڵ بوونی هاتو کوڕێکی بوو. [58] دراوسێکانیو خزمانی بیستیان که خوداوەند بەزەیی مەزنی خۆی بەسەردا ڕژاندووە، لەگەڵی شادومان بوون. [59]لەڕۆژی هەشتەمدا ئامادەبوون، بۆ ئەوەی کوڕەکە خەتەنە بکەن، خەریك بوو ناوی بنێن زەکەریا، لەسەر ناوی باوکی. [60] بەڵام دایکی ووتی: (نەخێر، بەڵکو ناوی دەنرێ یەحیا.) [61]پێیان ووت: (کەس نییە لەخێزانەکەتدا بەم ناوە ناونرابێت.) [62]بەئیشارەت بەباوکیان ووت: (چ ناوێکی ئەوێ ناوبنرێ؟) [63]تەختەیەکی داواکردو لەسەری نووسی: (ناوی یەحیایە.) هەموویان لەمە سەرسام بوون. [64]دەستبەجێ زەکەریا زمانی کرایەوەو دەستی کرد بەستایش کردنی خودا. [65]هەموو دراوسێکانی ترسیان لێنیشت، ئەم کارانەش لەناوچەی چیای یەهودیا، بوو بەقسەو باسی ناو خەڵکی. [66] هەموو ئەوانەی ئەمەیان بیست، ئەم باسەیان خستە دڵیانەوە، ووتیان: (ئایا ئەم منداڵە دەبێ بەچی؟) چونکە دەستی خوداوەندی لەگەڵ بوو.

ستایشی زەکەریا

[67]زەکەریای باوکی پڕبوو لەڕۆحی پیرۆز، بەووشەی خودا دواو ووتی: ([68]ستایش بۆ خوداوەند خودای ئیسرائیل، چونکە گەلەکەی بەسەرکردەوەو بەخوێن کڕییەوە. [69] هێزیکی بۆ ڕزگاریمان هەڵساندەوە لەماڵی داودی بەندەی خۆی. [70] هەروەك لەکۆنەوە دواوە بەزمانی پێغەمبەرە پیرۆزەکانییەوە. [71]بۆ ڕزگاریمان لەدوژمنانو لەدەستی ناحەزانمان. [72]بۆ دەرخستنی بەزەیی خۆی بەرامبەر باپیرانمان. بۆ یادکردنەوەی پەیمانی پیرۆزی. [73]ئەو سوێندەی بۆ ئیبراهیمی باوکمانی خوارد. [74]بۆ فریاکەوتنمان لەدەستی دوژمنان، تا بێترس بیپەرستین، [75] بەپیرۆزیو ڕاستودروستی بەرامبەر ئەو هەموو ڕۆژانی ژیانمان. [76]تۆش ئەی منداڵ پێغەمبەری خودات پێدەووتریێ، چونکە پێش خوداوەند دەکەوی تا ڕێگای بۆ ئامادە بکەیت. [77]تاکو گەلەکەی فێر بکەیت کەوا ڕزگاری بەلێخۆشبوونی گوناهیان دەبێت. [78]چونکە بەهۆی بەزەییو میهرەبانی خودامان، خۆری بەرەبەیان لەئاسمانەوە بۆمان دەردەکەوێ. [79]تا

ڕوونـاکی بـدات بەوانـەی لـەناو تـاریکیو لەسـێبەری مـەرگدا دانیشـتوون، تـا قاچـەکانمان بـەرەو ڕێگـای ئاشـتی بـبات.) [80]منداڵەکە گەشـەی دەکـردو لـەڕۆح بەهـێز دەبـوو، لـەدەشتودەر مایەوە تا ئەو ڕۆژەی خـۆی بـۆ ئیسـرائیل دەرخست.

لەدایك بوونی عیسا

2

[1]لـەو سـەردەمەدا لـە ئوغستۆسـی قەیسەرەوە فەرمان دەرچوو تا هەموو دانیشـتوانی وولاتەکـەی نـاونووس بکرێـت. [2]ئـەم نـاونووس کـردنەش یەکەمجاری بوو، لەکاتێکدا کیرینیۆس فەرمانـڕەوای سـوریا بوو. [3]خـەڵکی ڕۆیشتن، هـەر یەکە بۆ شـاری خۆی هـەتا ناونووس بکـرێن. [4]جـا یوسف لـەشـاری ناسـیرەوە کـە لەناوچـەی جـەلـیل بـوو، بـەرەو شـارەکـەی داود ڕۆیشت کـە ناوی بەیـت لـەحـم بـوو لەناوچـەی یـەهـودیا. چـونکە ئـەو لەبـنەماڵەو هـۆزی داود بـوو. [5]تـاکو لـەگـەڵ مریەمـی دەزگـیرانی کـە لـەو کاتەدا سـکی هـەبوو، لـەوێ نـاونووس بکـرێن. [6]هـەر لـەو کـاتـەدا ئەمـان لـەوێ بـوون، کـاتی مـنداڵ بوونی هـات. [7]لـەبـەرئـەوەی لـەمیوانخانە شـوێنیان دەست نەکـەوت چـوونە تەویلـەیـەك لـەوناوە، ئـینجا لەوێدا کـورە نۆبەرەکـەیبوو، پێچـایەوەو لەئاخـوڕی تەویلەکەدا خەواندی.

فریشتەیەك مژدەنیی دەدا

[8]لـەو ناوچـەیە شـوان هـەبوون لـەدەشـت دەمانـەوەو بەنۆبە ئێشکی مێگەلـیان دەگـرت. [9]فریشـتەیەك لەلایـەن خوداوەنـدەوە هاتـە لایـان، شـکۆمەندی خـودا درەوشـایەوە لـەدەورو پشـتیان، بەمـە ترسـێکی زۆریـان لـێنیشت. [10]فریشتەکە پێی ووتـن: (مەترسن، ئەوا من مژدەیەکی خـۆشو مەزنـتان پـێدەدەم کـە بـۆ هەموو گەلە. [11]ئەمڕۆ لەشاری داود ڕزگارکـەرێك بـۆ ئـێوە لەدایكبوو، ئـەویش مەسـیحی خوداوەنـدە. [12] ئەمـەش نیشـانە بـێ بۆتـان، لـەوێ منداڵـێکی پێچـراوەی نووسـتو لـەئـاخوڕێکدا دەبینن.) [13]لەپڕێکدا لەگـەڵ فریشـتەکە کۆمـەڵێ هـێزی ئاسمانی دەرکەوتن، ستایشی خودایان دەکردو دەیان ووت: [14](شکۆمەندی

بـۆ خودا لـەبەرزایی، بۆ سەر زەویش ئاشـتی، بـۆ ئەوانەی جێی ڕەزامەندی ئەون.)
[15]کاتێ فریشتەکە لای شوانەکان بـەرەو ئاسـمان ڕۆیشـت، بەیەکتریان ووت: (کەواتـە بـابـڕۆین بـۆ بەیـتـلـەحم تـا ئـەو ڕووداوە ببینین کـەوا خوداوەند پێیڕاگەیاندین.) [16] بەخێرایی هاتن شوێنەکەیان دۆزیەوە، مـنداڵەکەیان بـەنووسـتوبی لەئاخورەکـەدا بـینـی لـەگـەڵ مریەمو یوسـف. [17]کـاتێ ئەمـەیان بـینی، دەستیانکـرد بـەباڵۆکردنەوەی ئەو هەواڵەی لەبارەی ئەو منداڵەوە پێیان ووتـرابوو. [18]هەموو ئەوانەی گوێیان لـەمـبـوو، سـەریان سـوڕما لەوەی شـوانەکان دەیـان ووت. [19]بـەڵام مـریەم ئـەم شـتانەی هـەموو لەبیری خـۆی دادەنـاو لـەدڵـی خـۆی لـێکیدەدایەوە. [20]دوای ئـەوە شـوانەکان گەڕانـەوە شوێنی خۆیان، دەم بـەستایشـی خـوداوە بـۆ هەموو ئـەوەی بیسـتیانو بینیـیان، بـەو شێوەیەی پێیان ووترا بوو.

خەتەنەکردنی عیسا

[21]کـاتی خەتەنەکردنی منداڵەکە، دوای بەسەرچـوونی هەشـت ڕۆژ بەسەر لـەدایك بوونی، ناوینرا عیسا هـەروەك چـۆن لـەسـەر زمـانی فریشـتەکە پێشتر ناونرا، پێش ئەوەی دایکی سکی پێی هەبێ.
[22]دوای ئـەوەی ڕۆژانـی پـاكبوونـەوەی تـەواوبوو، بەپـێی شـەریعەتی موسـا، یوسـفو مـریەم بـردیان بـۆ قـودس، تـاکو پێشکەشی خوداوەنـدی بکـەن. [23]هەروەك چۆن لەشـەریعەتی خوداوەنـد نووسراوە: { هـەموو کوڕێکـی نێبـەرە کـە سـکی دایك دەکاتەوە پێی دەووترێ پیرۆزی خوداوەنـد.} [24]هەروەها بۆ پێشکەش کـردنی قوربـانی، وەك لەشـەریعەتی خوداوەنـد ووتـراوە: {جووتـێ کوکوختی یان جووتێ بێچووە کۆتر. }
[25]لـەقـودس پیاوێك هەبوو ناوی شـەمعون بـوو، پـیاوێکی چـاك‌و لەخواتـرس بـوو، چاوەڕێی دڵدانەوە بـوو بـۆ ئیسرائیل، ڕۆحی پیرۆزیشی تـێدابـوو. [26]ڕۆحـی پیرۆز ئاگاداری کـردبوو، کـە نامـرێ تـا مەسـیحی خوداوەنـد نەبینێ. [27]بەهۆی ڕۆحەوە هاتبوو بـۆ پەرستگا. کـاتێ دایك‌و بـاوکی عیسـا مـنداڵەکەیان هێنـا تـا

بەپێی شەریعەت ئەوەی پێویستە بیکەن بۆی. [28]شەمعون منداڵەکەی خستە سەر هەردوو دەستی و ستایشی خودای کردو ووتی:
[29](ئەی خوداوەند ئێستا بەندەی خۆت بە بەئاشتی چاولێك بنێ بەپێی بەڵێنی خۆت.
[30]ئەوا چاوم ڕزگاری تۆی بینی،
[31]ئەوەی ئامادەت کردووە بۆ هەموو گەلان،
[32]ڕووناکی بێت بۆ نەتەوەکانو شکۆمەندی بێت بۆ ئیسرائیل.)
[33]دایك و باوکی سەرسام بوون لەوەی دەربارەی منداڵەکە ووترا. [34]شەمعون داوای پیرۆزی بۆ کردن و بە مریەمی دایکی منداڵەکەی ووت: (بەهۆی ئەم منداڵەوە کەسانێکی زۆر لەئیسرائیل دەکەونو زۆریش هەڵدەستنەوە، دەبێ بەنیشانەیەك بەربەرەکانی دەکرێ، [35]تا نیازی دڵی زۆرکەس ئاشکرابێ. شمشێرێکیش جەرگی تۆ دەبڕێ.)
[36]ژنێك بەووشەی خودا دەدوا ناوی حەننە بوو کچی فەنوئیلی بێ دەوترا، سەر بەتیرەی ئەشیر بوو، زۆر بەسالدا چوو بوو، تەنها حەوت ساڵ لەگەڵ مێردەکەی ژیابوو. [37]پاشان بەبێوەژنی مابووەوە تا تەمەنی گەیشتبووە هەشتاو چوار ساڵی. پەرستگاکەی بەجێ نەدەهێشت، شەو و ڕۆژ خودای دەپەرست، بەنوێژو ڕۆژوگرتن. [38]لەوکاتەدا ئامادەبوو، دەستی کرد بەسوپاس کردنی خوداو باسی عیسای لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کرد کە لەقودس چاوەڕوانی ڕزگارکەربوون. [39]دوای تەواوبووی هەموو ئەوانەی شەریعەتی خوداوەند داوای دەکات، دایك و باوکی عیسا گەڕانەوە بۆ شارەکەیان کە ناوی ناسیرە بوو لەجەلیل. [40]منداڵەکە نەشونمای دەکردو بەهێز دەبوو، پڕدەبوو لەدانایی و بەرەکەتی خودای لەسەر بوو.

عیسا لە پەرستگادا

[41]دایك و باوکی هەموو ساڵێك لەجەژنی تێپەڕبوون دەچوون بۆ قودس. [42]کاتێ عیسا تەمەنی گەیشتە دوانزە ساڵ، وەك هەموو ساڵانی تر لەجەژندا بەرەو قودس ڕۆیشتن. [43]دوای تەواوبوونی ڕۆژانی جەژن گەڕانەوە، عیسای منداڵ لەقودس مایەوە بێئەوەی ئەوان بزانن. [44]وایان دەزانی کە لەگەڵ

هاوڕێکانــیاندایە بــەڕێگــاوە، ڕۆژە ڕێگایــەك ڕۆیشــتن، دوای ئــەوە دەســتیانکــرد بەگــەڕان بــەدوایــدا لەنێوان خزمو ناسیاوەکانیان. [45]کاتێ نــەیان دۆزیەوە گەڕانەوە بۆ قودس تا بــەدوایدا بگــەڕێن. [46]دوای سێ ڕۆژ گــەڕان لەپەرســتگادا دۆزیانــەوە، ســەیریانکــرد دانیشــتووە لەنــێوان مامۆســتایانی شــەریعەت، گوێــی بــۆ ڕاگــرتوونو پرسیاریان لــێدەکات. [47]هــەموو ئەوانــەی گوێیان لێبوو، سەرســام بــوون لــە تێگەیشــتنو وەڵامدانــەوەی. [48]کــاتێ بینیــیان ســەریان ســوڕما، ئینجا دایکی پێی ووت: (کــوڕم بــۆ وات لــێکردین؟ مــنو باوکــت بە بێ ئارامی بەدواتدا دەگەڕاین.) [49]وەڵامی دانەوە، ووتی: (بۆچــی بــەدوامــدا دەگــەڕان؟ ئایــا نەتانــزانی پێویســتە لــەسەرم، لەماڵی باوکم بم؟) [50]بەڵام ئەوەی ئەو ووتی، ئــــەوان تێنەگەیشــــتن. [51]ئیــــنجا لەگەڵــیان گەڕایــەوە بــەرەو شــاری ناســیرەو گوێڕایەڵــیان بــوو، مریەمی دایکیشــی ئەمانــەی هــەموو دەخستە دڵــیەوە. [52]عیساش لەدانایی‌و بەژنو بــاڵا گــەورە دەبوو، جێی ڕەزامەندی خوداو خەڵکی بوو.

یەحیای لەئاوهەڵکێشی

3

لەســاڵی پانزەهەمیــنی فەرمانــڕەوایی تێبــاریۆســی قەیســەر، کــاتێ بونتیۆس پــیلاتۆس لــێپرســراوی یەهودیا بوو، هــەروەها هــێرۆدس لــێپرســراوی جەلــیل و براکەشــی فیلیــپۆس لێپرســراوی ئیــتۆریەو تەراخونیــتس بوو، لیسانیوسیش لێپرسراوی ئیبیلیە بــوو، [2]لەســەردەمی حەنان و قەیافای ســەرۆك کاهیــنەکان، کــاتێ یەحــیا لــەدەشــتودەر بوو ووشەی خودای بــۆ هاتــە خــوارەوە. [3]ئینجا هات بۆ هــەموو ناوچــەکانی ســەر ڕووبــاری ئوردن تا لەئاوهەڵکێشانی تۆبەکردن بــۆ گونــاە بەخشــین ڕابگەێــنێ. [4] هەروەك لە پەرتووکی ئەشعیا پێغەمبەر نووســراوە: {دەنگێك لەدەشتودەر بانگەواز دەکات، ڕێگا بۆ خوداوەند ئامادەبکەن، ڕێڕەوی ڕێك بخەن.} [5] هەموو دۆڵێك پڕ دەکرێتەوەو هەموو چــیاو گردۆڵکەیەکیش نزم دەبێتەوە، هــەموو شــوێنە پێچاوپێچەکان ڕاست دەبــنەوەو شــوێنە چــاڵەکان دەبــنە ڕێگــای ڕێكوڕەوان، [6]هەموو کەسێ ڕزگاری خودا دەبینێ!)

[7]یەحیا بەهەموو ئەوانەی هاتبوون

بـۆ لـەئاوهەڵکێشـان لـەسەردەسـتی، دەیـوت: (ئـەی بیّچووە ماران، کێ فـێری هەڵاتـنی کردوون لـەدەسـت تووڕەیـی داهـاتوو؟ [8]بـەرووبوومێ بـەدەن شـایانی تۆبەکـردن بێـت، بـەخۆتان مەڵـێن: (ئـێمە ئیـبراهیمی باوکمـان هەیـە.) مـن پێـتان دەڵێم، خـودا توانـای ئـەوەی هەیـە ئـا لـەم بەردانـە نـەوە بـۆ ئیـبراهیم دروست بکـات. [9]ئـەوا تـەور خـراوەتە سـەر قـەدی دار، هەر داریّك بەرووبوومی بـاش نەدات دەبڕێتەوو فڕێ دەدرێتە نـاو ئاگـر.) [10]خەڵکەکـە پرسیاریان لـێکـرد: (کەواتـە چی بکەین؟) [11] وەڵامی دانەوە: (ئەوەی دوو کراسی هەیـە، بـا یەکێکـیان بـدا بەوەی کە نیـیەتی، ئـەوەش کـە نـانی هەیـە، با هـەمان شـت بکات.) [12]هـەنـدێ لـــەباجگرانـــیش هاتـبوون بـــۆ لـــەئـــاوهـــەڵکێشـــان، پرسـیاریان لـێکـرد: (مامۆسـتا، ئـەی ئێمە چی بکـەین؟) [13]پێی ووتن: (لـەوەی بۆتان دانراوە زیاتر وەرمەگرن.) [14]هەروەها هـــەندێ ســـەرباز پرســـیاریان لـێکـرد: (ئـەی ئـێمە چی بکەین؟) وەڵامـی دانـەوە: (زۆرداری لـەکەس مەکـــەن، بـــەدرۆ کـــەس تـاوانـبار مـەکـەن، بەمـووچەکانتان ڕازیبن.) [15]لـەبەرئـــەوەی گـــەل چـــاوەڕێی مەسـیحیان دەکـرد، هەموو لـەخۆیان دەپرسـی: (تـۆ بڵێی یەحیا، مەسیحی چـاوەڕێ کراو بێ؟) [16]یەحیا وەڵامی خەڵکەکـەی دایـەوە: (مـن لـــەئاو هەڵـتاندەکێشـم، بەڵام ئەوەی دێت لـــەمـن بەتواناترە، ئەوەی من تەنانەت شایســـتەی کـــردنەوەی قەیـــتانی پـێڵاوەکانی نیم، ئەو لـەڕۆحی پیرۆزو لـەئاگر هەڵتاندەکێشێ. [17]ئەو شەنی بـــەدەســـتەوەیە بـۆ پـاك کـردنەوەی خەرمانەکـەی بـەتـەواوی، گەنمەکـە لـەعەمـباردا کۆدەکاتـەوو کایەکەش دەسوتێنێ بەئاگرێك کە ناکوژێتەوە.) [18]دیسـان بەزۆر شتی تر، ئامۆژگاری گەلەکـەی دەکردو مژدەی دەدانێ. [19]بـەڵام هـێرۆدس کـە فەرمانڕەوای ناوچـەکە بـوو، لـەلایـەن یەحـیاوە سەرزەنشـت کـرا بەهۆی هێرۆدیای براژنـیەوە، هەروەها لـەبەر هەموو ئەو خـراپانەی کە دەیکرد، [20]خراپەیەکی تریشی خستە پاڵ خراپەکانی پێشووی ئەویش بەزیندانکردنی یەحیا.

لەئاوهەڵکێشانی عیسا

[21]کـــاتێ گـــەل هـــەموو

لـــەئـــاوەهلّكێشـــران، عیســـاش لـەئـاوەهلّكێشـرا، لـەكاتێكدا نوێژی دەكـرد، ئاسمـانكـرایەوە، [22]رۆحـی پـیرۆز لـەشـێوەی لـەشی كـۆترێك لـەســـەری نیشـــتەوە، دەنگـــێك لـــەئاسمانـەوە هـاتو ووتـی: (تۆی رۆڵـــەی خۆشەویســتم، مـن پێـت دڵشاد بووم.)

بنەچەی عیسا

[23]كـــاتێ عیســـا دەســـتی بەخـزمەتەكەی كرد، تەمەنی نزیكەی سـی سـاڵ بـوو، خەڵكی وایاندەزانی كۆڕی یوسفی كۆڕی هالی، [24]كۆڕی مەتســـات كـــۆڕی لاوی، كـــۆڕی مولّكی كۆڕی یەننا، كۆڕی یوسف. [25]كـۆڕی مەتتاسـیا، كـۆڕی عاموس كۆڕی ناحوم، كۆڕی حەسلی كۆڕی نـــەجای، [26]كـــۆڕی مـــاس كـــۆڕی مەتاسـیا، كـۆڕی شـەمعی كـۆڕی یوسـف، كـۆڕی یـەهوزا، [27]كـۆڕی یۆحەننا، كۆڕی ڕیسا كۆڕی زەربابل، كـۆڕی شـالتیئیل كـۆڕی نـیری، [28] كـۆڕی مولّكی كۆڕی ئادی، كۆڕی قوسەم كۆڕی ئەلودام كۆڕی عیری، [29]كـۆڕی یوسـی، كـۆڕی ئەلیعازەر كـۆڕی یوریـم، كـۆڕی مەتسـات كـۆڕی لاوی، [30]كـۆڕی شـەمعون كـۆڕی یەهوزا، كۆڕی یوسفكۆڕی یۆنـان، كـۆڕی ئەلیاقـیم، [31]كـۆڕی مەلـیا كـۆڕی مەینان، كۆڕی مەتاسا كـــۆڕی ناســـان، كـــۆڕی داود، [32] كـۆڕی یەسـا، كـۆڕی عوبێد كۆڕی بوعـــەز، كـــۆڕی ســـەلمون كـــۆڕی نەحشـــون، [33]كـــۆڕی عەمیـــناداب كـۆڕی ئـارام، كـۆڕی حەسـرون، كـۆڕی فـارس كـۆڕی یـەهوزا، [34] كـۆڕی یـاقوب كـۆڕی ئیسـحاق، كـۆڕی ئیبراهیم كۆڕی تارح، كۆڕی نـاحور، [35]كـۆڕی سـەروج، كۆڕی ڕەعـو كـۆڕی فـاڵج، كـۆڕی عابـر كـۆڕی شاڵح، [36]كۆڕی قینان كۆڕی ئەرفەكشاد، كۆڕی سام كۆڕی نوح، كـۆڕی لامـەك، [37]كۆڕی مەتوشاڵح، كـۆڕی ئەخنوخ كۆڕی یارد، كۆڕی مـەهللئـیل كـۆڕی قینان، [38]كۆڕی ئـەنوش كـۆڕی شـیت، كۆڕی ئادەم كە لە خودایە.

شەیتان عیسا تاقیدەكاتەوە

4

كـاتێ عیسـا لـەئوردون گەڕایـەوە، لـەشـی پـڕبـوو لـەڕۆحی پیرۆز، ڕۆح لـەبـیابان دەیـبردبەڕێوە. [2]ماوەی چل

ڕۆژ شـــــەیتان تاقی‌دەکـــــردەوە. بەدرێژایی ئەو ڕۆژانە هیچی نەخوارد، کـاتێ ماوەکە تەواوبوو برسی بوو. [3] شـەیتان پـێی ووت: (گـەر ڕاستە تۆ ڕۆڵەی خودای بەو بەردە بڵێ بابێت بـەنان.) [4]عیسا وەڵامی دایەوە ووتی: (لەکتێـبی پـیرۆزدا نووسراوە: {مرۆڤ هـەر بـەنان نـاژی.}) [5]ئـینجا شەیتان بـردیە سـەر شـاخێکی بەرزو هەموو پادشـــــاهێتیەکانی جـــــیهانی بەچـاوتروکانێك پیشـانداو [6]ووتـی: (دەسـەڵاتی فەرمانـڕەوایی ئەم هەموو پادشـاهیانەت دەدەمـێ بـەهـەموو شـکۆیەکەوە، چـونکە دراوە بەمنو منیش دەیدەم بەهەر کەسێ بمەوێ. [7] گەر کڕنۆشت بۆ بردم ئەوا هەمووی دەبـێ بـەهـیتـۆ.) [8]عیسـا وەڵامـی دایەوەو ووتی: (نووسراوە: {تەنها بۆ خوداوەنـد خـودات کڕنووش بەڕەو هـەر ئـەو بپەرسـتە.}) [9]ئینجا شەیتان بـردی بـۆ قـودس، لەسـەر قـەراغی سەربانی پەرستگاکە ڕایگرت و پێی ووت: (گـەر ڕاسـتە تـۆ ڕۆڵـەی خـودای لـێرەوە خـۆت فـڕێدە خـوارەوە، [10]چـونکە نووسـراوە: { بـــــەفریشـــــتەکانی دەڵـــــێ پارێزگاریـتکەنو [11]لەسەر دەستیان هەڵـت دەگرن نەوەك قاچت بەربەرد بکەوێـت.}) [12]عیسا وەڵامی دایەوەو ووتـــی: (ووتـــراوە: {خوداوەنـــد خـودات تـاقی مەکەرەوە.}) [13]کاتێ شـــەیتان هـــەموو تاقی‌کـردنەوەکانی تـەواوبوو، بەجـێی هێشـت تاکاتێکی تر.

عیسا لەناسیرە دەردەکرێ

[14]عیســـــا بـــەهـــــێزی ڕۆح گەڕایەوە بـۆ جـەلـیل، نـاوبـانگـی لـەهـــەموو دێـیەکانی دەوروپشـــت بلاوبـــووەوە. [15]لەکەنیشـــتەکان خـەڵکی فێردەکرد، هەموو ستایشیان دەکرد.

[16]ئـینجا هـات بـۆ ناسـیرە، ئـەو شوێنەی لێی پەروەردە بوو، هەروەك جاران ڕۆژی شەممە چووە کەنیشت، ڕاوەسـتا بۆ خوێندنەوە. [17]پەرتووکی ئەشـعیا پێغەمبەریان دایە دەستی کاتێ کردیەوە ئەو شوێنەی بەرچاو کەوت کـە تـیایـدا نووسـراوە: [18]{ڕۆحـی خوداوەنـــدم لەســـەرە، چـــونکە دەستنیشـانیکردووم تا مژدە بدەم بەهـــەژاران، نـاردوومی هـــەتا بـــۆ دیـلکـراوان داوای ئازادی بکەم، بۆ کوێـران داوای ڕووناکی بکەم، تاکو

پێشێلکراوان ڕزگاربکەم، [19]ساڵی
ڕەزامەندی خوداوەند ڕابگەێنم.} [20]
ئینجا پەرتووکەکەی داخست و دایە
دەست ئیشکەری ئەو شوێنەو
دانیشت. هەموو ئەوانەی ئامادەبوون
لەکەنیشتەکە چاویان تێبڕیبوو. [21]
قسەی بۆ کردنو ووتی: (وا ئەمڕۆ
ئەوەی گوێتان لێبوو هاتەدی.) [22]
هەموو بەباشی باسیان دەکردو
سەریان سوڕما لەو ووشە
بەرەکەتدارانەی لەدەمی دەهاتە
دەرەوە، دەیان ووت: (ئایا ئەمە
کوڕەکەی یوسف نییە؟) [23]عیسا پێی
ووتن: (بێگومان ئێوە پێم دەڵێن،
ئەی پزیشک جارێ چارەسەری
خۆت بکە، ئەوەی بیستمان
لەکەفەرناحوم کردت لێرەش
لەشارەکەت بیکە.) [24]دیسان
بەردەوام بوو ووتی: (ڕاستیتان پێ
دەڵێم، هیچ پێغەمبەرێك لەشارەکەی
خۆی پەسەند ناکرێ. [25]لەڕاستیدا
پێتان دەڵێم، لەسەردەمی ئەلیاس
لەئیسرائیل بێوەژنی زۆر هەبوون،
کاتێ باران بڕا سێ ساڵۆ شەش
مانگ، هەتا برسێتییەکی گەورە
لەهەموو سەر زەویدا ڕووی‌دا، [26]
بەڵام ئەلیاس نەنێررا بۆ کەس لەوانە،
بەڵکو بۆ ئافرەتێکی بێوەژن لەسەرفە
لەناوچەی سەیدا. [27]لەئیسرائیل
لەسەردەمی ئەلیشەع پێغەمبەر زۆر
کەس تووشی نەخۆشی گولی
هاتبوون، هیچیانی چاك نەکردەوە،
تەنها نوعمانی سووری نەبێ.) [28]
هەموو ئەوانەی لەکەنیشتەکە بوون،
کە ئەمەیان بیست ڕقیان هەڵسا. [29]
دەریان کردە دەرەوەی شارەکە،
بردیانە قەراخ ئەو چیایەی
شارەکەیانی لەسەر دروستکرابوو،
تاکو لەوێوە فڕێی بدەنە خوارەوە. [30]
بەڵام ئەو دەرباز بوو لەناویانو لەوێ
ڕۆیشت.

دەرکردنی ڕۆحی پیس

[31]جا عیسا بەرەو کەفەرناحوم
ڕۆیشت، شارێك بوو لەناوچەی
جەلیل، لەوێ لەشەممانداخەڵکی فێر
دەکرد. [32]زۆر سەریان سوڕما
لەفێرکردنەکانی، لەبەرئەوەی
ووشەکانی بەدەسەڵاتەوە بوو. [33]
لەکەنیشتەکەدا پیاوێك هەبوو ڕۆحی
پیسی تێدا بوو. بەدەنگێکی بەرز
هاواری‌کرد : [34](ئەی عیسای
ناسیری چیت لێمان دەوێ؟
هاتوویت لەناومان ببەی؟ من دەزانم

تۆکێیت، تۆ پیرۆزی خودای.) [35] عیسا هەڕەشەی لێکردو ووتی: (بێدەنگبە! لەلەشی وەرە دەرەوە.) ئینجا ڕۆحە پیسەکە کابرای کوتا بەزەویداو لەلەشی هاتە دەرەوە، بێئەوەی زیانی کەی پێبگەیەنێ. [36] هەموو سەرسام بوون، لەنێوان خۆیان پرسیاریان دەکرد: (ئەمە چ ووشەیەکە؟ ئاوها بەدەسەلاتە، فەرمانەدا بەڕۆحە پیسەکان تا لەخەلکی بێنە دەرەوە.) [37] ناوبانگی عیسا لەهەموو شوێنێك لەو ناوچەیە بلاوبووەوە.

چاككردنەوەی خەلکێکی زۆر

[38] دوای ئەمانە کەنیشتەکەی بەجێهێشتو چووە ماڵی شەمعون. خەسووی شەمعون تایەکی تووندی لێهاتبوو، داوایان لێکرد یارمەتیبدات. [39] ئەویش لای جێگاکەی ڕاوەستاو تایەکەی لێ دوور خستەوە. ژنە یەکسەر هەستایە سەرپێو دەستی کرد بەخزمەتکردنیان. [40] کاتێ ڕۆژ ئاوابوو، هەموو ئەوانەی نەخۆشییان هەبوو، لەهەموو جۆرێك، هێنایانە لای عیسا یەکە یەکە دەستی لەسەر دانانو چاکی کردنەوە. [41] ڕۆحی پیسی لەزۆریان دەرکرد، لەکاتێکدا ڕۆحەکان هاواریان دەکرد (تۆ ڕۆڵەی خودای!) ئەویش دەریدەکردنو نەیدەهێشت زۆر بڵێن، چونکە زانییان ئەو مەسیحە. [42] کاتێ ڕۆژهەڵات، هەستاو ڕۆیشت بۆ جێگایەکی چۆڵەوانی، خەڵکەکە بەدوایدا گەڕان تادۆزیانەوە، گرتیان تاکو لایان نەڕوات. [43] بەڵام ئەو پێی ووتن: (پێویستە لەسەرم، مژدەی پادشاهێتی خودا بەشارەکانی تریش بدەم، چونکە من بۆ ئەمە نێڕراوم.) [44] ئیتر لەوێ ڕۆیشتو دەستی کرد بەمزگێنیدان لەکەنیشتەکان.

عیسا قوتابیەکانی بانگدەکات

5 لەکاتێکدا عیسا ڕاوەستابوو لەسەر کەناری دەریاچەی جەنیسارت، خەڵکەکە هەموو کۆمەڵ بووبوون لەدەوری تاکو گوێ لەووشەی خودا بگرن. [2] دوو بەلەمی بینی لای دەریاچەکەوە ڕاوەستابوون، ماسیگرەکان بەجێیان هێشتبوو، تۆڕەکانیان دەشوشت. [3] چووە ناو یەکێکیان، کە هی شەمعونبوو،

داوای لێکرد هەندێ لەکەناری دەریاچەکە دووری بخاتەوە ئینجا دانیشت و لەناو بەلەمەکەوە دەستی کرد بە فێرکردنی خەڵکەکە.
[4]کاتێ ووتەکانی تەواوکرد بەشەمعونی ووت: (دووری کەرەوە بۆ قوولایی، جا تۆڕەکانتان فڕێ بدەن بۆ ڕاوکردن.) [5]شەمعون وەڵامی دایەوە: (گەورەم هەرچەندە بەدرێژایی شەو هەوڵماندا کەچی هیچمان ڕاونەکرد. بەڵام لەبەر قسەی تۆ ئەوا تۆڕێك فڕێ دەدەم) [6] کاتێ ئەمەیان کرد ماسییەکی زۆریان گرت، بەشێوەیەك تۆڕەکەیان خەریك‌بوو بدڕێ. [7]جا بانگی هاوڕێکانیان کرد کە لەبەلەمەکەی تردا بوون، تاکو بێنو یارمەتیان بدەن، ئەوانیش هاتنو هەردوو بەلەمەکەیان پڕکرد تا وای لێ هات خەریك بوو نوقوم بن. [8]کاتێ شەمعون کە بەپەترۆس ناودەبرێ ئەمەی بینی چۆکی‌دادا لەبەر پێی عیساداو ووتی: (گەورەم لێم دوورکەوە، چونکە من مرۆڤێکی گوناهبارم.) [9]پەترۆسو ئەوانەی لەگەڵی بوون سەریان سوڕمابوو لەزۆری ئەو ماسییانەی گرتبوویان، [10]هەروەها یاقوبو یۆحەننای کوڕی زەبدی کە شەریکی پەترۆس بوون.
عیسا بەپەترۆسی ووت: (مەترسە ئیتر تۆ لەئێستاوە ڕاوی مرۆڤ دەکەیت.) [11]دوای ئەوەی گەڕانەوە کەناری دەریاچەکە وازیان لەهەموو شتێك هێناو دوای عیسا کەوتن.

نەخۆشی گوڵی پاك‌دەبێتەوە

[12]کاتێ عیسا لەیەکێك لەشارەکان بوو، لەوێ مرۆڤێکی لێبوو هەموو لەشی برینی گوڵی داپۆشیبوو، هەر کە عیسای بینی، لەبەردەمی خۆی بەدەمداداو لێی پاڕایەوەو ووتی: (گەورەم، گەر بتەوێت توانای ئەوەت هەیە پاکم بکەیتەوە.) [13]عیسا دەستی درێژکردو دەستی لێدا، ووتی: (دەمەوێ، پاك بەرەوە.) ئیتر دەستبەجێ کابرا پاك بووەوە. [14]عیسا ڕای‌سپاردو پێی ووت: (ئەمە بەکەس نەڵێی، بەڵکو بڕۆ خۆت نیشانی کاهینەکان بدە لەباتی پاك‌بوونەوەکەشت، ئەو قوربانییەی موسا فەرمانی‌داوە پێشکەشی بکە، ئەمە دەبێتە شایەتییەك لایان.) [15]جا بەمە دەنگوباسی عیسا زیاتر بلاوبووەوە، لەبەرئەمە

خەڵکێکی زۆر هاتنە لای بۆ گوێگرتنو چاك بوونەوە لەنەخۆشیەکانیان. 16بەڵام ئەو دوورەدەکەوتەوە بۆ شوێنە چۆڵەکان هەتا نوێژ بکات.

دەسەلاتی گوناە بەخشین

17ڕۆژێ لەڕۆژان عیسا خەریکی فێرکردن بوو، لەنێوان دانیشتوان هەندێ لەفەریسیەکانو مامۆستایانی شەریعەت هەبوون. خەڵکی لەهەموو دێیەکانی جەلیلو یەهودیاو قودسەوە هاتبوون. توانای خوداوەند دەرکەوت بۆ چاك کردنەوەیان. 18هەندێکیان مرۆڤێکی ئیفلیجیان هێنا بەجێگەکەیەوەو ویستیان بیبەنە ژوورەوە بۆ بەردەمی. 19کاتێ ڕێیان نەبوو بەهۆی زۆری خەڵکەوە، سەرکەوتنە سەربانو شۆڕیان کردەوە بەجێگەکەیەوە بۆ ناوەڕاستی خەڵکەکە، بۆ بەردەمی عیسا. 20عیسا کە باوەڕی ئەوانی بینی، ووتی: (کابرا، گوناهەکانت بەخشرا.) 21مامۆستایانی شەریعەتو فەریسیەکان لەدڵی خۆیان ووتیان: (ئەمە کێیە بەم شێوەیە کفر دەکات؟ کێ دەتوانێ گوناە ببەخشێ تەنها خودا نەبێ؟)

22بەڵام عیسا زانی بیر لەچی دەکەنەوە، وەڵامی دانەوە، ووتی: (بۆ وا بیر دەکەنەوە لەدڵتان؟ 23کامیان ئاسانترە، بڵێم: (گوناهەکانت بەخشرا، یان بڵێم هەستە بڕۆ? 24بەڵام ئەمەم ووت، تاکو بزانن ڕۆڵەی مرۆڤ لەسەر زەوی دەسەلاتی گوناە بەخشینی هەیە.) ئینجا بەئیفلیجەکەی ووت: (هەستە، جێگەکەت هەڵگرەو بڕۆوە بۆ ماڵ.) 25ئەویش دەستبەجێ هەڵساو جێگەکەی هەڵگرتو کەوتەڕێ بەرەو ماڵەوەو ستایشی خودای دەکرد. 26خەڵکەکەش هەموو سەرسامبوونو ستایشی خودایان کرد، ترس دایگرتنو ووتیان: (ئەمڕۆ کاری سەرسوڕهێنەرمان بینی.)

عیسا بۆ گوناهباران هاتووە

27دوای ئەمە عیسا لەوێ هاتە دەرەوە، باجگرێکی دی ناوی لاوی بوو، لەشوێنی باجگران دانیشتبوو، پێی ووت: (دوام کەوە.) 28لاویش هەستاو هەموو شتێکی بەجێهێشتو دوای کەوت.

29لاوی میواندارییەکی گەورەی بۆ کرد لەماڵی خۆی، زۆر

لەباجگران‌و خەڵکی تر لەگەڵیان دانیشتبوون لەسەر خوان. [30] مامۆستایانی شەریعەت‌و فەریسیەکان ناڕەزایی خۆیان دەربڕی لای قوتابیەکانی عیساو ووتیان: (بۆچی لەگەڵ باجگران‌و گوناهباران دەخۆن‌و دەخۆنەوە؟) [31] عیسا وەڵامی دانەوە و ووتی: (مرۆڤی لەش ساغ پێویستی بەپزیشك نییە، بەڵکو نەخۆش. [32] نەهاتووم بۆ بانگ‌کردنی ئەوانەی خۆیان بەچاك دەزانن، بەڵکو گوناهباران بۆ تۆبەکردن.)

لەبارەی ڕۆژوو

[33] ئینجا پێیان ووت: (قوتابیەکانی یەحیا زۆر ڕۆژوو دەگرن‌و نوێژ دەکەن، هەروەها قوتابیی فەریسیەکان، بەڵام قوتابیەکانی تۆ دەخۆن‌و دەخۆنەوە.) [34] عیساش پێی ووتن: (ئایا دەتوانن لەشاییدا وا لەکەسوکاری زاوا بکەن بەڕۆژوو بن، لەکاتێکدا زاوا لەناویان بێت؟ [35] بەڵام ڕۆژانێك دێ کە زاوا لەنێوانیان بەرزکرابێتەوە، ئەوسا لەو ڕۆژانەدا بەڕۆژوو دەبن.) [36] نموونەیەکی بۆ هێنانەوە، ووتی: (کەس پارچە لەجلی تازە ناکاتەوە تاوەکو جلێکی کۆنی پێ پینەکات، چونکە جلە تازەکە دەدڕێ و پارچەکەش کە وەرگیراوە لەجلە تازەکە ناگونجێ لەگەڵ کۆنەکەدا. [37] هەروەها کەس مەی تازە ناخاتە ناو مەشکەی کۆنەوە، چونکە مەیە تازەکە مەشکەکە دەدڕێنێ، مەیەکە دەڕژێ‌و مەشکەکەش لەناو دەچێ. [38] کەواتە پێویستە مەی تازە بکرێتە مەشکەی تازەوە. [39] کەسیش نییە مەی کۆن بخواتەوە و ئارەزووی تازە بکات، چونکە دەڵێ: (کۆنەکە خۆشترە.))

دەربارەی ڕۆژی شەممە

6

لە ڕۆژێکی شەممەدا، عیسا بەناو دەغڵێك تێدەپەڕی، قوتابیەکانی گوڵەگەنمیان لێ دەکردەوە و لەبەری دەستیان دەیان پرواندو دەیان خوارد. [2] هەندێ لەفەریسیەکان پێیان ووتن: (بۆچی کارێك دەکەن لەشەممەدا دروست نییە؟) [3] عیسا وەڵامی دانەوە و ووتی: (ئەی نەتان خوێندۆتەوە داود چی کرد کاتێ برسی‌بوو، لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵی بوون؟ [4] چۆن چووە ماڵی خوداو نانی

قوربانی خواردو دای بەوانەش کە لەگەڵی بوون، لەگەڵ ئەوەش خواردنی ئەو نانە دروست نییە تەنها بۆ کاهینەکان نەبێت؟) [5]ئینجا پێی ووتن: (ڕۆڵەی مرۆڤ خۆی گەورەی ڕۆژانی شەممەیە).

چاکردنەوەی نەخۆش لەشەممە

[6]لەشەممەیەکی تردا، عیسا چووە کەنیشتو دەستی‌کرد بە فێرکردن. پیاوێکی لێبوو دەستی ڕاستی ووشک بووبوو. [7]مامۆستایانی شەریعەتو فەریسیەکان سەیری عیسایان دەکرد، تاکو بزانن ئایا لەڕۆژانی شەممەدا خەڵکی چاک دەکاتەوە، هەتا شتێك بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی تاوانباری بکەن، [8]بەڵام ئەو بەمەبەستی زانین، بەپیاوەکەی ووت: (هەستە، ڕاوەستە لەبەردەم خەڵکەکەدا، ئەویش هەستاو لەوێ ڕاوەستا. [9]عیسا پێی ووتن: (من پرسیارێکتان ئاراستە دەکەم، ئایا لەڕۆژانی شەممەدا چی دروستە، کردنی کاری باش یان کاری خراپ؟ ڕزگارکردن یاخود لەناوبردن کامیان باشترە؟) [10]دوای ئەوەی چاوی بەهەموویان گێڕا، بەپیاوەکەی ووت: (دەست درێژکە.) ئەویش ئەمەی کردو دەستی وەك جاری جاران چاك بووەوە. [11]بەڵام ئەوان زۆر تووڕە بوونو کەوتنە ڕاوێژو تەگبیر لەگەڵ یەکتری بۆ ئەوەی شتێك لەعیسا بکەن.

دوانزە نێڕراوەکە

[12]لەوڕۆژانەدا عیسا بەرەو شاخ ڕۆیشت تاکو لەوێ نوێژ بکات، ئەو شەوەی بەنوێژکردن بۆ خودا بەسەربرد. [13]کاتێ ڕۆژ بووەوە، قوتابیەکانی بانگکرد، دوانزەی لێ هەڵبژاردنو ناوی لێنان نێڕراوان ئەوانەش ئەمانە بوون. [14]شەمعون کەناوی نا پەترۆس، ئەندەراوسی برای، یاقوب، یۆحەننا، فیلیپۆس، بەرتولماوس، [15]مەتتا، تۆما، یاقوبی کوڕی حەلفی، شەمعون کە ناسراوبوو بەدلگەرم، [16]هەروەها یەهوزای کوڕی یاقوب لەگەڵ یەهوزای ئەسخەریوتی کە لە دواییدا بەناپاك دەرچوو. [17]ئینجا عیسا لەگەڵیان هاتەخوارەوە، لەشوێنێکی تەختایی ڕاوەستا. لەوێ ژمارەیەکی زۆر لەقوتابیەکانی لێبوو لەگەڵ زۆر لەخەڵکی، کە لەناوچەی

یەهودیاو قودسو سورو سەیدا هاتبوون. تاکو گوێیان لێی بێتو لەنەخۆشییەکانیان چاکبنەوە.[18] ئەوانەش کە ڕۆحی پیس ئازاری دەدان چاکبوونەوە.[19] ئیتر هەموو خەڵکەکە هەوڵیان دەدا دەستیان پێی بکەوێت، چونکە هێزو توانایەکی مەزنی لێدەهاتە دەرەوەو هەمووانی چاک دەکردەوە.

[20]ڕوانیە قوتابیەکانیو ووتی: (خۆزگەتان پێدەخوازرێ ئەی هەژارەکان چونکە پادشاهێتی ئاسمان بۆ ئێوەیە. [21]خۆزگەتان پێ دەخوازرێ ئەی ئەوانەی ئێستا برسین چونکە تێردەبن. خۆزگەتان پێدەخوازرێ ئەی ئەوانەی ئێستا دەگرین، چونکە پێدەکەنن. [22]خۆزگەتان پێدەخوازرێ کاتێ خەڵک ڕقیان لێتان دەبێتەوە، جیاتان دەکەنەوە، جنێوتان پێدەدەن، بەبەدکار ناوتان دەبەن، لەپێناوی ڕۆڵەی مرۆڤ. [23]شادومانو دڵخۆشبن چونکە پاداشتتان مەزنە لەئاسمان، باو باپیرانیان بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان کردووە لەگەڵ پێغەمبەران. [24]بەڵام خاك بەسەرتان ئەی دەوڵەمەندەکان، چونکە دڵنەوایی کران. [25]خاك بەسەرتان ئەی ئەوانەی ئێستا تێرن، چونکە دوایی برسی دەبن. خاك بەسەرتان ئەی ئەوانەی ئێستا پێدەکەنن، چونکە دوایی دەگرینو غەمبار دەبن. [26]خاك بەسەرتان کاتێ هەموو خەڵك ستایشتان دەکات، چونکە باوباپیرانیان هەمان شتیانکرد لەگەڵ پێغەمبەرە درۆزنەکان.

دوژمنەکانتان خۆش بوێ

([27]بەڵام ئەی گوێگران، پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆش بوێ، چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لێتان دەبێتەوە. [28]داوای پیرۆزی بکەن* بۆ ئەوانەی نەفرەتتان لێدەکەن، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی خراپەتان بەرامبەر دەکەن [29]ئەوەی کێشای بە لایەکی ڕوومەتت، لایەکەی تریشی بۆ ڕاگرە. گەر یەکێ چاکەتەکەی لەبەرداکەنیت، ڕێی لێمەگرە باکراسەکەشت ببات. [30]ئەوەی داوای شتێکت لێ دەکات، بیدەرێ، ئەوەش کە شتێکت لێ داگیر دەکات لێی داوامەکەوە.

[31]چـــۆن دەتانـــەوێ خـــەڵکی هەڵسـوکەوتتان لەگەڵ بکەن، لەپێشا ئێوە بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەن.
[32](گـەر هـاتوو بـەتـەنها هـەر ئەوانـەتان خۆشویسـت کـە خۆشیان دەوێن، چ چاکەیەك دەکەن؟ تەنانەت گوناهبارانـیش ئەوانەیان خۆشدەوێ کەخۆشیان دەوێن. [33]ئەگەر کرداری باشـتان هـەر لـەگەڵ ئەوانەداکرد کە کـرداری بـاش بەرامـبەرتان دەکەن، ئایـا چ چـاکەیەك دەکـەن؟ تەنانـەت گوناهبارانـیش ئەمە دەکەن. [34]ئەگەر تـەنها قـەرز بـدەن بەوانـەی دەزانـن قەرزەکـە دەگەڕێنـنەوە، چ چاکەیەك دەکـەن؟ تەنانەت گوناهبارانیش قەرز دەدەن بەوانـەی دەزانـن قەرزەکانیان دەدەنەوە. [35]بەڵام ئێوە دوژمنەکانتان خـۆشبـوێ، چاکەیان لـەگەڵ بکەن، قـەرزیان بدەنـێ بێئـەوەی هـیوای وەرگرتـنەوەتان هەبێ، بەمە پاداشتتان گـەورە دەبـێو دەبنە ڕۆڵەی خودای مـەزن، چـونکە ئەو میهرەبانە لـەگەڵ بەدنمـەکو بەدکاران. [36]بەبەزەیی بن، هەروەك چۆن باوکتان بەبەزەییە.

خەڵکی تـاوانبار مەکەن

[37](خـەڵکی تاوانـبارمەکەن، تـا تاوانـبارنەکرێن. کـەس سەرزەنشـت مەکـــەن، سەرزەنشـــت ناکـــرێن. لەخـەڵکی خـۆش بـن، لێتان خۆش دەبـن. [38]بـەخـەڵکی بـدەن، پێـتان دەدرێـــت، پـــێوانەیەکی چـــاکی پەسـتێنراوی هەژێـندراوی پـڕی لێ ڕژاوتـــان پـــێدەدرێ لەباوەشـــتان، چـونکە بـەو پـێوانەیەی بـۆ خەڵکی دەپێون بۆتان دەپێونەوە.)
[39]نموونەیەکی بۆ هێنانەوەو ووتی: (ئایـا کوێـرێك دەتوانێ کوێرێکی کە بـەڕێدا بـبات؟ ئایـا هەردووکـیان ناکەونـــە چـــاڵەوە؟ [40]قوتـــابی لەمامۆستاکەی مەزنتر نییە، بەڵام هەر کەسـێ تـەواو و ڕێـك بێـت، وەك مامۆسـتاکەی لـــێ دێـت. [41]بۆچـی سەرنج لەپووشی ناو چاوی براکەت دەدەیتو گوێنادەیتە تەختەدارەکەی نـاو چـاوی خـۆت؟ [42]یـان چـۆن دەتوانـی بـەبراکەت بڵێیت: (ئا برا، بهـێڵە بـا ئـەو پووشـە لەچـاوت دەربهێـنم.) لـەکاتـێکدا تـۆ خـۆت تەختـەدارەکەی نـاو چـاوی خـۆت نابینیـت؟ ئـەی دووڕوو، جـارێ تـۆ یەکـەمجار تەختـەدارەکەی ناو چاوی خـۆت دەربهێنە، ئینجا باش دەبینیت

بـۆ ئـەوەی پووشـەکەی ناوچـاوی براکەت دەربهێنیت.)

ناسین بە بەرووبووم

[43](داری چـاك نییە بەری خراپ بـدات، داری خراپـیش بـەری چاك نـادات [44]لەبـەر ئەوە هەموو داریّك بە بەرەکەی دەناسریّ. لەدرِك هەنجیر ناکریّـتەوە لـەتووترِکـیش تـریّ ناکریّـتەوە. [45]مـرۆڤی بـاش، لەگەنجینەی باشـی دلّـی، چـی باش بیّـت دەریدەهێنیّ، مرۆڤی خراپیش، لەگەنجینـە خـراپەکەی، چـی خراپ بیّـت دەریدەهێـنیّ، چـونکە ئەوەی لەدلّ هەلّدەقولّیّ دەم پێی دەدویّ.

ئەو خانووەی بناغەکەی لە بەردە

[46](چۆن بانگم دەکەن گەورەم، گـەورەم، کەچی کار ناکەن بەوەی مـن دەیلّـێم؟ [47]ئـەوەی دێ بۆلام، گـویّ لەووتەکانم دەگرێتو کاری پـێدەکـات، پێـتان دەلّـێم لـەکـیّ دەکـات. [48]لەمرۆڤـێك دەکـات خانوویـەك دروسـت دەکـات، زەویەکـەی هەلّدەکـەنیّ بـەقوولّی، تـابـناغەکەی لەسـەر زەویـیەکی بـەردین دابـنیّ، ئینجا بارانێکی زۆر دەباریّو لافاو لەخانووەکەی دەدا، بـەلاّم لەشـوێنی خۆی نایجولّێنیّ. لەبەرئـەوەی لەسـەر زەویـیەکی بـەردین داریّژراوە. [49]بەلاّم، ئەوەی گوێـی لـێ بوو و کاری پێنەکرد، لـەمرۆڤـێك دەکـات خانووەکـەی لەسـەر زەوییەکی بێبناغە دروست بکـات. کـاتیّ لافاو لەخانووەکەی دەدا، دەسـتبـەجیّ دەرِوخـێ، رِوخانێکی تەواو.)

چاکردنەوەی خزمەتکاری سەرپەلێك

7

دوای ئـەوەی عیسا هەموو ووتەکانی دا بـەگوێی خەلّکەکـەداو تـەواوی کـرد، چـووە شاری کەفەرناحوم. [2] کابـرایەکی سـەرپەل خـزمەتکارێکی نەخۆشی هەبوو لەسەرە مەرگدا بوو، لای خۆشەویسـت بـوو. [3]کـاتیّ بەهەوالّی عیسای زانی، چەند پیرێکی جوولەکـەی نارد لای بپارِێنەوە لێی تـابێـتو خـزمەتکارەکەی چـاك بکاتـەوە. [4]کـاتیّ گەیشتنە لای عیسا بەگـەرمی داوایان لـێکردو ووتیان: (ئـەو پـیاوە شـایانی ئەوەیـە داواکاریـیەکەی جێبەجیّ بکەیت، [5] ئـەو گـەلی ئـێمەی خـۆش دەوێـتو

کەنیشتیشی بۆ دروست کردووین.) [6]
عیسا لەگەڵیان چوو. هێشتا نەگەیشتبووە نزیك ماڵەکە، سەرپەلەکە هەندێ هاوڕێی خۆی نارد کە پێی بڵێن: (گەورەم ئەرك مەکێشە، من شایانی ئەوەنیم، تۆ خۆت بێیتە ماڵەکەم، [7]هەروەها شایانی ئەوە نیم ڕووبەڕووت بمەوە. هەر لەوێوە ووشەیەك بڵێ، ئیشکەرەکەم چاك‌دەبێتەوە. [8]منیش مرۆڤێکم لەژێر فەرمانی لەخۆم گەورەتر، هەروەها سەربازیشم هەیە لەژێر فەرماندان، بەیەکێ دەڵێم، بڕۆ، دەڕوا، بەوی تر دەڵێم، وەرە، دێت، بەئیشکەرەکەم دەڵێم، ئەوە بکە، دەیکات.) [9]کاتێ عیسا گوێی لەمەبوو، سەرسام بوو، ئینجا ڕووی کردە هەموو ئەوانەی دوای کەوتبوون، ووتی: (پێتان دەڵێم، لەهەموو ئیسرائیلدا باوەڕێکی مەزنی وەك ئەمەم نەدیوە)[10]کاتێ ئەوانەی نیرراوون گەڕانەوە، بینیان نەخۆشەکە چاك بووەتەوە.

زیندووکردنەوەی مردوو

[11]بۆ ڕۆژی پاشتر، عیسا ڕۆیشت بۆ شارێك ناوی نایین بوو زۆربەی قوتابیەکانیو خەڵکێکی زۆری لەگەڵ بوو. [12]کاتێ لەدەروازەی شار نزیك بووەوە، تەرمێکی بینی بەسەر شانەوە، ئەویش کوڕی تاقانەی بێوەژنێك بوو، خەڵکێکی زۆری لەگەڵ بوو. [13]کاتێ خوداوەند ژنەکەی بینی، بەزەیی پیاهاتەوە، پێی ووت: (مەگری.) [14]ئینجا هاتە پێشەوەو دەستی لەدارمەیتەکەدا ، هەڵگرانی تەرمەکە ڕاوەستان. ووتی: (ئەی کوڕی گەنج، بەتۆ دەڵێم، هەستە.) [15]مردووەکە ڕاست بووەوەو دەستی کرد بەقسەکردن، ئیتر عیسا دایەوە دەست دایکی. [16]خەڵکەکە هەموو ترسیان لێنیشت، ئینجا ستایشی خودایان کردو ووتیان: (لەناوماندا پێغەمبەرێکی مەزن دەرکەوتووە، خودا گەلەکەی بەسەرکردەوە!) [17]ئەم هەواڵە لەهەموو ناوچەی یەهودیاو دەوروپشتی بڵاوبووەوە.

عیساو حەزرەتی یەحیا

[18]قوتابیەکانی یەحیا هەموو ئەم هەواڵانەیان بۆ یەحیا برد. [19]یەحیاش دووان لە قوتابیەکانی بانگ کردو ناردنی بۆ لای خوداوەند، تا لێی بپرسن: (ئایا تۆی ئەوەی کە دێت،

یاخود چاوەڕێی یەکێکی‌تر بکەین؟)
[20]کاتێ دوو قوتابیەکە هاتنە لای عیسا، ووتیان: (یەحیای لەئاوهەڵکێش ئێمەی ناردۆتە لات، دەپرسێ، تۆی ئەوەی کە چاوەڕێی هاتنی دەکرێ، یاخود چاوەڕێی یەکێکی‌تر بکەین؟)
[21]لەوکاتەدا عیسا زۆر نەخۆشی چاك کردبووەوە، ڕۆحی پیسی دەرکردبوو، ڕوناکی خستبووە چاوی زۆر لەکوێرەکان. [22]ئینجا عیسا وەڵامی دوو نێردراوەکەی دایەوەو ووتی: (بڕۆن هەواڵ بدەن بەیەحیا، ئەوەی گوێتان لێبێ‌بوەو بینیوتانە، کوێر دەبینن، شەڵ گۆڕ دەڕۆن و گوڵەکان پاك‌دەبنەوە، کەڕەکان دەبیستن، مردووان زیندوودەبنەوەو هەژاران مژدەیان پێ‌دەدرێ. [23]خۆزگەدەخوازرێ بەوانەی گومانم لێ‌ناکەن.)
[24]کە نێردراوانی یەحیا ڕۆیشتن، عیسا دەستی‌کرد بەقسەکردن دەبارەی یەحیا بۆ خەڵکەکە، ووتی: (چوونە دەشت‌ودەر بۆ بینینی چی؟ قامیشێك با دەیجوڵێنێتەوە؟ [25]ئەی چوون چی ببینن؟ مرۆڤێك بەبەرگی نایابەوە؟ ئەوەتا ئەوانەی بەرگی نایاب دەپۆشن و دەوڵەمەندن وان لەکۆشکی پادشاکانن [26]کەواتە چوون بۆ بینینی چی پێغەمبەرێك؟ بەڵێ پێتان دەڵێم مەزنتر لەپێغەمبەرێك. [27]یەحیا ئەوەیە کە لەکتێبی پیرۆزدا دەربارەی نووسراوە: {من نێرراوی خۆم لەپێشتەوە دەنێرم، ئەوەی ڕێگات بۆ ئامادە دەکات.} [28]من پێتان دەڵێم لەنێوان ئەوانەی لەئافرەت لەدایك بوون لەیەحیا مەزنتری تیا نییە، بەڵام بچووکترین کەسی پادشاهێتی ئاسمان مەزنترە لەو.) [29]هەموو ئەوانەی گوێیان لێ‌بوو، تەنانەت باجگرانیش دانیان‌نا بەدادپەروەری خودا، چونکە لەسەر دەستی یەحیا لەئاوهەڵکێشرا بوون. [30]بەڵام فەریسیەکانو مامۆستایانی شەریعەت، بەلووت‌بەرزیەوە ڕازی‌نەبوون بەخواستی خودا بۆیان، چونکە لەسەر دەستی یەحیادا لەئاوهەڵنەکێشرابوون.
[31](ئایا ئەم نەوەیە بەچی بەراورد بکەم؟ ئایا لەچی دەکەن؟ [32]ئەوان لەو منداڵانە دەکەن کە لەمەیدانی گشتی دانیشتوون، یەکتری بانگ دەکەنو دەڵێن: (زورنامان بۆ لێدان

کەچـی هەڵنەپەڕین، شینمان بۆکردن کەچی نەگریان.) [33]یەحیا هات نەنان دەخـواو نەمـەی دەخواتەوە، ووتتان: (ئەمـە ڕۆحـی پیسـی تیایە.) [34]ئینجا ڕۆڵـــەی مـــرۆڤ هـــات دەخـــواو دەخواتـەوە وەك هـەموو مرۆڤـێك، ووتـتان: (ئەمـە کابرایەکی زۆرخۆرو سەرخۆشـــە هـــاوڕێی باجگـــرانو گوناهـبارانە.) [35]بـەڵام ڕاستی دانایی بە بەرووبوومی دەردەکەوێ.)

لێخۆشبوونو خۆشەویستی

[36]یـەکێ لـەفەریسـیەکان داوای لەعیسا کرد لەماڵەکەی نان بخوات. ئـەویش چـووە مـاڵی فەریسـیەکەو لەســـەر خـــوان دانیشـــت. [37] لەشـارەکەدا ئافرەتـێکی گوناهـبار هەبوو، هەرئەوەندە زانی عیسا لەماڵی فەریسـیەکە دانیشـتووە، هات بەقاپێ ڕۆنـی بـۆن خۆشـەوە، [38]لەبەرپێـیدا بەگـــریانەوە ڕاوەســـتاو پێـــیەکانی بـەفرمێسـك تـەڕکـردو بەقژی بۆی سـڕیەوە، پـێی مـاچکـردو بەڕۆنەکە چەوری کرد.

[39]کـاتێ فەریسـیەکە ئەمەی بینی، بـەخـۆی ووت: (گـەر ئـەم کابـرایە بەڕاسـتی پێغەمـبەر بێت، ئەوا دەزانێ ئەم ئافرەتەی دەستی لێدەدات کێیەو چییە، چونکە گوناهبارە.)

[40]عیسـا وەڵامـی دایـەوەو پـێی ووت: (شـەمعون، دەمـەوێ شتێکت پـێبڵـێم.) شـەمعون ووتـی: (بڵـێ مامۆسـتا.) [41]ئـەویش ووتـی: (یەکێ لەوانـەی پـارە دەدەن بەخـەڵکی، پـارەی لای دوو کـەس هەبوو، لای یەکێکیان پێنج سەد دینار، لای ئەوی کەشـیان پەنجا. [42]بەڵام هیچیان نەبوو لـــەباتی بـــیدەنەوە، کابـــرا لـەهەردووکـیان خۆش بوو. کامیان زیاتـر کابـرایان خـۆش دەوێت؟) [43] شـەمعون وەڵامـی دایـەوە: (لـەو بـاوەڕەدام ئـەوەی پـارە زۆرەکـەی لابـوو.) پـێی ووت: (بۆ چوونەکەت ڕاسـتە.) [44]ئیـنجا ڕووی کـردە ئافـرەتەکەو بەشـەمعونی ووت: (ئەم ئافرەتە دەبینیت، من هاتمە ماڵەکەت، کەچـی ئاوت نەدامێ پێمی پێبشۆم، بەڵام ئەم بەفرمێسك پێی بۆ شوشتمو بـەقژی سـەری بـۆی سـڕیم. [45]تـۆ ماچـت نەکـردم، بەڵام ئەم لـەوەتەی هـاتووم لـــەمـــاچکـــردنی پـــێم ڕانەوەسـتاوە. [46]تـۆ سـەرت بـەڕۆن چـەور نەکـردم، بـەڵام ئەم بەو ڕۆنە گرانبەها بۆن خۆشە پێی چەورکردم.

[47]بۆیە پێت دەڵێم: (گوناهی زۆری بەخشرا، چونکە زۆر خۆشەویستی دەربڕی، بەڵام ئەوەی خۆشەویستی کەمە، کەم دەبەخشرێ.) [48]ئینجا بەئافرەتەکەی ووت: (گوناهەکانت هەمووی بەخشران.) [49]بەڵام ئەوانەی لەوێ دانیشتبوون لەدڵی خۆیان ووتیان: (ئەمە کێیە تەنانەت گوناهیش دەبەخشێ؟) [50]لەو کاتەدا عیسا بە ئافرەتەکەی ووت: (باوەڕت ڕزگاری کردی، بڕۆ بەدڵنیایی.)

نموونەی جوتیار

8 دوای ئەمە دەستی کرد بە گەڕان بەهەموو شارو دێهاتەکان، بۆ ئامۆژگاری کردنو مزگێنیدان لەبارەی پادشاهێتی خوداوە. دوانزە قوتابیەکەشی لەگەڵدابوو. [2]هەروەها چەند ئافرەتێکی لەگەڵ بوو کە لەنەخۆشیو ڕۆحە پیسەکان ڕزگاریان بووبوو، ئەوانەش ئەمانە بوون، مریەم کەناودەبرا بەمەجدەلی، حەوت ڕۆحی شەیتانی لێ دەرکردبوو، [3]یۆنا ژنی خوزی جێگری هێرۆدس، لەگەڵ سۆسەنو زۆری تریش کە بەماڵۆ سامانیان یارمەتیاندەدا.

[4]کاتێ خەڵکێکی زۆر لەدەوروپشتی عیسا کۆبوونەوە، لەوانەی لەناوچەکانەوە هاتبوون بۆ لای بەنموونە قسەی بۆ کردنو ووتی: [5](جوتیار هاتە دەرەوە بۆ تۆوکردن، لەکاتی چاندندا هەندێ لەتۆوەکە کەوتنە سەر ڕێگا باریکەکانی ناوکێڵگەکە، پێشێل بوونو باڵندەی ئاسمان خواردنی. [6]هەندێکیشیان کەوتنە سەر زەوی بەردەڵان، کاتێ سەریان دەرکرد، ووشك بوون چونکە ئاویان نەبوو. [7]هەندێکی کەشیان کەوتنە ناو دڕکەوە دڕکەکان لەگەڵیان نەشونمایان کردو خنکاندیانن. [8]هەندێ لەتۆوەکەش کەوتە سەر زەوی چاك، کاتێ ڕووا، سەد ئەوەندەی خۆیان بەرووبوومیان دا.) ئەمانەی ووتو هاواری کرد: (ئەوەی دوو گوێی هەیە بۆ گوێگرتن، باگوێ بگرێت.)

ڕوونکردنەوەی نموونەی جوتیارەکە

[9]قوتابیەکانی لێیان پرسی: (مامۆستا مەبەست لەم نموونەیە چییە؟) [10]ئەویش ووتی: (ئێوە پێتان

دراوە نهێنی پادشاهێتی خودا بزانن، بەڵام ئەوانی تر، بەمونە بۆیان دەدوێم، چونکە ئەوان سەیردەکەن بەڵام نابینن، گوێ دەگرن بەڵام تێناگەن. [11]ئەمەش مەبەستی مونەکەیە: تۆوەکە ووشەی خودایە. [12]ئەوەی کەوتە سەر ڕێگا باریکەکان، ئەوانەن کە گوێ لە ووشەی خودا دەگرن، ئینجا شەیتان دێتو ووشەکە لەدڵیان دەردەهێنێت، نەوەك باوەڕبهێنن و ڕزگاریان بێت. [13]ئەوەش کە کەوتە سەر زەوییە بەردەڵانەکە، ئەوانەن کە ووشەی خودا بەخۆشییەوە وەردەگرن، ئەمانە ڕەگیان نییە، باوەڕدەهێنن تا ماوەیەك، کاتێ دەکەونە تاقیکردنەوە، هەڵدەگەڕێنەوە. [14]ئەوانەی کەوتنە جێ دڕکاویەکە، ئەوانەن کە گوێیان لەووشەی خودا دەبێتو دەڕۆن، ئینجا دەردەسەری ژیانو هەولێ بەرزبوونەوەو خۆشی ژیان دەیان خنکێنێو هیچ بەروبومێکی چاك دەرناکەن. [15]بەڵام ئەوانەی کەوتە سەر زەویە چاکەکە، ئەوانەن کە ووشەکە دەخەنە دڵی چاكو باشیانەوەو لەسەری دەڕۆن، کۆشش دەکەن تابەروبووم دەدەن.)

چرا وەك نموونەیەك

[16](خەڵکی چرا هەڵناکاو بەتەشت دایپۆشێ، یان بیخاتە ژێر نوێنەوە، بەڵکو لەسەر بەرزایەك دایدەنێ، تاکو ئەوانەی دێنە ژوورەوە ڕووناکییەکە ببینن. [17] چونکە هیچ شاراوەیەك نییە ئاشکرا نەبێ، هەروەها هیچ نهێنییەك نییە نەزانرێو نەووترێ. [18]کەواتە بزانن چۆن گوێ دەگرن. ئەوەی هەیەتی زیاتری پێ دەدرێ، ئەوەش کە نیەتی، تەنانەت ئەوەش کە بەهی خۆی دەزانێ لێی دەسەنرێتەوە.)

[19]ئینجا دایکو براکانی عیسا هاتن بۆ لای، بەڵام لەبەر زۆری خەڵکەکە نەیانتوانی بگەنە لای. [20] پێیان ووت: (دایکتو براکانت لەدەرەوە ڕاوەستاون، دەیانەوێ ببینن.) [21]وەڵامی دانەوە، ووتی: (دایك و برام ئەوانەن کە گوێ لەووشەی خودا دەگرنو کاری پێدەکەن.)

عیسا ڕەشەبا هێمن دەکات

[22]ڕۆژێ لەڕۆژان عیساو

قوتابیەکانی سواری بەلەمێك بوون، پێی ووتن: (با بپەڕینەوە بۆ ئەوبەری دەریاچەکە.) ئەوانیش دەستیان کرد بەجۆلان بۆ ئەوبەر. [23]لەکاتێکدا بەناو ئاوەکەدا دەڕۆیشتن، عیسا نووست. لەپڕ ڕەشەبایەك هەڵی کردە سەر دەریاچەکە، بەلەمەکە پڕبوو لەئاو، کەوتنە باریکی ترسناکەوە. [24] چوونە لای عیسا خەبەریان کردەوەو ووتیان: (گەورەم، گەورەم، وا ئێمە تیا دەچین!) ئەویش هەستاو سەرزەنشتی شەپۆلەکانی کرد، دەستبەجێ هەموو شتێ ئارام بووەوەو بێدەنگ بوو. [25]ئینجا پێی ووتن: (کوا باوەڕتان؟) ئەوانیش زۆر سەرسام بوونو ترسان، یەك بەیەکیان ووت: (ئەمە کێیە تەنانەت بەڕەشەباو شەپۆلەکان فەرمان دەداو گوێڕایەڵن بۆی؟)

دەرکردنی ڕۆحی پیس

[26]ئینجا گەیشتنە هەرێمی جەراسین، کە کەوتۆتە بەرامبەر جەلیل. [27]کاتێ عیسا دابەزیە سەر ووشکانی، پیاوێکی ئەو شارەی بینی، ماوەیەکی زۆر بوو ڕۆحی پیسی تێدا بوو، جلی لەبەر نەدەکردو لەخانوو نەدەژیا، ژیانی لەناو گۆڕستان بەسەردەبرد. [28]کاتێ عیسای بینی، هاواری کردو لەبەردەمی کەوت، بەدەنگی بەرز ووتی: (چیت لەمن دەوێ ئەی عیسای ڕۆڵەی خودای گەورە؟ لێت دەپاڕێمەوە ئازارم مەدە.) [29]چونکە عیسا فەرمانی بە ڕۆحە پیسەکە دابوو، تاکو لەپیاوەکە بێتە دەرەوە. لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆربوو دەستی بەسەردا گرتبوو، هەرچەندە بەزنجیر دەبەستڕایەوەو ڕادەگیرا، بەڵام زنجیری دەپچڕی و لەلایەن ڕۆحە پیسەکەوە دەبرایە چۆڵەوانی. [30]عیسا لێی پرسی: (ناوت چییە؟) ووتی (لیجیۆن.) چونکە لەشکرێکی شەیتانی تێچوو بوو، [31]ئینجا ڕۆحە پیسەکان لە عیسا پاڕانەوە کە دەریان نەکاو نەیان نێرێت بۆ بیری بێبن. [32]لەوناوەدا ڕانە بەرازێکی گەورە دەلەوەڕان لەقەراغی شاخێکدا، ڕۆحە پیسەکان لێی پاڕانەوە کەڕێیان بدات بچنە ناو بەرازەکانەوە، ئەویش ڕێی دان. [33] ڕۆحە پیسەکان لە پیاوەکە هاتنە دەرەوەو چوونە ناو بەرازەکانەوە، ئینجا ڕانە بەرازەکە کەوتنە ڕاکە ڕاکەو لە قەراغی شاخەکەوە

هەڵدێران بۆ ناو دەریاچەکەو خنکان. [34]کاتێ شوانەکان ئەم ڕووداوەیان بینی، ڕایان کرد بۆ شارو بۆ کێڵگەکان تا ئەم هەواڵە بڵاوبکەنەوە. [35]خەڵکەکە هاتنە دەرەوە تا ئەوەی ڕووی داوە ببینن، هاتن بۆ لای عیسا، ئەو پیاوەی ڕۆحە پیسەکانی تیابوو بینیان لەبەر پێی عیسادا دانیشتووە بە پۆشتەیی و بەهێمنییەوە گوێی گرتووە، دوای ئەمە خەڵکەکە ترسیان لێنیشت.

[36]ئەوانەی ڕووداوەکەیان بینیبوو، بۆ خەڵکەکەیان گێڕایەوە، چی ڕوویداوەو چۆن ئەو کابرایە چاک بووەتەوە. [37]ئینجا دانیشتوانی هەرێمی جەراسین بەگشتی، داوایان لە عیسا کرد، وازیان لێبهێنێت و بڕوات، چونکە ترسێکی زۆریان لێنیشتبوو، ئەویش سواری بەلەمێك بوو تاکو بگەڕێتەوە بەری ئەوبەر. [38]پیاوەکەی ڕۆحە پیسەکانی لێدەرکرا بوو، لەعیسا پاڕایەوە ڕێی بدات لەگەڵی بڕوات، بەڵام ئەو ڕەوانەی کردو ووتی: [39](بگەڕێوە بۆ ماڵەوەو ئەوەی خودا بۆی کردی، بیگێڕەوەو باسیبکە.) ئەویش بەهەموو شارەکەدا گەڕاو ئەوەی عیسا بۆی کردبوو، دەیگێڕایەوە.

دووکاری سەرسوورهێنەر

[40]کاتێ عیسا گەڕایەوە بەری ئەوبەر، هەموو پێشوازییان لێکرد، لەبەرئەوەی هەمەویان چاوەڕێیان دەکرد. [41]پیاوێك ناوی یایرۆس بوو، سەرۆکی کەنیشتبوو، هاتو لەبەرپێی عیسادا کەوتو لێی پاڕایەوە تا لەگەڵی بڕوات بۆ ماڵەکەی، [42]چونکە تاقە کچەکەی کەتەمەنی دوانزە ساڵ بوو لەسەرەمەرگدابوو. کاتێ عیسا دەڕۆیشت بۆ ئەوێ هەموو کۆمەڵیان لێدابوو. [43]لەوێدا ژنێك هەبوو، ماوەی دوانزە ساڵ بوو خوێن لێچوونی هەبوو، ئەوەی هەیبوو دابووی بەپزیشك، بەڵام لەسەر دەستی کەس چاك نەبووبووەوە. [44] چووە پێشەوە لەعیساو لەدواوە دەستی دا لەچمکی کراسەکەی، دەستبەجێ خوێن لێچوونەکەی ڕاوەستا. [45]عیسا ووتی: (کێ بوو دەستی لێدام؟) کاتێ هەموو نکۆلیان کرد، پەترۆس ووتی: (گەورەم هەمو لەدەوروپشتتنو پاڵەپەستۆ دەکەن، کەچی تۆ دەپرسی

کێ دەستی لـێدام؟) [46]عیسا ووتی: (یـەکێ بـەمەبەسـتەوە دەستی لێدام، چـونکە هەستم بـە هێزێك کرد لێم چـووە دەرەوە.) [47]کاتێ ژنەکە زانی کارەکـەی ناشـاردرێتەوە، بەلەرزەوە هاتـــە پێشـــەوە، چـــۆکی داداو لەبەرچـاوی هـــەموان پـــێی ووت، بۆچـیو لـەبەرچی دەستی لێوە داوەو چۆن دەستبەجێ چاك بووەتەوە، [48] ئیـــنجا عیســـا بەژنەکـــەی ووت: (خوشـــکە بـــاوەڕت بـــوو چـاکی کردیتەوە، بڕۆ بەدڵنیایی.) [49] کـاتێ عیسـا قسـەی دەکـرد یـەکێ لـەمـاڵی سەرۆکی کەنیشتەوە هات، بـە سـەرۆکی کەنیشـتەکەی ووت: (کچـەکەت مـرد، ئیتر ئەرك مەخەرە بـەر مامۆسـتا.) [50]عیسـا کـە ئەمەی بیسـت، قسـەی لەگەڵ کردو ووتی: (مەترســە تـــەنها بـــاوەڕت هـــەبێ، کچـەکەت چـاك دەبێتەوە.) [51]کاتێ عیسا گەیشتە ماڵەکە نەیهێشت کەس لـەگەڵی بێتە ژوورەوە تەنها پەترۆسو یۆحەنـناو یـاقوبو بـاوکو دایـکی کچـــەکە نەبێـــت. [52]خـەڵکـەکـــە دەگـــریانو شـــینو شـــەپۆریان بـــۆ دەکـرد، ئەویش ووتی: (مەگرین ئەو نەمـردووە، بـەڵکو نـووسـتوە.) [53] خەڵکەکـــە پـــێی پـــێکەنین، چـــونکە دەیانـــزانی مـــردووە. [54]بـــەڵام دوای ئـەوەی هـەموویانی دەرکردە دەرەوە دەستی کچەکەی گرت، بانگی کردو ووتـی (ئەی کیژۆڵـە، هەستە!) [55]ئیتر ڕۆحـی هاتـەوە بـەرو دەسـتبـەجێ هەسـتا، ئەوســا فـەرمانیدا نـانی بۆ بـێـــنن. [56]بـــاوکو دایـکەکـــە زۆر ســـەریانســـوڕما، بـــەڵام عیســـا ڕایسپاردن، ئەوەی ڕوویداوە جارێ بەکەسـی نـەڵێـن.

عیسا دوانزە نێـرراوەکە دەنێرێ

9

دوای ئـــەوە عیســـا هـــەردوانـــزە قوتابـــیەکەی کۆکـــردەوە، هـــێزو دەسەڵاتی چاکبوونەوەی دانێ بەسەر هـەموو نەخۆشیو ڕۆحە پیسەکان، [2] ئیـنجا نـاردنی تـا مزگێنی پادشاهێتی خودا بدەنو نەخۆش چاك بکەنەوە. [3]پـێی ووتـن: (بـۆ ڕێگـا هیچ لـەگەڵ خۆتـــان هەڵمەگـــرن، نەتوورەکـــە، نەداردەسـت، نـەخواردن، نـەنـانو نـەپارە، کەسـیش دوو دەسـت جـل نـەبات لـەگـەڵ خـۆی. [4]چوونە هەر ماڵێك لـەوێ بمێنـنەوەو هەر لـەوێشەوە بکەونـە ڕێگـا. [5]لـەهـەر شـوێنێك

پێشوازیان لێنەکردن، لەوێ بڕۆنو تۆزی پێتان بتەکێنن تا شایەت بێ بەسەریانەوە.) [6]ئەوانیش بە لادێکاندا گەڕان، مزگێنیاندەداو نەخۆشیان لەهەموو لایەك چاك دەکردەوە.

سەرسامی هێرۆدس

[7]هێرۆدس کە فەرمانڕەوای ناوچەکە بوو، ئەمانەی هەموو بیستەوەو سەری سوڕما، چونکە هەندێ کەس دەیان ووت، یەحیا لەناو مردووان زیندووبۆتەوە، [8] هەندێ کەسی تریش دەیان ووت، ئەلیاسەو گەڕاوەتەوە، کەسانی تریش دەیان ووت، یەکێ لەپێغەمبەرانی کۆنەو زیندووبۆتەوە. [9]ئینجا هێرۆدس ووتی: (من خۆم سەری یەحیام لێکردەوە، بەڵام ئەمە کێیە ئەم شتانەی لێ دەبیستم؟) لەبەرئەوە زۆر حەزی دەکرد بە چاوی خۆی ببینێت.

عیسا پێنج هەزار کەس نانیدا

[10]کاتێ نێڕراوان گەڕانەوە، هەموو ئەوکارانەی کردبوویان بۆ عیسایان گێڕایەوە، ئەویش بەتەنها ئەوانی لەگەڵ خۆی برد بۆ شارێك ناوی بەیتسەیدا بوو. [11]بەڵام خەڵکەکە پێیانزانیو دوای کەوتن، ئەویش پێشوازیکردنو باسی پادشاهێتی خودای بۆ کردن، ئەوانەش کە نەخۆشیان هەبوو، پێویستیان بەچاككردنەوەبوو، چاکیکردنەوە. [12]کاتێ ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو، هەر دوانزەکە هاتنو پێیان ووت: (خەڵکەکە بەڕێکە بابڕۆن بۆ ئەم کێڵگەو لادێ نزیکانە، تاکو لەوێ بمێننەوەو خواردنیش بۆ خۆیان پەیدا بکەن، چونکە ئێمە لێرەدا لەچۆڵەوانین.) [13]ئەویش پێی ووتن: (ئێوە نانیان بدەنێ.) وەڵامیان دایەوە: (لەپێنج نانو دوو ماسی زیاترمان نییە، مەگەر بڕۆین بۆ ئەم هەموو خەڵکە نان بکڕین.) [14]لەوێدا خەڵکەکە نزیکەی پێنج هەزار کەس دەبوون، ئینجا بەقوتابیەکانی ووت: (کۆمەڵ کۆمەڵی دایان نیشێنن، با هەر کۆمەڵەی پەنجا کەس بێت.) [15]ئەوانیش ئەمەیانکرد، هەموو دانیشتن. [16]عیسا پێنج نانو دوو ماسیەکەی هەڵگرتو چاوی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە، سوپاسی خودایکردو نانەکانی لەتکرد، دای بەقوتابیەکانی تابیدەن

بـەخەڵکەکـە. [17]ئـیتر هـەموو نانیان خـواردو تـێربوون. لەدواییدا دوانزە سەبەتە لەتەنانیان لـێمایەوە.

پەترۆس ڕاستی عیسا دەردەخات

[18]لەکاتـێکدا عیسا بەتەنها نوێژی دەکرد لەگەڵ قوتابیەکان، لێیپرسین: (خەڵکەکـە دەڵـێن مـن کـێم؟) [19] وەڵامـیان دایـەوە: (هەندێکیان دەڵێن یەحـیای خـەڵک لەئاوهەڵکێشـیت، هـەندێکی تـریش دەڵـێن ئەلیاسیت، کەسـانی تـریش دەڵـێن، یەکـێکی لەپێغەمبەرانی کۆنو زیندووبویتەوە.) [20]لێیپرسـین: (ئـەی ئێوە، دەڵێن من کـێم؟) پەتـرۆس وەڵامی دایەوە: (تۆ مەسـیحی خـودای.) [21]بـەڵام عیسـا ئاگاداریکـردنەوەو ڕایسـپاردن جارێ ئەمە بەکەس نەڵێن.

باسی مردنو هەستانەوەی عیسا

[22]هـەروەها ووتـی: (پێویسـتە ڕۆڵـەی مـرۆڤ زۆر ئـازار بکێشـێ، پـیرانو سـەرۆك کاهیـنەکانو مامۆسـتایانی شەریعەت ڕەتیبکەنەوە، بکـوژرێو لـەڕۆژی سـێهەمدا هەستێتەوە.)

[23]ئینجا بەهەمووانی ووت: (گەر یەکـێك ویسـتی بەدوامـەوە بڕوات، بـاواز لـەخۆی بهێنێو هەموو ڕۆژێ خاچـەکەی بـەکۆڵـەوە بێـتو بەدوامـەوە بڕوات. [24]ئەوەی دەست بەژیانیەوە بگرێ، دەیدۆڕێنێ، ئەوەش ژیـانی لەپێناوی مـن دەدۆڕێنێ، ئەو دەیـباتەوە. [25]چـونکە چی بەکەڵکی مـرۆڤ دێـت، گـەر هـەموو جـیهان بەرێـتەوەو خـۆی بدۆڕێـنێ؟ [26]هـەر کەسـێك شـەرمی بـەمنو بەووتەکانم بێـت، ئـەوا ڕۆڵـەی مرۆڤیش شەرمی پـێیدەبێـت، کـاتێ دەگەڕێـتەوە بەشـکۆمەندی خۆیو باوکو فریشتە پیرۆزەکانـەوە. [27]بەڵام واپێتان دەڵێم بەڕاسـتی، ئـا لێرەدا لەنێوان ئەوانەی ڕاوەسـتاون هـەندێکی تـێدایە مـردن ناچێژن هەتا پادشاهێتی خودا دەبینن.

)

شێوە گۆڕانی عیسا

[28]نزیکەی هەشت ڕۆژ دوای ئەم ووتانـە، عیسـا پەتـرۆسو یۆحەنـناو یاقوبی لەگەڵ خۆی بردو سەرکەوتنە سـەرکێوێك بـۆ نوێـژکـردن. [29] لەکاتـێکدا عیسـا نوێـژی دەکـرد، ڕەنگـی دەموچاوی گۆڕاو جلەکانی سـپیو بریسـکەدارب ـوو. [30]دووان

لەگەڵی دەدوان، یەکێکیان موساو ئەوی کەشیان ئەلیاس بوو. [31] بەشکۆوە دەرکەوتنو لەبارەی دەرچوونی لەجیهان دوان کە ئەوەندەی نەمابوو ڕووبدات لەقودس. [32] پەترۆسو هاوڕێکانی خەویان لێکەوتبوو، بەڵام کاتێ خەبەریان بووەوە شکۆی عیساو ئەودوو پیاوەیان بینی کە لەگەڵی وەستابوون. [33] لەکاتێکدا خەریك بوو موساو ئەلیاس لەعیسا جیابنەوە، پەترۆس بە عیسای ووت: (ئەی مامۆستا، باشتر وایە لێرە بمێنینەوە. با سێ چادرتان بۆ هەڵبدەین، یەکێ بۆ تۆ، یەکێکیش بۆ موسا، ئەوەی کەش بۆ ئەلیاس.) ئەمەی ووت بێئەوەی بزانێ چی دەڵێ. [34] کاتێ پەترۆس لەم قسانەدابوو، هەورێك هاتوکشا بەسەریان، ئەمانیش کاتێ هەورەکە دەوروپشتی لێگرتن، ترسان. [35] دەنگێ لەناو هەورەکەوە هاتو ووتی: (ئەوەتا ڕۆڵەی من ئەوەی هەڵبژاردەی خۆمە، گوێی بۆ ڕابگرن.) [36] دوای ئەوەی دەنگەکە ئەمەی ووت، قوتابیەکان بەتەنها هەر عیسایان بینی. ئەم هەواڵەیان بەنهێنی هێشتەوەو چیان بینیبوو لەو ڕۆژانەدا بەکەسیان نەووت.

دەرکردنی شەیتان

[37] بۆ بەیانی، کە لەکێوەکە هاتنە خوارەوە، خەڵکێکی زۆر بەرەو پیریان هات. [38] لە نێوان خەڵکەکەدا پیاوێك دەنگی بەرزکردەوەو ووتی: (مامۆستا، لێت دەپاڕێمەوە سەیری کوڕەکەم بکە، ئەمە تاقە کوڕمە. [39] ئەوەتا ڕۆحێکی پیسی تیایەو دەستی بەسەرداگرتووە، لەپڕ هاوار دەکات، ئینجا ڕۆحەکە ڕایدەتەکێنێو کەف لەدەمی دەردەکا تا نەیکوتێ بەزەویدا وازی لێناهێنێ. [40] لەقوتابیەکانت پاڕامەوە تادەریکەن، بەڵام نەیانتوانی.) [41] عیسا وەڵامیدایەوەو ووتی: (ئەی نەوەی بێ بڕواو لارو چەوت، تاکەی لەگەڵتان بمێنمەوەو بارتان هەڵگرم؟) بەپیاوەکەی ووت: (کوڕەکەت بهێنە ئێرە.) [42] لەکاتێکدا کوڕەکە دەهات، ڕۆحە پیسەکە کوتای بەزەویدا بەتوندی ڕایتەکاند، دوای ئەمە عیسا ڕۆحە پیسەکەی دەرکرد، کوڕەکە چاك بووەوەو دایەوە دەست باوکی. [43] خەڵکەکە هەمووی لەتوانای مەزنی خودا سەرسام بوون.

کاتێ خەڵکەکە سەرسام مابوون، لە هەموو ئەو شتانەی عیسا کردی، عیسا بەقوتابیەکانی ووت: [44](با ئەم ووشانە بچێتە گوێتانەوە، ڕۆڵەی مرۆڤ خەریکە بدرێتە دەستی خەڵکی.) [45]بەڵام ئەوان ئەمە تێنەگەیشتن، شاراوەبوو لێیان، هەروەها ترسان پرسیاری لێبکەن.

گەڕان بەدوای پلەو پایەدا

[46]گفتوگۆیەك لەنێوانیان پەیدا بوو سەبارەت بەوەی کامیان مەزنترە. [47]عیسا بەنیازی دڵیانی زانی، منداڵێکی بچکۆڵەی لای خۆیەوە ڕاگرتو [48]پێی ووتن: (ئەوەی بەناوی منەوە پێشوازی لەم منداڵە بکات، ئەوا پێشوازی لە من دەکات، ئەوەش پێشوازی لەمن دەکات، ئەوا پێشوازی لەوە دەکات کە ناردوومی. چونکە بچووکترینی هەمووتان مەزنترینتانە.)

ئەوەی دژمان نییە لەگەڵمانە

[49]یۆحەنا دەستی کرد بەقسەکردنو ووتی: (گەورەم، یەکێکمان بینی بەناوی تۆوە ڕۆحی پیسی دەردەکرد، ئێمەش نەمانهێشت لەبەرئەوەی لەگەڵمان دوات ناکەوێ.) [50]عیسا پێی ووت: (ڕێی لێمەگرن، گەر یەکێك بەربەرەکانی نەکردن ئەوا لەگەڵتانە.)

[51]کاتێ خەریك بوو ڕۆژانی لەخاچدانی نزیك بێتەوە، بڕیاری دا بەرەو قودس بڕوات. [52]لەپێشییەوە چەند نێڕراوێکی نارد، ڕۆیشتنو چوونە لادێیەکی سامریەکانەوە تاکو شوێنێکی بۆ ئامادە بکەن. [53]بەڵام ئەوان بەپێشوازیکردنی ڕازی نەبوون، چونکە بەرەو قودس دەچوو. [54]کاتێ یاقوبو یۆحەننای قوتابیانی ئەمەیان بینی، ووتیان: (گەورەم، دەتەوێ داوا بکەین تا ئاگر لەئاسمانەوە بێتە خوارەوە لەناویان بەرێ؟) [55]ئەویش ئاوڕی لێ دانەوەو سەرزەنشتی کردن. [56] ئینجا ڕۆیشتن بۆ دێیەکی تر.

نرخی دواکەوتنی عیسا

[57]کاتێ بەڕێدا دەڕۆیشتن، یەکێ پێی ووت: (گەورەم بۆ هەرکوێ بڕۆیت دوات دەکەوم.) [58]عیساش پێی ووت: (ڕێوی کونی هەیەو باڵندەی ئاسمان هێلانە، بەڵام ڕۆڵەی مرۆڤ تەنانەت جێگایەکی نییە سەری

بخاته سەر.) [59]بەیەکێکی کەی ووت: (دوام کەوە.) ئەمەیان ووتی: (گەورەم ڕێگەم بدە بابڕۆم باوکم بنێژم.) [60]عیساش پێی ووت: (واز لەمردووان بهێنە با مردووەکانیان بنێژن، بەڵام تۆ بڕۆ مزگێنی پادشاهێتی خودا بدە.) [61]یەکێکیتر پێی ووت: (گەورەم، من لەگەڵت دێمو دوات دەکەوم، بەڵام ڕێگەم بدە یەکەمجار مانّاوایی لەخێزانەکەم بکەم.) [62]عیساش پێی ووت: (هەر کەسێك دەست لەسەر گاسن دابنێ و ئاوڕبداتەوە بۆ دواوە، بەکەڵکی پادشاهێتی خودا نایەت.)

عیسا حەفتا کەسیتر دەنێرێ

10 پاش ئەمە خوداوەند حەفتا کەسی کەی دەستنیشانکرد، دوو دوو نارد‌نی، تاکو پێش ئەو بڕۆن بۆ هەموو شارو جێگایەك کە خەریك بوو بۆی دەڕۆیشت. [2]جا پێی ووتن: (دروێنە زۆرە بەڵام کرێکار کەمە، داوا لەگەورەی دروێنە بکەن تا کرێکار بۆ دروێنەکەی بنێرێ. [3]بڕۆن ئەوا من دەتانێرم وەك بەرخ بۆ ناو گورگ. [4]نەکیسەی پارە لەگەڵ خۆتان بەرن نەتووڕەکە نەپێلاوو، لەڕێگا سلاو لەکەس مەکەن. [5] چوونە هەر ماڵێکیش، یەکەمجار سلاو بکەنو بڵێن: با ئاشتی لەم ماڵە بێت، [6]گەر لەماڵەکەدا ئاشتیخوازی تیابێت، ئەوا شایانی ئەو ئاشتیەن. گەر نەشبێت ئەوا سلاوەکە بۆ خۆتان دەگەڕێتەوە. [7]لەو ماڵە بمێننەوەو لەوەی هەیانە بخۆنو بخۆنەوە، چونکە کرێکار شایانی ئەوەیە کرێی خۆی وەرگرێ. ئەوەندە ماڵەو ماڵیش مەکەن. [8]چوونە هەر شارێك، کە دانیشتوانی پێشوازی لێکردن، ئەوەی دەتاندەنێ بیخۆن. [9]ئەو نەخۆشانەی تیایەتی چاکی بکەنەوەو پێیان بڵێن پادشاهێتی خودا نزیك بووەتەوە، [10]لەهەر شارێکیش خەڵکەکەی نەیانویستن بڕۆنە سەر شەقامەکانیو بڵێن: ([11]وا ئێمە تەنانەت تۆزی شارەکەتان کە بەپێمانەوەیە دەیتەکێنینەوە بەسەرتان، بەڵام ئەوە بزانن: پادشاهێتی خودا نزیك بووەتەوە.)، [12]من پێتان دەڵێم: (شاری سەدوم* لەڕۆژی دوایدا ناخۆشیو ئازاری کەمتر لەو شارانەی کە ئێوەی لێ دەردەکرێن.

([13]خاك بەسەرت ئەی کورەزین!

خـاك بـەسـەرت ئەی بەیتسەیدا! گـەر لـە سـورو سـەیدا ئـەو کـارە سەرسـورهێنەرانە بکـرایە کـە لـەلای ئـێـوە کـرا، خـەڵـکەکـەی هـەر لـەزووەوە تـۆبـەیان دەکردو خۆیان لـەخـۆڵـەمـێش وەردەداو جـلی مـاتـەمـداریان لەبەردەکرد. [14]بەڵام لـەڕۆژی لـێپرسـینـەوەدا چـارەنـووسـی سـورو سـەیدا لـەئـێـوە باشتر دەبێ. [15]تـۆش ئەی کـەفـەرناحوم، دەتـەوێ بـڵـند بـیـتـەوە تا ئـاسـمان؟ نەخـێر، تـۆ دەکـەویـتـە قـوولایی دۆزەخـەوە.

([16]ئـەوەی گـوێـتـان بـۆ ڕادەگـرێ، گـوێ بـۆ مـن ڕادەگـرێ، ئـەوەی ڕەتـتـانـدەکـاتـەوە ئـەوا مـن ڕەتدەکـاتـەوە، ئـەوەش مـن ڕەتدەکـاتـەوە، ئـەوە ڕەتدەکـاتـەوە کە مـنی نـاردووە.)

گەڕانەوەی نێردراوان

[17]دوای ئەمـە هـەر حەفـتا کەسـەکەی نـاردبوونی بـەشـادیەوە گەڕانـەوەو ووتـیـان: (گـەورەم، تەنانـەت ڕۆحـە پیسـەکانیش بەناوی تـۆوە ملکەچـمانن.) [18]ئـەویش پێی ووتـن: (شـەیتانم دی وەک بروسـکە لەئاسمانـەوە هەڵدێرا بۆ خوارەوە. [19] ئـەوەتا مـن دەسـەلاتم داونەتێ پێبنێن بـەمارو دووپشـکو هـێزی دوژمـن، هـیچ شـتێکیش ئازارتـان نەدات. [20] بەڵام دڵخۆش مەبن بەوەی ڕۆحەکان ملکەچـتانن، بـەڵکو دڵخـۆش بـن بەوەی ناوتان لە ئاسماندا نووسراوە.)

دەرخستنی نهێنی بۆ هەژاران

[21]لەوکاتەدا عیسا بەڕۆحی پیرۆز زۆر شـادومانبـوو، ووتـی: (سوپاسـتدەکـەم ئـەی بـاوک، خوداوەنـدی ئاسمانو زەوی، چونکە ئـەم کارانـەت لـەدانـاو زانایـان شـاردۆتەوە بـۆ منداڵانـت ئاشکراکردووە. بـەڵێ ئـەی بـاوک لەبەرئەوەی بەڵاتەوە واباشتر!

[22](هـەموو شـتێک لەلایـەن باوکمـەوە دراوە پـێم، کـەس نازانێ ڕۆڵـە کێـیە باوک نەبێ، کەسیش نییە بـزانێ بـاوک کێـیە تەنها ڕۆڵەو ئەوە نـەبێ، کە ڕۆڵـە دەیەوێ بۆی ئاشکرا بکات.) [23]ئینجا ئاوڕی لەقوتابیەکانی دایـەوەو بەتـەنها بـەوانی ووت: (خۆزگـەدەخـوازرێ بـە چـاوتان، بـەوەی ئێستا دەیبینن. [24]مـن پێتان

دەڵێم، زۆر لەپێغەمبەرانو پادشایان، ئاواتەخوازی بینینی ئەوە بوون کە ئێوە ئێستا دەیبینن، بەڵام نەیان بینی، هەروەها بیستن ئەوەی ئێوە ئێستا دەیبیستن، بەڵام نەیانبیست.)

سامریە دڵ پڕ لەبەزەییەکە

[25]یەکێ لەزانایانی شەریعەت لێی هاتەپێشەوە، بۆ ئەوەی تاقیبکاتەوە، ووتی: (مامۆستا چی بکەم بۆ ئەوەی ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنم؟) [26] ئەویش پێی ووت: (چی نووسراوە لەتەورات، چۆن دەیخوێنیتەوە؟)

[27]وەڵامی دایەوە: ({خوداوەند خودات خۆشبوێ بەهەموو دڵۆ هەموو گیانو هەموو تواناو هەموو بیرتەوە، هەروەها ئەوەی لێت نزیکە وەك خۆت خۆشت بوێ.}) [28]عیسا پێی ووت: (وەڵامەکەت ڕاستە. گەر هاتوو کارت پێکرد ژیانی هەتاهەتایی بەدەست دەهێنی.)

[29]بەڵام پیاوەکە ویستی خۆی بە کابرایەکی ڕاستودروست دەرخات، دیسان لەعیسای پرسی: (باشە کێیە ئەوەی لێم نزیکە؟) [30] عیسا وەڵامی دایەوە ووتی: (مرۆڤێك لەقودسەوە بۆ ئەریحا دەچوو، کەوتە دەست چەند دزێکەوە، پارەو جلەکانیان لێسەندو ئازاریان داو برینداریان کرد، ئینجا بە نیوە مردوویی بەجێیانهێشتو ڕۆیشتن. [31]وا ڕێکەوت کاهینێك لەهەمان ڕێگەوە بڕوات، کاتێ ئەوی بینی، چووە ئەوبەری ڕێگاکە دوور لەبریندارەکەو بەجێیهێشت. [32] هەروەها کابرایەکی لاویش، لەوێوە تێپەڕی، کاتێ گەیشتە ئەو شوێنە، سەیری کرد، ئەویش چووە ئەوبەری ڕێگاکەو بەجێیهێشت. [33]بەڵام کابرایەکی سامری کە لەوێوە دەڕۆیی، هاتەسەری، کاتێ بینی بەزەیی پیاهاتەوە، [34]چووە پێشەوە لێی، دوای ئەوەی ڕۆنو شەرابی بەسەر برینەکانیکردو تیماریکرد، سواری وولاخەکەی خۆیکردو گەیاندیە میوانخانەیەك‌و لەوێ چاودێریکرد. [35]ڕۆژی دووەم کاتێ میوانخانەکەی بەجێ دەهێشت، دوو دیناری دەرکردو دای بەخاوەن میوانخانەکەو پێی ووت: (چاودێری بکە چەندی تریشی پێویست بوو، کە گەڕامەوە دەیدەم.) [36]کامیان لەم سیانە بەنزیك دەزانی بۆ ئەوەی

کەوتە دەست دزەکان؟) [37]وەلأمی دایەوە: (ئەوەی بەبەزەییەوە هەلّسوکەوتی لەگەلّ کردو یارمەتیدا.) ئینجا عیسا پێی ووت: (تۆش برۆ هەمان شت بکە.)

[38]کاتێ بەڕێگاوە بوون چوونە دێیەك، ژنێك ناوی مەرسا بوو، پێشوازی لێکردو بردییە ماڵەکەی خۆی. [39]خوشکی ئەم ژنە ناوی مریەم بوو، لەبەرپێی دانیشت بۆ ئەوەی گوێ لەووتەکانی بگرێت، [40]بەلأم مەرسا سەرقاڵی شت ئامادەکردن بوو، هاتو ووتی: (گەورەم سەیر ناکەیت خوشکم بەجێیهێشتووم کارەکان بەتەنها بکەم؟ پێی بڵێ با بێت یارمەتیم بدات.) [41]بەلأم عیسا وەلأمی دایەوەو ووتی: (مەرسا، مەرسا، تۆ سەرقاڵو شێواوی دەربارەی زۆر شت. [42]بەلأم تەنها یەك شت پێویستە، مریەم شتە باشەکەی هەلّبژاردووە، ئەوەی لێی ناسەنرێتەوە.)

فێرکردن دەربارەی نوێژ

11 عیسا لەشوێنێکی دیاریکراو نوێژی دەکرد، کاتێ تەواوبوو یەکێ لەقوتابیەکانی پێی ووت: (گەورەم نوێژکردنمان فێربکە هەروەك یەحیا قوتابیەکانی فێرکرد.) [2]ئەویش پێی ووتن: کاتێ نوێژ دەکەن بڵێن: (ئەی باوکمان لەئاسمان با ناوت پیرۆز بێت، با پادشاهێتیەکەت بێت، [3]نانی رۆژانەمان هەموو رۆژێك بدەریێ. [4]لەگوناهمان خۆش بە، چونکە ئێمەش لە گوناهی ئەوانە خۆش دەبین، کە هەلّەمان بەرامبەر دەکەن. مەمانخەرە تاقیکردنەوە.)

[5]ئینجا پێی ووتن: (گەر یەکێ لەئێوە هاوڕێیەکی هەبێت لەنیوە شەودا بڕوا بۆ لای و پێی بڵێ هاوڕێم، سێ نانم بەقەرز بدەریێ، [6]هاوڕێیەکم لەدوورەوە هاتووە بۆ لام، هیچم نییە بیدەمێ، [7]بەلأم هاوڕێیەکەی لەدیوی ژوورەوە وەلأمی بداتەوە: (هەراسانم مەکە دەرگام داخستووە، ئەوەتا خۆم و منداڵم لەناو جێگادایین ناتوانم هەستمو بتدەمێ.) [8]من پێتان دەڵێم: (گەر بێتو ئەو کەسە هەلّنەستێ بیداتێ لەبەر هاوڕێیەتی، لەپاشان هەر هەلّدەستێو بەپێی پێویست دەیداتێ، لەبەر سووربوونی کابرا لەسەر

داواکارییەکەی.
([9]لەبەرئەوە پێتان دەڵێم، داواکەن، پێتان دەدرێ، بگەڕێن دەدۆزنەوە، لەدەرگا بدەن، لێتان دەکرێتەوە. [10]هەرکەسێك داواکات دەیدرێتێ، ئەوەی بگەڕێ دەدۆزێتەوە، ئەوەش لەدەرگا دەدات لێدەکرێتەوە. [11]چ باوکێك لەئێوە گەر کوڕەکەی داوای ماسی لێبکات لەباتی ماسی ماری دەداتێ؟ [12]یان داوای هێلکەی لێبکات دووپشکی دەداتێ؟ [13]گەر بێتو ئێوەی بەدکار، بزانن ئاوها بە منداڵەکانتان شتی باش بدەن، کەواتە دەبێ باوکی ئاسمانی چەند باشتر پێ بدات؟ کە ڕۆحی پیرۆزە دەیدات بەوانەی داوای لێدەکەن.)

عیساو سەرۆکی شەیتان

[14]عیسا ڕۆحی پیسی دەردەکرد لەکابرایەك کە لاڵ بوو بوو پێی، کاتێ ڕۆحە پیسەکەی دەرکرد پیاوەکە دەستی کرد بە قسەکردن، هەموو سەرسام بوون، [15]هەندێکیان نەبێ ووتیان: (ئەو ڕۆحی پیس دەردەکات بە بەعلەزبولی سەرۆکی ڕۆحە پیسەکان.) [16]ئینجا داوای نیشانەیەکی ئاسمانیان لێ کرد بۆ ئەوەی تاقی بکەنەوە. [17]بەڵام عیسا زانی بیر لەچی دەکەنەوە، پێی ووتن: (هەر وواڵاتێك دوو بەرەکی تێبکەوێ وێران دەبێت، هەر ماڵێکیش بەسێ بە دوو بەشەوە خۆی ڕاناگرێو تێك‌دەچێ. [18]گەر بێتو شەیتان ئاوها بووبێ بەدوو بەشەوە، ئیتر پادشاهێتیەکەی چۆن خۆی ڕادەگرێ؟ ئێوە ووتتان من بە بەعلەزبول ڕۆحی پیس دەردەکەم، [19]گەر من بەو ڕۆحی پیس دەربکەم، ئایا دەبێ نەوەکانتان بەکێ دەریان بکەن؟ بۆیە ئەوان حوکمتان بەسەر دەدەن. [20]بەڵام گەر من بەپەنجەی خودا ڕۆحی پیس دەرکەم، ئەوا پادشاهێتی خوداتان بەسەر دەچەسپێ. [21]کاتێ مرۆڤی بەهێزو بەتوانا بە هەموو چەکێکەوە پارێزگاری لەماڵەکەی دەکات، ناو ماڵەکەی پارێزراوە. [22]بەڵام گەر یەکێکی لەخۆی بەهێزتر بێتە سەری ئەوا سەردەکەوێ بەسەریداو ئەو چەکانەی پشتی پێ بەستووە لێدەسێنێ، دەسکەوتەکانیش دابەش دەکات. [23]ئەوەی لەگەڵم نییە دژی منە، ئەوەش لەگەڵم کۆناکاتەوە،

بلاّوی دەکاتەوە.

گەڕانەوەی ڕۆحی پیس بۆ لەش

[24]کاتێ ڕۆحێکی پیس لەیەکێك دێتە دەرەوە، بەشوێنە بێ‌ئاوەکان دەگەڕێ بەدوای حەسانەوەو دەستی ناکەوێ، ئینجا دەڵێ با بگەڕێمەوە بۆ ئەو ماڵەی بەجێمهێشت. [25]کاتێ دێتەوە، دەبینێت گسك‌دراوەو ڕازاوەیە. [26]ئەوسا دەڕوا لەگەڵ خۆی حەوت ڕۆحی پیسی تر دەهێنێ کە خراپترن لەخۆی، دەچنە ئەو مرۆڤەوەو تیایدا جێگیردەبن، ئینجا باری ئەو مرۆڤە لەجاران خراپتر دەبێ.)

[27]کاتێ عیسا ئەمانەی دەووت، ژنێك لەناو خەڵکەکەوە دەنگی بەرزکردەوەو ووتی: (خۆزگەدەخوازرێ بەو دایکەی لێی بووی‌و بەو مەمکەی شیری پێداوی.) [28]بەڵام ئەو ووتی: (با خۆزگە بەوانە بخوازرێ، کە گوێ لەووشەی خودا دەگرن‌و کاری پێ دەکەن.)

داواکردنی نیشانەی ئاسمانی

[29]کاتێ خەڵکێکی زۆر لێی‌کۆبوونەوە، ووتی: (ئەم نەوەیە نەوەیەکی بەدکارە، داوای نیشانە دەکەن، بەڵام هیچ نیشانەیەکیان پێنادرێت تەنها نیشانەی یونس پێغەمبەر نەبێت. [30]چۆن یونس نیشانە بوو بۆ دانیشتوانی نینەوا، ڕۆڵەی مرۆڤیش نیشانەیە بۆ ئەم نەوەیە. [31]شاژنی باشوور* لەڕۆژی لێپرسینەوەدا بەرامبەر ئەم نەوەیە ڕادەوەستێت‌و تاوانباری دەکات، چونکە لەوپەڕی جیهانەوە هات بۆ ئەوەی گوێ لەدانایی سلێمان بگرێ. ئەوەتا مەزنتر لەسلێمان لێرەیە. [32]هەروەها دانیشتوانی نینەوا لەڕۆژی لێپرسینەوەدا لەگەڵ ئەم نەوەیە ڕادەوەستن‌و تاوانباری دەکەن، چونکە تۆبەیان‌کرد کاتێ ئاگادارکردنەوەی یونسیان بیست، جا ئەوەتا مەزنتر لەیونس لێرەیە.

چاو چرای لەشە

[33](کەس چرا هەڵناکاو

---

*شاژنی باشوور: مەبەست شاژنە بەلقیسە کە فەرمانڕەوای یەمەن بوو لەسەردەمی حەزرەتی سلێمان.

لـەجێیەکی شاراوەدا دایبنێ، یاخود لەژێـر تەشـتێك، بەڵکو دەیخاتە سەر شـوێنێکی بـەرز، تـاکو ئەوانەی دێنە ژوورەوە ڕووناکـیەکە ببیـنن. [34]چاو چـرای لەشـە، گەر چاوت باش بێت لەشـت هـەمووی ڕووناکیـیە، بەڵام گـەر چـاوت تروسـکایی تیا نەبێت، ئـەوا لەشـت هـەمووی تاریکـیە. [35] کەواتـە ئاگادارببـە ئـەو ڕووناکیـیەی تـیاتدایە نەبێـت بـەتاریکی. [36]گـەر بێـتو لەشـت هـەمووی ڕووناکی بێـتو هـیچ تاریکی تێدا نەبێ، ئەوا هـەمووی وەك چرایەك کە ڕووناکی دەدات، دەدرەوشێتەوەو ڕووناکە.)

سەرزەنشتکردنی فەریسیەکان

[37]کـاتێ عیسـا قسـەی دەکـرد، فەریسـیەك داوای لـێکـرد نـانی نـیوەڕۆ لای ئـەو بخوا. ئەویش چووە ماڵەکـەی‌و لەگـەڵی لەسـەر خـوان دانیشـت. [38]بەڵام فەریسیەکە سەری سوڕما لەوەی عیسا پێش نان دەست ناشـوات. [39]خوداوەنـد پـێی ووت: (ئـێوەی فەریسـی دەرەوەی پـیاڵەو قاپتان پاك دەکەنەوە، بەڵام ناوەوەتان پـڕە لەچـەتەیی‌و پیسـی. [40]ئـەی بـێمێشـکینە، ئایـا ئـەوەی دەرەوەی دروست کردووە ناوەوەشی دروست نەکردووە؟ [41]جا ئەوەی لەناو قاپ‌و قاچـاختاندایە بەهـەژارانی ببەخشـن، تاکو هەموو شتێکتان پاك بێتەوە.

[42]جـا قـوڕ بەسـەرتان ئـەی فەریسـیەکان ئـێوە دەیـەکی نەعناع‌و ڕازیانـەو سەوزەواتی تر دەدەن، بەڵام دادپـەروەری‌و خۆشەویسـتی خـودا پشـت گـوێ دەخەن، پێویستە ئەمانە بـەجێبهێـنن‌و ئەوانـەی تـریش لـەیادنەکـەن. [43]قـوڕ بەسەرتان ئەی فەریسـیەکان، چـونکە ئـێوە حـەز لـەڕیـزی پێشـەوەی کۆبوونـەوەو کۆڕەکان دەکەن‌و دەتانەوێ لەشوێنە گشـتیەکان سـلاوتان بەگـەرمی لـێبکـرێ. [44]قـوڕ بەسەرتان، ئێوە لـەو گـۆڕە وونبووانـە دەکـەن کە خـەڵکی بـێ ئەوەی بزانن بەسەریاندا دەڕۆن.)

[45]لـێرە یەکـێك لـەماموّسـتایانی شەریعەت پێی ووت: (ئەی ماموّستا، ئـەم قسانەت ئێمەش دەگرێتەوە.) [46] ئینجا عیسا ووتی: (قوڕ بەسەر ئێوەش زانایانی شەریعەت، ئێوە باری قورس‌و گـران دەخەنـە سـەر شانی خەڵکی، بـەڵام خۆتـان سـەری پەنجەیـەکی لێنـادەن بـۆ یارمەتیدانـیان. [47]قـوڕ

بەسەرتان، چونکە ئێوە گۆڕ بۆ ئەو پێغەمبەرانە هەڵدەبەستن، کە باوباپیرتان کوشتوویانن. [48]کەواتە ئێوە شایەتی دەدەن لەسەر باوباپیرانتانو ڕازین بە کردەوەکانیان، ئەوان پێغەمبەرانیان کوشتو ئێوەش گۆڕەکانیان بۆ هەڵدەبەستن. [49]هەر لەبەر ئەمەشە خودا دەفەرمووێ دەڵێ: {من پێغەمبەرو نێراویان بۆ دەنێرم، بەڵام ئەوان دەیانکوژنو دەیان چەوسێننەوە.} [50]تاکو خوێنی ڕژاوی هەموو پێغەمبەران لەسەرەتای دروست بوونی جیهانەوە بچێتە ملی ئەم نەوەیە، [51]هەر لەخوێنی هابیلەوە تا خوێنی زەکەریا کە لەنێوان قوربانگاو پەرستگادا کوژرا. بەڵێ پێتان دەڵێم: (ئەوانە هەمووی لەم نەوەیە داوادەکرێ.) [52]قوڕ بەسەرتان ئەی زانایانی شەریعەت، چونکە ئێوە کلیلی زانیاریتان هەڵگرتووە، بەڵام نەخۆتان دەچنە ژوورەوە نە ڕێدەدەن خەڵکی تر بچێتە ژوورەوە.)

[53]کاتێ عیسا بەم شێوەیە قسەی لەگەڵ دەکردن، مامۆستایانی شەریعەتو فەریسیەکان بەتەواوی ڕقیان لێهەڵگرت، زۆر بابەتی تریان هێنایە پێشەوە، بۆ ئەوەی لێی بدوێ، [54]تا بە ووشەیەك بیگرنو تووشی بکەن.

ڕاستگۆیی و بێ دوورووویی

12

لەوکاتەدا کە خەڵکی بەهەزاران کۆبووبوونەوە، بەجۆرێ یەك یەکی پێشێل دەکرد، عیسا دەستی کرد بەقسەکردنو یەکەمجار بەقوتابیەکانی ووت: (ئاگاداری هەویرترشی فەریسیەکان بن، کە دووڕوویە. [2] هیچی شاراوە نییە، ئاشکرا نەبێتو هیچ نهێنییەك نییە نەزانرێ. [3]هەموو ئەوانەی لەتاریکی ووتوتانە، لەڕوونا کی دەبیسترێ، ئەوەش کە لەماڵ بەچرپە ووتوتانە، لەسەربانەکان بانگەوازی پێدەکرێ.)

[4]لەبەرئەوە ئەی خۆشەویستەکانم، مەترسن لەوانەی بەلەش دەتانکوژن، چونکە لەوە زیاتر ناتوانن هیچ بکەن. [5]بەڵام من پێتان دەڵێم لەچی بترسن، لەوە بترسن کە توانای هەیە لەدوای مردن بتانخاتە دۆزەخەوە، بەڵێ پێتان دەڵێم لەوە بترسن. [6]ئەوە نییە پێنج چۆلەکە بە دوو فلس دەفرۆشن؟

لەگەڵ ئەوەشدا خودا یەکێك لەوانی بیرناچێ، [7]تەنانەت قژی سەریشتان ژمێراوە. کەواتە مەترسن، ئێوە باشترن لەچۆلەکە. [8]بەڵام پێتان دەڵێم: ئەوەی لەبەردەم خەڵکی دانم پیابنێ، ڕۆڵەی مرۆڤیش لەبەردەم فریشتەکانی خودا دانی پیادەنێ. [9]ئەوەش کە لەبەردەم خەڵکی دانم پیانانێ، بەهەمان شێوە لەبەردەم فریشتەکانی خودا دانی پیانانرێ. [10]ئەوەی قسەیەك بەڕۆڵەی مرۆڤ بڵێ، دەبەخشرێ، بەڵام ئەوەی کفربکات بەرامبەر ڕۆحی پیرۆز، نابەخشرێ. [11]کاتێ دەتانهێننە بەردەم کەنیشتەکانو لێپرسراوانو دەسەڵاتداران، گوێ مەدەن بەوەی چی یاخود چۆن وەڵام دەدەنەوە. [12]چونکە ڕۆحی پیرۆز ئەوەی کە پێویستە بیڵێن دەیدا بەگوێتان.)

[13]ئینجا لەناو کۆمەڵەکەدا یەکێك پێی ووت: (مامۆستا، بە براکەم بڵێ ئەوەی بۆمان بەجێماوە بەشی بکات لەگەڵم.) [14]بەڵام ئەو پێی ووت: (ئەی مرۆڤ، کێ منی کردووە بە دادوەر یاخود بەشکەر بە سەرتان؟)

[15]بە خەڵکەکەی ووت: (ئاگاداربن و خۆتان بپارێزن لەچاوبرسێتی، چونکە ژیانی مرۆڤ بەزۆری سامانەکەی نییە.)

نموونەی دەوڵەمەندی بێمێشك

[16]ئینجا نموونەیەکی بۆ هێنانەوە ووتی: (مرۆڤێکی دەوڵەمەند زەوییەکەی بەرووبوومێکی زۆری دا. [17]بیری کردەوە ووتی: چی بکەم کە من شوێنی تەواوم نەبێ بۆ کۆکردنەوەی بەرووبوومەکەم؟ [18]جا ووتی: وا دەکەم، عەمبارەکانم تێك دەدەمو لەوان گەورەتر دروست دەکەم، ئیتر لەوێدا هەموو بەرووبوومەکەم دادەنێمو کۆی دەکەمەوە. [19]ئەوسا بەخۆم دەڵێم، ئەی دڵ ئەوەتا بەشی چەندین ساڵت هەیە، کەواتە بحەسێوەو بخۆو بخۆوەو دڵشادبە. [20]بەڵام خودا پێی ووت: ئەی بێ مێشك، هەر ئەم شەو ڕۆحت دەردەچێ، ئەوەی کۆتکردەوە بۆ کێ دەبێ؟ [21]بەهەمان شێوە دەبێ ئەو کەسەی گەنجینە بۆ خۆی کۆدەکاتەوەو لای خودا دەوڵەمەند نییە.)

خودا خەممان دەخوات

[22]بەقوتابیەکانی ووت: (جا

لەبەرئەمە پێتان دەڵێم، گوێمەدەن بەژیان چی بخۆن، بەلەش چی لەبەر بکەن، [23]ژیان گرنگترە لەخواردنو لەشیش گرنگترە لەجل. [24]سەیری قەلەڕەش بکەن، نەدەچێنێ نەدروێنە دەکات. عەمباریشی نییەو هیچ کۆناکاتەوە، بەلأم خودا دەیژێنێ. ئایا ئێوە لەباڵندە باشترنین؟ [25]بەلأم کێ لەئێوە گەر زۆر بایەخ بەم شتانە بدات، دەتوانێ تەنانەت ڕۆژێک لەژیانی درێژتر بکات؟ [26]جا کە ئێوە تواناتان بەسەر بچووکترین شت نییە، بۆچی بایەخ دەدەن بەشتی تر؟ [27] سەیری گوڵاڵە سوورە بکەن، چۆن نەشونما دەکات، نە هیلاك دەبێتو نە دەڕێسێ. بەلأم پێتانی دەڵێم: تەنانەت سلێمانیش لەو پەڕی مەزنیدا بەرگی وەك یەکێك لەوانی لەبەرنەکردووە. [28]گەر بێتو خودا ئاوا بەرگ بکاتە بەری گژوگیا هەرچەندە ئەمڕۆ لەکێلگەدایەو بەیانی فڕێ دەدرێتە تەنوورەوە. ئایا دەبێ چەند زیاتر جلی باشتان لەبەر بکات ئەی کەم باوەڕینە؟ [29]داوای ئەوە مەکەن چی بخۆنو چی بخۆنەوە، مەپەشۆکێن. [30]ئەمانە هەمووی بێ باوەڕەکانی ئەم جیهانە هەوڵی بۆ دەدەن، بەلأم ئێوە باوکتان دەزانێ کە پێویستان بەمانە هەیە. [31]بەڵکو داوای پادشاهێتی خودا بکەن، ئەوانەی دیکەتان هەموو بۆ دەبێت. [32]مەترسە ئەی مێگەلی بچووك، چونکە باوکتان دڵشادە پادشاهێتیتان بداتێ. [33]ئەوەی هەتانە بیفرۆشنو ببەخشن بەهەژاران، بۆ خۆتان لەئاسمان سامانێك دروستبکەن کە نافەوتێو گەنجینەیەك کە لەبن نایەت، نەدز لێی نزیك دەبێتەوە نەمۆریانە لێی دەدات. [34]چونکە مرۆڤ گەنجینەی لەهەر کوێ بێت دڵی لەوێ دەبێت.

نموونەی کۆیلە دەست پاکەکان

[35]ئامادەبن با پشتێنتان بەستراو بێتو چراتان ڕۆشن بێت، [36]وەك ئەوانەبن کە چاوەڕوانی گەورەکەیان دەکەن تا لەسەر شایی بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کە هاتەوەو لە دەرگای دا، دەستبەجێ دەرگای لێبکەنەوە. [37]خۆزگەدەخوازرێ بەو ئیشکەرانەی کە گەورەکەیان لەکاتی گەڕانەوەیدا دەیانبینێ بەخەبەرن. ڕاستیتان پێ دەڵێم، ئینجا گەورەکەی لەسەر

خـوان دایـاندەنێـتو قـۆڵ هەڵدەکا تـاکو خزمەتـیان بکـات. [38]هەروەها خۆزگـەدەخوازرێ پێیان، گەر هاتوو گەڕانـەوەی گەورەکـەیان لەکاتێکدا بێت، کە دوو بەش یاخود سێ بەشی شـەو ڕۆیشـتبێو ئـەوان هێشـتا هەر بەخەبـەربن. [39]بەڵام ئەوە بزانن، گەر بێـتو خـاوەنمـاڵ بزانێـت لـەچ کاتێکدا دز دێتە سەری، ئەوا بەخەبەر دەمێنێـتەوەو ماڵەکـەی بـەجێناهێڵێ تـابـدزرێ. [40]کەواتـە ئـێوەش ئـاوا ئامـادەبن، چـونکە ڕۆڵـەی مـرۆڤ لەکاتێکدا دەگەڕێتەوە کە نایزانن.)

[41]پەتـرۆس لێپرسی: (گەورەم، ئەم نموونانە بەئێمە دەڵێی یان بەهەموو خـەڵکی؟) [42]عیسـای خوداوەنـد ووتی: (کێیە ئەو جێگرە دەستپاکو ژیـرەی کـە گـەورەی مـاڵ بەسـەر خاووخێزانی دایدەنێ هەتا خواردنیان لـەکاتی خۆیـدا بۆ ئامادە بکات؟ [43] خۆزگـەدەخوازرێ بـەو ئیشـکەرە، کاتێ گەورەکەی دەگەڕێتەوە دەیبینێ هەڵدەسـتێ بـەو کـارە. [44]ڕاسـتیتان پـێدەڵـێم: ئیـنجا گـەورەی ماڵەکە ئیشـکەرەکەی دادەنێ لەسەر هەموو مـاڵۆ سـامانێکی کە هەیەتی. [45]بەڵام گـەر ئـەم ئیشـکەرە لـەدڵی خۆیـدا ووتـی: گەورەکـەم دوادەکـەوێ لەگەڕانـەوەی، دەسـت بکـات بەلـێدانی ئیشـکەرەکانی تـر بـەژنو بەپـیاوەوە، هـەروەها بخواو بخواتەوەو خـۆی سـەرخۆشبکـات، [46]ئەوسـا گەورەکەی لەڕۆژێك دەگەڕێتەوە کە چـاوەڕێی ناکـاتو لەکاژێـرێك کـە نایـزانێ، ئیـنجا گەورەکـەی سـزایدەدات‌و دەیخاتـە ڕیـزی ناپاکانـەوە. [47]ئـەو ئیشـکەرەی داواکاریـیەکانی گـەورەی مـاڵ دەزانێـت، بـەڵام بەدەستی ئەنقەست کـاری پێناکـات، سـزا دەدرێ. [48] ئـەوەش کـە داواکاریەکان نازانێتو هەڵـە دەکـات، سـزاکەی کـەمترە. ئـەوەی زۆری پێدراوە، داوای زۆری لێدەکـرێ، ئەوەش زۆری لادانراوە، داوای زیاتری لـێدەکرێ.

عیساو جیهان

[49](من هاتووم تاکو لەسەر زەوی ئاگـرێك بکەمـەوە، چـەند دڵخۆشم بـەوەی دەستبکات بەسوتاندن! [50] بـەڵام جـارێ دەبـێ لـەئازار هەڵبکێشـرێم، چـەند نارەحـەتم تـا دێتەدی. [51]وادەزانن من هاتووم تەنها ئاشـتی بهێـنمە سـەر زەوی؟ پێـتان

دەڵێم: نەخێر، بەڵکو دووبەرەکی‌و جیابوونەوەم هێناوە. [52]هەر لەئێستاوە، گەر لەماڵێکدا پێنج کەسی تێدا بێت، سیانیان لەدووانیان، یان دووانیان لەسیانیان جیابەنەوە. [53]باوك لەکوڕ، کوڕ لەباوك، دایك لەکچ، کچ لەدایك، خەسوو لەبووك، بووك لەخەسوو جیابەنەوە.) [54]دیسان بەخەڵکەکەی ووت: (کاتێ ئێوە لەڕۆژئاواوە هەور دەبینن، خێرا دەڵێن: ئەم هەورە بارانی بەدەمەوەیە، هەر بەو شێوەیەش دەبێت. [55]کاتێکیش بای باشوور دێت، دەڵێن گەرما دەست پێدەکات، هەر بەو شێوەیەش دەبێت. [56]ئەی دووڕووەکان، ئێوە دەزانن ڕووی زەوی‌و ئاسمان بخوێننەوە، چۆن نازانن ئەم سەردەمە بخوێننەوە؟ [57]هەروەها بۆچی بەخۆتان دادەڕوەرانە حوکمنادەن؟ [58]کاتێ یەکێك شتێکی بەسەرتەوەیەو دەیەوێ بۆ دادگات ببات، هەوڵبدە هەر لەڕێگا لەگەڵی ئاشتبیتەوە، ئەگینا ڕاتدەکێشێت بۆ لای دادوەرو دادوەریش دەتداتە دەست پۆلیس، پۆلیسیش ڕەوانەی بەندیخانەت دەکات. [59]پێت دەڵێم: لەوێ نایەیتە دەرەوە هەتا دوا پول نەدەیتەوە.)

پێویستی تۆبەکردن

13 لەمکاتەدا، هەوالّی ئەوەیان بەعیسادا، کە پیلاتۆس* هەندێ لەپیاوانی شاری جەلیلی لەکاتی پێشکەشکردنی قوربانیەکانیان کوشتووەو خوێنی لەگەڵ خوێنی قوربانیەکان تێکەڵاو کردوون. [2] عیسا پێی ووتن: (ئایا بەڕای ئێوە، ئەو جەلیلیانەی کوژران گوناهیان زیاتربوو لەو خەڵکەی تری جەلیل، بۆیە وایان بەسەرهات؟ [3]من پێتان دەڵێم: نەخێر، گەر بێتو ئێوەش تۆبەنەکەن هەموتان ئاوها تیادەچن. [4]یاخود ئەو هەژدە کەسەی تاوەری سیلوام بەسەریاندا کەوتو کوشتنی، گوناهبارتر بوون لەدانیشتوانی قودس؟ [5]من پێتان دەڵێم: نەخێر، بەڵام گەر ئێوەش تۆبەنەکەن هەموتان ئاوها تیادەچن.)

نموونەی هەنجیری بێبەر

[6]ئینجا ئەم نموونەیەی باس کرد: (کابرایەك لەباخەکەیدا دار هەنجیرێکی هەبوو، هات تاکو بزانێ

بەری‌گرتووە، سەیری‌کرد هیچی پێوە نییە. [7]بانگی باخەوانەکەی کردو ووتی: من ماوەی سێ ساڵە دێم، تاکو لەبەرەکەی ببەم، کەچی هیچی پێوە نابینم، بیبڕەوە، بۆچی زەویشمان لێبگرێ؟ [8]بەڵام باخەوانەکەی ووتی: گەورەم، ئەم ساڵیش وازی لێبهێنە، زەویەکەی دەوروبەری هەڵدەگێڕمەوە کەمێ بابەتی بەهێزبوونی تێدەکەم. [9]بەڵکو بەر بگرێ، گەر نەبوو ئەوسا ببیڕەوە.)

چاككردنەوەی ژنێك لەشەممە

[10]عیسا ڕۆژێکی شەممە لەکەنیشت خەریکی فێرکردنبوو، [11]ئافرەتێکی لێبوو ماوەی هەژدە ساڵ بوو ڕۆحی لاواز دەستی بەسەریدا گرتبوو، پشتی قەمبوور بوو بوو، نەیدەتوانی بەڕێکی ڕاوەستێ. [12]کاتێ عیسا ژنەکەی بینی، بانگی‌کردو پێی ووت: (خوشکە، با ڕزگارت بێ لەلاوازییەکەت.) [13]ئینجا دەستی خستە سەر ئافرەتەکە، دەستبەجێ ئافرەتەکە پشتی ڕاست بووەوە دەستی‌کرد بەستایشی خودا. [14]بەڵام سەرۆکی کەنیشت تووڕە بوو، چونکە عیسا لەڕۆژی شەممەدا خەڵکی چاك‌کردەوە، بەخەڵکەکەی ووت: (تەنها شەش ڕۆژ لەهەفتەیەکدا ڕۆژی کارکردنە لەو ڕۆژانەدا وەرن بۆ چاك‌بوونەوە، نەك لەڕۆژی شەممەدا.) [15]عیسای خوداوەند وەڵامی‌دایەوە: (ئەی دووڕوەکان! ئایا هەر یەك لەئێوە، لەڕۆژی شەممەاندا نارِوات گاکەی یاخود گوێدرێژەکەی بکاتەوە بیبات ئاوی بدات. [16]ئەوەتا ئەم ژنە کە یەکێکە لەنەوەی ئیبراهیم، ماوەی هەژدە ساڵە بەستراوی دەستی شەیتانە نابێ ئازادبێ لەڕۆژی شەممەدا؟)

[17]کاتێ عیسا ئەمەی ووت، بەرهەڵستەکەرانی شەرمەزاربوون. ئینجا هەموو خەڵکەکە دڵشاد بوون بەگشت ئەو کارە مەزنانەی کردی.

نموونەی دەنکە خەردەلە

[18]عیسا پرسیاری کردو ووتی: (پادشاهێتی خودا لەچی دەکات، وەك چی وایە؟ [19]لەدەنکە خەردەلەیەك دەکات، کابرایەك هێنایو لەکێڵگەکەی ڕواندی، ڕواو بوو بەدارێکی گەورە، بەشێوەیەك کە

بالّندەی ئاسمان لەسەر لق‌و چلّەکانی حەسانەوە.)

نموونەی هەویرترش

20دیسان ووتی: (پادشاهێتی خودا لەچی دەکات؟ 21 لەهەویرترشێك دەکات، کە ئافرەتێك پارچەیەکی لێدەهێنێ، دەیخاتە ناو چەند ڕبە ئاردێکەوە تا هەموو هەویرەکە هەلّدێت.)

دەرگای تەنگ

22کاتێ عیسا بۆ قودس دەچوو، بەشارو لادێکان تێدەپەڕی‌و خەلّکی فێردەکرد. 23یەکێك لێی‌پرسی: (گەورەم ئایا ژمارەی ئەوانەی ڕزگاریان دەبێت کەمە؟) ئەویش پێیانی ووت: 24(هەوڵ بدەن لەدەرگای تەنگەوە بچنە ژوورەوە، من پێتان دەلّێم: زۆر کەس هەوڵدەدەن بچنە ژوورەوە، بەلاّم ناتوانن. 25دوای ئەوەی گەورەی ماڵ هەلّدەستێت‌و دەرگا دادەخات، ئێوەش لەدەرەوە دەمێنەوە، لەدەرگادەدەن‌و دەلّێن: گەورەم، لێمان بکەوە! ئەویش پێتان دەلّێ: من ناتانناسم، ئێوە لەکوێوە هاتوون؟ 26ئەوسا ئێوەش دەلّێن: لەگەلّتدا خواردمان‌وخواردمانەوە، لەشەقامەکانمان فێرت دەکردین. 27 ئینجا ئەویش دەلّێ: پێتان دەلّێم من نازانم ئێوە کێن‌و لەکوێوە هاتوون، وون‌بن لەبەرچاوم ئەی بەدکاران! 28 جا لەوێدا دەبێت بەگریان‌و چڕکەچڕکی ددان، کاتێ دەبینن ئیبراهیم‌و ئیسحاق‌و یاقوب‌و هەموو پێغەمبەران لەپادشاهێتی خودان، بەلاّم ئێوە دەرکراونەتە دەرەوە. 29 ئینجا خەلّکی لەڕۆژهەلاّت‌و لەڕۆژئاواوە، لەباکوورو لەباشوورەوە دێن، لەسەر خوان دادەنیشن لەپادشاهێتی خودا. 30زۆر لەوانەی دواهەمینن دەبنە یەکەمین‌و یەکەمینەکانیش دەبنە دواهەمین.)

عیساو هێرۆدس

31لەو کاتەدا هەندێ لەفەریسیەکان هاتنە لای عیساو پێیان ووت: (ئێرە بەجێبهێلّەو بڕۆ، چونکە هێرۆدس دەیەوێ بتکوژێ.) 32ئەویش پێی ووتن: (بڕۆن بەو ڕێویە بلێن، من ئەمڕۆ و بەیانی ڕۆحە پیسەکان دەردەکەم‌و نەخۆشەکان چاك دەکەمەوە، ئینجا لەڕۆژی

سێیەم هەموو شتێك تەواو دەكەم.
[33]بەڵام ئەمڕۆ و بەیانیو ڕۆژانی داهاتوو، دەبێت بەردەوام بم لەڕۆیشتن، بەڕێگای خۆم، چونكە پێغەمبەر لەناونابرێت لەقودس نەبێت.)

عیسا دڵتەنگە بۆ قودس

[34](ئەی قودس، ئەی قودس، ئەی بكوژی پێغەمبەرانو بەردبارانكەری ئەوانەی بۆت نێردران، چەند جار ویستم منداڵەكانت بەیەكەوە كۆ بكەمەوە، هەروەك چۆن مریشك جوجەڵەكانی لەژێر باڵی كۆدەكاتەوە، بەڵام نەتانویست. [35]ئەوەتا ماڵەكەتان بەوێران كراوی دەمێنێتەوە. با پێتان بڵێم، ئیتر نامبینەوە، تا ئەو كاتەی هاواردەكەن، پیرۆزە ئەوەی بەناوی خوداوەند دێت.)

چاكردنەوەی نەخۆش لەشەممە

14

عیسا لەڕۆژی شەممەدا، چووە ماڵی یەكێك لەسەركردە فەریسیەكان بۆ نانخواردن، ئەوانەی لەوێ بوون چاویان لەعیسا نەدەتروكاندو بەباشی سەرنجیان دەدا. [2]چونكە بەرامبەری كابرایەك كە نەخۆشی ئاوبەنی هەبوو دانیشت بوو. [3]عیسا ڕووی كردە مامۆستایانی شەریعەتو فەریسیەكانو ئەوانەی لەوێدا بوون، لێیپرسین: (ئایا نەخۆش چاكردنەوە، لەڕۆژی شەممەدا دەبێ یان نا؟) [4]كاتێ ئەوان هیچ وەڵامێكیان نەدایەوە. ئەویش كابرای بانگكردو چاكی كردەوەو بەڕێی كرد. [5]گەڕایەوە پرسیاری لێكردن: (كێ لەئێوە كوڕەكەی یان گاكەی لەڕۆژی شەممەدا بكەوێتە بیرەوە ناچێ یەكسەر دەری بهێنێ؟) [6]لێرەش نەیانتوانی هیچ وەڵامیكی بدەنەوە.

خۆت بەبەرزمەگرە

[7]دوای ئەوەی سەیری كرد، چۆن هەندێ لەدانیشتوان ڕیزی پێشەوەیان گرتووە، نموونەیەكی بۆ هێنانەوە، ووتی: [8](كاتێ یەكێك بانگتان دەكات بۆ سەر شایی، باشتر وایە نەچیتە ڕیزی پێشەوە، چونكە لەوانەیە ئەو شوێنە بۆ یەكێكی گرنگتر لەتۆ دانرابێ. [9]ئینجا ئەوەی بانگی كردوون، دێتو پێت دەڵێ: ئەو شوێنە چۆڵكە بۆ ئەم پیاوە، تۆش

تەریق دەبیتەوە، ئینجا لەڕیزی دواوە دەگەڕێیت بۆ شوێنێك لێی دانیشی.
[10]کاتێ بانگ دەکرێیت، هەوڵبدە لەدواوە دانیشە، تا ئەوەی بانگی کردوویت، بێتو پێت بڵێ: هاوڕێم، هەستە وەرە پێشەوە، لەم کاتە ڕێزت لای دانیشتووان زیاتر دەبێ. [11]ئەوەی خۆی بەگەورە دانێ نزم دەکرێتەوە، ئەوەش خۆی بەبچووك دادەنێ بەرزدەکرێتەوە.)
[12]ئینجا بەوەی بانگی کردووە، ووتی: (کاتێ نانی نیوەڕۆ یان ئێوارە دەکەیت، هاوڕێو براو خزمو دراوسێ پارەدارەکانت بانگ مەکە، نەوەك ئەوانیش دوایی بانگت بکەنەوەو چاکەت بدەنەوە. [13]بەڵکو ئەگەر نانخواردنێکت سازکرد، هەژارو پەککەوتەو شەڵو کوێر بانگ بکە، [14]خۆزگەت پێدەخوازرێ گەر ئەمەت کرد، چونکە ئەوان ناتوانن پاداشتت بدەنەوە، چونکە لەڕۆژی زیندووبوونەوەی ڕاستودروستاندا پاداشتت دەدرێتەوە.)

نموونەی میواندارییەك

[15]یەکێك لەدانیشتووان، کاتێ ئەمەی بیست، ووتی: (خۆزگەم بەوەی لەپادشاهێتی خودا نان دەخوات.) [16]ئینجا عیسا ووتی: (کابرایەك داوەتێکی گەورەی کردو خەڵکێکی زۆری بۆ بانگ کرد. [17] کاتی نانخواردن ئیشکەرێکی نارد، بۆ ئەوەی بەمیوانەکان بڵێ: فەرموون هەموو شتێك ئامادەیە. [18]بەڵام هەموو یەك لەدوای یەك داوای لێبوردنیان کرد، یەکەمیان ووتی ئەمڕۆ کێڵگەیەکم کڕیووەو ئێستا دەبێ بڕۆم بۆ ئەوێ، تکایە لێم ببورە. [19]ئەوی کەیان ووتی: پێنج جووت گام کڕیوە دەمەوێ بچم بزانم چۆنن، تکایە لێم ببورە. [20] یەکێکی کەشیان ووتی: ژنم هێناوە لەبەرئەوە ناتوانم بێم. [21]ئینجا ئیشکەرەکە گەڕایەوەو هەموی بەگەورەکەی ڕاگەیاند. ئینجا گەورەی ماڵەکە زۆر تووڕەبوو، بەئیشکەرەکەی ووت: بڕۆ دەرەوە، بۆ شەقامی ناو شارو کۆڵانەکان، چی هەژارو پەککەوتەو شەڵو کوێر هەیە بانگیان بکە بۆ ئێرە. [22]پاش ماوەیەك ئیشکەرەکە گەڕایەوەو ووتی: گەورەم ئەوەی فەرمانتدا کرا، هێشتا هەر شوێن ماوە. [23]

گەورەی مالّ ووتی: دیسان بڕۆ بۆ ڕێگاو مەیدانەکان بەزۆر خەڵك
بهێنە مالّەوە، تاکومالّەکەم پڕبێ. 24
پێتان دەڵێم: لەوانەی بانگکرابوون
هیچیان تامی نانی مالّم ناکەن.)

ئەوەی لەقوتابیان داوادەکرێ

25خەڵکێکی زۆر لەگەڵی
دەڕۆیشتن بەڕێدا، ئاوڕی لێ دانەوەو
پێی ووتن: 26(گەر یەکێك بیەوێ
لەگەڵم بێت، پێویستە منی زیاتر
خۆش بوێ، تەنانەت لەدایك و
باوکی، ژنو منداڵی، خوشك و
براشی، بگرە لەخۆشی زیاتر، تەنها
بەم شێوەیە دەتوانێ ببێتە قوتابی من.
27هەروەها ئەوەی ناتوانێ خاچەکەی
هەڵگرێتو دوام بکەوێت، ناتوانێ
ببێتە قوتابیم. 28کێ هەیە گەر بیەوێ
تاوەرێك دروست بکات، دانانیشێ
پارەکەی بژمێرێو بزانێ پارەی
ئەوەی هەیە کارەکەی پێ تەواو
بکات؟ 29نەوەك دەستبکات
بەدانانی بناغەو لەدوایدا نەتوانێ
تەواوی بکات، ئەوسا خەڵکی
گاڵتەی پێدەکەن، 30دەڵێن ئەوە چی
بوو! دەستی بە دروستکردن کردو
نەیتوانی تەواوی بکات؟ 31یان چ
پادشایەك، بیەوێ شەڕ بکات لەگەڵ
پادشایەکی کەدا، یەکەمجار دانانیشێت
هەتا ڕاوێژی ئەوە بکات، چۆن بە دە
هەزار کەسە سەربکەوێ بەسەر
بیست هەزار کەس، کە خەریکن
بەرەو ڕووی دەکشێن، 32ئەگینا خۆ
هەتا لەشکرەکە دوورە، خێرا خەڵك
دەنێرێ بۆ ڕێککەوتن. 33کەواتە هەر
بەم شێوەیە، گەر یەکێك لەئێوە واز
لەهەموو شتێك نەهێنێ کەهەیەتی،
ناتوانێ ببێتە قوتابی من.)

نموونەی خوێ

34(خوێ شتێکی زۆر باشە، بەڵام
کە سوێری نەما، چی سوێریەکەی بۆ
دەگەڕێنێتەوە؟ 35ئەوسا بەکەڵکی
هیچ نایەت، نە بۆ زەوی نە بۆ
بەهێزکردنی زەوی، ئینجا ناچار فڕێ
دەدرێت. کێ گوێی هەیە با گوێ
بگرێ.)

گەڕان بەدوای وونبووان

15 هەموو باجگرانو گوناهباران دەهاتن
بۆ گوێگرتن لەووتەکانی عیسا. 2
فەریسیەکانو مامۆستایانی شەریعەت
بەمە تووڕە دەبوونو دەیان ووت:

(ئـەم کابرایە پێشوازی لەگوناهباران دەکاتو لەگەڵیان نان دەخوات.) [3] عیساش ئموونەیەکی بۆ هێنانەوەو ووتی: ([4]کێ لەئێوە گەر سەد سەر مەڕی هەبێتو دانەیەکی لێ وون بێت، نەوەدو نۆیەکەی تر لەدەشت بەجێ ناهێڵێتو ناگەڕێ بەشوێن مەڕە وون بووەکەدا، تا دەیدۆزێتەوە؟ [5]ئینجا کە دۆزیەوە، بەخۆشیەوە دەیخاتە سەرشانی و [6]دەیهێنێتەوە بۆ ماڵەوە، هاورێکانی و دراوسێکانی بانگ دەکاتو پێیان دەڵێت: دڵشاد بن لەگەڵم چونکە ئەو مەڕەی وون بووبوو، دۆزیمەوە. [7]من پێتان دەڵێم هەر بەم شێوەیەش، لەئاسمان دەبێ بەشادی گەر یەکێك لەگوناهباران تۆبە بکات، زیاتر لەنەوەدو نۆ کەسی ڕاستودروست کە پێویستیان بە تۆبەکردن نییە.

کاتێ پارەت وون دەبێ

[8](یان چ ئافرەتێ گەر دە پەنجابی هەبێ، یەکێکیانی لێ بکەوێت، هەڵناسێ، چرا هەڵێکاو دەست بکات بەگەسك دانی ماڵەکە بە ووردی، تا دەیدۆزێتەوە؟ [9]کاتێ کە دۆزیەوە، بۆ هاوڕێو دراوسێکانی دەگێڕێتەوەو پێیان دەڵێ: دڵشادبن لەگەڵم چونکە پارە وون بووەکەم دۆزیەوە. [10]من پێتان دەڵێم: هەر بەم شێوەیە، بەتۆبەکردنی گوناهبارێك، دەبێتە شادی لەنێوان فریشتەکانی خودا.)

نموونەی کوڕی وونبوو

[11]ئینجا ووتی: (کابرایەك دوو کوڕی هەبوو. [12]بچووکەکەیان بە باوکی ووت باوکە چیم بەردەکەوێ لەبەشی خۆم بمدەرێ، کابراش چی سامانی هەبوو کردی بەدوو بەشەوەو بەشێکی دانا بۆ کوڕە بچووکەکەی. [13]دوای چەند ڕۆژێك، کوڕی بچووك چی هەبوو هەمووی کۆکردەوە، ئینجا کەوتە ڕێ بۆ وواڵاتێکی دوور، لەوێ چی هەبوو هەمووی لەڕابواردن خەرجکرد. [14] کاتێ کوڕە هیچی بەدەستەوە نەما، گرانی کەوتە ئەو ناوچەیە، ئینجا هەستی بەوەکرد کە پێویستی بەشتێك هەیە پێی بژی. [15]دوای ئەوەی چووە لای کابرایەك لەدانیشتوانی ئەو ناوچەیە، کابرا ناردی بۆ کێڵگەکەی تاکو بەرازەکانی بۆ بلەوەڕێنێ. [16] برسێتی وای لەکوڕەکرد حەزبکات

لەخڕنووکی بەرازەکان بخوات، بەڵام ئەوەشی بەتەواوی دەستەنەدەکەوت. [17]ئینجا بیری‌کردەوەو ووتی: ئاخۆ چەند نان بمێنێتەوە لەبەر ئەو کەسانەی لای باوکم ئیش دەکەن، ئەوەتا منیش لێرەدا خەریکە دەمرم لەبرسا. [18]با بگەڕێمەوە بۆ لای باوکم، پێی دەڵێم: بابە من بەرامبەر بەئاسمانو بەرامبەر بەتۆ هەڵەم کرد. [19]ئیتر شایانی ئەوە نیم بەکوڕی تۆ بانگ بکرێم، بمکە بەیەکێك لەئیشکەرەکانت. [20]ئەوسا کوڕە هەڵساو گەڕایەوە بۆ لای باوکی کاتێ باوکی لەدوورەوە بینی، دڵی پێسووتا، ڕای‌کرد بۆ لایو دەستی‌کردە ملی، بەگەرمیەوە ماچی‌کرد. [21]ئینجا کوڕە پێی ووت: بابە من بەرامبەر بەئاسمانو بەرامبەر بەتۆ هەڵەم‌کرد، ئیتر من شایانی ئەوە نیم بەکوڕی تۆ بانگ بکرێم. [22]بەڵام باوکەکە، بانگی ئیشکەرەکانی‌کردو ووتی: بڕۆن خێرا باشترین جلو بەرگ بهێنن‌و لەبەری‌کەن، ئەنگوستیلەی بکەنە پەنجەو پیلاو بکەنە پێی. [23]ئینجا برۆن گوێرەکە دابەستەکەش سەربڕن، تا بیخۆین‌و دڵخۆش بین. [24]ئەم کوڕەم مردبوو، زیندووبووەتەوە، وون بووبوو، دۆزراوەتەوە، بادڵخۆش بین.

[25]کوڕی گەورەی کابرا، دوای ئەوەی لەکێڵگە گەڕایەوەو نزیك ماڵ بووەوە، گوێی لە دەنگی مۆسیقاو هەڵپەرکێ بوو. [26]یەکێك لەئیشکەرەکانی بانگ‌کردو لێی‌پرسی، ئەوە چیە، چی ڕووی‌داوە؟ [27]ئەویش وەڵامی دایەوەو ووتی: براکەت گەڕاوەتەوە، باوکیشت گوێرەکە دابەستووەکەی سەربڕیوە بۆی، چونکە بەزیندوویەتی گەڕاوەتەوە. [28]بۆی گەورە تووڕەبوو، نەیویست بچێتە ژوورەوە. باوکی هاتە دەرەوەو لێی پاڕایەوە. [29]بەڵام ئەو وەڵامی باوکی دایەوەو ووتی: ئەوەتا من ئەو هەموو ساڵە ئیشت بۆ دەکەم، بەرهەڵستی هیچ فەرمانێکم نەکردوویت، تەنانەت بزنێکیشت نەدامێ تاکو لەگەڵ هاوڕێکانم دڵم پێی خۆش بێت. [30]بەڵام بۆ گەڕانەوەی کوڕەکەت، ئەوەی بە ڕابواردن لەگەڵ داوێن‌پیسان گوزەرانی تۆی خوارد، گوێرەکەی دابەستراوی بۆ سەردەبڕی. [31]ئینجا باوکەکە پێی ووت: کوڕم، تۆ گشت کات

لەگەڵم دای، ئەوەی هەمە هی تۆیە،
32 بەڵام پێویستە دڵشاد بین
و کەیفخۆش بین، چونکە براکەت
مردبوو زیندووبووەوە، وونبوو بوو
دۆزراوەتەوە.)

نموونەی جێگری ناپاك

16

دیسانەوە عیسا بەقوتابیەکانی ووت:
(سەرکاری کابرایەکی دەوڵەمەند کە
دارایییەکەی بۆ بەڕێوە دەبرد،
تاوانبارکرا بەدەست بلاوی. 2 کابرای
دەوڵەمەند بانگی کردو لێی پرسی:
ئەمە چیە دەیبیستمەوە لێت؟ بڕۆ
حیسابەکانت بکەو بیخە بەردەستم،
ئیتر نامەوێ سەرکارم بیت. 3 کابرا
لەدڵی خۆی ووتی: باشە ئیتر من چی
بکەم، دوای ئەوەی گەورەکەم ئەم
ئیشەم لێدەسێنێتەوە؟ نە دەتوانم زەوی
بکێڵم نەسوالێشم پێدەکرێ. 4 بەڵام
دەزانم چی دەکەم، ئەگەر دەرکرام
لەکارەکەم هەتا هاوڕێیان پێشوازیم
لێبکەن لەماڵەکانیان. 5 چوو
قەرزارەکانی کابرای دەوڵەمەندی
یەکە یەکە بانگ کرد. لەیەکەمیانی
پرسی: چەند قەرزاری؟ 6 وەڵامی
دایەوە: سەد پیوانە ڕۆن. ئینجا پێی
ووت: قەیناکە تەنها پەنجا پێوانە
دەنووسم. 7 لەوی تری پرسی: ئەی
تۆ چەندت لەسەرە؟ ووتی سەد
فەردە گەنم. پێی ووت: ئەوا هەشتا
فەردەت بۆ دەنووسم. 8 لەدواییدا
کاتێ کابرای دەوڵەمەند بەمەی زانی،
ئافەرینی لەئیشکەرەکەی کرد،
چونکە بۆ داهاتووی خۆی بەژیرانە
بیری کردبووەوە. لەڕاستیدا ئەو
مرۆڤانەی ئەم جیهانەیان
هەڵبژاردووە، لێزانترن بۆ ژیانی سەر
زەویان لەڕۆڵەکانی ڕوناکی. 9
هەروەها پێتان دەڵێم: سامانی
لەناوچوو بۆ بەدەستهێنانی هاوڕێ
بەکاربهێنن، تا ئەگەر پارەت نەما
پێشوازیت لێبکرێ لەماڵی
هەتاهەتایی.
10 (ئەوەی لەکەم دەستپاك بێت
لەزۆریش دەستپاکە، ئەوەش
لەکەم ناپاکە، لەزۆریش ناپاکە. 11
گەر ئێوە دەستپاك نەبن لەسامانی
لەناوچوو، ئیتر کێ سامانی ڕاستی
دەداتە دەستتان؟ 12 گەر ئێوە
دەستپاك نەبن لەشتی خەڵکی کە،
ئیتر کێ شتی خۆتان دەداتێ؟ 13 هیچ
ئیشکەرێك ناتوانێ ملکەچی دوو
گەورە بێت: بێگومان یەکێکیانی

لەوی تر زیاتر دەوێت، یان دەچێتە لای یەکێکیانو ئەوی تر بەجێدەهێڵێ. بەم شێوە ئێوەش ناتوانن، لەیەك کاتدا ملکەچی خوداو پارە بن.) [14]فەریسیەکان کە زۆر پارەیان خۆشدەویست، دوای ئەوەی گوێیان لەهەموو ئەمانە بوو، پێی پێکەنین. [15]ئینجا عیسا پێی ووتن: (ئێوە خۆتان لای خەڵکی بەچاك دەردەخەن، بەڵام خودا دڵتان باش دەناسێ. ئەوەی خەڵك پایەداری دادەنێ، لای خودا بێ پایەیە. [16]شەریعەتو فێرکردنی پێغەمبەران کاری پێکرا هەتا هاتنی یەحیا، لەو کاتەوە مزگێنی پادشاهێتی خودا دەدرێو هەموو کەسێك هەوڵ دەدات بۆی. [17]بەڵام ئەمە لەیادمەکەن، نەمانی زەوی و ئاسمان زۆر ئاسانترە، لەلابردنی خاڵێ لەخاڵەکانی شەریعەت.

تەلاق دان

[18](ئەوەی ژنەکەی تەلاق دەداتو یەکێکی کە دەهێنێ، ئەوا داوێنپیسی دەکات. ئەوەش کە تەلاقدراوێك دەهێنێ بەهەمان شێوە داوێنپیسی دەکات.

نموونەی هەژارێکو دەوڵەمەندێك

[19]پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند هەبوو، هەموو ڕۆژێك خەریکی ئاهەنگگێڕان بوو، گرانبەهاترینو جوانترین جلی لەبەردەکرد. [20]کابرایەکیش ناوی لەعازر بوو، لەبەر دەرگاکەی کەوتبوو، برین لێ دابوو. [21]لەو بەر ماوەیەی دەخوارد کە فڕێ دەدرایە بەر دەرگا. زۆر جاریش سەگ دەهاتنو زمانیان بەبرینەکانی لەشیدا دەهێنا.

[22]کابرای هەژار مردو فریشتەکان بردیانە لای ئیبراهیم، پاشان کابرای دەوڵەمەندیش مردو نێژرا. [23]کاتێ سەری هەڵبڕی، سەیریکرد لەدۆزەخدایەو ئازار دەچێژێ. لەدوورەوە ئیبراهیمی بینیو لەعازر لەباوەشیدا بوو. [24]ئینجا هاواریکرد: ئەی ئیبراهیمی باوك، بەزەییت پێمدابێتەوە، لەعازر بنێرە تا پەنجەکانی بەئاو تەڕ بکاتو سەری زمانمی پێ ساردکاتەوە، ئەوەتا لەم ئاگرەدا ئازارم زۆرە. [25]ئیبراهیم پێی ووت: کوڕم، لەبیرتە تۆ چی خۆشی هەیە هەموویت کردو بینیت، لەعازریش چی دەردەسەری هەبوو بین، بەڵام ئێستا ئەو دڵنەوایی

دەکرێت‌و تۆش ئازار دەچێژیت. [26]
سەرەڕای هەموو ئەمانە لەنێوان ئێمەو
ئێوە بۆشاییەکی گەورە هەیەو دانراوە،
ئەوەی بیەوێ لێرەوە بێتە لاتان
ناتوانێت، هەمان شت ئەوەش کە
دەیەوێ لای ئێوەوە بێتە لامان
ناتوانێ. [27]ئینجا کابرا ووتی: کەواتە
لێت دەپاڕێمەوە لەعازر بنێرە بۆ
مالّی باوکم، [28]لەوێ پێنج برام
هەیە، تاکو ئاگاداریان بکاتەوە،
نەوەك ئەوانیش بێنە ئەم دۆزەخەوە.
[29]بەڵام ئیبراهیم پێی ووت: ئەوان
﴿نووسینەکانی﴾ موساو پێغەمبەرانیان
هەیە، دەبا گوێیان بۆ ڕاگرن. [30]
ئەمیش پێی ووت: نەخێر، ئەگەر
یەکێك لەناو مردووانەوە چوو بۆ
لایان، ئیتر تۆبە دەکەن. [31]ئیبراهیم
ووتی: کە ئەوان گوێیان لەموساو
پێغەمبەران نەگرت، ئەوا باوەڕ بە
مردووی زیندووبوونەوەش ناکەن.)

لێخۆشبوون سنووری نییە
17

ئینجا عیسا بەقوتابیەکانی ووت:
(کۆسپ‌و گرفت هەر دێتە ڕێتان،
بەڵام قوڕ بەسەر ئەو کەسەی لەسەر
دەستی دروست دەبێ. [2]باشترە بۆ
ئەوکەسە، بەردی دەستاڕ بکرێتە
ملی‌و فڕێ بدرێتە دەریاوە، لەوەی
ئەم بچووکانە تووشی گوناه بکات.
[3]ئاگاداری خۆتان بن، گەر براکەت
هەڵەی‌کرد، گلەیی لێبکە، گەر
تۆبەی‌کرد لێی‌ببورە. [4]ئەگەر
لەڕۆژێکدا حەوت جار هەڵەی
بەرامبەرکردیت‌و هەر حەوت
جارەکەش گەڕایەوە لات‌و ووتی: من
تۆبە دەکەم، تۆ لەسەرتە لێی
ببووری.) [5]ئینجا نێراوەکان
بەخوداوەندیان ووت: (باوەڕمان
زیادکە!) [6]خوداوەندیش پێی ووتن:
(ئەگەر تەنها ئەوەندەی دەنکە
خەرتەلەێك باوەڕتان هەبوایە، بە
دارتووتان دەووت هەڵکەنرێ لەو
زەویەیە، بڕۆ ناو دەریاوە ئەوسا
ئەویش بەقسەی دەکردن.
[7]کێ لەئێوە، گەر ئیشکەرێکی
هەبێ‌و خەریکی کاری کێڵگەو
لەوەڕاندن بێت، دوای ئەوەی کە
دەگەڕێتەوە، پێی دەڵێ: یەکسەر
وەرە سەرخوان؟ [8]ئایا پێی نالّێ
شتێکم بۆ بهێنە با نانی ئێوارە بخۆم،
دان بەخۆت بگرەو بەردەستیم بکە تا
لەنانەکەم دەبمەوە. ئینجا نۆرەی تۆ
دێت بۆ خواردن‌و خواردنەوە. [9]ئایا

ئیشکەر شایانی سوپاسە گەرکارێکی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات؟ [10] ئێوەش بەم شێوەیە، کاتێ ئەو فەرمانەی پێتان دراوە دەیکەن، بڵێن ئێمە ئیشکەری بێسوودین کاری سەرشانی خۆمان جێبەجێکردووە.)

چاکردنەوەی دە نەخۆش

[11] کاتێ عیسا بەرەو قودس دەچوو، بەسامیرەو جەلیلدا ڕۆیشت. [12] کاتێ چووە یەکێك لەدێیەکان تووشی دە پیاوی گوڵ بوو، کە لەدوورەوە وەستابوون، [13] هاواریان کردو ووتیان: (ئەی عیسا، ئەی مامۆستا، بەزەییت پیاماندا بێتەوە.) [14] ئەویش سەیری کردن‌و پێی ووتن: (بڕۆن خۆتان پیشانی کاهینەکان بدەن.) کاتێ ڕۆیشتن لەڕێگا چاکبوونەوە. [15] یەکێك لەوانە کە سەیری خۆی کرد وا پاك بوونەتەوە بریتی پێوە نەماوە، گەڕایەوە بەدەنگی بەرز ستایشی خودای کرد، [16] لەبەرپێی عیسا خۆی بەدەمدا خست‌و سوپاسی کرد، ئەم کابرایەش سامری بوو.

[17] ئینجا عیسا ووتی: (ئایا ئەوانەی پاکبوونەوە دە کەس نەبوون، کوا نۆیەکەی تر؟ [18] کەسی کە نەبوو لەوانە بگەڕێتەوەو ستایشی خودا بکات، تەنها ئەم بێگانەیە نەبێ؟) [19] ئینجا پێی ووت: (هەستە بڕۆ، باوەڕت ڕزگاری کردی.)

هاتنی پادشاهێتی خودا

[20] کاتێ فەریسیەکان لێیان پرسی: (پادشاهێتی خودا کەی دێت؟) وەڵامی دانەوەو ووتی: (پادشاهێتی خودا شتێ نییە بەچاو ببینرێ، [21] کەس ناتوانێ بەپەنجە نیشانی‌داو بڵێ ئەمەتا یان ئەوەتا، چونکە پادشاهێتی خودا لەناوەڕۆکتاندایە.)

[22] ئینجا بەقوتابیەکانی ووت: (ڕۆژانێك دێت، هیوا دەخوازن تەنها ڕۆژێك لەڕۆژانی ڕۆڵەی مرۆڤ ببینن، بەڵام نایبینن. [23] ئینجا هەندێ هەن پێتان دەڵێن، ئەوەتا لەوێیە یاخود وەرن ئەمەتا لێرەیە، مەڕۆن‌و دوایان مەکەون. [24] وەك بروسکە چۆن لەئاسمان گەر لەلایەکەوە بێت، لایەکەی تریش ڕووناك دەکاتەوەو دەبینرێ، هاتنەوەی ڕۆڵەی مرۆڤیش بەو شێوەیە دەبێت. [25] بەڵام پێویستە جارێ پێش ئەوە، زۆر ئازار بکێشێ

ئەم نەوەیەش ڕەتیبکەنەوە. [26]چی لەسەردەمی نوح ڕوویدا، هەمان شت لەسەردەمی ڕۆڵەی مرۆڤدا ڕووەدات. [27]خەڵکی خەریکی خواردنو خواردنەوەو شووکردنو ژنهێنانی خۆیان بوون، تا ئەو ڕۆژەی نوح چووە ناو کەشتیەکەو باوباران دەستی پێکردو هەمووپانی لەناوبرد. [28]دیسان وەك سەردەمی لوت کەخەڵکی هەموو خەریکی خواردنو خواردنەوەو کڕینو فرۆشتنو چاندنو دروستکردن بوون، [29]بەڵام لەو ڕۆژەی کە لوت لەشاری سەدوم چووە دەرەوە، خودا ئاگرو گۆگردی لەئاسمانەوە بەسەر شارەکەیان باراندو هەموو لەناوبردن، [30]لەگەڕانەوەی ڕۆڵەی مرۆڤیشدا هەمان شت ڕووەدات. [31]ئەوەی لەو ڕۆژەدا لەسەربانە پێویست ناکات ڕاکاتە خواردەوە بۆ بردنی شتەکانی. ئەوەش کە لەکێڵگەدا کاردەکات ئیتر پێویست ناکات بگەڕێتەوە. [32]بیهێنەوە بەرچاوی خۆتان ئەوەی بەسەر ژنەکەی لوت* هات. [33]ئەوەی بیەوێ ژیانی بباتەوە دەیدۆڕێنێ، ئەوەش ژیانی دەدۆڕێنێ دەیباتەوە. [34]پێتان دەڵێم: لەو شەوەدا دوو کەس لەناو جێگایەکدان، یەکێکیان دەبردرێو ئەوی کەیان بەجێدەمێنێ. [35]یان دوو ژن بەیەکەوە دەستاڕ دەکەن، یەکێکیان دەبردرێو ئەوی کەیان بەجێدەمێنێ. ﴿[36]هەروەها دوو کەس لەکێڵگەیەکدا بەیەکەوە کار دەکەن، یەکێکیان دەبردرێو ئەوی کەیان بەجێدەمێنێ.﴾ [37]قوتابیەکان لەعیسایان پرسی: (ئەمە لەکوێ دەبێ گەورەم؟) ئەویش وەڵامی دانەوە: (لەکوێ کەلاك هەبێت داڵ لێی کۆدەبێتەوە.)

نموونەی بێوەژنێكو دادوەرێك

18

عیسا نموونەیەکی بۆ باسکردن، بۆ ئەوەی بەبەردەوامی نوێژبکەن بەبێ بێزاری، [2]ووتی: (لە شارێکدا دادوەرێك هەبوو نە لەخواەترسا نە لەمرۆڤ. [3]هەر لەو شارەش بێوەژنێك هەبوو زۆر دەچووە لای بۆ داواکردنی مافێکی خۆی لەناحەزەکانی. [4]ئەویش داواکاریەکەی بەردەوام پشتگوێ دەخست. بەڵام دادوەرەکە دوای

ماوەیەك لەدڵی خۆی ووتی: باشە من وەك لەخوداو لەکەس ناترسم، [5]با هیچ نەبێ لەبەرئەوەی ئەو بێوەژنە ئەوەندە بێزاری کردووم، با مافی بۆ وەرگرم، ئەگینا وازناهێنێ هەردێتو سەرم دەهێنێتە ئێش.)

[6]خوداوەند ووتی: (گوێبگرن ئەم دادوەرە زۆرداراە چی دەڵێ، [7] چۆن خودا ماف وەرناگرێ بۆ هەڵبژێراوانی ئەوانەی شەوو ڕۆژ لێی‌دەپاڕێنەوە؟ ئایا درەنگ وەڵامیان دەداتەوە؟ [8]پێتان دەڵێم: ئەو خێرا مافیان بۆ وەردەگرێ. بەڵام کاتێ ڕۆڵەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، ئایا باوەڕ دەبینێ لەسەر زەوی؟)

نموونەی فەریسی‌و باجگر

[9]ئەم نموونەیەی هێنایەوە بۆ ئەوانەی خۆیان بەپیاوچاك دادەنێن‌و ڕقیان لەخەڵکی دیکەیە. [10]ووتی: (دوو کەس چوونە پەرستگا بۆ نوێژکردن یەکێکیان فەریسی بوو، ئەوی کەشیان باجگر بوو. [11] فەریسیەکە لەدڵی خۆی ووتی: سوپاس بۆ تۆ ئەی خودا من وەك خەڵکی‌تر نیم، ئەوانەی چاوبرسی‌و گوناهبارو داوێن پیسن، هەروەها وەك ئەم باجگرەش نیم. [12] لەهەفتەیەکدا دووجار بەڕۆژوو دەبم، دەیەکی ئەوەی دەستم دەکەوێ دەیبەخشم.

[13]بەڵام باجگرەکە لەدوورەوە ڕاوەستاو نەیتوانی ڕوو بەرزکاتەوە بۆ ئاسمان، بەڵکو لەسنگی خۆی‌داو ووتی: ئەی خودا تووڕەیی خۆت لەسەر منی گوناهبار لادە. [14]با من پێتان بڵێم، ئەم باجگرە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بە بێتاوانی، بەپێچەوانەی کابرای فەریسی. ئەوەی خۆی بەرز بگرێ نزم دەکرێتەوە، ئەوەش خۆی نزم دەکاتەوە بەرزدەکرێتەوە.)

منداڵ شتێکی پیرۆزە

[15]ئینجا هەندێ کەس منداڵانیان هێنا بۆ لای عیسا، تاکو دەستیان لێدات، بەڵام قوتابیەکان ڕێیان لێگرتن. [16]جا عیسا منداڵەکانی بانگکرد بۆ لای خۆی‌و ووتی: (واز

---

* **ژنەکەی لوت**: کاتێ ژنەکەی لوت لەگەڵ مێردەکەی سەدومی جێهێشت دڵی هەر لای ئەو شتانەبوو کە جێی‌هیشتبوو لەڕێ سەیری دواوەی‌کرد بۆیە دەستبەجێ بوو بەپەیکەرێکی خوێ‌و لەشوێنی خۆی ڕەق بوو.

لەمندالآن بهێنن با بێن بۆ لام، ڕێیان لێ‌مەگرن، چونکە پادشاهێتی خودا بۆ ئەوانەیە کە وەکو ئەمانن. [17] ڕاستیتان پێ‌دەڵێم: ئەوەی وەك منداڵێك پادشاهێتی خودا وەرنەگرێ ناچێتە ناوی.)

دەوڵەمەندیو ژیانی هەتاهەتایی

[18] دوای ئەمە، کابرایەکی دەسەلآتدار، پرسیاری لێ‌کردو ووتی: (ئەی مامۆستای باش، چیبکەم هەتا ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنم؟) [19] عیسا وەلآمیدایەوە: (بۆچی بانگم دەکەیت باش؟ کەس باش نییە تەنها خودا نەبێ. [20] تۆ ڕاسپاردەکان دەزانیت: داوێن پیسی مەکە، خەڵکی مەکوژە، دزی مەکە، شایەتی درۆ مەدە، ڕێزی دایك‌و باوکت بگرە.) [21] ئینجا کابرا ووتی: (ئەمانە هەمووی لەمندالّیەوە زانیومەو لەسەری ڕۆیشتووم.) [22] کاتێ عیسا گوێی لەمە بوو، بەکابرای ووت: (کەواتە تەنها شتێکت ماوە، چیت هەیە بیفرۆشەو بەشی‌کە بەسەر هەژاران، تاکو لەئاسمان گەنجینەی خۆت دانیێت، ئینجا وەرە دوامکەوە.) [23] بەلآم کاتێ کابرا ئەمەی بیست، خەفەتێکی زۆری خوارد لەبەرئەوەی زۆر دەوڵەمەند بوو. [24] کاتێ عیسا ئەمەی لەکابرا بینی، ووتی: (ئای چەند گرانە، چوونە ژوورەوەی دەوڵەمەندەکان بۆ ناو پادشاهێتی خودا. [25] چوونە ژوورەوەی حوشترێ لەکونی دەرزیەوە، ئاسانترە لەچوونە ژوورەوەی دەوڵەمەندێ بۆ پادشاهێتی خودا.) [26] ئەوانەی لەوێ بوونو گوێیان لەمە بوو، ووتیان: (کەواتە کێ ڕزگاری دەبێت؟ [27] عیساش ووتی: (ئەوەی لای خەڵکی نابێت، لای خودا دەبێت.) [28] ئینجا پەترۆس ووتی: (ئەوەتا ئێمە هەموو شتێکمان بەجێهێشتووەو دوات‌کەوتووین.) [29] ئەویش پێی ووتن: (ڕاستیتان پێ دەڵێم: کەس نییە ماڵ یاخود ژن، یاخود براو باوکو دایکی یان منداڵی لەپێناوی پادشاهێتی خودا بەجێهێشتبێو [30] دوو ئەوەندەی ئەوەی بەجێهێشتووە هەر لەم جیهانەدا وەرنەگرێتەوەو لە جیهانی داهاتووش ژیانی هەتاهەتایی.)

باسی مردنو هەستانەوەی عیسا

31عیسا دوای ئەمە، هەر دوانزە
قوتابیەکەی بانگکردو پێی ووتن:
(ئەوا ئێمە بەرەو قودس دەڕۆین،
هەرچی پێغەمبەران لەبارەی ڕۆڵەی
مرۆڤەوە نووسیویانە، هەموی
دێتەدی. 32ئەو دەدرێتە دەستی
ناجوولەکەکانو گاڵتەی پێدەکرێو
جوێنی پێدەدرێو تفیشی
لێدەکەن. 33دوای ئەوەی بەقامچی
لێی دەدەن، دەیکوژن. ئینجا
لەڕۆژی سێهەمدا زیندوودەبێتەوە.)
34بەڵام ئەوان هیچ لەمە نەگەیشتن،
چونکە ئەم باسە جارێ لایان شاراوە
بوو.

عیسا کوێرێك چاك دەکاتەوە

35کاتێ عیسا گەیشتە
دەوروپشتی ئەریحا، کابرایەکی
کوێری بینی لەسەر ڕێگا دانیشتبوو،
سوالّی دەکرد. 36کابراکە کە گوێی
لەڕۆیشتنی خەڵکەکە بوو، پرسیاری
کرد، ئەمە چیە؟ 37پێیان ووت:
(عیسای ناسیری لێرەوە
تێدەپەڕێ.) 38ئینجا کابرا خێرا
هاواریکردو ووتی: (ئەی عیسای
ڕۆڵەی داود، بەزەییت پێمدابێتەوە.)
39ئەوانەی لەپێشەوەبوون
سەرزەنشتیانکردو داوایان لێکرد
بێدەنگ بێت، بەڵام ئەو زیاتر
هاواری دەکردو دەیقیراند: (ئەی
ڕۆڵەی داود، بەزەییت پێمدابێتەوە.)
40عیسا ڕاوەستاو فەرمانیدا بیهێنن بۆ
لای. کاتێ نزیك بووەوە، لێیپرسی:
41(چیت لەمن دەوێ بۆتی بکەم؟)
کابرا ووتی: (گەورەم ڕوونا کی
بگەڕێنەوە بۆ چاوم.) 42ئینجا عیسا
پێی ووت: (چاوت بکەوە، باوەڕت
چاکی کردیتەوە.) 43دەستبەجێ
کابرا چاوی کردەوەو ڕوونا کی
تێکەوت، دوای ئەمە کابرا بەستایش
کردنی خوداوە دوای کەوت.
خەڵکەکەش کە ئەمەیان بینی،
دەستیانکرد بەستایشکردنی خودا.

عیسا دەبێتە میوانی زەکا

19 ئینجا عیسا چوو بۆ ئەریحاو بەناو
شارەکە تێدەپەڕی. 2لەوێ کابرایەك
هەبوو ناوی زەکا بوو. گەورەی
باجگرەکان بوو، کابرایەکی
پارەداریش بوو. 3دەیویست عیسا
ببینێتو بزانێ چۆنە، بەڵام نەیتوانی
چونکە بالاّی کورت بوو. 4

بەڕاکردن ڕۆیشتو بەدارێکی ئەو ناوەدا هەڵگەڕا بەهیوای ئەوەی لەناو خەڵکەکەدا عیسا ببینێت، کاتێ بەوێدا دەڕوات.

[5]کە عیسا گەیشتە ئەو شوێنە، چاوی هەڵبڕیو زەکای بینی، پێی ووت: (زەکا، خێرا وەرە خوارەوە، چونکە من ئەمڕۆ میوانی تۆم.) [6] زەکاش بەخێرایی هاتە خوارەوەو بەخۆشیەوە پێشوازی لێکرد. [7] کاتێ خەڵکەکە ئەمەیانبینی، دەستیانکرد بە بۆڵەبۆڵکردنو ووتیان: (ئەوەتا دەچێتە مااڵی کەسێکی گوناهبار.) [8]زەکا لەبەردەمی عیسادا ڕاوەستاو پێی ووت: (گەورەم من دەمەوێ نیوەی سامانم دابەشکەم بەسەر هەژارانو ئەوەی زۆرم لێسەندوەو شتێکم لێیداگیرکردووە بەچوار قات بۆی دەگەڕێنمەوە.) [9]ئینجا عیسا پێی ووت: (ئەوا ئەمڕۆ ئەم ماڵە خێزانە ڕزگاریان بوو، لەبەرئەوەی ئەم پیاوەش لەنەوەی ئیبراهیمە. [10]چونکە ڕۆڵەی مرۆڤ، هاتووە بۆ دۆزینەوەی وونبووەکانو ڕزگارکردنیان.)

نموونەی بەشە زیو

[11]کاتێ خەڵکەکە گوێیان گرتبوو، باسی نموونەیەکی بۆ کردن چونکە خەریك بوو لەشاری قودس نزیك دەبووەوە، زۆریش باوەڕیان بەوەبوو کە پادشاهێتی خودا خەریکە وا دەردەکەوێ. [12]عیسا ووتی: (گەورە پیاوێك ڕۆیشت بۆ شارێکی دوور، بۆ وەرگرتنی حوکمڕانی ئینجا بگەڕێتەوە. [13]پێش ئەوەی بڕوات دە ئیشکەری خۆی بانگکردو بەهەر یەکێکیان دە بەشە زیوی دانێو ووتی: (بازرگانی بەم دراوانەوە بکەن تا دەگەڕێمەوە. [14]دانیشتوانی ئەو ناوچەیە کابرایان خۆش نەدەویست، دوابەدوای ئەو خەڵکیان نارد تاکو لەوێ بڵێن: ئێمە نامانەوێ ئەم کابرایە فەرمانڕەوایمان بەسەردا بکات. [15]بەاڵم ئەو فەرمانڕەوایی ناوچەکەی وەرگرت. کاتێ گەڕایەوە، فەرمانیدا ئەو دە کەسەی پارەکەی دابوونێ بێنە الی، تابزانێ هەر یەکە لەو پارەیەی کە الیەتی چەندی قازانج کردووە. [16]یەکەمیان هاتە پێشەوەو ووتی: گەورەم دە بەشە زیوەکەت دە بەشی تری قازانج کردووە. [17]ئەویش پێی ووت:

ئافەرین ئەی ئیشکەری چاك، لەبەرئەوەی لەم پارە کەمە دەست پاك بوویت، بڕۆ فەرمانڕەوابە بەسەر دە شاری ناوچەکەم. [18]دووەمیان هاتە پێشەوەو ووتی: گەورەم دە بەشە زیوەکەت پێنج بەشی‌تری قازانج کردووە. [19]بەمەشیانی ووت: بڕۆ ببە بە فەرمانڕەوا بەسەر پێنج شاردا.

[20]ئینجا یەکێکی‌تریان هاتە پێشەوەو ووتی: گەورەم ئا ئەوەتا دە بەشە زیوەکەت بەپێچراوەیی لەم دەستەسڕەدا پارێزگاریم کردووە، [21] لەڕاستیدا لێت دەترسم چونکە تۆ مرۆڤێکی تونددوتیژی، دەیبەیت لەوەی دات‌نەناوەو دروێنە دەکەیت لەوەی نەت‌چاندووە. [22]ئەویش پێی ووت: ئەی ئیشکەری بەدکار هەر بەقسەکانت تاوانبارت دەکەم، تۆ کە زانیت من کابرایەکی تونددوتیژم، ئەوەی دام نەناوە دەیبەمو ئەوەی نەمچاندووە دروێنەی دەکەم. [23] بۆچی نەچوویت پارەکەم ببەیتە لای پارە گۆڕەوەکان، تاکو لەکاتی گەڕانەوەم خۆی‌و قازانجەکەشیم وەربگرتایە. [24]ئینجا بەوانەی ووت کە لەوێدا ڕاوەستاون. هەر دە بەشە زیوەکەی لێبسەننەوەو بیدەن بەوەی دە بەشەکەی قازانج‌کردووە. [25] ئەوانیش پێیان ووت: گەورەم ئەو دە بەشە زیوی تریشی پێیە، [26]ئەویش ووتی: من پێتان دەڵێم ئەوەی هەیەتی زیاتری پێدەدرێ، ئەوەش کە نییەتی، ئەوەی لاییەتی لێی‌دەسەنرێتەوە. [27]دوژمنەکانیشم، ئەوانەی نەیان دەویست بەسەریان فەرمانڕەوایی بکەم، بیانهێنن بۆ ئێرەو لەبەردەمم بیانکوژن.)

عیسا بۆ قودس دەڕوات

[28]دوای ئەوەی عیسا ئەم قسانەی تەواوکرد، کەوتە ڕێ بەرەو قودس. [29]کاتێ لەدێی بەیت‌فاجی‌و لەدێی بەیتعەنیا نزیك بووەوە، لای ئەو شاخە بەناوبانگەی شاخی زەیتونی پێدەوترێ، دووان لەقوتابیەکانی ناردو [30]پێی ووتن: (بڕۆن بۆ ئەو دێیەی بەرامبەر، کاتێ دەچنە ناو دێکە دەبینن جاشکێك بەستراوەتەوە، ئەو جاشکە تا ئێستا هیچ کەسێك سواری نەبووە، گوریسەکەی بکەنەوەو بیهێنن بۆ ئێرە. [31]گەر یەکێ پرسیاری لێکردن، بۆچی گوریسەکەی دەکەنەوە؟ پێی بڵێن،

گەورەمان پێویستی پێی هەیە.) [32]دوو قوتابیەکە ڕۆیشتن، عیسا چی پێ ووتبوون بینیان. [33]کاتێ گوریسی جاشکەکەیان دەکردەوە، خاوەنەکەی لێیانی پرسی: (بۆچی گوریسی ئەو جاشکە دەکەنەوە؟) [34]ووتیان: (گەورەمان پێویستی پێیەتی.) [35]ئینجا هێنایان بۆ عیساو کراسەکانیان خستە سەر پشتی‌و عیسایان سوارکرد. [36] لەوکاتەدا کە عیسا بەڕێوەبوو، خەڵکەکە کراسیان دادەکەند، لەسەر ئەو ڕێگایەی کە پیایدا دەڕۆیشت ڕایان دەخست. [37]کاتێ لەلێژایی شاخی زەیتون نزیك بووەوە، قوتابیەکانی هەموو زۆر بەشادیەوە بەدەنگی بەرز ستایشی خودایان دەکرد بۆ ئەو هەموو کارە سەرسوڕهێنەرانەی کە لەعیسایان بینی بوو، [38]دەیان ووت: (پیرۆزە ئەو پادشایەی بەناوی خوداوەندەوە دێت، ئاشتی لەئاسمانو شکۆ لەبەرزایی.) [39]بەڵام فەریسیەکانو هەندێ لەخەڵکەکە، بەعیسایان ووت: (مامۆستا قوتابیەکانت بێدەنگ بکە.) [40]ئەویش ووتی: (بە پێتان بڵێم: ئەگەر ئەوانیش بێدەنگ بن، بەردەکان دێنە هاوارکردن.)

عیسا بەزەیی بە قودس دێتەوە

[41]کاتێ عیسا لەشاری قودس نزیك بووەوەو بینی، بۆی گریاو [42] ووتی: (خۆزگە بتزانییایە تەنانەت ئەمڕۆش، چییە ئاشتیت بۆ دەهێنێت. بەڵام نەخێر، ئەمە شاراوەیە لەبەرچاوت. [43]ڕۆژێ دێت، دوژمنەکانت بەچەکۆ تفاقەوە، لەهەموو لایەکەوە ئابلۆقەت دەدەنو چاوتێدەبڕن. [44]دەتڕوخێنن بەسەر دانیشتوانتو بەردت بەسەر بەردتەوە ناهێڵن، چونکە نەتزانی خودا کەی بەسەرت دەکاتەوە.)

عیسا پەرستگا پاك دەکاتەوە

[45]کاتێ عیسا چووە پەرستگا، دەستی کرد بەدەرکردنی ئەو کەسانەی تیایدا خەریکی کڕینو فرۆشتن بوون. [46]پێی ووتن: (خودا لەکتێبی پیرۆزدا فەرموویەتی: {ماڵم، ماڵی نوێژکردنە }کەچی ئێوە کردووتانە بە {ئەشکەوتی دزان.}) [47]دوای ئەمە عیسا هەموو ڕۆژێ لەپەرستگادا، خەریکی فێرکردن بوو، هەرچەندە سەرۆك کاهینەکانو مامۆستایانی شەریعەتو گەورە پیاوانی گەل دەیانویست بیکوژن. [48]

بەڵام نەیانتوانی، چونکە خەڵکێکی زۆر لەدەوروپشتی بوون بۆ گوێگرتن.

پرسیاری بێ وەڵام

20 ڕۆژێکیان عیسا لەپەرستگادا خەڵکی فێردەکردو مزگێنی دەدانێ، سەرۆك کاهینەکانو مامۆستایانی شەریعەتو پیرانی گەل هاتنە لای، [2]ووتیان: (پێمان بڵێ، بەچ دەسەڵاتێك ئەم کارانە دەکەیت؟ یان کێیە ئەم دەسەڵاتەی داوەپێت؟)

[3]عیسا وەڵامی دانەوەو ووتی: (منیش پرسیارێکم هەیە لێتان، وەڵامی بدەنەوە، [4]خەڵك لەئاوهەڵکێشانی یەحیا، لەئاسمانەوە بوو یان لەخەڵکەوە؟) [5]ئینجا ئەوان لەنێوان خۆیاندا کەوتنە ڕاوێژو ووتیان: (ئەگەر بڵێین لەئاسمانەوە بوو، دەڵێت باشە بۆ باوەڕتان پێنەکرد؟ [6]ئەگەر بڵێین لەخەڵکەوە بوو، ئەوسا خەڵکەکە دەکەونە بەردبارانمان، چونکە یەحیا بەپێغەمبەر دادەنێن.) [7]وەڵامیاندایەوە: (نازانین لەکوێوەیە.) [8]عیساش پێی ووتن: (کەواتە منیش پێتان ناڵێم بەچ دەسەڵاتێك ئەمانە دەکەم.)

نموونەی ڕەزەوانەکان

[9]دیسان کەوتەوە قسەکردن بۆ خەڵکەکەو ئەم نموونەیەی بۆ گێڕانەوە، ووتی: (کابرایەك ڕەزێکی تڕێی چاندو دایە دەست چەند ڕەزەوانێك، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ئەوێی بەجێ هێشت. [10]لەوەرزی بەروبووم کۆکردنەوەدا، ئیشکەرێکی خۆی نارد بۆ لای ڕەزەوانەکان، تاکو بەروبوومی ڕەزەکەی بۆ بهێنێ. بەڵام ڕەزەوانەکان لێیاندا بەدەستی بەتاڵ ناردیانەوە. [11]کابرا ئیشکەرێکی کەی نارد. بەڵام لەویشیاندا بەدەستی بەتاڵ ناردیانەوە. [12]دیسان کابرا ئیشکەرێکی تری نارد، کەچی ئەمیشیان برینداریان کردو فڕێیاندایە دەرەوەی ڕەزەکە.

[13](کابرای خاوەن ڕەز ووتی: باشە من چی بکەم؟ لەدوایدا ووتی: کوڕەکەم دەنێرم، لەوانەیە سڵی لێبکەنەوەو لێی بترسن. [14]هەرکە ڕەزەوانەکان کوڕەکەیان بینی، خێرا لەنێوان خۆیان کەوتنە ڕاوێژکردنو ووتیان: ئەوەتا ئەوەی ڕەزەکەی بۆ

دەمێنێتەوە بەمیرات، باهەستین بیکوژین، تاکو بکەوێتە دەستی خۆمان. [15]ئینجا هەستانوکورِەیان بردە دەرەوەی ڕەزەکەو کوشتیان. ئایا کابرای خاوەن ڕەز دەبێ چیان لێبکات؟ [16]دێتو هەمووپان دەکوژێتو ڕەزەکە دەدا بەڕەزەوانانی تر.)

کاتێ گوێیان لەمەبوو هەندێکیان ووتیان: (خودا نەکات!)

[17]ئەویش سەیری کردنو ووتی: (کەواتە ئەوەی لەکتێبی پیرۆزدا نووسراون مانای چییە؟ {ئەو بەردەی وەستاکان ڕەتیانکردەوە، بوو بەبەردی بناغە.} [18]ئەوەی بکەوێتە سەر ئەو بەردە شکست دەبێت، ئەوەش کەبەردەکەی بەسەردا دەکەوێت بەتەواوی پانی دەکاتەوە.)

[19]سەرۆك کاهینەکانو مامۆستایانی شەریعەت، دەیانویست لەوکاتەدا عیسا بگرن، چونکە زانیان مەبەستی ئەوانە لەو نموونەیە، بەلاّم لە گەل دەترسان.

سەرانەدان بەقەیسەر

[20]ئینجا عیسایان خستە ژێر چاودێریەوە، سیخوڕیان بلاّ وکردەوە لەدەوروبەری، خۆیان بە پیاوچاك دەردەخست، تا بەووشەیەك بیگرنو بیدەنە دەستی فەرمانڕەوایانەوە. [21]دەستیانکرد بەپرسیارکردن لێی بەم شێوەیە: (مامۆستا ئێمە دەزانین تۆ لەسەر ڕاستی دەڕۆیتو ڕاستیش فێری خەلّکی دەکەیت، گوێ نادەیتە هیچ کەسێ، هەولّدانت تەنها بۆ فێرکردنی ڕاستی ڕێگای خودایە. [22]جا لێت دەپرسین، ئایا دروستە ئێمە سەرانە بەقەیسەر بدەین یان نا؟) [23]عیسا بەفێلّەکەیانی زانیو ووتی: [24](دینارێکم بدەنێ، ئا ئەم نووسینەو ئەم وێنەیەی لەسەریکراوە، هی کێیە؟) ووتیان: (وێنەی قەیسەر.) [25]ئەویش پێی ووتن: (دەکەواتە ئەوەی هی قەیسەرە بیدەن بەقەیسەر، ئەوەش هی خودایە بیدەن بەخودا.) [26]لێرەدا نەیانتوانی بەهیچ شێوەیەك، تاوانباریکەن لەبەردەم گەل، ئیتر سەرسام بوون لەوەلاّمدانەوەکەیو بێدەنگ بوون.

زیندووبوونەوە

[27]هەندێ لەسەدوقیەکان، ئەوانەی باوەڕ بەزیندووبوونەوە

ناکەن، لەعیسا هاتنە پێشەوەو پرسییان: [28](ئەی مامۆستا، موسا بۆی نووسیوین، ئەگەر یەکێ برایەکی خێزانداری مردو منداڵی نەبوو، لەسەری پێویستە براژنەکەی بهێنێتو بەناوی براکەیەوە وەچە بخاتەوە. [29] جا حەوت برا هەبوون، یەکەمیان ژنی هێناو مرد بێ‌ئەوەی منداڵ بەجێبهێڵێت. [30]دوایی برای دووەم ژنەکەی هێناو ئەویش مرد. [31] ئینجا برای سێهەم هەتا گەیشت بەبرای حەوتەم ئیتر هەموو مردن بێ‌ئەوەی نەوە بخەنەوە. [32]لەدوایدا ژنەکەش مرد. [33]ئایا لەڕۆژی زیندووبوونەوەدا، ئافرەتەکە دەبێ بەژنی کامیان؟ چونکە ژنی هەر حەوتیان بووە.) [34]عیسا وەڵامی دانەوەو ووتی: (مرۆڤی ئەم سەردەمەی ئێستا، ژن دەهێنن‌و شوودەکەن. [35]بەڵام ئەوانەی لەڕیزی بەشدارانی سەردەمی داهاتوودان دوای زیندووبوونەوە، ژن ناهێنن‌و شووناکەن. [36]ئیتر ئەوان نامرن، چونکە وەك فریشتەن، ئەوان ڕۆڵەی خودان، ڕۆڵەی زیندووبوونەوەن. [37] بەڵام دەربارەی زیندووبوونەوەی مردووان، تەنانەت موساش پێشانی داوە لەدەوەنەکە، کاتێ خوداوەندی بانگ‌کرد بە {خودای ئیبراهیم‌و خودای ئیسحاق‌و خودای یاقوب.} [38]ئەو خودای مردووان نییە، بەڵکو خودای زیندووانە، لای ئەو هەموو زیندووەبوونەوە.) [39]هەندێ لەمامۆستایانی شەریعەت ووتیان: (مامۆستا، بەڕاستی باشت ووت.) [40]ئیتر دوای ئەمە کەسیان نەیانوێرا هیچی تری لێبپرسن.

عیسا و داود

[41]ئینجا عیسا پرسی‌و ووتی: (باشە چۆن ئێوە دەڵێن: مەسیح ڕۆڵەی داودە، [42]کاتێ داود خۆی لەزەبوورا دەڵێ: {خوداوەند بەخوداوەندمی فەرموو: لەلای دەستی ڕاستمەوە دانیشە [43]تا دوژمنانت بخەمە ژێر پێتەوە.} [44] ئەوەتا داود بەخوداوەندی خۆی دای‌دەنێت، ئیتر چۆن دەبێتە کوڕی؟)

ئاگادارکردنەوە

[45]لەوکاتەدا کە خەڵکەکە هەموو گوێیان گرتبوو، بەقوتابیەکانی ووت:

[46](ئاگـاداری مامۆستایانی شەریعەت بـن، ئەوانـەی بەجـلی جوانـی بریسکەدارەوە دەگەڕێنو حەزدەکەن لەگۆڕەپانـەکانی شـار سـلاوییان لـێبکرێـت و لەکەنیشـتەکاندا ڕیزی پێشـەوە دەگـرن، هـەروەها ڕیـزی یەکەمـیش لـەکاتی بـانگکـردن بۆ نـانخواردن. [47]مالّی بێوەژن دەخۆنو بـۆ خۆدەرخستن دریژە بەنوێژەکانیان دەدەن. جـا ئەوانـە تونـدتـرین سـزا دەدرێن.)

بەخشین لە پێویستی خۆت

21

لەکاتـێکدا عیسـا دەڕوانـیە ئـەو پارەدارانـەی پارەیـان دەبەخشـی بـۆ سـەندوقی پەرسـتگا. [2]بێوەژنـیکی هـەژاری بینی دوو پوول دادەنێت. [3] ئینجا ووتی: (ڕاستیتان پێ دەڵێم، ئەم بـێوەژنە، لەهـەموو ئەوانـەی تر زیاتر پـارەی دانـا. [4]چـونکە ئەوانـەی تـر لـەوەی لـەخۆیان زیـادە بەخشـیان، بـەڵام ئـەم بـێوەژنە، ئـەو پارەیـەی بەخشـی کە پێویستی پێیەتی بۆ ژیانی خۆی.)

باسی وێرانبوونی پەرستگا

[5]عیسـا دوای ئەمـە گوێـی لەهەندێکیان بوو باسی پەرستگاکەیان دەکرد کە چۆن بەبەردی جوانو ئەو دیاریانـەی پێشکەشـی کـراون ڕازێـندراوەتەوە، ووتـی: [6](ئەمـەی ئێستا دەیبینن، ڕۆژێ دێت بەردی بەسـەر بەردیـەوە نامێنێـتو دەڕوخێت.)

نیشانەکانی کۆتایی زەمانە

[7]ئینجا لێـیان پرسـی: (مامۆسـتا کـەی ئەمە دەبێت؟ ئەو نیشانانە چییە کە دەردەکەوێت، کاتێ ئەم ڕووداوە نـزیك دەبێـتەوە؟) [8]عیسـا ووتـی: (ئاگـاداربن هەڵنەخەڵەتـێن زۆر هەن بـەناوی مـنەوە دێـنو دەڵـێن: (مـن ئـەوم)و (کاتەکـە نـزیك بووەتەوە)، نەکـەن دوایـان بکەون. [9]کاتێ باسی شـەڕو شـۆڕو تێکچـوون دەبیسـتن، مەترسـن، چـونکە ئەو شتانە پێویستە یەکـەمجار ڕووبـدات، بـەڵام کۆتـایی ڕاسـتەوخۆ دوای ئەمـە نایـەت.) [10] هـەروەها پـێیووتن: (وولاّت بەسەر وولاّت ڕاسـت دەبێـتەوە، پادشاهێتی بەسـەر پادشاهێتیدا ڕاست دەبێتەوە. [11]لـەزۆر شوێن بوومەلەرزە دەبێت،

برسێتی‌و نەخۆشی بلاودەبنەوە، لەئاسمانەوە نیشانەی ترسناك‌و مەزن ڕوودەدات. 12بەڵام پێش ئەمانە هەموو خەڵكی دەستتان بۆ دڕێژدەكەن‌و دەتانچەوسێننەوە، دەتانبەن بۆ كەنیشتەكان‌و بۆ بەندیخانە، دەتانبەنە بەردەم پادشایان‌و فەرمانڕەوایان، لەپێناوی ناوی من. 13بەڵام ئەمە هەلێك دەبێت بۆتان بۆ شایەتی‌دان. 14پێویست ناكات پێش ئەوە خۆتان ئامادەكەن بۆ شێوەی بەرگری لەخۆتان، 15چونكە من ووتەو داناییەكتان دەدەمێ كە هەموو ئەوانەی بەربەرەكانیتان دەكەن، نەتوانن وەڵامتانبدەنەوەو بەرهەڵستیتان بكەن. 16تەنانەت باوك‌و دایكیشتان یان براو خزمو هاوڕێتان، دەتاندەن بەدەستەوە، هەندێكیشتان لێدەكوژن. 17 لەپێناوی ناوی من خەڵكی ڕقتان لێهەڵدەگرن، 18بەڵام مووێك لەسەرتان نافەوتێ. 19بەدان بەخۆداگرتن خۆتان دەبەنەوە.

هاتنەوەی عیسای مەسیح

20كاتێ دەبینن سوپا دەوری قودسی داوە، بزانن كە ڕووخاندنی نزیك بووەتەوە. 21ئەوسا ڕاكەن ئەوانەی لەناوچەی یەهودیادان بەرەو چیاكان، ناو شار بەجێبهێڵن، ئەوانەی لەلادێكانیشەوە ڕادەكەن نەچنە ناو شار، 22چونكە ئەو ڕۆژانە ڕۆژی تۆڵەسەندنەوەیە، ئەوەی لەكتێبی پیرۆزدا نووسراوە دەبێت هەمووی بێتەدی، 23قوڕ بەسەر سك پڕان‌و شیردەران لەوڕۆژەدا، چونكە ناخۆشیەكی گەورە بەسەر زەویدا دێ‌و تووڕەبوونێكی بەهێز دادەبەزێ بەسەر خەڵكیدا. 24بەزەبری شمشێر دەست بەسەر دەكرێن‌و بەدیلی دەبرێن بۆ هەموو میللەتان، بێگانەكان قودس پێشێل دەكەن، تا سەردەمیان تەواو دەبێ.

25لەم كاتەدا لەخۆرو مانگ‌و ئەستێرەكان نیشانە دەردەكەون. گەلە سەرلێشێواوەكان دەكەونە تەنگانەیەكی زۆرەوە، چونكە شەپۆلو كەف‌و كوڵی دەریاكان جۆش دەخۆن‌و هەڵدەستن. 26خەڵكی لەترسان بێهۆش دەبن لەبەرئەوەی نازانن چی بەسەر جیهان دێت. چونكە هێزەكانی ئاسمان دەكەونە جوولە. 27 لەوكاتەدا دەبینرێ چۆن ڕۆڵەی مرۆڤ، بەشكۆو هێزەوە لەناو هەوردا

دەردەکەوێت و دێت. [28]کاتێ ڕووداني ئەم شتانە دەستی پێکرد، هەستنو سەربەرزبکەنەوە، چونکە ڕزگاریتان نزیك دەبێتەوە.) [29]ئینجا نموونەیەکی بۆ هێنانەوە، ووتی: (سەیری دار هەنجیرو دارەکانی تر بکەن، [30]کاتێ دەبینن ئەوا گەلاّ دەکات، دەزانن هاوین نزیك بووەتەوە. [31]ئێوەش هەر بەم شێوەیە، کە بینیتان ئەم شتانە ڕووەدات بزانن پادشاهێتی خودا نزیك بووەتەوە. [32] ڕاستیتان پێ دەلّێم، ئەم نەوەیە لەناوناچێ، هەتا ئەمانە هەمووی ڕوونەدات. [33]ئاسمان و زەوی لەناودەچن، بەلاّم ووشەکانم لەناوناچن.)

بەخەبەربن و ووریابن

[34](ئاگاداری خۆتان بن، دلّتان مێشکتان خەریك مەکەن بەڕابواردن و سەرخۆشی و خەمو خەفەتی ژیانەوە، ئەو ڕۆژە لەناکاو وەك تەلّە خۆی دەدا بەسەرتان. [35] چونکە هەموو دانیشتوانی سەر زەوی دەگرێتەوە. [36]ئێشك بگرن و نوێژبکەن لەهەموو کاتێکدا، تا بتوانن ڕزگارتان بێت لەهەموو ئەو شتانەی ڕووەدات و لەبەردەم ڕۆلّەی مرۆڤ ڕاوەستن.)

[37]عیسا بەڕۆژ لەپەرستگا خەریکی فێرکردن بوو، بەشەویش دەڕۆیشتە دەرەوە بۆ چیای زەیتون و لەوێ دەمایەوە. [38]خەلّکی بەیانی زوو دەهاتن بۆ پەرستگا، بۆ ئەوەی گوێی بۆ ڕاگرن.

ناپاکی یەهوزا

22

جەژنی فەتیرە کە پێی دەوترا جەژنی تێپەڕبوون* نزیکبووەوە. [2]سەرۆك کاهینەکان و مامۆستایانی شەریعەت بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕان بۆ کوشتنی عیسا، چونکە لە ﴿ئاژاوەی﴾ گەل دەترسان.

[3]شەیتان چووە یەهوزاوە، کە بە ئەسخەریوتی بەناوبانگ بوو، یەکێك بوو لەدوانزە قوتابیەکە. [4]ڕۆیشت و قسەی لەگەلّ سەرۆك کاهینەکان و پاسەوانانی پەرستگا کرد، چۆن عیسا بدا بەدەستیانەوە. [5]ئەوانیش ئەمەیان زۆر بەدلّ بوو، بڕیاریشیاندا هەندێ پارەی بدەنێ. [6]ئەویش بەمە ڕازی بوو، چاوەڕێی هەلّێکی دەکرد تا عیسا بداتە دەستیان، بێ ئەوەی

خەڵك پێی بزانن.

جەژنی تێپەڕبوون

[7]ڕۆژی فەتیرە هات ئەوەی پێویستە قوربانی تێدا سەربڕێ بۆ نانی ئێوارەی جەژنی تێپەڕبوون. [8] عیسا پەترۆس و یۆحەننای ناردو پێی ووتن: (بڕۆن نانی جەژنی تێپەڕبوونمان بۆ ئامادەکەن، تا بەیەکەوە بیخۆین.) [9]لێیان پرسی: (دەتەوێ لەکوێ ئامادەی کەین؟) [10] پێی ووتن: (کاتێ چوونە ناو شار، یەکێك دەبینن بەگۆزەیەك ئاوەوە، دوای کەون بۆ ئەو ماڵەی بۆی دەڕوات. [11]ئینجا بەخاوەن ماڵەکە بڵێن: مامۆستامان پێت دەڵێت: کوا ئەو ژوورەی لەگەڵ قوتابیەکانم نانی جەژنی تێپەڕبوونی تێدا دەخۆم؟ [12] ئەوسا ئەویش ژوورێکتان لەنهۆمی دووەمی خانووەکە پیشان دەدات، گەورەو ڕاخراو، ئا لەوێدا ئامادەی کەن.) [13]ئەوانیش ڕۆیشتن و شوێنەکەیان دۆزیەوە، هەروەك عیسا پێی ووتبوون، ئیتر هەر لەوێ نانی جەژنی تێپەڕبوونیان ئامادەکرد.

نا نخواردنی خوداوەند

[14]کەکاتی نانخواردن هات، عیسا لەسەر خوان لەگەڵ نێررراوان دانیشت. [15]ئینجا عیسا پێی ووتن: (زۆر ئارەزووی ئەوەم دەکرد نانی جەژنتان لەگەڵ بخۆم، پێش ئەوەی بکەومە ئازارەوە. [16]پێتان دەڵێم: ئیتر نانی جەژن ناخۆم تاکو لەپادشاهێتی خودا بەتەواویی دێتەدی.) [17]جامێ شەرابی هەڵگرت، سوپاسی خودای کردو ووتی: (بگرن، بەشی کەن لەنێوانتان. [18]پێتان دەڵێم: ئیتر لەبەری تری ناخۆمەوە تا پادشاهێتی خودا دێت.) [19]دوای ئەمە نانێکی هەڵگرتو سوپاسی خودای کرد، نانەکەی لەت کردو دای پێیانو ووتی: (ئەمە لەشمە، ئەوەی لەپێناوتان بەخت دەکرێ، ئەمە بکەن بۆ یادکردنەوەم.) [20]ئینجا دوای نانخواردنەکە، جامی هەڵبڕی و ووتی: (ئەم جامە بریتیە لەپەیمانی نوێ کە بەخوێنی من دروست دەبێت، ئەو خوێنەی لەپێناوتان دەڕژێ. [21]بەڵام ئەوەی دەمدات بەدەستەوە ئێستا لەسەر ئەم خوانە لەگەڵمدایە. [22]ڕۆڵەی مرۆڤ پێویستە بەو شێوەیە بڕوات کە بۆی دانراوە، بەڵام قوڕ بەسەر ئەو کەسەی دەیدا

بەدەستەوە.) [23]قوتابیەکانی لەناوخۆیان کەوتنە پرسیارکردن، کێ بێ ئەمە بکات.

گەڕان بەدوای پایەو پلە

[24]ئینجا دوای ئەمە بوو بەشەڕە قسەیان لەسەرئەوەی کامیان مەزنترە لەناویان. [25]عیسا پێی ووتن: (پادشاکان فەرمانڕەوایی میللەتان دەکەن، دەسەڵاتدارەکانیشی دەیانەوێ خەڵکی بەباشی ناویانببەن. [26]بەڵام ئێوە ئاوا مەبن، باگەورەتان وەك بچووك بێت، پێشڕەوتان وەك خزمەتکارتان بێت. [27]کێ گەورەیە، ئەوەی لەسەر خوان دانیشتووە یان ئەوەی خزمەت دەکات؟ ئایا ئەوە نییە کە لەسەر خوان دانیشتووە؟ بەڵام من لەنێوانتان وەك خزمەتکارێکم.

[28]ئێوە لەڕۆژانی تاقیکردنەوەو ناخۆشیمدا، دانتان بەخۆتانگرت لەگەڵم. [29]منیش پادشایەتیتان دەدەمێ، هەروەك باوکم داویەتیپێم. [30]تاکو لەپادشایەتیەکەم، لەسەر خوانم بخۆنو بخۆنەوەو لەسەر کورسی حوکمڕانی دانیشنو حوکم بدەن بەسەر هەر دوانزە هۆزەکەی ئیسرائیل.

لاوازی باوەڕی پەترۆس

([31]شەمعون، شەمعون، ئەوەتا شەیتان دەیەوێ ڕاتانکێشێ بۆ لای خۆی، تاکو لەبێژنگتان بدات وەك گەنم. [32]بەڵام من نوێژم بۆ کردیت، هەتا باوەڕت بەبا نەڕوات، کاتێ دەگەڕێتەوە، باوەڕی برایانت بەهێزکە.) [33]پەترۆس ووتی: (گەورەم من ئامادەم بۆ بەندیخانەو بۆ مردنیش لەگەڵت بێم.) [34]عیسا ووتی: (پەترۆس من پێت دەڵێم، پێش ئەوەی کەڵەشێری بەیانی بخوێنێ، تۆ سێجار نکۆڵی دەکەیت کە من دەناسی.)

[35]ئینجا پێی ووتن: (کاتێ من ئێوەم نارد بەبێ تووڕەکەی پارە، بەبێ تۆشوو، بەبێ پێلاڤ، ئایا پێویستتان بەهیچ بوو؟) ئەوانیش پێیان ووت: (نەخێر.) [36]پێی ووتن: (بەڵام ئێستا، ئەوەی جزدانی پارەی هەیە، با بیبات لەگەڵ خۆی، هەروەها ئەوەی تووڕەکەی هەیە، با بیبات لەگەڵ خۆی. ئەوەش شمشێری نییە، با جلەکانی بفرۆشێتو بەپارەکەی شمشێرێکی پێبکرێ. [37]من پێتان

دەڵێم: ئەوەی لەبارەی منەوە نووسراوە کە دەڵێ: {لەپرِیزی تاوانباران دایان نا} پێویستە بێتەدی، چونکە ئەوەی لەبارەی منەوە لەکتێبی پیرۆزدا نووسراوە دێتەدی.
[38]ئەوسا پێیان ووت: (گەورەم ئەوەتا دوو شمشێر لێرە هەیە.) ئەویش پێی ووتن (ئەمە بەسە.)

نوێژی عیسا لەکێوی زەیتون

[39]عیسا هەروەك جاران ڕۆیشت بۆ کێوی زەیتون، قوتابیەکانیش دوای کەوتن. [40]کاتێ گەیشتە ئەو شوێنە، بەقوتابیەکانی ووت: (نوێژ بکەن بۆ ئەوەی نەکەونە تاقیکردنەوە.) [41]ئینجا چەند هەنگاوێك لێیان دوورکەوتەوە ماوەی بەرد هاوێشتنێك، چۆکی داداو دەستی کرد بەنوێژکردن. [42] ووتی: (ئەی باوك، گەر دەبێت ئەم جامەم لێدووربخەوە، بەڵام با بەخواستی خۆت بێت نەك بەخواستی من.) [43]لەم کاتەدا، فریشتەیەك لە ئاسمانەوە دەرکەوت تا بەهێزی بکات. [44]کاتێ عیسا لەملانێیەکی ڕۆحی تونددا بوو، بەگەرمی دەستیکرد بەنوێژکردنو ئارەقە لە لەشی وەك دڵۆپەی خوێن دەڕژایە سەر زەوی. [45]دوای ئەمە هەستاو گەڕایەوە بۆ لای قوتابیەکانی، سەیریکرد هەموو خەویان لێکەوتووە لەخەفەتا. [46]ئینجا پێی ووتن: (ئەوە چیبە هەستن نوێژ بکەن، تا نەکەونە تاقیکردنەوە.)

گرتنی عیسا

[47]لەوکاتەدا کە عیسا دەدوا، چەند پیاوێك بەرەو ڕووی هاتن، یەهوزا کە یەکێك بوو لەقوتابیەکانی، پێشیان کەوتبوو، لەعیسا هاتە پێشەوە تاکو ماچیبکات. [48]عیسا پێیووت: (ئەی یەهوزا، بەماچ ڕۆڵەی مرۆڤ دەدەیت بەدەستەوە؟)
[49]کاتێ ئەوانەی دەوروپشتی عیسا، زانیان بەوەی خەریکە شتێك ڕوودەدات، ووتیان: (گەورەم دەست بکەینە شمشێر وەشاندن؟) [50] هەر لەوێدا یەکێکیان شمشێری وەشاندو گوێی ڕاستی ئیشکەری سەرۆك کاهینی بڕی.
[51]عیسا فەرمانیداو ووتی: (دەست هەڵگرن، ڕاوەستن) ئینجا دەستی هێنا بەگوێی کابرادا چاکیکردەوە. [52]ئەو کۆمەڵەی

هاتبوونه سەر عیسا، بریتی بوون لەسەرۆك کاهینەکانو پاسەوانانی پەرستگاو پیران، عیسا پێی ووتن: (خۆ من یاخیبوو نیم، ئاوها بە شمشێرو دارەوە هاتوونەتە سەرم؟ [53] هەموو رۆژێك لەگەڵتان بووم لەپەرستگادا کەچی کەستان دەستتان بۆ نەبردم. بەڵام ئەمە رۆژی ئێوەیە، کاتێ تاریکی دەسەڵاتی هەیە.)

نکۆڵی پەترۆس لەعیسا

[54]ئینجا سەربازە پاسەوانەکان، عیسایان گرتو بردیان بۆ کۆشکی سەرۆك کاهین. پەترۆسیش دوور بەدوور دوایان کەوت. [55]کاتێ لەگۆڕەپانی کۆشکەکەدا، ئاگریانکردەوەو لەدەوروپشتی ئاگرەکە دانیشتن، پەترۆسیش چوو لەگەڵیان دانیشت. [56]یەکێك لەژنە ئیشکەرەکانی ئەوێ کە لەڕووناکیەکەدا دانیشتبوو پەترۆسی بینی، جوان تێیڕوانیو ووتی: (ئەمەش لەگەڵی بوو.) [57]بەڵام پەترۆس نکۆڵی لێکردو ووتی: (خوشکە، من ئەو کابرایە ناناسم.) [58]دوای ماوەیەکی کەم، یەکێکی تریش بینی، ووتی: (تۆش لەوانیت.) بەڵام پەترۆس ووتی: (نەخێر کاکە، لەوان نیم.) [59]ئینجا نزیکەی یەك کاژێری تر، یەکێکی کە ووتی (بەڕاستی ئەمیش لەگەڵی بوو، چونکە ئەمیش خەڵکی شاری جەلیلە.) [60]پەترۆس ووتی: (کاکە، من نازانم تۆ چیدەڵێیت.) هێشتا قسەکەی تەواونەکردبوو، کەڵەشێری بەیانی خوێندی. [61] خوداوەند ئاوڕیدایەوەو سەیرێکی پەترۆسی کرد، ئینجا پەترۆس بیری کەوتەوە کاتێ عیسا پێی ووت: (پێش ئەوەی کەڵەشێری بەیانی بخوێنێ تۆ سێجار نکۆڵیم لێدەکەیت.) [62]ئەوسا پەترۆس چووە دەرەوەو گریانێکی بەکوڵ گریا.

عیسا لەبەردەم ئە نجوومەنی بالآدا

[63]ئەوانەی پاسەوانی عیسایان دەکرد، دەستیانکرد بەلێدانیو گاڵتە پێکردنی. [64]چاویان دەگرتو لێیان دەپرسی: (پێمان بڵێ، کێبوو ئەوەی ئێستا لێیدایت؟) [65]سەرەڕای ئەمەش قسەی خراپی زۆریان پێ ووت. [66]کاتێ ڕۆژ بووەوە، ئەنجوومەنی پیرانی گەل، ئەوەی لەسەرۆك کاهینەکانو مامۆستایانی

شەریعەت پێك هاتبوو، كۆبوونەوەو عیسایان بانگ‌كردە بەردەمیان، پێیان ووت: [67](ئەگەر تۆ مەسیحی پێمان بڵێ.) ئەویش پێی ووتن: (گەر ئەمەتان پێ بڵێم، باوەڕ ناكەن، [68] گەر لێشتان بپرسم وەڵام نادەنەوە. [69]پاش ماوەیەكی كەم، ڕۆڵەی مرۆڤ لەلای ڕاستی خودای بەتواناوە دادەنیشێ.) [70]هەموو ووتیان: (دەتەوێ بڵێیت كە تۆ ڕۆڵەی خودای؟)

عیسا پێی ووتن: (ئێوە دەڵێن، من ئەوم.) [71]ئینجا ووتیان: (ئیتر پێویستی چیمان بەشایەت هەیە؟ ئەوەتا لەدەمی خۆیەوە گوێمان لێبوو.)

عیسا دەبەنە لای پیلاتۆس

23 دوای ئەمە هەموو هەستانو عیسایان بردە لای پیلاتۆس، [2]دەستیان‌كرد بە تاوانباركردنی‌و ووتیان: (بۆ مان دەركەوتووە ئەم پیاوە ڕێ تێك‌دەدات لەگەلەكەمان، هەروەها هانی خەڵكی دەدات سەرانە نەدەن بەقەیسەرو خۆشی بەمەسیحی پادشا دادەنێ.) [3]پیلاتۆس لێی‌پرسی: (تۆ پادشای جوولەكەی؟) عیسا وەڵامی دایەوە: (تۆ ووتت.) [4] ئینجا پیلاتۆس بەسەرۆك كاهینەكانو خەڵكەكەی ووت: (من هیچ گوناهێك لەم پیاوەدا نابینم.) [5]بەڵام ئەوان پێیان داگرتو ووتیان: (ئەم كابرایە گەل دەورۆژێنێ لەهەموو ناوچەی یەهودیادا، هەر لەجەلیلەوە تا ئێرە خەریكی فێركردنو هاندانی خەڵكە.)

[6]كاتێ پیلاتۆس ئەمەی بیست، ووتی: (ئایا ئەم كابرایە خەڵكی جەلیلە؟) [7]كە زانی ئەو سەر بەو ناوچەیە كە هیرۆدس حوكمڕانی تیادەكات، عیسای نارد بۆ لای هیرۆدس، كە لەوكاتەدا لەقودس بوو. [8]كاتێ هیرۆدس عیسای بینی، زۆری پێ خۆش بوو، چونكە دەمێك بوو باسی عیسای بیستبوو، دەیویست خۆی‌و كارێك لەكارە سەرسوورهێنەرەكانی ببینێت. [9] جۆرەها پرسیاری لێكرد، بەڵام ئەو هیچ وەڵامێكی نەدایەوە. [10]سەرۆك كاهینەكانو مامۆستایانی شەریعەت، بەگەرمی تاوانباریان دەكرد. [11] هەروەها هیرۆدسو سەربازەكانیش بەڕقەوە سەیریان‌كردو تێر گاڵتەیان پێكرد، ئینجا پاڵتۆیەكی

بریسکەداری پادشاهانەیان لەبەرکردو ناردیانەوە بۆ لای پیلاتۆس. [12]هەرچەندە هیرۆدس‌و پیلاتۆس دوژمنایەتی کۆنیان لەنێوان بوو، بەڵام لەو ڕۆژەدا بوو بوون بەهاوڕێی یەکتری.

بڕیاری لەخاچدانی عیسا

[13]پیلاتۆس سەرۆك کاهینەکانو پێشەوایانو گەلی بانگ‌کرد، [14]پێی ووتن: (ئێوە ئەم کابرایەتان وەك ڕێ لەگەل تێکدەر هێنا بۆ لام، ئەوەتا منیش دوای ئەوەی لە باسەکەم کۆڵیەوە، هیچ گوناهێك نابینم لەم کابرایەدا، بەوەی ئێوە تاوانباری دەکەن. [15]دیارە هیرۆدسیش هیچ هەڵەیەکی تیا شك نەبردووە، بۆیە ناردویەتیەوە بۆمان. ئەم کابرایە شتێکی وای نەکردووە شایانی مردن بێت. [16]فەرمانی لەقامچی‌دانی دەدەمو ئازادی دەکەم.) ﴿[17]پیلاتۆس دەبووایە هەموو سالێك لەجەژندا لەسەر داواکردنی خەڵکەکە یەکێك لەبەندکراوانی ئازادبکردایە.﴾ [18]بەڵام خەڵکەکە هاواریان‌کرد، ئەمە بکوژەو بارابا‌سمان بۆ ئازادبکە. [19]ئەم کابرایەش بەندکرابوو بەهۆی ئاژاوەنانەوەو کوشتنەوە. [20]پیلاتۆس دیسان بۆ دووەم جار، ئارەزووی خۆی دەربڕی، بۆ ئازادکردنی عیسا. [21]هەمووهاواریان کرد: (لەخاچی‌بدە، لەخاچی‌بدە.) [22]ئینجا بۆ جاری سێهەم، لێی‌پرسین: (چ خراپەیەکی کردووە، من هیچ گوناهێکی تیادا نابینم کە شایانی مردن بێت، ئێستا فەرمانی لەقامچی‌دانی بۆ دەردەکەمو ئازادی دەکەم.) [23]ئەوانیش پێیان داگرت، بەدەنگی بەرز هاواریان‌کردو داوای لەخاچدانیان کرد، بەمە قسەیان سەرکەوت. [24]ئینجا پیلاتۆس فەرمانی‌دا داواکاریەکەیان جێبەجێ بکرێ. [25]ئەوەی لەبەر ئاژاوەو کوشتن زیندان کرابوو، لەسەر داواکاری ئەوان ئازادی‌کرد. عیساشی خستە ژێر بڕیاری ئەوانەوە.

لەڕێگا بۆ لەخاچدان

[26]لەوکاتەی عیسایان دەبرد بۆ لەخاچدان، کابرایەکیان گرت لەشاری قەیرەوانەوە هاتبوو، بەناوی شەمعون تازە لەکێڵگەکەی گەڕابووەوە، خاچەکەیان دابەسەر شانی تاکو دوابەدوای عیسا

هەڵێگرێ. [27]خەڵکێکی زۆر دوای کەوتبوون، هەروەها چەند ژنێك دەگریانو لەخۆیان دەدا. [28]عیسا ئاوڕی لێدانەوەو ووتی: (ئەی کچانی قودس بۆ من مەگرین، بۆ خۆتانو بۆ منداڵەکانتان بگرین. [29]ڕۆژانێك دێت، تیایدا دەڵێن، خۆزگەمان بەو ژنانەی نەزۆك بوون، بەو سکانەی منداڵیان نەبووە، بەو مەمکانەی شیریان نەداوە. [30] ئینجا بەشاخەکان دەڵێن، بڕوخێ بەسەرمان، بەگردەکانیش دەڵێن دامانپۆشە. [31] گەر ئاوا بکەن بەلقی سەوز، ئاخۆ دەبێ حاڵی لقی ووشك چۆن بێ؟)

لەخاچدان

[32]هەر لەوکاتەدا لەگەڵ عیسا، دوو تاوانباریش دەبران بۆ لەخاچدان. [33]کاتێ گەیشتنە ئەو شوێنەی بەکاسەی سەر ناودەبرا، لەگەڵ دوو تاوانبارەکە لەخاچیاندا، یەکێك لەلای ڕاستیەوە ئەوی تر لەلای چەپیەوە. [34]عیسا ووتی: (ئەی باوك، لێیان خۆشبە، چونکە نازانن چی دەکەن.) ئینجا جلەکانی عیسایان داناو شێروخەتیان لەسەرکرد. [35]خەڵکەکە ڕاوەستا بوون سەیریان دەکرد، سەرۆکەکانیش، گاڵتەیان پێدەکردو دەیانووت: (خەڵکی تری ڕزگارکرد، گەر ئەمە مەسیحی هەڵبژێرراوی خودایە، باخۆی ڕزگارکات.) [36]هەروەها سەربازەکانیش، گاڵتەیان پێدەکرد، لێی نزیك دەبوونەوەو سرکەیان پێدەدا، [37]دەیانووت: (گەر تۆ پادشای جوولەکەی، خۆت ڕزگارکە.) [38]تەختەیەکیان بەسەر سەری هەڵواسیبوو، لەسەری نووسرابوو، ئەمەتا پادشای جوولەکە.

[39]یەکێك لەتاوانبارەکان، دەستیکرد بەقسە پێ ووتنیو ووتی: (تۆ مەسیحی؟ دەباشە خۆت ڕزگارکەو ئینجا ئێمەش.) [40]بەڵام ئەوەیتریان، چوو بەگژیداو ووتی: (لەخودا ناترسی، هەرچەندە هەمان سزات بەسەر دراوە؟ [41]سزای ئێمە دادپەروەرانەیە، لەجیاتی کردارەکانمان وەرمانگرتووە، بەڵام ئەو هیچ خراپەیەکی نەکردووە.) [42] ئینجا ووتی: (عیسا لەیادم مەکە کاتێ دەچیتە ناو پادشایەتیەکەت.) [43] عیسا پێی ووت: (ڕاستیت پێ دەڵێم:

هـــەر ئەمـــڕۆ لەگـــەڵم دەبیـــت لەبەهەشت.)

مردنی عیسا

[44]نـزیکی کاتژمـێری دوانـزەی نـیوەڕۆ، تـاریکی بـاڵی کێشا بەسەر هـەموو زەویـدا، هەتا کاتژمێری سێی نـیوەڕۆ. [45]ڕۆژ تـاریك بوو، پەردەی پەرستگا لەناوەڕاستەوە درا. [46]عیسا بـەدەنگی بـەرز هاواری‌کردو ووتی: (ئەی باوك، ڕۆحی خۆم بە دەستی تۆ دەسـپێرم.) ئەمـەی ووتـو ڕۆحـی سپارد. [47]کاتێ ئەو سەرپەلـەی لـەوێدا بـــوو، ئەمـــەی بـــینی، ستایشـــی خـودای‌کـردو ووتـی: (بەڕاستی ئەو کابرایە بێتاوانبوو.) [48]ئەو خەڵکەی لـــــەوێدا کۆبووبوونـــــەوە، بـــۆ ســەیرکردنی لەخاچـدانەکە، کـاتێ ئەمـەیان بیـنی بـەسـنگ کوتـان گەڕانـــــەوە. [49]بـــــەڵام هـــــەموو ناسـیاوەکانی عیسـا، لەگـەڵ ئـەو ئافـرەتانەی لـەجەلـیلەوە لەگـەڵی هاتبوون، لەدوورەوە ڕاوەستابوون‌و دەیانڕوانییە ئەم ڕووداوانە.

ناشتنی عیسا

[50]لـــەناو ئـــەندامانی ئەنجومـــەنی بـالاّ، کابـرایەك هـەبوو ناوی یوسف بـــــوو، کابـــــرایەکی چـــــاك‌و سەرڕاسـتبـوو، [51]ڕازی نـەبوو بەبـڕیارو هەڵسـوکەوتی ئـەندامانی ئەنجومـەن‌و کـرداریان. خـەڵکی شـاری ڕامـەی ناوچەی یەهودیا بوو، لەوانـەبوو کە چاوەڕوانی پادشاهێتی خـــودای دەکـــرد. [52]هاتـــە لای پـیلاتۆس‌و داوای تەرمەکەی عیسای لـــێکرد. [53]ئینجا لەسـەر خاچـەکە هێنایەخوارەوە‌و لەقوماشێکی کەتانی پێچا. بردی‌و خستیە گۆڕێکی لەبەرد هەڵکەنـراو هێشـتا کەسـی تـیادا نەنـێژرابـوو. [54]ئـەو ڕۆژەش کـاتی خۆئامادەکردن بوو بۆ شەممە، چونکە ئـەوەندەی نـەمابوو بـۆ شەممە. [55]ئەو ئافـرەتانەی لـەجەلـیلەوە بـەدوای عیساوە بوون، دوای یوسف کەوتن، گۆڕەکـەیان بیـنی‌و بینـیان چـۆن تەرمەکـەی تـیادا دانـرا. [56]ئینجا گەڕانـەوە‌و بابـەتی مانەوە‌و بۆن‌و ئەو شـتانەیان ئامادەکـرد بۆ چەورکردنی تەرمەکـــە، ڕۆژی شـــەممەش بەپـێی ڕاسپاردە، پشوویاندا.

ئافـرەتەکان، ڕۆژی یەك شەممە بەیانی زوو، بـەخۆیانو ئـەو بـۆنو بابـەتی مانـەوەی ئامادەیـان کـردبـوو، هاتنە سەر گۆڕەکە. [2]سەیریان کرد بەردی سـەر گۆڕەکـە لاچـووە، [3]بـەڵام کە چـوونەژوورەوە، سـەیریانکـرد تەرمەکەی عیسای خوداوەند نەماوە. [4]کاتێ لەم کارە سەریان سووڕمابوو، لەپـڕ دوو پـیاویان بـەجـلی بریسکەدارەوە بەتەنیشتی خۆیانەوە بـینی. [5]تـرس دایگرتنو سەریان شۆڕ کـردە سـەر زەوی، دوو کابـراکە ووتـیان: (بۆچـی دەگـەڕێن بـەدوای یەکـێکی زیندوو لەناو مردووواندا؟ [6] ئـەو لـێرە نـیـیە، زیـندووبووەتەوە، بیرکەنـەوە لـەوەی لـەجەلـیل پـێی ووتـن، [7]کـاتێ ووتی: ڕۆڵەی مرۆڤ، پێویسـتە بـدرێ بەدەسـت گوناهـبارانەوە، ئـینجا لەخاچبدرێو لـەڕۆژی سـێهەم هەستێتەوە.) [8]ئینجا قسـەکانی عیسـایان هاتـەوە یـاد. [9] گۆڕەکـەیان بەجێهێشتو گەڕانەوە، هـەوالّی هـەموو ئەم شتانەیان بەیانزە قوتابـیەکەو ئـەوانیتـر دا. [10]ئـەو ژنانـەش کـە هـەوالّی ئـەم شـتانەیان بەنـێڕاوان ڕاگـەیاند، بریـتی بـوون لـەمـریەمی مەجدەلـیو یۆناو مریەمی دایکـی یاقوبو هەندێ ئافرەتیتر کە لـەگەلّـیان هاتـبوون. [11]گـێڕانەوەی قسـەکانیان هـەر لـەوڕێنەی دەکرد، بۆیـە باوەڕیـان پێنەکـردن. [12]ئینجا پەتـرۆس هەسـتاو ڕای‌کـرد بـۆ سەر گۆڕەکـە، کـاتێ دانەویەوە تەنها ئەو کفـنەی بیـنی کـە تێـیەوە پێچرابوو، ئینجا زۆر بەسەرسـوڕمانەوە لـەوەی کە ڕوویدا بوو، ئەوێی بەجێهێشت.

دووان لەقوتابیەکان عیسا دەبینن

[13]دووان لەقوتابـیەکانی، لـەو ڕۆژەدا چـوون بۆ دێ عیمواس، کە تـەنها حەوت میل لە قودسەوە دوور بـوو. [14]لـەڕێ باسـی ئـەو هـەموو شـتانەیان دەکرد کە ڕووی‌دابوو. [15] لەوکاتـەدا قسـەیان دەکـرد، عیسـا خۆی نزیك بووەوە لێیانو لەگەلّیان ڕۆیـی بەڕێدا. [16]بەڵام چاویان بەستزا لەناسـینی. [17]عیسا لێی‌پرسین: (ئەوە باسـی چی دەکەن بەڕێوە؟) ئەوانیش بەدڵتەنگـیەوە ڕاوەستان، [18]یەکێکیان کە ناوی کلیۆپاس بوو ووتی: (چیە، دەلّـێی تـۆ نامۆیـت لـەقودس لات داوە، ئاگـات لـەوەنیـیە کـە لـەم ڕۆژانـەدا ڕووی‌داوە؟) [19]ئەویش پێی ووتـن: (چـی ڕووی داوە؟) ئەوانیش

ووتیان: (ئەوەی سەبارەت بەعیسای ناسیری ڕوویداوە، پێغەمبەرێکی تواناداربوو لەقسەو کرداری لەلای خوداو هەموو گەل. [20]بەڵام سەرۆك کاهینەکانمانو فەرمانڕەواکان دایانبەدەستەوە بۆ لەخاچدانو مردن. [21]ئێمە هیوامان بەو هەبوو، کە بە خوێنی خۆی ئیسرائیل دەکڕیتەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەمڕۆ سێهەم ڕۆژە ئەمە ڕووی‌داوە. [22]هەندێ لەو ئافرەتانەی لەگەڵمانن بەهەواڵێك زۆر سەرسامیان کردین، چونکە بەیانی زوو چووبوونە سەر گۆڕەکە، [23]تەرمەکەیان نەبینی بوو، ئینجا گەڕانەوەو ئەمەیان باسکردو ووتیان: ئێمە دوو فریشتەمان بینی دەیان ووت: ئەو زیندووە. [24]هەندێ لەئێمە چوونە سەر گۆڕەکەو سەیریان‌کرد ئەوەی ئافرەتەکان گێڕایانەوە ڕاستەو لەگۆڕەکەدا کەسیان نەبینی.) [25]ئینجا عیسا پێی ووتن: (ئەی تێنەگەیشتووان، ئەی کەم باوەڕان بە هەموو ئەوانەی کە پێغەمبەران باسیان کردووە، [26]ئەی باشە نەدەبووایە مەسیح ئەم ئازارانە بچێژێو ئینجا بچێتە شوێنی شکۆمەندی خۆی.) [27]ئەوسا دەستی‌کرد بەڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی لەسەری نووسراوە، هەر لەتەوراتی موساوە تا گشت پەرتووکەکانی پێغەمبەران.

[28]وورده وورده نزیك دەبوونەوە لەو دێیەی قوتابیەکان بۆی هاتبوون. عیسا وا خۆی نیشاندا ئەو دەڕوات بۆ شوێنێکی دوورتر. [29]قوتابیەکان زۆریان لێکردو ووتیان: (ئەوا ڕۆژئاوا دەبێتو تاریك دادێت، بمێنەوە لامان.) ئەویش بەمە ڕازی بوو، لەگەڵیان هاتەماڵەوە. [30]کاتێ لەسەر خوان دانیشتن، دەستی برد نانێکی هەڵگرت، پیرۆزی کردو لەتی‌کرد، ئینجا دای پێیان. [31] دەستبەجێ چاویان کرایەوەو ناسیانەوە، ئیتر لەبەرچاویان نەما. [32] بەیەکتریان ووت: (ئەمە بۆیە کاتێ قسەی بۆ دەکردین، دڵمان لەناو سنگماندا وەك ئاگر گڕی گرتبوو.) [33]دوای ئەمە یەکسەر هەستانو گەڕانەوە بۆ قودس، سەیریان‌کرد یانزە قوتابیەکەو ئەوانەی لەگەڵیانن، هەموو کۆبوونەتەوە، [34]دەیان ووت: (ڕاستە! گەورەمان هەستاوەتەوە، دەریشکەوتووە بۆ شەمعون.) [35] ئینجا هەر دووکیان دەستیان‌کرد

بەگـــێڕانەوەی ئـــەوەی لـــەڕێگا ڕوویـدابـوو، هـەروەها چۆن لەکاتی نان لەتکردنەکەدا ناسییانەوە.

عیسا بۆ نێڕراوان دەردەکەوێ

[36]کـاتێ باسـی ئەمـەیان دەکرد، عیسـا خـۆی هاتـە ناوەڕاسـتیانو لەنێوانـیان ڕاوەسـتا، پـێی ووتـن: (سـلاۆتان لـێبێـت.) [37]بەلاّم لەبەر تـرسو لـەرزی خۆیان وایانزانی ئەمە ڕۆحـە. [38]عیسـا پـێی ووتـن: (ئەوە بۆچـی واسـەرتان لـێشێواوە؟ بۆچی بـیری وادێ بەدلّـتان؟ [39]سـەیری دەسـتو قاچـم بکـەن، دەسـتم لـێدەنو دلّنـیابن کـە مـن ئـەوم، چـونکە ڕۆح گۆشـتو ئێسقانی نییە وەك من ئێستا هەمە.) [40]کاتێ ئەمەی ووت دەسـتو قاچی نیشاندان. [41] لەخۆشـیو سەرسـوڕماندا بەتەواوی باوەڕیـان نەدەکرد، ئینجا پێی ووتن: (هیچـتان لێرە هەیە بخوڕێت؟) [42]ئیتر ئەوانـیش پارچـەیەك ماسـی برژاویان دایـــە، [43]ئـــەویش لـــێیوەرگرتنو لەبەرچاویان خواردی.

[44]ئەوسا پێی ووتن: (ئا ئەمەیە ئەو قســانەی بـــۆم دەکـــردن، کـــاتێ لەگەلّـتان بـووم: پێویسـتە هـەموو ئەوانـەی لەتەوراتی موساو پەرتووکی پێغەمـبەرانو زەبـوور دەربـارەی من نووسـراون بێـتەدی.) [45]ئینجا بـیرو هۆشـی کـردنەوە، تـا کتێـبی پـیرۆز تێبگـــەن. [46]پـــێی ووتـــن: (ئاوهـــا نووسـراوە، پێویسـت بـوو مەسـیح ئـازاربکێشێو بمرێو دوایی لەڕۆژی سـێیەمدا زیندووبێـتەوە. [47]هـــەروەها بـــەناوی ئـــەوەوە تۆبەکـــردنو لێخـۆشبوونی گوناە ڕابگەیندرێ بۆ هـەموو گـەلان، بەدەسـت پێکردن لەقودسـەوە. [48]ئـێوە شـایەتی ئـەم شـتانەن. [49]ئـەوەی بـاوکم بەلێـنی پێدابوو من خۆم بۆتانی دەنێرم، بەلاّم جـارێ لـەناو شـار بمێنـنەوە، تـا ئەوکاتەی لەئاسمانەوە جلی بەهێزیتان لەبەردەکرێت.)

گەڕانەوەی عیسا بۆ ئاسمان

[50]دوای ئەمـە پێشیان کـەوتو بـردنی بـۆ دێـی بەیتعـەنیا، دەستی بەرزکـــردەوەو پیرۆزیکـــردن. [51] لـەوکـاتـەدا کـە پیرۆزی دەکـردن، لێـیان جـیابووەوەو بـەرزبووەوە بۆ ئاسمـان. [52]چۆکیان بۆ داداو ئیتر زۆر بـەشادیەوە گەڕانەوە بۆ قودس. [53]بە بەردەوامیش دەڕۆیشتن بۆ پەرستگاو

ستایشی خودایان دەکرد

مزگێنی بەپێی نووسینی یۆحەننا

یۆحەننا یەکێك بوو لەقوتابیەکانی عیسا، پەیوەندییەکی تایبەتی بەهێزی لەگەڵ هەبوو، باسی خۆی دەکات کە خۆشەویستی عیسا بووە، یۆحەننا لەم پەرتووکەدا حەوت نیشانەی سەرسوورهێنەری هەڵبژارد کەهەموی دەری‌دەخات عیسا مەسیحەو چ شێوەیەکی ژیانمان پێدەبەخشێ.

مەبەستی یۆحەننا لەم پەرتووکەدا ئەوەیە: (تا باوەڕ بکەن کە عیسا مەسیحە)، چونکە ئەوەی باوەڕی پێبهێنێ (هەتا ئێوە بەهۆی باوەڕەوە ژیان بەدەست بهێنن بەناوی ئەوەوە.) (20:31).

هەروەها باسی دەکات چۆن هەندێ کەس باوەڕیان هێناو بوون بەقوتابی ئەو، بەڵام هەندێکیان ڕەتیان‌کردەوەو بەربەرەکانیان‌کرد. ئینجا هەندێ بەشی کەی ئەم پەرتووکە باسی ئەو پەیوەندییە بەهێزە دەکات کە لەنێوان عیساو قوتابیەکانی هەبووە.

ئەوەی شایانی باسە لەنیوەی پەرتووکەوە تاکۆتایی باسی دوا هەفتەی ژیانی عیسا دەکات، تیایدا باسی ووتەکانی عیسا دەکات لەئامادەکردنی قوتابیەکانیو هاندانیان پێش لەخاچدانی. هەروەها باسی مەسیح دەکات وەك پادشایەك، بەڵام حوکمڕانیەکەی لەم جیهانە نییەو ئەمەش تامردنی لەسەر خاچ دەرنەکەوت (1:17)، هەروەها باسی گرتنی عیساو دادگایی‌کردنیو لەخاچدانیو هەستانەوەی دەکات، ئینجا دەرکەوتنی بۆ قوتابیەکانی دوای هەستانەوەی.

ووشەی خودا

1

لەسەرەتاوە ووشەکە* بوو، ووشەکە لای خودا بوو، ووشەکەش خۆی خودا بوو. [2]ئەو هەر لەسەرەتاوە لای خودا بوو. [3]بەو هەموو شتێ دروستبووە، بێئەو هیچ شتێك دروست نەبووە لەمانەی کە دروست بوون. [4]ژیان لەئەوا بوو، ئەو ژیانەش ڕووناکی مرۆڤ بوو، [5]ڕووناکیش تاریکی ڕووناك دەکاتەوەو تاریکی ناتوانێ ڕووناکی بەزێنێ.

[6]مرۆڤێك هات کە خودا ناردبووی، ناوی یەحیا بوو، [7]ئەو هات شایەتی بۆ ڕووناکی بدات، تاوەکو هەمووان بەهۆی ئەوەوە باوەڕبهێنن. [8]یەحیا خۆی ڕووناکییەکە نەبوو، بەڵکو شایەتی ڕووناکییەکە بوو. [9]ئەو ڕووناکیە ڕاستەی هەموو خەڵکی ڕووناك دەکاتەوە هاتە جیهان، [10]ئەو لەجیهاندا بوو، بەویش جیهان دروست بوو، کەچی

جیهان نەیناسی. [11]ئەو بۆ لای گەلەکەی هات، کەچی ئەوان پێشوازیان لێنەکرد. [12]بەلام هەموو ئەوانەی پێشوازیان لێکرد، ئەوانەی باوەڕیان بەناوی هێنا، دەسەلاتی پێدان بەن بەڕۆڵەی خودا*، [13] ئەوانەی نەبەخوێن، نەبەویستی لەش، نەبەویستی پیاو، بەڵکو لەخوداوە بوون.

[14]ئینجا ووشەکە بوو بەلەشو لەناواندا نیشتەجێبوو، ئێمە شکۆی ئەومان بینی، شکۆی تاقانەی باوك، ئەوەی پڕبوو لەبەرەکەتو ڕاستی. [15] یەحیا شایەتی بۆدەداو هاواری دەکرد: (ئەمە ئەوەیە کە باسم کردو ووتم: ئەوەی لەدوای من دێت لەپێش من بوونی هەیە، چونکە ئەو بووە پێش ئەوەی من ببم.) [16]هەموومان لەپڕی ئەو بەرەکەت* لەدوای بەرەکەتمان وەرگرت، [17]چونکە شەریعەت بەهۆی موساوە درا، بەڵام بەرەکەتو ڕاستی بەهۆی عیسای مەسیحەوە هاتن. [18]هەرگیز کەس خودای نەبینیوە، بەڵام تاقانەی خودا، ئەوەی لەباوەشی باوکدایە، ئەو خودای بۆ ئێمە دەرخست.

شایەتیدانی حەزرەتی یەحیا

[19]ئەمەش شایەتییەکەی یەحیایە، کاتێ جوولەکەکانی قودس هەندێ کاهینو لاویان نارد پرسیاری لێبکەن: (تۆ کێیت؟) [20]ئەو بەبێ دوودڵی دانی پیاناو ووتی: (من مەسیح نیم.) [21]ئینجا لێیان پرسی: (ئەی تۆ کێیت؟ ئەلیاسی؟) ووتی: (نەخێر! ئەو نیم.) ووتیان: (ئایا پێغەمبەرەکەی❖؟) ووتی: (نەخێر.) [22]لەکۆتاییدا ووتیان: (باشە تۆ کێیت، تا وەلامەکە بدەینەوە بەو کەسانەی ئێمەیان ناردووە؟ چی دەڵێیت دەربارەی خۆت؟) [23]ئەویش ووتی: (من {دەنگێکم لەدەشتودەر هاوار دەکەم: ڕێگای خوداوەند ڕێك‌و ئامادەکەن}، هەروەك چۆن ئەشعیای پێغەمبەر ووتویەتی.) [24]ئەوانەی لەلایەن فەریسیەکانەوە نێرابوون، [25]دیسان پرسیان: (باشە گەر تۆ مەسیح نیتو ئەلیاس نیتو پێغەمبەرەکە نیت، ئیتر بۆچی خەڵکی لەئاوهەڵدەکێشیت؟) [26] وەڵامی دایەوە: (من خەڵکی لەئاوهەڵدەکێشم، بەڵام لەنێوانتاندا یەکێك هەیە کە نایناسن، [27]ئەو دوای من دێت، من شایانی ئەوە نیم قەیتانی پێڵاوەکانی بۆ بکەمەوە.)

[28]ئەمەش لەدێی بەیتعەنیا ڕووبدا، لەوبەری ڕووباری ئوردونەوە، لەو شوێنەی یەحیا خەڵکی لەئاوهەڵدەکێشا.

بەرخی قوربانی خودا

[29]ڕۆژێ دوای ئەوە یەحیا عیسای بینی وا بەرەو ڕووی دێت، ووتی: (ئا ئەوەتا بەرخی خودا❖، ئەو قوربانییەی گوناهی جیهان هەڵدەگرێت. [30]ئەمە ئەو کەسەیە کە دەربارەی ووتم، ئەوەی لەدوای من

❖**پێغەمبەرەکەی:** مەبەستی لەو پێغەمبەرەیە کە موسا باسی دەکات. بڕوانە یۆحەننا 1:45

دێت لەپێش من بوونی هەیە، چونکە ئەو هەبووە پێش بوونی من. [31]منیش نەمدەناسی، بەڵام هاتووم بۆ لەئاوهەڵکێشان تا ئەو بۆ ئیسرائیل دەرکەوێ.) [32] ئینجا یەحیا شایەتیداو ووتی: (ڕۆحی پیرۆزم* لەشێوەی کۆتریٚك بینی لەئاسمانەوە هاتەخوارەوەو لەسەر عیسا نیشتەوە. [33]من نەمدەناسی، بەڵام ئەوەی منی ناردووە خەڵك لەئاوهەڵکێشم، ئەو پێیووتم: ئەوەی دەیبینیت ڕۆح دێتەخوارەوەو لەسەری جێگیر دەبێ، ئەو خەڵکی بەڕۆحی پیرۆز هەڵدەکێشێ. [34]لەبەرئەوەی ئەمەم دیووە، شایەتی دەدەم ئەو ڕۆڵەی خودایە.)

قوتابیە یەکەمینەکان

[35]بۆ بەیانی یەحیا لەگەڵ دوو قوتابی خۆی دیسان هەر لەوێ ڕاوەستا بوو، [36]کە عیسا بەوێدا ڕۆیشت سەیریکردو ووتی: (ئا ئەوەتا بەرخی خودا.) [37]کاتێ دوو قوتابیەکە گوێیان لەمە بوو، دوای عیسا کەوتن. [38]عیسا ئاوڕیدایەوەو سەیریکرد ئەوان بەدوایەوەن، لێیپرسین: (چیتان دەوێت؟) ووتیان: (ڕابی، (واتە مامۆستا) لەکوێ دەژیت؟) [39]وەلامی دانەوەو ووتی: (وەرن، ببینن.) ئینجا لەگەڵی ڕۆیشتنو ئەو شوێنەیان بینی کە تیایدا دەژیا، کات نزیکەی چواری پاش نیوەڕۆ بوو، ئەو ڕۆژە لەگەڵی مانەوە. [40]ئەندەراوس کە برای شەمعون پەترۆس بوو، یەکێ بوو لەو دووانەی دوای عیسا کەوتن، دوای ئەوەی گوێیان لەقسەی یەحیا بوو. [41]هەر کە ئەندەراوس شەمعونی برای دۆزییەوە، پێی ووت: (مەسیحمان دۆزییەوە) واتە دەستنیشانکراو. [42]ئینجا بردی بۆ لای عیسا، عیسا بەوردی تێڕوانی و ووتی: (تۆ شەمعونی کوڕی یۆنای، بەڵام من بانگت دەکەم کێفا◆، واتە پەترۆس.)

[43]بۆ بەیانی عیسا بڕیاریدا بڕوات بۆ ناوچەی جەلیل، کاتێ فیلیپۆسی دۆزییەوە، پێی ووت: (دوام کەوە!) [44]فیلیپۆس وەك ئەندەراوسو پەترۆس خەڵکی شاری بەیت سەیدا بوو. [45]ئینجا فیلیپۆس نەسەنائیلی دۆزییەوە پێی ووت: (ئەوەی موسا لەتەوراتدا لەسەری نووسیوەو پێغەمبەرانیش لەپەرتووکەکانیان، دۆزیمانەوە. ئەو کەسە عیسای کوڕی یوسفی خەڵکی ناسیرەیە.) [46]نەسەنائیل ووتی: (ئایا لەشاری ناسیرە شتی چاك هەڵدەکەوێ؟) فیلیپۆس پێی ووت: (وەرە سەیرکە!)

[47]کە عیسا نەسەنائیلی بینی وا بەرەو ڕووی دێت، ووتی: (بێگومان ئەمە ئیسرائیلییەکی بێغەلوغەشە!) [48]نەسەنائیل لەعیسای پرسی: (لەکوێ دەمناسیت؟) عیسا لەوەلامدا ووتی: (کاتێ لەژێر دارهەنجیرەکە بووییت تۆم بینی، پێش ئەوەی فیلیپۆس بانگتبکات.) [49]ئینجا نەسەنائیل هاواری

◆ بکۆڤانی وەرگێڕ: ئەم ناوە بکێ ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە عیسا پێی وت ناوی لێدەنێم پەترۆس، پەترۆس بە یونانی بەردێکە یان تەختەبەردێکی گەورە دەڵێن.

کردو ووتی: (ئەی مامۆستا، تۆ ڕۆڵەی خودایت! تۆ پادشای ئیسرائیلیت!) [50]عیسا پێی ووت: (ئایا باوەڕت هێنا چونکە پێم ووتیت تۆم لەژێر دارهەنجیرەکە بینی؟ بزانە کاری لەمەش مەزنتر دەبینیت!) [51]دیسان ووتی: (ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم، ئێوە ئاسمان بەکراوەیی دەبینن و فریشتەی خودا دەبینن لەبەرزبوونەوە هاتنەخوارەوەیان لەسەر ڕۆڵەی مرۆڤ.)

شایی لەقانا
2

لەڕۆژی سێهەمدا لەدێی قانا لەناوچەی جەلیل شاییەك هەبوو، دایکی عیساش ئامادەی ئەو شاییە بوو، [2]هەروەها عیساو قوتابیەکانیشی بانگکرابوون بۆ ئەم شاییە. [3]کاتێ شەراب تەواو بوو، دایکی چووە لای عیساو پێی ووت: (هیچ شەرابیان نەماوە!) [4] ئەویش پێی ووت: (ئەمە پەیوەندی بەمنەوە هەیە یان بەتۆ؟ هێشتا کاتی من نەهاتووە!) [5]دوایی دایکی عیسا بەئیشکەرەکانی ووت: (ئەوەی ئەو فەرمانتان پێدەدات بیکەن.) [6]لەوێدا شەش کوپەی بەردین هەبوو، جوولەکەکان ئاوەکەیان بەکاردەهێنا بۆ پاککردنەوە بەپێی خووڕەوشتی خۆیان، کوپەکان هەریەکەی هەشتا تا سەدو بیست لیتریان دەگرت. [7] جا عیسا بەئیشکەرەکانی ووت: (کوپەکان پڕکەن لەئاو.) ئەوانیش کوپەکانیان تا سەر پڕکرد. [8]ئەوسا پێی ووتن: (ئێستا لێیدەرکەنو بیبەن بۆ سەرپەرشتیکەری شاییەکە!) ئەوانیش وایان کرد. [9] کاتێ سەرپەرشتیکەر تامی ئەو ئاوەی کرد کە گۆڕابوو بۆ شەراب، بەلاّم سەرچاوەکەی نەدەزانی، ئەوەی ئیشکەرەکان دەیانزانی چۆنە و چیە، ئەوسا زاوای بانگکردو [10]پێی ووت: (خەڵکی لەپێشەوە شەرابە چاکەکە دادەنێنو دوای کەمێك خواردنەوە، شەرابی تر دەهێنن کە ئەوەندە باش نەبێ وەکو ئەوەی یەکەم. بەلاّم تۆ شەرابە باشەکەت هێشتۆتەوە بۆ ئێستا!)

[11]ئەمە یەکەمین نیشانەی سەرسوڕهێنەر بوو کە عیسا لەدێی قانای ناوچەی جەلیل کردی، ئەوەی تیایدا شکۆمەندی خۆی دەرخستو قوتابیەکانی باوەڕیان پێهێنا. [12]دوای ئەمە عیساو دایکیو براکانیو قوتابیەکانی چوون بۆ شاری کەفەرناحوم، چەند ڕۆژێك لەوێ مانەوە.

پاکسازی پەرستگا

[13]کاتێ جەژنی تێپەڕبوونی جوولەکە نزیك بووەوە، عیسا چوو بۆ قودس، [14]لەپەرستگادا* ئەوانەی بینی کە مانگاو مەڕو کۆتریان دەفرۆشت، هەروەها پارەگۆڕەوەکان لەبەردەم مێزەکانیان دانیشتبوون، [15]عیسا لەگوریس قامچیەکی دروستکردو ئەوانەی لەپەرستگادا بوون بەخۆیانو مەڕو مانگاوە هەمووانی دەرکرد. پارەی پارەگۆڕەوەکانی پەرشوبلاّوکردەوەو مێزەکانیانی سەرەوژێر کرد، [16]ئینجا بەکۆتر فرۆشەکانی ووت: (ئەم شتانە لێرە ببەنە دەرەوە! چۆن دەوێرن ماڵی باوکم بکەنە بازاڕ؟) [17]لێرەدا قوتابیەکان ئەو ئایەتەیان

بیرکەوتـەوە کـە لەکتێـبی پـیرۆزدا نووسـراوە: { دڵگەرمی بۆ ماڵەکەت دەمسوتێنێ}.

[18]دەســـەلاتدارانی جوولەکـــە بەرهەڵســـتی عیســایان کـردو ووتـیان: (نیشانەیەکمان بۆ بهێنەوە دەســتنیشـانی دەســەلاتت بکـات بـۆ ئـەو کارەی کـردت!) [19]جـا عیســا لــەوەلامـدا ووتـی: (ئـەم پەرســتگایە بڕوخێـنن، لـــەســـێ ڕۆژدا دروســتی دەکەمەوە.) [20]ئەوسا جوولەکەکان پێیان ووت: (ئەم پەرسـتگایە بەچـل و شـەش سـاڵ دروستکراوە، تۆ بـــەســـێ ڕۆژ دروســتیدەکەیتەوە؟) [21]بـــەڵام ئـــەو پەرسـتگایەی ئـەو دەربـارەی قســەی دەکرد، لەشی خۆی بوو. [22]کاتێ عیسا لەناو مردووان هەستایەوە، ئەوسـا قوتابیەکانی ئەم قسەیەی عیسایان بیرکەوتەوە، ئینجا باوەڕیـان هێـنا بەکتێـب* و بەو ووتانەی عیسا ووتبووی.

[23]کـاتێ عیســا لــەجەژنی تێپەڕبوونـدا لەقودس بـوو، خەڵکێکی زۆر ئەو نیشانە سەرسوڕهێنەرانەیان بیـنی کـە کردیو باوەڕیان بەناوی ئەو هێنا. [24]بەڵام عیســا مـتمانەی پێ نەکردن، چونکە هەموو خەڵکی دەناسـی. [25]ئەو پێویستی بەکەس نەبوو شایەتی بۆ بدا دەربارەی مرۆڤ، چونکە ناوەڕۆکی مرۆڤی دەناسی.

لەدایك بوون لەڕۆح

3

پـیاوێك هەبوو لەفەریسیەکان ناوی نیقۆدیمۆس بوو، ئـەندام بـوو لەئەنجوومەنی جوولەکەکان. [2]بەشەو بۆ لای عیســا هاتو پێی ووت: (مامۆستا، ئێمە دەزانین تـۆ مامۆسـتایەکی لەلای خوداوە هاتوویت، چونکە ئـەو نیشـانە سەرسوڕهێنەرانەی تۆ دەیکەیت، کەس نـاتوانێ بیکات گەر خودای لەگەڵدا نەبێت.) [3]ئینجا عیســا پێی ووت: (ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم، کەس ناتوانێـت پادشـاهێتی خـودا ببینێـت گەر لەئاسمانەوە لەدایك نەبێت.) [4]نیقۆدیمۆس لێی پرسی: (مرۆڤ چۆن دەتوانێـت بـەپیری لـەدایك ببێتەوە؟ خۆ جارێکی کە ناچێتەوە سکی دایکی و سەرلەنوێ لەدایك بێتەوە!) [5]عیســا وەڵامـی دایەوە ووتی: (ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵـێم، کەس ناتوانێ بچێتە ناو پادشاهێتی خودا گەر لـەئاو و لـــەڕۆح لەدایكنەبێتەوە. [6]چونکە ئەوەی لە لەشـەوە لەدایك دەبێ لەشە، ئەوەش کە لە ڕۆحەوە لـەدایك دەبێـت ڕۆحە، [7]کەواتە سەرت سوڕنەمێنێ کە دەڵێم: پێویستە لەئاسمانەوە لەدایك ببنەوە. [8]شنەبا بـۆ هـەر شوێنێ کە ئارەزووی لـێبێت هەڵدەکاتو گوێمـان لـە دەنگەکـەی دەبیـت، بـەڵام نازانـرێ لەکوێوە دێتو بۆکوێ دەڕوات. هەر بەم شێوەیەشە هەموو ئەوانەی لە ڕۆحەوە لەدایك دەبن.)

[9]دیسـان نـیقۆدیموس پرسـیاری‌کردەوە: (چۆن ئەمـە ڕوودەدات؟) [10]عیســا وەڵامـی دایـەوە: (تـۆ مامۆسـتایەکی ئیسـرائیلیو ئەمـە نـازانی! [11]ڕاسـتی ڕاستیت پێدەڵـێم: ئێمە ئەوە دەڵێین کە دەیزانینو شایەتی بۆ ئەوە دەدەین کە دەیبینین، لەگەڵ ئەوەشدا ئـێوە شـایەتیەکەمان قـبوڵ ناکـەن. [12]باســی شـتە زەمینیەکانتان بۆ دەکەم، باوەڕناکەن، ئیتر چۆن باوەڕ دەکـەن ئەگەر باسی شتی ئاسمانیتان بۆ بکەم؟ [13]هیچ کەسـێ نەچـۆتە ئاسـمان جگە لەوەی لەئاسمان هاتۆتە

خـوارەوە، ئـەویش ڕۆڵەی مرۆڤە. [14]جا چۆن موسا مارەکـەی لـەبـیاباندا* بـەدارەوە هەڵواسی، بەهەمان شـێوە ڕۆڵـەی مرۆڤیش دەبێ هەڵواسرێ، [15]تاوەکو هەرکەسـێك بـاوەڕی پێبێـنێ ژیـانی هەتاهـەتایی دەسکەوێ.)

خۆشەویستی خودا بۆ جیهان

[16](چـونکە خـودا بـەم جـۆرە جـیهانی خۆشەویسـت تەنانـەت تاقـە ڕۆڵەی خۆی پێشکەش کـرد، هـەتا هەموو ئەوانەی باوەڕی پێدەکەن لەناو نەچـن، بـەڵکو ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنن. [17] چونکە خودا ڕۆڵەی نەنارد بۆ تاوانباکردنی جیهان، بـەڵکو ناردی تا جیهان ڕزگار بێت بەهۆی ئەوەوە. [18]ئـەوەی بـاوەڕی پێدەهێـنێ تاوانبار ناکرێ، بەڵام ئـەوەی بـاوەڕی پێناهێـنێ تاوانـبارکراوە، چـونکە باوەڕی بەناوی تاقە ڕۆڵەی خودا نەهێناوە. [19]ئەمەش حوکمەکەیـە: ڕووناکی هـات بـۆ جـیهان، بـەڵام خەڵکەکە حەزیان لەتاریکی کرد لەجیاتی ڕووناکی، چـونکە کـردەوەیان خـراپ بـوو. [20]هـەر کەسێك خـراپە بکـات ڕقی لەڕووناکیە، نایەتە لای ڕووناکی نـەوەك کـردەوەکانی ئاشـکرا بـێ. [21]بـەڵام ئەوەی بـەڕێگای ڕاستیدا دەڕوات، بۆ لای ڕووناکی دێت تـاکو کـردەوەکانی دەرکەوێـت کە بەهۆی خوداوە کراوە.)

عیساو شایەتی یەحیا

[22]دوای ئـەوە عیسـاو قوتابـیەکانی ڕۆیشتن بۆ شـارەکانی یەهودیـە، لـەوێ لەگەڵـیان مایـەوە، دەسـتی کرد بەخـەڵك لە ئاوەڵکێشان. [23]هەروەها یەحـیا لەکانی نون لەنزیك شاری سالیم خەڵکی لە ئاوەڵدەکێشـا، چـونکە ئـاوی ئـەوێ زۆر بـوو خەڵکەکـە دەهـاتن و لـەوێ لەئاوەڵدەکێشران. [24] هێشـتا یەحـیا نەخـرابووە بەندیخانـەوە. [25]لـەوێدا گفـتوگۆیەکی گـەرم کەوتـە نێوان قوتابیەکانی یەحیا لەگـەڵ جوولەکەیـەك دەربارەی پاك کردنەوە. [26] جا چـوون بـۆ لای یەحـیا پێیان ووت: (مامۆستا، ئەو پـیاوەی بینـیمان لەگەڵـت لـەپشـتی ڕووبـاری ئوردونـەوە، ئـەوەی شـایەتیت بـۆدا، ئێسـتا ئەویش خـەڵك لەئاوەڵدەکێشێ و هەموو خەڵکەکە دەڕۆن بۆ لای ئەو!)

[27]یەحـیاش وەڵامـی دایەوە: (پیاو دەتوانێ تەنها ئـەوە وەرگـرێ کـە لەئاسمانـەوە پـێی دراوە! [28]ئێوە خۆتـان شایەتن کاتێ ووتم: من مەسیح نیم، من پێش ئـەو نـێراوم. [29]بـووك بۆ زاوایە! بەڵام هاوڕێی زاوا ئـەوەی لەچـاوەڕوانیدایە کـاتێ گوێی لەدەنگی زاوا دەبێ، دڵشاد دەبێ. جا ئەوەتا ئەم خۆشیەم هاتەدی. [30]دەبێت ئەو زیادبکات و منیش کەم.)

[31]ئـەوەی لەسـەرەوە هـاتووە لەسـەرووی هەمووانـە. بـەڵام ئـەوەی لە زەویە ئەو زەمینیەو هەر لـەبارەی کاروبـاری زەمیـنی دەدوێ. جـا ئـەوەی لەئاسمانـەوە هـاتووە لەسـەرووی هەمووانـە، [32]ئـەو شایەتی ئەوە دەدات کە بینیویەتی و بیستوویەتی، بەڵام کەس شایەتیەکەی وەرناگرێ! [33]ئەوەی شایەتیەکەی وەردەگرێ، دەیسەلێنێ کەوا خودا ڕاستە، [34]چونکە

ئـەوەی خـودا ناردوویـەتی بەووشەی خودا دەدوێ، لەبەرئـەوەی خـودا بەپـێوانە رۆح نـادات. [35]بـاوك رۆڵـەی خـۆی خۆشدەوێ، هەموو شتێکی خستوتە ژێـر دەسـتی. [36]ئەوەی باوەڕ بەرۆڵەکە بهێنێ، ژیانی هەتاهـەتایی هەیە. ئەوەش کە گوێرایەڵێ رۆڵەکە نابێ ژیـان نابینێـت، بـەڵکو تووڕەیـی خـودای بەسـەردا دەچەسپێ.

ژنێکی سامری

4 فەریسـیەکان بیسـتیان کە عیسا قوتابی زۆری هەیەو لەیەحیا زیاتر خەڵکی لەئاوهەڵدەکێشێ، [2]هەرچەندە خۆی خەڵکی لەئاوهەڵنەدەکێشا بەڵکو قوتابیەکانی. [3]کـاتێ عیسـا بەمـەی زانـی ناوچـەی یەهودیـەی بـەجێهێشـتوو گەڕایـەوە بـۆ ناوچـەی جەلـیل. [4] دەبوایـە بـەناوچـەی سـامیرەدا* بڕۆشـتایە، [5]لـەوێ گەیشـتە شـارێکی سـامری پێیدەوترا سوخار، نزیك بـوو لـەو پارچـە زەویـیەی یـاقوب بەیوسفی کوڕی دابـوو، [6]بـیری یاقوبیش لەوێبوو. جا چونکە عیسا مـاندووی گەشـتەکە بوو، کاتیش نزیکەی دوانزەی نیوەڕۆ بوو، لـەسەر قەراغی بیرەکە دانیشت. [7]ژنێکی سـامری هاتـە سەر بیرەکە بۆ ئەوەی ئاو بەرێ، عیسا پێی ووت: (هەندێ ئاوم بدەریٚ!) [8]قوتابیەکانی چوو بوونـە نـاو شـار تـا خـواردن بکـڕن. [9]ئـینجا ژنـە سـامرییەکە پـێی ووت: (تـۆ جوولەکەیـتو منـیش سـامری، چـۆن داوای ئـاوم لـێدەکەیت؟) چونکە جوولەکـەکان تـێکەڵی سـامرییەکان نـەدەبوون. [10] عیسـاش بەژنەکەی ووت: (ئەگەر تۆ بەخشینی خودا بزانیـتو ئـەوەی پێت دەڵێ ئاوم بدەریٚ بزانی کێیە، ئەوسـا تـۆ داوات لـێدەکـردو ئـەویش ئاوی ژیانی پێـتدەدا!) [11]ژنەکـە پـێی ووت: (بەڵام گەورەم، تۆ هیچـت پـێ نییە بۆ دەرهێنانی ئاو و بیرەکەش قوڵـە. ئـیتر ئـاوی ژیانـت لـەکوێ بوو؟ [12]ئایا تۆ لەیاقوبی باوکمـان گەورەتـری کـە ئـەم بـیرەی بـۆ بەجێهێشتووین، ئەوەی خۆیو منداڵۆ ئاژەڵی لێیان خواردۆتـەوە؟) [13]عیسـاش پـێی ووت: (هەر کەسـێ لـەم ئـاوە بخواتەوە دیسان تینووی دەبێتەوە. [14]بەڵام ئـەوەی لەو ئاوە بخواتەوە کە من دەیدەمێ، هەرگیز تیـنووی نـابێ، بـەڵکو ئەو ئاوەی من دەیدەمێ دەبێ بەکانیـیەك، لەناخـیدا هەڵدەقوڵـیو ژیانی هەتاهەتایی پێدەبەخشێ.)

[15]ئەوسـا ژنەکە پێی ووت: (گەورەم، ئەو ئاوەم بدەریٚ تاتینووم نەبێو جارێکی کە نەگەڕێمەوە بۆ ئێرە ئـاو بـەرم!) [16]عیساش پێی ووت: (برۆ، مێردەکەت بـانگبکـەو بگـەڕێوە بـۆ ئـێرە.) [17]ئـەویش وەڵامی دایەوە: (مێردم نییە!) عیساش ووتی: (ڕاست دەکەی کـە دەڵێیت مێردم نییە. [18]لەڕاستیدا تۆ پێنج مێردت هـەبوو، ئـەوەی ئێستاش لەگەڵی دەژی مێردت نییە. ئەمەشـت بەڕاستی ووت!) [19]ئینجا ژنەکە پێی ووت: (گـەورەم، مـن وای دەبیـنم تـۆ پێغەمـبەری. [20] باوباپیرانمـان خودایـان لـەم شاخەدا پەرستووە، بەڵام ئێوەی جوولەکە دەڵێن دەبێ تەنها قودس مەڵبەندی خودایەرستی بـێ.) [21]عیسا وەڵامی دایەوە: (باوەڕم پێبکـە ئـەی ئافـرەت، کـاتێ دێ کـەوا ئـێوە باوك

نەڵەسەر ئەم شاخەو نەڵەقودس دەپەرستن. [22]ئێوەی سامری نازانن کێ دەپەرستن، بەڵام ئێمە دەزانین کێ دەپەرستین چونکە ڕزگاری لە جوولەکەوەیە. [23]جا ئەو کاتە دێت کەوا ئیسرائیل، کاتێ خواپەرستە ڕاستەکان باوك بەڕۆح و بەڕاستی دەپەرستن، چونکە خودا ئەو جۆرە خواپەرستانەی دەوێ. [24]خودا ڕۆحە، ئیتر لەبەرئەوە دەبێ ئەوانەی دەیپەرستن بەڕۆح و بەڕاستی بیپەرستن.) [25]ژنەکە پێی ووت: (من دەزانم مەسیح (واتە دەستنیشانکراو) دێت، هەر کاتێ ئەو هات هەموو شتێکمان بۆ ڕوونددەکاتەوە.) [26]عیسا وەڵامی دایەوە: (من ئەوم، ئەوەی قسەت لەگەڵ دەکات!).

[27]لەوکاتەدا قوتابیەکان گەیشتن، سەریانسوڕما کاتێ بینییان قسە لەگەڵ ئەو ژنە دەکات. لەگەڵ ئەوەش کەسیان پێیان نەووت: (چیت لێی دەوێ؟ یاخود بۆچی گفتوگۆی لەگەڵ دەکەیت؟) [28]ئینجا ژنەکە گۆزەکەی بەجێهێشت و گەڕایەوە ناو شار، بەخەڵکەکەی ووت: [29](وەرن، ئەو پیاوە ببینن هەر چیەکم کردووە پێی ووتم! ڕەنگە ئەو مەسیح بێ؟) [30] ئیتر دانیشتوانی سوخار هاتنەدەرەوەو بەرەو لای چوون.

[31]لەوکاتەدا قوتابیەکانی زۆریان لێدەکردو پێیان دەووت: (مامۆستا، شتێ بخۆ.) [32]بەڵام ئەو وەڵامی دانەوە: (من خواردنێکم هەیە دەیخۆم کە ئێوە نایزانن.) [33]قوتابیەکانی لەنێوان خۆیاندا دەستیانکرد بەپرسیارکردن: (ئایا کەس خواردنی بۆ هێناوە؟) [34] عیساش پێی ووتن: (خواردنی من ئەوەیە خواستی ئەوە بەئەنجام بگەیێنم کە ناردوومیو کاروبارەکانی جێ بەجێ بکەم. [35]ئەی خۆتان نالێن: (پاش چوار مانگ کاتی درووێنە دێ!) بەڵام من پێتان دەڵێم: چاوتان بکەنەوەو سەیری کێڵگەکان بکەن، ئەوەتا پێگەیشتوونو کاتی درووێنەیان هاتووە. [36] درووێنەکەریش کرێی خۆی وەردەگرێ، بەروبووم کۆدەکاتەوە بۆ ژیانی هەتاهەتایی، ئەوسا چێنەرو درووێنەکەر بەیەکەوە دڵشاد دەبن، [37]ئینجا ئەو ووتەیە ڕاستە کە دەڵێ: (یەکێ دەچێنێو ئەویکەش درووێنە دەکات.) [38]من ئێوەم ناردووە بۆ درووێنەیەك کە پێوەی ماندوو نەبوون، کەسانیتر پێوەی ماندووبوونو ئێوە بەری ماندووبوونەکەیان دەخۆن.)

[39]ژمارەیەکی زۆر لە سامریەکانی دانیشتووی ئەو شارە باوەڕیان بەعیسا هێنا بەهۆی قسەی ئەو ژنەوە کە ووتی: (هەرچیەکم کردبوو هەمووی پێوتم.) [40]کاتێ سامریەکان هاتن بۆ لای، داوایان لێکرد لایان بمێنێتەوە، ئەویش لەوێ دوو ڕۆژ مایەوە، [41]بەهۆی ووشەکانیەوە ژمارەی ئەوانەی باوەڕیان پێهێنا زۆر زیادی کرد، [42]ئەوسا خەڵکەکە بەژنەکەیان ووت: (لەئێستا بەدواوە ئیتر ئێمە بەهۆی قسەی تۆوە باوەڕ ناکەین، بەڵکو باوەڕ دەکەین چونکە خۆمان گوێمان لێبوو، زانیمانو بۆمان دەرکەوت، ئەو پیاوە بەڕاستی ڕزگارکەری جیهانە!)

چاکردنەوە بەووشە

[43]پاش دوو ڕۆژ ئەوێی بەجێهێشتو ڕۆیشتە جەلیل، [44]چونکە عیسا خۆی ووتبوی: (پێغەمبەر

لـەوولاتـی خۆیـدا ڕێـزی لێناگیرێ!) [45]کاتێ عیسا گەیشـتە ناوچـەی جەلـیل دانیشـتوانی پێشـوازیان لـێکـرد، هەرچـیەکی کـردبوو لـەقودس لەجەژنی تێپەڕبوون بینیبوویان، چونکە ئەوانیش لەوێ بوون.

[46]جارێکی کـە سـەردانی شاری قانای ناوچەی جەلیـلی کرد، ئـەو شـوێنەی تـیایدا ئـاوی کـرد بـەشـەراب، لـەشـاری کەفـەرناحوم پـیاوێك لەدەستوپێوەندی پادشا، کوڕێکی نەخۆشی هەبوو. [47]کـاتێ پیاوەکە بیسـتی عیسـا ناوچـەی یەهودیەی بـەجێهێشـتووەو هـاتووە بـۆ ناوچـەی جەلیل، هاتە لای و لـێی پارایـەوە لەگـەڵی بچـێت بـۆ ئـەوەی کوڕەکـەی کە لەسەرەمەرگدا بوو چاك بکاتەوە. [48] ئـینجا عیسـا ووتـی: (بـاوەڕ ناکـەن هـەتا ئایـەتو نیشـانەی سەرسـوڕهێنەر نەبیـنن!) [49]لێرەدا پیاوەکە ووتی: (گەورەم، وەرە لەگەڵم پێش ئەوەی کوڕەکەم بمـرێ!) [50]عیسـا لەوەڵامدا ووتی: (بڕۆ! کوڕەکەت زیندووە!) پیاوەکە باوەڕی بەووشەکانی کردو ئەوێی بەجێهێشـت. [51]کاتێ پیاوەکە بەڕێگاوە بوو هەندێ لەکۆیلـەکانی تـووش بـوو، مژدەیـان دایـە کـە کوڕەکـەی زیـندووە، [52]ئـەویش لێیپرسـین لـەچ کاتـێکدا چاك بووەوە، لەوەڵامدا ووتیان: (دوێنێ لە کاژێـری یـەکی دوای نیوەڕۆ تایەکە بەریدا.) [53]بەمە باوکەکـە زانی ئەو کاژێرە ئەوکاتە بوو کە عیسا پێی ووت کوڕەکەت زیندووە. ئەوسا خۆی و خاوخێزانی هـەموو باوەڕیـان هێـنا. [54]ئەم نیشانە سەرسوڕهێنەرە نیشـانەی دووەم بـوو عیسـا کـردی دوای ئـەوەی ناوچـەی یەهودیـەی بەجێهێشـتو بـەرەو ناوچەی جەلیل ڕۆیشت.

چاکردنەوە لەڕۆژی شەممە

5

دوای ئەوە لەکاتی جەژنێکی جوولەکە عیسا چوو بۆ قـودس، [2]لەنـزیك دەروازەی مـەڕ حـەوزێك هەبوو بەعیبری پێیان دەووت بەیتی حەسدا، لەدەورو پشتی پێنج هۆڵی لـێبوو. [3]لەوێدا ژمارەیەکی زۆر نەخۆش کەوتـبوون لـەکوێـرو شـەڵو گـۆڕ، ﴿چـاوەڕێیان دەکرد ئاوی حەوزەکە بشلەقێ، [4]چونکە فریشتەیەك جـار جـارە دەهـات بـۆ حەوزەکـەو ئاوەکـەی دەشـلەقاند، جـا ئـەوەی یەکـەم کەس بچووبایە ناو حەوزەکـە، چـاك دەبـووەوە جـۆری نەخۆشـیەکەی هەرچـیەك بووایـە.﴾ [5]کابـرایەك لـەوێ بوو ماوەی سیوهەشـت سـاڵ بـوو نـەخۆش بوو. [6]کاتێ عیسا کابـرای بینـی لـەوێدا پـاڵکەوتووە، زانی ماوەیەکی دوورو درێـژی بـەم جـۆرە بەسـەربردووە، لێیپرسی: (دەتـەوێ چـاكبیـتەوە؟) [7]کابـرای نەخۆش وەڵامی دایـەوە: (گـەورەم، کەسم نییە یارمەتیمبدات و بمخاتە نـاو حەوزەکـە کـاتێ ئاوەکـە دەشـلەقێ. کـاتێ هەوڵدەدەم بچمە ناوێوە یەکێکیتر پێشم دەکەوێ و دەچـێتە نـاو ئاوەکـە.) [8]ئەوسـا عیسـا پـێی ووت: (هەسـتە! نوینـەکەت هەڵگـرەو بڕۆ!) [9]دەستبەجێ کابـرا چاك بووەوە نوێنەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت.

ئەو ڕۆژەش شەممەبوو.

[10]بۆیـە دەسـەڵاتدارانی جوولەکـە بـەکابـرای چـاکبوویان ووت: (ئەمڕۆ شەممەیە. ناشێ نوینەکەت

هەڵگری!) [11]کابراش وەڵامی دانەوە: (ئەوەی چاکی کردمەوە پێی‌ووتم: (نوێنەکەت هەڵگرەو بڕۆ!)) [12] ئەوانیش لێیان پرسی: (کێ پێی ووتی: نوینەکەت هەڵگرەو بڕۆ؟) [13]بەڵام کابرای کە چاکبووەوە نەیدەزانی ئەو کێیە، چونکە عیسا بێئەوەی هەستی پێبکرێ خۆی کێشایەوە لەو شوێنەی خەڵکەکەی لێبوو. [14]دوای‌ئەوە عیسا کابرای لەپەرستگادا بینی پێی ووت: (ئا ئەوەتا چاکبوویتەوە. جارێکی‌کە مەگەڕێرەوە بۆ گوناە تاوەکو شتی خراپترت بەسەر نەیەت!) [15]ئینجا کابرا ڕۆیشتو بەجوولەکەکانی ووت کە عیسا چاکی کردۆتەوە. [16]ئیتر جوولەکەکان دەستیانکرد بەچەوساندنەوەی عیسا، چونکە ئەو کارانەی لەڕۆژی شەممەدا دەکرد.

باوکو ڕۆڵە

[17]بەڵام عیسا پێی ووتن: (تاوەکو ئێستاش باوکم هەر کاردەکات، منیش هەروەها کاردەکەم!) [18]جا لەبەرئەوە هەوڵدانی جوولەکەکان پەرەی‌سەند بۆ کوشتنی، تەنها لەبەرئەوە نا کە بەڕێچی ڕۆژی شەممەی کرد بوو، بەڵکو لەبەرئەوەی ووتی خودا باوکیەتی، بەمەش خۆی یەکسان دەکرد لەگەڵ خودا. [19]عیسا پێی ووتن: (ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم: ڕۆڵە ناتوانێ بەتەنها لەخۆیەوە هیچ بکات، بەڵکو دەبینێ باوکی چی دەکات ئەویش ئەوە دەکات. هەموو شتێ کە باوک دەیکات، ڕۆڵەش هەمان شت دەکات. [20]چونکە باوک ڕۆڵەی خۆی خۆشدەوێ، هەرچیەک دەکات نیشانی‌دەدات، هەروەها لەم کارەش گەورەتری نیشاندەدات، ئەوسا سەرسام دەبن. [21]هەروەک چۆن باوک مردووان هەڵدەستێنێتەوەو زیندوویان دەکاتەوە، هەروەها ڕۆڵەش هەرکەسێکی بوێ زیندووی دەکاتەوە. [22] باوک حوکم بەسەر کەس نادات، بەڵکو هەموو دەسەڵاتی حوکمدانی داوە بە ڕۆڵە، [23]جا با هەموو ڕێزی ڕۆڵە بگرن هەروەک چۆن ڕێزی باوک دەگرن. هەر کەسێکیش ڕێزی ڕۆڵە نەگرێ ڕێزی ئەو باوکە ناگرێ کە ناردوویەتی.

لەمردنەوە بەرەو ژیان

[24]ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم: ئەوەی گوێ لەووشەکەم بگرێو باوەڕبهێنێ بەوەی ناردوومی ژیانی هەتاهەتایی دەبێ، لەڕۆژی دواییدا حوکم نادرێ بەسەری، چونکە ئەو لە مردنەوە پەڕیوەتەوە بۆ ژیان. [25]ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم: ئەو کاتە دێ ئەوەتا نێستا هاتووە، کەوا مردووان گوێیان لە دەنگی ڕۆڵەی خودا دەبێ، ئینجا ئەوانەی گوێیان لێبێدەبێ زیندوودەبنەوە. [26]چونکە هەروەک باوک سەرچاوەی ژیانە، بەم جۆرەش بەڕۆڵەی داوە سەرچاوەی ژیان بێ، [27]دەسەڵاتی حوکم بەسەردانی داوەتێ چونکە ئەو ڕۆڵەی مرۆڤە. [28]سەرتان لەمە سوڕنەمێنێ: کاتێك دێ هەموو ئەوانەی لەناو گۆڕدان گوێیان لەدەنگی دەبێو [29]دێنە دەرەوە، جا ئەوانەی کرداری چاکیان کردووە بەرەو هەستانەوەی ژیان دەڕۆن، بەڵام ئەوانەی کرداری خراپیان کردووە بەرەو هەستانەوەی حوکم

بەسەردان.

[30]مـن نـاتوانم لـەخۆمـەوە هیض بکـەم، بـەڵکو حوکـمدەدەم بەڕێـی ئـەوەی طوێـم لـێدەبێ، حوکـم بەدادپـەروەرانەکەشـم دادپەروەرانەیـە، لەبـەر ئـەوەی هـەوڵ نـادەم خواسـتی خـۆم بهێـنمەدی، بـەڵکو خواسـتی ئەوەی کە ناردوومي.

شایەتی باوك بۆ ڕۆڵەی خۆی

[31]ئەگـەر خـۆم شایەتی بۆخـۆم بدەم شایەتیەکەم ڕاسـت نـیـیە، [32]بەڵام یەکێکی کە شایەتیم بۆ دەدات، منیش دەزانم ئەو شایەتیەی بۆ منی دەدات ڕاستە. [33] ئـێوە نـێڕاوتان نـاردە لای یەحـیا ئەویش شایەتی بۆ ڕاسـتیدا. [34]مـن ئەمە دەڵـێم لەبەرئەوە نییە من پشت بەشـایەتی مـرۆڤ دەبەسـتم، بـەڵکو لـەپێـناو ڕزگـاربوونتانە. [35]یەحیا چرایەکی ڕووناکی هەڵکراو بـوو، حەزتان دەکرد ماوەیەك چێژ لەڕووناکیەکەی وەرگرن. [36]بەڵام من شایەتیەکی مەزنترم هەیە لەوەی یەحـیا، ئەویش شایەتی ئەو کارانەیە کە باوکم داوای لـێکـردووم تـەواوی بکـەم. جـا ئـەوەی دەیکـەم بەئاشکرا شایەتی بۆ من دەدا کە باوك منی ناردووە، [37]ئـەو باوکـەی مـنی ناردووە خۆشی شایەتی بۆ من دەدا.

ئـەوەی ئـێوە هەرگـیز دەنگیـتان نەبیسـتووە، هـەروەها ڕوالّەتیـتان نەبینیووە. [38]ئەوەی ووشەکەی لـەدڵـتاندا نیشـتەجێ نـەبوو، چـونکە ئـەوەتا ئـێوە باوەڕناکـەن بـەوەی ناردوویـەتی. [39]ئـێوە کتێـب دەپشـکنن چـونکە لـەو بـاوەڕەدان بـەرەو ژیـانی هەتاهەتاییـتان دەبـات. ئـەو پەرتووکانەش شایەتیم بۆ دەدەن. [40]بـەڵام ئـێوە ناتانـەوێ بێن بۆ لای من تاکو ژیانتان هەبێ. [41]من شکۆمەندی لەخەڵك وەرناگرم. [42]بەڵام من دەتانناسم، هەروەها دەزانم خۆشەویستی خـودا لـە ناوەڕۆکتاندا نییە. [43]جا ئەوەتا من بەناوی باوکمەوە هاتووم پێم ڕازی نین، بەڵام پێشوازی لەوە دەکـەن کـە بـەناوی خۆیـەوە دێـت. [44]ئەگـەر ئێوە شـکۆمەندی لەیەکتری وەربگـرنو ئەو شکۆمەندیەی لەتاکـە خوداوەیـە داوانەکـەن، ئـیتر چـۆن دەتوانن باوەڕبهێـنن؟ [45]لـەو بـاوەڕەدا مـەبن مـن شـکاتتان لـێبکەم لای باوك، لەوێ یەکێکی کە هەیە شکاتتان لـێبکـات، ئـەویش موسـایە کـە هیواتان پێیەتی. [46] ئەگـەر باوەڕتـان بـەموسـا بکـردایە، ئەوسا باوەڕتان بـەمنـیش دەکـرد، چـونکە ئـەو لـەبارەی مـنەوە نووسـیویەتی. [47]کەواتە گەر ئێوە باوەڕنەکەن بەوەی موسـا نووسـیویەتی، ئیتر چۆن باوەڕ بە قسەکانی من دەکەن؟)

تێرکردنی پێنج هەزار کەس

6

دوای ئەمە عیسا پەڕییەوە ئەوبەری دەریاچەی جەلیل کـە دەریاچـەی تەبەریـیە، [2]ئینجا ژمارەیـەکی زۆر خـەڵکی دوایکـەوتن، چـونکە نیشـانەی سەرسـوڕهێنەری چاڵکبوونەوەی نەخۆشیان لـێبینی. [3]عیسـاو قوتابیەکانیشی چوونە سەر شاخێڵو لەوێ دانیشـتن. [4]هـەروەها جـەژنی تێـپەڕبوونی

جوولەکەکانیش نزیك بوو. [5]کاتێ عیسا سەیری کردو بینی ژمارەیەکی زۆر بەرەو ڕووی دێن، بە فیلیپۆسی ووت: (لەکوێ نان بکڕین تا نانی ئەم هەمووە بدەین؟) [6]ئەمەی ووت بۆئەوەی تاقی‌کاتەوە، چونکە عیسا خۆی دەیزانی چی دەکات. [7]فیلیپۆس وەڵامی دایەوە: (گەر تەنانەت بایی دووسەد دیناریش* نان بکڕین، بەشی ئەوە ناکات هەریەکەیان پارچەیەکی بچووکی بەرکەوێ!) [8]ئینجا ئەندەراوس، برای شەمعون پەترۆس، کە یەکێك بوو لە قوتابیەکانی پێی ووت: [9](لێرە کوڕێك هەیە پێنج نانی جۆو دوو ماسی پێیە. بەڵام ئەمە چیە بۆ ئەم کۆمەڵە گەورەیە؟) [10]عیسا ووتی: (دایانبنیشێنن!) پیاوەکان کە ژمارەیان پێنج هەزار کەسێك دەبوو لەوێدا سەوزە گیایەکی زۆری لێبوو لەسەری دانیشتن. [11] عیسا نانەکانی هەڵگرتو سوپاسی خودای کرد، ئینجا ئەوەندەی پێویستیان پێبوو دابەشی‌کرد بەسەر دانیشتوان، هەمان شتیشی لە دوو ماسیەکە کرد. [12] کاتێ تێربوون، بە قوتابیەکانی ووت: (ئەو لەتە نانانەی ماوەتەوە کۆی‌کەنەوە تاکو هیچ شتێك بەفیڕۆ نەڕوات!) [13]ئەوانیش کۆیان‌کردەوە، ئینجا لەپێنج نانە جۆیەکە دوانزە سەبەتە لەتە نانی پاشماوەیان کۆکردەوە لە نانخۆران. [14]کاتێ خەڵکەکە ئەو نیشانە سەرسوڕهێنەرەیان بینی کە عیسا کردی ووتیان: (بەڕاستی، ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە بۆ جیهان هاتووە.) [15]عیسا کە زانی ئەوان خەریکن بیرفێنو بیکەن بە پادشا، بەتەنها گەڕایەوە بۆسەر شاخ.

عیسا بەسەر ئاودا دەڕوات

[16]کاتێ ئێوارە داهات قوتابیەکانی هاتنەخوارەوە بۆ دەریاچەکە، [17]سواری بەڵەمێك بوونو بەرەو شاری کەفەرناحوم کە کەوتبووە بەری ئەوبەری دەریاچەکەوە کەوتنە ڕێ. تاریکی داهات بەڵام عیسا هێشتا نەگەیشتبووە لایان. [18]ئینجا ڕەشەبایەکی بەهێز هەڵی‌کرد، ئاوی دەریاچەکەی شڵەقاند. [19]دوای ئەوەی قوتابیەکان نزیکەی پێنج تا شەش کیلۆمەتر سەوڵیان لێدا، عیسایان بینی نزیك دەبێتەوە لەبەڵەمەکەیانو بەسەر ئاوی دەریاچەکەدا دەڕوا. ترسیان لێنیشت. [20]پێی ووتن: (منم، مەترسن!) [21] هەر ئەوەندەی داوایان لێکرد سواری بەڵەمەکەبێ، یەکسەر بەڵەمەکە گەیشتە شوێنی مەبەست.

[22]بۆ بەیانی، ئەو خەڵکەی لەسەر کەناری ئەوبەری دەریاچەکە مابوونەوە تەنها یەك بەڵەمیان بینی، بەبیریشیان هاتەوە عیسا لەگەڵ قوتابیەکانی سواری بەڵەمەکە نەببوو، بەڵکو قوتابیەکانی بەتەنها سواربببوون. [23]ئیتر چەند بەڵەمێکی‌کە لەشاری تەبەریەوە هاتن، لەنزیك ئەو شوێنە لەنگەریان گرت کە ئەو نانەیان تیادا خواردبوو پاش ئەوەی خوداوەند سوپاسی خودای لەسەرکردبوو. [24]کاتێ خەڵکەکە عیساو قوتابیەکانیان لەوێ نەبینی، سواری ئەو بەڵەمانە بوونو چوون بۆ کەفەرناحوم تا بەشوێن عیسا بگەڕێن.

من نانی ژیانم

[25]جا کاتێ لەبەری ئەوبەری دەریاچەکەوە

دۆزیـانەوە، پـێیان ووت: (مامۆستا، کەی گەیشتیتە ئـێرە؟) [26]عیساش لـەوەلامدا ووتی: (ڕاستی ڕاستیتان پـێدەڵـێم: ئـێوە بـەدوامدا دەگـەڕێن لـەبەرئەوەنا کە نیشـانەی سەرسـوڕهێنەرتان بینی، بەڵکو لـەبەرئەوەی لـەنانەکـەتان خواردو تێربوون. [27]لـەپێناوی خۆراکی لـەناوچوو ئیش مەکەن، بەڵکو لـەپێناو ئەو خۆراکەی دەمێنێـتەوە بۆ ژیانی هەتاهەتایی، ئەوەی ڕۆڵـەی مرۆڤ دەتـانداتـێ، چـونکە ڕۆڵـە مـۆری خـودای باوکی پـێوەیە.) [28]لـێرە پێیان ووت: (دەبێ ئێمە چی بکەین، تـاکو کارەکـانی خـودا بکەین؟) [29]ئەویش وەڵامی دانـەوە: (ئەمەیـە کـاری خـودا: باوەڕبهێـنن بەوەی ناردوویـەتی.) [30]ئەوسـا پێیان ووت: (چ نیشانەیەکی سەرسوڕهێنەر دەکەیت تا ببینین و باوەڕت پێبکەین؟ دەتوانـــی چـــی بکەیت؟ [31]باوباپیرانغـــان مەنـــیان* خـواردووە لـەبـیاباندا هەروەك نووسراوە: {ئەو لە ئاسمانەوە نانی دانێ تا بیخۆن!})

[32]عیسـا پـێی ووتن: (ڕاستی ڕاستیتان پـێدەڵـێم: موسا نەبوو لـەئاسمانەوە نانی دانێ، بەڵکو باوکمە نانی ڕاسـتیتان دەداتـێ لـەئاسمانەوە. [33]چونکە نانی خودا ئەوەیـە کـە لـەئاسمانـەوە دابـەزیوەو ژیـان بەجـیهان دەبەخشـێ.) [34]پـێیان ووت: (گـەورە، هەموو کاتێ ئـەو نانـەمان بـدەرێ.) [35]عیسا وەڵامی دانەوە: (من نـانی ژیـانم، ئـەوەی بێـتە لام برسـی نابێت، ئەوەش بـاوەڕم پێبهێـنـێ هەرگـیز تیـنووی نـابێ. [36]بـەڵام هـەروەکو پـێمووتـن ئـێوە منـتان بیـنی کەچـی باوەڕناکـەن، [37]جـا هەرکەسێك باوکم پێمدەبەخشێ بـۆ لای مـن دێـت، هەرکەسـێکیش بێـتە لای مـن، هەرگـیز دەری ناکەمـــە دەرەوە. [38]چـونکە مـن لـەئاسمانـەوە دابـەزیوم، بـۆ ئـەوە نـا خواسـتی خۆم بهێـنمەدی، بەڵکو بۆئەوەی خواستی ئەوە بهێنمەدی کـە نـاردووەمی. [39]ئەمـەش خواسـتی ئەوەیە کە منی نـاردووە: کەس نییە لـەوانەی داویەتیە من لەناوبچێ، بـەڵکو لـەڕۆژی دواییـدا زیـندووی دەکەمەوە. [40] چـونکە خواسـتی بـاوکم ئەمەیـە: هەر کەسێ ڕۆڵـە ببینـێو بـاوەڕی پـێبهێـنـێ، ژیـانی هەتاهـەتایی دەبێ، لـەڕۆژی دواییشدا زیندووی دەکەمەوە.)

[41]جوولەکـەکان دەسـتیانکـرد بـە نـاڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بەعیسا چونکە دەیـووت: (من ئەو نانـەم لـەئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە.) [42]ووتیان: (ئەمە عیسـای کـوڕی یوسف نییە کە ئێمە دایك و باوکی دەناسـین؟ ئێسـتا چـۆن دەڵـێ مـن لـە ئاسمانـەوە هاتوومەتە خوارەوە؟)

[43]عیسـاش وەڵامـی دانـەوە: (لـەناو خۆتـاندا بۆڵـەبـۆڵ مەکەن! [44]هیچ کەسێ ناتوانێ بێتە لای من گـەر بـاوك ئـەوەی منی ناردووە ڕاینەکێشێ، منیش لەڕۆژی دواییدا زیندووی دەکەمەوە. [45]لەپەرتووکی پێغەمبەراندا نووسراوە: {هەموو لەخوداوە فێردەبن} ، ئیتر هەرکەسێ گوێ لەباوك بگرێو لێوەی فێربێ بـۆ لای مـن دێت. [46]ئەمەش مانای ئەوە نییە یەکێك هـەبێ باوکی بینیبێ تەنها ئەوەی کە لـەخوداوەیە ئەو باوکی بینیوە.

[47](ڕاسـتی ڕاسـتیتان پـێدەڵـێم: ئـەوەی باوەڕ بهێـنـێ ژیـانی هەتاهـەتایی هەیە. [48]من نانی ژیانم. [49] باوباپیرانـتان لـەبـیاباندا مەنیان خوارد لەگەڵ ئەوەش

مـردن، [50]بـەلاّم ئـەوەتا ئـەو نانـەی لەئاسمان هاتۆتە خـوارەوە، ئەوەی هەر مرۆڤێ لێی بخوات نامرێ. [51] مـن ئـەو نانـە زیندووەم لەئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە. ئەوەی لەم نانە بخوا تاهەتایە دەژی. ئەو نانەش کە من دەیدەم ئـەوە لەشـمە، دەیبەخشـم لەپێناوی ژیانی جیهاندا.)

[52]ئـەم قسـانە بووە هۆی دەمەقاڵێیەکی توندو ڕەق لەنـێوان جوولەکەکاندا، ئینجا پرسیاریانکرد: (چـۆن ئەمـە دەتوانـێ لەشـی خۆیمـان بداتـێ تـا بـیخۆین؟) [53]عیسا وەڵامی دانەوە: (ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵـێم: ئەگـەر لـە لەشـی ڕۆڵەی مرۆڤ نەخۆنو لـەخوێنـی نەخۆنـەوە، ژیـان لە ئێوەدا نییە. [54]بەڵاّم ئـەوەی لەشـم بخـواتو خوێـنم بخواتـەوە، ژیـانی هەتاهـەتایی دەبـێ، هـەروەها لـە ڕۆژی دوایـیدا زیـندووی دەکەمـەوە، [55]چـونکە لەشـم خۆراکـی ڕاستەقینەیەو خوێنیشم خواردنەوەی ڕاستەقینەیە. [56] دیسـان هـەر کەسـێ لـە لەشـم بخوات و لەخوێنم بخواتـەوە لـە مـندا جێگیردەبێو منیش لەئەودا. [57] چـۆن بـاوکی زیـندووم منی ناردووەو من زیندووم بـەو باوکـە، هـەمانشـت بـەهۆی منەوە ئەوەی لە لەشـم دەخـوات زیندوودەبێ. [58]جا ئەمە ئەو نانەیە لـەئاسمان هاتـەخوارەوە، ئەمەش وەکو ئەو مەنە نییە کـە باوباپیرانـتان خواردیانو مردن. ئەوەی لەم نانە بخوات تاهەتایە دەژی.)

[59]عیسـا ئەمانـەی هـەموو لەکەنیشـتدا ووت، کاتێ لەشاری کەفەرناحوم خەڵکەکەی فێردەکرد.

قوتـابییەکان گومان دەکەن

[60]زۆر لـەقوتابـیەکانی کـە گوێـیان لەمـە بوو ووتـیان: (ئەم قسانە چەند گرانە! کێ دەتوانێ گوێی لـێبگـرێ؟) [61]عیسا هەستیکرد قوتابیەکانی بەهۆی ئەمـەوە بۆڵـەبۆڵ دەکەن، ئەوسا لێیپرسین: (ئایا ئەمە دەتـانخاتـە گومانـەوە؟ [62]ئـەی ئەگەر ببینن ڕۆڵەی مـرۆڤ بەرزبکرێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لەپێشا لێیبوو؟ [63]ڕۆح ژیـان دەدات، بـەڵاّم لـەش بەکـەڵکی هـیچ نایـەت. ئـەو ووشـانەی کـە پـێمووتن ئەوانە ڕۆحو ژیـانن. [64]بـەڵاّم هەندێکـتان باوەڕناکـەن!) عیسـا لەسـەرەتاوە دەیـزانیکێن ئەوانەی باوەڕی پێناکەن، هـەروەها کێـیە ئـەوەی دەیـدا بەدەسـتەوە. [65]ئینجا ووتی: (لەبەرئەوە پێم ووتن کەس ناتوانێ بێ بۆ لای من، گەر باوك ئەمەی پێنەبەخشێ.)

[66]لەوکاتـەدا زۆر لـە قوتابـیەکانی بەجێـیان هێشتو ئیتر دوای نەکەوتن. [67]ئەوسا عیسا بەدوانزە قوتابـیەکەی ووت: (ئـێوەش دەتانـەوێ وەك ئـەوان بـڕۆن؟) [68]شـەمعون پەتـرۆس وەڵامـی دایـەوە: (گـەورەم، بـۆ لای کـێ بـڕۆین؟ ووشـەکانی ژیانی هەتاهـەتایی لای تۆیـە. [69]ئـێمە باوەڕمـان هێـناوەو زانـیومانە تـۆ پـاك‌وپـیرۆزی خودای!) [70]ئینجا عیسا ووتـی: (ئایـا مـن ئـێوەی دوانـزەم هەڵـنەبژاردووە؟ لەگـەڵ ئەوەشـدا یەکێ لەناوتاندا شەیتانە!) [71]لێرەدا مەبەسـتی لەیـەهوزای کوڕی شەمعونی ئەسخەریوتی بـوو، ئـەوەی لـەدوایـیدا ناپـاکی لەگـەڵ کـرد، هەرچەندە یەکێ بوو لەدوانزە قوتابیەکەی.

ڕقی جیهان بۆ عیسا
7

دوای ئەوەی عیسا دەستی‌کرد بەگەڕان بەناوچەی جەلیلدا، نەیویست بەناوچەی یەهودیەدا بگەڕێ، چونکە دەسەلاتدارانی جوولەکە هەوڵی کوشتنیان دەدا. [2]کاتێ جەژنی کەپرەشینەی* جوولەکەکان نزیك بووەوە، [3]براکانی پێیانووت: (ئەم ناوچەیە بەجێبهێڵەو بڕۆ ناوچەی یەهودیە تاکو قوتابیەکانت کردارەکانت ببینن، [4]هیچ کەسێ بەنهێنی ئیش ناکات گەر بیەوێ ناوبانگ دەرکات. تۆ کە ئەم شتانە دەکەیت خۆت دەرخە بۆ خەڵکی.) [5]هەرچەندە براکانیشی خۆیان باوەڕیان پێنەدەکرد. [6] عیسا لەوەڵامدا ووتی: (جارێ کاتم نەهاتووە، بەڵام کاتی ئێوە هەردەم گونجاوە. [7]جیهان ناتوانێ ڕقی لێتان بێت، بەڵام ڕقی لەمن دەبێتەوە، چونکە من شایەتم بەسەریەوە کە کردەوەکانی خراپە. [8]ئێوە خۆتان بۆ جەژن بڕۆن بۆ ئەوێ، من نایەم بۆ ئەم جەژنە. چونکە هێشتا کاتی من نەهاتووە.) [9]عیسا ئەمەی پێووتن‌و لە ناوچەی جەلیل مایەوە.

[10]دوای ئەوەی براکانی ڕۆیشتن بۆ جەژنەکە، ئەویش ڕۆیشت بۆ ئەوێ، بەڵام بەنهێنی نەك بەئاشکرا. [11]دەسەلاتدارانی جوولەکە لەجەژنەکەدا بەدوایدا دەگەڕان‌و دەیانپرسی: (ئەو لەکوێیە؟) [12] دەربارەی ئەو لە نێوان خەڵکەکەدا چرپەچرپێکی زۆر هەبوو، هەندێکیان دەیانووت: (پیاوێکی چاکە.) بەڵام هەندێکی‌کەیان دەیانووت: (نەخێر بەڵکو گەل گومڕا دەکات.) [13]جا لەترسی دەسەلاتدارانی جوولەکە کەس بەئاشکرا باسی نەدەکرد.

بیروڕای جیاواز دەربارەی عیسا

[14]کاتێ نیوەی جەژن تێپەڕی، عیسا چوو بۆ پەرستگاو دەستی‌کرد بە فێرکردنی خەڵکەکە. [15] جوولەکەکان سەرسام بوون‌و پرسیان: (چۆن لەکتێب دەزانێت بەبێ ئەوەی خوێندبێتی؟) [16]عیسا لەوەڵامدا ووتی: (فێرکردنەکانم هی خۆم نییە، بەڵکو هی ئەوەیە کە ناردوومی. [17]جا هەر کەسێ بیەوێ بەخواستی خودا کار بکات دەزانێ ئاخۆ فێرکردنەکانم لەلایەن خوداوەیە یاخود لەخۆمەوە قسە دەکەم. [18]ئەوەی لەخۆیەوە قسە بکات، داوای شکۆمەندی بۆ خۆی دەکات، بەڵام ئەوەی داوای شکۆمەندی بۆ ئەوە بکات کە ناردوویەتی، ئەوکەسە ڕاستەو درۆی تیادانییە. [19]ئایا موسا شەریعەتی نەداوناتێ؟ بەڵام کەستان لەسەری ناڕۆن! بۆچی هەوڵی کوشتنم دەدەن؟) [20]خەڵکەکە وەڵامیان دایەوە: (ڕۆحی پیست تیادایە! کێ دەیەوێ بتکوژێ؟) [21]عیسا پێی ووتن: (تەنها کارێکم کرد هەمووتان سەرتانسوڕما. [22]جا چونکە موسا ڕای‌سپاردوون خەتەنە بکەن، هەرچەندە ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ موسا بەڵکو بۆ باووباپیران، تەنانەت لەڕۆژی شەممەشدا بێت مرۆڤ خەتەنە دەکەن. [23]گەر هاتوو ئێوە مرۆڤێکتان خەتەنەکرد لەڕۆژی شەممەدا هەتا بەڕێچی شەریعەتی موسا نەکەن، ئایا دەبێ لەمن تووڕەبن چونکە مرۆڤێکم بە تەواوی لەڕۆژی

شـەمّەدا چـاك كـردۆتەوە؟ [24]بەسـەرزاری حوكـم مـەدەن، بـەڵكو حوكمـێكی داديەروەرانە بدەن.) [25] لەوكاتـەدا هـەندێ لـەدانيشـتوانی شـاری قـودس ووتيان: (ئايا ئەمە ئەوە نييە كە دەيانەوێ بيكوژن؟ [26] ئـا ئـەوەتا بـەئاشـكرا قسـە دەكاتو كەسيش هيچی پێنـاڵێ. ئايـا سـەرۆكەكانمان دڵنـيا بوونـە كـە ئەو بەڕاسـتی مەسـيحە؟ [27]كاتێ مەسيح دێ كەس نازانێ لـەكوێوە هـاتووە، بـەڵام ئێمە ڕەگەزو بنەچەی ئەمە دەناسين!)

[28]بۆيـە كـاتێ عيسـا لـەپەرسـتگادا خـەڵكی فـێردەكرد، دەنگـی بەرزكـردەوەو ووتـی: (ئايـا بەڕاستی ئێوە من دەناسن و دەزانن لەكوێوە هاتووم؟ من لەخۆمەوە نەهاتووم، جا ئەوەی منی ناردووە ئەو ڕاستەو ئێوە ناينناسن. [29]بەڵام من ئەو دەناسم چونكە مـن لـەوەو ئـەويش مـنی نـاردووە.) [30]ئەوسـا جوولەكەكان هەوڵی گرتنياندا، بەڵام كەس دەستی بـۆ درێـژ نەكـرد، چونكە هێشتا كاتی نەهاتبوو. [31] لـێرە ژمارەيـەكی زۆر لـەخەڵكی باوەڕيان پێهێناو ووتـيان: (كـاتێ مەسـيح بێـت، ئايـا نيشـانەی سەرسـوڕهێنەری زياتـر دەكـات لـەوەی ئـەم پياوە كردوويەتی؟)

[32]فەريسـيەكان گوێـيان لـێبوو خەڵكەكـە دەربـارەی عيسا چرپەچرپ دەكەن لەگەڵ يەكتری، ئەوسا ئەوانو سەرۆك كاهينەكان چەند پاسەوانێكيان نارد تابيگرن. [33]عيسا ووتی: (من تەنها بۆ ماوەيەكی كـەم لەگەڵتاندام، ئينجا دەگەڕێمەوە بۆ لای ئەوەی نـاردووم. [34]ئەوكاتـە بـەدوامدا دەگـەڕێن و نامدۆزنەوە، هەروەها ناتوانن بێن بۆ ئەو شوێنەی منی لـێدەبم.) [35]ئـيتر جوولەكـەكان لەنـێوان خۆيـاندا پرسـياريان كـرد: (نـيازی كوێی هەيە بۆی بڕواتو ئێمە نای‌دۆزينەوە؟ ئايا بۆ ئەو شارە يۆنانيانە دەڕوات كە جوولەكەكان تياياندا پەرشوبلاۆ بوونەتەوە، تاوەكو يۆنانـيەكان فـێربكات؟ [36]مەبەسـتی چـيە لەوەی كە دەڵـێ: (دەگەڕێن بەدوام بەڵام نامدۆزنەوە، هەروەها ناتوانن بێن بۆ ئەو شوێنەی منی لێدەبم؟))

ڕووبـاری زيندوو

[37]لـەدوا ڕۆژی جـەژندا، كە گرنگترين ڕۆژی بـوو، عيسـا ڕاوەسـتاو بـەدەنگی بەرز ووتی: (گەر يەكێ تينووی بوو بابێتە لای منو بخواتەوە. [38]ئەوەی بـاوەڕم پێبهێـنێ، لەناوەڕۆكيدا ڕووبـاری ئاوی ژيان هـەڵدەقوڵێ.) [39]لـێرە عيسـا مەبەسـتی لـەڕۆحی پيرۆزبوو، كە دەدرێ بەوانەی باوەڕی پێدەهێنن، جا ئـەو ڕۆحـە جـارێ نـەدرابوو چـونكە هێشـتا عيسا شكۆدار نەببوو.

[40]كـاتێ ئامـادەبووان گوێيان لەم ووشانە بوو، هەندێكيان ووتيان: (ئەمە بەراستی پێغەمبەرەكەيە!) [41] هـەروەها هەندێكی كـەيان ووتـيان: (ئەمە مەسيحە.) بـەڵام چـەند كەسـێكی كە ووتـيان: (ئايـا مەسـيح لەناوچـەی جەلـيلەوە دەردەكەوێ؟ [42]ئايا لەكتێبدا بـاس نەكـراوە مەسـيح لـەنـەوەی داود پەيدا دەبێ، لـەدێـی بەيـتـلـەحم كـە داودی لـێبووە؟) [43]جا بـەهۆی ئـەوەوە دووبـەرەكی لـەبيرورا لەنـێوان خەڵكەكـەدا دروسـت بـوو. [44]هەندێكيان ويستيان

بیگرن، بەلام کەسیان دەستیان بۆ نەبرد.

45ئەوسا پاسەوانەکان گەڕانەوە لای فەریسیەکانو سەرۆك کاهینەکان، ئەوانیش لێیان پرسین: (بۆچی نەتان هێنا؟) 46لەوەڵامدا ووتیان: (هەرگیز کەس وەك ئەو قسەی نەکردووە!) 47 ئەوانیش پێیان ووتن: (ئایا ئێوەش گومڕا بوون؟ 48 ئایا بینیوتانە یەکێ لەسەرۆکەکان یاخود فەریسیەکان باوەڕی پێبهێنن؟ 49نەخێر! تەنها ئەو خەڵکە نەفرەت لێکراوەی لەشەریعەت نازانن.) 50 بەڵام یەکێ لەوان کە ناوی نیقۆدیموس بوو، ئەوەی بەشەو بۆ لای عیسا هاتبوو، پێی ووتن: 51(ئایا شەریعەتی ئێمە ڕێگا دەدات حوکم بدرێ بەسەر یەکێکدا بێئەوەی یەکەمجار گوێ لەو کەسە بگیرێ تا بزانرێ چیکردووە؟) 52ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: (ئایا تۆش لەدانیشتوانی جەلیلی؟ کتێب بخوێنەوە ئەوسا دەزانی هەرگیز لەجەلیل پێغەمبەر دەرناکەوێ!) ﴿53ئیتر هەر یەکە ڕۆیشتەوە بۆ ماڵی خۆی.

ئافرەتێکی داوێن پیس

8

بەڵام عیسا بۆ شاخی زەیتون ڕۆیشت. 2لەبەرەبەیان گەڕایەوە بۆ پەرستگا، خەڵکێکی زۆر لێی کۆبوونەوە، ئەویش دانیشتو دەستی کرد بەفێرکردنیان. 3مامۆستایانی شەریعەتو فەریسیەکان ژنێکی داوێن پیسیان هێنایە لایو لەناوەڕاست ڕایانگرت، 4پێیان ووت: (مامۆستا ئەم ژنە لەکاتی داوێنپیسیدا گیراوە. 5موسا لەشەریعەتدا ڕای‌سپاردوین ئەوانەی وەك ئەم ژنە وان دەبێ بەردباران بکرێن، تۆ چی دەڵێی؟) 6ئەمەیان لێپرسی تا تاقی بکەنەوەو هۆیەك بدۆزنەوە بۆ تاوانبارکردنو دادگایی‌کردنی. بەڵام عیسا سەری داگرتو بەپەنجە دەستی‌کرد بەنووسین لەسەر زەوی. 7کاتێ ئەوان هەر سوور بوون لەسەر پرسیارەکەیان، عیسا سەری‌هەڵبڕیو پێی ووتن: (کامتان بێگوناهە با یەکەم بەردی لێبدات!) 8دیسان سەری داگرتەوەو دەستی‌کرد بەنووسین لەسەر زەوی. 9کە گوێیان لەم قسەیە بوو، لە پیرەکانیانەوە هەمموو یەك لەدوای یەك خۆیان کێشایەوە. ئەوسا عیسا بەتەنها مایەوە، ژنەکەش لەشوێنی خۆی وەستابوو. 10ئینجا عیسا سەری بەرزکردەوە، لەژنەکە زیاتر کەسی‌تری نەبینی، پێی ووت: (ئەی ئافرەت ئەوان لە کوێن؟ کەسیان تاوانباری نەکردی؟) 11ئەویش وەڵامی دایەوە: (نەخێر گەورەم.) عیساش پێی ووت: (منیش تاوانبارت ناکەم، برۆ جارێکی‌کە گوناە مەکە!)﴾

من ڕووناکی جیهانم

12جارێکی‌کە عیسا گفتوگۆی لەگەڵدا کردنو ووتی: (من ڕووناکی جیهانم. ئەوەی دوامبکەوێ بەتاریکیدا ناڕوات، بەڵکو ڕووناکی ژیانی دەبێ.) 13 فەریسیەکان بەربەرەکانیان کردو ووتیان: (تۆ ئێستا شایەتی بۆ خۆت دەدەیت، بەڵام شایەتیەکەت ڕاست نیە.) 14ئەویش وەڵامی‌دایەوە: (لەگەڵ ئەوەی من شایەتی بۆ خۆم دەدەم، شایەتیەکەم ڕاستە، چونکە

دەزانم لەکوێوە هاتووم و بۆ کوێ دەڕۆم، بەڵام ئێوە نازانن لەکوێوە هاتووم و بۆ کوێ دەڕۆم. [15]جا ئێوە بەپێی لەش حوکم‌دەدەن بەسەرم، بەڵام من حوکم بەسەر کەس نادەم، [16]لەگەڵ ئەوەشدا گەر حوکم بدەم حوکمەکانم دادپەروەرانەیە، چونکە من بەتەنها حوکم نادەم، بەڵکو من و ئەو باوکەی ناردوومی. [17] لەشەریعەتەکەتان نووسراوە شایەتی دوو پیاو ڕاستە. [18]من ئەوەم شایەتی بۆخۆم دەدەم، هەروەها ئەو باوکەی ناردوومی شایەتیم بۆ دەدات.) [19]ئەوسا لێیانپرسی: (باوکت لەکوێیە؟) لەوەڵامدا ووتی: (ئێوە من ناناسن، باوکیشم ناناسن. گەر منتان بناسیایە باوکمیشتان دەناسی.) [20]عیسا ئەم قسانەی لەلای سندوقی بەخشینی پەرستگادا کرد کاتێ خەڵکی فێر دەکرد، بەڵام هیچ کەسێ نەیگرت، چونکە هێشتا کاتی نەهاتبوو.

[21]ئینجا عیسا پێی ووتن: (من دەڕۆم و ئێوە بەدوامدا دەگەڕێن، بەڵام ناتوانن بێن بۆ ئەو شوێنەی منی لێدەبم، بەڵکو بەگوناهەکانتانەوە دەمرن.) [22] دەسەلاتدارانی جوولەکە دەستیان کرد بەپرسیارکردن: (ئایا مەبەستی لەم قسەیە چیە ناتوانن بێن بۆ ئەو شوێنەی منی لێدەبم؟ ئایا خۆی دەکوژێ؟) [23]وەڵامی عیسا ئەوەبوو: (ئێوە لەخوارەوەن، بەڵام من لەسەرەوەم، ئێوە سەر بەم جیهانەن، بەڵام من سەر بەم جیهانە نیم. [24]جا لەبەرئەوە بوو پێمووتن: بەگوناهەکانتانەوە دەمرن، چونکە ئەگەر باوەڕ نەهێنن من ئەوم، بەگوناهەکانتانەوە دەمرن.) [25]لێیانپرسی: (تۆ کێیت؟) عیسا لەوەڵامدا ووتی: (من هەر ئەو کەسەم لەسەرەتاوە پێمووتون! [26]زۆر شتم هەیە بیڵێم و حوکمی پێبدەم بەسەرتان. بەڵام ئەوەی منی ناردووە، ئەو خۆی ڕاستییە، ئەوەی بەجیهانیشی دەڵێم ئەوەیە کە لەوم بیستووە.) [27]جا ئەوان تێنەگەیشتن عیسا لەم قسەیە مەبەستی لەباوکی بوو. [28]لەبەرئەوە عیسا پێی ووتن: (کاتێ ڕۆڵەی مرۆڤ هەڵدەواسن دەزانن من ئەوم، هەروەها من لەخۆمەوە هیچ ناکەم، بەڵکو ئەو قسانە دەڵێم کە باوکم فێری کردووم. [29]ئەوەی ناردوومی لەگەڵمدایە، بەتەنها بەجێی نەهێشتووم، چونکە هەمیشە بەپێی ڕەزامەندی ئەو کاردەکەم.)

ڕاستی ئازادتان دەکات

[30]کاتێ عیسا ئەم قسانەی دەکرد، ژمارەیەکی زۆر خەڵك باوەڕیان پێهێنا. [31]ئەوسا عیسا بەو جوولەکانەی باوەڕیان پێهێنابوو ووتی: (گەر لەسەر ووشەکانم جێگیربن، بەڕاستی دەبنە قوتابی منو [32]ڕاستی دەناسنو ڕاستیش ئازادتان دەکات.) [33]جوولەکەکان لەوەڵامدا ووتیان: (ئێمە نەوەی ئیبراهیمین، هەرگیز کۆیلەی کەس نەبووین! ئیتر چۆن پێمان دەڵێی: ئێوە ئازاد دەبن؟) [34]عیساش وەڵامی دانەوە: (ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم: هەرکەسێ گوناه بکات دەبێت بەکۆیلەی گوناه. [35] کۆیلە لەماڵی گەورەکەیدا تاسەر نامێنێتەوە، بەڵام ڕۆڵە تاسەر تیایدا دەژی. [36]جا گەر ڕۆڵە ئازادی‌کردن، ئەوا بەڕاستی ئازاد دەبن. [37]من دەزانم ئێوە لەنەوەی ئیبراهیمن. بەڵام ئێوە هەوڵی کوشتنم

دەدەن، چـونکە ووتەکانم لەدڵتان جێگەی نابێتەوە.
[38]مـن چـیم لـەلای بـاوك بینیوە دەیڵێم، بەڵام ئێوە
چیتان لەباوکتانەوە بیستووە کاری پێدەکەن.)
[39]ئـەوان بەربەرەکانیان کردو ووتیان: (ئیبراهیم
باوکمانـە!) عیسـاش ووتـی: (گـەر ڕۆڵەی ئیبراهیم
بوونایـە، کـردارەکانی ئیـبراهیمتان دەکـرد. [40]بەڵام
چـونکە مـن ئـەو کەسـەم ئـەو ڕاستییەی لەخوداوە
بیسـتبووم پـێم ووتـن، ئێوە هەوڵی کوشتنم دەدەن،
ئەمەش ئیبراهیم نەیکردووە. [41]ئێوە کرداری باوکتان
دەکەن!) ئەوانیش پێیان ووت: (ئێمە بەزۆڵی لەدایك
نـەبووین! یـەك باوکمـان هەیـە ئەویش خودایە.) [42]
عیسـاش ووتـی: (گـەر خـودا باوکتان بووایە، منتان
خـۆش دەویست، چونکە من لە خوداوە دەرچووم و
هاتووم. لـە خۆمەوە نەهاتووم، بەڵکو ئەو ناردوومی.
[43]بۆچـی لەووتـەکانم تێناگـەن؟ چـونکە توانـای
گوێگرتـنی ووشـەکانی منـتان نیـیە! [44]ئێوە ڕۆڵەی
شـەیتانی باوکـتانن، دەتانەوێ ئارەزووەکانی باوکتان
جێبـەجێ بکـەن. ئـەو هەر لـەسەرەتاوە خەڵك کوژ
بووە، نەیتوانی لەناو ڕاستیدا بچەسپێ، چونکە ڕاستی
لـەودا نییە! کاتێکیش درۆ دەکات، ئەوە دەردەخات
کەتـیایەتی، چونکە خۆی درۆزنەو باوکی درۆیە! [45]
بـەڵام چونکە من ڕاستیتان پێدەڵێم باوەڕم پێناکەن.
[46]کامـتان دەتوانـن گوناهێکم لێبدۆزنەوە؟ جا مادام
ڕاسـتی دەڵـێم، بۆچـی بـاوەرم پێناکـەن؟ [47]ئەوەی
لـەخوداوە بێـت، گـوێ لەووشـەی خودا دەگرێ.
بـەڵام ئـێوە ووشـەی خوداتان ناوێ چونکە لەخودا
نین!)

[48]ئەوسـا جوولەکـەکان ووتـیان: (ئایـا ئـێمە
قسـەکانمان ڕاسـت نـیـیە کـە دەڵـێین تـۆ سـامری،
هەروەها ڕۆحی پیست تیایە؟)
[49]ئـەویش وەڵامـی دانـەوە: (ڕۆحـی پیسـم
تیادانیـیە، بـەڵام ڕێـزی بـاوکم دەگـرمو ئـێوەش
بەسـووکی سـەیرم دەکەن. [50]من داوای شکۆمەندی
بـۆ خـۆم ناکەم، بەڵام یەکێ هەیە بۆم داوا دەکات و
حوکـم دەدا. [51]ڕاسـتی ڕاسـتیتان پێدەڵـێم: ئەوەی
گوێڕایەڵی ووتەکانم بێ هەرگیز مردن نابینێ.)
[52]ئەوسـا جوولەکـەکان ووتـیان: (ئێستا بۆمان
دەرکـەوت کـە ڕۆحـی پیسـت تـیایە. ئیـبراهیمو
پێغەمـبەران مـردن، کەچـی تـۆ دەڵێیـت ئـەوەی
گوێڕایـەڵی ووتـەکانم بێـت هەرگـیز تـامی مـردن
ناکات. [53]ئایا تۆ گەورەتری لەئیبراهیمی باوکمان کە
مـرد؟ تەنانـەت پێغەمـبەرانی خـوداش مردن، کەواتە
خۆت بەچی دادەنێی؟)
[54]عیسـاش لـەوەڵامدا ووتـی: (گـەر من خۆم
شـکۆدار بکەم، ئەوا شکۆمەندیەکەم هیچ نییە. بەڵام
باوکمـە کـەوا شـکۆدارم دەکات ئەوەی ئێوە دەڵێن
خودامانـە، [55]لەگـەڵ ئەوەشـدا ناینناسـن. بـەڵام مـن
دەیناسـم. جـا گەر پێتان بڵێم من ئەو ناناسم، منیش
ئەوکاتـە وەك ئـێوە درۆزنم. بـەڵام مـن ئەو دەناسمو
بەووتـەکانی ڕەفـتار دەکـەم. [56]ئیـبراهیمی باوکـتان
دڵشـادبوو بـەوەی ڕۆژی مـن ببینێ، جا ئەو ڕۆژەی
بـینـیو پـێی دڵخـۆش بـوو.) [57]جوولەکـەکان پێیان
ووت: (تـۆ جـارێ تەمەنت هێشتا نەبووە بەپەنجا ساڵ
ئـیتر چـۆن ئیبراهیمت بینیوە؟) [58]عیساش لەوەڵامدا

ووتی: (ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم، پێش ئەوەی ئیبراهیم لەدایك بێ من هەم.) [59]ئەوسا بەردیان هەڵگرت تابەردبارانی بکەن، بەڵام عیسا خۆی شاردەوەو لەپەرستگاکە چووە دەرەوە.

چاکردنەوەی کوێرێکی زگماك
9

کاتێ عیسا بەرێگادا دەڕۆیشت، پیاوێکی بەزگماك کوێری بینی، [2]قوتابیەکانی لێیانپرسی: (مامۆستا، کێ گوناهی کردووە؟ ئەم پیاوە، یاخود دایك‌و باوکی، تا بەکوێری لەدایك بێ؟) [3]عیسا لەوەڵامدا ووتی: (نەگوناهی ئەم پیاوەیەو نەدایك‌و باوکی، بەڵام بۆیە وای لێهاتووە تا بەهۆی ئەوەوە کارەکانی خودا دەرکەوێ. [4]هەتا کاتەکە ڕۆژە لەسەرمە کاری ئەو بکەم کە ناردوومی. دوایی شەو دێتو کەس ناتوانێ کاری تیا بکات. [5]جا ئەوەندەی لەجیهاندام، من ڕووناکی جیهانم.)

[6]ئەمەی ووت‌و تفی‌کردە سەر زەوی، بەتفەکە قوڕی دروست‌کرد، ئینجا خستیە سەر هەردوو چاوی کوێرەکە، [7]پێی ووت: (بڕۆ خۆت بشۆ لەگۆمی سیلوام (واتای نێرراوە).) ئەویش ڕۆیشت‌و خۆی شوشت‌و بەچاوکراوەیی هاتەوە.

[8]ئینجا دراوسێکانی‌و ئەوانەی لەپێشا بینیبوویان سواڵ دەکات پرسیان: (ئەمە ئەوە نییە دادەنیشت سواڵی دەکرد؟) [9]هەندێکیان ووتیان: (خۆیەتی.) هەندێکی کەیان: (نەخێر، بەڵام لەو دەکات.) ئەوسا خۆی وەڵامی دایەوەو ووتی: (بەڵێ من ئەوم.) [10]ئینجا پێیانووت: (ئەی چۆن چاوت چاك بووەوە؟) [11]لەوەڵامدا ووتی: (ئەو پیاوەی ناوی عیسایە قوڕی دروست‌کردو چاومی پێسواخدا، پێیووتم: بڕۆ بۆ گۆمی سیلوام خۆتی تیادا بشۆ. منیش ڕۆیشتمو خۆم تیا شوشت‌و چاوم چاك‌بووەوە!) [12]هەروەها لێیان پرسی: (ئێستا ئەو لەکوێیە؟) ئەویش ووتی: (نازانم.)

[13]پیاوە کوێرەکەیان بردە لای فەریسیەکان. [14]ئەو ڕۆژەش کە عیسا قوڕەکەی دروست‌کردو چاوی کوێرەکەی تیا چاك‌کردەوە ڕۆژی شەممە بوو. [15]دیسان فەریسیەکانیش لێیان پرسی چۆن چاوی چاك‌بووەوە. ئەویش لەوەڵامدا ووتی: (قوڕی خستە سەر چاوم، خۆم شوشت‌و ئەوەتا ئێستا دەبینم!) [16]بەڵام هەندێ لەفەریسیەکان ووتیان: (ناشێ ئەم پیاوە لەخوداوە بێت، چونکە بەپێچەوانەی یاسای شەممە دەکات.) بەڵام هەندێکیان پرسیان: (چۆن پیاوێکی گوناهبار دەتوانێ نیشانەی سەرسوڕهێنەر بنوێنێ؟) ئیتر دووبەرەکی کەوتە نێوانیانەوە. [17]دیسان لەکوێرەکەیان پرسی: (تۆ ڕات چییە بەرامبەر ئەو چونکە چاوی تۆی چاك‌کردەوە؟) ئەویش وەڵامی دانەوە: (ئەو پێغەمبەرە!) [18]دەسەڵاتدارانی جوولەکە باوەڕیان نەکرد کە ئەو پیاوە کوێر بووەو ئێستا دەبینێ، ئیتر دایك‌و باوکیان بانگ‌کرد. [19]لێیان پرسین: (ئایا ئەم کوڕەتان بەکوێری لەدایك بووە وەك دەڵێن؟ جا چۆن ئێستا دەبینێ؟) [20]دایك‌و باوکەکە وەڵامیان دایەوە: (ئێمە دەزانین ئەمە کوڕمانە و بەکوێری لەدایك بووە. [21]بەڵام نازانین ئێستا چۆن دەبینێ، هەروەها کێ چاوی چاك‌کردۆتەوە؟ ئەو

خـۆی گەورەیـەو دەتوانـێ وەلامـتان بداتـەوە لێی‌بپرسـن!) [22]دایـك‌و بـاوکی کـورە لەترسـی دەسـەلاتدارانی جوولەکـە ئەمـەیان ووت، چـونکە بـڕیاری ئەوەیان دابوو هەرکەسێ دانبنێ بەوەی عیسا مەسـیحە لەکەنیشـت دەری‌بکـەن. [23]ئیتر لەبەرئەوە بوو ووتیان: (ئەو گەورەیە پرسیار لەخۆی بکەن.)

[24]دیسـان فەریسـیەکان ئـەو پیاوەی کوێر بوو بانگـیان کردو پێیان‌ووت: (ستایشی خودا بکە! ئێمە دەزانـین ئـەو پـیاوە گوناهـبارە.) [25]کابراش وەلامی دانـەوە: (گـەر ئەو گوناهبارە، نازانم! بەلام یەك شت دەزانم: مـن کوێـر بـووم و ئێستا دەبینم!) [26]دیسان لێیان پرسـیەوە: (چـی لـێ‌کردیـت؟ چـۆن چاوی چـاك‌کردیـتەوە؟) [27]ئەویش وەلامی دانەوە: (من پێم ووتن ئێوە گوێتان لـێ‌نەگرتم، ئیتر بۆچی جارێکی‌کە دەتانەوێ بی‌بیستن؟ ئایا ئێوەش دەتانەوێ بن بەقوتابی ئەو؟) [28]ئەوسا فەریسیەکان جنێویان بەکابرا داو پێیان ووت: (تۆ قوتابی ئەویت! بەلام ئێمە قوتابی موسایین. [29]ئـێمە دەزانـین خودا قسەی لەگەڵ موسا کردووە، بـەلام ئەمـە نـازانین لـە کوێـوە هاتووە!) [30]کابراش وەلامـی دانـەوە: (ئەمـە شـتێکی سـەیرە! ئەو چاوی چـاك‌کردومەتەوە، کەچی ئێوە دەڵێن ئێمە نازانین ئەو وەچـەو بنەچـەی کێیە! [31]ئێمە دەزانین خودا وەلامی گوناهـباران ناداتـەوە، بەڵام گوێ لەوانە دەگرێ کە لێی‌دەترسـنو بەخواسـتی ئـەو دەکـەن. [32]تـا ئێستا پشتاوپشـت نەبیسـتراوە یەکـێك چـاوی مرۆڤـێکی بەزگماك کوێری چاك‌کردبێتەوە! [33]گەر ئەو لەخودا نەبووایە، نەی‌دەتوانی هیچ بکات.) [34]ئەوسا هاواریان کـرد بەسـەری: (تـۆ خـۆت هـەموو گیانت بەگوناه لـەدایك بووەو ئێمە فێرەدەکەیت؟) ئینجا دەریان‌کردە دەرەوەی کەنیشتەکە.

[35]کـاتێ عیسا زانی کابرا دەرکراوەتە دەرەوە، چـوو بۆ لای و لێی‌پرسی: (ئایا باوەڕ بەڕۆڵەی مرۆڤ دەکەیـت؟) [36]کابرا لەوەڵامدا ووتی: (گەورەم، ئەو کێـیە تـا بـاوەڕی پێبهێنم؟) [37]لێرە عیسا پێی ووت: (ئـەوەی کـە بینیـت، هـەروەها ئـەوەی لەگەڵـت دەدوێ، ئەوە خۆیەتی!) [38]کابرا ووتی: (گەورەم من باوەڕ دەکەم!) ئەوسا کڕنووشی بۆ برد.

[39]عیسـا ووتـی: (هـاتووم بـۆ ئـەم جـیهانە بۆ حوکمـدان، تـا کوێـر بـبینێو چاوساغ کوێربێ!) [40] هـەندێ لەفەریسـیەکان کـە لەگەڵیدا بوون گوێیان لەمـەبـوو لێـیان‌پرسـی: (ئایـا ئـێمەش کوێرین؟) [41] عیسـاش وەلامـی دانـەوە: (گەر ئێوە بەڕاستی کوێر بوونایـە، گوناهـتان لەسەر نەدەبوو. بەڵام ئێوە ئێستا دەڵـێن: دەبیـنین، جـا لەبەرئـەوە گوناهەکـەتان دەمێنێتەوە .

من شوانێکی دڵسۆزم

10

(ڕاسـتی ڕاسـتیتان پێ‌دەڵـێم: ئـەوەی لـەدەرگای پشـتیری مێگەلـێکەوە ناچـێتە ژوورەوە، بـەڵکو بەڕێگایەکی‌کەدا بۆی سەربکەوێ، ئەوە دزو جەردەیە. [2]بەڵام ئەوەی لەدەرگاوە بچێتە ژوورەوە، ئەوە شوانی مێگەلەکەیە، [3]دەرگاوانیش دەرگاکەی بۆ دەکاتەوە، مـێگەلەکەش گوێ لەدەنگی دەگرن، بانگی مێگەلە

تایبەتیەکەی خۆی دەکات هەر یەکە بەناوی خۆیەوە، ئەوسا دەیانبات دەرەوە. [4]کاتێ هەموویانی هێنایە دەرەوە، لەپێشیانەوە دەڕواتو ئەوانیش دوای دەکەون، چونکە دەنگی دەناسن. [5]ئەوان شوێنی یەکێکی نامۆ ناکەون، بەڵکو لێی ڕادەکەن، چونکە دەنگی نامۆ ناناسن. [6]عیسا ئەم نموونەیەی بۆ هێنانەوە، بەڵام ئەوان لەمەبەستی قسەکەی تێنەگەیشتن.

[7]جا لەبەرئەوە دیسان ووتی: (ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم: من دەرگای مێگەلەکەم. [8]هەموو ئەوانەی پێش من هاتوون دزو جەردە بوون، بەڵام مێگەلّەکە گوێیان لێنەگرتن. [9]من ئەو دەرگایەم، ئەوەی لێم بێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت، ئەوسا دێتەژوورەوەو دەچێتەدەرەوەو لەوەڕگا دەدۆزێتەوە. [10]دز نایەت، تەنها بۆ دزینو سەربڕینو لەناوبردن نەبێت. بەڵام من هاتووم هەتا ئەوان ژیانیان هەبێ، ژیانێکی تێروتەسەل. [11]من شوانێکی دڵسۆزم، شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی دەکاتە قوربانی لەپێناوی مێگەلەکەی. [12]بەکرێگیراو وەك شوان نییە، چونکە مێگەلەکە هی خۆی نییە. کاتێ دەبینێ گورگ دێ، مێگەلەکە بەجێدەهێڵێ هەتا خۆی ڕزگارکات، ئەوسا گورگەکە مێگەلەکە دەڕفێنێو پەرشو بلاوّیان دەکاتەوە. [13]کابرا هەڵدێ، چونکە بەکرێ گیراوە گوێنادات بەمێگەلەکە! [14]بەڵام من شوانێکی دڵسۆزم، مێگەلەکەم دەناسم، ئەوانیش من دەناسن، [15]هەروەك چۆن باوك من دەناسێ، منیش ئەو دەناسم. جا من ژیانم دەکەم بەقوربانی لەپێناوی مێگەلەکەمدا. [16]هەروەها مەڕی‌ترم هەیە سەر بەم پشتیرە نین، دەبێ ئەوانیش کۆبکەمەوە لای خۆم، ئەوانیش گوێ لەدەنگم دەگرن، ئەوسا یەك مێگەلو یەك شوان دەبێ.

[17]باوك منی خۆشدەوێ، چونکە ژیانم دەکەم بەقوربانی تا جارێکی‌کە وەری گرمەوە. [18]کەس لەمنی ناسێنێ، بەڵکو من بەئارەزووی خۆم پێشکەشی دەکەم. من دەسەلاتی پێشکەشکردنو دەسەلاتی بردنەوەیم هەیە. ئەمە ڕاسپاردەیەکە لەباوکمەوە وەرمگرتووە.) [19]بەهۆی ئەم قسانە دووبەرەکی لەنێو جوولەکەکان پەیدابوو. [20]زۆربەیان ووتیان: (ڕۆحی پیسی تیدایەو وڕێنە دەکات. ئێتر بۆچی گوێی لێبگرین؟) [21]هەندێکی کەیان ووتیان: (ئەمە قسەی یەکێك نییە کە ڕۆحی پیسی تیادابێ. ئایا ڕۆحی پیس دەتوانێ چاوی کوێران چاك‌بکاتەوە؟)

منو باوك یەکین

[22]لەکاتی ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی تازەکردنەوەی پەرستگا لەزستاندا، [23]عیسا لەپەرستگا بەناو هۆڵی سلێماندا دەڕۆیشت. [24]جوولەکەکان لێی کۆبوونەوەو پێیان ووت: (تا کەی بەسەرسوڕماوی دەمانهێڵێتەوە دەربارەی خۆت؟ گەر تۆ بەڕاستی مەسیحیت، بەئاشکرا پێماننڵێ.) [25]عیسا وەلامی دانەوە: (من پێمووتن، بەڵام ئێوە باوەڕم پێناکەن. جا هەموو ئەو کارانەی بەناوی باوکمەوە دەیکەم، شایەتی بۆمن دەدەن. [26]بەڵام ئێوە

باوەڕناکەن چونکە مەڕی من نین. [27]مەڕەکانم گوێ لەدەنگم دەگرن، منیش دەیانناسمو ئەوانیش دوام دەکەون، [28]ژیانی هەتاهەتایان دەدەمێ و هەرگیز لەناوناچن، هیچ کەسیش لەدەستم نایانڕفێنێ. [29]ئەو باوکەی بەمنی داوە لەهەموو کەس گەورەترە، کەس ناتوانێ هیچ شتێ لەدەستی باوکم بسەنێ. [30]من و باوک یەکین!)

[31]جارێکی کە جوولەکەکان بەردیان هەڵگرت، تا بەردبارانی بکەن. [32]عیسا پێی ووتن: (زۆر کاری چاکم لەلایەن باوکمەوە نیشانداون، ئیتر بەهۆی کامیانەوە بەردبارانم دەکەن؟) [33]ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: (بەردبارانت ناکەین بەهۆی کرداری چاک، بەڵکو بەهۆی کفرەکانتەوە: چونکە خۆت دەکەیت بە خودا، هەرچەندە تۆ مرۆڤی!) [34]عیسا پێی ووتن: (ئایا لەشەریعەتەکەتان نەنووسراوە: {من پێم ووتون ئێوە خوداوەندەکانن؟} [35]ئەگەر شەریعەتی موسا ئەوانەی ووشەی خودایان بۆ هاتۆتەخوارەوە، ناویان بنێت خوداوەندان (هەرچەندە ناتوانرێ کتێبیش بەدرۆ بخرێتەوە) [36]ئیتر چۆن دەڵێن بەوەی کە باوک پیرۆزی کردووەو ناردوویەتی بۆ هەموو جیهان: تۆ کفر دەکەیت، چونکە ووتومە: من ڕۆڵەی خودام؟ [37]گەر بێتو من کردارەکانی باوکم نەکەم، باوەڕم پێمەکەن. [38]بەڵام گەر ئەوەم کرد، ئەگەرچی باوەڕیش بەمن ناکەن، باوەڕ بەو کردارانە بکەن، تابزانن و تێبگەن باوک لەمندایەو منیش لەئەودام.)

[39]جارێکی کە ویستیان بیگرن، بەڵام خۆی دەربازکرد لەدەستیان، [40]ئینجا عیسا چووەوە ئەوبەری ڕووباری ئوردون و لەوێ مایەوە، ئەو شوێنەی کە یەحیا جاران خەڵکی تیایدا لەئاوهەڵدەکێشا. [41]ژمارەیەکی زۆر خەڵک هاتنە لای و ووتیان: (یەحیا نیشانەی سەرسوڕهێنەری نەکرد، بەڵام هەموو ئەوەی دەربارەی ئەم پیاوە ووتبووی ڕاستبوو!) [42]هەر لەوێ ژمارەیەکی زۆر باوەڕیان پێهێنا.

مردنی لەعازر

11

مرۆڤێك ناوی لەعازر بوو نەخۆش بوو، خەڵکی بەیتعەنیا بوو، ئەو لادێیەی لەگەڵ مریەمو مەرسای خوشکی تیایدا دەژیان. [2]ئەم مریەمە ئەوە بوو کە خوداوەندی بەبۆن چەورکردو بەقژی پێیەکانی سڕیەوە، لەعازری نەخۆشیش برای ئەم بوو. [3] هەردوو خوشکەکە ناردیان بەدوای عیسادا تا پێی بڵێن: (گەورەم، ئەوەی خۆشتدەوێ نەخۆشە.) [4] کاتێ عیسا ئەمەی بیست ووتی: (ئەم نەخۆشیە بەمردن کۆتایی نایەت، بەڵکو دەبێتە هۆی شکۆداری خودا، ئەوسا بەهۆی ئەمەوە ڕۆڵەی خودا شکۆدار دەبێ.)

[5]لەگەڵ ئەوەی عیسا مەرساو خوشکەکەی و لەعازری خۆش دەویست، [6]لەو شوێنەی کەلێی بوو دوو ڕۆژ مایەوە هەرچەندە بەنەخۆشیەکەی لەعازریشی زانیبوو. [7]دوای ئەوە عیسا بە قوتابیەکانی ووت: (با بگەڕێینەوە بۆ ناوچەی یەهودیە!) [8]قوتابیەکان پێیانووت: (مامۆستا، ئایا

دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی یەهودیە، باشە ماوەیەك لەمەوبەر جوولەکەکان نەیانویست بەردبارانت بکەن؟) [9]عیسا لە وەڵامدا ووتی: (ئایا ڕۆژ دوانزە سەعات نیە؟ ئەوەی بەرۆژ بڕوات ساقە ناکات، چونکە ڕووناکی ئەم جیهانە دەبینێ. [10]بەڵام ئەوەی بەشەو بڕوات ساقە دەکات، چونکە ڕووناکی تیادانیە.) [11]ئینجا عیسا ووتی: (لەعازری خۆشەویستمان خەوتووە، بەڵام من دەڕۆم خەبەری دەکەمەوە.) [12]قوتابیەکان ووتیان: (گەورەم، گەر ئەو نووستوە، ئەوسا بەساغی خەبەری دەبێتەوە.) [13] قوتابیەکانی وایانزانی مەبەستی لەنووستنی ئاساییە، بەڵام عیسا مەبەستی لەمردنی لەعازر بوو . [14]ئەو کاتە عیسا بەئاشکرا پێ‌ووتن: (لەعازر مردووە. [15] بەڵام لەبەر ئێوە من دڵشادم کە لەوێ نەبووم، تا باوەڕ بهێنن. بابڕۆین بۆ لای!) [16]ئینجا تۆما کە بە دووانە ناسرابوو لای قوتابیەکانی‌کە ووتی: (با ئێمەش بڕۆین لەگەڵی تا لەگەڵ ئەودا بمرین!)

من زیندووبوونەوەو ژیانم

[17]کاتێ عیسا گەیشت، لەعازر چوار ڕۆژ بوو نێژرابوو. [18]بەیتعەنیاش تەنها نزیکەی دوو میل لە قودسەوە دووربوو. [19]ژمارەیەکی زۆر لەجوولەکە هاتبوونە لای مەرساو مریەم تا سەرەخۆشی براکەیان لێبکەن. [20]کاتێ مەرسا زانی عیسا هاتووە، هاتەدەرەوە بۆ چاوپێکەوتنی، مریەمیش لەماڵەوە دانیشتبوو. [21]ئینجا مەرسا بەعیسای ووت: (گەورەم، گەر لێرە بوویتایە، براکەم نەدەمرد. [22] بەڵام دەزانم تەنانەت ئێستاش هەرچی لەخودا داوا بکەیت دەتداتێ.) [23]عیسا لەوەڵامدا ووتی: (براکەت زیندوودەبێتەوە.) [24]مەرسا ووتی: (دەزانم هەڵدەستێتەوە لەهەستانەوەی مردووان لەڕۆژی دواییدا!) [25]عیسا لەوەڵامدا ووتی: (من زیندووبوونەوەو ژیانم. هەر کەسێ باوەڕم پێبهێنێ، ئەگەر مردیش زیندووددەبێتەوە. [26]هەروەها هەر کەسێ زیندوو بێ و باوەڕم پێبهێنێ هەرگیز نامرێ. ئایا باوەڕ بەمە دەکەیت؟) [27]ئەویش وەڵامی دایەوە: (بەڵێ گەورەم. من باوەڕ دەکەم تۆ مەسیحی ڕۆڵەی خودای هاتووی بۆ جیهان!)

گریانی عیسا

[28]دوای ئەوەی ئەمەی ووت، چوو مریەمی خوشکی بانگبکات، بەدزیەوە پێی ووت: (مامۆستا لێرەیە، بانگتدەکا!) [29]مریەم کە ئەمەی بیست خێرا هەستاو هاتە لای. [30]عیسا جارێ نەگەیشتبووە دێیەکە، بەڵکو هێشتا لەوشوێنە بوو کە تیایا چاوی بەمەرسا کەوتبوو. [31]جوولەکەکانیش، ئەوانەی لەماڵەوە لەگەڵیدا بوونو بۆ دڵنەوایی هاتبوون، کە بینیان ئاوا هەستایە سەرپێو خێرا چووە دەرەوە، شوێنی کەوتن، چونکە وایانزانی دەڕوات تا لەسەر گۆڕەکە بگری. [32] کاتێ مریەم عیسای بینیو گەیشتە ئەو شوێنەی ئەوی لێبوو، کەوت بەسەر پێیداو ووتی: (گەورەم، گەر لێرە بوویتایە، براکەم نەدەمرد!) [33]عیسا کە مریەمو ئەو جوولەکانەی بینی لەگەڵی هاتبوون دەگرین، دڵی پڕ بوو لەپەژارەیەکی زۆر، [34]ئینجا پرسی: (لەکوێ

ناشـتوتانە؟) ئەوانـیش وەلامیان دایەوە: (گەورەم، وەرە سـەیرکە!) [35]عیسـا گریا. [36]لـەم‌کاتەدا جوولەکەکان بـەیەکتریان ووت: (سـەیرکە چەندی خۆشدەویست!) [37]هـەندێکیان پرسـیاریان کرد: (ئایا نەیدەتوانی ئەمەی کـە چاوی کوێرانی چاك کردەوە، نەیهێشتایە لەعازر بمرێ؟)

زیندووبوونەوەی لەعازر

[38]جارێکی‌کە عیسا دڵی پڕبوو لـە پەژارە. ئینجا لەگۆڕەکـە نـزیك کەوتـەوە کـە ئەشـکەوتێك بـوو دەرگاکـەی بـەردێکی گەورەی لەسەر بوو. [39]عیسا ووتی: (بەردەکە لابەن!) مەرسا ووتی: (گەورەم ئەمە ڕۆژی چـوارەمینێتی، بۆنی کردووە.) [40]جا عیسا پێی ووت: (پـێم نـەووتی گەر باوەڕت هەبێ شکۆمەندی خـودا دەبـینی؟) [41]ئەوسـا بەردەکـەیان لابردو عیسا سـەیری ئاسـمانی کردو ووتی: (ئەی باوك، سوپاست دەکـەم چـونکە گوێت لێگرتم، [42]من زانیومە کە تۆ هەمیشە گوێم لێدەگری. بەڵام من ئەمەم ووت لـەبەر ئـەو خەڵکـەی لـە دەوروپشـتم ڕاوەستاون تا باوەڕ بهێـنن تـۆ منـت نـاردووە.) [43]کـاتێ ئەمـەی ووت بەدەنگێکی بەرز بانگی کرد: (لـەعازر وەرە دەرەوە!) [44]ئەوسـا مـردووەکە هاتـەدەرەوە، بـەکفن دەستو قاچـی بەسـتراببو، سـەریشـی بەقوماشێك پێچرابوو. لـێرە عیسا بەوانەی دەوروپشتی ووت: (بیکەنەوە با بڕوات.)

پلانێك بۆ کوشتنی عیسا

[45]ژمارەیەکی زۆر لـەجوولەکەکان لـەوانەی کە هاتـبوون بـۆ دڵـنەوایی مـریەم، کـاتێ ئەمـەیان بینی باوەڕیـان هێـنا بەعیسا. [46]بەڵام هەندێ لـەوان چوونە لای فەریسـیەکان تـا هـەواڵی ئـەوە بـدەن کە عیسا کـردوویەتی. [47]ئیـنجا سـەرۆك کاهیـنەکانو فەریسـیەکان ئەنجومـەنی باڵایان کۆکردەوەو ووتیان: (چـی بکـەین؟ ئەم کابرایە نیشانەی سەرسوڕهێنەری زۆر دەکـات. [48]گـەر بـەم شـێوەیە وازی لـێبهێنین هەموو خەڵکەکە باوەڕی پێدەهێنن، ئیتر ڕۆمانیەکان دێـن‌و پەرسـتگاکەمان لـەناو دەبـەن‌و میللەتەکەمان ڕاپێچ دەکەن!) [49]یەکێ لەوان کەناوی قەیافا بوو ئەو ساڵە سەرۆك کاهین بوو ووتی: (ئێوە هیچ نازانن! [50] ئێوە تێناگەن باشترّوایە پیاوێك بمرێ و بێ بەقوربانی گـەل، لەجـیاتی ئـەوەی مـیللەتەکە هـەموو لەناوبچـێ.) [51]قـەیافا لەخۆیەوە ئەم قسەیەی نەکرد، بـەڵام چـونکە لـەو سـاڵەدا کاهیـنی بـەرز بـوو، پێشـبینیکردبوو* کە عیسا لەپێناوی گەلدا دەمرێ، [52]ئەمـەش تـەنها لـەپێـناوی گـەل نا، بەڵکو هەروەها لەپێـناوی کۆکـردنەوەی ڕۆڵـەکانی خـودا کـە پەرشوبڵاوبوونەتەوە تا بیانکات بەیەك. [53]لەو ڕۆژەوە ئـیتر جوولەکـەکان بـڕیاریاندا عیسا بکوژن. [54]ئیتر ئەویش بەئاشکرا بەناویاندا نەدەڕۆیشت، بەڵکو چوو بـۆ شـارێك نـاوی ئەفـرایم بـوو، کەوتۆتە شوێنێکی نزیك بیابان، لـەوێ لەگەڵ قوتابیەکانی مایەوە. [55]لەو کاتەدا جەژنی تێپەڕبوونی جوولەکە نزیك بووبوەوە، خەڵکێکی زۆر لەلادێکانەوە هاتبوون بۆ قودس تاکو

هەستن بەمەراسیمی خۆپاككردنەوەی پێش جەژن. [56] ئەوان بەدوای عیسادا دەگەڕان، کاتێ لەپەرستگادا کۆبوونەوە پرسیاریان: (ڕاتان چیە؟ ئایا نایەت بۆ جەژن؟) [57] سەرۆك کاهینەکانو فەریسیەکان فەرمانیان دەرکردبوو کەوا هەرکەسێك عیسا ببینێ دەبێ خەبەری لێبدات تا بیگرن.

چەورکردنی عیسا بۆ مردن

12

شەش ڕۆژ پێش جەژنی تێپەڕبوون عیسا هات بۆ دێی بەیتعەنیا، ئەوەی عیسا لەعازری تیا زیندووکردەوە لەنێو مردووواندا. [2] لەعازر داوەتی نانخواردنی ئێوارەی سازکرد بۆ عیسا، مەرسای خوشکی دەستی‌کرد بەخزمەتکردن، لەعازر خۆی یەکێ بوو لەوانەی لەسەر خوان لەگەڵ عیسادا دانیشتبوو. [3] مریەمیش سێیەکی لیترێك بۆنی ناردینی گرانبەهای بێغەشی هێناو هەردوو قاچی عیسای پێ چەورکرد، ئینجا بەقژی هەردوو قاچی سڕیەوە، ئیتر ماڵەکە هەمووی پڕبوو لەبۆنی خۆش. [4] یەکێ لەقوتابیەکانی کە یەهوزای ئەسخەریوتی بوو، ئەوەی لەدواییدا ناپاکی لەگەڵدا دەکات ووتی: ([5] بۆچی ئەم بۆنە بەسێ سەد دینار* نەفرۆشراو دابەشنەکرا بەسەر هەژاراندا؟) [6] ئەویش ئەمەی نەووت چونکە بەزەیی بەهەژاراندا دەهاتەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی دز بوو، ئەو دانرا بوو بەسەر پارەی سندوق بەڵام هەرچیەکی تیا دابنرایە دەیدزی. [7] عیساش وەڵامی دایەوە: (وازی لێبهێنە! ئەو ئەم بۆنەی هەڵگرتبوو بۆ ڕۆژی ناشتنم، [8] چونکە هەژاران هەموو کاتێ لاتانن، بەڵام من هەموو کاتێ لاتان نیم.) [9] کاتێ ژمارەیەکی زۆر لەجوولەکەکان زانیبیان عیسا لەوێیە، هاتن تەنها بۆ ئەوەنا کە عیسا ببینن، بەڵکو بۆ ئەوەش لەعازر ببینن کە لەنێو مردووواندا زیندووی کردبووەوە. [10] ئەوسا سەرۆك کاهینەکان بڕیاریاندا لەعازریش بکوژن، [11] چونکە ژمارەیەکی زۆر لە جوولەکەکان بەهۆی ئەوەوە دەهاتنو باوەڕیان بەعیسا دەهێنا.

چوونە ناو قودس وەك پادشا

[12] ڕۆژێ دوایی، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کە هاتبوون بۆ جەژن، بیستیان عیسا هاتووە بۆ قودس. [13] لقە دار خورمایان برد لەگەڵ خۆیانو هاتنەدەرەوە بۆ پێشوازیکردنیو هاواریانکرد: (هۆسانا! پیرۆزە ئەوەی بەناوی خوداوەندەوە دێت! ئەو پادشای ئیسرائیلە!) [14] عیسا جاشکێکی بینی، سواری بوو، وەك لەکتێبی پیرۆزدا نووسراوە: [15] {مەترسە ئەی کچی شاری داود، پادشاکەت دێتە لات بە سواری جاش ماکەرێك.} [16] قوتابیەکانی عیسا یەکەمجار ئەمانە تێنەگەیشتن. بەڵام پاش ئەوەی عیسا شکۆدارکرا، بیریان کەوتەوە کە لەکتێبی پیرۆزدا ئەمە دەربارەی نووسراوە، ئەوانیش ئەمەیانکرد بوو بۆ ئەو.

[17] ئەو خەڵکەی کە لەگەڵیدا بوون کاتێ لەعازری بانگکرد لەگۆڕداو زیندووی کردەوە لەنێو مردووان، شایەتی ئەمەیان بۆ دەدا. [18] جا لەبەرئەوە خەڵکەکە هاتنەدەرەوە بۆ پێشوازی،

چونکە بیستبوویان کە ئەو نیشانە سەرسوڕهێنەرەی کردووە. [19]فەریسیەکان بەیەکتریان ووت: (دەبینن بێسوودە؟ ئا ئەوەتا هەموو جیهان شوێنی کەوتووە!)

مردن دەرگایە بۆ ژیان

[20]هەندێ یۆنانی لەگەڵ ئەو خەڵکەبوون کە لەجەژندا هاتبوون بۆ خوداپەرستی، [21]ئەوسا چوونە لای فیلیپۆس کە خەڵکی شاری سەیدای ناوچەی جەلیل بوو، پێیان ووت: (گەورەم، دەمانەوێ عیسا ببینین.) [22]فیلیپۆس ڕۆیشتو ئەمەی بە ئەندەراوس ووت، ئینجا بەیەکەوە ڕۆیشتن هەواڵیاندا بە عیسا.

[23]جا عیسا پێی ووتن: (ئەوەتا کاتی شکۆدارکردنی ڕۆڵەی مرۆڤ نزیك بووەتەوە. [24] ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم: دەنکە گەنم هەروەك خۆی دەمێنێتەوە، گەر نەکەوێتە ناو زەوی و نەمرێ، بەڵام کە مرد ئەوکاتە دەنکی زۆری لێبەبەردێ. [25] ئەوەی ژیانی خۆی خۆش بوێ، دەیدۆڕێنێ. ئەوەش کە ڕقی لەژیانی خۆی دەبێتەوە لەم جیهانەدا، دەیهێڵێتەوە بۆ ژیانی هەتاهەتایی. [26]ئەوەی دەیەوێ خزمەتم بکات با شوێنم بکەوێ. جا من لەهەر شوێنێکدابم، خزمەتکاریشم لەوێیە. هەروەها هەرکەسێ خزمەتم بکات باوکم ڕێزی لێدەگرێ.

عیسا باسی مردنی خۆی دەکات

[27](ئێستا دڵم تەنگە، چی بڵێم؟ ئەی باوك، ڕزگارم بکە لەوکاتە سەختەی چاوەڕێم دەکات؟ نەخێر! لەپێناوی ڕوودانی ئەم کاتە هاتووم. [28]جا ئەی باوك، ناوی خۆت شکۆدارکە!) لەوکاتەدا دەنگێ لەئاسمانەوە وەڵامی دایەوە: (شکۆدارم کردووەو شکۆداریشی دەکەمەوە.) [29]هەندێ لەوانەی لەوێ ئامادەبوون کاتێ گوێیان لەدەنگەکە بوو ووتیان: (ئەمە دەنگی هەورە!) بەڵام هەندێکی کەیان ووتیان: (فریشتە بوو قسەی لەگەڵ کرد.) [30] عیسا لەوەڵامدا ووتی: (ئەم دەنگە لەپێناوی من نەبوو، بەڵکو لەپێناوی ئێوە بوو. [31]ئێستا کاتی حوکمدانە بەسەر ئەم جیهانە! ئێستا سەرۆکی ئەم جیهانە دەکرێتە دەرەوە! [32]کاتێ من لەسەر زەوی بەرزدەکرێمەوە، هەمووان بانگدەکەم بۆ لای خۆم.) [33]عیسا ئەمەی ووت تا دەستنیشانی کات بەچ شێوەیەك دەمرێ. [34]خەڵکەکە پێیانووت: (ئێمە لەشەریعەتدا بیستوومانە مەسیح تاهەتایە بەزیندوویەتی دەمێنێتەوە، ئیتر چۆن تۆ دەڵێی ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێ بەرزبکرێتەوە؟ ئەم ڕۆڵەی مرۆڤە کێیە؟) [35]عیسا پێی ووتن: (ڕووناکی کاتێکی کورت لەگەڵتان دەمێنێتەوە. جا بەردەوامبن لەڕۆیشتن تا دونیا ڕووناکەو تاریکیتان بەسەردا نەهاتووە، چونکە ئەوەی بەتاریکیدا دەڕوات نازانێ بۆ کوێ دەڕوات. [36]باوەڕبهێنن بەڕووناکی هەتا ڕووناکیتان لەگەڵدایە، ئەوکاتە دەبنە ڕۆڵەی ڕووناکی.) دوای ئەوەی عیسا ئەمەی ووت، ڕۆیشتو خۆی لێیان شاردەوە. [37]لەگەڵ ئەوەی کە زۆر نیشانەی سەرسوڕهێنەری لەبەردەمیان کرد، باوەڕیان پێنەهێنا، [38]تا ووتەی ئەشعیای پێغەمبەر بێتەدی: { ئەی خوداوەند کێ باوەڕی هێنا بە ووتەکانمان؟

دەستی خوداوەند بۆ کێ دەرکەوت؟} [39]ئەوان نەیانتوانی باوەڕبهێنن، چونکە ئەشعیا دیسان ووتبووی: [40]{چاویانی کوێرو دڵیانی ڕەقکردووە، تاکو بەچاویان نەبینو بەدڵیان هەست نەکەن، ئەوسا بگەڕێنەوە چاکیان بکەمەوە.} [41]ئەشعیا ئەمەی ووت بوو، چونکە شکۆی ئەوی بینی بوو و باسیکرد بوو. [42]لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لەسەرۆکەکان باوەڕیان بە عیسا کرد، بێئەوەی باوەڕەکەیان دەربخەن، لەترسی ئەوەی فەرمانی دەرکردنیان لەکەنیشتدا بەسەر بدرێ، [43]چونکە ئەوان زیاتر حەزیان لەشکۆی خەڵکی بوو نەك شکۆی خودا.

ڕووناکی باوەڕ

[44]ئینجا عیسا بەدەنگێکی بەرز ووتی: (ئەوەی باوەڕم پێبهێنێ، باوەڕ بەمن ناهێنێ بەڵکو بەوەی کە ناردوومی، [45]ئەوەش منی بینیوە، ئەوەی بینیوە کە ناردوومی. [46]من وەك ڕووناکی هاتومەتە جیهان، تائەوەی باوەڕم پێبهێنێ لە تاریکیدا نەمێنێتەوە. [47] گەر یەکێ گوێی لەووتەکانم بوو و کاری پێنەکرد، من حوکم نادەم بەسەری، چونکە من نەهاتووم تا حوکم بەسەر جیهاندا بدەم، بەڵکو هاتووم بۆ ڕزگاری جیهان. [48]ئەوەی دانمپیانەنێ و بەووتەکانم ڕازی نەبێ، هەیە کەوا حوکمبدا بەسەری، ئەو ووشەیەی کە ووتم ئەو حوکم دەدات بەسەری لەڕۆژی دواییدا، [49]چونکە من هیچ شتێکم لەخۆمەوە نەووتووە، بەڵکو ئەو باوکەی ناردوومی چی ڕاسپاردووم ئەوە دەڵێم. [50]هەروەها من دەزانم ڕاسپاردەی ئەو ژیانی هەتاهەتاییە، جا هەر ووتەیەك من دەیڵێم، بەو شێوەیە دەیڵێم کە باوکم پێی ووتووم.)

عیسا قاچی قوتابیەکانی دەشوات

13

پێش جەژنی تێپەڕبوون، عیسا دەیزانی کاتی هاتووە ئەم جیهانە بەجێبهێڵێ و بڕواتە لای باوك، ئەو چۆن ئەوانەی سەر بەئەو بوون لە جیهاندا خۆشیدەویست، ئێستاش بەوپەڕی خۆشەویستییەوە خۆشیدەوێن. [2]کاتی نانخواردنی ئێوارە، شەیتان خستیە دڵی یەهوزای کوڕی شەمعونی ئەسخەریوتی کەوا ناپاکی لەگەڵ عیسادا بکات، [3]بەڵام عیسا دەیزانی باوك هەموو شتێکی خستۆتە ژێردەستی، هەروەها ئەو لەخوداوە هاتووەو بۆ خوداش دەگەڕێتەوە، [4]بۆیە لەسەر خوان هەستا، کەواکەی داکەندو خاوڵییەکی هەڵگرتو بەستی بەناو قەدیەوە، [5]ئینجا ئاوی کردە لەگەنێکەوە بۆ شوشتن، دەستیکرد بەشوشتنی قاچی قوتابیەکانیو بەو خاوڵییەی بەناو قەدیەوە بەستبووی بۆی سڕینەوە. [6] کاتێ گەیشتە سەر شەمعون پەترۆس، شەمعون پێی ووت: (گەورەم، تۆ قاچی من دەشۆیت؟) [7]عیسا لەوەڵامدا ووتی: (تۆ ئێستا ئەمەی دەیکەم تێناگەی، بەڵام دوایی تێدەگەیت.) [8]پەترۆس پێی ووت: (نەخێر، هەرگیز قاچم ناشۆیت!) عیساش وەڵامی دایەوە: (ئەگەر نەتشۆم، لەگەڵ من بەشت

نـابێ!) [9]جـا شەمعون پەترۆس پێی ووت: (گەورەم، تـەنها قاچـم نـا، بەڵکو دەستو سەریشم!) [10]عیسا ووتـی: (ئـەوەی خـۆی شوشتبێ، بەتەواوی بێگەردە هیچـیتری پێویسـت نییە، تەنها قاچی بشۆرێ، ئێوە بـێگەردن، بـەڵام هـەمووتان نـا.) [11]چـونکە عیسـا دەیـزانی کێ لەدواییدا ناپاکی لەگەڵدا دەکات، بۆیە ووتی: (هەمووتان بێگەرد نین.)

[12]دوای ئـەوەی عیسـا تـەواو بـوو لەشوشتنی قاچـیان، کەواکـەی هەڵگـرت، سـەرلەنوێ لەسەر خـوان دانیشتو لێیپرسین: (ئایا تێگەیشتن لەوەی بـۆم کـردن؟ [13]ئـێوە پێم‌دەڵێن مامۆستاو گەورە، جا ڕاستدەکەن من وام. [14]گەر من گەورەو مامۆستاتان بم، قاچـم شوشـتن، ئـیتر ئـێوەش لەسـەرتانە قاچـی یـەکتری بشـۆن. [15]من نموونەیەکم پێدان هەتا ئەوەی مـن بۆتـانم کـرد ئـێوەش بیکەن. [16]ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم: کۆیلە گەورەتر نییە لە گەورەکەی، نێرراو گەورەتـر نییە لەوەی ناردوویەتی. [17]گەر هاتوو ئێوە ئەمـەتان زانـی، خۆزگـەتان پێدەخوازری گەر کارتان پێکـرد. [18]ئەمـە بەهـەموتان ناڵێم، چونکە ئەوانەی هەڵمـبژاردون دەیانناسـم، بـەڵام ئەوەی لەکتێب‌دایە دەبـێ بێـتەدی کـە دەڵـێ: {ئـەوەی نـانم لەگـەڵ دەخـوات، ناپاکـیم لەگـەڵ دەکـات!} [19]ئـەوەی ڕوودەدات مـن پـێش ڕوودانـی پێـتان دەڵـێم، تاکو کاتێ ڕوویدا باوەڕبهێنن من ئەوم. [20]ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم: هەر کەسێ ئەو کەسەی بوێت کە من بۆی دەنێرم، ئەوە منی دەوێت، ئەوەش منی بوێت، ئەوەی دەوێت کە ناردوومی.)

ناپاکی یەهوزا

[21]کاتێ عیسا ئەمانەی ووت، لەڕۆحدا دڵتەنگ بـوو و بەئاشـکرا ووتـی: (ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم: یـەکێ لـەئـێوە دەمدات بەدەسـتەوە!) [22]قوتابیەکانی بەسەرسـامیەوە سـەیری یـەکتریان کردو نەیاندەزانی مەبەسـتی لـەکێـیە. [23]یـەکێ لەقوتابیەکان کە عیسا خۆشی‌دەویسـت لەتەنیشـتی پـاڵی دابـووەوە، [24] شـەمعون پەتـرۆس ئیشـارەتی بـۆی کـرد تـا پرسیار لـەعیسا بکات مەبەستی لەکێیە. [25]ئەویش شانی‌دایە سـەر سـینگی عیساو لێیپرسی: (گەورەم ئەو کەسە کێیە؟) [26]عیسا لەوەڵامدا ووتی: (ئەو کەسەیە پارووە نانەکـە دەخەمـە نـاو قاپەکـەو دەیدەمـێ.) ئینجا پارووەکـەی کـردە نـاو قاپەکـەو دای بـە یەهوزای کـوڕی شـەمعونی ئەسـخەریوتی. [27]پاش پارووەکە، شـەیتان چووە ناویەوە. ئینجا عیسا پێی ووت: (خێرا بـیکە ئـەوەی دەتـەوێ بیکەیـت!) [28]هـیچ کەسـێ لەوانـەی لەسـەر خوانەکـە لەگەڵـیدا بـوون، تێنەگەیشـتن بۆچـی ئەمـەی پـێووت، [29]بـەڵکو هەندێکیان لەو باوەڕەدا بوون کەوا فەرمانی پێدەدا چـییان پێویسـتە لەجەژنا بۆیان بکڕێ، یاخود هەندێ پارە بدات بەهەژاران، چونکە سەرپەرشتیاری سندوق بـوو. [30]دوای ئـەوەی یـەهوزا پارووەکـەی خوارد، چووە دەرەوە، کات شەوبوو.

ڕاسپاردەی تـازە

[31]کـاتێ یـەهوزا چـووە دەرەوە، عیسـا ووتی: (ئێسـتا ڕۆڵـەی مـرۆڤ شـکۆدارەو خـودا تـیایدا

شکۆدارکرا. [32]جا ئەگەر خودا لەودا شکۆدارە، بەهەمان شێوە خودا دەیەوێ ئەویش شکۆدار بکات لەخۆیداو هەر ئێستا شکۆداری دەکات. [33] منداڵەکانم، ماوەیەکی کورت لەگەڵتان دەمێنمەوە، ئەوسا داوام دەکەن، بەڵام ئەوەی پێشتر بەجوولەکەکانم ووت ئێستا بە ئێوەشی دەڵێم: ئێوە ناتوانن بێن بۆ ئەو شوێنەی من بۆی دەڕۆم. [34]من ڕاسپاردەیەکی تازەتان پێڕادەسپێرم: یەکتریتان خۆش بوێ. هەروەك چۆن من خۆشمویستن، ئاوا یەکتریتان خۆشبوێ. [35]بەمە هەموو خەڵکی دەزانن کە قوتابی منن، گەر ئێوە یەکتریتان خۆشویست.)

پێشبینیکردنی لاوازی پەترۆس

[36]ئینجا شەمعون پەترۆس لێیپرسی: (گەورەم، بۆ کوێ دەڕۆیت؟) عیساش وەڵامی دایەوە: (ئەو جێیەی بۆی دەڕۆم، ئێستا ناتوانی دوام بکەوی، بەڵام دوایی دوام دەکەوی.) [37]دیسان پەترۆس پرسیاری لێکردەوە: (گەورەم، بۆچی ئێستا ناتوانم دواتکەوم؟ من ژیانم لەپێناوی تۆ دادەنێم!) [38]عیسا وەڵامی دایەوە: (ئایا ژیانت لەپێناوی من بەخت دەکەیت؟ ڕاستی ڕاستیت پێدەڵێم: پێش ئەوەی کەلەشێر بخوێنێ، تۆ سێجار نکۆڵیم لێدەکەی!)

دڵتەنگ مەبن

14

(دڵتەنگ مەبن. ئێوە باوەڕتان بەخودا هەیە، کەواتە باوەڕیش بەمن بکەن. [2]ماڵی باوکم ژووری زۆری لێیە، گەر وانەبووایە ئەوسا پێم دەووتن، من دەڕۆم بۆ ئەوێ تا شوێنتان بۆ ئامادەبکەم. [3]دوای ئەوەی ڕۆیشتمو شوێنم بۆ ئامادەکردن، دەگەڕێمەوە لاتانو لەگەڵ خۆم دەتانبەم، تاکو ئێوەش لەو شوێنە بن کە منی لێدەبم. [4]ئێوە ڕێگای ئەو شوێنە پێدەزانن کە من بۆی دەچم.)

من ڕێگاو ڕاستیو ژیانم

[5]ئینجا تۆما ووتی: (گەورەم، نازانین تۆ بۆکوێ دەڕۆی، ئیتر چۆن ڕێگەکە بزانین؟) [6]عیسا وەڵامی دایەوە: (من ڕێگاو ڕاستیو ژیانم. کەس نایەت بۆ لای باوك بەهۆی منەوە نەبێ. [7] گەر ئێوە من بناسن، ئەوا باوکیشم دەناسن، لەئێستا بەدواوە دەیناسنو بینیوتانە.) [8]لیرە فیلیپۆس پێی ووت: (گەورەم، باوکمان نیشان بدە ئیتر بەسمانە!)

[9]عیسا وەڵامی دایەوە: (ماوەیەکی دوورو درێژە من لەگەڵتانم هێشتا هەر نەتناسیوم ئەی فیلیپۆس؟ ئەوەی منی بینیوە باوکی بینیوە، ئیتر چۆن دەڵێی باوکمان نیشانبدە؟ [10]ئایا باوەڕ ناهێنی من لەباوکدام، باوکیش لەمندایە؟ ئەو قسانەی کە دەیڵێم لەخۆمەوە نایاڵێم، بەڵکو ئەو باوکەی لەمندا نیشتەجێ بووە، ئەو کارەکانی خۆی دەکات. [11] باوەڕم پێبکەن من لەباوکدامو باوکیش لەمندایە، ئەگەر نا باوەڕم پێبکەن بەهۆی کارەکان خۆیانەوە. [12]ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم: ئەوەی باوەڕ بەمن بکات ئەو کارانە دەکات کە من دەیکەم، بەڵکو لەوانەش

مەزنتر دەکات، چونکە من بۆ لای باوك دەڕۆم. [13] هەرچیەك بەناوی منەوە داوابکەن بۆتانی دەکەم، هەتا باوك لەڕۆڵەدا شکۆداربێ. [14]گەر شتێکتان بەناوی من داواکرد، من بۆتانی دەکەم.)

بەڵێنی هاتنی ڕۆحی پیرۆز

[15](گەر ئێوە منتان خۆش بوێ بەڕاسپاردەکانم کاردەکەن. [16]ئەوسا لەباوکم داوادەکەم یارمەتیدەرێکی* دیکەتان بداتێ تاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە، [17]ئەوەش ڕۆحی ڕاستییە، کەوا جیهان ناتوانێ وەریگرێ چونکە نایبینێت و نایناسێت، بەڵام ئێوە دەیناسن چونکە لەگەڵتان دەمێنێتەوەو لەناوتان دەبێت. [18]بەهەتیوی بەجێتان ناهێڵم، بەڵکو دەگەڕێمەوە لاتان. [19]پاش ماوەیەکی کەم جیهان نابینێت، بەڵام ئێوە دەمبینن. جاچونکە من زیندووم، ئێوەش هەروەها زیندووددەبنەوە. [20]لەو ڕۆژەدا دەزانن باوك لەمندایە، ئێوەش لەمندان، منیش لە ئێوەدام. [21]ئەوەی ڕاسپاردەکانی منی لایەو کاریپێ دەکات، ئەوە منی خۆشدەوێت. ئەوەی منی خۆشبوێ، باوکم خۆشیدەوێ، منیش خۆشمدەوێو خۆمی پێنیشان دەدەم.)

[22]ئینجا یەهوزایەکیتر کە یەهوزای ئەسخەریوتی نەبوو، پرسیاری لێکرد: (گەورەم، بۆچی دەتەوێ خۆت بۆ ئێمە دەرخەیت بەڵام بۆ جیهان نا؟) [23]عیسا وەڵامی دایەوە: (ئەوەی منی خۆش بوێت کار بەووتەکانم دەکات، باوکیشم خۆشی دەوێت، ئێمە بۆ لای ئەو دێنو لای ئەو نیشتەجێ دەبین. [24]ئەوەش منی خۆش ناوێ کارناکات بە ووتەکانم. ئەم ووشانەی گوێتان لێدەبێ هی من نیە، بەڵکو هی ئەو باوکەیە کە ناردوومی. [25]من ئەم شتانەم پێووتن لەکاتێکدا هێشتا لاتانم. [26]بەڵام ڕۆحی پیرۆز، ئەو یارمەتیدەرەی باوك بەناوی من دەینێرێ، هەموو شتێکتان فێر دەکات، هەروەها هەموو ئەو شتانەی پێم ووتوون بیرتان دەخاتەوە.

ئاشتی عیسا

[27](ئاشتیتان بۆ بەجێدەهێڵم. ئاشتی خۆمتان دەدەمێ. بەڵام بەو شێوەیە نا کە جیهان دەتانداتێ. دڵتەنگ مەبن، هەروەها مەترسن. [28]گوێتان لێبوو من پێمووتن: من لاتان دەڕۆمو دواتر دەگەڕێمەوە لاتان. گەر ئێوە منتان خۆش بوێ، دڵشاد دەبن چونکە من دەڕۆم بۆلای باوك، لەبەرئەوەی باوك لەمن مەزنترە. [29]ئەوەتا ئێستا هەوالّی ئەوەم پێدان پێش ڕوودانی، بۆ ئەوەی هەرکاتێ ڕوویدا باوەڕبهێنن. [30]ئیتر لەمەولا زۆر قسەتان لەگەڵ ناکەم، چونکە گەورەی ئەم جیهانە وا دێتو هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر من نییە. [31]بەڵام دەبێ جیهان بزانێ من باوکم خۆش دەوێ، هەروەها باوك چۆن ڕاێسپاردم وا ڕەفتار دەکەم. هەستا! با لێرە بڕۆین!)

(مـن مـێوی ڕاستەقینەم، باوکیشـم ڕەزەوانە. [2]هەر لقێ لە منداا بەرنەگرێ ئەو دەیبڕێتەوە. هەر لقێ کە بـەردەدات ئـەو پاکی‌دەکاتـەوە تـا بەرهـەمی زیاتر بـدات. [3]ئـێوە ئێسـتا بێگەردن بەهۆی ئەو ووتانەی لەگەڵتان پـێی‌دوام. [4]جـا لـەمندا بچەسپێن‌و منیش لـەئێوەدا. چۆن لق لەخۆیەوە ناتوانێ بەرهەم بێنێ، گـەر بـەمـێوەکەوە نەچەسـپێ، ئـێوەش ناتوانن گەر لـەمـندا نەچەسپێن. [5]من مێوەم‌و ئێوەش لقەکان. کێ لـەمـندا بچەسـپێت‌و منیش لەو، ئەو بەرهەمی زۆر دەهێنێـت. چـونکە بـێ مـن ئـێوە ناتوانن هیچ شتێ بکـەن. [6]هـەر کەسـێ لـەمندا نەچەسپێ فڕێ دەدرێتە دەرەوە وەك لقـێك‌و ووشـك دەبـێ، ئـینجا لقـە ووشـکەکان کۆدەکرێنەوە‌و فڕێ دەدرێنە ناو ئاگرو دەسـووتێن. [7]بەڵام، گەر لـەمندا بچەسپێن، هەروەها ووتـەکانم لـەناوتاندا چەسـپا، ئـەوەی دەتانـەوێ داوای‌بکەن بۆتان دەبێ. [8]بەمە باوکم شکۆدار دەبێ گـەر بـەرهـەمی زۆر بهێنن، بەم شێوەیە ئێوە قوتابی مـنن. [9]هەروەك چۆن باوك منی خۆشویست، منیش ئێوەم خۆشویست، کەواتە لەناو خوشەویستیەکەمدا بچەسـپێن! [10]گـەر بـە ڕاسـپاردەکانی منـتان‌کـرد، لـەخۆشەویسـتیمدا دەچەسـپێن، هەروەك چۆن من بـــەڕاســـپاردەکانی بـــاوکم کـــردو لـــەناو خۆشەویستیەکەیدا چەسپاوم! [11]ئەم شتانەم پێ‌ووتن تـا خۆشـی من تیاتان بچەسپێ‌و خۆشیتان بە تەواوی بێـت. [12]ڕاسـپاردەی من بۆ ئێوە ئەمەیە: یەکتریتان خـۆش بـوێ هـەروەك چـۆن من خۆشەویستن. [13] کـەس خۆشەویسـتی لـەمـە مەزنتری نییە: کە ژیانی خۆی بکات بەقوربانی لەجیاتی دۆستەکانی. [14]ئێوە دۆستی منن گەر ڕەفتار بکەن بەوەی ڕامسپاردوون. [15]ئـیتر بەکۆیلـە ناوتان نابەم، چونکە کۆیلە نازانێ گەورەکـەی چـی دەکـات. بـەڵام مـن نـاوی خۆشەویستم لـێـنان چـونکـە هـەرچـیەکـم لـە بـاوکـم بیستبوو پـێم ڕاگـەیاندن. [16]ئـێوە منـتان هەڵـنەبژاردووە، بـەڵکو مـن ئـێوەم هەڵـبژاردووە، دیـاریم‌کردون تا بڕۆن بەرهەم بهێنن‌و بەرهەمەکەتان بەردەوام بێت، ئەوسا هەرچیەك بەناوی من لەباوك داوابکـەن دەتـانداتێ. [17]کەواتـە ئەم ڕاسپاردەیەتان پێ‌دەدەم: یەکتریتان خۆش‌بوێ.

ڕقبوونەوە لەعیساو قوتابیەکانی

[18](گـەر جـیهان ڕقی لێتان بووەوە، ئەوە بزانن پـێش ئێوە ڕقی لەمن بووە. [19]گەر ئێوە سەر بەجیهان بـن، جـیهان ئەوانـەی سـەربەخۆیەتی خۆشی‌دەوێن، بـەڵام چـونکە ئـێوە سـەر بـەجـیهان نین، بەڵکو من لەناوەڕاسـتی جـیهان هـەڵـبـژاردوون، لەبەرئـەوە جـیهان ڕقـی لێـتانە. [20]ئـەو قسـەیەتان بیربێتەوە کە پـێم‌ووتـن: کۆیلـە مـەزنتر نییە لە گەورەکەی. گەر ئەوانـەی سـەر بە جیهانن منیان چەوساندبێتەوە، ئەوا ئێوەش دەچەوسێنەوە، گەرهاتوو کاریان بەووشەکانم کـرد، ئەوا کار بەووشەکانی ئێوەش دەکەن. [21]بەڵام ئەمـەتان هەموو پێ‌دەکەن لەپێناوی ناوی من، چونکە ئـەوەی مـنی نـاردووە ئـەوان ناینـاسـن. [22]مـن گەر نەهاتـبوومایەو قسـەم لەگـەڵ نەکـردبوونایە، ئـەوا گوناهـیان نە دەبوو، بەڵام ئێستا هیچ بیانوییەکیان نییە

بـۆ گوناهەکانیان. [23]ئـەوەی ڕقـی لەمن بێت، ڕقی لـەباوکیشمە. [24]گەر لەنێوانیان ئەو کارانەم نەکردایە کە کەسی تر نەی‌کردووە، ئەوسا گوناهیان نە دەبوو. بـەڵام ئـەوان ڕقـیان لـەمن و لـە بـاوکم بـووەوە، هەرچەندە ئەو کارانەیان بینی. [25]ئەمەش ڕوویدا تا ئەو ووتەیـە بێتەدی کە لە شەریعەتەکەیاندا نووسراوە: { بەبێ هۆ ڕقیان لێم بووەوە! } [26]جا کاتێ یارمەتیدەر دێ، ئـەوەی من لەلایەن باوکەوە بۆتانی دەنێرم، ئەو ڕۆحـە ڕاستییەی کـە لـەباوکـەوە هەڵدەقوڵێ، ئەو شـایەتیم بـۆ دەدات. [27]ئـێوەش هەروەها شایەتیم بۆ دەدەن، چونکە لە سەرەتاوە ئێوە لەگەڵ من بوون.

کاری ڕۆحی پیرۆز

16

(مـن ئەمـەم پـێی ووتـن، تـا نەکەونـە هەڵـەوە. [2] لەکەنیشتەکان دەردەکرێن، بەڵکو کاتێ دێت ئەوەی دەتانکوژێ وابیردەکاتەوە خزمەتی خودای کردووە. [3]ئـەوان ئەمـەتان پێدەکـەن چـونکە نـەباوك دەناسن نـەمن. [4]جـا ئەمـەم پێووتن تا کاتی ڕووداتی هات، بیرتـان بکەوێـتەوە کـە ئەمـەم لـەپێشـا پێ ووتوون. لەسەرەتادا ئەمەم پێ نەووتن، چونکە لەگەڵتان بووم.

[5](ئێسـتا مـن دەگەڕێمـەوە بـۆ لای ئـەوەی نـاردووم، لەگـەڵ ئەوەشدا کەستان نەی پرسی: بۆ کـوێ دەچـی؟ [6]چـونکە ئەمـەم پێووتـن، دڵگرانی دایگـرتـن. [7]بـەڵام من ڕاستیتان پێدەڵێم: باشتر وایە بۆتـان کـە بـڕۆم، چـونکە ئەگـەر مـن نـەڕۆم، یـارمـەتیـدەرتـان بـۆ نایـەت. بـەڵام گـەر بڕۆم بۆتـانی دەنـێرم. [8]کاتێ ئەو دێ، جیهان سەرزەنشت دەکات لەسەر گوناەو ڕاستودروستیو حوکمدان، [9]لەسەر گوناه لەبەرئەوەی باوەڕم پێناهێنن. [10]لەسەر ڕاسـتودروستی لەبەرئەوەی من دەچمە لای باوکو ئـیتر نامبینن. [11]لەسـەر حوکمدانـیش لەبەرئـەوەی سەرۆکی ئەم جیهانە حوکمی بەسەر دراوە.

[12](هێشـتا شـتی زۆرم هەیـە پێتانی بڵێم، ئێستا نـاتوانن بەرگـەی بگرن. [13]بەڵام کاتێ ڕۆحی ڕاستی بـۆ لاتـان دێ، بـەرەو هـەموو ڕاسـتیەکتان دەبات، چـونکە لـەخۆیـەوە هیچ نالێ، بەڵکو ئەوەی گوێی لێدەبـێ پێتانی ڕادەگەیـنـێ، ئـەوەی لـە دوایـیدا ڕوودەدات پێتانی دەڵـێ. [14]ئـەو شکۆدارم دەکات چـونکە هـەموو ئـەوەی بۆتـانی باسدەکات لەمنەوە دەڕچـووە. [15]هەموو ئەوەی کە هی باوکە، هەروەها هـی مـنە. لەبەرئەوە بوو پێمووتن ئەوەی بۆتانی باس دەکـات لەمـنەوە دەڕچـووە. [16]پاش ماوەیەکی کەم نـامبینن، بەڵام دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم دەمبینن، چونکە دەگەڕێمەوە لای باوك.)

خۆشی دوای ناخۆشی

[17]هـەندێ لـەقوتابـیـەکان پرسـیاریان کـرد: (مەبەسـتی چـییە لـەم قسـەیە: پـاش ماوەیـەکی کەم نامبیـنن، دوای ئـەوە بـە ماوەیـەکی کـەم دەمبیـنن، هـەروەها: چونکە دەگەڕێمەوە لای باوك؟) [18]دیسان ووتـیان: (ئـەم کەمـە چـییە باسی دەکات؟ تێناگەین لـەوەی دەیلـێ!) [19]عیسـا زانـی کـەوا حەزدەکەن

پرسیاری لـێبکـەن، ئـێستجا پـێی ووتن: (پرسیار لە واتـای قسەکەم دەکەن: پاش ماوەیەکی کەم نامبینن، دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم دەمبینن.

[20](ڕاسـتی ڕاسـتیتان پـێدەڵـێم: ئێوە دەگرینو شـیوەن دەکـەن، بـەڵام جـیهان دڵشـاد دەبێ، ئێوە دڵتەنگ دەبن، بەڵام دڵتەنگیەکەتان دەبێ بە خۆشی. [21]ژن دڵـتەنگ دەبـێ کـاتێ کـە مـندالێوونی نزیك بـووەوە. بـەڵام کـاتێ مـندالەکەی بـوو، ئـیتر بـیر لـەمـاندووبوونی ناکاتەوە، لەخۆشی ئەوەی مرۆڤێك لـەدایكبـوو بـۆ ئـەم جیهانە. [22]ئێوەش ئاوها، ئێستا دڵـتەنگ دەبـن، بـەڵام کاتێ دێمەوە بۆلاتان، دڵتان خۆش دەبێ، ئیتر کەس ئەو خۆشیەتان لـێناسێنێتەوە. [23]لـەو ڕۆژەدا پرسـیاری هیچـم لـێناکـەن. ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەر شتێك بەناوی منەوە لەباوك داوا بکـەن دەتـانداتێ. [24]هـەتا ئێستا بەناوی منەوە هیچتان داوا نەکردووە. داوابکەن وەریدەگرن، تا خۆشیەکەتان بە تەواوی بێت.

من بەسەر جیهاندا زاڵبووم

[25](دەربـارەی ئەم شتانە لەقسەکانمدا نموونەم بۆ هێنانەوە، بـەڵام کـاتێ دێ، باسـی باوکتان بۆ بکەم بـەئاشـکرا و بێ نموونە. [26]لـەو ڕۆژەدا بەناوی منەوە داوا لـەباوك دەکـەن. ئیتر پێتان ناڵێم من داواتان بۆ دەکـەم لای بـاوك. [27]چـونکە بـاوك خـۆی خۆشی دەوێن، لەبەرئەوەی ئێوە منتان خۆشویست، هەروەها باوەڕتـان بـەوە هێنا کە من لە خوداوە دەرچووم. [28] لەباوکـەوە دەرچـووم‌و هـاتووم بـۆ جـیهان، ئێسـتا جیهان بەجێدەهێڵـم‌و دەگەڕێمەوە لای باوك.)

[29]لێرە قوتابیەکانی پێیانووت: (ئێستا بەئاشکرا گفـتوگۆمان لەگـەڵ دەکەیـت بـێ نموونـە. [30]ئێستا دەزانـین تـۆ هـەموو شـتێك دەزانـی، پێویست بەوە ناکـات کـەس پرسـیارت لـێبکـات. لەبەرئـەوە باوەڕدەهێنین تـۆ لـە خـوداوە دەرچووی.) [31]عیسا لـەوەڵامدا ووتـی: (ئایـا ئێستا باوەڕدەهێنن؟ [32]کاتێ دێ، ئـەوەتا هاتووە، تیایدا لەبەکتڕی جیادەبنەوە هەر یەکـە بـۆ مـاڵی خـۆی، ئینجا بەتەنها بەجێمدەهێڵن. بـەڵام مـن بەتەنها نیم، چونکە باوك لەگەڵمدایە. [33] ئەمانـەم هـەموو پێووتن تاکو لـەمندا ئاشتیتان هەبێ. ئـێوە لەجـیهاندا تەنگانـە دەچـێژن. بـەڵام ووڕەتـان بەرزبێ، من بەسەر جیهاندا زاڵبووم!)

نوێژی عیسا بۆ باوەڕداران

17

کـاتێ ئـەم قسانەی‌کرد، ڕوانیە ئاسمانو ووتی: (ئەی باوك، کاتی ئەوە هاتووە! ڕۆڵەکەت شکۆدار بکەی، تـاکو ڕۆڵەکەشـت تـۆ شـکۆدار بکات، [2]ئەوەی تۆ دەسـەڵاتت داوەتـێ بەسـەر هەموو مرۆڤدا، هەتا ئەو ژیـانی هەتاهـەتایی بدات بە هەموو ئەوانەی تۆ بەوت داوە. [3]ژیـانی هەتاهەتایش ئەوەیە کە تۆ بناسن، تەنها خـودای ڕاسـتەقینە، هـەروەها عیسـای مەسـیح کە ناردووتـە. [4]مـن لەسـەر زەوی شـکۆدارم کـردی بەتەواوکـردنی ئـەو کارەی دابووت پێم. [5]ئەی باوك ئێسـتا شکۆدارمکە لەلای خۆت، بەو شکۆمەندییەی لای تۆ هەمبوو پێش دروستکردنی جیهان.

[6](ناوی تۆم دەرخست بۆ ئەوانەی لەجیهاندا بەمنت‌دان، ئەوانە هی تۆ بوون، تۆ بەمنت‌دان. ئەوانیش گوێرایەڵی ووتەکانت بوون، [7]ئێستا دەزانن هەرچیەکت بەمن داوە لەتۆوەیە، [8]چونکە من ئەو ووشانەم دانێ کە تۆ پێت دابووم، ئەوانیش وەریان‌گرت، هەروەها بەڕاستی زانییان من لەتۆوە هاتووم‌و باوەڕیان هێنا کە تۆ منت ناردووە. [9] لەپێناوی ئەوانەدا نوێژت بۆ دەکەم. ئێستا لەپێناوی جیهاندا نوێژ ناکەم، بەڵکو لە پێناوی ئەوانەی بەمنت‌داون، چونکە ئەوانە هی تۆن. [10]هەرچیەك هی منە، هی تۆیە، هەرچیەکیش هی تۆیە، هی منە، من لەئەواندا شکۆدار بووم. [11]ئەمان لەجیهان دەمێننەوە، بەڵام من تیایدا نامێنمەوە، چونکە من دەگەڕێمەوە لای تۆ. ئەی باوکی پاك‌وپیرۆز ئەوانەی داوتە بەمن بەهێزی ناوی خۆت بیان‌پارێزە، هەتا بن بە یەك وەك ئێمە یەکین. [12]کاتێ لەگەڵیاندا بووم دەمپاراستن بەناوی تۆوە. ئەوانەی بەمنت‌دابوون ئاگادارم کردن، کەسیان لەناونەچوون جگە لە ڕۆڵەی لەناوچوو نەبێ، تاکو ئەوەی لەکتێبی پیرۆزدا نووسراوە بێتەدی. [13]بەڵام ئێستا من دەگەڕێمەوە لای تۆ، من باسی ئەمە دەکەم، جارێ هێشتا لە جیهاندام، تا دڵشادی من تیایاندا بەتەواوی بێت. [14] من ووشەی تۆم بەواندا، بەڵام جیهان ڕقی لێیان بووەوە، چونکە ئەوان سەر بە جیهان نەبوون، هەروەك چۆن من سەر بە جیهان نیم. [15]من داوای ئەوە ناکەم تۆ ئەوان لەجیهان بسێنیتەوە، بەڵکو لەشەیتان بیان‌پارێزە. [16]ئەوان سەر بە جیهان نین هەروەك چۆن من سەر بە جیهان نیم. [17]لەڕاستیدا پیرۆزیان‌بکە، چونکە ووشەی تۆ ڕاستییە. [18]هەروەك چۆن منت نارد بۆ جیهان، منیش دەیانێرم بۆ جیهان. [19]جا لەپێناوی ئەواندا من خۆم پیرۆز دەکەم، هەتا ئەوانیش لەڕاستی پیرۆزبن.

[20]تەنها لەپێناوی ئەمان نوێژ ناکەم، بەڵکو لەپێناوی ئەوانەش کە باوەڕم پێدەکەن بەهۆی قسەی ئەمانەوە، [21]تا هەموو یەك بن، هەروەك تۆ چۆن لەمندای ئەی باوك منیش لەتۆدام، تا ئەوانیش لەئێمەدا بن، تاکو جیهان باوەڕبهێنێ کە تۆ منت ناردووە. [22]من ئەو شکۆمەندیەم داونەتێ تۆ داوتە بەمن، تا بن بەیەك هەروەك چۆن ئێمە یەکین. [23]من لەئەواندام‌و تۆ لەمندای، تا تەواوبن‌و بن بە یەك، هەتا جیهان بزانێ تۆ منت ناردووە، هەروەها ئەوانت خۆشویستووە وەك چۆن منت خۆشویست.

[24](ئەی باوك، دەمەوێ ئەوانەی کە داوتە بە من لەهەر شوێنێکدابم لەگەڵمبن، تا ئەو شکۆمەندیەم ببینن کە داوتە بەمن، چونکە تۆ منت خۆشویستووە پێش دروستبوونی جیهان. [25]ئەی باوکی ڕاست‌ودروست، جیهان ناتناسێ، بەڵام من تۆ دەناسم، ئەوانیش دەزانن کە تۆ منت ناردووە، [26]من ناوی تۆم بەوان ناساند، هەروەها پێیان دەناسێنم، تاکو ئەو خۆشەویستیەیان تیادابێ کە تۆ منت پێ خۆشویست، هەتا من خۆم لەواندا بم.)

گرتنی عیسا

دوای ئەوەی عیسا لەم ووتانەی بووەوە، لەگەڵ قوتابیەکانی کەوتنە ڕێو دۆڵێ قەدرونیان بڕی. لەوێدا باخچەیەك هەبوو خۆی و قوتابیەکانی چوون بۆ ئەوێ. [2]بەڵام ئەو یەهوزایەی ناپاکی لەگەڵ کرد، ئەو شوێنەی دەزانی، چونکە عیسا زۆر جار لەگەڵ قوتابیەکانی تیادا کۆدەبووەوە. [3]ئینجا یەهوزا بەرەو ئەوێ چوو، تیپێك سەربازو پاسەوانانی پەرستگای لەگەڵ خۆی برد، ئەوانەی سەرۆك کاهینەکانو فەریسیەکان ناردبوویانن، چراو مەشخەڵو چەکیان هەڵگرتبوو. [4]عیسا دەیزانی چی بەسەر دێ، بەرەو ڕوویان چوو، ووتی: (کێتان دەوێ؟) [5]وەڵامیان دایەوە: (عیسای ناسری). ئەویش پێی ووتن: (من ئەوم). ئەو یەهوزایەی کە ناپاکی لەگەڵ کرد لەگەڵیان وەستا بوو. [6]کاتێ پێی ووتن: (من ئەوم) گەڕانەوە دواوەو کەوتن بە زەوییدا! [7]عیسا جارێکی کە لێی پرسینەوە: (کێتان دەوێ؟) ئەوانیش لەوەڵامدا ووتیان: (عیسای ناسری.) [8]ئەویش ووتی: (پێم ووتن: من ئەوم، گەر ئێوە بەدوای منذا دەگەڕێن، با ئەوانەی کە بڕۆن.) [9]ئەمەش بۆ هاتنەدی ئەو قسەیە بوو کە ووتی: (ئەوانەی بەمنت‌دابوون کەسیان لەناونەچوو!) [10]شەمعون پەترۆس شمشێرێکی پێبوو دەری هێناو لەکۆیلەی سەرۆك کاهینەکانی‌داو گوێچکەی ڕاستی پێبڕی. ئەو کۆیلەیەش ناوی مەلخەس بوو. [11]عیسا بە پەترۆسی ووت: (شمشێرەکەت بگەڕێنەوە کێڵانەکەی! ئایا ئەو جامەی باوکم داویەتی پێم نەیخۆمەوە؟)

لەبەردەم سەرۆکی کاهینەکان

[12]ئینجا تیپە سەربازەکەو سەرتیپەکەیانو پاسەوانەکانی جوولەکە عیسایان گرتو بەستیانەوە. [13]یەکەمجار بردیان بۆ لای حەنانی خەزوری قەیافا کە سەرۆك کاهین بوو لەو ساڵەدا. [14]قەیافاش ئەو پیاوە بوو کە ڕاوێژی بۆ جوولەکەکان کردبوو، باشتر وایە پیاوێك بمرێ لەجیاتی هەموو گەل.

پەترۆس نکۆڵی لەعیسا دەکات

[15]شەمعون پەترۆس لەگەڵ قوتابیەکەی تر کە سەرۆکی کاهینەکان دەیناسی شوێنی عیسا کەوت. ئەو قوتابیە لەگەڵ عیسا چووە کۆشکی سەرۆك کاهین. [16]بەڵام پەترۆس لەدەرەوە لەلای دەرگاکە ڕاوەستا. ئینجا قوتابیەکەی تر کە سەرۆك کاهینەکان دەیناسی هاتەدەرەوەو قسەی لەگەڵ کچە دەرگاوانەکەدا کردو پەترۆسی هێنایە ژوورەوە. [17]کچە دەرگاوانەکە لە پەترۆسی پرسی: (ئایا تۆ یەکێك لەقوتابیەکانی ئەم کابرایە نیت؟) ئەویش وەڵامی دایەوە: (نەخێر، لەوان نیم.) [18]ئاووهەوا سارد بوو، خزمەتکارانو پاسەوانان ئاگریان کردبووەوە لەدەوری وەستابوون خۆیان گەرم دەکردەوە، پەترۆسیش لەگەڵیان وەستابوو خۆی گەرم دەکردەوە.

[19]سەرۆکی کاهینەکان پرسیاری لەعیسا کرد دەربارەی قوتابیەکانیو فێرکردنەکەی. [20]عیساش وەڵامی دایەوە: (بە ئاشکرا قسەم بۆ جیهان کرد، لەکەنیشتو پەرستگادا لەو شوێنەی هەموو جوولەکەکان لێی کۆدەبونەوە، هەموو کاتێ خەڵکم

فێردەکرد، هیچ شتێکم بەنهێنی نەتووە. [21]بۆچی پرسیار لە من دەکەیت؟ پرسیار لەوانە بکە کە گوێیان لەقسەکانم بووە، ئەوان دەزانن چیم ووتوە!) [22]کاتێ عیسا ئەمەی ووت یەکێك لەخزمەتکارەکان زللەیەکی لێداو پێیووت: (ئاوها وەلامی سەرۆکی کاهینان دەدەیتەوە؟) [23]عیسا وەلامی دایەوە: (گەر قسەی خراپم کردووە بڵێ چیم ووتووە، گەر ڕاستیشم ووتووە، ئیتر بۆچی لێم دەدەیت؟) [24]ئەوسا حەنان بەدەستی بەستراوەوە ناردی بۆ لای قەیافای سەرۆك کاهین. [25]هێشتا شەمعون پەترۆس لەوێ ڕاوەستابوو خۆی گەرم دەکردەوە، لێیان پرسی: (ئایا تۆش لە قوتابیەکانی ئەو نیت؟) ئەویش نکۆڵی لێکردو ووتی: (نەخێر، لەوان نیم.) [26]یەکێك لەخزمەتکارانی سەرۆکی کاهینان زاوای ئەو خزمەتکارە بوو کە پەترۆس گوێی لێکردەوە، ووتی: (ئەی لەباغچەکەدا تۆم لەگەڵ ئەو نەبینی؟) [27]دیسان پەترۆس نکۆڵی لێکرد، ئینجا یەکسەر کەلەشێر خوێندی!

عیسا دەدرێتە دەست پیلاتۆس

[28]ئیتر بەیانی زوو عیسایان لەماڵی قەیافاوە برد بۆ کۆشکی فەرمانڕەوایی ڕۆمەکانو ئەوان نەچوونە ئەو کوشکە نەوەك پیس بنێو بەهۆی ئەوەوە نەتوانن بەشداری بکەن لەخواردنی جەژنی تێپەڕبوون. [29] ئەوسا پیلاتۆس هاتە دەرەوە بۆ لایانو لێیپرسین: (بەچی ئەم پیاوە تاوانبار دەکەن؟) [30]وەلامیان دایەوە: (گەر تاوانبار نەبووایە، نەماندەدا بەدەستەوە.) [31] پیلاتۆس ووتی: (ئێوە ببیەن، بەپێی شەریعەتی خۆتان حوکمی بەسەردا بدەن.) ئەوانیش وەلامیان دایەوە: (مافی ئەوەمان نییە کەس بکوژین.) [32]ئەمەش ڕوویدا تاکو ئەوەی عیسا ووتبووی لەبارەی شێوەی مردنەکەی بێتەدی. [33]ئینجا پیلاتۆس چووە ناو کۆشکەکەیو بانگی عیسای کردو لێیپرسی: (تۆ پادشای جوولەکەی؟) [34]عیسا لە وەلامدا ووتی: (ئایا تۆ لەخۆتەوە ئەمەم پێدەڵێی، یاخود خەڵکی کە دەربارەی من ئەمەیان پێ ووتوی؟) [35]ئەوسا پیلاتۆس لێیپرسی: (ئایا من جوولەکەم؟ گەلەکەتو سەرۆك کاهینەکان تۆیان داوەتە دەستی من. چیت کردووە؟) [36]عیساش لەوەلامدا ووتی: (پادشاهێتی من سەر بەم جیهانە نییە. گەر پادشاهێتی من سەر بەم جیهانە بووایە، ئەوسا خزمەتکارەکانم دەجەنگان تا نەدرێمە دەست دەسەلاتدارانی جوولەکە. بەڵام پادشاهێتی من هی ئێرە نییە.) [37]جا پیلاتۆس لێیپرسی: (کەواتە تۆ پادشای؟) ئەویش وەلامی دایەوە: (خۆت ووتت من پادشام. لەبەر ئەمەش لەدایك بووم هاتووم بۆ جیهان، تاشایەتی بۆ ڕاستی بدەم، هەر کەسێ لەڕاستی بێ گوێ لە دەنگم دەگرێ.) [38]پیلاتۆس پێی ووت: (ڕاستی چییە؟) دوای ئەوەی ئەمەی ووت دیسان چووە دەرەوە بۆ لای جوولەکەکانو ووتی: (من هیچ خراپەیەکی تیادا نادۆزمەوە! [39]ئێوە لەسەر ئەوە ڕاهاتوون لەجەژنی تێپەڕبووندا گیراوێکتان بۆ ئازاد بکەم. ئایا دەتانەوێ پادشای جوولەکەتان بۆ ئازاد بکەم؟) [40]هەموو هاواریان کردو ووتیان: (ئەمە ئازاد مەکە! بەڵکو بارابەس!) هەرچەندە بارابەس

دزیش بوو.

فەرمانی کوشتنی عیسا
19

ئیتر پیلاتۆس فەرمانی‌دا عیسا بەرێت و بەقامچی لێبدرێت. [2]سەربازەکان تاجێکیان لەدرك چنی‌و خستیانە سەر سەری، جلێکی ئەرخەوانییان لەبەرکرد. [3]لێی دەچوونە پێشەوەو پێیان دەووت: (سلاو! ئەی پادشای جوولەکە!)، زللەیان لێدەدا. [4]جارێکی‌کە پیلاتۆس هاتەدەرەوە بۆ لای خەڵکەکەو پێی ووتن: (من دەی هێنمە دەرەوە بۆلاتان تا بزانن من هیچ گوناهێکی تیادا نابینم!) [5]عیسا بەتاجی درکاوی‌و جلی ئەرخەوانییەوە هاتەدەرەوە، ئینجا پیلاتۆس بەوانی ووت: (ئەوەتا پیاوەکە!) [6]کاتێ سەرۆك کاهینەکانو پاسەوانەکان بینیان، هاواریان کرد: (لەخاچی بدە! لەخاچی بدە!) ئەوسا پیلاتۆس پێی‌ووتن: (ئێوە بیبەنو لەخاچی بدەن، من هیچ گوناهێکی تیادا نابینم!) [7]جوولەکەکان وەڵامیاندایەوە: (شەریعەتمان هەیە. بەپێی شەریعەتی ئێمە دەبێ بمرێ، چونکە خۆی کردووە بە ڕۆڵەی خودا.)

[8]کاتێ پیلاتۆس گوێی لەم قسەیە بوو زیاتر ترسا، [9]چووە ناو کۆشکەکەی‌و لەعیسای پرسی: (تۆ خەڵکی کوێی؟) بەڵام عیسا هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. [10]پیلاتۆس پێی‌ووت: (بۆ قسەم لەگەڵ ناکەیت؟ ئایا نازانی من دەسەڵاتی ئەوەم هەیە ئازادت بکەم یان لەخاچت بدەم؟) [11]عیسا وەڵامی‌دایەوە: (تۆ هیچ دەسەڵاتێکت بەسەر منەوە نییە، گەر لە سەرەوە بەتۆیان نەدابێ. جا لەبەرئەوە، ئەوەی منی داوەتە دەست تۆ گوناهێکی گەورەتری هەیە.)

[12]ئیتر لەبەرئەمە پیلاتۆس هەوڵی ئازادکردنی عیسای‌دا، بەڵام جوولەکەکان هاواریان‌کرد: (گەر ئەمەت ئازادکرد، ئیتر هاوڕێی قەیسەر نیت. هەر کەسێك خۆی بکات بەپادشا، دوژمنایەتی لەگەڵ قەیسەر دەکات.) [13]کاتێ پیلاتۆس گوێی لەم قسانە بوو، عیسای بردە دەرەوە، ئەوسا لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی دانیشت، لەشوێنێك پێی‌دەووترێ بەردڕێژکراو بەزمانی عیبریش گەباسا. [14]کاتەکەش نزیکەی دوانزەی نیوەڕۆ بوو، لەو ڕۆژەدا [ڕۆژی هەینی] خۆ ئامادەدەکرا بۆ جەژنی تێپەڕبوون. ئینجا پیلاتۆس بەجوولەکەکانی ووت: (ئا ئەوەتا پادشاکەتان!) [15]ئەوانیش هاواریان‌کرد: (بیبە! بیبە! لەخاچی بدە!) پیلاتۆس لێی‌پرسین: (ئایا پادشاکەتان لەخاچ بدەم؟) ئەوسا سەرۆك کاهینەکان وەڵامیان دایەوە: (هیچ پادشایەکمان نییە جگە لە قەیسەر.) [16]ئیتر پیلاتۆس دایە دەستیان تا لەخاچ بدرێ.

لە خاچدان

ئەوانیش عیسایان بردو ڕۆیشتن. [17]عیساش هاتەدەرەوەو خاچەکەی هەڵگرت بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیشت کە ناسرابوو بەشوێنی کاسەی سەر بەزمانی عیبری پێی‌دەوترێ (گولگۆسە)، [18]لەوێ لەگەڵ

دوو پیاو لەخاچیاندا، هەر یەکە لە لایەکیەوە، عیساش لە ناوەڕاست.

[19]پیلاتۆس لەسەر خاچەکە دروشمێکی هەڵواسی بوو لەسەری نووسرا بوو: (عیسای ناسیری پادشای جوولەکە.) [20]جوولەکەیەکی زۆر دروشمەکەیان خوێندەوە، چونکە ئەو شوێنەی عیسای تیادا لەخاچدرابوو لەشار نزیك بوو. دروشمەکەش بەزمانی عیبریو لاتینیو یۆنانی نووسرا بوو. [21]سەرۆك کاهینەکانی جوولەکە بەپیلاتۆسیان ووت: (مەنووسە: (پادشای جوولەکە)، بەڵکو بنووسە: (ئەم پیاوە خۆی دەیووت: من پادشای جوولەکەم.))

[22]پیلاتۆس وەڵامیدایەوە: (ئەوەی نووسیومە، نووسیومە!)

[23]کاتێ سەربازەکان عیسایان لەخاچدا، جلەکانیان بردو کردیان بەچوار بەشەوە، هەر سەربازو بەشێکی برد. هەروەها کراسەکەشیان برد، کە سەرتاپا بەبێ دروون لەیەك پارچە چنرابوو. [24] ئینجا سەربازەکان بەیەکتریان ووت: (پێویست ناکات بیدڕێنین، بەڵکو شێرۆخەتی لەسەر دەکەین بزانین بەرکێ دەکەوێ.)

ئەمەش ڕوویدا تا ئەوەی لەکتێبی پیرۆزدا نووسراوە بێتەدی: {جلەکانمیان لەنێوان خۆیان بەشکردو شێرۆخەتیان لەسەر کراسەکەم کرد.} ئەمەش ئەوە بوو کە سەربازەکان کردیان.

[25]لەوێ لەلای خاچەکەی عیسا، دایکی لەگەڵ مریەمی ژنی کلۆپا کە پووری بوو، هەروەها مریەمی مەجدەلی وەستابوون. [26]کاتێ عیسا دایکی بینی، بە تەنیشت ئەو قوتابیەوە وەستاوە کە خۆشیدەویست، بەدایکیووت: (ئەی ئافرەت، ئەمە کوڕتە!) [27]ئینجا بەقوتابیەکەی ووت: (ئەمە دایکتە.) لەوکاتەوە قوتابیەکە بردیە ماڵی خۆی.

مردنی عیسا

[28]دوای ئەوەی عیسا بینی هەموو شتێ تەواو بوو، ووتی: (تینوومە.) تا ئەوەی لەکتێبی پیرۆز باسکراوە بێتەدی. [29]لەوێ قاپێکی پڕ لەسرکە هەبوو، ئیسفەنجێکیان کرد بەسرکەکەو بەقامیشێك بەرزیانکردەوە بۆ دەمی. [30]کاتێ عیسا دەمی لەسرکەکەدا، ووتی: (تەواوبوو!) ئینجا سەری دانەواندو گیانی سپارد.

[31]جا چونکە ئەو ڕۆژە ڕۆژی خۆئامادەکردن بوو بۆ جەژنی تێپەڕبوون، ڕۆژی پاشتریش شەممەیەکی مەزن بوو، هەروەها تا لاشەکان بە هەڵنەواسراوەیی لەسەر خاچەکان نەمێننەوە، جوولەکەکان داوایان لەپیلاتۆس کرد قاچی لەخاچدراوەکان بشکێنرێو لاشەکانیان هەڵگیرێ. [32]ئینجا سەربازەکان هاتنو هەردوو قاچی ئەو دوو پیاوەیان شکاند کە لەگەڵ عیسا لەخاچدرابوون. [33]بەڵام کاتێ گەیشتنە سەر عیسا، سەیریانکرد مردووە، ئیتر قاچیان نەشکاند. [34]ئینجا یەکێك لەسەربازەکان ڕمێکی کرد بەلاتەنیشتی، یەکسەر خوێنو ئاوی لێ هاتەدەرەوە. [35]جا ئەوەی ئەمەی بینی خۆی شایەتی دەدا، شایەتیەکەشی ڕاستە، خۆی بەتەواوی دەزانێ کە

بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە، مریەمی مەجدەلی چووە سەر گۆڕەکەی عیسا، هێشتا تاریك بوو، سەیری کرد بەردەکە لەسەر دەرگای گۆڕەکە لابراوە. [2] ئەویش بەڕاکردن هات بۆ لای شەمعون پەترۆس و قوتابیەکەی تر کە عیسا خۆشی‌دەویست پێی‌ووتن: (گەورەیان لەگۆڕەکە بردووە، نازانین لەکوێ دایان ناوە!) [3] ئینجا پەترۆس و قوتابیەکەی‌کە ڕۆیشتن بەرەو گۆڕەکە. [4] هەردووکیان بەیەکەوە ڕایان‌دەکرد، بەڵام قوتابیەکەی‌تر پێش پەترۆس کەوتو پێش ئەو گەیشتە سەر گۆڕەکە، [5] دانەویەوە سەیری‌کرد کفنەکە لەوێ کەوتووە، بەڵام نەچووە ژوورەوە. [6] ئینجا دوای ئەو شەمعون پەترۆس گەیشتە سەر گۆڕەکەو چووە ژوورەوە، ئەویش بینی کفنەکە لەوێ کەوتووە. [7] ئەو دەستەسڕەی بەسەری عیساوە بوو بینی بەتەنها پێچراوەتەوە بەجیا لەشوێنی کفنەکە. [8] لەوکاتەدا قوتابیەکەی‌کەش هاتە ژوورەوە، ئەوەی یەکەمجار گەیشتە سەر گۆڕەکە، ئەمەی بینیو باوەڕی هێنا. [9] چونکە قوتابیەکان تا ئەوکاتەش تێنەگەیشتبوون ئەوەی کتێبی پیرۆز باسی دەکات، ئەو دەبێ لەنێوان مردووواندا هەستێتەوە. [10] ئیتر دوو قوتابیەکە گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان.

عیسا بۆ مریەم دەردەکەوێ

[11] بەڵام مریەم هەر لە دەرەوە وەستاو لەسەرگۆڕەکە دەگریا. کاتێ کە دەگریا دانەویەوە بۆ گۆڕەکە، [12] سەیری کرد دوو فریشتە بەجلی سپیەوە، دانیشتوون لەو شوێنەی تەرمەکەی عیسای

ڕاستی دەڵێ، هەتا ئێوەش باوەڕبهێنن. [36] ئەمەش ڕوویدا تا ئەوەی لەکتێب باسکراوە بێتەدی: { ئێسقانێکی لێ‌ناشکێ! } [37] هەروەها لەشوێنێکی‌تر لەکتێب باسکراوە: {سەیری ئەوە دەکەن کە ڕمیان لێ‌دەوە.}

ناشتنی عیسا

[38] پاش ئەوە یوسف ناوێك کە خەڵکی ڕامە بوو داوای لەپیلاتۆس کرد تا ڕێ‌بدات لاشەکەی عیسا بەرێ، ئەم یوسفەش قوتابی عیسا بوو، بەڵام بە نهێنی چونکە لە دەسەلاتدارانی جوولەکە دەترسا، ئیتر پیلاتۆس ڕێی‌دا. ئینجا یوسف هاتو لاشەکەی عیسای هەڵگرت. [39] هەروەها نیقۆدیمۆسیش هات ئەوەی کە لە پێشا بەشەو هاتبوو بۆ لای عیسا. لەگەڵ خۆی نزیکەی سی لیتر بۆنی مۆڕی تێکەڵاو بە عودی هێنا. [40] لاشەکەی عیسایان هێناو لەگەڵ بۆن بەکفن پێچایانەوە، بەو شێوەیەی نەریتی جوولەکە بوو لە ناشتن. [41] لەو شوێنەی عیسای تیادا لە خاچدرا باخچەیەکی لێ‌بوو، لە باخچەکەشدا گۆڕێکی تازەی لێ‌بوو، لەوەو پێش کەسی تیادا نەنێژرا بوو. [42] هەردووکیان عیسایان لەو گۆڕەدا ناشت چونکە نزیك بوو، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژە ڕۆژی خۆئامادەکردن بوو لەلای جوولەکەکان.

لـێدانرابوو، یەکێك لەلای سەریەوە ئەوی‌کە لەلای قاچیەوە. [13]لێیانپرسی: (خوشکە، بۆ دەگری؟) لەوەڵامدا ووتی: (گەورەمیان بردووە، نازانم لەکوێ دایـانـنـاوە.) [14]ئەمـەی ووتـو ئاوڕیدایـەوەو سـەیری‌کرد عیسـا وەستاوە، بەڵام مریەم نەیزانی ئەو عیسـایە. [15]عیسـا لێیپرسـی: (خوشـکە، بۆچـی دەگـری؟ بەدوای کێدا دەگەڕێی؟) مریەمیش وایزانی باخەوانەکەیـە، پـێیووت: (گەورەم گەر تۆ بردووتە پێم بڵێ لەکوێ داتناوە تا بیبەمەوە.)

[16]ئینجا عیسـا بانگی‌کـرد: (مـریەم!) ئـەویش ئاوڕیدایـەوەو بـە زوبـانی عیـبری هـاواری کـرد: (ڕەبونـی)، بـەواتای مامۆسـتا. [17]عیساش پێیووت: (مەمگرە! هێشتا نەڕۆیشتووم بۆ لای باوك، بەڵام برۆ بـۆ لای بـراکانمو پێیان بڵـێ: مـن دەچـم بـۆ لای باوکمو باوکتان، خودامو خوداتان!) [18]ئینجا مریەمی مـەجدەلی گەڕایـەوەو هـەواڵیدا بـەقوتابـیەکانو پـێیووتن: (مـن گـەورەم بـینی!) هەروەها ئەوەی پێ ووتن کە پێی ووتبوو.

دەرکەوتنی مەسیح بۆ قوتابیەکان

[19]لەئێوارەی ئـەو یەکشەمەیە، کاتێ قوتابیەکان لـەترسـی دەسـەلاتدارانی جوولەکە بەیەکەوە بوونو دەرگاکانـیان لەسـەر خۆیان داخستبوو، عیسا هات لەناوەڕاسـتیان وەسـتاو ووتـی: (ئاشتی بۆ ئێوە!) [20] کـاتێ ئەمـەی ووت، دەسـتیو لاتەنیشتی نیشاندان، قوتابیەکان کاتێ خوداوەندیان بینی دڵشاد بوون. [21] ئینجا عیسا پێیووتن: (ئاشتی بۆ ئێوە! چۆن باوك منی نـاردووە، منـیش ئاوا ئێوە دەنێرم.) [22]ئەمەی ووتـو فـووی لـێکـردنو پـێی ووتـن: (ڕۆحـی پـیرۆز وەرگـرن. [23]ئـەوەی گونـاهی ببەخشن، بەخشراوە، ئەوەی گوناهی نەببەخشن، ئەوا نەبەخشراوە!)

دەرکەوتنی مەسیح بۆ تۆما

[24]بەڵام تۆما، یەکێك لەدوانزەکە، کە ناسرابوو بـەدووانـە، لەگـەڵ قوتابـیەکان نەبوو کاتێ عیسا بۆ لایـان هـات. [25]قوتابـیەکانیتر پێـیان ووت: (ئـێمە گـەورەمان بـینی!) ئـەویش لـەوەڵامـدا ووتی: (گەر نیشـانەی بزمارەکان بەدەستیەوە نەبینم، پەنجە نەخەمە شـوێنی بـزمارەکانەوە، دەسـت نـەدەم لەلاتەنیشـتی باوەڕناکەم!)

[26]دوای هەشـت ڕۆژ، کـاتێ قوتابـیەکانی دووبـارە لەمانّەوە بوون تۆماشیان لەگەڵ بوو، عیسا هـات بـۆ لایـانو دەرگاکانـیش داخـرابوون، لـە ناوەڕاسـتیان وەستاو ووتی: (ئاشتی بۆ ئێوە!) [27]ئینجا بـە تۆمـای ووت: (پەنجـەت بێـنە بـۆ ئـێرە، سەیری دەسـتمبکە، دەستت بێنەو بیدە لەلاتەنیشتم. بێباوەڕ مەبە بەڵکو باوەڕداربە!) [28]ئەوسا تۆما هاواری کرد: (ئـەی خوداوەنـدو خـودام!) [29]عیسا پێیووت: (ئایا لەبەرئـەوەی منـت بیـنی بـاوەڕت کـرد؟ خۆزگـەدەخوازرێ بەوانـەی باوەڕدەکـەن بێئەوەی ببینن!)

[30]عیسـا لـەبـەردەم قوتابـیەکانی زۆر نیشـانەی سەرسـوڕهێنەری تریکـرد کـە لـەم پەرتووکـەدا نەنووسـراوە. [31]بـەڵام ئـەم نیشـانانە نووسـراون تـا

باوەڕبکەن کە عیسا مەسیحە، ڕۆڵەی خودایە، هەتا ئێوە بەهۆی باوەڕهێنانەوە ژیان بەدەستبهێنن بەناوی ئەوەوە.

دەرکەوتنی عیسا لەسەر دەریاچە

21

دوای ئەمە عیسا جارێکی کە بەم شێوەیە خۆی دەرخست بۆ قوتابیەکان لەسەر کەناری دەریاچەی تەبەریە: [2]شەمعون پەترۆس و تۆما کە بە دووانە ناسراوە، لەگەڵ نەسانائیل کە خەڵکی قانای ناوچەی جەلیل بوو، هەروەها دوو کوڕەکەی زەبدی و دوو قوتابی کە کێبوونەوە. [3]شەمعون پەترۆس پێیووتن: (من دەڕۆم بۆ ڕاو!) ئەوانیش ووتیان: (ئێمەش لەگەڵت دێین.) ئینجا ڕۆیشتن و سواری بەلەم بوون، بەڵام لەو شەوەدا هیچیان نەگرت.

[4]کاتی بەرەبەیان، عیسا لەسەر دەریاچەکە وەستا، بەڵام قوتابیەکان نەیانزانی ئەو عیسایە. [5]عیسا لێیپرسین: (ها کوڕینە ماسیتان پێنییە؟) ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: (نەخێر!) [6]ئەویش پێیووتن: (تۆڕەکانتان هەڵدەن بۆ لای ڕاستی بەلەمەکە، ئەوسا ماسی دەگرن!) ئەوانیش هەڵیاندا ئیتر نەیانتوانی ڕایکێشن لەبەر زۆری ئەو ماسییانەی تیایدا بوو!

[7]ئەو قوتابیەی عیسا خۆشی دەویست بە پەترۆسی ووت: (ئەوە خوداوەندە!) کاتێ پەترۆس ئەمەی بیست، خۆی داپۆشی بە جلەکانی چونکە ڕووت بوو و خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکە. [8] قوتابیەکانیتر بەبەلەمەکە هاتن و تۆڕە پڕ لەماسیەکەیان ڕادەکێشا، چونکە ئەوەندە دوور نەبوون لەکەناری دەریاچەکە تەنها دووسەد باڵ نەبێ. [9]کاتێ قوتابیەکان گەیشتنە کەناری دەریاچەکە، بینییان وا نان دانراوە، خەڵوز ئامادەکراوەو ماسی خراوەتە سەر. [10]عیسا پێیووتن: (هەندێ لەو ماسییانە بهێنن کە ئێستا ڕاوتانکرد!) [11]جا شەمعون پەترۆس چووە ناو بەلەمەکەو تۆڕەکەی ڕاکێشایە سەر ووشکانی، سەدو پەنجاو سێ ماسی گەورەی تیادا بوو، لەگەڵ ئەم ژمارە زۆرەشدا تۆڕەکە نەدڕا بوو. [12]عیسا بە قوتابیەکانی ووت: (وەرن بخۆن.) ئیتر کەس لە قوتابیەکان نەیوێرا پرسیاری لێبکات: (تۆ کێیت؟) چونکە دەیانزانی ئەو خوداوەندە. [13]عیسا هاتە پێشەوە نانەکەی هەڵگرت و دایپێیان، ماسیەکەش بەهەمان شێوە. [14] ئەمە جاری سێهەم بوو عیسا خۆی دەرخات بۆ قوتابیەکانی پاش ئەوەی لەنێو مردووواندا هەستایەوە.

عیسا لەگەڵ پەترۆس دەدوێ

[15]دوای ئەوەی نانیان خوارد عیسا پرسیاری لەشەمعون پەترۆس کردو ووتی: (شەمعونی کوڕی یۆنا، ئایا تۆ منت زیاتر خۆش دەوێ یان ئەوانی کە منیان زیاتر خۆش دەوێ؟) ئەویش وەڵامیدایەوە: (بەڵێ خوداوەند، تۆ دەزانی من خۆشم دەوێیت!) جا عیسا پێیووت: (بەرخەکانم بلەوەڕێنە.) [16] جارێکیکە لێیپرسییەوە: (شەمعونی کوڕی یۆنا، منت خۆش دەوێ؟) وەڵامیدایەوە: (بەڵێ خوداوەند، تۆ دەزانی من خۆشم دەوێیت!) ئەویش

پێیووت: (شوانی مەڕەکانم بکە.) [17]بۆ جاری سێیەم لێیپرسیەوە: (ئەی شەمعونی کوڕی یۆنا، ئایا منت خۆشدەوێ؟) ئیتر پەترۆس دلگران بوو چونکە عیسا بۆ جاری سێیەم لێیپرسی: (ئایا منت خۆش دەوێ) پەترۆس پێیووت: (ئەی خوداوەند، تۆ هەموو شتێ دەزانی. تۆ دەزانی من خۆشمدەوێیت!) دیسان عیسا پێیووت: (مەڕەکانم بلەوەڕێنە. [18]ڕاستی ڕاستیت پێدەڵێم کاتێ کە گەنج بووی پشتووێنەکەت بەناو قەدتەوە دەبەستو بۆ هەرشوێنێك دەتویست دەڕۆیشتی. بەڵام کاتێ پیر دەبیت دەستت درێژدەکەیت، یەکێکی کە پشتووێنەکەت بۆ دەبەستێتو دەتبات بۆ شوێنێك کە ناتەوێ!) [19]عیسا ئەمەی ووت وەك ئاماژەکردنێك بۆ ئەو مردنەی پەترۆس کە خودا شکۆدار دەکات. دوای ئەمە، پێیووت: (دوامکەوە.)

[20] پەترۆس ئاوڕیدایەوە بۆ دواوە، ئەو قوتابیەی بینی کە عیسا خۆشیدەویست شوێنیان کەوتووە، ئەویش ئەو قوتابیە بوو کە شانی بەسینگی عیسا دابوو لەکاتی نانخواردنەکەو پێیووت: (گەورەم، کێیە ئەوەی ناپاکیت لەگەڵ دەکات؟) [21] کاتێ پەترۆس قوتابیەکەی بینی لەعیسای پرسی: (ئەی خوداوەند ئەی ئەمە چی لێدێ؟)

[22]عیسا لە وەڵامدا ووتی: (گەر بمەوێ دەمێنێتەوە هەتا دەگەڕێمەوە، بە تۆ چی؟ تۆ دوامکەوە!) [23]ئیتر هەواڵ لەنێوان برا باوەڕدارەکان بڵاوبووەوە کە ئەو قوتابیە نامرێ. بەڵام عیسا ئەمەی بە پەترۆس نەووت: (کە ئەو نامرێ!) بەڵکو ووتی: (گەر بمەوێ دەمێنێتەوە هەتا دەگەڕێمەوە، بە تۆ چی؟)

[24]ئەو قوتابیەیە ئەمەیە کە ئەم شتانەی لێرەدا نووسیوە، خۆیشی شایەتی بۆ ئەم شتانە دەدات. ئێمەش دەزانین شایەتیەکەی ڕاستە. [25]زۆر شتی تر هەیە عیسا کردوویەتی، لەو باوەڕدام گەر یەك لەدوای یەك بنووسرایە، هەموو جیهان جێگای ئەو پەرتووکانەی تیانەدەبووەوە!

کرداری نێرراوان

پەرتووکی کرداری نێرراوان تەواوکەری مزگێنییە بەپێی نووسینی لۆقا، باسی قوتابیەکان دەکات چۆن بە ڕۆحی پیرۆز مزگێنی عیسای مەسیحیان لەقودس و هەموو یەهودیەو سامیرەو تا ئەوپەڕی زەوی بڵاوکردەوە (1: 8). لەم کتێبەدا نووسەر دووپاتی دەکاتەوە کە باوەڕ بە مەسیح هیچ مەترسییەکی سیاسی نییە بۆ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی.

دەتوانرێ ئەم کتێبە بکرێ بە سێ بەش:

1- سەرەتای دەستپێ کردنی باوەڕداران لەقودس دوای بەرزبوونەوەی عیسا بۆ ئاسمان.

2- بڵاوبونەوەی باوەڕ بە مەسیح لەهەموو فەلەستین.

3- پەڕەسەندنی ئەم باوەڕە لەناوچەکانی دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست تاشاری ڕۆما.

کتێبی کرداری نێرراوان باسی چەند ڕووداوێکی گرنگ دەکات لەوانە: چۆنیەتی کارکردنی ڕۆحی پیرۆز لەناو باوەڕداران، دوای ئەوەی لەڕۆژی پەنجاهەمین هاتە ناویان، دواتریش مایەوە بۆ ئەوەی ڕێنماییان بکاتو ڕابەرەکانی بە هێز بکات. هەروەها چۆنیەتی باوەڕهێنانی پۆڵسو گەشتەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی مزگێنی عیسای مەسیح. بەکورتیش ئەم نووسراوە فێرکردنو دەنگوباسی باوەڕدارانە لەسەرەتای بڵاوبونەوەی باوەڕ دوای بەرزبوونەوەی عیسا.

پێشەکی

1

بەڕێز ساوفیلۆس، لەپەرتووکی یەکەمدا هەموو کردارەکانو فێرکردنەکانی عیسام بۆت گێڕایەوە، [2]تا ئەو ڕۆژەی بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان، دوای ئەوەی ڕاسپاردەکانی پێشکەشکرد بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە بەو نێرراوانەی هەڵبژاردن. [3]هەروەها دوای ئازارکێشانی، لەماوەی چل ڕۆژ خۆی بۆ دەرخستن بەزیندوویی بەچەندەها بەڵگەی چەسپاو و سەبارەت بە پاشایەتی خودا بۆیان دوا. [4]کاتێ لەگەڵیان کۆبووەوە، ووتی: (قودس بەجێمەهێڵن، بەڵکو تیایدا چاوەڕێی بەڵێنی باوکم بکەن،

وەك لەپێشا لەمنتان گوێ لێبوو. [5]یەحیا خەڵکی لەئاو هەڵدەکێشا، بەڵام ئێوە پاش چەند ڕۆژێکی کەم لەڕۆحی پیرۆز هەڵدەکێشرێن.)

بەرزبوونەوەی عیسا بۆ ئاسمان

[6]ئەوانەی لەوێدا کۆبوونەوە لێیان پرسی: (ئەی خوداوەند، ئایا لەم کاتەدا پاشایەتی بۆ ئیسرائیل دادەمەزرێنیەوە؟) [7] ئەویش وەڵامیدانەوە: (ئێوە مافی ئەوەتان نییە ئەو کاتوساتانە بزانن کە خودا بەدەسەڵاتی خۆی دەستنیشانی کردووە. [8]بەڵام کاتێ ڕۆحی پیرۆزتان بەسەردا دەڕژێ هێز بەدەستدەهێنن، دەبن بەشایەت بۆ من لەقودس و هەموو ناوچەی یەهودیەو سامیرەو تا ئەوپەڕی جیهان.)

[9]ئەمەی ووتو لەبەرچاویان بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان، ئینجا هەورێك شاردیەوە لەبەرچاویان. [10]جارێ ئەوان بە سەرسامیەوە سەیری ئاسمانیان دەکرد، دوو پیاو خۆیان نیشاندان بەجلی سپییەوە، [11]پێیان ووتن: (ئەی جەلیلیەکان، بۆچی وەستاون سەیری ئاسمان دەکەن؟ ئەو عیسایەی لەنێوانتان بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان، بە هەمان شێوە دەگەڕێتەوە وەك بینیتان بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان.)

هەڵبژاردنی یەکێك لەجێی یەهوزا

[12]ئینجا نێراوان گەڕانەوە قودس لەو شاخەی پێی دەووترێ شاخی زەیتونو لە قودسەوە نزیکە بەقەد پێوانەی ڕۆژی شەممە*. [13]کاتێ گەیشتن چوونە ژوورێك لە نهۆمی سەرەوەو ماندوە، ئەوانیش ئەمانە بوون: پەترۆس و یۆحەنناو یاقوب، ئەندەراوس و فیلیپۆس و تۆما، بەرتۆلماوس و مەتتاو یاقوبی کوڕی حەلفی، شەمعونی بەجەرگو یەهوزای برای یاقوب. [14]هەموویان بەیەك دڵ بەردەوام بوون لەسەر نوێژکردن، هەندێ ژنیشیان لەگەڵ بوو، هەروەها مریەمی دایکی عیساو براکانیشی.

[15]ڕۆژێکیان نزیکەی سەدوبیست لەبرایانی باوەڕدار کۆبوونەوە، پەترۆس لەنێوانیان وەستا، بۆیان دواو ووتی: [16](ئەی برایان، دەبووایە نووسراوی کتێب ئەوەی ڕۆحی پیرۆز بە زمانی داود پێغەمبەرەوە ووتویەتی دەربارەی یەهوزا بێتەدی، ئەوەی بوو بە ڕێنیشاندەر بۆ ئەوانەی عیسایان گرت. [17]ئەو لەگەڵ ئێمە ژمێردراو بەشی

*پێوانەی ڕۆژی شەممە: ئەو مەسافەیە کە یەکێکی جوولەکە بۆی هەیە ببڕێ لەڕۆژی شەممەدا. ئەویش تەنها (1100مەتر). چونکە ڕۆژی شەممە ڕۆژی پشوودانە، ئەمەش تەنها نەریتێکی ئایینیبوو.

هەبوو لەم خزمەتە. [18]ئەو کێڵگەیەکی کڕی بە پارەیەك کە نرخی ناپاکی بوو، بەڵام تیایدا کەوت بەدەمدا، لەناوەڕاستدا شەقبوو هەموو ڕێخۆڵەکانی هاتەدەرەوە. [19]هەموو دانیشتووانی قودس بەمەیان زانی، بۆیە کێڵگەکەیان ناونا حەقل دەمخ، بەزمانی خۆیان بەواتای کێڵگەی خوێن. [20]چونکە لە پەرتووکی زەبووردا نووسراوە:

{مالّەکەی دەبێ بە وێرانەو

هیچ کەس تیایدا ناژی.}

هەروەها:

{با یەکێکی تر جێی بگرێتەوە لە ڕابەرایەتی.}

[21]کەواتە لەسەرمانە یەکێ لەو پیاوانە هەڵبژێرین کە کۆدەبوونەوە لەگەڵمان بەدرێژایی ئەو کاتەی خوداوەند عیسا هاتوچۆی لەگەڵمان دەکرد، [22]لەو کاتەی یەحیا لە ئاوی هەڵکێشا تا ئەو ڕۆژەی لێمان بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان، لەگەڵمان شایەتی هەستانەوەی عیسا بووە.)

[23]ئامادەبوان دوو پیاویان هەڵبژارد یەکێکیان یوسف بوو کە ناودەبرا بە بارساباو نازناوی یوستوس بوو، ئەوی کەشیان مەتیاس بوو. [24]ئینجا نوێژیان کردو ووتیان: (ئەی ئەو خوداوەندەی بەدڵی هەموان دەزانی، بۆمان دەرخە لەم دوو پیاوە کامیان هەڵبژێرین، [25]تا بەشداریمان بکات لە خزمەتو نێرراویەتی لەجیاتی یەهوزا، ئەوەی هەڵگەڕاوەو بۆ شوێنی خۆی ڕۆیشت.) [26]ئینجا شێرۆخەتیان بۆ کرد، مەتیاس شێرۆخەتی بردەوە، ئەوسا خستیانە سەر یانزە نێرراوەکە.

هاتنی ڕۆحی پیرۆز

2

کە ڕۆژی پەنجاهەمین* هات، هەموو باوەڕداران لە یەك شوێن کۆبوونەوە، [2] لەپڕێکدا دەنگێك لە ئاسمانەوە پەیدا بوو وەك بایەکی بەهێز، ئەو ماڵەی پڕکرد کە تیایدا دانیشتبوون. [3]ئینجا چەند زمانێك وەك لە ئاگر بێت دەرکەوت بۆیان، دابەش بوو بەسەریانو هەر یەکە زمانێکی لەسەر نیشتەوە. [4]ئەوسا هەمویان پڕبوون لە ڕۆحی پیرۆز، دەستیانکرد بە قسەکردن بە زمانی جۆراوجۆر، بەو شێوەیەی ڕۆح پێی بەخشیبوون.

[5]لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە جوولەکە لەخودا ترسەکانی هەموو نەتەوەکانی جیهان لە قودس بوون. [6]کاتێ گوێیان لە دەنگەکە بوو، خەڵکەکە کۆبوونەوە، هەموو سەریانسوڕما لەبەرئەوەی هەر یەکەیان گوێیان لێبوو بە زمانی خۆیان دەدوێن. [7]ئینجا حەپەسانو سەرسام بوونو ووتیان: (ئایا هەموو ئەوانەی قسە دەکەن

دانیشتووانی جەلیل نین؟ [8]ئیتر چۆن هەر یەك لەئێمە گوێی لەزمانی ئەو وولاتە دەبێ کە تیایدا لەدایك بووە؟ [9]ئێمە خەڵکی پەرتیاو میدیاو عیلامین، هەندێکیشمان لەدانیشتووانی نێوان دجلەو فوراتین، هەروەها لەناوچەی یەهودیەو کەپدوکیەو پونتسو ئاسیا، [10]یان لەفریجیەو پەمفیلیەو میسرو ناوچەی لیبیای دراوسێی قەیرەوان، هەروەها لەگەڵمان خەڵکی ڕۆماش هەیە بەسەردان هاتوون، لەگەڵ جوولەکەو ئەوانەی بوو بوون بەجوولەکە، [11]هەروەها هەندێ لەکریتیەکانو عەرەب. جا ئەوەتا گوێمان لێیانە بەزمانی خۆمان قسە دەکەن دەربارەی کرداڕە مەزنەکانی خودا.) [12]خەڵکەکە بەسەرسامیەوە دەستیانکرد بە پرسیارکردن لەیەکتری: (ئەمانە هەمووی چی دەگەیەنێ؟) [13]بەڵام هەندێکیان بەگاڵتە پێکردنەوە دەیانووت: (ئەوانە سەرخۆشن.)

یەکەم ووتاری پەترۆس

[14]جا پەترۆس لەگەڵ یانزە نێرراوەکە ڕاوەستا، بەدەنگێکی بەرز قسەی بۆ ئامادەبووان کردو ووتی:

(ئەی پیاوانی جوولەکەو هەمووو دانیشتووانی قودس، گوێبگرن بۆ قسەکانم تا ئەوەی پێتان دەڵێم زانراوبێ لاتان، [15] چونکە ئەوانە سەرخۆش نین وەك بیردەکەنەوە، هێشتا کاژێر نۆی بەیانییە. [16] بەڵام ئەمە ئەوەیە کە بەزمانی پێغەمبەر یۆئیلەوە ووتراوە:

[17]{خودا دەفەرمووێ:
لەڕۆژانی کۆتاییدا ڕۆحم دەڕێژم بەسەر هەموو مرۆڤداو
کوڕانو کچانتان بەووشەی خودا دەدوێن،
هەروەها گەنجەکانتان بینین دەبینن‌و
پیرەکانتان خەون دەبینن.
[18]لەو ڕۆژانەدا ڕۆحی خۆم دەڕێژم
بەسەر هەموو دەستو پێوەندەکانم،
لەژنو لەپیاو،
جا هەمۆویان بەووشەی خودا دەدوێن.
[19]لە ئاسمان لە سەروە کاری سەرسوڕهێنەرو
لە زەویش لە خوارەوە نیشانەی سەیر دەکەم:
خوێنو ئاگرو چڕە دووکەڵ.
[20]ڕۆژ تاریك دەبێ،
مانگیش وەك خوێنی لێدێت،
پێش ئەوەی ڕۆژی خوداوەند بێ، ئەو ڕۆژە مەزنە بەناوبانگە.
[21]هەر کەسێکیش بەناوی خوداوەند بانگبکات ڕزگاری دەبێ.}

[22]ئەی ڕۆڵەکانی ئیسرائیل، گوێ لەم

قسانە بگـرن: عیسـای ناسـیری پـیاوێکـە خـودا لایەنگیری کردووە بەو نیشانەو کارە سەیرو سەرسوڕهێنەرانەی کـە خودا لەسەر دەستی لەنێوانـتان کـردوویەتی، خۆشـتان دەزانـن. [23]لەگـەڵ ئەوەشدا خودا ڕێگەی‌دا، بەپـێی خواسـتو ڕەزامـەندی بـڕیار لەسەردراوی خۆی کە لەپێشا دەیزانی، کەوا ئێوە بیگرنو لەخاچی‌بدەنو بیکوژن بەدەستی گوناهـباران. [24]بەڵام خودا زیندووی کردەوە لەنـێوان مـردووانداو لـە ئـازاری مـردن ئازادی‌کـرد، لەبەرئـەوەی مـردن نەیـتوانی لـەداوی خـۆی بیهێڵێـتەوە. [25]چـونکە داود دەربارەی ئەو دەڵێ:

{هەمیشە خوداوەندم لەبەرچاوە،
ئەو لـەلای دەستە ڕاستمەوەیە
نەوەك باوەڕم لاواز بێ.

[26]بۆیـە دڵشـادمو زارم هـاواری خۆشـی دەکات،
تەنانەت لـەشیشم لـەهیوادا نیشتەجێیە،
[27]چـونکە تـۆ گـیانم لەدونـیای مـردووان بەجێناهێڵی،
هـەروەها ناهـێڵی تاقـە پـیرۆزی خـۆت گەندەڵی ببینێت.
[28]ڕێگای ژیانت پێناساندم،
دڵـت پڕکـردووم لـەشـادی بـە بینیـنی ڕوخسارت.}

[29]ئەی برایان، ڕێگام بدەن بەئاشکرا پێتان بڵـێم داودی باوکمـان مـردو نـێژرا، هێشـتا گۆڕەکـەی تـا ئەمـڕۆ لامانـە. [30]بـەڵام ئـەو پێغەمـبەر بـوو، دەیـزانی خـودا سـوێندی بـۆ خـواردووە کە لە بەری پشتی ئەو یەکێك ئەو پـەیدا دەبێ‌و لەسەر تەختی ئەو دادەنیشێ، [31] ئـەو پێشـتر بینـیو دەربـارەی هەسـتانەوەی مەسـیح ووتـی کـە گـیانی لـەناو دونـیای مـردووان بـەجێ نەهـێڵرا، هـەروەها لەشـی گـەندەڵی نەبینی. [32]ئەو عیسایەی خودا لەنێو مـردووان زیـندووی‌کردەوە، ئـێمە هەموو بۆ ئـەوە شـایەتین. [33]ئـەو بەرزکـرایەوە بـۆ لای دەسـتە ڕاسـتی خـودا، ئـەو ڕۆحـە پیرۆزەی بەڵێـنی پـێدرا بـوو لەباوکەوە وەرگیراو ڕژا بەسـەرمان، ئـەوەی ئێسـتا دەی‌بینینو گوێتان لێی‌دەبێـت ئـەنجامی ئەوەیـە. [34]داود بەرزنەکـرایەوە بـۆ ئاسمـان، بـەڵام ئـەو خۆی دەڵێ:

{خودا بە خوداوەندمی ووت:
لـەلای دەستە ڕاستم دانیشە،
[35]هەتا دوژمنەکانت بکەمە ژێر پێتەوە.}

[36]کەواتـە باهـەموو ڕۆڵـەکانی ئیسرائیل بەتەواوی بزانن، ئەو عیسایەی ئێوە لەخاچتان دا، خودا کردی بەمەسیحو بەخوداوەند.)

باوەڕهێنانی سێ هەزار

[37]کاتێ ئامادەبووان گوێیان لەم قسانە بوو، کاری کردە سەر دڵیان، پرسیاریان لەپەترۆس و نێراوەکانی تر کرد: (ئەی برایان ئێستا ئێمە چی بکەین؟) [38]پەترۆس وەڵامی دانەوە: (تۆبەبکەن، با هەر یەکەتان بەناوی عیسای مەسیحەوە لەئاوهەڵبکێشرێ بۆ لێخۆشبوونی گوناەو بەخشینی ڕۆحی پیرۆزتان دەسکەوێ، [39]چونکە ئەم بەڵێنە بۆ خۆتانو منداڵەکانتانە، هەروەها بۆ هەموو ئەوانەی دوورن، هەموو ئەوانەی خوداوەند خودامان بانگیان دەکات.) [40]پەترۆس بەزۆر ووشەیەکی تر شایەتی بۆ دانو ووڕەی بەرزکردنەوە، دەیووت: (خۆتان ڕزگار بکەن لەم نەوە لارو چەوتە.) [41]ئەوانەی قسەکەیان قبوڵکرد لەئاوهەڵکێشران، لەو ڕۆژەدا نزیکەی سێ هەزار کەس هاتنە پاڵیان.

[42]ئیت ئەوانە بەردەوامبوون لەسەر وەرگرتنی فێرکردنی نێراوانو ژیانی خوشکو برایەتیو لەتکردنی نانو نوێژکردن. [43]هەروەها کاتێ کارو نیشانەی سەرسوڕهێنەری زۆر لەسەر دەستی نێراوان کرا، هەموو ترسیان لێنیشت. [44]باوەڕدارەکان هەموو بەیەکەوە یەکیانگرتبوو، لەهەموو شتێك کە هەیانبوو بەشداری یەکتریان دەکرد، [45]هەروەها ئەوەی هەیانبوو دەیانفرۆشتو نرخەکەیان دابەش دەکرد بەسەر ئەوانەی پێویستیان پێبوو، [46]هەموو ڕۆژێك بەیەك دڵ بەردەوام لەپەرستگا ئامادە دەبوون، لە مالآن نانیان لەت دەکرد، هەروەها بەیەکەوە نانیان بە دڵخۆشیو دڵپاکییەوە دەخوارد، [47]ستایشی خودایان دەکرد، خەڵکەکە هەموو بەچاوی ڕێزەوە سەیریان دەکردن. هەموو ڕۆژێکیش خوداوەند ئەوانەی دەهێنایە پاڵ کۆمەڵەی باوەڕداران کە ڕزگاریان دەبوو.

چاکبوونەوەی ئیفلیجێك

3

ڕۆژێکیان کاژێری سێی پاش نیوەڕۆ پەترۆسو یۆحەننا لەکاتی نوێژکردن چوونە پەرستگا. [2] لەبەردەم دەرگای پەرستگادا کە پێی دەوترا دەرگای جوان، پیاوێکی بەزگماك ئیفلیج دانیشتبوو، هەموو ڕۆژێك هەڵیاندەگرتو لەوێ دایاندەنا تا سواڵ بکات لەوانەی دەهاتنە پەرستگاکەوە. [3]کاتێ کابرا پەترۆسو یۆحەننای بینی خەریکن بچنە ناو پەرستگا، داوای خێری لێکردن، [4]ئەوانیش بە ووردی تێیانڕوانی، ئینجا پەترۆس پێیووت: (سەیرمان بکە!) [5]ئەویش چاوی تێبڕینو چاوەڕێی دەکرد شتێکی بدەنێ. [6]پەترۆس ووتی: (نە زێڕم پێیەو نە زیو، بەڵآم ئەوەی

هەمە دەتدەمێ، بەناوی عیسای مەسیحی ناسیری هەستەو بڕۆ!) [7]پەترۆس دەستی ڕاستی گرتو هەڵیساند، یەکسەر هێز کەوتە قاچوقوڵی. [8]ئیتر کابرا هەڵبەزییەوەو دەستی کرد بە ڕۆیشتن، لەگەڵ پەترۆس و یۆحەننا چووە پەرستگا، لەخۆشیان بە ڕۆیشتنەوە هەڵدەبەزیەوەو ستایشی خودای دەکرد. [9]هەموو ئەوانەی لەوێبوون بینییان کابرا بەپێی خۆی دەڕواو ستایشی خودا دەکات. [10]ئیتر خەڵکەکە زانییان کابرا ئەو سوالکەرە ئیفلیجەیە کەوا کردبووی بە خوو لەبەردەم دەرگای جوانی پەرستگا دادەنیشت، جا هەموو سەریان سوڕما لەوەی بەسەر کابرا هاتووە.

ووتاری پەترۆس لەپەرستگا

[11]کاتێ کابرای ئیفلیج دەستی گرتبوو بە پەترۆس و یۆحەننا وە، ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکەکە بەسەرسامیەوە لێیان کۆبوونەوە لەو شوێنەی کە بە هەیوانی سلێمان ناسراوە. [12]کاتێ پەترۆس ئەمەی بینی پێی ووتن: (ئەی پیاوانی ئیسرائیل، بۆچی سەرتان سوڕماوە لەوەی ڕوویداوە؟ بۆچی چاوتان تێبڕیوین، وادەزانن ئێمە بەتوانای خۆمان یاخود بەلەخواترسیمان وامان لەو پیاوە کردووە بڕوا؟ [13]خودای ئیبراهیمو ئیسحاقو یاقوب، خودای باوباپیرانمان، عیسای ڕۆڵەی خۆی شکۆدارکرد، ئەوەی ئێوە داتان بەدەستەوە بۆ مردنو ڕەتتانکردەوە لەبەردەم پیلاتۆس، لەکاتێکدا بڕیاری دابوو ئازادی بکات. [14] ئێوە ئەو پاکوپیرۆزە بێتاوانەتان ڕەتکردەوەو داوای لێبوردنتان بۆ بکوژێك کرد. [15]جا ئێوە سەرۆکی ژیانتان کوشت، بەڵام خودا لەنێو مردووان زیندووی کردەوە، ئێمەش شایەتین بۆ ئەمە. [16]هەروەها باوەڕ بە ناوی ئەو، ناوی ئەو هێزو توانای گەڕاندەوە بۆ ئەم کابرایەی ئێوە دەیبینن و دەیناسن، ئەو باوەڕەی بەهۆیەوە دێت ئەم تەندروستییەی پێ بەخشی لەبەردەم هەموتان.

[17](ئەی برایان من دەزانم ئێوەو سەرۆکەکانتان بە نەزانی هەڵسوکەوتتان کرد، [18]بەڵام خودا بەمە ئەوەی هێنایەدی کە لەسەر زمانی هەموو پێغەمبەران ووتبووی، کەوا مەسیحەکەی دەبێ ئازار بچێژێ. [19] کەواتە تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە تا گوناهەکانتان بسڕێنەوە، [20]ئینجا خوداوەند دەرگای خۆشیتان لێبکاتەوەو عیسای مەسیحتان بۆ بنێرێتەوە، ئەوەی لەپێشا بۆی دیاریکردوون. [21]جا دەبێ مەسیح لەئاسمان بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی هەموو شتێك چاك دەبێتەوە، هەروەك چۆن خودا لەکۆنەوە لەسەر زاری پێغەمبەرە پیرۆزەکانی دواوە. [22]

موسا بەباپیرانی ووت: {خوداوەند خوداتان لەنێو براکانتان پێغەمبەرێکتان بۆ هەڵدەستێنێ وەك من، هەرچیەکتان پێدەڵێ گوێلێبگرن. [23]بەڵام ئەوەی گوێی لێناگرێ لەناو گەل ڕیشەکێش دەکرێ.}
[24]ئەو کات‌و سەردەمە هەموو پێغەمبەران باسیان کردووە، لەسامۆئیلەوە تا ئەوانەی دوای ئەو هاتوون. [25]ئێوە ڕۆڵەی پێغەمبەران‌و ئەو پەیمانەن کە خودا لەگەڵ باوباپیرانتان بەستی، کاتێ بە ئیبراهیمی ووت: {بە نەوەی تۆ هەموو گەلانی سەر زەوی پیرۆز دەبن.} [26]لەپێناوی ئێوە خودا ڕۆڵەی خۆی هەستاندو یەکەمجار بۆ ئێوەی نارد، تا پیرۆزتان بکات بەگەڕانەوەی هەر یەکێکتان لەخراپە.)

پەترۆس‌و یۆحەننا لەئەنجوومەن

4

کاتێ پەترۆس‌و یۆحەننا قسەیان لەگەڵ خەڵکەکە دەکرد، کاهینەکان‌و سەرۆکی پاسەوانی پەرستگا هاتن بۆ لایان لەگەڵ سەدوقیەکان‌و [2]زۆر بێزار ببوون، چونکە بەهۆی پەیامی عیسا خەڵکەکەیان فێردەکردو هەستانەوەی مردووانیان ڕادەگەیاند. [3]جا ئەوان یۆحەننا‌و پەترۆسیان گرت‌و لە بەندیخانەیان کردن تا بەیانی چونکە کاتەکە دەمەوئێوارە بوو. [4]بەڵام زۆر لەوانەی گوێیان لەقسەکان بوو باوەڕیان هێنا، ژمارەی ئەو پیاوانەش گەیشتە پێنج هەزار کەس.
[5]بۆ بەیانی پێشەوایان‌و پیران‌و مامۆستایانی شەریعەت لەقودس کۆبوونەوە. [6]حەنانی سەرۆك کاهین‌و قەیافاو یۆحەننا‌و ئەسکەندەرو هەموو ئەوانەی سەر بەتیرەی سەرۆك کاهین بوون لەگەڵیان بوون. [7]ئینجا پەترۆس‌و یۆحەننایان لەناوەڕاستیان ڕاگرت‌و لێیان پرسین: (خەڵکانێکی وەك ئێوە بەچ هێزێك یان بەناوی کێ ئەمانە دەکەن؟)
[8]پەترۆس پڕبوو لەڕۆحی پیرۆزو وەڵامیدانەوە: (ئەی پێشەوایان‌و پیرانی گەل،
[9]گەر ئێوە ئەمڕۆ پرسیارمان لێدەکەن دەربارەی ئەو چاکەیەی لەگەڵ نەخۆشێك کردوومانە، بە چ هۆیەك چاکبوونەتەوە، [10] باهەموتان‌و هەموو گەلی ئیسرائیل بزانێ، ئەو بەناوی عیسای مەسیحی ناسیری، ئەوەی ئێوە لەخاچتانداو خوداش لەناو مردووان زیندووی کردەوە، ئەم ئیفلیجە بە تەندروستیەکی تەواوەوە وا لەبەردەمتان ڕاوەستاوە. [11]ئەم عیسایە
{ئەو بەردەیە ئەی وەستاکان کە ڕەتتانکردەوە،
بەڵام هەر ئەم بوو بە بەردی بناغە.}
[12]بێجگە لەعیسا بە کەسی کە

ڕزگاربوون نییە، چونکە جگە لەو لەژێر ئاسمان ناوێکی کە نییە خودا پێشکەشی کردبێ بە مرۆڤ کە بەهۆیەوە ڕزگارمان بێ.)

[13]ئەوان سەریانسوڕما لەچاونەترسی پەترۆس و یۆحەننا، کاتێ زانیان بێزانیاری و شارەزا نەبوون، بۆیە زانیان ئەوان پێشتر لەگەڵ عیسا بوون. [14]هەروەها کاتێ ئەو ئیفلیجەیان بینی چاکبووەتەوە بەپێوە لەگەڵیان وەستاوە، ئیتر هیچیان نەدۆزییەوە بەربەرەکانی پێ بکەن. [15]لێرە فەرمانیان پێدان لە کۆڕەکە بچنە دەرەوە، تا لەناو خۆیان تەگبیرێك بکەن. [16]جا ووتیان: (چی لەم دوو پیاوە بکەین؟ شتێکی ئاشکرایە لەبەردەم دانیشتووانی هەموو قودس ئەو کارە سەرسوڕهێنەرەی لەسەر دەستی ئەم دوو پیاوە کراوەو ناتوانین نکۆڵی لێبکەین، [17]بەڵام تا ئەم کارە زیاتر لەناو گەل بڵاونەبێتەوە، هەڕەشەیان لێدەکەین هەتا لەمەودوا باسی ئەم ناوە نەکەن لای کەس.)

[18]ئینجا ئەوانیان هێناو فەرمانیان پێدان ئیتر بەناوی عیسا دەم نەکەنەوەو کەس فێر نەکەن. [19]پەترۆس و یۆحەننا ش ووتیان: (ئێوە حوکمبدەن، ئەگەر ڕاستە لەبەردەم خودا ملکەچی فەرمانەکانتان بین یان فەرمانی خودا. [20]چونکە ناتوانین ئەوەی بینیومانەو بیستومانە باسی نەکەین.)

[21]جارێکی کە ئەنجومەنەکە هەڕەشەیان لێکردنەوە، بەڵام نەیاندەزانی بەچ ڕێگایەك سزایان بدەن، ئیتر ئازادیانکردن، چونکە هەموو ستایشی خودایان دەکرد لەبەر ئەوەی ڕوویدا بوو، [22]چونکە ئەو پیاوەی بەم نیشانەیە چاککرایەوە تەمەنی لەچل ساڵ زیاتر بوو.

نوێژی باوەڕداران

[23]کاتێ پەترۆس و یۆحەننا ئازادکران گەڕانەوە بۆ لای هاوڕێکانیان، سەرۆك کاهینەکانو پیران چیان پێووتبوون بۆیان گێڕانەوە، [24]ئەوانیش کاتێ گوێیان لەوان بوو، هەموو بەیەك دڵ دەنگیان بەرزکردەوە بۆ خوداو ووتیان: (خوداوەندی بالأدەست، ئەی دروستکەری ئاسمانو زەوی و دەریاو هەموو ئەو شتانەی تیایاندایە، [25]ئەی ئەوەی بەهۆی ڕۆحی پیرۆز لەسەر زمانی داودی باوکمانو خزمەتکاری خۆت ووتت:

{بۆچی میللەتان وڕوژاونو
گەلان بیر لەشتی پووچ دەکەنەوە؟
[26]پادشایانی سەر زەوی خۆیان ڕێکخستووە،
سەرۆکەکانیان کۆبوونەوەو
یەکیانگرت تا بەرهەڵستی خوداوەندو
مەسیحەکەی بکەن.}

[27] چونکە بەراستی هێرۆدسو پیلاتۆسی

پونتیو ناجوولەکەکانو گەلی ئیسرائیل لەم شارە یەکیانگرت تا بەربەرەکانی عیسای ڕۆڵەی پیرۆزت بکەن، ئەوەی کردت بەهەسیح، [28]هەتا هەموو ئەوەی لەپێشا دەستتو خواستت نەخشەی بۆ کێشابوو ڕووبدات. [29]ئەی خوداوەند، ئێستاش سەیری ئەو هەڕەشانە بکە کە دەیکەن، چاونەترسی ببەخشە بەخزمەتکارەکانت تا بەووشەکانت بدوێن، [30]کاتێ دەستی خۆت دریژدەکەیت بۆ چاکبوونەوەی نەخۆش، تا نیشانەو کاری سەرسوڕهێنەر بەناوی عیسای ڕۆڵەی پیرۆزتەوە بکرێ.)

[31]کاتێ نوێژیان دەکرد ئەو شوێنەی تیایدا کۆبووبوونەوە لەرزیو هەموو پڕ بوون لەڕۆحی پیرۆز، ئینجا بێترس بەووشەی خودا دوان.

ژیانی هاوبەش

[32]کۆمەڵی باوەڕداران یەك دڵو یەك گیان بوون، هیچ کەسێ نەیدەووت ئەو شتەی هەیەتی هی خۆیەتی بەتەنها، بەڵکو لەهەموو شتێك هاوبەشبوون. [33]بەهێزێکی مەزنەوە نێرراوان شایەتی زیندووبوونەوەی عیسای خوداوەندیان دەدا، بەرەکەتێکی گەورە بەسەر هەمووياندا بوو. [34]کەسی نەبوونیان تیا نەبوو چونکە هەموو ئەوانەی خاوەن کێڵگەو ماڵ بوون دەیانفرۆشتو پارەکەیان [35]دەخستە بەردەم نێرراوانەوە، ئەوانیش دابەشیان دەکرد بەسەر هەر یەکێك بەپێی پێویستی خۆی. [36]یەکێك لەوانە یوسف ناوێك بوو کە نێرراوان بە بەرنابا ناویان دەبرد بەواتای ڕۆڵەی هاندەر، کە لە تیرەی لاوی* و خەڵکی قوبروس بوو. [37]ئەم کابرایە کێڵگەیەکی هەبوو، فرۆشتیو نرخەکەی خستە بەردەم نێرراوان.

حەنانیاو سەفیرە

5

بەڵام پیاوێك ناوی حەنانیا بوو، لەگەڵ سەفیرەی ژنی کێڵگەیەکی فرۆشت. [2] هەروەها لەگەڵ ژنەکەی ڕێککەوتو بەشێك لە نرخەکەی شاردەوە، ئەوەی مایەوە هێنایو خستیە بەردەم نێرراوان. [3]بەڵام پەترۆس پێیووت: (ئەی حەنانیا، چۆن شەیتان دڵی پڕ کردیت تا درۆ لەگەڵ ڕۆحی پیرۆز بکەیتو بەشێك لە نرخی کێڵگەکەت بشاریتەوە؟ [4]ئایا نەتدەتوانی کێڵگەکە بۆ خۆت دانێیو نەیفرۆشی کاتێ کە هی خۆت بوو؟ پاش فرۆشتنی ئایا مافی ئەوەت نەبوو نرخەکەی هەڵگریت؟ ئیتر بۆچی لەدڵی خۆتدا ویستت ناپاکی بکەیت؟ تۆ درۆت لەگەڵ خەڵك نەکرد، بەڵکو لەگەڵ خودا.) [5]

کاتێ حەنانیا گوێی لەم قسەیە بوو کەوتو مرد. هەموو ئەوانەی بەمەیان زانی ترسێکی زۆریان لێنیشت. [6]ئەوسا هەندێ گەنج هەستان حەنانیەیان کفن‌کرد، هەڵیان‌گرتو ناشتیان.

[7]پاشان نزیکەی دوای سێ کاژێر ژنەکەی حەنانیا هاتو بەوەی نەدەزانی کە ڕووی دابوو، [8]پەترۆس لێی‌پرسی: (پێم بڵێ، ئایا بەم نرخە کێڵگەکەتان فرۆشت؟) ژنەش لە وەڵامدا ووتی: (بەڵێ، بەو نرخە.) [9]جا پەترۆس پێی‌ووت: (بۆچی لەگەڵ مێردەکەت ڕێککەوتی تا ڕۆحی خوداوەند تاقی‌بکەنەوە؟ ئا ئەوەتا ئەو گەنجانەی مێردەکەیان ناشتی گەیشتنە بەردەرگا، تۆش هەڵدەگرن.) [10]ژنە دەستبەجێ لەبەرپێی پەترۆس کەوتو مرد. کاتێ گەنجەکان هاتنەژوورەوەو بینیان مردووە، تەرمەکەیان هەڵگرتو لەتەنیشت مێردەکەی ناشتیان. [11]ئیتر ترسێکی زۆر گەورە باڵی‌کێشا بەسەر هەموو کۆمەڵی باوەڕداران، هەروەها هەر کەسێ ئەو هەواڵەی دەبیست.

زۆربوونی باوەڕداران

[12]لەسەر دەستی نێراوان زۆر نیشانەو کاری سەرسوڕهێنەر لەنێو گەل ئەنجامدرا. هەمویان بەیەك دڵ لە هەیوانی سلێمان لەپەرستگا کۆدەبوونەوە. [13]خەڵکی تر نەیاندەوێرا تێکەڵاویان بن، بەڵام زۆر ڕێزیان دەگرتن‌و [14]باوەڕدارانیش زیاتردەبوون‌و دەهاتنە پاڵ خوداوەند، بە کۆمەڵ لەپیاو و لەژن، [15]تا وای لێهات نەخۆشەکانیان هەڵدەگرتە دەرەوە بۆ سەر شەقامەکان‌و لەسەر جێگاو چوارپایە دایاندەنان، تا ئەگەر پەترۆس هات، تەنانەت سێبەرەکەشی بکەوێتە سەر یەکێکیان. [16]خەڵکێکی زۆر لەشارو دەورەپشتی قودسەوە دەهاتن، نەخۆشەکانیان‌و ئەوانەیان هەڵگرتبوو کە بەدەست ڕۆحی پیسەکان دەیانناڵاند، ئیتر هەمویان چاك دەبوونەوە.

[17]بەڵام سەرۆك کاهین‌و هەموو ئەوانەی لەگەڵیبوون کە سەربە ڕێبازی سەدوقیەکان بوون، حەسوودییان پێ بردن. [18] نێراوەکانیان گرتو خستیانە بەندیخانەی گشتی. [19]بەڵام فریشتەیەکی خوداوەند لەشەودا دەرگای بەندیخانەکەی کردەوەو ئازادی‌کردن‌و پێی‌ووتن: [20](بڕۆن لەپەرستگا ڕاوەستن، تەواوی پەیامی ئەم ژیانە نوێیە بەخەڵکی بڵێن.) [21]ئەوانیش کە گوێیان لەم قسانەبوو، بەیانی زوو چوون بۆ پەرستگاو دەستیان‌کرد بە فێرکردن. ئینجا ئەنجوومەنی بااڵ کۆبوونەوە، بە ئامادەبوونی سەرۆك کاهین‌و هەموو ئەوانەی لەگەڵیبوون،

هەروەها پیرانی ئیسرائیل، بەشوێن نێرراوانیان نارد لەبەندیخانە تا بیانهێنن، [22] بەڵام یاریدەدەرەکان چوونە بەندیخانەو نەیان دۆزینەوە، ئیترئەوانیش گەڕانەوەو هەواڵیان دانێو [23] ووتیان: (دەرگای بەندیخانەکەمان بینی بە باشی داخرابوو، پاسەوانەکان لەبەردەمی وەستابوون، بەڵام کاتێ کردمانەوە کەسمان تیادا نەدی.)

[24] کاتێ سەرۆکی پاسەوانی پەرستگاو سەرۆك کاهینەکان ئەمەیان بیست سەریان سوڕما لەوەی کۆتایی ئەمە چۆن دەبێ. [25] ئینجا پیاوێك هاتە ناو کۆڕەکەو ووتی: (ئەو پیاوانەی خستبوتانە ناو بەندیخانە، ئێستا لەپەرستگا وەستاونو خەڵکی فێر دەکەن.) [26] ئەوسا سەرۆك پاسەوانەکانو یاریدەدەرەکان ڕۆیشتن نێرراوانیان بێتوندوتیژی هێنا، چونکە لەگەل دەترسان بەردبارانیان بکەن. [27] کاتێ ڕایانگرتن لەبەردەم ئەنجوومەنەکەدا، سەرۆك کاهین لێیانی پرسیو [28] ووتی: (ئایا بە تونڈی فەرمانمان پێ نەدان بەم ناوە خەڵکی فێر نەکەن، بەڵام ئێوە هەموو قودستان پڕکرد لە فێرکردنەکانتان، دەتانەوێ خوێنی ئەم پیاوە بخەنە ئەستۆمان.)

[29] پەترۆسو نێرراوان وەڵامیاندایەوە: (ئێمە پێویستە زیاتر ملکەچی خودا بین نەك خەڵك!) [30] خودای باوباپیرانمان عیسای هەستاندەوە، ئەوەی ئێوە کوشتتان بە لەسەر دار هەڵواسینی. [31] خودا ئەمی بەرزیکردەوە بۆلای دەستە ڕاستی خۆی، کردی بە سەرۆکو ڕزگارکەر هەتا تۆبەکردنو لێخۆش بوونی گوناه بە ئیسرائیل ببەخشێ. [32] جا ئێمە شایەتی ئەمانەین، هەروەها ڕۆحی پیرۆزیش ئەوەی خودا بەخشیویەتی بەوانەی ملکەچن بۆی.)

[33] کاتێ گوێیان لەم قسانە بوو زۆر تووڕەبوون، تەگبیریان کرد بیانکوژن. [34] بەڵام یەکێ لەئەندامانی ئەنجوومەنەکە ناوی گەمالائیل بوو، مامۆستای شەریعەتو فەریسیبوو، هەموو گەل ڕێزی لێدەگرت، هەستاو فەرمانیدا نێرراوان بۆ ماوەیەك بڕێنەدەرەوە. [35] ئینجا بەئەنجوومەنەکەی ووت: (ئەی پیاوانی ئیسرائیل، ئاگاداربن لەوەی دەتانەوی بیکەن بەم پیاوانە. [36] ماوەیەکی کورت لەمەوبەر سوداس ناوێك هەستاو خۆی بەشتێك دادەنا، نزیکەی چوارسەد پیاو دوای کەوتن، بەڵام کوژراو ئەوانەی دوای کەوتبوون بلاوبوونەوە، ئیتر ناوی نەما. [37] ئینجا لەکاتی ناونوسینەکەدا یەهوزای جەلیلی هەستاو ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك ڕوویان تێکردو شوێنی کەوتن، بەڵام ئەویش لەناوچوو هەروەها ئەوانەی

شوێنی کەوتبوون بلاوبوونەوە. [38]جا ئێستا من ئامۆژگاریتان دەکەم، دووربکەونەوە لەم پیاوانەو وازیان لێبهێنن، گەر ئەم بیروباوەڕو کارە لەلای خەڵکەوە بێت، مسۆگەر لەناودەچێ، [39]ئەگەر لەلای خوداوەش بێ ناتوانن لەناوی ببەن، ئەگینا خۆتان دەبیننەوە دژی خودا دەجەنگن.)

[40]ئیتر بەقسەیان کرد، نێرراوانیان بانگکردو قامچیان لێدانو فەرمانیان پێدان لەمەولا باسی ناوی عیسا نەکەن، دوایی ئازادیانکردن.

[41]بەڵام نێرراوان بەدڵشادیەوە لە بەردەم ئەنجوومەنەکە هاتنەدەرەوە، چونکە وا دانران شایانی ئەوە بن لەپێناوی ناوی ئەو سووکایەتییان پێبکرێ. [42]جا ئەوانیش بێوچان هەموو ڕۆژێك لەپەرستگاو لە ماڵان، خەڵکیان فێردەکردو مزگێنیان دەدا کە عیسا مەسیحە.

هەڵبژاردنی حەوت خزمەتکار

6 کاتێ لەو ڕۆژانەدا ژمارەی قوتابیەکان زیادی دەکرد، جوولەکە یۆنانیەکان گلەییان هەبوو لە عیبرانیەکان، کە بێوەژنەکانیان پشتگوێ دەخران لە خزمەتی ڕۆژانە. [2]بۆیە دوانزە نێرراوەکە هەموو قوتابیانیان بانگکردو پێیان ووتن: (نابێ ئێمە واز لەووشەی خودا بهێنین و بەئازووقە دابەشکردن خەریك بین. [3]ئەی برایان لەنێو خۆتان حەوت پیاو هەڵبژێرن کە ناوبانگیان باش بێتو پڕبن لەڕۆحی پیرۆزو لەدانایی، هەتا هەستن بەجێبەجێکردنی ئەم ئەرکە. [4]بەڵام ئێمە خۆمان تەرخانەدەکەین بۆ نوێژکردنو خزمەتکردنی ووشەی خودا.)

[5]خەڵکەکە هەموو ئەم پێشنیارەیان بەدڵ بوو، یەکەمجار ئیستفانۆسیان هەڵبژارد، ئەویش پیاوێکی پڕ لەباوەڕو ڕۆحی پیرۆز بوو، ئینجا فیلیپۆس و پروخۆرس و نیکانۆرو تیمۆن و پەرمیناس و نیقولاوسی ئەنتاکی کە ناجوولەکەبوو بەجوولەکە. [6]ئەوانە هێنرانە پێش نێرراوانو ئەوانیش دەستیان خستە سەر سەریانو نوێژیان بۆ کردن. [7]ئیتر ووشەی خودا زیاتر بلاوبووەوە، هەروەها ژمارەی قوتابیان لە قودس زۆر زیاد بوو، کۆمەڵێکی گەورەش لە کاهینەکان گوێڕایەڵی باوەڕ بوون.

گرتنی ئیستفانۆس

[8]ئیستفانۆسیش پڕ لە بەرەکەتو هێزی خودا، کاری سەرسوڕهێنەرو نیشانەی گەورەی لەنێو گەل دەکرد. [9]جا هەندێك لەوانەی لەو کەنیشتەن کە پێی دەووترێ کەنیشتی ئازادکراوەکان، قەیرەوانییەکانو

ئەسکەندەریەکانو ئەوانەی لە کلیکیاو ئاسیان، هەستانو شەڕە قسەیان لەگەڵ ئیستفانۆس کرد. [10]بەڵام نەیانتوانی بەربەرەکانی ئەو داناییەو ئەو ڕۆحە بکەن کە تیایدا دەدوا. [11]بۆیە بەدزییەوە چەند کەسێکیان هاندا تا بڵێن: (گوێمان لەئیستفانۆس بوو کفری سەبارەت بە موساو خودا دەکرد.) [12]ئینجا گەلو پیرانو مامۆستایانی شەریعەتیان جۆشدا، ئەوسا کەوتنەسەری و گرتیانو هێنایانە لای ئەنجوومەنی بالأی جوولەکە، [13]شایەتی درۆیان بەسەرەوە دروستکردو دەیان ووت: (ئەم کابرایە دژی ئەم شوێنە پیرۆزەو شەریعەت هەمیشە قسە دەکاتو وازناهێنێ. [14]چونکە گوێمان لێبوو دەیووت عیسای ناسیری ئەم پەرستگایە دەروخێنێو ئەو خووڕەوشتانەی لەموسا وەرمانگرتووە دەیگۆڕێ.) [15]جا هەموو ئەوانەی لە ئەنجوومەنەکە دانیشتبوون سەرنجیاندایێ، بنیان دەمۆچاوی وەك دەمۆچاوی فریشتە وایە.

ووتاری ئیستفانۆس

7

جا سەرۆك کاهین لەئیستفانۆسی پرسی: (ئایا ئەم تاوانانە ڕاستە؟) [2]ئەویش لەوەڵامدا ووتی: (ئەی برایانو باوکان گوێ بگرن، خودای شکۆدار بۆ ئیبراهیمی باوکمان دەرکەوت کاتێ لەخاکی نێوان دجلەو فورات بوو، پێش ئەوەی بڕوا لەحاران نیشتەجێ بێ، [3] {پێیووت: خاكو کەسوکارت بەجێبهێڵەو بڕۆ بۆ ئەو خاکەی پێشانت دەدەم.} [4]ئەوسا ئەویش خاکی کلدانیەکانی بەجێهێشتو لەحاران نیشتەجێ بوو. کاتێ باوکی مرد، خودا هێنای بۆ ئەم خاکەی ئێوە ئێستا تیایدا نشتەجێن. [5]لەگەڵ ئەوەش خودا هیچ میراتێکی نەدایە، تەنانەت شوێن پێیەك زەویشی نەدایە. هەرچەندە ئەو کاتە بێ منداڵ بوو، بەڵام خودا بەڵێنی پێدا {ئەم خاکە بدا بەخۆی و بە نەوەکانی دوای خۆی. }[6]جا خودا بەم شێوەیە قسەی کرد:{نەوەکانی تۆ بۆ ماوەی چوارسەد ساڵ نامۆ دەبن لەخاکێکی بێگانە، لەو ماوەیەدا دەبن بە کۆیلەو هەڵسوکەوتی خراپیان لەگەڵ دەکرێ، [7]بەڵام ئەو گەلە تاوانبار دەکەم کە دەیانکەن بە کۆیلە.} هەروەها خودا دەڵێ: {دوای ئەمە دێنەدەرەوەو لەم شوێنە دەم پەرستن.} [8]ئینجا خودا پەیمانی خەتەنەکردنی* لەگەڵ ئیبراهیم بەست. ئەوەبوو ئیبراهیم ئیسحاقی کوڕی خەتەنەکرد کە تەمەنی بوو بە هەشت ڕۆژ، ئیسحاقیش یاقوبی کوڕی، یاقوبیش هەردوانزە باوکانی یەکەمان. [9] باوکانیش لەبەرئەوەی چاویان بەیوسف هەڵ

نەدەهات، فرۆشتیان بە میسر. بەلأم خودا هەر لەگەڵبوو، [10]ڕزگاری‌کرد لە هەموو ئەو ناخۆشییانەی بەسەری هات، هەروەها دانایی‌و بەرەکەتی خۆی پێدا لەبەردەم فیرعەونی پادشای میسر. ئەویش کردی بە لێپرسراوی میسرو سەرپەرشتی‌کەری هەموو کاروباری مالّی خۆی.

[11]دوای ئەمە برسێتی‌و تەنگانەیەکی گەورە لەمیسرو کەنعان ڕوویدا، باوکانمان هیچ خواردنیان نەبوو. [12]بەلأم کاتێ یاقوب بیستی لەمیسر گەنم هەیە باوکانمانی یەکەمجار بۆ ئەوێ نارد. [13]کە بۆ جاری دووەم ڕۆیشتنەوە یوسف خۆی پێناساندن، ئەوسا بنەماڵەی یوسف بۆ فیرعەون دەرکەوت. [14] ئیتر یوسف ناردی‌و یاقوبی باوکی لەگەڵ هەموو کەس‌وکارەکەی بۆ میسر بانگ‌کرد کە حەفتاو پێنج کەس بوون. [15]بەو شێوەیە یاقوب‌و باوکانمان دابەزین بۆ میسر، لەوێ مانەوە تا مردن. [16]پاشان بردیانن بۆ ناوچەی شەکیم، لەوێ لەو گۆڕستانە نێژران ئەوەی ئیبراهیم بە هەندێ زیو لە شەکیم لە کوڕەکانی حەموری کڕی.

[17]بەلأم کە کاتی هاتنەدی ئەو بەڵێنەی خودا بەئیبراهیمی دابوو نزیك بووەوە، گەل لە میسر پەرەیاندەسەندو ژمارەیان زیادی دەکرد. [18]ئینجا {پادشایەکی تازە بۆ میسر دانرا یوسفی نەدەناسی.} [19]بەفڕوفێڵ دەجوڵایەوە لەگەڵ ڕەگەزەکەمان، لەگەڵ باوکانمان بەخراپە هەڵسوکەوتی دەکرد، بەزۆر وای لێکردن واز لە منداڵە ساواکانیان بهێنن هەتا بمرن.

[20]لەو کاتەدا موسا لەدایكبوو. لەبەرچاوی خودا پەسەند بوو، سێ مانگ لەماڵی باوکی بەخێوکرا، [21]بەلأم کاتێ وازیان لێی هێنا، ئەوەبوو کچەکەی فیرعەون هەڵی‌گرتەوە کردی بەکوڕی خۆی‌و بەخێوی‌کرد. [22]ئینجا موسا هەموو زانیاریەکانی میسری خوێند، تا بەتوانا بوو لە قسەو لەکردار.

[23]کاتێ تەمەنی بوو بە چل ساڵ بەخەیاڵیدا هات سەردانی برا ئیسرائیلیەکانی بکات، [24]یەکێکیانی بینی لەلایەن میسرییەکەوە دەست درێژی لێدەکرێ، ئەوسا ئەویش بەرگری لەزۆرلێکراو کردو کابرای میسری کوشت. [25]بەهیوای ئەوەی براکانی هەست بکەن کەوا خودا لەسەر دەستی ئەو ڕزگاریان دەکات. بەلأم ئەوان هەستیان پێنەکرد. [26]بۆ بەیانی دووان لە وانی بینی شەڕ دەکەن، ئەویش هەوڵیدا ئاشتیان بکاتەوەو ووتی: ئێوە بران، بۆچی دەست بۆ یەکتری درێژ دەکەن؟ [27]بەلأم ئەوەی کە زۆری لەوی تر دەکرد، پاڵێکی پێوەناو

ووتی: {کێ تۆی کردووە بەگەورەو دادوەر بەسەرمان؟ [28]ئایا دەتەوێ بمکوژی وەك چۆن دوێنێ کابرای میسریت کوشت؟} [29]ئەوسا موسا لەمیسرەوە ڕایکرد بۆ وولاتی مەدیان، بە نامۆیی تیایدا ژیاو هەر لەوێ دوو کوڕی بوو.

[30]پاش چل ساڵ لەبیابانی شاخی سینا* فریشتەیەك دەرکەوت بۆ موسا لەنێو دەوەنێکی داگیرساو. [31]ئەم دیمەنە بووە هۆی سەرسامی موسا، کاتێ لێی نزیك بووەوە بۆ سەیرکردنی، گوێی لەدەنگی خوداوەند بوو بانگی کرد: {[32]من خودای باوباپیرانتم، خودای ئیبراهیمو ئیسحاقو یاقوب!} موسا کەوتە ترس ولەرزو ئیتر نەیوێرا جارێکی دیکە سەیری بکاتەوە. {[33]جا خوداوەند پێی ووت: پێلاوەکانت داکەنە، چونکە ئەو شوێنەی لەسەری وەستاوی زەوییەکی پیرۆزە. [34] بەڕاستی ئەو زۆرداریەی لەمیسر بەگەلەکەم دەکرا بینیم، هەروەها گوێم لەنالەیان بوو، هاتمەخوارەوە تا بیانهێنمە دەرەوە. ئێستا وەرە دەتنێرم بۆ میسر.}

[35]ئەو موسایەی کەوا گەلەکەی ڕەتیانکردەوەو پێیان ووت: {کێ تۆی کردووە بەگەورەو دادوەر بەسەرمان؟} هەر ئەو بوو خودا ناردی وەك سەرۆك و ڕزگارکەر بەهۆی ئەو فریشتەیەی لەدەوەنەکەدا بۆی دەرکەوت. [36]ئەم بوو لە میسر دەریهێنان، پاش ئەوەی نیشانەوکاری سەرسوڕهێنەری ئەنجامدا لە خاکی میسرو لە دەریای سوورو لە بیابان بۆ ماوەی چل ساڵ.

[37]ئەمە ئەو موسایەیە کە بە نەوەی ئیسرائیلی ووت: {خودا لەنێو برایانتان پێغەمبەرێکی وەکو منتان بۆ هەڵدەستێنی.} [38] هەر ئەویش لەناو کۆمەڵەکە لە بیابان بوو لەگەڵ ئەو فریشتەیەی گفتوگۆی لەگەڵی دەکرد لەسەر چیای سینا، هەروەها لەگەڵ باوکانمان، هەر ئەویش بوو ووشەی زیندووی وەرگرت تا بیدا بە ئێمە. [39]بەڵام باوکانمان نەیانویست ملکەچی موسابنو ئەویان بەلاوەنا، دڵیان هەر بۆ میسر دەگەڕایەوە، [40] بە هارونیان ووت: {چەند خوداێکمان بۆ دروستبکە تا لە پێشمانەوە بڕۆن، چونکە ئەو موسایەی ئێمەی لە وولاتی میسر هێنایەدەرەوە نازانین چی بەسەرهاتووە.} [41]جا لەو ڕۆژانەدا بتێکیان لە شێوەی گوێلك دروست کردو قوربانیان پێشکەش کرد، دڵشاد بوون بەدەستکردی دەستیان. [42]بەڵام خودا ڕووی لێوەرگێڕانو وازی لێهێنان ئەستێرەکانی ئاسمان بپەرستن، هەروەك لە پەرتووکی پێغەمبەران باسکراوە:

{ئەی نەوەی ئیسرائیل، ئایا لە بیابان بەدریژایی چل ساڵ

هیچ قوربانیەکتان بۆ کردم؟
[43]نەخێر، بەڵکو چادری بتی ملوکتان هەڵگرت
لەگەڵ ئەستێرەی خودای خۆتان، ڕێفان،
ئەو دوو پەیکەرەی دروستتانکرد تا کڕنوشی بۆ بەرن.
جا لەبەرئەوە بۆ دوورتریش لە بابل دەتانێرم.
{
[44](باوکانمان لەبیابان چادری شایەتیان پێبوو، ئەوەی موسا دروستی کردبوو، جا خودا موسای ڕاسپارد چادرەکە هەڵبدات بەو شێوەیەی نیشانی دابوو. [45]ئەوسا بردیانە ئەو وولاتەی دەستیان بەسەریدا گرت بەسەرکردایەتی یەشوع*، کاتێ خودا ئەو گەلەی تیایدا دانیشتبوو لەبەردەم باپیرانمان دەریکردن. ئیتر بەو شێوەیە مایەوە تا ڕۆژانی داود، [46]ئەوەی مایەی ڕەزامەندی خودا بوو، هەوڵیدا ماڵێك بدۆزێتەوە بۆ خودای یاقوب.
[47]هەرچەندە سلێمان بوو خانوویەکی بۆ دروستکرد.
[48]بەڵام خودای هەرەبەرز لەو کۆشکانەی کە دەستی مرۆڤ دروستیکردووە نیشتەجێ نابێ، وەك پێغەمبەر ووتویەتی:
[49]{ئاسمان تەختی منە،
زەویش شوێنی پێمە.
چ ماڵێکم بۆ دروست دەکەن؟ خوداوەند دەڵێ.
چ شوێنێکم بۆ حەوانەوە بۆ ئامادە دەکەن؟
[50]ئایا دەستی خۆم هەموو ئەم شتانەی دروست نەکردووە؟}
[51]ئەی مل ڕەقەکان، ئەی ئەوانەی دڵ و گوێتان خەتەنە نەکراوە! ئێوە هەمیشە بەربەرەکانی ڕۆحی پیرۆز دەکەن وەك باوباپیرانتان! [52]چ پێغەمبەرێك نەچەوسێندراوەتەوە لە لایەن باوباپیرانتان؟ هەروەها ئەوانەیان کوشت کە باسی هاتنی ئەو ڕاستودروستەیان دەکرد کە ئێوە ئێستا داتانبەدەستەوەو کوشتتان، [53]ئێوە شەریعەتتان لەدەستی فریشتەکان وەرگرت، بەڵام کارتان پێنەکرد.)

کوشتنی ئیستفانۆس
[54]کاتێ ئەوانەی کۆبوونەوە گوێیان لەقسەکانی ئیستفانۆس بوو، دڵیان پڕبوو لەکینە لێی و ددانیان لێجێڕەدەکردەوە. [55]بەڵام ئیستفانۆس گیانی پڕبوو لەڕۆحی پیرۆز، سەیری ئاسمانی کرد، ئەوسا شکۆی خودای بینی و عیساش لەلای دەستە ڕاستی خوداوە وەستابوو، [56]ووتی: (دەبینم ئاسمان کراوەتەوەو ڕۆڵەی مرۆڤیش لەلای دەستە ڕاستی خوداوە ڕاوەستاوە.)
[57]بەڵام ئەوان بەدەنگێکی بەرز هاواریان

کـردو گوێـیان ئاخـنیو هـەموو بـە یەکجار پـەلاماریاندا، [58]بەپاڵ ئیستفانۆسیان دەرکردە دەرەوەی شـارو دەسـتیان کـرد بە بەردباران کـردنی. شـایەتەکان جلەکانـیان داکـەند لەبەرپـێی گەنجێك دایاننا ناوی شاول بوو. [59] لەکاتێکدا بەردبارانـیان دەکـرد، ئیستفانۆس بانگیکـرد: (ئـەی عیسای خوداوەند، ڕۆحم وەرگـرە!) [60]ئـیتر چـۆکی داداو بەدەنگێکی بـەرز هاواریکـرد: (ئـەی خوداوەنـد، ئـەم گوناهـەیان لەسـەر مەنووسـە.) ئـیتر ئەمـەی ووتو نوست.

چەوسانەوەی باوەڕداران

8

شاولیش ڕازی بوو بە کوشتنی ئیستفانۆس.

هـەر لـەو ڕۆژەدا کۆمـەڵێ بـاوەڕداران تووشـی چەوسانەوەیەکی زۆر هات لەقودس. هـەموو بـاوەڕداران لـەناوچـەکانی یەهودیەو سـامیرە بلاوبونـەوە، بـەڵام نـێڕراوان هـەر لـەقودس مانەوە. [2]ئیتر هەندێ پیاوی لەخودا تـرس ئیستفانۆسـیان ناشـتو زۆر لەسـەری گـریان. [3]بـەڵام شـاول هـەوڵێ لەناوبـردنی کۆمەڵـەی بـاوەڕدارانی دەدا، لـەم ماڵـەوە دەچـوو بـۆ ئـەو ماڵ، ژنو پیاوی ڕادەکێشاو دەیخستنە بەندیخانە.

مزگێنیدان لەسامیرە

[4]ئـەو باوەڕدارانـەی بلاوبـبوونەوە لـەشـوێنێکەوە دەچـوون بـۆ شـوێنێکی کەو مزگێنـی ووشـەی خودایان بەخەڵکی دەدا. [5] جـا فیلیـپۆس بـۆ شارێك ڕۆیشت لەناوچەی سـامیرەو مەسـیح ڕادەگـەیاند بـۆ دانیشـتووانەکەی. [6]کاتێ خەڵکەکە بەیەك دڵ گوێیان لێی گرتو نیشانەی سەرسوڕهێنەریان لـێی بینـی، زۆر بایەخـیان دا بەوەی ووتی، [7] چـونکە ڕۆحـی پـیس لـەزۆر کەس کەتیایان نیشتەجێبوون، دەهاتە دەرەوەو بەدەنگی بەرز هاواریـان دەکـرد، هـەروەها شـەڵو گۆجـی زۆری چاككردەوە، [8]ئەوسا خۆشیەکی زۆر ئەو شارەی گرتەوە.

[9]پـێـیش ئەمـە لـەو شـارەدا پـیاوێکیجادوگـەرێك هـەبوو ناوی شەمعون بـوو، جـادوی دەکـردو دانیشـتووی سامیرە سـەریان سوڕمابوو لێی، دەیووت من پیاوێکی مـەزنم. [10]گـەورەو بچـووك گوێـیان لـێدەگـرتو دەیانووت: (ئەم پیاوە توانای خودایـیـە کـە ناسراوە وەك هێزێکی مەزن.) [11]ئـەوان گوێـیان بـۆ دەگـرت، چـونکە ماوەیـەکی درێـژ بـوو سەرسـامی کـردبوون بەجادوگەرێتـیەکەی. [12]بـەڵام کاتێ باوەڕیان هێـنا بەووشـەکانی فیلیـپۆس ئـەوەی مزگێنی پاشـایەتی ئاسمـانو نـاوی عیسـای مەسـیحی

پـێدان، ئـیتر ژنو پیاو لـهئاوهڵکێشران. [13] ئەوســـا شـــهمعونیش بـــاوەڕی هێـــناو لـهئاوهڵکێشـرا، خـوی به فیلیپۆس گرتبوو، سەریسـورما بـوو کـاتێ نیشـانەو کـاری سەرسوڕهێنەری دەبینی لـهسەردەستی دەکرا.

[14]کـاتێ نێرراوان لـهقودس بیستیان کەوا دانیشـتووانی سـامیرە ووشـەی خودایـان وەرگـرتووە، ئەوسـا پەتـرۆسو یۆحەننایان بۆ لایـان نارد. [15]کاتێ گەیشتنە لایان نوێژیان بۆ کـردن تاکو ڕۆحی پیرۆز وەرگرن، [16]چونکە هێشـتا ڕۆحـی پـیرۆز نـەڕژابوو بـەســـەر کـەســیان، بـــەڵکو تـەنها بـەناوی عیسـای خوداوەنـد لـــەئاو هەڵکێشـرابوون. [17]جـا پەتـرۆسو یۆحەنـنا دەسـتیان خسـتە سـەر سەریان، ئەوسا ڕۆحی پیرۆزیان وەرگرت. [18] کـاتێ شـەمعون بینـی ڕۆحـی پیرۆز درا بەو باوەڕدارانـەی کـە دوو نـێرراوەکە دەسـتیان خسـتە سـەر سـەریان، هـەندێ پارەی خستە بـەردەم پەتـرۆسو یۆحەنناو پێیووتن: [19](ئەو توانایـە بەمنیش بدەن، هەتا دەست بخەمە سەر هـەر کەسـێك ڕۆحـی پـیرۆز وەرگرێ.) [20] پەترۆس پێیووت: (با زیوەکەت لـەگەڵ خۆت لـەناوبچـێت! چـونکە لـــەو باوەڕەدا بووی تۆ دەتوانـی بەهـرەی خـودا بە پارە بکڕی! [21]تۆ لـــەم شـتەدا بەشو میراتت نییە، چونکە دڵت ڕاسـت نییە بەرامبەر خودا. [22]تۆبە بکە لـەبەر ئـەم خـراپەیە، نوێـژ بکـە بـۆ خوداوەنـد تـا لـــەمەبەسـتی دڵـت خـۆش بێـت، [23]چونکە دەتبینـم پـڕ تاڵاوێـتو بەندی گوناهیت.) [24] ئیـنجا شـــەمعون ووتـی: (هـــەر دووکـتان لـەپێـناوی مـن نوێـژ بکەن بۆ خوداوەند، هەتا هـیچ شـتێك لـــەوەی باسی دەکەن بەسـەرمدا نەیـەت.) [25]دوای ئـەوەی پەتـرۆسو یۆحەننا شـایەتیانداو بـە ووشـەی خوداوەنـد قسـەیان کـرد، گەڕانەوە بۆ قودسو مزگێنیاندا بە زۆر دێی سامیریەکان.

فیلیپۆسو وەزیری حەبەشە

[26]فریشتەیەکی خوداوەند لەگەڵ فیلیپۆس دواو پـێیووت: (هەسـتە بڕۆ بەرەو خواروو، لـەسەر ئەو ڕێگایەی شۆڕدەبێتەوە لە قودسەوە بـۆ غـەززە، کـە بـیابانە. [27]ئـەویش هەسـتاو ڕۆیشـت، لـەوکاتەدا تووشی پیاوێکی گرنگی خەسـاوی حەبەشیبوو کە وەزیری کاروباری دارایـی بـوو لای کەنداکەی شاژنی حەبەشە، هاتبـووە قودس بۆ پەرستن، [28]کاتێ بەسواری گالیســکەکەی دەگەڕایـەوە بـۆ حەبەشـە، خەریکی خوێندنەوە بوو لـەپەرتووکی ئەشعیای پێغەمـبەر، [29]ڕۆحی پیرۆز بە فیلیپۆسی ووت: (بـڕۆ دوای ئـەو گالیسـکەیە کـەوە.) [30]ئیتر فیلیپۆس بە پەلە دوایکەوت، گوێی لەکابرا بـــوو پـــەرتووکی ئەشـــعیای دەخوێـــندەوەو

لێپرسی: (ئایا ئەوەی دەیخوێنیتەوە تێدەگەی؟) [31]ئەویش لەوەڵامدا ووتی: (چۆن ئەمە بتوانم گەر یەکێك بۆمی ڕوون نەکاتەوە؟) ئینجا فیلیپۆسی بانگ کرد بچێتە سەر گالیسکەکەی و لەگەڵی دابنیشێ. [32] کابرا لەو پەرتووکەی دەیخوێندەوە گەیشتبووە ئەو بەشەی کە دەڵێ:

{وەك مەڕ کە دەبرێ بۆ سەربڕین،
هەروەها وەك بەرخ بێدەنگ لەبەردەست
ئەوەی خوری لێدەبڕیتەوە،
بەم شێوەیە دەمی نەکردەوە.
[33]لەکاتێکدا نەرمونیان بوو بەناڕەوایی
هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کرد.
ئیتر کێ باسی نەوەکانی دەکات،
کاتێ ژیانی لەسەر زەوی هەڵگیرا؟}

[34]لێرە کابرا بە فیلیپۆسی ووت: (تکایە پێمبڵێ: ئەشعیای پێغەمبەر مەبەستی لە کێیە لەم ووتەیەدا؟ لەخۆی یاخود لە یەکێکی کە؟) [35]ئیتر فیلیپۆس کەوتە قسەکردنو دەستی کرد بە مزگێنیدانی عیسا بە دەست پێکردن لەم بەشەیو پەرتووکەوە. [36]کاتێ بەڕێگاوە بوون، گەیشتنە شوێنێك ئاوی لێبوو، کابرا ووتی: (ئەوە ئاوە، چی ڕێم لێدەگرێ لەئاوهەڵبکێشرێم؟) [37]فیلیپۆس ووتی: (ئەمە دەبێ گەر بە هەموو دڵتەوە باوەڕ بهێنی.) جا کابرا ووتی: (باوەڕ دەکەم عیسای مەسیح ڕۆڵەی خودایە.)] [38]فەرمانیدا گالیسکەکە ڕاوەستێ، ئەوسا هەردووکیان بەیەکەوە چوونە سەر ئاوەکەو فیلیپۆس کابرای خەساوی لەئاوهەڵکێشا. [39]کاتێ لە ئاوەکە هاتنەدەرەوە ڕۆحی خوداوەند فیلیپۆسی ڕفاند، ئیتر کابرا فیلیپۆسی نەبینییەوە. بەڵام بەخۆشیەوە بەڕێگای خۆی ڕۆیشت. [40]دوای ئەوە فیلیپۆس لە ئەشدود خۆی بینییەوە، ئینجا ڕۆیشت بۆ مزگێنیدان لە هەموو ئەو شارانەی ئەوێ تا گەیشتە شاری قەیسەریە.

9 خوداوەند شاول دەگۆڕێت

هێشتا شاول دڵی پڕبوو لە هەڕەشەو کوشتن بەرامبەر قوتابیەکانی خوداوەند. لەبەرئەوە چووە لای سەرۆك کاهین، [2]داوای نامەی لێکرد بۆ کەنیشتەکان لە دیمەشق تا ئەوانەی شوێنی ئەم ڕێگایە کەوتوون لەژنو لەپیاو لە هەر شوێنێ بیانبینێ بەبەندکراوی بیانبات بۆ قودس. [3]کاتێ بەرەو دیمەشق دەڕۆیشتو لێی نزیكبووەوە، لەپڕ لە دەوروپشتی ڕووناکییەك لەئاسمان بریسکەی دایەوە، [4]ئیتر کەوت بە زەویداو گوێی لەدەنگێك بوو پێیووت: (شاول! شاول! بۆچی دەمچەوسێنیتەوە؟) [5]ئەویش پرسیاری کرد: (تۆ کێیت ئەی گەورە؟)

دەنگەکە وەڵامی دایەوە: (من عیسام ئەوەی تۆ دەیڵەوسێیتەوە؟ [6]بەڵام هەستە، بڕۆ ناو شار لەوێ پێتدەوترێ چی دەبێ بکەیت.) [7] ئەوانەی لەگەڵ شاول بوون بەبێدەنگی وەستان، ئەوان دەنگەکەیان بیست بەڵام کەسیان نەبینی. [8]کاتێ شاول هەستایەوە، چاوی کردەوەو سەیریکرد هیچ نابینێ، ئەوانی تر دەستیان گرت و بردیان بۆ دیمەشق، [9]لەوێ سێ ڕۆژ مایەوە هیچی نەبینی، هەروەها هیچی نەخواردو هیچی نەخواردەوە.

[10]لەدیمەشق قوتابیەکی خوداوەند هەبوو ناوی حەنانیا بوو، لەخەودا خوداوەند بانگیکرد: (حەنانیا!) ئەویش ووتی: (ئەوەتام ئەی خوداوەند!) [11]خوداوەند پێیووت: (بڕۆ بۆ ئەو شەقامەی بە ڕاست ناسراوە لەمانّی یەهوزا پرسیار لەپیاوێکی تەرتوسی بکە ناوی شاولە وا لەوێ نوێژ دەکات. [12]لەخەودا بینیویەتی پیاوێك ناوی حەنانیایە دەچێتە لایو دەستی دەخاتە سەر بۆ ئەوەی ببینێ.)

[13]حەنانیا بە خوداوەندی ووت: (ئەی خوداوەند، لەزۆر کەس ئەو خراپانەم بیستۆتەوە کە ئەم پیاوە لەقودس کردوویەتی بەرامبەر بەخوشکو برا پیرۆزەکانت، [14]ئەوەتا لێرە دەسەلاتی هەیە لەلایەن سەرۆك کاهینەکانەوە، هەر کەسێك ناوت بهێنێ بیگرێ.) [15]خوداوەند فەرمانی پێدا: (بڕۆ! من ئەم پیاوەم هەڵبژاردووە وەك ئامێرێك بۆ هەڵگرتنی ناوی من بۆ میللەتانو بۆ پادشایانو بۆ نەوەی ئیسرائیلیش. [16]نیشانی دەدەم چەند دەبێ ئازاربکێشێ لەپێناوی ناوی من.) [17]ئیتر حەنانیا ڕۆیشتو چووە مانّی یەهوزا، دەستیخستە سەر سەری شاولو ووتی: (ئەی شاولی برا، عیسای خوداوەند ئەوەی لەو ڕێگایەی پیایدا هاتی خۆی نیشان دایت، منی ناردووە بۆ لات تا بەچاوت ببینیتو گیانت پڕبێت لەڕۆحی پیرۆز.) [18] دەستبەجێ لەهەردوو چاوی شاول شتێك کەوتە خوارەوە وەك توێکل وابوو، ئەوسا چاوی چاکبووەوەو بینی، ئیتر هەستاو لەئاوهەڵکێشرا. [19]دەستی کرد بەنان خواردنو هێز هاتەوە گیانیو چەند ڕۆژێك لەگەڵ قوتابیەکان لەدیمەشق مایەوە.

مزگێنیدانی شاول لەدیمەشق

[20]یەکسەر شاول لەکەنیشتدا دەستی کرد بەڕاگەیاندنی ئەوەی کە عیسا ڕۆڵەی خودایە. [21]گوێگرەکان لەووتەکانی سەرسام بوونو پرسییان: (ئایا ئەمە ئەوە نییە، هەموو ئەوانەی لەناودەبرد کە باسی ئەو ناوەیان دەکرد لەقودس؟ ئەی نەهاتبوو بۆ ئێرە تا بە بەندکراوی بیانبات بۆ سەرۆك کاهینەکان؟) [22]بەڵام شاول زیاتر بەتوانا دەبوو

لـەووتارەکـەیدا، هـەروەها ئەو جوولەکانەی دانیشـتووی دیمەشق بوون دەمکوتی کردن بەو بەڵگانەی دەریدەخات کە عیسا مەسیحە.

[23]لـەپاش ماوەیـەکی زۆر جوولەکەکان پلانێکـیان دانا بۆ کوشتنی شاول، [24]بەڵام ئەو بە پلانەکەیانی زانی. ئیتر جوولەکەکان شەو و ڕۆژ ئاگـاداری دەروازەی شـار بـوون تـا بـیکوژن. [25]لەبەرئـەوە هەندێ لەقوتابیەکانی بەشـەو بـردیانو خسـتیانە نـاو سەبەتەیەك، بە گوریـس لـەشـوورەی شـارەکە شـۆڕیان کردەوە.

شاول لەقودس

[26]کـاتێ شـاول گەیشتە قودس، هەوڵی‌دا پەیوەندی بە قوتابیەکانەوە بکات لـەوێ، بەڵام ئـەوان لێی‌ترسان، چونکە باوەڕیان نەدەکرد کـە ئـەو بـووە بە قوتابی خوداوەند. [27] بەڵام بـەرنابا کارەکـەی گـرتە ئەستۆ و هێنایە لای نـێرراوان، بـۆی گـێڕانەوە چـۆن خوداوەنـد لـەڕێگا خـۆی نیشانداوەو گفتوگۆی لـەگەڵ کـردووە، هـەروەها چۆن بەچاونەترسی ناوی عیسای ڕاگەیاندووە لـەدیمەشق.

[28]ئـیتر شـاول لەگەڵـیان دەسـتی کرد بەهاتووچـۆ لـەقودس، بەچاونەترسـیەوە ناوی خوداوەنـدی ڕادەگـەیاند. [29]هـەروەها گفـتوگۆی لەگەڵ ئەو جوولەکانە دەکرد کە بـەیۆنـانی دەدوان، جـا ئەوانـیش هەوڵـیان‌دا بـیکوژن. [30]کـاتێ برایان بەمەیان زانی بردیانە قەیسەریە لـەوێشەوە ناردیانە شاری تەرتوس.

[31]لـەو کاتـەدا کۆمـەڵی بـاوەڕدارانی ناوچـەی یەهودیـەو جەلـیلو سـامیرە ئاشتیان هـەبوو. هـەروەها گەشـەیان دەکـردو لـەسەر ڕێگـای خوداوەنـد پەرسـتی دەڕۆیشـت، بەپشتیوانی ڕۆحی پیرۆزیش لـەپەرەسەندنبوو.

پەترۆس لـەشاری لودەو یافا

[32]کاتێ پەترۆس لـەهەموو لایەك بەڕێگاوە بـوو، چـوو بـۆ دیدەنـی ئـەو خوشـكو بـرا پیرۆزانـەی شاری لودە، [33]لـەوێ ئیفلیجێکی بینی ناوی ئینیاس بوو، هەشت ساڵ بوو لـەناو جـێگا کەوتـبوو. [34]پەتـرۆس پێی‌ووت: (ئەی ئینـیاس، عیسـای مەسـیح چـاکت‌دەکاتەوە. هەسـتە خـۆت جـێگاکەت چاك‌بکە!) ئەویش یەکسـەر هەسـتا. [35]کـاتێ هەموو دانیشتوانی لـودەو شـارون کابرایان بینی، ئیتر هەموویان بۆ خوداوەند گەڕانەوە.

[36]لـەشـاری یافـا قوتابـیەکی کچ هەبوو نـاوی تابیسـا بـوو ناوەکـەی بەواتای ئاسك، هەمیشە بە کاری چاکەو یارمەتی‌دانی هەژاران خـەریك بـوو. [37]لەوکاتـەدا وا ڕێکـەوت نـەخۆش‌کـەوتو مـرد، شوشـتیانو خستیانە ژوورێکەوە لە نهۆمی سەرەوە.

[38]کاتێ قوتابیەکان لەیافا بیستیان پەترۆس لەشاری لودەیە، جا یافا نزیک بوو لەشاری لودەوە، دوو پیاویان نارد لای، داوایان لێکردو ووتیان: (تکایە وەرە بۆ لامان خۆت دوامەخە!) [39]ئەویش هەستاو ڕۆیشت، کاتێ گەیشت بردیانە نهۆمی سەرەوە، هەموو بێوەژنەکان بەگریانەوە هاتنە لای، هەندێ کراسو جلیان بۆ هێنا لەوانەی ئاسکە دروبووی کاتێ بە زیندوویی لەگەڵیان بوو.

[40]پەترۆس داوای لە هەموو ئەوانەکرد کە لەوێدا بوون لە ژوورەکە بچنە دەرەوە، چووە سەر چۆکو نوێژی کرد، ئینجا ڕووی کردە لاشەکەو ووتی: (تابیسا، هەستە!) ئەوسا کچە چاوی کردەوەو کاتێ پەترۆسی بینی دانیشت. [41]یەکسەر پەترۆس دەستی بۆ ڕاکێشاو یارمەتیدا تا هەستێ، ئیتر خوشکو برا پیرۆزەکانو بێوەژنەکانی بانگکردو کچەکەی بەزیندوویەتی دایەوە دەستیان. [42] هەوالّی ئەمە لەهەموو یافادا بلاّوبووەوە، ئەوسا ژمارەیەکی زۆر باوەڕیان بە خوداوەند کرد. [43]پەترۆس لە یافا بۆ ڕۆژانێکی زۆر لای کابرایەکی پێستە خۆشکەر مایەوە ناوی شەمعون بوو.

پەترۆسو کرنیلیوس

10

لە شاری قەیسەریە سەرپەلێك هەبوو ناوی کرنیلیوس بوو، لەلیوای ئیتالیبوو. [2]ئەم پیاوە خۆی و ماڵو منداڵی خواپەرست بوون و ترسی خودایان لەدڵ بوو، زۆر چاکەی لەگەڵ خەڵکی دەکرد، هەموو کاتێك نوێژی بۆ خودا دەکرد. [3]ڕۆژێکیان نزیکەی سەعات سێی دوای نیوەڕۆ، کرنیلیوس لە خەودا بە ڕوونی بینی لەلایەن خوداوە فریشتەیەك بۆ لای هاتو ووتی: (کرنیلیوس!) [4]ئەویش بەترسەوە سەیری فریشتەکەی کردو پرسی: (چی گەورەم؟) فریشتەکە لەوەڵامدا ووتی: (نوێژەکانتو چاکەکانت گەیشتنە بارەگای خوداو لای لێکردیتەوە. [5]ئێستا چەند پیاوێك بنێرە بۆ یافا بەدوای شەمعون ناوێك نازناوی پەترۆسە. [6]لەمالّی شەمعونی پێستەخوشکەرە، مالّەکەی لەسەر قەراغی دەریایە.) [7]کاتێ ئەو فریشتەیەی قسەی لەگەڵ کرنیلیوس کرد ڕۆیشت، دووان لەخزمەتکارەکانی بانگکرد لەگەڵ سەربازێکی خوداپەرست کە یەکێك بوو لەوانەی هەمیشە لەگەڵی بوو، [8]هەموو مەسەلەکەی بۆ گێڕانەوەو ناردنی بۆ شاری یافا.

[9]بۆ بەیانی، کاتێ سێ پیاوەکە لە شاری یافا نزیك بوونەوە، پەترۆس دەمەو نیوەڕۆ چووە سەربان تا نوێژبکات. [10]زۆر برسی

بوو، ئارەزووی نانخواردنی دەکرد. جا کاتێ کە خواردنیان بۆ ئامادە دەکرد، لە هۆشی خۆی چوو، [11]ئاسمانی بەکراوەیی بینی، شتێکی بۆ هاتەخوارەوە لەشێوەی پارچە قوماشێکی گەورە، لە هەر چوار لاوە شۆڕکرایەوە سەر زەوی. [12]هەموو جۆرە ئاژەڵی چوار پەڕۆ خشۆکی سەرزەوی و باڵندەی ئاسمانی تێدا بوو.[13]ئینجا دەنگێ بانگی کرد: (پەترۆس هەستە، سەربڕەو بخۆ!) [14]بەڵام پەترۆس وەڵامی دایەوە: (نەخێر ئەی خوداوەند، لەژیانم هەرگیز شتی گلاۆ یاخود حەرامم نەخواردووە.) [15]دووبارە دەنگەکە پێی ووت: (ئەوەی خودا پاکی کردۆتەوە تۆ بە گلاۆ دایمەنێ.) [16]ئەمەش سێ جار دووبارە بووەوە، ئینجا پارچە قوماشەکە بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان.

[17]لەو کاتەی پەترۆس سەری سوڕمابوو، پرسیاری لەخۆی دەکرد لەبارەی ئەو شتەی بینیبووی، ئەو پیاوانەی کرنیلیوس ناردبوونی پرسیاری مالّی شەمعونیان دەکردو لەبەردەگا وەستان. [18]پرسییان ئایا ئەو شەمعونەی نازناوی پەترۆسە لێرەیە. [19]لەو کاتەی پەترۆس جارێ هەر بیری لەواتای بینینەکەی دەکردەوە، ڕۆحی پیرۆز پێی ووت: (لەبەر دەرگا سێ پیاو پرسیارت دەکەن. [20]هەستە بڕۆ خوارەوەو لەگەڵیان برۆ بێ دوودڵی، چونکە من ئەوانم ناردووە.) [21]ئەویش ڕۆیشت بۆ لایانو ووتی: (منم ئەوەی دەتانەوێ. بۆچی هاتوون؟) [22]ئەوانیش ووتیان: (کرنیلیوسی سەرپەل پیاوێکی چاکی لەخواترسە، هەموو جوولەکەش شایەتی ئەمەن، خودا پێیڕاگەیاندووە بەهۆی فریشتەیەکی پیرۆزەوە کەوا بانگتبکات بۆ مالّی خۆی تا گوێ لە قسەکانت بگرێ.) [23] جا پەترۆس داوای لێکردن شەو بە میوانی لەوێ بمێننەوە.

بۆ بەیانی هەستا لەگەڵیان ڕۆیشت، هەروەها هەندێ برایانی باوەڕداریش لەیافاوە لەگەڵیان ڕۆیشتن. [24]بۆ ڕۆژی دووەم گەیشتنە شاری قەیسەریە. کرنیلیوس چاوەڕێی هاتنی دەکردن، خزمو کەسوکارو هاوڕێیانی نزیکی بانگ کردبوو. [25]کاتێ پەترۆس هاتە ژوورەوە، کرنیلیوس پێشوازی لێکردو لەبەرپێی کەوتو کرنووشی بۆ برد، [26]پەترۆس هەڵیساندو پێی ووت: (هەستە! منیش وەك تۆ مرۆڤم!) [27]کاتێ پەترۆس لەگەڵی دواو چووە ژوورەوە، خەڵکێکی زۆری بینی، [28]پێی ووتن: (ئێوە دەزانن حەرامە بۆ جوولەکە تێکەڵاوی بێگانە بێت یاخود سەردانیبکات لەماڵ، بەڵام خودا نیشانی دام بەکەس نەڵێم گلاۆ یاخود حەرام. [29]جا من بێ هێنانەوە نارەزایی هاتم،

لەسەر بانگکردنەکەی خۆتان. هەوێ بانگکردنەکەتان چییە؟) [30]کرنیلیوس لەوەڵامدا ووتی: (چوار ڕۆژ لەمەوبەر، لەوکاتەی لەماڵی خۆم کاژێری سێی پاش نیوەڕۆ نوێژم دەکرد، لەپڕ پیاوێك پەیدا بوو جلی بریسکەداری لەبەر بوو، [31]پێی ووتم: کرنیلیوس نوێژەکانتبیسترانو کردەوە چاکەکانتە لایان لێکرایەوە لەبەردەم خودا. [32]بۆیە ئێستا بنێرە بۆ یافا بەشوێن شەمعون ناوێك کە نازناوی پەترۆسە. لەماڵی شەمعونی پێستەخۆشکەرە، ماڵەکەیان لەسەر قەراغی دەریایە. [33]من یەکسەر ناردم بەشوێنت، تۆش شتێکی چاکتکرد کە هاتی. ئێستا ئێمە هەموو ئامادەین لەبەردەم خودا، تا گوێ بگرین لەهەموو ئەوەی خوداوەند فرمانی پێداوی.)

ووتاری پەترۆس

[34]پەترۆس دەستیکرد بە قسەکردنو ووتی: (بە تەواوی بۆم دەرکەوتووە خودا لایەنگیری خۆیبۆ کەس دەرناخات، [35] لەهەر نەتەوەیەك کێ ترسی خودای لەدڵدا بێتو چاکە بکات پەسەندە لای ئەو. [36]ئەو ووشەیە خودا ناردی بۆ نەوەی ئیسرائیل، مزگێنی ئاشتی دانێ بەهۆی عیسای مەسیح، ئەوەی خوداوەندی هەمووانەوە. [37]ئێوە دەزانن چی لەوولاتی یەهودیەدا ڕوویدا، بەدەست پێکردن لەجەلیلەوە دوای ئەوەی یەحیا لەئاوهەڵکێشانەکەی ڕاگەیاند. [38]چۆن خودا عیسای ناسیری بە ڕۆحی پیرۆزو بە هێز دەستنیشانکرد، دەگەڕاو کاری چاکەی دەکرد، هەموو ئەوانەی شەیتان دەستیگرتبوو بە سەریان چاکی کردنەوە، چونکە خودای لەگەڵ بوو. [39]ئێمە شایەتی هەموو ئەو شتانەین کە لەناوچەی یەهودیەو قودسدا کردی، ئەوەی ئەوان کوشتیان بە هەڵواسینی بەدارەوە. [40]بەڵام خودا لەنێو مردووواندا لە ڕۆژی سێهەم زیندووی کردەوە، وای لێکرد دەرکەوێ، [41]نەك بۆ هەموو گەل، بەڵکو بۆ ئێمە کە لەپێشا هەڵبژاردووین وەك شایەت، ئێمە کە لەگەڵی خواردمانو خواردمانەوە پاش زیندووبوونەوەی لەنێو مردووواندا. [42]ئینجا فەرمانی پێدایین ئەوە بە گەل ڕابگەێنین، هەروەها شایەتی ئەوە بدەین کە خودا ئەوی دانەاوە بەدادوەر بەسەر زیندووواندا مردووواندا. [43]هەموو پێغەمبەران شایەتی بۆ دەدەن، هەر کەسێك باوەڕی پێ بهێنێ، بەناوی ئەو گوناهەکانی دەبەخشرێ.)

وەرگرتنی ڕۆحی پیرۆز

[44]کاتێ پەترۆس لەم قسانەدا بوو، ڕۆحی پیرۆز ڕژا بەسەر هەموو ئەوانەی گوێیان گرتبوو. [45]ئەو جوولەکە باوەڕدارانەی لەگەڵ پەترۆس هاتبوون سەریان سوڕما، چونکە بەهرەی ڕۆحی پیرۆز بەسەر ناجوولەکەکانیش ڕژاو [46] گوێیان لێبوو بەزمانە ڕۆحیەکان دەدوانو ستایشی خودایان دەکرد. پاشان پەترۆس ووتی: [47](ئەو خەڵکەش وەك ئێمە ڕۆحی پیرۆزیان وەرگرتووە، جا کێ دەتوانی ڕێگایان لێبگرێ تا لە ئاو هەڵنەکێشرێن؟) [48]فەرمانیدا هەموو ئەوانە بەناوی عیسای مەسیح لەئاوهەڵکێشرێن. ئەوسا ئەوان داوایان لەپەترۆس کرد چەند ڕۆژێك لایان بمێنێتەوە.

11

نێرراوانو برایانی باوەڕدار لە ناوچەی یەهودیە بیستیان کە ناجوولەکەش باوەڕیان بە ووشەی خودا هێناوە، [2]کاتێ پەترۆس گەڕایەوە بۆ قودس ئەوانەی سەر بەڕێبازی خەتەنەکردن* بوون بەربەرەکانیان کردو پێیان ووت: [3](چۆن چوویتە لای ئەوانەی خەتەنە نەکراونو نانت لەگەڵ خواردن؟) [4]جا پەترۆس ئەوەی ڕوویدابوو یەك لە دوای یەك بۆی گێڕانەوەو ووتی: [5](لە شاری یافا نوێژم دەکردو لەهۆشی خۆم چووم، لە بینینێکدا شتێکم لەئاسمانەوە بۆ هاتە خوارەوە، لەشێوەی پارچە قوماشێکی گەورە لەهەر چوار لایەوە بۆم شۆڕکرایەوە. [6]کاتێ بەوردی سەیرمکرد جۆرەها ئاژەڵی سەر زەویم تیادا بینی لە ئاژەڵی کێوی‌و لە خشۆکو هەموو باڵندەی ئاسمان، [7]ئینجا گوێم لەدەنگێك بوو پێیووتم: پەترۆس، هەستە سەربڕەو بخۆ! [8]منیش لەوەڵامدا ووتم: نەخێر ئەی خوداوەند، هەرگیز شتی گلاو یاخود حەرام نەچۆتە دەمم. [9]بەڵام دەنگەکە دووبارە لەئاسمانەوە پێیووتم: ئەوەی خودا پاکی کردۆتەوە تۆ بە پیسی دامەنێ. [10]ئەمە سێجار دووبارە بووەوە، جا شتەکان بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان. [11]ئیتر ئەو سێ پیاوەی لەقەیسەریەوە بۆ لای منیان ناردبوون گەیشتنە ئەو ماڵەی تیایدا بووم، [12]ڕۆحی پیرۆز فەرمانی پێدام بێ دوو دڵی لەگەڵیان بڕۆم، ئەوسا من‌و ئەو شەش برایەی لەگەڵم هاتبوون، لەگەڵیان ڕۆیشتین، کاتێ چووینە ماڵی پیاوەکە، [13] پێیووتین چۆن فریشتەی دیوە هاتۆتە ماڵەکەی‌و پێیووتوە: پیاو بنێرە بۆ یافا، بەدوای شەمعون کە نازناوی پەترۆسە، [14]ئەو پەیامێکت دەداتێ بەهۆیەوە خۆت‌و هەموو خاوخێزانت ڕزگارتان دەبێ. [15]کاتێ دەستم

کـرد بـه قسەکردن، ڕۆحی پیرۆزیان بەسەردا ڕژا، چۆن لەسەرەتا بەسەر ئیمەدا ڕژا. [16]لێرە ئـەوەم بیرکەوتـەوە کـە خوداوەند پێیووتین: یەحـیا خـەڵکی لەئاوهەڵکێشـا، بـەڵام ئـێوە لـەڕۆحی پیرۆز هەڵدەکێشرێن. [17]گەر خودا هـەمان بەهرەی بەوان دابێ کە داوێتی بە ئێمە کـاتێ باوەڕمـان بە خوداوەند عیسای مەسیح هێـنا، جا من چیم هەتا ڕێگا لەخودا بگرم؟) [18]کـاتێ گوێـیان لەمەبوو، ئیتر بەربەرەکانییان نەکـردو ستایشـی خودایـان کـردو ووتـیان: (کەواتـە خـودا بەهـەمان شـێوە، تۆبەکـردنی ژیانی بەخشیوە بەوانەی جوولەکە نین.)

کۆمەڵی باوەڕدارانی ئەنتاکیا

[19]ئـیتر ئـەو باوەڕدارانـەی بلاوبوونـەوە بـەهۆی ئـەو چەوسـانەوەی بەسـەریان هـات لەبـەر ئیسـتفانوس، کـاتێ بە فنیقیەو قوبرسو شـاری ئەنتاکـیادا تێـپەڕین، ووشەی خودایان تەنها بەجوولەکەکان دەدا. [20]بەڵام هەندێکیان لـەبنەچـەدا خەڵکی قوبرسو قەیرەوان بوون، کاتێ گەیشتنە شاری ئەنتاکیا، دەستیانکرد بە ڕاگـەیاندنی مزگێـنی عیسـای خوداوەنـد بـۆ یۆنانیەکانـیش. [21]لـەوان دەستی خوداوەندیان لەگـەڵ بـوو، ژمارەیـەکی زۆر باوەڕیان هێناو بۆ خوداوەند گەڕانەوە.

[22]ئـەم هەواڵـە گەیشـت بـە کۆمـەڵی بـاوەڕدارانی قودس، ئیتر ئەوان بەرنابایان نارد بۆ ئەنتاکیا. [23]کاتێ گەیشتە ئەوێ بەرەکەتی خـودای بیـنی، زۆر دڵشـاد بـوو، هەمووانی هـاندا بـەدڵ لەگـەڵ خوداوەنـد بمێنـنەوە بەخواستێکی چەسـپاو. [24]لەبەرئەوەی بەرنابا کابـرایەکی چـاك بوو، گیانی پڕبوو لە ڕۆحی پـیرۆزو بـاوەڕ، خەڵکـێکی زۆر باوەڕیـان بە خوداوەند هێنا.

[25]ئەوسا بەرنابا چوو بۆ شاری تەرسوسو گـەڕا بـەدوای شاول. [26]کاتێ دۆزیەوە هێنای بۆ ئەنتاکیا، لـەوێ هەردووکیان ساڵێکی تەواو لەگـەڵ کۆمـەڵی بـاوەڕداراندا کۆبوونـەوەو خەڵکـێکی زۆریـان فـێرکرد. جـا لە ئەنتاکیا قوتابـیەکانی خوداوەنـد بـۆ یەکـەم جار ناوی مەسـیحییان* لـێنرا. [27]لـەو ڕۆژانەدا هەندێ لـە پەیامـبەرانی خـودا لەقودسـەوە هـاتن بۆ ئەنتاکـیا، [28]لەنێوانـیاندا یەکـێك هەبوو ناوی ئاگـابوس بـوو، بـەهۆی ڕۆحـی خـوداوە پێشـبینیکرد برسـێتییەکی گـەورە لـەهەموو جـیهان ڕووەدات. جـا ئەم برسێتییە بەڕاستی ڕوویـدا لەسـەردەمی کلۆدیۆسی قەیسەر. [29] ئـیتر قوتابـیەکان بـڕیاریاندا هـەر یەکە بەپێی توانـای خـۆی یارمـەتی بنێرێـت بـۆ ئەو برا باوەڕدارانەی لەناوچەی یەهودیەدا دەژین. [30] جـا بەمـە هەسـتانو یارمەتییەکەیان بە دەستی بـەرناباو شاول بۆ پیرانی کۆمەڵی باوەڕدارانی

ئەوێ نارد.

کوشتنی یاقوب

12

لەوکاتەدا هێرۆدسی پاشا دەستی‌کرد بە چەوساندنەوەی چەند کەسێ لە کۆمەڵی باوەڕداران، [2]یاقوبی برای یۆحەننای بەشمشێر کوشت. [3]هەرکە بینی ئەمە جێگەی ڕەزامەندی جوولەکەکانە، ئەوسا بڕیاریدا پەترۆسیش بگرێ، ئەمەش لە ڕۆژانی جەژنی فەتیرەدا بوو. [4]کاتێ هێرۆدس ئەوی گرت، خستیە بەندیخانەوە لەژێر چاودێری چوار کۆمەڵ پاسەوان داینا، هەر کۆمەڵەش لەچوار سەرباز پێكهاتبوو، چونکە دەیویست بیداتە دەستی جوولەکەکان دوای جەژنی تێپەڕبوون، [5]لەبەرئەوە لەبەندیخانەدا هێشتیەوە، بەڵام ئەندامانی کۆمەڵی باوەڕداران بە بەردەوامی بۆ ئەو لەخودا دەپاڕانەوەو نوێژیان بۆ دەکرد.

ڕزگاربوونی پەترۆس

[6]ئینجا کە هێرۆدس بەتەمابوو بیدات بەدەستەوە، لەو شەوەدا پەترۆس لەنێوان دوو سەربازدا نووستبوو، بە دوو زنجیر بەسترابووەوە، هەروەها سەربازیش پاسەوانی دەرگای بەندیخانەکەیان دەکرد. [7]لەپڕ فریشتەیەکی خوداوەند پەیدابوو، ژووری بەندیخانەکە بەتەواوی ڕووناك بووەوە، فریشتەکە لەلاوە لە پەترۆسی داو خەبەری کردەوەو پێیووت: (خێرا هەستە!) ئیتر هەردوو زنجیرەکە لە دەستی کەوتە خوارەوە. [8]فریشتەکە پێیووت: (پشتێنەکەت ببەستە، پێلاوەکانت لەپێ بکە!) ئەویش کردی. ئینجا فریشتەکە پێیووت: (سەرکراسەکەت لەبەرکەو دوامکەوە.) [9]پەترۆس چووە دەرەوەو شوێنی فریشتەکە کەوت وایدەزانی خەو دەبینێ، چونکە نەیدەزانی ئەوەی لەسەر دەستی فریشتەکە ڕووەدا شتێکی ڕاستیە. [10] یەکەم بنکەی پاسەوانیان بڕیو ئینجا دووەم. کاتێ گەیشتنە دەروازەی ئاسنینی بەندیخانەکە کە ڕووەو شار بوو لەخۆیەوە بۆیانکرایەوە، هەردووکیان چوونەدەرەوە. دوای ئەوە شەقامێکیان بڕی، ئیتر یەکسەر فریشتەکە بەجێیهێشت. [11]جا ئەوکاتە پەترۆس هۆشی بەخۆی هاتەوەو ووتی: (بەڕاستی ئێستا بۆم دەرکەوت کەوا خوداوەند فریشتەکەی ناردو ڕزگاری کردم لەدەستی هێرۆدسو هەموو ئەوەی جوولەکەکان چاوەڕێیان دەکرد.)

[12]تۆزێ بیریکردەوە، ئیتر ڕۆیشت بەرەو مالّی مریەمی دایکی یۆحەننا کە نازناوی مەرقۆس بوو، لەوێ ژمارەیەکی زۆر کۆبووبوونەوە نوێژیان دەکرد. [13]کاتێ

گەیشت لەدەرگای دەرەوەی ماڵەکەیدا، کچە کارەکەرێك کە ناوی ڕودا بوو هاتەلای دەرگاکە تا بزانێ کێیە. [14]هەر کە دەنگی پەترۆسی ناسیەوە لە خۆشیا دەرگاکەی نەکردەوە، بەڵکو خێرا چووڕەوەو مزگێنیدا بەوانەی لەوێ بوون کەوا پەترۆس لەبەر دەرگایە. [15]ئەوانیش پێیانووت: (تۆ وڕێنە دەکەیت.) بەڵام کە سووربوو لەسەر قسەکەی، ئەوسا پێیانووت: (ئەوە فریشتەکەیەتی!) [16]بەڵام پەترۆس بەردەوام بوو لە دەرگا لێدانەکە هەتا لێیان کردەوە. کاتێ بینییان زۆر سەرسامبوون. [17]بەدەست نیشانی دان تا بێدەنگ بن، ئینجا بۆی گێڕانەوە چۆن خوداوەند لەبەندیخانە دەریهێنا، پێیووتن: (ئەم هەواڵە بەیاقوبو برایانی دیکە بدەن.) ئیتر لێیان جیابووەوەو ڕۆیشت بۆ شوێنێکی دیکە.

[18]کاتێ ڕۆژبووەوە ئاژاوەیەکی گەورە دروست بوو لەنێو سەربازەکان، دەستیانکرد بە پرسیارکردن، پەترۆس چی بەسەرهاتووە. [19]کاتێ هێرۆدس داوای‌کردو نەیدۆزیەوە، دەستی‌کرد بەلێکۆڵینەوە لەگەڵ سەربازەکانو فەرمانیدا لەسێدارە بدرێن.

مردنی هێرۆدس

ئینجا هێرۆدس لەناوچەی یەهودیەوە بۆ ناوچەی قەیسەریە ڕۆیشتو لەوێ مایەوە. [20]هێرۆدس زۆر تۆڕە بوو لە دانیشتوانی سوورو سەیدا، لەبەرئەوە ئەوانیش لەنێو خۆیان ڕێکەوتنو چەند نوێنەرێکیان نارد لای بلاستوسی سەرپەرشتیاری ماڵی پاشا. تا ڕازی بکەن داوای ئاشتبوونەوەیان بۆ بکات، چونکە پشتیان بەناوچەی هێرۆدس دەبەست بۆ ئازووقە. [21]هێرۆدس لەڕۆژی دیاری‌کراودا، جلی پاشایەتی لەبەرکرد، لەسەر تەختی شاهانە دانیشتو ووتاری بۆیاندا. [22]جا خەڵکەکە هاواریانکرد: (ئەمە دەنگی خودایە نەك دەنگی مرۆڤ!) [23]یەکسەر فریشتەیەکی خوداوەند لە پادشای دا، چونکە شکۆ و مەزنی نەدا بە خودا، ئیتر کرم لێیداو مرد. [24]بەڵام ووشەی خودا گەشەی دەکردو زیاتر بلاودەبووەوە.

[25]دوای ئەوەی بەرناباو شاول ئەو خزمەتەی پێیان درابوو جێبەجێیانکرد، لەقودسەوە گەڕانەوە [بۆ ئەنتاکیا]، یۆحەنناش کە نازناوی مەرقۆس بوو لەگەڵیان بوو.

هەڵبژاردنی بەرناباو شاول

13

لەکڵمەڵێ باوەڕدارانی ئەنتاکیا هەندێ کەس پەیامبەری خودا بوونو هەندێکیش فێرکەربوون، لەوانە: بەرنابا، شەمعونی ناسراو

بـه ڕەش، لوکیوسی قەیرەوانی، مەناین کە لە منداڵـیەوە لەگـەڵ هێرۆدسـی فەرمانـڕەوای چـواریەکی ناوچـەکە بـوو بەخـێوکرابوو، هـەروەها شـاولیش. [2]کاتێ بە ڕۆژوو بوون‌و خوداوەندیـان دەپەرسـت، ڕۆحـی پـیرۆز پـێی‌ووتن: (بەرناباو شاولـم بۆ تەرخان بکەن بـۆ ئـەو کـارەی کە بانگم کردوون بۆی.) [3] ئینجا بەرۆژووبـوون‌و نوێژیان‌کردو دەستیان خستە سەریان‌و ڕەوانەیان کردن.

شاول‌و بەرنابا لەقوبرس

[4]کـاتێ ڕۆحـی پـیرۆز بـەرناباو شاولـی نـارد، بـەرەو بـەندەری سـولوکیە ڕۆیشـتن، لەوێشـەوە بـەڕێگای دەریـا بـەرەو قوبـرس کەوتنەڕێ. [5]کاتێ گەیشتنە شاری سەلامیس، دەسـتیان‌کـرد بەبڵاوکـردنەوەی ووشـەی خودا لەکەنیشتی جوولەکەکان، یۆحەنناشیان لەگـەڵ بـوو بۆ یارمەتی. [6]بەهەموو دورگەکە گـەڕان هـەتا گەیشـتنە شـاری پافۆس. لەوێ تووشـی جادوگـەڕێکی جوولەکـە بـوون کە پێغەمبەرێکی بەدرۆ بوو، ناوی باریشوع بوو، [7]لەگـەڵ سـەرجیۆس پۆڵـسـی فەرمانـڕەوای قوبـرس بـوو. فەرمانـڕەوایەکی زیـرەك بـوو، بـەرناباو شاولی بانگ کرد، داوای لـێکردن باسـی ووشـەی خـودای بـۆ بکـەن. [8]بـەڵام عەلـیمی جادوگەر، ئەمە وەرگێرانی ناوەکەی بـوو، بەربـەرەکانی کـردنو هـەوڵیدا بەهەر شـێوەیەك بـێ ڕێگـای بـاوەڕ لـە فەرمانـڕەوا بگرێ.

[9]ئینجا شـاول، کـە ناوی پۆڵـسیش بوو، پـڕبوو لـە ڕۆحـی پـیرۆز، سـەیری جادوگەرەکـەی کردو [10]ووتی: (ئەی ڕۆڵەی شـەیتان، ئـەی ئـەوەی پـڕی لـەچـەوتـی‌و خـراپە، ئـەی دوژمـنی هـەموو ڕاست‌ودروستیەك! بـۆ وازناهێنی لەچەوت کـردنی ڕێگـای ڕاستەقینەی خوداوەنـد؟ [11] ئێستا دەستی خوداوەنـدت دێتە سەر، کوێر دەبیـت‌و بۆ ماوەیەك خۆر نابینی.) دەستبەجێ تەمێکی تاریك کەوتە سەرچاوی، دەستی‌کرد بەگـەڕان بەدوای یەکێك تا دەستی‌بگرێ. [12] کـاتێ فەرمانـڕەوا ئەوەی بینی ڕوویدا باوەڕی هێـنا، چـونکە سەرسـام بـوو لەفـێرکردنی خوداوەند.

لەئەنتاکیای پیسیدیە

[13]پۆڵـس‌و هاوڕێکـانی بـەناو دەریادا لە پافوسەوە چوون بۆ پەرگە لە پەمفیلیە. لەوێ یۆحەنـنا لـەپۆڵس‌و بـەرنابا جـیابووەوە گەڕایـەوە بـۆ قـودس. [14]بـەڵام ئـەوان لـە پەرگەوە بۆ ئەنتاکیای سەر بە ناوچەی پیسیدیە ڕۆیشـتن‌و ڕۆژی شـەمە چـوونە کەنیشـت‌و دانیشـتن. [15]پـاش خوێـندنەوە لـەشەریعەت‌و

پەرتووکی پێغەمبەران، پێشەوایانی کەنیشتەکە بەشوێنیان ناردنو پێیان ووتن: (ئەی برایان، گەر شتێکتان هەیە دانیشتوانی پێهانبدەن بیلێین.) [16]پۆڵس هەستاو بەدەست نیشانیداو ووتی:

(ئەی پیاوانی ئیسرائیل، ئێوەش ئەی ئەوانەی لەخودا دەترسن، گوێ بگرن: [17] خودای ئەم گەلە، گەلی ئیسرائیل، باوباپیرانمانی هەڵبژارد، کردنی بەگەلێکی مەزن لەمیسر، ئینجا بە بازوویەکی بەرزەوە لەوێ دەریهێنان. [18]هەروەها نزیکەی چل ساڵ لەبیابان بەخێوی کردن، [19]ئەوسا حەوت گەلی لەوولاتی کەنعان لەناوبرد، ئەوانی کرد بە میراتگری زەویەکەیان. [20]ئەمە هەمووی نزیکەی چوارسەدو پەنجا ساڵی خایاند، پاش ئەمە خودا دادوەری بۆ دانان هەتا سەردەمی سامۆئیل پێغەمبەر. [21]ئینجا داوای پاشایان کرد، خوداش بۆ ماوەی چل ساڵ شاولی بۆ دانان، کە کوڕی قەیس بوو لە تیرەی بنیامین. [22]ئینجا خودا لایبرد، داودی بۆیان دانا وەك پادشا، ئەوەی شایەتی بۆ دەداو دەڵێ: {من داودی کوڕی یەسام دۆزیەوە، ئەو پیاوەی بەدڵی منە، بەخواستی من دەکات.} [23]خودا بۆ نەوەی ئیسرائیل لە تۆی داود ڕزگارکەرێکی نارد کە عیسایە بەپێی بەڵێنەکەی. [24]پێش هاتنی عیسا، یەحیا لەئاوهەڵکێشانی تۆبەی بۆ هەموو گەلی ئیسرائیل ڕاگەیاند. [25]یەحیا نزیك بوو لە کۆتایی خزمەتەکەی، کاتێ ووتی: بیردەکەنەوە ئاخۆ من کێم؟ من ئەو نیم، بەڵکو ئەوەی دوای من دێت، من شایانی ئەوەنیم قەیتانی پێلاوەکانی بکەمەوە.

[26](ئەی برایان، ئەی نەوەی ئیبراهیم، هەروەها ئێوەش ئەی لەخواترسەکان، بۆ ئێمە پەیامی ئەم ڕزگاریە نێرراوە. [27]چونکە دانیشتوانی قودسو سەرۆکەکانیان مەسیحیان نەناسی، هەروەها ووتەکانی پێغەمبەرانیش ئەوەی هەموو ڕۆژێکی شەممە بۆیان دەخوێنرایەوە، هێنایانەدی کاتێ تاوانباریان کرد. [28]هەرچەندە ئەوان هیچ تاوانێکیان بەسەری نەگرت تاشایانی مردن بێ، لەگەڵ ئەوەشدا داوایان لەپیلاتۆس کرد بیکوژێ. [29]دوای ئەوەی هەموو ئەوەی لەسەری نووسرا بوو هێنایانەدی، لە دار هێنایانە خوارەوەو لەگۆڕ ناشتیان. [30]بەڵام خودا لەنێو مردووان هەڵیساندەوە، [31]ئینجا بۆ ڕۆژانێکی زۆر خۆی نیشانی ئەوانەدا کە لەناوچەی جەلیلەوە تا قودس لەگەڵی بوون. ئێستا ئەوان شایەتی ئەمە دەدەن لەبەردەم گەل.

[32](ئەوەتا ئێمەش وا مزگێنیتان دەدەینێ بەوەی خودا بەڵێنی دابوو بە باوباپیرانمان، [33]

ئێستا بۆ ئێمەی ڕۆڵەی ئەوان هێنایەدی، بەهەستانەوەی عیسا لەنێو مردووان هەروەك لەزەبووری دووەم نووسراوە:

{تۆ ڕۆڵەی منی،
من ئەمڕۆ بوومە باوکت.}

[34]ئەوەش کە خودا عیسای لەنێو مردووان هەستاندەوەو هەرگیز گەندەڵی نابینێ، لەم ووشانەی خودادایە:

{ئەو بەڵێنە پیرۆزو بێگومانەتان دەدەمێ کە بە داودم دابوو.}

[35]هەروەها لە شوێنێکی تر دەڵێ:

{تۆ نایەڵی تاقە پیرۆزەکەت گەندەڵی ببینێت.
}

[36]چونکە داود دوای ئەوەی خزمەتی نەوەکەی خۆی کرد بە خواستی خودا نووست، لەگەڵ باوباپیرانی نێژراو گەندەڵیشی بینی. [37]بەڵام ئەوەی خودا هەڵیساندەوە گەندەڵی نەبینی. [38]بۆیە ئەی برایان با زانراوبێ لاتان، بەهۆی عیساوەیە گوناە بەخشینتان پێڕاگەیندرا، [39]هەر کەسێك باوەڕی پێبهێنی بێتاوان دەبێ لەوەی شەریعەتی موسا نەیتوانێ بێتاوانی بکات. [40]جا ئاگاتان لەخۆتان بێ با ئەوەی لەسەر زمانی پێغەمبەران ووتراوە بەسەرتان نەیەت:

[41]{سەیر بکەن ئەی گاڵتەجارەکان،
سەرسام بن و بمرن،
چونکە من لەڕۆژانی ئێوەدا کارێك دەکەم
گەر یەکێك بۆتانی بگێڕایەوە بڕواتان پێی
نەدەکرد.})

[42]کاتێ پۆڵسو بەرنابا لەکەنیشت دەردەچوون، خەڵکەکە داوایان لێ کردن شەمەی داهاتووش بێنەوەو زیاتر قسەیان بۆ بکەن. [43]دوای کۆبوونەوەکە، زۆر لەجوولەکەکانو ئەوانەی ببوون بەجوولەکەو ترسی خودایان لەدڵ بوو دوایانکەوتن، ئەوانیش قسەیان لەگەڵ کردنو هانیاندان تا لەبەرەکەتی خودا بەردەوام بن.

[44]لە شەمەی داهاتوو نزیکەی هەموو دانیشتوانی شارەکە کۆبوونەوە تا گوێیان لەووشەی خودا بێ. [45]کاتێ جوولەکەکان خەڵکەکەیان بینی حەسوودی دایگرتن، دەستیانکرد بە جنێودانو کفرکردنو بەربەرەکانی قسەکانی پۆڵسیان کرد. [46]پۆڵسو بەرنابا بەچاونەترسیەوە قسەیان لەگەڵ کردنو ووتیان: (پێویست بوو لەپێشا بۆ ئێوە باسی ووشەی خودا بکرایە، بەڵام چونکە ئێوە ڕەتتانکردەوەو بڕیارتاندا ئێوە شایانی ژیانی هەتاهەتایی نین، ئەوەتا ئێمە بەرەو لای ناجوولەکەکان لادەدەین! [47]چونکە خوداوەند بەم شێوەیە ڕایسپاردین:

{من تۆم کردۆتە ڕووناکی میللەتان،

هەتا ڕزگاری بگەیەنی بەوپەڕی زەوی.{)
[48]کاتێ ناجوولەکەکان گوێیان لەمەبوو، زۆر دڵشادبوون، ستایشی ووشەی خوداوەندیان‌کرد. هەروەها هەموو ئەوانەی دەست نیشانکرابوون بۆ ژیانی هەتاهەتایی باوەڕیان هێنا.
[49]جا بەم شێوەیە ووشەی خوداوەند لەهەموو ناوچەکەدا بلاوبووەوە. [50]بەڵام جوولەکەکان ژنە بەڕێزە لەخواترسەکانو گەورە پیاوانی شاریان هاندا، بۆ چەوساندنەوەی پۆڵسو بەرنابا، تاکو دەریان کردن لەشارەکەیان. [51]جا ئەوانیش تۆزی پێیان تەکاندو بەرەو شاری ئیقۆنیە ڕۆیشتن.
[52]بەڵام قوتابیەکان پڕبوون لەخۆشیو لەڕۆحی پیرۆز.

گەشتێك بۆ ئیقۆنیە
14
لە ئیقۆنیە پۆڵسو بەرنابا وەك باوبوو چوونە کەنیشتی جوولەکەکان. بە شێوەیەك دەستیان کرد بە قسەکردن بۆ خەڵکەکە تا وای لێهات ژمارەیەکی زۆر لەجوولەکەو یۆنانی باوەڕیان هێنا. [2]بەڵام ئەو جوولەکانەی ڕازی نەبوون باوەڕ بهێنن، ناجوولەکەکانیان هانداو میشکیان پڕکردن دژی برایان. [3]لەگەڵ ئەوەش پۆڵسو بەرنابا ماوەیەکی دوورو درێژ لەوێ مانەوە، بەهەموو چاونەترسیەك سەبارەت بەخوداوەند دەدوان، خوداوەندیش شایەتی بۆ ووشە بەرەکەتدارەکەی دەداو لایەنگیری دەکردن بەهۆی ئەو نیشانەو کارە سەرسوڕهێنەرانەی لەسەر دەستیان ڕوویدا. [4]
ئیتر دانیشتووانی ئیقۆنیە بوون بە دوو بەشەوە، هەندێکیان لەگەڵ جوولەکەکان بوون، ئەوانی تریشیان لەگەڵ نێرراوان. [5]کاتێ خەریکبوو جوولەکەکانو ناجوولەکەکان لەگەڵ سەرۆکەکانیان بەخراپە لەگەڵ نێرراوان بجوڵێنەوەو بەردبارانیان بکەن، [6]ئیتر ئەوانیش بەوەیان زانیو هەردووکیان هەڵاتن بۆ شارەکانی لیستڕەو دەربە لە لیکاونیە، هەروەها بۆ ناوچەکانی دەوروپشت، [7]لەوێش دەستیانکرد بەڕاگەیاندنی مزگێنی.

چاکبوونەوەی ئیفلیجێك
[8]لەشاری لیستڕە کابرایەك بەزگماك ئیفلیج، کە هەرگیز بەپێی خۆی نەڕۆیشتبوو، دانیشتبوو. [9]کاتێ کابرا گوێی لەقسەکانی پۆڵس دەگرت، پۆڵس چاوی تێبڕیو سەیری‌کرد ئەو جۆرە باوەڕێکی تیایە دەبێتە هۆی چاکبوونەوە. [10]ئینجا بەدەنگێکی بەرز پێیووت: (هەستە بەپێوە ڕاوەستە!) ئیتر کابرا یەکسەر هەستایە سەرپێو دەستی‌کرد بە ڕۆیشتن. [11]کاتێ ئەوانەی لەوێبوون ئەوەی

پۆڵـس کـردی بینیـیان، بـەزمانی لیکاونـیە هاواریـانکرد: (خودایەکان* شێوەی مرۆڤیان وەرگرتووەو هاتونەتە خوارەوە بۆ ناومان!) [12] جـا بەرنابایان ناونا زیـۆس، پۆڵـسیش هرمس، چونکە ووتاری دەدا.

[13]لـەدەروازەی شـارەکەدا پەرسـتگای بـتی زیـۆسـی لـێبوو، کاهینی پەرستگاکە لەگەڵ کۆمـەڵێ لـەدانیشتوانی شارەکە هاتو گایان لەگـەڵ خۆیـان هێـنابوو تـا بـیکەن بەقوربانی بۆیان.

[14]بـەڵام کـاتێ دوو نـێرراوەکە پۆڵـسو بـەرنابا ئەمەیان بیست جلەکانیان درێ، خێرا چـوونە لای خەڵکەکـە، هاواریـان کردو [15] ووتیان: (خەڵکینە بۆچی ئەمە دەکەن؟ ئێمەش مـرۆڤین، لـەبارەی سروشتیەوە وەکو ئێوەین، مژگێنیتان دەدەینێ واز لـەم شتە هیچو پووچانە بهێـنن، بگەڕێـنەوە بـۆ لای خـودای زیندوو، دروسـتکەری ئاسمـانو زەوی‌و دەریاو هەموو ئـەو شـتانەی تـیایەتی. [16]خـودا لەنـەوەکانی ڕابووردوودا وازی لەهەموو میللەتان هێنا بە ڕێگای خۆیان بڕۆن، [17]بەڵام خودا بێ شایەت وازی لـەخۆی نەهێـنا، لـەڕێگای کـرداره چـاکەکانیەوە کـە دەیکـات کاتێ لەئاسمانەوە باران‌و وەرزی پڕ بەروبوومان دەداتێ‌و دڵمان لـەخـواردن‌و لەخۆشی تێردەکات.) [18]دوای هەوڵدانێکی زۆر بەم قسانە توانیان خەڵکەکە ڕازی بکەن کەوا قوربانیان پێشکەش نەکەن.

[19]بـەڵام هـەندێ جوولەکـە لـەئەنتاکیاو ئیقونـیەوە هاتن، خەڵکەکەیان هاندا، ئەوانیش پۆڵـسیان بـەردباران‌کـرد تەنانـەت وایانزانی مـردووە، ئەوسـا ڕایانکێشایە دەرەوەی شار. [20]جـا کـاتێ قوتابیەکان دەوریاندا، هەستاو گەڕایـەوە نـاو شـار. بـۆ ڕۆژی دواتر لەگەڵ بـەرنابا ڕۆیشـت بـۆ دەربـە، [21]مژگێنیاندا بە دانیشتوانەکەی، ژمارەیەکی زۆریان بوون بە قوتـابی. ئـینجا گەڕانەوە بۆ لیستڕەو ئیقۆنیەو ئەنتاکـــــیە. [22]ووڕەی قوتابیەکانـــــیان بەرزدەکـــردەوە، هانـــیاندەدان لـــەبـــاوەڕ بچەسـپێن، پێـیان ڕاگـەیاندن کـە پێویستە بۆ چـوونە ناو پاشایەتی ئاسمان بە تەنگانەی زۆردا بچـن. [23]لـە هەموو کۆمەڵە باوەڕدارەکانیش پیرانـیان هەڵـبژاردو دایانـنان، ئـینجا بەزمانی بـەڕۆژوەوە نوێژیـان کـردو خەڵکەکـەیان دایەدەسـت خوداوەنـد ئـەوەی کـە باوەڕیان پێهێناوە.

لەسوریا بۆ ئەنتاکیا گەڕانەوە

[24]ئـینجا بـەناوچـەی پیسـیدیە ڕۆیشتن‌و

---

*خودایەکان: یۆنانیە کۆنەکان بتپەرست بوون‌و بڕوایان وابوو چەند خوداێك هەیە.

گەیشتنە ناوچەی پەمفیلیە. [25]سەبارەت بەووشەی خودا قسەیانکرد لە پەرگە، دواتر ڕۆیشتن بۆ ئەتالیە. [26]جا لەوێوە بەرێگای دەریا گەڕانەوە بۆ شاری ئەنتاکیا، لەوێ دراندە دەست بەرەکەتی خودا بۆ ئەو کارەی تەواویان کردووە. [27]کاتێ گەیشتن، باوەڕدارەکانیان بانگکرد بۆ کۆبوونەوە، هەوالّی ئەو شتانەیان هەموو پێڕاگەیاندن کە خودا بەهۆێ ئەوانەوە کردوویەتی، هەروەها چۆن دەرگای باوەڕ کراوەتەوە بۆ ناجوولەکەکان. [28]جا لەوێ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ قوتابیەکان مانەوە.

کۆبوونەوەی نێرراوان لەقودس

15 هەندێ کەس لەناوچەی یەهودیەوە هاتن بۆ ئەنتاکیا، دەستیانکرد بە فێرکردنی برایانو ووتیان: (ڕزگارتان نابێ گەر بەپێی شەریعەتی موسا خۆتان خەتەنە نەکەن.) [2]ئەوسا پۆڵسو بەرنابا لەم بارەیەوە بێنەوبردەو دەمەقاڵێەکی تونديان لەگەڵ کردن. ئینجا باوەڕدارانی ئەنتاکیا بڕیاریاندا پۆڵسو بەرنابا لەگەڵ هەندێ لەباوەڕداران بچنە لای نێرراوانو پیران لە قودس، تا لەو بابەتە بکۆڵنەوە. [3]پاش ئەوەی کۆمەڵی باوەڕداران مانّاوایان لێکردن، ڕۆیشتن بۆ قودس بەناو فنیقیەو سامیرە، لەوێ هەوالّیاندا بە برایان کەوا ناجوولەکەکانیش بە لای عیسا لایانداوە، بەمە خۆشییەکی زۆر لەنێو هەموو برایان بلاوبووەوە. [4]کاتێ گەیشتنە قودس، کۆمەڵی باوەڕدارانو نێرراوانو پیران پێشوازیان لێکردن، هەوالّی هەموو ئەو شتانەیان دانێ کە خودا بەهۆی ئەوانەوە کردبووی. [5]بەڵام هەندێ لەوانەی سەر بەڕێبازی فەریسیەکانو باوەڕیان هێنابوو، هەستانو ووتیان: (پێویستە ئەو باوەڕدارانە خەتەنە بکرێنو بە شەریعەتی موسا هەڵسوکەوت بکەن.)

پەترۆسو پیرانی قودس

[6]جا نێرراوانو پیران کۆبوونەوەیەکیان کرد بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە. [7]پاش بێنەوبردەیەکی زۆر، پەترۆس هەستاو ووتی: (ئەی برایان، ئێوە دەزانن پێش ماوەیەك، خودا لەناوماندا هەڵیبژارد کە لە دەمی منەوە ناجوولەکەکان ووشەی مزگێنی بیستنو باوەڕبهێنن. [8]خوداش کە دەزانێ چی لەدڵدایە، شایەتییان بۆ دەداو ڕۆحی پیرۆزی پێبەخشیون وەك بە ئێمەی بەخشیوە. [9]ئەو بە هیچ شتێك جیاوازی لەنێوان ئێمەو ئەوان نەکردووە، بەباوەڕ دڵی پاك کردونەتەوە. [10] ئیتر بۆچی ئێوە خودا تاقیدەکەنەوەو نیرێك دەخەنە سەر شانی قوتابیان ئەوەی خۆمانو

باوباپیرانمـان نـەمانتوانی هەڵی‌گرین؟ [11]بەڵام لـەو بـاوەڕەداین ئـێمەو ئەوانـیش بـەهۆی بەرەکەتی عیسای خوداوەند ڕزگار دەبین.)

[12]ئـێتر ئامـادەبووان بێدەنـگ بـوون، دەستیان‌کرد بە گوێگرتن لە بەرناباو پۆڵس، کـە هـەوالّی ئـەو نیشـانەو کـارە سەرسـوڕهێنەرانەیان ڕادەگـەیاند خودا لەسەر دەسـتی ئەوان کردی لەنێو ناجوولەکەکان.

[13]کـاتێ لەقسە بوونەوە، یاقوب ووتی: (ئەی بـرایان گوێـم لـێبگـرن: [14]شـەمعون پـێی ڕاگەیاندن چۆن خودا لەسەرەتاوە بایەخی‌داوە بەوانەی جوولەکە نین تا لە نێوانیان میللەتێك هەڵـبژێرێ نـاوی ئـەو هەڵگـرێ، [15]ئەمـەش لەگـەڵ ووتـەی پێغەمـبەران ڕێـكدەکـەوێ، هەروەك لەکتێبی پیرۆز نووسراوە:

{[16]دوای ئەمە دەگەڕێمەوە

چـــادرە ڕووخاوەکـــەی داود بنـــیاد دەنێمەوە،

ئینجا ڕووخاوییەکانی بنیاد دەنێمەوەو

سەر لەنوێ ڕاستی دەکەمەوە،

[17]تا گەلانی تر داوای خوداوەند بکەن،

هـەروەها هـەموو ئـەو میللەتانەی ناوی منیان هەڵگرتووە،

ئەمـە ئەوەیـە کە خوداوەند دەیلّێ ئەوەی ئەم شتانەی کردووەو

[18]هەر لە سەرەتاوەش زانراون.}

[19]لەبەرئەوە وای بە باش دەزانم قورسایی نەخەینـە سـەر شـانی ئەوانەی جوولەکە نینو ڕێگای خودایان گرتووە، [20]بەڵکو نامەیەکیان بـۆ بنووسـین، خۆیان دووربخەنەوە لە گلاوی بتەکانو لە داوێنپیسیو لە خواردنی گۆشتی ئـاژەڵی خنکێـنراو و خوێـن. [21]چـونکە هەر لـەکۆنـەوە موسـا لەهـەموو شـارێك پـیاوی هـەبووە فـێرکردنەکانی ئەو ڕابگەێنن، هەموو ڕۆژێکـــی شـــەمەش لـــە کەنیشـــتەکان بیخوێنەوە.)

بڕیاری کۆبوونەوەی کۆمەڵەی باوەڕداران

[22]ئینجا نێراوانو پیرانو هەموو کۆمەڵی بـاوەڕداران بەباشیان زانی دوو پیاو هەڵبژێرن لـەناو بـرایانو بیاننـێرن بـۆ ئەنتاکـیا لەگـەڵ پۆڵسو بەرنابا. ئێتر سیلاو یەهوزا کە نازناوی بەرسـابا بـوو هەڵـیانبـژاردن، ئەم دووانـەش ڕابـەر بـوون لەنـێو بـرایان. [23]ئـەم نامەیەیان دایەدەستیان:

(لـە نـێراوانو پیرانیو برایانەوە، بۆ ئەو بـــرا باوەڕدارانـــەی ناجـــوولـــەکـــە ن لەناوچەکانی ئەنتاکیاو سوریاو کیلیکیە:

ســلاّوتان لـــێ‌بێ. [24]بیسـتمان هـەندێ کـەس هـاتوون بـۆ لاتـان لەلایـەن ئـێمەوە بێئـەوەی ئـێمە ڕایـانسپێرین، بەهۆی قسەی ئەوانـەوە ناخۆشـی کەوتە ناوتانەوە، مێشکتان

نارەحەتبوو. [25]بۆیە بەباشمان زانی بەیەك بیروڕاوە پیاوانی هەڵبژێردراوتات بۆتان بنێرین لەگەڵ برایانی خۆشەویستمان بەرناباو پۆڵس، [26]ئەم پیاوانە گیان لەسەر دەستن لە پێناوی ناوی عیسای مەسیحی خوداوەندمان. [27]جا ئێمە یەهوزاو سیلامان بۆ ناردن تا هەمان شتتان بەدەم پێڕاگەیێنن. [28]چونکە ڕۆحی پیرۆزو ئێمە وامان بەباش زانی قورسایی نەخەینە سەر شانتان جگە لەوەی پێویستە، کە ئەمانەن: [29]خۆتان دووربخەنەوە لەو قوربانیانەی بۆ بت پێشکەش کراون، هەروەها لە خواردنی ئاژەڵ خنکێنراو خوێنو لەداوێن پیسی. گەر خۆتان پاراست لەمانە، شتی چاك دەکەن. خوداتان لەگەڵ.)

[30]ئینجا کە بەڕێکران هاتن بۆ ئەنتاکیا، هەموو باوەڕدارانیان بانگکرد بۆ کۆبوونەوەو نامەکەیان پێشکەشکردن. [31] کاتێ خوێندیانەوە زۆر دڵشاد بوون بەو هاندانەی تیایدا بوو. [32]هەروەها یەهوزاو سیلا کە پەیامبەری خودا بوون، زۆر قسەیان بۆ برایان کردو ووریان بەرزکردنەوەو هانیاندان. [33]پاش ماوەیەك برایان بە ئاشتی ڕەوانەیان کردنەوە بۆ لای ئەوانەی ناردوبوویانن. [[34]بەڵام سیلا بەلایەوە باشتر بوو لەوێ بمێنێتەوە.] [35]پۆڵسو بەرناباش هەر لەئەنتاکیا مانەوەو لەگەڵ خەڵکێکی زۆر خەریکی فێرکردنو ڕاگەیاندنی ووشەی خوداوەند بوون.

لێکجیابونەوەی پۆڵسو بەرنابا

[36]پاش چەند ڕۆژێك پۆڵس بە بەرنابای ووت: (وەرە بابگەڕینەوە سەرێك لەبرایان بدەینو هەواڵیان بزانین لەهەموو شارێك کەوا ووشەی خوداوەندمان تیایدا ڕاگەیاندووە.) [37] ئینجا بەرنابا پێشنیاریکرد کەوا یۆحەننا کە نازناوی مەرقۆسە لەگەڵ خۆیان ببەن، [38]بەڵام پۆڵس نەیویست لەگەڵ خۆیان ببات، چونکە لەپەمفیلیە بەجێیهێشتبوونو لەگەڵیان نەڕۆیشت بوو بۆ کارکردن. [39]لەبەر ئەوە دەمەقاڵەیەکی توند کەوتە نێوانیان، تا وای لێهات لەیەکتری جیابوونەوە. ئەوسا بەرنابا مەرقۆسی لەگەڵ خۆی بردو بەڕێگای دەریا بۆ قوبرس ڕۆیشتن، [40]بەڵام پۆڵس سیلای هەڵبژارد لەگەڵی بڕوات، ئیتر ئەوێیان بەجێهێشتو برایان ئەوانیان بە بەرەکەتی خوداوەند سپارد. [41]ئینجا ڕۆیشتن بۆ ناوچەکانی سوریاو کیلیکیە تا کۆمەڵەکانی باوەڕداران بەهێز بکەن.

تیمۆساوس لەگەڵ پۆڵسو سیلا

16

ئینجا پۆڵس گەیشتە شاری دەربە، پاشان

ڕۆیشت بۆ شاری لیستره، لەوێ قوتابیەك هەبوو ناوی تیمۆساوس بوو، دایکی جوولەکە بوو باوەڕی بە مەسیح هێنابوو، باوکیشی یۆنانی بوو. [2]تیمۆساوس لە لیستره ئیقۆنیه ناوبانگی بەچاکە دەرکردبوو لەنێو برایان. [3]پۆڵس حەزی دەکرد تیمۆساوس لەگەڵی بێت، بەڵام جوولەکەکانی ئەو ناوچەیە دەیانزانی باوکی یۆنانیە، لەبەر ئەوە پۆڵس بردی و خەتەنەی کرد. [4]پۆڵس و هاوڕێکانی لەشارێکەوە دەچوون بۆ شارێکی ترو بڕیارەکانی نێراوانو پیرانی قودسیان بەباوەڕداران ڕادەگەیاند تا گوێرایەڵی بن. [5] جا کۆمەڵەکانی باوەڕداران لەباوەڕدا بەهێز دەبوون، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەیان زیادی دەکرد.

بینینی پۆڵس لە تروادا

[6]لەبەرئەوەی ڕۆحی پیرۆز ڕێی لێگرتن ووشەی خودا لەناوچەی ئاسیا بڵاوبکەنەوە، ئەوسا ڕۆیشتن بۆ ناوچەی فریجیەو غەلاتیە. [7] بەڵام کاتێ گەیشتنە نزیك ناوچەی میسیا بەرەو ناوچەی بیسینیە ڕۆیشتن، لێرە ڕۆحی عیسا ڕێگای نەدان، [8]ئەوسا بە میسیادا تێپەڕینو بەرەو شاری تروادا ڕۆیشتن. [9]پۆڵس شەو لەخەودا پیاوێکی بینی لەدانیشتووانی مەکدۆنیا لێی دەپاڕایەوەو دەیووت: (وەرە بۆ مەکدۆنیاو یارمەتیمانبدە.)

پۆڵسو سیلا لەفیلیپی

[10]ئەو کاتەی خەوەکەی بینی، دڵنیابووین کەوا خودا بانگی کردووین بۆ مزگێنیدان لەمەکدۆنیا، ئەوسا یەکسەر ڕۆیشتین بۆی. [11] جا بەڕێگای ئاو لە بەندەری تروادا بۆ دورگەی ساموساراکی ڕۆیشتین. بۆ ڕۆژی داهاتوو بەردەوام بووین لەگەشتەکەمان بەرەو بەندەری نیاپۆلیس، [12]لەوێشەوە بۆ شاری فیلیپی کە یەکەم شاری ناوچەی مەکدۆنیا بوو و جێنشینی ڕۆمانیەکان بوو، لەوێ چەند ڕۆژێك مایینەوە. [13]لەڕۆژی شەممەدا چووینە دەرەوەی شار بۆ سەر ڕووبارێك، لەوێ شوێنێك هەبوو نوێژی لێدەکرا. دانیشتین قسەمان لەگەڵ ئەو ژنانە کرد کە لەوێ کۆبووبوونەوە، [14]لەنێویان ژنێکی هەبوو گوێی دەگرت ناوی لیدیا بوو بازرگانی قوماشی گرانبەها بوو لەشاری سیاتیرا لەخواترس بوو، خوداوەند دڵی کردەوە تاگوێ لە قسەکانی پۆڵس بگرێ. [15]کاتێ خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی لەئاوهەڵکێشران، بەگەرمی داوای لێکردین بە میوانی بچنە لای و پێیووتین: (گەر ئێوە بڕیارتان داوە من باوەڕدارم بەخوداوەند،

وەرنـە مالّەکـەمو لـەوێ بمێنـنەوە.) ئـیتر ناچاری کردین.

دەرکردنی ڕۆحی جادوگەرێتی

[16]ڕۆژێکـیان کـاتێ دەڕۆیشـتین بـۆ نوێژکـردن، کچەکارەکەڕێکمان تووش هات ڕۆحـی جادوگەرێـتی تـیادابوو، بـەهۆی جادوگەرێتیـیەوە پارەیـەکی زۆری بەدەسـت دەهێنا بۆ خاوەنەکانی، [17]بەدوای پۆلّسو ئێمە کـەوتو هـاواری دەکـرد: (ئـەم مـرۆڤانە خـزمەتکاری خـودای هەرەبـەرزن، ڕێگـای ڕزگاریـتان بـۆ ئاشـکرا دەکـەن.) [18]چـەند ڕۆژێـك ئەمـەی کرد، تاکو پۆلّس زۆر بێزار بـوو، لـێرە ئاوڕی دایەوەو بەڕۆحە پیسەکەی ووت کـە تیایدا بوو: (بەناوی عیسای مەسیح فرمانـت پـێدەدەم لێی وەرە دەرەوە!) ئەوسا یەکسەر ڕۆحەکە لێی هاتە دەرەوە.

پۆلّسو سیلا لەبەندیخانە

[19]کـاتێ خاوەنـەکانی کچـەکارەکەڕەکە بینیـیان سەرچـاوەی داهاتـیان بـڕاوە، ئەوسـا پۆلّـسو سـیلایان گـرت، ڕایـانکێشـان بـۆ گۆڕەپـانی شـارەکە بۆ بەردەم فەرمانڕەوایان، [20]دایانەنەدەسـت فەرمانـڕەوایانو ووتیان: (ئەم دوو پـیاوە جوولەکەیـە لـە شـارەکەدا ئاژاوە دەنێـنەوە، [21]نەریـتێ بلاّودەکەنەوە کە ئێمەی ڕۆمـانی نابێ وەریگرین یا کاری پێبکەین.) [22]ئـیتر خەڵکەکـە زۆر لێـیان پـڕبوون، فەرمانڕەواکان جلەکانیان دڕاندنو فرمانیاندا دارکاریبکـرێن، [23]جـا زۆر دارکاریـان کـردنو خستیانە بەندیخانەوە، فەرمانیاندا بەسـەرپەرشـتیکەری بەندیخانەکـە کـەوا بیان خاتـە ژێـر چـاودێریەکی زۆرەوە. [24]ئەوسـا سەرپەرشـتیاری بەندیخانەکـە کە ئەم فەرمانە تونەی وەرگرت، هەر دووکیانی خـستە ناو قوولاّیی زیندان، هەردوو قاچی هەردووکیانی خستە ناو قاڵبی تەختە.

باوەڕهێنانی سەرپەرشتیکەری بەندیخانە

[25]لەنـیوەی شـەو پۆلّـسو سیلا نوێژیان دەکـردو گـۆرانی ڕۆحـیان بـۆ خـودا دەووت، بەندکراوەکانـیش گوێـیان لـێبـوو. [26]لەپـڕ بومەلەرزەیـەکی تونـد ڕوویـدا گۆشـەکانی بەندیخانەکـەی هـەژاند، دەسـتبـەجێ هـەموو دەرگاکـانی کرایەوە، کـۆتو زنجـیری هـەموو بەندکراوەکانـیش کـرایەوە. [27]بومەلەرزەکە سەرپەرشتیارەکەی خەبەرکـردەوە، کـاتێ بیـنی دەرگاکـان کـراوەتەوە وایـزانی بەندکـراوەکان ڕایـان کـردووە، شمشـێرەکەی هەڵکێشـا تـاخۆی بکـوژێ. [28]بـەلاّم پۆلّس هاواریکرد: (هیچ لـەخۆت مەکە، ئێمە هەمومان لێرەین!) [29]

ئینجا کابرا داوای ڕووناکی کردو چووە ژوورەوە لەترسا هەموو لەشی دەلەرزی، چۆکی دا لەبەردەم پۆلّسو سیلا. [30]ئەوسا بردنیە دەرەوەو لێیپرسین: (گەورەکانم، پێویستە چی بکەم تا ڕزگارم بێ؟) [31]ئەوانیش وەلاّمیاندایەوە: (باوەڕبهێنە بەعیسای خوداوەند، خۆتو خێزانەکەت ڕزگارتان دەبێ.) [32]جا سەبارەت بە ووشەی خوداوەند بۆ خۆی هەموو خێزانەکەی دوان. [33]ئیتر کابرا بەو شەوە هەردووکیانی بردو برینەکانی تیمارکردنو دەستبەجێ خۆی و هەموو خێزانەکەی لەئاوهەلّکێشران. [34]کابرا بردنیە مالّی خۆی و خواردنی بۆ دانان، خۆی و هەموو خێزانەکەی زۆر دلّشادبوون چونکە باوەڕیان بەخودا هێنا.

[35]سەر لەبەیانی فەرمانڕەواکان چەند سەربازێکیان نارد، تاکو فەرمانی ئازادبوونی پۆلّسو سیلا بە سەرپەرشتیاری بەندیخانەکە ڕابگەێنن. [36]سەرپەرشتیاری بەندیخانەکە ئەم هەواڵەی بەپۆلّس داو ووتی: (فەرمانڕەوایان فەرمانی ئازادبوونتانیان دەرکردووە، ئێستا وەرنە دەرەوەو بە ئاشتی بڕۆن.) [37]بەلاّم پۆلّس بە نارەزایەوە ووتی: (بەئاشکرا لەبەردەمی خەلّك دارکاریان کردین بەبێ فەرمانی دادگا، هەرچەندە ڕەگەزنامەی ڕۆمانیشمان هەیە ئێمەیان خستە بەندیخانە، ئیتر ئێستا چۆن بە نهێنی دەرمان دەهێنن؟ نەخێر! با خۆیان بێن دەرمان بهێنن.) [38]ئەفسەرەکان ئەم قسانەیان بە فەرمانڕەواکان ڕاگەیاند، ئەوانیش ترسان کاتێ زانییان ئەو دووانە ڕۆمانین، [39]بەم شێوەیە هاتنو لێیان پاڕانەوە، ئازادیانکردنو داوایان لێکردن شارەکە بەجێبهێلّن.

[40]ئەوسا پۆلّسو سیلا لەبەندیخانە هاتنە دەرەوە بەرەو مالّی لیدیا چوون، لەوێ برایانیان بینیو ووریان بەرزکردنەوە ئینجا ڕۆیشتن.

پۆلّسو سیلا لەتەسالۆنیکی

17

دوای ئەوەی بەشاری ئەمفیپولّیسو ئەپولونیادا ڕۆیشتن، پۆلّسو سیلا گەیشتنە تەسالۆنیکی، لەوێ کەنیشتی جوولەکەی لێبوو. [2]پۆلّس وەك کردبووی بە پیشە ڕۆیشت بۆ ئەوێ، سێ ڕۆژی شەممە لەسەر یەك لەکتێبی پیرۆز بەلّگەی بۆ دەهێنانەوە، [3] جا بۆی ڕوونکردنەوەو دەیسەلماند کەوا مەسیح دەبێ ئازار بکێشێو لەنێو مردووواندا زیندووبێتەوە. پێیووتن: (ئەو عیسایەی من پێتانی ڕادەگەێنم، مەسیح.) [4]هەندێ لە ئامادەبووان باوەڕیان هێناو لایەنگیری پۆلّسو سیلایان کرد، لەوانە ژمارەیەکی زۆر

یۆنانی لەخواترس و ژمارەیەکی زۆر ژنی خانەدان.[5] جا جوولەکەکان حەسوودیان برد، ئەوسا هەندێ کوڕی خراپی سەرجادەیان هێنا، خەڵکیان کۆکردەوە و دەستیانکرد بە هاندانی خەڵکی هەتا ئاژاوە کەوتە ناو شار، ئینجا هێرشیان بردە سەر مااڵی یاسۆن و داوایان لێکرد پۆڵس و سیلا بداتە دەست خەڵکەکە.[6] ئیتر کاتێ ئەوانیان لەوێ نەدۆزیەوە، یاسۆن و هەندێ برایانیان ڕاکێشاو بردیانن بۆ الی فەرمانڕەوایانی شار، هاواریان کرد: (ئەم پیاوانە جیهانیان هەڵگێڕاوەتەوە، بۆ شارەکەی ئێمەش هاتوون،[7] یاسۆن میواندارییکردوون. ئەوان سەرپێچی فەرمانەکانی قەیسەر دەکەن، دەڵێن پادشایەکی تر هەیە ناوی عیسایە.)[8] جا بەم قسانە فەرمانڕەواکان و خەڵکەکەیان وروژاند.[9] ئیتر فەرمانڕەواکان لە یاسۆن و ئەوانەی لەگەڵی بوون کەفالەتنامەیان وەرگرت و ئازادیان کردن.

لەشاری بیریە

[10]بڕیان یەکسەر پۆڵس و سیلایان لەشەودا نارد بۆ شاری بیریە، ئەوانیش لەوێ بۆ کەنیشتی جوولەکەکان چوون.[11] بەاڵم جوولەکەی بیریە مێشکی کراوەتربوون لەجوولەکەی تەسالۆنیکی، ووشەی خودایان زۆر بەپەرۆشەوە وەرگرت، هەموو ڕۆژێك دەستیان دەکرد بە لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز تاکو دڵنیابن لەراستی مەسەلەکان.[12] لەوانە ژمارەیەکی زۆریان باوەڕیان هێنا، هەروەها لە یۆنانیەکانیش زۆر ژنی خانەدانو ژمارەیەکی زۆر لەپیاوان باوەڕیان هێنا.

[13]بەاڵم کاتێ جوولەکەی تەسالۆنیکی زانیان پۆڵس لەبیریە ووشەی خودا ڕادەگەیێنێ، دوای کەوتنو لەوێش دەستیان کرد بە ووروژاندنی خەڵکەکە.[14] دەست بەجێ هەندێ برایان پۆڵسیان بەرەو دەریا برد تا گەشت بکات، بەاڵم سیالو تیمۆساوس لەوێ مانەوە.[15] ئەوانەی لەگەڵ پۆڵس بوون لەگەڵی ڕۆیشتن تا گەیاندیانە شاری ئەسینا، ئینجا گەڕانەوە پاش ئەوەی پۆڵس ڕایسپاردن بە زووترین کات سیالو تیمۆساوس بێن بۆ الی.

پۆڵس لەئەسینا

[16]کاتێ پۆڵس لە ئەسینا چاوەڕێی دەکردن، شارەکەی بینی پڕە لە بت، بەمە زۆر دڵتەنگو تۆڕەبوو.[17] لە کەنیشت گفتوگۆی دەکرد لەگەڵ جوولەکەکانو خەڵکە لەخواترسەکان، هەروەها ئەوانەی هەموو ڕۆژێ لە گۆڕەپانی شارەکەدا تووشی دەهاتن.[18] ئەوسا دەمەقاڵە لەنێوان ئەمو

هەندێ لە فەیلەسوفە ئەپیقوریەکانو ڕەواقیەکان پەیدابوو، هەندێکیان ووتیان: (ئەم چەنەبازە مەبەستی چییە لە قسەکانی؟) هەندێکی‌تریشیان ووتیان: (ئەمە لەوە دەکات بانگەواز بۆ خودا نامۆکان بکات)، چونکە ئەو مزگێنی عیساو زیندووبوونەوەی دەدا. [19] ئینجا بردیان بۆ گردی ئاریۆپاگۆسو لێیان پرسی: (ئایا بۆمان هەیە بزانین ئەم فێرکردنە تازەیەی بانگەوازی پێدەکەیت چییە؟ [20] چونکە ئێمە قسەی سەیرت لێدەبیستین دەمانەوێ واتاکەی بزانین.) [21]لەو سەردەمە دانیشتوانی ئەسینا و ئەو بێگانانەی تیایدا دانیشتبوون، کاتی بێکاریان بەهیچ شتێك بەسەر نەدەبرد جگە لەلێکۆڵینەوەی بیروڕای تازە نەبێ.

ووتارێك لە ئاریۆپاگۆس

[22]پۆڵس لە ناوەڕاستی ئاریۆپاگۆسدا وەستاو ووتی: (ئەی دانیشتووانانی ئەسینا، دەتانبینم لەهەمو لایەکەوە زۆر دیندارن. [23]لەکاتێکدا لەناو شارەکەتان دەگەڕام سەیری پەرستراوەکانتانم دەکرد، قوربانگەیەکم بینی لەسەری نووسرا بوو: (بۆ خودای نەناسراو.) جا من ئەو خوداپەتان بۆ ڕادەگەێنم کە دەپەرستو ناناسن. [24]ئەو خوداپەی دروستکەری جیهانو هەمو ئەو شتانەی تیایەتی، ئەو لە پەرستگایەك دانانیشێ دەستی مرۆڤ دروستی کردبێ، چونکە خوداوەندی ئاسمانو زەوییە، [25]پێویستی بەوە نییە بەدەستی مرۆڤ خزمەتبکرێ، وەك بڵێی پێویستی بەشتێك بێ. ئەو بەهەمو مرۆڤێ ژیانو هەناسەو هەمو شتێك دەبەخشێ. [26] هەمو میللەتانی لە یەکێك دروست کردووە، تا لەسەر هەمو زەوی نیشتەجێبن. پێشتر کاتی دروستبوونو سنووری وولاتی بۆیان دەستنیشان کردووە، [27]تا بگەڕێن بەدوای خودا بەهیوای ئەوەی بیدۆزنەوەو ڕێگای ئەو بگرنە بەر، هەرچەندە ئەو دوور نییە لە هەر یەکێکمان. [28]چونکە ئێمە لەو دەژینو دەجوڵێینەوەو هەین، وەك هەندێ لە شاعیرەکانتان دەڵێن: (ئێمەش نەوەی ئەوین.) [29]جا چونکە ئێمە نەوەی خوداین، پێویستە سەیری خودایەتی نەکەین وەك بتێك لە زێڕ یا زیو یاخود بەرد کەوا مرۆڤ بتوانێ بیتاشێ یاخود دایڕێژێ بەو شێوەیەی بیری بۆ دەڕوات. [30]بۆیە خودا چاو دەپۆشێ لەسەردەمەکانی نەزانی، بەڵام ئێستا هەمو کەسێك لەهەمو شوێنێك ڕادەسپێرێ تۆبە بکەن، [31]چونکە ڕۆژێکی دیاریکردووە تیایدا حوکمبدرێ بەسەر جیهان بە دادپەروەری لەسەر دەستی پیاوێك بۆ ئەم مەبەستەی هەڵبژاردوە. بەڵگەش بۆ

ئەمە بە هەموان دەدات، بەوەی لەنێو مردووان زیندووی کردەوە.)

[32]کاتێ ئامادەبوان گوێیان لەزیندووبوونەوەی مردووان بوو، هەندێکیان دەستیانکرد بە گاڵتەپێکردنی، بەاڵم هەندێکیکەیان بە پۆڵسیان ووت: (دەمانەوێ جارێکیکە لەم بارەیەوە قسەمان بۆ بکەیت.)

[33]ئیتر پۆڵس لەناویان چووە دەرەوە. [34]بەاڵم هەندێکیان الیەنگیری پۆڵسیان کردو باوەڕیان هێنا. لەوانە دیونیسیوس کە ئەندامی ئەنجومەنی ئاریۆپاگۆس بوو، هەروەها ژنێك ناوی داماریس بوو لەگەڵ چەند کەسێکی کە.

پۆڵس لەکۆرنسوس

18

دوای ئەوەی پۆڵس ئەسینای بەجێهێشت، بۆ شاری کۆرنسوس ڕۆیشت. [2]لەوێ تووشی جوولەکەیەکی خەڵکی پونتس بوو، ناوی ئەکیال بوو، تازە لەگەڵ پریسکیالای ژنی لە ئیتالیاوە هاتبوون، چونکە کلۆدیۆس فەرمانی دەرکردنی جوولەکەی دابوو لە ڕۆما، ئیتر پۆڵس چوو بۆ الیان. [3]لەالیان مایەوەو ئیشی لەگەڵیان کرد، چونکە ئەویش چادر دروستکەر بوو.

[4]پۆڵس هەموو ڕۆژێکی شەممە قسەی لەگەڵ ئەوانەدا دەکرد کە لە کەنیشتدا ئامادە دەبوون، هەوڵی دەدا باوەڕ بهێنێ بەجوولەکەو یۆنانیەکان. [5]کاتێ سیالاو تیمۆساوس لە ناوچەی مەکدۆنیاوە گەیشتنەجێ، پۆڵس بەتەواوی خۆی تەرخان کردبوو بۆ باڵوکردنەوەی ووشەی خودا، هەتا بۆ جوولەکەکانی دەرخاتو شایەتی بدات کە عیسا مەسیحە. [6]بەاڵم کاتێ دژایەتیان کردو کفریان کرد، کراسەکەی تەکاندو پێیووتن: (خوێنی خۆتان لەسەر خۆتان. من بێتاوانم! لە ئێستا بەدواوە دەڕۆم بۆ الی ناجوولەکەکان .) [7]ئیتر پۆڵس ئەو شوێنەی لێیبوو بەجێهێشتو بەمیوانی چووە مالّی پیاوێك ناوی تیتۆس بیوستس بوو، کە لەخواترس بوو، مالّەکەی بەتەنیشت کەنیشتەوە بوو. [8]لێرە کریسپۆسی سەرۆك کەنیشت خۆیو خاوخێزانی باوەڕیان بەخوداوەند هێنا. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی کۆرنسوس کە گوێیان لەپۆڵس بوو باوەڕیان هێناو لەئاوهەڵکێشران.

قسەبکەو بێدەنگ مەبە

[9]شەوێکیان خوداوەند لەخەودا بە پۆڵسی ووت: (مەترسە، بەڵکو قسە بکەو بێدەنگ مەبە، [10]من لەگەڵتم، کەس ناتوانێ ئازارت بدات، چونکە خەڵکێکی زۆرم هەیە لەم شارە.) [11]ئیتر پۆڵس ساڵێكو شەش مانگ لە

کۆرنسوس مایەوە خەڵکی فێری ووشەی خودا دەکرد. [12]لەو سەردەمەی گالیۆن فەرمانڕەوای وولاتی ئەخائیەی بوو، جوولەکەکان بەیەك بیروڕا دژی پۆڵس کۆبوونەوە، بردیان بۆ دادگا، [13]شکاتیان لێکردو ووتیان: (ئەم پیاوە هەوڵدەدات خەڵکەکە ڕازی بکات خودا بە شێوەیەك بپەرستن کە لەگەڵ شەریعەتمان ناگونجێ.) [14] کاتێ پۆڵس خەریك بوو بەرگری لە خۆی بکات، گالیون بە جوولەکەکانی ووت: (ئەی جوولەکەکان، گەر مەسەلەکە سەرپێچیەك یاخود تاوانێك بوایە، ئەوکاتە هۆیەك دەبوو تا گوێ لە شکاتەکەتان بگرم. [15]بەڵام گەر مەسەلەکە شەرەقسەیە لەسەر ووشەیەك یا ناوێك یاخود شەریعەت، ئەوا پێویستە خۆتان چارەسەری بکەن، من نامەوێ لەم مەسەلانەدا حوکمبدەم.) [16]ئیتر لە دادگا دەریکردن. [17]ئەوسا خەڵکەکە سۆستانیسی سەرۆکی کەنیشتەکەیان گرتو لەبەردەمی دادگا لێیاندا، بەڵام گالیون گوێی بەمە نەدا.

گەڕانەوەی پۆڵس بۆ ئەنتاکیا

[18]پۆڵس ڕۆژانێکی زۆر لە کۆرنسوس مایەوە، دوای ئەوەی بەتەواوی سەری تاشی لە شاری کەنخەریا چونکە نەزری لەسەربوو، مالئاوایی لەبرایان کردو لەگەڵ پریسکلاو ئەکیلا بەڕێگای دەریا بەرەو سوریا ڕۆیشت. [19]کاتێ گەیشتنە ئەفەسۆس پۆڵس لەوێ بەجێیهێشتن، چووە ناو کەنیشتی جوولەکەکانو گفتوگۆی لەگەڵ کردن. [20] ئەوانیش داوایان لێکرد ماوەیەکی زیاتر لایان بمێنێتەوە، بەڵام ئەو داوای لێبوردنی لێکردن، [21]مالئاوایی لێکردن و ووتی: (گەر خودا حەزبکات دەگەڕێمەوە لاتان.) ئینجا بەڕێگای دەریا ئەفەسۆسی بەجێهێشت، [22]لە قەیسەریە دابەزی، لەوێوە سەرکەوتو سلاوی لەکڵمەڵەی باوەڕداران کرد، ئینجا بەرەو شاری ئەنتاکیا دابەزی. [23]لەوێ ماوەیەك مایەوە، پاشان ڕۆیشت بۆ ناوچەکانی غەلاتیەو فریجیە، لەشارێکەوە دەچوو بۆ شارێکی کە هەتا ووڕەی هەموو قوتابیەکان بەرزکاتەوە.

ئەپۆلۆس لەئەفسۆسو ئەخائیە

[24]جوولەکەیەکی خەڵکی ئەسکەندەریە ناوی ئەپۆلۆسبوو، هات بۆ شاری ئەفەسۆس، زمان پاراو و شارەزابوو لەکتێبی پیرۆز، [25] بەباشی سەبارەت بە ڕێگای خوداوەند فێرکرابوو، هەروەها لەڕۆح چالاکبوو، زۆر بەووردی سەبارەت بەخوداوەند خەڵکی فێردەکردو دەدوا، هەرچەندە تەنها بە

لەئاوهەڵکێشانی یەحیای دەزانی. [26]کاتێ بەچاونەترسی لەناو کەنیشتدا دەستی‌کرد بە قسەکردن، پریسکیلاو ئەکیلا گوێیان لێگرت، دوایی بردیانە لای خۆیانو بەوردتر ڕێگای خودایان بۆ ڕوونکردەوە. [27]جا ئەپۆلۆس بڕیاری‌دا بچێ بۆ ناوچەی ئەخائیە، برایان هانیان‌داو بۆ قوتابیەکانی ئەوێیان نووسی کەوا پێشوازی لێبکەن. کاتێ گەیشتە ئەوێ یارمەتیەکی زۆری ئەوانەی‌دا کەبەهۆی بەرەکەتی خوداوە باوەڕیان هێنا بوو. [28]چونکە بە هێزی قسەکانی بەئاشکرا جوولەکەکانی بێدەنگ دەکرد، بەکتێبی پیرۆز بۆی دەردەخستن کە عیسا مەسیحە.

پۆڵس لەئەفەسۆس

19

کە ئەپۆلۆس لەکۆرنسوس بوو، پۆڵس پاش تێپەڕبوونی بە ناوچە بەرزەکان گەیشتە ئەفەسۆس. لەوێ هەندێ قوتابی بینی، [2] لێی‌پرسین: (ڕۆحی پیرۆزتان وەرگرت کاتێ باوەڕتان هێنا؟) وەلأمیان‌دایەوە: (نەخێر! تەنانەت ئێمە بوونی ڕۆحی پیرۆزمان نەبیستووە!) [3]جا لێی پرسین: (کەواتە لەسەر چ بناغەیەك لەئاوهەڵکێشران؟) ئەوانیش وەلأمیان‌دایەوە: (لەسەر بناغەی لەئاوهەڵکێشانی یەحیا.) [4]ئینجا پۆڵس ووتی: (لەئاوهەڵکێشانی یەحیا بۆ تۆبەکردن بوو، خەڵکی بانگ دەکرد تاکو باوەڕبهێنن بەوەی لەدوای دێت، واتە عیسا.) [5]کاتێ ئەمەیان بیست بەناوی عیسای خوداوەندەوە لەئاوهەڵکێشران. [6]هەروەها کاتێ پۆڵس دەستی خستە سەریان، ڕۆحی پیرۆز دابەزیبە سەریانو بەزمانی ڕۆحی قسەیان‌کردو بەووشەی خودا دوان، [7]ژمارەیان نزیکەی دوانزە پیاو دەبوو.

[8]ماوەی سێ مانگ پۆڵس بەردەوام بۆ کەنیشت دەچوو، بەچاونەترسی قسەی دەکرد، لەگەڵ ئامادەبووان دەدواو هەوڵی‌دەدا ڕازیان بکات بەو ڕاستیانەی تایبەتە بە پاشایەتی خودا. [9]بەڵام هەندێکیان کەللەڕەقیان کردو نەیانویست باوەڕبهێنن، دەستیان‌کرد بەجنێودان بەم ڕێگایە لەبەردەم ئەوانەی کۆبوونەوە. جا پۆڵس لێیان جیابووەوە بەتەنها قوتابیەکانی لەگەڵ خۆی برد، هەموو ڕۆژێك گفتوگۆی دەکرد لەقوتابخانەی پیاوێك ناوی تیرانۆس بوو، [10] دوو ساڵ لەسەر ئەمە بەردەوام بوو. بەم شێوەیە ووشەی خوداوەند بەهەموو دانیشتووانی ئاسیا گەیشت لەجوولەکەو یۆنانی.

[11]خوداش کاری سەرسوڕهێنەری مەزنی

لەسەر دەستی پۆڵس دەکرد، [12]تا وای لێهات خەڵکی دەستەسڕەکەی یاخود پارچەیەك لەجلەکانی کەلەبەری کردبێ دەیانبردو دەیانخستە سەر نەخۆشەکانیان، بەمە نەخۆشیەکانیان نەدەماو ڕوحە پیسەکانیان لێدەهاتە دەرەوە.

کوڕەکانی سکاوا

[13]هەندێ لەو جوولەکە گەڕۆکانەی ئیشیان دەرکردنی ڕۆحی پیس بوو هەوڵیاندا ناوی عیسای خوداوەند بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار بهێنن‌و دەیانووت: (دەرتدەکەم بەناوی عیسا، ئەوەی پۆڵس ڕایدەگەیێ.) [14] لەناو ئەوانە حەوت کوڕی سکاوا، جوولەکەیەکی سەرۆك کاهین بوو، ئەمەیان دەکرد. [15]جارێکیان ڕۆحە پیسەکە وەڵامیدانەوە: (من عیسا دەناسم‌و پۆڵسیش دەناسم، بەڵام ئێوە کێن؟) [16]ئینجا ئەو پیاوەی ڕۆحە پیسەکەی تێدابوو پەلامساری دان‌و زاڵبوو بەسەریان، بەشێوەیەك لەو ماڵەی تیایدا بوون بەڕووتی‌و بریندار ڕایان کرد.

[17]ئیتر ئەم هەواڵە بلاوبووەوە لەناو ئەو جوولەکەو یۆنانیانەی لەئەفەسۆس دەژیان، ئەوسا هەموو ترس دایگرتن، بەمەش ناوی عیسای خوداوەند بەرزبووەوە. [18]هەروەها زۆر لەوانەی باوەڕیان هێنابوو هاتن، بەئاشکرا دانیانا بەکردەوە خراپەکانیان. [19]زۆر لەوانەی خەریکی جادوگەرێتی بوون دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی پەرتووکەکانیان‌و لەبەردەم هەمووان سووتاندیانن، سەرجەمی نرخەکانیان پەنجا هەزار پارچە زیو بوو. [20]بەم شێوەیە ووشەی خوداوەند گەشەی دەکردو بەهێز دەبوو.

شلەژانێکی ترسناك لەئەفەسۆس

[21]دوای ئەوەی ئەم شتانە ڕوویدا، پۆڵس بڕیاریدا بچێ بۆ ناوچەی مەکدۆنیاو ئەخائیە، کاتێ بەڕێگاوە بوو بۆ قودس، ووتی: (پاش ئەوەی لەوێ مامەوە پێویستە بچم سەردێك لە ڕۆماش بدەم.) [22]جا پۆڵس دووان لە یاریدەدەرەکانی نارد بۆ مەکدۆنیا کە تیمۆساوس‌و ئەڕاستۆس بوون، خۆشی ماوەیەك لەناوچەی ئاسیا مایەوە.

[23]لەو کاتەدا شلەژانێکی ترسناك لەئەفەسۆس پەیدا بوو بەهۆی ئەم ڕێگایە. [24] لەوێ زێڕنگەرێك هەبوو ناوی دیمێریوس بوو، پەرستگای بچووکی زیوی دروست دەکرد بۆ بتی ئەرتامیس، بەهۆی ئەمەوە خۆی‌و کرێکارەکانی پارەیەکی چاکیان دەستدەکەوت. [25]کابرا، کرێکارەکانی‌و زێڕینگەرەکانی تری بانگ کردو پێی ووتن:

(دەزانن داهاتمان بەسەراوە بەم پیشەیەمانەوە، [26]ئێوە دیوتانەو بیستوتانە ئەم پۆلسە رێگای لەخەڵکێکیٚ زۆر تێك داوە، تەنها لەئەفەسۆس نا بەڵکو نزیکەی لەهەموو ناوچەی ئاسیا، ڕازی کردوون کە ئەوانەی بە دەست دروست دەکرێن خودانین. [27]ئەمەش تەنها زیانی بۆ ئیشەکەمان نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی پەرستگای ئەرتامیسی خواژنی گەورەمان گەورەیەتی نەمێنیٚ. جا دەترسین نرخو مەزنی نەمێنیٚ، ئەوەی هەموو دانیشتووانی ئاسیاو هەموو جیهان دەیپەرستیٚ.)

[28]کاتیٚ گوێیان لەم قسانە بوو تووڕە بوونو دەستیانکرد بەهاوار کردن: (مەزنە ئەرتامیسی ئەفەسۆسیەکان!) [29]ئەم شڵەژانە هەموو شارەکەی گرتەوە خەڵکێکیٚ زۆر پەلاماری گایوسو ئەرستارخۆس مەکدۆنییاندا کە هەردووکیان هاوڕێی پۆڵس بوون لەگەشتدا، ڕایانکێشان بۆ ناو گۆڕەپانی شانۆی شارەکە.

[30]پۆڵس ویستی خۆی قسە لەگەڵ خەڵکەکە بکات، بەڵام قوتابیەکان ڕێگای ئەمەیان لێگرت، [31]هەروەها هەندیٚ لەگەورە پیاوانی ئاسیا کە دۆستی بوون ناردیانە لای تا داوای لێبکەن خۆی نزیك نەکاتەوە لەشانۆکە. [32]ئیتر شتەکە لە خەڵکەکە تێکچوو بوو، هەندێکیان هاواری شتێکیان دەکرد، هەندێکی کەشیان هاواری شتێکی تر، تەنانەت زۆربەیان هۆی کۆبوونەوەکەیان نەدەزانی. [33]لەناو خەڵکەکەدا جوولەکەیەك هەبوو ناوی ئەسکەندەر بوو، جوولەکەکان پاڵیان پێوەنا بۆ پێشەوە، هەندێکیان بانگیان کرد بۆ قسەکردن. بەدەست ئیشارەتی بۆ کردن کە دەیەوێ قسە بۆ خەڵکەکە بکات. [34]بەڵام کە زانیان ئەو جوولەکەیە، بۆ ماوەی دوو کاژێر هەمویان بەیەکەوە هاواریان دەکردو دەیانووتەوە : (مەزنە ئەرتامیسی ئەفەسۆسیەکان!)

[35]لە دوایدا نووسەری کاروباری شارەکە توانی خەڵکەکە هێمن بکاتەوە، ووتی: (ئەی دانیشتووانی ئەفەسۆس شاری پاسەوانی پەرستگای ئەرتامیسی خواژنی گەورە نییە لەگەڵ ئەو پەیکەرەی لە ئاسمان هاتۆتە خوارەوە؟ [36]لەبەرئەوەی بیروڕای جیاواز نییە لەم شتەدا، پێویستە هێمن بنەوەو بەخێرایی هیچ شتێك نەکەن. [37]ئێوەش ئەم دوو پیاوەتان هێناوە لەگەڵ ئەوەی پەرستگایان ڕووتنەکردۆتەوەو کفریان سەبارەت بە خواژنەکەمان نەکردووە. [38]بەڵام ئەگەر دیمتریوسو هاوڕێیانی نارەزاییەکیان هەیە، ئەوا دادگاو دادپرسمان هەیە با نارەزاییەنامە

پێشکەش بەدادپرس بکەن. [39]گەر هاتوو نارەزاییەکی کەتان هەبوو، لە کۆبوونەوەیەکی یاساییدا سەیر دەکرێ. [40]چونکە هەموومان لەمەترسی دایـن، لەسەر دروستکردنی ئەم شـڵەژانەو ئـەوەی ئەمـڕۆ ڕوویـدا، ئێمە هیچ بەهانەیـەکمان نییە بـۆ ڕوونکـردنەوەی ئـەم کۆبوونەوەیـە.) [41]ئیتر بەم قسانە کۆمەڵەکەی ڕەوانەکرد.

پۆڵس لەمەکدۆنیاو یۆنان

20

دوای ئـەوەی ئـەو شـڵەژانە لـەئەفەسـۆس تـەواوبوو، پۆڵـس قوتابـیەکانی بـانگ کرد، ووردی بەرزکـردنەوەو مالّـئاوایی لێکـردن، ئەوسـا بـەرەو ناوچـەی مەکدۆنیا ڕۆیشت. [2] کـاتێ بـەو ناوچـانەدا تـێدەپەڕی، لە هەموو لایـەك ووردیـانی بـەرز دەکـردەوە. پاشـان گەیشـتە یۆنان، [3]لەوێ سێ مانگی بەسەربرد، بـەڵام کـاتێ خـۆی ئامادەکرد بەڕێگای دەریا بچـێ بۆ سوریا، زانی جوولەکەکان پلانێکیان دانـاوە بـۆ کوشـتنی ئەوسا بڕیاریدا بەڕێگای مەکدۆنـیا بگەڕێـتەوە. [4]لـەگەشتەکە ئەمانەی لەگـەڵ بوو: سوپاترۆسی کوڕی پیرۆ خەڵکی بیریـــە، ئەرســـتارخۆس و سەکوندۆســـی تەسـالۆنیکی، گـایۆسی دەربەو تیمۆساوس، تیخـیکۆس و تروفیمۆسـی ناوچـەی ئاسـیا. [5] ئەمانـە پێشـمان کـەوتنو چـاوەڕێیان کردین لـەتـروادا. [6]بـەڵام ئێمە دوای جەژنی فەتیرە، بـەڕێگای دەریـا چووین بۆ فیلیپی، پاش پێنج ڕۆژ گەیشـتینە ترواسـتروادا، چـووینە لایانو حەوت ڕۆژ لـەوێ ماینەوە.

پۆڵس لەتراوس

[7]ڕۆژی یـەکشـەمە کۆبوویـنەوە بـۆ نان لـــەتکـــردن، پۆڵـــس قســـەی بـــۆ ئامـادەبووانکـرد، تـا نیوەی شەو درێژەی بە ووتارەکـەیدا، چـونکە بـەیانی دەیویسـت بـڕوات. [8]کۆبوونـەوەکـەمان لەژوورێك بوو لـــەنهۆمـــی ســـەرەوە، چـــرای زۆری لێ داگیرسـابوو. [9]لـەوێدا گەنجـێك هەبوو ناوی یوتـیخۆس بـوو لەناو پەنجەرەکەدا دانیشتبوو، خـــەوێکی قـورس دایگرتـبوو، پۆڵـسـیش بـەردەوام بـوو لەسەر ووتارە درێژەکەی، جا کـوڕە لـەنهۆمـی سـێهەم کەوتەخوارەوەو بە مـردوویەتی هەڵـیان گـرتەوە. [10]لـێرە پۆڵـس هاتـــەخوارەوە خـــۆیدا بەســـەری، گرتـــیە باوەشـیو ووتـی: (مەپەشـۆکێن، هێشتا ژیانی تـیادامـاوە!) [11]دوایـی پۆڵـس چووە سەرەوەو نـانی لەتکردو خواردی، ئیتر هەتا بەرەبەیان بـەردەوام بـوو لـەووتارەکـەی، پاشان لەوێ ڕۆیشـت. [12]ئەوسـا کوڕەکەیان بەزیندوویەتی هێنا، ئەمەش دڵنەواییەکی گەورەبوو بۆیان.

لە تروادەوە بۆ میلیتوس

[13]بەڵام ئێمە بەکەشتی بەرەو شاری ئەسۆس ڕۆیشتینو پێش پۆڵس کەوتین، لەوێ چاوەڕێی گەیشتنمان کرد بەپێی ئەو پلانەی بۆی دانابووین بە پێ بەدوامان بێت. [14]کاتێ پێمان گەیشت، لەگەڵ خۆمان بردمان، بەناو ئاو بەرەو بەندەری میتیلینی ڕۆیشتین. [15]لەوێش ڕۆیشتین، بۆ بەیانی گەیشتینە بەرامبەر خیۆس، بۆ ڕۆژی دووەمیش گەیشتینە سامۆس [دوای لەترۆگیلیۆن مایناوە]. هەروەها لەڕۆژی سێهەم گەیشتینە میلیتۆس. [16]جا پۆڵس بڕیاری دابوو بەئەفەسۆسدا تێنەپەڕێت، نەوەك داوای لێبکەن ماوەیەك لەهەریمی ئاسیا بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی پەلەی بوو بەڵکو بتوانێ لەڕۆژی پەنجاهەمین بگاتە قودس.

ووتەی پۆڵس بۆ پیرانی ئەفەسۆس

[17]لەمیلیتوسەوە پۆڵس ناردی بە شوێن پیرانی کۆمەڵی باوەڕدارانی ئەفەسۆس. [18] کاتێ گەیشتنە لای پێیووتن: (دەزانن هەڵسوکەوتم چۆن بوو لەگەڵتان بەدرێژایی ئەو کاتەی لەگەڵتان بەسەرمبرد، لەیەکەم ڕۆژەوە کە هاتمە ناوچەی ئاسیا، [19]خزمەتی خوداوەندم دەکرد بەفرمێسکی زۆرو بەملکەچییەوە، هەروەها دەزانن چەند ناخۆشیم تووش هات بەهۆی پیلانی جوولەکەکانەوە. [20]لەهەر شتێك سوودی هەبێ کەمو کوڕیم نەکردووە لەگەڵتان، بەڵکو ماڵ بەماڵۆ بەئاشکرا بۆم باسکردوون و فێرم کردوون. [21]هەروەها شایەتیم بۆ جوولەکەو یۆنانیەکان داوە تا تۆبە لەلای خودا بکەنو باوەڕبهێنن بەعیسای خوداوەندمان. [22]جا ئەمڕۆ بەڕۆحی پیرۆزەوە بەستراوەو دەچم بۆ قودس، لەوێ نازانم چی دێتە ڕێم. [23]ڕۆحی پیرۆز لەهەموو شارێك بۆی ڕۆیشتووم ئاگاداری کردووم لەو گرتنو ناخۆشیانەی چاوەڕێم دەکات. [24]بەڵام نرخم بۆ ژیانی خۆم دانەناوە، خۆشم بەگرانبەها دانانێم، تا بەخۆشییەوە ئەم پێشبڕکێیەو ئەو خزمەتەی لەعیسای خوداوەند وەرمگرتووە تەواوی بکەم، هەتا شایەتی بۆ مزگێنی بەرەکەتی خودا بدەم. [25]ئێستر من دەزانم لەئەمڕۆ بەدواوە دەموچاوم نابینن، ئێوە ئەوانەن کە بەناو هەموتان دەگەڕامو پاشایەتی خودام ڕادەگەیاند. [26]لەبەرئەوە ئەمڕۆ شایەتی بۆ هەموتان دەدەم، من لەخوێنی هەموتان بێتاوانم، [27]چونکە دوانەکەوتم لەڕاگەیاندنی هەموو مەبەستەکانی خودا بۆتان.

[28](کەواتە ئاگاتان لەخۆتانو لەمێگەل بێ ئەوەی ڕۆحی پیرۆز ئێوەی وەك چاودێر بۆ داناوە، تا شوانی کۆمەڵی باوەڕدارانی خودا

بکـەن ئـەوەی بـەخوێـنی ڕۆڵەکەی بەدەستی هێـناوە. [29]مـن دەزانم پـاش ڕۆیشتنم گورگی ڕفێـنەر دێـنە ناوتـان، بەزەیـیان بـە مێگەلەکە نایەتـەوە. [30]هـەروەها لەناوتان چەند کەسێك پـەیدا دەبن ڕێگای خواروچەوت فێر دەکەن، تـا قوتابـیەکان بـۆلای خۆیـان ڕاکێشـن. [31] لەبەرئـەوە ئێشـك بگرنو بیربکەنەوە، من بۆ ماوەی سێ ساڵ شەو و ڕۆژ بە فرمێسکەکانی چاوم ئامۆژگاری یەکە یەکەتانم دەکرد. [32]جا ئێسـتا دەتانـدەمـە دەسـت خـوداو ووشـەی بەرەکـەتی، ئـەو توانـای ئەوەی هەیە بنیادتان بکـاتو لـەگەڵ ئەوانەی پیرۆزکراون میراتتان پێببەخشێ.

[33](ڕۆژێ مـن حەزم لەزیو یا زێڕ یا جلی کـەس نەکـرد. [34]ئـێوە دەزانـن مـن بەم دوو دەسـتە ئیشـم کـردووە تـا پێویسـتی خـۆمو هاوڕێکانم بەدەست بهێنم. [35]من بەڕوونی بۆم دەرخسـتن چـۆن پێویسـتە ڕەنـج بـدەن، تـا یارمـەتی نـەداران بـدەنو ووشەکانی عیسای خوداوەندتـان بیربکەوێـتەوە کـە دەڵـێ: (بەخشـین پیرۆزترە لەوەرگرتن.) [36]دوای ئەم قسـانە پۆڵـس لەگـەڵ هەموویان چۆکیداداو نوێـژیکـرد. [37]ئەوسا هەموویان زۆر گریان، باوەشـیان کـرد بـەپۆڵسـداو بەگـەرمی ماچیانکـرد. [38]ئـیتر زۆر دڵـتەنگ بـوون، بـەتایـبەتی چـونکە پـێیووتـن جارێکی کـە دەموچـاوی نابیننەوە، ئینجا تا لای کەشتیەکە لەگەڵی ڕۆیشتن.

پێشبینیەکان دەربارەی ئازاری پۆڵس

21

کـاتێ کـە لـەیـەکتری جیابووینەوە، بەڕێکی بـەڕێگای دەریـادا بـەرەو کوس ڕۆیشتین. بۆ ڕۆژی داهـاتوو گەیشـتینە دورگـەی ڕودس لەوێشـەوە بـەرەو دورگەی پاترا ڕۆیشتین، [2] لـەوێ کەشـتیەکمان بیـنی بۆ فینیقیە دەچوو، سـواری بوویـنو ڕۆیشـتین. [3]کاتێ دورگەی قوبـروسمان بیـنی بـە دەسـتە چـەپ بەجێمان هێشـت، جـا بەردەوام بووین لەگەشتەکەمان بەرەو سوریا، ئەوسا گەیشتینە بەندەری سورو لـێی دابـەزین، چـونکە کەشـتیەکە لـەوێ بارەکـەی بـەتاڵ دەکـرد. [4]کـاتێ لـەوێ قوتابـیەکانمان دۆزیـەوە، حـەوت ڕۆژ لایـان مایـنەوە، ئەوانـیش بـەهۆی ڕۆحـی پیرۆزەوە ئامۆژگـاری پۆڵسیانکرد نەڕوات بۆ قودس. [5]کـاتێ مـاوەی مانـەوەمان لایـان تـەواو بوو ڕۆیشـتین تـا گەشـتەکەمان تـەواو بکـەین، تـادەرەوەی شـار خۆیـانو ژنو منداڵـیان لەگـەڵمان هـاتن. لەسـەر قـەراغی دەریـا چـۆکماندااو نوێژمـان کـرد، [6]جا یەکترمان بـەخـودا سـپارد، سـواری کەشتیەکە بووین، ئەوانیش گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان.

[7]جا که بەردەوام بووین لە گەشتەکەمان، لەشاری سورەوە ڕۆیشتین بۆ شاری پتولمایس، لەوێ سلاوومان لەبرایان ئێکردنو ڕۆژێك لەلایان مایندوە. [8]بۆ ڕۆژی داهاتوو چووین بۆ شاری قەیسەریە بەمیوانی لەمالی فیلیپۆسی مزگێنێدەر مایندوە، کە یەکێك بوو لەو حەوت خزمەتکارەکە، [9]ئەویش چوار کچی هەبوو بەووشەی خودا دەدوان. [10]پاش ئەوەی ئێمە چەند ڕۆژێك لەوێ بووین، ئینجا لەناوچەی یەهودیەوە یەکێك هات ناوی ئاگابۆس بوو پەیامبەری خودا بوو. [11] پشتێنەکەی پۆلسی هەلگرت، دەستو قاچی خۆی پێبەستەوە ووتی: (ڕۆحی پیرۆز دەلێ خاوەنی ئەم پشتێنە، جوولەکەکان بەم شێوەیە لەقودس دەیبەستنەوە، دەیدەنە دەستی بێگانەکان.) [12]کاتێ ئەمەمان بیست، ئێمەو ئەوانەی دانیشتووی ئەوێ بوون، داوامان لەپۆلس کرد نەچێ بۆ قودس، [13]بەلأم ئەو پێیووتین: (ئەوە چیتانە دەگرینو دلّم دەشکێنن؟ من ئامادەم نەك تەنها بەند بکرێم، بەلکو لەبەر ناوی عیسای خوداوەند لە قودس بشمرم.) [14]ئیتر نەمانتوانی ڕازی بکەین، بێدەنگ بووینو ووتمان: (با بەخواستی خوداوەند بێ.) [15]دوای ماوەیەك خۆمان ئامادەکردو بەرەو قودس ڕۆیشتین، [16] لەگەلّ هەندێ لەقوتابیانی شاری قەیسەریە، ئێمەیان بردە مالّی مەناسونی قوبروسی کە قوتابیەکی کۆن بوو، تا لەوێ بمێنینەوە.

لەقودس

[17]کاتێ گەیشتینە قودس، برایان بە خۆشیەوە پێشوازیان لێکردین. [18]ڕۆژێ دوای گەیشتنمان پۆلس لەگەلّمان هات بۆ لای یاقوب هەموو پیرانیش لەوێ بوون. [19] پۆلس سلاوی لێکردن، ئەوسا یەك لەدوای یەك هەوالّی هەموو ئەو شتانەی دانێ کە خودا کردوویەتی لەنێوان ئەوانەی جوولەکە نین بەهۆی خزمەتی ئەو. [20]کاتێ ئەم هەوالأنەیان بیست، ستایشی خودایان کردو پێیانووت: (ئەی برا دەبینی چۆن هەزاران جوولەکە باوەڕیان هێنا، هەموویان دلگەرمن بۆ شەریعەتی موسا. [21]وایان بیستووە کە تۆ ئەو جوولەکانەی لەنێوان بێگانەدا دەژین بانگیان دەکەیت بۆ هەلگەڕانەوە لە شەریعەتی موسا، هەروەها ڕایاندەسپێری منداڵەکانیان خەتەنە نەکەنو پەیڕەوی خووڕەوشتی باوباپیریان نەکەن. [22]کەواتە دەبێ چی بکرێ، چونکە بێگومان هەوالّی هاتنت دەبیستن؟ [23]جا ئەوە بکە کە پێت دەلّێین: چوار پیاومان لایە نەزریان لەسەرە، [24]بیانبە بۆ پەرستگاو خۆت پاك بکەوە لەگەلّیان، نرخی سەرتاشینەکەیان بۆ بدە،

ئەوسا هەموو دەزانن ئەوەی دەربارەی تۆ بیستوویانە ڕاست نییە، تۆش وەك ئەوان لەسەر شەریعەت دەڕۆیت. [25]بەڵام بۆ ئەو باوەڕدارانەی ناجوولەکەن، نامەیەکمان ناردووە تیایدا ڕامانسپاردون ئەو قوربانیانەی بۆ بتەکان دەکرێ نەیخۆن، هەروەها خوێنو گۆشتی ئەو ئاژەلانەی خنکێنراونو داوێن پیسیش نەکەن.)

[26]ڕۆژێ دوای ئەوە پۆڵس چوار پیاوەکەی برد، پاش ئەوەی خۆی پاککردەوە لەگەڵیان، چوو بۆ پەرستگا هەتا ئەو بەرواره تۆمار بکات کە هەفتەی پاکبوونەوە کۆتایی پێ دێت، هەروەها لەجیاتی هەر یەکێکیان ئەو قوربانیەی پێویستە پێشکەشی بکات.

گرتنی پۆڵس

[27]کاتێ خەریك بوو حەوت ڕۆژی پاکبوونەوە تەواوبێ، هەندێ جوولەکەی ناوچەی ئاسیا پۆڵسیان بینی لەپەرستگا، خەڵکەکەیان هانداو گرتیان، [28]ئینجا هاواریانکرد: (فریاکەون ئەی پیاوانی ئیسرائیل! ئەمە ئەو پیاوەیە لەهەموو لایەکەوە خەڵك فێری شتێك دەکات دژی گەلو شەریعەتەکەمانو ئەم شوێنەش، تەنانەت یۆنانی هێناوە بۆ پەرستگاو ئەم شوێنە پیرۆزەی گلاۆ کردووە!) [29]ئەمەیان ووت چونکە ترۆفیمۆسی خەڵکی شاری ئەفەسۆسیان لەگەڵ پۆڵس بینی بوو، جا وایانزانی لەگەڵ خۆی بردوویەتی بۆ پەرستگا.

[30]ئەوسا هەموو خەڵکی شار وورووژان، خەڵکەکە پەلاماری پۆڵسیانداو ڕایانکێشایە دەرەوەی پەرستگا، یەکسەر دەرگاکەیان داخست، [31]کاتێ ئەوان هەوڵی کوشتنیان دەدا، فەرماندەی ڕۆمانی بیستی کەوا قودس هەمووی وورووژاوە. [32]دەستبەجێ کۆمەڵێ سەربازو سەرپەلێکی بردو خێرا بۆ لایان ڕۆیشت. کاتێ جوولەکەکان فەرماندەو سەربازەکانیان بینی وازیان هێنا لەلێدانی پۆڵس. [33]ئیتر فەرماندەکە لێی نزیکبووەوەو گرتی، فەرمانیدا بە سەربازەکانی بە دوو زنجیر ببەستنەوە، دەیویست بزانێ ئەمە کێیەو چی کردووە، [34]بەڵام هەندێکیان شتێکیان دەووتو هەندێکی کەیان شتێکی کە. جا کە نەیتوانی ڕاستی شتەکە دەربخات بەهۆی ووروژانی خەڵکەکەوە، فەرمانیدا پۆڵس ببرێ بۆ سەربازگە. [35]کاتێ سەربازەکان گەیاندیانە سەر پێڵیکانەکان ناچاربوون هەڵیگرن تا ڕزگاری بکەن لەدەستی خەڵکەکە، [36]چونکە ئەو خەڵکەی کۆبونەوە دوای کەوتنو هاواریان دەکرد: (با لەناوبچێ!)

[37]پێش ئەوەی پۆڵس بچێتە سەربازگەکە، بە فەرماندەکەی ووت: (ئایا دەتوانم شتێکت

پێ بڵێم؟) فەرماندەکە لێی پرسی: (چۆن! یۆنانی دەزانی؟) [38]کەواتە تۆ ئەو پیاوە میسریە نیت ماوەیەك لەمەوبەر ئاژاوەی نایەوە، بەچوار هەزار پیاوکوژەوە چوو بۆ بیابان! [39] ئەوسا پۆڵس ووتی: (نەخێر، من جوولەکەی تەرسوسم کە شارێکی بەناوبانگە لە ناوچەی کیلیکیە. داوات لێدەکەم رێگام بدەی قسە لەگەڵ خەڵکەکە بکەم.) [40]ئیتر فەرماندەکە رێگایدا، پۆڵس لەسەر پەیڵیکانەکان ڕاوەستا، بەدەست نیشانەی دا بە خەڵکەکە، کاتێ بێدەنگی بااڵی کێشا بەو ناوە، دەستی کرد بەقسەکردن بۆیان بەزمانی عیبریو ووتی:

بەرگری پۆڵس

22

(ئەی برایانو باوکان، ئێستا گوێ بگرن لەو بەرگرییەی لەخۆمی دەکەم.) [2]کاتێ گوێیان لێبوو بەزمانی عیبری قسەیان لەگەڵ دەکات زیاتر بێدەنگ بوون، ئەویش ووتی: [3](من پیاوێکی جوولەکەم، لەشاری تەرسوسی کلیکیە لەدایکبووم، لەم شارە گەورە بوومو لەژێردەستی گەمالائیل فێرکراوم بە شێوەیەك بەتەواوی دەگونجێ لەگەڵ شەریعەتی باوباپیرانمان. زۆر بەپەرۆش بووم بۆ کاروباری خودایی، وەك هەر یەکێك لە ئێوە ئەمڕۆ. [4] ئەم ڕێگایەم چەوساندەوە تا ڕادەی مردن، ئەوانەی ئەم ڕێگایەیان گرتبوو لە ژنو لەپیاو دەمگرتنو دەمخستنە بەندیخانەوە. [5]سەرۆك کاهینو ئەنجوومەنی پیران شایەتی ڕاستی ئەم قسەیەن. نامەم لەوان وەرگرت بۆ برایان لەدیمەشق، تا [باوەڕداران بە عیسا] بهێنم بۆ قودسو سزای خۆیان وەرگرن.

[6]کاتێ گەیشتمە نزیك دیمەشق، نیوەڕۆ بوو، لەپڕ ڕووناکیەکی گەورە لە ئاسمانەوە لەدەوروبەرم پرشنگی دایەوە، [7]کەوتم بەسەر زەوی، گوێم لەدەنگێك بوو پێیووتم: (شاول، شاول، بۆ دەمچەوسێنیەوە؟) [8]منیش لێم پرسی: (تۆ کێی گەورەم؟) لەوەاڵمدا ووتی: (من عیسای ناسیریم ئەوەی تۆ دەیچەوسێنیەوە). [9]ئەوانەی لەگەڵم بوون ڕووناکیەکەیان بینی، بەاڵم گوێیان لەوە نەبوو کە قسەی لەگەڵ دەکردم. [10]ئینجا لێم پرسی: (ئەی خوداوەند چی بکەم؟) ئەوسا خوداوەند وەاڵمیدامەوە: (هەستە بڕۆ بۆ دیمەشق، لەوێ پێت دەوترێ چی پێویستە لەسەرت بیکەی.) [11]ئیتر ئەوانەی لەگەڵم بوون دەستیان گرتم تا منیان گەیاندە دیمەشق، چونکە نەمدەبینی لەبەر تیشکی ڕووناکیەکە.

[12]لە دیمەشق پیاوێك هەبوو ناوی حەنانیا بوو، خواناس بوو بەو شێوەیەی شەریعەت دەیەوێ، هەموو جوولەکەی

دیمەشق شایەتییەکی باشیان لەسەر دەدا. [13] هات بۆ لام، وەستاو ووتی: (شاولی برام ببینە.) دەستبەجێ چاوم ڕوونا کی تێکەوتو ئەوم بینی، [14]ئینجا پێیووتم: (خودای باوباپیرانمان پێشتر هەڵبژاردووی هەتا مەبەستی بزانی، هەروەها ئەو ڕاستودروستە ببینی و گوێت لەووشەی دەمی ئەو بێ. [15]چونکە تۆ بۆی دەبی بەشایەت لەبەردەم هەموو خەڵك، بەوەی بینیتو بیستت. [16]ئێستا بۆ خۆت دوادەخەیت هەستە با لەئاوهەڵبکێشرێتو گوناهەکانت بشۆرێنەوە بە بانگ کردنی ناوی خوداوەند.)

[17]دواتر گەڕامەوە بۆ قودس.کاتێ لەپەرستگا نوێژم دەکرد لەهۆشی خۆم چووم، [18]خوداوەندم بینی پێیووتم: (قودس بەخێرایی بەجێبهێڵە، چونکە دانیشتوانی هیچ شایەتییەك سەبارەت بەمن وەرناگرن.)

[19]ئەوسا پێم ووت: (ئەی خوداوەند، ئەوان دەزانن من لەهەموو کەنیشتەکان بەدوای ئەوانە دەگەڕام کە باوەڕیان پێت هەبوو، تا بەندیان بکەمو بەقامچی لێیان بدەم. [20]من لەوێ ئامادەبووم کاتێ ئیستفانۆسی شایەتی تۆ کوژرا، ڕازی بووم بە کوشتنی و پارێزگاری جلوبەرگی بکوژەکانم کرد.) [21]بەلام پێی ووتم: (هەستە بڕۆ دەتنێرم بۆ شوێنێکی دوور، بۆ لای ناجوولەکەکان.)

[22]ئەوانەی لەوێدا بوون تا ئەم خاڵە گوێیان گرت، ئینجا هاواریانکرد: (ئەم پیاوە لەسەر ڕووی زەوی مەهێڵە! شایانی ژیان نیە!) [23]ئینجا خەڵکەکە دەستیان کرد بەهاوارکردنو جلەکانیان دڕاندو خۆڵیان هەڵدا بەهەوادا. [24]ئەوسا فەرماندەکە فەرمانیدا بەسەربازەکانی تا پۆڵس ببەن بۆ سەربازگەو لەژێر قامچی لێی بکۆڵنەوە، هەتا هۆی ئەو هەموو هاوارکردنە بزانێ کە دژی دەکرێ.

پۆڵس هاوڵاتیەکی ڕۆمانییە

[25]کاتێ سەربازەکان بەستیانەوە تا بەقامچی لێیبدەن، بەسەرپەلەکەی ووت کە لەتەنیشتیەوە وەستا بوو: (ئایا یاساییە بەقامچی لە هاوڵاتیەکی ڕۆمانی بدەن پێش دادگایی کردنی؟) [26]کاتێ سەرپەلەکە گوێی لەمەبوو ڕۆیشت بۆ لای فەرماندەکەو ئەمەی پێ ڕاگەیاندو ووتی: (تۆ دەتەوێ چی بکەیت؟ ئەم پیاوە ڕۆمانیە!) [27]ئەوسا فەرماندەکە خۆی چوو بۆ لای پۆڵس و لێی پرسی: (بەڕاستی تۆ ڕۆمانی؟) وەڵامیدایەوە: (بەڵێ.) [28] فەرماندەکە ووتی: (من پارەیەکێ زۆرمدا هەتا ڕەگەزنامەی ڕۆمانیم وەرگرت.) پۆڵس

ووتی: (بەڵام من بەڕۆمانی لەدایك بووم.) [29] ئەو سەربازانەی پێیان ڕاگەیندرا بوو بەزەبری قامچی پرسیاری لێبکەن دەستبەجێ لێی دوورکەوتنەوە، فەرماندەکەش ترسا کە بەکۆتو زنجیر بەستبوویەوە، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت ڕۆمانییە.

[30] بەڵام بۆ بەیانی فەرماندەکە ویستی سەیری ڕاستی ئەو تاوانە بکات کە جوولەکەکان خستویانەتە پاڵ پۆڵسەوە، ئیتر کۆتو زنجیرەکەی کردەوە، فەرمانیدا سەرۆك کاهینەکانو هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی جوولەکە بهێنن ئەوسا پۆڵسی بانگکردو لەناوەڕاستیان ڕایگرت.

پۆڵس لەئەنجوومەنی جوولەکە

23

پۆڵس ڕوانیە ئەنجوومەنەکەو ووتی: (ئەی برایان، من بەویژدانێکی پڕ لەڕەزامەندییەوە تاکو ئەمڕۆ لەگەڵ خودا ژیاوم) [2] لێرەدا حەنانیای سەرۆك کاهین فەرمانیدا بەوانەی لەنزیکی وەستابوون تابکێشن بەدەمی پۆڵسدا، [3] پۆڵس پێیووت: (خودا لێتدەدا، ئەی دیواری گۆڕستانی سواخدراو بەگەچ! چۆن دانیشتووی حوکم دەدەی بەسەرم بەپێی شەریعەت، کەچی خۆشت بەرپێچی شەریعەت دەکەیتو فەرمانی لێدانم دەردەکەیت؟) [4] ئەوانەی لەوێدا وەستابوون پێیان ووت: (ئایا جنێو بەسەرۆك کاهینی خودا دەدەی؟) [5] پۆڵس لەوەڵامدا ووتی: (ئەی برایان نەمزانیوە سەرۆك کاهینە، چونکە لەکتێب باسکراوە { نەفرەت لەسەرۆکی گەلەکەت مەکە}.)

[6] پۆڵس دەیزانی هەندێ لەئەندامانی ئەنجوومەنەکە سەدوقیو هەندێکی کەیان فەریسین، لەکۆڕەکە هاواریکرد: (ئەی برایان، من فەریسی کوڕی فەریسیم، ئێستا حوکم بەسەرم دەدرێ، چونکە هیوام هەستانەوەی مردووانە.) [7] ئیتر ناکۆکی کەوتە نێوان فەریسیو سەدوقیەکانی ئەندامانی ئەنجوومەنەکەو بوون بەدوو بەش. [8] چونکە سەدوقیەکان دانیان بە هەستانەوەو فریشتەو ڕۆح نەدەنا، بەڵام فەریسیەکان باوەڕیان بەمانە هەمووی هەبوو. [9] دوایی دەنگ بەرزبووەوە، هەندێ لەمامۆستایانی شەریعەتی فەریسی هەستان، بەتوندی ناڕەزایان دەربڕیو ووتیان: (تاوان لەم پیاوەدا نابینین، لەوانەیە ڕۆح یاخود فریشتە لەگەڵی دوابێ!)

[10] ناکۆکییەکە پەرەیسەند تەنانەت فەرماندەکە ترسا کەوا پۆڵس بکەن بە دووکەرتەوە، فەرمانیدا بەسەربازەکان بڕۆن لە نێوانیان بیرفێننو بیگەڕێننەوە بۆ سەربازگە. [11] جا شەوێك دوای ئەوە خوداوەند دەرکەوت بۆ پۆڵسۆو

پـــێیەووت: (ووڕەت بـــەرزبێ، چـــۆن لـــەقودس شایەت بووی بۆم، لەڕۆماش دەبێ شایەتیم بۆ بدەی.)

پیلانی جوولەکە بۆ کوشتنی پۆنتس

[12]کـاتێ ڕۆژهـەلاّت هـەندێ جوولەکە پیلانـیان ڕێکخسـت، سـوێندیان خـوارد، نەخۆنو نەخۆنەوە هەتا دەیکوژن. [13]ئەوانەی لەم پیلانەدا بوون زیاتر لە چل پیاو بوون. [14] ئینجا چوونە لای سەرۆك کاهینەکانو پیران، پێیان ووتن: (سوێندمان خواردووە نەخۆینو نەخۆینەوە هەتا پۆنتس دەکوژین.) [15]چونکە ئـێوە ئـەندامی ئەنجوومـەنن داوابکـەن لەفەرماندەکـە، پۆنتس بهێنێ بۆ ئێرە بەبیانوی سـەیرکردنەوەی مـەسـەلەکە بەوردتـر، ئەوسـا ئـێمـە ئـامـادە دەبـین بۆ کوشتنی پـێش ئـەوەی بگـات.) [16]بـەلاّم هەوالّی ئەم پـیلانە گەیشـتە لای خوشـکەزای پۆنـتس، ئـەویش چـوو بـۆ سەربازگەو هەوالّی ئەمەی دایـە. [17]جـا پۆنـتس یەکێك لەسەرپەلەکانی بـانگکـردو داوای لـێکرد خوشـکەزاکەی بـباتە لای فەرماندەکە تاکو هەوالّێکی بداتێ. [18]ئـەویش بـردیە لایو فەرماندەکـەو ووتی: (پۆنـتسـی بەندکـراو بانگی کـردمو داوای لێکـردم ئـەم کـوڕە بهێـنمە لات، چـونکە شـتێکی هەیـە دەیـەوێ پێـت بلـێ.) [19] فەرماندەکە دەستی کوڕەکەی گرتو بەتەنها بـردیە ئـەولاوە، لـێی پرسـی: (ئەو شتە چیە دەتـەوێ پـێمی بلـێی؟) [20]ئـەویش ووتـی: (جوولەکـەکان پیلانێکـیان داناوە بۆ پۆنـتس، داوات لێدەکـــەن بیهێـــنی بـــۆ ئەنجوومەنەکـەیان، بەبـیانوی سەیرکردنەوەی مەسـەلەکەی، [21]بـەلاّم تـۆ ڕازی مەبـە بـە داواکاریەکـەیان، چـونکە لـەناو ئەوان زیاتر لەچـل پـیاو بەلێنـیان داوە هـیچ نـەخۆنو نەخۆنـەوەو خۆیان لەبۆسە ناوە بۆ کوشتنی، ئێسـتا ئـەوان ئامـادەنو چـاوەڕێی بـڕیارن لەتۆوە.)

[22]فەرماندەکـە بە گەنجەکەی ووت: (ئەم هەوالّەی بە منت گەیاندووە بەکەسی مەلّێ.)

ناردنی پۆنـتس بۆ لای فیلیکس

[23]ئیـــنجا فەرماندەکـــە دووان لـــەو سـەرپەلانەی لای بوون بانگی کردنو ووتی: (دووسـەد سـەرباز لـەگـەڵ حەفـتا سـوارو دووسـەد شمشـێر هەڵگـر ئامادەکـەن، تـا ئەمـشـەو لـەکاژێـری نـۆی ئێوارە بڕۆن بۆ شـاری قەیسـەریە. [24]لەگـەڵ هەندێ ئەسپ تـا پۆنـتس هەڵگـرێو بەساغی بیگەێنێتە لای فیلیکسـی فەرمانڕەوا.) [25]نامەیەکی لەگەڵی نـاردو ئەمـەی تـیادا نووسـی بـوو: [26] لەکـلودیۆس لیسیاسەوە:

سلاو، بۆ بەڕێز فیلیکسی فەرمانڕەوا: [27] ئەم پیاوە جوولەکەکان گرتبوویان، هەوڵی کوشتنی دەدەن. کاتێ زانیم ڕۆمانییە خێرا لەگەڵ هەندێ سەرباز چووم بۆ لای و ڕزگارم کرد. [28]ویستم ئەو تاوانە بزانم کە پێیان تاوانبارکردووە، جا بردمە لای ئەنجوومەنەکەیان، [29]ئەوسا بۆم دەرکەوت تاوانەکەی تایبەتە بەکاروباری شەریعەت. هەروەها تاوانێکی وای نەکردووە شایانی مردن یاخود بەندیخانە بێت. [30]دیسان بۆم دەرکەوت کۆمەڵێ لەجوولەکە پیلانیان داناوە بۆ کوشتنی، جا بەخێرایی ناردمە لای تۆ، فەرمانم دا بەوانەی شکاتیان هەیە لەسەری شکاتەکەیان بهێننە لای تۆ.)

[31]بەم شێوەیە سەربازەکان بەشەو پۆڵسیان بردبۆ ئەنتیپاتریس، بەپێی ئەو ڕێنماییەی پێیان درابوو. [32]ئیتر بۆ بەیانی گەڕانەوە بۆ سەربازگە، سوارەکانیان بەجێهێشت تا لەگەڵ پۆڵس بڕۆن بۆ قەیسەریە. [33]ئەوانیش لەوێ لەگەڵ نامەکە دایانەدەست دادەمر. [34]کاتێ نامەکەی دەخوێندەوە، پرسی خەڵکی چ ناوچەیەکە. کە زانی خەڵکی کیلیکیەیە، [35]پێی‌ووت: (گوێت لێ دەگرم کاتێ ئەوانەی شکاتیان لێکردووی هاتن بۆ ئێرە.) فەرمانیدا پۆڵس بخەنە کۆشکی هێرۆدس لەژێر چاودێری.

شکاتی جوولەکەکان دژی پۆڵس

24

پاش پێنج ڕۆژ حەنانیای سەرۆک کاهین و هەندێ پیرانو پارێزەرێك ناوی تەرتولس بوو، چوونە لای فەرمانڕەوا تا شکات لەپۆڵس بکەن. [2]کاتێ پۆڵس بانگ‌کرا، ئیتر تەرتولس دەستیکرد بەتاوان خستنە پاڵی و ووتی: (ئەی فیلیکسی پایەبەرز، لە ئاشتییەکی زۆر دایین بەهۆی تۆوە، گەلەکەشمان گوزەرانێکی باشی هەیە لەسایەی داناییەکەت، [3]بە سوپاسێکی زۆرەوە لەهەموو کاتو شوێنێك پێشوازی لەمە دەکەین. [4]بەڵام تا زیاتر ماندووت نەکەم، داواکارم بەنیانی خۆت گوێ لەپوختەی قسەکانم بگریت. [5] بینیمان ئەم پیاوە گێرەشێوێنیو ئاژاوە دەنێتەوە لەناو جوولەکەکان لەهەموو جیهاندا، هەروەها پێشەوایەتی ڕێبازی ناسری دەکات. [6]جا کاتێ هەوڵیدا پەرستگا گڵاو بکات، گرتمان. [ئیتر ویستمان بەپێی شەریعەتی خۆمان حوکم بەسەری بدەین. [7]بەڵام لیسیاسی سەرۆکفەرماندە هاتو بەزەبری هێز لەدەستی سەندین، [8]بۆ لای تۆی ناردو فەرمانیدا بەناحەزەکانی تا شکاتی خۆیان بهێننە لای تۆ.] جا ئێستا دەتوانی دڵنیابی لەڕاستی شکاتەکەمان، گەر بێتو هەستی بە لێکۆڵینەوەی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ ئەو.) [9]

جوولەکەکانیش لایەنگیریان کردو ووتیان، ئەمانە هەمووی ڕاستە.

پۆلس بەرگری لەخۆی دەکات

[10]فەرمانڕەوا دەستی بۆ پۆلس ڕاکێشا تا بەرگری لەخۆی بکات، ئەویش ووتی: (من دەزانم تۆ چەند ساڵێکە دادوەری لەکاروباری گەلە، لەبەرئەوە بەهەموو ئاسودەییەك بەرگری لەخۆم دەکەم. [11]دەتوانی دڵنیابی، دوانزە ڕۆژ تێپەڕی نەکردووە بەسەر هاتنم بۆ قودس بۆ خودا پەرستن. [12]نەیان بینیوم لەپەرستگا بێنەوبردە لەگەڵ یەکێك بکەم، یاخود گەل هانبدەم بۆ ئاژاوەنانەوە لەکەنیشتەکان یا لەهەر شوێنێکی شار. [13] ئەوان ئێستا ناتوانن لەبەردەمی تۆ ڕاستی ئەو تاوانانە بسەلێنن. [14]بەڵام من لەبەردەمت دانی پیادەنێم کەوا خودای باوباپیران دەپەرستم، بەپێی ئەو ڕێگایەی ناوی دەبەن بە ڕێبازی گومڕا، هەروەها باوەڕم هەیە بە هەموو ئەوەی لەشەریعەتو پەرتووکی پێغەمبەران نووسراوە، [15]منیش هەمان هیوام بەخودا هەیە کە ئەم پیاوانەش هەیانە، ئەوەش هەستانەوەی مردووانە بە ڕاستودروستانو خراپەکارانیشەوە. [16]جا لەبەرئەوە منیش خۆم ڕادەهێنم هەتا هەمیشە بە ویژدانێکی پاك بەرامبەر بە خوداو خەڵك بژیم.

[17]دوای ئەوەی چەند ساڵێك لەقودس دوور بووم، بۆی گەڕامەوەو هەندێ پیتاکم بۆ گەلەکەم هێنا، قوربانیشم پێشکەشکرد. [18]کاتێ هەستام بەخۆ پاککردنەوە، هەندێ جوولەکەی ناوچەی ئاسیا بینیمیان لەپەرستگا، بەڵام لەناو هیچ کۆڕێکو لەهیچ ئاژاوەیەك نەبووم. [19]دەبوایە بهاتنایە لاتو شکاتم لێ بکەن، گەر شتێکیان هەبوایە دژی من. [20]یان با ئەمان بڵێن چ تاوانێکیان لەمندا دۆزیەوە، کاتێ لەبەردەم ئەنجومەنەکەیان وەستابووم، [21]جگە لەوەی لەبەردەمیان ڕوونم کردەوە کاتێ هاوارم کرد: ئێوە ئەمڕۆ حوکم بەسەرم دەدەن، چونکە باوەڕم بە هەستانەوەی مردووان هەیە!)

پۆلس لەبەندیخانەی قەیسەریە

[22] چونکە فیلیکس شارەزاییەکی زۆری هەبوو دەربارەی ئەم ڕێگایە، کاتێ گوێی لەبەرگری پۆلس بوو فەرمانی حوکمدانی ڕاگرتو ووتی: (کاتێ لیسیاسی فەرماندە بێت بۆ ئێرە سەیری شکاتەکەتان دەکەم.) [23]ئینجا فەرمانی بەسەرپەلەکەدا پۆلس بخاتە ژێر چاودێری، بەڵام بە شێوەیەك هەندێ سەربەستی هەبێ، هەروەها ڕێگای هاوڕێیەکانی بدەن دیدەنیو خزمەتی بکەن.

[24] پاش چەند ڕۆژێك فیلیکس هاتو

دروسیلای ژنی لەگەڵ بوو، کە جوولەکە بوو، پۆلسی بانگکردو گوێی لەقسەکانی گرت لەبارەی باوەڕ بە عیسای مەسیح. [25] کاتێ پۆلس لەبارەی ڕاستودروستی و خۆڕاگرتنو سزای دواڕۆژ دەدوا، فیلیکس ترسا، بەپۆلسی ووت: (ئێستا بڕۆ، کەی کاتم هەبوو جارێکی دیکە بانگت دەکەمەوە.) [26] فیلیکس هیوای ئەوە بوو پۆلس هەندێ پارەی بداتێ، جا لەبەرئەوە زۆر بانگی دەکردو قسەی لەگەڵ دەکرد. [27] دوو ساڵ تێپەری کرد. لەدواییدا پورکیوس فستوس دانرا بە فەرمانڕەوا لەجێی فیلیکس. بەڵام فلیکس دەیویست ڕەزامەندی جوولەکەکان بەدەست بهێنێ، بۆیە پۆلسی لەبەندیخانە هێشتەوە.

مەسەلەی پۆلس لەلای قەیسەر

25

کاتێ فستوس هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی، دوای سێ ڕۆژ لە شاری قەیسەریەوە سەرکەوت بۆ قودس، [2] سەرۆك کاهینەکانو گەورە پیاوانی جوولەکە هاتنە لای و دژ بە پۆلس شکاتیان پێشکەش کردو لێی پاڕانەوە، [3] چاکەیەکیان لەگەڵ بکات بەوەی پۆلسیان بۆ بنێرێ بۆ قودس. چونکە لەسەر ڕێگا بۆسەیان بۆ نابۆوە تا بیکوژن. [4] فستوس وەڵامیدانەوە پۆلس بە بەندکراوی لەشاری قەیسەریە دەمێنێتەوە، بەڵام خۆی پاش ماوەیەکی کورت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوێ. [5] ئینجا ووتی: (باگەورەکانتان بێن لەگەڵم، گەر بێتو ئەم پیاوە تاوانێکی لەسەر بێت، با لەبەردەمم تاوانباری بکەن.)

[6] دوای ئەوەی فستوس لە قودس چەند ڕۆژێکی بەسەربرد کە هەشت تا دە ڕۆژ زیاتر نەبوو، ئەوسا گەڕایەوە بۆ شاری قەیسەریە. ڕۆژێ دوای گەیشتنی لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی دانیشت، فەرمانیدا پۆلس بهێنن. [7] کاتێ هات ئەو جوولەکانەی لەقودس هاتبوون لەدەوری کۆبوونەوە، تاوانی زۆرو ترسناکیان خستە پاڵی، بەڵام نەیانتوانی ڕاستی تاوانەکان بسەلمێنن. [8] ئەوسا پۆلس بەرگری لەخۆی کردو ووتی: (هیچ شتێکم نەکردووە دژی شەریعەتی جوولەکە یا پەرستگا یا قەیسەر.) [9] لەبەر ئەوەی فستوس دەیویست ڕەزامەندی جوولەکەکان بەدەست بهێنێ، لەپۆلسی پرسی: (ئایا دەتەوێ بچی بۆ قودس لەوێ لەسەر ئەو تاوانانەی خراوەتە پاڵت لەبەردەم من حوکمت بەسەر بدرێ؟)

[10] پۆلس لەوەڵامدا ووتی: (من ئێستا لەدادگای قەیسەر وەستاوم، لێرەش دەبێ حوکم بەسەرم بدرێ. تۆ خۆت باش دەزانی من هیچ خراپەیەکم نەکردووە بەرامبەر بە

جوولەکە. [11]گەر تاوانێکم کردبێ شایانی سزای مردن بێ، ئەوسا لەمردن ڕامدەکرد. بەڵام چونکە ئەو تاوانەی ئەوان خستویانەتە پاڵی من بێبناغەیە، کەس مافی ئەوەی نییە بم داتە دەستی ئەوان. جا من مەسەلەکەم دەبەمە لای قەیسەر!) [12] فستوس لەگەڵ تەگبیرکەرانی ڕاوێژی کردو ووتی: (تۆ مەسەلەکەت بەرزکردەوە بۆ قەیسەر، ئیتر بۆ لای قەیسەر دەچیت!)

ڕاوێژی فستوس بە ئەغریباسئەگرپیاس

[13]دوای چەند ڕۆژێک ئەغریباسئەگرپیاسی پادشاو خوشکەکەی کە ناوی بەرنیکی بوو هاتن بۆ شاری قەیسەریە تا بەخێرهاتنی فستوس بکەن. [14]لەوێ چەند ڕۆژێکیان بەسەربرد. ئەوسا فستوس مەسەلەکەی پۆڵسی هێنایە بەردەم پادشاو ووتی: (پیاوێك لێرەیە فیلیکس خستویەتیە بەندیخانەوە. [15]کاتێ ڕۆیشتم بۆ قودس، سەرۆك کاهینەکانیو پیرانی جوولەکە شکاتیان لێکرد، داوایانکرد حوکم بدرێ. [16]منیش پێمووتن پیشەی ڕۆمانی نییە حوکم بەسەر یەکێك بدا پێش ئەوەی ڕووبەڕووی ئەوانەی بکەنەوە کە تاوانەکەیان خستۆتە پاڵی، هەتا دەرفەتی هەبێ بۆ بەرگریکردن لەخۆی. [17]کە هاتن بۆ ئێرە خێرا بۆ ڕۆژی داهاتوو لەسەر کورسی فەرمانڕەوایەتی دانیشتم، فەرمانی هێنانی تاوانبارەکەم دا.تاوانبارەکەمیان دا. [18]کاتێ ئەوانەی تاوانباریان ئیکردبوو بەرامبەری وەستان، باسی تاوانێکیان نەکرد لەوەی من چاوەڕێم ئیدەکرد پێی تاوانبار بکەن، [19]بەڵکو دەمەقاڵیان لەگەڵ کرد دەربارەی بابەتێك تایبەتە بە ئایینیانیو بە پیاوێك ناوی عیسایە، کە مردووە، بەڵام پۆڵس دەڵێ زیندووە. [20] کاتێ بە گومان بووم لە کێشەکە، سەبارەت بەم ووتم، ڕەنگە بخوازێت بۆ قودس بچێتو لەوێ سەبارەت بەم شتانە دادگایی بکرێت. [21]بەڵام ئەو داواکاریەکەی بەرزکردەوە بۆ قەیسەری خاوەنئیشکۆ تا لەبەردەمی حوکمی بەسەر ئیبدرێ، ئەوسا فەرمانی ئێشکئیگرتنیمئیدا تاکو دەینێرمە لای قەیسەر.) [22]ئینجا ئەغریباسئەگرپیاس بە فستوسی ووت: (حەز دەکەم گوێم لەم پیاوە بێ.) ئەویش لەوەڵامدا ووتی: (بەیانی گوێت لێیئ دەبێ.)

[23]بۆ بەیانی ئەگرپیاسو بەرنیکی خوشکی هاتن بۆ ئەوێ بە ئاهەنگێکی گەورە پێشوازی کران، کاتێ هاتنە هۆڵی گوێگرتن لەگەڵ فەرماندە سەربازەکانو گەورە پیاوانی شار، فەستوس فەرمانیدا پۆڵس بهێنن. [24]کە هێنایان فەستوس ووتی: (ئەی ئەغریباسئەگرپیاسی

پاشـاو هـەموو ئامادەبووانی بەڕێزی ئێرە: ئەم پـیاوەی لەبەردەمـتانە ئەوەیـە کە هەموو گەلی جوولەکـە لەقودسو لێرە شکاتی لێدەکەن لام، ئـەوان هـاوار دەکـەن، ئـەوە نـابێ بـە زیندوویی بمێنێتەوە، [25]وا من بۆم دەرکەوتووە هیچـی نەکردووە شایانی مردن بێ. بەڵام ئەو داواکاریەکـەی بەرزکـردۆتەوە بـۆ قەیسەری خـاوەنشکۆ، جا منیش بڕیارمدا بۆی بنێرم. [26]بەڵام دەربارەی ئەو شتێکم نییە بینووسم بۆ گـەورەمان، لەبەرئـەوە هێـناومە بـۆ بەردەمی هـەموتان، بەتایـبەتی بـۆ بـەردەمی تـۆ ئـەی ئەگرپیاسـی پادشـا، تـا گـەر سـەیرکردنی مەسـەلەکەی تـەواو بـوو، شـتێك بدۆزمـەوە بینووسـم. [27]چـونکە گێلایەتیـیە بەندکراوێك بنـێرمە لای قەیسـەر، بـێ ئەوەی ئەو تاوانەی خراوەتە پاڵی دیاریکراو بێ.)

بەرگری پۆڵـس لـەلای ئەغریباسئەگرپیاس

26

ئەگریـپاس بـە پۆڵـسـی ووت: (ئـێمە رێگات دەدەیـن بەرگـری لـەخۆت بکـەی.) پۆڵـس بەدەستی نیشانی داو دەستیکرد بە بەرگریو ووتی:

[2](ئـەی ئەگرپیاسـی پادشـا، پێخۆشحاڵم لەبەردەمـت بەرگـری لـەخۆم دەکـەم، دژی هـەموو ئەوانـەی جوولەکـەکان پێـیان تاوانـبارکردووم، [3]بەتایـبەتی چـونکە تـۆ بـە تـەواوی خووڕەوشـتو دەمەقاڵـێی نـێوان جوولەکـەنان دەزانـی، بۆیـە داوات لێدەکەم بەسـنگفراوانـیەوە گوێـم لێبگـری. [4]هەموو جوولەکـەکان لـەسـەرەتـاوە پەروەردەکـردنو گـەورەبوونم دەزانـن. هـەروەها دەزانـن لەمندالـێیەوە چـۆن لـەناو گەلەکـەم لـەقودس ژیـاوم. [5]جـا چـونکە لەسـەرەتاوە دەمناسـن، گـەر بیانویسـتایە شایەتیاندەدا کەوا من وەك فەریسی ژیاوم کە تووندتـرین رێـبازی ئایـنەکەمانە. [6]ئێسـتاش وا حوکـم دەدرێ بەسـەرم لەسـەر ئەو هیوایەی هەمە بەو بەڵێنانەی خودا بەباوباپیرانی داوە، [7] ئـەوەی هێشتا دوانزە هۆزەکەیهۆزێزەکەی ئیسـرائیل هیوایان پێیەتیو شەو و ڕۆژ خودای بـۆ دەپەرستن، لەبەر ئەم هیوایە جوولەکەکان تاوانـبارم دەکـەن ئـەی پادشـا. [8]بۆچی باوەڕ ناکـەن خـودا مردووان هەڵدەستێنیتەوە؟ [9]ئەو کاتـە منـیش لـەو بـاوەڕەدا بـووم دەبـێ ئەوپـەڕی کۆشش بکەم بۆ بەربەرەکانی ناوی عیسـای ناسـیری. [10]هـەروەها لەقودسـیش ئـەوەم کـردو دەسەڵاتم لەسەرۆك کاهینەکان وەرگرتبوو و ژمارەیەکی زۆرم لەخوشکو برا پیرۆزەکـان خسته بەندیخانەو هەموو کاتێکیش دەنگـم دەدا بـۆ کوشـتنیان. [11]لەهـەموو کەنیشـتەکان زۆر ئـازارمداون تـا ناچـاری

کفرکردنیان بکەم. کینەم گەیشتە پلەیەك بەرامبەریان تا وای‌ لێکردم دەرەوەی‌لەدوایان بچمە شارەکانی دەرەوە ناوچەکە بۆ چەوساندنەوەیان. [12]بەدەسەلاتو مۆڵەتی سەرۆك کاهینەکان بەرەو شاری دیمەشق ڕۆیشتم، [13]ئەوسا ئەی پاشا، نیوەڕۆ بەرێگاوە ڕووناکییەکم لە ئاسمانەوە بینی، تیشکی زیاتر بوو لەڕووناکی ڕۆژ، لە دەوروبەری خۆمو ئەوانەی لەگەڵمدا بوون پرشنگی دایەوە، [14] ئێستر هەمومان بەسەر زەویدا کەوتین. دەنگێکم بیست بەزمانی عیبری بانگیکردمو ووتی: شاول، شاول، بۆچی دەمچەوسێنیتەوە؟ ئازاری خۆت دەدەی کاتێ جووتە دژی نەقێزە لێدانم باوێ❖. [15]ئینجا کرد:پرسیارمم‌ لێکرد: تۆ کێیت گەورەم؟ خوداوەند ووتی: من ئەو عیسایەم کە تۆ دەیچەوسێنیتەوە. [16]هەستە بپێوە ڕاوەستە، من بۆت دەرکەوتم تا بتکەم بەخزمەتکاری خۆمو شایەتی بۆ ئەو شتانە بدەی کەبینیت، هەروەها شایەتی بۆ ئەو شتانەش بدەی کە لەداهاتوودا بۆت دەردەکەوێ. [17]جا ڕزگارت دەکەم لە گەلەکەتو لەو میللەتانەی ئێستا تۆیان بۆ دەنێرم، [18]تا چاویان بکەیتەوە بۆ ئەوەی لە تاریکی بگەڕێنەوە بۆ ڕووناکی، لەژێر دەستی شەیتانەوە بۆ لای خودا، ئەوسا لێخۆشبوونی گوناە بەدەستدەهێنن، هەروەها بەشیان دەبێت لەگەڵ ئەوانەی پیرۆزکراون بەباوەڕیان بەمن.

[19](ئەی ئەغریباسئەگریپاسی پادشا، لەوکاتەوە بەرپێچی بینینی ئاسمانی نەاکردەم. [20]ئەو مەسەلەشم یەکەم جار بەدانیشتووانی دیمەشق ڕاگەیاند، ئینجا دانیشتووانی قودسو هەموو ناوچەی یەهودیە، پاشان میللەتانیش. تا تۆبە بکەنو بۆ لای خودا بگەڕێنەوە، هەروەها کرداری باش بکەن شایانی تۆبەکردنەکەیان بێ. [21]لەبەر ئەم هۆیە جوولەکەکان لە پەرستگادا گرتمیان وگرتمیان‌ لێویانن هەوڵی کوشتنیاندام، [22]بەڵام خودا تا ئەمڕۆ یارمەتی داومو وا لێرە وەستاوم شایەتی بۆ ئەو دەدەم بۆ گەورەو بچووك، هیچی‌ لێکە نالێم جگە لەوەی موسا پێغەمبەران ووتویانە سەبارەت بەوەی ڕوودەدا، [23]مەسیح دەبووایە ئازاری بکێشایە‌ لێو یەکەم کەس بێ لەنێو مردووواندا زیندووبێتەوەو ڕووناکی ئاشکرا بکات بۆ جوولەکەو میللەتانیش.) [24]کاتێ پۆڵس بەم قسانە بەرگری لە خۆی دەکرد، فستوس قسەکەی پێ‌ بڕی‌ لێو بەدەنگێکی بەرز ووتی:

❖ پەندێکی یۆنانیە بۆ بەرهەڵستی‌کردنی بێ سوود بەکاردێت.

(پۆڵس دەڵێی شێت بووی! زۆری زانایيت شێتی کردویت.) [25]پۆڵس ووتی: (ئەی فستۆسی خاوەنۆشکۆ من شێت نیم، من قسەی ڕاستۆودروست ۆدەکەم. [26] چونکە ئەم پادشایەی ئێستا قسەی لەگەڵ دەکەم، هەموو ئەو شتانەی باسی ۆدەکەم دەیزانێ، من دڵنیام لەمانە هیچ شتێکی لاشاراوە نییە، چونکە لەسووچێکی تاریك ڕووۆنەداوە. [27]ئەی ئەغریباسئە گریپاسی پادشا، باوەڕت بەپێغەمبەرەکان هەیە؟ من دەزانم تۆ باوەڕت پێیان هەیە).

[28]ئەغریباسئەگریپاس لەوەڵامدا ووتی: (لەو باوەڕەدای لەم ماوە کەمەدا دەتوانی بمکەی بە مەسیحی؟) [29]ئەوسا پۆڵس ووتی: (گەر کەم بێ یا زۆر، لەپێناوی تۆ و هەموو ئەوانەی لێرە ئامادەن بۆ خودا نوێژ دەکەم تا وەك منتان لێ ۆبێت، بەڵام بەبێ ئەم کۆتۆزو زنجیرە.)

[30]دوای ئەمە پادشاو فەرمانڕەواو بەرنیکیو ئامادەبووان هەستان، [31]هۆڵەکەیان بەجێۆهێشت، بەیەکتریان دەووت: (ئەم پیاوە شتێکی وای نەکردووە شایانی مردن یاخود بەندیخانە بێ.) [32]ئینجا ئەغریباسئەگریپاس بە فستوسی ووت: (گەر بێتو ئەم پیاوە داواکاریەکەی بۆ قەیسەر بەرز نەکردایەوە لەوانەبوو ئازاد بکرایە.)

گەشتی پۆڵس بەرەو ڕۆما

27

لەکۆتاییدا بڕیاردرا بەڕێگای دۆەریا بڕۆین بۆ ئیتالیا، سەرپەلێك ناوی یولیۆس بوو پۆڵسۆو هەندێ لەبەندکراوەکانیۆکەی درایە دەست، ئەمیش سەر بەلەشکری ئیمپراتۆریئۆغوستوس بوو. [2]ئینجا سواری کەشتیەك بووین لەشاری ئەدرامیتەوە هاتبوو، بەرەو بەندەری ناوچەی ئاسیا دەڕۆیشت. لەگەشتەکە ئەریستەرخۆسمان لەگەڵۆبوو خەڵکی شاری تەسالۆنیکی ناوچەی مەکدۆنیا بوو. [3]بۆ بەیانی گەیشتینە شاری سەیدا. یولیۆسی سەرپەڵ لەگەڵ پۆڵسدا باش هەڵسوکەوتی دەکرد، هەروەها ڕێگایدا سەردانی هاوڕێیەۆکانی بکات تا ئەوەی پێویستی پێیەتی لێیان ۆوەربگرێ. [4] لەبەندەری سەیدا سواربووین، بە قەراغی قوبرسدا ڕۆیشتین، چونکە ڕەشەۆبا بەرەو ڕوومان بوودەهات. [5]دوای ۆئەوەی دەریای تەنیشت ناوچەی کیلیکیەو پەمفیلیەمان بڕی،گەیشتینە بەندەری میرا لەناوچەی لیکیە. [6]لەوێ سەرپەڵەکە کەشتییەکی بینی لەئەسکەندەریەوە دەهات بەرەو ئیتالیا دەڕۆیشت، ئێمەش سواریبووین، [7] کەشتییەکە بەهێواشی بەچەند ڕۆژێك بردینی، دوای هەوڵدان نزیك قەراغی شاری

کەندیدوس بوویەوە، بەلأم ڕەشەباکە نەیهێشت بچینە بەندەرەکە ئیتر نەمانتوانی لەوێ دابەزین، ئینجا بەردەوام ڕۆیشتین بە نزیك قەراغی دورگەی کریت، بەرامبەرلەلای کەندلوی سەلونیە. [8]پاش هەولّدانێکی زۆر گەیشتینە شوێنێك پێیدەووترێ بەندەری جوانە کەوتۆتە نزیك شاری لەسائیە.

[9]جا چونکە لەوێ ماوەیەکی زۆر ماینەوە تا کاتی ڕۆژووگرتن بەسەرچوو، گەشتیکردن بەناو دەریا ترسناك بوو، لەبەرئەوە پۆلّس ئاگاداریئامۆژگاری کردنەوە [10]ووتی: (ئەی پیاوان، ئێستا لەگەشتەکەمان ترس‌و زیانێکی گەورە دەبینم، تەنها بۆ سەر کەشتی‌و بارەکەی نا، بەلّکو لەسەر ژیانیشمان.) [11]بەلأم سەرپەلەکە باوەڕی بە کەشتیوان‌و خاوەن کەشتییەکە زیاتر دەکرد، وەك لەقسەکانی پۆلّس. [12]جا چونکە بەندەرەکە باش نەبوو بۆ بەسەربردنی وەرزی زستان، زۆربەی کەشتیوانەکان بڕیاریان‌دا بەجێی‌ بهێلّن، بە هیوای ئیوەی بگەنە بەندەری فینکس هەتا وەرزی زستانی تیادا بەسەربەن، ئەم بەندەرەش لەدورگەی کریت بوو ڕەشەبای باشووری ڕۆژئاواو باکووری ڕۆژئاوا دەیگرتەوە.

گەشتێکی ترسناك

[13]ئینجا لەباشورەوە شنە بایەك هەلّیکرد، کەشتیوانەکان وایانزانی ئەم شنەبایە بەخواستی خۆیان دەگەێنێ، لەنگەرەکەیان بەرزکردەوە، ئەوسا بەنزیك قەراغی دورگەی کریت‌دا ڕۆیشتن.

[14]بەلأم دوای ماوەیەکی کەم گەردەلوولێك ناسراوە بەڕەشەبای باکووری ڕۆژهەلأت لەلای دوورگەکەوە هەلّی‌کردو [15]لەکەشتییەکەیدا ئیتر کەشتییەکە نەیتوانی بەرەنگاری بکات، خۆمان‌دا بەدەستەوەو ڕەشەباکە هەلّیگرتین، [16]بۆ شوێنێکی نزیك لەدورگەیەکی بچووك ناوی کودا بوو. پاش هەولّدان توانیمان بەلەمە ڕزگارکەرەکە بەرزکەینەوە بۆ ناو کەشتیەکە. [17]ئینجا کەشتیوانەکان خێرا ئەوەی پێویست بوو هەستان بەکردنی، ناوەڕاستی کەشتییەکەیان بەگوریس بەست. لەترسی ئەوەی نەوەکو ڕەشەباکە پاڵ بە کەشتیەکەوە بنێ بۆ ناو لم جولأوەکانی قەراغی دەریا،ر چادرو گوریسی کەشتیەکەیان هێنایە خوارەوە، ئیتر ڕەشەباکە کەشتیەکەی دەهێناو دەبرد. [18]بۆ بەیانی ڕەشەباکە بەهێز بوو، دەستیان‌ڕاکرد بە سووك‌ڕاکردنی بارەکە. [19]لەڕۆژی سێهەم بەدەستی خۆیان کەلوپەلی کەشتیەکەیان فڕێدا. [20]بەلأم ڕەشەباکە ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزتر دەبوو،

تـا وای ئـاڵـێهات چـەند ڕۆژێـك ئێمە ڕۆژو ئەسـتێرەمان نەبـینی، ئـیتر هـەموو هـیوای ڕزگاربمان برا.

[21]کـاتێ خەڵکەکـە ماوەیـەکی درێژ بوو نانـیان نـەخواردبوو، پۆڵـس هاتـە لایـانئ و ووتـی: (پـیاوەکان، دەبوایـە گوێـتان لەقسـەکانی مـن بگـرتایەو دورگەی کریتتان بـەجێنەهێشـتایە، ئەوسـا دووردەبوون لەم ئـازارو زیانـە. [22]لێرە ئاگادارتان دەکەمەوە تا ووڕە بەرنـەدەن، کەسـتان ژیـانی تیادا ناچێ، تـەنها کەشـتیەکە نـەبێ. [23]چـونکە ئەمشـەو فریشتەی خودا هاتە لام، ئەو خودایەی سەربە ئـەوەو دەپیەرسـتم، [24]پێیئ ووتم: ئەی پۆڵـس مەترسە! تۆ دەبێ ئامادئەبی لەبەردەم قەیسەر. خودا ژیانی هەموو ئەوانەی پێت ئ بەخشی کە لەگەڵـت لەکەشـتیەکەدان. [25]کەواتـە ئـەی بـرادەران ووڕەتان ئ بەرزبێ چونکە من باوەڕ بـەخودائ دەکـەم، ئـەوەی پـێیئ ووتـوم جێئ بەجێ دەبئ، [26]بەڵام دەبێ خێرا بگەینە دوورگەیەك.

[27]دوای ئـەوەی چـواردە شـەو ڕەشـەبا لەدەریای ئەدریا پاڵی پێوە دەنین، لەنیوە شەو کەشـتیەوانەکان وایانـزانی لەووشکانی نزیك دەبـنەوە. [28]ئینجا قوڵایـی ئاوەکـەیان پـێوا سەیریان کرد سەدوبیست پێیە. پاش ماوەیەکی کـەم قوڵاییەکەیان پێوا بینیان پانزەنەوەت پێیە. [29]ئەوسـا ترسـان کەشـتیەکە خـۆیئ بـدا لە بەرد، لەبەرئەوە لەکۆتایی کەشتیەکەوە چوار لەنگـەریان خسـتە ئاوەکـەوە تـا کەشـتیەکە ڕابگـرێ، ئیتر دەپاڕانەوە تا ڕۆژیان لێهەڵبێ. [30]کەشـتیوانەکان هەوڵـیانئ دا لە کەشتیەکە هەڵبێن، بەڵەمێکیان شۆڕکردە خوارەوە بۆ ناو دەریاکـە بـە بیانوی ئـەوەی دەیانەوێ چەند لەنگـەرێك لەپێشـەوەی کەشـتیەکە شـۆڕکەنەوە. [31]لـەویدا پۆڵـس بە سەرپەڵئ و سـەربازئەکـانی ووت: (گـەر بێـتو ئـەم کەشـتیوانانە لەکەشـتیەکەدا نەمێنـنەوە، ڕزگارتـان نابێ.) [32]ئەوسا سەربازئەکان پەتی بەڵەمەکـەیان بڕیئ و فڕێیانئ دایە ناو ئاوەکە. [33]کاتێ خەریكئبوو ڕۆژهەڵدەهات، پۆڵـس داوای لەهـەمووان ئ کـرد نان بخۆنئ، ئینجا پێیئ ووتن: (ئەوە چواردە ڕۆژە ئێوە چاوەڕێ دەکەنو هیچتان نەخواردووە، [34]بۆیە داواتان لێئ دەکـەم نـانئ بخـۆن، تاهـێزتان بێـتەبەرو کەسـتان تـاڵێ لـەقژی سـەری نافەوتێ.) [35] ئەوسـا نانـێکی هەڵگـرت، سوپاسـی خـودایئ کرد لەبەردەم هەمووان، لەتیکردو دەسـتیئ کـرد بـەخواردن، [36]بەمـە ئـەوان هـەمـوو ووڕەیـان بـەرزبووەوەو نانەکـەیان خـوارد. [37]ژمارەمـان لەکەشتییەکە دووسەدو حەفتاو شەش کەس بوو.

[38]دوای ئـەوەی تێربوون، ئەو دانەوێڵەی

پێیانۆبوو فڕێیانۆدایە ناو دەریا، تا باری کەشتیەکە سووکۆبێ.

تێکشکانی کەشتییەکە

[39]کاتێ ڕۆژبووەوە، کەشتیوانەکان نەیانزانی لەچ شوێنێکدان، بەڵام کەنداوێکیان بینی بەندەری هەبوو، ئەوسا بڕیاریانۆدا گەر بتوانن پاڵنێن بە کەشتیەکە بۆ ئەوێ، [40]لەو کاتەدا لەنگەرەکانیان فڕێدایە ئاوەکەو گوریسەکانیان بڕینوازیان، لەهەمان کات گوریسی ئەو تەختەیان شلۆکرد کە بەکۆتایی کەشتیەکە بەستراببوو یارمەتی ڕێك ڕۆیشتنی کەشتیەکەی دەدا، ئینجا چادری بچووکی کەشتیەکەیان ڕووەو ڕەشەباکردو بەرەو قەراغی دەریا ڕۆیشتن. [41]بەڵام کەشتیەکە گەیشتە شوێنێکی لماوی کەم ئاو، پێشەکەی گیربوو ئیتر نەجوڵا، لەهەمان کات توندی شەپۆل پشتەکەی پارچەپارچەکرد. [42]سەربازەکان پلانیان دانا بەندکراوەکان بکوژن هەتا کەسیان بە مەلە نەڕوا بۆ قەراغی دەریاو لەوێ ڕابکا، [43]بەڵام چونکە سەرپەلەکە دەیویست پۆڵس بمێنێ، لەبەرئەوە ڕێی لەسەربازۆەکان گرت ئەمە بکەن، فەرمانیۆدا بە مەلەوانەکان پێش ئەوانیۆکە بە مەلە بگەنە ووشکانی، [44]ئینجا ئەوانیۆکە بەتەختە یاخود بەپارچەکانی کەشتیەکە. ئیتر بەم شێوەیە هەموو بە ساغی گەیشتنە ووشکانی.

لە دورگەی مالتا

28

دوای ئەوەی ڕزگارمان بوو زانیمان ئەو شوێنەی گەیشتوینەتێ دورگەی مالتایە. [2]دانیشتووانی دورگەکە بەڕووخۆشییەکی گەورەی بەیۆاوتا پێشوازیان لێکردینەنامۆکان کرد.، بەخێرهاتنیان کردین، ئاگریان بۆ کردینەوە، چونکە باران دەباریۆو ئاوهەوا ساردبوو.

[3]ئینجا پۆڵس هەندێ تەختەی کۆکردەوە، کاتێ خستیە ئاگرەکە ماریێك بەهۆی گەرمی ئاگرەکەوە پاڵنرابوو هاتەدەرەوە، خۆی لەدەستی ئاڵاند. [4]خەڵکی مالتا مارەکەیان بینی خۆی هەڵواسی بوو بە دەستیەوە، بەیەکتریان ووت: (بێگومان ئەم کابرایە پیاوکوژە، بەڵام دادپەروەری ناهێڵێ بژی دوای ئەوەی لەدەریا ڕزگاری بوو.) [5]پۆڵس مارەکەی ڕاوەشاندە ناو ئاگرەکە بێۆئەوەی تووشی ئازار بێ. [6]ئەوانیش چاوەڕێیانۆکرد لەشی بئاوسێ یا لەپڕ بە مردوویی بکەوێ. بەڵام چاوەڕێ کردنەکەیان درێژەی خایاند بێۆئەوەی هیچ زیانێکی بێ بگات، ئەوسا بیروڕایان گۆڕی بەرامبەریۆو

ووتیان: (ئەمە خودایەکە!)

[7]لە نزیك ئەو شوێنە کێڵگەیەکی لێ‌ێبوو هی پۆبلیوسپوپلیوسی گەورەی دورگەکە بوو، ئەو بانگی‌کردین‌ۆو سێ ڕۆژ میوانداری کردین. [8]وا ڕێکەوت باوکی پۆبلیوسپوپلیوس نەخۆش بوو لە جێگەدا کەوتبوو زۆر سکی دەچوو تای لێ‌ێهاتبوو. پۆڵس دیدەنی کردو نوێژی کرد، دەستی خستە سەر سەری‌ۆو چاکی‌ێ کردەوە. [9] کاتێ ئەمە ڕوویدا، نەخۆشەکانی‌تری دورگەکە هاتنە لای‌ۆو چاکبوونەوە، [10] پێ‌دایەبەزۆر شێوە ڕێزیان گرتین، هەروەها لەکاتی ڕۆیشتمان ئەوەی بۆ گەشتەکەمان پێویستمان پێ‌ێبوو پێمانیان‌دا.

لەمالّتاوە بۆ ڕۆما

[11]دوای سێ مانگ سواری کەشتییەك بووین، کە ئەسکەندەری بوو وەرزی زستانی لە مالّتا بەسەربرد بوو، وێنەی دووانەی لەسەربوو. [12]کاتێ گەیشتینە شاری سیراکوسا سێ ڕۆژمان تیادا بەسەربرد، [13] ئینجا بە دەریادا ڕۆیشتین تاکو گەیشتینە شاری ڕیغیونریگیۆن. بۆ بەیانی بای خواروو هەلّیکرد، بۆ ڕۆژی دووەم گەیشتینە شاری پوتیولی. [14]لەوێ هەندێ لەبرایانمان بینی، داوایان لێ‌ێکردین حەوت ڕۆژ لایان بمێنینەوە، جا بەم شێوەیە گەیشتینە ڕۆما. [15] کاتێ لەوێ بەرایان بیستیان گەیشتوین، هاتنەدەرەوە بۆ پێشوازیمان لەگۆڕەپانی ئەپیوس‌ۆو لە سێ خانەکان. کە پۆڵس ئەوانی بینی سوپاسی خودای کردو ووڕەی بەرزبووەوە.

پۆڵس لەڕۆما

[16]کاتێ گەیشتینە ڕۆما، ڕێگا بە پۆڵس درا لەمالّێکی تایبەت بمێنێتەوە لەگەڵ ئەو سەربازەی پاسەوانی دەکات. [17]دوای سێ ڕۆژ پۆڵس پێشەوایانی جوولەکەی بانگ‌ێکرد، پێی‌ێووتن: (ئەی برایان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی خراپ ێبێ دژی گەل‌ێو خووڕەوشتی باوباپیران نەم‌ێکردووە، کەچی بەندکراوم لەقودس‌ۆو دراومەتە دەستی ڕۆمانیەکان، [18]ئەوانیش سەیری مەسەلەکەیان کردم‌ێو ویستیان ئازادم بکەن، چونکە هیچ تاوانێکم لەسەر نییە شایانی لەسێدارەدانم بێ. [19]بەڵام جوولەکەکان نارازی بوون، ئەوسا ناچار بووم داواکاریەکەم ببەمە لای قەیسەر. ئەمەش ئەوە ناگەێنێ شکات لەنەتەوەی خۆم بکەم بەشتێك. [20]جا لەبەرئەوە داوام‌ێکرد بتانبینم‌ۆو قسەتان لەگەڵ بکەم، چونکە من لەپێناوی هیوای ئیسرائیل ئاوا بەندکراوم.)

[21]ئەوانیش ووتیان: (دەربارەی تۆ هیچ

نامەیەکمان لەولاتی یەهودیە وەرنەگرتووە، هەروەها نێررا‌و لەلایەن برایانمانەوە نەهاتووە بەشتێك دەربارەی تۆ هەوالّمان بداتێ، یاخود شکاتت لێ‌ێبکات. [22]بەلاّم پێمان خۆشە گوێ لەڕات بگرین،چونکەێبگرین، چونکە دەزانین خەلّك لەهەموو شوێنێك بەربەرەکانی ئەم بیروڕایە دەکەن.)

[23]کاتێ ئەوان ڕۆژێکیان بۆ دیاری‌کرد، لەو ڕۆژەدا خەلّکێکی زۆر بۆ لای پۆلّس هاتن. ئەویش لەبەیانییەوە تا ئێوارە قسەی بۆ دەکردنێو سەبارەت بەپاشایەتی خودا شایەتی دەداو هەولّی ڕازیکردنی‌دان بەو کاروبارانەی تایبەتە بەعیسا بەهۆی تەوراتی موساو پەرتووکی پێغەمبەران. [24]جا هەندێ لەوانە باوەڕیان بە قسەکانی کردهێنا، هەندێکیشیان باوەڕیان نەکردهێنا. [25]ئەوسا دووبەرەکی کەوتە ناویانەوە، ئینجا ڕۆیشتن دوای ئەوەی پۆلّس پێێووتن: (ڕۆحی پیرۆز ڕاستی کردووە، بەزمانی ئەشعیای پێغەمبەر بەباوباپیرانتانی ووتوە: {[26]بڕۆ لای ئەم گەلەو پێی ێبلێ: گوێگرتن گوێ ێدەگرن، بەلاّم تێناگەن: سەیرکردن سەیر دەکەن، بەلاّم نابینن! [27]چونکە دلّی ئەم گەلە ڕەق بووەو گوێیان قورس بووە، چاویان نوقاندووە هەتا بەچاویان نەبینن، بەگوێیان نەبیستن بەدلّیان تێنەگەنو بۆ لام بگەڕێنەوە، ئەوسا منیش چاکیان بکەمەوە.}

[28]با زانراو بێت لاتان، خودا ڕزگاری خۆی نارد بۆ ئەوانەی جوولەکە نین، ئەوانیش گوێی بۆ دەگرن.)

﴿[29]کاتێ پۆلّس ئەمەی ووت، جوولەکەکان ئەوێیان بەجێهێشتێو بووە دەمەقالّێ لەنێوانیان.﴾

[30]پۆلّس دوو ساڵی تەواو لەو ماڵەی بەکرێی گرتبوو مایەوە، پێشوازی لەهەموو ئەوانە دەکرد کە دەهاتن بۆ دیدەنی، [31] هەروەها پاشایەتی خودای ڕادەگەیاند، بەچاونەترسیو سەربەستییەوە سەبارەت بە خوداوەند عیسای مەسیح فێری دەکردن.

نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی ڕۆما

کاتێ پۆڵس بەڕەو ڕۆما دەچوو، بۆ ئەوەی لەوێوە بۆ ئیسپانیا بڕوات. ئەم نامەیەی نووسیو هیوای وابوو یارمەتی بدرێ لەلایەن کۆمەڵەی باوەڕدارانی ڕۆما تا بتوانی بەردەوام بێ لەگەشتەکەی بۆ ئیسپانیا. مەبەستی بوو لەڕۆما دەستبکات بەفێرکردنی باوەڕدارانو هانیان بداتو بەشداریان بکات لەباوەڕەکەیان. بۆیە ئەم نامە درێژەی بۆ نووسین، تا ئینجیلیان بداتێ، ئەوەی منزگێنی پێدەدات.

ئەم نامەیە ناوەڕۆکی ئینجیل شیدەکاتەوە، واتە ئەو منزگێنییەی تایبەتە بەو ڕێگایەی خودا دایناوە بۆ بێتاوانکردنی مرۆڤ. ئەم بێتاوانکردنەش تەنها بەباوەڕە بەقوربانیەکەی عیسای مەسیح، ئەمەش بۆ هەموانە بەبێ جیاوازی، لەبەر ئەوەی هەموو مرۆڤێك لەژێر دەسەلاتی گوناهەو شایانی مردنە، لەبەر ئەمە پێویستە ئەم ئینجیلە بەهەموو کەسێك ڕابگەیەنرێ.

ئینجیل بەپێی ئەم نامەیە بەرەکەتی خودا ڕادەگەیەنێ کە گوناهبار بێتاوان دەکات لەسەر ئەو باوەڕەی هەیەتیو سزای مردنی لەسەر هەڵدەگرێو لەگوناهەکانی خۆشدەبێ هەروەها یارمەتی دەدات زاڵبێ بەسەر گوناهدا. پاشان ئەم نامەیە دەریدەخات کە بێتاوانکردن چەند ئەنجامی پیرۆزی هەیە وەکو: ئاشتبوونەوە لەگەڵ خوداو هیوا بەشکۆمەندی خودا. کۆتایی نامەکەش ئامۆژگاری هەڵسوکەوت کردنە بەهێزی ئینجیلی شکۆدار، کە ڕاستودروستی خودا بەکردەوە بۆ ئەوانی دیکە دەردەخات.

مزگێنی خودا

1

لەپۆڵس بەندەی عیسای مەسیح، نێرراوی بانگکراو و تەرخانکراو بۆ ئاشکراکردنی مزگێنی خودا، [2]ئەو مزگێنییەی دەمێکە خودا بەڵێنی داوە بەهۆی پێغەمبەرەکانی لەکتێبی پیرۆز، [3]ئەمەش تایبەتە بەڕۆڵەکەی کە لەبارەی مرۆڤایەتیەوە لەنەوەی داود پەیدابوو، [4]هەروەها لەبارەی ڕۆحی پیرۆزەوە دەستنیشانکراوە کە ئەو ڕۆڵەی خودایە بەهۆی هێزو توانای هەستانەوەی لەنێو مردووان، عیسای مەسیحی خوداوەندمان، [5]ئەوەی

بەهۆیەوە بەرەکەتمان وەرگرت تاکو ببین بەنێرراو لەپێناوی ناوی، تاهەموو گەلان بانگ بکەین بۆ گوێڕایەڵی باوەڕ، [6]لەناو ئەوان ئێوەش لەلایەن عیسای مەسیحەوە بانگکراون.

[7]بۆ هەموو ئەوانەی لە ڕۆمان، خۆشەویستانی خوداو بانگکراو تا پاکوپیرۆز بن. با بەرەکەتو ئاشتی خودای باوکو عیسای مەسیحی خوداوەندتان لەگەڵ بێت.

ئارەزووی دیدەنی ڕۆما

[8] لەپێش هەموو شتێك لەپێناوی هەموتان سوپاسی خودام دەکەم بەهۆی عیسای مەسیح، چونکە باوەڕتان لەهەموو جیهان بڵاوبووەتەوە. [9]ئەو خودایەی بەڕۆحم خزمەتی دەکەم لەمزگێنی ڕۆڵەکەی، ئەو شایەتی منە چۆن من هەموو کاتێ لەنوێژ باستان دەکەم. [10]لەخودا دەپاڕێمەوە، ئێستا بەخواستی خۆی ڕێکی بخا، بێم بۆ لاتان. [11]من تامەزرۆی بینینتانم تا بەرەکەتی ڕۆحیتان پێ ببەخشم بۆ جێگیربوونتان، [12]تا یەکتری هانبدەین و دڵنەوایی یەکتر بکەین بەو باوەڕەی هەمانە.

[13]ئینجا ئەی برایان، نامەوێ لێتان شاراوە بێ، زۆر جار هەوڵم داوە بێم بۆ لاتان تا لەنێوان ئێوەشدا بەرووبوومم هەبێ وەك چۆن لەنێوان میللەتانی دیکەدا هەمە، بەڵام تا ئێستا ڕێك نەکەوتووە. [14]من قەرزاری ئەوانەم کە یۆنانیو بەربەرن، داناو گێڵن. [15]جا لەبەرئەوە بە هەموو توانایەکمو بەو پەڕی ئارەزووەوە دەمەوێ مزگێنی بەئێوەش بدەم، ئێوەی دانیشتووی شاری ڕۆما.

مزگێنی توانای خودایە

[16]من شەرمم بەمزگێنی نییە، چونکە ئەو مزگێنییە توانای خودایە بۆ ڕزگاربوونی هەموو ئەوانەی باوەڕیان هەیە، یەکەمجار بۆ جوولەکە ئینجا بۆ یۆنانی هاتووە. [17]چونکە تیایدا دادپەروەری خودا دەرکەوتووە، ئەمەش لەباوەڕەوە هەڵدەقوڵێو بەرەو باوەڕ دەچێ، هەروەك چۆن لەکتێبی پیرۆزدا نووسراوە: {ئەوەی بەباوەڕ بێتاوان دەبێ، دەژی.}

تووڕەیی خودا بۆ هەمووانە

[18]چونکە تووڕەیی خودای

لەئاسمانەوە دەرخست بەرامبەر هەموو ئـــەوەی خـــەڵك دەیکـــات لـەخودانەناسـی و گونـاە، ئـیتر بەمـە ڕووی ڕاسـتی بـەگوناە دەگـرن، [19] چـونکە زانینـی خـودا تیایاندا دیارە، لـەبەرئەوەی خودا بۆی دەرخستوون. [20] بەڵام ئەوەی لەکاروباری خوداییدا نابیـنرێ، توانـای هەمیشـەیی و خودایـەتی، ئەمـەش لەدروستکردنی جیهانەوە بـەڕوونی بینـراوە، مێشك تێـیدەگات بـەهۆی ئـەو شـتانەی دروسـتبوون، تاوای لێهات خەڵك بێبیانو مانەوە.

[21] لەگـەڵ ئـەوەی خودایان ناسی بـوو، ستایشیان نەدەکرد وەك خودا، هـەروەها سوپاسیان نەدەکرد، بەڵکو بێمێشکانە بیریان دەکردەوە، ئەمەش دڵـــە پووچـــەکانیانی پڕکـــردبوو لـــەتاریکی. [22] خۆیـــان بـــەدانا دەردەخسـت، بـوون بـەگـێڵ، [23] شکۆمەندی خودای نەمریان گۆڕیەوە بـە پەیکەری وێنەی مرۆڤی لەناوچوو و بەباڵندەو چوارپێو خشۆك.

[24] ئـیتر لەبەرئـەوە خـودا بەهۆی هەوەسـی دڵـیان ئـەوانی دایەدەست گلاوییەوە، تـا سـووکایەتی بەلەشی خۆیـان بکـەن لەنـێوان خۆیـان. [25] بـــەوەی ڕاســتی خودایـــان بـــەدرۆ گۆڕیـەوەو دروسـتکراویان پەرستو خزمەتیانکـرد لەجیاتی دروستکەر، ئەوەی تاهەتایە پیرۆزە. ئامین.

[26] لەبەرئـــەوە خـــودا ئـــەوانی دایەدەسـت هەوەسـێکی سـووك. تا ژنەکانیان وایـان لێهات بەکارهێنانی لەشـیان لـەشـێوەی سروشـتی بـۆ شـــێوەی ناسروشـــتی گـــۆڕی، [27] هـەروەها پیاوەکان جووتبوونیان بە شـێوەی سروشـتی لەگـەڵ ژنەکانیان پشتگوێخسـت، بەمـە لـەزەتو ئـارەزووی یـەکتریان خۆش دەکرد. پـیاو لەگەڵ پیاو بەدڕەوشتی دەکرد، ئەوسـا ئـەوان شـایانی ئـەوە بـوون سـزایەکی دادپەروەرانـە وەرگـرن بەرامبەر بەگوناهیان.

[28] لەبـەر ئەوەی ئەوان بۆ ناسینی خـودا هـیچ بایەخێکـیان نـەدا، ئـیتر خـودا ئەوانی دایە دەست میشکێکی گـەندەڵ تـاکو خراپەکاری بکەن. [29] پـڕبوون لـەهـەموو گوناەو خراپەیەك لـەداوێـنپیسی و چاوچنۆکی، دڵیان چاوپیسـی و کوشـتنو دوژمـنایەتی و فێڵـبازی و خراپەی لێدەرژا. [30] ئەوانە چـــەنەبازو قســـەگێڕەوەن، ڕقـــیان لـــەخودا بـــوو، جنـــێوفرۆشو

لـووتبـەرز، شـانازیکەرو داهێنەری خـراپەو گوێـرایەڵ نـەبوونی دایـك‌و بـــاوك بـــوون، [31]بێمێشـــکن، بێمـــتمانەن، بێهەســـت‌و ســـۆزو بێبـەزەیی. [32]لەگـەڵ ئـەوەش کـە دەزانن حوکمی دادپەروەرانەی خودا مـردنە بەسـەر ئەوانـەی ئـەم جـۆرە کارانـــە دەکـــەن، هێشـــتا خۆیـــان لەکـردنی ئەو کارانە دوورناخەنەوە، بەڵکو ڕازین بەوانەی دەیکەن.

حوکمی دادپەروەرانەی خودا

2 کەواتـە هیچ بیانوییەکت نییە ئەی ئەو مـرۆڤەی حوکـم بەسـەر خـەڵکی دەدەیت، چونکە کاتێ حوکم بەسەر خـەڵکی دەدەیـت، خـۆت تاوانـبار دەکەیـت، لەبەرئـەوەی تـۆ حوکـم بەسـەر خـەڵکی دەدەیـت، خۆشـت هـەمان شـت دەکەیـت. [2]بەڵام ئێمە دەزانـین حوکمی خودا ڕاستە بەسەر ئـەو کەسـانەی ئـەم جـۆرە شـتانە دەکـەن. [3]ئـەی ئـەو مرۆڤەی حوکم بەســەر ئەوانـە دەدەیت کە ئەم جۆرە شـتانە دەکـەنو خۆشت هەمان شت دەکەیـت، ئایا وا دەزانی تۆ ڕزگارت دەبـێ لـەحوکمـی خـودا؟ [4]یـاخود بەچـاوی سووك سەیری دەوڵەمەندی نـەرمونـیانی‌و دانـبەخۆگرتن‌و ئارامی خـودا دەکەیـت؟ ئایـا تـۆ نـازانی نـەرمونـیانی خـودا هانـت دەدا بـۆ تۆبەکردن؟

[5]بـەڵام تـۆ لەبـەر دڵڕەقی‌و تۆبە نەکردنـت، تووڕەیـی بـۆ خـۆت کۆدەکەیتەوە بۆ ڕۆژی تووڕەبوون، ئـەو ڕۆژەی سـزای دادپەروەرانـەی خودای تیا دەردەکەوێ. [6]ئەوسا هەر مرۆڤـێك پاداشـتی خۆی وەردەگرێ بەپـێی کـرداری. [7]ژیانی هەتاهەتایش بـۆ ئەو کەسانە دەبێ کە هەوڵدەدەن بۆ شکۆمەندی‌و ڕێزگرتن‌و نەمری بە بـەردەوامبوونـیان لەسـەر کـرداری چـاك، [8]بـەڵام تووڕەیـی‌و ڕق بـۆ ئەوانـەی هـەوڵی خۆویستی دەدەن‌و ملکەچـی ڕاستی نابن بەڵام بۆ گوناه مل شۆڕ دەکەن. [9]هەروەها ناخۆشی‌و تەنگانـە بـۆ هـەموو مرۆڤـێکە کـە ڕەفتاری خراپ دەکات، یەکەمجار بۆ جوولەکـە ئیـنجا بـۆ یۆنـانی. [10] شـکۆمەندی‌و ڕێـزو ئاشتی بۆ هەموو ئەوانـەی چـاکە دەکـەن یەکەمجار بۆ جوولەکـە ئیـنجا یۆنـانی، [11]چونکە خودا لایەنگیری کەس ناکات.

[12]هـەموو ئەوانـەی شـەریعەتیان

نیـیەو هەڵـە دەکەن، بەبێ شەریعەت لەناودەچـن. ئەوانەش کە شەریعەتیان هەیـەو هەڵـە دەکـەن، هـەر بـەو شەریعەتە تاوانبار دەکرێن. [13]ئەوانەی شـەریعەتیان بیسـتووە بێتـاوان نـین لـەبەرامـبەر خودا، تەنها ئەوانە نەبێت کـە کاری پێدەکەن، ئەوانە بێتاوان دەبـن. [14]جا کاتێ ئەوانەی جوولەکە نـین، واتـە ئەوانـەی شەریعەتیان نییە، ئەوەی کە شەریعەت داوای دەکات، هـەروەك شـتێکی سروشتی لەسەری دەڕۆن، ئەوانـە شەریعەتن بۆ خۆیان، هەرچـەندە ئـەوان ئـەو شـەریعەتەیان نیـیە. [15]دەری‌دەخـەن نـاوەڕۆکی شـەریعەت لـەدڵـیان نووسـراوە، ویـژدانو بیریشـیان لەناوەوە شایەتی بـۆ ئەمـە دەدات، ئەمـەش جـارێك تاوانـباریان دەکـات، جـارێکی دیکە بەرگریـیان لێدەکـات. [16]هەموو ئەم شـتانەش لـەو ڕۆژەدا دەبـێ، کـاتێ خـودا حوکـم بەسـەر نهێنی خەڵکی دەدات بەهۆی عیسای مەسیح، بەپێی مزگێنیم.

جوولەکەو شەریعەت

[17]بـەڵام ئەی ئەوەی ناوی خۆت بـــەجوولەکـــە دەبەیـــت، پشـــت بـــەشـــەریعەت دەبەسـتی، شـــانازی بـەخودا دەکەیـت، [18]خواسـتی ئەو دەزانیتو چی باشە جیای دەکەیتەوە بـەهۆی ئـەوەی لـەشـەریعەت فێری بـووی، [19]ئەگـەر بـاوەڕت بـەخۆت هەیـە تـۆ ڕێنیشـاندەری کوێـرانیو ڕووناکی بۆ ئەوانەی لە تاریکیدان، [20]هـەروەها فـێرکەری نەزانـەکانو مامۆسـتای مـندالأنی، چـونکە تـۆ شـێوەی زانـیاریو ڕاسـتیت هەیـە لەشـەریعەت، [21]کەواتە تۆ، ئەی ئەو کەسـەی خـەڵکی فـێر دەکەیـت، بۆچـی خـۆت فێرناکەی؟ لەکاتێکدا ئامۆژگـاری دەکەیت :دزی مەکەن، کەچی خۆت دزی دەکەیت؟ [22]ئەی ئـەوەی دەڵێیت داوێنپیسی مەکەن، کەچـی خـۆت داوێنپیسی دەکەی؟ ئـەی ئـەوەی ڕقـت لەبت دەبێتەوە، کەچـی پەرستگاکان تالأن دەکەی؟ [23]ئـــەی ئـــەو کەســـەی شـــانازی بـــەشـــەریعەت دەکەیـــت، کەچـــی دەتـــەوێ سووکایەتی بەخودا بکەیت بـــــەوەی سەرپێچـــــی شـــــەریعەت دەکەیـت؟ [24]لەبـەر ئەمـە لەکتێبدا نووسـراوە: {بـەهۆی ئـێوەوە لـەناو ئەوانـەی جوولەکـە نین کفر بەناوی خودا دەکرێ.}

25جا خەتەنەکردن کاتێ سوودی
هەیە بەپێی شەریعەت هەڵسوکەوت
بکەیت، بەڵام گەر تۆ بەپێچەوانەی
شەریعەت ڕەفتار بکەیت، ئەو کاتە
خەتەنەکردنەکەت وەك بێ خەتەنەی
لێدێت. 26جا گەر هاتوو خەتەنە
نەکراوان بەپێی شەریعەت ڕەفتاریان
کرد، ئایا وەك خەتەنەکراوان دایان
نانێن؟ 27ئیتر ئەوەی لەبنەڕەت
خەتەنەنەکراوە، بەڵام لەسەر
شەریعەت دەڕوا، ئایا حوکم نادا
بەسەر تۆی جوولەکە ئەی ئەوەی
سەرپێچی شەریعەت دەکەیت
هەرچەندە خاوەنی کتێبیتو
خەتەنەکراوی؟
28جوولەکە ئەوە نییە بەڕواڵەت
جوولەکەیە، خەتەنەکراویش ئەوە نییە
لەشی خەتەنەکراوە، 29بەڵام
جوولەکەی ڕاستەقینە ئەوەیە لەدڵ
جوولەکەیە، خەتەنەکردنیش
خەتەنەکردنی دڵە کە بەڕۆح دەبێ
نەك بەنووسراوی شەریعەت. جا ئەمە
ئەو مرۆڤەیە کە ستایشی خودا
بەدەست دەهێنێ نەك هی ئادەمیزاد.

سەرڕاستی خودا

3 کەواتە، چاکەی جوولەکەکان چییە؟
هەروەها سوودی خەتەنەکردن چییە؟
2زۆرە لەهەموو لایەکەوە. یەکەمیان
ئەوەبوو خودا متمانەی بەجوولەکە
هەبوو ووشەکانی خۆی خستە
بەردەستیان. 3چی ڕوودەدا گەر
هاتوو هەندێکیان بێباوەڕ بوون؟ ئایا
بێباوەڕییان ڕێگا لەسەرڕاستی خودا
دەگرێ؟ 4نەخێر! خودا هەمیشە
ڕاستگۆیەو مرۆڤ هەمووی درۆزنە.
هەروەك چۆن لەکتێبی پیرۆزدا
نووسراوە: {ئەی خودا، ڕاستی
ووشەکانت دیارە کاتێ دەدوێی،
هەروەها سەرکەوتووی کاتێ
حوکمدەدەی.}
5بەڵام گەر هاتوو خراپەکانمان
ڕاستودروستی خودای دەرخست،
ئەوسا چی دەڵێین؟ ئایا خودا
زۆرداراە گەر تووڕەیی خۆی
بەسەرماندا بهێنێ؟ (لێرە وەك
مرۆڤێك قسە دەکەم.) 6نەخێر!
ئەگینا چۆن خودا جیهان حوکم
دەدات؟ 7لەوانەیە یەکێك بەیەوێ
بڵێ: (گەر بێتو بەهۆی درۆی منەوە،
ڕاستی خودا زیاتر دەرکەوێ، بۆ
شکۆمەندی ئەو، ئیتر بۆچی خودا
تاوانبارم بکات وەك گوناهباریك؟) 8

یان یەکێکی دیکە دەڵێ: (بۆچی خراپە نەکەین تاکو چاکەی لەدواوە بێ؟) هەروەك هەندێ کەس ئەم بوختانەمان بەدەمەوە هەڵدەبەستن و دەڵێن ئێمە وامان ووتوە. جا سزای ئەوانە دادپەروەرانەیە.

هیچ مرۆڤێك بێگوناه نییه

[9]کەواتە، ئێستر چی؟ ئایا ئێمەی جوولەکە باشترین؟ نەخێر، چونکە جوولەکەو یۆنانی، وەك لەپێشا باسکراوە، هەموویان ملکەچی دەسەلاتی گوناهن، [10]وەك لەکتێبی پیرۆزدا نووسراوە:

{هیچ مرۆڤێك ڕاستودروست نییە،
تەنانەت یەکێکیش!
[11]هەروەها یەکێك نییە تێبگات و
یەکێك نییە بەدوای خودا بگەڕێ.
[12]هەموو خۆیان لەخودا دوورخستەوە،
جا لەبەرئەوە هەموو بێسوود بوون،
کەس کاری چاك ناکات،
نەخێر تەنانەت یەکێکیش نا.}
[13]{قوڕگیان گۆڕێکی کراوەیە،
لەزمانیان فێڵ و تەڵەکەبازی دەڕژێ}،
{لێویان پڕە لەژەهری ماری کوشندە}،
[14]{دەمیان پڕە لەنەفرەت و تاڵاو}
،
[15]{قاچیان خێرایە بۆ خوێن ڕشتن،
[16]ڕێبازیان هەموو خراپەو ویرانکردنە،
[17]هەروەها ڕێگەی ئاشتی نازانن}
،
[18]{ترسی خودایان لەبەر چاو نییە.}

[19]ئێستا دەزانین هەرچی شەریعەت دەیڵێ بەوانەی دەڵێ کە لەژێر سایەی شەریعەتدان، تا هەموو دەمێك دابخرێ و هەموو جیهان بکەوێتە ژێر لێپرسینەوەی خودا. [20]بۆیە کارکردن بەشەریعەت هیچ کەسێك لای خودا بێتاوان ناکات، بەڵکو بەهۆی شەریعەت گوناه دەناسرێ.

بێتاوانبوون بەباوەڕ

[21]بەڵام ئێستا دادپەروەری خودا بەجیا لەشەریعەت دەرکەوت،

شەریعەت‌و پێغەمبەرانیش شایەتی بۆ دەدەن. [22]ئەو هەموو کەسێك بێتاوان دەکات لەسەر بناغەی باوەڕهێنان بەعیسای مەسیح بەبێجیاوازی، [23]چونکە هەموویان گوناهیان کردو لەشکۆمەندی خودا کەوتن. [24]بەلأم خودا بەخۆڕایی بێتاوانی‌کردن* بە بەرەکەتی خۆی بەهۆی کڕینەوەیان بەخوێنی عیسای مەسیح، [25]ئەوەی خودا کردی بەکەفارەت* لەجیاتی گوناهەکانیان بە باوەڕهێنان بەخوێنی ئەو. ئەمەی کرد تا دادپەروەری خۆی دەربخات، چونکە خودا دانی‌گرت بەخۆی‌و چاوی پۆشی لەگوناهەکانی ڕابوردوویان، [26]بۆ دەرخستنی دادپەروەریەکەی لەکاتی ئێستا، تا ڕاست‌ودروست بێ‌و ئەوانە بێتاوان بکات کە باوەڕیان بەعیسا هەیە.

[27]کەواتە کوانێ شانازی؟ نەماوە. بەچ شەریعەتێك؟ ئایا بەشەریعەتی کردار؟ نەخێر، بەڵکو بەشەریعەتی باوەڕ. [28]چونکە ئێمە بۆمان دەرکەوت مرۆڤ بە باوەڕ بێتاوان دەبێ، نەك کارکردن بەشەریعەت. [29]ئایا خودا تەنها خودای جوولەکەیە؟ ئایا خودای هەموو میللەتان نییە؟ بەڵێ، خودای هەموو میللەتانە. [30]جا چونکە خودا یەکە، ئەوەی خەتەنەکراوان لەسەر بنچینەی باوەڕ بێتاوان دەکات، خەتەنەنەکراوانیش بەهەمان باوەڕ بێتاوان دەکات. [31]جا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئێمە بەهۆی باوەڕەوە شەریعەت پووچەڵ دەکەینەوە؟ نەخێر، بەڵکو ئێمە بەباوەڕ شەریعەت جێگیر دەکەین.

نموونەی ئیبراهیم

4 بۆیە چی بڵێین لەبارەی ئیبراهیم کە بەپێی گۆشت‌و خوێن باوکمانە، چی دۆزیەوە؟ [2]ئەگەر ئیبراهیم بەپێی کردار بێتاوان بووە مافی ئەوەی هەبوو شانازی بکات، بەلأم نەك بەرامبەر خودا. [3]کتێبی پیرۆز چی دەڵێ؟ :{ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەش بە ڕاست‌ودروستی بۆی دانرا.}

[4]ئەوەی کار دەکات، کرێیەکەی بە بەرەکەت بۆ دانانرێ، بەڵکو مافی خۆیەتی. [5]ئەوەش کار ناکات، بەلأم باوەڕی بەوە هەیە خودا خوانەناس بێتاوان دەکات، ئەوا بەهۆی باوەڕ بەڕاست‌ودروست دادەنرێ. [6]

هەروەك چۆن داود باس لەپیرۆزی ئەو مرۆڤە دەکات، کە خودا بەڕاستودروست دایدەنێت بێ هیچ کرداریك، کاتێ دەڵێ: [7]{ خۆزگەدەخوازرێ بەوانەی گوناهەکانیان بەخشراوەو هەڵەکانیان داپۆشراوە! [8]خۆزگەدەخوازرێ بەو کەسەی خوداوەند گوناهی لەسەر ناژمێرێ!}

[9]جا ئایا ئەم خۆزگەیە تەنها بۆ خەتەنەکراوانە یاخود بۆ ئەوانەشە کە خەتەنەنەکراون؟ چونکە باسمانکرد بەهۆی باوەڕەوە ئیبراهیم بە ڕاستودروست دانرا. [10]بەڵام چۆن ئەمەی بۆ دانرا؟ دوای خەتەنەکردن یا پێش خەتەنەکردن؟ بێگومان ئەمە دوای خەتەنەکردن نەبوو، بەڵکو پێشی بوو. [11]ئیتر ئیبراهیم نیشانەی خەتەنەکردنی وەرگرت وەك مۆری ڕاستودروستی بەهۆی باوەڕ، کاتێ هێشتا خەتەنە نەکرابوو، تا ئیبراهیم بوو بەباوکی هەموو ئەوانەی باوەڕیان هەیەو خەتەنە نەکراون، بە ڕاستودروستی بۆیان دابنرێ، [12] هەروەها بوو بەباوك بۆ ئەو خەتەنەکراوانەی نەك تەنها خەتەنەکراون، بەڵکو لەبەرئەوەی بەڕێگای ئەو باوەڕەدا دەڕۆن کە هی ئیبراهیمی باوکمانە، پێش ئەوەی خەتەنە بکرێ.

[13]لەسەر بناغەی شەریعەت نەبوو ئەو بەڵێنەی بەئیبراهیمو نەوەکانی درا، تاکو ببێ بەمیراتگری جیهان، بەڵکو لەسەر بناغەی ئەو ڕاستودروستیە بوو کە بەهۆی باوەڕەوەیە. [14]گەر خاوەن شەریعەتەکان تەنها میراتگر بوونایە، ئەو کاتە باوەڕ بێ سوود دەبوو، بەڵێنی خوداش دەشکێنرا، [15]چونکە شەریعەت دەبێتە هۆی تووڕەیی خودا، گەر شەریعەت نەبوایە سەرپێچی دەرنەدەکەوت.

[16]بۆیە بەڵێن بە باوەڕەوەیەو بەپێی بەرەکەتە، تاکو مسۆگەر بێ بۆ هەموو نەوەی ئیبراهیم، نەك تەنها بۆ خاوەن شەریعەتەکان، بەڵکو بۆ ئەو باوەڕدارانەش کە باوەڕی ئیبراهیمیان هەیە، ئەو باوکی هەمووانە. [17] هەروەك لەکتێبی پیرۆزدا نووسراوە: {من تۆم کرد بەباوکی زۆر لەمیللەتان.} ئەو باوکی ئێمەیە لەبەرچاوی ئەو خودایەی ئیبراهیم باوەڕی پێهێنا، ئەو خودایەی مردووان زیندووەدەکاتەوە، ئەو شتانە

بانگ دەکات کە بوونیان نییە وەك ئەوەی بوونیان هەبێ.
[18]هەرچەندە هیواش بڕابوو، ئیبراهیم بە ئومێدەوە باوەڕی هێنا کەوا دەبێ بە باوکی زۆر لەمیللەتان، بەپێی ئەوەی پێی ووترا بوو: {نەوەکەت بەم شێوەیە دەبێ.}
[19]لەگەڵ ئەوەی لەشی وەك مردوو بوو، چونکە تەمەنی نزیکەی سەد ساڵ بوو، هەروەها سارای ژنی منداڵدانی مردبوو، هێشتا هەر باوەڕی لاواز نەببوو، [20]گومانی نەبوو لەبەڵێنی خودا، بەڵکو باوەڕی بەهێزی کردبوو، بەمەش شکۆمەندی بۆ خودا دانا، [21]بەتەواوی باوەڕی بەوە هەبوو ئەوەی خودا بەڵێنی پێداوە دەتوانێ بیکات، [22]لەبەر ئەمە بوو {بەڕاستودروستی بۆی دانرا. }
[23]ئەوەی نووسراوە: {بۆی دانرا} تەنها لەپێناوی ئەو نەبوو، [24]بەڵکو لەپێناوی ئێمەش بوو، جا ئێمەش بۆمان دانرا بەهۆی باوەڕمان بەخودا ئەوەی عیسای مەسیحی لەنێو مردووان زیندووکردەوە، [25]خودا ئەوی دایەدەست مردن لەپێناوی گوناهەکانمان، ئینجا هەڵیساندەوە لەپێناوی بێتاوانکردنمان.

ڕزگاربووون لەتووڕەیی خودا

5 کەواتە خودا لەسەر بناغەی باوەڕ بێتاوانی کردین، بەهۆی عیسای مەسیحی خوداوەند لەگەڵ خودا ئاشتبووینەوە. [2]جا بەهۆی عیساوە بوو دەرگای باوەڕمان بۆ کرایەوە بەر ئەو بەرەکەتە کەوتین کە ئێستا تیایداین، ئێمە شانازی دەکەین بەو هیوایەی هەمانە لەشکۆمەندی خودا.
[3]بەتەنها ئەمە نا، بەڵکو لەکاتی تەنگانەشدا شانازی دەکەین، چونکە ئێمە دەزانین تەنگانە دان بەخۆگرتنمان تیا دروست دەکات، [4] دان بەخۆگرتنیش ئەزمون، ئەزمونیش هیوامان تیا دروست دەکات، [5] هیواش نابێتە هۆی شەرمەزاری، چونکە خودا دڵمانی پڕکردووە لەخۆشەویستی خۆی بەو ڕۆحە پیرۆزەی بەئێمەی بەخشیوە.
[6]کاتێ هێشتا لاواز بووین، لەکاتی پێویست، مەسیح لەپێناوی خوانەناسان مرد. [7]بەدەگمەن یەکێك لەپێناوی مرۆڤێکی ڕاستودروست دەمرێ، لەوانەیە لەپێناوی مرۆڤێکی باش یەکێك بوێرێ بمرێ. [8]بەڵام خودا خۆشەویستی خۆی بۆ

دەرخستین، بەوەی مەسیح لەپێناوی ئێمەدا مرد، کاتێ هێشتا گوناهبار بووین.
9جا لەبەرئەوەی ئێستا بەخوێنی ئەو بێتاوان بووین، لەوەش زیاتر بەهۆی ئەو ڕزگار دەبین لەتووڕەیی خودا! 10ئەگەر خودا ئاشتی‌کردینەوە لەگەڵ خۆی بەمردنی ڕۆڵەکەی کاتێ ئێمە دوژمنی بووین، چەند زیاتر ئێمە کە ئاشتبووینەوە ڕزگارمان دەبێ بەژیانی ئەو! 11نەك تەنها بەم شێوەیە بەڵکو شادومانین بەخودا، چونکە ئێستا بەهۆی خوداوەندمان عیسای مەسیح لەگەڵ خودا ئاشتبووینەوە.

ئادەمو مەسیح

12لەبەرئەمە، چۆن بەهۆی یەکێك گوناە هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەهەمان شێوەیە مردنیش بۆ هەموو مرۆڤێك هات، چونکە هەمویان گوناهیان کرد. 13چونکە گوناە لەجیهان بلاوببۆوە پێش هاتنی شەریعەت، بەڵام حساب بۆ گوناە نەدەکرا، چونکە شەریعەت نەبوو. 14بەڵام مردن لەئادەمەوە تا موسا حوکمڕانی دەکرد، تەنانەت بەسەر ئەوانەش کە بەشێوەی ئادەم گوناهیان نەکردبوو، ئەو ئادەمەی نموونەی ئەو کەسە بوو کە دوای دێت. 15بەڵام دیاری خودا وەك گوناهی ئادەم نییە، چونکە مردن زۆر مرۆڤی گرتەوە بەهۆی گوناهی یەکێك، جا چەند زیاتر بەهۆی مرۆڤێك کە عیسای مەسیحە زۆر لەخەڵکی بەرەکەتی خوداو دیاری بەرەکەت بەدەستدەهێنن. 16لێرە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەنجامی دیاری خوداو گوناهی مرۆڤێك! چونکە گوناهی یەکێك مرۆڤی بەرەو لەناوبردن برد، بەڵام دیاری خودا پاش چەندەها گوناە مرۆڤی بەرەو بێتاوانی برد. 17گەر مردن بەهۆی گوناهی یەکێك حوکمڕانی دەکرد، ئیتر چەند زیاتر ئەوانەی پڕی بەرەکەتو دیاری ڕاستودروستیان وەرگرتووەو حوکمڕانی دەکەن لەم ژیانە بەهۆی یەکێك کە عیسای مەسیحە.
18کەواتە، چۆن یەك گوناە هەموو مرۆڤێکی تاوانبارکرد، بەهەمان شێوە یەك کاری ڕاستودروست هەموو کەسێکی بێتاوانکرد بۆ ژیان. 19چونکە چۆن

بـه یـاخیبوونـی یەکـێك زۆر کەس گوناهـبار بـوو، بەهـەمان شـێوە بەگوێـڕایەڵی یەکـێك زۆر کـەس بێتاوان دەبێ.
[20]ئـیتر شـەریعەت هاتەکایـەوە تا زۆری گونـاە دەربخات، بەڵام لەگەڵ زۆربوونـی گونـاە بەرەکـەت زۆر زیاتـربـوو. [21]جا چۆن گوناە بەهۆی مـردن حوکمـڕانی کـرد، بەهـەمان شـێوە بەهۆی بێتاوانبوون بەرەکەت حوکمـڕانی دەکـات بـۆ ژیـانی هەتاهـەتایی بـەهۆی عیسای مەسیحی خوداوەندمان.

ئازادبوون لەگوناە

6

باشـە چی بڵێین؟ بەردەوام بین لەسەر گونـاە کـردن بـۆ ئـەوەی بەرەکەتی خـودا زیـاد بێت؟ [2]نەخێر! ئێمە کە گونـاە تیاماندا مـردووە، ئـیتر چۆن تـیایدا دەژیـن؟ [3]ئایا نازانن کاتێ ئێمە هـەمووماان لەئاوهەڵکێشـراین لـەعیسـای مەسـیح، ئـەو لەئاوهەڵکێشانە لەمردنی ئەودا بوو؟ [4]جـا لـەبەرئەمـە بە لەئاوهەڵکێشاماان لەگـەڵ ئەو لـەمردن نێژراین، تا چۆن بـاوك بەشکۆمەندیەوە مەسیحی لەنێو مردووان زیندووکردەوە، ئاوا ئێمەش لەسەر ژیانێکی تازە دەڕۆین.
[5]گـەر ئـێمە لەگەڵ ئەو لـەمردنی یـەکمان گرتـبێ، ئـەوا بێگومـان لـەزیندووبوونەوەشـی دەبێ لەگەڵی یـەك بگـرین. [6]ئەمـە دەزانین: مرۆڤە کۆنەکـە تیاماندا لەخاچـدرا لەگەڵ مەسـیح، تـا لـەشـی گوناهـبارمان نەمێنـێ ئـیتر بـەکۆیلـەیی گونـاە نەمێنینـەوە. [7]چـونکە ئـەوەی مـرد لەگوناە ئازادبوو.
[8]جـا لـەبەرئـەوەی لەگەڵ مەسیح مـردووین، ئێمە باوەڕمان هەیە لەگەڵ ئـەویش دەژین. [9]چونکە ئێمە دڵنیاین مەسیح لەناو مردووان هەستاوەتەوە، جـارێکی دیکـە نامرێتەوە. ئیتر مردن دەسـەڵاتی بەسـەریدا نییە. [10]چونکە ئـەو مـردنەی مـرد، بـۆ گونـاە مرد یـەکجار، بـەڵام ئەو ژیانەی دەژی بۆ خودا دەژی.
[11]ئـیتر ئـێوەش، خۆتـان بەمردوو دابنـێن سـەبارەت بەگوناە، هەروەها بـەزیـندوو بـۆ خـودا لـەعیسـای مەسـیحدا. [12]کەواتـە مەهێڵن گوناە حوکمـڕانی لەشـی لەناوچـووتان بکـات، تـا ملکەچـی ئارەزووەکانی بـن. [13]ئـەندامانی لەشـتان پێشکەش

مەکـەن بۆ گوناه، تا ببێت بەئامێرێك بـۆ خـراپەکاری، بـەڵکو خۆتـان پێشکەشـی خـودا بکـەن، چـونکە ئـێوەی لەمـردنەوە بـۆ ژیـان هێناوە، ئەندامانی لەشتان بۆ خودا دانێن وەك ئامـێرێك بـۆ ڕاسـتودروسـتی. [14] لەمـەولا گونـاه هـیچ دەسـەڵاتی بەسـەرتان نەماوە، چونکە ئێوە لەژێر سـایەی شـەریعەت نین، بەڵکو لەژێر سایەی بەرەکەتن.

کۆیلەکانی چاکە

[15] کەواتـە چـی؟ ئایا هەڵە بکەین چـونکە ئێمە لەژێر سایەی شەریعەت نـین بـەڵکو لەژێر سایەی بەرەکەتین؟ نەخێر! [16] ئایا نازانن ئێوە کاتێ خۆتان پێشـکەش دەکـەن وەك کۆیلـەی ملکـەچ، دەبـن بـەکۆیلـەی ئەوەی ملکەچـن بۆی، جا یان بۆ گوناه کە بـەرەو مردنـتان دەبـات، یـاخود بـۆ گوێـڕایەڵی کـە بـەرەو ڕاسـتودروسـتیتان دەبات؟ [17] بەڵام سـوپاس بـۆ خـودا، لەگـەڵ ئـەوەی کۆیلەی گوناه بوون، بەهەموو دڵتان ملکەچـی ئەو شێوە فێرکردنە بوون کـە وەرتـانگرتـبوو. [18] ئـێوە سەربەسـتبـوون لـەگوناه، بـوون بەکۆیلەی ڕاستودروستی.

[19] لێرە وەك مرۆڤێك قسە دەکەم بـەهۆی لاوازی لەشـتان. ئـێتر چۆن لەپێشـا لەشـتان پێشکەش کرد وەك کۆیلـەی گـەڵاوی‌و خـراپەکاری، بەهەمان شێوە ئێستا لەشتان پێشکەش بکـەن وەك خـزمەتکاری ڕاستودروستی بۆ پاك‌و پیرۆزی. [20] کـاتێ ئـێوە کۆیلـەی گونـاه بوون، سەربەسـت بـوون سـەبارەت بەڕاسـتودروسـتی. [21] ئـەو کاتـە چـیتان دەسکەوت لـەو شتانەی ئێستا شـەرمی لێدەکـەن، کـە کۆتاییەکەی مـردنە؟ [22] بـەڵام ئێسـتا ئـازاد بـوون سـەبارەت بەگوناه، بوون بەکۆیلەی خـودا، جـا ئـێوە لـەبەرهـەمی پاك‌و پـیرۆزی دەچـنەوە، کـە ئەنجامەکەی ژیـانی هەتاهەتاییـە. [23] چـونکە کرێی گونـاه مـردنە، بـەڵام دیـاری خـودا ژیـانی هەتاهەتاییە لەعیسای مەسیحی خوداوەندمان.

ئازادبوون لەشەریعەت

7

ئەی برایان، ئایا ئێوە نازانن – چونکە مـن بـۆ ئەوانەی لەشەریعەت دەزانن دەدوێـم –شـەریعەت تـەنها ئەوەندە

دەسەلاتی بەسەر مرۆڤ هەیە تا زیندووە؟ [2]ژنێك كە شووی كردبێ بەهۆی شەریعەت بەمێردەكەیەوە دەبەسترێتەوە هەتا مێردەكەی زیندووە، بەڵام كاتێ مرد، ئەوسا ئازاد دەبێ لەشەریعەتی شووكردن. [3] جا لەبەرئەمە تا مێرد زیندووە گەر ژن پیاوێكی دیكەی هەبێ، بەداوێنپیس ناودەبرێ، بەڵام گەر مێرد بمرێ، ئەوسا ژن سەربەست دەبێ لەشەریعەتی ژنو مێردایەتی، تەنانەت گەر ببێ بەهی پیاوێكی كەش بەداوێنپیس دانانرێ.

[4]ئەی برایان، ئاوا ئێوەش بەهۆی لەشی مەسیح بوون بەمردوو لەلایەن شەریعەتەوە، تا بن بەهی یەكێكی كە، بەهی مەسیح خۆی، ئەوەی لەناو مردووان هەستایەوە، تا بەرووبوومتان هەبێ بۆ خودا. [5]كاتێ بەپێی لەش دەژیاین، ئەوسا ئارەزووە خراپەكانمان كە شەریعەت دەریخستووە كاری لەئەندامەكانی لەشمان دەكرد، تا بۆ مردن بەرووبووم بدەین. [6]بەڵام ئێستا ئازاد بووین لەشەریعەت، بەمردن سەبارەت بەوەی ئێمەی بەستبووەوە، بۆ ئەوەی بەڕێگای نوێی ڕۆح خزمەت بكەین، نەك بەڕێگای كۆنی شەریعەتی نووسراو.

شەریعەت پیرۆزە

[7]كەواتە چی بڵێین؟ ئایا شەریعەت گوناهە؟ نەخێر! من گوناهم نەدەزانی بەهۆی شەریعەتەوە نەبێ. هەروەها من ئارەزووی ﴿خراپ﴾م نەدەزانی گەر شەریعەت نەیووتایە: {ئارەزوو مەكە!} [8]بەڵام گوناە ئەم ڕاسپاردەیەی وەك هەل بەكارهێنا ئیتر هەموو ئارەزوویەكی لەمندا ووروژاند، چونكە گوناە بەبێ شەریعەت مردووە. [9]من لەپێشا بەبێ شەریعەت دەژیام، بەڵام كاتێ ڕاسپاردە هات، گوناە ژیاو منیش مردم. [10]ئەو ڕاسپاردەیەی مەبەست بوو لێی ژیان بهێنێ، هەرخۆی مردنی هێنا، [11]چونكە گوناە ڕاسپاردەكەی وەك هەلێك بەكارهێناو منی پێخەڵەتاندو كوشتمی. [12]كەواتە شەریعەت پیرۆزە*، هەروەها ڕاسپاردەش پیرۆزو دادپەروەرو باشە. [13]ئایا ئەوەی باشە، بۆتە هۆی مردنم؟ نەخێر! بەڵام گوناە، تا دەركەوێ گوناهە، لەشتی باش مردنی بۆ

هێنام، تا بەهۆی ڕاسپاردەوە گوناە بێ بەهەڵەیەکی گەورە.

ئەی منی مرۆڤی بەدبەخت!

14ئێمە دەزانین شەریعەت شتێکی ڕۆحییە، بەڵام من دونیاییمو وەك کۆیلە فرۆشراوم بە گوناە. 15ئەوەی دەیکەم تێی ناگەم، چونکە ئەوەی دەمەوێ نایکەم، بەڵکو ئەوەی ڕقم لێیەتی ئەوە دەکەم. 16جا ئەگەر ئەوە بکەم کە نامەوێ، ئەوسا دانێدەنێم بەباشی شەریعەت. 17کەواتە ئێستا، ئیتر ئەوە من نیم وادەکەم، بەڵکو ئەو گوناهەی لەمن نیشتەجێیە. 18چونکە دەزانم لەمندا، واتە لەلەشم چاکە ناژی. من دەمەوێ ئەو چاکەیە بکەم، بەڵام ناتوانم بیکەم. 19من ئەو چاکەی دەمەوێ نایکەم، بەڵام ئەو خراپەی نامەوێ ئەوەیە دەیکەم. 20گەر هاتوو شتێکم کرد کە نامەوێ، ئیتر ئەوە من نیم ئەو شتە دەکات، بەڵکو ئەو گوناهەیە کە لەمن نیشتەجێیە.

21من وای دەبینم وەك یاسای لێهاتووە، ئەویش ئەوەیە من دەمەوێ کاری چاکە بکەم بەڵام خراپە لەتوانامدایە. 22چونکە من بەقوولایی ناوەڕۆکم دڵشادم بەشەریعەتی خودا، 23بەڵام من هەست بەیاسایەکی تر دەکەم لەئەندامانی لەشم دایە بەربەرەکانی ئەو یاسایە دەکا کە لەمێشك دایە، وام لێدەکات ببم بەدیلی ئەو یاسایەی گوناە کە لە ئەندامانی لەشم نیشتەجێیە. 24ئەی منی مرۆڤی بەدبەخت! کێ لەم لەشەی مردن ڕزگارم دەکات؟ 25سوپاس بۆ خودا بەهۆی عیسای مەسیحی خوداوەندمان!

بۆیە ئیتر من بەخۆم بەمێشك خزمەتی شەریعەتی خودا دەکەم، بەڵام بەلەش یاسای گوناە.

ئازادبوون لەمردن

8 بۆیە لەمەولا ئەوانەی لەعیسای مەسیحن تاوانبار ناکرین، 2چونکە بەهۆی عیسای مەسیح یاسای ڕۆحی ژیان، ئازادم دەکات لەیاسای گوناەو مردن. 3چونکە ئەوەی لەتوانای شەریعەت نەبوو، لەش لاوازی کردبوو، خودا هێنایەدی کاتێ ڕۆڵەکەی نارد لەشێوەی لەشێك لە لەشی گوناهباری ئێمە دەکات، ئەوسا ئەو لەبەر گوناە، حوکمیدا

بەسەر ئەو گوناهەی لە لەشدایە، [4]تا ڕاستودروستی شەریعەت لەئێمەدا بێتەدی، کە بەپێی ڕۆح ڕەفتار دەکەین نەك بەپێی لەش.

[5]جا ئەوانەی بەپێی لەش دەژین کاروباری لەش مێشکی پڕکردوون، هەروەها ئەوانەی بەپێی ڕۆح دەژین کاروباری ڕۆح مێشکی پڕکردوون. [6]چونکە بایەخدان بەلەش مردنە، بەڵام بایەخدان بەڕۆح ژیانو ئاشتییە، [7]بۆیە بایەخدان بەلەش دوژمنایەتییە لەگەڵ خودا، چونکە ملکەچ ناکات بۆ شەریعەتی خودا، لەبەرئەوەی ناتوانێ. [8]جا ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی لەشدان ناتوانن خودا ڕازی بکەن.

[9]گەر ڕۆحی خودا لەناوەڕۆکتان بێ، ئەوا ئێوە لەژێر دەسەڵاتی لەش نین، بەڵکو لەژێر دەسەڵاتی ڕۆحدان. ئیتر هەر یەکێك ڕۆحی مەسیحی نەبێ، ئەوا سەر بەمەسیح نییە. [10]گەر مەسیح لەئێوەدا بێ، هەرچەندە لەش بەهۆی گوناە مردووە، بەڵام ڕۆحتان زیندووە بەهۆی ڕاستودروستی. [11]گەر ئەو ڕۆحەتان تێدا بژی کە عیسای لەنێو مردووان زیندووکردەوە، ئاواش ئەوەی مەسیحی لەنێو مردووان زیندووکردەوە لەشی لەناوچووتان زیندوو دەکاتەوە بەهۆی ڕۆحیەوە کە تیاتان نیشتەجێیە.

[12]کەواتە ئەی برایان ئێمە قەرزارین، بەڵام قەرزاری لەش نین، تا بەپێی لەش بژین. [13]گەر ئێوە بەپێی لەش بژین دەمرن، بەڵام گەر بەڕۆح کردارەکانی لەشتان ماراند ئەوسا دەژین. [14]چونکە هەموو ئەوانەی ڕۆحی خودا ڕابەرایەتیان دەکات، ڕۆڵەی خودان. [15]ئێوە ڕۆحی کۆیلەییتان وەرنەگرتووە، تاوەکو بترسن، بەڵکو ڕۆحی ڕۆڵەییتان وەرگرتووە، کە بەهۆیەوە هاوار دەکەین: (بابە! باوکە!) [16]ئەو ڕۆحە خۆی شایەتی دەدا لەگەڵ ڕۆحمان ئێمە ڕۆڵەی خوداین. [17]جا گەر ڕۆڵە بین، میراتگریشین، بەواتای میراتگری خوداو بەشداری میراتی مەسیح، گەر ئێستا بەشداری ئەو بکەین لەئازارکێشان، بۆ ئەوەیە بەشداری لەشکۆمەندیەکەشی بکەین.

شکۆو مەزنی داهاتوو

[18]من دڵنیام ئازاری ئێستا هیچ

نیـیه گـەر بەراورد بکرێ لەگەڵ ئەو شـکۆمەندیەی لـەداهـاتوو پـێمان ڕادەگەیـــنرێ. [19]لەبەرئـــــەوە دروستکراو بەپەرۆشـەوە چـاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکات کە خودا ڕۆڵەکانی دەستنیشـان بکـات. [20]ملکەچـی دروسـتکراو بـۆ شـتی هـیچوپـووچ بـەئـارەزووی خـۆی نـەبوو، بـەڵکو بەخواستی ئەوە بوو کە ملی پێکەچ کـرد، بەهیوای ئەوەی [21]دروستکراو لەکۆیلەیەتی گەندەڵی ئازاد بێ بەرەو ئـەو سەربەسـتییە شـکۆدارەی بـۆ ڕۆڵەکانی خودایە.

[22]ئـــێمە دەزانـــین هـــەموو دروسـتکراو تـاوەکو ئێستا دەنالێنێ وەك ئـەوەی ژانـیان گرتـبێ. [23]تەنها ئەمە نا، بەڵکو ئێمەش کە پێشەبەرەی ڕۆحـی پیرۆزمـان هەیە، بە پەرۆشەوە چـاوەڕێی ئـەوە دەکـەین خـودا ئێمە بـەمـندالّی خـۆی دابـنێ، لـەشمـان بـەخوێن بکڕێتەوە. [24]ئێمە بەئاواتەوە ڕزگارمـان بـوو. بـەڵام ئاواتی بینراو ئـاوات نییە، جا چۆن ئاوات بەشتێك دەخـوازرێ لـــەبەردەسـتدایـە؟ [25] بـەڵام گـــەر ئـێمە ئـاواتی شـتێك بخـــوازین کـــە لەبەردەستمان نییە، ئەوسـا بـەدان بەخۆگرتنەوە چاوەڕێی دەکەین.

[26]هـــەروەها ڕۆحـــی پیرۆزیـــش یارمـەتی بـێ هێزیمان دەدات. چونکە ئـێمـە نـازانین بەچ شێوەیەك پێویستە نوێژ بکەین، بەڵام ڕۆحی پیرۆز خۆی بۆمـــان دەپارێـــتەوە لای خـــودا بەشـێوەیەك بەدەم باس ناکرێ. [27]جا خـودا ئەوەی دڵ دەپشـکنێ، دەزانێ بیرکـردنەوەی ڕۆحـی پـیرۆز چـییە، ئـەو خـــۆی دەپارێـتەوە بـۆ بـرا پیرۆزەکـان، بەپێی خواستی خودا.

[28]ئێمە دەزانین لە هەموو شتێکدا خـودا لـەپێناوی خێرو چاکەی ئەوانە کاردەکـات کـە خۆشـیان دەوێ، ئەوانـەی بەپێی مەبەستی خۆی بانگی کردوون. [29]ئەوانەی لەپێشا ناسیانی، لـەپێشـا دیاریکـردن، تا وەك وێنەی ڕۆڵەکەی ئەویان لێبێت، تا عیسا ببێ بـە نۆبـەرە لـەنـێو خوشـك‌و بـرایانی زۆر. [30]ئەوانەی لەپێشا دیاریکردن، بانگیکـردن، ئەوانـەی بـانگیکردن بـێتاوانیکـردن، ئەوانـەی بێتاوانی کردن، شکۆداری کردن.

[31]دوای ئەمـە، ئـیتر چـی بڵێین؟ گـەر خودا لەگەڵمان بێت، ئیتر کێ دژمانە؟ [32]ئەوەی دەستی بەڕۆڵەکەی خـۆی نەگـرت، بـەڵکو لـەپێـناوی

هەموان پێشکەشی کرد، ئیتر چۆن لەگەڵ ئەو هەموو شتێکمان ناداتی؟ 33جا کێ دەتوانێ تاوان بخاتە پاڵ هەڵبژێرراوانی خودا؟ ئەوەی بێتاوان دەکات خودایە. 34هەروەها کێ دەتوانێ تاوانباریان بکات؟ عیسای مەسیح نییە ئەوەی لەپێناوی ئەواندا مرد، بەڵکو لەمەش زیاتر ئەو بوو لەناو مردووان هەستایەوەو لەلای دەستە ڕاستی خودا دانیشت، هەر ئەویش نییە نوێنەری ئێمەیەو بۆمان دەپارێتەوە؟ 35ئیتر کێ دەتوانێ لەخۆشەویستی مەسیح جیامان بکاتەوە؟ ناخۆشی و تەنگانە یاخود چەوسانەوەو برسێتی و ڕووتی و ترس و شمشێر؟ 36هەروەك لەکتێبی پیرۆزدا نووسراوە: {وەك مەڕێك بیانەوێ سەری ببڕن، بەهۆی تۆوە هەموو ڕۆژێك ڕووبەڕووی کوشتن دەبینەوە!} 37بەڵام ئێمە لەهەموو ئەم شتانە لەسەرکەوتووان مەزنترین بەهۆی ئەوەی ئێمەی خۆش دەوێ. 38من دڵنیام نەمردنو نەژیان، نەفریشتەکانو نەسەرۆکەکانی ڕۆحە بەدکارەکان، نەشتەکانی ئێستاو نەشتەکانی داهاتوو، نەهێزەکان، 39نەبەرزی و نزمی، نەهیچ شتێك لەهەموو دروستکراوان، ناتوانێ جیامان بکاتەوە لەخۆشەویستی خودا، ئەوەی لەعیسای مەسیحی خوداوەندمانە.

ئایا ووشەی خودا نایەتەدی؟

9 من لەمەسیح ڕاستی دەڵێمو درۆ ناکەم، ڕۆحی پیرۆزیش شایەتی ویژدانمە، 2کە زۆر دڵتەنگمو لەدڵم ئازارێکی بێبڕانەوە هەیە، 3چونکە هیوام دەخواست خۆم نەفرەتم لێ بکرایەو لەمەسیح بێبەش بوومایە لەپێناوی خوشکو برایانم، ئەوانەی لەڕەگەزی منن بەپێی لەش. 4ئەوانە ئیسرائیلیەکانن، ڕۆڵەیەتی و شکۆمەندی و پەیمانەکانو وەرگرتنی شەریعەت و خواپەرستی و بەڵێنەکان بۆ ئەوانە، 5هەروەها باوباپیران دەگەڕێنەوە بۆ ئەوان، مەسیحیش بەپێی لەش لەوان پەیدا بووە، خودایە بەسەر هەموو شتێك، پیرۆزە تاهەتایە! ئامین.

6مەبەست ئەوە نییە ووشەی خودا نایەتەدی. چونکە هەموو ئەوانەی نەوەی ئیسرائیلن،

ئیسرائیلی نین، [7]هەروەها هەموو
ئەوانەی نەوەی ئیبراهیمن ڕۆڵەی
نین، بەڵکو هەروەك لەکتێبی پیرۆزدا
نووسراوە: {بەهۆی ئیسحاق
نەوەکەت ناودەبرێ.} [8]مەبەست
لەمەش ئەوەیە: ئەوانەی ڕۆڵەی
لەشن ڕۆڵەی خودا نین، بەڵکو تەنها
ڕۆڵەکانی بەڵێن بەنەوەی ئیبراهیم
دادەنرێن. [9]دەقی بەڵێنەکەش ئەمەیە:
{لەکاتی دیاریکراو دەگەڕێمەوە،
ساراش کوڕێکی دەبێ.} [10]بەڵام
بەتەنها ئەمە نا، بەڵکو ڕِفقەش
لەیەکێك سکی بوو کە ئیسحاقی
باوکمانە، [11]هێشتا دوو کوڕەکە
لەدایك نەبوو بوونو چاکەو
خراپەیان نەکردبوو، ئەمەش تا
مەبەستی خودا لەهەڵبژاردن بمێنێتەوە،
نەك لەسەر بناغەی کردار، بەڵکو
لەسەر بناغەی بانگکردن، [12]لەلایەن
خوداوە پێی ووترا: {کوڕی گەورە
خزمەتی کوڕی بچووك دەکات}، [13]
هەروەك نووسراوە: {یاقوبم
خۆشویست، بەڵام ڕِقم لەعیسو بوو.
}

بەزەیی خودا

[14]کەواتە، چی بڵێین؟ ئایا خودا
زۆرداره؟ نەخێر! [15]چونکە خودا
بەموسای ووت: {بەزەییم دێتەوە
بەوەی دەمەوێ بەزەییم پێبێتەوە،
دڵنەوایی ئەوە دەکەم کە دەمەوێ
دڵنەوایی بکەم.} [16]کەواتە، شتەکە
پشت بەئارەزوو و هەوڵدانی مرۆڤ
نابەستێ، بەڵکو تەنها پشت بە
بەزەیی خودا دەبەستێ. [17]جا کتێبی
پیرۆز بە فیرعەون دەڵێ: {تۆم
بەرزکردەوە تاوەکو توانای خۆم
لەتۆدا دەرخەمو ناوم لەهەموو
زەوی بلاوبێتەوە.} [18]کەواتە خودا
بەزەیی بەو کەسە دێتەوە کە خۆی
دەیەوێ، دڵی ئەو کەسە ڕِەق دەکات
کە خۆی دەیەوێ.

[19]یەکێکتان پێم دەڵێ: (ئیتر
بۆچی خودا سەرزەنشتمان دەکات؟
چونکە کێ دەتوانێ دژی خواستی
ڕاوەستێ؟) [20] تۆ کێیت ئەی مرۆڤ
هەتا وەڵامی خودا بدەیتەوە؟ ئایا
شتێکی دروستکراو
بەدروستکەرەکەی دەڵێ: بۆچی وا
دروستت کردووم؟ [21]ئایا
گۆزەدروستکەر دەسەڵاتی بەسەر قوڕ
نییە تا لەهەمان قوڕ گۆزەیەك بۆ
مەبەستی ڕِێزو گۆزەیەك بۆ مەبەستی
سووك دروست بکات؟

[22]کەواتە چییە ئەگەر خودا بیەوێ تووڕەیی دەربخاو توانای خۆی ئاشکرا بکا، بەهەموو دان بەخۆداگرتنێکەوە بەرگەی جامی تووڕەی خۆی کە ئامادەیە بۆ لەناوبردن بگرێ؟ [23]ئەگەر ئەمەی کرد تا دەوڵەمەندی شکۆی خۆی ئاشکرا بکات لە جامی بەزەیی خۆیدا کە لەپێشەوە ئامادەی کرد بوو بۆ شکۆمەندی، [24]ئەوەی ئێمەش بانگکراوین بۆی، نەك تەنها لەجوولەکەکان بەڵکو لەمیللەتانیش؟ [25]هەروەك چۆن خودا بەهۆی هۆشەعی پێغەمبەری خۆی دەڵێ: {دەمەوێ ئەو گەلە بانگ بکەم وەك گەلی خۆم کە گەلی من نین، هەروەها ئەوە بکەم بە خۆشەویستی خۆم کە خۆشەویست نییە.} [26]جا لەکوێ بەوان ووترا: {ئێوە گەلی من نین، ئەوسا ئەوان لەوێ بەڕۆڵەی خودای زیندوو ناودەبرێن.} [27]بەڵام ئەشعیا هاوار دەکاتو دەربارەی ئیسرائیل دەڵێ: {گەر ژمارەی ڕۆڵەکانی ئیسرائیل بەقەدەر لمی دەریا بێ، تەنها ژمارەیەکی کەم ڕزگاریان دەبێ، [28]چونکە خوداوەند حوکمی خۆی بەدادپەروەری و بەخێرایی بەسەر زەویدا دەهێنێ.} [29]ئیتر چۆن ئەشعیا لەپێشا ووتویەتی: {گەر خوداوەندی دەسەلاتدار نەوەی بۆ نەهێشتباینەوە، وەك سەدوم و عەمورەمان لێدەهات.}

[30]کەواتە کورتەی ئەم قسانە چییە؟ ئەو میللەتانەی بەدوای ڕاستودروستی نەگەڕان، ڕاستودروستیان بەدەستهێنا بەهۆی باوەڕ. [31]کەچی ئیسرائیلیەکان، هەرچەندە دوای ئەو ڕاستودروستییە کەوتبوون ئەوەی لەشەریعەتەوە بوو، بەڵام نەیانتوانی بەدەستیبهێنن. [32]بۆچی؟ چونکە هەوڵدانەکەیان لەسەر بناغەی باوەڕ نەبوو، بەڵکو لەسەر بناغەی کردار بوو. ئەوسا بەبەردی کۆسپ پێیان هەڵکەوت، [33]هەروەك چۆن کتێبی پیرۆز دەڵێ: {ئەوەتا من لەشاری داود* بەردی کۆسپ و بەردی کەوتن دادەنێم، بەڵام ئەوەی باوەڕی پێدەهێنێ شەرمەزار نابێ.}

10

ئەی برایان، ئاواتی دڵم و نوێژەکانم بۆ خودا لەپێناوی ڕزگاربوونی

ئەوانە. [2]شایەتیان بۆ دەدەم ئەوان دڵگەرمن بۆ خودا، بەڵام بەزانینەوە نا. [3]جا چونکە ڕاستودروستی خودایان نەدەزانی، ئیتر هەوڵی ڕاستودروستی خۆیاندا بەڕێگای تایبەتی خۆیان، ئەوسا ملکەچ نەبوون بۆ ڕاستودروستی خودا. [4]چونکە شەریعەت بەمەسیح تەواو بوو بۆ ڕاستودروستی هەموو ئەوانەی باوەڕی پێدەهێنن.

ڕزگاری بۆ هەموان

[5]موسا دەربارەی ئەو ڕاستودروستیەی بەپێی شەریعەتە نووسیویەتی: {هەر کەسێك ئەمانە بکات، پێی دەژی.} [6]بەڵام ئەو ڕاستودروستیەی لەباوەڕەوە دەڵێ، لەدڵتدا مەڵێ: {کێ سەردەکەوێ بۆ ئاسمان؟} تا مەسیح بهێنێتە خوارەوە، [7]یاخود: {کێ دادەبەزێ بۆ ناو بیری بێبن؟} هەتا مەسیح لەناو مردووان بهێنێتە دەرەوە. [8]بەڵام چی دەڵێ؟ {ووشەی خودات لێنزیکە، لەسەر لێوانتەو لەدڵتدایە}، ئەم ووشەیەش ئەو ووشەی باوەڕەیە کە بڵاوی‌دەکەینەوە. [9]چونکە گەر بەدەم دانت پیانا عیسا خوداوەندە، هەروەها لەدڵەوە باوەڕت هێنا خودا لەناو مردووان زیندووی کردووەتەوە، ئەوسا ڕزگارت دەبێ. [10]چونکە بەدڵ باوەڕهێنان بەرەو ڕاستودروستیت دەبات، دانپیانان بەدەم بەرەو ڕزگاربوونت دەبات. [11]چونکە کتێبی پیرۆز دەڵێ: {هەر کەسێك باوەڕی پێ بهێنێ، شەرمەزار نابێ.} [12]چونکە جیاوازی نیە لەنێوان جوولەکەو یۆنانی، لەبەرئەوەی هەمان خوداوەند بۆ هەمووانە، ئەویش لەدەوڵەمەندی خۆی دەڕژێنێ بەسەر ئەوانەی هاواری بۆ دەبەن. [13]چونکە {هەر کەسێك بەناوی خوداوەندەوە بانگ بکات ڕزگاری دەبێت.}

[14]بەڵام چۆن هاواری بۆ دەبەن گەر باوەڕی پێنەکەن؟ هەروەها چۆن باوەڕ دەکەن بەیەکێك گەر ناویان نەبیستبێ، کەواتە چۆن ناوی ئەو دەبیستن بێ مزگێنی‌دەر؟ [15]هەروەها چۆن مزگێنی دەدەن گەر نەنێررابن؟ هەروەك لەکتێبی پیرۆزدا نووسراوە: {چەند جوانە پێیەکانی ئەوانەی مزگێنی‌دەدەن!}

[16]بەڵام هەموویان گوێرایەڵی

مزگێنی نەبوون. چونکە ئەشعیا دەڵێ: {خوداوەند، کێ باوەڕی
دەکات بەو هەواڵەی لەئێمە
بیستیان؟} [17]کەواتە باوەڕ بەهۆی
بیستن پەیدا دەبێ، بیستنیش
لەڕاگەیاندنی ووشەکانی مەسیح
دێت. [18]من پرسیار دەکەم: ئایا ئەوان
گوێیان لێنەبوو؟ بێگومان گوێیان
لێبوو، {دەنگیان بەهەموو زەوی
گەیشتو ووشەکانیان بەوپەڕی
جیهان.} [19]دیسان دەپرسم: ئایا
نەوەی ئیسرائیل تێنەگەیشتن؟ کە
یەکەم جار موسا ووتی: {من واتان لێ
دەکەم حەسودی ببەن بەوانەی گەل
نین، بە گەلێکی نەزان تورەتان
دەکەم.} [20]هەروەها ئەشعیا
بەچاونەترسیەوە دەڵێ: {دۆزرامەوە
لەلایەن ئەوانەی بەدوامدا
نەدەگەڕان، هەروەها بۆ ئەوانەی
لەمنیان نەدەپرسیەوە دەرکەوتم.} [21]
بەڵام دەربارەی ئیسرائیل دەڵێ: {
بەدرێژایی ڕۆژ دەستم بۆ گەلێکی
یاخیبووی بەربەرەکانی کەر ڕاکێشا.
}

ئینجا پرسیار دەکەم: ئایا خودا
گەلەکەی خۆی ڕەتکردەوە؟
نەخێر شتێوا نیە! منیش
ئیسرائیلیم، لەنەوەی ئیبراهیم
لەتیرەی بنیامینم. [2]خودا گەلەکەی
ڕەتناکاتەوە کە لەپێشا ناسیویەتی.
ئایا نازانن کتێبی پیرۆز دەربارەی
ئەلیاس پێغەمبەر دەڵێ چی؟ کاتێ
شکاتی لەجوولەکەکان کرد لەلای
خوداو ووتی: [3]{ئەی خوداوەند،
جوولەکەکان پێغەمبەرەکانی تۆیان
کوشت، هەروەها قوربانگاکانی
تۆیان ڕووخاند، من بەتەنها
ماومەتەوە، دەیانەوێ بمکوژن.} [4]
بەڵام دەنگی خودا چۆن وەڵامی
دایەوە؟ {حەوت هەزار پیاوم بۆ خۆم
هێشتۆتەوە ئەوانەی چۆکیان نەداوە
بۆ بتی بەعل.} [5]ئێستاش هەروایە
بەهۆی بەرەکەتەوە بەشێك
هەڵبژێرراون تا بمێننەوە. [6]بەڵام گەر
ئەمە بەبەرەکەت بووبێ، ئیتر
بەکرداری خۆمان نییە، ئەگینا
بەرەکەت، بەرەکەت نییە. [7]کەواتە
دوای ئەمە چی؟ ئەوەی ئیسرائیل
هەوڵی بۆ دەدا دەستی نەکەوت،
بەڵکو هەڵبژێرراوان دەستیانکەوت،
بەڵام ئەوانی دیکە دڵیان ڕەق ببوو، [8]

ئایا خودا گەلەکەی ڕەتکردەوە؟
11

هەروەك لەكتێبی پیرۆز نووسراوە: { خودا هەتا ئەمڕۆ ڕۆحی سستی داونەتێ، چاوی داونەتێ پێی نەبینن و گوێی داونەتێ پێی نەبیستن، هەتا ئەمڕۆش.} [9]هەروەها داود دەڵێ: {با خوانەکەیان تەڵەو داو بێت بۆیان، ببێت بەکۆسپ و سزا بۆیان. [10]با بەرچاویان تاریك بێ تا نەبینن، هەمیشە پشتیان چەماوە بێت تاهەتایە. }

ڕزگاربوونی ناجوولەکەکان

[11]بۆیە دەپرسم: ئایا جوولەکەکان قاچیان هەڵخلیسکا بۆ ئەوەی بکەون؟ نەخێر بەهیچ جۆرێ! بەڵکو بەیاخیبوونیان ڕزگاری هاتەکایەوە بۆ میللەتان ﴿ناجوولەکەکان﴾، تاکو حەسوودی ئیسرائیل دابگرێ. [12]جا گەر یاخیبوونیان دەوڵەمەندی بێ بۆ جیهان، کەوتنیان دەوڵەمەندی بۆ میللەتان، ئەی ژمارەی تەواویان چەند دەوڵەمەندی زیاتر دەهێنێ؟ [13]ئێستا من بەمیللەتان دەڵێم: چونکە من بۆ میللەتان نێرراوم ، شانازی بەخزمەتەکەم دەکەم، [14]تا ڕۆڵەکانی نەتەوەکەم حەسوودی بیانگرێ و هەندێکیان ڕزگار بکەم. [15]چونکە گەر هاتوو ڕەتکردنەوەیان هەلێك بێ بۆ ئاشتبوونەوەی جیهان، ئایا قەبوڵکردنیان لەلایەن خوداوە وەك زیندووبوونەوە نییە لەمردن؟ [16] گەر بەشی یەکەمی هەویر پیرۆز بێ، ئەوسا هەموو هەویرەکە پیرۆز دەبێ. هەروەها گەر ڕەگی درەخت پیرۆز بێ، ئەوسا لقەکانیش پیرۆزن. [17]گەر هاتوو هەندێ لقی دار زەیتونێك بڕایەوە، تۆش وەك زەیتونێکی کێوی تێایدا موتوربە کرای، ئەوسا بەمە بەشداری دەکەی لەڕەگو پیت و بەرەکەتی، [18]شانازی مەکە بەسەر لقە بڕاوەکان. گەر هاتوو شانازیت کرد بەخۆتەوە، ئەوسا دەبێ بزانی کە تۆ ڕەگی درەختەکەت هەڵ نەگرتووە، بەڵکو ئەوە تۆی هەڵگرتووە. [19]گەر بڵێی: (ئەو لقانە بڕاونەتەوە تاکو من موتوربە بکرێم.) [20]ئەمە ڕاستە. ئەوان بڕانەوە بەهۆی بێباوەڕییان، بەڵام تۆ بەهۆی باوەڕ جێگیر بووی. لەخۆبایی مەبە، بەڵکو بترسە. [21]گەر خودا لقی بنەڕەتی درەختەکە نەهێڵێتەوە ئەوسا تۆش ناهێڵێتەوە. [22]بۆیە دڵنەرمیو تۆندی خودا لەبەرچاو بگرە: تۆندییەکەی

بـۆ ئـەو کەسـانەیە کە کەوتن، بەڵام دڵنەرمیـیەکەی بـۆ تۆیـە، ئەگـەر لەدڵـنەرمی جێگیر بیت، ئەگینا تۆش وەك ئـەو لقانە دەبڕێتەوە. [23]دیسان جوولەکەکانیش، گەر بەردەوام نەبن لەسـەر بێباوەریـیان، موتوربـە دەکـرێن، چـونکە خـودا توانـای ئـەوەی هەیە جارێکی کە موتوربەیان بکـات. [24]چـونکە گـەر تـۆ لـەدار زەیتونـێکی کـێوی بڕابیـتەوە، بەپێچـەوانەی سروشـتەوە لـەدار زەیتونێکی چاك موتوربە کرای، ئاخۆ دەبـێ چـەند ئاسـانتر بێ بۆ ئەوانەی خۆیـان سەر بەدار زەیتونە چاکەکەن هەتا تیایدا موتوربە بکرێن.

بەزەیی خودا بۆ هەمووانە

[25]ئـەی بـرایان، من نامەوێ ئێوە ئـەو نهێنییە نەزانن، هەتا خۆتان بەدانا نـەزانن لەبۆچـوونتان، ئەویش ئەوەیە کـە بەشـێك لەئیسـرائیل دڵیان ڕەق بـوو، تـا تـەواوی ژمـارەی میللەتان دێـن، [26]ئـینتر بـەم شـێوەیە هـەموو ئیسرائیل ڕزگاری دەبێ، بەپێی ئەوەی لـە کتێـبی پـیرۆزدا نووسـراوە: {لـەشـاری داودەوە ڕزگارکەر دێت، خوانەناسی ناهێلێ لە ناو یاقوب. [27]ئەمـەش پەیمانگـە لەگەڵـیان، کـاتێ گونـاهەکانـیان دەسـڕمەوە.} [28]جوولەکـەکان بەگوێـرەی مزگێـنی دوژمـنن لەپێـناوی ئـێوەدا، بـەڵام بەگوێـرەی هەڵـبژاردن خۆشەویستن لەپێـناوی باوباپیران، [29]چونکە خودا هەرگـیز لەبەخشـینو بـانگ کردنی خـۆی پاشـگەز نابێـتەوە. [30]جا چۆن ئـێوە لـەپێشـا لـەخـودا یاخیبوونو ئێستا خـودا بـەزەیی پێـتانهاتـەوە بەهۆی یاخیبوونی ئەوان، [31]بەهەمان شـێوە ئەوانـیش ئێسـتا لـەخـودا یـاخیبوون، تـا بـەزەیی پێـیان بێتەوە وەك بـەزەیی بەئێوە هاتەوە. [32]چونکە خـودا هـەموو مرۆڤی لە یاخیبووندا بەندکـرد هـەتا بـەزەیی بە هەموویان بێتەوە.

[33]ئای چەند قوڵـە دەوڵـەمەندیو دانـایی‌و زانـیاری خـودا! هـەروەها چـەند دوورە پشکنینی حوکمەکانیو تێگەیشتنی ڕێگاکانی!

[34]{چـونکە کـێ لـەبیرورای خوداوەنـدی زانـی؟ یـاخود کـێ تەگبیرکەری‌بوو؟}

[35]{یـاخود کـێ شـتێکی پێبەخشیوە هەتا بیداتەوە؟}

[36]چـونکە هەموو شتێك لەئەوەو

بەهۆی ئەوەو بۆ ئەو دەبێ. بۆ ئەوە شکۆمەندی تاهەتایە. ئامین.

قوربانیەکی زیندوو

12 بۆیە ئەی برایان، لەبەر بەزەیی خودا، داواتان لێدەکەم لەشتان پێشکەش بکەن وەك قوربانیەکی زیندوو، پاك‌وپیرۆز، پەسەندکراو لەلایەن خوداوە، ئەمەش پەرستنی ڕاستو ڕۆحی ئێوەیە. [2]خۆتان لەگەڵ جیهان ڕامەهێنن، بەڵکو بگۆڕێن بەتازەکردنەوەی بیرتان، تا بتوانن خواستی خودا تێبگەن، کە باش‌و پەسەندکراو و تەواوە.

[3]بەو بەرەکەتەی خودا داویەتی بەمن بەهەر یەکێکتان دەڵێم: کەستان زیاتر نرخ بۆ خۆی دانەنێ لەوەی بۆی دانراوە، بەڵکو ووریا بن، بەگوێرەی ئەو بەشە باوەڕەی خودا بۆ هەر یەکێکتانی داناوە نرخ بۆ خۆتان دابنێن. [4]هەروەك لە لەشمان چەند ئەندامێك هەیە، بەڵام هەموو ئەم ئەندامانە یەك کاریان نیە، [5] بەهەمان شێوە ئێمە هەمومان یەك لەشین لەمەسیح، ئیتر هەمومان ئەندامی یەکترین. [6]بەڵام بەهەرەی جیاوازمان هەیە بەپێی ئەو بەرەکەتەی پێمان دراوە، ئەگەر قسەکردنە بەووشەی خودا، با بەگوێرەی ڕێژەی باوەڕ بێ، [7]هەروەها کێ خزمەتکردنی هەیە با خزمەت بکات، یا کێ فێرکردنی هەیە، با فێر بکات، [8]یان کێ هاندانی هەیە، با هانبدات، یان بەخشینی هەیە، با بەدڵفراوانی ببەخشێ، یان ڕابەرایەتی‌کردنی هەیە با بەدڵگەرمی بێ، یا بەزەیی هەیە بابەدڵخۆشی بیکات. [9]با خۆشەویستیتان بە دووڕوویی نەبێ. ڕقتان لەخراپە بێ‌و لایەنی چاکە بگرن. [10]یەکتریتان خۆشبوێ بەخۆشەویستیەکی خوشك‌و برایانە، بەڕۆشبن بۆ ڕێزگرتن لەیەکتری. [11]سست مەبن لەچالاکی، دڵگەرم بن لەڕۆح، خزمەتی خوداوەند بکەن. [12]دڵشادبن لەهیوا، دانبگرن بەخۆتان لەتەنگانە، بەردەوام بن لەنوێژکردن، [13]بەشداری بکەن لەپێویستی برا پیرۆزەکان، میوانداری خوشك‌و برا نامۆکان بکەن.

[14]داوای پیرۆزی بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە. داوای پیرۆزی بکەن‌و نەفرەت مەکەن. [15] دڵشادبن لەگەڵ ئەوانەی دڵیان

خۆشە، بگرین لەگەڵ ئەوانەی دەگرین. [16]لەگەڵ یەکتری ڕێک بکەون، شانازی مەکەن، بەڵکو تێکەڵاوی پایەنزمەکان بن. لووتبەرز مەبن. [17]پاداشتی خراپەی یەکێك مەدەنەوە بەخراپە، هەوڵبدەن چی چاکە ئەوە بکەن لەبەردەمی هەموو خەڵك. [18]گەر بێ بەپێی تواناتان لەگەڵ هەموو خەڵك بە ئاشتی بژین. [19]خۆتان تۆڵەمەستێنن ئەی خۆشەویستان، بەڵکو ڕێبدەن بەتووڕەیی خودا، چونکە نووسراوە: {خوداوەند دەڵێ، تۆڵەسەندن هی منە، منم پاداشت دەدەمەوە.} [20] بەڵام: {گەر دوژمنەکەت برسیبوو نانی بدەرێ، گەر تینووی بوو ئاوی بدەرێ. جا تۆ بەم کارە پشکۆی داگیرساو لەسەری کۆدەکەیتەوە.} [21]ئیتر مەهێڵە خراپە بەسەرتدا زاڵبێت، بەڵکو بەچاکە سەرکەوە بەسەر خراپە.

ملکەچی بۆ دەسەلاتداران

13

پێویستە لەسەر هەموو کەسێك ملکەچی دەسەلاتداران بێ. چونکە هیچ دەسەلاتێك نییە لەلایەن خوداوە نەبێ، جا ئەو دەسەلاتانەی هەیە لەلایەن خوداوە دانراوە. [2]ئیتر ئەوەی بەربەرەکانی دەسەلاتە دەکات، بەربەرەکانی دانراوی خودا دەکات، ئەوانەی بەربەرەکانی دەکەن حوکمدان بەسەر خۆیان دەهێنن. [3] ئەوەی چاکە دەکات، ناترسێ لە لێپرسراوان، بەڵکو ئەوەی خراپە دەکات. کەواتە گەر حەز دەکەی لەدەسەلاتدار نەترسی؟ ئەوەی چاکە بیکە، ئەوسا ستایشی ئەو بەدەست دەهێنی، [4]چونکە دەسەلاتدار خزمەتکاری خودایە تا چاکەت لەگەڵ بکات. بەڵام بترسە گەر خراپەت کرد، چونکە دەسەلاتدار شمشێر بەخۆڕایی هەڵناگرێ، ئەو خزمەتکاری خودایە تا تووڕەیی ئەو بەسەر خراپەکاران بهێنێتە خوارەوە. [5]بۆیە پێویستە ملکەچی دەسەلات بن، نەك لەبەر تووڕەیی، بەڵکو لەپێناوی ویژدانیش. [6]هەر لەبەر ئەمەشە باج دەدەن، چونکە لێپرسراوان خزمەتکاری خودان کە بەردەوامن لەسەر ئەم کارە. [7]هەر کەسێك مافی خۆی بدەرێ: باج بەخاوەن باج، سەرانە بەخاوەن سەرانە، ڕێز بەخاوەن ڕێز، ئابڕوو

بەخاوەن ئابڕوو.

خۆشەویستی برایانە

8 با هیچ قەرزێکتان بەسەروە نەبێ جگە لەوەی یەکتریتان خۆش بوێ، ئەوەی نزیکەکەی خۆش بوێ ئەوا شەریعەتی تەواو کردووە، 9 چونکە ئەو ڕاسپاردانەی دەڵێ: {داوێن پیسی‌مەکە، مەکوژە، مەدزە، شایەتی درۆ مەدە، ئارەزووی خراپ مەکە.} هەروەها ڕاسپاردەکانی دیکە، لەم ڕاسپاردەیەدا کۆدەبنەوە: {ئەوەی لێت نزیکە وەک خۆت خۆشت بوێ.} 10 ئەوەی نزیکەکەی خۆش بوێ خراپە بەرامبەری ناکات، ئیتر بەم شێوەیە خۆشەویستی دەبێتە تەواوکەری هەموو شەریعەت. 11 جگە لەوەش ئێوە دەزانن ئێمە لەچ کاتێك دایین، کاتی ئەوەتان هاتووە لەخەو هەستن، ئێستا ڕزگاری لێمان نزیکترە لەو ڕۆژەی باوەڕمان هێنا. 12 خەریکە وا شەو تەواو دەبێ ڕۆژ هەڵدێت. با واز لەکرداری تاریکی بهێنین و چەکی ڕووناکی هەڵگرین. 13 با بەشێوەیەك ڕەفتار بکەین بگونجێ لەگەڵ ڕۆژ، نەك بە وورگ پڕکردن و سەرخۆشی، بەڕەڵاڵیی و خراپەکاری، دوژمنایەتی و چاوپیسی. 14 بەڵکو عیسای مەسیحی خوداوەند لەبەر بکەن، خۆتان خەریك مەکەن بەتێرکردنی ئارەزووەکانی لەش.

پێشوازی لەیەکتری بکەن

14 ئەوەی لەناوتان باوەڕی لاوازبوو، پێشوازی لێبکەن بێئەوەی لەسەر بیروڕا حوکمی بەسەر بدەن. 2 هەندێ کەس هەن لەو باوەڕەدان مافی ئەوەیان هەیە هەموو شتێك بخۆن، بەڵام ئەوەی باوەڕی لاوازە تەنها سەوزەوات دەخوات. 3 ئەوەی دەتوانێ هەموو شتێك بخوات، لەسەریەتی بەچاوی سووکەوە سەیری ئەوە نەکات کە ناخوات، هەروەها ئەوەی لەهەموو شتێك ناخوات ئەو کەسە تاوانبار نەکات کە لەهەموو شتێك دەخوات، چونکە خودا پەسەندی کردووە. 4 تۆ کێی تا حوکم بدەی بەسەر خزمەتکاری یەکێکی دیکە؟ لەبەر چاوی گەورەکەی خۆی بکەوێ یاخود بمێنێتەوە، بەڵام دەمێنێتەوە، چونکە خوداوەند توانای مانەوەی ئەوی

هەیە. [5]یەکێك هەیە ڕۆژێکی لەڕۆژێکی تر بە پیرۆزتر دادەنێ، یەکێکی تریش هەموو ڕۆژەکان بەیەك چاو سەیر دەکات، کەواتە با هەر یەکە لەبیروڕای خۆی دڵنیابێت. [6]چونکە ئەوەی ڕۆژێك بەتایبەت دابنێ، بەتایبەتی دادەنێت وەك ڕێزێك بۆ خوداوەند. هەروەها ئەوەی هەموو شتێك دەخوات، ئەوەش وەك ڕێزە بۆ خوداوەند، چونکە سوپاسی خوداش دەکات، ئەوەش هەموو شتێك ناخوات، ناخوات وەك ڕێزێك بۆ خوداوەندو سوپاس کردنی خودا. [7]کەسمان لەپێناوی خۆمان ناژین، کەسیشمان بۆ خۆی نامرێ. [8]گەر بژین لەپێناوی خوداوەند دەژین، گەر بشمرین لەپێناوی خوداوەند دەمرین. کەواتە بژین یاخود بمرین، ئێمە هەر هی خوداوەندین. [9]چونکە بۆ ئەمە مەسیح مردو زیندووبووەوە تابێ بەخوداوەندی زیندووانو مردووان. [10]ئیتر چۆن براکەت تاوانبار دەکەیت؟ ئیتر چۆن ڕقت لەبراکەت دەبێتەوە؟ چونکە ئێمە هەموو بەیەکەوە دەبێ لەبەردەم دادگای خودا ڕاوەستین بۆ لێپرسینەوە، [11] هەروەك لەکتێبی پیرۆزدا نووسراوە:

{خوداوەند دەڵێ: سوێندبێ بەژیانم، دەبێ هەموو ئەژنۆیەك بۆ من چۆك بدات، دەبێ هەموو زمانێك دان بەخودا بنێت.} [12]کەواتە، هەریەك لەئێمە لەبارەی خۆیەوە لێپرسینەوەی هەیە لەبەردەم خودا.

لێپرسراوین بەرامبەر بەیەکتری

[13]با واز لەحوکمدانی یەکتری بهێنین، بەڵکو باشتر بڕیارێك بدەین کەس نەبێتە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم براکەی. [14]من دەزانم، هەروەها دڵنیام لەعیسای خوداوەند، هیچ شتێك لەخۆیدا گلاۆ نییە، بەڵکو گەر یەکێك شتێك بەگلاۆ بزانێ، ئەوە لەبەر چاوی خۆی گلاۆە. [15]گەر هاتوو بەهۆی خۆراکتەوە بوویتە هۆی دڵتەنگی براکەت، ئیتر تۆ بەگوێرەی خۆشەویستی نارۆیت. جا ئەوەی مەسیح لەپێناوی مردووە بەخۆراکت لەناوی مەبە. [16]مەهێڵە شتە باشەکانت خەڵکی بە خراپە باسی بکات، [17]چونکە پادشاهێتی خودا بەخواردنو خواردنەوە نییە، بەڵکو ڕاستودروستیو ئاشتیو خۆشیە لەڕۆحی پیرۆز. [18]جا ئەوەی بەم

شـێوەیە خـزمەتی مەسـیح بکـات، لـەلایـەن خـودا پەسـەندکراوە، جێی ڕەزامـەندی خەڵکـیش دەبێـت. [19] کەواتـە بـا تێکۆشـین بەدوای ئەوەی بـەرەو ئاشـتیو بنـیادنانی یـەکتر‌مان دەبـات. [20]کاری خودا وێران مەکە بـەهۆی خـۆراك. ڕاسـتە هـەموو خۆراکـێك پاکە، بەڵام شتێك خراپە بـیخۆی گەر ببێتە کۆسپ لـەڕێگای بـراکەت. [21]ئـیتر باشـترە گۆشـت نەخۆیـتو شـەراب نەخۆیـتەوە، هـەروەها کـارێك نەکەیـت ببێـتە کۆسـپ لـەڕێگای بـراکەت. [22]ئەو بـاوەڕەی هەتـە، بـا لـەنێوان خۆتو خـودا بێ. خۆزگەدەخوازرێ بەوەی خـۆی تاوانـبار ناکـات کاتێ شتێك دەکـات بەچـاکی دەزانـێ. [23]بـەڵام گـەر یەکـێك گومـانی هەبێ لـەوەی دەیخـوات، حوکمـی بەسـەر دەدرێ، چونکە ئەوە ناکات بەباوەڕەوە، بۆیە هەر شتێك بەباوەڕ نەبێ گوناهە.

مەسیح نموونەیە بۆ ئێمە

15 بـەڵام ئـێمە کـە بەهـێزین لـەباوەڕ لـەسـەرمانە دانبگـرین بـەخۆماندا بەرامبەر بە بێهێزی باوەڕی لاوازان، هـەروەها خـەریکی ڕازی‌کـردنی خۆمـان نـەبین. [2]جـا هەریەك لەئێمە پێویسـتە نـزیکەکەی ڕازی بکات بۆ چـاکەی ئـەو، لـەپێناوی بنیادنانی. [3] تەنانـەت مەسـیحیش هـەوڵی ڕازی‌کـردنی خـۆی نـەداوە، بەڵکو بەپـێی ئـەوەی لەکتێـبی پـیرۆزدا نووسراوە: {جنێوی ئەوانەی جنێوت پـێدەدەن منیشـی گـرتەوە.} [4]جـا ئـەوەی لـەپێشـا نووسـراوە، بـۆ فـێرکردنی ئـێمە نووسـراوە، تا ئێمە بەهۆی دانبەخۆگرتنو هاندانی کتێبی پـیرۆز هـیوامان هـەبێ. [5]داواکـارم خـودای دانـبەخۆگرو هـاندەر ڕێککەوتـنی بیرورِاتـان پێبەخشـێ لـەنـێو خۆتـان بەگوێـرەی عیسـای مەسـیح، [6]تا بەیەك دڵو بەیەك دەنگ ستایشی خودا بکەین، باوکی عیسای مەسـیحی خوداوەندمان. [7]لـەبەر ئەمە پێشـوازی لـەیەکتری بکەن، هەروەك چـۆن مەسـیح پێشـوازی لێکـردین، لـەپێناوی شـکۆمەندی خـودا. [8]مـن پێـتان دەڵـێم، مەسـیح بـوو بـەخـزمەتکاری خەتەنەکراوەکان، تا ڕاسـتی خودا دەربخاتو ئەو بەڵێنەی داویـەتی بـە بـاپیران بیباتەسـەر. [9] هـەروەها تـا میللەتان ستایشی خودا

بکەن بەهۆی ئەو بەزەییەی هەیەتی، هەروەك لەکتێبی پیرۆزدا نووسراوە: {بۆیە سوپاست دەکەم لەنێو میللەتانداو گۆرانی بۆ ناوت دەڵێم} ، [10]دیسان باسکراوە: {دڵشادبن ئەی میللەتان لەگەڵ گەلی خودا}، [11]هەروەها ووتراوە: {ستایشی خوداوەند بکەن ئەی هەموو میللەتان، باهەموو گەلان ستایشی بکەن}، [12]ئەشعیاش دەڵێ: {یەکێك لەپشتی یەسا دەردەکەوێ، فەرمانڕەوایی میللەتان دەکات، ئەوەی میللەتان ئومێدیان پێیەتی.} [13]با خودای هیوا پڕتان بکات لەهەموو خۆشی و ئاشتییەك لەباوەڕدا، تاکو هیواتان زۆربێ بەهۆی توانای ڕۆحی پیرۆزەوە.

خزمەتکردنی پۆڵس

[14]ئەی برایان من لەو باوەڕەدام ئێوە پڕن لەچاکە، تەواون لەزانیاری و توانای ئامۆژگاری یەکترتان هەیە. [15] بەڵام زۆر بەچاونەترسیەوە بەهۆی ئەو بەرەکەتەی خودا پێی بەخشیوم، هەندێ شتم بۆ نووسیون تا بەبیرتان بهێنمەوە، [16]هەتا ببم بەخزمەتکاری عیسای مەسیح، دەبێ وەك کاهینێك بەمیللەتان مزگێنی خودا بدەم، هەتا قوربانی میللەتان پەسەند کراو و پیرۆزکراو بێ بەڕۆحی پیرۆز بۆ خودا.

[17]کەواتە شانازی بەعیسای مەسیح دەکەم لەخزمەتم بۆ خودا. [18] من بەخۆم ڕانابینم باسی شتێك بکەم، گەر مەسیح بەهۆی منەوە نەیکردبێ، هەتا ملکەچی میللەتان بۆ خودا بەووتەو کردار بەدەست بهێنم، [19] بەتوانای نیشانەو کاری سەرسوڕهێنەر، بەتوانای ڕۆحی پیرۆز، ئاوا توانیم لەقودسو دەورووپشتی هەتا ناوچەی ئیلریکوم، مزگێنیدانی مەسیح تەواو بکەم. [20] من پێم داگرت لەسەر ئەوەی مزگێنی ووشەی خودا بدەم، لەو شوێنەی ناوی مەسیحی تێدا نەبیسترا بوو، بۆ ئەوەی لەسەر بناغەیەك کە یەکێکی تر داینەنا دروستی نەکەم، [21] وەك لەکتێبی پیرۆز نووسراوە: { ئەوانەی کەس هەواڵی ئەوی پێ نەداون لەمەولا دەبینن، ئەوانەی دەربارەی ئەو هیچیان نەبیستووە لەمەولا تێدەگەن.}

ئارەزووی دیدەنی ڕۆما

[22]لەبەرهەمان شتیش بوو چەند
جار نەم دەتوانی بێم بۆ لاتان. [23]
بەڵام ئێستا، لەم ناوچانە شوێن نەماوە
ئیشی لێبکەم، هەروەها سالانێکی
زۆرە ئارەزووی ئەوە دەکەم بێم بۆ
لاتان، [24]کاتێ دەچم بۆ ئیسپانیا
هیوادارم بەلاتان تێپەڕمو بتانبینم،
دوای ئەوەی چێژم لەبینینتان
وەرگرت گەر بۆ ماوەیەکی کورتیش
بێ، ئومێدەوارم کاروباری چوونی
ئەوێم بۆ ئاسان بکەن. [25]بەڵام ئێستا
دەچم بۆ قودس تاخزمەتی برا
پیرۆزەکانم بکەم. [26]چونکە
باوەڕدارانی مەکدۆنیەو ئەخائیە وایان
بەباش زانی هەندێ یارمەتی
کۆبکەنەوە بۆ ئەو برا پیرۆزانەی
هەژارو دەستکورتن لەقودس. [27]
ئەوان ئەمەیان بە باش زانیو قەرزاری
ئەوان بوون، چونکە جوولەکەکان
لەشتە ڕۆحیەکان بەشداری
میللەتانیان کرد، جا پێویست بوو
لەسەر ئەوان خزمەتی جوولەکەکان
بکەن لەبارەی شتە مادییەکانەوە. [28]
دوای ئەوەی بەم کارە هەڵدەستمو
ئەو یارمەتییەیان پێشکەش دەکەم،
سەرتان لێدەدەم کاتێ بەرەو ئیسپانیا
دەڕۆم. [29]من دەزانم گەر بێم بۆ
لاتان، بەتەواوی پیرۆزی مەسیح بۆ
لاتان دێم. [30]ئەی برایان داواتان
لێدەکەم، بەناوی عیسای مەسیحی
خوداوەندو بەخۆشەویستی ڕۆحی
پیرۆز، هەموتان بەیەکەوە لەگەڵم
تێبکۆشنو کۆشش بکەن لەنوێژدا
لەپێناوی من بۆ خودا، [31]تا ڕزگاربم
لەدەست بێباوەڕانی ناوچەی
یەهودیە، هەروەها تاکو خزمەتەکەم
لەقودس پەسەند کراو بێ لای برا
پیرۆزەکان، [32]گەر خودا خواستی
لەسەر بێ بەدڵشادیەوە دێم بۆ لاتان،
بەمە لەگەڵتان پشوو دەدەم. [33]ئیتر
با خودای ئاشتی لەگەڵ هەموتان
بێ. ئامین.

سلاوی تایبەتی

16

ڕاتان دەسپێرم سەبارەت بە فیبی
خوشکمان، کەوا خزمەتکارە
لەکۆمەڵەی باوەڕدارانی کەنخەریا، [2]
بەناوی خوداوەندەوە پێشوازی
لێبکەن، پێشوازیەك کەشایانی
خوشكو برای پیرۆز بێ، هەر
شتێکی پێویست بوو لەئێوە بیدەنێ،
چونکە ئەو یارمەتیدەری زۆر کەس
بووە، هەروەها هی منیش.

[3]سـڵاو لـەپریسـکلاو ئەکـیلا بکـەن، کـە بەیەکـەوە کـار دەکەین لـەعیسـای مەسـیح، [4]ئەوانـەی ملی خۆیـان بـۆ سـەربڕین دانـا لەپێناوی ژیانم، جا من بەتەنها سوپاسیان ناکەم، بەڵکو هەموو کۆمەڵە باوەڕدارەکانی میللەتانـیش. [5]هەروەها سڵاو لەوانە بکـەن کـەسـەر بـەو کۆمەڵـەنو لـەماڵەکـەیان کۆدەبـنەوە. سـڵاو لەئیپینتوسی خۆشەویستم بکەن ئەوەی نۆبـەرەی بـاوەڕ بـوو بـەمەسـیح لـەناوچـەی ئاسـیا. [6]سـڵاو لەمریەم بکـەن، زۆر خـۆی ماندووکـرد لـەخـزمەت کـردنمان لەبـەر ئێوە. [7] سـڵاو لـەئەندرونـیکوس و یونـیاس بکـەن، ئەو دوو خزمانەم کە لەگەڵم بەندکرابوون، ئەوان بەناوبانگ بوون لـەناو نێرراوان، پێش من لەمەسیحدا بوون. [8]هەروەها سڵاو لەئەمپلیاتۆس بکـەن، خۆشەویستم لەخوداوەند. [9] سڵاو لەئوربانوس بکەن پێکەوە کار دەکـەین لـەمەسـیح، هـەروەها ئیستاخیسـی خۆشەویسـتم. [10]سڵاو لـەئەپیلەس بکەن، ئەوەی سەلێنەری ڕاسـتی خۆیـەتی لـەمەسـیح. سـڵاو لـەخـێزانی ئەرستوبولوس بکەن. [11] سـڵاو لـەهیرودیونـی خـزمم بکەن. هـەروەها لەوانـەی لـەخوداوەندن لـەخـێزانی نەرکیسـوس. [12]سـڵاو لەخوشـکان تەریفیناو تەریفۆسا بکەن ئەوانـەی زۆر مـاندوو دەبـن لـەخوداوەنـد. سـڵاو لـەخوشـکە پەرسیسـی خۆشەویسـت بکـەن، ئـەوەی خـۆی زۆر ماندووکـرد لـەخزمەتکـردنی خوداوەند. [13]سڵاو لـەروفسـی بکـەن هەڵـبژێرراوە لەخوداوەند، هەروەها لەدایکی وەك دایکمـە. [14]سـڵاو لـەئەسینکریتسو فەلـیگۆنو هـەرمسو پەتـروباسو هـەرماسو ئـەو بـرایانەی لەگەڵیان بـوون بکـەن. [15]سـڵاو بکـەن لـەفـیلولوگۆسو خوشـکە جولـیاو نیریـوسو خوشکەکەی و ئولومپاسو هـەموو ئـەو خوشك و برا پیرۆزانەی لەگەڵیان بـوون. [16]سڵاو لەیەکتری بکـەن بەماچی پیرۆز. هەموو کۆمەڵە باوەڕدارەکـانی مەسـیح سـڵاوتان لێ دەکەن.

[17]بـەڵام ئـەی برایان، ئاگادارتان دەکەمـەوە، ئاگاتـان لەدروستکەری نـاکۆکی و کۆسـپ بـێ، لێـیان دوورکەونـەوە، چـونکە ئـەوان دەرچـوون لەڕێگای ئەو فێرکردنەی فـێری بـوون. [18]جـا ئەوانـەی بـەم

شـــێوەیەن، خـــزمەتی مەســـیحی خوداوەندمان ناکەن، بەڵکو خزمەتی سکیان دەکـەن، بـەقسـەی خۆش‌و زمـــان لووســـی ســـاکارەکان دەخەڵەتێـنن. [19]هەوالّی گوێرایەڵێتان بۆ خودا بەهەموان گەیشتووە، لەبەر ئـەوە پێـتان دڵخۆشم، بەڵام دەمەوێ لـەچـاکە داناو لـەخراپە بێبەری بن. [20]ئەوسـا خێرا خودای ئاشتی شەیتان لـەژێـــر پێـــتان دەپلیشـــێنێتەوە. بـــابەرەکـــەتی* عیســـای مەســـیحی خوداوەندمـــان لەگەڵـــتانبـــێ. [21] تیمۆســاوس ئـەوەی لەگـەڵم کـار دەکـــات ســـڵاوتان لێ دەکـــات، هـــەروەها لوکـــیوس‌و یاســـون‌و سوسیپاتەری خزمانم.

[22]منـیش کـەنـاوم تەرتیوسـەو نووسـەری ئـەم نامەیـەم، سڵاوتان لێ دەکەم بەناوی خوداوەندەوە.

[23]غـایۆس کەمـیواندارى مـن‌و هـەموو کۆمـەڵی باوەڕداران دەکات ســـڵاوتان لێ دەکـــات. هـــەروەها ئاراستسـی خەزنەداری شار سلاوتان لێ دەکـات لەگەڵ کوارتسی برامان.

﴿[24]بـا بەرەکـەتی عیسـای مەسیحی خوداوەندمان لەگەڵتان بێ. ئامین.﴾

ستایشی خودا

[25] بـۆ ئـەو خودایـەی دەتوانـێ بەهـــێزتان بکـــات بەگوێـــرەی مزگێنییـەکەمو ڕاگـەیاندنی عیسـای مەسیح، بەگوێرەی ئاشکراکردنی ئەو نهێنـــیـەی ماوەیـــەکی زۆر بـــوو بـەشاراوەیی مابووەوە، [26]بەڵام ئێستا ئاشـکرا بـووە بـەهۆی نووسـراوی پێغەمـبەران، بەگوێـرەی ڕاسـپاردەی خـــودای هەمیشـــەیی تـــا هـــەموو نەتـــەوەکان بـــاوەڕی پێبهێـــنن‌و گوێـــڕایەڵی بـــن، [27]شـــکۆمەندی تاهەتایـە بۆ تاقە خودای دانا، بەناوی عیسای مەسیح! ئامین.

پۆڵس ئەم نامەیەی نووسی بەهۆی ئەو گیروگرفتانەی لەناو کۆمەڵەی باوەڕدارانی کورنسۆس هەبوو، دەربارەی ژیان بەپێی باوەڕ بەمەسیح .

لەو سەردەمەدا کۆرنسۆس شارێکی یۆنانی گەورە بوو. پایتەختی ولایەتی ئەخائیەی ڕۆمانی بوو. ناوبانگی دەرکرد بوو بە بازرگانیو ڕۆشنبیری بەرزو بەدرەوشتیو جۆراوجۆری ئاینەکانی.

لەم نامەیەدا لەهەموو شتێك زیاتر، پۆڵس گرنگی داوە بەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان هەیە بە:

دووبەرەکی لەناو کۆمەڵەی باوەڕدارانی کۆرنسۆسو مەسەلەی داوێن پیسیو ژنهێنانو شووکردنو ئەو شتانەی پەیوەندییان هەیە بەویژدانو ڕێکخستن لەناو کۆمەڵەی باوەڕدارانو ئەو بەهرانەی ڕۆحی پیرۆز دەیبەخشێ بەباوەڕدارانو چۆنیەتی بەکارهێنانی، هەروەها هەڵسانەوە دوای مردن. دەریشی خستووە چۆن منگێنی عیسای مەسیح وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە.

1

لە پۆڵس، بانگکراو لەسەر خواستی خودا، تابێ بەنێراوی عیسای مەسیح، هەروەها لە سۆستانیسی برامانەوە،

[2]بۆ کۆمەڵەی باوەڕدارانی خودا لە شاری کۆرنسۆس، بۆ ئەوانەی لەعیسای مەسیحدا پیرۆزکراون، هەروەها بانگ کراون تا پاك‌وپیرۆزبن لەگەڵ هەموو ئەوانەی لەهەموو شوێنێك بەناوی خوداوەند عیسای مەسیح بانگ دەکەن، خوداوەندی ئێمەو ئەوانە. [3]با ئاشتیو بەرەکەتی خودای باوکمانو عیسای مەسیحی خوداوەندتان لەگەڵ بێ. [4]هەمیشە سوپاسی خودا دەکەم لەپێناوتان بۆ ئەو بەرەکەتەی پێی‌بەخشیون لەعیسای مەسیحدا، [5]بەهۆی ئەوەوە لەهەموو شتێك دەوڵەمەندبوون، لەهەموو شێوەیەکی قسەکردنو

یەکەم نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی کۆرنسۆس

زانیاریدا، [6]بەگوێرەی چەسپانی شایەتی عیسای مەسیح لەئێوەدا. [7]تەنانەت ئێوە ئیتر پێویستیتان بەهیچ بەهرەیەکی ڕۆحی نابێ، کاتێ بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەرکەوتنی عیسای مەسیحی خوداوەندن. [8]ئەوەی تاکۆتایی دەتانچەسپێنێ، تا بێکەموکوڕی بن لەڕۆژی عیسای مەسیحی خوداوەند. [9]خودا پشتی پێدەبەستێ، ئەو خوداییەی بانگی کردن بۆ بەشداری کردن لەگەڵ ڕۆڵەکەی کە عیسای مەسیحی خوداوەندمانە.

ناکۆکی نێوان باوەڕداران

[10]ئەی برایان، بەناوی خوداوەند عیسای مەسیح داواتان لێدەکەم، هەموتان یەك دەنگبن، دووبەرەکی لەنێوانتان نەبێ، بەڵکو هەموتان یەك بیرو یەك ڕاتان هەبێ. [11]ئەی برایان، خێزانی ماڵی خلۆیی هەوالیان دامێ کەوا لەنێوانتان ناکۆکیو ئاژاوە هەیە، [12]مەبەستم ئەوەیە یەکێکتان دەڵێ: (من لەگەڵ پۆڵسم) ئەوی دیکەتان دەڵێ: (من لەگەڵ ئەپۆڵۆسم)، هەروەها یەکێکی دیکەتان دەڵێ: (من لەگەڵ پەترۆسم)، ئەوی دیکە دەڵێ: (من لەگەڵ مەسیحم.) [13]ئایا مەسیح بەشکراوە؟ یاخود پۆڵس لەپێناوی ئێوەدا لەخاچدراوە، یان بەناوی پۆڵسەوە لەئاوەلکێشران؟ [14]سوپاس بۆ خودا من کەستانم لەئاوەلنەکێشا جگە لەکریسپۆس و غایۆس نەبێ، [15]هەتا کەستان نەڵێن بەناوی من لەئاوەلکێشران، [16]هەروەها خێزانی ئیستفانۆسم لەئاوەلکێشاوە، جگە لەمانە بیرم نایە کەسی دیکەم لەئاوەلکێشا بێ. [17]چونکە مەسیح منی نەناردووە بۆ لەئاوەلکێشان، بەڵکو بۆ مزگێنیدان، ئەمەش بەقسەی دانایی مرۆڤانە نا، ئەگینا لەخاچدانی مەسیح بێسوودە.

مەسیح دانایی و توانای خودایە

[18]چونکە ووشەی خاچ لەلایەن ئەوانەی لەناودەچن نەزانیە، بەڵام لای ئێمە کە ڕزگارمان بووە هێزی خودایە. [19]جا لەو بارەیەوە لەکتێبی پیرۆز نووسراوە: {دانایی داناکان دەسڕمەوە، هەروەها تێگەیشتنی تێگەیشتوان.}

[20]کەواتە داناکان لەکوێن؟ هەروەها فێربووانی شەریعەتو

زاناکانی ئەم جیهانە لەکوێن؟ ئایا خودا دانایی ئەم جیهانەی نەکردووە بە نەزانی؟ [21]بۆیە لەدانایی خودادا، خەڵکی خودایان بەدانایی نەناسی، ئەوە بوو خودا بەباشی بینی، باوەڕداران ڕزگار بکات بەگێڵایەتی ڕاگەیاندنی مزگێنی. [22]چونکە جوولەکەکان داوای نیشانە دەکەنو یۆنانیەکان بەدوای دانایی‌دا دەگەڕێن، [23]بەڵام ئێمە، مەسیحی لەخاچدراو ڕادەگەینین، ئەمەش کۆسپە بۆ جوولەکەو نەزانیە بۆ یۆنانی، [24]بەڵام لەلای ئەوانەی کە خودا بانگی کردوون لەجوولەکەو لەیۆنانی، مەسیح توانای دانایی خودایە. [25] نەزانی خودا، داناترە لەدانایی خەڵکی، هەروەها لاوازی خودا، بەهێزترە لەهێزی خەڵکی.

[26]بیرکەنەوە ئەی برایان چۆن بوون کاتێ خودا بانگی‌کردن، چەند داناتان تیادابوو بەگوێرەی جیهان، هەروەها چەند توانادارو لەبنەماڵەی ناودارتان تیادابوو. [27]بەڵام خودا ئەوەی نەزان بوو لەجیهان هەڵبژارد، تاکو داناکان شەرمەزاربن، لاوازەکانی هەڵبژارد تاکو بەهێزەکان شەرمەزاربن. [28] هەروەها خودا ئەوانەی هەڵبژارد کە نزمو بێنرخن لەجیهان، بوونیشیان نییە، تاکو ئەوانەی بوونیان هەیە نەمێنن، [29]ئەمەش بۆ ئەوەیە تا هیچ مرۆڤێك لەبەردەم خودا شانازی نەکات. [30]بەڵام ئێوە بەهۆی خودا لەعیسای مەسیحدان، ئەوەی لەخوداوە بۆمان بوو بە دانایی‌و ڕاستودروستی، پاكوپیرۆزی‌و قوربانی، [31]تا ئەوەی لەکتێبی پیرۆز نووسراوە بێتەدی: {ئەوەی بیەوێ شانازی بکات، با شانازی بە خوداوەند بکات.}

مزگێنی مەسیحی لەخاچدراو

2 منیش ئەی برایان، کاتێ هاتم بۆ لاتان بۆ ڕاگەیاندنی شایەتی خودا، ئەمەش بەووشەی دانایی‌و پاراو و پڕ لەواتاوە نا، [2]چونکە من بڕیاری ئەوەم داوە باسی هیچتان بۆ نەکەم جگە لەعیسای مەسیحو لەخاچدانی. [3]کاتێ هاتم بۆ لاتان هەستم بە لاوازی‌و ساموهەیبەتو ترس دەکرد، [4]ووتەکانمو ڕاگەیاندنەکانم لەڕازی‌کردنی خەڵك پشتیان بە دانایی مرۆڤ نەدەبەست،

بەڵکو بە بەڵگەی هێزی ڕۆحی پیرۆز، [5]تا بناغەی باوەڕتان لەسەر هێزی خودا دابمەزرێ، نەك لەسەر دانایی مرۆڤ.

دانایی خودا

[6]ئێمە لەنێوان پێگەیشتوان بەدانایی دەدوێین، بەڵام بەدانایی ئەم سەردەمەو دەسەڵاتدارانی ئەم سەردەمە نا کە لەناودەچن، [7]بەڵکو باسی دانایی خودا دەکەین، ئەوەی بەنهێنی پێچراوەتەوە، ئەوەی خودا لەپێش زەمانەوە ئامادەی کردووە بۆ شکۆو بەرزی ئێمە. [8]ئەمەش دانایەکە هیچ لەدەسەڵاتدارانی ئەم سەردەمە نایزانن، چونکە گەر بیانزانیایە، خوداوەندی شکۆداریان لەخاچ نەدەدا. [9]هەروەك لە کتێبی پیرۆزدا نووسراوە: {ئەوەی چاو نەیبینیوە، هەروەها گوێ نەیبیستووەو بەمێشکی هیچ مرۆڤێکدا نەهاتووە، خودا ئامادەیکردووە بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێ.} [10]ئیتر خودا ئەمەی بەهۆی ڕۆحی خۆی بۆ دەرخستین، چونکە ڕۆح هەموو شتێك دەپشکنێ، تەنانەت ناخو ناوەڕۆکی خوداش. [11]جا هیچ کەسێك نازانێ چی لەناوەڕۆکی مرۆڤ هەیە ئەو ڕۆحە نەبێ کە لەو مرۆڤە دایە؟ هەروەها کەس نازانێ چی لەناوەڕۆکی خودا هەیە جگە لەڕۆحی خودا. [12]کەواتە ئێمە ڕۆحی ئەم جیهانەمان وەرنەگرتووە، بەڵکو ئەو ڕۆحەی خودا داویەتی پێمان، تاکو ئەو دیاریە بزانین کە خودا پێیبەخشیوین. [13]ئەوەی باسی دەکەین لەزیرەکیو دانایی مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکو لەوەی ڕۆح فێری کردین. بۆ ئەمەش شتە ڕۆحیەکان بەشتی ڕۆحیتر بەراورد دەکەین. [14] مرۆڤ بەو هەستە سروشتیەی کە هەیەتی ناتوانێ ئەوەی کە هی ڕۆحی خودایە وەریگرێ، چونکە بۆ ئەو ئەمانە هەمووی گێلایەتییەو ناتوانێ تێبگات، چونکە جیاکردنەوەی پێویستی بە هەستی ڕۆحی هەیە. [15] بەڵام مرۆڤی ڕۆحانی حوکم بەسەر هەموو شتێك دەدا، کەچی خۆی کەس حوکمی بەسەر نادات. [16]{کێ دەتوانێ بیری خوداوەند بزانێ، یاخود کێ دەتوانێ ببێتە ڕێنیشاندەری خودا؟} بەڵام ئێمە، بیری مەسیحمان هەیە.

دووبەرەکی لەکۆمەڵەی باوەرداران

3

ئەی برایان، من نەمتوانی وەك مرۆڤی
ڕۆحانی لەگەڵتان بدوێم، بەڵکو وەك
مرۆڤێك بەپێی لەش بژیو هێشتا هەر
منداڵی ساوا بێ لە مەسیح. 2
لەجیاتی خواردن شیرم داونەتێ نەك
خواردنی تەواو، چونکە ئێوە بەرگەی
ئەو خواردنەتان نەدەگرت، ئێستاش
بەرگەی ناگرن. 3جا ئێوە هێشتا هەر
بەپێی لەش دەژین. ئایا ئەو
چاوپیسیو دووبەرەکایەتیەی
لەنێوانتان هەیە دەریناخات ئێوە وەك
خەڵك هێشتا بەپێی لەش
بیردەکەنەوەو دەژین؟ 4کاتێ
یەکێکتان دەڵێ: (من لەگەڵ
پۆڵسم)، ئەوی دیکە دەڵێ: (من
لەگەڵ ئەپۆڵۆسم)، ئایا لێرەدا ئێوە
بەپێی لەش ناژین؟
5پۆڵس یاخود ئەپۆڵۆس کێیە؟
ئەوان تەنها خزمەتکاری خودان، ئێوە
بەهۆی ئەوانەوە باوەڕتان هێناوە. جا
هەریەك بەپێی ئەوەی خوداوەند
پێیبەخشیوە. 6من چاندمو ئەپۆڵۆس
ئاوی‌دا، بەڵام خودا بوو پێی گەیاند. 7
کاری چێنەرو ئاودەر ئەوەندە گرنگ
نیە، بەڵکو گرنگی بۆ خودایە کە
پێدەگەیەنێ. 8جیاوازی لەنێوان
چێنەرو ئاودەر نییە، هەریەکە کرێی
خۆی وەردەگرێ بەپێی کارو
ماندووبوونی خۆی. 9کەواتە ئێمە
لەگەڵ خودا کار دەکەین، ئێوەش
کێڵگەی خوداو خانووی خودان. 10
ئیتر بەپێی ئەو بەرەکەتەی خودا پێی
بەخشیوم، بناغەم دانا وەك
وەستایەکی لێهاتوو، ئەوسا خەڵکی
تر لەسەری دروست دەکات. جا با
هەر یەکە ئاگاداربێ چۆن لەسەر ئەو
بناغەیە دروست دەکات، 11ئەو
بناغەی لای ئێوە دانراوە، عیسای
مەسیحە، کەس ناتوانێ بناغەیەکیتر
دابنێ. 12بەڵام گەر یەکێك لەسەر
ئەو بناغەیە بەزێر یا بەزیوو یا بە
بەردی گرانبەها، یاخود بەدارو
پووشوکا دروست بکات. 13ئەو
کاتە کاری هەر یەکێك دەردەکەوێ،
چونکە ڕۆژی لێپرسینەوە ئاشکرای
دەکات، لەبەر ئەوەی کرداری هەر
یەکێك بەئاگر ڕادەگەیێنرێو بە ئاگر
تاقی دەکرێتەوە. 14ئیتر هەر یەکێك
کرداری لەسەر ئەو بناغەیە بمێنێتەوە
ئەوا پاداشت وەردەگرێ. 15گەر
کرداری یەکێك سووتا، ئەوا زیانی
پێدەگات، خۆی ڕزگار دەبێ، بەڵام

وەك یەكێك بەناو ئاگردا چوو بێ.
16ئایا نازانن ئێوە پەرستگای خودانو ڕۆحی خوداتان تیادا نیشتەجێیە؟ 17ئەوەی پەرستگای خودا بڕوخێنێ، خوداش ئەو تێك دەدات. چونكە پەرستگای خودا پیرۆزە، ئێوەش خۆتان ئەو پەرستگایەن. 18ئاگادارین كەستان خۆی هەڵنەخەڵەتێنێ. گەر یەكێك لەنێوانتان خۆی بەدانا زانی لەم سەردەمەدا، دەبێ ببێ بەنەزان هەتا بەڕاستی ببێ بەدانا. 19چونكە هەموو دانایی ئەم جیهانە لەبەرچاوی خودا گێلایەتییە، لەو بارەیەوە كتێبی پیرۆز دەڵێ: {خودا داناكان بەزیرەكیو فێڵبازی خۆیانەوە دەگرێ.} 20 هەروەها دەڵێ: {خودا وەند دەزانێ بیركردنەوەی داناكان پڕو پووچە.} 21كەواتە، كەس شانازی بە مرۆڤ نەكات، چونكە هەموو شتێك بۆ ئێوەیە، 22گەر پۆڵس بێ یاخود ئەپۆڵۆس یان پەترۆس، هەروەها جیهان یاخود ژیان یان مردن لەگەڵ ئێستا داهاتوودا، ئەمانە هەمووی بۆ ئێوەیە. 23بەڵام ئێوە خۆتان هی مەسیحن، مەسیحیش هی خودایە.

نێڕاوانی مەسیح

4 بەم شێوەیە باخەڵكی بەخزمەتكاری مەسیحو هەڵگری نهێنییەكانی خودامان دابنێ. 2لەمەش زیاتر ئەوەی داوا دەكرێ لەوانەی هەڵگری نهێنین دڵسۆزبیە. 3من بەلامەوە گرنگ نییە گەر ئێوە حوكمم بەسەر بدەن یاخود هەر دادگایەكی مرۆڤانە، تەنانەت خۆشم حوكم بەسەرخۆم نادەم. 4جا كە وێژدانم بەشتێك ئازاری نەدام، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ بێتاوانم، چونكە خوداوەندە ئەوەی حوكمم بەسەر دەدا. 5كەواتە پێش كاتەكە حوكم مەدە بەسەر كەس، هەتا خوداوەند دەگەڕێتەوە، ئەوەی ڕووناكی دەخاتە سەر ئەو شتانەی ئێستا لەتاریكی شاراوەیەو نیازی دڵ دەردەخات، ئەو كاتە هەر كەسەو بەپێی كرداری خۆی لەلایەن خوداوە ستایش دەكرێ.

6ئەی برایان، من خۆمو ئەپۆڵۆسم بۆ كردن بەنموونە تا بۆتان ڕوونبێتەوەو لەئێمەوە فێربن مەبەست چییە لەوەی، كەس لەسەرووی ئەوەی لەكتێبی پیرۆزدا نووسراوە نەڕوات، جا لەبەرئەوە با

کەس لەناوتان لووتبەرز نەبێ بەسەر ئەوی دیکە. 7کێ تۆی بەزیاتر داناوە لەخۆڵکی‌تر؟ ئایا تۆ چیت هەیە وەرتنەگرتبێ؟ کەواتە، گەر وەرتگرتبێ، بۆ شانازی دەکەیت وەك ئەوەی وەرتنەگرتبێ؟ 8ئێستا ئێوە تێربوون‌و دەوڵەمەند بوون! بوون بە پادشا بەبێ ئێمە. خۆزگە ئێوە بەڕاستی پادشا بوونایە ئەوسا لەگەڵتان بەشداری حوکمڕانیمان دەکرد! 9من لەو باوەڕەدام خودا بەئێمەی نێرراو، لەناو خەڵك نزمترین شوێنی پێداوین، وەك یەکێك لەبەر چاوی فریشتەو مرۆڤو جیهان، بەئاشکرا حوکمی مردنی بەسەر درابێ. 10ئێمە لەپێناوی عیسا خەڵك بە نەزان سەیرمان دەکات، بەڵام ئێوە بەهۆی عیساوە خەڵکی بەدانا سەیرتان دەکات. ئێمە لاواز بووین بەڵام ئێوە بەهێزبوون، ئێوە ڕێزتان لێدەگیرێ بەڵام ئێمە بەچاوی سووکەوە سەیر دەکرێین. 11تا ئێستا ئێمە ئازاری برسیتی‌و تینوێتی‌و ڕووتی‌و لێدان‌و بێلانەیی دەچێژین. 12بەئارەقی ناوچەوان نان پەیدا دەکەین. ئەوەی جنێومان پێدەدات داوای پیرۆزی بۆ دەکەین، هەروەها کاتێ دەمانچەوسێننەوە دانبەخۆمان دەگرین. 13هەستمان بریندار دەکەن، بەڵام ئێمە بە نەرمو نیانی وەڵامیان دەدەینەوە. وەك زبڵی جیهان‌و پاشماوەی هەموو خەڵکمان لێهاتووە.

14من ئەمە نانووسم تا شەرمەزارتان بکەم، بەڵکو ئامۆژگاریتان دەکەم وەك منداڵی خۆشەویستی خۆم. 15گەر هاتوو ئێوە هەزاران مامۆستاتان لەمەسیح هەبێ، ئەمە ئەوە ناگەینێ باوکی زۆرتان هەیە. چونکە من بووم بەباوکی ئێوە لەعیسای مەسیحدا بەهۆی مزگێنییەوە. 16لەبەرئەوە داواتان لێدەکەم لاسایی من بکەنەوە. 17 لەبەر هەمان شت تیمۆساوسم بۆ ناردن، کوڕی خۆشەویست‌و دڵسۆزم لەخوداوەند، ئەو ڕێبازی منتان بیردەخاتەوە لەمەسیحدا، کە من لەهەموو شوێنێك لەکۆمەڵەی باوەڕداران فێری خەڵکی دەکەم. 18 هەندێ کەس لەنێوانتان بە لووتبەرزیەوە لەو باوەڕەدا بوون من نایم بۆ لاتان. 19بەڵام گەر خوداوەند خواستی لەسەربێ بەخێرایی دێم بۆ لاتان، ئەوسا

بایەخ نادەم بە قسەی ئەو لووتبەرزانە، بەڵکو دەمەوێ توانای ئەوان بزانم. [20]چونکە پادشاهێتی خودا لەسەر قسە ڕانەوەستاوە، بەڵکو لەسەر هێزو توانا. [21]کەواتە کامەتان دەوێ؟ بەدارو قامچی بۆ لاتان بێم یاخود بەخۆشەویستی‌و ڕۆحی میهرەبانی؟

حوکمدان بەسەر داوێن پیس

5 لەڕاستیدا بڵاوبووەتەوە کە لەنێوانتان داوێنپیسی هەیە. جۆرە داوێنپیسیەك تەنانەت لەلای بتپەرستانیش نییە، پیاو لەگەڵ باوەژنی خۆی دەست تێکەڵ دەکات. [2]لەگەڵ ئەوەش بەلووتبەرزیەوە شانازی بەخۆتان دەکەن! ئایا لەجیاتی ئەمە باشتر نییە ماتەمداربن هەتا ئەوەی ئەم کارەی کردووە لەنێوانتان نەمێنێ؟ [3]من بەلەش لێتان دوورم، بەڵام بەڕۆح لەگەڵتانم، حوکمم داوە بەسەر ئەو کەسەی ئەو کارەی کردووە هەروەك لەوێ بووبم. [4]بەناوی خوداوەندمان عیسا کۆببنەوە لەسەر ئەو کەسەی ئەم شتانەی کردووە، ئەوسا منیش بەڕۆح لەگەڵتان دەبم. بەهۆی هێزو توانای خوداوەندمان عیسا، [5]ئەو پیاوە بدەنە دەستی شەیتان تا لەشی بفەوتێ، بۆ ئەوەی ڕۆحی ڕزگاری بێ لەڕۆژی لێپرسینەوەی خوداوەند عیسا. [6]باش نییە ئێوە شانازی بەخۆتانەوە بکەن. ئایا نازانن هەویرترشێکی بچووك هەموو هەویرەکە هەڵدێنێ؟ [7]جا خۆتان پاك‌بکەنەوە لە هەویرترشی کۆن هەتا بن بە هەویرێکی تازە، چونکە ئێوە نانێکن هەویرترشی تیا نییە. لەبەر ئەوەی مەسیح بەرخی جەژنی تێپەڕبوونی ئێمەیەو کرا بە قوربانی. [8]کەواتە ئێمە باجەژن بکەین، بەڵام نەك بەنانی هەویرترشی کۆن، هەویرترشی چاوپیسی‌و خراپە، بەڵکو بەنانی فەتیرەی پاکی‌و ڕاستی.

[9]من پێشتر بۆم نووسیون تێکەڵ بەداوێنپیسان مەبن، [10]مەبەستم لە داوێنپیس‌و چاوچنۆك‌و دزو بتپەرستانی ئەم جیهانە نییە، ئەگینا ئێوە ناچار دەبوون لەم جیهانە بچنە دەرەوە. [11]بەڵکو بۆ ئەوە بۆم نووسیون تێکەڵ بەیەکێك مەبن، خۆی ناوناوە برا لەباوەڕ، بەڵام

لەهەمان کات گوناهبارە بە داوێنپیسی یان چاوچنۆکی یاخود بتپەرستیو جنێوفرۆشی یان سەرخۆشیو دزی. ئەم جۆرە کەسانە تەنانەت بۆ نان خواردنیش لەگەڵیان دامەنیشن. [12]ئایا کاری منە حوکم بەسەر ئەوانەی بەدەرەوەی کۆمەڵەی باوەڕدارانن؟ ئایا ئێوە نین حوکم دەدەن بەسەر ئەوانەی لەناو کۆمەڵەن؟ [13]چونکە ئەوانەی لەدەرەوەی کۆمەڵەن، خودا حوکمیان بەسەر دەدات. {لەناو خۆتان خراپەکار دەربکەن.}

شکاتی نێوان باوەڕداران

6

گەر هاتوو لەنێوانتان یەکێك شکاتێکی هەبوو دژی ئەوی‌تر، ئایا دەوێرێ شکاتەکەی بباتە لای زۆرداران لەجیاتی ئەوەی بیباتە لای برایانی پیرۆز؟ [2]ئایا نازانن برایانی پیرۆزن حوکم بەسەر جیهان دەدەن؟ گەر هاتوو ئێوە بتوانن حوکم بەسەر جیهان بدەن، ئایا توانای ئەوەتان نییە بەسەر کاروباری ساکارو ئاسان حوکم بدەن؟ [3]ئایا نازانن ئێمە تەنانەت حوکم بەسەر فریشتەکانیش دەدەین؟ ئیتر چۆن توانامان نییە بەسەر گیروگرفتی ڕۆژانەمان زاڵبینو حوکم بەسەر کاروباری ئەم ژیانەدا بدەین؟ [4]گەر ئێوە لەم بارەیەوە ناکۆکی کەوتە نێوانتان، ئایا دەیبەنە لای ئەوانەی بێنرخن لەلای کۆمەڵەی باوەڕداران؟ [5]من ئەمە دەڵێم تاکو شەرم بکەن. ئایا لەناوتان یەکێکی دانای تیادا نییە بتوانێ بڕیار سەبارەت بەم کاروبارانە بدات؟ [6]برا برای خۆی ڕادەکێشێ بۆ دادگا، ئەمەش بۆ لای بێباوەڕان!

[7]لەڕاستیدا شوورەییە بۆ ئێوە لەنێوانتان شکاتو شکاتکاریو ئاژاوە هەبێ. باشتر نەبوو بۆتان زۆرلێکراوبن؟ باشتر نەبوو بۆتان ڕووتێنراوبن؟ [8]بەڵام ئێوە خۆتان خراپەو تاڵان بەرامبەر براکانیشتان دەکەن. [9]ئایا نازانن زۆردار نابێتە میراتگری پادشاهێتی خودا؟ هەڵمەخەڵەتێن، نە داوێنپیسو نە بتپەرستو نە مێبازو نە هەتیوباز، [10]نە دزو نە چلێسو نە سەرخۆشو نە جنێوفرۆشو نە تاڵانکەر نابنە میراتگری پادشاهێتی خودا. [11]جا هەندێکتان بەم شێوەیە بوون، بەڵام ئێستا شۆراونەوە، بەڵکو

پیرۆزکراونو بێتاوان بوون بەناوی خوداوەند عیسای مەسیحو ڕۆحی خودامان.

بەلەش ستایشی خودا بکەن

[12]لەوانەیە یەکێك بڵێ: (هەموو شتێك دروستە بۆ من.) بەڵام هەموو شتێك سوودی نییە. (هەموو شتێك دروستە بۆ من.) بەڵام نابم بەکۆیلەی هیچ شتێك. [13]لەوانەیە یەکێکی تر بڵێ: (خواردن بۆ وورگەو وورگیش بۆ خواردن)، ئەمە ڕاستە، بەڵام دڵنیابن خودا هەردووکیان لەناودەبات. ئەمەش مانای ئەوە نییە لەش بۆ داوێنپیسییە، بەڵکو بۆ خوداوەندە، هەروەها خوداوەندیش بۆ لەشە. [14]ئیتر چۆن خودا بەهۆی توانای خۆیەوە خوداوەندی لەناو مردووان هەستاندەوە، هەروەها ئێمەش لەنێو مردووان هەڵدەستێنێتەوە. [15]ئایا دەزانن لەشتان ئەندامی لەشی مەسیحە؟ ئایا دەبێ ئەندامی لەشی مەسیح بهێنمو بیکەم بەئەندامی لەشی داوێنپیسێك؟ نەخێر، هەرگیز ئەمە نابێ! [16]ئایا نازانن ئەوەی لەگەڵ داوێنپیسێك تێکەڵ بێت لەگەڵی دەبێ بەیەك لەش؟ چونکە لەکتێبی پیرۆز نووسراوە: {هەردووکیان دەبن بە یەك لەش.} [17]بەڵام ئەوەی لەگەڵ خوداوەند بوو بەیەك، لەگەڵی دەبێ بەیەك ڕۆح.

[18]لە داوێنپیسی دوورببکەونەوە، چونکە هەر گوناهێك مرۆڤ بیکات کار ناکاتە سەر لەشی، چونکە لەدەرەوەی لەشە، بەڵام داوێنپیس هەڵە دژی لەشی خۆی دەکات.

[19]ئایا نازانن لەشتان پەرستگای ڕۆحی پیرۆزە ئەوەی تیاتاندایەو جێگیربووە لەلایەن خوداوە؟ ئیتر ئێوە هی خۆتان نین، بەڵکو هی خودان. [20]چونکە ئێوە بە نرخێکی گران کڕراون. کەواتە بەلەشتان ستایشی خودا بکەن.

ژنهێنانو شووکردن

7

سەبارەت بەوەی بۆ منتان نووسیوە، باشترە بۆ پیاو ژن نەهێنێ. [2]بەڵام، تا دووركەونەوە لەتاقیکردنەوەی داوێنپیسی، با هەر پیاوێك ژنی خۆی هەبێ، هەروەها هەر ژنێکیش مێردی خۆی هەبێ. [3]با مێرد چ مافێکی ژنو مێردایەتی بەسەرەوەیە

سەبارەت بەژنەکەی بیداتێ ، 4 هەروەها ژنیش هی مێردەکەی. چونکە ژن دەسەلأتی بەسەر لەشی خۆی نییە، بەڵکو هی مێردەکەیەتی. هەروەها مێردیش دەسەلأتی بەسەر لەشی خۆی نییە، بەڵکو هی ژنەکەیەتی. 5 کەستان خۆی بێبەش نەکات لەوەی دیکە، تەنها کاتێك نەبێ کە هەردووکتان لەسەر ئەوە ڕێك کەوتبن، بەمەبەستی کات تەرخانکردن بۆ نوێژ، ئینجا بگەڕێنەوە بۆ ژیانی ژنو مێردایەتی جاران، تاکو بەهۆی خۆڕانەگرتنتانەوە نەکەونە تاقیکردنەوەی شەیتان. 6 ئێستا ئەوەی من لێرە پێتان دەڵێم، وەك ڕێگادانە نەك فەرمان پێکردن. 7 من ئاواتەخواز بووم، هەر یەك لەئێوە وەك من بووایە، بەڵأم هەریەکەو بەهرەی تایبەتی خۆی هەیە لەلایەن خوداوە هی یەکێکیان بەجۆرێکەو ئەوەی تریش بەجۆرێکیتر.

8 من بەوانە دەڵێم کە ژنیان نەهێناوەو شوویان نەکردووە، هەروەها ئەوانەی ژنو مێردیان مردووە باشترە بۆیان وەك من بمێننەوە. 9 بەڵأم گەر هاتوو نەیانتوانی خۆیان ڕاگرن، با ژنبهێننو شووبکەن، چونکە ژنهێنانو شووکردن باشترە لەسووتان بەهەوەسەکانی لەش.

10 بۆ ئەوانەی ژنیان هێناوەو شوویان کردووە، ئامۆژگاری تایبەتی خۆم نییە، بەڵکو ڕاسپاردەی خوداوەندە کە دەڵێ: با ژن مێردەکەی بەجێنەهێڵێ، 11 (بەڵأم گەر هاتوو لێی جیابووەوە، با بێ مێرد بمێنێتەوە یاخود مێردەکەی ئاشتبکاتەوە)، هەروەها مێردیش لەسەریەتی ژنەکەی تەلأق نەدات.

12 بەڵأم ئەوانیتر من پێتان دەڵێم نەك خوداوەند: گەر هاتوو برایەکی باوەڕدار ژنێکی بێباوەڕی هەبوو ژنەکەش ڕازیبوو لەگەڵی بژی، با پیاوەکە بەجێی نەهێڵێو تەلأقی نەدا. 13 هەروەها گەر هاتوو ژنێکی باوەڕدار مێردێکی بێباوەڕی هەبوو مێردەکەشی ڕازی بوو لەگەڵی بژی، با ژنەکە وازی لێنەهێنێ. 14 چونکە مێردە بێباوەڕەکە پاك و پیرۆز دەبێ بەهۆی ژنە باوەڕدارەکەی، هەروەها ژنە بێباوەڕەکە پاك و پیرۆز دەبێ بەهۆی مێردە باوەڕدارەکەی، ئەگینا منداڵی ئەم جۆرە ژنو

مێردایەتیە گلاۆن، هەرچەندە ئەوان پیرۆزبن. 15بەلاّم گەر مێردە یاخود ژنە بێباوەڕەکە ویستی وازبهێنێ، باوازبهێنێ، لەم حاڵەتە پیاوەکە یا ژنە باوەڕدارەکە پەیوەست نییە بەپەیوەندی ژنو مێردایەتی، چونکە خودا بانگی کردووین بەئاشتی بژین. 16چونکە چۆن دەزانی ئەی ژنی باوەڕدار دەتوانی مێردەکەت ڕزگار بکەیت؟ یان ئەی پیاوی باوەڕدار چۆن دەزانی دەتوانی ژنەکەت ڕزگار بکەیت؟ 17لەگەڵ ئەوەش بەپێی ئەوەی خوداوەند بۆی داناون بژین، بەو شێوەیەی خودا بانگی کردوون، ئەمە فەرمانی منە بۆ هەموو کۆمەڵە باوەڕدارەکان. 18ئەوەی خودا بانگی کردووە بە خەتەنەکراوی، با هەوڵی شاردنەوەی خەتەنەکەی نەدا، هەروەها ئەوەش بە خەتەنە نەکراوی بانگی کردووە، باخۆی خەتەنە نەکات. 19چونکە خەتەنەکردن هیچ نییە، هەروەها خەتەنە نەکردنیش هیچ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کار بە ڕاسپاردەکانی خودا بکرێ. 20با هەر یەکە بەو شێوەیە بمێنێتەوە کە تیایەتی کاتێ خودا بانگی کردووە. 21گەر هاتوو کۆیلە بوویت کاتێ خودا بانگی کردی؟ پێویست ناکات بایەخ بەمە بدەیت، بەڵاّم گەر توانیت سەربەستبی، باشترە ئەم هەڵە بەکاربێنی، 22چونکە ئەوەی کۆیلە بووە کاتێ خوداوەند بانگی کردووە ئەوە دەبێتە سەربەستی خوداوەند. هەروەها ئەوەی بەسەربەستی بانگ کراوە ئەوە دەبێتە کۆیلەی مەسیح. 23خودا ئێوەی بەنرخێکی گران کڕیوە، ئیتر ئێوە مەبن بە کۆیلەی خەڵکی. 24لەبەرئەوە ئەی برایان، پێویستە هەر یەکە بەو شێوەیە بمێنێتەوە لەگەڵ خودا کە تیایدا بووە کاتێ بانگ کراوە.

ڕەبەن

25دەربارەی ئەوانەی ژنیان نەهێناوەو شوویان نەکردووە، ڕاسپاردەیەکی تایبەتیم نییە بۆیان لەلایەن خوداوەندەوە، بەڵاّم من بیروڕای خۆم لەم بارەیەوە دەڵێم، وەك یەکێك بەهۆی بەزەیی خوداوەندەوە متمانەی بەدەست هێناوە. 26چونکە گەر من بیربکەمەوە، چ کاتێکی ناخۆش لەبەردەمان دایە، وای بەباشتر دەزانم کە پیاو بەبێ ژن هێنان بمێنێتەوە. 27

گەر تۆ ژنت هەبوو، داوای جیابوونەوە مەکە، بەلام گەر ژنت نەبوو، مەگەڕێ بەدوای ژنهێنان. [28] گەر کوڕێك ژنی هێنا، هەڵەی نەکردووە، هەروەها گەر کچێك شووی‌کرد، هەڵەی نەکردووە. بەڵام ئەو جۆرە کەسانە تووشی دەردەسەری ژیان دەبن، جا من دەمەوێ ئێوە لەوە بپارێزم. [29] ئەی برایان من پێتان دەڵێم: ئەوەندە کاتمان نەماوە، لەبەرئەوە ئەوانەی ژنیان هێناوە، پێویستە ئێستا بەشێوەیەك بن هەروەك ژنیان نەهێنابێ. [30] هەروەها ئەوانەی دەگرین هەروەك بڵێی ناگرین، ئەوانەی دڵخۆشن هەروەك بڵێی دڵخۆش نین، ئەوانەی شت دەکڕن هەروەك بڵێی هیچیان نییە. [31] ئەوانەی پەیوەندیان بەم جیهانەوە هەیە وەك بڵێی پەیوەندیان پێیەوە نییە، چونکە شێوەی ئەم جیهانە ڕووەو نەمانە. [32] دەمەوێ ئێوە لەسەرقاڵی سەربەست بن، ئەوەی ژنی نەهێناوە سەرقاڵ دەبێ بە کاروباری خوداوەندو چۆنیەتی ڕازی‌کردنی. [33] بەڵام ئەوەی ژنی هێناوە سەرقاڵ دەبێ بە کاروباری جیهانیو چۆنیەتی ڕازی‌کردنی ژنەکەی. [34] ئەو کابرایە دڵی بەش‌کراوە. هەروەها کچانو ئەو ژنانەی میێردیان نییە سەرقاڵ دەبن بەکاروباری خوداوەندو چۆن پیرۆزی لەش‌و ڕۆح بەدەست بهێنن. بەڵام ئەوەی شووی‌کردووە سەرقاڵی کاروباری جیهانیو چۆنیەتی ڕازی‌کردنی میێردەکەیەتی.

[35] من ئەمەتان پێدەڵێم بۆ بەرژەوەندی خۆتان. نەك بۆ ئەوەی بتانبەستمەوە. تاکو ڕێگای ڕاستو پەسەند بگرنو بێ دوودڵی خزمەتی خوداوەند بکەن. [36] گەر هاتوو یەکێك لەو باوەڕەدا بوو شتێکی چاك ناکات بەرامبەر بەدەزگیرانەکەی گەر بکەوێتە تەمەنەوەو نەیهێنێ، بەم شێوەیە پێویست بوو بیهێنێ، با بیهێنێ چونکە بەمە گوناە ناکات. [37] بەڵام ئەوەی لەدڵەوە بڕیاری دابێو خۆی ناچار نەکردبێ، بەڵکو دەسەڵاتی تەواوی بەسەر خۆی هەبێ، دەزگیرانەکەی خۆی بەکچی بهێڵێتەوە، ئەوا باش دەکات. [38] کەواتە، ئەوەی ژن دەهێنێ شتێکی چاك دەکات، بەڵام ئەوەی ناهێنی ئەوا چاکتر دەکات. [39] ژن ئەوەندە بە میێردەوە

دەبەستێتەوە هەتا مێردەکەی زیندووە. بەڵام گەر مێردەکەی مرد، ئەوسا ژنەکە سەربەستەو مافی ئەوەی هەیە هەر پیاوێك كە بیەوێ شووی پێ بكات، بەڵام پیاوەكە لەخواوەند بێ. [40]ئەگینا بەرای من ئەو ئافرەتە بەختەوەرترە گەر وەك خۆی بمێنێتەوەو شوونەكات. لەو باوەڕەشدام منیش ڕۆژی خودام تیادایە.

قوربانی بتەکان

8

ئێمە هەموومان ئەو زانینەمان هەیە سەبارەت بەو قوربانییانەی پێشكەش بەبتەكان دەكرێت. بەڵام زانین لووتبەرزت دەكات، كەچی خۆشەویستی بنیادت دەنێ، [2]گەر یەكێك لەو باوەڕەدایە شتێك دەزانێ، ئەو كەسە جارێ شتەكە بەتەواوی نازانێ وەك پێویستە بیزانێ. [3]بەڵام ئەوەی خودای خۆشدەوێ، ئەوا لای ئەو ناسراوە.

[4]سەبارەت بەوەی پەیوەندی بەخواردنی قوربانیی بتەكانەوە هەیە، ئێمە دەزانین بت بوونی نییە، هەروەها جگە لەخودای تاكو تەنها هیچ خودایەكی تر نییە. [5]چونكە گەر هەندێك هەبن پێیان بگوترێ خودا لەئاسمانو لەسەر زەوی، هەروەك زۆر خوداو زۆر خوداوەندیش هەیە. [6]بەڵام ئێمە تەنها یەك خودامان هەیە، ئەویش ئەو باوكەیە كە هەموو شتێك لەلایەن ئەوەو ئێمەش بۆ ئەو هەین، هەروەها یەك خوداوەندمان هەیە ئەویش عیسای مەسیحە، كە هەموو شتێك بەهۆی ئەوەو ئێمەش بەهۆی ئەو هەین.

[7]بەڵام هەموو خەڵك ئەم ڕاستیە نازانن، چونكە هەندێكیان تا ئەمڕۆش واڕاهاتوون كەوا بت بەڕاستی بوونی هەیە، تەنانەت لە گۆشتی قوربانیی بتیش دەخۆن، هەر وادەزانن پێشكەش بەبتەكان كراوە، ویژدانە لاوازەكەشیان گلاوبووە. [8]خواردن لە خودا نزیكمان ناكاتەوە، گەر هاتوو لەشتێكمان خوارد هیچمان دەست ناكەوێ، هەروەها گەر لێمان نەخوارد باشتر نییە. [9]بەڵام ئاگاداری خۆتان بن تاكو ئەم سەربەستیەتان نەبێتە بەردی كۆسپ بۆ ئەوانەی باوەڕیان لاوازە، [10]ئەی خاوەنی زانیاری گەر هاتوو یەكێك تۆی بینی لەپەرستگای بت لەسەر خوان

دانیشتووی، ئایا ئەو کەسە گەر ویژدانی لاواز بێ هانادرێ لەگۆشتی قوربانی بتەکان بخوات؟ [11]جا زانیاریەکەت بووە هۆی لەناوچوونی ئەو برا باوەڕ لاوازەی مەسیح لەپێناوی مرد.

[12]کەواتە بەهەمان شێوە گوناە بەرامبەر بە مەسیح دەکەن، کاتێ گوناە بەرامبەر بە برایەکتان دەکەنو ویژدانی لاوازیان برینددار دەکەن. [13] لەبەر ئەوە، گەر هەندێ خۆراك ببێتە کۆسپو کەوتنی براکەم، ئیتر هەرگیز گۆشت ناخۆم تاکو نەبمە کۆسپ بۆ براکەم.

مافی نێرراوان

9

ئایا سەربەست نیم؟ ئایا نێرراو نیم؟ ئایا عیسای مەسیحی خوداوەندمانم نەدیوە؟ ئایا ئێوە بەرووبوومی کاری من نین لەخوداوەند؟ [2]گەر هاتوو نێرراو نەبم لای خەڵکی تر، بۆ ئێوە نێرراوم، چونکە ئێوە مۆری نێرراوێتی منن. [3]ئەوەیە بەرگریکردنی من سەبارەت بەوانەی تاقیم دەکەنەوە: [4]ئایا مافی خواردنو خواردنەوەمان نیە؟ [5]ئایا مافی ئەوەمان نیە یەکێك لەخوشکان بکەین بەهاوسەرمانو لەگەڵ خۆمان بیهێنین، وەکو نێرراوانی ترو پەترۆسو برایان لەخوداوەند؟ [6] یاخود تەنها منو بەرنابا مافی ئەوەمان نییەو هەر دەبێ ئیش بکەین ﴿بۆ پەیداکردنی پێویستیەکانی ژیانمان﴾؟ [7]چ سەربازێك دەچێ بۆ جەنگ لەسەر حسابی خۆی؟ یا چ باخەوانێك رەزێك دەچێنێو لەبەرەکەی ناخوات؟ یاخود چ شوانێك مێگەلێ دەلەوەڕێنێو لەماستەکەی ناخوات؟ [8]ئایا ئەم قسانەم قسەی مرۆڤە؟ ئایا شەریعەتیش هەمان شت نالێ؟ [9]لەشەریعەتی موسا نووسراوە: {دەمی گا مەبەستەوە لەکاتی دەغڵ کوتانەوە.} گەر خودا بایەخ بە گا بدات؟ [10]ئایا بەڕاستی ئەمەی لەپێناوی ئێمەدا نەوتووە؟ بەڵێ، لەپێناوی ئێمەدا ئەمە نووسراوەو مانای ئەوەیە: هەموو ئەوانەی زەوی دەکێڵن. دەیکێڵن بەهیواوە، ئەوانەی گەنم دەکوتن ئەوە دەکەن بەهیوای ئەوەی بەشداربن لەبەروبووم. [11]کاتێ ئێمە شتی ڕۆحیتان تیا بچێنین ئایا گەلێك زۆرە گەر لەئێوە هەندێ شتی پێویستی

لەشمان دەست کەوێ؟ [12]گەر بێتو کەسانی تر ئەم مافەیان بەسەرتان هەبێ، دەبێ ئێمە چەند لەوان لەپێشتر بین؟ بەلأم ئێمە ئەم مافەمان وەرنەگرت، بەڵکو لەهەموو شتێك دانمان بەخۆمان گرت تاکو کۆسپێك نەخەینە سەر ڕێگای مزگێنی مەسیح.
[13]ئایا نازانن ئەوەی خزمەتی پەرستگا دەکات بە خێری پەرستگا دەژی، هەروەها ئەوەی خزمەتی قوربانگا دەکات بەشی خۆی لەقوربانیەکان هەڵدەگرێ؟ [14]هەر ئاواش خوداوەند فەرمانیداوە ئەوانەی مزگێنی خوداوەند دەدەن خۆیان بەهۆی ئەو مزگێنییەوە بژێنن. [15]بەلأم من داوای هیچ مافێك لەو مافانە ناکەم، هەروەها ئێستا ئەوە نانووسم هەتا داوای ئەم یارمەتییە بکەم. چونکە مردنم بەلاوە باشترە لەوەی یەکێك ڕێی ئەم شانازیەم لێبگرێ. [16]چونکە گەر مزگێنی بدەم نابێ شانازی بەخۆم بکەم، لەبەرئەوەی مزگێنیدان لەسەرم پێویستە. جا قور بەسەرم گەر بێتو مزگێنیم نەدایە. [17]چونکە گەر بەخواستی خۆم ئەوە بکەم، ئەوا پاداشت دەکرێم، بەلأم گەر بەخواستی خۆم نەبێ، ئەوا متمانەی لێپرسراویەتییەکم پێدراوەو جێبەجێی دەکەم. [18]ئیتر پاداشتم چییە؟ پاداشتی من ئەوەیە بەخۆڕایی مزگێنی بدەمو واز لەمافی خۆم بهێنم لەمزگێنیدا. [19]من مرۆڤێکی ئازادم، کۆیلەی هیچ کەس نیم، بەلأم خۆم کرد بەکۆیلە بۆ هەموو خەڵك تا ژمارەیەکی زۆریان لێ بەدەستبهێنم. [20]هەتا جوولەکە بۆ مەسیح بەدەستبهێنم، وەك جوولەکەیەك دەژیم. هەروەها بۆ ئەو خەڵکانەی لەژێر سایەی شەریعەت دەژین وەك ئەوان لەژێر سایەی شەریعەت دەژیم، چونکە دەمەوێ ئەو جۆرە کەسانەش بۆ مەسیح بەدەستبهێنم، [21]بەلأم بۆ ئەو کەسانەی بێ شەریعەتن، خۆم دەکەم بە بێشەریعەت هەتا بۆ مەسیح بەدەستیانبهێنم. ئیتر ئەمە ئەوە ناگەیەنێ من شەریعەتی خودا ڕاناگرم، بەڵکو لەژێر سایەی شەریعەتی مەسیحم. [22]بۆ لاوازەکان خۆم دەکەم بە لاواز، تاکو بەدەستیانبهێنم بۆ مەسیح. ئیتر بۆ هەموان بووم بەهەموو شتێك، هەتا بەهەر شێوەیەك بێ هەندێکیان ڕزگار

بکەم. [23]ئەمانە هەموو دەکەم لەپێناوی مزگێنی‌دا، تا بەشداری تیادا بکەم.
[24]ئایا نازانن هەموو ئەوانەی بەشداری ڕاکردن دەکەن لەیاری پێشبڕکێدا، تەنها یەکێکیان پاداشت وەردەگرێ؟ بەهەمان شێوە ئێوەش ڕابکەن تا دەیبەنەوە، [25]هەر یەکێك لەو یاریزانانە مەشقی خۆ بەهێزکردن دەکەن، تاکو تاجێکی لەناوچوو بەدەستبهێنن. بەلأم ئێمە لەپێناوی بەدەستهێنانی تاجێکی لەناونەچوو.
[26]کەواتە من ڕاناکەم وەك یەکێك ئامانجی نەبێ، هەروەها بۆکسێن ناکەم وەك یەکێك لەهەوا بدا. [27]بەڵکو ڕەق دەبم لەگەڵ لەشی خۆمو دەیکەم بەکۆیلە، تاکو خۆم ڕەت نەکەرێمەوە، دوای ئەوەی خۆم بەخەڵکی‌ترم ڕاگەیاندووە.

فێربوون لەمێژووی ئیسرائیل

10 بڕایان دەمەوێ ئێوە بزانن، باوباپیرانمان هەموویان لەژێر هەوردا بوون‌و هەموشیان دەریای سووریان بڕی. [2]جا هەموو ئەوانەی لەدەریاو لەژێر هەوردا بوون وەك قوتابیانی موسا لەئاوهەڵکێشران، [3]هەموشیان یەك جۆرە خواردنی ڕۆحیان خواردو [4]هەموویان یەك جۆرە ئاوی ڕۆحیان خواردەوە، چونکە لەو بەردە ڕۆحییەیان دەخواردەوە کە دوایان کەوتبوو، ئەو بەردەش مەسیح بوو. [5] بەلأم خودا لە زۆربەیان ڕازی نەبوو، ئیتر ئەمە بووە هۆی فڕێدانیان لەبیابان. [6]ئەم شتانە ڕوویدا تاکو ببێ بەغوونەیەك بۆمان، ئارەزووی کاری خراپ نەکەین، هەروەك ئەوان ئارەزوویان‌کرد، [7]نابێ ئێمە ببین بە بتپەرست وەك هەندێ لەوان، چونکە لەکتێبی پیرۆزدا نووسراوە: {گەل دانیشتن بۆ خواردن‌و خواردنەوە، ئینجا هەستانەوەو کەوتنە سەماکردن.} [8] هەروەها نابێ خۆمان بدەینە دەست داوێنپیسی وەك هەندێکیان کردیان.لێرە ئەمە بووە هۆی ئەوەی لەڕۆژێکدا بیست‌وسێ هەزار کەسیان لێ بمرێ. [9]هەروەها نابێ مەسیح تاقی‌بکەینەوە وەك هەندێکیان کردیان، ئیتر هەموویان بەمار لەناوچوون. [10]بێزاری دەرمەبڕن وەك هەندێکیان کردیان، ئەوسا ئەوەبوو فریشتەی لەناوبەر لەناوی

بـردن. [11]ئـەم شـتانە هەمووی دەبێ بەئاگاداریـەك بـۆ ئێمە، چونکە ئەمانە هـەمووی بـۆ ئامۆژگاری‌کـردنەوەی ئـێمە نووسـراوە، کـە کۆتایی جیهان لـێمان نزیك بووەتەوە. [12]ئیتر ئەوەی لـەو باوەڕدایـە کـەوا خـۆی ڕاگـرتووە، بائاگـای لـەخۆی بـێ نەکـەوێ. [13]هەر تاقی‌کردنەوەیەکتان تووش بێ ئەوە مرۆڤانەیە، بەڵام خودا پشـتی پـێ دەبەسـتێ‌و نایەڵێ زیاتر لەتوانای خۆتان تاقی‌بکرێنەوە، بەڵکو لـەکـاتی تاقی‌کردنەوەدا ڕێگایەکتان بـۆ دەکاتـەوە تـاکو بـتوانن بەرگـە بگـرن. [14]لەبەرئـەوە، ئـەی خۆشەویستانم، لـەبـتپەرسـتی دوورکەونەوە.

[15]چـۆن لـەگـەڵ تێگەیشـتوان دەدوێـم، ئاواش لـەگەڵ ئێوە دەدوێم، جا ئێوە حوکمبدەن سەبارەت بەوەی دەیڵـێم: [16]ئایـا ئـەو جامە پیرۆزەی پـیرۆزی دەکـەین بەشـداری نـیـە لـەخوێـنی مەسـیح؟ یاخود ئەو نانەی لـەتی دەکـەین بەشـداری نـیـە لـە لـەشـی مەسـیح؟ [17]لەبەر ئەوەی یەك نان هەیە، ئێمە لـەگەڵ ئەوەی زۆرین، یـەك لـەشـین، چـونکە هـەموومان بەشـداری لـەیـەك نـان دەکەین. [18] سـەیری ئیسـرائیل بکـەن لـەبارەی مرۆڤایەتـیـەوە: ئایـا ئـەوەی قوربـانی دەخوات لەقوربانگەدا بەشدار نییە؟ [19]کەواتـە مەبەسـتم چییە؟ ئایا ئەوەی بۆ بت سەربڕاوە بەنرخە یاخود بتەکە خـۆی بەنـرخە؟ [20]نەخـێر، چـونکە ئـەوەی بـتپەرستەکان سەری‌دەبڕن بـۆ ڕۆحە پیسەکان سەری‌دەبڕن نەك بـۆ خـودا. نامـەوێ ئێوە بەشداریتان هـەبێ لەگەڵ ڕۆحە پیسەکان. [21]ئێوە نـاتوانن لـەیـەك کـاتدا لـەجامی خوداوەنـدو لـەجامی ڕۆحە پیسەکان بخۆنـەوە، هـەروەها نـاتوانن لـەیـەك کـاتدا بەشـداری خوانی خوداوەندو خوانـی شـەیتان بکـەن، [22]یـاخود دەمانـەوێ تووڕەیی‌خوداوەنـد هەستێنین؟ ئایا ئێمە لەو بەهێزترین؟

هەموو شتێك بۆ شکۆی خودایە

[23]ئـێوە دەڵـێن (هـەموو شـتێك دروسـتە) بـەڵام هەموو شتێك سوود بـەخش نـیـە، دەڵێن (هەموو شتێك دروسـتە) بەڵام هەموو شتێك بنیادنەر نیـیـە. [24]بـا کەسـتان بـەدوای بـەرژەوەندی خـۆی نەگەڕێ، بەڵکو بـەدوای بـەرژەوەندی نـزیکەکەی بگـەڕێ. [25]ئـەو گۆشـتەی لـەبازار

دەفڕۆشرێ بیخۆن، ئەوەندە پرسیار مەکەن لەپێناوی ویژدانتان. 26چونکە زەوی و هەموو ئەو شتانەی لەسەریەتی هی خوداوەندە. 27گەر هاتوو بێباوەڕێك داوەتی کردنو ئێوەش ڕازیبوون بڕۆن، ئەوسا هەرچیەکتان پێشکەش دەکات بیخۆن، بێ پرسیارکردن، لەبەر ویژدان. 28بەڵام گەر هاتوو یەکێك پێی ووتن: (ئەم خواردنە لە قوربانی پێشکەش کراوی بتە.) ئەوسا لێی مەخۆن، لەبەر ئەو کەسەو ڕازی کردنی ویژدان، 29مەبەستم لەویژدانی ئێوە نییە، بەڵکو ویژدانی ئەوی دیکە، جا بۆچی سەربەستی لەلایەن یەکێکیتر حوکمی بەسەر بدرێ؟ 30گەر خواردنێکم خواردو سوپاسی خودام لەسەری کرد، ئیتر بۆچی یەکێکی دیکە بەخراپە باسم بکات لەسەر شتێك سوپاسی خودای لەسەر دەکەم؟ 31گەر خواردتانو خواردتانەوە یان هەر شتێکتانکرد، با هەموو شتێکتان لەپێناوی شکۆمەندی خودا بێ. 32مەبن بەکۆسپ لەڕێگای جوولەکە یا یۆنانی یاخود کۆمەڵەی باوەڕدارانی خودا. 33بەهەمان شێوە منیش هەوڵی ڕازیکردنی هەموان دەدەم لەهەموو شتێك، بایەخ نادەم بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆم، بەڵکو بایەخ بە بەرژەوەندی زۆربەی خەڵکی تر دەدەم، تاکو ڕزگاریان بێ.

11

بەشوێن پێی مندا بڕۆن وەك چۆن منیش بەشوێن پێی مەسیح دا دەڕۆم.

نوێژکردن لەکۆبوونەوە

2ستایشتان دەکەم چونکە هەمیشە یادم دەکەنو لەسەر ئەو خووڕەوشتانە دەڕۆن بەو شێوەی پێمداون. 3بەڵام دەمەوێ ئەوە بزانن کە مەسیح سەری هەموو پیاوێکەو پیاویش سەری ئافرەتەو خوداش سەری مەسیحە. 4هەر پیاوێك بەسەری داپۆشراو نوێژ بکا یاخود بەووشەی خودا بدوێ ئەوا شورەیی بەسەر خۆی دەهێنێ، 5هەروەها هەر ئافرەتێك بەسەری دانەپۆشراو نوێژ بکا یاخود بەووشەی خودا بدوێ، ئەوا شورەیی بەسەر خۆی دەهێنێ، ئەوەش وەك ئافرەتێك وایە کە سەری تاشرابێ. 6گەر ئافرەتێك سەری

دانەپۆشێ، باشترە قژی ببڕێ، بەڵام گەر هاتوو بۆ ئەو ئافرەتە شورەیی بوو قژی ببڕێ یاخود بیتاشێ، ئەوا پێویستە سەری داپۆشێ. [7]کەواتە پیاو نابێ سەری داپۆشێ، چونکە وێنەو شکۆمەندی خودایە ، بەڵام ژن شکۆمەندی پیاوە. [8]چونکە پیاو لەژن نیە، بەڵکو ژن لەپیاوە. [9]پیاو دروست نەکراوە بۆ ژن، بەڵکو ژن دروستکراوە بۆ پیاو. [10]بۆیە پێویستە ژن سەری داپۆشێ لەپێناوی فریشتەکان. [11]لە خوداوەند ژن سەربەخۆ نیە سەبارەت بەپیاو، هەروەها پیاویش سەبارەت بەژن. [12] چونکە هەروەك ژن لەپیاو دروستکراوە، ئاواش پیاو لەژن لەدایك دەبێت، بەڵام هەموو شتێك لەلایەن خوداوەیە.

[13]کەواتە خۆتان حوکم بدەن: ئایا شتێکی جوانە بۆ ژن بێ سەرپۆش نوێژ بکات بۆ خودا؟ [14]ئایا هەمان باری سروشتی فێرتان ناکات، شەرمەزاریيە بۆ پیاو قژی درێژ بکات، [15]بەڵام شانازییە بۆ ژن قژی درێژکاتەوە؟ چونکە خودا قژی پێداوە بۆ داپۆشینی. [16]لێرە گەر یەکێ بیەوێ بەربەرەکانی ئەمە بکات، ئیتر ئەوە لەگەڵ خوورەوشتی ئێمەو کۆمەڵە باوەڕدارەکانی خودا ڕێك ناکەوێ.

نانخواردنی خوداوەند

[17]ئامۆژگاریەکانم ستایش کردنی ئێوە نیە، چونکە کۆبوونەوەکانتان زیانی لەسوود زیاترە. [18]چونکە بۆ یەکەمجار بیستم، کاتێ ئێوە کۆدەبنەوە وەك کۆمەڵەی باوەڕداران ناکۆکی لەنێوانتان هەیە. تارادەیەکیش باوەڕ بەمە دەکەم. [19] چونکە دەبێ لەنێوانتان ناکۆکی گومڕابوون هەبێ تا لەنێوانتان باوەڕی ڕاستەقینە دەربکەوێ. [20] کاتێ کۆدەبنەوە ئەوە بۆ نانی خوداوەند نیە. [21]بەڵکو هەر یەکەتان پێش ئەوەی تر دەکەوێ بۆئەوەی بۆ خۆی بخوات، بەڵام هەیە لەناوتان بەبرسێتی دەمێنێتەوە، هەندێکیشتان سەرخۆش دەبێ. [22]ئایا ماڵتان نیە تیایدا بخۆنو بخۆنەوە؟ یاخود دەتانەوێ بەسووکی سەیری کۆمەڵەی باوەڕدارانی خودا بکەنو هەژارەکان شەرمەزار بکەن کە هیچیان نیە؟ کەواتە چیتان پێبڵێم؟ ئایا ستایشتان بکەم؟ نەخێر، ئەمە

ناکەم.[23] ئەوەی من بە ئێوەم دا لەخوداوەند وەرمگرتووە، ئەویش ئەوە بوو عیسای خوداوەند ئەو شەوەی تیایدا دەدرا بەدەستەوە [24] نانێکی هەلگرت، سوپاسی خودای کرد، لەتیکردو ووتی: (وەری بگرن بیخۆن، ئەمە لەشی منە لەپێناوی ئێوەدا شکاوە، جا ئەمە بکەن بۆ یادکردنەوەم.) [25] بەهەمان شێوە دوای نان خواردن، جامەکەی هەلگرتو ووتی: (ئەم جامە پەیمانی نوێیە بەخوێنی من، جا ئەمە بکەن هەر جارێك دەیخۆنەوە بۆ یادکردنەوەم.) [26] کەواتە، هەر کاتێ لەم نانەتان خواردو لەم جامەتان خواردەوە بەمە مردنی خوداوەند ڕادەگەیێنن، هەتا دەگەڕێتەوە. [27] جا هەر یەکێك لەم نانە بخواتو لەم جامەی خوداوەند بخواتەوە بێ ئەوەی شایانی بێ، تاوانبارە بەرامبەر بەلەشو خوێنی خوداوەند.

[28] با هەر یەکە خۆی تاقیبکاتەوە، پێش ئەوەی لەم نانە بخواتو لەم جامە بخواتەوە. [29] هەر یەکێك بخواتو بخواتەوە بێ ئەوەی مانای لەش تێبگات ئەوا حوکمی خودا بەسەر خۆی دەهێنێ. [30] لەبەر ئەوەیە ژمارەیەکی زۆر نەخۆشو لاوازتان تیادایە، هەندێکیش مردوون. [31] بەڵام گەر ئێمە حوکم بەسەر خۆمان بدەین، ئەوا تاوانبار نەدەکراین. [32] بەڵام کاتێ خوداوەند حوکم بەسەرمان بدات تەمێمان دەکات، تاکو تاوانبار نەکرێین لەگەڵ جیهان.

[33] ئەی برایان، کاتێ بەیەکەوە کۆدەبنەوە بۆ نان خواردن، چاوەڕێی یەکتری بکەن. [34] گەر یەکێکتان برسی بوو با لەماڵەوە نان بخوات، تا کۆنەبنەوە بۆ تاوانبار کردنی . سەبارەت بەشتەکانیتر کاتێ هاتم بۆ لاتان ئامۆژگاریتان دەکەم.

بەهرەکانی ڕۆحی پیرۆز

12

ئەی برایان، سەبارەت بە بەهرە ڕۆحیەکان دەمەوێ لاتان شاراوە نەبێ. [2] ئێوە دەزانن کاتێ بتپەرست بوون، ڕاتان دەکرد بەدوای بتە لاڵەکان تا بیانپەرستن. [3] بۆیە من دەمەوێ ئێوە تێبگەن کە هیچ کەسێك نیە بدوێ بەڕۆحی خوداو بڵێ (نەفرەت لەعیسا)، هەروەها هیچ کەس ناتوانێ بێ ڕۆحی پیرۆز بڵێ (عیسا خوداوەندە.)

4چەندەها بەهرە هەیە، بەلأم هەمووی لە یەك ڕۆحەوەیە، 5 هەروەها چەندین جۆر خزمەت هەیە، بەلأم هەمووی لە یەك خوداوەندەوەیە، 6جۆرەها کاریش هەیە، بەلأم تەنها یەك خودایە ئەوەی هەموو شتێك دەکات لەهەموو کەسێك.

7جا بەیەکێك ئاشکرا بوونی ڕۆحی دەدرێ، ئەمەش سوودی بۆ هەمووانە. 8یەکێك بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە قسەی دروستو دانای پێ دەبەخشرێ، بۆ یەکێکی تر قسەی زانین بەگوێرەی هەمان ڕۆح. 9هەر هەمان ڕۆحیش بە یەکێك باوەڕ دەبەخشێ، بەوی دیکەش بەهرەی نەخۆش چاككردنەوە بەیەك ڕۆح، 10 هەروەها یەکێك توانای کردنی کاری سەرسوڕهێنەری پێ دەبەخشرێ، یەکێکی دیکەش دوان بە ووشەی خودا، یەکێکی دیکەش توانای لێك جیاکردنەوەی ڕۆحەکان، بۆ یەکێکی دیکەش زمانە ڕۆحیەکان، بۆ یەکێکی دیکەش ڕوونکردنەوەی ئەو زمانانە. 11بەلأم ئەمانە هەموو کاری یەك ڕۆحو هەمان ڕۆحن، بە هەر یەکێك چۆن بیەوێ دەیدا.

یەك لەشو ئەندامی زۆر

12چۆن لەش یەکەو ئەندامی زۆری هەیە، ئەو ئەندامانە چەند زۆرن، بەلأم یەك لەش پێك دەهێنن، هەروەها مەسیح بەم شێوەیەیە. 13 چونکە ئێمە بەیەك ڕۆح لەئاو هەلکێشراین بۆ یەك لەش. گەر ئێمە جوولەکە بین یاخود یۆنانی، کۆیلە بین یاخود سەربەست، ئێمە هەموو لە یەك ڕۆحان خواردۆتەوە. 14کەواتە لەش یەك ئەندام نییە بەلکو کۆمەلە ئەندامێکە. 15گەر بێتو قاچ بڵێ: (چونکە من دەست نیم ئیتر من سەر بە لەش نیم،) ئایا ئیتر بە ئەندامی لەش دانارێ؟ 16هەروەها گەر بێتو گوێ بڵێ: (چونکە من چاو نیم، ئیتر من سەر بە لەش نیم،) ئایا بە ئەندامی لەش دانارێ؟ 17گەر هاتوو لەش هەمووی چاو بووایە، ئیتر چۆن شتمان دەبیست؟ هەروەها هەمووی گوێ بووایە، ئیتر چۆن بۆنمان دەکرد؟ 18لەبەرئەوە خودا هەر ئەندامێکی لەشی لەشوێنێکی تایبەت داناوە، بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێ. 19جا کوا لەش گەر هەمووی یەك

ئەندام بووایە؟ [20]بەڵام ئەوەتا وا نییە، بەڵکو ئەندامەکان زۆرن بەڵام یەك لەشن. [21]بەم شێوەیە، چاو ناتوانێ بە دەست بڵێ: (پێویستم پێت نییە.) هەروەها سەر بە هەردوو قاچ بڵێ: (پێویستم پێتان نییە.) [22]ئەوەی بە لاوازترین ئەندام دایدەنێن لە لەش، ئەوە ئەندامێکی پێویستە. [23]ئەو ئەندامەی لە لەشدا ئەوەندە ڕێزی نییە، زیاتر ڕێزی بۆ دادەنێن، هەروەها ئەو ئەندامەی بە شەرمەوە سەیری دەکەین، ڕێزی تایبەتی لێدەگیرێ. [24] بەڵام ئەو ئەندامانەی بەنرخن پێویستیان بەمە نییە، چونکە خودا ئەندامەکانی لەشی بە شێوەیەك دروست کردووە تەنانەت بۆ بچووکترین ئەندامی لەش نرخێکی تایبەتی داناوە، [25]تاکو لەش ناکۆکی تیادا پەیدا نەبێ، بەڵکو ئەندامەکان یەك بایەخیان هەبێ سەبارەت بەیەکتری. [26]گەر هاتوو ئەندامێك ئازاری هەبوو هەموو ئەندامەکانی دیکە لەگەڵی ئازار دەچێژن، ئەگەر یەکێك لەئەندامان ڕێزی لێنرا، ئەوا هەموو ئەندامان لەگەڵی دڵخۆش دەبن. [27]لەڕاستیدا ئێوە لەشی مەسیحن، هەر یەکەتان لەئەو ئەندامێکە. [28]خودا لەکۆمەڵەی باوەڕدارانی خۆی یەکەمجار نێرراوانی دانا، دووەمجار ئەوانەی بەووشەی خودا دەدوێن، سێهەمجار فێرکەران. ئینجا بەهرەکانی کاری سەرسوڕهێنەر: نەخۆش چاککردنو یارمەتیدانو بەڕێوەبردنو دوان بە زمانە ڕۆحیەکان. [29]ئایا ئەوانە هەموویان نێرراون؟ یاخود هەموو بەووشەی خودا دەدوێن؟ یان هەموو فێرکەرن؟ یا هەموویان بەهرەی کاری سەرسوڕهێنەریان دراوەتێ؟ [30]ئایا هەموویان بەهرەی چاككردنەوەی خەڵکیان دراوەتێ؟ یان هەموویان دەتوانن بەزمانی ڕۆحی بدوێن؟ یاخود توانای ڕوونکردنەوەی زمانە ڕۆحییەکانیان هەیە؟ [31]ئێوە هەوڵی بەهرەی باشتر بدەن، ئەوسا من ڕێگایەکی باشترتان نیشاندەدەم.

گرنگی خۆشەویستی

13 گەر بێتو بە هەموو زمانەکانی جیهانو فریشتەکان بدوێم، بەڵام خۆشەویستیم نەبێ، ئەوا من وەك گرمەگرمی دەهۆڵو زیرەزیرێ زۆرنا وام. [2]گەر بێتو بەووشەی خودا

بدوێـم‌و هـەموو نهـێنی‌و زانیاریـیەك بـزانم‌و بـاوەڕێکی تـەواوی وام هەبێ بـتوانم چـیای پـێ هەڵکـەنم، بـەڵام خۆشەویستیم نەبێ، ئەوا هیچ نیم. [3] گـەر بێـتو هـەموو سـامانم بەسـەر هـەژاران دابـەش بکـەم‌و تـا سووتان ژیـانم پێشـکەش بکـەم، بـەڵام خۆشەویستیم نـەبێ، ئـەوا هـیچ سوودی بۆم نابێ. [4] خۆشەویستی دان بەخۆگـرتن‌و ڕۆح سـووکییە، خۆشەویستی شانازی نییە، چاوپیسی نیـیە، لـووتبـەرزی نیـیە، [5] خۆشەویستی توندڕەوی نییە، داوای بـەرژەوەندی تایبـەتی خـۆی ناکات، زوو تـووڕە نـابێ‌و بەهەڵـەکانی پێشـوودا ناچـێتەوە، [6] خۆشەویستی بەخـراپە دڵخـۆش نـابێ، بـەڵکو بۆ ڕاستی دڵشـاد دەبێ. [7] خۆشەویستی هـەموو کـاتێ بەرگە دەگرێ، هەموو کـاتێ بـاوەڕ دەکـات، هـەموو کاتێ هـیوای هەیـە، هـەموو کـاتێ ئـارام دەگـرێ. [8] خۆشەویسـتی هەرگـیز نافەوتێ، بەڵام دوان بە ووشەی خودا نامێـنێ‌و دوان بەزمانـە ڕۆحیەکانیش بەسەردەچـێ، هـەروەها زانـیاریش نامێنێ. [9] چونکە زانیارمان تەواو نییە، هەروەها دوانمان بەووشەی خوا تەواو نییە، [10] بەڵام کاتێ تەواو دێت، ئەوسا ناتـەواو نامێـنێ. [11] کـاتێ منداڵ بووم وەك منداڵـێك قسـەم دەکـرد، وەك مـنداڵ تێدەگەیشتم، وەك منداڵ بیرم دەکـردەوە. بـەڵام ئێستا بووم بەپیاو، ئـەوەی شتی منداڵیبوو وازم لێهێنا. [12] چـونکە ئێستا تەماشای ئاوێنەیەکی تـاریك دەکـەین، بـەڵام دوایـی ڕووبـەڕووە. مـن ئێسـتا بەشـێك لـەزانینـم هەیە، بەڵام دوایی بەتەواوی خوداوەنـد دەناسـم، هـەروەك ئـەو بەتـەواوی مـن دەناسێ. [13] جا ئەوەی دەمێنێـتەوە بـاوەڕ هـیواو خۆشەویستیە، ئەمانە سێ شتن، بەڵام خۆشەویستی لەهەموویان مەزنترە.

دوان بەووشەی خودا

14

بـا خۆشەویسـتی ئامانجـتان بـێ، ئـارەزووی بەهـرە ڕۆحیەکان بکەن، بەتایـبەتی دوان بـە ووشەی خودا، [2] ئـەوەی بـەزمانـە ڕۆحـیەکان بدوێ، قسـە لـەگـەڵ خـەڵك ناکات، بەڵکو لـەگـەڵ خـودا، کـەس لێی تێناگات، چـونکە ئـەوەی ئـەو بەهۆی ڕۆحی پـیرۆز دەیڵـێ نهێنییە. [3] بەڵام ئەوەی بەووشـەی خـودا دەدوێ، ئـەوە بـۆ

بنیادنانو هاندانو دڵنەواییە. [4]ئەوەی بەزمانە ڕۆحییەکان دەدوێ، ئەوا خۆی بنیاد دەنێ، بەڵام ئەوەی بەووشەی خودا دەدوێ، ئەوا کۆمەڵەی باوەڕداران بنیاد دەنێ. [5] من حەز دەکەم هەمووتان بەزمانە ڕۆحییەکان بدوێن. بەڵام باشترە بەهرەی دوان بەووشەی خوداتان هەبێ، چونکە ئەوەی بەووشەی خودا دەدوێ مەزنترە لەوەی بەزمانە ڕۆحیەکان دەدوێ، تەنها گەر یەکێك بتوانێ ڕوونیبکاتەوە، ئەمەش ببێتە هۆی بنیادنانی کۆمەڵەی باوەڕداران. [6]ئەی برایان، ئێستا وابزانن من هاتووم بۆ لاتانو بەزمانە ڕۆحیەکان لەگەڵتان دەدوێم، لێرە چ سوود لەمن وەردەگرن، گەر بینینو زانیاریو دوان بەووشەی خوداو فێرکردنی تیادا نەبێ؟ [7]تەنانەت ئامێرێکی مۆسیقای بێڕۆح، بۆ نموونە شمشاڵۆ ساز، گەر دەنگی جیاوازیان نەبێ، چۆن گۆێگر بزانێ کامەیان دەنگی شمشاڵەو کامەیان دەنگی سازە؟ [8]گەر بێتو کەرەنای شەڕ دەنگەکەی ئاشکرا نەبێ، کێ خۆی ئامادە دەکات بۆ شەڕ؟ [9]ئێوەش هەروەها گەر بێتو بە زمانی ڕۆحی بدوێنو کەس لێتان تێنەگات، ئیتر چۆن خەڵکی بزانێ چی دەڵێن؟ ئایا وەك ئەوە نییە لەگەڵ هەوا بدوێن؟ [10]لەجیهان ئەوەندە زمان هەیە لەژماردن نایەن، بەڵام هیچیان بێواتا نییە. [11]گەر بێتو من لەواتای زمانێك تێنەگەم، ئەوا دەبێتە بێگانەو ئەو کەسەی بەو زمانەش دەدوێ، هەروەها منیش دەبمە بێگانە بۆ ئەو کەسە. [12]کەواتە ئێوەش، گەر بەپەڕۆش بن بۆ بەهرەی ڕۆحی، زیاتر هەوڵی بۆ بدەن لەپێناوی گەشەکردنی کۆمەڵەی باوەڕدارانو پەرەسەندنی.

[13]لەبەرئەوە پێویستە لەسەر ئەوەی بەزمانە ڕۆحیەکان دەدوێ، نوێژ بکات تا خودا هێزی ڕوونکردنەوەی زمانەکانی بداتێ. [14] چونکە گەر من بەزمانە ڕۆحیەکان نوێژم کرد، تەنها ڕۆحم نوێژ دەکات، بەڵام میشکم هیچ بەرووبوومی نابێت. [15]کەواتە چی بکەم؟ بەڕۆح نوێژ دەکەم، هەروەها بەمێشکیش نوێژ دەکەم. بەڕۆح گۆرانی دەڵێم، هەروەها بەمێشکیش گۆرانی دەڵێم. [16]ئەگینا گەر تۆ بەڕۆح ستایشی خودا بکەی، چۆن

دەبێ یەکێکی دەرەوە بەسوپاس کردنەکەت بڵێ (ئامین)؟ چونکە ئەو نازانێ تۆ دەڵێی چی. [17]لەوانەیە سوپاس کردنەکەت باش بێ، بەڵام ئەوەی تر بنیادنانرێ. [18]سوپاس بۆ خودا لەهەموو تان زیاتر دەتوانم بەزمانە ڕۆحیەکان بدوێم، [19]بەڵام لەکۆمەڵەی باوەڕداران بەلامەوە باشترە پێنج ووشە بڵێم بەمێشکمەوە کە خەڵکی لێی فێر ببێ، لەوەی کە دە هەزار ووشە بڵێم بەزمانەکان کەس لێیتێناگات. [20]ئەی برایان، لەبیرکردنەوەدا وەک منداڵ مەبن، بەڵکو لەئاست خراپەکاریدا وەک منداڵی ساوا بن. بەڵام لەبیرکردنەوەدا وەک یەکێکی گەورەو تێگەیشتوو بن. [21]لەشەریعەت نووسراوە: {خوداوەند دەڵێ، بەزمانی بێگانەکانو بەلێوی نامۆکان قسە لەگەڵ ئەم گەلە دەکەم، لەگەڵ ئەمەش گوێم لێ ناگرن.} [22]کەواتە زمانەکان نیشانە نیە بۆ باوەڕداران بەڵکو بۆ بێباوەڕان، بەڵام دوان بەووشەی خودا بۆ باوەڕدارانە نەک بۆ بێباوەڕان. [23]گەر ئەندامانی کۆمەڵەی باوەڕداران هەموو بەیەکەوە کۆبوونەوە، لەوێ هەموویان بەزمانە ڕۆحیەکان قسەیانکرد، ئینجا یەکێکی نەزان یاخود بێباوەڕ بێتە ژوورەوە، ئایا نالێ ئێوە هەموتان شێتن؟ [24]بەڵام بەپێچەوانەی ئەمە گەر بێتو هەموو بەووشەی خودا بدوێنو یەکێکی نەزان یاخود بێباوەڕ بێتە ناوتان، هەموو سەرزەنشتی دەکەنو هەموو حوکمی بەسەر دەدەن. [25]ئەمە وای لێدەکات نهێنی دڵی ئاشکرا بکات، ئەوسا ئەو کەسە کڕنووش دەباو خودا دەپەرستێ، دانبەوەدا دەنێ خودا بەڕاستی لەنێوانتانە.

کۆبوونەوەی ڕێکوپێک

[26]ئەی برایان، کاتێ ئێوە کۆدەبنەوە هەریەکەتان شتێکی هەیە، یەکێک گۆرانی ڕۆحی، یاخود وانەیەکی فێرکردن، یا بینین، یان دوان بەزمانە ڕۆحیەکان، یان ڕوونکردنەوەی زمانەکان. باهەموو شتێک بۆ بنیادنان بێ. [27]با دووان یا سیان بەزمانەکان بدوێن یەک لەدوای یەک، بەڵام هەر یەکێک ڕوونیانبکاتەوە. [28]بەڵام گەر لەوێ کەس نەبوو ڕوونی بکاتەوە. ئەوسا

دەبێ لەکۆبوونەوە بێدەنگبن‌و لەدڵی خۆتان بۆ خۆتان‌و بۆ خودا بدوێن. [29]هەروەها ئەوانەی بەووشەی خودا دەدوێن، تەنها دەتوانن دووان یان سیانیان بدوێن، ئەوانی دیکە دەبێ قسەکانیان هەڵسەنگێنن. [30]گەر هاتوو یەکێك لەدانیشتوان لەلایەن خوداوە بینینێکی بۆ ڕاگەیەنرا، پێویستە لەسەر ئەوەی دەدوێ بێدەنگ بێ، [31]ئێوە هەموو دەتوانن یەك لەدوای یەك بەووشەی خودا بدوێن، هەتا هەموو فێربن‌و هانبدرێن. [32]ڕۆحی ئەوانەی بەووشەی خودا دەدوێن ملکەچن بۆیان، [33]چونکە خودا، خودای ئاژاوە نییە، بەڵکو خودای ئاشتییە. هەروەك لەهەموو کۆمەڵەکانی خوشك‌و برا پیرۆزەکان، [34]ژنان بێدەنگ دەبن لەکاتی کۆبوونەوەدا، چونکە ئەوان نابێ قسە بکەن پێویستە ملکەچ بن بەو شێوەیەی شەریعەت دەیڵێ. [35]بەڵام گەر ویستیان شتێك فێربن، با لەماڵەوە لەمێردەکانیان بپرسن. چونکە شوورەییە بۆ ژن لەناو کۆبوونەوە بدوێ. [36]ئایا ووشەی خودا لەلای ئێوەوە هاتووە، یاخود تەنها بۆ لای ئێوە هاتووە؟ [37]گەر یەکێك خۆی بەهەڵگری ووشەی خودا بزانێ یاخود بەڕۆحی دانا، بابزانێ ئەوەی بۆتانی دەنووسم ڕاسپاردەی خوداوەندە. [38]گەر یەکێك ئەوە نەزانێ، با هەر نەزانێ. [39]کەواتە ئەی برایان، بەدڵگەرمییەوە هەوڵ بدەن بەووشەی خودا بدوێن، هەروەها ڕێی دوان بەزمانە ڕۆحیەکان لەکەس مەگرن. [40]بەڵام هەموو شتێك پێویستە دروست‌و ڕێکوپێك بێ.

هەستانەوەی عیسا

15 ئەی برایان، ئەوەتان بیردەخەمەوە کە بۆم هێنان‌و مزگێنیم پێدان، ئەوەی وەرتانگرت‌و هەتا ئێستا لەسەری چەسپاون. [2]گەر هاتوو بەبەردەوامی لەسەر ئەو ووشانە ڕۆیشتن بەو شێوەیەی مزگێنیم پێدان، ئەوسا ڕزگارتان دەبێ، ئەگینا بەخۆرایی باوەڕتان هێناوە.

[3]چونکە ئەوەم پێدان کە لەسەرەتاوە وەرمگرتبوو، ئەوەش ئەوەیە مەسیح لەپێناوی گوناهەکانمان مرد بەگوێرەی نووسراوی ﴿پێغەمبەرەکان﴾، [4]ئەو نێژراو

لەڕۆژی سێهەم هەستایەوە دیسان بەگوێرەی نووسراوی ﴿پێغەمبەرەکان﴾، [5]ئینجا بۆ پەترۆس و دوایی بۆ دوانزە قوتابیەکەی دەرکەوت، [6]پاشان بۆ زیاتر لە پێنج سەد لەبرایان دەرکەوتکە بەیەکەوە بوون، لەوانە هێشتا زۆربەیان دەژین، بەڵام هەندێکیان نوستوون، [7]دوایی بۆ یاقوب دەرکەوت، ئینجا بۆ هەموو نێڕراوان، [8]پاش هەمووان بۆ منیش دەرکەوت، وەك منداڵێك لەکاتی خۆی لەدایك نەبووبێ. [9]چونکە من بچوکترین نێڕراوم، هەروەها شایانی ئەوە نیم بە نێڕراو ناوببرێم، چونکە من کۆمەڵەی باوەڕدارانی خودام لەکاتی خۆی چەوساندۆتەوە. [10]بەڵام بەهۆی بەرەکەتی خوداوە وام لێهاتووە وەك ئێستا دەمبینن، هەروەها ئەو بەرەکەتەی پێی‌بەخشیووم بێسوود نەبوو بەڵکو بەپێچەوانەوە، من لەهەموو نێڕراوانی دیکە زیاتر ئیشم کردووە، ئەو شتانەش بەهۆی توانای خۆم نەبوو، بەڵکو بەهۆی بەرەکەتی خودا بوو کە لەگەڵمدایە. [11]ئیتر من بم یاخود نێڕراوانی دیکە، ئێمە ووشەی خودامان ڕاگەیاند، ئێوەش باوەڕتان هێنا.

هەستانەوەی مردووان

[12] گەر ئێمە هەستانەوەی مەسیح لە نێو مردووان ڕابگەێنین، ئیتر چۆن هەندێکتان دەڵێن مردووان زیندوونابنەوە؟ [13]گەر هەستانەوەی مردووان نەبێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ مەسیح هەڵنەستاوەتەوە. [14]گەر بێتو مەسیح هەڵنەستابێتەوە، ئەوسا مزگێنیدانمان بێ سوود دەبێ، هەروەها باوەڕی ئێوەش هیچ سوودی نابێ. [15]ئێمەش دەبینە شایەتی درۆزن بۆ خودا، چونکە ئێمە شایەتیمان‌دا سەبارەت بەخودا، کە مەسیحی هەستاندووەتەوە، بەڵام هەڵێنەستاندووەتەوە گەر مردووان هەڵنەستنەوە. [16]بۆیە گەر مردووان هەڵنەستنەوە، کەواتە مەسیحیش هەڵنەستاوەتەوە. [17]گەر بێتو مەسیح لەنێو مردووان هەڵنەستابێتەوە، ئەوسا باوەڕتان بەتاڵ دەبێ و ئێوەش هێشتا لەگوناهەکانتان دان. [18]هەروەها ئەوانەی نووستوون و باوەڕیان بەمەسیح هەبوو هەموو لەناوچوون. [19]گەر بێتو هیوامان بەمەسیح تەنها

بـۆ ئـەم ژیانـە بـێ، ئـەوا ئـێمە بەدبەختترین کەس دەبین لەنێو مرۆڤ.
20بـەڵام لەڕاستیدا مەسیح لەنێو مـردووان هەستایەوە بوو بەنۆبەرەی نووستوان. 21جا چۆن مردن بەهۆی مرۆڤـێك هاتەکایـەوە، زیندووبوونەوەی مردووانیش بەهۆی مرۆڤـێك بـوو. 22هـەروەها چـۆن هەموو بەهۆی ئادەم دەمرن، بەهەمان شـێوە هـەموو بـەهۆی مەسـیح زیندووددەبـنەوە. 23بـەڵام هەر یەکەو بەنۆرەی خۆی، یەکەمجار مەسیح وەك نۆبەرەیـەك هەسـتایەوە، ئـینجا دوای گەڕانەوەی ئەوانەی سەر بە مەسیحن هەڵدەسـتنەوە، 24دوای ئەمە کۆتایی دێـت، کـاتێ پادشـاهێتی دەدات بـەخودای بـاوك، پاش ئەوەی هەموو سـەرکردایەتیو دەسـەڵاتو هێزێك لـەناودەبات. 25 عیسا دەبێ ئەوەندە فەرمانـڕەوایی بکـات، هـەتا هـەموو دوژمـنانی دەخاتـە ژێر پێیەوە. 26ئیتر دوا دوژمـن کـە لـەناودەبرێ مردنە. 27چـونکە خـودا {هـەموو شـتێکی ملکەچـی ژێـر پـێی‌کردووە}. بەڵام کـاتێ دەڵـێ هـەموو شـتێك ملکـەچ‌کرا، شتێکی ئاشکرایە خودا ناگرێـتەوە، ئـەوەی هـەموو شـتێکی ملکەچـی مەسیح کردووە. 28کاتێ هـەموو شـتێك ملکەچـی ڕۆڵـە بوو، ئەوسـا ئەویش ملکەچی خودا دەبێ، ئـەوەی هـەموو شـتێکی ملکەچـی کـردووە، تـاکو خودا ببێت بەهەموو شتێك لەهەموو شتێك.
29گـەر ڕاسـتبـێ مـردووان هەرگـیز هەڵنەسـتنەوە، ئـیتر لەئاوهەڵکێشـانی ئەوانـەی لەجـیاتی مـردووان لەئاوهەڵدەکێشـرێن چ سـوودێکی هەیـە؟ کەواتـە بۆچـی لەجـیاتی ئـەوان خۆیـان لەئاوهەڵدەکێشن؟ 30هەروەها بۆچی ئـێمە هـەموو کـاتێ خۆمـان دەخەینە مەترسـییەوە؟ 31ئـەی بـرایان پێـتان دەڵێم، من ڕۆژانە ڕووبەڕووی مردن دەبمەوە، بەو شانازیەی لەئێوەدا هەمە بـەهۆی عیسـای مەسـیحی خوداوەندمـان. 32گـەر بێـتو وەك مرۆڤـێك بەڕەنگاری دڕندان بوومایە لـە شـاری ئەفەسـۆس، ئەوسـا چ سوودێکم دەبوو؟ گەر بێتو مردووان هەڵنەسـتنەوە، ئـیتر ئـێمەش دەڵێین: (وەرن بـا بخۆیـن‌و بخۆیـنەوە، بـەیانی مـردنە.) 33هـەڵمەخەڵەتـێن، چونکە پەیوەندی خراپ ڕەوشتی جوان تێك دەدات. 34هـۆش بهێننەوە بەرخۆتان،

ئـیتر هەڵە مەکەن، چونکە هەندێکتان نـەزانن سـەبارەت بە خودا. من ئەمە دەڵێم تا شەرمەزاربن.

هەستانەوەمان چۆن دەبێ؟

35لەوانەیـە یەکـێك بپرسـێ: (مـردووان چۆن هەڵدەستنەوە، بە چ جـۆرە لەشـێك دەگەڕێنەوە؟) 36ئەی گێل! ئەوەی دەچێنرێ زیندوونابێتەوە هـەتا نەمرێ. 37ئەوەی دەچێنرێ ئەو شـتە نـیـیە کـەوا دێتەدەرەوە، بەڵکو تەنها دەنکە گەنمە یاخود هەر تۆوێکی دیکـە. 38ئـینجا خـودا ئەو شێوەیەی دەداتـێ کـە خۆی دەیەوێ، هەروەك چۆن هەموو جۆرە تۆوێك شێوەیەکی تـایـبـەتی داوەتـێ. 39بەهـەمان شـێوە هـەموو لـەشـێك یـەك شـێوەی نییە، بـەڵکو مـرۆڤ لـەشـێکی هەیـە، ئاژەڵ لـەشێکی دیکە، ماسی لـەشێکی هەیەو بالندە لـەشێکی دیکە. 40تەنی ئاسمانی هەیـەو تـەنی زەویـش هەیـە، بـەڵام شکۆمەندی تەنە ئاسمانییەکان شتێکەو شـکۆمەندی تـەنـی زەویـش شتێکی تـرە. 41شـکۆمەندی خـۆر شـتێکەو شـکۆمەندی مانگـیش شـتێکە، هـەروەها شـکۆمەندی ئەسـتێرەش شتێکی تر، ئەستێرەش لـەگەڵ ئەستێرە شکۆمەندی جیاوازی خۆیان هەیە.

42بـەم جـۆرەش هەڵسـانەوەی مـردووان: ئـەوەی دەچـێنرێ لەفەوتاوی، لەهەڵسانەوە فەوتاو نییە. 43لەسـووکایەتی دەچـێنرێ، لـەشـکۆمەندی هەڵدەسـتێتەوە. لـەلاوازی دەچـێنرێ، لەهـێز هەڵدەستێتەوە. 44بەلەشی سروشتی دەچـێنرێ، بەلەشـی ڕۆحـی هەڵدەستێتەوە. گەر لەشی سروشتی هـەبێ لەشـی ڕۆحـیش هەیـە. 45هەروەك لەکتێبی پیرۆز نووسراوە: { ئادەمی یەکەم لەشێکی زیندوو بوو.} بـەڵام دوا ئـادەم ڕۆحـێکە ژیانمـان پێدەبەخشێ. 46ئەوەی یەکەم ڕۆحی نییە بەڵکو لەشی سروشتییەو ئەوەی دواتـر ڕۆحـیـیە. 47مـرۆڤی یەکـەم لـەزەوی بـوو لـەخۆڵ دروستکرا، بەڵام مرۆڤی دووەم لەئاسمانەوەیە. 48 کەواتـە ئەوەی لەخۆڵ دروستبووە، ئەوانـەش لەخۆڵن ئاوا دەبن. ئەوەش لـەئاسمانەوەیـە، ئاسمانیەکانـیش ئـاوا دەبـن. 49جـا چـۆن ئـەو وێـنەیەمان وەرگـرتووە کـە لـەخـۆڵ دروسـت کـراوە، بەهەمان شێوە وێنەی ئاسمانی وەردەگـرین. 50ئەی برایان، من پێتان دەڵـێم: گۆشتو خوێن ناتوانێ ببێتە

میراتگری پادشاهێتی خودا، هەروەك
چۆن فەوتاو نابێتە میراتگری
نەفەوتاو. [51]گوێ لەم نهێنیە بگرن:
ئێمە هەمووماڵ ناخەوین؟ بەڵکو
هەمووماڵ دەگۆڕێین، [52]ئەمەش
یەکسەر لەچاوتروکانێك ڕووەدات،
کاتێ دوا کەڕەنا لێدەدرێو دەنگ
دەداتەوە. ئەوسا مردووان
بێگەندەڵی و فەوتان هەڵدەستنەوە،
هەروەها ئێمەش دەگۆڕێین. [53]چونکە
دەبێ ئەو سروشتە فەوتاوە نەفەوتاوی
بپۆشێو سروشتی مردوو نەمری
بپۆشێ. [54]کاتێ فەوتاو نەفەوتاوی
دەپۆشێو مردن نەمری دەپۆشێ،
ئەوسا ئەوەی لەکتێبی پیرۆزدا
نووسراوە دێتەدی: {سەرکەوتن
مردنی قووتدا. [55]ئیتر ئەی مردن کوا
سەرکەوتنت؟ ئەی گۆڕ، کوا
پێوەدانت؟} [56]پێوەدانی مردن
گوناهە، هێزی گوناه شەریعەتە.
[57]بەڵام سوپاس بۆ خودا، ئەوەی
سەرکەوتنی بە ئێمە بەخشیوە بەهۆی
عیسای مەسیحی خوداوەندمان.
[58]کەواتە، ئەی برایانی خۆشەویستم،
جێگیرو چەسپاو بن، خۆتان
بەتەواوی بۆ خوداوەند تەرخان
بکەن، ئیتر بزانن ئەوەی بۆ
خوداوەندی دەکەن بێسوود نییە.

یارمەتیدانەوە بۆ باوەڕداران

16 بەڵام لەبارەی کۆکردنەوەی یارمەتی
بۆ برا پیرۆزەکان، چۆن کۆمەڵە
باوەڕدارەکانی ناوچەی غەلاتیەم
ڕاسپاردووە، ئێوەش ئاوا بکەن. [2]با
هەر یەکەتان لەڕۆژی یەکشەممە چەند
پارەی لەتوانادایە بیخاتە لایەك، تا ئەو
ڕۆژە پارە کۆنەکرێتەوە کە دەگەمە
لاتان. [3]جا کاتێ گەیشتمە لاتان، کێ
بەباش دەزانن لەناو خۆتان دەیانێرم
بەنامەوە تا ئەو یارمەتییەی
کۆتانکردۆتەوە بۆ قودس ببەن. [4]
ئەگەر پێویست بوو، خۆم لەگەڵیان
دەڕۆم. [5]کاتێ دێم بۆ لاتان تێدەپەڕم
بەناوچەی مەکدۆنیا، چونکە دەبێ
بەمەکدۆنیادا بڕۆم. [6]لەوانەیە
ماوەیەك لاتان بم، یاخود لەوانەیە
هەموو زستان لاتان بمێنمەوە، ئینجا
ڕێگای سەفەرم بۆ ئاسان بکەن بۆ
هەر شوێنێك کە دەمەوێ. [7]چونکە
ئەمجارە نامەوێ تەنها بەسەر پێی
بتانبینم، بەڵکو هیوادارم گەر
خوداوەند خواستی لەسەربێ
ماوەیەکی زۆر لاتان بمێنمەوە. [8]بەڵام

هـەتا ڕۆژی پەنجاهـەمین لـە ئەفەسۆس
دەمێـنمەوە، [9]چـونکە دەرگـای پانو
بـەرین بـۆ ئیشی کاریگەر کراوەتەوە
بۆم، هەرچەندە زۆر دوژمنیشم هەیە.
[10]گەر تیمۆساوس بۆ لاتان هات،
بـا بەئاسـودەیی لـەناوتان بێ، چونکە
ئـەویش وەك مـن کـاری خوداوەنـد
دەکـات. [11]نامەوێ کەس بەسووکی
سـەیری بکات، بەڵکو لـەگەڕانەوەدا
یارمـەتیبدەنو بەئاشتی بەڕێی بکەن،
چونکە منو برایان چاوەڕێی دەکەین،
[12]هـەروەها زۆر داوام لـەئەپۆلۆسی
بـرامان کـرد هەتا لەگەڵ برایان بێو
دیدەنیتان بکات، بەڵام ئەو نەیویست
ئێسـتا بـۆ لاتـان بێ، ئیتر کەی بۆی
ڕێکەوت ئەوسا بۆ لاتان دێت.

کۆتایی

[13]ئێشـــکبگـــرن، جـــێگیربن
لـــەباوەڕ، پیاوی ئازابن، بەهێزبن. [14]
هەرچـیەك دەکەن لە خۆشەویستیەوە
بـــیکەن. [15]ئـــێوە دەزانـــن مـــاڵی
ئیســـتیفانۆس پێشـــەبەرە بـــوون
لـەئەخائیە، خۆیان تەرخان کردبوو بۆ
خـــزمەتکـــردنی خوشـــكو بـــرا
پیرۆزەکـان، [16]داواتـان لـێدەکـەم،
ئـەی بـرایان، گوێـڕایەڵی ئەوان بن،
لـەگـــەڵ هـــەمـوو ئەوانـەی لـەگەڵیان
ئیش دەکەن. [17]دڵشاد بووم بە هاتنی
ئیســـــتیفانۆسو فـــــەرتوناتوسو
ئەخائـیکۆس، چـونکە شوێنی ئێوەیان
گـرتەوە بـۆم، [18]ئـەوان ڕۆحی منو
ئـێوەیان گەشـاندەوە، ئـەو جـۆرە
کەسانە ڕێزیان بۆ دابنێن.
[19]کۆمەڵـەی بـاوەڕدارانی ئاسـیا
ســـاڵۆتان لـــێدەکـــەن، ئەکـــیلاو
بریســـکلا لەگـــەڵ ئـــەو کۆمەڵـــەی
لـــەماڵەکـــەیان کۆدەبـــنەوە بـــەناوی
خوداوەنـــد بەگـــەرمی ســـاڵۆتان
لـــێدەکەن. [20]هەموو برایان سلاۆتان
لـــێدەکـــەن، ئـێوەش بـــەماچـی پاك
پیرۆز سلاۆ لەیەکتری بکەن.
[21]مـــنم پۆڵـــس ســـلاۆی منـــتان
لـــێبێ کـــە بـــە دەســـتی خـــۆم بۆتان
دەنووســـم. [22]بـــەڵێ ئـــەو کەســـەی
عیســـای خوداوەنـدی خـۆشناوێ با
نەفـرەتی لـــێبێ. (ماراناسا) ﴿واتای:
ئـەی خوداوەند وەرە﴾. [23]بەرەکەتی
عیسای مەسیحی خوداوەندتان لەگەڵ
بێت. [24]بەو خۆشەویستیەتان دەسپێرم
کە لەعیسای مەسیحە. ئامین.

دووەم نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی کۆرنسۆس

هۆی نووسینی نامەی دووەم بۆ کۆمەڵەی باوەڕدارانی کۆرنسۆس، ئەو گرژیە بوو کە لەنێوان پۆڵسو کۆمەڵەکەدا هەبوو، بە هۆی هەندێ لەئەندامانی کۆمەڵەکە، کاتێ هێرشێکی تونديان کردبووە سەری. بەڵام پۆڵس لە نامەکەدا ئارەزووی خۆی دەردەبڕی بۆ ئاشتبوونەوەو دڵخۆشی خۆی دەردەخا ئەگەر ئەم ئاشتبوونەوەیە بێتەدی.

لە بەشی یەکەمی نامەکە، پۆڵس باسی پەیوەندی خۆی دەکات بەکۆمەڵەی باوەڕدارانی کۆرنسۆسەوە. باس دەکات بۆچی بە تونديی وەڵامی ئەو سووکایەتی پێکردنەو بەرهەڵستیە دەداتەوە کە لەلایەن کۆمەڵەی باوەڕدارانی کۆرنسۆسەوە تووشی هاتبوو. پاشان دڵخۆشی خۆی دەردەبڕێ، چونکە وەڵامە تونديەکەی بووە هۆی ئاشتبوونەوەو تۆبەکردن. دوایی پۆڵس تکا لەکۆمەڵی باوەڕداران دەکا بۆ ئەوەی کۆمەك بۆ باوەڕدارانی یەهودیە کۆبکەنەوە.

لە کۆتایی نامەکەشدا بەرگری لە نێرراوێتی خۆی دەکا لە دژی ئەو کەسانەی لە کۆرنسۆس ووتبوویان گوایا ئەوان نێرراوی ڕاستەقینەن و پۆڵس نێرراوی ڕاستەقینە نییە.

1

بێ.

خودای دڵنەوایی‌کەر

[3]پیرۆزە خودا، باوکی عیسای مەسیحی خوداوەند، باوکی پڕ لە بەزەیی و خودای هەموو دڵنەواییەك،
[4]هەر ئەوە لە هەموو ناخۆشییەکدا دڵنەواییمان دەکات، تاکو بتوانین بەو دڵنەواییەی لە خوداوە وەرمانگرتووە، دڵنەوایی خەڵکی تر

لە پۆڵسەوە، نێرراوی عیسای مەسیح لەسەر خواستی خودا، هەروەها لە تیمۆساوسی براوە، بۆ کۆمەڵەی خودا لە کۆرنسۆس، هەروەها بۆ هەموو برا پیرۆزەکان لە گشت ناوچەی ئەخائیە. [2]با بەرەکەت و ئاشتی خودای باوکمان و عیسای مەسیحی خوداوەند بۆ ئێوە

بکەین

لەهەموو ناخۆشیەك. [5]جا چۆن بەشداری زۆرمان کردووە لە ئازاری مەسیح، بەهەمان شێوە بەهۆی مەسیحەوە زۆر دڵنەوایی دەکرێین. [6] گەر ئێمە لەناخۆشی بین، ئەوە لەپێناوی دڵنەوایی و ڕزگاری ئێوەیە، گەر دڵنەوایی کرابین، ئەوەش لەپێناوی دڵنەوایی ئێوەیە، ئەوەی واتان لێدەکات خۆتان ڕاگرن بەرامبەر هەمان ئازار کە ئێمەش دەیچێژین. [7]ئێتر هیوامان بەئێوە چەسپاوە، چونکە دەزانین چۆن لەئازار بەشداریمان دەکەن، لەدڵنەواییش بەشداریمان دەکەن.

[8]ئەی برایان، نامانەوێ لاتان شاراوە بێ ئەو ناخۆشیانەی بەسەرمان هات لەناوچەی ئاسیا، تەنانەت ئەوەندە قورس بوو بە شێوەیەك لەسەرووی توانامان بوو، هەتا هیوای ژیانمان بڕا، [9]بەڵکو هەستمان دەکرد حوکمی مردن بەسەرمان دراوە، تا پشت نەبەستین بە خۆمان، بەڵکو بەو خوداییەی مردووان هەڵدەستێنێتەوە. [10]ئەو بوو لەو مردنە ڕزگاری کردین و ڕزگارمان دەکات، هیوامان لەئەودایە کە هێشتا هەر ڕزگارمان دەکات. [11] هەروەها ئێوەش پێویستە بەنوێژەکانتان یارمەتی پێشکەش بکەن، تا خەڵکێکی زۆر سوپاسی خودا بکەن لەپێناوی ئێمە لەسەر ئەو پیرۆزیەی پێمان دراوە بەهۆی نوێژی خەڵکێکی زۆر.

پۆڵس پلانەکەی دەگۆڕێ

[12]چونکە ئەمەیە شانازی ئێمە، ویژدانمان شایەتمانە لەهەڵسوکەوتمان لەجیهان، بەتایبەتی سەبارەت بە ئێوە بەبێ دووڕوویی و بەدڵسۆزی خودا، ئەمەش بەدانایی مرۆڤانە نییە بەڵکو بەبەرەکەتی خودایە. [13]ئێمە شتێکتان بۆ دەنووسین بتوانن بیخوێننەوە و لێی تێبگەن. هیوادارم بەتەواوی تێبگەن، [14]ئەوەی ئێستا هەندێکی لێ تێدەگەن. ئەوەش ئەمەیە، بزانن ئێمە هۆی شانازی ئێوەین، هەروەها ئێوەش هی ئێمە لەڕۆژی عیسای خوداوەند.

[15]لەبەر ئەوەی بێگومانبووم لەم شتە، وویستم یەکەم جار بێم بۆ لای ئێوە تا دووجار سوود ببینن، [16] ئەوەش ئەوەیە کاتێ دەڕۆم بۆ مەکدۆنیا دیدەنیتان دەکەم ئینجا کە

لەوسەر گەرامەوە سەرتان لێدەدەمەوە، دوای ئەوەی ڕێگای سەفەرم بۆ ئاسان بکەن بۆ ناوچەی یەهودیە. [17]ئایا من دوو دڵم کاتێ ویستم ئەوە بکەم؟ ئایا من پلانەکانم وەك مرۆڤێکی ئەم جیهانە داناوە، کە ئامادەیە لەیەك کات بڵێ نەخێرو بەڵێ؟ [18]وەك چۆن خودا سەرڕاستە، ووشەکانی ئێمەش بۆ ئێوە (بەڵێ)و (نەخێر) نییە، [19]هەروەها عیسای مەسیحی ڕۆڵەی خودا، ئەوەی من و سیلوانس و تیمۆساوس مزگێنی ئەومان پێتاندا، لەیەك کات (بەڵێ)و (نەخێر)ی نەوتووە. بەڵام لەئەودا بەردەوام هەر (بەڵێ) بووە، [20]چونکە هەموو بەڵێنەکانی خودا لەئەودا (بەڵێی) خۆی دۆزیەوە. بۆیە ئێمە بەهۆی ئەوەوە دەڵێین (ئامین)، بۆ شکۆمەندی خودا. [21]ئەوە خودایە ئێمەو ئێوەی لەمەسیحدا چەسپاندووە، هەروەها دەستنیشانی کردووین. [22]هەر ئەویشە مۆری خۆی لێداوین و ڕۆحی پیرۆزی پێمان بەخشیوە وەك پێشەکی.

[23]خودا ئاگای لێیە بۆچی نەهاتم بۆ کۆرنسۆس، چونکە بەزەییم پێتان دەهاتەوە. [24]ئێمە نامانەوێ دەست بەسەر باوەڕتان بگرین، بەڵکو ئێمە لەگەڵتان کار دەکەین بۆ خۆشیتان، چونکە ئێوە بەباوەڕ چەسپاون.

2

لەبەرئەوە بڕیارمدا نەیەم بۆ لاتان، تاکو سەردانەکەم بە غەمباریەوە نەبێ. [2]چونکە گەر من دڵتەنگم کردن، ئیتر کێ دڵشادم دەکات جگە لەئێوە کە دڵتەنگم کردوون؟ [3]بۆیە نامەی پێشوم بۆ نووسین، تا کاتێ هاتم دڵگران نەبم بەوانەی پێویستە ببنە سەرچاوەی خۆشیم. باوەڕم بە هەموتان هەیە، کەوا خۆشی من خۆشی هەموتانە. [4]کاتێ نامەی یەکەمم بۆ ناردن زۆر غەمبارو دڵتەنگ بووم و فرمێسك بەچاومدا دەهاتەخوارەوە، مەبەستم ئەوە نەبوو دڵتەنگتان بکەم بەڵکو تا بزانن من چەند ئێوەم خۆشدەوێ.

لێخۆشبوون لە گوناهبار

[5]گەر هاتوو یەکێکتان بووە هۆی دڵتەنگیتان، ئەمە تەنها من دڵتەنگ ناکات، بەڵکو تا ڕادەیەك هەموتان، گەر زۆرم نەووتێ. [6]ئێستا ئیتر بەسە ئەو سزایەی لەلایەن زۆربەتانەوە

دراوە بەسەر ئەو کابرایە، [7] بە پێچەوانەی ئەوە باشترە بۆتان لێی‌خۆش‌بن‌و دڵنەوایی بکەن، ئەگینا خەفەت گیانی تێك‌دەشکێنێ. [8] لەبەرئەوە ڕاتان‌دەسپێرم خۆشەویستی خۆتانی بۆ دەربڕن. [9] من ئەمەم بۆ نووسیون هەتا تاقیتان بکەمەوە ببینم ئایا بۆ هەموو شتێك ملکەچن. [10] گەر هاتوو لەیەکێك خۆش بوون، ئەوسا منیش لێی‌خۆش دەبم. جا لەبەر ئێوە لەبەردەم مەسیح لەو کەسە یاخود لەو شتە خۆش دەبم. [11] تا شەیتان دەست بەسەرماندا نەگرێت، چونکە ئێمە لەمەبەستەکانی شەیتان بێئاگا نین.

سەرکەوتن بەهۆی عیسا

[12] کاتێ گەیشتمە شاری تروواس تا مزگێنی مەسیح بدەم، ئەوسا دەرگای کارکردنی خوداوەندم بۆ کرایەوە. [13] بەڵام زۆر ناڕەحەت بووم، چونکە تیتۆسی برام نەدۆزیەوە، ئیتر مانئاوایم لەباوەڕداران کردو ڕۆیشتم بۆ ناوچەی مەکدۆنیا.

[14] بەڵام سوپاس بۆ خوا، ئەوەی هەموو کاتێ بەرەو سەرکەوتنمان دەبات، هەروەها بەهۆی ئێمە لەهەموو شوێنێك زانیاری مەسیح بلاوەدەکاتەوە وەك بۆنێکی خۆش. [15] ئێمە لای خودا بۆنی خۆشی مەسیحین لەنێوان ئەوانەی ڕزگاریان دەبێ‌و لەنێوان ئەوانەی لەناودەچن. [16] بۆ ئەوانە بۆنی مردنە بۆ مردن، بۆ ئەوانی تر بۆنی ژیانە بۆ ژیان، ئایا کێ بەتوانایە بۆ ئەم کارە؟ [17] ئێمە وەك زۆربەی خەڵك بازرگانی ناکەین بە ووشەی خودا، بەڵکو بە دڵسۆزی لەبەردەم خوداو لەلایەن خوداوە باسی عیسای مەسیح دەکەین.

خزمەتکاری پەیمانی نوێ

3

ئایا ئێمە دووبارە دەست بە ستایش‌کردنی خۆمان دەکەین؟ یان پێویستە وەك هەندێ کەس دەیکەن، ڕاسپاردە نامەتان نیشان بدەین، یان ئێوە شتێکی وا بە ئێمە بدەن؟ [2] ئێوە نامەی ئێمەن کە لەدڵمان نووسراوە، لەلایەن هەموو خەڵك دەتوانرێ بخوێنرێتەوە بناسرێ. [3] بەڵێ دەرکەوت ئێوە نامەی مەسیحن، ئەوەی ئێمە لەسەر داواکاری ئەو نووسیومانە، ئەمەش بە مەرەکەب

نەنووسراوە بەڵکو بە ڕۆحی زیندووی خودا، هەروەها لەسەر تەختەی بەردین نەنووسراوە، بەڵکو لەسەر تەختەی دڵی مرۆڤ.
[4]ئێمە متمانەیەکی لەم جۆرەمان هەیە بەهۆی مەسیح سەبارەت بەخودا. [5]ئەوەش نەك بڵێین بەتوانای تا بڵێین ئێمە شتێکمان هەیە، توانای ئێمە لەخوداوەیە. [6]ئەوەی ئەو توانایەی‌دا بەئێمە تا ببین بەخزمەتکاری پەیمانی نوێ. پەیمانی ڕۆح نەك نووسراوی کۆن، چونکە نووسراوی کۆن دەکوژێ، بەڵام ڕۆح ژیان دەبەخشێ.
[7]گەر بێتو ئەو خزمەتەی دەبێتە هۆی مردن کە لەسەر بەرد هەڵکەنرا بوو [شەریعەت] بەمەزنی هاتبێ، بە شێوەیەك نەوەی ئیسرائیل نەیانتوانی بەتەواوی سەیری ڕووی موسا بکەن، بەهۆی درەوشانەوەی دەموچاوی، کە فەوتاوە، [8]ئاخۆ دەبێ چەند بەشکۆو مەزنتر بێ خزمەتی ڕۆحی پیرۆز؟ [9]گەر بێتو ئەو خزمەتەی دەبێتە هۆی تاوانبارکردن شکۆمەندبێ، ئیتر دەبێ خزمەتی بێتاوان کردن چەند شکۆدارتر بێ؟ [10]لەم حاڵەتە ئەوەی شکۆمەندی هەبوو شکۆدار نەماوە ئێستا لەبەراورد کردنی لەگەڵ شکۆمەندی ڕادەبەدەر. [11]چونکە گەر ئەوەی لەناوچوو بوو شکۆدار بوو، باشە ئەوەی نەمرە دەبێ چ شکۆمەندییەکی هەبێ!
[12]چونکە ئێمە ئەم هیوایەمان هەیە، ئێمە چاونەترسین. [13]ئێمە وەك موسا نین، ئەوەی پێچەی لەسەر دەمو چاوی دانا، هەتا ئیسرائیلیەکان کۆتایی شکۆی فەوتاو نەبینن. [14]بەڵکو میشکیان تاریك بووە، چونکە تا ئەمڕۆش، کاتی پەیمانی کۆن دەخوێنەوە، هەمان پێچە هەر ماوە، چونکە تەنها بەمەسیح لادەچێ، [15]بەڵێ، تا ئەمڕۆ هێشتا میشکیان داخراوە، کاتێ شەریعەتی موسا دەخوێنرێتەوە بۆیان. [16]بەڵام گەر مرۆڤ ڕووبکاتە خوداوەند، ئەوسا ئەو پێچەیە لادەچێ. [17]ئێستا خوداوەند ڕۆحە، جا ڕۆحی خوداوەند لەهەرکوێ بێت، ئازادی لەوێیە. [18]ئێمە هەموومان بەڕوویەکی کراوە تەماشای شکۆمەندی خوداوەند دەکەین، هەروەك لەئاوێنەدا، دەگۆڕێین بۆ وێنەی ئەو، لەپلەیەکی شکۆمەندی بۆ پلەیەکی تر، ئەوەش لەخوداوەندەوە دێت کە ڕۆحە.

د ئسۆزی له خزمەتکردن

4

لەبەرئەوەی خودا بە بەزەیی خۆی ئەم خزمەتەی داوە بە ئێمە، ئیتر نابێ ووڕە بەربدەین. [2]چونکە هەموو هەڵسوکەوتێکی ناشرین‌و تەڵەکەبازی ڕەت دەکەینەوە، فێڵ ناکەین‌و ووشەی خودا ناگۆڕین، بەڵکو بە دەرخستنی ڕاستی ڕاستگۆیی خۆمان دەسەلێنین بۆ ویژدانی هەموو خەڵك لەبەردەم خودا. [3]بەڵام گەر مزگێنیەکەمان شاراوە بێ، تەنها لای ئەوانە شاراوەیە کە لەناودەچن، [4] خوداوەندی ئەم جیهانە ﴿شەیتان﴾ ئەو بێباوەڕانەی وا کوێر کردووە، نەتوانن ڕووناکی مزگێنی شکۆمەندی مەسیح ببینن، ئەوەی وێنەی خودایە. [5]ئێمە مزگێنی بۆ خۆمان نادەین، بەڵکو مزگێنی عیسای مەسیح دەدەین کە خوداوەندە، ئێمەش خزمەتکاری ئێوەین لەپێناوی عیسا. [6]چونکە خودا بوو ووتی: {با لەتاریکی ڕووناکی هەڵبێت}، هەر ئەو بوو دڵمانی ڕووناك کردەوە، بۆ ڕووناك‌کردنەوەی زانیاری شکۆمەندی خودا لەڕووی مەسیح.

[7]بەڵام ئەم گەنجینەیەی ئێمە هەمانە لەناو گۆزەی گڵە، تا ئەو هێزە لە ڕادەبەدەرە دەرکەوێ، کە لەخوداوەیە نەك لەخۆمان. [8]ناخۆشی تەنگمان پێ هەڵدەچنێ لە هەموو لایەکەوە، بەڵام ووڕە بەرنادەین. سەرمان لێدەشێوێ، بەڵام بی هیوا نابین. [9]دەچەوسێینەوە، بەڵام خودا وازمان لێناهێنێ، بە زەویماندا دەدەن، بەڵام لەناوناچین. [10]هەموو کاتێ لە لەشماندا ئازاری مردنی عیسا هەڵدەگرین، تا ژیانیشی لە لەشمان دەرکەوێ. [11]هەرچەندە ئێمە جارێ زیندووین، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە دەدرێینە دەست مردن لەپێناوی عیسا، تا لە لەشی فەوتاومان ژیانی عیسا دەرکەوێ. [12]ئیتر بەم شێوەیە، مردن لەئێمە کار دەکات، بەڵام ژیان لەئێوەدا کار دەکات.

چاونەترسی له خزمەتکردن

[13]چونکە ئێمە هەمان ڕۆحی باوەڕمان هەیە، بۆیە وەکو ئەوەی نووسیویەتی: {باوەڕم کرد بۆیە قسەم کرد.} ئێمەش باوەڕمان هەیە بۆیە قسە دەکەین. [14]ئێمە دەزانین ئەوەی

عیسای خوداوەندی لەنێو مردووان هەستاندەوە، لەگەڵ عیسا ئێمەش هەڵدەسێنێتەوە، ئەوسا ئێمە لەگەڵ ئێوە بەیەکەوە بۆ بەردەمی خۆی دەبات. [15]ئەم شتانە هەمووی دەچێژین لەپێناوی ئێوەدا، تا بەرەکەتی خودا زۆر بێت بۆ خەڵکێکی زیاتر، تابێتە مایەی بەرزکردنەوەی سوپاسی زیاتر بۆ شکۆمەندی خودا.

[16]لەبەرئەوە ووڕە بەرنادەین، گەر بە ڕواڵەتیش لەناوبچین، ئەوا ناوەڕۆکو دەرووڕمان ڕۆژ بەرۆژ تازەتر دەبێتەوە. [17]ئەو ئازارە سووکو کەم خایەنەمان شکۆمەندیەکی گرانی هەتاهەتایی لی دێتەکایەوە بۆمان، [18] چونکە ئێمە تەماشای شتە بینراوەکان ناکەین، بەڵکو تەماشای شتە نەبینراوەکان دەکەین، چونکە شتە بینراوەکان کاتین، بەڵام شتە نەبینراوەکان هەمیشەیین.

ماڵی هەتاهەتای

5

ئێمە ئەوە دەزانین، کەی چادری زەوییمان ڕووخا ئەوەی تیایدا دەژین، لەلایەن خوداوە ماڵی هەتاهەتایمان دەدرێتێ لەئاسمان، کە بەدەست دروست نەکراوە. [2]چەند بەتاسەوە ئارەزووی ئەوە دەکەین، ماڵی ئاسمانیمان بکرێتە بەر، [3]چونکە هەر کاتێ لەبەرمانکرد ڕووت نابین. [4] ئەوەندەی لەم چادرەداین، دەناڵێنین لەژێر بارگرانی، نامانەوێ ئەو خانووە دابکەنین، بەڵکو ئەوەی تریش لەسەری لەبەر بکەین، تاکو ژیانی تازە هەرچی فەوتاوە تیامان هەڵیلووشێ. [5]بەڵام خودا خۆیەتی ئێمەی بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کردووە، جا بۆ ئەم شتانە هەمووی، ڕۆحی پیرۆزی وەك پێشەکی پێمان داوە. [6]ئێمە هەموو کاتێ بڕوامان هەیەو دەزانین کە ئێمە کاتێ لەلەشدا نیشتەجێین لەخوداوەند دوورین. [7] چونکە ئێمە بەباوەڕ دەڕۆین نەك بە بینراو. [8]کەواتە ئێمە دڵنیاین، بەلامانەوە باشترە واز لەم لەشە بهێنینو لای خوداوەند نیشتەجێ بین. [9]ئیتر وەك یەك وایە لای ئێمە، گەر لای خوداوەند بین یاخود لەسەر ئەم زەوییە بژین، ئامانجمان ڕازیکردنیەتی. [10]چونکە دەبێ هەموومان لەبەردەم دادگای مەسیح ڕاوەستین، تاکو هەر یەك لە ئێمە

پاداشتی خۆی وەرگرێ بەگوێرەی ئەو کارانەی کردوویەتی کاتێ بەلەش ژیاوە، ئیتر باش بووبێ یاخود خراپ.

خزمەتی ئاشتبوونەوە

[11]چونکە ترسی خوداوەند لە دڵمانە، ئێمە هەوڵ دەدەین باوەڕ بە خەڵکی بهێنین. بەڵام خودا بەتەواوی دەمانناسێ، هیوادارین ئێوەش بە ویژدانتان بە تەواوی ئێمە بناسن. [12] ئێمە نامانەوێ ستایشی خۆمان بکەین، بەڵکو دەمانەوێ پێتان بڵێین بەچییەوە شانازیمان پێبکەن، ئەوسا دەتوانن وەڵامی ئەوانە بدەنەوە کەوا شانازی بە ڕواڵەتی مرۆڤ دەکەن نەک بەوەی لە دڵیایەتی. [13]گەر میشکمان تێکچوو بێ ئەوە بۆ خودایە، گەر هۆشمەندیش بین ئەوە لەبەر ئێوەیە. [14] چونکە خۆشەویستی مەسیح دەستی بەسەر ئێمە گرتووە، لەبەر ئەوەی زانیمان یەکێك لەجیاتی هەموو خەڵك مرد، ئیتر هەموو خەڵك مردن. [15]ئەو لەپێناوی هەمووان مرد هەتا زیندووان ئیتر بۆ خۆیان نەژین، بەڵکو بۆ ئەوەی لەپێناویان مردو هەستایەوە. [16]لەمەولا بەپێی ڕواڵەت تەماشای کەس ناکەین، گەر بێتو جاران بەپێی لەش تەماشای مەسیحمان کردبێ، ئیتر لەئێستاوە بەم شێوەیە ناینасین. [17]گەر یەکێك سەر بە مەسیح بێ، ئەوا دەبێتە بوونەوەرێکی تازە، شتە کۆنەکان نەماون بەسەرچوون، ئەوەتا هەموو شت نوێ بووەتەوە. [18]ئەمەش هەموی لەخوداوەیە کە ئاشتی کردینەوە لەگەڵ خۆی بەهوێ مەسیح، ئینجا خزمەت کردنی ئەم ئاشتبوونەوەیەی بە ئێمە سپارد. [19] واتە خودا جیهانی ئاشت کردەوە لەگەڵ خۆی لەمەسیحدا، ئیتر لەسەر گوناە لێیان ناپرسێتەوە ووشەی ئاشتبوونەوەی بە ئێمە سپاردووە. [20]کەواتە ئێمە بالێوزی مەسیحین، خودا بەهۆی ئێمە ووتار دەدات، لەبەر ئەوە لەجیاتی مەسیح داواتان لێدەکەین لەگەڵ خودا ئاشتبنەوە. [21]لەپێناوی ئێمە ئەوی کرد بەگوناە هەرچەندە گوناهی نەدەناسی، تا لەئەودا بەشداری ڕاستودروستی خودا بکەین.

6

وەك ئیشکەرێك لەگەڵ خودا

داواتان لێدەکەین، بەرەکەتی خودا
بێ سوود وەرمەگرن. [2]چونکە خودا
دەڵێ: {ئەو کاتەی جێی ڕەزامەندیم
بوویت، گوێم بۆ گرتویت، لە
ڕۆژی ڕزگاری یارمەتیم دایت.} جا
سەیرکە ئەوەتا ئێستایە کاتی
ڕەزامەندی‌و ئێستایە ڕۆژی ڕزگاری.
[3]نامانەوێ لەهیچ شتێك ببین بە
کۆسپ لەڕێگای کەس، بۆ ئەوەی
ڕەخنە لەخزمەتمان نەگیرێ، [4]بەڵکو
وەك خزمەتکاری خودا لەهەموو
شتێك خۆمان دەردەخەین: بە
ئارامگرتنی مەزنمان لەکاتی تەنگانەو
ناخۆشی‌و لێقەومان، [5]لێدان‌و
گرتن‌و شڵەژان، ماندوویی‌و
شەونوخونی‌و برسێتی‌دا، [6]بەپاکی‌و
زانیاری‌و دانبەخۆگرتن‌و زمان
شیرینی، هەروەها بەڕۆحی پیرۆزو
خۆشەویستی پاك، [7]بەقسەی ڕاست‌و
هێزی خودا و چەکەکانی
ڕاست‌ودروستی بۆ دەستی ڕاست‌و
چەپ، [8]لەستایش کردنمان‌و
سووکایەتی پی کردنمان، ناوبانگی
باش‌و ناوبانگی خراپ،
هەڵخەڵەتێنەر لەکاتێك ڕاستگۆین، [9]
نەناسراو لەکاتێك باش ناسراوین،
مردوو لەکاتێك زیندووین، سزادراو
لەکاتێك نەکوژراوین، [10]غەمبار
لەکاتێك هەردەم دڵشادین، هەژار
لەکاتێك زۆر کەس دەوڵەمەند
دەکەین. وەك یەکێك هیچی نەبێ،
هەرچەندە هەموو شتێکمان هەیە. [11]
ئەی دانیشتوانی کۆرنسۆس، دەمان
کراوەیەو دڵمان فراوانە. [12]
بێگومان ئێوە شوێنی خۆتان گرتووە
لەدڵمان، هەرچەندە ئێوە ئەوەندە
شوێنتان نییە بۆمان. [13]وەك منداڵی
خۆم لەگەڵتان دەدوێم، کەواتە
ئێوەش دڵتان بکەنەوە بۆمان.

پەرستگای خودای زیندوو

[14]لەگەڵ بێباوەڕان تێکەڵاو
مەبن، چونکە ڕاست‌ودروستی‌و
خراپە چ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە
هەیە؟ هەروەها ڕووناکی چ
هاوبەشییەکی لەگەڵ تاریکی هەیە؟
[15]یان چ تەبایەك لەنێوان مەسیح‌و
بەلیعال [شەیتان] هەیە؟ یان چ شتێك
هەیە باوەڕدارێك بە بێباوەڕێکەوە
ببەستێتەوە؟ [16]هەروەها پەرستگای
خودا چ ڕێککەوتنێکی لەگەڵ بتەکان
هەیە؟ ئێمە پەرستگای زیندووی
خودایین، بەپێی ئەوەی خودا
ووتویەتی: {لەنێوانیان نیشتەجێ

دەبمو لەگەڵیان دەڕۆم، دەمەوێ ببم
بە خودایانو ئەوانیش بن بە گەلم}،
[17]{لەبەرئەوە لەناویان بڕۆنە دەرەوەو
بەجێیان بهێڵن، چی گلاوە دەستی بۆ
مەبەن، خوداوەند دەڵێ، ئینجا
بەخێرهاتنتان دەکەم}و [18]{دەبم بە
باوکتان، ئەوسا ئێوەش دەبن بە کوڕو
کچم، ئەمە خوداوەندی توانادار
دەیڵێ.}

7

ئەی خۆشەویستان، لەبەرئەوەی ئێمە
ئەم بەڵێنەمان هەیە، باخۆمان پاك
بکەینەوە لەهەموو گلاویەکی لەشو
ڕۆح، لەترسی خودا با پاکوپیرۆزی
تەواو بەدەست بهێنین.

تۆبەکردن بەهۆی غەمباری

[2]دڵتان بکەنەوە بۆمان. هەڵەمان
لەگەڵ کەستان نەکردووە، ڕەوشتی
کەسمان تێك نەداوە لەئێوە، هەروەها
کەسمان لەئێوە نەخڵەتاندووە. [3]ئیتر
ئەمە نالێم تا گلەییتان لێبکەم،
چونکە لەپێشا پێم ووتون ئێوە
لەدڵماندان بە شێوەیەك ئامادەین
لەگەڵتان بمرینو بژین. [4]من زۆر
پشتتان پێدەبەستمو زۆر شانازیتان
پێوە دەکەم، لەگەڵ ئەو هەموو
تەنگانەو ناخۆشیانەدا دڵم پڕە
لەدڵنەوایی و خۆشییەك بە دەم باسی
ناکرێ.
[5]ڕاستە، لەوکاتەی گەیشتووینە
مەکدۆنیا لەشمان هیچ نەحەساوەتەوە،
بەڵکو لەهەموو لایەك تەنگوچەڵەمە
ڕووی لێناوین، ئەمەش ئەو
ناکۆکییەی دەوروبەرمان بوو، ترسی
لەدڵمان زیادکرد. [6]بەڵام ئەو
خودایەی دڵنەوایی کەری ئەوانەیە کە
ووڕەیان بەرداوە، دڵنەوایی
ئێمەی کرد بە هاتنی تیتۆس بۆ لامان،
[7]ئەمەش نەك تەنها لەبەرئەوەی تیتۆس
بۆ لامان هاتووە، بەڵکو لەوە زیاتر
دڵمان بەوە خۆشبوو تیتۆس چەند
دڵنەوایی کراوە لەلایەن ئێوە. ئەوسا
بۆی گێڕامەوە سەبارەت بەپەرۆشیو
غەمباری ئێوە، هەروەها دڵگەرمیتان
بۆ من، لێرە ناتوانم دەربڕم چەند
بەوە دڵشادبووم.
[8]هەرچەندە دڵتەنگم کردوون
بەو نامەیەی بۆم ناردن، لەگەڵ
ئەوەشدا من ئێستا لێی پەشیمان نیم،
ڕاستە من پەشیمان بوومەوە، کاتێ
زانیم نامەکەم بۆ ماوەیەك دڵگرانی
کردوون، [9]بەڵام ئێستا دڵشادم، ئەو

نامەیەم نووسیووە، ئەمەش لەبەرئەوە نییە کەوا غەمبارم کردوون، بەڵکو لەبەر ئەوەی غەمباریتان بووە هۆی تۆبەکردنتان، ئەمەش غەمێك بوو لەلایەن خوداوە بوو، تا ئیتر بەهۆی ئێمەوە ئازار نەچێژن. [10]چونکە ئەو غەمباریەی لەخوداوەیە، دەبێتە هۆی تۆبەکردن، ئەمەش ڕزگاری تیادایەو پەشیمانبوونەوە لەسەری پێویست ناکات، بەڵام ئەو غەمباریەی لە جیهانەوەیە دەبێتە هۆی مردنمان. [11] کەواتە سەیرکەن ئەو غەمباریەی لەخوداوە هات، چی لەئێوە دروستکردووە، چ پەرۆشییەك، چ چالاکییەك بۆ پاکانەکردن لەخۆتان، چ تووڕەییەك، چ ترسێك، چ ئارەزوویەکی بەهێز، چ دڵگەرمییەك، چ حەزێك بۆ دادپەروەری! بەمانە ئێوە دەرتانخست لەو شتانە هەمووی بێتاوانن کە ڕووی‌داوە. [12]کەواتە ئەم شتانەم بۆ نەنووسیون لەپێناوی تاوانبار یاخود تاوان لێکراو، بەڵکو تا دەرکەوێ لەبەردەم خودا چ دڵگەرمییەکتان هەیە سەبارەت بەئێمە، [13]ئەمەش بووە هۆی دڵنەواییمان.

لەمەش زیاتر دڵخۆش بووین بە دڵخۆشی تیتۆس، کە چۆن بەهۆی هەموتان حەساوەتەوە. [14]گەر من شانازیم بەئێوە کردبێ ئەوە پێم شەرم نییە، هەروەك ڕاستی هەموو شتێکم بۆ باسکردن، هەروەها تیتۆسیش ڕاستی شانازی ئێمەی بۆ دەرکەوت. [15]ئەو ئێستا لەدڵەوە زیاتر لە جاران ئێوەی خۆشدەوێ، کاتێ ئەوەی دەکەوێتەوە یاد چۆن ئێوە بەگوێڕایەڵێو ڕێزو ترسەوە پێشوازیتان لێکرد. [16]من دڵشادم بەوەی دەتوانم لەهەموو شتێك بەتەواوی پشتتان پێببەستم.

بەخشین بەدڵفراوانی

8

دەمەوێ، ئەی برایان، ئێوەش بزانن سەبارەت بەو بەرەکەتەی خودا کە دەرکەوتووە بۆ کۆمەڵە باوەڕدارەکانی مەکدۆنیا. [2]چونکە لەتاقیکردنەوەی تەنگانەی توند خۆشیان لێدەڕژاوە، هەروەها لەنەبوونیەکی سەخت دەوڵەمەندیەکی بەدڵفراوانیان لێدەڕژا. [3]من شایەتی ئەوە دەدەم لەخۆیانەوە بەپێی توانای خۆیان

بەڵکو زیاتر لەتوانای خۆیان پارەیان داوە. [4]زۆر بەگەرمی داوایان لێکردین بەشداریان پەسەند بکەین بۆ یارمەتیدانی خوشك و برا پیرۆزەکان. [5]بەمە ئەوان زیاتریان کرد لەوەی چاوەڕوانمان دەکرد، چونکە یەکەمجار خۆیان دایەدەست خوداوەند ئینجا ئێمە بەگوێرەی خواستی خودا. [6]ئیتر داوامان لەتیتۆس کرد ئەم بەرەکەتەی دەستی پێکردوە لاتان تەواوی بکات. [7]هەروەك ئێستا لەهەموو شتێك زیادتان کردووە، لەباوەڕ، لەقسەکردن، لەزانین، لەچالاکی، لەخۆشەویستیان بۆ ئێمە، هەوڵ بدەن لەم بەرەکەتەش زیاد بکەن.

[8]من نامەوێ فەرمان بەسەرتان بدەم، بەڵکو تا ڕاستی خۆشەویستیتان دەرکەوێ، دەمەوێ تاقیتان بکەمەوە لەچاو خەڵکی کەدا. [9]چونکە دەزانن بەرەکەتی عیسای مەسیحی خوداوەند چییە، هەرچەندە ئەو دەوڵەمەند بوو بەڵام لەپێناوی ئێوەدا بووە هەژار، هەتا ئێوە بە هەژاری ئەو دەوڵەمەند بن.

[10]ئەمە ڕای منە لەو بارەیەوە، ئەوەش بۆ بەرژەوەندی ئێوەیە: ئەوەی سااڵی ڕابردوو دەستتان پێکرد، تەنها بەکردەوە نا بەڵکو بە خواست. [11]ئێستا ئەم کارە تەواو بکەن، بەو پەرۆشییەی دەستتان پێکردووە، ئەوەندە بدەن لە تواناتاندایە. [12]گەر بەڕاستی ئامادەییتان هەبێ، ئەوا خودا پێی ڕازی دەبێ بەگوێرەی ئەوەی هەتانە نەك ئەوەی نیتانە.

[13]مەبەستم ئەوە نییە خەڵکی تر دەبێ بحەسێنەوەو بارگرانی بۆ ئێوە بێ. [14]بەڵام مەبەستم لە یەکسانی ئەوەیە: لە داهاتوودا با ڕێی ئێوە کەمۆکوڕی ئەوان پڕ بکاتەوەو ڕێی ئەوانیش کەمۆکوڕی ئێوە پڕ بکاتەوە، تاکو یەکسان ببێ. [15]لەم بارەیەوە کتێبی پیرۆز دەڵێ: {ئەوەی زۆری کۆکردۆتەوە زۆر زۆری نییە، هەروەها ئەوەی کەمی کۆکردۆتەوە زۆر کەمی نییە.}

ناردنی تیتۆس بۆ کورنسۆس

[16]من لە دڵەوە سوپاسی خودا دەکەم، کەوا تیتۆس زۆر بەپەرۆشەوەیە بۆ ئێوەو بایەختان پێدەدات. [17]ئەو پێشوازی لە داواکاریەکەی ئێمە کردو لەمەش زیاتر یەکسەر ئامادەبوو بۆ لاتان

بێت بێئەوەی من داوای لـێبکەم.
[18]لەگـەڵ ئـەو بـرایەکمان نـارد کە
ناوبـانگی دەرکردووە بە مزگێنیدانی
لـەلای هەموو کۆمەڵە باوەڕدارەکان.
[19]تـەنها هەر ئەمە نا بەڵکو ئەو برایە
لـەکۆمەڵەکانـــــەوە هەڵـــــبژێراوە
لـەگـەڵمان گەشـت بکـات بـۆ ئەو
خـــزمەتە بەرەکـــەتدارەی هـــەڵمان
گـرتووە، بۆ شکۆمەندی خوداوەندو
پێشـاندانی خواسـتە باشـەکەمان. [20]
ئـێمە بایـەخ بـەوە دەدەیـن، کـەس
سەرزەنشتمان نەکات لەسەر شێوەی
دابەشکردنی ئەو بەخشینە زۆرە. [21]
چونکە مەبەستمان چاکەیە، نەك تەنها
لـەبەرچـاوی خوداوەنـد، بـەڵکو
لـەبەرچاوی خەڵکیش. [22]لەگەڵ ئەو
دووانـە برایەکیتـرمان نارد، ئەویش
زۆر جـــار تاقـــیمانکـــردۆتەوە
سـەیرمانکرد لە زۆر شت چالاکە،
ئـەو ئێستا چالاکتر بووە چونکە زۆر
پشـــتتان پێدەبەســـتێ. [23]تیـــتۆس
هـاوڕێو ئیشکەرە لـەگەڵم لـەپێناوی
بـەرژەوەندی ئـێوە، بـەڵام ئـەو دوو
بـــرایەی لـەگەڵـــیان، نـــێرراوانی
کۆمەڵەکانن، شکۆمەندی مەسیحن.
[24]کەواتـــە لـەبـــەردەم کۆمەڵـــەکان
خۆشەویستی خۆتانیان بۆ دەرخەن،
تـا ڕاسـتی شانازیمان بەئێوە بۆ ئەوان
دەرکەوێ.

بەخشین بەدڵشادیەوە
9

مـــن بەپێویســـتی نـــازانم لـــەبارەی
یارمـەتیدانی خوشك‌و برا پیرۆزەکان
بۆتـان بنووسـم، [2]چونکە ئامادەییتان
دەزانمو شـانازیم پـێوە کـردووە لای
مەکدۆنـیەکانو پـێم ووتن، ناوچەی
ئەخائـیە لـــە ســـاڵی ڕابـــوردووەوە
ئامـادەن، ئـەم دڵگەرمیەی ئێوە بووە
هـۆی هـاندانی زۆربـەیان. [3]مـن ئەو
برایانەم ناردە لاتان، تا وا دەرنەکەوێ
شـــانازیمان لـــەو بارەیـــەوە هـــەروا
بـەخۆڕایی بوو بێت، بەڵکو دەمەوێ
بەتـەواوی ئامـادەبـن بـەو شـێوەیەی
باسمکـردووە. [4]تـا شەرمەزار نەبین
بەرامـبەر ئـەو بـاوەڕە زۆرەی هەمانە
پێتان، کاتێ هەندێ لـەمەکدۆنیەکان
هـاتن لـەگەڵمان بۆ لاتانو بینیان ئێوە
ئامـادە نـین. [5]لـەبەرئـەوە بەپێویسـتم
زانـی داوا لـــەو برایانە بکەم کە پێش
مـن بـۆ لاتـان دێـن، سەرپەرشـتی
کۆکردنەوەی ئەو بەخشینە بکەن کە
بەڵێنـتان داوە بیدەن، تاکو ئامادەبێ،
هـیوادارم ئەمـەش دەربڕینـێك بـێ

لەدەستو دڵفراوانیتان نەك وەك سەرانە.
[6]لەڕاستیدا ئەوەی کەم بچێنێ، کەم درووێنە دەکات، هەروەها ئەوەی زۆر بچێنێ، زۆر درووێنە دەکات. [7]با هەر یەکەتان ئەوەندەی خۆی دەیەوێ بیدا، ئەمەش با بە ئارەزووی خۆی بێ نەك بە ناچاری، چونکە ئەوەی بەدڵخۆشیەوە دەبەخشی خودا خۆشیدەوێ. [8]خوداش دەتوانێ هەموو بەرەکەتتان پێ ببەخشێ تا پڕی، بۆ ئەوەی هەموو کاتێك و لەهەموو شتێك بەگوێرەی پێویستتان هەبێ هەروەها تا پێتان ببەخشێ بەپڕیەوە بۆ هەموو کردارێکی باش. [9]هەروەك لەزەبوور نووسراوە: {بەدەستو دڵفراوانیەوە یارمەتی هەژارانیدا، ڕاستودروستیەکەی تاهەتایە دەمێنێتەوە.} [10]جا ئەو خودایەی تۆو دەدات بە جوتیارو نان دەبەخشێ بۆ خۆراك، تۆو بە ئێوەش دەدات و درووێنەی ڕاستودروستیتان زیاد دەکات. [11]لەهەموو شتێك دەوڵەمەند دەبن، تا هەموو کاتێ دڵفراوانبن، بەمەش دەبینە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر سوپاسی خودا بکەن. [12]هەستانتان بەم خزمەتە پیرۆزە تەنها پێویستیەکانی بڕا پیرۆزەکان جێبەجێ ناکات، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر سوپاسی خودا بکەن. [13]بەتاقیکردنەوەی خزمەتەکەتان، دەبنە مایەی ستایشکردنی خودا بەهۆی ملکەچیتان لەدانپیانان بەمزگێنی مەسیح، هەروەها دڵفراوانیتان لەبەشداریکردن لەگەڵ ئەوانو لەگەڵ هەمووان. [14]ئەوان نوێژتان بۆ دەکەنو بەپەرۆشن بۆ بینینتان، چونکە بەرەکەتی خودا کە لەسەرووی بیری مرۆڤە لە ئێوەدا دەرکەوت. [15]سوپاس بۆ خودا بەرامبەر ئەو بەخشینەی کە بەدەم باسی ناکرێ.

بەرگری پۆڵس لەخزمەتەکەی

10 من پۆڵسم، بەڕۆح سووکیو نیانی مەسیح داواتان لێدەکەم، من ساکارم کاتێ ڕووبەڕووم لەگەڵ ئێوە، بەڵام زۆر چاونەترسم سەبارەت بە ئێوە کاتێ لێتان دوورم. [2]ناچارم مەکەن بەڕاستی ڕەقبم لەگەڵتان کاتێ دێم بۆ لاتان،

بەتایبەتی لەگەڵ ئەوانەی وا
بیردەکەنەوە بەپێی خواستی لەش
هەڵسوکەوت دەکەم. 3ڕاستە ئێمە
مرۆڤینو لەم جیهانەدا دەژین بەڵام
ئێمە وەك خەڵکی ئەم جیهانە شەڕ
ناکەین. 4چونکە ئەو چەکەی شەڕی
پێ دەکەین جیهانی نییە، بەڵکو
چەکی خودایە، توانای لەناوبردنی
هەموو قەڵایەکی پتەوی هەیە. 5
هەموو شەڕەقسەیەكو هەموو شتێك
لەناودەبین کە خۆی دەردەخات بۆ
بەرهەڵستی زانیاری خودا، هەروەها
هەموو بیرێکی مرۆڤانە بەدیل
دەگرین بۆ ملکەچی مەسیح. 6
ئامادەین سزای هەموو کارێکی
یاخیبووانە بدەین، گەر ئێوە
بەتەواوی گوێڕایەڵی خودا بن.
7ڕاستییەك هەیە پێویستە چاوی
لێنەپۆشرێو ڕووبەڕووی بنەوە.
کاتێ یەکێك لەو باوەڕەدابێ سەر
بەمەسیحە، با بیتەوە یادی ئەو چەند
سەر بەمەسیحە، ئێمەش هەروەها. 8
من شەرم ناکەم، گەر بێتو تۆزێ
زیاتر لەوەی پێویستە شانازیم بەو
دەسەڵاتە کردبێ کە خودا داویەتی
پێمان، ئەمەش بۆ بنیادنانتانە نەك بۆ
ڕووخاندنتان. 9نامەوێ وا دەرکەوم
کە هەوڵ دەدەم بە نامەکانم
بتانترسێنم. 10چونکە هەندێك
دەڵێن: (نامەکانی توندوتیژو بەهێزە،
بەڵام ئامادەبوونی خۆی کاریگەر
نییەو قسەکانی بەتاڵە.) 11با ئەو
کەسەی ئەمە دەڵێ بزانێ، ئەو
شتانەی لەنامەکانم دەینووسمو لەوێ
نیم، هەمان شت دەکەم کاتێ خۆم
هاتم بۆ ئەوێ.
12ئێمە ناوێرین خۆمان لەگەڵ
ئەوانە بەراورد بکەین یاخود خۆمان
بخەینە ڕیزی ئەوانەی شانازی بەخۆیان
دەکەن. کاتێ خۆیان بە خۆیان
بەراورد دەکەنو دەپێون، ئیتر هیچ
تێناگەن! 13بەڵام ئێمە زیاد لەئاستی
پێویست شانازی بەخۆمان ناکەین.
بەڵکو بەو شێوەیەی بگونجێ لەگەڵ
ئەو سنوورەی خودا بۆی داناوین تا
ئەو ئاستەی بتوانین بگەینە لاتان. 14
ئێمە سنووری خۆمان نابڕینو واش
داینانێین پێتان نەگەیشتووین، چونکە
ئێمە یەکەم کەس بووین هاتینو
مزگێنی مەسیحمان پێڕاگەیاندن. 15
شانازی ناکەین زیاتر لەپێویست بە
ماندووبوونی خەڵکی، بەڵکو
هیوادارین باوەڕتان بەهیز بێو ماوەی
کارکردنمان لەنێوانتان فراوان بێ، 16

تا مزگێنی بۆ دوورتر لەوولاتانی ئێوە ببەین، نابێ شانازی بکەین بەو کارەی یەکێکی‌تر کردوویەتی. [17]{ ئەوەی دەیەوێ شانازی بکات، با شانازی بەخوداوەند بکات.} [18] چونکە ئەوەی خوداوەند ستایشی بکات پەسەند کراوە، نەك ئەوەی ستایشی خۆی بکات.

پۆڵس و نێرراوە درۆزنەکان

11

هیوادارم لەئاستی هەندێ گێلایەتی من ئارام بگرن، هەرچەندە بەڕاستی ئارام دەگرن. [2]من دڵگەرمیەکی خودایی دایگرتووم سەبارەت بە ئێوە، چونکە نیشانم کردوون بۆ مرۆڤێك کە مەسیحەو دەمەوێ پێشکەشی ئەوتان بکەم وەك کچێکی بێگەرد کە تەنها هی میردەکەیەتی. [3]بەڵام دەترسم ئەمەم بۆ نەکرێ، هەروەك چۆن مارەکە توانی حەوا لە بەهەشت بە فێڵ هەڵخەڵەتێنێ، هەرواش دەتوانرێ ئێوە لە دڵسۆزی‌و پاکی مەسیح دووربخرێنەوە چەواشە بکرێن. [4]چونکە گەر هەندێ کەس هاتنە لاتانو عیسایەکی تریان ڕاگەیاند جگە لەوەی پێمان ڕاگەیاندن، یاخود ڕۆحێك وەرگرن جگە لەو ڕۆحەی وەرتانگرتووە، یان مزگێنییەکی‌تر قبوڵ بکەن جگە لەوەی قبوڵتانکرد، ئەوا خۆتانی دەدەنە دەست بەوپەڕی ئامادەییەوە. [5]لەو باوەڕەدام من نرخم کەمتر نییە لەو نێڕراوە ناودارانە. [6]لەوانەیە لەقسەکردن ئەوەندە زمانپاراو نەبم، بەڵام زانیاریم هەیە، لە هەموو شتێکیش ئەوەمان بۆتان ڕوونکردەوە.

[7]ئایا من گوناهم کردووە کاتێ بەخۆڕایی مزگێنی خودام بۆ داونو خۆم نزمکردەوە هەتا ئێوە بەرزبنەوە؟ [8]من دزیم لە کۆمەڵە باوەڕدارەکانی تر دەکرد، کاتێ پارەم لێوەرگرتن لەجیاتی ئەو خزمەتەی بۆ ئێوەی دەکەم، [9]هیچ قورساییەکم نەخستبووە سەر شانتان، لەکاتی پێویستیم کە لەناوتان بووم، چونکە ئەو برایانەی لەمەکدۆنیاوە هاتبوون پێویستیەکانمیان جێبەجێکرد. بەم شێوەیە سوور بووم لەسەر ئەوەی خۆم بپارێزم لەوەی قورسایی بخەمە سەر شانتانو سووریش دەبم. [10]وەك ڕاستی مەسیح لەمن دایە، هیچ کەسێ ناتوانێ لەناوچەی ئەخائیە ئەم

شانازیەم لێ بسێنێتەوە. 11بەڵام
بۆچی؟ ئایا چونکە من ئێوەم
خۆشناوێ؟ خودا دەزانێ من چەند
ئێوەم خۆشدەوێ!
12لەگەڵ ئەمانەش ئەوەی
دەیکەم لەسەری بەردەوام دەبم،
هەتا بیانوی ئەوانە ببڕم کە دەیانەوێ
وای دەربخەن ئەوانیش وەکو ئێمەن
سەبارەت بەوەی شانازی پێوە
دەکەن. 13ئەوانە نێرراوی درۆزنو
ئیشکەری فێڵبازن خۆیان لەشێوەی
نێرراوی مەسیح دەردەخەن. 14جێی
سەرسوڕمان نییە، چونکە شەیتان
خۆی لەشێوەی فریشتە دەردەخات.
15کەواتە شتێکی سەیر نییە گەر
خزمەتکارانی لەشێوەی خزمەتکاری
ڕاستودروستی خۆیان دەرخەن.
دوارۆژی ئەوانە بەپێی کردارەکانیان.

ئازاری پۆڵس لەخزمەتی مەسیح

16من جارێکیتر دووبارەی
دەکەمەوە، کەس من بەنەزان دانەنێ،
بەڵام گەر بێتو من وا دابنێن، ئەوا
وەک نەزانێک قبوڵم بکەن، تاکو
منیش تۆزێ شانازی بەخۆم بکەم. 17
ئەوەی ئێستا دەیڵێم بەگوێرەی
خوداوەند نییە، بەڵکو وەک نەزانێک
دەیڵێم کە بەباوەڕ شانازی بەخۆی
دەکات، 18چۆن زۆر لەخەڵکی
دەیانەوێ شانازی بەشتی ئەم جیهانە
بکەن، منیش دەمەوێ جارێك ئەو
شانازیە بەخۆم بکەم. 19جا ئێوە
بەدڵشادیەوە لەنەزانان قبوڵ دەکەن،
چونکە خۆتان ئەوەندە تێگەیشتوون!
20چونکە قبوڵ دەکەن لەوانەی
دەتانکەن بەکۆیلە یان نێچیر، یاخود
خۆیان بەگەورە دادەنێن بەسەرتان،
تالآنتان دەکەن، لەدەمو چاوتان
دەدەن. 21من ئێستا شەرمەزارم،
پێویستە بڵێم ئێمە چەند لاواز بووین
سەبارەت بەم شتانە!

بەڵام لەبەرئەوەی من وەك
نەزانێك دەدوێم، هەرچیەك ئەوان
دەتوانن بەچاونەترسیەوە شانازی پێوە
بکەن منیش هەروەها دەتوانم. 22گەر
بێتو ئەوان عیبرانی بن؟ منیش
هەروەها. یان ئیسرائیلی؟ منیش
هەروەها. یاخود لەنەوەی ئیبراهیم؟
منیش هەروەها. 23یان خزمەتکاری
مەسیح؟ من لەوان زیاتر (وەك
شێتێك قسەدەکەم.) زۆر زیاتر
ماندووبووم، بەندیخانەم زیاتر
چێشتووە، زۆر زیاتر دارکاری
کراوم، چەندین جار مردنم بەچاو

بینیوه. [24]جوولەکەکان بەقامچی پێنج جار سیو نۆ قامچیان لێدراوم، [25] هەروەها سێ جار دارکاریکراوم، جارێك خەڵك بەردبارنیان کردووم، سێ جار لەکەشتیدا بووم‌و شکاوە، جارێکیان شەو و ڕۆژێکی تەواو لەناو ئاوی دەریا ماومەوە. [26]بەهوێ گەشتی زۆرم هەمیشە کەوتوومە مەترسی ڕووبارو مەترسی دزو جەردە، هەروەها مەترسی گەلەکەم‌و مەترسی میللەتان، مەترسی لەشارەکان‌و مەترسی لەدەشت‌و مەترسی لەدەریا‌و مەترسی برایانی درۆزن. [27]زۆر تووشی زەحمەتی‌و ماندووبی‌و شەونخونی زۆر، برسێتی‌و تینوێتی‌و ڕۆژوگرتنی زۆر، سەرماو ڕووتی بووم. [28]ئەمانەش هەموو لەلایەك، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەبێ زیاتر خەمی هەموو کۆمەڵە باوەڕدارەکان بخۆم. [29]جا کێ هەیە لاواز بێ‌و من لەگەڵی لاواز نەبم؟ یاخود کێ هەیە بکەوێتە گوناەو من لەخەفەتا بۆی نەسووتێم؟

[30]گەر بێتو شانازی بەخۆم بکەم، ئەوا شانازی بەدەرخستنی لاوازیم دەکەم. [31]خودای باوکی عیسای خوداوەندمان دەزانێ درۆ ناکەم ئەوەی تاهەتایە پیرۆزە، [32]ئەو پارێزگارەی لەلایەن هارتسی پادشاوە بۆ شاری دیمەشق دانرابوو، چاودێرییەکی زۆری خستبووە سەر شاری دیمەشق بۆ گرتنم، [33]بەڵام منیان خستە ناو سەبەتەو لەپەنجەرەی شوورەی چوار دەوری شارەکە منیان شۆڕکردە خوارەوە، ئیتر بەو شێوەیە ڕزگارم بوو لەدەستی.

بینینی پۆڵس‌و دڕکی لەش

12 پێویستە شانازی بکەم، هەرچەندە هیچ سوودی نییە، بەردەوام دەبم لەسەر بینین‌و ئەو شتانەی خوداوەند بۆم ئاشکرا دەکات. [2]من پیاوێك دەناسم لەمەسیحدا بوو، پێش چواردە ساڵ فرِاندیان بۆ سێهەم تەبەقەی ئاسمان. ئایا بە لەشەوە بوو یاخود بێ لەش؟ نازانم! خودا دەزانێ. [3]هەروەها دەزانم ئەو پیاوە بۆ بەهەشت فرِێندرا، بەلەشەوە بوو یاخود بێ لەش؟ نازانم! خودا دەزانێ. [4]لەوێ گوێی لە قسەیەك بوو مرۆڤ نابی بیلێ‌و ناتوانێ باسی بکات. [5]سەبارەت بەو پیاوە شانازی دەکەم، بەڵام

سەبارەت بەخۆم شانازی ناکەم، تەنها بە لاوازیەکانم شانازی دەکەم. [6]گەر بێتو بمەوێ شانازی بە خۆمەوە بکەم، بێ مێشکی نییە، چونکە من ڕاستی دەڵێم، بەڵام من دەترسم لەوەی یەکێك وا لە من بگات زیاتر لەوەی دەیبینو لێم دەبیستن. [7]تا لووتبەرز نەبم بەو شتە گەورانەی خودا بۆی ئاشکرا کردووم، دڕکێکم لێدرا لەلەشم، وەك لەنێرراوی شەیتان بێت، تا ئازارم بداو خۆم هەڵنەکێشم. [8]بۆ ئەم مەبەستە سێ جار لەخودا پاڕامەوە ئەوەم لەکۆڵ بکاتەوە، [9]بەڵام خودا پێی ووتم: (بەرەکەتی منت بەسە، چونکە توانای من لەلاوازی تەواو دەبێ.) لەبەر ئەوە بەدڵشادیەوە شانازی بە لاوازی خۆم دەکەم، هەتا توانای مەسیح بێتە سەرم، [10]جا لەپێناوی مەسیح، ڕازی دەبم بەرگەی لاوازیو سووکایەتیو ناخۆشیو چەوسانەوەو مااڵوێرانی بگرم، چونکە هەر کاتێ لاوازبم بەهێز دەبم.

[11]ناچارتان کردم وەك شێتم لێ بێت! چونکە کەمتر نیم لەنێرراوە ناوداڕەکان، هەرچەندە هیچ نیم، لەگەڵ ئەوەشدا پێویست بوو لەسەرتان ستایشم بکەن. [12]ئەو نیشانانەی نێڕراو دەردەخات، بەوپەڕی ئارامگرتنەوە لەنێوانتان ئەنجامم داوە، بەهۆی نیشانەو کاری سەرسوڕهێنەرو کردارەوە. [13]ئایا ئێوەم بەکەمتر زانیوە لەکۆمەڵە باوەڕدارەکانی تر، جگە لەوەش بارگرانیم نەبووە بۆ ئێوە؟ گەر وایە لەم هەڵەیەم ببورن!

[14]ئێستا ئامادەم بۆ سێهەم جار بۆ لاتان بێم، هەروەها نابمە بارگرانی بەسەرتان، چونکە خۆتانم دەوێ نەك پارەتان. لەبەرئەوەی ڕۆڵە پارە بۆ دایكو باوك کۆناکەنەوە، بەڵکو لەسەر دایكو باوکە بۆ ڕۆڵەکانیان ئەوە بکەن. [15]بە دڵشادیەوە پارەو هەرچیەکم هەیە خەرجی دەکەم لەپێناوی ئێوە. گەر ئێوەم زۆرتر خۆشەویست، ئایا کەمتر منتان خۆش دەوێ؟ [16]بەڵام با وابێ من بارگرانیم نەبووە بۆ ئێوە. ئێوە دەڵێن: من کابرایەکی فێڵبازمو بە فێڵ دەستم بەسەرتاندا گرتووە. [17]ئایا بەهۆی ئەوانەی ناردوومە بۆ لاتان فێڵم لێ کردوون؟ [18]کاتێ لەسەر داواکاری من تیتۆس لەگەڵ

یەکێك لەبرایان هات بۆ لاتان، ئایا تیتۆس فێڵی لێکردوون؟ ئایا ئێمە بە هەمان ڕۆح کار ناکەین، بەهەمان ڕێگادا نارۆین؟
19ئایا ئێوە لەو باوەڕەدان، ئێمە ئەم هەموو شتەی دەیڵێین بۆ بەرگریکردنە لە خۆمان؟ بەڵام ئەی خۆشەویستان ئێمە لەبەردەم خودا لەمەسیحدا دەدوێنو هەمووی بۆ بنیادنانتانە. 20من دەترسم کاتێ بێم بۆ لاتان، بە شێوەیەك بتانبینم کە نامەوێ، ئێوەش بە شێوەیەك من ببینن کە نەتانەوێ. بەواتای لە نێوانتان ناکۆکی، چاوپیسی، تورەیی، خۆویستی، بوختان، قسە هێنانو بردن، لەخۆبایی، بەڕەڵاڵیی هەبێ. 21من دەترسم کاتێ بێم بۆ لاتان خودا نزمم بکات لەنێوانتان، بەوەی زۆر خەفەت بخۆم بۆ ئەو کەسانەی لەپێشا گوناەو هەڵەیان کردووە لەوەی کردوویانە لە گلاوێو داوێن پیسیو بەدڕەوشتی.

خۆتان تاقیبکەنەوە

13 ئەمە سێهەم جارە دێم بۆ لاتان، {هەر مەسەلەیەك پێویستە بەشایەتی دووان یان سیان بچەسپێ.} 2 جاری پێشوو کە لاتان بووم ئێوەم ئاگادارکردەوە، ئێستاش جارێکیتر لەم نامەیە ئەوانەی جاران گوناهیان کردووە لەگەڵ هەموو ئەوانیتر ئاگاداریان دەکەمەوەو پێیان ڕادەگەیەنم گەر هاتوو جارێکیتر بۆ لاتان بێم بەزەییم بە کەس نایەتەوە، 3 چونکە ئێوە داوای بەڵگە لەمن دەکەن کەوا عیسا بەهۆی من دەدوێ لەگەڵتان. ئەو سەبارەت بە ئێوە لاواز نییە، بەڵکو بەتوانایە لەناوتان. 4ڕاستە عیسا لەلاوازی لەخاچدرا، بەڵام ئێستا زیندووە بەهۆی توانای خوداوە، چونکە ئێمە لاوازین لەئەودا، بەڵام لەلایەن ئێو ئێمە پێویستە لەئەودا بژین بەهێزو توانای خودا.

5جا خۆتان تاقیبکەنەوەو سەیری خۆتان بکەن بزانن بە باوەڕ دەژین! لەخۆتان بکۆڵنەوە، ئایا نازانن عیسای مەسیح لەناوتاندایە؟ گەر ئەمە نەزانن ئەوا ئێوە سەرنەکەوتوون 6بەڵام

هـــیوادارم، بـــزانن ئـــێمه لـــهو تاقـــی‌کـــردنه‌وه‌یه ده‌رچـــووین. [7] ئـێمه نوێـژ ده‌کـــه‌ین بـۆ خودا تا یارمـــه‌تیتان بدات‌و هـــه‌ڵه نه‌کـه‌ن، ئه‌مـــه‌ش لـــه‌به‌رئـــه‌وه نیـــیه تـــا ده‌رکـــه‌وێ ئـێمه مـرۆڤی چـاکین، بـه‌ڵکو تـه‌نهـا بـۆ ئـه‌وه‌یه ئێوه چی چاك‌و ڕاسته بیکه‌ن، هـــه‌رچـه‌نده خـــه‌ڵکی بـــه ســـــه‌رنه‌کـه‌وتوومان دابنـێن. [8] چـونکه نـاتوانین هـــیچ شـــتێ بکـه‌ین دژی ڕاستی، به‌ڵکو ده‌مـانه‌وێ خزمه‌تی بکـه‌ین. [9] ئه‌وسـا چـــه‌ند دڵشـاد ده‌بین گـــه‌ر لـــه بێ هـــێزی ئێمـــه ئێوه به‌هێز بن، نـوێژی ئـێمـــه‌ش بۆ تـه‌واوی ئـێوه‌یـه. [10] وا پـــێـــش ئـــــه‌وه‌ی بـــۆ لاتـــان بـــێم هـــه‌مـــوو شتێکم بۆ نووسین، هه‌تا کـــاتێ هـــاتم بۆ لاتان ناچار نه‌بم به ڕه‌قـی لـه‌گه‌ڵتان بجوڵێمه‌وه، چـونکه خـــوداوه‌ند ده‌ســـه‌ڵاتی داوه پێم تا بنـــــیادتان بکـــــــه‌م نـــــه‌ك هـــه‌ڵـــتان‌بوه‌شێنم.

هاندان‌و سڵاوی کۆتایی

[11] لـه‌کـۆتایـیدا ئـــه‌ی بـــرایان، خواحافـیز، بـۆ تـه‌واوی هه‌وڵبده‌ن، ئاگاتـان لـه‌داواکاریـه‌کانم بێ، ڕێك بکـه‌ون، لـه‌گـه‌ڵ یـه‌کتری بـه‌ئاشـتی بژیـــن، ئه‌وســـا خـــودای ئاشـــتی‌و خۆشه‌ویستی لـــه‌گـــه‌ڵتان ده‌بێ. [12] به‌مـــاچـی پـیرۆز سـڵاو لـه‌یـه‌کتری بکـه‌ن. [13] هـــه‌موو خوشـــك‌و بـرا پیرۆزه‌کـــانی ئـێره سـڵاوتان لـــێ ده‌که‌ن.

[14] بابه‌ره‌کـه‌تی عیسـای مه‌سیحی خوداوه‌ندمـان‌و خۆشه‌ویستی خوداو به‌شـــداری ڕۆحـی پـیرۆز لـه‌گـه‌ڵ هه‌مـــووتان بێ.

نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی غەلاتیە

غەلاتیە ولایەتێکی ڕۆمانی بوو لەئاسیای بچووك، هەندێ مامۆستا لەوێ بەرهەڵستی پۆڵسیان کرد و ووتیان پێویستە باوەڕدار خەتەنەبکرێ و کار بەشەریعەتی موسا بکات تاوەکو خودا بێتاوانی بکات (2:14).

لەبەرئەوە نامەکەی پۆڵس بۆ کۆمەڵە باوەڕدارەکانی غەلاتیە ئامانجی ئەوە بوو، ئەو کەسانەی چەواشە کراون بەم فێرکردنە نادروستە بگەڕێنێتەوە سەر باوەڕی ڕاستەقینە.

پۆڵس سەرەتا بەرگری لەمافی خۆی دەکات پێی بووترێ نێردراوی عیسای مەسیح، ئەمەش لەدژی ئەو کەسانەی دەیانووت نێرراوێکی ڕاستەقینە نییە، پێش لەسەر ئەوە دادەگرێ کە نێرراویەکەی لەلایەن هیچ دەسەڵاتێکی مرۆڤەوە نەهاتووە، بەڵکو لەلای خوداوە هاتووە، بەشێوەیەکی تایبەتیش بانگکراوە بۆ ئەوەی کار لەناو ناجوولەکەکان بکات. پاشان پۆڵس باسی ئەوە دەکات چۆن مرۆڤ تەنها بەباوەڕ بێتاوان دەبێ، ئەمەش بەرەکەتێکی خودایە. لەکۆتاییدا دەیسەلمێنێ ژیان لەمەسیح لەو خۆشەویستیە هەڵدەقوڵێ کە سەرچاوەکەی باوەڕ بەمەسیحە.

1

لەپۆڵسەوە، ئەوەی نەلەلایەن خەڵکەو نە بەهۆی خەڵك نێرراوە، بەڵکو لەلایەن عیسای مەسیحو خودای باوك ئەوەی مەسیحی لەنێو مردووان زیندووکردەوە. [2]هەروەها لەهەموو ئەو خوشك‌و برایانەی لێرە لەگەڵمدان. بۆ ئەو کۆمەڵە باوەڕدارانەی لەناوچەی غەلاتیەن. [3] با ئاشتی‌و بەرەکەتی خودای باوك‌و عیسای مەسیحی خوداوەندتان لەگەڵ بێ، [4]ئەوەی خۆی کرد بە قوربانی لەپێناوی گوناهەکانمان، تا ڕزگارمان بکات لەم جیهانە خراپەی ئێستا، بەپێی خواستی خودای باوکمان. [5]بۆ ئەوە شکۆمەندی تاهەتایە. ئامین.

مژگێنییەکی دیکە نییە

[6]من سەرم سوڕماوە. چۆن وا بەخێرایی واز لەو کەسە دەهێنن کە

بەبەرەکەتی مەسیح بانگی کردوون،
شوێنی مزگێنییەکی دیکە دەکەون؟ [7]
مەبەستم ئەوە نییە مزگێنیەکی دیکە
هەبێ، بەڵکو هەندێك لەناوتان
دەیانەوێ سەرتان لێبشێوێنن و
مزگێنی مەسیح تێکبدەن. [8] بەڵام
تەنانەت گەر ئێمە مزگێنیەکمان
پێدان، یاخود فریشتەی ئاسمان
مزگێنییەکی پێدان، جگە لەوەی
لەئێمەوە پێتان دراوە، با نەفرەتی لێ
بێت. [9] هەروەك پێشتر پێمان ووتون
ئێستاش پێتان دەڵێمەوە، گەر یەکێك
مزگێنییەکی پێدان جگە لەوەی لە
ئێمەوە پێتان دراوە، با نەفرەتی
لێبێ.
[10] ئایا ئێستا هەوڵ دەدەم بۆ
بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵکی
یاخود ڕەزامەندی خودا؟ یان داوای
ئەوە دەکەم خەڵکی ڕازی بکەم؟
گەر تا ئێستا خەریکی ڕازیکردنی
خەڵکی بوومایە نەدەبوومە بەندەی
مەسیح.

چۆن پۆڵس بوو بە نێردراو؟

[11] بڕایان باش بزانن ئەو
مزگێنییەی ڕاگەیاندووە، مزگێنییەك
نییە لەمرۆڤ بێ، [12] لەکەسیشم
وەرنەگرتوە، کەسیش فێری
نەکردووم، بەڵکو بەڕاگەیاندنی
عیسای مەسیح بۆم هاتووە.
[13] چونکە دەزانن، چۆن جاران
وەك جوولەکەیەك ژیاوم، چۆن
کۆمەڵە باوەڕدارەکانی خودام
دڕندانە چەوساندۆتەوە و هەوڵمداوە
لەناویان ببەم، [14] هەروەها چۆن
لەبارەی جێبەجێکردنی کاروباری
ئاییینی جوولەکە باشتر بووم
لەزۆربەی هاوڕێیەکانم، هەروەها زۆر
دڵگەرمتر بووم لەوان بۆ
داب‌ونەریتی باوباپیرانمان. [15] بەڵام
خودا بە بەرەکەتی خۆی پێش
لەدایکبوونم هەڵیبژاردم و بانگی
کردم، [16] خۆشحاڵ بووم ڕۆڵەکەی
بۆ من ڕابگەینێ، هەتا منیش مزگێنی
پێبدەم لەناو میللەتان، ئەو کاتە
ڕاوێژم لەگەڵ هیچ کەس نەکرد. [17]
نەچووم بۆ قودس بۆ لای ئەوانەی
پێش من نێرراو بوون، بەڵکو
یەکسەر ڕۆیشتم بۆ عەرەبستان،
لەوێشەوە گەڕامەوە بۆ دیمەشق.
[18] ئینجا دوای سێ ساڵ ڕۆیشتم
بۆ قودس، تاکو پەترۆس ببینم، پانزە
ڕۆژ لای ئەو مامەوە. [19] بەڵام لەوێ
هیچ نێرراوێکی ترم نەدی جگە

لەیاقوبی بـرای خوداوەند نەبێ. [20] ئـەوەی بۆتـانی دەنووسـم، خـودا دەزانـێ درۆ نیـیە. [21]دوایـی بـۆ هەرێمەکانی سوریاو کیلیکیە چووم. [22]بەلأم هێشتا کۆمەڵە باوەڕدارەکانی ناوچەی یەهودیە کە لەمەسیحن منیان نەدەناسـی. [23]تەنها بیستبوویان: (ئەو پیاوەی جاران ئێمەی دەچەوساندەوە، ئێستا خـۆی مزگێـنی ئـەو بـاوەڕە دەدات، کـە جـاران هـەوڵـێ لەناوبـردنی دەدا.) [24]ئـیتر ئـەوان ستایشی خودایان کرد بەهۆی منەوە.

رازیبوون بە خزمەتی پۆڵس

2 دوای چـواردە سـاڵ جـارێکی دیکە لەگـەڵ بـەرنابا ڕۆیشـتم بـۆ قودس، تیتۆسیشـم لەگەڵ خۆم برد. [2]چوونم بـۆ ئـەوێ بەڕاگـەیاندن بـوو، ئـەو مزگێنییەی دەیدەم بەمیللەتان لەپێشا تـەنها خسـتمە بـەردەم گەورە پیاوان لـەوێ، تـا هـەوڵدانی ڕابـوردوو و ئێسـتام بـە فـیڕۆ نـەڕوات. [3]بـەڵأم تەنانـەت تیتۆسـی هاوڕێی گەشتیشم کـە یۆنـانی بـوو، ناچـارنەکرا خۆی خەتەنـە بکـات. [4]جـا ئـەم مەسەلەیە تەشەنەی کرد، بەهۆی هەندێ برایانی درۆزن کـە بەنهێنی هاتبوونە ناومان، تـاکو سەربەسـتی عیسای مەسیحمان لـێبسـێننەوەو بمـانگەڕێنـنەوە بـۆ کۆیلایـەتی. [5]بـەڵأم تەنانـەت بـۆ چـاوتروکانێك ملکەچـیان نەبووینو خۆمـان نـەدا بەدەسـتیان، هـەتا پارێـزگاری ڕاسـتی مزگێنیـتان بـۆ بکەین.

[6]ئەوانـەی بەگـەورە پـیاوان دادەنران ﴿لـێپرسراوان﴾، بەڵای من هـیچ گـرنگ نەبوون، چونکە خودا تەماشـای ڕووالّەتی مرۆڤ ناکات. من دەڵـێم، ئەوانـە هـیچ شتێکی تازەیان نـەبوو بـۆ مـن. [7]بـەڵکو بەپێچەوانە، بۆیـان ئاشـکرا بـوو، خـودا کـاری بلأوکـردنەوەی مزگێـنی بە من داوە لەنـێوان ئەوانـەی جوولەکـە نـین، هـەروەك چـۆن هـەمان کـاری بـەپەتـرۆس داوە لەنـێوان ئەوانـەی جوولەکـەن. [8]چـونکە ئەوەی کاری کـردووە لەخـزمەتی پەتـرۆس بـۆ جوولەکـەکان، کـاری لەخـزمەتی منـیش کردووە بۆ ناجوولەکەکان. [9] دوای ئـەوەی یـاقوبو پەتـرۆسو یۆحەنـنا کـە بـە کۆڵەکـە دانرابوون زانیـیان خـودا ئەم بەرەکەتەی بە من داوە. ئەوسـا ئەوان دەستی برایانەیان

خستە ناو دەستی منو بەرنابا، لەسەر ئـەوە ڕێککـەوتین ئـەوان بـۆ لای جوولەکـەکان بچـن، ئێمەش بۆ لای ناجوولەکـــەکان. [10]تـــەنها داوای ئـەوەیان لـێکـردین، هەژاران لەیاد نەکـەین، ئەمـەش شـتێکە هەمیشـە بایەخم پێداوە.

سەرزەنشتکردنی پەترۆس

[11]کاتێ پەترۆس بۆ شاری ئەنتاکیا هات، ڕوو بەڕوو بەربەرەکانیم کرد، چـونکە شـایانی گلـەیی لـێکـردن بـوو. [12]پـێش ئـەوەی هەندێ کەس لـــەلای یاقوبـــەوە بـــێن، پەتـــرۆس بـەبێتـرس نـانی دەخـوارد لەگـەڵ ناجوولەکـەکـان، بـەڵام کاتێ ئەوان هـاتن، خـۆی کێشایە دواوە لەترسی خەتەنەکـراوان. [13]لـەوێدا باوەڕدارە جوولەکـــەکانی دیکـــەش لەگـــەڵ پەترۆس دەستیان کرد بە دووڕوویی، تەنانەت بەرناباشیان والـێکرد بچێتە ڕیزیان بەهۆی دووڕوویان.

[14]کـاتێ ئەمانـەم بینـی لـەڕێگای ڕاسـتی مزگێـنی نارۆن، لەبەر چاوی هـەموو ئەوانـەی لـەوێدا بـوون بـە پەترۆســم ووت: (گـــەر تـــۆ کـــە جوولەکـەی، وەك ناجوولەکە دەژی نـەك وەك جوولەکـە. ئـیتر چۆن ئەو ناجوولەکانـە ناچـار دەکەیـت وەك جوولەکە بژین؟)

[15]هەرچەندە ئێمە بە جوولەکەیی لـــەدایك بوویـــنو لەمـــیللەتانی گوناهبار نین، [16]لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەزانین مرۆڤ بێتاوان نابێ بەکارکردن بەشەریعەت، بەڵکو بەباوەڕ بەعیسای مەسـیح، جـا ئـێمەش باوەڕمـان هێنا بەعیسـای مەسیح تاکو بێتاوان بین بە باوەڕمـان بـە مەسـیح، ئەمـەش نـەك بەکارکـــردن بەشـــەریعەت، چـــونکە کارکـردن بەشـەریعەت هـیچ کەسێ بێتاوان ناکات.

[17]بـەڵام گـەر ئێمە لەهەوڵدانمان بـۆ بێتـاوان بـوون لەمەسیح، خۆمان دۆزیەوە گوناهبارین، ئیتر ئایا مەسیح خـــزمەتکاری گوناهـــە؟ بێگـومـــان نەخـــێر! [18]بـــەڵام گـــەر شـــتێك بنیادبنـێمەوە کـە لەپێشـا تێکمدابێ، ئـەوا دەیسـەلێنم سەرپێچی شەریعەتم کردووە. [19]چونکە بەهۆی شەریعەت مـردم بـۆ شـەریعەت، هەتا بۆ خودا بژیـــم. [20]مـــن لەگـــەڵ مەســـیح لەخاچـدراوم، ئـیتر مـن نـیم ئەوەی دەژی، بـەڵکو مەسیحە لەمن دەژی، هـەروەها ئـەو ژیانـەی ئێستا بەلەش

دەژیم ئەوە بەباوەڕە بەڕۆڵەی خودا، ئەوەی منی خۆشویستو خۆی کرد بەقوربانی بۆ من. [21]من بەرەکەتی خودا پووچ ناکەمەوە، چونکە گەر بێتاوانی بە شەریعەت بووایە، ئیتر مردنی مەسیح بێسوود دەبوو.

باوەڕیاخود شەریعەت؟

3 ئەی دانیشتوانی بێمێشکی غەلاتیە! کێ جادووی لێکردوون؟ ئایا لەپێش چاوتان وێنەی عیسای مەسیح بە لەخاچدراوی بەڕوونی نەکێشراوە؟ [2]تەنها وەلامی ئەم پرسیارەم بدەنەوە: ئایا ڕۆحی پیرۆزتان بەهۆی کارکردن بەشەریعەت وەرگرت، یاخود بەهۆی باوەڕتان بەوەی بیستتان؟ [3]باشە چۆن دەبێت ئەوەندە بێمێشك بن؟ ئەوەی بەڕۆح دەستتان پێکرد، ئایا ئێستا بەلەش کۆتایی پێدەهێنن؟ [4]ئایا ئازارکێشانتان بێ سوود بوو؟ گەر بەڕاستی بێسوود بوو. [5]ئایا ئەوەی ڕۆحتان پێ دەبەخشێو کاری سەرسوڕهێنەرتان لادەکات، ئەمە بەهۆی کارکردن بەشەریعەتە، یاخود بەهۆی باوەڕتان بەوەی بیستتان؟ [6]وەك چۆن ئیبراهیم {باوەڕی بەخودا هێنا، ئەمەش بە ڕاستودروستی بۆی دانرا.} [7]جا بزانن ئەوانەی لەسەر ڕێگای باوەڕ دەڕۆن نەوەی ئیبراهیمن. [8]کتێبی پیرۆزیش پێشبینی دەکات، گەلان بێتاوان دەبن بەهۆی باوەڕ. خودا مزگێنی بە ئیبراهیمداو ووتی: {بەهۆی تۆوە هەموو گەلان پیرۆز دەبن.} [9]کەواتە ئەوانەی باوەڕدارن پیرۆزبوون لەگەڵ ئیبراهیمی باوەڕدار.

[10]هەموو ئەوانەی پشت بەکرداری شەریعەت دەبەستن، لەژێر نەفرەت دان، چونکە لەکتێبی پیرۆز نووسراوە: {نەفرەت لێکراوە ئەوەی لەسەر هەموو نووسراوەکانی شەریعەت ناچەسپێتو پەیڕەویان ناکات.} [11]ئەوەش ئاشکرایە کەس بەشەریعەت لەبەرامبەر خودا بێتاوان نابێت، چونکە کتێبی پیرۆز دەڵێ: {ئەوەی بە باوەڕ بێتاوان دەبێ، دەژی.} [12]بەڵام شەریعەت پشتنابەستێ بە باوەڕ، چونکە کتێبی پیرۆز دەڵێت: {ئەوەی کار بەڕاسپاردەکانی شەریعەت بکات، بەشەریعەت دەژی.} [13]مەسیح

ئیمەی بەخوێن کڕیەوە لەنەفرەتی شەریعەت بەوەی بوو بەنەفرەت لێکراو لەپێناوی ئیمە، چونکە نووسراوە: {نەفرەت لێکراوە ئەوەی لەسەر دار هەڵبواسرێ}. [14] ئیمەی بەخوێن کڕیەوە بۆ ئەوەی پیرۆزی ئیبراهیم بەهۆی عیسای مەسیح بەمیللەتانیش ببەخشرێ و بەڵێنی ڕۆح وەرگرین ئەوەی بەباوەڕە.

پەیمانو شەریعەت

[15] ئەی برایان، با نموونەیەکی مرۆڤانەتان بۆ بهێنمەوە، شتێکی ئاشکرایە گەر یەکێك پەیمانێکی مۆرکراوی پێ بێ، یەکێکی تر ناتوانێ بەتاڵی بکاتەوە یاخود شتێکی بخاتە سەر.

[16] کاتێ خودا بەڵێنیدا بە ئیبراهیمو نەوەکەی، مەبەست لە ووشەی نەوەکەی تەنها مەسیحە کە شێوەی تاکی هەیە، چونکە نەیووتوە نەوەکانی تا شێوەی کۆمەڵ وەرگرێ. [17] مەبەستم ئەوەیە: ئەو شەریعەتەی دوای چوارسەدو سی ساڵ هات، پاش پەیمانی خودا لەگەڵ ئیبراهیم، پەیمانی چەسپاوی پێشووی خودا بەتاڵ ناکاتەوە، تاکو بەڵێنەکە بشکێنێ. [18] گەر میراتی خودا بە شەریعەت بێ، ئیتر پەیوەندی بە بەڵێن نییە. بەڵام خودا بە بەرەکەتی خۆی بەڵێنی بە ئیبراهیمداو کردی بە میراتگر.

مەبەستی شەریعەت

[19] کەواتە شەریعەت بۆ چییە؟ خودا دایناوە بەهۆی پێشێلکاریەکان، کاریشی پێکرا تا ئەو کاتەی نەوەکەی ئیبراهیم هات، ئەوەی خودا بەڵێنی پێدابوو. ئەم شەریعەتەش لەفریشتەکانەوە بەهۆی پەیوەندیڕێکخەرێك بۆ ئیمە هێنرا. [20] هەر چۆنێك بێ پەیوەندیڕێکخەر تەنها نوێنەری یەك لایەن نییە، بەڵام خودا یەکە.

[21] ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ شەریعەت دژی بەڵێنەکانی خودایە؟ نەخێر بێگومان، چونکە گەر ئەو شەریعەتەی دراوە بە مرۆڤ بیتوانیایە ژیان ببەخشێ، ئەوا بەڕاستی بێتاوانی بەشەریعەت دەبوو. [22] بەڵام کتێبی پیرۆز هەموو شتێکی کردۆتە دیلی گوناە، تا ئەو بەڵێنەی بەهۆی باوەڕ دراوە لەعیسای مەسیح، بدرێ

بەوانەی باوەڕ دەهێنن.
23 پێش ئەوەی باوەڕمان بۆ بێت،
لەلایەن شەریعەتەوە بەندکرا بووین،
بەبەستراوی مابووینەوە تا ڕاگەیاندنی
باوەڕ. 24 کەواتە، تا هاتنی مەسیح
شەریعەت تەمێکەرمان بوو، تاکو
بەباوەڕ بێتاوان بین، 25 بەڵام ئێستا
باوەڕ هاتووە، ئێمە ئیتر لەژێر سایەی
تەمێکەر نین.
26 چونکە ئێوە بەهۆی باوەڕ
لەعیسای مەسیحدا هەموو ڕۆڵەی
خودان. 27 ئیتر مەسیحتان
لەبەرکردووە، چونکە بەناوی ئەوەوە
لەئاوهەڵکێشراون. 28 ئێستا جیاوازی
نییە، گەر جوولەکە یاخود یۆنانی،
کۆیلە یاخود ئازاد، ژن یاخود
پیاوبن، چونکە هەموتان یەکن
لەعیسای مەسیح. 29 جا گەر ئێوە
سەر بە مەسیح بن، ئەوا لەنەوەی
ئیبراهیمن، میراتگرن بەپێی بەڵێنەکە.

کۆیلە نا، بەڵکو ڕۆڵەی خودا

4 با پێتان بڵێم: گەر میراتگر منداڵ
بێت، لەنێوان ئەو میراتگرەو
کۆیلەیەك هیچ جیاوازی نییە،
هەرچەندە میراتەکە هەموی هی
ئەوە، 2 چونکە دەبێ لەژێر دەسەلاتی
سەرپەرشتیکارو بریکار بمێنێتەوە،
تاکو ئەو ماوەیە تەواو دەبێ کە
باوکی دایناوە. 3 ئێمەش بەهەمان
شێوە، کاتێ منداڵ بووین کۆیلەی
دەستی هێزەکانی جیهان بووین، 4
بەڵام کاتێ تەواو بوونی زەمانە هات،
خودا ڕۆڵەی خۆی ﴿مەسیح﴾ نارد
بۆ لامان، لە ژنێك لەدایك بوو،
لەژێر سایەی شەریعەت لەدایك بوو،
5 بۆ ئەوەی ئەوانەی لەژێر سایەی
شەریعەتن بەخوێن بیان کڕێتەوە، تاکو
خودا ئێمە وەکو ڕۆڵەی خۆی قبوڵ
بکات. 6 چونکە ئێوە ڕۆڵەن، خودا
ڕۆحی ڕۆڵەکەی خۆی خستە ناو
دڵمانەوە، هاوار دەکەین: (بابە!
باوك!) 7 کەواتە ئیتر ئێوە کۆیلە نین،
بەڵکو ڕۆڵەن، هەروەها چونکە ئێوە
ڕۆڵەن خودا ئێوەی کرد بە میراتگر.

ئامۆژگاری پۆڵس بۆ غەلاتیەکان

8 ئەو کاتەی ئێوە خوداتان
نەدەناسی، کۆیلەی ئەوانە بوون کە
بەسروشت خودا نین، 9 بەڵام دوای
ئەوەی خوداتان ناسی، یاخود باشترە
بڵێین دوای ئەوەی خودا ئێوەی
ناسی، چۆن دەبێ جارێکی دیکە

بگەڕێنەوە لای لاوازیو هەژاری ئەم جیهانە، بتانەوێ ببنەوە کۆیلەی ئەوانە سەر لەنوێ؟ [10]ئێوە بایەخ دەدەن بە ڕۆژو مانگو ساڵو وەرزی تایبەتی! [11]لەوە دەترسم بەخۆڕایی ماندوو بووبم لەپێناوتان.

[12]ئەی برایان داواتان لێدەکەم، خۆتان وەك من لێبکەن، چۆن من خۆم وەکو ئێوە لێکردووە. ئێوە هیچ هەڵەتان نەکردووە سەبارەت بە من، [13]هەرچەندە دەتانزانی من نەخۆش بووم کاتێ یەکەمجار مزگێنیم پێدان، [14]نەخۆشیەکەم شتێکی ئاسان نەبوو بۆتان، لەگەڵ ئەوەشدا لێم بێزار نەبوونو خۆتان دوور نەخستەوە لێمو هیچ خراپەیەکتان لەگەڵ نەکردم، بەڵکو پێشوازیتان لێکردم وەك فریشتەی خودا، وەك عیسای مەسیح. [15]ئەو خۆشیەتان چی لێهات؟ من شایەتیتان بۆ دەدەم گەر بتانتوانیایە، چاوی خۆتان دەردەهێناو دەتاندا پێم. [16]ئایا ئێستا بووم بە دوژمنتان چونکە ڕاستیتان پێدەڵێم؟

[17]هەندێك خۆیان بەدڵگەرم دەردەخەن بۆ ئێوە، بەڵام نەك بە نیازی باش، بەڵکو تا لەئێمەتان دوورببنەوەو دڵگەرم بن بۆ ئەوان. [18]دەرخستنی بایەخ پێدان شتێکی جوانە، گەر هەمووکاتێ بەمەبەستێکی پاك بێت، نەك تەنها ئەو کاتەی من لەگەڵتاندام. [19]منداڵەکانم، ئەی ئەوانەی دەبێ لەپێناوتان جارێکی دیکە ئازار بچێژم، هەتا وێنەی مەسیح لەژیانتان دەرکەوێ، [20]چەند حەزم دەکرد ئێستا لەناوتانابم، تا بەشێوەیەکی دیکە لەگەڵتان بدوێم، چونکە سەرم سوڕماوە لێتان.

نموونەی هاجەرو سارا

[21]پێم بڵێن ئەی ئەوانەی حەز دەکەن لەژێر سایەی شەریعەت بن، ئایا ئەوەی لەشەریعەت باسکراوە نەتانبیستووە؟ [22]چونکە لەکتێبی پیرۆز نووسراوە، ئیبراهیم دوو کوڕی هەبووە، یەکێکیان لەهاجەری کۆیلە بوو، ئەوی دیکەیان لەسارای ژنی کە ئازاد بوو. [23]ئیبراهیم کوڕێکی لەکۆیلەکە بوو بە پێی خواستی لەش، بەڵام لەسارای ژنی کوڕێکی بوو بەهۆی بەڵێن.

[24]ئەم ڕاستیە مانایەکی ڕەمزی هەیە. ئەو دوو ژنە نموونەی دوو

پەیمانن: یەکەم پەیمان لە شاخی سینایە، مندالّی لێدەبێت بۆ کۆیلایەتی ئەوەش هاجەرە، [25]هاجەر بە شاخی سینا دەوترێ، لەعەرەبستان ڕەمزێکە بۆ قودسی ئێستا، ئەو لەگەڵ منداڵەکانی کۆیلەن. [26]بەڵام قودسی ئاسمانی کە دایکی هەموومانە ئازادە، [27]چونکە لەکتێبی پیرۆز نووسراوە:

{دڵشادبە ئەی نەزۆك،
ئەی ئەوەی منداڵت نییە،
بەدەنگی بەرز ستایشی خودا بکە،
ئەی ئەوەی ژانی منداڵبوون نازانی،
چونکە تۆ ئەی ئەوەی بەتەنهای،
ژمارەی منداڵەکانت زیاترە لەوەی میێردەکەی لەگەڵیەتی.}

[28]بەڵام ئێوە ئەی برایان، ڕۆڵەی بەڵێنن وەك ئیسحاق. [29]جا چۆن لەسەردەمی ڕابووردوو ئەوانەی بەپێی لەش لەدایك بوون، ئەوانەیان دەچەوساندەوە کە بەپێی ڕۆح لەدایك بوون، ئێستاش هەمانشت ڕوو دەدات. [30]کتێبی پیرۆز لەم بارەیەوە دەڵێ چی؟ دەڵێ: {کۆیلەکە لەگەڵ کوڕەکەی بکەدەرەوە، تا کوڕی کۆیلەکە میراتگر نەبێ لەگەڵ کوڕی ئازادەکە.

} [31]کەواتە ئەی برایان ئێمە ڕۆڵەی کۆیلەکە نین، بەڵکو ڕۆڵەی ئازادەکەین.

ئازادی لە مەسیح

5 چونکە مەسیح ئازادیکردین تا بە ئازادی بژین. بۆیە خۆتان ڕاگرنو جارێکی دیکە ملکەچی نیری کۆیلەیی مەبن.

[2]ئاگادارین، من پۆڵسم پێتان دەڵێم: بەخەتەنەکردنتان مەسیح هیچ سوودێکی نابێ بۆتان. [3]جارێکی کەش ڕوونی دەکەمەوە، ئەوەی خەتەنە دەکات، دەبێ لەسەر هەموو خاڵەکانی شەریعەت بڕوات. [4]ئەی ئەوەی دەتەوێ بەهۆی شەریعەت بێتاوان بێت، تۆ لەمەسیح جیابوویتەوەو سەبارەت بە بەرەکەتی خودا کەوتیت. [5]چونکە بەهۆی ڕۆح کە لەباوەڕەوەیە چاوەڕوانی هیوای ڕاستودروستیین، [6]چونکە لەعیسای مەسیح خەتەنەکراو و خەتەنە نەکراو سوودیان نییە، تەنها باوەڕ نەبێ کە بەهۆی خۆشەویستی کار دەکات.

[7]ئێوە لەپێشا زۆر باش ڕاتان دەکرد، کێ ڕێی پێگرتن تا

ملکەچی ڕاستی نەبن؟ [8]ئەو هاندانە لەلایەن خوداوە نییە کەبانگی ئێوەی کردووە. [9]سەیرکەن هەویرترشێکی بچووکە، هەمموو هەویرەکە هەڵدەهێنێ. [10]بەڵام باوەڕم هەیە لەخوداوەند، کەوا ئێوە بیروڕایەکی تر وەرناگرن. جا ئەوەی بیەوێ لەناوتان ببێتە کۆسپ، هەر کەسێك بێ سزای خۆی وەردەگرێ. [11]بەڵام ئەی برایان، گەر من خەتەنەکردن ڕادەگەێنم، ئیتر بۆچی جوولەکەکان تا ئێستا دەمچەوسێننەوە؟ کەواتە کۆسپی خاچ لادراوە. [12]ئەو کەسانەی ڕێگای باوەڕتان لێتێك دەدەن، با ببڕێنەوە.

[13]برایان، ئێوە بانگ کران بۆ ئازادی، بەڵام ئازادی مەکەن بە هەل بۆ ڕازیکردنی لەش، لەجیاتی ئەوە بە خۆشەویستی خزمەتی یەکتری بکەن. [14]چونکە شەریعەت هەمووی لەیەك ڕاسپاردەدا تەواو دەبێ: { ئەوەی لێت نزیکە وەك خۆت خۆشت بوێ} [15]ئەگەر ئێوە لەڕابوردوو پەلاماری یەکتڕتان دەداو ڕاوی یەکتڕتان دەکرد، ئێستا ئاگادارین یەکتڕی لەناونەبەن.

ژیان لەڕۆحی پیرۆز

[16]مەبەستم ئەوەیە پێتان بڵێم: با ژیانتان بەڕۆحی پیرۆز بەڕێوە بچێ، هەروەها ئارەزووەکانی لەش تێر مەکەن. [17]چونکە خواستی لەش دژی ڕۆحە، هەروەها خواستی ڕۆح دژی لەشە. هەریەکەیان بەربەرەکانی ئەوی‌تر دەکات، تا ئەوە نەکەن کە دەتانەوێ. [18]بەڵام گەر ئێوە ڕۆح بەڕێوەتان ببات، ئەوا لەژێر سایەی شەریعەت نین.

[19]کردارەکانی لەش دیارن: داوێنپیسی، گلاوی، بەدڕەوشتی، [20] بتپەرستی، جادوگەری، دوژمنایەتی، شەڕنانەوە، دڵگەرمی بۆ خراپە، تووڕەبوون، خۆپەرستی، دووبەرەکی، ناکۆکی، [21]چاوپیسی، سەرخۆشی، ڕابواردن، هتد... ئێستا ئاگادارتان دەکەمەوە، هەروەك چۆن لەپێشا ئاگادارم کردوون، ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن میراتگری پادشاهێتی خودا نین.

[22]بەڵام بەرووبوومی ڕۆح بریتییە لە: خۆشەویستی‌و خۆشی‌و ئاشتی، ئارامگرتن، ڕۆح سووکی‌و چاکە، باوەڕ، [23]نیانی‌و خۆڕاگرتن. هیچ شەریعەتێکیش نییە دژی ئەم شتانە

بـێ. [24]ئەوانـەی سـەر بـە عیسـای مەسـیحن، خواسـتو ئارەزووەکانی لـەشـیان لـەخاچـداوە. [25]گـەر ئـێمە بەپـێی ڕۆحی پیرۆز بژین، لـەسەرمانە بـەڕێگای ڕۆحـی پیرۆز بڕۆین. [26]با لـەخۆبایی نـەبین، ڕقوکینەمان نەبێ لەگـەڵ یـەکتری، چـاوپیس نـەبین لـەگەڵ یەکتری.

باری یەکتری هەڵگرن

6 ئـەی بـرایان، گـەر یەکێکتان کەوتە هەڵـەوە، بـا ئـێوەی ڕۆحـی، ڕاستی بکەنـەوە بـە شـێوەیەکی نـەرم. تۆش ئاگـاداری خـۆت بە، نەوەك بکەویتە تـاقیکـردنەوە. [2]بـاری یـەکتری هەڵگـرن، بـەم شـێوەیە شـەریعەتی مەسیح تەواو دەکەن. [3]ئەگەر یەکێك واسەیری خۆی کرد شتێکی گرنگە، بـەڵام لە ڕاستیدا هیچ نەبێ، ئەوا ئەو کەسە خۆی دەخلەتێنێ. [4]باهەر یەکە کـردارەکانی تاقیبکاتـەوە، ئینجا با شـانازیکردنی تەنها بەخۆی بێ نەك بەنـزیکەکەی، [5]چـونکە هـەر کـەس باری خۆی هەڵدەگرێ.

[6]ئـەوەی ووشـەی خـودای فێردەکرێ، لەسەریەتی فێرکەرەکەی بەشـدار بکات لـەهەموو شتێکی باش کە هەیەتی.

[7]خۆتـان هەڵمەخەڵەتێـنن، خودا فـێڵی لـێ ناکرێـت، چونکە ئەوەی ڕواندووتانـە، هـەمان شـت دروێـنە دەکـەن. [8]چـونکە ئـەوەی بۆ لەشی خـۆی بڕوێـنێ لـە لەشـیدا گـلاوی دروێنە دەکات، بەلام ئەوەی بۆ ڕۆح بڕوێـنێ لەڕۆحـەوە ژیانی هەتاهەتایی دروێـنە دەکات. [9]کەواتە با لـەکاری چـاکە نەکـەوین، چـونکە گەر وورە بەرنـەدەین لـەکاتی خـۆی دروێـنەی زۆر دەکـەین. [10]جـا تـا دەرفـەتمان هەیە، با چاکە لەگەڵ هەموو کەسێك بکـەین، بـەتایـبەتی لەگـەڵ خوشك‌و برایانی باوەردار.

بوونەوەرێکی نوێ

[11]سـەیرکەن، ئەو پیتە گەورانەی ئێسـتا دەیخوێننەوە، من بەدەستی خۆم نووسیومە.

[12]ئەوانـەی دەیانـەوێ بەڕوالـەت خۆیـان بـەچـاك نیشـان بدەن، هەوڵ دەدەن ناچـارتان بکەن خۆتان خەتەنە بکـەن، تـاوەکو تووشـی چەوسانەوە نـەبن بـەهۆی خاچی مەسیحەوە. [13] چـونکە ئـەو خەتەنەکـراوانە خۆیـان

بەپێی شەریعەت هەڵسوکەوت ناکەن، بەڵکو دەیانەوێ ئێوە خەتەنەبکرێن، هەتا شکۆمەندیان دەسکەوێ بە لەشی ئێوە. [14]بەڵام هیچ شکۆمەندیەکم ناوێت گەر لەخاچی عیسای مەسیحی خوداوەندمان نەبێ، کە بەهۆی ئەوەوە جیهان سەبارەت بە من لەخاچدراوە، هەروەها منیش سەبارەت بە جیهان لەخاچدراوم. [15]گرنگ نییە مرۆڤ خەتەنەکرا بێت یاخود خەتەنە نەکرا بێ، بەڵکو بووبێ بە بوونەوەرێکی نوێ. [16]با ئاشتی و بەزەیی بۆ هەموو ئەوانە بێ کە دوای ئەم یاسایە کەوتوون، هەروەها بۆ هەموو ئیسرائیلی خودا.

[17]ئیتر لەمەولا گیروگرفتی ترم بۆ مەهێنەکایەوە، چونکە لەلەشمدا هێماکانی عیسام هەڵگرتووە.

[18]خوشك و برایان، ئیتر بابەرەکەتی عیسای مەسیحی خوداوەندمان لەگەڵ ڕۆحتان بێت. ئامین.

نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی ئەفەسۆس

قوڵترین ڕاستییەکانی باوەڕ لەم نامەیە دایە، باسی ئەو بانگەوازە ئاسمانیە دەکات کە خودا خەڵکی گوناهباری بۆ باوەڕی مەسیح پێ بانگکرد، چونکە خودا ئەوانی بەخوێنی مەسیح کڕییەوەو بڵندیکردن بۆ بەرزترین شوێن. هەروەها باسی دڵی بەسۆزی خودا دەکات چۆن پڕە لەبەزەییو بەرەکەتو سۆز سەبارەت بە ئێمە لەمەسیحدا. باسی ئەو ئاسمانە دەکات کە مەسیح بۆی بەرزبووەوەو لەوێ لەسەرووی هەموو سەرۆکایەتیو دەسەڵاتێك دانیشت، لەسایەی بەرەکەتی خودا هەموو باوەڕداران دەچنە ئەوێ. لێرە باسی ئەو شتە دەکرێ کە خودا ئەنجامی داوە لەڕێی مەسیح، چۆن باوەڕدارانی کردووە بە یەك لەگەڵ مەسیح، هەروەها بەشداری کردوون لەشکۆمەندیەکەی. ئەمەش لەکۆمەڵەی باوەڕداران لەلاشەی مەسیحو پەرستگای خودایە، خودا بە ڕۆحی خۆی تیایدا نیشتەجێ دەبێ، ئەم پەرستگایەش لەدوارۆژدا شکۆدار دەبێ. بەشێکی گەورەی ئەم نامەیەش بەندە بەهەڵسوکەوتەوە.

1

لە پۆڵس، نێراوی عیسای مەسیح لەسەر خواستی خودا، بۆ خوشك و برا پیرۆزە باوەڕدارەکان لە عیسای مەسیح کە لە شاری ئەفەسۆسن . [2]با بەرەکەتو ئاشتی خودای باوکمانو عیسای مەسیحی خوداوەندتان لەگەڵ بێ.

پیرۆزی ڕۆحی لەمەسیح دایە

[3]پیرۆزە خودای باوکی عیسای مەسیحی خوداوەندمان، ئەوەی پیرۆزی کردووین بەهەموو پیرۆزییەکی ڕۆحی لە ئاسماندا لەمەسیح، [4]هەروەك پێش دروستکردنی جیهان هەڵیبژاردین، هەتا پاك و بێگەم و کۆڕی بین لەبەردەمی. [5]ئەو بەخۆشەویستی پێشتر دیاریکردین بەپێی خواستو خۆشحاڵی خۆی تا بمانکات بەڕۆڵەی خۆی بەهۆی عیسای مەسیح، [6]بۆ ئەوەی ستایشی بکەین بۆ ئەو بەرەکەتە شکۆدارەی بەخۆڕایی داویتی پێمان بەهۆی ڕۆڵە

خۆشەویستەکەیەوە. [7]ئێمە لەمەسیح کرایینەوە بەخوێنی ئەو، گوناهمان بەخشرا، ئەمەش بەپێی دەوڵەمەندی بەرەکەتی خودا بوو، [8]بەدەستو دڵفراوانی ڕشتی بەسەرماندا بەوپەڕی دانایی‌و تێگەیشتن. [9]نهێنی خواستی خۆی بۆ دەرخستین، بەپێی خۆشحاڵی خۆی ئەوەی مەبەستی بوو لەمەسیح، [10]وەك پلانێك بۆ تەواوی زەمانە بۆ ئەوەی هەموو شتێك بە یەکەوە کۆبکاتەوە لەمەسیحدا، لەوانەی لە ئاسمان‌و لەسەر زەوین.

[11]لەمەسیحدا خودا هەڵیبژادین بەپێی بڕیاری پێشووی خۆی، ئەوەی هەموو شتێك بەپێی مەبەستی خواستی خۆی. [12]ئێمە دیاری کراین‌و دەستنیشان کراین هەتا بۆ ستایش‌کردنی شکۆمەندی ئەو بژین، چونکە لە زووەوە هەموو هیوایەکمان لەسەر مەسیح داناوە. [13]هەر بەهۆی ئەویشەوە بوو کاتێ ووشەی ڕاستیتان بیست واتە مزگێنی ڕزگاریتان، هەروەها کاتێ باوەڕتان هێنا، مۆرکران بە ڕۆحی پیرۆزی بەڵێن پێدراو، [14]ئەو ڕۆحە وەك پێشەکییەك وایە بۆ میراتەکەمان، تا کڕینەوەی ئەوانەی هی خودان، بۆ ستایشی شکۆمەندی ئەو بێ.

نوێژ بۆ ڕۆحی دانایی

[15]لەبەرئەوە منیش لەو کاتەی هەواڵی باوەڕتانم بەعیسای خوداوەند بیستووە، هەروەها خۆشەویستیتان بەرامبەر هەموو خوشك‌و برا پیرۆزەکان، [16]ناوەستم لەسوپاس‌کردنی خودا لەپێناوتان، یادتان دەکەم لە نوێژەکانم، [17]تا باوکی شکۆدار، خودای عیسای مەسیحی خوداوەندمان، ڕۆحی دانایی‌و ڕاگەیاندنتان لەزانینی خۆی پێببەخشێ. [18]ئەو میشکتان ڕووناك دەکاتەوە هەتا بزانن چییە ئەو هیوایەی ئێوەی بۆ بانگ‌کراوە، هەروەها بزانن میراتەکەی چەند شکۆدارو دەوڵەمەندە بۆ خوشك‌و برا پیرۆزەکان، [19]هەروەها چ هێزێکی مەزنی بێسنووری لەئێمە دایە کە باوەڕدارین، بەپێی کاری توانا مەزنەکەی، [20]ئەوەی تەواو بوو لەمەسیحداو بەهۆیەوە مەسیحی لەنێو مردووان هەستاندەوە، لەلای ڕاستی خۆیەوە لەئاسمان داینا، [21]لەسەروی هەموو فەرمانڕەوایان‌و سەرۆك‌و

پێشەواو دەسەڵاتدارانو هەموو ئەوانەی ناویان هەیە داینا، نەك تەنها لەم زەمانە، بەڵكو لەزەمانی داهاتووش. [22]هەروەها هەموو شتێكی لەژێر پێیەكانی داناوە، كردوویەتی بەسەری هەموو شتێك بۆ كۆمەڵی باوەڕداران، [23]كە لەشی مەسیحەو تەواویەتی، ئەوەی هەموو شتێك تەواو دەكات لەهەموو شتێك.

زیندووبوونەوە لەگەڵ مەسیح 2

ئێوە لە ڕابوردوودا مردوو بوون لای خودا بەهۆی گوناەو هەڵەكانتان، [2] ئەوەی لەسەری دەڕۆیشتن، دوای ڕێبازی ئەم جیهانە كەوتبوون، دوای سەرۆكی هێزی هەوا كەوتبوون، كە ئەو ڕۆحەیە ئێستا لەڕۆڵەكانی یاخیبوون كار دەكات. [3]ئێمەش لەكۆندا هەموو لەوانە بووین، بەپێی ئارەزووی لەش دەژیاین، شوێنی لەشو میشك كەوتبووین، بە سروشت ڕۆڵەی تووڕەیی بووین وەكو هەموو خەڵكانیتر. [4]بەڵام خودا كە دەوڵەمەندە لەبەزەیی، لەبەر ئەو خۆشەویستیە مەزنەی بۆ ئێمەی دەربڕیوە، [5]زیندووی كردینەوە لەگەڵ مەسیح، دوای ئەوەی مردووبووین بەهۆی گوناهەكانمان، خودا ڕزگاری كردین بە بەرەكەتی خۆی. [6]چونكە ئێمە سەر بەعیسای مەسیحین، خودا لەگەڵ ئەودا هەڵیسااندین لەئاسمان دایناین. [7]تا لەسەردەمی داهاتوو دەوڵەمەندی بەرەكەتی بێسنووری خۆی، بەنیانی لەگەڵمان لەعیسای مەسیح دەربكەوێ. [8]خودا بە بەرەكەت بەهۆی باوەڕتان ڕزگاری كردن، ئەمەش لەئەنجامی هەوڵدانی خۆتان نەبوو، بەڵكو دیاری خودا بوو، [9]هەروەها بەهۆی كردار نەبوو، تا یەكێك بتوانێ شانازی پێوە بكات. [10]ئێمە كرداری خوداین، ئەو دروستی كردین لەعیسای مەسیح بۆ كاری چاكە، ئەوەی خودا لەپێشا ئامادەی كردووە بۆمان تا لەسەری بڕۆین.

مەسیح ئاشتی ئێمەیە

[11]لەبەر ئەوە بەبیرتان بێتەوە ئێوەی لە پێشا بەلەش جوولەكە نەبوون، پێتان دەوترا خەتەنە نەكراو لەلایەن ئەوانەی لەشیان بەدەست خەتەنە كراوە، [12]ئەو كاتە بێ مەسیح

بوون، دوور بوون لەکۆمەڵی گەلی ئیسرائیل، هەروەها بێگانە بوون سەبارەت بە پەیمانەکانی بەڵێن، هیچ هیوایەکتان نەبوو، بێ خودا بوون لەم جیهانە. [13]بەڵام لەعیسای مەسیح هەرچەندە دوور بوون ئێستا نزیك بوونەوە بەهۆی خوێنی مەسیح.

[14]مەسیح ئاشتی ئێمەیە، جوولەکەو ناجوولەکەی کرد بەیەك، دیواری دوژمنایەتی ڕووخاند کە لەیەکتر جیای دەکردنەوە، [15] بەپووچەڵکردنەوەی شەریعەتی ڕاسپاردەکانو ئەرکە ئاینیەکان لەلەشی خۆی، تا لەهەردووکیان لەخۆیدا مرۆڤێکی تازە دروست بکات‌و ئاشتی بنێتەوە، [16]بەمە هەر دووکیانی لەگەڵ خودا ئاشت‌کردەوە، بە خاچەکەی کۆتایی بە دوژمنایەتی نێوانیان هێناو کردنی بەیەك لەش. [17]مەسیح هات‌و مزگێنی ئاشتی بۆتان هێنا، کە دوورن، هەروەها بۆ ئەوانەی نزیکن. [18] چونکە ئێمە هەردوو لامان ﴿جوولەکەو ناجوولەکە﴾ بەهۆی مەسیح لەیەك ڕۆح دەچینە لای باوك.

[19]ئیتر ئێوە لەمەولا نامۆ و بێگانە نین، بەڵکو ئێستا هاوولاتین لەگەڵ خوشك‌و برا پیرۆزەکان، سەر بەبنەماڵەی خودان. [20] دروست‌کراون لەسەر بناغەی نێرراوان‌و پێغەمبەران، عیسای مەسیح خۆی بەردی بناغەکەیەتی. [21]ئەوەی بە هۆیەوە هەموو خانووەکە بەیەکەوە ڕادەگرێ‌و تەواوی دەکات، تا ببێ بە پەرستگایەکی پیرۆز لەخوداوەند. [22] بەهۆی ئەوەوە ئێوەش بەشێکن لەو خانووەی خودا تیایدا نیشتەجێ دەبێ لەڕۆح.

پەیامی پۆڵس بۆ ناجوولەکە

3 من کە پۆڵسم لەپێناوی ئێوەی ناجوولەکە ئێستا بەندێکی عیسای مەسیحم...

[2]بێگومان بەو ئەرکەتان بیستووە کە خودا داویەتی پێم، ئەویش بەڕێوەبردنی بەرەکەتی خودایە بۆ ئێوە، [3]ئەوەش بەهۆی ڕاگەیاندنەوە نهێنی بۆ من ئاشکرا کرد، هەروەك بەکورتی بۆم نووسیون. [4]گەر ئێوە نامەکەم بخوێنەوە، هەست دەکەن خودا چ شارەزاییەکی داوە پێم لەنهێنی مەسیح. [5]ئەو نهێنییەی بۆ

هیچ مرۆڤێك ئاشكرا نەكراوە لەنەوەكانیتر، ئەوەی ئێستا خودا بۆ نێرراوە پیرۆزەكانو ئەوانەی بەووشەكانی ئەو دەدوێن بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە ئاشكرای كردووە.
[6]ئەم نهێنیەش ئەوەیە كە ناجوولەكە بەشداری جوولەكە دەكەن لەمیراتو لەلەش، هەروەها لەبەدەست هێنانی بەڵێن كە لەعیسای مەسیحە بەهۆی مزگێنی.
[7]ئەوەی خودا كردمی بە خزمەتكار بۆی، بەو بەرەكەتەی پێی بەخشیووم بەهۆی كرداری هێزی خۆی. [8]بۆ من كە بچووكترم لەهەموو برا پیرۆزەكان، ئەم بەرەكەتەی پێیّ بەخشیووم، تا مزگێنی دەوڵەمەندی بێ سنووری مەسیح بدەم بە ناجوولەكەكان، [9]تا ڕوونی بكەمەوە بۆ هەمووان، ئەوەی خودای دروستكەری هەموو شتێك، چەند نەوەیە بە نهێنی هێشتویەتیەوە.
[10]بۆ ئەوەی ئێستا بەهۆی كۆمەڵی باوەڕداران دانایی هەمە جۆرەی خودا ئاشكرابێ بۆ سەرۆكەكانو فەرمانڕەوایان لەئاسمان. [11]ئەمەش بەپێی خواستی هەتاهەتایی بوو كە بەهۆی عیسای مەسیحی خوداوەندمانەوە هێنایەدی.
[12]ئەوەی لە ئەوەوە دەتوانین بێترس و دلنیا لە خودا نزیكبینەوە، بەهۆی باوەڕمان پێی. [13]بۆیە داواتان لێدەكەم نائومێد مەبن بەو ناخۆشیانەی لەپێناوی ئێوە دەیچێژم، چونكە شكۆمەندیە بۆ ئێوە.
[14]لەبەرئەوە چۆك دادەدەم بۆ خودای باوك، [15]ئەوەی لە ئەودا هەموو باوكایەتیەك لەئاسمانو لەزەویدا ناونراوە. [16]لێی دەپاڕێمەوە بەپێی دەوڵەمەندی شكۆمەندی خۆی هێزتان پێ ببەخشێ بەهۆی ڕۆحی خۆی لەناخی مرۆڤ، [17]تا مەسیح بە باوەڕ لەدڵتان نیشتەجێ بێ، ڕەگو بناغەتان لەسەر خۆشەویستی دامەزرێ، [18]هەروەها هێزتان هەبێ بۆ تێگەیشتن لەگەڵ هەموو خوشكو برا پیرۆزەكان سەبارەت بە درێژیو پانیو قوواڵیو بەرزی خۆشەویستی مەسیح، [19]ئەوسا ئەو خۆشەویستیە دەناسن كە لە سەرووی هەموو زانستێكە، بۆ ئەوەی پڕ بن لەهەموو پڕی خودا.
[20]بۆ خودای توانادار بەپێی ئەو هێزەی تیاماندایە كار دەكات، زۆر زیاتر لەوەی داوای دەكەین یاخود

خەڵکی بەدیلگرت،
دیاری بەخەڵکی بەخشی.{
[9]کە دەووتریّ (بەرزبووەوە) تەنها
مانـای ئەوەیـە، هەر ئەویش بوو هاتە
خـوارەوە بۆ نزمترین شوێنی زەوی.
[10]ئەوەی هاتە خوارەوە بۆ سەر زەوی
هـەر ئەویش بوو بەرزبووەوە بۆ سەر
هەموو ئاسمانەکان، تا هەموو شتێك پڕ
بکاتـەوە. [11]بەهەندێکی بەخشیوە بەن
بـە نێرراو، هەندێك بە ووشەی خودا
بدوێـن، هەندێك بەن بە مزگێنیدەرو
هەندێکی تر بەن بە شوانو مامۆستا،
[12]بـۆ ئامادەکـردنی خوشـكو بـرا
پیرۆزەکـان بـۆ کـاری خزمەتکـردن
لەپێـناوی بنیادنانی لەشی مەسیح، [13]
هـەتا هـەموومان بگـەین بـە یەکێـتی
بـاوەڕو ناسـینی ڕۆڵـەی خودا، ببین
بەمرۆڤـێکی پێگەیشـتوو، بگـەین بـە
ئاستی تەواوی بالأی مەسیح.
[14]ئەمـەش بـۆ ئـەوەی ئـیتر وەك
مـندالّ نەمێنینـەوە، شـەپۆلّ بمانهێنێو
بمانـبات، هـەروەها هـەر بایـەکی
فـێرکردنەکان هەلّـبکات لەگـەلّ
خۆیمـان بـبات، بەسـاختەی مـرۆڤ
بەلێزانینـیان لەفێلّـبازی کـە بـەرەو
تاریکـیمان دەبات. [15]بەلّکو لەجیاتی
ئەمـە ڕاسـتگۆ بـن لەخۆشەویسـتی،

بـیری لـێدەکەیـنەوە، [21]بـۆ ئـەوە
شـکۆمەندی لەکۆمەلّی باوەڕداران و
لەعیسـای مەسیح بۆ هەموو نەوەکان
تاهەتایە. ئامین.

یەك لەشو یەك ڕۆح
4

مـنی بەندکـراو لەپێناوی خوداوەند،
داوتـان لێدەکـەم بەشـێوەیەك بژیـن
شـایانی ئـەم بانگەوازە بێ کە ئێوەی
پێ بانگکراوە. [2]بە هەموو ساکاری و
نـەرمونـیانی و ئـارام گرتـنەوە، بـە
خۆشەویستی لەیەکتری قبوڵ بکەن.
[3]بەپـەرۆش بـن بـۆ پاراسـتنی یەکێتی
ڕۆح بـەو ئاشـتییەی بەیەکـەوە دەتان
بەسـتێتەوە. [4]چـونکە یەك لەشو یەك
ڕۆحـتان هەیـەو لەیـەك هـیوادا ئێوە
بـانگ کراون، [5]یەك خوداوەندو یەك
باوەڕو یەك لەئاوهەلّکێشانمان هەیە.
[6]یـەك خـودا بـاوکی هەمووانـە،
لـەسـەرووی هەمووانـە، بـەهۆی
هەمووانەوەیەو لەناو هەمووانداید.
[7]بـەلاّم هـەر یەکەمان بەشی هەیە
لـە بەرەکـەتی خـودا، بەپێی پێوانەی
بەرەکـەتی مەسـیح، [8]لـەم بارەیـەوە
کتێبی پیرۆز دەلّێ:
}کاتێ ئەو بەرزبووەوە بۆ ئاسمان،

گەشە بکەن لەهەموو شتێك بەهۆی ئەو، ئەوەی سەرە، واتە مەسیح. [16] بەهۆی ئەو هەموو ئەندامەکانی لەش تێك هەڵکێشراوەو بەیەکەوە بەستراوەتەوە بەجومگەکان، بەگوێرەی پێوانەی کارکردنی هەر ئەندامێك، بەمە لەش گەشە دەکات‌و خۆی بنیاد دەنێ لەخۆشەویستی.

ژیانی نوێ لەمەسیح

[17] من ئەمەتان پێ دەڵێم، بەناوی خوداوەندەوە شایەتی دەدەم، ئێوە پێویستە ئیتر لەمەولا وەك گەلانی بێ باوەڕ نەژین، ئەوانە بیریان هیچ‌و پووچە، [18] مێشکیان تاریکەو دوورن لەژیانی خودا بەهۆی ئەو نەزانیەی تیایانداید‌و بەهۆی دڵڕەقیان. [19] هەستیان نەماوەو خۆیان داوەتە دەست بەڕەڵاڵیی، چاوچنۆکن بۆ کردنی هەموو جۆرە کردارێکی گلاۆ.

[20] بەڵام ئێوە بەم شێوەیە مەسیح فێرنەبوون. [21] گەر گوێتان لێ گرتووەو ئەو شتانەی لێفێربوون هەروەك ڕاستە لەعیسا، [22] بۆ داکەندنی مرۆڤە کۆنەکە کە بەگوێرەی ڕەفتاری پێشووتانە، گەندەڵە بەهۆی ئارەزووە ساختەکانی، [23] هەروەها بەهۆی ڕۆحی پیرۆز مێشکتان تازە بکەنەوەو [24] مرۆڤی نوێ لەبەر بکەن کە لەشێوەی خودا دروستکراوە لەڕاست‌ودروستی‌و پاك‌وپیرۆزی ڕاستەقینە.

[25] لەبەرئەوە واز لەدرۆ بهێنن، {با هەر یەکە ڕاستگۆ بێ لەگەڵ نزیکەکەی}، چونکە ئێمە ئەندامین بۆ یەکتری. [26] {تووڕەبن بەڵام گوناه مەکەن}، بە تووڕەیی مەمێنەوە تا ڕۆژئاوا دەبێ، [27] دەرفەت بە شەیتان مەدەن. [28] ئەوەی جاران دز بووە، بائیتر لەمەولا دزی نەکا، بەڵکو لەجیاتی ئەوە بەدەستی کارێکی پاك بکات، تا بەوەی هەیەتی یارمەتی ئەوانە بدات کە پێویستیان بە یارمەتییە.

[29] با ووشەی خراپ لە دەمتان نەیەتە دەرەوە، بەڵکو باش بێت بۆ بنیادنان‌و بەگوێرەی پێویست بێ، تا بەرەکەت بدات بەوانەی دەیبیستن.

[30] خەفەت بەڕۆحی پیرۆزی خودا مەدەن، ئەوەی پێی مۆرکران بۆ ڕۆژی ڕزگاری. [31] خۆتان دووربخەنەوە لەتاڵی، ڕقوکینە،

تووڕەیی، هاوارکردن بەسەر یەکتری، بوختانو هەموو دڵڕەشیەك.
[32]زمان شیرین بن لەگەڵ یەکتری، بەبەزەیی بن، لە یەکتری خۆش بن هەروەك چۆن خودا بەهۆی مەسیح لەئێوە خۆش بووە.

وەکو ڕۆڵەی ڕووناکی بژین

5 کەواتە لاسایی خودا بکەنەوە، وەك ڕۆڵەی خۆشەویستی، [2]بە خۆشەویستی هەڵسوکەوت بکەن، وەك مەسیح چۆن ئێمەی خۆشویستو لەپێناوی ئێمە خۆی کرد بەقوربانی، ئەو قوربانییەی لای خودا بۆنخۆشو پەسەندکراوە.
[3]بەڵام داوێن‌پیسی و گڵاوی‌و چاوچنۆکی لەخوشك‌و برا پیرۆزەکان ناوەشێتەوە، ئێوەش لەنێوانتان با ئەو شتانە ناویشی نەبێ.
[4]هەروەها قسەی ناشیرین‌و سووك‌و هیچ‌وپووچ شایانی ئێوە نییە، بەڵکو باشترە بۆتان دەم بەسوپاس بن، [5]بێگومان بن لەوەی هەموو داوێن‌پیس‌و گڵاو و چاوبرسییەك بت‌پەرستە، میراتی نییە لەپادشاهێتی مەسیح‌و خودا. [6]باکەس بەووشەی هیچ‌وپووچ هەڵتانەنەخەڵەتێنێ، چونکە بەهۆی ئەو شتانە تووڕەیی خودا بەسەر ڕۆڵەکانی یاخی‌بوون دێت. [7]لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بەشداری هیچ شتێك مەکەن.
[8]جاران ئێوەش تاریکی بوون، بەڵام ئێستا ڕووناکین لەخوداوەند، کەواتە وەك ڕۆڵەی ڕووناکی هەڵسوکەوت بکەن– [9]چونکە بەروبوومی ڕووناکی لەهەموو باشەو دروستی‌و ڕاستیەك دایە – [10]هەوڵ بدەن ڕەزامەندی خودا بدۆزنەوە. [11]بەشداری کاری هیچ‌و پووچی تاریکی مەکەن، بەڵکو ئاشکرای بکەن. [12]ئەو کارانەی ئەوان بە نهێنی دەیکەن، تەنانەت ناوهێنانی شەرمەزاریە. [13]بەڵام هەموو شتێك کە ئاشکرا کرا بەڕووناکی دەبینرێ، [14]چونکە هەر شتێك کە بینرا ئەوە ڕووناکییە. بۆیە ووتویەتی:

(ئەی نووستو خەبەرت بێتەوە،
لەنێو مردووان هەستەوە،
تامەسیح بەسەرت
بدرەوشێتەوە.)

[15]کەواتە بەوردی ئاگاتان لەهەڵسوکەوتی خۆتان بێ، نەك وەك

خەڵکی نەفام، بەڵکو وەك مرۆڤی دانا. [16]هیچ کاتێك بەفیڕۆ مەدەن، چونکە زەمانە بەدکارە. [17]لەبەر ئەوە نەفام مەبن، بەڵکو تێبگەن خواستی خوداوەند چییە. [18]خۆتان بەمەی سەرخۆش مەکەن، چونکە بەرەڵڵایی تیادایە، بەڵکو خۆتان بەڕۆحی پیرۆز پڕ بکەن، [19]لەگەڵ یەکتری بەزەبوورو سروودو گۆرانی ڕۆحی بدوێن، بەهەموو دڵتان گۆرانیو ستران بۆ خوداوەند بڵێن، [20]هەموو کاتێ سوپاسی خودای باوك بکەن بۆ هەموو شتێك بەناوی عیسای مەسیحی خوداوەند، [21]ملکەچی یەکتری بن بەترسی عیسای مەسیح.

ژنو میێردەکان

[22]ئەی ئافرەتان ملکەچی میێردەکانتان بن هەروەك بۆ خوداوەند، [23]چۆن مەسیح سەری کۆمەڵەی باوەڕدارانە کە لەشی خۆیەتیو خۆی ڕزگارکەریەتی، ئاوا پیاو سەری ژنە. [24]جا چۆن کۆمەڵی باوەڕداران ملکەچ دەبێ بۆ مەسیح، هەروەها با ژنانیش ملکەچ بن بۆ میێردەکانیان لەهەموو شتێك.

[25]ئێوەش ئەی پیاوان، ژنەکانتان خۆشبوێ هەروەك مەسیح چۆن کۆمەڵەی باوەڕدارانی خۆشویستو خۆی کرد بە قوربانی لەپێناوی. [26]تا پیرۆزی بکاتو پاکیبکاتەوە بەشووشتن بەئاو و بەووشە، [27]تا کۆمەڵێکی شکۆدار بۆ خۆی ئامادە بکات، بێ لەکەو لۆچو هەر شتێکی وەك ئەوانە بێ، پاك و پیرۆزو بێ کەموکوڕی بێ. [28]پێویستە لەسەر پیاوان ژنی خۆیان خۆشبوێ، وەك لەشی خۆیان خۆشدەوێ، ئەوەی ژنەکەی خۆشبوێ خۆی خۆشدەوێ. [29]هەرگیز هیچ کەسێك ڕقی لە لەشی خۆی نابێتەوە، بەڵکو خۆراکی دەداتێو بایەخی پێدەدات، بە هەمان شێوە مەسیح بایەخ بەکۆمەڵی باوەڕداران دەدات. [30] چونکە ئێمە ئەندامی لەشی ئەوین، [31] {لەبەرئەوە پیاو دایك و باوکی خۆی بەجێدەهێڵێو لەگەڵ ژنەکەی یەکدەگرێ، ئەوسا هەر دووکیان دەبن بەیەك لەش.} [32]ئەمە نهێنیەکی گەورەیە، ئەمە دەڵێم سەبارەت بەپەیوەندی مەسیح بەکۆمەڵی باوەڕداران. [33]لەبەرئەوە با هەر یەك لەئێوە ژنەکەی وەك خۆی خۆشبوێ، ژنیش دەبێ ڕێزی

مێردەکەی بگرێ.

دایك‌و باوك‌و منداڵ

6

ئەی منداڵان گوێرایەڵی دایك‌و باوکتان بن لەخوداوەند، چونکە ئەمە ڕاستە. [2]{ڕێزی دایك‌و باوکتان بگرن}، ﴿ئەمە یەکەم ڕاسپاردەیە بە بەڵێنەوەیە﴾، [3]{تاوەکو چاکە بێتە ڕێگات‌و تەمەنت درێژ بێت لەسەر ئەم زەویە.}

[4]ئێوەش ئەی باوکان، ڕقی منداڵەکانتان هەڵمەستێنن، بەڵکو بەخێریان بکەن بەپێی ڕاسپاردەو تەمێکردنی خوداوەند.

کۆیلەو گەورەکانیان

[5]ئەی کۆیلەکان، گوێرایەڵی گەورەکانتان بن لەسەر ئەم زەویە بەترس‌و لەرزو دڵسۆزییەوە، هەروەك بۆ مەسیح بێت. [6]خزمەت مەکەن لەبەرچاو تا خەڵکی لێتان ڕازی بێ، بەڵکو بەهەمو دڵتانەوە وەك کۆیلەیەکی مەسیح بەخواستی خودا کار بکەن. [7]باخزمەتکردنتان بەدڵسۆزی بێ وەك بۆ خوداوەندی بکەن نەك بۆ خەڵکی. [8]بزانن خوداوەند پاداشتی هەموو کەسێك دەداتەوە، کۆیلە بێت یاخود ئازاد بەپێی کرداری چاکی.

[9]ئێوەش ئەی گەورەکان، بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ کۆیلەکانتان، لەهەڕەشەکردن دووربکەون، بزانن گەورەی ئەوانو ئێوە لەئاسمانە، ئەویش لایەنگیری کەس ناکات.

چەکی تەواوی خودا

[10]لە کۆتایدا بەهێزبن لە خوداوەندو لە هێزە مەزنەکەی. [11] خۆتان چەکدار بکەن بەچەکی تەواوی خودا، تا بتوانن بەرامبەر پلانەکانی شەیتان خۆتان ڕاگرن. [12] چونکە زۆرانبازی ئێمە لەگەڵ گۆشت‌و خوێن نیە، بەڵکو دژی سەرۆکەکان‌و دەسەڵاتدارانی ڕۆحە بەدکارەکانە، هەروەها دژی فەرمانڕەوایانی تاریکی ئەم سەردەمەی

❖ **سەپەر**: بە عەرەبی (درع)، پۆشاکێکە لەمیتاڵ دروست دەکرێ، جەنگاوەران بۆ خۆپاراستن لەکاتی شەردا لەبەری‌دەکەن.

جیهانه، دژی سەربازه ڕۆحیەکانی شەیتانە لەئاسمان. [13]لەبەر ئەوە خۆتان چەکدار بکەن بە چەکی تەواوی خودا، هەتا لەڕۆژی بەدکار، بتوانن دژی بوەستن، هەروەها دوای تەواو بوونی هەموو شتێك، بچەسپێن. [14] بۆیە چەسپاوبن. با ڕاستی پشتێن بێت بەناو قەدتان، سپەری❖ راستودروستی به سنگتانەوە بێت، [15]هەروەها ئامادەبوونتان بۆ بلاوکردنەوەی مزگێنی ئاشتی پێلاو بێت لەپێتان، [16]لەسەرووی هەموو ئەوانە، قەلغانی باوەڕ هەلگرن، بەهۆیەوە هەموو تیرە گڕدارەکانی شەیتان دەکوژێنەوە. [17]هەروەها کلاوی ئاسنینی ڕزگاری لەسەرتان بکەن، شمشێری ڕۆح هەلگرن که ووشەی خودایە. [18]هەموو کاتێك لەنوێژکردن بن بەڕۆح، بۆ هەموو نوێژکردنو پاڕانەوەیەك شەواره بگرنو هەر بەردەوامبن لەسەر پاڕانەوەکەتان لەخودا لەپێناوی خوشكو برا پیرۆزەکان.

[19]هەروەها بۆ منیش تاخودا ووشەی گونجاوم بداتێ کاتی دەمم دەکەمەوە، تابتوانم بێترس نهێنی مزگێنی ڕابگەیەنم، [20]ئەوەی لەپێناوی‌دا بالێوزم لەناو کۆت‌و زنجیر، هەتا بەچاونەترسی ئاشکرای بکەم، بەو شێوەیەی پێویستە لەسەرم بدوێم.

سلاوی کۆتایی

[21]جا تا ئێوەش بزانن هەوالّم چییەو خەریکی چیم، تیخیکۆس، برای خۆشەویستمو خزمەتکاری سەرڕاست لە خوداوەند، هەموو شتێکتان پێ ڕادەگەینێ. [22]بەتایبەتی ئەو دەنێرم بۆ لاتان تا هەوالّی ئێمەتان بداتێ‌و ووڕەتان بەرزبکاتەوە.

[23]با ئاشتی بۆ برایان بێت لەگەڵ خۆشەویستی بەباوەڕ لەخودای باوك‌و عیسای مەسیحی خوداوەند.

[24]بەڕەکەت لەگەڵ هەموو ئەوانە بێت، کە عیسای مەسیحی خوداوەندیان خۆشدەوێت بەخۆشەویستیەکی نەفەوتاو.

نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی فیلیپی

فیلیپی یەکێك بوو لەشارەکانی ولایەتی مەکەدۆنییەی ڕۆمانی. یەکەم کۆمەڵەی باوەڕداران لەئەوروپا لەم شارە دامەزرا لەسەر دەستی پۆڵس.

ئەم نامەیەش لەکاتێکدا نووسرا کە پۆڵس زیندانی بوو لەڕۆما. تیایدا باسی یەکبوون لەمەسیحو ئەو خۆشییەی لەخوداوەند هەیە دەکات. ڕێگای باوەڕ بەمەسیح وەك ڕێگای شادیو بەختەوەری دەردەخات لەژێر هەر بارودۆخێك بێ، چونکە مەسیح بەتەنیا بەسە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر بارودۆخێك. سرووتی باوەڕی سەرکەوتوو و خۆشی پیرۆزە، پۆڵسی زیندانکراو لەپێناوی خوداوەند لەم نامەیە دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو مەسیحی هەیەو مەسیحیش هەموو شتێکە لەلای ئەو. هەروەها هەوڵدەدا بەو ئەنجامە شکۆدارە بگات کە کۆتایی هەموو ئامانجەکانە، لەو کاتەشدا پاداشتی خۆی بەدەستدەهێنێ.

1

لەپۆڵسو تیمۆساوسی کۆیلەکانی عیسای مەسیح، بۆ هەموو خوشكو بڕایانی پیرۆز لەعیسای مەسیح لەشاری فیلیپی، هەروەها بۆ چاودێرانو خزمەتکارانیش. [2]با بەرەکەتو ئاشتی خودای باوکمانو عیسای مەسیحی خوداوەندتان لەگەڵ بێ.

سوپاسی خوداو پاڕانەوە

[3]سوپاسی خودا دەکەم هەرکاتێك یادتان بکەم، [4]هەموو کاتێك بەخۆشیەوە بۆ هەموتان دەپاڕێمەوە لای خودا، [5]چونکە ئێوە لەیەکەم ڕۆژەوە تا ئێستا بەشداریتان کردووە لەمزگێنی. [6]هەروەها دڵنیام ئەو ئیشە چاکەی خودا لەئێوە دەستی پێکردووە، بەردەوام دەبێت لەتەواوکردنی هەتا ڕۆژی عیسای مەسیح.

[7]ئەوەش مافی خۆمە گەر واهەست بکەم سەبارەت بە هەموتان، چونکە ئێوەم لەدڵی خۆم پاراستووە، هەموتان لەگەڵم بەشداری دەکەن لەبەرەکەت، گەر ئێستا بێت بەم کۆتو زنجیرە لەبەندیخانەدا، یاخود کاتێك بەرگری

لەمزگێنی دەکەمو دەیچەسپێنم. [8]
خودا دەزانێت تا چ ڕادەیەك دڵم
ئارەزووی هەموتان دەکات
بەهەستو سۆزی عیسای مەسیح.
[9]لەخودا دەپاڕێمەوە
خۆشەویستیتان زیاترو زیاتر بکات بۆ
زانینو تێگەیشتنی تەواو، [10]تا ئەوەی
باشە هەڵێبژێرن، هەروەها پاك بێ
کەمو کووڕی بن بۆ ڕۆژی مەسیح.
[11]ژیانتان پڕبێت لەبەروبوومی
ڕاستودروستی، ئەوەی عیسای
مەسیح دەیهێنێتە بەرهەم، بۆ شکۆو
ستایشی خودا.

لەلای من، ژیان مەسیحە

[12]ئەی برایان، ئێستا دەمەوێ
بزانن ئەوەی بەسەرم هات بەڕاستی
مزگێنی بەرەو پێش برد، [13]تەنانەت
هەموو پاسەوانانی ئیمپراتۆرو هەموو
خەڵکی ئێرە، دەزانن من لەپێناوی
مەسیحدا بەندکراوم، [14]هەروەها
بەندکردنو کۆتو زنجیری من
وای‌کرد زۆربەی خوشك‌و برایان
پشت بەخوداوەند ببەستنو زۆر زیاتر
بە چاونەترسی سەبارەت بەووشەی
خودا بدوێن.
[15]بێگومان هەندێکیان مزگێنی
مەسیح دەدەن تەنها لەبەر ناحەزی‌و
ڕقەبەرایەتی، بەڵام هەندێکی‌تریان
بەخواستێکی باش مزگێنی دەدەن. [16]
هەروەها ئەوانەی خۆشەویستی پاڵپان
پێوە دەنێت مەسیح ڕابگەێنن، دەزانن
من خراومەتە بەندیخانەوە بەهۆی
بەرگریم لەمزگێنی. [17]ئەوانەی
ناحەزی پاڵیان پێوە دەنێت باسی
عیسا بکەن، بەبێ دڵسۆزی دەیکەن،
چونکە لەو باوەڕەدان بەمە
ناخۆشییەکی تر دەخەنە پاڵ ئەم
کۆتو زنجیرە. [18]ئیتر چی؟ گرنگ
ئەوەیە باسی مزگێنی مەسیح دەکرێ
ئیتر بە هەر شێوەیەك بێت بۆ
خۆدەرخستن بێت یاخود بە
دڵسۆزی بێت، بەمەش من دڵشادم.
بەڵێ پێویستە من دڵشاد بم، [19]
چونکە من دەزانم بەهۆی
نوێژەکانتانو بەیارمەتی ڕۆحی
عیسای مەسیح ئەوەی بەسەرم هات
دەبێتە هۆی ڕزگار بوونم. [20]پەرۆشی
چاوەڕوانمو ئومێدم ئەوەیە، شەرمەزار
نەبم، بەڵکو بەوورەیەکی بەرزەوە
ئێستا وەك هەموو کاتێك مەسیح
لەلەشمدا ڕێزداربێ، گەر ئەمە بە
مردوویی بێت یاخود زیندوویی. [21]
چونکە لەلای من، ژیان مەسیحە،

مردنیش قازانجە. 22بەڵام گەر ژیان لەلەش بێ، مانای ئەوەیە بەرووبوومی کرداری‌کانە بۆ من، لەگەڵ ئەوەشدا نازانم کامیان هەڵبژێرم! 23چونکە سەرسام ماوم لە نێوان ئەم دوو بڕیارەدا، حەز دەکەم ئەم ژیانە بەجێ بهێڵم تا بچمە لای مەسیح، ئەمەش باشترە، 24بەڵام مانەوەم لە لەش پێویستترە بۆتان، 25دڵنیام لەمە بۆیە دەزانم دەبێ لەناوتان بمێنمەوە لەگەڵ هەموتان بەردەوام بم، لەپێناوی دڵخۆشی و پێشکەوتنتان لەباوەڕ، 26تا جارێکی تر هاتم بۆ لاتان، بەهۆی من شانازیتان زیاد بکات بەعیسای مەسیح.

27ئەوەی گرنگە ئەوەیە ژیوە بە شێوەیەك بژیں شایستەی مزگێنی مەسیح بێ، تا کاتێ هاتمو ئیوەم بینی یاخود لەناوتان نەبووم، هەواڵتان ببیستمو بزانم ئێوە لەیەك ڕۆح چەسپاون‌و بەیەك میشك تێدەکۆشن لەپێناوی باوەڕی مزگێنی، 28بێ ئەوەی بترسن لەوانەی بەربەرەکانیتان دەکەن. چونکە ئەوە نیشانەی لەناوچوونە بۆیان‌و ڕزگاریە بۆ ئیوە، ئەمەش لەخوداوەیە. 29خودا لەبەر مەسیح تەنها باوەڕهێنان بە ئەوی پێنەبەخشیون، بەڵکو چەشتنی ئازاریش لەپێناوی ئەو. 30جا کۆشش بکەن بۆ هەمان ململانێ کە لەپێشا بینیووتانە، ئەوەی ئێستاش دەیبیستن لەمن.

نموونەی ڕۆح سووکی عیسا

2 گەر هاندانێك هەبێت لەمەسیحدا، یاخود بزوێنەرێك هەبێ لەخۆشەویستی، یابەشداری کردنێك هەبێ لەڕۆح، یاهەست‌و سۆزو خۆشەویستی، 2کەواتە خۆشیەکەم تەواوکەن بەوەی یەك بیروڕاو خۆشەویستیتان هەبێ، یەك دڵو یەك مەبەستتان هەبێ. 3هیچ شتێك بە مەبەستی خۆپەرستی‌و خۆهەڵکێشان مەکەن، بەڵکو ڕۆح سووك بن بە شێوەیەك خەڵکی کە بە باشتر بزانن لەخۆتان. 4تەنها بایەخ بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆتان مەدەن، بەڵکو بایەخ بە بەرژەوەندی خەڵکی تریش بدەن.

5ئەم بیروڕایەتان تیادا بێ، ئەوەی لە عیسای مەسیح دایە:

6ئەوەی لەشێوەی خودا بوو،
نەیویست یەکسانیەکەی لەگەڵ خودا

بکات بەدەسکەوتێك بۆ خۆی،
[7]بەڵکو خۆی کردە هیچ و
شێوەی کۆیلەی وەرگرت،
وەکو مرۆڤی لێهات،
[8]هەروەها لەگەڵ ئەوەی ئەو
لەشێوەی
مرۆڤ بینرا،
خۆی نزم کردەوەو
ملکەچ بوو تا مردن،
مردن لەسەر خاچ.
[9]بۆیە خودا بەرزی‌کردەوەو
ناوێکی دایە کە لەسەرووی هەموو
ناوێکە،
[10]تاکو بۆ ناوی ئەو هەموان چۆك
دابدەن،
لە ئاسمانو سەر زەوی‌و ژێر زەویش،
[11]هەروەها تا هەموو زمانێك دان
بنێت کە عیسای مەسیح
خوداوەندە،
بۆ شکۆمەندی خودای باوك.

رۆڵەکانی خودا بێ‌کەموکوڕین

[12]جا ئەی خۆشەویستانم، چۆن
گشت کات گوێرایەڵ بوون هەر
وابن، نەك هەر ئەم کاتەی لێرەم،
بەڵکو زیاتریش دوای من، بۆ
ڕزگاربوونتان بەترس‌و لەرزەوە کار
بکەن، [13]چونکە خودا خۆی لەئێوە
کار دەکات تا ئارەزووی
کارکردنتان پێ‌ببەخشێ بۆ
ڕەزامەندی خۆی.
[14]هەموو شتێك بکەن بێ
بۆڵەبۆڵۆ شەڕەقسە، [15]تا
بێ‌کەموکوڕی‌و پاك‌بن، ڕۆڵەکانی
خودا بێ لەکەن لەناو نەوەیەکی
خراپ‌و چەوت‌و خواردا، ئێوە
لەنێوان ئەواندا وەك ڕووناکی
جیهان دەدرەوشێنەوە. [16]دەست
بەووشەی ژیانەوە بگرن، تا لەڕۆژی
مەسیح شانازی بکەم بەوەی
بەخۆڕایی تێنەکۆشاوم‌و بێسوود
ماندوونەبووم. [17]گەر بمڕم‌و خوێنم
بەسەر قوربانی باوەڕتان بڕژێ، ئەوا
لەگەڵتان دڵشادو دڵخۆشم. [18]
کەواتە ئێوەش پێویستە لەگەڵم
دڵشادو دڵخۆش بن.

تیمۆساوس‌و ئەپفرۆدیتۆس

[19]هیوادارم لەعیسای خوداوەند
بتوانم بەم زووانە تیمۆساوس بنێرم بۆ
لاتان، تا هەواڵتان بزانم‌و پێی
دڵخۆش بم. [20]جگە لەو کەسی‌ترم
نییە وا بەدڵسۆزی بایەختان پێ‌بدات،
[21]چونکە هەموو ئەوانی‌تر بەدوای

کاروباری تایبەتی خۆیان دەگەڕێن، نەك هی عیسای مەسیح. [22]ئێوە لەشارەزایی تیمۆساوس ئاگادارن، وەك کوڕێك لەگەڵ باوکی لەگەڵم کاری‌کردووە لەمزگێنی. [23]ئەو دەنێرم بۆ لاتان، هەر کاتێك لێرە چارەنووسم دەربکەوێ. [24]دڵنیام لەخوداوەند کە خۆشم بەم نزیکانە دێم بۆ لاتان.

[25]بەڵام بەپێویستم زانی لەپێشا ئەپفرۆدیتۆس بنێرمەوە بۆ لاتان، کە برامەو لەگەڵم ئیشکەرو سەربازە، ئەوەی نێرراوی ئێوەیە بۆ جێبەجێ کردنی پێویستیەکانم. [26] ئەو بیری هەموتان دەکاتو دڵتەنگە چونکە هەواڵی نەساغی ئەوتان بیستووە. [27]بەراستی زۆر نەساغ بوو، هەتا خەریك بوو بمرێت، بەڵام خودا بەزەیی پیاهاتەوە، هەروەها بە منیش، تا خەفەت بەدوای خەفەتم بەسەرنەیەت. [28]بەمەش وای لێکردم خێرا بینێرمەوە بۆ لاتان، بۆ ئەوەی دڵشادبن کاتێك بینیتان، منیش خەفەتم کەمبێتەوە. [29]کەواتە بەدڵشادیەوە لەخوداوەند پێشوازی لێبکەن، هەروەها ئەوانەی وەك ئەون رێزیان لێبگرن. [30]چونکە لەپێناوی ئیشی مەسیح ژیانی خۆی خستە مەترسیەوەو خەریك بوو بمرێت، تا ئەو خزمەتە تەواو بکات ئەوەی ئێوە بۆ من دەیکەن.

بێتاوان بوون بەهۆی باوەڕ

3 لە کۆتایدا، ئەی برایان، دڵشادبن بەخوداوەند، لای من نووسینەوەی ئەم شتانە کارێکی گران نییە چونکە دڵنیایی ئێوەی تیایە.

[2]چاوبێرنە سەگەکان، چاوبێرنە بەدکاران، چاوبێرنە ئەوانەی لەش دەبڕنەوە. [3]ئێمەین خەتەنەکراوی ڕاستەقینە، چونکە خودا بەڕۆح دەپەرستینو شکۆمەندیمان لەعیسای مەسیحەوەیە، پشت بەلەش نابەستین، [4]هەرچەندە من هۆم هەیە تا پشت بە لەش ببەستم.

گەر یەکێك لەو باوەڕە بێت هۆی هەیە پشت بە لەش ببەستێ، یەکەمجار مافی منە ئەوە بکەم: [5] کاتێك تەمەنم هەشت ڕۆژ بووە خەتەنەکراوم، بە نەوە ئیسرائیلی بووم، لەتیرەی بینیامین، عیبرانی* کوڕی عیبرانی. هەروەها بەپێی شەریعەت فەریسی بووم، [6]لەبارەی

دڵگەرمی چەوسێنەری کۆمەڵەی باوەڕداران بووم، لەڕاستودروستی بەپێی شەریعەت بێکەموکوڕی بووم.

[7]بەڵام ئەم شتانەی من بە قازانجم دادەنا، ئێستا لەلای من زیانە لەپێناوی مەسیح. [8]بەڵکو لەمەش زیاتر، ئەو شتانە هەمووی زیانە لای من گەر بەراورد بکرێت لەگەڵ مەزنی بێسنووری ناسینی عیسای مەسیحی خوداوەندم، ئەوەی لەپێناویدا هەمووشتێکم لەکیس‌چوو، جا ئەم شتانە هەمووی بە زبڵ دادەنێم، بۆ ئەوەی مەسیح بەدەست بهێنمو [9]خۆم لەمەسیح بدۆزمەوەو ڕاستودروست بم، نەك بەشەریعەت، بەڵکو بەهۆی باوەڕ بەعیسای مەسیح، چونکە بێتاوان بوون لای خودا پشت بەباوەڕ دەبەستێت. [10]ئەوەی مەبەستی منە ناسینی مەسیحو هێزی هەستانەوەیەتی، هەروەها بەشداری بکەم لەئازاری، وەك ئەو بم لەمردنی، [11]تاکو گەر بێ بگەم بەئاستی هەستانەوەی لەنێو مردووان.

کۆشش‌کردن بەدوای ئامانج

[12]من نالێم ئەم شتانەم هەموو بەدەستهێناوە یاخود گەیشتوومە تەواوی، بەڵکو هەر چییەکم لەتوانا هەیە دەیکەم تا بیکەم بەهی خۆم، ئەوەی مەسیح لەپێناویدا منی کردووە بەهی خۆی. [13]ئەی برایان، جارێ وای‌دانانێم گەیشتوومە ئامانج، بەڵام تەنها یەك شت دەکەم، ئەویش ئەوەیە، ئەوەی بەسەرچووە لەیادی دەکەم، دەڕۆم بەرەو ئەوەی لەپێشمە. [14]من بەرەو ئامانج هەوڵ دەدەم، بەرەو پاداشتی بانگەوازی بەرزی خودا کە لەعیسای مەسیحە.

[15]با وا بیربکەینەوە ئێمە پێگەیشتووین، گەر ئێوەش لەخاڵێك یان لەبیروڕایەك هەمان بیروڕای منتان نەبوو، ئەوا خودا بۆتان ئاشکرا دەکات. [16]جا ئەوەی پێی‌گەیشتووین با بەدڵسۆزی دەستی پێوە بگرین.

[17]ئەی برایان بەیەکەوە لاسایی من بکەنەوەو تەماشای ئەوانە بکەن کە وەك نموونەی من دەژین. [18]زۆر پێمووتون، ئێستاش بەگریانەوە پێتان دەڵێم، زۆر کەس هەن ژیانیان بەشێوەیەکە وەك دوژمن وایە بۆ خاچی مەسیح. [19]ئەوانە پاشەڕۆژیان

لەناوچـــوونە، چـــونکە ســـکیان دەپەرســـتنو شـــکۆمەندیان جـــێی شـــەرمەزاریيە، هـەموو بـیرو هۆشیان لەســەر شـتی جیهانـیە. [20]بەڵام ئێمە وولاتمـــان لەئاسمانـــە، لـــەوێ بـەئارەزووەوە چـاوەڕێی هاتـنەوەی ڕزگارکـــەر، عیســـای مەســـیحی خوداوەنـدی تـیادا دەکەین، [21]ئینجا ئـەو لەشـی بێـرخمان دەگۆڕێت بۆ شـێوەی لەشـی شـکۆداری خـۆی، بەهـێزی خـۆی کـە توانـای هەیـە زاڵبێت بەسەر هەموو شتێك.

دڵشادبن بەخوداوەند

4 لەبەرئـەوە برایانی خۆشەویست، ئەی ئەوانـەی زۆر بیرتـان دەکـەم، ئـێوە خۆشـیو تـاجی سـەری مـنن، بـا باوەڕتان چەسپاو بێت بەخوداوەند.
[2]لەخوشـکان ئەفودیـەو سینتخی دەپاڕێمـــەوە، لەگـــەڵ یـــەکتری ڕێكبکەون لەخوداوەند. [3]تۆش ئەی هـاوڕێی دڵسۆزم، داوات لـێدەکەم یارمـەتی ئـەو دوو ئافـرەتە بدەیـت، چـونکە هـەر دووکـیان لەگـەڵم لـەمزگێـنی تێکۆشاون، ئەوان لەگەڵ ئەکلیمندوسو ئەوانەی لەگەڵم ئیش دەکـەن ناویـان لەپـەرتووکی ژیـان نووسراوە.
[4]هەمیشـە دڵشادبن بەخوداوەند، جارێکیتر پێتان دەڵێم، دڵشادبن. [5]با ڕووخۆشـیتان دیـار بێت لای هەموو خەڵك. هاتنەوەی خوداوەند نزیکە.
[6]دەربـارەی هـیچ شـتێك دڵەڕاوکێ نەتانگـرێ، بـەڵکو لەهـەموو شتێك داواکاریەکانـتان پێشکەشـی خـودا بکـەن بـە نوێژو پاڕانەوەو سوپاس. [7]ئاشـتی خـودا، ئـەوەی بەرزتـرە لـەسـنووری بیری مرۆڤ، دڵو بیرتان دەپارێزێت لەعیسای مەسیح.
[8]ئـەی بـرایان لـەکۆتایـیدا پێتان دەڵێم: ئەو شتانەی ڕاستو ڕێزدارە، دادپـــەروەرو پاکـــە، مایـــەی خۆشەویســـتیەو پەســـەندکراوە، ناوبـانگی بـە چـاکە دەرکـردووە، ڕەوشـــت بـەرزو شـایانی ستایشـە، بـیری لـێبکەنـەوە. [9]بەشـێوەیەك هـەڵسوکەوت بکەن هەروەك لەمن فـێربوونو وەرتانگـرتو بیسـتتانو بینیـتان، ئیـنجا خـودای ئاشـتی لەگەڵتان دەبێت.

سوپاس بۆ بەخشینتان

[10]مـن زۆر دڵشادم بەخوداوەند،

کەوا ئێستا ئێوە دوای ماوەیەکی دوورو درێژ سەرلەنوێ بایەخم پێدەدەن، بەڵێ لە ڕابوردووشدا ئێوە ئەم بایەخ پێدانەتان هەر هەبووە، بەڵام ئەو هەلەتان بۆ ڕێك‌نەکەوتووە.
[11]مەن ئەمە نالێم تا دەڕێخەم لێقەوماوم، چونکە فێربووم بە هەموو بارودۆخێکی ژیانم ڕازی بم.
[12]مەن دەزانم چۆن لە هەبوونیو نەبوونیدا بژیم، هەموو بارودۆخێکم تاقی کردۆتەوە، لەتێڕیو برسێتیدا،
[13]توانام هەیە هەموو شتێك بەهۆی مەسیح بکەم، ئەوەی بەهێزم دەکات.
[14]لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی چاکتان کردووە کە بەشداری تەنگانەم دەکەن. [15]ئەی باوەڕدارانی فیلیپی ئێوەش دەزانن، لەسەرەتای کارم کە بڵاوکردنەوەی مزگێنی بوو، لەو کاتەی لەناوچەی مەکدۆنیاوە دەرچووم، هیچ کۆمەڵێکی باوەڕدار بەشداری جێبەجێکردنی پێویستیەکانی نەکردووم جگە لەئێوە.
[16]تەنانەت کاتێك لەشاری تەسالۆنیکی بووم، ئەوەی پێویستم پێبێ بوو چەند جارێك بۆتان ناردم.
[17]مەبەستی مەن داواکردنی بەخشین نیە جارێکی‌تر، بەڵکو داواکردنی بەروبوومی زیاترە بۆ تۆمارکردن لەلای خودا. [18]هەموو ئەو شتانەی ئەپفرۆدیتۆس لای ئێوە بۆی هێنام پێم‌گەیشت، ئێستا هەرچیەکم پێویستە هەمە، بەڵکو لەمەش زیاتر، دیاریەکانی ئێوە قوربانییە دڵێ خودا خۆش دەکاتو لای ئەو بۆنخۆشو پەسەندکراون. [19]خودا لە سامانی بێئەندازەی خۆی، بەهۆی شکۆمەندی عیسای مەسیح هەموو پێویستیەکانتان دابین دەکات.
[20]شکۆ و مەزنی بۆ خودای باوکمانە تاهەتایە. ئامین.

سلاوی کۆتایی

[21]سلاو بکەن لەهەموو خوشك‌و برایانی پیرۆز لەعیسای مەسیح. هەموو ئەو برایانەی لەگەڵمدان سلاوتان لێدەکەن. [22]ئەو خوشك‌و برا پیرۆزانەی لێرەن سلاوتان لێدەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی دەستو پێوەندی قەیسەرن.
[23]بابەرەکەتی عیسای مەسیحی خوداوەند لەگەڵ ڕۆحتان بێت.

نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی کۆلۆسی

کۆلۆسی شارێك بوو لەئاسیای بچووك، دەکەوتە ڕۆژهەلاتی شاری ئەفەسۆس. پۆڵس ئەم نامەیەی بۆ کۆمەڵەی باوەڕدارانی کۆلۆسی نووسی، کاتێ بیستی لەوێ هەندێ کەس بیروڕای سەیر بلاودەکەنەوە، ئەو بیروڕایانەش بەکورتی ئەوەیە: ناسینی خوداو ڕزگاری تەواو لەفریشتە پەرستنو خۆبرسیو تینووکردنو گرنگیدان بەهەندێ بابەتی شەریعەتی جوولەکە.

پۆڵسیش سەبارەت بەو شتانە دەڵێ مەسیح توانای ڕزگاری بەخشینی تەواوی هەیەو ئەو بیروڕاو بابەتانە مرۆڤ لەڕزگاربوون دوور دەخەنەوە. چونکە جیهان بەهۆی مەسیح دروستکراوە هەروەها بەهۆی ئەو جیهان لەگەڵ خودا ئاشتبووەوە، هەروەها خودا بە هەموو خودایەتی خۆی لە لەشی مەسیح نیشتەجێ بووە، مرۆڤیش بە ئەو پڕ دەبێ لەژیان.

1

لەپۆڵس نێرراوی عیسای مەسیح لەسەر خواستی خودا، هەروەها لەتیمۆساوسی برامانەوە، [2]بۆ خوشکو برایانی پیرۆزو سەرڕاست لەشاری کۆلۆسی، با بەرەکەتو ئاشتی خودای باوکتان لەگەڵ بێ.

سوپاسو نوێژکردن

[3]ئێمە هەر کاتێك نوێژ دەکەین بۆتان، هەمیشە سوپاسی خودای باوکی عیسای مەسیحی خوداوەندمان دەکەین، [4]چونکە هەواڵی باوەڕتان بە عیسای مەسیح پێمان گەیشت لەگەڵ ئەو خۆشەویستیەی هەتانە بەرامبەر هەموو خوشکو برایانی پیرۆز، [5]لەپێناوی ئەو هیوایەی خودا ئامادەی کردووە بۆتان لەئاسمان، ئەو هیوایەی لەپێشا لەووشەی ڕاستیتان بیست، واتە مزگێنی. [6]ئەو مزگێنییەی بەرهەم دەهێنێتو بلاودەبێتەوە لەهەموو جیهان، هەروەك چۆن بەرهەمی هێناو بلاوبووەوە لەنێواتان لەو ڕۆژەی بەڕاستی بەرەکەتی خوداتان بیستووەو ناسیووتانە. [7]هەروەك لەئەپفراسی بەندەی هاوڕێی خۆشەویست فێربوون، ئەو

خـزمەتکارێکی سەرڕاسـتی مەسـیحە لەپێناوی ئێمە. [8]هەر ئەویش بوو بۆی بـاس‌کـردین سـەبارەت بـەو خۆشەویستیەی ڕۆح پێی بەخشیون.

[9]لەبـەر ئـەوە لـەو ڕۆژەوەی ئەمـەمان بیسـتووە، بێڕاوەسـتان نوێژتـان بـۆ دەکـەین، داوا لـەخودا دەکەین دانایی‌و تێگەیشتنی ڕۆحیتان بداتـێ، تـا خواسـتی ئـەو بەتەواوی بـزانن. [10]هـەتا بەشـێوەیەك هەڵسـوکەوت بکـەن لەژیان شایانی خوداوەنـد بێـت‌و بەتەواوی جێگای ڕەزامـەندی ئـەو بێـت، بـۆ ئـەوەی بەرهەمبهێنن لەهەموو کارێکی چاك‌و پێبگـەن لـەناسینی خودا، [11]هەروەها بـۆ ئـەوەی بەهێزتان بکات بەهەموو هێزێك بەگوێرەی توانای شکۆداری خـۆی، تـا خۆتـان ڕاگـرن لەئاست هـەموو شـتێك‌و ئـارام بگـرن، بـەخۆشیەوە [12]سوپاسی باوك بکەن، ئـەوەی ئـێوەی ئامـادەکـردووە بـۆ بەشـداری‌کردنی میراتـی خوشـك‌و بـرایانی پـیرۆز لـەڕووناکی. [13]هـەر ئـەوە ئـێمەی ڕزگارکـردووە لـەدەسـەڵاتی تـاریکی‌و ئـێمەی گواسـتەوە بـۆ پادشـاهێتی ڕۆڵـەی خۆشەویسـتی. [14]ئـەوەی بەخوێـنی خـۆی ئـێمەی کڕیەوە لەکۆیلەیەتی گونـاە، ئـەویش بـە لـێخۆشبوونی گوناە.

عیسا وێنەی خودای نەبینراوە

[15]عیسا وێنەی خودای نەبینراوە، نۆبـەرەی هەموو بوونەوەرانە. [16]هەر بەویش هەموو شتێك دروست بووە، ئـەوەی لـەئاسمـان‌و لەسـەر زەوییە، ئـەوەی دەبینرێ‌و نابینرێ، خاوەن تەخـت‌و تـاج یـان سـەرۆك‌و دەسەڵاتدار، خودا هەمووی بەعیساو بـۆ عیسـا دروست‌کرد. [17]ئەو پێش هـەموو شتێك بووەو هەر لەئەویشدا هـەموو شتێك دەبێت. [18]ئەو سەری لەشـە، واتـە سـەری کۆمەڵـەی بـاوەڕداران، سـەرەتاو نۆبـەرەی زیـندووبوونەوەی دوای مـردنە، تـا لـەسـەرووی هەموو شتێك بێت. [19] چـونکە خـودا حەزی کرد بەهەموو پڕی خۆی لەئەودا بەرجەستە بێ. [20] تـا بـەهۆی ئـەو ئاشـتبێتەوە لەگەڵ هـەموو ئەوانـەی لەسـەر زەوی‌و لـەئاسماندایە، بە خوێنڕشتنی ئەویش لەسەر خاچ ئاشتی هاتەدی.

[21]ئـێوە جـاران بـەهۆی کرداری خراپـتان نـامۆ و دوژمـن بـوون

لەبیرکردنەوە، [22]بەڵام ئێستا ئاشتی‌کردنەوە بەمردنی، بەڵەشی مرۆڤانەی خۆی، تا ئێوە بە پاکوپیرۆزی‌و بێ کەموکوڕی‌و بێگلەیی بێنە بەردەمی. [23]بەمەرجێك بەردەوامبن لەسەر باوەڕتان، باوەڕێکی چەسپاو و ڕەگ داکوتراوتان هەبێ، لانەدەن لەهیوای ئەو مزگێنییەی بیستتانو هەموو بوونەوەرانی ژێر ئاسمان پێی ڕاگەیەنرا، خۆشبووم بەخزمەتکار بۆی.

تێکۆشانی پۆڵس بۆ باوەڕداران

[24]من ئێستا دڵشادم بەو ئازارەی لەپێناوتان دەیچێژم، چونکە لەڵەشی خۆمدا کەموکوڕی تەنگانەی مەسیح تەواو دەکەم، لەپێناوی لەشی ئەو کە کۆمەڵەی باوەڕدارانە، [25]ئەوەی من بووم بە خزمەتکار بۆی، لەسەر خواستی خودا بەمن دراوە لەپێناوتان، تا ووشەی خوداتان بە تەواوی پێبناسێنم، [26]ئەم نهێنیەش لای نەوەکانی ڕابردوو شاراوە بوو، بەڵام ئێستا خودا دەریخست بۆ خوشکو برا پیرۆزەکان. [27]ئەوانەی خودا خۆی ویستی دەوڵەمەندی شکۆداری ئەم نهێنییە بۆ هەموو میللەتان دەربخات، ئەوەیە مەسیح لەناوتاندایە، هیوای شکۆمەندییە.

[28]ئەوەی بانگەوازی پێدەدەین، هەموو مرۆڤێکی پێ ئاگادار دەکەینەوە، هەروەها هەموو مرۆڤێکی پێ فێر دەکەین بەهەموو ژیرییەوە، تاهەموو مرۆڤێك لەمەسیحدا بەتەواوی ئامادە بکەین.

[29]لەپێناوی ئەمە منیش ماندوو دەبم و تێدەکۆشم بەهەموو توانایەك، ئەوەی بەهێز لەمندا کار دەکات.

2

دەمەوێ بزانن من چەند تێدەکۆشم لەپێناوتانو لەپێناوی ئەوانەی لەشاری لاودکیەن، هەروەها ئەوانەی منیان ڕووبەڕوو نەبینیوە، [2]تاوەکو ووریان بەرزبێتەوە، یەکبگرن بە خۆشەویستی‌و دانایی‌و تێگەیشتنی تەواویان هەبێت بۆ ناسینی نهێنی خودا کە مەسیحە، [3]ئەوەی هەموو گەنجینەی دانایی‌و زانستی تیادا شارراوەتەوە.

[4]ئەمەتان پێدەڵێم تا کەس بە قسەی درەوشاوە هەڵتان نەخەڵەتێنێ. [5]هەرچەندە بە لەش لەناوتان نیم،

بەلأم بە ڕۆح لەگەڵتانم، دڵشاد دەبم کاتێ باوەڕی چەسپاو و تەواوتان بەعیسای مەسیح ببینم.

تێڕوپڕی مەسیح

6 جا چۆن عیسای مەسیحتان قەبوڵ کرد وەك خوداوەندی خۆتان، لەئەویش بژین، 7 با ڕەگتان لەئەو پنج داکوتێ، باوەڕتان بەهێزو چەسپاو بێت بەو شێوەیەی فێربوون، هەمیشە دەم بەسوپاس‌بن.

8 ئاگاداربن کەس نەتانخاتە داوی فەلسەفەو چەواشەی بە خۆڕایی، ئەوەی لەسەر خووڕەوشتی خەڵکیو یاسای سەرەکی ئەم گەردوونە وەستاوە نەك لەسەر مەسیح. 9 چونکە خودا بە هەموو پڕی خۆی لە لەشی مەسیح نیشتەجێ بووە، 10 ئێوەش بە ئەو پڕ دەبن لەژیان، ئەوەی سەری هەموو پێشەواو حوکمڕانێکە. 11 لەعیساوە خەتەنەیەك کراون بەدەست نەکراوە، بەڵکو بەدامالێنی سروشتی گوناهبار بە خەتەنەکردنی مەسیح. 12 کاتێ لەئاوهەڵکێشران بەناوی عیسا، ئەوا لەگەڵ ئەو نێژراونو لەگەڵی زیندووبوونەوە، چونکە باوەڕتان بەکرداری خودا کرد کە لەناو مردووان زیندووی کردەوە.

13 ئێوە بەهۆی گوناەو بەهۆی خەتەنە نەکردنی لەشی گوناهبارتان مردبوون، بەلأم خودا لەگەڵ عیسا زیندووی‌کردنەوەو لەهەموو گوناهتان خۆش بوو. 14 ئەو شکاتنامەیەی لەسەرمان نووسرابوو، ئەوەی دژی ئێمە بوو، عیسا سڕییەوەو بەخاچەوە بزمارکوتی کرد. 15 سەرۆك‌و حوکمڕانەکانی چەك‌کردو کردنی بەپەند، لەخۆپیشاندانە سەرکەوتووەکەی وەك دیل ڕاپێچی‌کردن.

16 باکەس حوکمی خواردن‌و خواردنەوەو جۆری هەڵسوکەوتی جەژن‌و سەری مانگان‌و شەممانتان بەسەر نەدات. 17 ئەمانە هەموی سێبەری داهاتوون، بەلأم ڕاستیەکەی تەنها لای مەسیحە. 18 باکەس مافتان لێداگیر نەکات بەوەی داوای ساکاری‌و پەرستنی فریشتەکانتان لێبکات، بەو بینینانەی خۆی دەیبینێ، خۆی بە زل دەزانێ بەخەیاڵە مرۆڤانیە پووچەکانی. 19 بێئەوەی بایەخ بدات بە سەر، ئەوەی هەموو لەش

خواردنـــــی لـێوەردەگـــــرێو دەیبەســتێت بـە هـەموو جومگـەو پارچەکانی لەشەوە، تا نەشونما بکات بەو شێوەیەی خودا دەیەوێ.

[20]گـەر ئـێوە مـردوون لەگـەڵ مەســـیح ســـەبارەت بەیاســـا ســەرەکیەکانی ئـەم جـیهانە، کەواتـە بۆچـی وا دەژیـن هـەروەك سـەربەم جـیهانە بن؟ بۆچی ملکەچ دەکەن بۆ ئـەم ڕاسـپاردانە: [21](مەیگـرە! تـامی مەکـە! دەسـتی لـێمـەدە!)؟ [22]ئـەم ڕاســپاردانە هــەمویان شــتێکن بــە بەکارهێـنان لەناودەچـن، چـونکە بەگوێـــرەی فـــێرکردنەکانو ڕاسپاردەکانی مـرۆڤن. [23]بەڕواڵەت دانـــایی دەردەخـــات، چـــونکە پەرسـتێکی تایـبەتیو ملکەچـیو تونـدوتـیژی تیادایە سەبارەت بەلـەش. بەڵام نرخێکی وای نییە لەدامرکاندنی ئارەزوو و داواکاری لەش.

باوەڕدارو مەسیح

3

گـــەر ئـــێوە لەگـــەڵ مەســـیح هەســتاونەتەوە، هـــەوڵبـــدەن بـــۆ کاروبـاری ئاسمـانی، مەسـیح لـەوێ لـــەڵای دەســـتە ڕاســـتی خـــودا دانیشـــتووە. [2]بایـــەخ بـــەکاروباری ئاسمـانی بدەن، نەك بەکاروباری سەر زەوی، [3]چونکە ئێوە مردن، هەروەها ژیانـتان شـارراوەتەوە لەگەڵ مەسیح لای خـودا. [4]کـاتێ عیسـا ئـەوەی ژیانـتانە دەرکـەوت، ئەوسـا ئـێوەش بەشکۆمەندی لەگەڵی دەردەکەون.

[5]کەواتـە دەبـێ هەرچی شتی ئەم جـیهانە هەیـە تـیاتان بیمرێـنن وەك: داوێـنپیسـی، گـلاوی، ئـارەزووی خـراپ، خواسـتی بەد، چاوبرسێتی، ئەمانـە جۆرێکـن لـە بت پەرستی، [6] چـونکە بەهۆی ئەو شتانەوە تووڕەیی خودا دێتەخوارەوە. [7]هەروەها ئێوەش جاران وا دەژیان. [8]بەڵام ئێستا هەموو ئەوانە فڕێبدەن: تووڕەیی، ڕقوکینە، بوخـتان، قسـەی ناشـیرین، [9]درۆ مەکەن لـەگەڵ یەکتری، چونکە مرۆڤە کۆنەکـەو هـەموو کردارەکانیـتان داکـەندووە [10]مرۆڤـێکی نوێـتان لەبەرکردوە، ئەوەی لەنوێبوونەوەیە لەناسین بەپێی وێنەی دروستکەری. [11]جوولەکـەو یۆنانی، خەتەنەکراو و خەتەنـەنەکـراو، بەربەریو سکیسی، کۆیلـەو ئـازاد نیـیە، بـەڵکو مەسیح خـۆی هـەموو شـتێکەو لەهـەموو شتێکدایە.

باوەڕدارو کۆمەڵە

12 ئـــێوەی پیرۆزکـــــراو، خۆشەویست، هەڵبژێراو لەلایەن خودا :بەزەیی، زمانشیرینی، ڕۆح سووکی، ساکاری، ئارام گرتن لەبەر بکەن. 13 لەیەکتری قەبوڵ بکەن، لە یەکتر خۆشبن، گەر یەکێکتان شکاتی دژی ئەوی کە هەبوو، دەبێ لێ خۆشبێت هەروەك مەسیح لێتان خۆش بووە. 14 بەڵام لەسەرووی ئەمانە هەموو بەرگی خۆشەویستی لەبەر بکەن، چونکە هەموو شتێك بەتەواوی بەیەکەوە دەبەستێت.

15 با ئاشتی مەسیح دەستبگرێ بەسەر دڵتان، ئەوەی ئێوەی بۆ بانگکراوە تا ببن بە یەك لەش، هەروەها دەم بەسوپاسبن.

16 بـــا ووشـــەی مەســـیح بەدەوڵەمەندی لەدڵتان جێگیر بێت، یەکتری فێر بکەنو ڕێنیشانی یەکتری بدەن بە هەموو دانایـیەوە، زەبوورو سروودو گۆرانی ڕۆحی بڵێن، بەناخی دڵ سوپاسی خودا بکەن. 17 هەر شتێك دەڵێنو دەیکەن با بەناوی عیسای خوداوەند بێت، بەئەو سوپاسی خودای باوك بکەن.

باوەڕدارو خێزان

18 ئەی ئافرەتان ملکەچ بکەن بۆ میردەکانتان، بەشێوەیەك لێوەشاوە بێت لەخوداوەند.

19 ئـــەی پـــیاوان، ژنەکانـــتان خۆشبوێ، لەگەڵیان ڕەقمەبن.

20 ئـــەی مـــندالان، گوێـــرایەڵی دایك و بـــاوکـــتان بـن لـــەهـــموو شـــتێك، چـــونکە ئەمـــە مایـــەی ڕەزامەندی خوداوەندە.

21 ئـــەی باوکـــان، منداڵەکانـــتان تـــووڕە مەکـــەن، تـــا ترســـنۆك و سەرنەکەوتوو دەرنەچن.

باوەڕدار لە کارکردن

22 ئـەی کۆیلـەکان، لـەهـەموو شتێك ملکەچی گەورەکانتان بن لەم جیهانە، بەدڵسۆزی کار مەکەن تەنها کـاتێ چاویان لێتانە هەروەك بتانەوێ خـەڵکی ڕازی بکـەن، بـەڵکو بـە دڵسۆزی و بەترسی خوداوەند بیکەن. 23 هـەر چـییەك دەکەن، بەهەموو دڵ بـیکەن، هـەروەك بـۆ خوداوەنـدی بکـەن نـەك بـۆ خـەڵکی. 24 بـزانن لـەخوداوەندەوە مـیرات بەپاداشـت وەردەگـرن، چـونکە ئـێوە خـزمەتی مەسـیحی خوداوەند دەکەن. 25 بەڵام

ئەوەی کاری خراپ بکات سزای خراپەی خۆی وەردەگرێ، گرنگ نییە بەلای خودا ئەو کەسە کێ بێت.

4

ئەی گەورەکان، بەدادپەروەری و یەکسانی هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ کۆیلەکانتان، بزانن ئێوەش گەورەیەکتان هەیە لە ئاسمان.

هاندان بۆ نوێژکردن

[2]بەردەوام بن لەسەر نوێژکردن، ئاگاداربن لەکاتی نوێژ سوپاس بکەن، [3]لەهەمان کات بۆ ئێمەش نوێژ بکەن، بۆ ئەوەی خودا دەرگای قسەکردنمان بۆ بکاتەوە و نهێنی مەسیح ڕابگەێنین، ئەوەی من لەپێناویدا بەندکراوم. [4]تا ئاشکرای بکەم لای خەڵکی بەو شێوەیەی پێویستە لەسەرم بدوێم. [5]بەژیرانە هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ ئەوانەی باوەڕدار نین، هەموو هەلێك بقۆزنەوە. [6]باهەمیشە قسەتان بەرەکەتدار بێت، بەخوێ سوێر کرابێ، ئەوسا دەزانن چۆن وەلأمی خەڵکی دەدەنەوە.

سلاوی کۆتایی

[7]تیخیکۆس هەموو هەواڵێکی منتان دەداتێ، برای خۆشەویست و خزمەتکاری سەرڕاست و کۆیلەی هاوڕێم لەخوداوەند. [8]بەتایبەتی ئەوم نارد لاتان بۆ ئەم مەبەستە تا هەواڵی ئێمەتان پێ بگەینێت و دڵەتان بەرز بکاتەوە، [9]لەگەڵ ئۆنسیمۆس برای خۆشەویست و سەرڕاست، خەڵکی لای خۆتانە، هەردووکیان هەواڵی هەموو شتێکتان دەدەنێ کە لێرە ڕوویداوە.

[10]ئەرستەرخۆس هاوربێی بەندیخانەم سلاۆتان لێدەکات، لەگەڵ مەرقۆسی ئامۆزای بەرنابا، ئەوەی ڕامسپاردن بەگەرمی پێشوازی لێبکەن کاتێ هات بۆ لاتان، [11]هەروەها یەسوع کە بەیستۆس ناودەبرێ. تەنها ئەمانە جوولەکەن لەنێوان ئەو یارمەتیدەرە ئیشکەرانەم بۆ پادشاهێتی خودا، ئەوان بوونە هۆی دڵخۆشییەکی زۆر بۆم. [12]ئەپەفراسی بەندەی عیسای مەسیح، خەڵکی لای خۆتانە سلاۆتان لێدەکات، هەموو کاتێ لای خودا لەپێناوتان تێدەکۆشێ لەنوێژ تاباوەڕتان چەسپاو بێت و

پێگەیشتوو بـنو هەموو کاتێ پڕ بن لەهـەموو خواستی خـودا. [13]مـن شـایەتی بـۆ دەدەم ئـەو زۆر ماندوو دەبێـت لـەو کارانـەی دەیکـات لەپێـناوی ئێوەو ئەوانەی لەلاودکیەو هیراپۆلیسـن. [14]هـەروەها لۆقـای پزیشـکی خۆشەویسـتو دیمـاس سـلاۆتان لـێ دەکـەن. [15]سـلاۆ لەخوشك‌و برایان بکەن لەلاودکیەو لـەخوشـکە نـەمفاس‌و ئـەو کۆمەڵە باوەڕدارەی کۆدەبنەوە لەماڵەکەی.

[16]دوای ئـەوەی ئـەم نامەیەتان بۆ خوێـنرایەوە، بینـێرن بـۆ کۆمەڵـە بـاوەڕدارانی لاودکـیە تـا ئەوانـیش بیخوێننەوە، ئینجا ئێوەش ئەو نامەیەی لایانە لێیان وەرگرن‌و بیخوێننەوە.

[17]بـە ئەرخیـپۆس بڵـێن: (ئـەو خـزمەتەی خوداوەنـد داویەتی پێی با بەتەواوی بیهێنیتەدی.)

[18]مـن پۆڵـسـم، سـلاۆی منـتان لـێبێـت، بـەخـەتی خـۆم بۆتـان دەنووسـم. یـادی کۆت‌و زنجیرەکانم بکـەن. بـا بەرەکەتی خوداتان لەگەڵ بێت.

یەکەم نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی تەسالۆنیکی

تەسالۆنیکی پایتەختی ووڵایەتی مەکدۆنیای ڕۆمانی بوو، دوای ئەوەی پۆڵس فیلیپی بەجێهێشت کۆمەڵێ باوەڕدارانی لەتەسالۆنیکی دامەزراند. لەوێ هەندێ جوولەکە هەبوون دانیشتوانی ئەو شارەیان هاندا دژی پۆڵس و هەموو باوەڕداران، بۆیە پۆڵس ناچاربوو بڕواتە بیریەو لەوێشەوە بۆ کۆرنسۆس. لەکۆرنسۆس دوای ئەوەی تیمۆساوس لەتەسالۆنیکی هاتەوە هەواڵی ئەوێی بۆ هێنا، پۆڵس ئەم نامەیەی بۆ نووسین.

لەم نامەیەدا پۆڵس پیرۆزبایی لەباوەڕدارانی تەسالۆنیکی دەکات و هانیان دەدات تاچەسپاوبن لەباوەڕیان، هەروەها ئەوەیان دێنێتەوە یاد کە چۆن بوون کاتێ ئەو لەنێوانیان بووە، ئینجا وەڵامی ئەو باوەڕدارانە دەداتەوە کە دڵەڕاوکێ دایگرتبوون سەبارەت بەو کەسانەی دەمرن پێش هاتنەوەی مەسیح: ئایا ژیانی هەتاهەتایان دەست دەکەوێ لەگەڕانەوەی دووەمی مەسیح؟ گەڕانەوەی دووەم کەی دەبێ؟ پۆڵس ووردەیان بەرزدەکاتەوە و داوایان لێدەکات بە هێمنی کاربکەنو بە بەروبووم‌بن، بە هیوای گەڕانەوەی مەسیح.

1

لە پۆڵسو سیلوانسو تیمۆساوسەوە بۆ کۆمەڵەی باوەڕدارانی شاری تەسالۆنیکی، با بەرەکەتو ئاشتی خودای باوکو عیسای مەسیحی خوداوەندتان لەگەڵ بێ.

سوپاس بۆ باوەڕداران

[2]**ئێمە هەموو کاتێ سوپاسی خودا دەکەین لەپێناوی هەموتانو هەردەم یادتان دەکەین لەنوێژەکانمان،** [3]**هەمیشە لەبەردەم خودای باوك یادی کرداری باوەڕو ماندووبوونی خۆشەویستیو ئارام گرتنی هیواتان لەعیسای مەسیحی خوداوەند دەکەین.**

[4]**ئەی برایانی خۆشەویستی خودا، ئێمە دەزانین خودا ئێوەی هەڵبژاردووە.** [5]**کاتێ ئێمە مزگێنی عیسای مەسیحمان بۆتان هێنا، ئەوە تەنها ووشە نەبوو، بەڵکو توانای خوداو پڕبوون بوو لەڕۆحی پیرۆزو**

لەدڵنیایی تەواو بە خودا. خۆتان دەزانن، چۆن لەناوتان لەبەر بەرژەوەندی ئێوە چ جۆرە کەسێك بووین، [6]ئێوە شوێنی ڕێگای خوداوەندو ئێمە کەوتن، چونکە ئێوە لەتەنگانەیەکی زۆردا ووشەی خوداتان بەخۆشیەوە لەڕۆحی پیرۆز وەرگرت. [7]بە شێوەیەك ئێوە بوون بە نموونە بۆ هەموو باوەڕدارانی ناوچەی مەکدۆنیاو ئەخائیە. [8]تەنها دەنگوباسی بلاوکردنەوەی ووشەی خوداوەندتان لەناوچەی مەکدۆنیاو ئەخائیە بلاونەبووەتەوە، بەڵکو دەنگوباسی باوەڕتان لەهەموو شوێنێك بلاوبووەتەوە، ئیتر پێویست ناکات لەو بارەیە هیچ شتێك بڵێین. [9]چونکە باوەڕداران خۆیان هەواڵی ئەوەیان پێماندا، هاتنمان بۆ لاتان یەکەمجار چ کارێکی کردە سەرتان، بەوەی وازتان لەبتپەرستی هێناوەو ڕووتانکردووەتە خودا، واتە پەرستنی خودای ڕاستو زیندوو. [10] هەروەها چاوەڕێی هاتنەوەی ڕۆڵەی خودا دەکەن لەئاسمان، ئەوەی خودا هەڵیساندەوە لەنێو مردووان، واتە عیسا ئەوەی ڕزگارمان دەکات لە تووڕەیی داهاتووی خودا.

خزمەت کردنی پۆڵس
2

بۆیە ئەی برایان، خۆتان دەزانن هاتنمان بۆ لاتان بێسوود نەبوو. [2] هەرچەندە ئازارمان چێژتو بەسووکی هەڵسوکەوتیان لەگەڵمان کرد لەشاری فیلیپی هەروەك دەزانن، لەگەڵ ئەوەش خودا یارمەتی دایین بەچاونەترسی مزگێنیتان پێبدەینو ڕووبەڕووی ئەوانە بینەوە کە بەرهەڵستیمان دەکەن. [3]ئەوەی دەمانەوێ بەئێوەی بڵێین بەمەبەستی خراپەو گلاوێو خەڵەتاندن نییە، [4] بەڵکو هەروەك ئێمە ڕەزامەندی خودامان بەدەست هێناوە بۆ ئەوەی مزگێنیمان بدرێتە دەست، بەم شێوەیە دەدوێین، ئەمەش نەك لەبەر ڕەزامەندی خەڵکی، بەڵکو بۆ ڕەزامەندی ئەو خودایەی دڵمان تاقی دەکاتەوە. [5]خودا شایەتە نە قسەی پێهەڵدانتان بۆ دەکەینو نەبیانوو دێنینەوە بۆ چاوچنۆکی، [6]هەوڵی بەدەستهێنانی ستایشی خەڵکمان نەداوە، نەلەلایەن ئێوە نەلەلایەن خەڵکیتر، هەرچەندە مافی زۆرمان بەسەرتان بوو، چونکە نێڕراوی مەسیحین، [7]بەڵام کاتێ هاتین بۆ لاتان

بە خۆشەویستی‌و بەزەیی ڕەفتارمان کرد لەگەڵتان وەك دایەنێك منداڵەکانی بەخێو بکات. [8]تەنانەت ئێمە بە شێوەیەك ئێوەمان خۆشویست، ئامادەبووین نەك تەنها مزگێنی خوداتان پێشکەش بکەین، بەڵکو ژیانی خۆشمان، چونکە ئێوە بوون بە خۆشەویستمان. [9]ئەی برایان لەیادتانە، چۆن هەوڵمان‌داوەو ماندووبووین، دەزانن کاتێ لەناوتان مزگێنی خودامان دەدا لەهەمان کات شەو و ڕۆژ کارمان دەکرد تا نەبین بە بار بەسەر کەستان.

[10]ئێوە شایەتن‌و خوداش شایەتە، چۆن ڕەفتارمان کردووە لەنێو ئێوەی باوەڕدار، بەپاکی‌و ڕاست‌ودروستی‌و بێ کەموکوڕی، [11]هەروەك دەزانن ئێمە بۆ ئێوە وەك باوك وابووین بۆ منداڵەکانی، ووڕەمان بەرز کردنەوەو دڵنەواییمان کردن‌و داوامان لێکردوون [12]تا بە شێوەیەك بژین جێی ڕەزامەندی خودا بێت، ئەوەی بانگتان دەکات بۆ پادشاهێتی‌و شکۆمەندی خۆی.

[13]شتێکی دیکەش هەیە بەردەوام لەپێناوی سوپاسی خودا دەکەین، چونکە کاتێ ووشەی خوداتان لەئێمە بیست ئەوەی پێمان ڕاگەیاندن، وەرتانگرت لێمان نەك وەك ووشەیەك لەمرۆڤ بێت، بەڵکو چۆن لەڕاستی ووشەی خودا بێت‌و کار لەناو ئێوەی باوەڕدار دەکات. [14]ئەی برایان ئێوە وەك کۆمەڵەکانی خوداتان لێهات لە ناوچەی یەهودیە، واتە ئەوانەی لە عیسای مەسیح بوون. ئێوەش بەدەستی هاوڕەگەزەکانی خۆتان ئازاردران، وەك ئەوان بەدەستی جوولەکەکان ئازاردران، [15]ئەوانەی عیسای خداوەندو پێغەمبەرانیان کوشت‌و ئێمەیان چەوساندەوە، ئەوانە شتێك ناکەن خودا ڕازی بکات، دوژمنی هەموو خەڵکن، [16]چونکە دەیانەوێ بە هەموو شێوەیەك ڕێگا لەئێمەش بگرن بۆ گەلانی تر بدوێین تا ڕزگاریان نەبێ، ئەوانە پێوانەی گوناهیان پڕ بووە، بەمەش لەکۆتاییدا تووڕەیی خودا بەتەواوی هاتە خوارەوە بەسەریان.

[17]کاتێ لەئێوە جیابوینەوە، دوای ئەوە بەماوەیەکی کورت بیرمان دەکردن، حەزمان دەکرد جارێکی تر ڕووبەڕوو بتانبینینەوە ئەی خۆشەویستانمان، ئێوە لەبەر چاومان

دووربوون، بەلأم لەدلّمان بوون. [18] لەبەر ئەوە ویستمان دیدەنیتان بکەینەوە، بەتایبەتی خۆم کە پۆلّسم چەند جارێك ویستم بۆ لاتان بێم، بەلأم شەیتان رێگای لێدەگرتین. [19] جا چییە هیواو خۆشیو تاجی شانازیمان لەبەردەم عیسای خوداوەندمان لەکاتی گەرانەوەی؟ ئایا ئێوە نین؟ [20]بەلّێ، چونکە ئێوە شکۆمەندیو خۆشی ئێمەن.

نارینی تیمۆساوس بۆ تەسالۆنیکی

3 کاتێ زانیمان لەدووریتان ناتوانین دانبگرین بەخۆمان، ئیتر بە باشترمان زانی بەتەنها خۆمان لەئەسینا بمێنینەوە، [2]تیمۆساوسی برامان نارد بۆ لاتان ئەوەی لەگەلّ خودا کار دەکات لەبلاوکردنەوەی مزگێنی مەسیح، تا ووڕەتان بەرز بکاتەوەو باوەڕتان بچەسپێنێ، [3]تا باوەڕتان لاواز نەبێ لەکاتی ناخۆشی. ئێوە دەزانن ئەم ناخۆشییە بەشی ئێمەیە، [4] چونکە کاتێ لاتان بووین، لەپێشا پێمان ووتن تووشی ناخۆشی دەبین، ئەمەش بەڕاستی ڕوویدا هەروەك دەزانن، [5]لەبەرئەوە کاتێ نەمتوانی زیاتر دانبگرم بەخۆم، تیمۆساوم نارد تا هەواڵی باوەڕتانم بۆ بهێنێ، نەوەك تاقیکەرەوە ﴿شەیتان﴾ هاتبێ و تاقیکردبنەوە ئەوسا هەوڵمان بەفیڕۆ بڕوات.

[6]ئێستا تیمۆساوس لای ئێوە گەڕایەوە بۆ لامان، مزگێنی باوەڕو خۆشەویستی ئێوەی داپێمان، هەروەها پێیووتین ئێوە هەموو کات یادمان دەکەنو ئارەزووی بینینمان دەکەن، هەروەك ئێمە ئارەزووی بینینی ئێوە دەکەین. [7]ئەی برایان باوەڕتان بەو شێوەیە ووڕەی ئێمەی بەرزکردەوە، لە کاتی تەنگانەو ناخۆشیمان. [8]ئێستا ئێمە دەژین، چونکە باوەڕتان بە خوداوەند چەسپاوە. [9]چۆن بتوانین سوپاسی خودا بکەین، چونکە بەهۆی ئێوەوە ئەوەندە دڵخۆش بووین لەبەردەم خودامان؟ [10]ئێمە شەو و ڕۆژ لەخودا دەپاڕێنەوە تا بتانبینینو یارمەتیتان بدەین بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕی باوەڕتان.

[11]داواکارین لەخودای باوکمانو عیسای مەسیحی خوداوەندمان ڕێگای هاتنمان بۆ لاتان ئاسان بکات، [12]هەروەها داواکارین

خوداوەند خۆشەویستیتان زیادو تێرو پڕ بکات لەناو یەکو لەگەڵ هەموو خەڵکی بە قەدەر خۆشەویستی ئێمە بۆتان. [13]تاوەکو دڵتان بەهێز بێتو بێ کەموکوڕی بێت لەپاکوپیرۆزیدا، لەلای خودای باوکمان ڕۆژی گەڕانەوەی عیسای خوداوەند لەگەڵ هەموو خوشکو برا پیرۆزەکانی.

ژیانێك بۆ ڕازیکردنی خودا

4

ئەی برایانی خۆشەویست، ئێوە لە ئێمەوە فێربوون چۆن هەڵسوکەوت بکەن لەژیان بۆ ڕازیکردنی خودا، وە ئەمەشتان کردووە، ئێستا داواتان لێدەکەینو ئاگادارتان دەکەینەوە بەناوی عیسای خوداوەندەوە زیاتر هەوڵی پێشکەوتنتان بدەن لەم بارەیەوە. [2]چونکە ئێوە دەزانن ئەو ڕاسپاردانەی دامان پێتان بەهۆی عیسای خوداوەندەوەیە. [3]چونکە خواستی خودا ئەوەیە دەیەوێ ئێوە پاکوپیرۆزبن، لەداوێن پیسی خۆتان دوورخەنەوە، [4]هەریەکەتان بزانێ چۆن بەپاکیو ڕەوشت بەرزیەوە ئافرەتێك بۆ خۆی هەڵبژێرێ، [5]نەك بەئارەزووی هەوەسبازی وەك ئەو میللەتانەی خودا ناناسن، [6]با کەستان دەستدرێژ نەکات بۆ سەر براکەی یاخود خراپە بەرامبەری بکات لەم بارەیەوە، خوداوەندە تۆڵەدەسێنێ لەهەموو ئەوانەی ئەم خراپانە دەکەن هەروەك لەپێشا پێمان ووتونو ئاگادارمان کردوونەتەوە. [7]چونکە خودا بانگیکردووین بۆ ژیانی پاکو پیرۆز، نەك بۆ گلاوی. [8]کەواتە ئەوەی ئەم فێرکردنە ڕەتبکاتەوە، ئەوا مرۆڤ ڕەتناکاتەوە، بەڵکو خودا ڕەتدەکاتەوە، ئەوەی ڕۆحی پیرۆزی خۆی بەخشی پێتان.

[9]دەربارەی خۆشەویستی خوشکو برایانە، پێویست ناکات بۆتان بنووسم، چونکە خۆتان لەخوداوە فێربوون یەکتریتان خۆشبوێ. [10]ئەمەشتان کردووە لەگەڵ هەموو خوشکو برایانی مەکدۆنیا، بەڵام ئەی برایان داواتان لێدەکەین لەم بارەیەوە زیاتر هەوڵ بدەن، [11]ئاگاداربن بەئاسوودەییو بێ ئازاوە بژین، بایەخبدەن بەکاروباری تایبەتی خۆتان، نانی خۆتان بەدەستی خۆتان پەیدا بکەن هەروەك ڕامانسپاردوون، [12]تا ناوبانگتان باش بێت لای ئەوانەی باوەڕدارنین،

پێویستیتان بەکەس نابێت.

هاتنەوەی عیسای خوداوەند

13 بەڵام ئەی برایان نامانەوێ نەزان بن سەبارەت چارەنووسی خەوتووان، هەتا غەمبار نەبن وەك ئەوانەی هیوایان نییە. 14 گەر ئێمە باوەڕمان بەوەکرد کە عیسا مردوو ئینجا زیندووبووەوە، ئەوا باوەڕ دەکەین کە خودا خەوتووانی باوەڕدار بەعیسا بۆ لای خۆی دەبات. 15 ئەوەی خوداوەند ووتوویەتی پێتانی دەڵێین ئەوەش ئەمەیە: ئێمەی هێشتا زیندوو هەتا کاتی گەڕانەوەی خوداوەند، پێش خەوتوان ناکەوین، 16 چونکە خوداوەند خۆی دێتە خوارەوە لە ئاسمان، کاتێ فەرمانی کۆکردنەوە دەدرێتو سەرۆکی فریشتەکان بانگەواز دەکاتو کەڕەنایی خودا فووی پێپادەکرێ، یەکەم جار ئەوانەی لە مەسیح مردوون هەڵدەستنەوە. 17 ئینجا ئێمە، ئەوانەی هێشتا زیندووین هەموومان بەرەو ڕووی خوداوەند دەڕفێنرێین لەهەوردا تا لەئاسمان بەخوداوەند بگەین، ئیتر بەردەوام لەگەڵ خوداوەند دەمێنینەوە. 18 جا بەم ووشانە ووڕەی یەکتری بەرزبکەنەوە.

5

برایان، سەبارەت بەکاتو بەروار پێویست ناکات بۆتان بنووسین، 2 چونکە ئێوە خۆتان باش دەزانن، ڕۆژی گەڕانەوەی خوداوەند وەك هاتنی دزێکە لەشەو. 3 کاتێ خەڵکی دەڵێن: (ئەوا ئاشتیو ئاسایشە!) لەناوچوون وەك ژانی ژنی سکپڕ لەناکاو خۆی دەدات بەسەریان، ئەو کاتەش هەرگیز ناتوانن هەڵبێن.

4 بەڵام ئەی برایان، ئێوە لە تاریکیدا نین هەتا ئەو ڕۆژە لەپڕا وەك دزێك بێتە سەرتان. 5 ئێوە هەمووتان ڕۆڵەی ڕووناکیو ڕۆژن، ئێمە سەربە شەو و تاریکی نین. 6 کەواتە نابێ بخەوین وەك خەڵکی کە، بەڵکو با ئێشکبگرینو بەخەبەربین. 7 چونکە

❖ **سپەر**: بڕوانە ئەفەسۆس 6:14

لەشەو دەخەون ئەوانەی خەویان دێتو سەرخۆش دەبن ئەوانەی لەشەو مەی دەخۆنەوە. [8]بەلأم ئێمەی ڕۆلّەی ڕۆژ بابەخەبەر بین، سپەری* باوەڕو خۆشەویستی لەبەرکەین، کلاوی ئاسنینی هیوای ڕزگاری لەسەر بکەین. [9]چونکە خودا ئێمەی دەست نیشان نەکردووە تا تووڕەیی خۆی بهێنێتە خوارەوە بەسەرمان، بەلّکو دەیەوێ ڕزگاری بەدەست بهێنین بەهۆی عیسای مەسیحی خوداوەندمان، [10]ئەوەی لەپێناوی ئێمەدا مرد، تا گەر بەخەبەر بین یاخود خەوتوو لەگەلّ ئەو بژین. [11] لەبەرئەوە ووڕەی یەکتری بەرز بکەنەوەو یەکتری بنیادبنێن، هەروەك تا ئێستا کردوتانە.

[12]ئەی برایان داواتان لێدەکەین، ڕێزی ئەوانە بگرن کە لەنێوانتان ماندوو دەبن، سەرپەرشتیتان دەکەن لەخوداوەندو سەرزنشتتان دەکەن، [13] جا لەبەر ئەو کارانەیان بەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستییەوە هەلّسوکەوتیان لەگەلّ بکەن. بەئاشتی لەگەلّ یەکتری بژین. [14]بێجگە لەوانە ئەی برایان داواتان لێدەکەین: سەرزەنشتی تەمبەلّەکان بکەن، ووڕەی ترسنۆکەکان بەرزبکەنەوە. یارمەتی لاوازەکان بدەن، ئارامبگرن لەگەلّ هەموو کەسێك، [15]ئاگاداربن پاداشتی خراپە بەخراپە مەدەنەوە، بەلّکو هەمیشە چاکە بکەن لەگەلّ یەکتریو لەگەلّ هەموو خەلّك.

[16]هەمیشە دلّشادبن، [17]بەردەوام نوێژبکەن، [18]بۆ هەموو شتێك دەم بەسوپاسبن، چونکە ئەمانەیە خواستی خودا سەبارەت بە ئێوە لەعیسای مەسیح.

[19]ڕۆح مەکوژێنەوە، [20] بەسووکی سەیری پێشبینی مەکەن، [21]بەلّکو هەموو شتێك تاقیبکەنەوەو چی باشە دەستی پێوە بگرن، [22] لەهەموو جۆرە خراپەیەك دوورکەونەوە.

سلاوی کۆتایی

[23]خودای ئاشتی خۆی هەمووتان بەتەواوی پیرۆز بکاتو ڕۆحو دەروونو لەشتان بپارێزێ، هەتا بێ کەموکوڕی بن لەکاتی گەڕانەوەی عیسای مەسیحی خوداوەندمان. [24] ئەو خوداییەی بانگتان دەکات ڕاستگۆیە بەلّێنی خۆی دەباتەسەر.

[25]ئەی برایان نوێژمان بۆ بکەن.

[26]بـەماچـی پـیرۆز سـلاۆ لەهـەموو
خوشـك‌و بـرایان بکـەن. [27]بـەناوی
خوداوەنـدەوە داواتان لـێدەکەم ئەم
نامەیە بۆ هەموو برایان بخوێننەوە.
[28]بەرەکـەتی عیسـای مەسـیحی
خوداوەندمان لەگەڵتان بێت.

دووهەم نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی تەسالۆنیکی

پۆڵس ئەم نامەیەی نووسی کاتێ زانی باوەڕداران دڵەڕاوکێ دایگرتوون سەبارەت بەڕۆژی هاتنەوەی عیسای مەسیحو هەندێکیان واتێگەیشتوون کە عیسا هاتۆتەوە.

لێرەدا پۆڵس ئەو بیروڕایە ڕاست دەکاتەوە کاتێ دەڵێ ڕۆژی گەڕانەوەی عیسای مەسیح نایەت تاکو خراپەکاریو گەندەڵی نەگاتە ئەوپەڕی، لەو کاتەشدا دژە مەسیح دەردەکەوێ.

هەروەها پۆڵس گرنگی چەسپانی باوەڕداران لەباوەڕ دووپات دەکاتەوە گەر تووشی ناخۆشیو ئازاریش هاتبن، داوایان لێدەکات چاو لەئەو و یاوەرەکەی بکەن، چۆن کار دەکەن بۆ پەیداکردنی نانی خۆیان، هەروەها بەردەوامبن لەکرداری چاك.

1

لە پۆڵسو سیلوانسو تیمۆساوسەوە بۆ کۆمەڵەی باوەڕدارانی تەسالۆنیکی لەخودای باوكو عیسای مەسیحی خوداوەندمان. [2]با بەرەکەتو ئاشتی خودای باوكو عیسای مەسیحی خوداوەند لەگەڵتان بێ.

سوپاسو نوێژکردن

[3]ئەی برایان پێویستە هەموو کاتێ لەپێناوی ئێوەدا سوپاسی خودا بکەین، هەروەك پێویستە، چونکە باوەڕتان زۆر لەپەرەسەندندایە، هەروەها خۆشەویستیتان لەگەڵ یەکتری لەزیاد بوون دایە، [4] تەنانەت ئێمە خۆشمان، لە کۆمەڵەکانی خودا شانازی دەکەین بەباوەڕو بەخۆراگرتنتان بەرامبەر بەو چەوسانەوەو ناخۆشیانەی بەرگەی دەگرن.

[5]ئەمە نیشانەیە بۆ حوکمی دادپەروەرانەی خودا، کە ئێوە شیاوی پادشاهێتی ئەون. ئەوەی لەپێناویدا تووشی ئازاردان بوون. [6] لای خودا شتێکی دادپەروەرانەیە، ئازاری ئەوانە بدات کە ئازارتان دەدەن، [7]لەگەڵ ئێمە حەسانەوە بەئێوەش ببەخشی کە ئێستا

لەناخۆشیدان، کاتێ عیسای خوداوەند لەئاسمان ئاشکرا دەکرێ لەگەڵ فریشتە بەتواناکانی لەئاگرێکی گڕدار، [8] سزای تۆڵە دەدات بەسەر هەموو ئەوانەی خودا ناناسن و گوێرایەڵی مزگێنی عیسای خوداوەند نابن، [9] سزای ئەوانە لەناوچوونی هەتاهەتاییە، دەرکردنیانە لەبەر ڕووی خوداوەندو بێبەش بوونە لەشکۆو توانای ئەو. [10] کاتێ عیسا دەگەڕێتەوە، لەو ڕۆژەدا ستایشی دەکرێ لەلایەن خوشکو برا پیرۆزەکانی، دەبێتە مایەی سەرسوڕمان لەلای ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، چونکە شایەتیمان لای ئێوە باوەڕپێکراو دەبێت.

[11] بۆیە هەموو کاتێك نوێژتان بۆ دەکەین و داوا لەخودا دەکەین تا شایستە بن بۆ بانگەوازەکەی و چی ئارەزووی چاكو کردارێکتان هەیە کە لەباوەڕ سەرچاوە دەگرێ بەتواناوە جێبەجێی بکات. [12] تا ناوی عیسای خوداوەند لەناوتان شکۆدار بێتو ئێوەش شکۆداربن لەئەو بەگوێرەی بەرەکەتی خودامانو عیسای مەسیحی خوداوەند.

ڕۆڵەی یاخیبوو*

2

لەبارەی هاتنەوەی عیسای مەسیحی خوداوەندمانو بوونمان بەیەك لەگەڵ ئەو، شتێك هەیە برایانی خۆشەویست داواتان لێ دەکەین، [2] خێرا بیرتان مەگۆڕنو مەترسن بەهۆی ڕۆحێك یان بیستنی قسەیەك یان پەیامێك خرابێتە پاڵ ئێمە، وا دەرێخات گوایە ڕۆژی خوداوەند هاتووە. [3] بەهیچ شێوەیەك ڕێگا مەدەن بەکەس هەڵتانخەڵەتێنێ، چونکە پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە بێت، دەبێ لەپێشا گومڕایی بلاوبێتەوەو ڕۆڵەی یاخیبوون* دەربکەوێ کە چارەنووسی لەناوچوونە. [4] ئەوەی بەرهەڵستی دەکاتو خۆی بەرزدەکاتەوە بەسەر ئەوەی هەموو خەڵکی پێی دەڵێن خودا یاخود پەرستنو

---

*ڕۆڵەی یاخیبوون: سەرۆکی هێزەکانی خراپەیە لە کۆتایی زەمانە.

گوێرایەڵی خودا. تەنانەت لە پەرستگای خودا دادەنیشێت و هەوڵ دەدات بیسەڵێنێ کەوا ئەو خودایە.
5 لەیادتان نییە من ئەو شتانەم پێ ووتن کاتێ لاتان بووم؟ 6 ئێوە دەزانن چی ناهێڵێ ئەو ڕۆڵە یاخیبووە ئێستا دەربکەوێ، هەتا لەو کاتەی بۆی دیاریکراوە دەربکەوێ. 7 نهێنی ئەو یاخیبوونە ئێستا لەکاردایە، تەنها ئەوەندەی بەسە ئەو بەربەستە لاچێت، 8 ئەوسا ڕۆڵەی یاخیبوون بە ئاشکرا دەردەکەوێ، ئیتر خودا وەندە بەهەناسەیەکی دەمی خۆی لەناوی دەبات و بە دەرکەوتنی شکۆی هاتنەوەی کۆتایی پێ دەهێنێت. 9 دەرکەوتنی ئەو یاخیبووە بەهۆی چالاکی شەیتان دەبێت، هەموو هێزو نیشانەو کاری سەرسوڕهێنەری درۆ و دروستکراوی لەگەڵ دەبێت، 10 هەموو جۆرە فێڵێك بەکار دەهێنێت تا لەناوچووان بخەڵەتێنێت، چونکە ئەوان خوشەویستی ڕاستیان ڕەتکردەوە، ئەوەی ڕزگاری ئەوانی تیادایە. 11 لەبەرئەوە خودا چەواشەی گەورەیان بۆ دەنێرێت، تا باوەڕ بە درۆ بکەن، 12 بەمەش تاوانبار دەکرێن ئەوانەی باوەڕ بەراستی ناکەن، بەڵکو حەز لەخراپە دەکەن.
13 بەڵام ئێمە ئەی برایانی خۆشەویستی خودا وەند، هەموو کاتێ دەبێ سوپاسی خودا بکەین لەپێناوتان، چونکە خودا لەسەرەتاوە ئێوەی هەڵبژاردووە، تا ڕزگارتان بکات بە پاك و پیرۆزکردنی ڕۆح و باوەڕکردنی ڕاستی. 14 بۆ ئەمە خودا بانگی کردوون بەهۆی مژگێنیمان، تاکو بەشتان هەبێ لەشکۆمەندی عیسای مەسیحی خوداوەندمان. 15 کەواتە ئەی برایان چەسپاوبن لەباوەڕ، لەسەر ئەو فێرکردنانە بڕۆن کە لەئێمە وەرتانگرتووە، گەر پێمان ووتبن یان بۆمان نووسی بن.
16 باعیسای مەسیحی خوداوەندمان خۆی لەگەڵ خودای باوکمان، ئەوەی خۆشیویستینو دڵنەوایی و هیوای هەتاهەتایی بە بەرەکەت پێ بەخشین، 17 وورەتان بەرز بکاتەوەو بەهێزتان بکات لەهەموو قسەو کردارێکی چاك.

داوای نوێژکردن

3

لەکۆتاییدا ئەی برایان، نوێژمان بۆ بکەن، لێرەش ووشەی خوداوەند ڕێچکەی خۆی وەرگرێ و شکۆدار بێت وەك لای ئێوە. [2]هەروەها بمانپارێزێت لەمرۆڤی بەدو خراپ، چونکە باوەڕهێنان بەشی هەموو کەس نییە. [3]بەڵام خوداوەند پشتی پێ دەبەستێ، بەهێزتان دەکات و دەتانپارێزێ لەخراپە. [4]بەهۆی خوداوەند باوەڕمان پێتان هەیە ئەوەی ڕامانسپاردوون کارتان پێ کردووە و کاری پێدەکەن. [5] با خوداوەند خۆشەویستی خوداو ئارامگرتنی مەسیحتان بخاتە دڵ.

ئاگاداری بۆ تەمبەڵەکان

[6]ئەی برایان بەناوی عیسای مەسیحی خوداوەندمان فەرمانتان پێ دەدەین، دووربکەونەوە لەو خوشك و برایانەی بەتەمبەڵی دەژین، بەپێچەوانەی ئەو فێرکردنانەی لەئێمە وەریانگرتووە. [7]ئێوە باش دەزانن چۆن دەبێ ئێمە بکەن بەغوونە بۆ خۆتان، چونکە ئێمە تەمبەڵ نەبووین کاتێ لەناوتان بووین، [8]هیچ نانێکمان بەخۆڕایی لای کەس نەخواردووە، بەڵکو شەو و ڕۆژ ڕەنجمانداوەو ماندووبووین تا نەبین بەقورسایی بەسەر کەستان. [9]ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ مافی ئەوەمان نییە، بەڵکو بۆ ئەوەی خۆمان بکەین بەغوونە بۆتان تا لەسەر ڕێگای ئێمە بڕۆن. [10]کاتێ لەناوتان بووین ئەم ڕاسپاردەیەمان پێتاندەاوە: (ئەوەی کار نەکات ناخوات.)

[11]چونکە بیستوومانە هەندێك لەناوتان بەتەمبەڵی دەژین و هیچ کارێك ناکەن، دەست لەکاروباری خەڵکی وەردەدەن. [12]ئەوانە بەناوی عیسای مەسیحی خوداوەند فەرمانیان پێ دەدەین و ئاگاداریان دەکەینەوە، بەبێدەنگی کار بکەن و نانی خۆیان پەیدا بکەن. [13]جا ئەی برایان ماندوو مەبن لەکاری چاکە.

[14]گەر یەکێك لەناوتان گوێڕایەڵ نەبوو بۆ ئەو ووشانەی لەم نامەیە دایە، ئاگاداری بن و پەیوەندی لەگەڵ مەبەستن تا شەرمەزار بێت. [15]بەڵام وەك دوژمن سەیری مەکەن، بەڵکو ڕێی نیشانبدەن و ئاگاداری بکەنەوە وەك برایەك.

سلاوی کۆتایی

16 ئێستا داوا لەخوداوەندی ئاشتی دەکەم لەهەموو کاتو بارودۆخێك ئاشتی خۆی ببەخشێ پێتان. خوداوەند لەگەڵ هەموتان بێت.

17 من پۆڵسم ئەم سلاوانە بەخەتی خۆم دەنووسم، ئەمەش نیشانەیەکی دیارە، لەهەموو نامەیەکی من دەریدەخات نووسینی منە. 18 بەرەکەتی عیسای مەسیحی خوداوەندمان لەگەڵ هەموتان بێت.

یەکەم نامەی پۆڵس بۆ تیمۆساوس

تیمۆساوس لە لەسترە لەدایکبووە کە کەوتۆتە وولاتی لیقۆنەی ئاسیای بچووک، لەدایکێکی جوولەکەو باوکێکی یۆنانی. کاتێ پۆڵس گەڕایەوە لەسترە تیمۆساوسی کردە هاوڕێو یارمەتیدەری خۆی، کە بینی باوەڕدارەکانی ئەوێ بەچاکە باسی دەکەن.

نامەی یەکەمی پۆڵس بۆ تیمۆساوس پێش هەموو شتێك ئاگادارکردنەوەیە لەبارەبوونەوەی فێرکردنی چەواشە لەنێوان باوەڕداران. هەروەها ئەم نامەیە هەندێ ڕاسپاردەی جیاجیای پۆڵسی تیادایە بۆ تیمۆساوس دەربارەی بەباشی بەڕێوەبردنی کۆمەڵی باوەڕدارانی ئەفەسۆس و ئەو مەرجانەی پێویستە لەچاودێرانو خزمەتکاران بێ. هەروەها ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە ئەستۆی تیمۆساوس سەبارەت بەباوەڕداران.

1

لەپۆڵسەوە نێراوی عیسای مەسیح بەفەرمانی خودای ڕزگارکەرمانو عیسای مەسیح کە هیوامانە، [2]بۆ تیمۆساوس ڕۆڵەی ڕاستەقینەم لەباوەڕ. با بەرەکەتو بەزەیی و ئاشتی خودای باوك و عیسای مەسیحی خوداوەند لەگەڵت بێت.

مەترسی فێرکردنی خراپ

[3]کاتێ بۆ ناوچەی مەکدۆنیا چووم، داوام لێکردی لەشاری ئەفەسۆس بمێنیتەوە، تا لەوێ ئەوانە ڕاسپێری کە خەڵکی فێری فێرکردنێك دەکەن لەگەڵ فێرکردنی ئێمە ناگونجێتو [4]گوێنەدەن بەشتی ئەفسانەو باسی ڕەچەڵەك کە کۆتایی نییە، چونکە ئەو شتانە دەبێتە هۆی دەمەقاڵێو ناکۆکی، نایەڵێ خواستی خودا پێشبکەوێت ئەوەی لەباوەڕە. [5]مەبەستی ئەم ڕاسپاردەیە خۆشەویستییە لەدڵێکی پاك و ویژدانێکی چاك و باوەڕێکی بێ دووڕوویی هەڵقوواڵ بێ. [6]هەندێ کەس ڕوویان وەرگێڕاوە لەم شتانە، لایان باشترە ڕووبکەنە قسەی هیچو پووچ، [7]ئەوانە دەیانەوێ ببن بە مامۆستای شەریعەت، هەرچەندە ئەوەی دەیڵێنو بڕیاری بۆ دەدەن تێناگەن.

[8]ئێمە دەزانین شەریعەت خۆی شتێکی چاکە، گەر یەکێك بەڕاستی وەك شەریعەت بەکاری بهێنێت و [9] بزانێ شەریعەت بۆ مرۆڤی ڕاستودروست دانەنراوە، بەڵکو بۆ بەدکارانو یاخیبووان، خودانەناسانو گوناهباران، پیس و گلاوەکان، دایکوباوك کوژان، خوێن ڕێژەکان، [10]بۆ داوێنپیسانو هەتیوبازان، ڕفێنەری خەڵکی، درۆزنو سوێندخۆرانی بەدرۆ، ئەوانەی دژی فێرکردنی ڕاستن، [11] ئەوەی لەگەڵ مزگێنی شکۆداری خودای پیرۆز ڕێك دەکەوێ، ئەوەی خودا بە متمانە پێی بەخشیووم.

سوپاسکردن بۆ بەزەیی خودا

[12]سوپاسی عیسای مەسیحی خوداوەندمان دەکەم کە هێزی پێم بەخشیووەو کردوومی بەجێگەی بڕوای خۆی، دەستنیشانی کردم بۆ خزمەتکردنی. [13]هەرچەندە جاران کفرم بەرامبەر کردووەو چەوساندومەوەو جنێوم پێداوە. بەڵام بەزەیی پێمهاتەوە، چونکە بە نەزانی و بێ باوەڕی ئەو کارانەم کردبوو، [14] لەگەڵ ئەوەش خوداوەند بەڕەکەتی خۆی بەسەرمدا ڕژاند لەگەڵ باوەڕو خۆشەویستی ئەوەی لەعیسای مەسیحدایە.

[15]بێگومان ئەم قسەیە ڕاستەو شایانی قبوڵکردنە: (عیسای مەسیح هاتووە بۆ جیهان بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران)، کە من یەکەمیانم. [16] هەر لەبەرئەوە بوو خودا بەزەیی پێمداهاتەوە، تا یەکەمجار لەمن دەرکەوێ عیسای مەسیح چەند ئارامیگرتوو، هەروەها من بکات بە نموونەیەك بۆ ئەوانەی باوەڕی پێدەهێنن بۆ بەدەستهێنانی ژیانی هەتاهەتایی. [17]بۆ پادشای زەمانەکان، نەفەوتاو و نەبینراوە، خودای تاك تەنیا، ڕێزدارو شکۆدار بێت تاهەتایە! ئامین.

[18]کوڕم تیمۆساوس، ئەم ڕاسپاردانەت پێدەسپێرم، بەپێی ئەو پێشبینیانەی لەزووەوە دەربارەی تۆ ووتراوە، تاوەکو بەهۆی بەدواچوونی ئەوانەوە بتوانی باش تێبکۆشی لە جەنگی ڕۆحیدا، [19]ئەمەش بە باوەڕی بەهێزو ویژدانی چاك دەبێت کە هەندێکیان ڕەتیان کردۆتەوە، بەمەش کەشتی باوەڕیان تێکشکا. [20]لەوانە هیمینایۆس و ئەسکەندەر، جا ئەوانم

دایە دەستی شەیتان، تا هۆشیان بەخۆیان بێتەوەو کفر نەکەن.

نوێژکردن بە کۆمەڵ
2

لەپێش هەموو شتێك داوا دەکەم، داخوازی بەکولّتان بەرزبکەنەوە بۆ لای خوداو نوێژی بۆ بکەنو لێی بپارێنەوەو سوپاسی بکەن بۆ هەموو خەلّکی، [2]هەروەها بۆ پادشاو دەسەلاّتدارەکان، تا بە هێمنی‌و ئاشتی بژین بە خوداترسی‌و ڕێزەوە. [3]ئەمەش شتێکی چاکو پەسەندکراوە لای خودای ڕزگارکەرمان، [4]ئەوەی دەیەوێ هەموو خەلّکی ڕزگاریان بێتو بۆ ڕاستی ناسین بێن. [5]چونکە هەر یەك خودا هەیەو یەك پەیوەندی‌ڕێکخەر هەیە لەنێوان خوداو مرۆڤدا، ئەویش عیسای مەسیحی مرۆڤە. [6]ئەوەی خۆی بەخت‌کرد وەك کەفارەت بۆ هەمووان، شایەتی ئەمەش لەکاتی خۆی بوو، [7]خودا منی کردووە بە مزگێنی‌دەرو نێرراوی خۆی بۆ ئەمە. من ڕاستیتان پێ دەڵێمو درۆ ناکەم، فێرکەری باوەڕو ڕاستیم بۆ گەلان.

[8]دەمەوێ پیاوان لەهەموو شوێنێك نوێژ بکەن، دەستی پاکیان بەرزبکەنەوە بێ تووڕەیی‌و ناکۆکی.

[9]ژنانیش با خۆیان بە جلێك بڕازێننەوە ڕێزو ئابڕووی تیابێت، نەك خۆیان برازێننەوە بە پرچی ئەگریجەکراو و بەزێرو مرواری‌و جلی گرانبەهاوە، [10]بەڵکو بە کرداری چاك شایانی ژنێکی لەخواترس بێت.

[11]ژن دەبێت بە بێدەنگی‌و ملکەچی فێر بێت. [12]من ڕێگا نادەم بەژن خەڵکی فێربکاتو زاڵ بێت بەسەر پیاو، بەڵکو دەبێت بێدەنگ بێت، [13]چونکە خودا یەکەمجار ئادەمی دروست‌کرد ئینجا حەوا، [14] هەروەها ئادەم نەبوو هەڵخەڵەتا، بەڵکو ژن بوو هەڵخەڵەتاو کەوتە گوناهەوە. [15]بەڵام ژن بە منداڵبوون ڕزگاری دەبێت گەر لەسەر خۆشەویستی‌و باوەڕو پیرۆزی‌و ڕەفتار جوانی بەردەوام بێت.

مەرجەکانی چاودێر
3

ئەم ووشەیە ڕاستە: کێ بیەوێ ببێ بەچاودێر، ئەوە دەیەوێ کارێکی چاك بکات. [2]چاودێر دەبێ بێ

کەمەوکورِی بێت، یەك ژنی هەبێت، ژیرو ووریا بێت، بەئابڕوو و بەڕێز بێت، میوانداری نامۆ بکات، بتوانێ خەڵکی فێر بکات، [3]سەرخۆش و شەڕفرۆش نەبێت، بەڵکو زمانشیرین بێت، حەزی لەناکۆکی نەبێت، چاوی لە پارە نەبێت، [4]خێزانەکەی بەباشی بەڕێوە بەبات، مندالّی ملکەچو بەڕێز بن. [5]گەر یەکێك نەتوانێ بەباشی خێزانەکەی بەڕێوە بەبات، ئیتر چۆن دەتوانێت بایەخ بەکۆمەڵی خودا بدات؟ [6]چاودێر دەبێ تازە نەبێت لەباوەڕ، تا تووشی لووتبەرزی و ئەو سزایە نەبێت کە بەسەر شەیتان دراوە، [7]دەبێت ناوبانگی باش بێت لای ئەوانەی لەدەرەوەن، تاوەکو قسەی نەیەتەسەرو بکەوێتە داوی شەیتان.

مەرجەکانی خزمەتکار

[8]هەروەها خزمەتکاران دەبێ بەڕێز بن، دوو زمان نەبن، سەرخۆش نەبن، هەوڵی بە دەستهێنانی دەستکەوتی حەرام نەدەن، [9]دەبێ بە ویژدانێکی پاك دەست بە نهێنی باوەڕەوە بگرن، [10]یەکەمجار دەبێت تاقیبکرێنەوە، کە دەرکەوت بێ کەمەوکورِی، ئینجا بۆیان هەیە دەستبکەن بەکاری خۆیان وەك خزمەتکار.

[11]هەروەها ژنەکانیشیان دەبێ بەڕێز بن، بوختانکەر نەبن، بەڵکو ژیرو ووریابن، سەرڕاستو پاك بن لەهەموو شتێك. [12]ئەو خزمەتکارانە تەنها دەبێ یەك ژنیان هەبێ، بەباشی مامۆ مندالّیان بەڕێوەببەن، [13] چونکە ئەو خزمەتکارانەی بەڕێك و پێکی بەکاری خۆیان هەڵدەستن، ناوبانگی باش و متمانەیەکی مەزن لەباوەڕیان بەعیسای مەسیح بەدەست دەهێنن.

مەزنترین نهێنی

[14]من هەموو ئەو شتانەم بۆ نووسیوی، هەرچەندە هیوادارم [15] ماوەیەکی کەم خۆم بێم بۆ لات، بەڵام گەر نەمتوانی بێم بۆ لات، خۆت دەزانی چۆن ڕەفتار دەکەیت لەماڵی خودا، واتە کۆمەڵی خودای زیندوو، کە کۆڵەکەو بناغەی ڕاستییە. [16]هیچ گومانی تیادا نییە، ئیمە نهێنی خواترسی ڕادەگەیێنین:

(ئەو لەشێوەی لەش دەرکەوت،
ڕۆحی پیرۆز شایەتی

ڕاستییەکەیدا،
لەلایەن فریشتەکان بینرا،
لەنێو گەلان مزگێنی پێدرا،
لەجیهان باوەڕی پێکرا،
بەرزکرایەوە بۆ شکۆداری.)

فێرکەرانی دووڕوو و درۆزن

4 ڕۆحی پیرۆز بەڕوونو ئاشکرا پێمان دەڵێ، لە کۆتایی زەمانە هەندێ کەس لەباوەڕیان هەڵدەگەڕێنەوە، شوێنی ڕۆحی چەواشەو فێرکردەکانی شەیتان دەکەون، [2]هی ئەوانەی دووڕوو و درۆزن، ویژدانیان داخکراوەو مردووە، [3] ئەوانە ڕێگای ژنهێنانو شووکردن لەخەڵکی دەگرن، هەروەها جۆرەها خواردن کە خودا دروستی کردووە تا بەسوپاسەوە لەگەڵ باوەڕدارانو ئەوانەی ڕاستییان ناسیووە بخۆرێ، ئەوانە قەدەغەی دەکەن. [4]هەموو ئەو شتانەی خودا دروستیکردووە چاکە، هیچی خراپی تێدا نییە گەر مرۆڤ بەسوپاسەوە وەریگرێت، [5] چونکە هەموو ئەو شتانە بەهۆی ووشەی خوداو نوێژەوە پیرۆز دەبێت.

خزمەتکاری باشی مەسیح

[6]گەر تۆ ئەم شتانە وا بەبیری خوشکو برایان بخەیتەوە، ئەوا دەبیت بەخزمەتکارێکی باشی عیسای مەسیح، لەسەر ووشەی باوەڕو فێرکردنی ڕاست دەڕۆیت، ئەوەی تۆ شوێنی کەوتووی. [7]خۆت دووربخەوە لەخوانەناسو ئەفسانەی هیچو پووچ، خۆت ڕابهێنە لەسەر خواترسی. [8] وەرزشی لەش بۆ هەندێ شت باشە، بەڵام خواترسی بۆ هەموو شتێك باشە، چونکە بەڵێنی ژیانی ئێستاو داهاتووی تێدایە.

[9]ئەم ووتەیە ڕاستەو شایانی قبوڵ کردنی تەواوە. [10]ئێمە بۆ ئەوە ماندوو دەبینو تێدەکۆشین، چونکە هیوامان بە خودای زیندووە، ئەوەی ڕزگارکەری هەموو خەڵکە بەتایبەتی باوەڕداران.

[11]بەم شتانە خەڵکی فێر بکەو ڕایانسپێرە. [12]ڕێگا بەکەس مەدە گاڵتە بەگەنجێتیت بکات، بەڵکو ببە بەنموونە بۆ باوەڕداران لەقسەو هەڵسوکەوت، لەخۆشەویستیو باوەڕو پاکیت. [13]تا کاتی هاتنم لەسەر خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەردەوامبە، هەروەها لەسەر

ووتاردانو فێرکردنیان. [14]ئەو بەهرەیەی هەتە پشتگوێی مەخە، ئەوەی بە وەحی وەرتگرتووە کاتێ پیران دەستیان خستە سەرت.

[15]بایەخ بەم شتە بدە، هەموو توانای خۆتی تیادا بەکار بهێنە تا پێشکەوتنت دەربکەوێ لەهەموو شتێك بۆ هەموو خەڵکی. [16]باش ئاگاداری خۆتو فێرکردنتبە، بەردەوامبە لەسەر ئەوە، چونکە گەر ئەمەتکرد خۆتو گوێگرانیشت رزگاریان دەبێت.

شێوەی هەڵسوکەوتی باوەڕداران

5

بەڕەقی هەڵسوکەوت لەگەڵ پیاوی بەتەمەن مەکە، بەڵکو وەك باوکی خۆت بەنەرمونیانی ووردەیبەرز بکەوە، لەگەڵ گەنجان وەك برای خۆت، [2]هەروەها لەگەڵ پیرێژنان وەك دایکی خۆت، لەگەڵ کچان وەك خوشکی خۆت بە پاکی.

دەربارەی بێوەژنان

[3]رێز لەو بێوەژنانە بگرە کە بەڕاستی بێوەژنن. [4]جا گەر بێوەژنێك منداڵو وەچەی هەبێت، با فێربن یەکەم ئەرکی سەرشانیان ئەوەیە چاکە بکەن لەگەڵ کەسوکاریانو پاداشتی دایكو باوکیان بدەنەوە، چونکە ئەمە پەسەندکراوە لای خودا. [5]بێوەژنی ڕاستەقینە ئەوەیە کەسی نییە بەخێوی بکات، هەموو هیوایەکی خودایە، شەو و ڕۆژ نوێژی بۆ دەکاتو لێی‌دەپاڕێتەوە. [6]بەڵام ئەو بێوەژنەی خۆی داوەتە دەستی خۆشی ژیان، ئەوە مردووە هەرچەندە زیندووش بێت. [7]جا ئەم شتانەیان پێ ڕاسپێرە تادوایی بێ کەموکوڕی بن. [8]کێ نایەوێ بایەخ بەکەسوکاری بدات بەتایبەتی بەئەندامانی خێزانەکەی، ئەوە باوەڕی ڕەتکردووەتەوو خراپتڕە لە بێ باوەڕان.

[9]بێوەژن کاتێ لە لیستەی بێوەژنان ناوی دەنووسرێت کە بەلایەنی کەمەوە تەمەنی شەست ساڵ بێتو یەك مێردی هەبوو بێت. [10] ناسراو بێت بەوەی کاری چاکەی کردووە، منداڵەکانی بەباشی بەخێوکردووە، میوانداری خەڵکی کردووە، پێی خوشکو برا پیرۆزەکانی شتووە، یارمەتی لێقەوماوانی داوە، بە هەموو کارێکی چاك هەستاوە.

[11]بـــــێوەژنانی گـــــــەنج
ڕەتدەکرێنەوە لەم لیستەیە، چونکە
گـــەر ئارەزووەکانـــیان لەمەســـیح
دووریـان بخاتـەوە، حەز دەکەن شوو
بکەنـەوە. [12]ئیـنجا تاوانبار دەکرێن،
چونکە بەڵێنی یەکەمیان شکاندووە.
[13]بێجگـە لەمـەش فـێری بێئیشی و
ماڵەو ماڵکردن دەبن، هەروەها فێری
زۆر قســەکردنو خۆخســتنە نــاو
کاروباری خەڵک دەبن، باسی شتێك
دەکـەن پـەیوەندی بـەوان نیـیە. [14]
کەواتـە بـا بـێوەژنانی گـەنج شـوو
بکەنـــەوە، تـــا منداڵـــیان ببێـــت،
کاروبـاری مالـێ خۆیان بەڕێوەببەن،
ڕێگا بەدوژمن نەدەن قسەیان پێبڵێن.
[15]ئەمـــەش بەڕاســـتی لەبەرئـــەوەی
هەندێکـیان لـەڕێ دەرچوونو دوای
شەیتان کەوتوون.
[16]گـەر یەکـێك لـەکەسـوکاری
بـاوەڕداران بـێوەژن بـوو، پێویسـتە
لەســەریان یارمــەتیبــدەن، تــا نەبێت
بـەبار بەســەر کۆمەڵی باوەڕداران بۆ
ئـەوەی کۆمەڵە بتوانێ یارمەتی ئەوانە
بدات کە بەڕاستی بێوەژنن.

پیرانی کۆمەڵە

[17]ئـــەو پیرانـــەی بـــەباشـــی
بەڕێوەبەرایـــەتی دەکـــەن، شـــایانی
ڕێـزێکی زۆرن، بـە تایبـەتی ئەوانەی
ماندوو دەبن لەووشەو فێرکردن. [18]
چونکە کتێبی پیرۆز دەڵێ: {دەمی گا
لـــەکاتی ئالـــیك خـــواردن مەگـــرە}،
هەروەها دەڵێ: {کرێکار مافی کرێی
خۆی هەیە.} [19]ڕازی مەبە بەشکاتێك
دژی پیران بکرێت، تەنها مەگەر دوو
یان سێ کەس شایەتی بۆ ئەوە بدەن.
[20]گەر دەرکەوت ئەو کەسە بەڕاستی
هەڵـەی کردووە، لەبەردەم هەمووان
سەرزەنشـتی بکـە، تـا ئـەوانی دیکە
بترسن.
[21]داوات لـێدەکـەم لەبـەردەم
خـــوداو عیســـای مەســـیحو فریشـــتە
هەڵـــبژێراوەکانی، لەســـەر ئـــەم
ڕاسپاردانە برۆیت، بـێ جیاوازیو
لایـــەنگیری، لەهـــەر شـــتێك کـــە
دەیکەیت.
[22]بەپەلـــە دەســـت مەخـــە ســـەر
کـەس، بەشداری لەگوناهی خەڵکی
دیکە مەکە، خۆت بەپاکی ڕابگرە.
[23]لەمـەولا تـەنها ئـاو مـەخۆوە،
بـەڵکو تۆزێ شەرابیش لەبەر گەدەو
ئەو نەخۆشیە زۆرانەی هەتە.
[24]هـــەندێ کـــەس پـــێش ڕۆژی
لـــێپرســـینەوە گوناهەکانیان ئاشکرایە

بەرەو حوکمدان دەڕوات، هەندێکی دیکە گوناهەکانیان دواتر دەردەکەوێ. [25]بەهەمان شێوە کرداری چاکیش ئاشکرا دەبێ، تەنانەت ئەوانەی ئاشکراش نین ناتوانرێ بەشاراوەیی بمێنێتەوە.

مەسەلەی کۆیلە

6

با هەموو ئەوانەی لەژێر نیری کۆیلایەتین، ئەوپەڕی ڕێز لەگەورەکانیان بگرن، تا قسەی خراپ نەخرێتە پاڵ ناوی خوداو فێرکردنەکەی. [2]ئەوانەی گەورەکانیان باوەڕدارە نابێ بەسووکی سەیریان بکەن، چونکە بران لەباوەڕ، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێ بەملکەچی خزمەتیان بکەن، چونکە ئەوانەی خزمەتیان دەکەن باوەڕدارو خۆشەویستن. جا هەمووان فێری ئەم شتانە بکەو ئاگاداریان بکەوە.

خۆشەویستی پارە

[3]گەر یەکێك فێرکردنیکی تری فێرکرد کە نەگونجێت لەگەڵ ووشەی ڕاستی عیسای مەسیحی خوداوەندمانو لەگەڵ ئەو فێرکردنەی لەسەر خوداترسی وەستاوە. [4]ئەوە یەکێکە لووتبەرزی کوێری کردووەو هیچ شتێك تێناگات، حەز لەشەڕەقسەو دەمدەمانێ دەکات کە دەبێتە هۆی چاوپیسی، ململانێ، جنێو، بیری خراپو [5]جۆرەها ناکۆکی، ئەمانەش ئەو کەسانە دەیکەن کە بیریان خراپ بووەو ڕاستییان وونکردووە، خواترسی بەبازرگانی دادەنێن.

[6]ڕاستە خواترسی گەر بەقەناعەتەوە بێت قازانجێکی گەورەیە، [7]چونکە هیچمان نەهێناوە بۆ جیهان، ئاشکرایە ناتوانین هیچیشی لێببەینە دەرەوە. [8]جا گەر خواردنو بەرگمان هەبوو با پێی ڕازیبین. [9]بەڵام ئەوانەی حەز دەکەن دەوڵەمەند بن، دەکەونە تاقیکردنەوەو داو، هەروەها دەکەونە زۆر ئارەزووی کوێرانەی زیانبەخش کەوا دەکات مرۆڤ تێبکەوێت و لەناوبچێ. [10]چونکە خۆشەویستی پارە سەرچاوەی هەموو خراپەیەکە، گەر خەڵکی بەدوایدا بگەڕێن وونبون لەباوەڕیانو خۆیان تووشی

ئازارێکی زۆر دەکەن.

تێکۆشانی باوەڕ

[11]بەڵام تۆ، ئەی پیاوی خودا لەم شتانە دووربکەوە، شوێنی ڕاستودروستی و لەخواترسی و باوەڕ، خۆشەویستی و ئارامگرتن و زمان شیرینی بکەوە. [12]تێکۆشانێکی باش تێبکۆشە لەباوەڕدا، دەست بەژیانی هەتاهەتاییەوە بگرە، ئەوەی خودا بانگی کردووی بۆی، کاتێ زۆر باش دانتپیاناوە لەبەردەم شایەتی زۆر. [13]ڕاتدەسپێرم لەبەردەم ئەو خودایەی ژیان بە هەموان دەدات و لەبەردەم عیسای مەسیح، ئەوەی باشترین شایەتیدا لەلای پیلاتۆسی پونتی، [14]کەوا لەسەر ئەو ڕاسپاردانە بڕۆیت بەپاکی و بێکەموکوڕی هەتا ڕۆژی دەرکەوتنی عیسای مەسیحی خوداوەندمان. [15]ئەوەی خودا لەکاتی دیاریکراو دەریدەخات، پیرۆزو تاقە سەرۆك، پادشای پادشایان، گەورەی گەورەکان، [16] تەنها ئەو نەمرە، لەڕووناکی نیشتەجێیەو کەس لێی نزیك نابێتەوە، ئەوەی کەس نەیبینیوەو ناتوانێ ببینێت، بۆ ئەوە ڕێزو توانای هەتاهەتایی! ئامین.

[17]دەوڵەمەندەکانی ئەم جیهانە ڕاسپێرە لووتبەرز نەبن و هیوایان بەسامانی لەناوچوو نەبێت، بەڵکو بەخودا کە هەموو شتێکمان بەتێروپڕی دەداتێ هەتا خۆشی لێببینین. [18]با چاکە بکەن و لەکاری چاکە دەوڵەمەند بن، لەبەخشین دڵفراوان بن، ئامادەبن بەشی خەڵکیتر لەسامانیان بدەن، [19]بەم شێوەیە گەنجینەو بناغەیەکی چاك بۆ دواڕۆژ دادەنێن و ژیانی ڕاستەقینە بەدەست دەهێنن.

[20]تیمۆساوسی خۆشەویست، بەباشی پارێزگاری ئەو شتە بکە کە خودا داویەتی پێت، خۆت دووربخەوە لەهەموو ووتەیەکی هیچو پووچ و لەو ووتە بێکەڵکانەی خەڵکی ناویاننناوە زانست، [21]جا هەندێك هەن باوەڕیان لەدەستچووە، چونکە دوای ئەو زانستە کەوتوون.

بەرەکەتتان لەگەڵ بێت.

دووەم نامەی پۆڵس بۆ تیمۆساوس

ئەم نامەیە هەندێ ڕاسپاردەی تایبەتی پۆڵسی تێدایە بۆ تیمۆساوس، مەبەستە سەرەکیەکەی ئەوەیە، پێویستە پارێزگاری لەپەیامی مزگێنی بکات، وەك چۆن خۆی پارێزگاری کردووە. پۆڵس تیمۆساوسی یارمەتیدەری هاندەدا بۆ ئەوەی بەئەرکی خۆی هەستێ وەك مامۆستاو مزگێنیدەر سەرەڕای ئازارو ناخۆشی زۆر، هەروەها ئاگاداری دەکاتەوە لەمەترسی مامۆستا درۆزنەکانو بیروڕا تاریكو خراپەکانیان، چونکە ئەوەی گوێیان لێبگرێ ژیانی تێکدەچێ.

لەهەموو ئەمانەشدا پۆڵس ئەوە بەیادی تیمۆساوس دەهێنێتەوە کە ژیانی چۆن بووەو چۆن ئەو نمونەی باوەڕو ئارامگرتنو خۆشەویستی و چالاکیو بەرگەگرتن بووە لەئازاری چەوسانەوە، چونکە بەهۆی ڕۆحی پیرۆز دەیزانی کاتی ئەوە هاتووە بچێتە لای خودای خۆی، بۆیە ئەم شتانە وەك دوا ڕاسپاردە، دەیهێنایەوە یادی.

1

لەپۆڵسەوە ئەوەی لەسەر خواستی خودا نێڕراوی عیسای مەسیحە لەپێناوی بەڵێنی ژیان کە لەعیسای مەسیح دایە، [2]بۆ کوڕی خۆشەویستم تیمۆساوس، با بەرەکەتو بەزەییو ئاشتی خودای باوکو عیسای مەسیحی خوداوەندمان لەگەڵت بێ.

هاندان بۆ ئازار چەشتن

[3]سوپاسی خودا دەکەم ئەوەی بەویژدانێکی پاك دەیپەرستم هەروەك باپیرانم پەرستوویانە، کاتێ بە شەو و ڕۆژ لەنوێژەکانم یادت دەکەم، [4]کاتێ یادی فرمێسکەکانت دەکەمەوە زیاتر ئارەزووی بینینت دەکەم تا دڵخۆش‌بم. [5]هەروەها یادی باوەڕی ڕاستت دەکەم، ئەوەی یەکەمجار لەدڵی لوئیسی دایەگەورەتو ئەفنیکی دایکت بوو، من دڵنیام لەدڵی تۆشدایە. [6]لەبەرئەوە ئەو بەهرەیەی خودا کە تیاتدایە بەبیرت دەهێنمەوە هەڵیگیرسێنی، ئەوەی وەرتگرت کاتێ دەستم خستە سەرت. [7]چونکە خودا ڕۆحی ترسی

بەئێمە نەداوە، بەڵکو ڕۆحی هێزو خۆشەویستیو خۆڕاگری.
[8]بۆیە شەرمت بەوە نەبێ شایەتی بۆ خوداوەندمان بدەیت، هەروەها شەرمت بەمن نەبێ کە ئێستا لەپێناوی ئەودا بەندکراوم، بەڵکو بەشداری ئازار بکە بۆ مزگێنی، لەوەش پشت بەهێزی خودا ببەستە.
[9]ئەوەی ڕزگاری کردینو بانگی کردین بەبانگەوازێکی پیرۆز، ئەمەش بەهۆی کردارمان نەبوو، بەڵکو ئەوە خواستو بەرەکەتی خودایە بۆ ئێمە کە لەسەرەتاوە بەهۆی عیسای مەسیحەوە داویەتی پێمان، [10]ئێستا ئاشکرا بوو بەدەرکەوتنی عیسای مەسیحی ڕزگارکەرمان، ئەوەی مردنی لەناوبردو ڕووناکی خستە سەر ژیانو نەمری بەهۆی مزگێنیەوە، [11]ئەو مزگێنیەی من بۆی بووم بە ووتاردەرو نێڕراو و مامۆستا. [12]لەپێناوی ئەوە ئێستا ئەم ئازارانە دەچێژم، بەڵام شەرمی پێوە ناکەم، چونکە دەزانم باوەڕم بەکێ هەیە، دڵنیام خودا دەتوانێ پارێزگاری ئەو شتەم بۆ بکات کەوا بۆی داناوم تا ئەو ڕۆژە.

ئەوەی لات دانراوە بپپارێزە

[13]دەست بەو ووشە ڕاستانە بگرە کە لەمنەوە بیستووتە، بەو باوەڕو خۆشەویستیەی لەعیسای مەسیح دایە. [14]ئەو شتە چاکەی لای تۆ دانراوە، پارێزگاری بکە بەڕۆحی پیرۆز کە لەئێمە دایە.
[15]تۆ دەزانی هەموو ئەوانەی لەناوچەی ئاسیان وازیان لێ هێنام، لەوانە فیجلۆسو هرمۆجینیس.
[16]خودا بەزەیی بەخێزانی ئونیسیفورس بێتەوە، چونکە زۆرجار ووڕەی بەرزکردومەوەو یارمەتیداوم، شەرمی نەکردووە بە کۆتو زنجیرم. [17]بەڵکو کاتێ هات بۆ ڕۆما زۆر بەدوامدا گەڕا تا منی دۆزیەوە. [18]داواکارم لەڕۆژی لێپرسینەوە خوداوەند بەزەیی پیابێتەوە، تۆ باش دەزانیت کاتێ لەئەفەسۆس بووم ئەو چەند خزمەتی کردم.

بەشداری ئازار بکە

2

تۆ ئەی کوڕی خۆم، بەهێزبە بەو بەرەکەتەی لەعیسای مەسیحدایە. [2]هەروەها ئەوەی لەمنەوە بیستووتە

لەبەردەم چەندەها شایەت، بیدە بەو کەسانەی پشتیان پێدەبەستڕێ
توانای ئەوەیان هەیە خەڵکی تر فێر
بکەن. [3]بەشداری ئازار بکە وەك
سەربازێکی چاك بۆ عیسای مەسیح.
[4]سەربازێك بیەوێ سەرۆکەکەی
ڕازی بکات، خۆی خەریك ناکات
بەکاروباری ژیانی ڕۆژانە. [5]یاریزان
هەرگیز پاداشتی سەرکەوتن
وەرناگرێ گەر پێشبڕکێ بەگوێرەی
یاسای یاریەکە نەبێت. [6]هەروەها ئەو
جوتیارەی ماندوو دەبێ یەکەم
کەس بێت بەشی خۆی وەرگرێ لە
بەروبووم‌دا. [7]بیرکەوە لەوەی
دەیڵێم، خوداوەند یارمەتیت دەدات
لەهەموو شتێك تێبگەیت.
[8]یادی عیسای مەسیح بکە،
ئەوەی لەنێو مردووان هەستایەوە،
لەنەوەی داود بوو بەگوێرەی مزگێنی
من، [9]ئەوەی لەپێناوی‌دا ئازار
دەچێژم وکۆت‌کراوم وەك
تاوانبارێك، بەڵام ووشەی خودا
بەزنجیر نابەستڕێتەوە. [10]لەبەرئەوە
بەرگەی هەموو شتێك دەگرم،
لەپێناوی ئەوانەی خودا هەڵبژاردن،
تا ئەوانیش ڕزگاری‌و شکۆمەندی
هەتاهەتایی بەدەستبهێنن کە بەهۆی
عیسای مەسیحە.
[11]ئەمە بەدڵنیایی ڕاستە:
(گەر لەگەڵ مەسیح بمرین،
لەگەڵ ئەو دەژین،
[12]گەر لەپێناوی‌دا دانبگرین،
لەگەڵی فەرمانڕەوایی
دەکەین،
گەر ئێمە نکۆڵی لێبکەین،
ئەویش نکۆڵیمان
لێدەکات،
[13]گەر ئێمە دڵسۆز نەبین،
ئەو بەدڵسۆزی دەمێنێتەوە،
چونکە ناتوانێ نکۆڵی لەخۆی
بکات.)

ئیشکەری ووشەی ڕاست

[14]ئەم شتانەیان بیربخەوەو
لەشەڕەقسە ئاگاداریان بکەوە
لەبەردەم خودا، چونکە ئەمە هیچ
سوودێکی نییە جگە لەسەر
لێتێکدانی ئەوانە نەبێت کە گوێی
بۆ دەگرن. [15]هەوڵبدە ڕەزامەندی
خودا بەدەستبهێنیت، ببیت
بەئیشکەرێك کەوا شتێك ناکات
جێی شەرم بێت‌و ووشەی ڕاستی
بەڕاستی ڕوون بکەیتەوە. [16]خۆت
دووربخەوە لەقسەی هیچ‌و پووچی

هەندێ کەس، ئەوەی زیاتر خەڵکی لەخودا دوورەدەخاتەوە، [17]ئەوانە ووشەکانیان دەوروبەرەی دەخوات وەك نەخۆشیەکی کوشندە، مەبەستم لەهیمینایۆس و فیلیتۆسە، [18]ئەوانە لەڕێگای ڕاست دەرچوونو دەڵێن هەستانەوە ڕوویداوە، بەم شێوەیە باوەڕی هەندێ کەسیان تێکداوە. [19] بەڵام ئەو بناغە بەهێزەی خودا داینناوە بەپتەوی دەمێنێتەوە، ئەم مۆرەی لەسەرە: {خودا وەندە ئەوانەی هی خۆیەتی دەیانناسێت.} و (ئەوەی ناوی خوداوەند بهێنێت، دەبێ لە گوناە دووربکەوێتەوە.)

[20]لەماڵێکی گەورەدا هەر جامی زێڕو زیوی تێدا نییە، بەڵکو جامی تەختەو لەقوڕ دروست کراویش، هەندێکیان بۆ ڕێزلێنان ئەوانی تر بۆ کاروباری ئاساین. [21]جا ئەگەر یەکێك خۆی پاك کردەوە لەهەموو ئەو خراپانەی، ئەوا دەبێت بەجامێك بۆ ڕێزلێنان، پیرۆزو سوودبەخشە بۆ خاوەنەکەی، ئامادەیە بۆ هەموو کارێکی چاك.

[22]لەئارەزووەکانی گەنجێتی دووربکەوە، بەدوای ڕاستودروستیو باوەڕو خۆشەویستیو ئاشتی بگەڕێ لەگەڵ ئەوانەی بەدڵێکی پاك خوداوەند بانگدەکەن. [23]لەگفتوگۆی هیچو پووچ دووربکەونەوە، تۆ دەزانی ئەوە دەبێتە هۆی شەڕو ناکۆکی. [24] بەندەی خوداوەند نابێ شەڕفرۆش بێت، بەڵکو دەبێ بەبەزەیی و زمان شیرین بێت لەگەڵ هەموان، توانای فێرکردنی هەبێ، لەکاتی تەنگانە دان بەخۆیدا بگرێ. [25]ئەوانەی بەربەرەکانی دەکەن بەنەرمو نیانی ڕاستیان بکاتەوە، لەوانەیە خودا بەرەو تۆبەکردنو ناسینی ڕاستیان ببات، [26]تا هۆشیانبێتەوە بەخۆیانو لەداوی شەیتان ڕابکەن، ئەوەی بەندیکردوون تا خواستی ئەو جێبەجێ بکەن.

نیشانەکانی ڕۆژانی دوایی

3

شتێکیتر هەیە بیزانە، کاتێکی ناخۆش و خراپ دێت لەڕۆژانی دوایدا، [2]خەڵکی خۆیان خۆشدەوێ، پارەیان خۆشدەوێ، لووتبەرز دەبن، شانازی بەخۆیان دەکەن، جنێودەدەن، گوێڕایەڵی دایك و باوك نابن، هیچیان لەبەرچاو

نابێت، گلاۆن، [3]بێبەزەیی دەبن، لەیەکتر خۆشنابن، قسە دروست دەکەن، بەڕەڵا دەبن، دڕندەن، حەز لەچاکە ناکەن، [4]ئەوانە ناپاکن، سەرەڕۆن، لووتبەرزی کوێرەکردوون، ڕابواردنیان بەلاوە باشترە لەخۆشەویستی خودا، [5] بەڕواڵەت لەخواترس دیارن، بەڵام هێزو ناوەڕۆکی خواترسی ڕەتدەکەنەوە، جا لەو کەسانە دوور بکەونەوە.

[6]تەنانەت هەندێك لەوانە دەگەڕێن بەماڵاندا، هەوڵدەدەن ئەو ژنە لاوازو گوناهبارانە بخەڵەتێنن کە شوێنی هەموو جۆرە ئارەزوویەکی خراپ کەوتوونو [7]هەمیشە گوێ بۆ فێرکردن دەگرن، بەڵام هەرگیز ناتوانن بەتەواوی ڕێگای ڕاستی بناسن! [8]هەروەك یەنیسو یەمبریسی ﴿جادوگەران﴾ بەربەرەکانی موسایان کرد، هەروەها ئەوانەش بەربەرەکانی ڕاستی دەکەن، ئەو کەسانە میشکیان تێکچووەو لەلایەن باوەڕەوە ڕەتکراونەتەوە. [9]جا ئەوانە زیاتر پێش ناکەون، چونکە بێمیشکییان بۆ هەموو کەسێك دەردەکەوێ، هەروەك بێمیشکی یەنیسو یەمبریس دەرکەوت.

لەسەرباوەڕت بمێنەوە

[10]بەڵام تۆ، هەموو شتێك دەزانی دەربارەی: فێرکردنم، هەڵسوکەوتم، ئامانجم لەژیان، باوەڕم، دان بەخۆگرتنم، خۆشەویستیم، چەسپاویم، [11] چەوسانەوەمو ئازارم، هەروەها ئەو شتانەی لەشاری ئەنتاکیاو ئیقونیەو لەستەرە بەسەرم هات، ئەو چەوسانەوەی بەرگەیم گرت، بەڵام خوداوەند لە هەموویان ڕزگاری کردم. [12]هەموو ئەوانەی دەیانەوێ بە لەخواترسی بژین لەعیسای مەسیح، دەچەوسێنەوە. [13]بەڵام خراپەکارو فێڵبازەکان بەرەو خراپتر دەڕۆن، خەڵکی دیکە هەڵدەخەڵەتێنن و کەسانی دیکەش ئەوان هەڵدەخەڵەتێنن! [14]بەڵام تۆ، بەردەوامبە لەسەر ئەوەی فێربوویتو بێ گومان بووی و زانیت لەسەردەستی کێ فێربوویت. [15]تۆ لەمنداڵیەوە کتێبی پیرۆز دەناسیت، ئەوەی داناییت دەداتێ بۆ ڕزگاری بەهۆی باوەڕ بەعیسای مەسیح. [16]هەموو کتێبی پیرۆز

بـــەوەحی لـــەخـــودا هـــاتووەو سوودبەخشـــە بـــۆ فـــێرکردنو سەرزەنشـــتو ڕاســـتەڕێکردن، هـــەروەها بـــۆ تەمـــێکردن بـــۆ ڕاســتودروستی، [17]تاوەکو مرۆڤی خودا ئامادەبێت بۆ هەموو کردارێکی باش.

ووشەی خودا ڕابگەێنە

4

لەبـەردەم خـوداو عیسـای مەسیحی خوداوەنـد، ئـەوەی حوکـم بەسـەر زیندووانو مردووان دەدات، لەکاتی گەڕانـەوەی پادشـاهێتیەکەی، داوات لـێدەکەم: [2]ووشەی خودا ڕابگەێنە، خۆتـی بۆ تەرخان بکە لەکاتی باشو خـراپ، خـەڵکی ڕاسـتەڕێ بکـە، سەرزەنشت بکە، ووڕەیان بەرزبکەوە بـەئارامگـرتنو فـێرکردن. [3]چـونکە کاتـێك دێـت خەڵکی نایانەوێ هیچ دەربـارەی فـێرکردنی ڕاسـت بزانن، بەڵکو بەپێی ئارەزووی تایبەتی خۆیان مامۆســتایەك هەڵدەبژێـرن کـــەوا بەشـێوەیەك لەگەڵـیان بـدوێ ئەوان حەز بکەن گوێی لـێ بگرن. [4]ئەوانە نایانـەوێ ڕاسـتی ببیسـتن، چەواشـە دەبن بەئەفسانەو شتی هیچو پووچ. [5]

بـەلأم تـۆ، لـە هەموو شتێك ووریابە، لـــەئـــازاردا دانبگـــرە، بـــەکاری مزگـێنیدەر هەسـتە، بـەکاری خۆت هەستە بەتەواوی.

[6]لـەبارەی من، کاتی ئەوە هاتووە ژیـانم بکـەم بـە قوربـانی، کـاتی کـۆچکـردنم نـزیکبووەتـەوە. [7] تێکۆشانیکی باش تێکۆشاوم، قوناغی خـۆم بـڕیوە، پارێـزگاری بـاوەڕم کـــردووە. [8]ئێســـتا تـــاجی ڕاستودروستی چاوەڕێم دەکات، ئـــەوەی خوداوەنـــد کـــە دادوەری ڕاسـتودروستە لـەو ڕۆژە دەمداتێ، ئەمـەش تـەنها بـۆ من نییە، بەڵکو بۆ هـەموو ئەوانەیـە کە بەدڵ ئارەزووی هاتنەوەی دەکەن.

دوا ڕاسپاردە

[9]هـەوڵ بـدە بەخـێرایی بـۆ لام بێیـت، [10]چـونکە دیمـاس لەبـەر خۆشەویسـتی ئـەم جـیهانە مـنی بەجێهێشـتو بۆ شاری تەسالۆنیکی ڕۆیشـت، کریسکیسیش بۆ ناوچەی غەلأتیە ڕۆیشتو تیتۆسیش بۆ دلماتیە. [11]لـە لۆقـا زیاتر کەسی ترم لا نییە. بـرۆ بۆ لای مەرقۆسو لەگەڵ خۆت بیهێـنە، چـونکە زۆر سـوودی

لـێوەردەگـرم لەخزمەتکـردن. 12
تیخیکۆسم ناردووە بۆ ئەفەسۆس. 13
کـاتێ هاتی لەگەڵ خۆت عەباکەم بۆ
بهێـنە، ئـەوەی لـەشاری تروواس لای
کـارپۆس بەجـێم هێشتووە، هەروەها
پەرتووکـــەکانم بەتایـــبەتی ئـــەو
دەســـتخەتانەی لەســـەر چـــەرم
نووسراون.
14ئەســـکەندەری مســـگەر زۆر
خـراپەی بەرامـبەر کردم، خوداوەند
تۆڵـەی لـێدەکاتـەوە لەسـەر ئـەو
کارانەی. 15تۆش خۆت لێی بپارێزە،
چـونکە زۆر بـەتوندی بەرهەڵسـتی
قسەکانمانی کرد.
16کاتێ یەکەمجار بەرگریم لەخۆم
کـرد کـەس لەگەڵـم نەهات، بەڵکو
هـەموویان بەجێـیانهێشـتم، خـودا
لەسـەر ئەمـە بـیانبەخشێت. 17بەڵام
خوداوەنـد لەگـەڵـم بـوو بەهـێزی
کـــردم، بەمـــەش توانـــیم مزگێـــنی
ڕابگەێـنم تـا هـەموو گەلان ببیستن،
ئـەوە بـوو ڕزگـاری کردم لە دەمی
شـێر، 18هـەر خوداوەندیـش ڕزگارم
دەکـــات لـــە هـــەموو خـــراپەیەك و
دەمپارێزێـت بـۆ پادشـاهێتی ئاسـمانی
خـۆی. بۆ ئەوە شکۆمەندی تاهەتایە!
ئامین.

19ســڵاو لـــە پریســکلاو ئەکیلاو
خـــێزانی ئۆنیســـیفورس بکـــە. 20
ئەراسـتۆس لـــەکۆرنسـۆس مایـــەوە،
بـــەڵام تروفیمۆس بەنەخۆشی لەشاری
میلیـتس بەجـێمهێشـت. 21خـێرابە
لـــەهـاتن پـێش ئـەوەی زستان بێت.
ئوپولـــۆس و پودیـــس و لیـــنۆس و
کلودیـاو هـەموو خوشـك و بـرایانی
ئێرە سلاوت لـێدەکەن.
22خوداوەنـــد لەگـــەڵ ڕۆحـــت
بێـت و بەرەکـەت لەگـەڵ هەموتان
بێت. ئامین.

نامەی پۆڵس بۆ تیتۆس

تیتۆس پیاوێکی یۆنانی بوو، پۆڵس هێنایە باوەڕو کردی بەهاوڕێو یارمەتیدەری خۆی. نامەکەی پۆڵس بۆ تیتۆس ڕوونکردنەوەی ئەو کارەیە کە پۆڵس بۆ تیتۆسی بەجێهێشت، ئەویش ڕێکخستنی کۆمەڵی باوەڕدارانە لەکریت. ئەم نامەیە سێ شتی تیادایە:

1-بەیادهێنانەوەی تیتۆس سەبارەت بەو مەرجانەی پێویستە لەپیرانی کۆمەڵی باوەڕداران هەبێ، بەتایبەتی چونکە خەڵکی کریت ناوبانگیان بەخراپ دەرکردبوو.

2-ئامۆژگاری کردنی تیتۆس بۆ فێرکردنی هەموو ئەو کەسانەی لەنێو کۆمەڵی باوەڕدارانن لەپیرو گەنجو کۆیلە.

3-بەیادهێنانەوەی تیتۆس سەبارەت بەڕەوشتی باوەڕدار کەدەبێ چۆن بێ، وەك ئاشتیو خۆشەویستیو دوورکەوتنەوە لەڕقوکینەو شەڕەقسە.

1

لەپۆڵسەوە، بەندەی خوداو نێرراوی عیسای مەسیح، لەپێناوی باوەڕی ئەوانەی خودا هەڵیبژاردون، هەروەها بۆ ناسینی ڕاستی ئەوەی بەرەو خواترسی دەڕوات، [2]لەسەر بناغەی هیوای ژیانی هەتاهەتایی، ئەوەی خودای ڕاستگۆ لە زووەوە بەڵێنی پێداوە، [3]هەروەها لەکاتی پێویست ووشەکەی دەرخست بەهۆی ئەو ڕاگەیاندنەی بەڕاسپاردەی خودای ڕزگارکەرمان دراوەتە دەستی من.

[4]بۆ تیتۆس ڕۆڵەی ڕاستەقینەم لە باوەڕی هاوبەشمان، با بەرەکەتو ئاشتی خودای باوك و عیسای مەسیحی ڕزگارکەرمان لەگەڵت بێ.

ڕاسپاردەی دانانی پیران

[5]لەدوورگەی کریت بەجێمهێشتی تا ئەو شتانەی کەموکوڕی هەیە تەواوی بکەیتو پیران دابنێت لەهەموو شارێك بەو شێوەی ڕامسپاردووی. [6]دەبێ ئەو پیاوە بێ کەموکوڕی بێت، یەك ژنی هەبێت، منداڵەکانی باوەڕداربن کەس بە بەرەڵڵاو یاخیبوو ناویان نەبات. [7] چونکە چاودێر نوێنەری خودایە پێویستە بێکەموکوڕی بێت،

لـووت‌بـەرزو تـووڕەو سـەرخۆش‌و شـەڕفرۆش نەبێـت، چاوبرسی نەبێت بـۆ مـاڵی حەرام، [8]بەڵکو میوانداری نـامۆ بکـات‌و حـەز لەچاکە بکات، ســـەنگین‌و ژیـــر بێـــت، ڕاســت‌ودروســت‌و پـاك‌وپـیرۆزو خۆڕاگـر بێـت. [9]دەستبگـرێ بەو ووشە ڕاستانەی بەگوێرەی فێرکردنە، تـا بـتوانێ خـەڵکی هانـبدات بەفێرکردنـێکی ڕاسـت، هـەروەها سەرزەنشـتی ئەوانـە بکـات کـە بەربەرەکانی دەکەن.

دژایەتی مامۆستا درۆزنەکان

[10]چـونکە زۆر کـەس هـەن بەتایـبەتی ئەوانـەی خەتەنەکـراون، یـاخیبوون‌و خـەڵکی بەقسـەی هیچ‌وپووچ هەڵدەخەڵەتێنن، [11]ئەوانە دەبـێ دەمـیان دابخرێـت، چـونکە چـەندەها خێزانـیان بـەتـەواوی هەڵگـێراوە بەفێرکردنـێکی ناڕاست لەپێـناوی قـازانجی حەرام. [12]یەکێك لـەناویان پێغەمـبەرێکی تایـبەت بـوو بـەخۆیان، ووتویـەتی: (دانیشـتوانی کریـت هەمیشـە درۆزنـن، ئـاژەڵی بەدکارن، تەمبەڵۆ زۆرخۆرن.) [13]ئەم قسـەیە ڕاسـتە، لەبەرئـەوە پێویسـتە بـەتوندی سەرزەنشـتیان بکـەین، تـا لەباوەڕ ڕاست بن. [14]گوێنەگرن بۆ ئەفسـانەکانی جوولەکەو ڕاسپاردەی ئـەوانەی لەڕاستی هەڵگەڕاونەوە. [15] بۆ پاکەکان هەموو شتێك پاکە، بەڵام بـۆ پیسـەکانو بـێباوەڕەکـان هـیچ شـتێك پـاك نیـیە، چـونکە بـیرو ویژدانـیان پیســـە. [16]بـــەدەم وا دەریدەخـەن خـودا دەناسـن، بەڵام بەکردەوەیان نکۆڵی لێدەکەن، ئەوانە خۆشەویسـت نین‌و یاخین، بەکەڵکی هیچ کرداڕێکی چاك نایەن.

ڕاسپاردە بۆ باوەڕداران

2

بـەڵام تـۆ بەشـێوەیەك فـێر بکـە، بگونجێت لەگەڵ فێرکردنی ڕاست. [2] پـیاوانی پـیر ڕاسـپێرە ووریاو بەڕێزو ژیـربـن، لـەباوەڕو خۆشەویسـتی‌و دانبەخۆگرتن ڕێك‌و ڕاستبن.

[3]هـەروەها پیرێژنـەکان ڕاسـپێرە بـەپـیرۆزی بژیـن، لەپاشـەملە قسـەنەکـەن، سـەرخۆشنەبن، بەڵکو شـتی چـاك فـێری خەڵکی بکەن. [4] ژنـانی گـەنج فـێری خۆشەویسـتی مـێردو منداڵەکانـیان بکـەن، [5]ژیـرو پـاکبـن بـەڕێك‌و پـێکی مالـیان

بەڕێوەبەبەن، باشبەن، گوێڕایەڵی میٚردەکانیانبەن، هەتا کەس بەخراپە باسی ووشەی خودا نەکات.

6هەروەها ئامۆژگاری گەنجەکان بکە خۆڕاگربن. 7خۆت لەهەموو شتێك ببە بەنموونە بۆیان لەکاری چاکە، بەڕێزو پاكو دڵسۆزبە لەفێرکردنت. 8باووتەکانت ڕاستبنو قسەی لەسەر نەکرێ، تا ناحەز شەرمەزار بێت کاتێ هیچ خراپەیەك نادۆزێتەوە بیلێت لەدژتان.

9کۆیلەکان ڕاسپێرە ملکەچی گەورەکانیانبەن، لەهەموو شتێك شوێنی ڕەزامەندیانبەن، بەرپێچیان نەکەن، 10هیچیان لێنەدزن، بەڵکو لەهەموو شتێك چاکەو دڵسۆزی خۆیان دەرخەن، هەتا ئەوان فێرکردنی خودای ڕزگارکەرمان بڕازێننەوە لەهەموو شتێك.

11چونکە بەرەکەتی خودا ڕزگاریە، بۆ هەموو مرۆڤێك دەرکەوت، 12ئەوەی فێرمان دەکات خۆمان دووربخەینەوە لەهەموو خراپەو ئارەزووەکانی ئەم جیهانە، تا لەم ژیانەی ئێستا بەژیریو ڕاستودروستیو لەخواترسی بژین، 13لەچاوەڕوانی هیوای پیرۆز، ڕۆژی دەرکەوتنی شکۆمەندی خودای مەزنو عیسای مەسیحی ڕزگارکەرمان. 14ئەوەی بەخوێنی خۆی ئێمەی کڕیەوە، تابیێتە قوربانی بۆ هەموو گوناهێكو پاکمان بکاتەوەو بمانکات بەگەلی تایبەتی خۆی کە دڵگەرمە بۆ کاری چاکە.

15ئاوها قسە بکەو ووتار بدەو سەرزەنشتی خەڵکی بکە بەهەموو دەسەڵاتێك. ڕێگا مەدە کەس گاڵتەت پێبکات.

ڕزگاری بەهۆی ڕوحی پیرۆز

3 یادی باوەڕداران بخەرەوە ملکەچی فەرمانڕەوایانو دەسەڵاتدارانبەن، گوێڕایەڵبەن، ئامادەبن بۆ هەموو کارێکی چاك، 2قسەی خراپ بەکەس نەڵێن، شەڕفرۆش نەبن، بەڵکو زمانشیرینیونیانی پیشانبدەن لەگەڵ هەموو خەڵکی.

3ئێمەش جاران بێمێشکو یاخیو گومڕا بووین، بەندەی ئارەزووی خراپو هەموو جۆرە خۆشییەك بووین، بەکینەو چاوپیسی دەژیاین، خەڵك ڕقی لێمان بوو، ئێمەش ڕقمان لەیەکتری بوو. 4بەڵام

ئـێمه کاتێ نەرمونیانیو خۆشەویستی خـودای ڕزگـارکـەرمـان بـۆ دەرکـەوت، [5]کـه ڕزگاری کردین، ئەمـه بەهۆی کاری ڕاستودروستی خۆمـان نـەبوو، بەڵکو بەپێی بەزەیی خۆی، بە شوشتنی لەدایكبوونەوەی دووەمو تازەبوونەوەی ڕۆحی پیرۆز، [6]ئـەوەی خـودا ڕشـتی بەسـەرمان بـەهۆی عیسـای مەسـیحی ڕزگارکـەرمان، [7]تـا کاتێك بێتاوان بـین بەبەرەکـەتی ئەو، ببین بەمیراتگر بەگـوێـرەی هـیوای ژیـانی هەتاهـەتایی. [8]ئـەم قـسەیە بەتەواوی ڕاستە. دەمەوێ سـوور بیت لەسەر ئـەم شـتانە، هـەتا ئەوانـەی باوەڕیان بـەخـودا هەیـە کرداری چاك بکەن، ئەمەش باشو سوودبەخشە بۆ هەموو خەڵکی.

[9]بەڵام دووربکەوە لەشەڕەقسەی شـێتانەو باسـی ڕەچـەڵەك دوژمـنایەتیو نـاکۆکیو دووبەرەکایـەتی لەسەر شەریعـەت، چـونکـە سـوودبـەخش نیـیەو هـیچوپووچـە. [10]لـە دروسـتکەری ئـاژاوە دووربکـەوە، دوای ئەوەی جـارێك یـاخود دووجـار ئاگادارت کـردەوە. [11]تۆ دەزانیت ئەوەی وەك ئەو بێت گـومـڕاو گوناهبارە خۆی حوکمی بەسەر خۆی داوە.

دوا ڕاسپاردە

[12]کـاتێ ئەرتـیماس یـاخود تیخـیکۆس بـۆ لات دەنـێرم، خـێرا وەرە بـۆ لام بـۆ شاری نیکۆپۆلیس، چـونکە نـیازم وایـە وەرزی زسـتان لـەوێ بەسـەر ببـەم. [13]بەپـێی توانـا یارمـەتی زیناسـی پارێزەرو ئەپۆلـۆس بدە، کاروباری سەفەریان بۆ ڕێكبخە هـەتا لـەهـیچ شـتێك کـەمو کوڕییان نەبێـت. [14]پێویسـتە کۆمەڵەکـەمان فـێربن بەباشترین شێوە کرداری چاك بکـەنو بەپێی پێویست یارمەتیبدەن، هەتا بێبەرهەم نەبن.

[15]هـەموو ئەوانـەی لەگـەڵمدان سـلاوت لـێدەکـەن، سـلاو لەوانە بکـە کـە ئـێمەیان خـۆشدەوێـت لەباوەڕدا.

بەرەکەت لەگەڵ هەموتان بێت. ئامین.

نامەی پۆڵس بۆ فلیمۆن

فیلیمۆن ئەندامێکی دیاری کۆمەڵەی باوەڕدارانی کۆلۆسی بوو. کۆیلەیەکی هەبوو ناوی ئۆنسیمۆس بوو، لەلای هەڵدێو لەبەندیخانە تووشی پۆڵس دەبێ، لەوێ پۆڵس ڕێگای باوەڕی مەسیحی نیشان دەدات. پاشان ئەم نامەیەی بۆ فیلمۆن دەنووسێ، تیایدا داوای لێدەکات لەکۆیلەکەی خۆشبێو لای خۆی وەری‌گرێ نەك وەکو کۆیلەیەکی بەخشراو بەڵکو وەك برایەك لەباوەڕ.

لە پۆڵسی بەندکراو لەپێناوی عیسای مەسیح، هەروەها لەتیمۆساوسی براوە، بۆ فلیمۆنی هاوکاری خۆشەویست، [2]هەروەها بۆ خوشکە ئەپفیەی خۆشەویستو ئەرخیپۆسی هاوڕێمان لەتێکۆشانو بۆ ئەو کۆمەڵە باوەڕدارەی لەماڵەکەت دایە. [3]با بەرەکەتو ئاشتی خودای باوکمانو عیسای مەسیحی خوداوەند بۆ ئێوە بێ.

خۆشەویستی‌و باوەڕی فلیمۆن

[4]هەر کاتێ یادت بکەم لەنوێژەکانم سوپاسی خودا دەکەم، [5] چونکە هەوالّی باوەڕو خۆشەویستی تۆم بیستووە بەرامبەر بە عیسای مەسیحو هەموو برایانی پیرۆز، [6] داواکارم لەخودا ئەو باوەڕە بەهێز بکات کە بەیەکەوە دەمانبەستێتەوە لەناسینی هەموو ئەو چاکانەی هەمانە بەهۆی مەسیحەوە. [7]ئەی برا چەند دڵشادو ووڕە بەرزم بە خۆشەویستی تۆ، چونکە دڵی برایانی پیرۆزت گەشاندەوە.

داواکاری پۆڵس

[8]هەرچەندە مافی ئەوەم هەیە بەهۆی مەسیح، فەرمانت بۆ دەربکەم سەبارەت بەو کارەی پێویستە بیکەیت، [9]بەڵام لەبەر ئەو خۆشەویستیەی هەمانە داوات لێدەکەم، وەك نوێنەرێك کە ئێستا بەندکراوە لەپێناوی عیسای مەسیح، [10]سەبارەت بە ئۆنسیمۆسی کوڕم، ئەوەی لەبەندیخانە بەهۆی من باوەڕی هێنا، [11]ئەوەی جاران بێ کەڵك بوو بۆ تۆ، بەڵام ئێستا کەڵکی بۆ منو بۆ تۆ هەیە.

[12]ئـــەو دەنـــێرمەوە بـــۆ لات، وەرىبگرە وەك پارچەیەك لەجگەرم. [13]حـــەزم دەكـــرد لـــێرە لای خـــۆم بیهـــێڵمەوە، تا خزمەتی منی بەندكراو لەپێناوی مزگێنی بكات لەجیاتی تۆ. [14]بـــەلاّم نەمویســـت هـــیچ شـــتێك بێ ڕەزامەندی تۆ بكەم، تاوەكو ئەم كارە چـــاكە بەخواســـتی خـــۆت بێـــت نەك بەناچـــاری. [15]لەبەرئەمـــە ئۆنسیمۆس بـــۆ ماوەیـــەك لێـــت دوورکەوتـــەوە، تاوەكو بۆ هەتاهەتایە بگەڕێتەوە لات، [16]جـــا لـــەئەمـــڕۆ بـــەدواوە كۆیلـــە نییە، بـــەڵكو باشـــتر لـــەكۆیلـــە، بـــرایەكی خۆشەویســـتە لـــەمەســـیح. بـــرایەكی خۆشەویســـتە بۆ من ئاخۆ چەند زیاتر بێـــت بـــۆ تۆ؟ كە لـــەلەشو خوداوەند هاوبەشن.

[17]گـــەر تـــۆ من بەهاوبەشی خۆت دادەنێیـــت، پێشـــوازی لـــێبكـــە وەك پێشـــوازی لـــەمن بكەیـــت. [18]گەر لە شـــتێك خـــراپەی بەرامـــبەر كردووی یـــاخود قەرزێكـــت بەســـەرپەوە هەیە، لەســـەر مـــنی بنووســـە. [19]من پۆڵسم بـــەخەتی دەستی خۆم دەینووسم كەوا دیدەمـــەوە، نامـــەوێ پێـــت بڵـــێم تـــۆ خۆشت قەرزاری منی. [20]جا براگیان ئـــەم چـــاكەیەم لەگـــەڵ بكـــە لەپێناوی خوداوەند، دڵخۆشم بكە لـــەمەسیح. [21]لـــەكاتێ ئەم نامەیە دەنووسم بۆت، بـــاوەڕم پێـــت هەیـــە داواكاریەكـــەم جێبـــەجێ دەكەیـــت، بـــەڵكو دڵنـــیام زیاتـــر دەكەیـــت لـــەوەی داوات لـــێدەكەم.

سلاّوی كۆتایی

[22]بێجگە لـەمەش، شوێنی مانەوەم بۆ ئامادە بكە، چونكە هیوادارم خودا نوێژەكانتان قبوڵ بكاتو بمگەڕێنێتەوە لاتان.

[23]ئەپەفـــراس كـــە لەگـــەڵم بەندكـــراوە لـــەپێناوی عیسای مەسیح ســـلاّوت لـــێدەكـــات، [24]هـــەروەها مـــەرقۆسو ئەرســـتەرخۆسو دیمـــاسو لۆقـــای ئیشـــكەران لەگەڵم سلاّوت لـــێدەكەن.

[25]بەرەكـــەتی عیســـای مەســـیحی خوداوەندمـــان لەگـــەڵ ڕۆحتان بێت. ئامین.

ئەم نامەیە بۆ ئەو جوولەکانە نووسراوە کە باوەڕیان بەمەسیح هێنا، پاشان تووشی چەوساندنەوە هاتن لەلایەن هاوڕێگەزەکانیانەوە بۆ ئەوەی واز لەباوەڕەکەیان بهێنن.

باسێکی وورد دەربارەی سەرکەوتوویی مەسیح وەکو ڕزگارکەری مرۆڤو ڕۆڵەی مرۆڤو ئەو کاهینە بەرزەی کارەکانی خۆی لەئاسمان جێبەجێ دەکات.

نووسەر وێنەیەکی جوانی مەسیحی شکۆدار دەکێشێ، ئەو کەسەی خۆی هێنایە ڕیزی مرۆڤو بەمردنی ڕزگاری تەواوی بۆ مرۆڤایەتی بەدەست هێناو لەلای ڕاستی خودا دانیشت. هەروەها جیاوازیەکانی نێوان مەسیحو فریشتەکان، مەسیحو موسا، کاهینێتی مەلکی سادیق کە ڕەمزی مەسیحو کاهینێتی هارون، قوربانیەکانی پەیمانی کۆنو قوربانیە تەواو و بێکەموکوڕەکەی مەسیح دەردەخات. نامەکە زۆر هاندانو ئامۆژگاری بەسوودی تێدایە بەمەبەستی چەسپاندنی باوەڕداران لەمەسیحو گەشەپێکردنیان تا دەگەنە ڕاستی تەواوەتیو هاندانیان بۆ بەرگەگرتنی ئازار.

مەزنی عیسای مەسیح

1

خودا لەسەردەمی کۆن، چەند جارێك بەڕێگای جۆراوجۆر بەهۆی پێغەمبەران لەگەڵ باوباپیرانمان دوا. [2] بەڵام ئێستا لەم سەردەمەی دواییدا بەهۆی ڕۆڵەکەی لەگەڵمان دوا، ئەوەی خودا کردوویەتی بەمیراتگری هەموو شتێكو بەهۆی ئەوەوە هەموو جیهان دروستبووە. [3] ئەو تیشکی شکۆمەندی خودایەو وێنەی جەوهەریەتی، دەستی گرتووە بەگەردوون بەهۆی ووشەی تواناداری خۆی گوناهەکانمانی پاك کردەوە، لەلای دەستە ڕاستی خودای مەزن لەئاسمان دانیشت. [4] بەم شێوەیە عیسا مەزنتربوو لەفریشتەکان، هەروەها ئەو ناوەی بەمیرات بۆی مایەوە، لەناوی هەموو فریشتەکان لەپێشترو مەزنتر.

[5]جا چ جارێك خودا به یەکێك
لەفریشتەکانی ووتوە: {تۆ ڕۆڵەی
منی، ئەمڕۆ بووم بە باوکی تۆ؟}
یاخود ووتویەتی: {من دەبم بەباوکی،
ئەویش دەبێ بەڕۆڵەم؟} [6]هەروەها
کاتێ خودا نۆبەرەکەی دەنێرێت بۆ
جیهان، دەڵێ: {هەموو فریشتەکانی
خودا دەبێ کڕنووشی بۆ ببەن.} [7]
لەبارەی فریشتەکانیش دەڵێ: {
فریشتەکانی وەك ڕەشەبایان لێهات،
هەروەها خزمەتکارەکانی وەك گڕی
ئاگریان لێهاتووە.} [8]بەڵام لەبارەی
ڕۆڵەوە دەڵێ: {تەختی حوکمڕانیت
ئەی خودا بۆ هەتاهەتاییە، گۆچانی
حوکمڕانیت ڕاستودروستە. [9]تۆ
ڕاستودروستیت خۆشویستو
ڕقت لەگوناهە، بۆیە خودا، خودای
خۆت دەستنیشانی کردی جیا
لەهەموو ئەوانی دیکە ڕۆنی شادی
بەسەردا ڕژاندی.} [10]هەروەها دەڵێ:
{ئەی خوداوەند، تۆ لەسەرەتاوە
بناغەی زەویت داناوە، ئاسمانیش
کاری دەستەکانتە. [11]زەوی و ئاسمان
لەناودەچن بەڵام تۆ دەمێنیت،
هەموویان لەناودەچن وەك جلێکی
کۆنی ڕزیو. [12]تۆ هەموویان وەك
جلێکی کۆن دەپێچیتەوە، ئینجا
دەیانگۆڕی وەك کراسێك، بەڵام تۆ
دەمێنیتەوە، سالانت هەرگیز کۆتایی
بۆ نییە.} [13]جا کەی خودا جارێك
بە یەکێ لەفریشتەکانی ووتوە: {
لەلای دەستە ڕاستم دانیشە هەتا
دوژمنەکانت بخەمە ژێر پێتەوە}؟ [14]
ئایا فریشتەکان ڕۆحێکی خزمەتکار
نین، دەنێردرێن لەپێناوی ئەوانەی
ڕزگاربیان بە میرات بۆ ماوەتەوە؟

پشتگوێ نەخستنی ڕزگاری

2 تا گومڕا نەبین دەبێ زیاتر ئاگاداری
ئەو قسانە بین کە بیستوومانە. [2]
چونکە ئێمە دەزانین هەموو ووشەیەك
کە فریشتەکان بۆیان هێناوین،
بەتەواوی ڕاستە، بەشێوەیەك هەر
کەسێ دەستدرێژیو بەرپێچی
کردووە، سزای دادپەروەرانەی خۆی
وەرگرتووە. [3]جا چۆن دەتوانین
هەڵبێین گەر ئەم ڕزگاربوونە مەزنە
پشت گوێ بخەین؟ ئەوەی خوداوەند
یەکەمجار بلاوی کردەوە، دوایی
سەلێنرا لەلایەن ئەوانەی خۆیان
گوێیان لێبوو. [4]خوداش لەگەڵیان
شایەتیدا، بەنیشانەو شتی سەیرو
کاری سەرسوڕهێنەری جۆراوجۆر،

هـەروەها بـەبەهرەکانی ڕۆحی پیرۆز
کە بەخواستی خۆی دابەشی دەکات.

مەسیح وەک براکانیەتی

[5]ئـەو جیهانەی لە داهاتوو دێت،
ئـەوەی ئـێمە ئێستا باسی دەکەین،
خودا لەژێر فەرمانڕەوایی فریشتەکانی
دانـەناوە. [6]وەک هـەندێک لەکتێبی
پـیرۆزدا دەڵێن: {مرۆڤ چییە تا ناوی
بهێنیت؟ ڕۆڵەی مرۆڤ چیە تا ئەوەندە
بایـەخی پێبـدەی؟ [7]ڕاسـتە بـۆ
ماوەیـەکی کورت ئەوت بەنزمتر دانا
لـەفریشتەکان، بـەڵام دوایـی تاجی
شـکۆو ڕێـزت خسـتە سـەری، [8]
هـەروەها هـەموو شـتێکت خسـتۆتە
بەرپـێی.} جـا چـونکە خـودا هەموو
شـتێکی ملکەچـی کـردووە، ئەمەش
ئـەوە دەگەیـەنێ خـودا هیچ شتێکی
نەهێشتۆتەوە ملکەچی ئەوی نەکات.
بـەڵام ئێسـتا هـەموو شـتێک نابینین
لەژێـر دەسەڵاتی ئەو. [9]بەڵکو عیسا
ئـەوەی خـودا بـۆ ماوەیـەک
لـەفریشتەکان بەکەمتری دانا، دەبینن
ئێسـتا تـاجی شـکۆو ڕێزی خراوەتە
سـەر، چونکە ئازاری مردنی چێژت،
ئەمـەش بەرەکەتی خودا بوو بۆ ئێمە،
عیسـا دەبوایـە بـەو شێوەیە ئازاری
مردن بچێژێ لەپێناوی هەموو مرۆڤ.
[10]لەهێـنانی ڕۆڵـەی زۆر بـۆ
شـکۆمەندی، شـیاوی خـودا بـوو،
ئـەوەی بۆ ئەوەو بەهۆی ئەوە هەموو
شـتێک بوونـی هەیـە، پێشـڕەوی
ڕزگاریـان بـە ئازار تەواو بکات. [11]
چونکە ئەوەی پیرۆز دەکاتو هەموو
ئەوانـەی پیرۆزکـراون یـەک
سەرچـاوەیان هەیـە. بۆیـە عیسـا پێی
شـوڕەیی نییە ئەوانەی باوەڕیان پێیەتی
بەبرا ناویان ببات. [12]کە دەڵێ: {ئەی
خـودا نـاوت ئاشـکرا دەکـەم لای
بـرایانم، ستایشـت دەکـەم لـەنـێو
کۆمەڵیان.} [13]هەروەها دەڵێ: {تەنها
پشـت بـە خـودا دەبەسـتم}. دیسان
دەڵـێ: {ئـا ئەوەتا من لێرەم، لەگەڵ
ئـەو ڕۆڵانەی خودا پێی بەخشیوم.}
[14]چونکە ڕۆڵەکان لەگۆشتو خوێن
هاوبەشـن، لـەبەرئـەوە مەسـیح خۆی
بـوو بـەمـرۆڤ، تا بەشداری سروشتی
مرۆڤایەتـیمان بکـات، تـا بەمـردنی
خۆی لەناوی ببات ئەوەی دەسەڵاتی
مـردنی هەیە، واتە شەیتان. [15]بەمەش
ئەوانـە ڕزگـار بکـات کە بەدرێژایی
ژیانـیان ترسیان لەمردنەو ملیانکەچ
کـردبوو بـۆ کۆیلایـەتی. [16]شـتێکی
ئاشـکرایە عیسـا نـەهاتووە بـۆ

فریشتەکان، بەڵکو بۆ نەوەی ئیبراهیم. [17]جا دەبووایە وەك براکانی بووایە لەهەموو ڕوویەك، تا ببێ بەسەرۆك کاهینێکی میهرەبانو سەرڕاست لەخزمەتکردنی خودا، هەروەها ببێ بەکەفارەت لەپێناوی گوناهەکانی خەڵك، [18]چونکە عیسا خۆی ئازاری چێشتووەو تاقیکراوەتەوە لەلایەن شەیتانەوە، توانای ئەوەی هەیە یارمەتی ئەوانە بدات کە لەلایەن شەیتانەوە تاقیدەکرێنەوە.

عیسا مەزنترە لەموسا

3 کەواتە ئەی برا پیرۆزەکان، ئەی ئەوانەی بەشداری بانگەوازی ئاسمانی دەکەن، سەیری عیسا بکەن کە نێرراوەو کاهینی بەرزی دانپیانانمانە، [2]ئەو سەرڕاستو پاك بوو بەرامبەر ئەوەی دەستنیشانی کردبوو، هەروەك چۆن موسا سەرڕاستو پاكبوو سەبارەت بەماڵی خودا. [3] بەڵام عیسا بۆی دانرا شایانی شکۆیەکی مەزنتر بێت لەموسا، هەروەك چۆن یەکێك خانوویەك دروست دەکات ڕێزی زیاترە لەخانووەکە خۆی. [4]شتێکی ئاساییە، هەموو خانوویەك دەبێ یەکێك هەبێ دروستی کردبێ، بەڵام ئەوەی هەموو شتێکی دروستکردووە خودایە. [5] موسا سەرڕاستو پاك بوو لەهەموو ماڵی خودا، وەك خزمەتکارێك، ئەمەش شایەتییەك بوو بۆ ئەوەی خودا لەدواییدا ڕایدەگەیەنێ. [6]بەڵام مەسیح، سەرڕاستو پاك بوو وەك ڕۆڵە لەماڵی خودا، ئەو ماڵەش ئێمەی باوەڕدارین، گەر دەست بگرین بەو متمانەو هیوایەی شانازی پێوە دەکەین.

ئاگادارکردنەوە دژی بێباوەڕان

[7]لەبەرئەوە، هەروەك ڕۆحی پیرۆز دەڵێ: {ئەمڕۆ، گەر گوێتان لەدەنگی خودا بوو، [8]دڵتان ڕەق نەبێ وەك یاخیبوونەکە ئەوەی لەڕۆژانی تاقیکردنەوە لەبیابان ڕوویدا، [9]کاتێ باوباپیرانتان منیان تاقیکردەوەو بۆ ماوەی چل ساڵ کردارەکانی منیان بینی. [10]لەبەرئەوە ڕقم هەڵسا لەم نەوەیەو ووتم: چونکە دڵیان هەمیشە بەڕەو گومڕایی دەڕواتو ڕێگای من هەرگیز ناناسن. [11]وەك سوێندم خوارد لەتوڕەبوونم، ئەوانە هەرگیز

ناچنە شوێنی حەسانەوەی من.}
12 کەواتە ئەی برایان، باش
ئاگاداری خۆتان بن، تا دڵی کەستان
بێ باوەڕو بەد نەبێ، ئەمەش ببێتە
هۆی ئەوەی لە خودای زیندوو
هەڵگەڕێنەوە. 13 جا لەبەرئەوە هەموو
ڕۆژێك ووردی یەکتری
بەرزبکەنەوە، ئەوەندەی کاتەکە پێی
دەوترێ {ئەمڕۆ}، تا کەستان دڵڕەق
نەبێ بەتاریکی گوناە. 14 چونکە ئێمە
سەر بە مەسیح دەبین، گەر تا کۆتایی
دەست بگرین بەو باوەڕەی
لەسەرەتاوە هەمانە. 15 کتێبی پیرۆز
دەڵێ: {ئەمڕۆ، گەر گوێتان
لەدەنگی خودا بوو، دڵتان ڕەق
نەبێ وەك یاخیبوونەکە.} 16 جا کێن
ئەوانەی یاخیبوون دوای ئەوەی
گوێیان لەدەنگی خودا بوو؟ ئایا
هەموو ئەوانە نەبوون کە لە میسر
هاتنە دەرەوە بەسەرۆکایەتی موسا؟.
17 هەروەها خودا بۆ ماوەی چل ساڵ
لەکێ ڕقی هەڵساو تووڕە بوو؟ ئایا
بەرامبەر ئەوانە نەبوو کە گوناهیان
کردو لەبیابان لاشەکانیان کەوت؟
18 هەروەها خودا سوێندی لەکێ
خوارد کە نابێ بچنە شوێنی
حەسانەوەی ئەو، ئایا سوێندی لەوانە
نەخوارد کە لێی یاخیبوون؟ 19 بەم
شێوەیە دەبینین بێباوەڕی ڕێگای
چوونی شوێنی حەسانەوەی
لێ گرتن.

بەڵێنی حەسانەوەی خودایی

4 لەبەرئەوەی تا ئێستا بەڵێنی چوونە
شوێنی حەسانەوەی خودا هەر ماوە،
بۆیە دەبێ بترسین نەوەك یەکێك وا
بیر بکاتەوە ئەو هەلەی لەکیس
چووە. 2 چونکە ئێمە مزگێنیمان
بیستووە وەك ئەوان بیستوویانە، بەڵام
ئەو مزگێنییەی ئەوان بیستیان هیچ
سوودێکی نەبوو بۆیان، چونکە
بەباوەڕ نەبووە. 3 چونکە ئێمەی
باوەڕدار دەچینە شوێنی حەسانەوەی
خودا، هەروەك ووتویەتی: {وەك
سوێندم خوارد لەتوڕەبوونم، ئەوانە
هەرگیز ناچنە شوێنی حەسانەوەی من
}، لەگەڵ ئەوەی کارەکان تەواوبوون
لەگەڵ دروست بوونی جیهان. 4
چونکە دەربارەی ڕۆژی حەوتەمی
هەفتە لەشوێنێك لەکتێبی پیرۆز
هاتووە: {خودا دوای ئەوەی هەموو
کارەکانی بەشەش ڕۆژ تەواو کرد،
ڕۆژی حەوتەم حەسایەوە.} 5 هەروەها

خودا لە هەمان دەقی پێشوو ووتوویەتی: {ئەوانە ناچنە شوێنی حەسانەوەی من.} [6]ئەوانەی یەکەمجار مزگێنیان بیست، نەیانتوانی بچنە شوێنی حەسانەوەی خودا، چونکە ملکەچی خودا نەبوون. شتێکی ئاشکرایە ئیتر شوێنی حەسانەوەی خودا چاوەڕێی کەسانی تر دەکات. [7]چونکە خودا ڕۆژێکی دیکەی تەرخانکرد، جا لەو بارەیەوە خودا لەسەر زمانی داود پێغەمبەرەوە دەڵێ: {ئەمڕۆ..} دوای ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەوەی لەپێشا ووتبووی: {ئەمڕۆ، گەر گوێتان لە دەنگی خودا بوو، دڵتان ڕەق مەکەن.} [8]گەر یەشوع گەلی بخستایە شوێنی حەسانەوەی خودا، ئیتر بۆچی خودا دوای ئەوە باسی ڕۆژێکی تر دەکات. [9]کەواتە هێشتا ڕۆژی حەسانەوە بۆ گەلی خودا ماوە. [10] چونکە ئەوەی دەچێتە شوێنی حەسانەوەی خودا، ئەویش لەکارەکانی پشوو دەدات، هەروەك چۆن خودا لەڕۆژی حەوتەمی هەفتە لەکارەکانی پشوویدا. [11]جا هەرچیەك لەتوانامان هەیە دەبێ بیکەین، تاکو بچینە شوێنی حەسانەوەی خودا، هەتا کەسمان نەکەوێتە هەمان ڕێگای سەرپێچیکردن، [12]چونکە ووشەی خودا زیندووە، کاریگەرە، لەشمشێری دووەم تیژترە، دەچێتە ناو قوڵایی مرۆڤ، بۆ ناو دەروونو ڕۆحو ماسولکەو دەمارو ئێسقانەکانی، حوکم دەدات سەبارەت بەمەبەستی دڵو بیری مرۆڤ. [13]هیچ دروستکراوێك نیە شاراوە بێت لەبەرچاوی خودا، بەڵکو هەموو شتێك ئاشکراو دیارە لەبەرچاوی خودا، ئەوەی حیسابی خۆمانی دەخەینە بەردەست.

عیسا کاهینی بەرزی مەزنە

[14]لەبەرئەوەی ئێمە عیسای ڕۆڵەی خودامان هەیە، ئەو کاهنە بەرزە مەزنەی بەئاسمانەکان تێپەڕی، دەبێ هەمیشە دانیپیابنێین و دەستی پێوە بگرین. [15]جا ئەم کاهینە بەرزەی هەمانە، بێتوانا نیە لەتێگەیشتن و هاوخەمی دەربڕین سەبارەت بەکەموکوڕی و لاوازیەکان، چونکە خۆی هەرچەندە بێگوناهیش بووە، کەوتۆتە ئەو تاقیکردنەوانەی ئێمە تێیدەکەوین. [16]با بەبێ ترس و

بەدڵنیایی بەرەو تەختی شاهانەی بەرەکەت بڕۆین، تابەزەیی وەرگرینو بەرەکەت بدۆزینەوە بۆ یارمەتیدانمان لەکاتی پێویست.

5

هەموو کاهینێکی بەرز لەناو خەڵك هەڵبژێراوە، دەستنیشانکراوە بێ بەنوێنەریان لەخزمەتکردن بۆ خودا، قوربانیو ئاژەڵی سەربڕاو پێشکەشی خودا دەکات لەپێناوی گوناە. [2] چونکە خۆی وەکو مرۆڤێتر لاوازە، دەتوانێ بەزەیی بەنەزانو گومڕاکان بێتەوە. [3] لەبەر ئەوەیە لەپێناوی گوناهی خەڵکی دیکە قوربانی پێشکەش دەکات، هەروەها لەپێناوی گوناهە تایبەتیەکانی خۆشی. [4] کەس ناتوانێ لە خۆیەوە ئەم کارە پەسەندە وەرگرێ، تەنها ئەوە نەبێ کە خودا بانگیکردووە، هەروەك چۆن هارونی بانگکرد.

[5] هەروەها مەسیحیش، ئەم شوێنە بەرزە بەخۆی نادات، تا بێ بە سەرۆك کاهین، بەڵکو خودا دەستنیشانیکردوەو پێیووتوە: {تۆ ڕۆڵەی منی، من ئەمڕۆ بووم بەباوک.} [6] هەروەك چۆن لەشوێنێکی دیکە پێی ووتوە: {تۆ کاهینی هەتاهەتایی لەپلەی مەلکیسادق.}

[7] مەسیح، کاتێ وەك مرۆڤ لەسەر ئەم زەویە بووە، نوێژیکردووەو پاڕاوەتەوە بەگریانو هاوارەوە، بۆ ئەو خودایەی توانای هەیە ڕزگاری بکات لەمردن، ئیتر خودا داواکاریەکەی جێبەجێکرد لەبەر خواترسیەکەی. [8] هەرچەندە عیسا ڕۆڵەی خودا بوو، بەهوێ ئەو ئازارانەی چەشتی فێری گوێڕایەڵی بوو، [9] هەروەها بەو ئازارانە بوو بە مرۆڤێکی تەواو و بوو بەسەرچاوەی ڕزگاری هەتاهەتایی بۆ هەموو ئەوانەی گوێڕایەڵی دەبن. [10] ئیتر خودا لەپلەی مەلکی سادق کردی بە کاهینی بەرز.

[11] لەم بارەیەوە قسەم زۆرە بۆتانی بکەم، بەڵام ڕوونکردنەوەی گرانە، چونکە ئێوە گوێتان گران بووە. [12] دەبوایە ئێستا باوەڕتان گەشەی بکردایەو ببونایە مامۆستا لەبەر ئەوکاتە زۆرەی هەتان بوو، بەڵام ئێوە پێویستیتان بەیەکێك هەیە بنچینەی ووشەی خوداتان فێر بکات. وەك منداڵێکی شیرەخۆر تەنها دەتوانرێ

شیرتان بدرێتێ، نەك خواردنی تەواو. [13]بۆیە هەر یەکێك بەشیر بژیت ئەوا کەمزانە لەووشەی ڕاستودروستی، چونکە هێشتا منداڵە. [14]بەڵام ئەوانەی شارەزاییان هەیەو پێگەیشتوون، دەتوانن خواردنی بەهێز بخۆن، چونکە بەکردار توانایەکی مەشق پێکراویان لەلا دروست بووە. ئیتر دەتوانن چاکەو خراپە لەیەکتری جیابکەنەوە.

پاشگەزبوونەوە لەباوەڕ

6

کەواتە باواز لەفێرکردنە سەرەتاییەکانی دەربارەی مەسیح بهێنینو بەرەو دروستیو تەواوی بڕۆین، هەروەها بابناغەی تۆبەکردنمان لەکرداری مردووەکانو باوەڕهێنان بەخوداو [2]فێرکردن دەربارەی لەئاوهەڵکێشان، دەست لەسەر دانانو زیندووبونەوەی مردووانو لێپرسینەوەی هەتاهەتایی نەبێت. [3]جا ئێمە ئاوا دەکەین گەر خودا ڕێگامان بدات. [4]چونکە ناکرێ ئەوانەی جارێك ژیانیان ڕووناك کراوەتەوەو تامی بەهرەی ئاسمانیان کردووەو بەشیان هەبووە لەڕۆحی پیرۆز دووبارە بگەڕێنەوە بۆ تۆبەکردن، [5]هەروەها تامی باشی ووشەی خوداو هێزەکانی سەردەمی داهاتوویان کردووە، [6]لەگەڵ ئەوەشدا لەباوەڕ هەڵگەڕانەوە. ناکرێ جارێکی تر نوێ بکرێنەوەو بۆ تۆبەکردن بگەڕێنەوە، چونکە ڕۆڵەی خودا بەدەستی خۆیان لەخاچ دەدەنەوە، بۆ سووکایەتی دەریدەخەن. [7]چونکە ئەو زەوییەی بارانی بەسەر دەباریَو تێر ئاوە، ڕووەکی سوودبەخش دەدات بۆ ئەوانەی زەویەکەیان کێڵاوە، لەلایەن خواشەوە پیرۆز دەکرێ. [8] بەڵام گەر زەوییەکە دڕك و گژوگیای بێسوودی بەرهەم هێنا، ئەوسا گوێی نادرێتێ، شایانی نەفرەت لێکردنە، ئەنجامیشی سووتانە. [9]هاوڕێیانی خۆشەویست، هەرچەندە بەو شێوەیە قسەتان لەگەڵ دەکەین، لەگەڵ ئەوەش دڵنیاین شتی باشتر بۆ ئێوەیەو لەگەڵتان دەبێ بۆ ڕزگاریتان. [10]جا خودا زۆردار نییە، بیری ناچێتەوە ئەو کردارو خۆشەویستییەی لەپێناوی ئەو دەرتانبڕی لەخزمەتکردنی خوشك و برا پیرۆزەکانو بەردەوامن لەسەری. [11]ئێمەش دەخوازین هەر

یەك لەئێوە هەمان پەرۆشی دەربخات بەباوەڕێکی تەواو بەو هیوایەی هەمانە تاکۆتایی، [12]تاکو تەمبەڵ نەبن، بەڵکو ڕێگای ئەوانە بگرن کە بەهۆی باوەڕو ئارامگرتن بوون بەمیراتگری بەڵێنی خودا.

خودا بەڵێنی خۆی دەباتەسەر

[13]کاتێ خودا بەڵێنی بەئیبراهیمدا، سوێندی بەخۆی خوارد، چونکە لەخۆی مەزنتر کەسی تری نییە سوێندی پێبخوا. [14] بەئیبراهیمی ووت: {بێگومان پیرۆزت دەکەم، نەوەیەکی زۆرت پێدەبەخشم.} [15]ئیتر ئیبراهیم دانی بەخۆیگرت تا بەڵێنەکەی بەدەستهێنا. [16]لەڕاستیدا خەڵکی سوێند دەخۆن بەوەی گەورەتر لەخۆیان، تا دەریبخەن ئەوەی دەیڵێن ڕاستەو ئەو ناکۆکیەی لەنێوانیان هەیە نەمێنێ. [17]خودا ویستی، ئەوانەی میراتگری بەڵێنن دڵنیایان بکات، کەوا هەرگیز بڕیاری خۆی ناگۆڕێ، بۆیە سوێندی بۆ خواردن. [18]چونکە خودا هەرگیز درۆ ناکات، ئێستا دوو شتی ڕاستەقینەمان هەیە دەتوانین پشتی پێببەستین. هەروەها هەموو ئەوانە بەهێز دەکاتو ووریان بەرز دەکاتەوە کە خۆیان داوەتەدەست خوداو دەستیان گرتووە بەو هیوایەی بۆ ئەوانە. [19]ئەم هیوایە بۆ گیانمان وەك لەنگەر وایە، چەسپاو و ڕاگرە، دەچێتە ناو شوێنی هەرە پیرۆزی پەرستگا لەپشتی پەردە. [20]ئەو شوێنەی لەپێناوی ئێمەدا عیسای مەسیح پێشتر بۆی چوو، لەوێ بوو بەکاهینی بەرز بۆ هەتاهەتایە، لەپلەی مەلکیسادق.

مەلکیسادقی کاهین

7

ئەم {مەلکیسادقە پادشای شاری سالیم بوو، هەروەها کاهینی بەرزی خودا بوو. کاتێ حەزرەتی ئیبراهیم لەشەڕی دژی پادشاکان بەسەرکەووتویی گەڕایەوە، مەلکیسادق بۆ پێشوازی لێکردنی ڕۆیشتو پیرۆزیکرد.} [2] ئیبراهیمیش دەیەکی هەموو دەسکەوتەکانی شەڕی دا بە ئەو. مەلکیسادق یەکەمجار بەواتای (پادشای ڕاستودروستی) دێت، هەروەها {پادشای سالیم} بەواتای

(پادشای ئاشتی). [3]دایکو باوکو
ڕەچەڵەکی نییە، لەدایک بوونو
کۆتایی ژیانی نییە، بەڵام وەک ڕۆڵەی
خودا وایە، هەر بەکاهین دەمێنێتەوە
تاهەتایە.
[4]سەیربکەن ئەم مەلکیسادقە
چەند مەزنبووە، تەنانەت ئیبراهیمی
باوکی گەورەمان، دەیەکی
دەسکەوتی شەڕی داوەتێ. [5]ئێمە
دەزانین شەریعەتی موسا ئەو
کاهینانەی ڕاسپاردووە کە لەنەوەی
لاوی پەیدا بوون، دەیەک لە گەل
وەرگرن، بەواتای لەبرایانیان،
هەرچەندە بەبنەچە هەموویان
دەگەڕێنەوە بۆ ئیبراهیم. [6]بەڵام
لەگەڵ ئەوەی مەلکیسادق سەر بە
نەوەی لاوی نەبوو، دەیەکی
لەئیبراهیم وەرگرتو پیرۆزیکرد،
هەرچەندە ئیبراهیم بەڵێنی لەخودا
وەرگرتبوو. [7]کەواتە بەبێ گومان
نزمتر لەلایەن بەرزترەوە پیرۆز
دەکرێ. [8]جا ئەو کاهینانەی سەر
بەنەوەی لاوین، ئەوانەی بەپێی
شەریعەت دەیەک وەردەگرن، ئەوانە
مرۆڤێکن دەمرن، بەڵام
مەلکیسادق، ئەوەی دەیەکی
لەئیبراهیم وەرگرت، کتێبی پیرۆز
شایەتی بۆ دەدات کەوا زیندووە، [9]
بەڵکو لەمە زیاتر، دەتوانین بڵێین ئەو
لاویەی دەیەک وەردەگرێ، خۆی
دەیەکی داوە بەهۆی ئیبراهیم. [10]
هەرچەندە ئەو کاتە هێشتا لاوی
لەدایک نەبوو بوو، لەپشتی
ئیبراهیمی باپیری بوو کاتێ ئیبراهیمو
مەلکیسادق یەکتریان بینی.

عیسا وەک مەلکیسادقە

[11]ئێستا گەر تەواوی بەکاهینێتی
لاوی بێتەدی، ئەوەی گەل شەریعەتی
لەسایەیدا وەرگرت، ئایا پێویست
بوو کاهینێکی تر دەربکەوێ لەپلەی
مەلکیسادق نەک لەپلەی هارون؟ [12]
گەر بێتوو کاهینێتی بگۆڕێ، ئەوسا
دەبێ شەریعەتیش بگۆڕێ. [13]ئەوەی
ئەو باسەی لەسەر دەکرێ
﴿مەسیح﴾ لەهۆزی لاوی نەبوو،
هەروەها کەس لەهۆزەکەی ئەو
خزمەتی قوربانگای نەکردووە. [14]
شتێکی ئاشکرایە، بنەچەی مرۆڤایەتی
عیسای خوداوەندمان دەگەڕێتەوە
بۆ تیرەی یەهوزا، هەرچەندە موسا
باسی نەکردووە لەو تیرەیە کاهینێک
پەیدا دەبێ.
[15]ئەوەی زیاتر ئەم باسە

ڕوونده‌کاته‌وه ئه‌وه‌یه، کاهینی تازه ﴿مه‌سیح﴾ وه‌ك مه‌لکی‌سادق [16] دانه‌نرا به‌کاهین به‌پێی شه‌ریعه‌ت به‌گوێره‌ی ڕه‌چه‌ڵه‌ك، به‌ڵکو له‌سه‌ر بناغه‌ی هێزی ژیانی نه‌فه‌وتاو. [17] کێبی پیرۆز له‌م باره‌یه‌وه ده‌رباره‌ی عیسا ده‌ڵێ: {تۆ تاهه‌تایه کاهینی له‌پله‌ی مه‌لکی‌سادق.}

[18] ئێتر له‌لایه‌ك ڕاسپارده‌ی پێشوو لابرا، چونکه به‌هێزو سوودبه‌خش نه‌بوو. [19] له‌لایه‌کی تر، چونکه شه‌ریعه‌ت هیچ شتێکی ته‌واو نه‌کرد، ئه‌وه بوو هیوایه‌کی باشترمان بۆ ده‌رکه‌وت تا به‌هۆیه‌وه له‌خودا نزیك بینه‌وه. [20] ئه‌وه‌ش به‌بێ سوێند نه‌بوو. ئه‌وانی دیکه بوون به‌کاهین به‌بێ سوێند. [21] به‌ڵام دانانی مه‌سیح وه‌ك کاهین به‌سوێنده‌وه بوو، {خوداوه‌ند سوێندی خواردووه‌و لێی په‌شیمان نابێته‌وه، تۆ ده‌بێ تاهه‌تایه کاهین بی.} [22] به‌م شێوه‌یه عیسا بوو به گه‌ره‌نتی په‌یمانێکی باشتر. [23] هه‌رچه‌نده له‌سه‌رده‌می کۆن زۆر سه‌رۆك کاهین هه‌بوون، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش هه‌مویان به‌هۆی مردن نه‌یانتوانی به‌رده‌وام بن له‌ئه‌رکه‌کانیان. [24] به‌ڵام عیسا، چونکه تاهه‌تایه ده‌ژی، بۆیه کاهینێتی ئه‌و هه‌ر ده‌مێنێ. [25] که‌واته ئه‌و ده‌توانێ هه‌موو ئه‌وانه ڕزگار بکات که به‌هۆی ئه‌وه‌وه ده‌چنه لای خودا، چونکه ئه‌و هه‌میشه ده‌ژی، بۆیه تکاشیان بۆ ده‌کات لای خودا.

[26] که‌واته، ئه‌م ئه‌و جۆره کاهینه به‌رزه‌بوو که پێویستمان پێیه‌تی، پیرۆزو بێ‌که‌موکوڕی‌و بێ‌هه‌ڵه‌بوو، له‌گوناهباران جیاکرایه‌وه، به‌رزکرایه‌وه بۆ سه‌رووی ئاسمان. [27] ئه‌و پێویستی به‌وه نه‌بوو هه‌موو ڕۆژێك له‌به‌ر گوناهه‌کانی خۆی‌و گه‌له‌که‌ی قوربانی پێشکه‌ش بکات، هه‌روه‌ك سه‌رۆك کاهینه‌کان له‌کۆندا کردوویانه، چونکه ئه‌و ته‌نها جارێك کردی کاتێ خۆی کرد به‌قوربانی له‌پێناوی گوناهی هه‌موو خه‌ڵك. [28] ئه‌وه بوو شه‌ریعه‌ت سه‌رۆك کاهینی له‌مرۆڤ ده‌ستنیشان ده‌کرد که ناته‌واوی خۆی هه‌یه، به‌ڵام به‌ووشه‌ی سوێند ئه‌وه‌ی دوای ئه‌م شه‌ریعه‌ته هات، خودا ڕۆڵه‌ی خۆی ده‌ستنیشان کرد ئه‌وه‌ی ته‌واوی کرد بۆ هه‌تاهه‌تایه.

کاهینی به‌رزی په‌یمانی نوێ

8

گرنگترین خاڵ دەربارەی ئەوەی لێیدواین ئەمەیە: کەوا ئێمە مەسیحمان هەیە، ئەو کاهینە بەرزەی وا لەلای ڕاستی تەختی مەزنی خوداوە لەئاسمان دانیشتووە. [2] خزمەت دەکات لەپیرۆزترین شوێن واتە لەچادری پەرستنی ڕاستەقینە، ئەوەی خوداوەند داینواوە نەك مرۆڤ. [3] جا چونکە ئەرکی هەموو سەرۆك کاهینێك پێشکەش‌کردنی قوربانی‌و ئاژەڵ سەربڕینە بۆ خودا، کەواتە پێویستە سەرۆك کاهینی ئێمەش ﴿مەسیح﴾ شتێکی هەبێ بیکات بەقوربانی. [4] گەر مەسیح لەسەر ئەم زەویە بووایە، شەریعەت ڕێگای نەدەدا ببێ بەسەرۆك کاهین. چونکە ئێستا سەرۆك کاهین هەیە بەپێی شەریعەت قوربانی پێشکەش بکات. [5] ئەوانە خزمەتی وێنەو سێبەری شوێنی پیرۆزی ئاسمان دەکەن، چونکە کاتێ موسا دەیویست چادر هەڵبدات، خودا ڕای‌سپاردو ووتی: {تەماشا بکەو هەموو شتێك بکە لەسەر ئەو نموونەیەی پێم نیشانداوی لەسەر چیا. } [6] بەڵام مەسیح خزمەتێکی زۆر مەزنتری دەسکەوت لەوەی ئەوان، هەروەك خۆی پەیوەندی‌ڕێکخەری پەیمانێکی باشترە، چونکە لەسەر بناغەی بەڵێنی باشترە.

[7] گەر پەیمانە کۆنەکە بێ کەموکوڕی بووایە، ئیتر پێویستی بەپەیمانێکی تر نەدەکرد. [8] چونکە خودا کەموکوڕی دۆزیەوە لە گەل کاتێ دەڵێ:

{دەبێ ڕۆژێك بێ، سەرلەنوێ پەیمانێکی دیکە لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل‌و نەوەی یەهوزا ببەستم. [9] ئەمەش وەك ئەو پەیمانە نییە کە لەگەڵ باوباپیرانیان بەستم، کاتێ دەستم‌گرتن‌و لەخاکی میسر دەرمهێنان، چونکە لەسەر پەیمانەکەم نەڕۆیشتن، ئیتر منیش پشتگوێم خستن، خوداوەند دەڵێ. [10] ئەمەش ئەو پەیمانەیە لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل دەیبەستم، لەڕۆژانی داهاتوو یاساکانم دەخەمە ناو میشکیان‌و لەناو دڵیان دەینووسم، دەبم بەخودایان‌و ئەوانیش دەبن بە گەلی من، [11] دوای ئەوە کەس براکەی یاخود نەوەی وولاتەکەی فێرناکات پێی بڵێ: خوداوەند بناسە، چونکە هەموویان دەمناسن، لە بچووکیانەوە تا گەورەیان. [12] من لەگوناهەکانیان

خـۆش دەبم، ئـیتر هەرگـیز باسـی گوناهەکانـیان ناکـەم.} [13]جـا کـە خـودا بەمە بڵێ (پەیمانی نوێ) مانای وایە، پەیمانەکەی یەکەمجار کۆن بوو، شـتێکی ئاساییە هەر شتێك کۆن بوو بێ بەرەو نەمان دەڕوات.

پاراستنی پەیمانی کۆن 9

ڕاسـتە لەپـەیمانی کـۆن مەراسـیمو یاسـای تایبـەتی بـۆ پەرستنی خوداو شـوێنی هـەرە پـیرۆزی سـەر زەوی هـەبووە لەچادری پیرۆز. [2]ئەم چادرە گەورەیـە ژوورێکـی هـەبووە نـاوی شوێنی پیرۆز بووە، چرایەك و مێزێك و نـانی قوربـانی تـێدابوو. [3]ژوورێکـی دیکـەش کەوتـبووە پشتی پەردەیەك، پـێی دەووتـرا شوێنی هەرە پیرۆز*، [4] ئاگردانـێکی زێڕینی تێدابوو بۆ بخورد سـوتاندن، لـەگەڵ سندوقی پەیمان کە ڕووکـەش کـرابوو بـە زێـڕ، لـەناو سـندوقەکە قاپێکی زێڕین هەبوو نانی مـەنی ئاسمـانی تـێدابوو، لـەگـەڵ گۆچـانەکەی هـارون کـە گـەلای سـەوزی دەرکـردبوو، هەروەها دوو تەختـە بەردەکـەی پـەیمان. [5]بـەڵام لـەسەر سندوقەکە، کروبەکانی* شکۆ کـرابوو سـێبەریان کـردبوو بەسـەر سـندوقەکە ئەمـەش پـێی‌دەوترا ﴿کورسـی بەزەیی﴾. لێرەدا ئەوەندە بەسـە دەربـارەی ئـەم باسـە، چونکە ماوەی باسکردن لـەمە زیاتر نییە.

[6]کـاتێ کاروبارەکان بەو شێوەیە ڕێکخـرابوون، سـەرۆك کاهینـەکان هـەموو کـاتێ دەیانـتوانی بچـنە ژووری یەکـەم ﴿شـوێنی پـیرۆز﴾ بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینیەکان. [7]بەڵام ژووری دووەم ﴿شوێنی هەرە پیرۆز﴾ کەس نەیدەتوانی بچێتە ناوی تـەنها سـەرۆك کـاهین نـەبێ ئەویش سالّی جارێك، پێویستبوو لەسەری خوێـنی قوربانی لـەگەڵ خۆی ببات و بیپرژێـنێ بەسەر ﴿کورسی بەزەیی﴾ لـەجـیاتی خـۆی و ئـەو گوناهانـەی گەلەکـەی بێئـەوەی بـزانن کـردوویانە. [8]بەمـەش ڕۆحی پیرۆز بـۆمـان ڕوون دەکـاتـەوە، ئـەو ڕێگایـەی بەرەو شوێنی هەرە پیرۆزی ڕاستەقینە دەڕوات کە لەئاسمانـدایە، ئەمـەش جارێ نەکرابووەوە. چونکە هێشـتا ڕێگـەی یەکـەم ﴿چـادری پـیرۆز﴾ هـەر مـابوو. [9]ئەمـەش هـێمایە بـۆ ئـەم سـەردەمەمان، کـە هێشتا قوربانی و ئاژەڵ سەربڕینی تیادا

دەکرێ بەپێی سەردەمی کۆن. ئەو قوربانیانەش ناتوانێ ئاسوودەیی بخاتە ویژدانیان بەتەواوی.[10] چونکە ئەوانە تایبەتی بوون بەکاروباری لەش ﴿شتی ڕواڵەتی﴾ وەك خواردنو خواردنەوە، هەروەها ڕێگا جۆراوجۆرەکانی پاك‌کردنەوە، ئیتر ئەم یاسایە مایەوە، هەتا کاتی سیستەمی نوێ.

مەسیح پەیوەندیڕێکخەرە

[11]بەڵام کاتێ مەسیح دەرکەوت وەك سەرۆك کاهین بۆ شتە باشەکانی داهاتوو، بەچادری تەواوترو مەزنتر کە بەدەست دروست نەکرا بێ، واتە سەر بەدروست کراو نەبێ.[12] ئەو تەنها یەکجار چووە ناو شوێنی هەرە پیرۆز، بۆ ئەوەش خوێنی بزنو گوێرەکەی لەگەڵ خۆی نەبرد، بەڵکو خوێنی خۆی، بەم خوێنەش کرینەوەی هەتاهەتایی بەدەستهێنا.[13]گەر بەپێی سەردەمی کۆن خوێنی مەڕو گوێرەکەو خۆڵەمێشی بەرخی سووتێنراو، گلاوەکان پیرۆز بکات بۆ پاك‌کردنەوەی لەش، [14]ئیتر دەبێ خوێنی مەسیح چەند لەوە زیاتر بێ، ئەوەی خۆی پێشکەشی خودا کرد بەهۆی ڕۆحێکی هەتاهەتایی بێ کەمۆکوڕی، ئەوەی ویژدانتان پاك دەکاتەوە لەکرداره مردووەکان تاخزمەتی خودای زیندوو بکەن.

[15]بۆیە مەسیح پەیوەندی ڕێکخەری پەیمانی نوێیە، تا ئەوانەی بانگکراون میراتی هەتاهەتایی بەدەستبهێنن، ئەوەی خودا بەڵێنی پێدابوو، چونکە عیسا مرد تا بەخوێنی خۆی بیانکرێتەوە لەو گوناهانەی لەپەیمانی کۆن کردوویانە. [16]گەر وەسیەتنامە هەبێ، پێویستە بسەلمێنرێ خاوەن وەسیەتەکە مردووە، [17]چونکە وەسیەتنامە کاتێك کاری پێدەکرێ کە خاوەنەکەی مردوو بێ، بەڵام گەر زیندوو بێ هیچ کاری پێ ناکرێ.[18]بەم شێوەیە، پەیمانی کۆن کاتێك کاری پێکرا کە بەخوێن مۆرکرا.[19] چونکە موسا، دوای ئەوەی هەموو ڕاسپاردەکانی شەریعەتی بۆ هەموو گەل ڕاگەیاند، خوێنی مەڕو گوێرەکەی لەگەڵ ئاو تێکەڵکرد، پرژاندی بەسەر شەریعەتو هەموو گەل، بە چەپکێ لەڕووەکی زوفاو پارچەیەك لە خوری سوور.[20]ئەوسا

ووتـی: {ئـەم خوێـنە مـۆری ئـەو پەیمانەیـە کـە خـودا لەگـەڵ ئـێوەی بەستـ}. [21]بەهەمان شێوە خوێنەکەی پـرژاند بەسـەر چادری پەرستنو ئەو کەلوپەلانەی بۆ خزمەت بەکار دێن. [22]بەپـێی شـەریعەت نـزیکەی هەموو شـتێك بـەخوێن پـاك دەبێـتەوە، لـێخۆشبوونـی گوناهـیش بـێ خوێنڕشتن نابێ.

مەسیح مەزنترین قوربانییە

[23]گەر پاك کردنەوەی وێنەی شتە ئاسمانیـەکان ئـەوەندە پێویسـتی بـەو مەراسـیمانە هـەبێ، جـا دەبـێ شـتە ئاسمانیـەکان خۆیـان چـەند پێویستیان بەخوێـنی قوربانیـەکی باشـتر بێ! [24] چونکە مەسیح، نەچووە شوێنی هەرە پـیرۆزی سـەر زەوی، ئـەوەی مـرۆڤ تـەنها لەسـەر نموونـەی شوێنی هەرە پـیرۆزی ڕاستەقینە دروستی کردووە، بەڵکو چووە ناو ئاسمان، ئێستا لەوێ نوێـنەری ئـێمەیە لەبەردەم خودا. [25] ئـەو نەچـووە ئەوێ تا چەند جارێك، خـۆی بکـات بـەقوربـانی، هـەروەك چۆن سەرۆك کاهینی سەر ئەم زەوییە سـاڵی جـارێك دەچووە شوێنی هەرە پـیرۆز، بـەخوێنـێك کە خوێنی خۆی نـەبوو. [26]ئەگیـنا دەبووایـە عیسـا لـەدروسـت کـردنی جـیهانەوە چەند جـارێك ئـازار بدرایـە. بـەڵام ئێستا لـەکۆتـایی زەمـان یـەکجار هـات تا گوناهمـان بسـڕێتەوە، بـەوەی خۆی کـرد بەقوربانی لەپێناوی ئێمە. [27]هـەروەك چـۆن دوارۆژی مـرۆڤ ئەوەیـە جـارێك بمـرێ، دوایی ڕۆژی لـێپرسـینەوە دێـت، [28]مەسـیحیش، جـارێك خۆی کـرد بـەقوربـانی تـا گونـاهی خەڵکـێکی زۆر لابـبات. بـەڵام هاتـنەوەی عیسـا بـۆ جـاری دووەم بـۆ لابردنی گوناە نییە، بەڵکو بـۆ ڕزگارکـردنی ئەوانەیـە کـە بەپەرۆشەوە چاوەڕێی دەکەن.

10

چـونکە شەریعەت تەنها سێبەری شتە باشـەکانی داهـاتووە، نـەك وێـنەی تـەواوی ڕاسـتیەکان، بۆیـە هەرگـیز نـاتوانێ بەو قوربانیانەی بە بەردەوامی پێشکەش دەکرێ ساڵ لەدوای ساڵ ئەوانـە دروسـتو تـەواو بکـات کە لـەخودا نزیك دەبنەوە بۆ پەرستن. [2] ئەگـینا پێویستی نەدەکرد بەردەوامبن لـەپێشـکەشکردنی قوربانی، چونکە ویژدانی خواپەرستان، کەی بەتەواوی

جارێك پاكبووەوە، ئیتر جارێكیتر پێویستی بەپاكبوونەوە نییەو هەست بەگوناهی ڕابووردووی ناكات. [3] لەڕاستیدا، ئەو قوربانیانە ساڵ بەساڵ گوناهی بەبیر مرۆڤ دەخستەوە، [4] ئەگینا بەهیچ جۆرێك خوێنی مەڕو گوێرەكە گوناهی ئێمە لانابات. [5] لەبەرئەوە كاتێ مەسیح هاتە ئەم جیهانە ووتی: {تۆ قوربانیو خێرت نەویست، بەڵكو لەشێكت داوە پێم. [6] بەقوربانی سووتاو و قوربانی گوناه دڵخۆش نەبووی. [7] جا ئەوكاتە پێم ووتی: (ئەوەتا هاتووم تابەخواستی تۆ كار بكەم، ئەمە ئەوەیە لەكتێبی پیرۆز لەسەرم نووسراوە.)}

[8] ئەو یەكەمجار ووتی: {تۆ قوربانیو خێرو قوربانی سووتاو و قوربانی گوناهت نەویستو پێی دڵخۆش نەبووی}، هەرچەندە هەمووی بەپێی شەریعەت دەكرد، [9] ئینجا مەسیح ووتی: {ئەوەتا هاتووم تا بەخواستی تۆ كار بكەم.} كەواتە بەمە یاسای یەكەمی لابرد، تا یاسای دووەم دابنێ. [10] بەپێی ئەم خواستەی خودا، ئێمە پیرۆز بووین كاتێ عیسای مەسیح یەكجار لەشی خۆی كرد بەقوربانی لەپێناوی هەموان.

[11] لەكۆندا سەرۆك كاهینەكان هەموو ڕۆژێك سەرلەنوێ دەبووایە قوربانگایان ئامادە بكردایە، لەبەر پێشكەشكردنی قوربانی بۆ خودا، هەرچەندە ئەو جۆرە قوربانیانە نەیاندەتوانی گوناهی هیچ مرۆڤێك لابەبن. [12] بەڵام ئەو كاهینە بەرزە ﴿مەسیح﴾ یەكجار قوربانیەكی پێشكەشكرد لەجیاتی هەموو گوناهێك، ئەوسا بۆ هەتاهەتایە لەلای دەستە ڕاستی خودا دانیشت. [13] ئەو لەوێ چاوەڕێ دەكات، هەتا خودا هەموو دوژمنەكانی دەخاتە ژێر پێیەوە. [14] چونكە ئەو بەیەك قوربانی، ئەوانەی پیرۆزكراون، دروستو تەواوی كردن. [15] ڕۆحی پیرۆزیش خۆی شایەتیمان بۆ دەدات، دوای ئەوەی خودا دەڵێ: [16] {ئەمە ئەو پەیمانەیە كە لەگەڵیان دەیبەستم، دوای ئەو ڕۆژانە خوداوەند دەڵێ: یاساكانم دەخەمە ناو دڵیان، هەروەها لەناو میشكیان دەینووسم.} [17] ئینجا بەردەوام دەبێو دەڵێ: {جارێكیتر هەرگیز یادی گوناهەكانو هەڵەكانیان ناكەمەوە.} [18] هەروەها كاتێ ئەم گوناهانە بەخشران، ئیتر پێویست ناكات قوربانی بۆ گوناه

بکرێ.

ئەنجامی قوربانی مەسیح

19 بەم شێوەیە بڕایانی خۆشەویست، ئێستا بەتەواوی باوەڕمان بەوە هەیە، بەهۆی خوێنی عیسای مەسیح، دەتوانین برۆینە شوێنی هەرە پیرۆز. 20 بەو ڕێگا زیندوو و تازەیەی بەدڕاندنی پەردەی پەرستگا کرایەوە، واتە بەلەشی خۆی. 21 هەروەها لەبەرئەوەی کاهینی بەرزمان هەیە سەرپەرشتی مالّی خودا دەکات، 22 کەواتە، پێویستە نزیك بکەوینەوە لەخودا بەدلّێکی پاك و پڕ لەمتمانەی باوەڕ، دوای ئەوەی دلّمان پاك کرایەوە لەیژدانێکی خراپ بەپڕژاندنی خوێن بەسەری، هەروەها لەشمان بەئاوی پاك خاوێن کراوەتەوە. 23 با دەستبگرین بەو هیوایەی شایەتی بۆ دەدەین، بێئەوەی لەهاتنەدی دوودڵ بین، چونکە ئەوەی بەڵێنی پێداوین ڕاستگۆیە، 24 هەروەها با ئاگاداری یەکتری بینو یەکتری هانبدەین بۆ خۆشەویستی و کرداری چاك. 25 واز لەکۆبوونەوەکانتان مەهێنن، هەروەك هەندێکتان لەسەری ڕاهاتوون، بەڵکو یەکتری هانبدەن بۆ ئامادەبوون، لەمەش زیاتر چونکە دەبینن ڕۆژی خوداوەند نزیك‌بووەتەوە.

26 گەر ئێمە بەدەستی ئەنقەست گوناه بکەین، دوای ئەوەی ڕاستیمان ناسی، ئەوسا هیچ قوربانیەك نییە بۆ لێخۆشبوونی گوناهمان. 27 هیچ شتێکی دیکەمان بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەی چاوەڕێی ڕۆژی لێپرسینەوەی ترسناك و تووڕەیی ئەو ئاگرە بکەین کە دوژمنانی پێ دەسوتێنرێ. 28 دەزانن گەر یەکێك دوو یان سێ شایەتی بەسەرەوە بێ کەوا بەرپێچی شەریعەتی موسای کردووە، بێ بەزەییانە سزای مردنی بەسەر دەدرێ. 29 کەواتە بەڕای ئێوە، دەبێ چەند زیاتر بێ سزای ئەوەی بە سووکی سەیری ڕۆڵەی خودا دەکاتو لەهەمان کات خوێنی پەیمان بە پیس دادەنێ کە پیرۆزی کردووە، هەروەها گاڵتە بە بەرەکەتی خودا دەکات؟ 30 چونکە ئێمە ئەوە باش دەناسین کە ووتوویەتی: {تۆڵە سەندن هی منە، منم پاداشت دەدەمەوە.} هەروەها نووسراوە: {خوداوەند حوکم بەسەر گەلەکەی دەدات.} 31

زۆر ترسناکانە کەوتنە بەردەستی خودای زیندوو.

32بەڵام ڕۆژانی ڕابردووتان لەیاد بێ، کاتێ ژیانتان ڕووناك کرایەوەو چەند دانتان بەخۆتان گرتو تووشی ئازار هاتن بەتێکۆشانێکی سەختو دڕێژ. 33لەلایەك ئێوە تووشی جنێو و چەوسانەوە هاتوون، لەلایەکی دیکە بەشداری ئەوانەتان کرد کە بەهەمان شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرا.

34هەروەها بەشداری بەندکراوانتان کرد لەئازارەکانیان، کاتێ دەستیان بەسەر مالّو سامانتان گرت، بەخۆشیەوە دانتان بەخۆتان گرت، چونکە دەزانن لەئاسمان سامانێکی باشترو نەفەوتاوتان هەیە. 35کەواتە بێ متمانە مەبن، چونکە پاداشتی مەزنە. 36ئێوە پێویستتان بەدان بەخۆگرتن هەیە، تا کاربکەن بەخواستی خوداو بەڵێنەکەی بەدەستبهێنن. {37چونکە ئەوەی چاوەڕێی دەکرێ بێت، دوای ماوەیەکی زۆر کورت دێتو دواناکەوێ. 38خودا دەڵێ: ئەوەی بەباوەڕ بێتاوان دەبێ، دەژی، هەروەها ئەگەر هەڵگەڕایەوە، ئەوە جێی ڕەزامەندی من نابێ.} 39جا ئێمە سەربەو هەڵگەڕاوانە نین کە لەناودەچن، بەڵکو سەربەوانەین کە باوەڕیان هەیەو ڕزگار دەبن.

باوەڕی باپیرانمان

11 باوەڕ دڵنیایی تەواوە بەوەی هیوامان لەسەریەتی، هەروەها بێگومانبوونە ئەوەی نایبینین هەیە. 2بەم باوەڕە، خەڵك لەکۆندا ڕەزامەندی خودایان بەدەستهێناوە.

3بەباوەڕ دەزانین هەموو جیهان بەهۆی ووشەی ئەوەوە دروستبووە، تەنانەت هەموو ئەو شتانەی دەیبینین، لەشتێك هاتۆتەکایەوە کەوا نایبینین.

4بەباوەڕ هابیل قوربانی پێشکەش کرد، قوربانییەکەی لای خودا باشتر بوو لەوەی قابیلی برای. هەر بەهۆی باوەڕیەوە بوو خودا قوربانییەکەی پەسەندکردو شایەتی بۆدا کە ڕاستودروستە، هەرچەندە هابیل مرد، بەڵام تائێستاش بەباوەڕی هەروا دەدوێ.

5بەباوەڕ ئەخنوخ بەرزکرایەوە لای خودا بێ ئەوەی بمرێت، لەسەر ڕووی ئەم زەوییە نەما، چونکە خودا

بەرزی‌کردەوە بۆ لای خۆی، پێش ئەوەی ئەمە ڕووبدات، شایەتی بۆ دراوە کەوا ئەو جێی ڕەزامەندی خودا بووە. [6]بێباوەڕ ڕەزامەندی خودا بەدەستنایەت، چونکە ئەوەی بیەوێ لەخودا نزیك‌بێتەوە، دەبێ باوەڕی بەبوونی ئەو هەبێ. هەروەها باوەڕی بەوە هەبێ خودا پاداشتی ئەوانە دەداتەوە کە بەدوایدا دەگەڕێن.

[7]بەباوەڕ نوح ئاگادارکرایەوە سەبارەت بەوەی ڕوودەدات، هەرچەندە نیشانەی هیچ ڕووداوێك دیار نەبوو، ترسی خودا وای لەنوح کرد کەشتییەك دروست بکات تا خاوخێزانەکەی پێڕزگار بکات، بەمە نوح حوکمی بەسەر جیهانداو خۆی بوو بەمیراتگری ڕاست‌ودروستی.

باوەڕی ئیبراهیم و باوکان

[8]بەباوەڕ کاتێ ئیبراهیم بانگکرا بڕوات بۆ ئەو شوێنەی دواتر بەمیرات وەریدەگرێ، گوێڕایەڵی خودا بوو و ڕۆیشت، هەرچەندە نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێ. [9]هەروەها بەباوەڕ لەخاکی بەڵێن پێدراو نیشتەجێبوو، هەروەك بلێیی لەناوچەیەکی نامۆ بێ، لەچادر لەگەڵ ئیسحاق‌و یاقوب دەژیا کەئەوانیش میراتگری هەمان بەڵێن بوون. [10]چونکە ئیبراهیم چاوەڕێی چوونی شاری ئاسمانی دەکرد کە بناغەیەکی چەسپاوی هەیە، ئەوەی خودا دروستکەرو ئەندازیاریەتی.

[11]بەباوەڕ بوو، سارای ژنی ئیبراهیم توانای سك پڕبوونی پێدرا، هەرچەندە تەمەنی مندااڵبوونی بەسەرچوو بوو، چونکە دڵنیابوو لەوەی ئەو بەڵێنەی خودا پێی داوە دەیباتە سەر. [12]بەم شێوەیە لەیەك پیاو کەنزیکی مردن بوو نەوەیەکی گەورە دروستبوو، {ژمارەیان وەك ئەستێرەی ئاسمان، وەك لمی سەر کەناری دەریا لەژمار نەدەهات.}

[13]هەموو ئەوانە لەباوەڕ مردن، بێئەوەی ئەو بەڵێنەی پێیان درابوو بەدەستی بهێنن، بەاڵم هەر لەدوورەوە بینییان پێشوازیان لێکرد، هەروەها ڕایانگەیاند کە ئەوان تەنها نامۆ و میوانن لەسەر زەوی. [14]ئەوانەی ئەمە دەڵێن، بەمە دەریدەخەن کەداوای ووڵاتێ دەکەن. [15]گەر ئەوان باسی ئەو ووڵاتەیان بکردایە کە بەجێیان هێشتبوو، ئەوسا هەڵی

گەڕانەوەیان بۆی دەبوو. 16بەڵام، ئەوان ئارەزووی وڵاتێکی باشتریان دەکرد کە لەئاسمانە. لەبەرئەوە خودا شەرمی پێیان نەبوو ناوبنرێ بەخودایان، چونکە لە ئاسمان شاری بۆ دروستکردن.

17بەباوەڕ ئیبراهیم ئیسحاقی کوڕی پێشکەشکرد وەك قوربانی کاتێ خودا تاقی دەکردەوە، ئەو تاقە کوڕەی بەبەڵێن لەخودا وەریگرتبوو، ئامادەبوو ئەویش بکات بەقوربانی. 18سەبارەت بەئیسحاق خودا ووتی: {لەئیسحاقەوە هەموو نەوەی ئەو پەیدا دەبێ.} 19ئیبراهیم باوەڕی بەوە هەبوو خودا توانای ئەوەی هەیە مردووان زیندووبکاتەوە، لەبەرئەوە خودا جارێکی دیکە ژیانی بەئیسحاق بەخشی وەك نیشانە. 20بەباوەڕ بوو، ئیسحاق یاقوبو عیسۆی پیرۆزکرد، بۆ داهاتووی چاك.

21بەباوەڕ بوو، یاقوب لەسەرە مەرگدا هەردوو کوڕەزاکانی کە کوڕی یوسف بوون پیرۆزی کردن، ئینجا خۆیدا بەسەر گۆچانەکەیداو ستایشی خودای کرد.

22بەباوەڕبوو، یوسف لەکۆتایی ژیانی، باسی دەرچوونی ئیسرائیلیەکانی کرد لەمیسرو سەبارەت بەناشتنیشی وەسیەتی کرد.

باوەڕی موساو باوکان

23بەباوەڕ بوو، کاتێ موسا لەدایك بوو، بۆ ماوەی سێ مانگ دایكو باوکی شاردیانەوە، چونکە بینییان منداڵێکی جوانە، لە فەرمانەکانی پادشا نەترسان.

24بەباوەڕ بوو، کاتێ موسا گەورە بوو، نەیویست خەڵکی بە کوڕی کچی فیرعەون بانگی بکەن. 25موسا بەلایەوە باشتر بوو لەگەڵ گەلی خودا ئازار بچێژێ، لەوەی بۆ ماوەیەکی کورت لەزەت لەخۆشی ژیان وەربگرێ 26بەگوناهەوە بژی. بەلای موسا ئەو ڕیسواییەی لەپێناوی مەسیح چەشتی، نرخی زیاتر بوو لەگەنجینەی میسر، چونکە دەیزانی خودا چۆن پاداشتی دەداتەوە. 27هەر بەباوەڕ بوو دوایی میسری بەجێهێشت، بێئەوەی لەتووڕەیی پادشا بترسێ. بە شێوەیەك ووردەبەرز بوو، هەروەك ئەوە ببینێ کە نەبینراوە. 28هەر بەباوەڕ بوو موسا ڕۆژی تێپەڕبوونی کردو دوایی خوێنی قوربانیەکانی پرژاند

بـــەدەرگـــای جوولـەکـــەکان، تـــا فریشـتەی لـەناوبـەر ئـەوەی کـوڕە نۆبـەرەکانی کوشت، دەست لـەوان نەدات.

باوەڕی دادوەران و پێغەمبەران

[29]بـەباوەڕ بـوو، جوولـەکـەکان توانیـیان لـەدەریای سـوور بپەڕنەوە، هـەروەك بەسـەر ووشـکانیدا بڕۆن. بـەلاّم میسـریەکان کـاتێ ویسـتیان بپەڕنەوە خنکان.

[30]بـــەباوەڕ بـــوو، شـــوورەی چـواردەوری شـاری ئـەریحا ڕووخا، دوای ئـەوەی حـەوت ڕۆژ بەدەوری سووڕانەوە.

[31]بەباوەڕ بوو، ڕاحابی داوێنپیس لـەناونەچـوو لـەگـەڵ یـاخیبووان، چـونکە پێشـوازیەکی هاوڕێـیانەی لـەدوو سیخوڕەکەی یەشوع کرد.

[32]ئمونـــەی تـــر زۆرە بۆتـــان بهێـنمەوە، بـەلاّم کـاتی ئـەوە نـیە تـاوەکو باسـی: جـەدعونو بـاراقو شەمشـونو یەفتاحو داودو ساموئیلو پێغەمبەرانـتان بـۆ بکـەم. [33]بـەهۆی باوەڕیـان ئەوانـە توانـیویانە: زاڵـبن بەسـەر پادشـاهێتیەکان، دادپەروەری بهێنـــنەکایەوە، بەڵێـــنی خـــودا بەدەستبهێنن، دەمی شێر دابخەن، [34] ئاگـری گـڕدار بکوژێنـنەوە، لـەژێـر تـیخی شمشـێر ڕابکـەن، لـەکاتی بێهێزی بەهێزبن، لـەمەیدانی شەڕ ببن بـەپاڵـەوان، لـەشـکری بـێگانە بگەڕێنـنەوە دواوە، [35]هـەندێك ژن مردووەکانـیان گەڕایـەوە لایـان بەزیـندووبوونەوە، هەندێکی دیکەیان دانـیان بەئازارو ئەشکەنجە گرت هەتا مـردن، نەیانویسـت ڕزگاریـان بێ تا لـەڕۆژی دواییدا زیندووبوونەوەیەکی باشـتر بەدەسـتبهێـنن. [36]هـەندێکی تـریان تووشـی ئـازارو سووکایەتیو بەقامچـی لـێدانو کـۆتو زنجـیرو بەندیخانـــە بـــوون. [37]هەندێکـــیان بـەردبارانکـران، پـەرشوبلاوکران، بـەشـێوەیەکی زۆر دڕندانـە بەشمشێر ملـیان پەڕێـنراوە. بەشـێکیان ئـاوارە بـوون لـەجـیاتی جل خۆیان بە پێستی مـەڕو بـزن داپۆشـیوە، دەربـەدەری شـاران بـوون، تووشـی برسـێتیو چەوسانەوەو تەنگانەیەکی زۆربوون. [38]هـەروەك شـایانی ئەم جیهانە نەبن، ئـاوارەی نـاو بـیابانو شـاخو ئەشـکەوتەکانو کـونو کەلەبـەری زەوی بوون.

[39]هەرچـەندە بـاوەڕی ئـەوان

شوێنی ڕەزامەندی خودا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێنی خودایان بەدەست نەهێنا. [40]چونکە خودا پێشتر شتێکی باشتری بۆ ئێمە دانابوو، تا ئەوان بەبێ ئێمە تەواو دروست نەبن.

تەمێکردنی خودای باوک

12

لەبەرئەوە گەر ئێمە بەهەورێکی ئاوا گەورەی شایەتیدان دەوردراوین، با لەهەموو بارگرانیو گوناهێك کە کۆتی کردووین ئازادبین، هەروەها بەپشوودرێژیەوە لەو پێشبڕکێیە ڕابکەین کە لەپێشمانە. [2]با هەمیشە سەیری عیسا بکەین، پێشڕەو و تەواوکەری باوەڕمان. ئەوەی لەپێناوی ئەو خۆشیەی چاوەڕێی دەکرد، دانی بەخۆیگرت کاتێ لەخاچیانداو شەرمەزاری پشتگوێ خست، دوایی لەلای دەستە ڕاستی خودا دانیشت. [3]سەرنج بدەنە ئەوەی دانیبەخۆیگرت سەبارەت بەو دژایەتیەی گوناهباران لەگەڵیان دەکرد، تا ووڕە بەرنەدەنو شەکەت نەبن. [4]هەرچەندە ئێوە لەململانێی گوناه تا ئێستا خوێنتان نەڕشتووە.

[5]ئایا ئەو ووشە هاندەرانەی خوداتان لەبیر چووەوە، کە هەروەك ڕۆڵەی خۆی لەگەڵ ئێوە دەدوا؟ کاتێ دەڵێ: {ڕۆڵەکەم، بەچاوی نزم سەیری تەمێکردنی خوداوەند مەکە، هەروەها ووڕە بەرمەدە کاتێ سزات دەدات، [6]چونکە ئەوەی خوداوەند خۆشیبوێ تەمێی دەکات، هەروەها هەر یەکێك وەك ڕۆڵەی خۆی وەریگرێت بەقامچیی لێیدەدات.}

[7]کەواتە، دانبگرن بەخۆتان کاتێ خودا تەمێتان دەکات، چونکە هەڵسوکەوتی باوکو ڕۆڵەتان لەگەڵ دەکات، چ ڕۆڵەیەك هەیە باوکی تەمێی نەکات؟ [8]گەر بێتو خودا تەمێتان نەکات وەك هەموو منداڵەکانی دیکەی، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئێوە زۆڵنو منداڵی ئەو نین. [9]گەر باوکی سەر زەویمان تەمێمان بکات لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزی بگرین، ئایا دەبێ چەند زیاتر ملکەچی باوکی ڕۆحیمان بین؟ بۆ ئەوەی ژیان بەدەست بهێنین. [10]باوکی سەر زەویمان بۆ ماوەیەك تەمێمان دەکات ئەوەندەی بەباشیان زانیوە، بەڵام خودا، تەمێمان دەکات لەپێناوی بەرژەوەندی ئێمە، هەتا لەپاکوپیرۆزی ئەودا بەشدار بین. [11]

چونکە تەمێکردن لەکاتی خۆی دەردەکەوێ کەمایەی ئازارە نەك خۆشی، بەلأم دواتر، لەئاشتیدا بەروبوومی ڕاستودروستی لێدەکەوێتەوە بۆ ئەوانەی ڕاهێنراون، تا کەم ئەندامەکان لەڕێگا دەرنەچن، بەڵکو چاكببنەوە.

12 کەواتە دەستە بێهێزو ماندووەکانتان جارێکی دیکە بەرز بکەنەوە، هەروەها ئەژنۆ لەرزۆکەکانتان بەهێز بکەن، 13 ڕێگای ڕاستو ڕەوان بۆ پێتان ئامادە بکەن.

14 هەوڵ بدەن، بە ئاشتی بژین لەگەڵ هەموو کەسێك، داوای پاكوپیرۆزی بکەن، بەشێوەیەك بژین جێی ڕەزامەندی خودا بێ، ئەگینا بێ ئەوە کەس ناتوانێ خوداوەند ببینێ.

15 ئاگاداری ئەوە بن، کەستان خۆی لەبەرەکەتی خودا بێبەش نەکات، بەوەی ڕەگی تاڵیتان تیادا بڕوێ، ئەمەش بێزاری بهێنێتە کایەوەو ببێتە هۆی خراپبوونی بەشێکی زۆرتان.

16 ئاگادار بن، با کەستان داوێنپیسیو کفر نەکات لەگەڵ خودا وەك عیسۆ، ئەوەی مافی نۆبەرایەتی خۆی فرۆشت بە ژەمێ نانخواردن. 17 چونکە دەزانن دوای ئەوەی ویستی ببێتەوە میراتگری پیرۆزی، ڕەتکرایەوە چونکە دەرفەتی تۆبەکردنی بۆ نەمابوو، هەرچەندە بەگریانەوەش داوای دەکرد.

18 چونکە ئێوە لەشاخێك نزیك نەکەوتنەوە دەستی لێبدرێ، لەئاگرێکی گڕدار، لەتاریکی، لەتەم، لەگەردەلوول، 19 هەروەها دەنگی کەڕەنا، دەنگی دوانێك وا لەگوێگران بکات بپاڕێنەوە، تا ئیتر ئەم قسانەیان بۆ نەکرێ. 20 چونکە ئەوان نەیانتوانی خۆیان ڕاگرن لەئاست تۆندی فەرمانەکەی خودا، کە ووتبووی: {گەر ئاژەڵیش دەستی بەر ئەو شاخە بکەوێ، دەبێ بەردباران بکرێ.} 21 لەڕاستیدا دیمەنەکە ئەوەندە ترسناك بوو تەنانەت وای لەموسا کرد بڵێ: {من لەترسا دەلەرزم.}

22 بەڵام ئێوە بۆ شاخی شاری داود هاتوون، بۆ شاری خودای زیندوو، کە قودسی ئاسمانییە، بۆ ئاهەنگێك فریشتەیەکی گەڵێ زۆر تیایدا بەشداریکردووە. 23 بۆ کۆمەڵی ڕۆڵە نۆبەرەکانی خودا، ئەوانەی ناویان لەئاسمان نووسراوە.

ئێوە بۆ لای خودا خۆی هاتوون ئەوەی فەرمان بەسەر هەموو مرۆڤ دەدات، بۆ لای ڕۆحی ڕاستودروستان کە تەواوکراون.
24بەڵێ بۆ لای عیسا هاتوون، ئەوەی پەیوەندیڕێکخەری پەیمانی نوێیە، هەروەها بۆ خوێنێکی ڕشێنراو کە زۆر باشتر لەخوێنی هابیل دەدوێ.
25ئاگادار بە قسەکەر ڕەتمەکەوە، چونکە گەر ئەوانەی لەپێشا قسەکەری بە وەحییان ڕەتکردەوە لەسەر زەوی نەیانتوانی ڕابکەن، ئایا ئێمە چۆن دەتوانین لەسزا ڕابکەین گەر قسەکەری ئاسمان ڕەتبکەینەوە؟ 26لەکۆنا دەنگی خودا زەوی خستە لەرزە، بەڵام ئێستا ئەو بەڵێنیداوەو دەڵێ: { جارێکیتر تەنها زەوی ناخەمە لەرزە بەڵکو ئاسمانیش.} 27مەبەست لە (جارێکیتر) ئەمەیە: هەموو ئەو شتانەی خودا دروستیکردووەو لەرزۆکە نامێنێ، لەبناغەدا دەیانگۆڕێ، تەنها شتە چەسپاوەکان دەمێنێتەوەو نالەرزێ. لەشوێنی خۆی ناجوڵێ.
28بۆیە با دەم بەسوپاس بین بۆ ئەو پادشاهێتیەی کە نالەرزێ، هەروەها بەترس و ڕێزەوە خودا بپەرستین، 29بەشێوەیەك کەجێی ڕەزامەندی بێت. چونکە خودای ئێمە ئاگرێکی سووتێنەرە.

ووتەی هاندان

13
با خۆشەویستی خوشك و برایەتی بچەسپێ. 2میواندارى نامۆکان لەیاد مەکەن، چونکە بەمە هەندێ کەس میواندارى فریشتەکانیان کردووە بێئەوەی بزانن. 3یادی بەندکراوان بکەن، هەروەك بەندکرابن لەگەڵیان، هەروەها زۆرلێکراوان، هەروەك زۆرتان لێکرا بێت لەلەش. 4دەبێ لای هەموو کەسێك ژن و مێردایەتی ڕێزی هەبێ، جێگەی ژن و مێرد بەپاکی بمێنێتەوە، چونکە خودا بەڕەللاڕو داوێنپیس تاوانبار دەکات.
5خۆتان دووربخەنەوە لەخۆشەویستی پارە، ڕازیبن بەوەی هەتانە، چونکە خودا ووتویەتی: { هەرگیز پشتگوێت ناخەم و بەجێت ناهێڵم.} 6کەواتە دەتوانین، بەباوەڕی تەواو بەبێترس بڵێین: {خوداوەند یارمەتیدەرمە، لەهیچ شتێك ناترسم،

ئیتر مرۆڤ دەتوانێ چی بەرامبەرم بکات؟}

7 هەمیشە ڕابەرەکانتان لەیاد بێ، ئەوانەی ووشەی خوداتان پێڕادەگەیەنن، تەماشای سەربردەو ئەنجامی ژیانیان بکەن، هەروەها باوەڕی ئەوان بکەن بەنموونەیەك بۆ خۆتان. 8 عیسای مەسیح وەك خۆیەتی، دوێنێ و ئەمڕۆ و تاهەتایە. 9 لەبەرئەوە ڕێمەدەن بەهۆی فێرکردنی نامۆ و جۆراو جۆرەوە گومڕابن. لەوە باشتر نییە گەر دڵ بەبەرەکەت بچەسپێ، نەك بەخواردن، ئەوەی هیچ سوودی نییە بۆ ئەوانەی هەوڵی بۆ دەدەن. 10 ئێمە قوربانگایەکمان هەیە، ئەوانەی خزمەتی چادری پەیمانی کۆن دەکەن بۆیان نییە لێی بخۆن، 11 چونکە ئەو ئاژەلانەی سەرۆك کاهین بەهۆی خوێنیان دەچێتە شوێنی هەرە پیرۆز وەك قوربانی بۆ گوناە، کەلەشەکانیان لەدەرەوەی گەڕەك دەسوتێنرێ. 12 لەبەرئەوە عیساش لەدەرەوەی شار ئازار درا، تا بەخوێنی خۆی مرۆڤ پیرۆز بکات. 13 کەواتە با بچینە لای مەسیح بۆ دەرەوەی گەڕەك، بەشداری ڕیسوایی ئەو بکەین، ئەوەی لەپێناوی ئێمە بەسەری هات! 14 چونکە لەسەر ئەم زەویە هیچ شارێك نییە بۆمان بمێنێتەوە، با هەوڵ بدەین بۆ شاری داهاتوو. 15 کەواتە با بەناوی عیسای مەسیح هەمیشە قوربانی ستایش پێشکەشی خودا بکەین، ئەمەش بەروبوومی لێوەکانمانە، کەوا بەو شێوەیە دان بەناوی ئەو دەنێین. 16 هەروەها کاری چاکو یارمەتیدانی لێقەوماوان پشتگوێ مەخەن، چونکە ئەو جۆرە قوربانیانە خودا دڵشاد دەکات. 17 گوێڕایەڵی ڕابەرەکانتان بنو ملکەچی دەسەڵاتیان بن، چونکە ئەوان شەوارەتان بۆ دەگەرن، هەروەك بڵێی حیسابیان پێشکەشی خودا بکەن، گوێڕایەڵیان بن تا بتوانن کارەکەیان بەدڵشادی بکەن نەك بەبێزاری، ئەگینا زیانی بۆ ئێوە دەبێ.

18 نوێژمان بۆ بکەن، چونکە دڵنیاین لەپاکی ویژدانمانو دەمانەوێ لەهەموو شتێك هەڵسوکەوتمان چاك بێ، 19 هەروەها زۆر بەپەرۆشەوە داواتان لێدەکەم نوێژم بۆ بکەن لای خودا، هەتا بەخێرایی بگەڕێمەوە

لاتان.[20]داوا لەخودای ئاشتی دەکەم، لەگەڵتان بێت.
ئەوەی بەهۆی خوێنی پەیمانی هەتاهەتایی، عیسای مەسیحی خوداوەندمان، کە شوانێکی مەزنە بۆ مەڕەکان، لەنێو مردووان زیندووی کردەوە، [21]تا هەموو شتێکی باشتان پێببەخشێ، تا بەخواستی ئەو کار بکەن و لەئێوە کار بکات بەڕەزامەندی ئەو بەهۆی عیسای مەسیح، بۆ ئەوە شکۆمەندی تاهەتایە. ئامین.

سلاوی کۆتایی

[22]ئەی برایان داواتان لێ دەکەم، بەسنگ فراوانیەوە وەریبگرن ئەو ووتە هاندانانەی لەم نامە کورتەدا بۆم نووسیون.
[23]هەروەها دەمەوێ پێتان ڕاگەێنم تیمۆساوسی برامان لەبەندیخانە ئازادکراوە، هەر کاتێ هات بۆ لام دەمانەوێ بەیەکەوە دیدەنیتان بکەین.
[24]سلاو لەهەموو ڕابەرەکانتان و خوشک و برا پیرۆزەکانتان بکەن. باوەڕدارانی ئیتالیا سلاوتان لێدەکەن.
[25]لەکۆتاییدا بابەرەکەتی خودا

نامه یاقوب

نامەکەی یاقوب کۆمەڵە ئامۆژگاریەکە ئاراستەی هەموو گەلی خودا کراوە کە پەرش‌وبڵاوببوونەوە لەجیهان. مەبەستی هاندانیانە بۆ بەرگەگرتنی ناخۆشی‌و چەسپان لەباوەڕ. نووسەر سەبارەت بەزۆر لایەنی چاکی باوەڕ بەمەسیح دەدوێ‌و داوایان لێدەکات پەیڕەوی بکەن لەهەڵسوکەوتیان، وەکو: دوورکەوتنەوە لەپارەپەرستی‌و لووتبەرزی‌و زمان پاراستن لەقسەی خراپ‌و نەخواردنی بەشی هەژاران. پێویستیشە لەسەر باوەڕداران ئارامبگرن‌و نوێژبکەن‌و داناییان هەبێ. بەڵام نامەکە بەزۆری باسی باوەڕی ڕاستەقینە دەکات کە دەبێ بەکرداری چاکەوە بەند بێ.

1

لەیاقوبی بەندەی خوداو عیسای مەسیحی خوداوەندەوە، بۆ دوانزە هۆزەکەی نەوەی ئیسرائیل کە پەرش‌و بڵاوبوونەتەوە، سڵاوتان لێبێت.

تاقیکردنەوە لەدەرەوە

[2]ئەی برایان بەخۆشی دابنێن، کاتێ دەکەونە جۆرەها تاقیکردنەوەو ناخۆشی، [3]چونکە ئێوە دەزانن تاقیکردنەوەی باوەڕتان ئارامگرتنتان تیا دروست دەکات. [4]با ئارامگرتن بەتەواوی کاری خۆی تیاتان بکات، تا لەهەموو ڕوویەك تەواو و پێگەیشتووبن، لەهیچ شتێك کەمۆکوڕیتان نەبێت. [5]گەر یەکێك لەناوتان کەمۆکوڕی لەدانایی هەبوو، با داوا لەخودا بکات، چونکە خودا بەدەست‌و دڵفراوانی بەهەموو کەسێکی دەدات‌و گلەییش ناکات. [6]بەڵام با بەباوەڕ داوای بکات‌و هیچ گومانی تیادا نەبێت، چونکە ئەوەی گومان دەکات وەك شەپۆلی دەریا وایە با دەیهێنێت‌و دەیبات. [7]ئەو جۆرە مرۆڤە نابێ بیر لەوە بکاتەوە شتێك لەخوداوەند بەدەستدەهێنێ، [8]چونکە ئەو مرۆڤە ڕاڕایە، لەهەموو ڕێگاکانی دوو دڵە.

[9]بابرای پایەنزم شانازی بە بەرزیەکەی بکات، [10]هەروەها دەوڵەمەند بەنزمیەکەی، چونکە دەوڵەمەند وەك گوڵی گژوگیا لەناودەچێ. [11]کاتێ ڕۆژ بەتیشکی

گەرمی هەڵهات، ئەو گژوگیایە ووشك دەکات و گوڵەکەی هەڵدەوەرێ، دیمەنی جوانی نامێنێت، ئاوا مرۆڤی دەوڵەمەند لەناودەچێت کاتێ خۆی ماندوو دەکات بەکارەکانیەوە.

تاقیکردنەوە لەژوورەوە

12 خۆزگە دەخوازرێ بەوەی بەرگە دەگرێ لەکاتی تاقیکردنەوە، چونکە کاتێ لەو تاقیکردنەوەیە دەردەچێ تاجی ژیان وەردەگرێ، ئەوەی خودا بەڵێنی داوە بیدات بەوانەی خۆشیان دەوێت. 13 با کەس نەڵێت کاتێ دەکەوێتە تاقیکردنەوە، (من لەلایەن خوداوە تاقی دەکرێمەوە.) چونکە خودا بە خراپە تاقیناکرێتەوە ئەویش کەس بە خراپە تاقیناکاتەوە، 14 بەڵام هەموو کەسێك تاقیدەکرێتەوە گەر ئارەزووە خراپەکانی خۆی هەڵێخەڵەتاندو ڕایکێشا. 15 ئینجا گەر ئارەزوو سکیپڕ بوو، ئەوا گوناهی لێ دەبێت، ئەگەر گوناهیش گەشەی کرد ئەوا مردنی لێ دێتەکایەوە.

16 برایانی خۆشەویستم هەڵمەخەڵەتێن، 17 هەموو پێدراوێکی چاك و بەهرەیەکی تەواو لەسەرەوە دێت، لای باوکی ڕووناکی دێتەخوارەوە، ئەوەی ناگۆڕێ و سێبەرو خولانەوەی نییە. 18 ئێمە بەخواستی ووشەی ڕاستی لەدایك بوویەن، تابیینە نۆبەرەی دروستکراوانی.

گوێ بگرن و کاری پێبکەن

19 ئەمە بزانن ئەی برایانی خۆشەویست: با هەر یەکێکتان لەگوێگرتن خێرا بێت، پەلە نەکات لەقسەکردن، هێواش بێت لەتووڕەبوون. 20 چونکە تووڕەیی مرۆڤ کار بۆ ڕاستودروستی خودا ناکات. 21 کەواتە واز لەهەموو پیسیو زۆری بەدکاری بهێنن، ئەو ووشەیەی خودا تیاتان چاندوویەتی بەڕۆح سووکیەوە وەری بگرن، ئەوەی دەتوانێ گیانتان ڕزگار بکات. 22 تەنها گوێگری ووشەکان مەبن، بەڵکو کاری پێ بکەن، ئەگینا خۆتان هەڵدەخەڵەتێنن. 23 چونکە ئەوەی گوێ لەووشەی خودا بگرێ و کاری پێ نەکات، وەك یەکێك وایە سەیری ڕوخساری خۆی بکات لەئاوێنە، 24 ئینجا دوای ئەوەی سەیری خۆی

دەکـاتو دەڕوات، یەکسەر لەبیری دەچـێت چـۆن بووە. 25بەڵام ئەوەی بـەووردی سـەیری شـەریعەتی تەواو بکـات، شـەریعەتی سەربەسـتی، لەسـەری بـەردەوام بێـتو ئـەوەی بیستوویەتی بـیری نەچـێت بـەڵکو کـاری پێبکـات، ئـەوا ئـەو کەسـە خۆزگەی پێدەخوازرێت.

26ئـەوەی خـۆی بەدیندار دابنێ زمـانی خۆشی نەپارێزێت، ئەوە خۆی هەڵدەخەڵەتێنێـتو دیـنداریەکەی بێسـوودە. 27دینداری پاك و بێگەرد لای خـودای باوکمـان ئەمەیە: مرۆڤ هەتـیوانو بـێوەژنان بەسـەر بکاتـەوە لـەکاتی تەنگانـەیان، هـەروەها خۆی بەپاکی بپارێزێت سەبارەت بەجیهان.

بەجیاوازی هەڵسوکەوت مەکەن

2 بـرایانی خۆشەویسـت، گەر بەڕاستی باوەڕتـان بەخوداوەند عیسای مەسیح هەیـە، گـەورەی شکۆمەندی، لەگەڵ خـەڵکی بەجـیاوازی هەڵسـوکەوت مەکـەن. 2گـەر دەوڵەمـەندێك هاتـە ناوتـان ئەنگوسـتیلەی زێـڕی لەپەنجە بـوو، بـەرگی نایـابی لەبـەر بـوو، هـەروەها هـەژارێك هاتـە ناوتـانو بـەرگی پیس و کۆنـی لەبـەر بوو. 3 پێشـوازیتان لـەدەوڵەمەندەکە کردو پێـتان ووت: (فـەرموو، لەپێشـەوە دانیشە)، ئینجا بەهەژارەکەتان ووت: (تـۆش لـەوێ ڕاوەسـتە، یـان لـێرە دانیشـە لەبەر پێمان)، 4ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێـت ئـێوە جـیاوازی یەکـێك لەگـەڵ ئـەوی دیکە دەکەنو بەبیری خراپ خۆتان دەکەن بەدادوەر؟

5گـوێ بگـرن ئـەی بـرایانی خۆشەویست: ئایا خودا هەژارانی ئەم جـیهانەی هەڵـنەبژاردووە تـا دەوڵەمـەندبن لـەبـاوەڕو بـبن بەمیراتگری پادشاهێتی، ئەوەی خودا بەڵێـنیداوە بـیدات بەوانـەی خۆشـیاندەوێ؟ 6ئـێوە بەسـووکی سـەیری هـەژاران دەکـەن. ئایـا دەوڵەمـەندەکان نـین لەگەڵـتان زۆردارنو ڕاتاندەکێشـن بـۆ دادگاکـان؟ 7ئایـا ئـەوان نـین گاڵتە بـەناوی چـاکی [مەسـیح] دەکـەن، ئەوەی پێی بانگکراون؟

8گـەر ئـێوە بەتـەواوی کـار بەشەریعەتی شاهانە بکەن بەپێی کتێبی پیرۆز کە دەڵێ: { ئەوەی لێت نزیکە وەك خـۆت خۆشـت بـوێ}، ئـەوا شـتێکی چـاك دەکـەن. 9بـەڵام گەر

بەجیاوازی هەڵسوکەوتتان لەگەڵ خەڵك کرد، ئەوا گوناه دەکەنو شەریعەت تاوانبارتان دەکات وەك سەرپێچیکەر. [10]ئەوەی بەهەموو ڕاسپاردەکانی شەریعەت کار بکات، بەڵام تەنها یەك ڕاسپاردەیان بشکێنێت بەوە هەڵەی لەهەمووداکردووە، [11]چونکە ئەوەی ووتویەتی: {داوێن پیسی مەکە} هەر ئەوە ووتویەتی: {مەکوژە}. گەر داوێنێ پیسیت نەکرد بەڵام یەکێکت کوشت، ئەوا سەرپێچی شەریعەتت کردووە. [12]بدوێنو کار بکەن وەك ئەو کەسانەی بەپێی شەریعەتی سەربەستی حوکمیان بەسەر دەدرێ. [13]چونکە حوکمدان بێبەزەییانە دەبێت بۆ ئەوانەی بەزەییان نەبووە. بەزەییش بەسەر حوکمدان سەردەکەوێ.

باوەڕو کردار

[14]ئەی برایان چسوودێکی هەیە گەر یەکێك بڵێ باوەڕم هەیە، بەڵام کرداری لەگەڵ نەبێت؟ ئایا ئەم جۆرە باوەڕە ڕزگاری دەکات؟ [15]گەر خوشکو برایەك پێویستیان بە جلوبەرگو خواردنی ڕۆژانە هەبوو، [16]یەکێکتان پێیان ووتن: (بەخێر بچن، جلی گەرم لەبەر بکەن، تێر بخۆن.) ئەمە چ سوودێکی هەیە گەر تۆ ئەوەی پێویستیان پێیەتی بۆ لەش نەیاندەیتێ؟ [17]بەم شێوەیە دەبینین باوەڕ لەخۆیدا بەتەنها مردووە، گەر کرداری لەگەڵ نەبێت. [18]لەوانەیە یەکێکتان بڵێ: (تۆ باوەڕت هەیەو من ئ کردار.) نیشانمئ بدە باوەڕت چۆن بێ کردار دەبێت، ئەوسا منیش بەکردارەکانم نیشانت دەدەم باوەڕم چۆنە. [19]تۆ باوەڕت هەیە یەك خودا هەیە، شتێکی چاك دەکەیت. ڕۆحە پیسەکانیش باوەڕیان بەمە هەیەو دەلەرزن لەترسان.

[20] ئەی مرۆڤی گێل، پێویست بەسەلماندن دەکات کە باوەڕ بێ کردار بێسوودە؟ [21]سەیری ئیبراهیمی باوکمان بکە، ئایا بەکردارەکەی نەبوو خودا بێتاوانی کرد، کاتێ ئیسحاقی کوڕی پێشکەشئ کرد لەسەر قوربانگا؟ [22]تۆ دەبینیت باوەڕەکەی بەکردارەوە چالاکە، هەروەها باوەڕەکەی بەکردارەوە تەواو بووە، [23]بەمە ووتەی کتێبی پیرۆز هاتەدی کە دەڵێ: {ئیبراهیم باوەڕی بەخودا هێنا،

ئەمەش بەڕاستودروستی بۆی دانرا} ، هەروەها ناویان نا دۆستی خودا. [24] دەبینین مرۆڤ تەنها بەباوەڕی بێتاوان نابێت بەڵکو بەکردارەکانیشی. [25]ئایا ڕاحابی داوێنپیس بەم شێوەیە بێتاوان نەبوو، چونکە پێشوازی لەنێڕراوان کردو لەڕێگایەکی تردە دەربازی کردن؟ [26]چۆن لەشی مرۆڤ ڕۆحی تیا نەمێنێت دەمرێت، هەروەها باوەڕ گەر کرداری لەگەڵ نەبێت دەمرێت.

خراپی زمان

3

ئەی برایان، زۆربەتان خۆتان مەکەن بەفێرکەر، دەزانن ئێمە لێپرسینەوەی مەزنترمان هەیە. [2]چونکە ئێمە هەموومان لەزۆر شت هەڵە دەکەین، گەر یەکێك بتوانێ لەقسەکردن هەڵە نەکات، ئەوە مرۆڤێکی تەواوەو بەسەر هەموو لەشی زاڵبووە. [3]ئێمە لەغاو دەکەینە دەمی ئەسپ تا گوێڕایەڵمان بێتو بتوانین هەموو لەشی ئاڕاستە بکەین. [4]هەروەها سەیری کەشتی بکەن، هەرچەندە گەورەیەو ڕەشەبای بەهێز پاڵێ پێوە دەنێت، کەچی کەشتیوان بەسەولێکی بچووك پێچی پێ دەکاتەوەو دەیبات بەهەر لایەك بیەوێت. [5]هەروەها زمانیش ئەندامێکی بچووکە، بەڵام زۆر لەخۆبایە. سەیرکەن ئاگرێکی بچووکە دارستانێکی گەورە دەسوتێنێت. [6]زمان وەك ئاگر وایە، جیهانێکە لەخراپە، زمان ئەو ئەندامەیە هەموو لەش پیس دەکاتو ئاگر لەچواردەوری سروشت هەڵدەگیرسێنێت بەگڕێك لەدۆزەخەوەیە. [7]مرۆڤ دەتوانێ بەسەر ئاژەڵی کێوی‌و باڵندەو خشۆکو بوونەوەری ئاوی زاڵ بێت، [8]بەڵام کەس ناتوانێت بەسەر زمان زاڵ بێت. خراپەیەکە ناگیرێت پڕە لەژەهری کوشندە.

[9]بەزمان خوداوەندو باوکمان پیرۆز دەکەین، بەئەویش نەفرەت لەخەڵکی دەکەین کە لەشێوەی خودا دروست کراون. [10]لەیەك دەم پیرۆزی‌و نەفرەت دێتە دەرەوە، ئەمەش نابێ بەم شێوەیە بێت ئەی برایان. [11]ئایا بیستووتانە لەیەك کانی ئاوی شیرین‌و سوێر هەڵبقوڵێت؟ [12] یاخود دەبێت دار هەنجیر زەیتون بگرێت، یان مێو هەنجیر بگرێت؟ ئەی

برایان بەم شێوەیەش کانی سوێر ئاوی شیرینی لێ نایەتە دەرەوە.

دانایی خودایی

13 ئەوەی لەناوتان داناو تێگەیشتووە، با دەریبخات بەژیانی باشی و کردارەکانی لەڕۆحسووکی دانایی. 14 بەڵام گەر چاوپیسی تاڵۆ خواستی خۆویستیتان لەدڵ بوو، شانازی مەکەن و درۆ سەبارەت بەڕاستی مەکەن. 15 دانایی ئاوا هەرگیز لەخوداوە نییە، بەڵکو لەجیهانەوە ڕۆحی نییەو لەشەیتانەوەیە. 16 چونکە لەکوێ چاوپیسی و خۆویستی هەبوو، لەوێ پەشۆکاوی و هەموو جۆرە خراپەیەك بڵاودەبێتەوە. 17 بەڵام ئەو دانایەی لەسەرەوە ﴿لەلای خوداوە﴾ دێت لەپێش هەموو شتێك پاکە، ئاشتیخوازو ساکارە، گوێڕایەڵە، پڕ لەبەزەیی و بەرووبوومی چاکە، ڕاست و ڕێك و ڕەوانە، دوورووبی تێدا نییە. 18 هەروەها بەرووبوومی ڕاستودروستی لەلایەن ئاشتیخوازان لەئاشتیدا دەچێنرێت.

ملکەچی خودا بن

4

هۆی ئەم دوژمنایەتی و ناکۆکییە چییە لەناوتان؟ ئایا بەهۆی ئارەزووە خراپەکانی ئەندامانی لەشتان نییە کە دەجەنگێت لەگەڵتان؟ 2 ئارەزوو دەکەن و دەستتان ناکەوێ ئەوسا دەکوژن. چاوتان لەمالّی خەڵکەو ناگەنە مەبەستی خۆتان، ئەوسا دوژمنایەتی و شەڕ دەکەن. ئەوەی دەتانەوێ دەستتان ناکەوێت، چونکە لەخودا داوا ناکەن. 3 گەر داواشتانکرد وەریناگرن، چونکە بەمەبەستی خراپ داوای دەکەن، تا ئارەزووەکانی خۆتانی پێ تێر بکەن.

4 ئەی داوێنپیسان، ئایا نازانن خۆشەویستی جیهان دوژمنایەتییە لەگەڵ خودا؟ ئەوەی بیەوێ ببێت بەخۆشەویستی جیهان، ئەوە بووە بە دوژمنی خودا. 5 ئایا ئەوەی کتێبی پیرۆز ووتویەتی ڕاست نییە کە دەڵێت خودا دڵگەرمە بۆ ئەو ڕۆحەی تیاماندایە؟ 6 بەڵام خودا بەرەکەتی زۆرتر دەدات بۆیە کتێب دەڵێت: {خودا بەرهەڵستی لووتبەرزەکان دەکات و بەرەکەتی بەسەر ڕۆحسووکان دەبارێنێ.}

[7]جا ملکەچی خودا بن و بەرهەڵستی شەیتان بکەن تا لێتان هەڵێت. [8]نزیك‌بنەوە لەخودا ئەویش لێتان نزیك دەبێتەوە. دەستتان پاك بکەنەوە ئەی گوناهباران، دڵتان خاوێن بکەنەوە ئەی ڕاڕایەکان. [9] خەفەت بخۆن و بگرین و شیوەن بکەن، تا پێکەنینتان ببێت بەگریان و خۆشیتان ببێت بەناخۆشی. [10] لەبەردەم خوداوەند خۆتان بەنزم ڕاگرن ئەوسا خودا بەرزتان دەکاتەوە.

[11]ئەی برایان با کەستان بەخراپە باسی ئەوی دیکەتان نەکات، چونکە ئەوەی بەخراپە باسی براکەی بکات یاخود حوکمی بەسەر بدات ئەوا بەخراپە باسی شەریعەت دەکات و حوکمی بەسەر دەدات. گەر تۆ حوکم بەسەر شەریعەت بدەیت، ئەوا تۆ کاری پێ ناکەیت بەڵکو خۆت دەکەیت بەدادوەر بەسەریەوە. [12] لەکاتێك یەك شەریعەتدانەر و یەك دادوەر هەیە، ئەوەی دەتوانێت حوکمی ڕزگاربوون و لەناوچوون بدات. بەڵام تۆ کێی تا حوکم بەسەر نزیکەکەت بدەیت؟

پشتبەستن بەخودا

[13]ئێستا گوێبگرن، ئەی ئەوانەی کە دەڵێن: (ئەمڕۆ یان بەیانی دەڕۆین بۆ فلاّن شار لەوێ ساڵێك دەمێنینەوە، کاسبی دەکەین و پارە پەیدا دەکەین.) [14]ئێوە کە نازانن بەیانی چی ڕووەدات، کەواتە ژیانتان چییە؟ هەڵمێکە ماوەیەکی کەم دەردەکەوێت دوایی نامێنێت. [15]لەجیاتی ئەوە پێویستە بڵێن: (گەر خوداوەند خواستی لەسەر بوو و ژیاین، ئەم کارەو ئەوی دیکە دەکەین.) [16]ئەگینا ئێوە بە لووتبەرزییەوە شانازی دەکەن، ئەم جۆرە شانازیەش خراپەیە. [17]بۆیە هەر کەسێك بزانێت چاکە بکات و لەگەڵ ئەوەشدا نەیکات ئەوە گوناە دەکات.

ئاگادارکردنەوەی دەوڵەمەندەکان

5 ئێستا گوێبگرن، ئەی دەوڵەمەندەکان بگرین و شیوەن بکەن بۆ ئەو نەگبەتیەی بەسەرتان دێت. [2] سامانەکەتان گەندەڵ بووە، بەرگە نایابەکانتان مۆرانە لێیداوە، [3]زێڕو زیوتان ژەنگ

لـێی‌داوه، ژەنگەکەشیان دەبێت بەشایەت بەسەرتانو وەك ئاگر گۆشتتان دەخوات، ئەمەش ئەو سامانەیە کۆتانکردۆتەوە بۆ ڕۆژانی دوایی. [4]ئەوەتا کرێی ئەو کرێکارانەی کاریان کردووە لە کێڵگەکەتانو نەتانداوە، هاوار دەکاتو شکاتتان لێ دەکات. وا هاواری دروێنەکەران گەیشتە گوێی خوداوەندی دەسەلاتدار. [5]لەسەر زەوی بەنازو نیعمەتو خۆشی ژیاون، خۆتان تێرکردووە وەك بەرخێکی قەڵەو بۆ ڕۆژی سەربڕین. [6]حوکمتان بەسەر بێتاوانداوەو کوشتووتانە، ئەویش بەرهەڵستیتان ناکات.

دانبەخۆگرتن لەئازار

[7]بۆیە ئەی برایان دانبەخۆتانبگرن تا هاتنەوەی خوداوەند. سەیر بکەن چۆن جوتیار چاوەڕێی زەویەکەی دەکات بەروبوومی چاکی بداتێ دانبەخۆیدا دەگرێ بۆ بارانی پایزو بەهار. [8]ئێوەش بەهەمان شێوە دانبەخۆتان بگرنو ووڕەتان بەرز بکەنەوە، چونکە هاتنەوەی خوداوەند نزیك بووەتەوە. [9]ئەی برایان شکات لەیەکتری مەکەن، تا حوکمتان بەسەر نەدرێت، ئەوەتا دادوەر لەبەردەرگا وەستاوە.

[10]بڕایان، نموونە وەرگرن لەدانبەخۆ گرتنی ئەو پێغەمبەرانە لەکاتی ئازار کە بەناوی خوداوەند دواون [11]خۆزگەدەخوازرێ بەوانەی دانبەخۆیان دەگرن، دانبەخۆگرتنی ئەیوبتان بیستووەو دەزانن چۆن خوداوەند پاداشتیدایەوە، چونکە خوداوەند دڵنەرمیو بەزیی زۆرە.

[12]بڕایان، لەپێش هەموو شتێك سوێند مەخۆن، نە بەئاسمانو نە بەزەویو نە بەشتی دیکە. بەڵکو با قسەتان بە بەڵێ بێت گەر وابوو، بە نەخێر بێت گەر وانەبوو، ئەگینا تاوانبار دەکرێن.

نوێژ بەباوەڕەوە

[13]گەر لەناوتان یەکێك هەیە لەناخۆشی بێت؟ با نوێژ بکات. گەر لەناوتان یەکێك هەیە لەخۆشی بێت؟ با بەگۆرانی ستایشی خودا بکات. [14]گەر لەناوتان یەکێك هەیە نەخۆش بێت؟ با پیرانی کۆمەڵی باوەڕداران بانگ بکات نوێژی لەسەر بکەنو

بـەناوی خـــوداوەندەوە چـەوری بکـەن!. [15]ئـەو نوێـژەی بـەبـاوەڕ دەکرێـــت نـــەخۆش چـــاك دەکـاتـــەوەو خـوداوەنـــد هەڵێدەسـێنێتەوە، گـەر گوناهـێکی کردبێت خودا لێێخۆش دەبێت. [16]لای یـەکتری دان بەگوناهەکانـتان بنـێن، نوێـژ بکـەن بـۆ یـەکتری تـا چـاكبـنەوە، نوێـژی گـەرمی مرۆڤی ڕاستودروست زۆر کاریگەرە.

[17]ئەڵـیاس مرۆڤـێك بـوو وەك ئـێمە، بەگـەرمی نوێژیکـرد تا باران نەبارێـت، ئـیتر بـۆ ماوەی سێ ساڵۆ نـیو بـاران نەباری لەسەر زەوی. [18]ئیـنجا جارێکی دیکە نوێژی کردەوە، ئیتر باران باریو زەوی هاتەبەر.

[19]ئـەی بـرایان، گـەر یەکێکـتان ڕێگـای ڕاسـتی وونکـردو یەکێکی دیکـەتان گەڕاندیـەوە، [20]ئـەوا بزانن ئـــەوەی گوناهـــبارێك بگەڕێنێـــتەوە لـــەڕێگای گومـــرایی، دەرونـــێك لـــەمـــردن ڕزگـــار دەکـــاتو زۆر گوناهیش دەشارێتەوە.

یەکەم نامە پەترۆس

پەترۆس نامەی یەکەمی بۆ ئەو باوەڕدارانە نارد، ئەوانەی بەگەلی خودا ناویان دەبات کە لەباکووری ئاسیای بچووک (تورکیای ئێستا) پەرش و بلاوبوونەوە. مەبەستی سەرەکی ئەم نامەیە هاندانە بۆ بەرگە گرتنی چەوساندنەوەو ئازاردان لەپێناوی باوەڕەکەیان.

بۆ گەیشتن بەم مەبەستە نووسەر منگێنی عیسای مەسیح بەبیر خوێنەرانی دەهێنێتەوە، ئەوەی بەمردنو هەستانەوەو هاتنەوەی هیوای بۆ جیهان هێنا. بۆیە لەسەریانە هەموو چەوساندنەوەیەك وەربگرنو بڕوا بکەن ئەوە تاقیکردنەوەی ڕاستی باوەڕیانە، لەسەر ئەمەش پاداشت وەردەگرن ڕۆژی دەرکەوتنی عیسا.

1

لەپەترۆس، نێرراوی عیسای مەسیح، بۆ نامۆکانو دەربەدەرەکان لەپۆنتسو غەلاتیەو کەپدۆکیەو ئاسیاو بیسینیە، [2]ئەوانەی هەڵبژێراون بەگوێرەی زانینی پێشووی خودای باوك و بەڕۆحی خۆی پاك‌وپیرۆزی‌کردن بۆ گوێڕایەڵیو پرژاندنی خوێنی عیسای مەسیح بەسەریان. بەرەکەتو ئاشتیتان بەسەردا برژێ.

ستایشی خوا بۆ هیوای زیندوو

[3]پیرۆزە خودا باوکی خوداوەندمان عیسای مەسیح! کە لەسایەی بەزەییە مەزنەکەی ئەو ئێمە سەر لەنوێ لەدایك بووینەوە بۆ هیوایەکی زیندوو بەهەستانەوەی عیسای مەسیح لەنێو مردووان، [4]بۆ میراتێك بنبڕ نابێو گەلاڵو نابێو کۆتایی بۆ نییەو بۆ ئێوە لەئاسمان هەڵگیراوە، [5]ئێوە بەهێزی خودا پارێزراون بەباوەڕ، بۆ ئەو ڕزگارییەی ئامادەیە لەکۆتایی زەمانە ڕابگەینرێ. [6]ئەوەی پێی دڵخۆش دەبن، هەرچەندە بۆ ماوەیەکی کەم ئازار دەچێژن بەدەست تاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکان، [7]تا ڕاستی باوەڕتان دەرکەوێ، کە لەزێڕی لەناوچوو بەنرختر بەئاگر تاقی دەکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی شکۆمەندیو ستایشو ڕێز لەکاتی ڕاگەیاندنی عیسای مەسیح. [8]ئەوەی نەتانبینیوە خۆشتان دەوێ، هەرچەندە ئەوەی

ئێستا نایبینن باوەڕی پێدەکەنو دڵخۆش دەبن بەشێوەیەك زمان ناتوانێ باسی بکات، خۆشییەکی مەزن، [9]چونکە لەئەنجامی باوەڕتان ڕزگاری دەروونتان بەدەست دەهێنن.

[10]ئەو ڕزگاریەی پێغەمبەران بەدوایدا دەگەڕانو پێشبینیان دەکرد سەبارەت بەو بەرەکەتەی بۆ ئێوەیە، [11]دەگەڕان چ بارودۆخێك یاچ کاتێك بوو ڕۆحی مەسیح دیاری کردووە لای ئەوان، کاتێ لەزووەوە باسی ئەو ئازارانەی مەسیحیان کردووە کە دەیچێژێ ئەو شکۆمەندیەی دوای دێت.[12]ئەوانە خودا بۆی ئاشکراکردن خزمەتی خۆیان نەدەکرد، بەڵکو خزمەتی ئێوەیان دەکرد، کاتێ دەربارەی ئەو شتانە قسەیان کرد کە ئێستا پێتان ڕاگەیێنرا لەلایەن ئەوانەی مزگێنی ڕادەگەیێنن بەڕۆحی پیرۆز، ئەوەی لەئاسمانەوە نێرراوە، فریشتەکانیش بە پەرۆشن بۆ بینینی.

بانگەوازبۆ پاكو پیرۆزی

[13]بۆیە بامێشکتان لەئامادەباشی بێت، ووریا بنو هیوای خۆتان بەتەواوی لەسەر ئەو بەرەکەتە دابنێن کە لەڕاگەیاندنی عیسای مەسیحەوە دێت. [14]وەك مندالێ گوێڕایەڵ بن، بەدوای ئارەزووە کۆنەکانتان مەکەون وەك کاتی نەزانیتان، [15] بەڵکو چۆن ئەوەی بانگی کردوون پاكوپیرۆزە، ئێوەش پاكو پیرۆز بن لەهەموو هەڵسوکەوتێك، [16]چونکە لەکتێبی پیرۆز نووسراوە: {پاكوپیرۆز بن، چونکە من پاكوپیرۆزم.} [17] ئەگەر بەباوك بانگی بکەن، ئەوەی بەبێ لایەنگیری حوکم دەدات، هەر کەسێك بەگوێرەی کردەوەکانی، کەواتە بەترسەوە بژین لەسەردەمی نامۆییتان. [18]ئێوەش دەزانن چۆن کڕانەوە لەو ڕێبازە پووچانەی لەباوکو باپیرانتان بۆتان مابووەوە. ئەو کڕینەوەیەش بەشتی لەناوچوو نەبوو وەك زێڕو زیو، [19]بەڵکو بەخوێنێکی گرانبەها هەروەك لەبەرخێکی بێکەموکوڕ، کە خوێنی مەسیحە. [20]لەپێش دروستکردنی جیهان هەڵبژێررابوو، بەڵام لەم سەردەمانەی دوایی دەرکەوت کە لەپێناوی ئێوەدا بوو. [21]ئەوەی بەهۆیەوە باوەڕتان بەخودا کرد، ئەوەی لەنێو مردووان زیندووی

کـردەوەو شکۆمەندی پێبەخشی، تا هیواو باوەڕتان لەخوداوە بێ.
[22]دەروونـتان پـاك بکەنـەوە بەگوێرایەڵێـتان بـۆ ڕاسـتیو بـۆ خۆشەویستیەکی ڕاستەقینەی برایانە، بەپەرۆشـەوە یەکتریتان خـۆش بوێ لەدڵـەوە. [23]ئـێوە سـەر لـەنوێ لـەدایكبوونـەوە، نـەك بـەتۆوێکی لەناوچـوو، بـەڵکو بـەتۆوێکی نەمر، بەووشەی چەسپاو و زیندووی خودا. [24]چـونکە لەکتێبی پیرۆز نووسراوە: {هـەموو مرۆڤێك وەك گژوگیا وایەو هـەموو شـکۆمەندیەکەی وەك گوڵی بـاخ وایـە. گژوگـیا ووشـك دەبێو گـوڵ هـەڵدەوەرێ، [25]بەڵام ووشەی خوداوەنـد تاهەتایـە دەمێنێ.} ئەوەش ئەو ووشەیەیە کە مژگێنیتان پێدرا.

بەردی زیندوو
2

کەواتـە خۆتـان لەهـەموو ڕقوکینەو فێڵـبازیو دووڕوویـیو چاوپیسـیو بوختانـێك دوور بکەنـەوە. [2]هەروەك مـندالّی سـاوای تـازە لـەدایك بـوو حەزتان لەشیری ڕۆحی پاکو بێگەرد بـێ، چـونکە بەمە گەورە دەبن بەرەو ڕزگـاری. [3]چـونکە تـامی چـاکی خـوداوەندتان چێژتووە.
[4]ئـەوەی بـۆ لای دێن، بەردێکی زیـنـدووە لـەلایـەن خـەڵك ڕەتکـراوەتەوە، بـەڵام لـەلایەن خودا هەڵـبژێرراوەو گرانبەهایە، [5]هەروەها ئـێوەش وەك بـەردی زیـندووی بنیادنراون لەخانوویـەکی ڕۆحی، تا بـبن بەکاهینـی پـیرۆز، بـۆ پێشکەش کـردنی قوربـانی ڕۆحـی کـە جـێی ڕەزامـەندی خودا بێ بەهۆی عیسای مەسـیحەوە. [6]چـونکە لەکتێبی پیرۆز هاتووە: {ئەوا لەشاری داود بەردێك دادەنـێم، ئـەوەش بـەردی بـناغەیەو هەڵـبژێرراوەو گرانـبەهایە. ئـەوەی بـاوەڕی پێبهێنێ شەرمەزار نابێ.} [7]
بۆیـە بۆ ئێوە کە باوەڕتان هێناوە ئەوە گرانبەهایە، بەڵام بۆ ئەوانەی باوەڕیان نەهێـناوە، {ئـەو بـەردەی وەسـتاکان ڕەتـیان کردەوە بوو بەبەردی بناغە،} [8]هـەروەها: {ئـەو بـەردەی دەبێـتە کۆسـپ بـۆ خـەڵکیو دەبێتە مایەی کەوتنـیان.} ئەوانـە سـاتمە دەکـەن، چـونکە ملکەچی ووشەی خودا نین، هەر بۆ ئەو چارەنووسەن.
[9]بـەڵام ئـێوە ڕەگـەزێکی هەڵـبژێرراون، کاهینـی پادشـاهانەن، نەتەوەیـەکی پـیرۆزن، گـەلی تایـبەتی

خودان، تا کردەوە سەیرەکانی ڕابگەێنن ئەوەی بانگی کردوون لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکیە سەرسوڕهێنەرەکەی. [10]ئێوە لەپێشا گەل نەبوون، بەڵام ئێستا گەلی خودان، ئێوە لەپێشا بەزەییتان وەرنەگرت بوو، بەڵام ئێستا بەزەییتان وەرگرت.

[11]خۆشەویستان داواتان لێدەکەم وەك نامۆ و بێگانەیەك لەئارەزووەکانی لەش دووربکەونەوە، ئەوەی دژی دەروون دەجەنگێ. [12]با ڕەوشتتان باش بێت لەنێو بێباوەڕان، تاکو ئەوانەی بوختانتان پێدەکەنو وەك بەدکار ناوتان دەبەن، باستایشی خودا بکەن کاتێ کردەوە چاکەکانتان ببینن لەڕۆژی بەسەرکردنەوە.

ملکەچی بۆ دەسەلاتداران

[13]هەروەها ملکەچی گشت دەزگایەکی مرۆڤانە بن لەپێناوی خوداوەند، بۆ پادشا وەك بەرزترین دەسەلاّت، [14]هەروەها بۆ پارێزگارەکان وەك نێرراوی پادشا، ئەوانەی سزای بەدکاران دەدەنو ستایشی چاکەکان دەکەن. [15]چونکە ئەوەیە خواستی خودا، تا بەکردەوە باشەکانتان نەزانی گێلەکان بێدەنگ بکەن. [16]وەك مرۆڤی سەربەست بژین، بەڵام سەربەستی نەکەن بەپەردە بۆ بەدکاری، بەڵکو وەك بەندەی خودا بژین. [17]ڕێز لەخەڵکی بگرن، برایانتان خۆش بوون، لەخودا بترسن، ڕێز لەپادشا بگرن.

نموونەی ئازارەکانی مەسیح

[18]ئەی کۆیلەکان، ملکەچی گەورەکانتان بن بەهەموو ڕێزەوە، نەك تەنها بۆ ڕۆحسووکو باشەکان، بەڵکو بۆ تووندوتیژەکانیش، [19]چونکە گەر کەسێك خودا بکات بەشایەت بەسەر ژیانی خۆیو بەرگەی ئازاری زۆرداری بگرێ، ئەمە بەرەکەتە. [20] کەواتە گەر هەڵەتان کردو لێتان دراو دانتان بەخۆتان گرت، ئەمە چ شانازییەکە؟ بەڵام گەر کرداری چاك بکەنو لەگەڵ ئەمەش ئازار بچێژنو دان بەخۆتان بگرن، ئەمە بەرەکەتە لەلای خوداوە [21]چونکە بۆ ئەمە بانگ کراون، لەبەرئەوەی مەسیحیش ئازاری چێژت لەپێناوی ئێوەو نموونەی بۆ بەجێهێشتن، تا بەدوای هەنگاوەکانی بکەون. [22]{ئەو

هیچ گوناهێکی نەکردبوو، فڕوفێڵ لەلێوەکانی نەهاتبوونە دەرەوە.} [23] کاتێ جنێوی پێدەدرا، بەجنێو وەلامی نەدەدایەوە، یاخود ئازار دەدرا، هەڕەشەی نەدەکرد، بەڵکو دەیدایە دەست ئەوەی حوکمی دادپەروەرانەیە. [24]ئەو گوناهەکانی هەڵگرتین لە لەشی خۆی لەسەر دار، تا ئێمە بمرین سەبارەت بەگوناەو بۆ ڕاستودروستی بژین. بەهۆی برینەکانی ئەو چاکبوونەوە. [25]چونکە ئێوە وونببوون وەك مەڕ، بەڵام ئێستا گەڕانەوە لای شوانو شوانیش چاودێری گیانتان دەکات.

گوێڕایەڵی ناو ماڵ

3

هەروەها ئێوەش ئەی ژنەکان گوێڕایەڵی میێردەکانتان بن، گەر هاتوو هەندێکیان گوێڕایەڵی ووشەی خودا نەبوون، ئەوا ژنەکانیان دەتوانن بیانهێنن بۆ باوەڕ تەنها بەڕەوشتیانو بەبێ ووشە، [2]کاتێ ئەوان ترسو ڕێزو ڕەوشتی پاکتان ببینن. [3]هەروەها جوانیتان باجوانی دەرەکی نەبێت وەك ئەگریجەی قژو زێڕ بەخۆوەکردنو جلی باش لەبەرکردن، [4]بەڵکو با جوانیتان لەناو دڵتان شاراوە بێ، گەوهەرێکی لەناونەچوو، ڕۆحێکی نیانو ئارام، ئەوەی لای خودا زۆر گرانبەهایە. [5] بەم شێوەیە ژنە پیرۆزەکان لەکۆنا خۆیان بەوە جوان دەکرد، پشتیان بەخودا بەستبوو، گوێڕایەڵی میێردەکانیان بوون، [6]وەك چۆن سارە گوێڕایەڵی ئیبراهیم بوو، بەگەورە بانگیدەکرد. ئێوەش ئێستا کچی ئەون گەر کردەوەتان باش بێتو هیچ شتێك نەتانترسێنێ.

[7]ئێوەش ئەی میێردەکان بەشێوەیەك بژین هەستی ژنەکانتان لەبەرچاو بگرن، ڕێزیان بگرن، وەك ڕەگەزێکی لاوازتر بەشداریتان دەکەن لەمیراتی بەرەکەتی ژیان، تاکو نوێژەکانتان کۆسپی تێنەکەوێت.

بەرگەگرتنی ئازار لە پێناوی ڕاستی

[8]لەکۆتایدا، با هەموتان یەك بیروڕاتان هەبێ، یەك هەستو خۆشەویستی برایانەتان هەبێ، بەزەیی‌دارو ڕۆح سووك بن. [9] وەلامی خراپە بەخراپە مەدەنەوە، هەروەها جنێو بەجنێو، بەڵکو

بەپێچەوانەوە داوای پیرۆزی بکەنو
بزانن ئێوە بۆ ئەمە بانگ کراون،
تاکو ببن بەمیراتگری پیرۆزی. 10
چونکە {ئەوەی بیەوێ خۆشەویستی
ژیانو ڕۆژانی باش ببینێ، با زمانی
لەخراپەو لێوەکانی لەفێڵبازی
بپارێزێ، 11با واز لەخراپە بهێنێتو
چاکە بکات، با بەدوای ئاشتیدا
بگەڕێو هەوڵی بۆ بدات. 12چونکە
چاوەکانی خوداوەند لەسەر
ڕاستودروستانەو گوێی بۆ
نوێژەکانیان ڕاگرتووە. بەڵام ڕووی
خۆی وەرگێڕاوە لەبەدکاران.}
13کەواتە کێ ئازارتان دەدات
گەر ئێوە دڵگەرم بوون بۆ چاکە؟ 14
بەڵام گەر ئازارتان چێژت لەپێناوی
ڕاستودروستی، ئەوا خۆزگەتان
پێدەخوازرێ. {لەوەش مەترسن کە
ئەوان لێی دەترسن، مەتۆقن.} 15
بەڵکو مەسیح پیرۆز بکەن لەدڵتانو
وەك خوداوەند ڕێزی لێبگرن،
هەروەها بەردەوام ئامادەبن بۆ
وەڵامدانەوەی هەر یەکێك بپرسێ
سەبارەت بەم هیوایەی لەئێوە دایە،
ئەوەش دەکەن با بەڕۆحسووکیو
ڕێز بێت. 16هەروەها ویژدانێکی
باشتان هەبە، تا کاتێ جنێوتان پێدراو
ئەوانەی بەخراپە باسی ڕەوشتە
باشەکانتان دەکەن کە لەمەسیح
دایە، شەرمەزار بن. 17بۆیە باشترە
لەبەر کردەوەی باش ئازار بدرێن،
گەر خواستی خودای لەگەڵ بێ،
نەك کردەوەی خراپ. 18چونکە
مەسیح لەپێناوی گوناە جارێك بۆ
هەمووان مرد، واتە بێتاوان بۆ
تاوانباران مرد، تا لەخوامان
نزیكبکاتەوە، مردوو بەلەشو
زیندوو بەڕۆح، 19ئەوەی ڕۆیشتو
مزگێنی بەڕۆحە بەندکراوەکاندا، 20
ئەوانەی لەکۆنا یاخیبوون، کاتێ
خودا بە لەخۆبووردووبی چاوەڕوان
بوو لەڕۆژانی نوح، لەکاتی
دروستکردنی کەشتیەکە، ئەوەی
ژمارەیەکی کەم، واتە تەنها هەشت
کەس تیایدا ڕزگار بوون لەناو ئاو.
21ئەمەش هێمای لەئاوهەڵکێشانە،
کە ئێستا ئێوە ڕزگار دەکات، نەك
بەسرینەوەی پیسی لەش، بەڵکو بە
پەیمانی ویژدانێکی پاك لەگەڵ خودا،
بەهۆی هەستانەوەی عیسای مەسیح
لەنێو مردووان، 22ئەوەی بەرەو
ئاسمان ڕۆیشتو لەدەستە ڕاستی
خودا دانیشت، فریشتەکانو
دەسەلاتدارەکانو بەهێزەکان

ملکەچن بۆی.

چەکداربوون بەو بیروڕایە

4

وەك مەسیح بەلەش ئازاری چێژت، ئێوەش خۆتان بەو بیروڕایە چەکدار بکەن، چونکە ئەوەی بەلەش ئازار بچێژێ لەگوناە کردن دەوەستێ، [2]تا ئەو کاتەی ماوە لەژیان بەلەش بۆ ئارەزووە مرۆڤیەکان نەژی، بەڵکو بۆ خواستی خودا. [3]جا بەستانە ئەو کاتەی بەسەرتان برد بەگوێرەی خواستی بێ باوەڕان، لەبەرەڵلایی و هەوەسبازی و سەرخۆشی و ڕابواردن و ئاهەنگی مەی خواردنەوە و بت پەرستی گەندەڵ. [4]ئەوان سەرسام دەبن، چونکە ئێستا بەشداری ناکەن لەهەمان بەدڕەوشتی، جنێوپێشتان پێدەدەن، [5]بەڵام ئەوان دەبێ حیسابی خۆیان بدەن بەوەی ئامادەیە حوکم بەسەر مردووان و زیندووان بدات. [6] بۆیە مزگێنی بەوانەش درا کە ئێستا مردوون، تاکو بەگوێرەی مرۆڤ لەلەش حوکم بدرێن، بەڵام بەگوێرەی خودا لەڕۆح بژین.

[7]کۆتایی هەموو شتێك نزیك بووەتەوە، بۆیە ژیرو چاوکراوە بن بۆ نوێژەکانتان. [8]لەسەرووی هەموو شتێکیش با خۆشەویستیتان بۆ یەکتری بەهێز بێت، چونکە خۆشەویستی زۆر گوناە دادەپۆشێ. [9]میواندارییەتی یەکتری بکەن بەبێ مشتومڕ. [10]باهەر یەك لەئێوە بەگوێرەی ئەو بەهرەیەی وەریگرتووە، خزمەتی پێکات لەنێوان یەکتری، وەك بریکارێکی باش لەسەر بەرەکەتە جۆراوجۆرەکانی خودا. [11]هەر یەکێك قسە بکات با وەك ووشەکانی خودا بێت، هەروەها گەر یەکێك خزمەتی کرد با وەك ئەوە بێت توانای لەخوداوە وەرگرتبێت، تاکو خودا لەهەموو شتێك شکۆدار بێت بەعیسای مەسیح، بۆ ئەوە شکۆمەندی و دەسەلأت تاهەتایە. ئامین.

وەك قوتابی مەسیح ئازار بدرێن

[12]خۆشەویستان، لاتان سەیر نەبێ کاتێ تەنگوچەلەمەی سوتێنەر توشتان دێت بۆ تاقیکردنەوەتان، وەك بلێی شتێکی سەیرتان بەسەر هاتووە. [13]بەڵکو دڵخۆش بن هەروەك بەشداریتان کرد لەئازارەکانی

مەسیح، تاکو زیاتر دڵخۆش بن
لەکاتی ڕاگەیاندنی شکۆمەندیەکەی.
14 گەر جنێوتان پێدرا لەپێناوی ناوی
مەسیح، ئەوا خۆزگەتان
پێدەخوازرێ، چونکە ڕۆحی
شکۆمەندیو ڕۆحی خودا دێتە
سەرتان. 15 با کەستان ئازار نەچێژێ
وەك بکوژێك یا دزێك یا بەدکارێك
یاخود وەك یەکێك دەست
لەکاروباری خەڵکی وەربدات، 16
بەڵام گەر وەك قوتابی مەسیح ئازار
بدرێن شەرم مەکەن، بەڵکو لەسایەی
ئەو ناوە ستایشی خودا بکەن. 17
چونکە کاتی لێپرسینەوە هاتووە
بەخانەوادەی خودا دەست
پێدەکات، گەر بەئێمەوە دەست
پێبکات، باشە دەبێ کۆتایی ئەوانە
چی بێت کە گوێڕایەڵی مزگێنی
خودا نین. 18 کتێبی پیرۆز دەڵێ: {
گەر مرۆڤی ڕاستودروست
بەهەوڵو کۆشش ڕزگاری بێ، دەبێ
چارەنووسی گوناهبارو خوانەناس
چی بێ؟} 19 بۆیە ئەوانەی ئازار
دەدرێن بەگوێرەی خواستی خودا،
باخۆیان بدەنە دەست دروستکەری
سەرڕاست لەچاکە کردن.

شوانی مێگەلی خودا

5 داوا لەو پیرانە دەکەم کە لەگەڵتانن،
من وەك پیرێکی هاوڕێیانمو شایەتی
ئازارەکانی مەسیحو بەشداربووی ئەو
شکۆمەندیەم کەوا ڕادەگەیەنرێ، 2
مێگەڵی خودا بلەوەڕێنن کە
لەنێوانتاندایەو چاودێری و خزمەتیان
بکەن، ئەو کارەش بەزۆر نییە، بەڵکو
با بەویستی خۆتان بێ هەروەك خودا
دەیەوێ، هەروەها بۆ دەسکەوتی
شەرمەزار نەبێ بەڵکو بەچالاکییەوە
بێ، 3 هەروەها خۆتان مەسپێنن
بەسەر ئەوانەی میراتی خودان، بەڵکو
خۆتان بکەن بە نموونە بۆ مێگەڵ. 4
کاتێکیش سەرۆکی شوانەکان
دەردەکەوێ ئێوە تاجی نەمری
شکۆمەندیتان دەستدەکەوێ.
5 ئێوەش ئەی لاوەکان ملکەچی
پیرەکان بن، هەروەها هەموتان
ڕۆحسووکی لەبەر خۆتان بکەن
سەبارەت بەیەکتری، چونکە {خودا
بەربەرەکانی لەخۆبایبیان دەکات،
بەڵام بەرەکەتی دەبەخشێ
بەڕۆحسووکەکان.} 6 بۆیە
ڕۆحسووك بن لەژێر دەستی بەتوانای
خودا، تا لەکاتی خۆی بەرزتان

بکاتەوە. [7]هەموو گیروگرفتەکانتان بخەنە سەر ئەو، چونکە ئەو بایەختان پێدەدات.

[8]چاوکراوە بن و ئێشکبگرن، چونکە شەیتانی دوژمنتان وەک شێرێکی بە نەرەنەر لەدەوروپشتتان دەسوڕێتەوە، دەگەڕێ بەدوای یەکێک تا بیخوات. [9]بەربەرەکانی بکەن و چەسپاوبن لەباوەڕ، بزانن خوشکو براکانیشتان هەمان ئازار دەچێژن ئەوانەی وا لەجیهانن. [10]هەروەها خودای هەموو بەرەکەتێک، ئەوەی بانگیکردووین بۆ شکۆمەندییە نەمرەکەی لەعیسای مەسیحدا، دوای ئەوەی تۆزێک ئازارتان چێژت، هەر خۆی نوێکەرەوەو چەسپێنەرو بەهێزکەرو بناغەدانەری ئێوەیە. [11]بۆ ئەوە دەسەلأت تاهەتایە.ئامین

بەرەکەتی ڕاستی خودا

[12]بەهۆی سلفانۆس، کە بەبرای سەرڕاستی خۆمی دەزانم، بەکورتی ئەم نامەیەتان بۆ دەنووسم، تیایدا هانتاندەدەمو شایەتیدەدەم ئەمە بەرەکەتە ڕاستەکەی خودایە. تیایدا بچەسپێن. [13]ئەوەی لەبابل وەک ئێوە هەڵبژێراوە، سلأوتان لێدەکات، هەروەها مەرقۆسی کوڕم سلأوتان لێدەکات. [14]سلأو لەیەکتری بکەن بەماچی خۆشەویستی. داوای ئاشتی بۆ هەموو لایەکتان دەکەم، ئێوە کە لەمەسیحدان.

دووەم نامە پەترۆس

نامەی دووەمی پەترۆس ئاڕاستەی ناوەندێکی فراوانی باوەڕداران کراوە. مەبەستیشی دژایەتی‌کردنی مامۆستا درۆزنەکانو ئەو بەرەڵاییەی بە هۆی فێرکردنەکانیان بڵاوەدەبێتەوە. وەڵامدانەوەی ڕاستی باوەڕدارانیش دەبێ ئەوەبێ، خوداو خوداوەند عیسای مەسیح بەڕاستی بناسن. ئەم ناسینەش لەوانە وەرگرن کە خۆیان مەسیحیان بینیوەو ناسیویانە. پەترۆس لەم نامەیەدا زیاتر گرنگی بەوە داوە کە هەندێك کەس ووتویانە مەسیح جارێکی تر ناگەڕێتەوە. ئەویش دەڵێ دەرەنگ هاتنەوەی مەسیح، ئەوە دەگەڕێنێ خودا نایەوێ کەس لەناوبچێ، بەڵکو هەموو خەڵکی لەگوناهەکانیان بگەڕێنەوەو تۆبە بکەن.

1

لەشەمعون پەترۆسەوە، بەندەو نێردراوی عیسای مەسیح، بۆ ئەوانەی بەهۆی ڕاستودروستی خوداو ڕزگارکەرمان عیسای مەسیح باوەڕێکی بەنرخی وەك باوەڕی ئێمەیان دەسکەوتووە. [2]بابەرەکەت‌و ئاشتی زیاد بێت بۆتان، بەناسینی خوداو عیسای خوداوەندمان.

هەڵبژاردن‌و بانگەوازی خودایی

[3]هێزە خودایەکەی هەموو شتێکی سەبارەت بەژیان‌و خوداناسی بەئێمە بەخشیوە، بەهۆی ناسینی ئەوەی بانگی‌کردین بۆ شکۆمەندی‌و ڕەوشتبەرزی، [4]ئەوەی بەهۆیەوە بەڵێنە بەنرخ‌و مەزنەکانمان پێدرا، تا بەهۆی ئەو بەشداربین لەسروشتی خودایی‌و ڕابکەین لەو گەندەڵییەی جیهان کە لەئارەزووی خراپدایە.

[5]لەبەر ئەوەشە زۆر چالاکانە ڕەنج دەدەن تا لەباوەڕتان ڕەوشتبەرزی بکەوێتەوە، لەڕەوشتبەرزی زانیاری، [6] لەزانیاری خۆڕاگری، لەخۆڕاگری دانبەخۆگرتن، لەدانبەخۆگرتن خواناسی، [7]لەخواناسی هەستوسۆزی برایانە، لەهەستوسۆزی برایانە خۆشەویستی. [8]چونکە گەر ئەوانەتان تیادا بێتو زیاد بکات، ئەوا دەتانپارێزێت لەوەی تەمبەڵو بێ بەرووبووم بن لەناسینی خوداوەندمان عیسای مەسیح. [9]چونکە ئەوەی ئەو

شتانەی تیادا نەبێ ئەوا کوێرو کەمبینە، هەروەها لەیادی چووە لەگوناهە کۆنەکانی پاکبێتەوە.

[10]بۆیە برایان زیاتر دڵگەرم بن بۆ چەسپاندنی هەڵبژاردنو بانگەوازیەکەتان، چونکە گەر ئەوەتان کرد ئەوا هەرگیز ناکەون، [11]هەروەها پێشوازییەکی گەرمتان لێ دەکرێ بۆ چوونە ناوەوەی پادشاهێتی نەمری خوداوەندو ڕزگارکەرمان عیسای مەسیح.

[12]بۆیە بەردەوام دەمەوێ بەبیرتان بێنمەوە سەبارەت بەو شتانە، هەرچەندە ئێوە ئێستا دەیانناسنو چەسپاون لەسەر ئەو ڕاستیەی لاتانە. [13]من بەڕاستی دەزانم، تا لە چادری ئەم لەشەدابم، هۆشیارتان بکەمەوە بە وەبیرهاتنەوە، [14]چونکە دەزانم داکەندنی ئەم چادرەم ﴿مردنم﴾ نزیکبووەتەوە، هەروەك خوداوەندمان عیسای مەسیح بۆی دەرخستم. [15]هەروەها هەوڵدەدەم تا دوای ڕۆیشتنم هەموو ئەو شتانەتان وەبیربێتەوە.

شایەتی نەگۆڕی نێڕراوان

[16]چونکە ئێمە دوای ئەفسانەی دروستکراو نەکەوتین، کاتێ هاتنی خوداوەندمان عیسای مەسیحو هێزەکەیمان پێناساندن، بەڵکو بەچاو شایەتی مەزنی توانای ئەوین. [17]لەبەرئەوەی کاتێ ئەو ڕێزو شکۆمەندی لەخودای باوك وەرگرت، دەنگێك لەخودای شکۆداری مەزنەوە بۆی هاتو ووتی: (ئەمەیە ڕۆڵەی خۆشەویستم، ئەوەی زۆر پێی دڵشادم)، [18]ئێمەش گوێمان لەم دەنگەبوو کە لەئاسمانەوە هات، کاتێ لەشاخی پیرۆز لەگەڵی بووین. [19]هەروەها ووشەی پێغەمبەرانمان هەیەو زیاتر جێگای متمانەیە. چاك دەکەن گەر ئاگاداریبنو سەرنج بۆ ئەوە بدەن وەك بۆ چرایەکی گەشاوە لەشوێنێکی تاریك، تا ڕۆژ هەڵدێتو ئەستێرەی بەیانی لەدڵتان دەردەکەوێ. [20]لەپێش هەموو شتێك پێویستە ئەوە تێبگەن، کە هەموو ووشەیەکی کتێبی پیرۆز بەلێکدانەوەیەکی تایبەتی یەکێك ڕوونانبێتەوە، [21]چونکە هەرگیز هیچ ووشەیەك بەخواستی مرۆڤ نەهاتووە،

بەڵکو خەڵکی لەسەر دەستی ڕۆحی پیرۆز قسەی خودایان کردووە.

مامۆستا درۆزنەکان

2 بەڵام لەنێو خەڵك پێغەمبەری درۆزن دەرکەوتن، هەروەك لەنێوانتان مامۆستای درۆزن دەردەکەون ئەوانەی لەخۆیانەوە بەنهێنی فێرکردنی چەوتی لەناوبەر دەهێننە ناوەوە، تەنانەت نکۆڵی لەخوداوەند دەکەن ئەوەی ئەوانی کڕیەوە، بەمەش لەناوچوونێکی خێرا بەسەر خۆیاندەهێنن. 2 خەڵکێکی زۆریش دوای بیرورا لەناوچووەکەیان دەکەون، هەروەها بەهۆی ئەوان ڕێبازی ڕاستی نەفرەتی لێدەکرێ. 3 لەچاوچنۆکیان بەقسەی فڕوفێڵ بازرگانیتان پێدەکەن، ئەوانەی لەکۆنەوە حوکمیان بەسەردا دراوەو ئەمەش بەتاڵ نابێتەوەو لەناوچوونیان چاوپۆشی لێناکرێ.

4 چونکە گەر خودا بەزەیی بەفریشتە بەدکارەکان نەهاتبێتەوە کاتێ گوناهیان کرد، بەڵکو فڕیێدانە دۆزەخو لەقوواڵیی تاریکی لەژێر چاودێری دایناندا تا ڕۆژی لێپرسینەوە، 5 هەروەها گەر بەزەیی بەجیهانی کۆن نەهاتبێتەوە، بەڵکو تەنها نوحی پاراست کە مزگێنیدەری ڕاستودروستی بوو لەگەڵ حەوت کەسی دیکە، کاتێ خودا لافاوی بەسەر جیهانی خوانەناسان هێنا، 6 گەر خودا بڕیاری تێکدانی بەسەر سەدۆمو عەمورە داو هەردوو شاریکرد بەخۆڵەمێشو کردنی بەپەند بۆ ئەو خوانەناسانەی دوایی دێن، 7 گەر لوتی پیاوچاکی دەربازکرد، ئەوەی زۆر بێزار بوو لەهەڵسوکەوتی بەدکاران، 8 (چونکە ئەو پیاوچاکە کە لەناویان ژیاو گوێی لەکردەوە خراپەکانیان بوو و بەچاوی خۆی بینی، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گیانی ڕاستودروستی بێزارتر دەبوو)، 9 گەر ئەمە وابێ، خوداوەند دەزانێ چۆن خوداناسان لەتەنگوچەڵەمەکانیان دەرباز بکاتو خوانەناسان بهێڵێتەوە لەژێر سزادان تا ڕۆژی لێپرسینەوە، 10 بەتایبەتی ئەوانەی کەوتوونەتە دوای هەوەسە گاڵاوەکانی لەشو سووکایەتی بەدەسەاڵتداری گەورە دەکەن.

چەند چاونەترسو کەللەڕەقن سڵناکەنەوە کاتێ قسەی خراپ

سەبارەت بەشکۆداری ئاسمان دەڵێن، [11]لەگەڵ ئەوەش فریشتەکان لەوان بەتواناترو بەهێزترن، قسەی خراپی تاوانبارکردن سەبارەت بەوان نالێن لەبەرامبەر خوداوەند. [12]بەڵام ئەوانە وەك ئاژەڵی بێمێشکن، بەسروشت لەدایك بوونە بۆ ڕاوکردنو کوشتن، قسەی خراپ سەبارەت بەشتێك دەڵێن کە هیچی لێناگەن، بەگەندەڵی خۆیان لەناودەچن.

[13]بەم شێوەیە ئازار دەچێژن وەك پاداشتی کردەوە خراپەکانیان. ئەوانە بە خۆشییەکی مەزنی دەزانن گەر بەدرێژایی ڕۆژ لەناو ئارەزووەکانیان بن. ئەوانە نیشانەی شەرمەزاریو کەمووکوڕین، چێژ لەئارەزووەکانیان وەردەگرن، بەشداری خوانەکانتان دەکەن. [14]ئەوانە چاویان بەڕەو داوێن پیسییە، لەگوناە ناوەستن، ئەوانە بەتەڵەوە دەکەن کە نەچەسپاون، دڵیان بەچاوپیسی فێرکراوە، ئەوانە بەڕاستی ڕۆڵەی نەفرەتن. [15]لەڕێگای ڕاستی لایانداوەو وون بوون، ئەوانە دوای ڕێبازی بەلعامی کوڕی بەعور کەوتن ئەوەی حەزی لەکرێی خراپەکاری بوو، [16]بەڵام دووچاری سەرزەنشت بوو لەبەر هەڵەکانی، کاتێ گوێدرێژی لاڵ بەدەنگی مرۆڤانە هاتە دوانو شێتی ئەو پێغەمبەرەی ڕاگرت.

[17]ئەوانە کانی بێئاون، هەورن بەگەردەلوول دێنو دەچن، ڕەشایی تاریکی تاهەتایە بۆ ئەوانە هەڵگیراوە. [18]ئەوانە کاتێ بەقسەی گەورەو بەتاڵ دەدوێن، بەهەوەسەکانی لەشو بەبەڕەللایی، ئەو خەڵکە هەڵدەخەڵەتێنن کە تازە هەڵاتوون لەدەست ئەوانەی لەخرابی دان. [19] ئەوان بەڵێنی ئازادییان پێدەدەن، بەڵام خۆیان کۆیلەی گەندەڵین، چونکە مرۆڤ دەبێتە کۆیلەی هەر شتێك بەسەریدا زاڵبێ. [20]چونکە ئەوانە دوای ئەوەی هەڵاتن لەدەست گڵاوی جیهان بەهۆی ناسینی خوداوەندو ڕزگارکەر عیسای مەسیح، دوایی دەگەڕێنەوەو تیایدا تێدەکەون، ئەو کاتە گڵاوییەکە بەسەریان زاڵ دەبێو کۆتاییەکەیان خراپتر دەبێ لەسەرەتاکەیان. [21] لەبەرئەوە باشتر ڕێگای ڕاستودروستیان نەناسیبووایە لەوەی ناسیانو هەڵگەڕانەوە لەو ڕاسپاردە پیرۆزانەی پێیان درابوو. [22]

ئەوانە بەڕاستی ئەو پەندەیان لەسەر دەچەسپێ: (سەگ گەڕایەوە سەر ئەوەی ڕشاندیەوە)، هەروەها: (کاتێ بەرازیان شۆرد گەڕایەوە بۆ ناو چلپاو.)

ڕۆژی خوداوەند

3 ئەمە دووەم نامەیە خۆشەویستان بۆ ئێوەی دەنووسم، لە هەردووکیان بەیادی مێشکی پاکتانم هێناوەتەوە، [2] تاکو بەیادتان بێتەوە ووتەی پێغەمبەرە پیرۆزەکانو ڕاسپاردەی خوداوەندو ڕزگارکەر بەهۆی نێراوەکانتان. [3] پێش هەموو شتێك پێویستە ئەوە تێبگەن، خەڵکێکی گاڵتەچیو فشەکەر لەڕۆژانی دوایی دێن، دوای ئارەزووە خراپەکانیان دەکەون، [4] دەڵێن: (کوانێ بەڵێنی گەڕانەوەی مەسیح؟ لەو کاتەی باوکانمان لەکۆنەوە مردوون، لەسەرەتای دروست بوونەوە هەموو شتێك وەك خۆیەتی.) [5] بەئەنقەست ئەم ڕاستییە پشتگوێ دەخەن، کە لەکۆنەوە ئاسمانەکان هەن و زەویش بەووشەکەی خودا لەئاو و بەئاویش پەیدابووە، [6] بەهۆی ئاوەکانیش جیهانی کۆنی داپۆشیو لەناوی‌برد. [7] هەروەها بەهەمان ووشە ئەم زەویو ئاسمانەی ئێستا واهەنو هەڵگیراون بۆ ئاگر، پارێزراون تا ڕۆژی لێپرسینەوەو لەناوچوونی خوانەناسەکان.

[8] بەڵام تەنها ئەو ڕاستیەتان لەیاد نەچێ خۆشەویستان، ئەویش یەك ڕۆژ لای خوداوەند هەزار ساڵەو هەزار ساڵیش یەك ڕۆژە. [9] خوداوەند خاو نییە سەبارەت بەبەڵێنەکانی، هەروەك هەندێ کەس مانای خاوی وا تێدەگەن، بەڵام لەسەرمان ڕادەوەستێو دان بەخۆی دەگرێ، چونکە حەز ناکات هیچ کەس لەناوبچێ، بەڵکو حەز دەکات هەموو خەڵکی ڕووەو تۆبەکردن بێن.

[10] بەڵام ڕۆژی خوداوەند وەك دز دێت، ئەوکاتە بەدەنگێکی بەرز ئاسمان نامێنێ، بەئاگرێکی توندیش تونخەکان دەتوێنەوە، هەروەها زەویو هەموو ئەو کارانەی لەسەری‌کراوە دەسوتێنرێ. [11] گەر هەموو ئەو شتانە لەناوبچن، ئیتر پێویستە ئێوە چ جۆرە مرۆڤێك بن؟ دەبێ ژیانێکی پیرۆزو لەخواترس بژین، [12] لەچاوەڕوانیو

هـەوڵدان بـن بـۆ هاتـنی بەخـێرایی ڕۆژی خـودا، چـونکە لـەو ڕۆژە ئاسمـان بەئاگـر لەناودەچـێ، توخمەکانـیش بـەهۆی گـەرمی دەتوێـنەوە. [13]بەڵام بەگوێرەی بەڵێنی ئـەو ئـێمە چـاوەڕوانی ئاسمانی نوێ و زەوی نوێین کە ڕاستودروستی تیادا نیشتەجێیە.

[14]بۆیـە خۆشەویسـتان، هـەوڵبـدەن لەکاتـێکدا چاوەڕوانی ئـەو ڕۆژە دەکـەن، خـودا بەئاشتی بتانبینێ و هیچ کەموکوڕیەکتان تیادا نـەبێ. [15]ئـێوەش لـەخۆبوردوویی خوداوەندمـان بەهەڵـێك بـزانن بـۆ ڕزگـاری، هـەروەك بـرای خۆشەویستمان پۆڵس بۆی نووسین بەگوێـرەی ئـەو دانایـیەی پـێی دراوە، [16]هـەروەها لەهـەموو نامەکانـیدا دواوە سـەبارەت بـەو شـتانە، ئـەوەی هـەندێ شتی تێدایە گـرانە بـۆ تێگەیشـتن، نەزانـەکان و نەچەسـپاوەکان لـەڕاسـتی، دەسـتی تـێوەردەدەن و دەیگـۆڕن وەك بەشـەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز، بۆ لـەناوچوونی خۆیان.

[17]بۆیـە ئـەی خۆشەویستان، ئێوە لـەپێشـا دەزانن، ئاگاداری خۆتان بن تا بەدوای خراپەکاری هەڵگەڕاوەکان نەکەون و چەسپاوی خۆتان نەدۆڕێنن. [18]بـەڵکو گەشـە بکەن لـەبەرەکەت و ناسـینی خوداوەنـدو ڕزگارکـەرمان عیسای مەسیح، بۆ ئەوە شکۆمەندی ئێستاو تاهەتایە. ئامین.

یەکەم نامەی یۆحەننا دوو مەبەستی سەرەکی هەیە:
1-هاندان بۆ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خوداو ڕۆڵەکەی عیسای مەسیح.
2-ئاگادارکردنەوە لەفێرکردنی پووچەڵ کە ئەم هاوبەشییە دەڕوخێنێ.
چونکە بەپێی ئەو فێرکردنانە ژیان لەگەڵ خەڵکی دیکە دەبێتە هۆی خراپەکاری، بۆیە نابێ ووشەی خودا بوو بێت بەمرۆڤ. هەروەها ڕزگاربوونیش تەنها لە ڕێی ئازاد بوونە لەغەمەکانی ژیان، هیچ پەیوەندی نییە بەڕەوشت یان خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ.
بۆ بەرپەچدانەوەی ئەم فێرکردنە پووچانە، یۆحەننا دووبارەی دەکاتەوە کە ووشەی خودا بەڕاستی بووە بەمرۆڤ، ئەوانەی باوەڕیان بەعیسا هەیەو خودایان خۆش دەوێ دەبێ یەکتریان خۆش بوێ.

1

ئێمە ئەمە ڕادەگەیەنین سەبارەت بەووشەی ژیان، ئەوەی لەسەرەتاوە بوو، ئەوەی گوێمان لێی بوو، ئەوەی بەچاوی خۆمان بینیمان، ئەوەی تەماشامان کردو دەستمان لێیدا، [2]ئەم ژیانە دەرکەوت، ئێمە بینیمانو شایەتی بۆ دەدەینو ژیانی هەتاهەتاییتان پێ ڕادەگەیەنین، ئەو ژیانەی لەلایەن باوکی ئاسمانییەوە بۆ ئێمە دەرکەوت. [3]ئەوەی بینیمانو گوێمان لێیبوو پێتانی ڕادەگەیەنین، بۆ ئەوەی ئێوەش ژیانی هاوبەشیتان هەبێ لەگەڵمان، بەڵام ژیانی هاوبەشی ئێمە لەگەڵ باوکی ئاسمانیو ڕۆڵەکەی، عیسای مەسیحە. [4]ئێمەش ئەم نامەیەتان بۆ دەنووسین تا خۆشییەکەمان پڕو تەواو بێت.

خودا ڕووناکییە

[5]ئەمە ئەو هەواڵەیە کە لەمەسیحەوە گوێمان لێبوو و پێتانی ڕادەگەیەنین، ئەویش ئەوەیە خودا ڕووناکییەو هەرگیز تاریکی تیادا نییە. [6]گەر بڵێین ژیانی هاوبەشمان لەگەڵ هەیەو بەتاریکیدا بڕۆین، ئەوا درۆ دەکەینو ڕاست ناکەین، [7]بەڵام ئەگەر بەڕووناکیدا بڕۆین بەو شێوەیەی ئەو لەڕووناکیدایە، ئەوا لەگەڵ یەکتری ژیانی هاوبەشمان

دەبێت‌و خوێنی عیسای ڕۆڵەکەی لەهەموو گوناهێك پاکمان دەکاتەوە.
[8]گەر بڵێین گوناهمان نییە، ئەوە خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین‌و ڕاستی لەئێمەدا نییە. [9]بەڵام گەر دانمان بەگوناهەکانمان نا، ئەوا ئەو سەرڕاست‌و دادپەروەرە، لەگوناهەکانمان خۆش دەبێت‌و لەخراپە پاکمان دەکاتەوە. [10]گەر بڵێین گوناهمان نەکردووە، ئەوا خودا بەدرۆزن دادەنێین‌و ووشەکەی لەئێمەدا نییە.

مەسیح بۆمان دەپارێتەوە

2

کوڕەکانم، من ئەمەتان بۆ دەنووسم تا گوناە نەکەن، بەڵام گەر یەکێك گوناهی‌کرد، ئەوا عیسای مەسیحی بێتاوان بۆمان دەپارێتەوە لای باوکی ئاسمانی. [2]ئەو کەفارەتی تاوانەکانمانە، نەك تاوانەکانی ئێمە بە تەنها، بەڵکو تاوانەکانی هەموو جیهان.
[3]بەم شێوەیە ئێمە بێگومان دەیناسین گەر کار بەڕاسپاردەکانی بکەین. [4]گەر یەکێك بڵێ: (من دەیناسم) بەڵام کار بەڕاسپاردەکانی نەکات، ئەوا درۆ دەکات‌و ڕاستی تیادا نییە، [5]بەڵام گەر یەکێك کار بەووشەکەی بکات، ئەوا بەڕاستی خۆشەویستی خودا لەو کەسەدا تەواوە. [6]ئەوەی بڵێت من لەو چەسپاوم، پێویستە بەهەمان ڕێگای عیسا بڕوات.

خۆشەویستی ڕاست‌و دروست

[7]خۆشەویستان، ڕاسپاردەیەکی نوێتان بۆ نانووسم بەڵکو ڕاسپاردەیەکی کۆنە، کە لەسەرەتاوە پێی ئاشنا بوون. ڕاسپاردە کۆنەکە ئەو ووتەیەیە کە گوێتان لێبوو. [8] لەگەڵ ئەوەشدا ڕاسپاردەیەکی نوێتان بۆ دەنووسم، ئەوەی لەمەسیح‌و لەئێوەدا ڕاستیەکەی دەردەکەوێ، چونکە تاریکی بەسەر چوو و ڕووناکی ڕاستەقینە ئێستا پڕشنگ دەداتەوە.
[9]ئەوەی ڕقی لەبراکەی خۆی بێتەوە بڵێت من لەڕووناکیم، ئەوە تا ئێستا لەتاریکیدایە. [10]ئەوەی براکەی خۆش بوێت لەو ڕووناکییە دەچەسپێت‌و ئەو کەسە هیچ شتێکی تیادا نییە بیکەوێنێ. [11]بەڵام ئەوەی ڕقی لەبرای خۆی بێتەوە لەتاریکیدایەو بەتاریکیدا دەڕوات،

نازانێت بەرەو کوێ مل دەنێت،
چونکە تاریکی چاوی کوێر کردووە.
12 بۆ ئێوە دەنووسم، ڕۆڵە
بچووکەکان،
چونکە لەپێناوی ئەو
گوناهەکانتان
بەخشران.
13 بۆ ئێوە دەنووسم، باوکەکان،
چونکە ئێوە ئەوتان ناسیووە کە
لەسەرەتاوە هەیە.
بۆ ئێوە دەنووسم لاوەکان،
چونکە ئێوە بەسەر خراپەکاردا
﴿شەیتان﴾ سەرکەوتوون.
بۆ ئێوە دەنووسم ڕۆڵە بچووکەکان،
چونکە باوکی ئاسمانیتان ناسیووە.
14 بۆ ئێوەم نووسی باوکەکان،
چونکە ئێوە ئەوەتان ناسیووە کە
لەسەرەتاوە هەیە،
بۆ ئێوەم نووسی لاوەکان،
چونکە بەهێزن، ووشەی خوداتان
تیادا چەسپاوەو
بەسەر خراپەکاردا
سەرکەوتن.
15 نەجیهانتان خۆشبوێت، نە ئەو
شتانەی تیایەتی، چونکە گەر یەکێک
جیهانی خۆشبوێت، ئەوا
خۆشەویستی باوکی ئاسمانی تیادا
نییە. 16 چونکە ئەوەی لەجیهاندایە،
ئارەزووی لەش و چاو و سەڵتەنەتی
ژیان لەجیهانەوەیە نەك لەباوك. 17
جیهانو ئارەزووە پیسەکانی بەسەر
دەچن، بەڵام ئەوەی بەویستی خودا
دەکات تاهەتایە دەچەسپێت.

مەسیحە فێڵبازەکان

18 ڕۆڵە بچووکەکان ئەمە دوا
کاژێرەو وەك بیستووتانە دژەمەسیح
دێت، ئێستاش لێرە مەسیحی درۆزن
زۆرنو دژایەتی مەسیح دەکەن،
بەمە دەزانین ئەمە دوا کاژێرە. 19
چەند کەسانێك لەناو ئێمە
دەرچوون، بەڵام ئەوانە لەئێمە
نەبوون، چونکە گەر ئەوانە لەئێمە
بوونایە، ئەوا وەك ئێمە باوەڕی
خۆیان دەپاراستو بەردەوام
دەبوون، بەڵام بۆ ئەوەی
دەربکەوێت ئەوانە لەئێمە نین،
لەناومان دەرچوون. 20 بەڵام ئێوە
لەلایەن پیرۆزەوە دەست
نیشانکراون [بەڕۆحی پیرۆز]،
هەموو ڕاستیەك دەزانن. 21 من بۆ
ئێوە نانووسم لەبەر ئەوەی ڕاستی
نازانن، بەڵکو دەیناسنو دەزانن هیچ
درۆیەك لەڕاستیەوە نایەت. 22 کێ

دروزنە، تەنها ئەو کەسە نەبێت کە ڕەتی‌دەکاتەوە عیسا مەسیح بێت؟ ئەوە دژەمەسیحە باوکی ئاسمانی‌و ڕۆڵەکەی ڕەتدەکاتەوە. 23ئەوەی ڕۆڵە ڕەتبکاتەوە باوکی ئاسمانی نابێت، ئەوەش دان بەڕۆڵە بنێت باوکی ئاسمانی دەبێت.

24با ئەوەی لەسەرەتا گوێتان لێبووە تیاتاندا بچەسپێت. گەر ئەوەی لەسەرەتا گوێتان لێبوو تیاتاندا بچەسپێت، ئەوا لەڕۆڵەو باوکی ئاسمانی دەچەسپێن. 25ئەوەیە بەڵێنی ئەو، واتە ژیانی هەتاهەتایی. 26لەبەر ئەو کەسانەی گومڕاتان دەکەن ئەمەم بۆ نووسیون، 27بەڵام ئێوە کە دەستنیشانکردنتان وەرگرتووە. ئەم دەستنیشانکردنە تیاتاندا دەچەسپێ، پێویستتان بەکەس نییە فێرتان بکات، هەروەك چۆن ئەم دەستنیشانکردنە هەموو شتێکتان فێر دەکات، ئەمە ڕاستەو درۆ نییە هەروەك فێری‌کردوون تیایدا دەچەسپێن.

28ئێستا ڕۆڵە بچووکەکان، تیایدا بچەسپێن، بۆ ئەوەی کاتێ کە دەرکەوت باوەڕمان بەخۆمان بێت‌و لەهاتنەکەی شەرمەزار نەبین. 29گەر بزانن ئەو ڕاستودروستە، ئەوا هەر کەسێك ڕاستودروستی بکات لەئەو بووە.

ئێمە ڕۆڵەی خوداین

3 تەماشا بکەن باوکی ئاسمانی چ خۆشەویستیەکی پێداوین، تا پێمان دەووترێت ڕۆڵەکانی خودا. ئێمەش ئەمەین! لەبەر ئەمە جیهان نامانناسێ، چونکە جیهان خودا ناناسێ. 2 خۆشەویستان، ئێستا ئێمە ڕۆڵەی خودایین تا ئێستا دەرنەکەوتووە ئێمە دەبین بەچی، بەڵام دەزانین کاتێك ئەو دەرکەوێ ئێمە وەك ئەو دەبین، چونکە وەك خۆی دەیبینین. 3 هەروەها هەر کەسێك ئەم هیوایەی هەبێ، خۆی پاك دەکاتەوە وەك چۆن ئەو پاکە.

4ئەوەی گوناه بکات دەستدرێژی دەکات، چونکە گوناه دەستدرێژیە. 5دەزانن ئەو دەرکەوتووە تا گوناهەکانمان لەسەر لاببات، خۆی گوناهی تیادا نییە. 6ئەوەی لەئەودا بچەسپێت بەردەوام نابێت لەگوناه کردن، ئەوەی بەردەوام بێت لەگوناه کردن نەبینیویەتی‌و نەناسیویەتی.

[7]ڕۆڵــە بچــووکەکان، باکــەس گومــڕاتان نــەکات، ئــەوەی ڕاســتودروستی بکــات ڕاســتودروستە، وەك چــۆن ئــەو ڕاســتودروستە. [8]ئــەوەی گونــاە بکات ئەوە لەشەیتانە، چونکە شەیتان لەســەرەتاوە گونــاهی کــرد، دەرکەوتــنی ڕۆڵــەی خــوداش بــۆ تێکدانی کــرداری شــەیتانە. [9]ئەوەی لــەخوداوە بووبێــت بــەردەوام نابێت لــەگوناە کردن، چونکە تۆوی خودا تــیایدا دەچەســپێت‌و ناتوانێــت بــەردەوامبێت لەگوناەکردن، چونکە لــەخوداوە بــووە. [10]بەمــە ڕۆڵەکانی خــودا لەڕۆڵــەکانی شــەیتان جیادەکرێــنەوە: ئــەوەی ڕاستودروستی نەکات‌و برای خۆی خۆش نەوێت لەخودا نییە.

خۆشەویستی یەکتری

[11]چــونکە ئەمــە ئەو هەواڵەیە کە لەســەرەتا گوێتان لــێبووە، پێویستە هــەر یەکــەمان ئــەوی تــری خــۆش بوێــت، [12]بەپێچــەوانەی قابیل کەسەر بــە خــراپەکار [شەیتان] بوو، براکەی خــۆی کوشــت. باشــە بــۆ کوشتی؟ چــونکە کارەکانی ئەو خراپ بوون‌و کارەکــانی بــراکەی ڕاست‌ودروست بــوون. [13]بــراکانم لاتــان ســەیر نەبێ گەر جیهان ڕقی لێتان بێتەوە. [14]ئێمە دەزانــین لەمــردنەوە بــەرەو ژیــان گواســتراینەوە، چــونکە بــراکانمان خۆش دەوێت. ئەوەی براکەی خۆش نەوێــت لــەمردن دەمێنێتەوە. [15]ئەوەی ڕقی لەبراکەی بێتەوە بکوژە، دەزانن ژیــانی هەتاهــەتایی لەهــیچ بکوژێــك جێگیر نابێــت. [16]بەمە خۆشەویستی فێر بووین، عیســای مەســیح ژیانی خۆی لەپێناوی ئێمە بەخشی، پێویستە ئــێمەش ژیانی خۆمان لەپێناوی برایان ببەخشــین. [17]بــەڵام ئــەوەی مــاڵی دونــیای پێدرابێــت‌و بــراکەی خــۆی بەنەداری بینی‌و دڵی خۆی ڕەق‌کرد، ئایــا چۆن خۆشەویستی خودای تیادا جێگیر دەبێت؟ [18]ڕۆڵە بچووکەکانم، تــەنها بەووشــەو زمــان خۆشەویستی مەکەن، بەڵکو بەکردەوەو بەڕاستی.

[19]ئــیتر بــەم شێوەیە دەزانین چۆن ئــێمە ســەر بەڕاســتین، هەروەها چۆن دڵمــان لــەئامادەبوونی ئــەو ئاسوودە دەبــێ. [20]چــونکە گــەر دڵمــان تاوانــبارمان بکــات، ئــەوا خــودا لــەدڵمان گەورەتــرەو هــەموو شتێك دەزانێــت. [21]خۆشەویســتان، گــەر

دڵمان سەرکۆنەمان نەکات، ئەوا لەبەردەم خودا باوەڕمان بەخۆمان دەبێت، [22]هەرچیەکی لێ داوا بکەین بۆمان جێبەجێ دەکات، چونکە کار بە ڕاسپاردەکانی دەکەینو ئەو کارانە دەکەین کە بەدڵیەتیو پەسەندی دەکات. [23]ئەمەش ڕاسپاردەکەیەتی، باوەڕمان بەناوی عیسای مەسیحی ڕۆڵەکەی هەبێتو یەکتریمان خۆش‌بوێت، هەروەك ڕایسپاردووین. [24]ئەوەی کار بەڕاسپاردەکانی خودا بکات، ئەوا لەخودا دەچەسپێتو خوداش لەو دەچەسپێت، بەمەش دەزانین ئەو لەئێمە چەسپاوە، بەو ڕۆحەی پێی‌داوین.

تاقی‌کردنەوەی ڕۆح

4

خۆشەویستان، بڕوا بەهەموو ڕۆحێك مەکەن، بەڵکو تاقییان بکەنەوە بزانن ئەوانە لەلایەن خوداوەن، چونکە زۆر پێغەمبەری درۆزن هاتوونەتە جیهان. [2]ڕۆحی خودا بەمە دەناسنەوە: هەر ڕۆحێك دان بەوە بنێت کە عیسای مەسیح لە لەشەوە بۆ جیهان هاتووە، ئەو ڕۆحە لەلایەن خوداوەیە، [3]هەر ڕۆحێکیش دان بەعیسا نەنێت لەلایەن خوداوە نییە. ئەو ڕۆحە دژەمەسیحە بیستوتانە دێتو ئێستا هاتووەتە جیهان.

[4]ئێوە سەر بەخودان ئەی ڕۆڵە بچووکەکان، ئێوە ئەو ڕۆحانەتان بەزاندووە، چونکە ئەو ڕۆحەی لەئێوەدایە مەزنترە لەو ڕۆحەی لەجیهاندایە. [5]ئەو ڕۆحانە سەر بەجیهانن، بۆیە ئەوەی دەیلێن سەر بەجیهانەو جیهان گوێیان لێدەگرێت. [6]بەڵام ئێمە سەر بەخوداین‌و ئەوەی خودا بناسێت گوێمان لێدەگرێت، هەروەها ئەوەی لەخودا نەبێت گوێمان لێناگرێت، بەمە ڕۆحی ڕاستو ڕۆحی گومڕایی دەناسین.

خودا خۆشەویستییە

[7]خۆشەویستان، بایەکتریمان خۆش بوێت، چونکە خۆشەویستی لەخوداوەیەو ئەوەی بەرامبەرەکەی خۆش بوێت خودا دەناسێتو لەخودا بووە. [8]ئەوەش بەرامبەرەکەی خۆش نەوێت خودا ناناسێت، چونکە خودا خۆشەویستییە. [9]بەم شێوەیە خۆشەویستی خودا لەنێوانمان ڕاگەیەنرا، کە ڕۆڵە تاقانەکەی خۆی

نارده جیهان تا بهۆیەوه بژین. [10]
خۆشەویستی لەمە دایە، نەك
لەبەرئەوەی خوامان خۆشویستووە،
بەڵکو ئەو خۆشیویستووین و
ڕۆڵەکەی خۆی نارد تا ببێتە
کەفارەتی گوناهەکانمان.
[11]خۆشەویستان طەر خودا
بەتم شیَوەیة ئیَمەی
خۆشویستبیَت، ئیَویستة
لەسەرمان یەکتریمان خۆش
بویَت. [12]کەس هەرطیز خودای
نەدیوة طەر یەکتریمان
خۆشبویَت خودا دەضەستیَت
لەناومان و خۆشەویستیەکەی
لەناومان تەواوة.
[13]بەم شێوەیە دەزانین ئێمە
لەخودا دەچەسپێین و ئەویش لەئێمە،
چونکە ئەو لەڕۆحی خۆی پێمانی
داوە. [14]ئێمەش بینیمان و شایەتی
دەدەین باوکی ئاسمانی ڕۆڵەی وەك
ڕزگارکەری جیهان ناردووە. [15]
ئەوەی دان بنێت عیسا ڕۆڵەی
خوایە، خودا لەئەودا دەچەسپێت و
ئەویش لەخودا. [16]ئەو
خۆشەویستیەی خودا کە تیاماندایە
ناسیوومانەو باوەڕمان پێی کردووە.
خودا خۆشەویستییەو ئەوەی
لەخۆشەویستی بچەسپێت لەخودا
دەچەسپێت و خوداش لەئەودا
دەچەسپێت. [17]خۆشەویستی بەم
شێوەیە تیامان تەواوە، تا لەڕۆژی
لێپرسینەوە باوەڕمان بەخۆمان
هەبێت، چونکە ئەو چۆن بوو ئێمە
وەك ئەو لەم جیهانەداین. [18]
خۆشەویستی ترسی تیادا نییە، بەڵکو
خۆشەویستی تەواو ترس دەردەکاتە
دەرەوە، چونکە ترس لەسزا دایە،
بەڵام ئەوەی بترسێت،
لەخۆشەویستی تەواو نەبووە.
[19]ئێمە خۆشەویستیمان تیادایە،
چونکە ئەو پێشتر خۆشیویستوین.
[20]گەر بێتوو یەکێك بڵێت: (خودام
خۆش دەوێت)و ڕقی لەبراکەی
بێتەوە، ئەوە دروزنە، چونکە گەر
یەکێك براکەی خۆی خۆشنەوێت
کە دەیبینێ، چۆن دەتوانێ خودای
خۆش بوێت کە نەیبینیوە. [21]ئێمە
لەئەوەوە ئەم ڕاسپاردەیەمان پێدراوە،
ئەوەی خودای خۆشبوێت پێویستە
براکەی خۆشبوێت.

باوەڕهێنان بەمەسیح

5 ئەوەی بڕوای بەوە هەبێت کە عیسا

مەسیحە، ئەوە لەخوداوە بووە، هەروەها ئەوەی باوکی خۆش بوێت، ئەوا ئەوەشی خۆش دەوێت کە لێی بووە. [2]بەمە دەزانین ئێمە منداڵەکانی خودامان خۆش دەوێت، گەر خودامان خۆش بوێتو کار بەڕاسپاردەکانی بکەین، [3]چونکە ئەمە خۆشەویستی خودایە، کار بەڕاسپاردەکانی بکەین، ڕاسپاردەکانیشی قورس نین. [4]چونکە هەر کەسێك لەخودا لەدایكبوو بێت بەسەر جیهاندا سەر دەکەوێت، ئەوەش بەسەر جیهاندا سەردەکەوێت، باوەڕمانە. [5]کێ دەتوانێت بەسەر جیهان سەربکەوێت؟ جگە لەوەی باوەڕی بەوە هەیە عیسا ڕۆڵەی خودایە.

[6]ئەمە عیسای مەسیحە، ئەوەی بەئاو و خوێن هاتووە، نەك تەنها بەئاو، بەڵکو بەئاو و بەخوێن. ڕۆحیش شایەتی دەدات، چونکە ڕۆح ڕاستییە. [7]ئەوانەی لەزەوی شایەتی دەدەن سیانن: [8]ڕۆحو ئاو و خوێن، ئەو سیانەش یەك شایەتییان هەیە.

[9]گەر ئێمە بە شایەتی خەڵك ڕازی بین، ئەوا شایەتی خودا گەورەترە، چونکە ئەمە شایەتی خودایە سەبارەت بەڕۆڵەکەی داویەتی. [10]ئەوەی باوەڕ بەڕۆڵەی خودا بهێنێ ئەم شایەتییە لە دڵیدایە، ئەوەش باوەڕ بەخودا نەکات ئەوا بەدرۆی دەخاتەوە، چونکە باوەڕ بەو شایەتییە ناکات کە خودا سەبارەت بەڕۆڵەکەی داویەتی. [11]ئەمەش شایەتیەکەیە، خودا ژیانی هەتاهەتایی پێ داوینو ئەو ژیانەش لە ڕۆڵەکەی دایە. [12]ئەوەی ڕۆڵەکەی هەبێت ژیانی هەتاهەتایی دەبێتو ئەوەش ڕۆڵەی خودای نەبێت، ئەوا ژیانی نابێت.

دڵنیایی ژیانی هەتاهەتایی

[13]ئەمە بۆ ئێوە دەنووسم تا بزانن ژیانی هەتاهەتاییتان هەیە، ئێوە کە باوەڕتان هەیە بەناوی ڕۆڵەی خودا. [14]ئەمەش ئەو باوەڕو متمانەیەیە کە هەمانە بەو، گەر بەپێی ویستی خۆی داوای هەر شتێك بکەین گوێمان لێ دەگرێت. [15]گەر بزانین هەرچییەك داوا بکەین گوێمان لێدەگرێت، دەزانین ئەوەی داوامان کردووە لێی دەستمانکەوتووە. [16]گەر یەکێك براکەی ببینێت گوناهێك ناکات بۆ

مردن بێت، پێویستە لەسەری لەخودا
بپارێتەوە بۆ براکەی. خوداش ژیان
بەو کەسانە دەدات کە گوناە بۆ
مردن ناکەن. گوناە هەیە بۆ مردنە،
لەپێناوی ئەمە نالێم داوا بکرێت. [17]
هەموو تاوانێك گوناهەو گوناهیش
هەیە بۆ مردن نییە.
[18]دەزانین هەر کەسێك لەخوداوە
لەدایكبوو بێت بەردەوام نابێت
لەگوناەکردن، چونکە ڕۆڵەی خودا
دەیپارێزێ و ناهێڵێ بەدکار دەستی
پێی بگات. [19]دەزانین ئێمە
لەخوداوەین و هەموو جیهان لەژێر
دەستی خراپەکار [شەیتان] دانراوە.
[20]هەروەها دەزانین ڕۆڵەی خودا
هاتو چاوی کردینەوە تا خودای
ڕاستی بناسین و ئێستا لەئەو دەژین،
لەعیسای مەسیح کە ڕۆڵەیەتی. ئەمە
خودای ڕاستو ژیانی هەتاهەتاییە. [21]
ڕۆڵە بچووکەکان، خۆتان لەبتەکان
بپارێزن.

دووەم نامەی یۆحەننا

ئەم نامەیە بانگەوازە بۆ هەڵسوکەوت کردن لەڕاستی، هەروەها ئاگادارکردنەوەیە لەو مامۆستا درۆزنانەی دەگەڕێن تا باوەڕداران لەماڵەکانیان پێشوازییان لێنەکەن.

لەپیرەکەوە بۆ ئەو خانمەی هەڵبژێرراوەو بۆ ڕۆڵەکانیشی، کە بەڕاستی خۆشم دەوێن، نەك من بەتەنها بەڵکو هەموو ئەوانەی ڕاستی دەناسن، [2]لەپێناوی ئەو ڕاستیەی لەناومان جێگیر دەبێتو تاهەتایە لەگەڵمان دەبێت. [3]بەرەکەتو بەزەیی و ئاشتی خودای باوکی ئاسمانی و عیسای مەسیحی ڕۆڵەکەی، بەڕاستی و بەخۆشەویستی لەگەڵماندا دەبێت.

ڕاستی و خۆشەویستی

[4]زۆر دڵخۆش بووم کە زانیم هەندێك لەرۆڵەکانت هەڵسوکەوت لەڕاستی دەکەن، وەك ئەوەی باوکی ئاسمانی ڕایسپاردین. [5]ئێستا ئەی خانم، من ڕاسپاردەیەکی نوێت بۆ نانووسم، بەڵکو وەك ئەوەی لەسەرەتا گوێمان لێبووە، داوات لێدەکەم یەکتریمان خۆش بوێت. [6] چونکە خۆشەویستی ئەمەیە کە بەپێی ڕاسپاردەکانی خودا هەڵسوکەوت بکەین، ڕاسپاردە ئەمەیە، کە لەسەرەتا گوێتان لێبووە، پێویستە بەخۆشەویستی هەڵسوکەوت بکەن.

ئاگاداری گومڕاییکەران بن

[7]چونکە گومڕایی کەری زۆر هاتوونە جیهانو دان بەوەدا نانێن عیسای مەسیح لەلەشدا بووە، ئەوانە گومڕایی کەرو دژەمەسیحن. [8] تەماشای خۆتان بکەن، تا ئەوەی کردووتانە لەدەستتان نەچێت، بەڵکو پاداشتێکی تەواوی لێ بەدەست بهێنین. [9]هەر کەسێك دەستدرێژی بکاتو لەڕێنماییەکانی مەسیح جێگیر نەبێت، ئەوا لەخودا نییە. بەڵام هەر کەسێك لەو ڕێنمایانە جێگیر بێت، ئەوا باوکی ئاسمانیو ڕۆڵەکەی هەیە.
[10]گەر یەکێك بۆلاتان بێتو ئەو

ڕێنمایـیانەتان پـێڕانەگەیێنێت، ڕێگای پـێ مـەدەن بێـتە مالّـتانو پێشوازی لـێمەکـەن. [11]چونکە هەر کەسێك پێشـوازی لـێبکـات لـەکارە خراپەکانی بەشداری دەکات.

کۆتایی

[12]زۆر شتم هەیە بۆتانی بنووسم، بـەلاّم پـێم خـۆش نییە بەمەرەکەبو لـەسـەر کاغـەز بێـت، چـونکە ئـومـێدەوارم بـۆ لاتـان بـێم، تـا ڕووبـەڕوو قسـە بکـەین، بۆ ئەوەی خۆشـیەکەمان پـڕو تـەواو بێت. [13]ڕۆلّـەکانی خوشـکە هـەلّـبژێرراوەکەت سـلاّوت لـێ دەکەن.

نامەی سێیەمی یۆحەننا بۆ شوانی یەکێ لەکۆمەڵە باوەڕدارەکانە کە ناوی غایس بوو، ستایشی دەکات چونکە یارمەتی هەموو ئەو باوەڕدارانەی داوە کەخزمەتی ووشەی خودایان دەکرد، ئاگاداری دەکاتەوە لەپیاوێك ناوی دیوتریفسە.

هەڵسوکەوت لەڕاستی

لەپیرەکەوە، بۆ غایسی خۆشەویست کە بەڕاستی خۆشم دەوێت.

[2]خۆشەویستم، هیوادارم لەهەموو شتێك سەرکەوتوو بیتو تەندروستیت باش بێت، هەروەك ڕۆحت باشو تەواوە. [3]چونکە زۆر دڵخۆشبووم بەوەی چەند برایەك هاتنو باسی دلسۆزی تۆیان کرد بۆ ڕاستی، هەروەها چۆن لەڕاستی هەڵسوکەوت دەکەیت. [4]خۆشی لەمە گەورەترم نییە کاتێك گوێم لێبێت ڕۆڵەکانم هەڵسوکەوت لەڕاستی دەکەن.

[5]خۆشەویستم تۆ هەموو شتێك بۆ براکانتو ئەو کەسانەی نایانناسیت بەسەرڕاستیەوە دەکەیت، [6]ئەوانەی لەبەردەم کۆمەڵی باوەڕداران شایەتییان لەسەر خۆشەویستی تۆ داوە، ئەوانەی باش دەکەیت بەو شێوەیە بەڕێیان دەکەیت کە خودا پێی خۆشە. [7]چونکە لەپێناوی ناوی مەسیح هاتوونە دەرەوەو هیچ شتێك لە بێباوەڕان وەرناگرن. [8]بۆیە پێویستە پێشوازی لەکەسانی وەك ئەوانە بکەین تا بەیەکەوە کار بکەین بۆ ڕاستی.

[9]هەندێ شتم بۆ کۆمەڵی باوەڕداران نووسیوە، بەڵام دیوتریفس کە دەیەوێت خۆی بکات بە یەکەم لەنێوانیان، پێمان ڕازی نابێت. [10]بۆیە گەر هاتم هەموو کردەوەو قسە خراپەکانی سەبارەت بەمنی ووتوە دەریدەخەم، هەروەها بەوەش نەوەستاوە، بەڵکو نایەوێ پێشوازی لەبرایان بکاتو هەر یەکێك پێشوازیان لێبکات، ڕووبەڕووی دەبێتەوەو لەکۆمەڵە

دەری‌دەکات.

دوای خراپە مەکەوە بەڵکو چاکە

11 خۆشەویستم، دوای خراپە مەکەوە بەڵکو چاکە، چونکە ئەوەی چاکە بکات لەخودایە، ئەوەش خراپە بکات خودای نەبینیوە. 12 دیمەتریوس لەلایەن هەموو کەسێکو لەلایەن ڕاستیشەوە شایەتی بۆ دراوە، منیش هەروەها شایەتی بۆ دەدەمو ئێوەش دەزانن شایەتی من ڕاستە. 13 زۆر شت هەبوو بۆتانی بنووسم، بەڵام نامەوێ بەقەڵەمو مەرەکەب بێت. 14 بەڵکو ئومێدەوارم بەم زووانە بتبینم تا ڕووبەڕوو قسە بکەین.

15 داوای ئاشتیت بۆ دەکەم. برادەران سڵاوت لێدەکەن. تۆش سڵاو لەیەکە یەکەی برادەران بکە.

ئەم نامەیە ئاگادارکردنەوەیە لەمامۆستا درۆزنەکان. هەروەها هاندانە بۆ باوەڕداران تابەردەوام تێبکۆشن لەپێناوی فێرکردنی باوەڕ، ئەو فێرکردنەی خودا بەتەواوی پێی داون.

لەیەهوزای بەندەی عیسای مەسیحو برای یاقوب، بۆ بانگ کراوە خۆشەویستەکانی خودای باوك پارێزراوەکان بۆ عیسای مەسیح: [2]بەزەییو ئاشتیو خۆشەویستیتان بەسەردا بڕژێت.

تێکۆشان لە پێناوی باوەڕ

[3]خۆشەویستانم لەکاتێکدا زۆر بەپەرۆشم لەبارەی ئەو ڕزگاربوونەی ئێوە هاوبەشمانن تیایدا، بۆتان بنووسم، ناچار ئێستا دەربارەی تێکۆشان لەپێناوی ئەو باوەڕەی جارێك بەخوشك‌و برا پیرۆزەکان دراوە دەنووسم. [4]چونکە کەسانێك بەدزیەوە هاتوونە ناوتان، بێگومان تووشی ئەو سزایە دەبن کە لەکۆنەوە بۆیان نووسراوە، ئەوانە خوانەناسنو بەرەکەتی خودا دەگۆڕن بۆ بەڕەڵلایی، تەنانەت نکۆڵی دەکەن لەگەورەو خوداوەندمان کە عیسای مەسیحە.

سزای مامۆستا درۆزنەکان

[5]جا دەمەوێت ئەوەتان بیر بخەمەوە، کە خۆتان دەیزانن، پاش ئەوەی خوداوەند گەلی لەخاکی میسر ڕزگارکرد، ئەوانەی بێ باوەڕبوون لەناوی‌بردن. [6]هەروەها ئەو فریشتانەی شوێنەکانی خۆیان نەپاراستو بەجێیانهێشت، خودا بەکۆتی هەتاهەتایی تا ڕۆژی مەزنی لێپرسینەوە لەقوولاییی تاریکیدا دەیانهێڵێتەوە، [7]هەروەها شاری سەدومو عەمورەو شارەکانی دەوروبەریان لەسەر هەمان ڕێگای ئەوان داوێنپیسییان کردو دوای هەوەسبازی لەش کەوتن بەشێوەیەکی ناسروشتی، جا بەئاگرێکی هەتاهەتایی سزادرانو بوون بەپەند.

[8]بەهەمان شێوە خەیاڵخاوەکان لەش گڵاو دەکەنو دەسەڵاتی خودا ڕەت دەکەنەوەو بوختان بۆ

شکۆداره ئاسمانیەکان هەڵدەبەستن. [9] بەڵام میکائیلی سەرۆکی فریشتەکان، کاتێك دژایەتی شەیتانی کرد سەبارەت بە تەرمەکەی موسا، نەیوێرا بەووتەی ناشرین وەڵامی بداتەوە، بەڵکو ووتی: (با خوداوەند سەرزەنشتت بکات!) [10] بەڵام ئەوانە بەسووکی ناوی شتێك دەبەن کە نایزانن، بەبێعەقڵی وەکو ئاژەڵ دوای ئارەزووی خۆیان دەکەون. ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوبردنیان.

[11] خاك‌بەسەر ئەوانە، چونکە ئەوانە ڕێگای قابیلیان گرتووەو لەپێناوی بڕێك دەسکەوت خۆیان داوەتە دەست گومڕایی بەلعامەوەو* لەیاخی بوونەکەی قوڕەح* لەناودەچن.

[12] ئەوانە نیشانەی شەرمەزارین لەداوەتەکانی خۆشەویستی، بەچاونەترسی نانتان لەگەڵ دەخۆن، تەنها خزمەتی خۆیان دەکەن، ئەوانە هەوری بێئاون بە با دێنو دەچن، داری بێبەری پایزانن، دوو جار مردوونو ڕەگیان هەڵکەنراوە، [13] شەپۆلی دەریای هەڵچوون بەکەفی شەرمەزاری، ئەستێرەی وونبوون کە تاهەتایە لەتاریکیدا دەمێننەوە.

[14] ئەخنوخی نەوەی حەوتەم لەئادەمەوە، لەبارەی ئەوانەوە پێشبینی کرد: (ئەوەتا خوداوەند لەگەڵ هەزاران لەپیرۆزکراوەکان دێت، [15] تا حوکم بەسەر هەموان بداتو هەمموو خوانەناسەکان سەرزەنشت بکات، لەبەر هەمموو ئەو کرداره خوانەناسیانەی کردوویانە لەڕێبازی خوانەناسیو ئەو قسە ڕەقانەی دژی خودا ووتویانە ئەو خوانەناسانە.) [16] ئەوانە بۆڵەبۆڵکەرو گلەبیکەرنو دوای ئارەزووە خراپەکانی لەشیان کەوتوونو خۆ بەگەورە دەزانینو لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیان دووڕوویی بۆ خەڵکی دەکەن.

خۆتان بنیاد بنێن

[17] بەڵام ئێوە ئەی خۆشەویستان، قسەکانی نێڕراوانی خوداوەند عیسای مەسیح بهێننەوە یاد. [18] ئەوانە بەئێوەیان ووت: (لەکۆتایی زەمان، هەندێ گاڵتەجاڕ پەیدا دەبنو دوای مەبەستە خوانەناسەکانیان دەکەون.) [19] ئەوانە دووبەرەکی دروست دەکەن، خۆشیان خەڵکی دونیاینو ڕۆحیان تیادا نییە.

[20]بەڵام ئێوە خۆشەویستانم خۆتان لەسەر باوەڕی پیرۆزتان بنیاد بنێنو لەرۆحی پیرۆزدا نوێژ بکەن، [21]لەناو خۆشەویستی خودا خۆتان بپارێزنو چاوەڕوانی بەزەیی عیسای مەسیحی خوداوەندمان بکەن بۆ ژیانی هەتاهەتایی. [22]بەزەییتان بەو کەسانە بێتەوە کە گومان دەکەن. [23] هەندێکیش لەئاگر بڕفێنێنو ڕزگاریان بکەن، بۆ هەندێکیشیان بەترسەوە بەزەیی بنوێنن، تەنانەت ڕقیشتان لەو بەرگانە بێ کە بە لەش گلاوە بوون.

[24]ئێستاش بۆ ئەوەی توانای هەیە بتانپارێزێ لەکەوتن، هەروەها لەبەردەم شکۆمەندیەکەی ڕاتان بگرێ بەخۆشیو بەبێ کەموکوڕی، [25]بۆ تاکە خودای ڕزگارکەرمان، شکۆمەندیو مەزنیو هێزو دەسەلاّت بەهۆی خوداوەندمان عیسای مەسیح، لەپێش زەمانەو ئێستاو تاهەتایە. ئامین.

بینینی یۆحەننا لەوکاتە نووسراوە کە باوەڕداران تووشی چەوساندنەوە دەهاتن لەبەر باوەڕیان بەعیسای مەسیح. نووسەری ئەم پەرتووکە گرنگی بەهیواو ئاوات‌و سوورىبوون لەسەر باوەڕ لەکاتی ئازارو گرژیدا دەدا.

ئەم بینینە لەزنجیرە بینینێك پێكدێت، نووسەر بەشێوەیەکی ڕەمزی نووسیویەتی کە تەنها باوەڕداران بەمەسیح تێبیدەگەیشتن لەو سەردەمە. لەگەڵ ئەوەی جیاوازی هەیە لەڕوونکردنەوەی بابەتەکانی ئەم بینینە، بەڵام بیرۆکە سەرەکییەکەی دیارە. ئەویش ئەمەیە: خودا لەکۆتاییدا بەعیسای مەسیح بەسەر دوژمنی سەرەکی سەردەکەوێت کە شەیتانە، پاداشتی گەلە سەرڕاستەکەشی دەداتەوە بەبەرەکەتی ئاسمانی نوێ‌و زەوی نوێ کاتێ سەرکەوتنی تەواو بەدەست دێت.

پێشەکی

1

ئەمە ئەو بینینەیە کە خودا بەعیسای مەسیحی داوە تا بۆ بەندەکانی ئاشکرا بکات، ئەو ڕووداوانەی دەبێ لەماوەیەکی نزیکدا ڕووبدەن، بەفریشتەیەکی خۆی بۆ یۆحەننای بەندەی خۆی نارد. [2]یۆحەننا گەواهی لەسەر ووشەی خودا و شایەتی عیسای مەسیح‌و هەموو ئەو ڕووداوانە دەدات کە بەچاوی خۆی بینیویەتی. [3]خۆزگەدەخوازرێ بەوانەی ووشەکانی ئەم پێشبینییە دەخوێننەوە و ئەوانەش کە دەیبیستن‌و ڕەچاوی دەکەن، چونکە کاتەکە نزیکبووەتەوە.

سلاو بۆ کۆمەڵە باوەڕدارەکان

[4]لەیۆحەننا‌وە، بۆ حەوت کۆمەڵە باوەڕدارەکەی هەرێمی ئاسیا: بەرەکەت‌و ئاشتیتان لەگەڵ بێت، لەلایەن ئەوەی هەیەو هەبووەو دێت، هەروەها لەو حەوت ڕۆحەی لەبەردەم تەختەکەیدان. [5]هەروەها لەعیسای مەسیحی شایەتی دڵسۆزەوە، کە یەکەم کەسە لەنێو مردووواندا هەستێتەوە، سەرۆکی پادشاکانی سەر زەویە.

ئەوەی ئێمەی خۆشدەوێ‌و بەخوێنی خۆی ئازادی کردین لەگوناهەکانمان‌و [6]ئێمەی کردە

پادشاو کاهینی خودای باوکی، بۆ ئەوە شکۆو دەسەلاتی هەتاهەتایی! ئامین.

[7]ئەوەتا ئەو بەسەر پەلە هەورەکانەوە دێتو هەموو کەسێك دەیبینێ، تەنانەت ئەوانەش کە لەخاچیاندا، هەروەها هەموو خێلەکانی زەوی شیوەنی بۆ دەگێڕن. ئامین.

[8]خوداوەند خودا دەلێ: (من ئەلفو یێم، ئەوەی هەیەو هەبووەو دێت، توانادار بەسەر هەموو شتێك.)

بینینی مەسیحی زیندوو

[9]من یۆحەننای براتانم، هاوبەشتانم لەتەنگانەو پادشاهێتیو دانگرتنی عیسا، لەپێناو ووشەی خوداو شایەتی عیسا لەدوورگەیەك بووم بەپەتمۆس ناودەبرا. [10]من لەڕۆژی خوداوەند لەڕۆحدا بووم و لەپشتمەوە گوێم لەدەنگێکی گەورە بوو لەدەنگی کەڕەنا دەچوو، [11]دەیووت: (ئەوەی دەیبینی لەپەرتووکێك بینووسەو بۆ حەوت کۆمەڵە باوەڕدارەکە ڕەوانەی بکە، بۆ ئەفەسۆس و سمیرنا و پەرگامۆس و سیاتیراو ساردس و فیلادەلفیاو لاودیکییە.)

[12]ئاوڕمدایەوە تاسەرچاوەی دەنگەکە ببینم، کاتێك ئاوڕمدایەوە حەوت چرادانی زێڕینم بینی، [13] لەناوەڕاستیان یەکێکی وەك ڕۆڵەی مرۆڤم بینی، جلێکی لەبەردا بوو تاهەردوو پێی شۆڕبووبۆوەو پشتێنێکی زێڕینی لەسینگی بەستبوو، [14]سەرو قژی وەك خوریو بەفر سپیبوونو چاوەکانی وەك گڕی ئاگر وابوون. [15]قاچەکانی وەك مسێکی بریقەدار ئەوەی لەکورەیەکی داخ پوختە کرابێت وابوون، دەنگیشی وەك هاژەی تاقگە وابوو، [16]لەسەر لەپی دەستی ڕاستی حەوت ئەستێرەی هەڵگرتبوو، شمشێرێکی دووەمیش لەدەمیەوە دەهاتە دەرەوە، ڕووخساری وەك تیشکی بەتینی ڕۆژ دەدرەوشایەوە.

[17]کاتێك بینیم وەك مردوو لەبەردەم هەردوو پێیدا کەوتم، دەستی ڕاستی خستە سەرمو ووتی: (مەترسە، من سەرەتاو کۆتایم، [18]من ئەوەم کە زیندووم، من مردووبووم، بەڵام ئێستا تاهەتایە بەزیندوویی دەمێنمەوە. کلیلەکانی مردنو دونیای مردووان لەدەست منن. [19] لەبەرئەوە ئەوەی بینیت بینووسە

ئەوەی هەیەو ئەوەی پاش ئەویش دەبێت. [20]نهێنی ئەو حەوت ئەستێرەیەی لەدەستی ڕاستم بینیتو نهێنی حەوت چرادانە زێڕینەکە ئەمەیە: حەوت ئەستێرەکە فریشتەی حەوت کۆمەڵە باوەڕدارەکەن، حەوت چرادانەکەش حەوت کۆمەڵەکەن.

نامەیەك بۆ کۆمەڵەی ئەفەسۆس

2

بۆ فریشتەی کۆمەڵە باوەڕدارەکەی ئەفەسۆس بنووسە: ئەوەی حەوت ئەستێرەکەی بەدەستی ڕاستی گرتووەو بەناو حەوت چرادانە زێڕینەکە هاتووچۆ دەکات، [2]دەڵێت: (من ئاگام لەکردارو ماندووێتیو ئارامگرتنەتە، هەروەها چۆن لەتواناتدایە خراپەکاران ڕەتبکەیتەوە، تۆ ئەوانەت تاقیکردەوە کە دەیانووت: (ئێمە نێرراوین)، نێرراویش نەبوون، پاشان بەدرۆزن دەرچوون، [3]تۆ ئارامتگرتو دانتبەخۆت گرت، ماندوونەناسانە لەپێناوی ناوی من تێدەکۆشای. [4]بەڵام گلەیی ئەوەت لێدەکەم، تۆ وازت لەخۆشەویستیەکەی جاران هێناوە. [5] بەبیرت بێتەوە لەچ پایەکی بەرز کەوتیت! تۆبە بکەو کارەکانی یەکەمجارت ئەنجام بدەوە. گەر بێتو تۆبە نەکەی، بەم زووانە دێمە لاتو چرادانەکەت لەشوێنی خۆی لادەدەم. [6]بەڵام تۆ شتێکت هەیە، وەك من ڕقت لەکردەوەکانی نیقۆلاویەکان دەبێتەوە. [7]ئەوەی گوێی هەیە، باگوێ لەووتەی ڕۆح بگرێت بۆ کۆمەڵەکان: ئەوەی سەرکەوێت من ڕێگای پێدەدەم لەبەری دەرەختی ژیان بخوات ئەو دەرەختەی لەناو بەهەشتی خودا دایە.)

نامەیەك بۆ کۆمەڵەی سمیرنا

[8]بۆ فریشتەی کۆمەڵە باوەڕدارەکەی سمیرنا بنووسە: ئەوەی سەرەتاو کۆتاییە، ئەوەی مردوو بوو و زیندووبووەوە، دەڵێت: [9](من ئاگام لەتەنگانەو هەژاریتە، بەڵام تۆ دەوڵەمەندی، هەروەها ئاگام لەبوختانی ئەوانەیە کە دەڵێن جوولەکەینو جوولەکەنین، ئەوانە کەنیشتی شەیتانن. [10]هەرگیز مەترسە لەو ئازارانەی بۆت دێت. شەیتان خەریکە هەندێکتان بخاتە زیندانەوە تا

تاقی‌بکرێنەوە، هەروەها بۆ ماوەی دە ڕۆژ دووچاری ئەشکەنجە دەبنەوە. تا مردن دڵسۆزبە، منیش تاجی ژیانت پێدەبەخشم. [11]ئەوەی گوێی هەیە، باگوێ لەووتەی ڕۆح بگرێت بۆ کۆمەڵەکان: ئەوەی سەربکەوێت، مردنی دووەم ئازاری نادات.)

نامەیەك بۆ کۆمەڵەی پرگامۆس

[12]بۆ فریشتەی کۆمەڵە باوەڕدارەکەی پرگامۆس بنووسە: ئەوەی شمشێرە دووەمەکەی هەیە دەڵێت: [13](من ئاگادارم تۆ لەو ناوچەیە دەژی کە تەختی شەیتانی تیادایە. لەگەڵ ئەوەشدا دان بەناوی من دەنێتو باوەڕی منت ڕەتنەکردۆتەوە، تەنانەت لەو ڕۆژانەش کە ئەنتیپاسی شایەتی دڵسۆزم لاتان شەهیدکرا، لەو شوێنەی شەیتان تیایدا نیشتەجێیە. [14]بەڵام گلەییەکی بچووکم لێت هەیە: ئەویش هەندێ کەس لەناوچەکەت هەن پابەندن بەڕێنمایی بەلعامەوە، ئەوەی بالاقی فێردەکرد بەردی کۆسپ لەبەردەم ڕۆڵەکانی ئسرائیل دابنێت بۆ ئەوەی ئەو قوربانیانە بخۆن کە بۆ بتەکان سەر بڕابوونو داوێن پیسی بکەن. [15]بەهەمان شێوە لای تۆش هەندێك هەن پابەندەن بە فێرکردنەکانی نیقۆلاوییەکان. [16]بۆیە تۆبە بکە، ئەگینا بەم زووانە دێمەوەو بەشمشێرەکەی دەمم لەگەڵیاندا دەجەنگم. [17]ئەوەی گوێی هەیە، باگوێ لەووتەی ڕۆح بگرێت بۆ کۆمەڵەکان: ئەوەی سەربکەوێت ڕێگای پێدەدەم لەمەنی شاراوە بخوات، هەروەها بەردێکی سپی پێدەدەم کە ناوێکی نوێی لەسەر نووسراوە جگە لەو کەسەی پێی دەبەخشرێ کەس نازانێ چییە.)

نامەیەك بۆ کۆمەڵەی سیاتیرا

[18]بۆ فریشتەی کۆمەڵە باوەڕدارەکەی سیاتیرا بنووسە: ڕۆڵەی خودا، ئەوەی دوو چاوی هەیە وەك گڕی ئاگرەو پێیەکانی وەك مسی بریقەدارە، دەڵێت: [19](من ئاگاداری کارو خۆشەویستیو خزمەتو باوەڕو دانبەخۆگرتنتم. کارەکانی ئەم دواییەت لەوانەی یەکەمجارت زیاترن. [20]بەڵام ئەم گلەییەم لێت هەیە: تۆ ڕێت بەو ژنە داوە کە ناوی ئیزابیلەو بانگێشتەی پێغەمبەریتی دەکات، تا بەندەکانی من

فێر بکاتو چەواشەیان بکات بۆ ئەوەی داوێن پیسی بکەنو لەو خواردنانە بخۆن کە کراون بە قوربانی بۆ بتەکان. [21]من ماوەم پێدابوو تا تۆبە لەخراپەکاری بکات، بەڵام نەیویست. [22]ئەوەتا تووشی نەخۆشی دەکەمو فرێی دەدەمە ناو پێخەفەوەو ئەوانەی داوێن پیسییان لەگەڵ کردووە لەتەنگانەیەکی گەورەدان، گەر تۆبە نەکەن لەکرداریان. [23] هەروەها منداڵەکانی بەمردن لەناودەبەم بۆ ئەوەی هەموو کۆمەڵەی باوەڕداران بزانن من پشکێنەری میێشکو دڵەکانمو هەر کەس بەپێی کارەکانی خۆی پاداشتی دەدەمەوە. [24]بەڵام بەئێوەو بەوانی دیکەی سیاتیرا دەڵێم، ئەوانەی ئەم ڕێنمایییەیان وەرنەگرتووەو بەقوڵایی نهێنیەکانی شەیتانیان نەزانیوە، وەك وا دەڵێن. من قورسایییەکی تر ناخەمە سەرشانتان. [25]تەنها ئەوەی هەتانە دەستی پێوە بگرن، تا دەگەمە لاتان. [26]ئەوەی سەربکەوێتو کارەکانی من تاکۆتایی جێبەجێ بکات دەسەڵاتی پێدەدەم بەسەر میللەتان. [27]{هەروەها بەگۆپاڵێکی ئاسنین سەرپەرشتی میللەتان دەکات، وەك گۆزەیەك دەیانشکێنێت،} ئەمەش وەك ئەو دەسەڵاتەیە کە من لەلایەن باوکمەوە پێم بەخشراوە. [28]منیش ئەستێرەی بەرەبەیانی دەدەمێ. [29] ئەوەی گوێی هەیە، باگوێ لەووتەی ڕۆح بگرێت بۆ کۆمەڵەکان.)

نامەیەك بۆ کۆمەڵەی ساردس

3

هەروەها بۆ فریشتەی کۆمەڵە باوەڕدارەکەی ساردس بنووسە: ئەوەی کە حەوت ڕۆحی خوداو حەوت ئەستێرەکەی هەیە دەڵێت: (من ئاگاداری کارەکانتم، تۆ بەناو زیندووی، بەڵام تۆ مردووی. [2] ئێشکبگرەو ئەوەی ماوە بەهێزی بکە، ئەوەی لەمردن نزیکبووەتەوە، چونکە کارەکانتم بەناتەواوی بینی لەبەردەم خودا. [3]بیربکەوە، ئەوەی وەرتگرتو گوێت لێبوو کاری پێبکەو تۆبە بکە، چونکە گەر بێتو ئێشکنەگری ئەوا وەك دزێك دێمە سەرتو کاتی هاتنیشم نازانیت. [4] خەڵکێکی کەم لەساردسدا هەن جلو بەرگەکانیان گلاۆ نەکردووە، ئەوانە شایانی ئەوەن بەبەرگی سپییەوە لەگەڵ من ملی ڕێبگرن. [5]ئەوەی

سەربکەوێت بەرگی سپی دەپۆشێتو ناوی لەپەرتووکی ژیان ناسڕمەوەو دان بەناوەکەیدا دەنێم لەبەردەم باوکمو فریشتەکانی. [6]ئەوەی گوێی هەیە، باگوێ لەووتەی ڕۆح بگرێت بۆ کۆمەڵەکان.)

نامەیەك بۆ کۆمەڵەی فیلادەلفیا

[7]هەروەها بۆ فریشتەی کۆمەڵە باوەڕدارەکەی فیلادەلفیا بنووسە: ئەوەی پیرۆزو ڕاستە، کلیلەکەی داودی لەدەستە، ئەوەی دەیکاتەوەو کەس نابێ دایبخات، دایدەخاتو کەس نابێ بیکاتەوە، دەڵێت: [8](من ئاگاداری کارەکانتم، ئەوەتا دەرگایەکی کراوەم لەبەردەمت کردووەتەوەو کەس ناتوانێ دایبخات. دەزانم تۆ هێزێکی کەمت هەیە، لەگەڵ ئەمەش تۆ بەووشەی من کار دەکەیتو ناوی منت ڕەتنەکردۆتەوە. [9]من ئاوها لەوانەی کەنیشتی شەیتان دەکەم، ئەوانەی دەڵێن جوولەکەینو ئاواش نین، چونکە ئەوانە درۆ دەکەن، وایان لێدەکەم بێن لەبەردەم پێیەکانت کرنۆش ببەنو بزانن تۆم خۆشویستووە، [10]چونکە تۆ بەووشەی دانبەخۆگرتنی من کاردەکەی، منیش لەکاتی هاتنی تاقیکردنەوە بەسەر هەموو جیهان دەتپارێزم، تا دانیشتووانی زەوی تیایدا تاقیبکرێنەوە. [11]ئەوەتا من بەخێرایی دێم، دەستبگرە بەوەی هەتە، تا کەس تاجەکەت لێنەستێنێ. [12]ئەوەی سەربکەوێت دەیکەمە کۆڵەکەی پەرستگای خودای خۆمو لێی ناچێتە دەرەوە، هەروەها ناوی خودای خۆمو ناوی شاری خودای خۆم، واتە قودسی نوێ، ئەوەی لەلایەن خودای خۆم لەئاسمان دێتەخوارەوە لەسەری دەنووسم، هەروەها ناوی نوێی خۆمیشی لەسەر دەنووسم. [13]ئەوەی گوێی هەیە، باگوێ لەووتەی ڕۆح بگرێت بۆ کۆمەڵەکان.)

نامەیەك بۆ کۆمەڵەی لاودیکییە

[14]بۆ فریشتەی کۆمەڵە باوەڕدارەکەی لاودیکییە بنووسە: ئامینو شایەتی دڵسۆزو سەرڕاست کە سەرچاوەی هەموو دروستکراوەکانی خودایە دەڵێت: [15](من ئاگام لەکردەوەکانتە، تۆ نەساردو نەگەرمی. خۆزگە سارد یان

گەرم بووایەی. [16]چونکە تۆ شلەتێنی، نەساردیو نەگەرمی، من نیازم وایە لەدەمەوە بتتفێنمەوە. [17] چونکە تۆ دەڵێی: من دەوڵەمەندمو پێویستیم بەکەس نییەو پێویستیم بەهیچ شتێك نییە، بەڵام بێئاگای لەوەی تۆ چەقاوەسوو و نەگبەتو هەژارو کوێرو ڕووتی. [18]بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم زێڕی پوختەکراو بەئاگر لەمن بکڕیت تا دەوڵەمەند بیت، جلی سپی لەمن بکڕەو لەبەری بکە، تا شەرمەزاری ڕووتیت داپۆشی، هەروەها مەرحەم بکڕە بۆ چاوەکانت تا ببینی. [19]ئەوانەی خۆشم بوێن سەرزەنشتیان دەکەمو تەمێیان دەکەم، بۆیە تۆش دڵگەرمبەو تۆبە بکە. [20]ئەوەتا من لەبەر دەرگا وەستاومو لەدەرگا دەدەم، گەر یەکێك گوێی لەدەنگم بوو و دەرگاکەی لێکردمەوە، دێمە ژوورەوەو نانی لەگەڵ دەخۆم، ئەویش لەگەڵ من. [21]ئەوەی سەربکەوێت ڕێگای پێدەدەم لەسەر تەختەکەم لەگەڵ من دانیشێ، هەروەك من سەرکەوتمو لەگەڵ باوکم لەسەر تەختەکەی دانیشتم. [22] ئەوەی گوێی هەیە، باگوێ لەووتەی ڕۆح بگرێت بۆ کۆمەڵەکان.)

بینینی تەختی پادشایانەی خودا

4

پاشان تەماشام کرد دەرگایەکی کراوەم بینی لەئاسماندا، ئەو دەنگەش کە یەکەمجار وەك کەڕەنا هاتە بەرگوێم، پێی ووتم: (سەرکەوە بۆ ئێرە تا ئەوەت پیشانبدەم کە دوای ئەمە ڕوو دەدات.) [2]یەکسەر کەوتمە ڕۆحەوەو تەختێکم بینی لەئاسمان دانرابوو، لەسەر تەختەکە یەکێك دانیشتبوو. [3]دانیشتووەکە لەڕوخساردا لەبەردی یەشبو یاقوت دەچوو، پەلکە زێڕینەیەکیش لەشێوەی زمرود بەدەوری تەختەکەدا بوو. [4]لەدەوری تەختەکەش بیست و چوار تەختی لێبوو. بیست و چوار پیریش کە تا هەردوو پییان جلی سپییان لەبەردابوو لەسەر تەختەکان دانیشتبوون و تاجی زێڕینیان لەسەر نابوو. [5]لەتەختەکەوە بروسك و هەورە تریشقەو دەنگەدەنگ دەهاتن، لەبەردەم تەختەکەش حەوت چرای ئاگرینی بەتین دانرابوو، کە حەوت ڕۆحەکەی خودان. [6]هەروەها لەبەردەم تەختەکە دەریایەکی

شووشەیی هەبوو، وەك كریستال بوو.

لەدەوروبەری تەختەكەش چوار زیندەوەر هەبوو، لەپێشو لەپاش بەچاو داپۆشرابوون. [7]زیندەوەری یەكەم وەكو شێر وابوو، دووەم وەكو گا، سێیەم دەموچاوێكی وەك مرۆڤی هەبوو، چوارەم وەك دالێكی فڕیو وابوو. [8]چوار زیندەوەرەكە هەریەكەیان شەش باڵی هەبوو دەوروبەرو ناوەوەیان داپۆشرابوو بەچاو، شەو و ڕۆژ بێوەستان دەڵێن: (پیرۆزە، پیرۆزە، پاكوپیرۆزە خوداوەند خودای توانادار بەسەر هەموو شتێك، ئەوەی هەیەو هەبووەو دێت!) [9]لەكاتێكدا زیندەوەرەكان سوپاسی دانیشتووی سەر تەختەكە دەكەنو شكۆمەندیو ڕێزی بۆ ڕادەگەێنن، ئەوەی تاهەتایە زیندووە، [10]ئینجا ئەو بیستو چوار پیرەی لەبەردەم دانیشتووی سەر تەختەكە دان دەكەونە سەرچۆكو كرنۆش بۆ زیندووی هەتاهەتایی دەبەنو تاجەكانیان لەبەردەم تەختەكە فڕێ دەدەنو دەڵێن: [11](ئەی خوداوەندمانو خودامان، تۆ شایانی ئەوەی شكۆمەندیو ڕێزو توانا وەرگری، چونكە تۆ دروستكەری هەموو شتێكیت، ئەو شتانەش بەخواستی تۆ بوونی هەیەو دروست بووە.)

پەرتووكو بەرخە سەربڕاوەكە

5 لەلای دەستە ڕاستی دانیشتووی سەر تەختەكەوە پەرتووكێكم بینی كە لەناوەو لەپشتییەوە نووسرا بوو و بەحەوت مۆر مۆركرابوو. [2]هەروەها فریشتەیەكی بەهێزم بینی بەدەنگێكی بەرز هاواری دەكرد: (كێ شایستەی ئەوەیە پەرتووكەكە بكاتەوەو مۆرەكانی بكاتەوە؟) [3]كەس نەبوو نە لەئاسمانو نە لەسەر زەویو نە لەژێر زەوی بتوانێ پەرتووكەكە بكاتەوە یاخود تەماشای ناوەوەی بكات. [4]لەبەرئەوە دەستم بەگریانێكی زۆر كرد، چونكە كەس شایستەی ئەوە نەبوو پەرتووكەكە بكاتەوە یاخود تەماشای ناوەوەی بكات. [5]یەكێك لەپیرەكان پێیووتم: (مەگری، ئەوەتا ئەو شێرەی سەركەوت، ئەوەی لەهۆزی یەهوزایەو لەڕەچەڵەكی داودە، پەرتووكەكە دەكاتەوەو حەوت مۆرەكەی دەكاتەوە.)

[6]سەیرم کرد لەنێوان تەختەکەو چوار زیندەوەرەکە، لەناوەڕاستی پیرەکان، بەرخێکم بینی ڕاوەستا بوو وەك ئەوەی سەر بڕابێت، بەرخەکە حەوت شاخ‌و حەوت چاوی هەبوو، ئەوانەش حەوت ڕۆحی خودان کە بۆ هەموو زەوی نێردراون. [7] بەرخەکە چوو، پەرتووکەکەی لەدەستە ڕاستی دانیشتووی سەرتەختەکە وەرگرت. [8]کاتێ بەرخەکە پەرتووکەکەی وەرگرت، چوار زیندەوەرەکەو بیست‌و چوار پیرەکە لەبەردەم بەرخەکەدا کەوتنە سەر چۆك، هەر یەکەیان قیسارەو جامی زێڕینی پڕ بخوریان پێبوو، ئەوەش نوێژکردنی خوشك‌و بۆ پیرۆزەکانە، [9]هەروەها سروودێکی نوێیان دەووت: (تۆ شایستەی ئەوەی پەرتووکەکە ببەیت‌و مۆرەکانی بکەیتەوە، چونکە تۆ سەر بڕایت‌و مرۆڤی سەر بەخێڵۆ زمان‌و نەتەوەو میللەتی جیاجیای جیهانت بۆ خودا بەخوێنی خۆت کڕیەوە، [10]هەروەها لەوان کاهین‌و پادشاهێتیت بۆ خودامان دروست‌کرد، ئەوانیش حوکمڕانی زەوی دەکەن.) [11]ئینجا تەماشام کردو گوێم لەدەنگی فریشتەیەکی زۆر بوو لەدەوری تەختەکەو زیندەوەرەکان‌و پیرەکان، ژمارەیان هەزار هەزارو دەهەزار دەهەزار دەبوو، [12]فریشتەکان بەدەنگێکی بەرز دەیانووت: (بەرخە سەربڕاوەکە شایستەی وەرگرتنی هێزو دەوڵەمەندی‌و دانایی‌و تواناو ڕێزو شکۆداری‌و ستایشە.)

[13]لەوکاتەدا هەموو زیندەوەرەکانی ئاسمان‌و زەوی‌و ژێر زەوی‌و ناو دەریاش هەموویان دەیانووت: (با ستایش‌و ڕێزو شکۆمەندی‌و توانا، بۆ دانیشتووی سەر تەخت‌و بەرخەکە بێت تاهەتایە.) [14]چوار زیندەوەرەکەش دەیانووت: (ئامین)، بیست‌و چوار پیرەکەش کەوتنە سەرچۆك‌و کرنۆشیان برد.

حەوت مۆرەکە

6

تەماشام کرد کاتێك بەرخەکە مۆرێکی لەحەوت مۆرەکە کردەوە، گوێم لێبوو یەکێك لەچوار زیندەوەرەکە بەدەنگێکی وەك هەورە تریشقە ووتی: (وەرە!) [2]سەیرم کرد ئەسپێکی سپیم بینی سوارەکەی

کەوانێکی بەدەستەوە بوو و تاجێکی پێدرابوو، بەسەرکەوتوویی دەرچوو بوو تاسەر بکەوێت.

[3]کاتێك مۆری دووەمی کردەوە، گوێم لەزیندەوەری دووەم بوو ووتی: (وەرە!) [4]سەیرمکرد ئەسپێکی تر، سووری درەوشاوە بوو، هاتە دەرەوە. سوارەکەی دەسەلاتی پێدرا بوو تا ئاشتی لەسەر زەوی هەلگرێتو وا لەخەلکی بکات لەناو خۆیان یەکتری بکوژن. هەروەها سوارەکە شمشێرێکی گەورەی پێ درابوو.

[5]کاتێك مۆری سێیەمی کردەوە، زیندەوەری سێیەم ووتی: (وەرە!) سەیرمکرد ئەسپێکی ڕەشم بینی سوارەکەی تەرازوویەکی بەدەستەوە گرتبوو. [6]دەنگێك لەناوەڕاستی چوار زیندەوەرەکەوە دەیووت: (یەك ڕبە گەنم بەڕۆژانەی کرێکارێك، سێ ڕبە جۆ بەهەمان نرخ، بەلاّم ڕۆنو مەیەکە زیانیان پێمەگەیەنە.)

[7]کاتێك مۆری چوارەمی کردەوە، گوێم لەدەنگی زیندەوەری چوارەم بوو ووتی: (وەرە!) [8]سەیرم کرد ئەسپێکی زەرد هەلگەڕاوم بینی سوارەکەی ناوی مردنبوو. دونیای مردووان دوای کەوتبوو، هەردووکیان دەسەلاّتیان پێدرابوو چارەکی دانیشتوانی زەوی بکوژن بەشمشێرو برسێتیو نەخۆشی کوشندە، هەروەها بەدڕندە کێویەکانی سەر ڕووی زەوی.

[9]کاتێك مۆری پێنجەمی کردەوە، لەژێر قوربانگەدا ڕۆحی ئەو کەسانەم بینی کە لەپێناو ووشەی خوداو لەپێناو ئەو شایەتییەی دابوویان کوژرا بوون. [10]بەدەنگێکی بەرز هاواریان کردو ووتیان: (هەتا کەی ئەی خوداوەندی پاك‌وپیرۆزو ڕاست، تۆلّەی خوێنی ئێمە لەدانیشتووانی زەوی ناسێنیتو حوکمیان بەسەردا نادەیت؟) [11]ئینجا هەریەکەیان جلێکی سپییان پێدراو پێیان ووترا تا ماوەیەك بحەوێنەوە تا ژمارەی بەندە هاوەلّەکانو براو خوشکەکانیان کە وەك ئەوان دەکوژرێن، تەواو دەبێت.

[12]کاتێك بەرخەکە، مۆری شەشەمی کردەوە. سەیرمکرد بوومەلەرزەیەکی گەورە ڕووی‌داو خۆر وەك جلی ماتەمدار ڕەش هەلّگەڕا، مانگیش وەك خوێن سوور هەلّگەڕا، [13]ئەستێرەکانی ئاسمان دەکەوتنە سەر زەوی وەك بەری دار

هـــەنجیر کاتـــێك بایـــەکی تونـــد دەیهاژێـــنێو بەرەکـــەی دەکەوێـــتە خـــوارەوە. [14]ئاسمـــان وەك پەڕەیـــەك لـــوولکـرا، هـیچ چـیاو دوورگەیەك لەشـوێنی خـۆی نـەما. [15]پادشاکانی زەوی‌و گـــــــەورە پـــــــیاوانو دەوڵەمـەندەکانو دەسـەلاتدارەکانو هـەموو کوێلـەو ئـازادێك، خۆیـان لـەناو ئەشکەوت‌و بەردە گەورەکانی چـیا حەشاردا، [16]بەچیاو بەردەکانیان دەووت: (بکـــەون بەســـەرماندا تـــا لـــەڕووی ئـــەوەی لـەســـەر تەخـــت دانیشـــتووەو لـــەتوورەیی بەرخەکـــە بمانشـارنەوە، [17]چونکە ڕۆژی تووڕە بوونە گەورەکە هاتووەو کێ دەتوانێ خۆی لەبەرامبەری ڕابگرێت؟)

پاراستنی کۆیلەکانی خودا

7

پـاش ئەمە چوار فریشتەم بینی لەسەر هـــەر چـــوار گۆشـــەی زەوی وەستابوون، چـوار بایەکەی زەوییان ڕاگرتـبوو تـا لەسـەر زەوی‌و لەسەر دەریـاو لەســـەر هـــیچ درەختـــێك هەڵـنەکەن. [2]هـەروەها فریشـتەیەکی تـرم بینی لەڕۆژهەڵاتەوە دەرکەوتبوو مـۆری خـودای زیـندووی پێبـوو، بەدەنگـــێکی بـــەرز بـــانگی چـــوار فریشـتەکەی تـری کـرد کە ڕێگایان پێدرابـوو زیـان بـەزەوی‌و دەریـا بگەیـەنن، ووتـی: [3](زیـان بـەزەوی‌و دەریـاو درەختـەکان مەگەیەنن تا ئەو کاتـــەی نێوچـــەوانی بـــەندەکانی خودامـان مـۆر دەکـەین.) [4]گوێـم لەدەنگی مۆرکراوەکان بوو کەسەدو چـڵو چـوار هـەزار کـەس بـوون، ئەوانـەش لـەهەموو هۆزەکانی نەوەی ئسـیرائیل بـوون. [5]لـــەهۆزی یـەهوزا دوانـزە هەزار مۆرکرابوون، لەهۆزی ڕائوبـین دوانزە هەزارو لەهۆزی گاد دوانـــزە هـــەزار، [6]لـــەهۆزی ئەشـــیر دوانزە هەزار، لەهۆزی نەفتالی دوانزە هەزار، لەهۆزی مەنسا دوانزە هەزار، [7]لـــەهۆزی شـــەمعون دوانـــزە هەزار، لـــەهۆزی لاوی دوانـــزە هـــەزار، لـــەهۆزی یەســاکر دوانـزە هەزار، [8] لـــەهۆزی زەبولـــون دوانـــزە هـــەزار، لـــەهۆزی یوســف دوانـــزە هـــەزار، لەهۆزی بنیامین دوانزە هەزار.

خەڵکێك لەهەموو نەتەوەکان

[9]پاشـــان ســـەیرمکـــرد کۆمەڵـــە خەڵکـــێکی نەژمـــێردراوم لەهـــەموو نەتـــەوەو مـــیللەتانو هـــۆزو گـــەلو

زمانێك بینی، هەموویان لەبەردەم تەختی خودا بەرخەکە ڕاوەستابوون، جلی سپییان لەبەربوو لقی دار خورمایان بەدەستەوە گرتبوو، [10]بەدەنگێکی بەرز هاواریان دەکردو دەیانووت: (ڕزگاربوون تەنها لەلایەن خودای سەر تەختو بەرخەکەوەیە.) [11]هەروەها هەموو فریشتەکانی چواردەوری تەختەکەو پیرەکانو چوار زیندەوەرەکە وەستابوون، لەبەردەم تەختەکە بەدەمدا کەوتنو کڕنۆشیان بۆ خودا برد، [12]دەیانووت: (ئامین! باستایش و شکۆمەندی و دانایی و سوپاس و ڕێزو هێزو توانا بۆ خودامان بێت تاهەتایە! ئامین.)

[13]دوایی یەکێك لەپیرەکان لێی پرسیم (ئەو سپی پۆشانە کێن و لەکوێوە هاتوون؟) [14]لەوەڵامدا ووتم: (ئەی گەورە تۆ دەزانیت.) ئەویش پێی ووتم: (ئەو سپی پۆشانە ئەوانەن کە لەتەنگانە گەورەکەوە هاتوون و جلەکانیان بەخوێنی بەرخەکە شۆردووەو سپی کردووە. [15]لەبەر ئەوەیە ئێستا لەبەردەم تەختی خودان و شەو و ڕۆژ لەپەرستگاکەی خزمەتی دەکەن و دانیشتووی سەر تەختەکەش بەسێبەری چادرەکەی دایان دەپۆشێ. [16]ئەوانە لەمەولا نەتینوو دەبن و نەبرسی، نەخۆر لییان دەدات و نەهەست بەگەرمایی دەکەن. [17]چونکە بەرخەکەی ناوەڕاستی تەختەکە دەبێتە شوانیان، هەروەها بەرەو کانیەکانی ئاوی ژیانیان دەبات و خوداش هەموو فرمێسکەکانی چاویان دەسڕێتەوە.)

مۆری حەوتەم

8

کاتێك بەرخەکە مۆری حەوتەمی کردەوە بێدەنگییەك نیو کاژێر بالێ بەسەر ئاسماندا کێشا. [2]حەوت فریشتەکەم بینی کە لەبەردەم خودا ڕادەوەستن، حەوت کەرەنایان پێدرابوو. [3]فریشتەیەکی تر هات و لەبەردەم قوربانگاکەدا وەستا. فریشتەکە بخوردانێکی زێڕینی پێبوو بخوورێکی زۆریشی پێدرا بوو تا لەگەڵ نوێژەکانی خوشك و برا پیرۆزەکان پێشکەشی بکات لەسەر قوربانگا زێڕینەکەی بەردەم تەختی خودا، [4]پاشان لەگەڵ نوێژەکانی خوشك و برا پیرۆزەکان دووکەڵێ بخوور لەدەستی فریشتەکە لەبەردەم

خودا بەرز بووەوە. [5]پاشان فریشتەکە بخوورداندەکەی بردو لەقوربانگاکە پڕیکرد لەئاگرو فڕێیدایە سەر زەوی، ئینجا بوو بەهەورەتریشقەو دەنگی چەخماخەو بروسکەو بوومەلەرزە.

حەوت کەڕەناکان

[6]لەوکاتەدا حەوت فریشتەکەی کەڕەنایان پێبوو خۆیان بۆ لێدانی کەڕەنا سازکرد.

[7]فریشتەی یەکەم کەڕەناکەی لێدا، تەرزەو ئاگری تێکەڵ بەخوێنیان لێپەیدابوو، ئاگرو تەرزەکە فڕێدرانە سەرزەوی لەئەنجامدا سێیەکی زەوی سووتاو سێیەکی درەختەکانیش سووتانو هەموو گیایەکی سەوزی سووتاند.

[8]فریشتەی دووەم کەڕەناکەی لێداو لەئەنجامدا چیایەکی گەورەی بەئاگر سوور هەڵگەڕاو فڕێدرایە ناو دەریاوە، دەریاکەش سێیەکی بوو بەخوێن، [9]لەئەنجامدا سێیەکی زیندەوەرەکانی دەریا مردنو سێیەکی کەشتییەکانیش تێك شکێنران.

[10]فریشتەی سێیەم کەڕەناکەی لێدا، لەئەنجامدا لەئاسمانەوە ئەستێرەیەکی گەورەی پرشنگدار وەك چرا کەوتە خوارەوە بۆ سەر سێیەکی ڕووبارەکانو سەرچاوەکانی ئاو. [11]ئەستێرەکەش ناوی (تالاّو) بوو، لەبەرئەوە سێیەکی ئاو تاڵبوو، خەڵکانێکی زۆریش لەبەر تاڵی ئاوەکە مردن.

[12]پاشان فریشتەی چوارەم کەڕەناکەی لێدا، لەئەنجامدا سێیەکی خۆرو سێیەکی مانگو سێیەکی ئەستێرەکان لێدران، سێیەکی ڕۆژ ڕوناکی لێبڕاو شەویش بەهەمان شێوە.

[13]پاشان تەماشام کرد دالێکی هەڵفڕیوم لەناوەڕاستی ئاسماندا بینی بەدەنگێکی بەرز هاواری دەکردو دەیووت: (قوربەسەرتان، قوربەسەرتان، ئەی دانیشتوانی سەر زەوی، کاتێ ئەو سێ فریشتەیەی تر کەڕەناکانیان لێدەدەن چی بەسەر زەوی دەهێنن!)

9

پاشان فریشتەی پێنجەم کەڕەناکەی لێدا، تەماشام کرد ئەستێرەیەك لەئاسمانەوە کەوتە سەر زەوی و ئەستێرەکە کلیلی بیری بێبنی

پێدرابوو. [2]بیری بێبنی کردەوەو دووکەڵێك وەك دووکەڵێ کوورەیەکی گەورە لێی بەرزبووەوەو دووکەڵەکە ئاسمانو خۆری تاریك کرد. [3]لەدووکەڵەکەوە کوللەیەکی زۆر هاتنە سەر زەوی‌و توانایەکی وەك دووپشکی زەویان پێدرابوو. [4]کوللەکان فرمانیان پێدرابوو زیان بەگیای سەر زەوی‌و هیچ شتێکی‌سەوزو هیچ درەختێك نەگەێنن، تەنها زیان بەو کەسانە بگەێنن کە مۆری خودایان بەنێوچەوانەوە نیە، [5]ڕێیان پێ نەدرابوو بیانکوژن، بەڵکو بۆ ماوەی پێنج مانگ ئازاریان بدەن، بەئازارێك وەك ئازاری دووپشك کاتێ بەمرۆڤەوە دەدات. [6]لەو ڕۆژانەدا خەڵك داوای مردن دەکەن بەڵام دەستیان ناکەوێت، حەز لەمردن دەکەن بەڵام مردن ڕادەکات لەدەستیان.

[7]شێوەی کوللەکانیش وەك ئەسپێك وان خۆیان بۆ شەڕ ئامادەکردبێت، لەسەر سەریان شتێکی وەك تاجی زێڕینیان لەسەرناوەو دەموچاویان وەك دەموچاوی مرۆڤ وایە. [8]قژیان وەك قژی ئافرەت وایەو ددانەکانیان وەك ددانی شێرن. [9]سپەرەکانیان وەك سپەری ئاسنین وایە، دەنگی باڵەکانیان لەهەراو دەنگی ئەو عەرەبانەو ئەسپانە دەچێ کە لەمەیدانی جەنگدا هێرش دەبەن. [10]هەروەها چەند کلکێکی چزووداری وەك دووپشکیان هەبوو، لەکلکەکانیشیان توانایان پێدرابوو بۆ ماوەی پێنج مانگ خەڵك ئازار بدەن. [11]هەروەها ئەو فریشتە بەدکارەی بیری بێبن کە بەعیبری پێی دەووترێت (ئەبەدون)و بەیۆنانی پێی دەووترێت (ئەپۆلیۆن) پادشا بوو لەسەریان.

[12]ئەوەتا نەگبەتی یەکەم بەسەرچوو و دوو نەگبەتی تریش ماون، دوای ئەمە دێن. [13]پاشان فریشتەی شەشەم کەڕەناکەی لێداو دەنگێك لەچوار شاخەکەی قوربانگا زێڕینەکەی بەردەم خوداوە هاتە بەرگوێم، [14]بەفریشتەی شەشەمی دەووت کە کەڕەناکەی پێبوو: (چوار فریشتە باڵ بەستراوەکەی تەنیشت ڕووباری مەزنی فورات ئازاد بکە.) [15]چوار فریشتەکەی ئامادەکرابوون بۆ ئەو کاژێرو ڕۆژو

مانگو سالّه، ئازادکران تاسیّیه‌کی مرۆڤ بکوژن. [16]ژماره‌ی سه‌ربازه سوارچاکه‌کان دووسه‌د ملیۆن بوونو من گویّم لەژماره‌که‌یان بوو. [17]بەم شیّوه‌یه ئەسپه‌کانم لەبینینیّکدا بەدی‌کردو سواره‌کانیان سپەری ئاگرینو مرواری‌دارو گۆگردیان لەبەربوو، سەری ئەسپه‌کانیش وەك سەری شیّر وابوونو لەدەمیانەوه ئاگرو دووکەڵۆ گۆگرد دەردەچوو. [18]بەو سیّ دەرده سیّیه‌کی مرۆڤ کوژران واتە بەئاگرو دووکەڵۆ گۆگرد. [19]چونکه هیّزی ئەسپه‌کان لەدەمو کلکیان بوو، کلکیشیان وەك مار سەری هەبوو، بەمەش خەڵکیان ئازار دەدا. [20]بەڵام پاشماوه‌ی ئەو کەسانەی بەو لیّدانانه نەکوژران، تۆبەیان نەکردو کرنۆشیان بۆ ڕۆحە پیسەکانو بته‌کان کە لەزێڕو زیوو مسو بەردو دار دروستکراون دەبرد، ئەوانەی ناتوانن نەببیستنو نەببینن و نەبڕۆن. [21] هەروەها لەکوشتنو فاڵچیّتیو داوێنپیسیو دزی‌کردن تۆبەیان نەکرد.

فریشتەو پەرتووکێکی بچووك

10

پاشان فریشتەیەکی تری بەهێزم بینی لەئاسمانەوه هاتەخوارەوەو بەپەڵە هەورێك خۆی پۆشیبوو، پەلکە زێڕینەیەك لەسەرسەری بوو، دەمو چاویشی وەك خۆر وابوو، قاچەکانیشی وەك دوو ستوونی ئاگرین وابوون. [2]نووسراوێکی بچووکی کراوەی بەدەستەوه بوو. قاچی ڕاستی لەسەر دەریاو قاچی چەپی لەسەر ووشکایی دانا. [3]بە دەنگێکی بەرز وەك نەڕەی شێر هاواری کرد، پاش ئەوەی هاواری کرد، حەوت هەورە تریشقەکە بەدەنگەکانی خۆیان هاتنە دوان، [4] پاش ئەوەی حەوت هەورە تریشقەکە هاتنە دوان، نیازم وابوو دەست بکەم بەنووسین، بەڵام دەنگێك لەئاسمانەوه هاتە بەرگوێمو پێی ووتم: (ئەوەی حەوت هەورە تریشقەکە ووتیان مۆری بکە، بەڵام مەیان نووسە.) [5] ئەو فریشتەیەی بینیم لەسەر ووشکایی‌و دەریا ڕاوەستابوو دەستی ڕاستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو [6] سوێندی بەزیندووی هەمیشەیی خوارد، ئەوەی ئاسمانو زەوی‌و دەریاو هەمو ئەو شتانەی تیایاندایە

دروستی‌کردووه، که هیچ دەرفەتێکی تـر نـەدات، [7]بـەڵکو لـەو ڕۆژانەی فریشـتەی حەوتەم کەڕەناکەی خۆی لـێدەداو دەنگی لێدێت، نهێنی خودا پێویسـتە بێتەدی، وەك چۆن خودا بۆ پێغەمبەرەکانو خزمەتکارەکانی خۆی ڕاگـەیاندووە. [8]هەروەها ئەو دەنگەی لـەئاسمانـەوە هاتـە بـەرگوێم دیسـان قسـەی لـەگەڵ کردمو پێی‌گوتم: (برۆ نووسـراوە بچـووکەکە لـەو فریشتەیە وەربگرە ئەوەی لـەسەر دەریاو لـەسەر ووشـکایی وەسـتاوە.) [9]بـۆ لای فریشتەکە چوومو پێمووت نووسراوە بچـووکەکەم بـدەرێ، فریشتەکە پێی ووتم: (وەری بگـرەو بیخۆ، گەدەت تـاڵ دەکـات، بـەڵام لەدەمتدا وەك هـەنگوین شـیرین دەبێـت.) [10]نووسـراوە بچـووکەکەم لەدەسـتی فریشـتەکە وەرگـرتو خـواردم، لـەدەممدا وەك هەنگوین شیرین بوو، بـەڵام پـاش ئـەوەی خواردم گەدەی تـاڵکـردم. [11]هەروەها فریشتەکە پێی ووتم: (پێویستە بەووتەی خودا بدوێی دەربـارەی مـیللەتانو نەتـەوانو زمانەکانو پادشاکان.)

دوو شایەتەکە

11 پاشان قامیشێکی وەك ڕاستەی پێوانەم پـێدرا، پێمووترا: (هەستە، پەرستگای خوداو قوربانگا بپێوەو ئەوانەی تیایدا کـرنۆش دەبەن بیانژمێرە. [2]بەڵام واز لەگۆڕەپانی پەرستگا بهێنەو مەیپێوە، چـونکە ئـەو گۆڕەپانە بەناجوولەکان دراوە، هەروەها بۆ ماوەی چڵو دوو مانگ شاری پیرۆز پێشێل دەکەن. [3]هەروەها دەسـەلاّت بەدوو شایەتەکەی خـۆم دەدەم بـۆ مـاوەی هـەزارو دووسـەدو شەسـت ڕۆژ بەبـەرگی ماتەمەوە بەووتەی خودا بدوێن.)

[4]ئەمانـە ئەو دوو دار زەیتونەو ئەو دوو چـڕادانەن کـە لەبـەردەم خوداوەنـدی زەوی دانـراون. [5]گـەر یەکـێك بیەوێـت زیانـیان پێبگەیێنێت، ئاگـرێك لەدەمـیانەوە دێـتە دەرەوەو دوژمنەکانیان دەخوات، هەروەها گەر یەکـێك بیەوێت ئازاریان بدات دەبێت ئاوهـا بکوژرێـت. [6]ئـەم دووانـە دەسـەلاّتیان پـێدراوە لـەڕۆژانی لـێدوانەکەیان بەووتـەی خودا ڕووی ئاسمـان دابخـەن تـا بـاران نەبارێـت، هـەروەها دەسـەلاّتیان هەیـە ئاو بکەن بـەخوێنو بەهـەموو جـۆرە دەردێـك

لەزەوی بدەن، هەر کاتێك بیانەوێ. [7]
کاتێك شایەتییەکەیان تەواوکرد ئەو
درندەیەی لەبیری بێبن دێتەدەرەوە،
جەنگیان لەگەڵ بەرپا دەکات و
بەسەریاندا زاڵدەبێت و دەیانکوژێت و [8]
تەرمەکانیان فڕێدەدرێتە سەر شەقامی
ئەو شارە گەورەیەی ناوە ڕۆحییەکەی
سەدومو میسرە، ئەو شوێنەی
خوداوەندیانی تیادا لەخاچدرا. [9]
خەڵکی لەهەموو گەلانو هۆزو
زمانو نەتەوەکان بۆ ماوەی سێ ڕۆژو
نیو سەیری تەرمەکانیان دەکەنو
ناهێڵن تەرمەکانیان بنێژرێن. [10]
دانیشتووانی زەوی تانەوتوانجیان
لێدەدەنو هاواری خۆشیان لێ
بەرزدەبێتەوە، هەروەها دیاری بۆ
یەکتری دەنێرن، چونکە ئەم دوو
پێغەمبەرە دانیشتووانی سەر زەوییان
زۆر ئازار دابوو. [11]بەڵام پاش سێ
ڕۆژو نیو هەناسەیەکی ژیان لەخوداوە
دەچێتە ناو لەشیان، لەئەنجامدا
لەسەرپێیان دەوەستنو ترسێکی
زۆریش دەنیشێت لەسەر ئەوانەی
تەماشایان دەکردن. [12]ئینجا دەنگێکی
بەرز لەئاسمانەوە هاتە بەرگویانو
ووتی: (بۆ ئێرە سەربکەون)، ئەوانیش
لەبەرچاوی دوژمنەکانیان بەسواری
پەلّە هەورێك بۆ ئاسمان سەرکەوتن.
[13]لەو کاتەدا بوومەلەرزەیەکی گەورە
ڕوویداو دەیەکی شارەکە لەناوچوو،
حەوت هەزار کەس بەبوومەلەرزەکە
کوژران. ئەوانی تر لەترسو لەرز،
ستایشی خودای ئاسمانیان کرد.
[14]نەگبەتی دووەم بەسەر چوو،
ئەوەتا نەگبەتی سێیەم وا بەخێرایی
دێ بەرێوە.

کەرەنای حەوتەم

[15]پاشان فریشتەی حەوتەم
کەرەناکەی لێداو دەنگێکی بەرز
لەئاسمانداوە دەنگی دایەوەو دەیووت:
(پادشاهێتی جیهان بوو بەپادشاهێتی
خوداوەندمانو مەسیحەکەی، ئەوەی
فەرمانڕەوایی دەکات.) [16]ئەو
بیست و چوار پیرەی لەسەر
تەختەکان دانیشتبوون، لەبەردەم
خودا خۆیان بەدەمداداو کڕنۆشیان
برد، ووتیان: [17](سوپاست دەکەین
ئەی خوداوەند خودای توانادار
بەسەر هەموو شتێك، ئەوەی هەیەو
هەبووە، چونکە تۆ توانای مەزنی
خۆت وەرگرتو دەستت
بەفەرمانڕەوایی کرد. [18]میللەتان
تووڕەبوون، تووڕەیی تۆش هات،

ئێستا کاتی لێپرسینەوەی مردووانە، بۆ ئەوەی پاداشتی بەندەکانت لەپێغەمبەرو خوشك‌و برا پیرۆزەکان‌و ئەوانەی لەناوت دەترسن بەگەورەو بچووکەوە بدرێتەوە، هەروەها تا ئەوانە لەناوببەی کە زەوی لەناودەبەن.)

[19]پاشان پەرستگای خودا لەئاسماندا کرایەوەو سەندوقی پەیمانەکەی لەناو پەرستگاکە دەرکەوت، لەئەنجامدا بووە بروسکەو دەنگە دەنگ‌و هەورە تریشقەو بوومەلەرزەو تەرزەی گەورە بارین.

ژنو ئەژدیها
12

دوا بەدوای ئەوە نیشانەیەکی گەورەی سەیر لەئاسمانەوە دەرکەوت، ئافرەتێکی خۆر پۆش، مانگ لەژێر پێی‌داو تاجێکیش لەسەر سەری بوو لەدوانزە ئەستێرە پێکهاتبوو، [2]ئافرەتەکە سك پڕبوو و بەدەست ژانی منداڵ بوونەوە دەینالاند. [3]نیشانەیەکی تری سەیر لەئاسماندا دەرکەوت، ئەژدیهایەکی گەورەی سوورببوو، حەوت سەرو دە شاخی هەبوو، هەروەها حەوت تاجی لەسەر سەر بوو. [4]کلکیشی سێیەکی ئەستێرەکانی ئاسمانی بەدوای خۆیدا ڕاده‌کێشاو ئەستێرەکانی بەزەویدا دا، ئەژدیهاکە لەبەردەم ئافرەتەکە وەستا، تا کاتێ منداڵی دەبێت منداڵەکە بخوات. [5]ئافرەتەکە منداڵێکی نێرینەی بەهێزی‌بوو، ئەوەی بەگۆپاڵێکی ئاسنین فەرمانڕەوایی هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی دەکات. بەڵام منداڵەکە بۆ لای خوداو تەختەکەی ڕفێندرا. [6]ئافرەتەکەش بەرەو دەشت‌ودەر ڕایکرد بۆ ئەو شوێنەی لەلایەن خوداوە بۆی ئامادەکراوە، تا بۆ هەزارو دووسەدو شەست ڕۆژ بەخێو بکرێت.

[7]پاشان لەئاسماندا شەڕێك بەرپابوو میکائیل‌و فریشتەکانی دژی ئەژدیهاکە جەنگان، ئەژدیهاکەو فریشتە بەدکارەکانیشی دژی ئەوان، [8]بەڵام ئەژدیهاکە ئەوەندە بەهێز نەبوو، شوێنیان لەئاسمان نەماو [9] ئەژدیها گەورەکە فڕێدرایە خوارەوە، کە هەمان مارە دێرینەکەیە، بەئیبلیس*و شەیتان ناودەبرێت‌و هەموو جیهان گومڕا دەکات، لەگەڵ فریشتەکانی فڕێدرایە زەوی. [10]ئینجا

گوێم لەدەنگێکی بەرزبوو لەئاسمانەوە ووتی: (ئێستا ڕزگاری و هێزو پادشاهێتی خودامان و دەسەلأتی مەسیحەکەی هاتەکایەوە، چونکە ئەو شکاتکەرەی شەو و ڕۆژ لەبەردەم خودامان شکاتی لەخوشک و براکانمان دەکرد، درا بەزەویدا. [11] ئەوان بەخوێنی بەرخەکەو بەووشەی شایەتییان بەسەریدا زاڵبوون و تا مردنیش ژیانی خۆیان خۆش نەدەویست. [12]لەبەرئەمە ئەی ئاسمان و ئەوانەی تێیدا نیشتەجێن، دڵخۆش و شادومان بن، بەلأم قوڕ بەسەر دانیشتووانی زەوی و دەریا، چونکە شەیتان هاتۆتە خوارەوە بۆ ئێوەو تووڕەییەکی گەورەی پێیە، چونکە کاتێکی کورتی بەدەستەوە ماوە. [13] کاتێك ئەژدیهاکە خۆی بینی دراوە بەزەویدا، ئەو ئافرەتەی ڕاونا کە منداڵە نێرینەکەی لێبوو. [14]لەبەرئەوە ئافرەتەکە دوو باڵی دالّە گەورەکەی پێدرا تا بۆ شۆینە دیاری کراوەکەی خۆی لەدەشتودەر بفڕێت بۆ ئەوەی بۆ ماوەی سێ ساڵۆ نیوی تر دوور لەمارەکە بەخێوبکرێت. [15] مارەکە لەپشت ئافرەتەکە لەدەمیەوە ئاوێکی وەك ڕووبارى هەلّدا، تا ئافرەتەکە بەلافاو ڕامالّ بکات. [16] زەوی یارمەتی ئافرەتەکەیدا، دەمی کردەوەو ئەو ڕووبارەی قووتدا کە ئەژدیهاکە لەدەمیەوە فڕێی دایە دەرەوە. [17]ئەژدیهاکە لەئافرەتەکە تووڕەبوو، دەستی کرد بە دژایەتی کردنی پاشماوەی وەچەکەی، ئەوانەی کار بەڕاسپاردەکانی خودا دەکەنو دەستیان بەشایەتی عیسا گرتووە. [18]جا ئەژدیهاکە لەسەر لمی دەریا وەستا،

دەرکەوتنی دڕندەیەك لەدەریا

13

ئینجا دڕندەیەکم بینی لەدەریاکە دەهاتە دەرەوە، حەوت سەرو دە شاخی هەبوو، دە تاجیش لەسەر شاخەکانی بوو، لەسەر هەر سەرێك ناوی کفرکردن نووسرابوو. [2]ئەو دڕندەیەی بینیم لەپلنگ دەچوو لەپی پێیەکانی لەلەپی پێی وورچ دەچوو دەمیشی وەك دەمی شێر وابوو. ئەژدیهاکەش توانا و تەختو دەسەلأتی گەورەی خۆی دا بەدڕندەکە. [3]سەرێك لەسەرەکانی دڕندەکەم بینی، لەوە دەچوو برینێکی کوشندەی پێوەبووبێت، بەلأم برینە

کوشندەکە چاك بووبۆوە. هەموو زەویش بەسەر سووڕمانەوە دوای درندەکە کەوتن. [4]خەڵکی کڕنوشیان بۆ ئەژدیهاکە دەبرد، ئەوەی دەسەلاتی بەدڕندەکە بەخشیبوو، هەروەها کڕنۆشیان بۆ درندەکەش بردو ووتیان: (کێ وەکو درندەکە وایە؟ کێ دەتوانێت دژی بجەنگێت؟)

[5]درندەکە دەمێکی پێدرابوو، بەڵەخۆبایی و کفر دەدوا، بۆ ماوەی چل دوو مانگ دەسەلاتی پێدرابوو ئەو کارانە ئەنجام بدات. [6]درندەکە دەمی کردەوەو کەوتە کفرکردن بەخوداو جنێوی بەناوی خوداو مالّەکەی و دانیشتوانی ئاسمانەدا. [7] هەروەها ڕێگای پێدرابوو دژی خوشك و بڕا پیرۆزەکانی زەوی جەنگ بەڕپا بکات و سەربکەوێ بەسەریان، دەسەلاتی بەسەر هەموو نەتەوەو هۆزو زمانو میللەتێکدا پێدرابوو. [8]لەبەرئەوە تەواوی دانیشتوانی زەوی کڕنۆشیان بۆ دەبرد، ئەوانەی ناویان لەوەتای دروستبوونی جیهانەوە لەپەرتووکی ژیانی بەرخە سەربڕاوەکە نەنووسراوە. [9]ئەوەی گوێی هەیە باگوێ بگرێت: [10]گەر یەکێك خەڵك بەدیلی ڕاپێچ بکات، ئەوا خۆشی ڕاپێچ دەکرێ. هەروەها گەر کەسێك کەسێکی تر بەشمشێر بکوژێت پێویستە بەشمشێر بکوژرێتەوە. ئەمە بانگەوازە بۆ دانبەخۆگرتنو باوەڕی خوشك و برا پیرۆزەکان.

دەرکەوتنی درندەیەك لەزەوی

[11]پاشان درندەیەکی ترم بینی لەزەویەوە هاتەدەرەوە، دوو شاخی وەك شاخی بەرخی هەبوو، بەڵام وەك ئەژدیها دەدوا. [12]هێندەی دەسەلاتی درندەی یەکەم دەسەلاتی هەبوو، وای لەدانیشتوانی زەوی دەکرد کرنۆش بۆ درندەی یەکەم ببەن کە بریندە کوشندەکەی چاك ببۆوە. [13] نیشانەی سەرسوڕهێنەری گەورەشی دەکرد بەو ڕادەیەی ئاگری لەئاسمانەوە دەهێنایەخوارەوە بۆ سەر زەوی لەبەرچاوی خەڵکی. [14] هەروەها بەو کارە سەرسوڕهێنەرانەی کە ڕێگای پێدرابوو لەبەردەم درندەی یەکەمدا بیکات خەڵکی دانیشتووی زەوی گومڕا دەکردو بەخەڵکی زەوی دەووت وێنەیەك بۆ ئەو درندەیە دروست بکەن کە

بەشمشێر بریندارکراو هەر بەزیندووش مایەوە. [15]هەروەها توانای پێدرابوو هەناسەیەك بداتە وێنەی درندەكە بۆ ئەوەی وێنەی درندەكە قسە بكات‌و وابكات ئەوانەی كرنۆش بۆ وێنەی درندەكە نابەن بكوژرێن. [16]واشی لەهەموان دەكرد بەگەورەو بچووك‌و دەوڵەمەندو هەژارو ئازادو كۆیلەوە نیشانەیەك لەسەر دەستی ڕاستیان یاخود لەسەر ناوچەوانیان دروست بكرێت، [17]بۆ ئەوەی كەس نەتوانێت بكڕێت‌و بفرۆشێت تەنها ئەوانە نەبێت كە نیشانەكەیان پێوەیە، نیشانەكەش ناوی درندەكەیە یان ژمارەی ناوەكەیەتی. [18]دانایی لێرەیە: ئەوەی توانای تێگەیشتنی هەیە باژمارەی درندەكان بژمێرێت، چونكە ئەوە ژمارەی مرۆڤە كە ژمارەكەی شەس‌سەدو شەست‌و شەشە.

بەرخەكەو گۆرانی جەماوەر

14 پاشان تەماشام‌كرد بەرخێك لەسەر چیای شاری داود ڕاوەستابوو، سەدو چل‌و چوار هەزار كەسی لەگەڵبوو، هەموویان ناوی بەرخەكەو ناوی باوكی بەرخەكە لەسەر ناوچەوانیان نووسرابوو. [2]هەروەها لەئاسمانەوە دەنگێك وەك دەنگی خورەی ئاوێكی زۆرو دەنگی چەخماخەیەكی گەورە هاتنە بەرگوێم، هەروەها دەنگی قیسارە دەهاتە بەرگوێم كە مۆسیقاژەنەكان لییاندەدا. [3]لەبەردەم تەختی خوداو چوار زیندەوەرەكەو بیست‌وچوار پیرەكە سروودێكی نوێیان دەووت. جگە لەو سەدو چل‌و چوار هەزار كەسەی بەخوێن لەزەوی كڕابوونەوە كەس نەیدەتوانی ئەو سروودە فێربێ. [4]ئەو كەسانە لەبەرئەوەی پاكن، لەگەڵ ئافرەت داوێنپیسییان نەكردووە، ئەوانە شوێن بەرخەكە دەكەون بۆ هەر كوێ بڕوات، ئەوانە وەك پێشەبەرە بۆ خوداو بەرخەكە، لەنێو خەڵك بەخوێن كڕاون. [5]هەروەها درۆ لەدەمی ئەوان نییە، ئەوانە بێ لەكەن.

سێ فریشتەكە

[6]ئینجا لەناوەڕاستی ئاسمان فریشتەیەكی هەڵفڕیوم بینی، مزگێنییەكی هەتاهەتایی پێبوو بۆ ئەوەی مزگێنی بەدانیشتوانی زەوی‌و هەموو نەتەوەو هۆزو زمانو

میللەتێك بدات. [7]فریشتەكە بەدەنگێكی بەرز دەیووت: (لەخودا بترسنو شكۆمەندی پێببەخشن، چونكە كاتی لێپرسینەوەكەی هاتووە، هەروەها كرێنوش بۆ دروستكەری ئاسمانو زەوی و دەریاو سەرچاوەكانی ئاو ببەن.)

[8]فریشتەیەكی تریش بەدوای ئەوەوە دەیووت: (كەوت، بابلی مەزن كەوت، ئەوەی وای كرد هەموو میللەتان لەشەرابی ئارەزووە گلاوەكانی بخۆنەوە.)

[9]فریشتەی سێهەم بەدوای ئەمانەوە بەدەنگێكی بەرز دەیووت: (گەر یەكێك كرێنۆش بۆ درێندەكە یاخود وێنەكەی بباتو ڕازیبێت نیشانەكەی لەسەردەستی یاخود نێوچەوانی بدات، [10]دەبێ بەهەمان شێوە شەرابی تووڕەیی خودا بخواتەوە، ئەو شەرابەی بێخەڵتەیەو لەجامی تووڕەیی خودا كراوە، هەروەها ئەو كەسە لەبەردەم فریشتە پیرۆزەكانو بەرخەكەدا بەئاگرو گۆگرد ئازار دەدرێت. [11]دووكەڵێ ئازاریان بۆ هەتاهەتایە بەرزدەبێتەوە. هەروەها ئەوانەی كرێنۆش بۆ درێندەكە یاخود وێنەكەی دەبەنو ئەوانەی ڕازی دەبن نیشانەی ناوەكەی هەڵگرن شەو و ڕۆژ حەوانەوەیان لێهەڵدەگیرێت.)

[12]ئەمە بانگەوازە بۆ دانبەخۆگرتنی خوشكو برا پیرۆزەكان، ئەوانەی ڕاسپاردەكانی خوداو باوەڕی عیسای مەسیح دەپارێزن.

[13]دوای ئەوە لەئاسمانەوە گوێم لەدەنگێك بوو پێیووتم: (ئەمە بنووسە: خۆزگە دەخوازرێ بەو مردووانەی لەئێستاوە لەبەر خوداوەند دەمرن!)

ڕۆحی پیرۆز دەڵێ: (بەڵێ، بۆ ئەوەی لەماندووبوونیان بحەسێنەوە، چونكە كردەوەكانیان شوێن پێیان دەكەون.)

دروێنەی زەوی

[14]پاشان تەماشام كرد پەڵە هەورێكی سپیم بینیو لەسەر پەڵە هەورەكە یەكێك لەشێوەی ڕۆڵەی مرۆڤ دانیشتبوو، تاجێكی زێڕینی لەسەری نابوو و داسێكی تیژی بەدەستەوە بوو. [15]فریشتەیەكیتر لەپەرستگاكەوە هاتەدەرەوەو بەدەنگێكی بەرز بانگی دانیشتووی سەر پەڵە هەورەكەی كرد:

(داسەکەت هەڵگرەو بدرووەوە، چونکە کاتی درووێنە هاتووەو خەرمانی زەوی زەرد هەڵگەڕاوە.) [16]لەبەرئەوە دانیشتووی سەر پەڵە هەورەکە داسەکەی بەسەر زەوی وەشاندو زەوی دروێنەکرا.

[17]فریشتەیەکی تر لەپەرستگاکەی ئاسمانەوە هاتەدەرەوەو ئەویش داسێکی تیژی پێبوو. [18]ئینجا فریشتەیەکی تر لەقوربانگەکەوە هاتە دەرەوەو دەسەڵاتی بەسەر ئاگردا هەبوو. بەدەنگێکی بەرز هاواری‌کرد بۆ ئەوەی داسە تیژەکەی پێیەو ووتی: (داسە تیژەکەت هەڵگرەو هێشووە ترێی ڕەزەکانی زەوی کۆبکەوە، چونکە ترێکەی پێگەیشتووە.) [19]ئەویش داسە تیژەکەی وەشاندە سەر زەوی‌و هێشووە ترێکانی زەوی کۆکردەوە، هێشووە ترێکانی فڕێدایە ناو گوشەری گەورەی تووڕەیی خودا. [20]گوشەرەکە لەدەرەوەی شار گوشرا، بەبەرزی تا لغاوی ئەسپ بۆ ماوەی هەزارو شەش سەد ستادیە*، خوێنی لێهاتەدەرەوە.

گۆرانی موسا

15 ئینجا شتێکی تری گەورەو سەرسوورهێنەرم لەئاسماندا بینی، حەوت فریشتە حەوت دەردی کۆتاییان پێبوو چونکە بەوانە تووڕەیی خودا تەواو دەبێت.

[2]پاشان ئاوێك وەك دەریایەکی شووشەیی تێکەڵ بەئاگرم بینی‌و ئەوانەی بەسەر درندەکەو وێنەکەی‌و ژمارەی ناوەکەی سەرکەوتبوون لەکەنار دەریا شووشەییەکە ڕاوەستابوون‌و چەند قیسارەیەکی خودایان پێبوو، [3]سروودی موسای بەندەی خوداو سروودی بەرخەکەیان دەچڕی‌و دەیانووت: (مەزن‌و سەرسوورهێنەرە کارەکانت ئەی خوداوەند، خودای توانادار بەسەر هەموو شتێك، ڕێگاکانت ڕاست‌و دادپەروەرە ئەی پادشای مللەتان. [4]کێ لەتۆ ناترسێت‌و ستایشی ناوت ناکات ئەی خوداوەند؟ چونکە

---

*هەزارو شەش سەد ستادیە: نزیکەی سێسەد کیلۆمەتر دەکات

بەتـــەنها خـــۆت پـــاك‌وپیرۆزیـــت، لـەبەرئـــەوە هـــەموو نەتـــەوەكان دێنو كرنووشت بۆ دەبەن، چونكە حوكمە دادپەروەریەكانت دەركەوتوون.)

[5]پـاش ئـەوە سـەیرمكـرد بینـیم پەرستگای چـادری شایەتی لەئاسمان كـــرایەوە. [6]حـــەوت فریشـــتەكە لـەپەرستگاكە هاتـنەدەرەوەو حەوت دەردەكـــەیان پێبـــوو، حـــەوت فریشـتەكە بەجـلی كـەتانی پـاك‌و پرشـنگدار بـەرگ پـۆش كرابوون‌و چـەند پشتێنێكی زێڕینیشیان لەسنگ بـوو. [7]یەكـێك لەچوار زیندەوەرەكە حـەوت جـامی زێڕینـی دا بەحـەوت فریشـتەكەو جامەكانـیش بـەتوڕەیی خـــودا ئـــەوەی تاهەتایـــە زیـــندووە پڕكرابوون، [8]پەرستگاكە بەدووكەڵێ شكۆمەندی دەسەلاتی خودا پڕبوو و هـــەتا حـــەوت دەردەكـــەی حـــەوت فریشـتەكەش تـەواو نـەبوو كـەس نەیتوانی بچێتە ناو پەرستگاكە.

حەوت جامی تووڕەیی خودا

16

ئیـــنجا لەپەرســـتگاكەوە گوێـــم لەدەنگـێكی بـەرز بـوو بەحـەوت فریشـتەكەی دەووت: (بڕۆن حەوت جـامی تووڕەیی خودا بەسەر زەوی‌دا بڕێژن.)

[2]یەكەمـیان ڕۆیشـت‌و جامەكەی خـــۆی ڕشـــت بەســـەر زەوی‌دا، لـەئـەنجامدا دومـەڵێ پیسـی پـڕ ئازار لـەوكەسـانە دەركـەوت كە نیشانەی دڕندەكـەیان هەڵگرتبوو كرنووشیان بۆ وێنەكەی بردبوو.

[3]پاشـــــان فریشـــــتەی دووەم جامەكـەی خـۆی ڕشتە ناو دەریاوەو ئـاوی دەریـا وەك خوێـنی مـردووی لـــێهات، هـــەروەهـــا هـــەموو زیندەوەرێكی ناو دەریا مرد.

[4]فریشـتەی سـێهەم جامەكـەی خـــۆی ڕشـــتە نـــاو ڕووبارەكـــان‌و سەرچـاوەكانی ئاو و بوون بەخوێن. [5]گوێـم لەفریشـتەی ئاوەكـان بـوو دەیـووت: (تـۆ دادپـەروەری ئـەی ئەوەی هەیەو هەبووە، چونكە تۆ بەو شـێوەیە حوكمـتداوە. [6]چـونكە ئەوانـە خوێنی پێغەمبەران‌و خوشك‌و بـــرا پیرۆزەكانـیان ڕشـت‌و تـۆش لەپاداشت‌دا خوێنت پێشكەش كردن تـا بـیخۆنەوە، چـونكە ئەوان شایانی ئـەوەن.) [7]گوێـم لـەو فریشـتەیەی قوربانگاكە بوو دەیووت: (بەڵێ ئەی خوداوەنـد خـودای توانـادار بەسەر

هەموو شتێك، حوكم دانی تۆ ڕاستو دادپەروەرە.)

[8]پاشان فریشتەی چوارەم جامەكەی خۆی ڕژاند بەسەر خۆرداو دەسەلاتی پێدرابوو خەڵكی بەئاگر بسووتێنێ. [9]خەڵك بەئاگرێكی مەزن سووتان، بەڵام تۆبەیان نەكرد تا ستایشی خودا بكەن، بەڵكو كفریان بەناوی خودا كرد ئەوەی دەسەلاتی بەسەر ئەم دەردانەدا هەیە.

[10]پاشان فریشتەی پێنجەم جامەكەی ڕژاند بەسەر تەختی درندەكەداو پادشاهێتیەكەی تاریك بوو، دانیشتووانی لەتاو ئازار زمانی خۆیان دەگەست. [11]لەتاو ئازارو برین كفریان بەخودای ئاسمان دەكردو تۆبەیان لەكردەوەكانیان نەكرد.

[12]فریشتەی شەشەم جامەكەی بەسەر ڕووباری گەورەی فوراتدا ڕشت، لەئەنجامدا ئاوەكەی ووشكی كرد تابێتە ڕێگا لەبەردەم ئەو پادشایانەی لەڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون. [13]هەروەها سێ ڕۆحی گلاۆم بینی وەك بۆق وابوون لەدەمی ئەژدیهاكەو لەدەمی درندەكەو لەدەمی پێغەمبەرە درۆزنەكە دەهاتنە دەرەوە، [14]ئەوانە ڕۆحە شەیتانیەكانن، نیشانەی سەرسوڕهێنەر بۆ هەموو پادشاكانی جیهان ئەنجام دەدەن، تا بۆ جەنگی ئەو ڕۆژە گەورەیە كۆیان بكاتەوە، ڕۆژی خودای توانادار بەسەر هەموو شتێك.

[15][مەسیح دەڵێ:] (ئەوەتا من وەكو دزێك دێم، خۆزگەدەخوازرێ بەوانەی شەونخوونی دەكەن تا پارێزگاری لەجلو بەرگەكانیان بكەن، نەوەك خەڵك بیانبینێ بەڕووتی بڕۆن.)

[16]ئینجا ڕۆحەكان پادشاكانیان لەو شوێنەدا كۆكردەوە كە بەعیبری پێی دەووترێت (هەرمەگەدون).

[17] فریشتەی حەوتەم جامەكەی خۆی ڕژاند بەهەوادا، دەنگێكی بەرز لەپەرستگای ئاسمانەوە لەتەختی خوداوە ووتی: (جێبەجێكرا!) [18] پاشان دەنگو چەخماخەو هەورە تریشقە پەیدابوونو بوومەلەرزەیەكی بەهێز ڕوویدا، بەشێوەیەك شتی‌وا ڕووی نەداوە لەوەتەی خەڵك لەسەر زەوی دەژین، بوومەلەرزەكە زۆر بەهێزبوو. [19]شارە گەورەكە بوو بەسێ بەشەوەو شارەكانی نەتەوەكانیش ویران بوون. خوداش

شاری گەورەی بابلی بەبیرهاتەوە تا جامی شەرابی تووڕەیی بەتینی خۆی پێبدات. [20]هەموو دوورگەکان رایانکردو چیاکان لەبەرچاو نەمان. [21]تەرزەیەکی گەورە کە قورساییەکەی پەنجا کیلۆ دەبوو لەئاسمانەوە باری بەسەر خەڵکی، خەڵکی لەتاو لێدانی تەرزەکە کفریان بەخوداکرد، چونکە لێدانەکەی زۆر گەورەو ترسناك بوو.

بابل دایکی داوین پیسانە

17

دوایی یەکێك لەو حەوت فریشتەیەی حەوت جامەکەیان پێبوو پێی ووتم: (هەستە با سزای ئەو ژنە داوێن پیسە گەورەیەت پیشاندەم کە لەسەر ئاوە زۆرەکان دانیشتووەو [2]ئەوەی هەموو پادشاکانی زەوی داوێن پیسییان لەگەڵدا کردووەو دانیشتوانی زەوی بەشەرابی داوێن پیسییەکەی سەرخۆشبوون.) [3]ئینجا فریشتەکە لەڕۆحدا بردمی بۆ دەشتودەر، سەیرم کرد ژنێك لەسەر دڕندەیەکی قرمزی کە پڕبوو لەناوی کفر دانیشتووە، دڕندەکە حەوت سەرو دە شاخی هەبوو. [4]ژنەکە بەمرواریو قرمز بەرگ پۆش بوو سەرتاپاشی بەزێڕو بەردی گرانبەهاو مرواری ڕازابۆوەو جامێکی زێڕینشیی بەدەستەوە بوو کە پڕبوو لەپیسیوگلاوی داوێن پیسییەکەی. [5]لەسەر ناوچەوانیشی ناوێکی نهێنی نووسرابوو: (بابلی گەورە، دایکی داوێنپیسانو گلاوەکانی زەوی.) [6] هەروەها ژنەکەم بینی بەخواردنەوەی خوێنی خوشك و برا پیرۆزەکانو خوێنی شەهیدەکانی عیسای مەسیح سەرخۆش ببوو. بەبینینی ژنەکە سەرسوڕمانێکی گەورە دایگرتم.

[7]بەلاّم فریشتەکە پێیووتم: (بۆ وا سەرت سووڕما؟ من نهێنی ژنەکەو ئەو دڕندەیەی هەڵیگرتووە، کە حەوت سەرو دەشاخی هەیە بۆت ئاشکرا دەکەم. [8]ئەو دڕندەیەی بینیت هەبووەو ئێستا نییە، لەبیری بێبن دێتەدەرەوەو بۆ لەناوچوون دەڕوات. ئەو کەسانەی لەسەر زەوی دانیشتوون، ئەوانەی لەوەتای دروستبوونی جیهان ناویان لەپەرتووکی ژیان نەنووسراوە سەریانسووڕ دەمێنێ کاتێك دەبینن دڕندەکە هەبووەو ئێستا نییە،

هەرچەندە دێتەوەش. [9]دانایی مێشك
لێرەدا دەردەكەوێت: حەوت
سەرەكە ئەو حەوت گردەن كە
ژنەكە لەسەریان دانیشتووە، [10]
هەروەها حەوت پادشان، پێنجیان
كەوتن و یەكێكیان هەیەو ئەوی تریان
هێشتا نەهاتووە، كاتێكیش دێت
پێویستە كەم بمێنێتەوە. [11]ئەو
درندەیەی هەبووەو ئێستا نییە
هەشتەمە، بەڵام لەحەوتەكەیەو بەرەو
لەناوچوون دەڕوات. [12]ئەو دە
شاخەی بینیت دە پادشان تا ئێستا
شانشینیان وەرنەگرتووە، بەڵام بۆ
ماوەی یەك كاژێر لەگەڵ درندەكە
دەسەڵاتی پادشا وەردەگرن. [13]ئەوانە
یەك مەبەستیان هەیەو تواناو دەسەڵاتی
خۆیان دەدەنە درندەكە. [14]ئەوانە
لەگەڵ بەرخەكە دەجەنگێن و
بەرخەكە سەر دەكەوێت بەسەریاندا،
چونكە بەرخەكە گەورەی
گەورەكانەو پادشای پادشاكانە،
ئەوانەی لەگەڵیدان بانگكراو و
هەڵبژێراو و دڵسۆزن.)
[15]پاشان فریشتەكە پێی‌ووتم:
(ئەو ئاوانەی بینیت كە ژنە
داوێنپیسەكە لەسەری دانیشتبوو،
ئەوە گەلو كۆمەڵو نەتەوەو زمانی
جیاجیان. [16]بەڵام درندەكەو دە
شاخەكەی سەری، ڕق لەژنە
داوێنپیسەكە هەڵدەگرنو ویرانو
ڕووتوقووتی دەكەن، ئێسك و
گۆشتەكەی دەخۆنو بەئاگر
دەیسوتێنن، [17]چونكە خودا
خستوویەتیە دڵیان بەمەبەستی ئەو
بكەن، هەروەها ڕێك بكەونو
دەسەڵاتی خۆیان بدەن بەدرندەكە تا
ووشەكانی خودا بێتەدی. [18]ئەو
ژنەش كە بینیت ئەو شارە گەورەیەیە
كە دەسەڵاتی بەسەر هەموو
پادشاكانی زەوی‌دا هەیە.)

كەوتنی بابل

18 پاش ئەوە فریشتەیەكی ترم بینی
لەئاسمانەوە هاتەخوارەوەو
دەسەڵاتێكی گەورەی هەبوو،
بەڕێشنگداری ئەو زەوی
ڕووناك‌بووەوە. [2]فریشتەكە
بەدەنگێكی بەرز هاواری‌كردو ووتی:
(كەوتەخوارەوە! كەوتەخوارەوە
بابلی گەورە! بووە جێنشینی
جنۆكەكانو مانگی هەموو ڕۆحە
پیسەكانو مانگی هەموو باڵندەیەكی
پیسی نەفرەت لێكراو. [3]چونكە

هـــەموو نەتـــەوەکان لەشـــەرابی داوێـنپیسـی ژنەکەیان خواردۆتەوەو پادشـاکانی زەوی داوێـــنپیســـییان لەگـــەڵدا کـــردووەو هـــەموو بازرگانـەکانی زەوی دەوڵەمەندبوون بەنازو نعمەتی ئەو.)

[4]پاشـان گوێم لەدەنگێکی تر بوو لەئاسمانـــەوە دەیـــووت: (لـــێی وەرنـــەدەرەوە ئـــەی گەلەکـــەم تابەشـداری نەکـەن لەگوناهـەکانیو دەردەکـــانی نەگـــرن. [5]چـــونکە گوناهـەکانی تـا ئاسمان بەرزبوونەوەو بـەبیری خـودا هاتوونەتـەوە. [6]سزای بـــدەن بەپـــێی ڕەفـــتارەکانیو دوو هێـندەی کـرداڕەکانی بدەنەوە، لەو جامـەی تـیایدا تێکەڵی کردبوو دوو هێـندەی بۆ تێکەڵ بکەنەوە. [7]هێندەی ئـــەوەی شـــکۆی بـــەخۆی داوەو لەنازونعمـەت ژیـاوە، ئـازارو غەمی بدەنـێ، چونکە لەدڵی خۆیدا دەڵێ: (من وەک شاژن دانیشتووم، قەد نابم بەبێوەژنو غەمیش نابینم، [8]لەبەرئەوە هەموو دەردەکانی لەیەک ڕۆژدا دێن، مردنو برسێتیو غەم، هەروەها دەبێ بەئاگـر بسـووتێت، چـونکە بەهـێزە خوداوەنـد خـودا ئـەوەی تاوانـباری دەکات.)

[9]هـەموو پادشـاکانی زەوی بـۆی دەگـــرینو شـــیوەنی بـــۆ دەکـــەن، ئەوانـەی لەگـەڵی داوێـن پیســییان کـردووەو ڕایـان بـواردووە، کاتێک ســـەیری دووکـــەڵی ســـووتانەکەی دەکـەن، [10]لەترسـی ئازاردانەکـەی لـــەدوورەوە دەوەســـتنو دەڵـــێن: (قـورت بەسەر، قورت بەسەر شاری بابـلی مەزن! شارە بەهێزەکە! لەیەک کاژێردا سزادانت هات.)

[11]بازرگانـەکانی زەوی دەگرینو شـیوەنی بۆ دەکەن چونکە ئیتر کەس کەلوپەلـیان لێناکرێت، [12]کەلوپەلی وەک زێـڕو زیـو و بـەردی گرانبەهاو مرواریو کەتانو ئەرجەوانو حەریرو قرمزو هەموو دارێکی بۆندارو هەموو قاپـێکی لەعاج دروستکراو و هەموو قاپـێکی دروسـتکراو لەگرانبەهاترین تەختـەو مـسو ئاسـنو مەرمـەڕو [13] دارچـــینو بخـــوورو شـــیرنەمەنیو شـەرابو ڕۆنو ئـاردو گـەنمو مەڕو مـالاّتو ئەسـپو عەرەبانـەو لەشو گـیانی مرۆڤ. [14]بازرگانەکان دەڵێن: (هـەموو ئـەو بەرووبوومانەی حەزت لـــێی بـوو لەدەستت چوو، هەروەها هـــەموو دەوڵەمـــەندیو ســـەڵتەنەتت لێـسـەندرایەوەو ئـیتر نایاندۆزیتەوە.)

[15]بازرگانەکانی ئەم شتانە ئەوانەی بەهۆی ئەوەوە دەوڵەمەند بوون لەترسی ئازاردانەکەی لەدوورەوە دەوەستن، دەگرین و شیوەن دەگێڕن و دەڵێن: ([16]خاك بەسەرت، خاك بەسەرت ئەی شارە گەورەکە ئەوەی بەقوماش و قرمزو کەتان پۆشرابووی، بەزێڕو بەردی گرانبەهاو مرواری ڕازابوویەوە. [17]چونکە لەیەك کاژێردا دەوڵەمەندییەکی ئاوها وێرانبوو.)

هەموو کەشتیوان و هەموو گەشتکەران و هەموو کرێکارانی کەشتی و هەموو ئەوانەی لەدەریا کار دەکەن لەدوورەوە وەستان. [18] کاتێك چاویان بەدووکەڵی سووتانەکەی کەوت هاواریان کردو ووتیان: (چ شارێك وەك شارە مەزنەکە وابوو؟) [19]خۆڵیان بەسەری خۆیاندا کردو بەگریان و شیوەنەوە هاواریان کردو ووتیان: (خاك بەسەر! خاك بەسەر شارە گەورەکە! ئەوەی هەموو خاوەن کەشتی دەریا سوودمەند بوون لەدەوڵەمەندی ئەو! چونکە لەیەك کاژێردا شارەکە وێرانبوو.) [20] دڵشادبە ئەی ئاسمان بەوێرانی ئەو، ئەی نێڕراو و خوشکوبرا پیرۆزەکان و پێغەمبەران، چونکە خودا ئەوی سزادا بەو شێوەیەی ڕەفتاری لەگەڵ کردن.

[21]ئینجا فریشتەیەکی بەهێز بەردێکی بەرزکردەوە وەك بەردی ئاش وابوو، بەردەکەی فڕێدایە ناو دەریاو ووتی: (بەمشێوەیە بەیەك پاڵ شاری بابلی مەزن فڕێ دەدرێ و ئاسەواری نامێنێ و [22]دەنگی ئەوانەی قیسارە دەژەنن و گۆرانی دەڵێن و بلوێرو زورنا لێدەدەن ئیتر لەشارەکەوە نابیسترێت، هەروەها وەستای هیچ پیشەسازییەکی تیایدا نابێت و ئیتر دەنگی بەردی ئاشی تیادا نابیسترێت. [23]هیچ چرایەك تیایدا هەڵناکرێت و ئیتر دەنگی بووك و زاوا تیایدا نابیسترێت، چونکە بازرگانەکانت گەورەی زەوی بوون و بەسیحری تۆ هەموو نەتەوەکان گومڕابوون. [24]لەناو شارەکەدا خوێنی پێغەمبەران و خوشکو برا پیرۆزەکان و هەموو ئەوانەی لەسەر زەوی کوژران بینراوە.)

هەلیلویا! حوکمڕانی بۆ خوداوەند

پـــاش ئەمـــە دەنگـــێکی بـــەرز لەکۆمەڵـێکی زۆر لەئاسمانـەوە هاتـە بـەرگوێم دەیـووت: (هەلـیلویا*! ڕزگـاری‌و شـکۆمەندی‌و هـێز بـۆ خودامانـە، [2]چـونکە حوکمـەکانی ڕاسـت‌و دادپـەروەرن، ئـەوەتا ژنـە داوێـن‌پیسـە گەورەکەی تاوانبارکرد کـە هـەموو زەوی بەداوێن‌پیسیەکەی پـیس‌کـرد بـوو، تۆڵـەی خوێـنی خـزمەتکارانی خـۆی لـێ‌کردەوە کە بەدەسـتی ئـەو خوێنـیان ڕژابـوو.) [3] کۆمەڵـە زۆرەکـەی ئاسمـان دووبارە ووتیان: (هەلیلویا! دووکەڵـەکەی بۆ هەتاهەتایـە بۆ ئاسمان بەرزدەبێتەوە.) [4] بیسـت‌و چـوار پیرەکـەو چـوار زیـندەوەرەکە کەوتـنە سـەر چـۆک‌و کڕنۆشـیان بۆ خودای خاوەن تەخت بـردو ووتـیان. (ئامین. هەلیلویا!) [5] لـەتەخـتەکەوە دەنگـێك هاتـەدەرەوە ووتی: (ستایشی خودامان بکەن ئەی هەموو خزمەتکارانی کە ترسی ئەوتان لـەدڵدایـە بەگـەورەو بچووکەوە.) [6] پاشـــان دەنگـــێك وەك دەنگـــی کۆمەڵـێکی زۆرو خـوڕەی ئـاوێکی زۆرو دەنگـی هەورە تریشقەی بەهێز هاتـە بەرگوێم دەیانووت: (هەلیلویا! حوکمـڕانی بـۆ خوداوەند خودامان، توانـادار بەسـەر هـەموو شـتێکدا. [7] بادڵـخۆش‌و شادومان بین، شکۆداری بکـەین، چـونکە کـاتی زەمـاوەندی بەرخەکە هاتووەو بووکەکەشی خۆی ئامادەکـردووە، [8]کراسـێکی کـەتانی پاك‌و پرشنگداری پێدرابوو تا لەبەری بکـات، ئەم کەتانەش هێمای کردەوە ڕاسـت‌ودروسـتەکانی خوشـك‌وبـرا پیرۆزەکانە.)

[9]فریشـتەکە پـێی ووتم: (ئەمـە بنووسـە، خۆزگەدەخوازرێ بەوانەی بـۆ زەمـاوەندی بـووك گواستنەوەی بەرخەکـە بانگکراون.) هەروەها پێی ووتم: (ئەمـــە ووشـــە ڕاســـتەکانی خـودان.) [10]ئینجا لەبـەردەم پـێی فریشـتەکەدا کەوتمـە سـەر چـۆك تا کڕنۆشی بۆ ببەم، بەڵام فریشتەکە پێی ووتم: (وامەکـە! منـیش وەکـو تۆ و براکانت خزمەتکارم، ئەوانەی شایەتی عیسایان هەیە. کڕنۆش بۆ خودا ببە.) چـــونکە شـــایەتی عیســـا ڕۆحـــی پێغەمبەرایەتییە.)

سواری ئەسپێکی سپی

[11]پاشـان ئاسمانم بەکراوەیی بینی، ئەسـپێکی سـپیم بینـی‌و سـوارەکەی بەدڵـســـۆزو ڕاســـتگۆ ناودەبـــرا،

بەدادپـــەروەری حوکـــم دەدات و دەجەنگێت. [12]چاوەکانی وەك گڕی ئاگـر وابوون و ژمارەیەکی زۆر تاجی بەســەرەوەبوو، نــاوێکی نووســراوی هەیـە، خـۆی نەبێت کەس نایزانێت. [13]ســوارەکە جلێکی سەرتاپا لەخوێن هەڵکێشـراوی لەبەربوو، ئەو ناوەش کـە پێی بانگدەکرا (ووشەی خودا) بـوو. [14]ئـەو سەربازانەی لەئاسمانداں بەســواری ئەســپی ســپی شــوێنی دەکـەوتن و جلـێکی کـەتانی سـپی پاکـیان لەبـەردا بـوو. [15]لـــەدەمی ســـوارەکەوە شمشـــێرێکی تـــیژ دەهاتـــەدەرەوە، تـــا بـــۆ لـــێدانی نەتـــەوەکان بـــەکاری بهێـــنێ، ئـــەو بەگۆپالـــێکی ئاســنین سەرپەرشـتییان دەکـاتو پێشـی دەنێت بەگوشەری شـــەرابی تورِەیـی خـودای توانـادار بەســەر هەموو شتێك. [16]لەسەر جلو ڕانـی سـوارەکە ئـەم ناوە نووسراوە: پاشای پاشایانو گەورەی گەورەیان.

[17]دوایـی فریشـتەیەکی تـرم بینی لـەبـەر خـۆردا وەسـتابوو. فریشتەکە بەدەنگێکی بـەرز هـاواری لـەهەموو بالـــندە هەڵفـــڕیوەکانی ناوەڕاســتی ئاسمـان کـردو ووتـی: (وەرن بۆ نان خواردنـی ئـێوارەی خـودای مـەزن کۆبـبـنـەوە، [18]بـۆ ئـەوەی گۆشـتی پادشاکانو سەرۆکەکانو بەهێزەکان، گۆشـتی ئەسـپەکانو سـوارەکانیان، گۆشتی هەموو ئازادێكو کۆیلەیەكو گەورەو بچوکێك بخۆن.)

[19]هـەروەها دڕندەکەو پادشاکانی زەوی و ســـــەربازەکانیانم بیـــــنی کۆبووبوونـەوە بـۆ ئـەوەی جەنگێك دژی ســـــوارەکەو ســـــەربازەکانی بەرپابکـەن. [20]دڕندەکـەو پێغەمـبەرە درۆزنەکـەی لەگەڵی دابوو دەستگیر کـران. ئـەو پێغەمـبەرەی بەووتەکانی ئـەو کەسـانەی گومـڕا کـردبوو کە بەنیشـانەی دڕندەکە ڕازی بووبوون، هــەروەها ئەوانــەی کڕنۆشـیان بـۆ وێـنەکەی بـرد بـوو. هەردووکـیان بەزیـــندووبی فـــڕێدرانە دەریاچـــەی ئاگرەوە کە بەگۆگرد داگیرساوە. [21] پاشماوەکـــەی تـــر بـــەو شمشـــێرەی ســوارەکە کـوژران کـە لـەدەمـیەوە دەهاتـە دەرەوەو هـەموو بالـندەکان لەگۆشتەکانیان تێربوون.

دەستگیرکردنی شەیتان

20

فریشـتەیەکی تـرم بیـنی لـەئاسمانـەوە هاتـەخوارەوەو کلیـلی بـیری بێبنی

پێبوو، هەروەها زنجیرێکی گەورەی بەدەستەوە بوو. [2]فریشتەکە ئەژدیهاکەی دەستگیرکرد، کە مارە دێرینەکەیە، کە شەیتانو ئیبلیسە، هەزار ساڵ بەستییەوەو [3]فڕێی دایە بیری بێبنو دەرگای لەسەر داخستو مۆرێکی لێدا تا ئیتر میللەتان گومڕا نەکات تاماوەی هەزار ساڵەکە تەواو دەکات. پاش ئەمە بۆ ماوەیەکی کەم دەبێ ئازاد بکرێت.

حوکمی هەزار ساڵەی مەسیح

[4]چەند تەختێکم بینی ئەوانەی لەسەری دانیشتبوون دەسەلاتی دادگایی کردنیان پێدرابوو. هەروەها گیانی ئەوانەم بینی کە لەپێناوی شایەتی عیساو ووشەی خودا سەربڕابوون، ئەوانەش کە ڕازی نەبوون کڕنۆش بۆ درندەکە یاخود وێنەکەی ببەنو ڕازیش نەبوون نیشانەکەی لەسەر دەستیان یاخود لەسەر ناوچەوانیان بدەن، ئەوانە هاتنەوە ژیانو بۆ هەزار ساڵ لەگەڵ مەسیح دەسەلاتیان پێدرا. [5]بەڵام مردووەکانی تر تا هەزار ساڵەکە تەواو نەبوو نەژیان. ئەمە هەستانەوەی یەکەمە. [6]ئەوەی لەهەستانەوەی یەکەمدا بەشی هەبێت پیرۆزەو خۆزگەی پێدەخوازرێت. ئەوانە مردنی دووەم دەسەلاتی نییە بەسەریاندا، چونکە دەبنە کاهینی خوداو مەسیح، لەگەڵ مەسیحیش هەزار ساڵ حوکمڕانی دەکەن.

کەوتنی شەیتان

[7]هەروەها پاش تەواو بوونی هەزار ساڵەکە شەیتان لەزیندان ئازاد دەکرێت. [8]دێتە دەرەوە تا نەتەوەکانی چوارگۆشەی زەوی گومڕا بکات، ئەمەش جوجو ماجوجە بۆ ئەوەی کۆیان بکاتەوە بۆ جەنگ، ئەوانەی ژمارەیان هێندەی لمی دەریایە. [9] سەرکەوتن بۆ سەر پانتایی زەویو شارە خۆشەویستەکەو ئۆردوگای خوشكو برا پیرۆزەکانیان گەمارۆدا، لەئەنجامدا ئاگرێك لەلایەن خوداوە هاتەخوارەوەو خواردنی. [10]هەروەها ئەو شەیتانەی گومڕای کردبوون فڕێ درایە ناو دەریاچەی ئاگرو گۆگردەکە بۆ هەمان شوێنی درندەکەو پێغەمبەرە درۆزنەکە. ئەوانە شەو و ڕۆژ تاهەتایە ئازار دەدرێن.

تاوانبارکردنی مردووان

[11]پاشان تەختێکی گەورەی سپیم بینی، ئەوەی لەسەری دانیشتبوو ئاسمان و زەوی لەبەر ڕووی هەلاتبوون و شوێنی تریان نەدۆزیەوە بۆ خۆیان. [12]مردووەکانم بینی بەگەورەو بچووکەوە لەبەردەم تەختەکە وەستابوون و چەند پەرتووکێك کرابوونەوە، پەرتووکێکی تریش کە پەرتووکی ژیانبوو کرابوونەوە مردووەکان بەپێی کردەوەکانیان ئەوەی لەپەرتووکەکان نووسرابوو حوکمدران. [13]دەریاش مردووەکانی ناوخۆی دەرکرد، هەروەها مردن و دونیای مردووان مردووەکانی خۆیان دایەدەست و هەریەك بەپێی کارەکانی خۆیان حوکمدران. [14]ئینجا مردن و دونیای مردووان فڕێدرانە ناو دەریاچەی ئاگرەکەوە. ئەمە مردنی دووەمە، [15]هەروەها هەر کەسێك ناوی لەپەرتووکی ژیاندا نەنووسرابوو، فڕێدرایە ناو دەریاچە ئاگرەکەوە.

ئاسمانێکی نوێ و زەویەکی نوێ

21 پاشان ئاسمانێکی نوێ و زەویەکی نوێم بینی، چونکە ئاسمانی یەکەم و زەوی یەکەم بەسەر چوون و دەریاش ئیتر ئاسەواری نەما. [2]هەروەها شارە پیرۆزەکە، قودسی نوێم بینی لەئاسمانەوە لەلایەن خوداوە هاتەخوارەوە وەك بووکێکی ڕازاوە کە خۆی بۆ زاواکەی ئامادە بکات. [3]گوێم لەدەنگێکی گەورە بوو لەئاسمانەوە ووتی: (ئەوە چادری خودایە لەناو خەڵکداو خودا لەگەڵیان نیشتەجێ دەبێتو ئەوان دەبن بەگەلی خودا، خوداش لەگەڵیان دەبێت. [4]خودا هەموو فرمێسکەکانی چاویان دەسڕێتەوەو مردن ئیتر نامێنێت، ئیتر غەمو هاوارو ئازار نامێنن، چونکە شتەکانی پێشوو بەسەرچوون.)

[5]دانیشتووی سەر تەختەکە ووتی: (ئەوەتا من هەموو شتێك نوێ دەکەمەوە.) هەروەها پێی ووتم: (بنووسە، چونکە ئەم ووتانە ڕاستەو مایەی متمانەن.) [6]پاشان پێی ووتم: (ئەوا هاتەدی، من ئەلفو یێم، من سەرەتاو کۆتاییم، من لەسەرچاوەی ئاوی ژیان بەخۆڕایی ئاو بە تینوو دەدەم. [7]ئەوەی سەر بکەوێت ئەو میراتەی بۆ دەمێنێتەوەو من دەبم

بەخودای ئەو، ئەویش دەبێتە ڕۆڵەی مـــن. [8] بـــەلاّم ترســـنۆکەکانو گلاّوەکـانو بـێ باوەڕەکـانو داوێن پیســـــــەکانو بکوژەکـــــــانو جادوکـــەرەکانو بـــتپەرســـتەکانو هەموو درۆزنەکان، پاداشتیان فرێدانە بـۆ نـاو ئـەو دەریاچـەیەی بەئاگـرو گۆگـرد داگیرسـاوە، ئـەوەی مردنی دووەمە.)

قودسی نوێ

[9] پاشـان فریشـتەیەك لـەو حەوت فریشـتەیەی ئەو حەوت جامەیان پێیە کـە بەحـەوت دەردەکەی کۆتایی پڕ کـراون بـۆ لام هاتو لەگەڵم دوا، ووتـــی: (بـــا بووکەکـــە، ژنـــی بەرخەکـەت پـێ نیشـان بـدەم.) [10] پاشـان بەڕۆحی پیرۆز بردمی بۆ سەر چـیایەکی گـەورەی بـەرزو شـارە گەورەکـە قودسی پیرۆزی نیشاندام، ئەو شارەی لەئاسمانەوە لەلایەن خودا دەهاتـــەخوارەوەو [11] شـــکۆمەندی خودای هەبوو، شارەکە وەك بەردی گرانبەها دەدرەوشایەوە، وەك یەشب بـوو، ڕوون بـوو وەك کریستال. [12] شـــارەکە شـــوورەیەکی گـــەورەی بـەرزی هـەبوو و دوانـزە دەرگـای هـەبوو لەسـەر دەرگاگـان دوانـزە فریشـتە هـەبوونو لەسەر دەرگاکان نـاوی دوانـزە هۆزەکـەی ڕۆڵەکانی ئیســـرائیل نووســـرابوو. [13] لـــەلای ڕۆژهەلاّتـەوە سـێ دەرگـاو لـەلای بـاکورەوە سـێ دەرگـاو لـەلای باشـــورەوە ســـێ دەرگـاو لـــەلای ڕۆژئـاواوە سـێ دەرگا. [14] شوورەی شـارەکە دوانـزە بـناغەی هـەبوو، لەسـەر ئـەو بـناغانە نـاوی دوانـزە نێرراوەکەی بەرخەکە نووسرابوو.

[15] ئەوەی لەگەڵم دەدوا داڕێکی پـێوانی زێڕیـنی پێبـوو تـا شارەکەو دەرگاکانیو سنورەکەی پێ بپێوێت. [16] شارەکە بەچوار گۆشەیی دانرابوو، درێژیەکـەی هێـندەی پانیەکەی بوو، فریشـتەکە شارەکەی بەداڕەکە پێوا، بیـنی هـەر لایـەکی دوانـزە هـەزار سـتادیەیە*، درێژیەکەیو پانیەکەیو بەرزیەکـەی هێندەی یەکتر بوون. [17] پاشان فریشتەکە شوورەی شارەکەی

---

*دوانزە هەزار ستادیە: نزیکەی دوو هەزارو دوو سەد کیلۆمەترە.

پێوا دەرچوو سەدو چل و چوار قۆڵ بوو بەقۆڵی مرۆڤ، ئەو پێوانەی فریشتەکە بەکاری‌هێنا. [18]شووڕەکە لەبەردی یەشب دروست کرابوو، شارەکەش لەزێڕی پوختەکراو دروستکرابوو وەك شووشە ڕووناك و پاك بوو. [19]بناغەکانی شووڕەی شارەکە بەهەموو گەوهەرێکی گرانبەها ڕازاندرابووەوە. بناغەی یەکەم بەیەشب و دووەم یاقووتی شین و سێهەم یاقووتی سپی و چوارەم زومرودو [20]پێنجەم شیلانەی ڕەنگین و شەشەم یاقووتی سوورو حەوتەم زەبەرجەدو هەشتەم زمرودی سەوزو نۆهەم یاقووتی زەردو دەیەم یاقووتی سەوزو یانزەهەم فەیروزو دوانزەهەم جەمشت. [21]هەروەها دوانزە دەرگای شارەکەش دوانزە مرواری‌بوو، هەریەك لەو دەرگایانە لەیەك دەنکە مرواری دروستکرابوو، شەقامی گشتی شارەکەش لەزێڕی پوختەی وەك شووشەی تەنك دروستکرابوو.

[22]بەڵام لەناو شارەکە هیچ پەرستگام بەرچاونەکەوت، چونکە خوداوەند خودای توانادار بەسەر هەموو شتێك، لەگەڵ بەرخەکە پەرستگای شارەکە بوون. [23] هەروەها شارەکە پێویستی بەخۆرو مانگ نەبوو بەسەریدا بدرەوشێتەوە، چونکە شکۆمەندی خودا ڕووناکییەکەیەتی و بەرخەکەش چراکەیەتی. [24]میللەتان بەهۆی ڕووناکی ئەوەوە بەڕێگادا دەڕۆن و پادشاکانی زەویش شکۆمەندی خۆیانی بۆ دەهێنن، [25]دەرگاکانی شارەکە بەڕۆژ داناخرێن و شارەکە شەوی بەسەردا نایەت، [26] شکۆمەندی و ڕێزی میللەتانیشی بۆ دەهێنن. [27]بەڵام نەهیچ شتێکی پیس و نەهیچ کەسێکی داوێن پیس و درۆزن ناچنە ناو شارەکە، تەنها ئەوانە دەچنە ناو شارەکە کە ناویان لەپەرتووکی ژیانی بەرخەکە نووسراوە.

ڕووباری ژیان

22 پاشان فریشتەکە ڕووباری ئاوی ژیانی پیشاندام، پرشنگدار بوو وەك کریستاڵ، لەتەختی خودا و بەرخەکەوە هەڵدەقوڵا [2]بەناوەڕاستی شەقام، هەروەها لەسەر هەردوو ڕۆخی ڕووبارەکە درەختی ژیان ڕووا

بـوو كه دوانزه جۆر بەری دەگرت، هـــەموو مانگـــێك بەرەكـــەی پێدەگەیشـتو گـەلاكانی درەختەكه وەك دەرمـــان بەكاردەهێـــنران بـــۆ چـاكبوونەوەی گەلان. [3]ئیتر نەفرەت لـێكـردن نامێنێـت‌و تەختـی خوداو بەرخەكـه لـەناو شـارەكەدا دەبـن‌و بـــەندەكانی خـــزمەتی دەكـــەن. [4] بـــەندەكان تەماشـــای دەموچـــاوی بەرخەكـه دەكـەن‌و نـاوی بەرخەكـه لەســـەر نێوچـەوانیان نووســـراوە. [5] لـــەوێ شـــەو دانایـــەت‌و خەڵكـیش پێویسـتییان بەچـراو خـــۆر نابێـت، چـونكه خوداوەنـد خـودا بەسەریان دەدرەوشـــێتەوەو ئەوانـــە تاهەتایـــە حوكمڕانی دەكەن.

[6]پاشان فریشتەكه پێی ووتم: (ئەم ووشـــانه جـــێی مـــتمانەیەو ڕاســـتن، خوداوەنـــد ئـــەو خودایـــەی ڕۆحـــی بەپێغەمـــبەرەكان داوە، فریشـــتەكەی خـــۆی نـارد بـــۆ ئـــەوەی ئـــەو شـتانه پیشـانی بـەندەكانی خـۆی بدات كه پێویسته بەم زووانه ڕووبدەن.)

من بە پەلە دێم

[7](ئـــەوەتا مـــن بەپەلـــە دێـــم! خۆزگـــــەدەخوازرێ بەوانـــــەی ووشـــەكانی پێشبینی ئەم پەرتووكەیان لایە.)

[8]مـن یۆحەننام، ئەم شتانەم بینی‌و بیستم. كاتێك بینیم‌و بیستم، كەوتمە سەرچـۆك تـا كـرنۆش بۆ فریشتەكه بـبەم، ئـەو فریشـتەیەی ئـەم شتانەی پیشـان دەدام، [9]فریشتەكه پێی ووتم: (وامەكـە! چـونكه منـیش وەكـو تۆ بـەندەم لەگـەڵ بـرا پێغەمـبەرەكان‌و هـەموو ئەوانـەی بەووشـەكانی ئـەم پەرتووكـه كـار دەكـەن. كرنۆش بۆ خودا ببە!)

[10]هـەروەها پـێی ووتم: (مـۆر لـه ووشـەكانی پێشـبینی ئـەم پەرتووكـه مـەدە، چـونكه كات نزیكبووەتەوە. [11]ئـیتر ئـەوەی سـتەمكارە بابەردەوام بێـت لـەستەمكاری خـۆی‌و ئـەوەی گـلاوە بابـەردەوام بێـت لـەگلاوی خـۆی، ئـەوەی ڕاسـت‌ودروسـته بابـەردەوام بێـت لەڕاسـت‌ودروستی خۆی‌و ئەوەی پاكوپیرۆزە بابەردەوام بێت لەپاكوپیرۆزی خۆی.)

[12](ئەوەتا من بەپەلە دێم! پاداشتی خـۆم پێـیە، بـۆ ئـەوەی پاداشتی هەر كەسێك بەپێی كارەكەی بدەمەوە. [13] مـن ئـەلف‌و یـێم، یەكـەم‌و دوایـی، سەرەتاو كۆتاییم.)

14 خۆزگەدەخوازرێ بەوانەی
جلەکانیان پاك کردووەتەوە، تا
مافیان لەدرەختی ژیان هەبێت و
لەدەرگاکانەوە بچنە ناو شارەکە. 15
بەلأم سەگەکانو جادووکەرەکانو
داوێنپیسەکانو بکوژەکانو
بتپەرستەکانو هەموو درۆزنەکانو
ئەوانەی حەز لەدرۆ دەکەن
لەدەرەوەی شارەکە دەبن.
16 (من عیسام، فریشتەکەی خۆم
بۆتان نارد تا لەبارەی ئەم شتانە بۆ
کۆمەڵە باوەڕدارەکان شایەتیم بۆ بدا.
من لەڕەچەڵەکو پشتی داودم،
ئەستێرەی بەرەبەیانی پرشنگدارم.)
17 ڕۆحی پیرۆزو بووك دەڵێن:
(وەرە!) ئەوەی گوێی لێیە بابلێ
(وەرە!) ئەوەی تینوویەتی بابێت،
ئەوەی دەیەوێت بائاوی ژیان
بەخۆڕایی ببات.
18 من ئاگاداری ئەوانە دەکەمەوە
کە گوێیان لەووشەکانی پێشبینی ئەم
پەرتووکە دەبێ، هەر کەسێك
ووشەیەك بۆ ئەم پێشبینییە زیاد بکات
خودا ئەو دەردانەی لەسەر زیاد
دەکات کە لەم پەرتووکە باسکراوە،
19 ئەوەش ووشەیەك لەووشەکانی
پێشبینییەکەی ئەم پەرتووکە لابدات
خودا بێبەشی دەکات لەداری ژیانو
لەشارە پیرۆزەکە ئەوەی لەم
پەرتووکەدا باسکراوە.
20 شایەتی ئەم شتانە دەڵێ: (بەڵێ
من بەپەلە دێم.)
ئامین! وەرە، ئەی عیسای
خوداوەند.
21 بەرەکەتی خوداوەندمان
عیسای مەسیح لەگەڵ هەموو
خوشكو برا پیرۆزەکان بێت. ئامین.

ڕوونکردنەوەی زاراوەکان

ئەرتامیس: (کردار 19:24)
خوداوەندی دایك بوو لای خەڵکی ئەفەسۆس، وایاندەزانی پەیکەرەکەی لەئاسمانەوە کەوتۆتەخوارەوە.

ئەشعیا: (مەتتا 3:3)
یەکێکە لەپێغەمبەرە ناوداڕەکانی خودا لەپەیمانی کۆن، لەسەدەی هەشتەمی پ.ز. لەشاری قودس (ئۆرشەلیم) ژیاوە. لەکتێبی پیرۆزدا نووسراوێکی گەورەی هەیە بەناوی خۆی، سەدان ساڵ پێش هاتنی عیسا پێشبینی هاتنی کردبوو.

ئەلیاس: (مەتتا 11:14)
یەکێکە لە پێغەمبەرە ناوداڕەکانی خودا لە پەیمانی کۆن، لەسەدەی نۆیەمی پ.ز ژیاوە. لەکتێبی پیرۆزدا ناوی هاتووە، چەندەها کاری گەورەو سەرسوڕهێنەری کردووە، تا ئێستاش نەمردووەو بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان. لەکوردەواری ئەلیاس پێغەمبەری پێدەوترێ.

ئەنتاکیا:
لەسەردەمی مەسیح دوو شار هەبوون بەناوی ئەنتاکیا، یەکێکیان لەناوچەی پیسیدیە بوو، بۆیە بەئەنتاکیای پیسیدیە ناوی دەرکردبوو (کردار 11:19). ئەوی دیکەیان لە سەر سنوری سوریایە، تا ئێستا ماوەو سەر بە تورکیایە (کردار 14:26).

ئەنجوومەنی باڵای جوولەکە:
یان سەنهیدرین (مەتتا 5:22) لەسەردەمی ژیانی عیسا ئەم ئەنجوومەنە هەبوو، بریتی بوو لە 71 ئەندام، سەرۆکی کاهینەکان یەکێك بوو لەوانو سەرکردایەتی ئەنجوومەنەکەی دەکرد، ئەم ئەنجوومەنەش بوو مەسیحی گرتو دادگایی کرد.

ئیبراهیم: (مەتتا 1:1)
سەرەتا ناوی ئەبرام بوو، واتە باوکی پایەبەرز. بەڵام پاش ئەوەی خودا بەڵێنی پێدا نەوەی زۆر بکات، پێی ووت ناوی خۆت بکە بەئیبراهیم، واتە باوکی کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر. لەئینجیل بەباوکی باوەڕداران ناوی براوە، لەکوردەواریش بەحەزرەتی ئیبراهیم.

ئیبلیس: (بینین 12:9)
بڕوانە ووشەی (شەیتان).

ئیرمیا: (مەتتا 2:17)
یەکێکە لە پێغەمبەرەکانی خودا لەپەیمانی کۆن. لەسەدەی حەوتەمی پ.ز. ژیاوە، بەچەند سالێك پاش (587 پ.ز.) کۆچی دوایی کردووە. لەکتێبی پیرۆزدا دوو نووسراوی هەیە، پێشبینی زۆری هەیە لەسەر هاتنی مەسیح.

ئیسرائیل: (مەتتا 2:6)
ناوێکی عیبریە واتە (خودا دەجەنگێ)، خودا ئەم ناوەی بەیاقوبی کوڕی ئیسحاق بەخشی، لەبەرئەوە نەوەی یاقوب بەنەوەی ئیسرائیل یان گەلی ئیسرائیل ناوی دەرکرد.

ئینجیل: بڕوانە پێشەکی.

بابل: (بینین 17:5)
ووشەیەکی ئەکەدیە واتە (دەرگای‌خودا)، پایتەختی پادشایەتی بابلیەکان بووە لەسالأنی (605–539) پ.ز. ناوی بابل بوو بەهێما بۆ ئەو دەسەلأتەی بەرەنگاری خودا دەبێتەوە. لەپەیمانی نوێ ناوی بابل وەك هێما بۆ شاری ڕۆما بەکار هێنراوە.

باجگر: (مەتتا 9:10، 11)
ئەو کەسە بوو کە باجی لەخەڵکی وەردەگرت بۆ ڕۆمەکان. هەندێ لەجوولەکەکانی فەلەستین هەڵدەستان بەئەنجامدانی ئەم کارە بۆ ڕۆمەکان بەرامبەر ئەوەی باجێکی زیاتر لەخەڵکی وەرگرن بۆ خۆیان. لەبەر ئەوە خەڵکی ڕقیان لەباجگران دەبووەوە، بەچاوێکی سووك تەماشایان دەکردن.

بەرەکەت: (ڕۆما 3:24)
لەووشەی (خارس)ی یۆنانی وەرگێڕدراوە، بەواتای هەموو ئەو شتە چاکانەیە کە بێ ئەوەی شایانی بین خودا بەخۆڕایی دەمان داتێ، وەك: بێتاوان بوون، پیرۆزکردن، پاڕێزگاری‌کردن، .. هتد)، لەسەرووی هەموویانەوە ئەو بەزەیی‌و خۆشەویستیەی کە هەیەتی بۆمان، لەپلانی ڕزگارکردنمان لەمردن دەردەکەوێت بەقوربانی مەسیح،

لەکاتێکدا هەموو شایانی دۆزەخ بووین.

بەڕۆژوو بوون: (مەتتا 6:16)
لەئامۆژگاریەکانی مەسیح دەربارەی ڕۆژووگرتن هیچ یاسایەکی دیاری کراو نییە، بەڵکو باوەڕدار ئازادە لەدیاری کردنی کاتو ماوەو جۆری ڕۆژووگرتن، چونکە ڕۆژووگرتن شتێکە پەیوەندی بەباوەڕدارو خودای خۆی هەیە.

بەعلەزبول: (مەتتا 12:24)
یەکێکە لەناوەکانی شەیتان، سەرۆکی ڕۆحە پیسەکانە.

بەیتلەحم: (مەتتا 2:5)
شارێکی بچووکە لەدووری 8 کم لەباشووری ڕۆژئاوای قودسە، عیسای مەسیحو حەزرەتی داود لەم شارە لەدایكبوون.

بیری بێبن: (بینیین 9:11)
بەیۆنانی (ئابۆسۆس) هەر کەسێك بەبێ باوەڕ بە لەش بمرێ دەخرێتە بیری بێبن، لەو شوێنەش هیچ پەیوەندییەکی نابێ لەگەڵ خوداو لەتاریکی دەبێ، تا ڕۆژی لێپرسینەوە بەرەو دۆزەخ دەنێررێ.

بێتاوانکردن: (ڕۆما 3:24)
ئەم زاراوەیە تەنها دادوەر بۆی هەیە کاری پێبکات. خوداش گوناهبار بێتاوان دەکات کاتێ دان بەتاوانی دەنێو باوەڕ دەهێنێ مەسیح لەسەر خاچ تاوانەکانی ئەوی هەڵگرتووەو بێتاوانی خۆی داوەتێ.

پادشاهێتی ئاسمان: (مەتتا 4:17)
یان پادشاهێتی خودا، ئەو پادشایەتیە لەئاسمانە، خودا خۆی پادشایە تیایدا. خواستی تەواوی خودای تیادا پەیڕەو دەکرێ. مرۆڤیش کاتێ باوەڕ دەهێنێو لەڕۆح لەدایكدەبێتەوە، دەبێ بە ئەندامو داردەستی خودا لەو پادشاهێتیەو بەپێی خواستی خودا دەژی. پاش ئەوەی مزگێنی بە هەموو گەلان دەدرێ، لەدووەم هاتنەوەی مەسیح، ئەم پادشاهێتیە دێتە سەر زەوی. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بڕوانە (بینین21).
پەردەی پەرستگا: (مەتتا 27:51
)

مەبەست لەو پەردەیە کە شوێنی پیرۆز لەشوێنی هەرە پیرۆز جیادەکاتەوە لەناو پەرستگا. ڕەمزی داخراوی ڕێگایە لەنێوان خوداو خەڵك بەهۆی گوناە، بەڵام بەخۆبەختکردنی عیسا لەسەر خاچ، پەردەکە درا، نیشانەی بوونی عیسا بەڕێگا بۆ ئاسمان.

پەرستگا: (یۆحەننا 2:14، 15)

حەزرەتی سلێمان لەسااڵی چواردەمی حوکمڕانیدا (نزیکەی 968پ.ز.) بەفەرمانی خودا پەرستگایەکی دروست کرد بۆ ئەوەی جوولەکەکان قوربانی تیادا پێشکەش بکەن بۆ خودا. لەکاتی ڕاپێچکردن بۆ بابل تێکدرا، بەڵام پاشان چاککرایەوە. لە ساڵی 70ز. بەدەستی ڕۆمەکان وێرانکرا، لەو کاتەوە چاك نەکراوەتەوە. ئەم پەرستگایە پیرۆزیەکی تایبەتی هەیە لای جوولەکەکان تا ئێستاش.

پەیمان: (غەلاتیە 3:15)

بەو پەیوەندییە دەوترێ دوولایەن یان زیاتر بەیەکەوە دەبەستێ کە پێویستیان بەیەکەو سوودی هەموو لایەکی تیادایە. بەڵام پەیمان لەنێوان خوداو مرۆڤ جیاوازە، چونکە خودا پێویستی بەمرۆڤ نییە، تەنها لەبەرئەوەی مرۆڤی خۆشدەوێ پەیمانی لەگەڵ دەبەستێ کە هەموو سوودەکەی بۆ مرۆڤە.

پەیمانی کۆن: (2کۆرنسۆس 3:14)

باوەڕداران بەمەسیح بەپەرتووکە پیرۆزەکانی جوولەکەکان دەڵێن پەیمانی کۆن کە دەکرێ بەسێ بەشەوە، بەعیبری (تەورا، نەبییم، کەتوبیم)، واتە: تەورات، نووسراوی پێغەمبەرەکان، زەبووری حەزرەتی داود، لەگەڵ چەند نووسراوێکی دیکە. پێغەمبەران، ئیرمیاو حەزقیال لە(نەبییم) پێشبینی ئەوەیان کرد کە خودا پەیمانێکی نوێ بەهۆی مەسیح لەگەڵ هەموو میللەتان دەبەستێ. لەکتێبی پیرۆزدا ئەم نووسراوانە بەپێی مێژوو یەك لەدوای یەك ڕێکخراون. باوەڕداران بەمەسیح باوەڕیان وایە هەموو کتێبی پیرۆز ووتەی خودایەو بەسوودە بۆ فێرکردنو شایەتیدان لەسەر ژیانو مردنو هەستانەوەی عیسای مەسیح. بڕوانە (

2تیمۆساوس 3:16)، (لۆقا 24:44).

پەیمانی نوێ: (لۆقا 22:20)

ئەو پەیمانەیە کەخودا لەگەڵ باوەڕداران بە عیسای مەسیح بەستوویەتی، لەبەر ئەمە بە ئینجیل دەووترێ پەیمانی نوێ، بەرامبەر ئەمە بە نووسراوی پێغەمبەرە کۆنەکان دەووترێ پەیمانی کۆن.

پیر:

لەناو جوولەکەکان بە سەرۆکی خێزانەکانو هۆزەکان دەووترێ، کە بەشێکی زۆری ئەنجوومەنی بالای جوولەکە پێك دێنن. ووشەی پیران لەپەیمانی نوێ بۆ ئەندامانی سێ کۆمەڵی جیاواز بەکار هێنراوە:

– لەئینجیل پیران ئەندامانی ئەنجوومەنی بالای جوولەکەن، (مەتتا 16:21).

– لەکرداری نێرراوان ئەو باوەڕدارانەن کە ڕابەرایەتی کۆمەڵەی باوەڕداران دەکەوێتە ئەستۆیان، نامەکانیش ئاراستەی ئەوان کراوە، (1تیمۆساوس 5:17).

– لە بینینی یۆحەننا، ئەو 24 پیرەی لە دەوری تەختی خودان، نوێنەرایەتی گەلی خودا دەکەن، (بینین 5:8).

پیرۆز:

دوو مانای هەیە:

– هەموو ئەو شتانەی تایبەتن بە خودا، بە عەرەبی (القداسّه). بڕوانە (ڕۆما 1:2).

– ژیانێکی پڕ لەخۆشیو ئاسودە، بە عەرەبی (البرکّه). بڕوانە (غەلاتیە 3:14).

پیلاتۆس: (لۆقا 3:1)

فەرمانڕەوایەکی ڕۆمی بوو لەسەر یەهودیاو سامیرەو ئەدوم، لەسالانی (26–36)ز، بەدڵڕەقیو تونڕی ناوبانگی دەرکردبوو بەتایبەتی بەرامبەر بەجوولەکەکان.

تۆبەکردن: (مەتتا 3:2)

واتە گۆڕانی دڵو بیر سەبارەت بەخراپەکاری، یان وازهێنان لەڕێگای شەیتانو گرتنەبەری ڕێگای خودا.

جەژنی تێپەڕبوون: (لۆقا 22:7)

بەیەکێك لەگەورەترین جەژنەکانی جوولەکە دادەنرێ، یادی ئەو شەوە

دەکـــەنـەوە چـۆن فریشـتەی مردن هـــەموو نۆبـــەرەی میســـریەکانی کوشـــت، بـــەلأم نۆبـــەرەی جوولەکـەکان ڕزگـــاربوون، چونکە بەقســـەی خـــودایـــان کـــردو چوارچـێوەی دەرگـای مالّەکانـیان بەخـوێنی ئـــەو بەرخـانـە ڕەنـگ کـــردبوو کە کردبوویان بەقوربانی. ئـەم جەژنە لەبەهار دێت، لـەم جەژنە بـــوو عیســـا لـەخـاچـدرا، دوایـی هەســـتایەوەو بەســـەر مـــردن زالّبوو، بۆیـــە بـاوەڕداران بەمەسیح لـەم جەژنەدا ئاهەنگ دەگێڕن.

جەژنی فەتیرە: (مەتتا 26:17)

جەژنـێکی جوولـەکەیـە لـەڕۆژی تێپەڕبوون دەست پێدەکاتو حەوت ڕۆژ دەخایـەنێ. تـیایدا نـابێ نـانی بەهەویرتـرش بخـوری، یـادی ڕزگار بوونـی جوولەکەکانـە لەکۆیلایـەتی لـەمیسر.

چاودێر: (تیتۆس 1:7)

ئـەو کەسانەن کە لـەلایەن ڕۆحی پـــیرۆزەوە هلّدەبژێـــررێن بـــۆ چـــاودێری‌کردنی کۆمەلّـــەی باوەڕدارانو یارمەتی‌دانی باوەڕدارانو گەشە پێکردنیان.

خاچ: (مەتتا 27:32)

دوو دارە لـەســـەر شـــێوەی نیشـانەی‌کۆکردنەوە (+) بەیەکـەوە بەسـتراون لای خـوارەوەی درێژتـرە لـەلایـەکانی تر لـەسەردەمی ڕۆمەکان دزو پـیاو خـراپ لـەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە بەدەسـت کـراوەیی بـە بـزماری گـەورە پـیایدا کوتراوەو بە بەرزیـەوە هەلّواسـراوە تـا هەناسەی لـێبڕاوە. بـەلأم دوای لەخاچـدانی عیســا، خـــاچ بـــوو بەنموونـــەی گیانفیدایی. ئـەو بەمـردنی لـەسەر خـــاچ بـــوو بـــەقوربانی بـــۆ دەســـتپـــێکردنەوەی ژیـــانو بەدەستهێنانی ژیانی هەتاهەتایی.

خەتەنەکردن: (کردار 7:8)

یـــان ســـونەتکـــردن، کـــاتێ حـەزرەتی ئیـبراهیم تەمـەنی 99ساڵ بـوو، خـودا خـــۆی بۆ دەرخستو پـێیووت، ئەگەر لەڕێی من لانەدەی پەیمانـت لـەگەڵ دەبەـــستم، نـەوەت زۆر دەکـــــەم، زەوی کـــــەنعان (فەلەســتین) بـــەخۆتو نەوەکانـت دەدەم. نیشـانەی پەیمانیش ئەوە دەبێ کـە هـەموو کوڕێکـت لەتەمـەنی 8

ڕۆژی خەتەنەبکەی.

خەرتەلە: (مەتتا 13:31)

بـە عـەرەبی (خـەردەل). تۆوێکی بچـــووکە بـــەهاراتی لێدروســـت دەکرێ. جۆرێکی هەیە لەفەلەستینو دەوروپشـــتی دەڕوێـــت، نـــزیکەی دوومەتـر بەرزدەبێتەوەو بالێندەیەکی زۆری لەســـەر دەنیشـــێتەوە بـــۆ خواردنی بەرەکەی.

خوداوەنـد، (الـرب): (فیلیـپی 2:11)

بەیۆنانی (کوریۆس)، واتە خاوەن دەسـەلاّت یـان خاوەن توانا. عیسای مەسـیحیش بەهەلّسـانەوەی لـەمـردن سـەلماندی کـە دەسەلاّتی هەیە بەسەر مـــردنو ژیـــان. بـــاوەڕدارانی یەکـەم ئـەم ڕاسـتییەیـان زانـی بۆیـە ڕازیبـوون عیسـا بکەن بەخوداوەند لـەسەر ژیانیان.

داود: (مەتتا 1:1)

داودی پادشـــا ئـــەو کەســـەیە زەبـــووری نووســـیوەتەوە، لـەکوردەواری حـەزرەتی داودی پێ دەوتـرێ. دووەم پادشـای ئیسـرائیل بوو، لەسالّی 1010پ.ز. هاتە سەر تەختی پادشایەتی. بەمەزنترین پادشای ئیسرائیل دادەنرێ.

دە شارەکە: (مەتتا 4:25)

بـــەیۆنانی (دیکاپۆلـــیس). ئـــەو شـارانە بوون کە یۆنانی تیایدا دەژیان بەسـەربەخۆیی، دەکەوتنە ڕۆژهەلاّتی دەریای جەلیل، پەیوەندی نەتەوایەتیو ئابووری بەیەکیەوەی بەستبوون.

دەریای جەلیل: (مەتتا 4:18)

دەریاچـەیەکی گەورەیە ڕووباری ئوردنـی پـیادا تێـپەر دەبـێ، کەوتۆتە ناوچەی جەلیل لـەباکوری فەلەستین. درێـژی نزیکەی 23کمو پانیەکەشی 13کـم، قولّـیەکەی لەنێوان (20–45)م ئـەم دەریاچـەیە 204م نزمترە لـەئاسـتی دەریـا، ئاوەکـەی شـیرینە. لـەسـەر کـەنارەکانی شـاری گـرنگ هەیە وەك: بەیتسەیدا لـەڕۆژهەلاّتو جنیسـارتو کەفەرناحومو مەجدەلو تەبەریـە لـەڕۆژئاوا. ناوی تریشی هەیە وەك: دەریاچەی جەنیسارت بە ناوی دەشـتی جەنیسـارتی بەپیـت لـەسـەر کـەناری بـاکوری ڕۆژئاوا. هەروەها دەریاچـەی تەبەریـە بـەناوی شـاری تەبەریە.

دونیای مردووان: (بینین 6:8)
بەیۆنانی پێی دەووترێ (هادیس)، ئەو شوێنەیە کە ڕۆحی مردووان چاوەڕێ دەکەن تیایدا.

دینار: (مەتتا 22:19)
ووشەی دینار لەووشەی (دیناریۆسی) لاتینییەوە هاتووە. لەسەردەمی ڕۆمەکانەوە مامەڵەی پێکراوە، لەزیو بووەو قورسایی سێ گرام بووە. لەسەردەمی عیسا دینار وێنەی قەیسەری ئەوسای لەسەربووەو ڕۆژانەی کرێکارێك نزیکەی دینارێك بووە.

ڕاحاب: (یاقوب 2:25،26)
ژنێکی داوێن پیس بوو لەشاری ئەریحا دەژیا. دوای ئەوەی ئەو دوو سیخوڕەی یەشوعی کوڕی نوون ناردبوونی بۆ ئەریحا ئاشکرا بوون، ڕاحاب ئەو دوو پیاوەی شاردەوە، چونکە باوەڕی وابوو خودا ئەریحا دەخاتە ژێردەستی جوولەکەکان، بەم جۆرە ڕاحاب ڕزگاری بوو.

ڕاستودروستی:
ئەمە وەرگێڕانی ووشەی (دیکایۆسونێ)ی یۆنانیە، هەندێ جار لەزمانی کوردی بەمانای دادپەروەریش دێت (ڕۆما 1:17، 3:21، 3:25)، هەروەها بەمانای بێتاوانکردنیش دێت (ڕۆما 3:22). کەس نییە بەتەواوی ڕاستودروست بێ تەنها خودا نەبێ، چونکە ڕاستودروستی گەورەترە لەوەی مرۆڤ تەنها مرۆڤێکی باش بێ، بەڵکو ئاڕستەکردنی ژیانە بەتەواوی بەرەو خودا، بۆیە تەنها بەبەرکەتی خودا مرۆڤ ڕاستودروست دەبێت.

ڕۆحی پیرۆز: (یۆحەننا 1:33)
سروشتی خودایە، ئەم ڕۆحە لەعیسای مەسیحدا بوو، ئێستاش لەهەموو باوەڕدارێکە بەمەسیح، باوەڕدار پیرۆز دەکاتو یارمەتیدەدات بۆ ئەوەی بگۆڕێ بۆ شێوەی مەسیح، هەروەها ڕێنمایی دەکاتو فێری دەکات.

ڕۆژیدوایی: (یۆحەننا 6:39،40)
ڕۆژی کۆتایی هێنانی جیهانو ڕۆژی لێپرسینەوەیە. هەروەها ڕۆژی دووەم هاتنەوەی عیسایە

بەشـــــکۆداریەوە، لـــــەم ڕۆژەدا خراپەکاران سزا دەدرێن‌و باوەڕداران خەلاّت دەکرێن .

ڕۆژی لێپرسینەوە: (ڕۆما 2:16)

بڕوانە ڕۆژی دوایی.

ڕۆلّەی داود: (مەتتا 21:9)

بەمەسیح ووتراوە چونکە لە دایکەوە (لە مریەم) ڕەچەلّەکی دەگەڕێتەوە بۆ حەزرەتی داود، هەروەها لە یوسفی مێردی مریەمیش.

ڕۆلّەی خودا: (لۆقا 1:35)

بەمەسیح دەووترێ، ئەمەش مانای ئەوە نییە مەسیح لەئەنجامی پەیوەندیەکی سێکسی لەنێوان خوداو مریەم هاتووەتە دونیا، چونکە ئەمە گەورەترین کفرە. بەلّکو لەڕۆح ڕۆلّەی خودایە، چونکە مەسیح هەموو سروشتی خودای تیادا بوو، وەك: پاكوپیرۆزی‌و دەسەلاّت‌و بەزەیی‌و خۆشەویستی‌و...هتد.

ڕۆلّەی مرۆڤ: (مەتتا 16:13)

بەمەسیح ووتراوە چونکە سروشتی مرۆڤی تێدا بوو، لەبرسی بوون‌و تینوو بوون‌و ئازار چەشتن‌و غەم خواردن...هتد.

زەکەریا: (لۆقا 11:51)

یەکێکە لەپێغەمبەرەکانی خودا لەپەیمانی کۆن. لەسەدەی شەشەمی (پ.ز) ژیاوە، لەکتێبی پیرۆز نووسراوێکی هەیە بەناوی خۆی، پێشبینی هاتنی مەسیحی کردووە. هەروەها باوکی یەحیای خەلّك لەئاو هەلّکیش ناوی زەکەریا بوو. بڕوانە (لۆقا 1:5).

سامریەکان: (یۆحەننا 4:9)

تێکەلّێکن لەجوولەکەو ئاشووری، دوای گەڕانەوەیان لەبابل لەسەدەی هەشتەمی پ.ز دەستیانگرت بەسەر ناوچەی سامیرە، باوەڕیان تەنیا بەو پێنج پەرتووکەیە کە موسا نووسیویەتی (تەورات). پەرستگایەکیان لەسەر چیای سامیرە دروست کرد. لەگەلّ جوولەکەکان دوژمنایەتیەکی تونديان هەبوو، چونکە جوولەکەکان ئەوانیان بەکافر دادەنا.

سامیرە: (یۆحەننا 4:4)

بەشـــی ناوەڕاســـتی فەلەســـتینە پایتەخـتەکەی سامیرەیە، ناوی گۆڕا بۆ (مبســـەتە) لـەســـەردەمی هیرۆدســـی گەورە.

ساوفیلۆس: (لۆقا 1:1)

نـــاوێکی یۆنانیـــیە بـــەمانای (خۆشەویستی خـودا) ئەمـیش ئـەو پیاوە ڕۆمەیە کە لۆقا هەوالّی مزگێنی پـێیداوە، لـــەوە دەکـات پـیاوێکی نـاودار بـوو بێـت زۆر کـەس دەلێن پارێـــزەر بـــووەو لـەســـەر پۆلّســـی نـێرراوی عیســای کـردۆتەوە کـاتێ زیندانی کراوە لەڕۆما.

سەدوم: (لۆقا 10:12)

لەســـەردەمی پێغەمـــبەر لـــووت دانیشـتوانی شـاری سـەدوم هـەموو خـراپەکار بوون، بۆیە بەر ڕقی خودا کـەوتن، تەنها حەزرەتی لۆوتو دوو کچەکەی ڕزگاریان بوو. سەدوم بوو بەنموونـەی ئەو شارانەی خراپەکاریان زۆرە.

سەدوقیەکان: (مەتتا 22:23)

کۆمـەڵێ جوولەکـەن زۆربـەی ئـەندامانی کاهیـنن. سـەرۆك کـاهین لـــەوان بـــوو لـەســـەردەمی مەسـیح. باوەڕیـــان بەفریشـتەو هەڵســـانەوەی مـردووان نیـیە، لایەنگـری ڕۆمەکان بـوون. هـەردەم لـەگـەڵ فەریسیەکان نـــاکۆك بـــوون بـــەڵام لەگەڵـــیان ڕێککـەوتن لـەسـەر دژایـەتیکردنو کوشتنی مەسیح.

ســـەرۆك کـــاهین: (عـــبرانیەکان 7:27)

سـەرۆکی هـەموو پیاوە ئاینیەکانە لـەپەرسـتگای قـودس (ئۆرشـەلیم)، هـــەروەها ســـەرۆکی ئەنجوومـــەنو بەرپرسی یەکەمە دەربارەی ژیانی ئاینی جوولەکـەکان. پەیوەندیڕێکخـەری نێوانـیانو خودایـە، تەنها ئەو دەیتوانی بچـێتە شـوێنی هـەرە پیرۆز. (حەنان) لـەو سەرۆك کاهینانە بوو، بۆ ماوەیەك لـەســـەر ئـــەم پایـــە مایـــەوە دوایـــی فەرمانـڕەوایان لایـان برد، قیافا لـەجێی ئـەو دانـرا. بـەڵام لای جوولـەکان هەردووکـــیان بەســـەرۆك کـــاهین دادەنران.

سینا: (کردار 7:30)

ناوچـەیەکی بیاباناویـیە دەکەوێتە نێوان میسرو فەلەستین، چیای سیناش کـە موسـا لـەسـەری خـودای بیـنی لـەدەوەنە گڕدارەکە، دەکەوێتە هەمان

ناوچـه. لـەوێ خـودا وەحـی بـۆ گەلەکـەی نـارد، هـەروەها بەچـیای حۆرەیبیش بەناوبانگە.

شاری‌داود: (ڕۆما 9:33)
شـاری قودسـه (ئورشـەلیم)، شـاری پادشـای مەزنیشـی پـێ دەووترێ.

شەریعەت: (مەتتا 5:17)
ئەو ڕاسپاردانەیە کە خودا لەسەر چـیای سینا لەڕێگای موساوە بەگەلی ئیسـرائیلی ڕاگـەیاند، لـەو پێـنج نووسـراوەش کە بەتەورات ناودەبرێ تۆمارکراوە.

شەمە: (مەتتا12:2)
لای جوولەکـەکان ڕۆژێکـی پیرۆزە، بەپێی شەریعەت هەموو جۆرە کارێك قەدەغەیە، تەنیا بەخواپەرستیو نوێـژو خوێـندنەوەی کتێـبی پـیرۆزو فێربوونی ئاینی خەریك دەبن.

شەیتان: (بینیین 12:9)
ووشـەیەکی عیـبرییە بـەمانای دوژمـن یان شکاتکەر. لەپەیمانی نوێ ئـەم ووشـەیە بـۆ دوژمـنی خـوداو مەسـیحو بـاوەڕدارانو مـرۆڤایەتی بـەکار هێـنراوە. ڕۆحـی هـەموو خراپەکاریـیەکە. کـاتێ عیسا لەسەر خاچـەکەی مـرد، بـاوەڕدارانی ڕزگارکرد لەکۆیلایەتی شەیتان.

شوێنی‌هەره پیرۆز:
بڕوانە نامە بۆ عیبرانیەکان 9:3–7.

عیبرانیەکان: (فیلیپی 5:3)
مەبەسـت لـە جوولەکەکانە، بۆیە بەزمانەکەشیان دەووترێ عیبری.

عیسا: (مەتتا 1:21)
لـە (ئیسـوس)ی یوێـنانی وەرگـیراوە، بەعیـبری (یەشـوعی) پێدەوترێ واتە خودا ڕزگارکەرە.

فەریسیەکان: (مەرقۆس 7:3)
کۆمەڵێکی ئایـنی جوولەکـەن، تونـدڕەون لەگرتنی ئەرکە ئاینیەکانو ڕاسـپاردەکانی شـەریعەت. زۆر لـەمـاموّسـتایانی شـەریعەت لـەوان بـوون پۆڵـسیش یەکـێك بوو لـەوان بەرلـەوەی بـاوەڕ بهێـنێ. باوەڕیـان بەفریشـتەو هەڵسـانەوەی مردووانو بەهـەمـوو نووسـراوەکانی پـەیمانی کـۆن هـەبوو. زۆر بـەتوندی دژی

مەسیح وەستانو کاریان کرد بۆ کوشتنی.

قوتابی مەسیح: (لۆقا 14:26،27)
ئەو دوانزە پیاوەی عیسا هەڵبژاردن تا ببنە نێراو، یان ئەو کۆمەڵەی دوای عیسا دەکەونو باوەڕی پێدەهێنن. بڕوانە (یۆحەننا 8:31 ، 13:35 ، 15:8).

قوربانگە: (لۆقا 1:11)
لەسەر شێوەی مێژێك بوو، قوربانییان لەسەری پێشکەش دەکرد، گۆشەکانی لای سەرەوەی بەپیرۆزترین شوێن دادەنرا. لەقودس دوو قوربانگە هەبوو:
– قوربانگەی بووخورد.
– قوربانگەی قوربانی.

قوربانی: (عیبرانیەکان10:10)
فەرمانی خودا بوو بۆ جوولەکەکان کە قوربانی پێشکەش بکەن بۆ کەفارەتی گوناهەکانیان. بە زۆر جۆر قوربانی پێشکەش دەکرا بەڵام لەهەمووی باوتر پێشکەش کردنی ئاژەڵ بوو، بۆ ئەوەی بزانن کە بۆ هەموو گوناهێك پێویستە خوێن بڕژێ. مەسیحیش هات بۆ تەواوکردنی ئەم یاسایە. وەك نووسراوە لە (عیبرانیەکان 9:11–27).

کاهین: (لۆقا 1:5)
لە ووشەی (کوهن)ی عیبری وەرگیراوە، ئەمەش پلەیەکی ئایینی جوولەکەیە، هەڵدەستا بەپێشکەش کردنی ئەو قوربانییانەی بۆ لێخوشبوون لەگوناهەکانی خۆی و هەموو گەل بوون. هاڕونی برای موسا یەکەم کاهینی جوولەکەکان بوو، لەهۆزی لاوی‌بوو، بۆیە ئەم کارە تایبەتبوو بەلاویەکان.

کەپرەشینە: (یۆحەننا 7:2)
لەپازدەیەمین ڕۆژی مانگی حەوتی ساڵنامەی جوولەکە دێت. هەشت ڕۆژ دەخایەنێ ڕۆژی یەکەمو ڕۆژی هەشتەم ئاهەنگی ئایینی گەورە دەگێڕن. یادی لەناو چادر ژیان دەکەنەوە پاش دەرچوونیان لەمیسر.

کەفارەت: (ڕۆما 3:25)
واتە داپۆشینی گوناهبار

لـەتووڕەیی خودا، چونکە شایانی ئەو تووڕەیـیەیە، بۆیـە لەپـەیمانی کـۆن بەسـەربڕینی بەرخێك یان گایەکی بێ کـەمووکـوڕ کەفارەتـیان دەکـرد. مەسیحیش بوو بەکەفارەت بۆ هەموو ئەوانـەی بـاوەڕ بەو قوربانیە دەهێنن، بۆیـە کـاتێ یەحـیای کوڕی زەکەریا عیسـای مەسـیحی بیـنی لەسـەر ڕووبـاری ئـوردن، ووتـی: (ئا ئەوەتا بەرخی خودا، ئەو قوربانییەی گوناهی جیهان هەڵدەگرێت.) بڕوانە (یۆحەننا 1:29)، هـەروەها (عیـبرانیەکان 2:17، 1یۆحەننا 2:2 ، 4:10).

کەفەرناحوم: (مەتتا 4:13)
شـارێکە لەسـەر دەریاچـەی جەلیل.

کەنیشت: (لۆقا 4:16)
لـە هـەر شـارێك (10) خێزانی جوولەکـە یـان زیاتـر هەبوایـە، شـوێنێکیان تـەرخان دەکـرد بـۆ نوێژکردنو فێرکردنی ئاینی.

کتێب: (یۆحەننا 2:22)
مەبەسـت پـەیمانی کۆنـە لەکتێبی پیرۆز.

کڕینەوە بەخوێن: (بینین 5:9)
واتـە ڕزگارکردنی ژیانی کەسێك بەخۆبەختکردن بۆی.

گوناە: (1یۆحەننا 3:4)
یاخیبوونـە دژی خـوداو لەناخی مـرۆڤدا ڕەگـی داکوتـاوە، بۆیـە پـەیوەندی بەمێشـك هەیـە، دەرئەنجامەکەشـی ئـەو بیرکـردنەوەو ووتـەو کارانەیـە کـە دەبـنە مایـەی دڵـتەنگی خودا، بۆیە خودا تووڕەیی خـۆی ئاڕاسـتەی گونـاە کـردووە (مەرقۆس 7:20-23).

لاوی: (کردار 4:36)
نـاوێکی پـیاوانەی عیـبریە. یەکێ لـەکوڕەکانی حـەزرەتی یاقوب ناوی لاوی بـوو، بۆیـە یەکێ لەهۆزەکانی ئیسـرائیل بـەم ناوەیە. بڕوانە ووشەی کاهین.

لەئاوهەڵکێشان: (مەتتا 3:11)
بـە عـەرەبی (تعمـید)، واتـە تۆبەکـردنو دووبـارە لـەدایك بوونـەوە. کـاتێ لـەناو ئاوەکـە نوقم دەبـی لەژیانـە کۆنەکـەت دەمـری،

کاتێ هەڵدەستیتەوە ژیانێکی نوێ دەست پێدەکەیت. لەئاوهەڵکێشان ڕەمزێکی دەرەکیە بۆ گۆڕانێکی ناوەکی کاتێ باوەڕدار لەڕۆح لەدایك دەبێتەوە.

ماری ناو بیابان: (یۆحەننا 3:14)

کاتێ جوولەکەکان لەبیابانی سینا بوون نارەزایان بەرامبەر خودا دەربڕی، بۆیە خودا ماری نارد سەریان، بەمە ژمارەیەکی زۆریان لێ مرد.کاتێ هەموو تۆبەیان کرد، خودا بەموسای ووت مارێك لە مس دروست بکەو بەرزی بکەوە، تاوەکو هەر کەسێك مار پێوەی بدات تەماشای مارەکە بکاتو چاك بێتەوە، لەو کاتە مار ڕەمزی خراپە بوو، ئەوەی سەیری دەکرد گوناهەکەی خۆی دەبینیو چاك دەبووەوە. لەو کاتەی مەسیحیش بەسەر خاچ هەڵواسرا بوو، گوناهی هەموو جیهانی بەسەر شانەوە بوو، جا هەر کەسێك سەیری خاچەکەی مەسیح بکاتو گوناهەکانی خۆی بەسەرەوە ببینێو تۆبە بکات، خودا لەگوناهەکانی خۆش دەبێت.

مەسیح: (مەتتا16:16)

لەووشەی (مەشییای) عیبریەوە هاتووە بەواتای دەستنیشانکراو. تەنها پادشاو پێغەمبەرو کاهین لای جوولەکەکان دەستنیشان دەکران ئەویش بە چەورکردنیان. بەپێی پێشبینیەکانی پەیمانی کۆن، جوولەکەکان چاوەڕێی ئەو کەسەیان دەکرد کە دێت وەکو ڕزگارکەرو لە هەمان کات کاری پادشاو پێغەمبەرو کاهینیش دەکات، بەڵام کە هات باوەڕیان پێی نەکرد، چونکە لایان وابوو لەدەستی ڕۆمەکان ڕزگاریان دەکات، نەیانزانی هاتووە لە گوناهەکانیان ڕزگاریان بکات.

مەلکیسادق: (عیبرانیەکان 5:6)

لەپەیمانی کۆن باسیکراوە، پادشای شاری سالیم بوو، مانای ناوەکەی پادشای چاکە، سالیم واتە ئاشتی. سەرۆك کاهینی خودا بوو، کاهینێتیکەی هەمیشەیی بوو، سەرەتاو کۆتایی بۆ نەبوو. ئەوەش ڕەمزە بۆ مەسیح، بۆ زیاتر

ڕوونکردنەوە بڕوانە (عیبرانیەکان 7:1–8).

مەن: (یۆحەننا 6:31)
ووشەیەکی عیبریە واتە (ئەمە چییە؟) یان (بەخشین). بەشێوەی شەونم لەئاسمانەوە دەهاتە خوارەوە بۆ جوولەکەکان لەبیابانی سینا. خودا ڕۆژانە دەیدا پێیانو نەیان دەتوانی پاشماوەکەی هەڵبگرن بۆ ڕۆژی پاشتر، چونکە بۆگەن دەبوو. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە (یۆحەننا 6:31–35).

موڕ: (مەتتا 2:11)
ئاوێکی بۆن خۆشە لەگەڵای جۆرە گوڵێك دەردەچێ. هەندێ جار لەگەڵ مەی تێکەڵاو دەکرا بۆ کەم کردنەوەی ئازار. وەك دیاریەکی پێشکەشکراو بەپادشا، پێشکەشکرا بەعیسای مەسیح پاش لەدایك بوونی، هەروەها پاش مردنی لەشی پێچەورکرا وەك نەریتێکی جوولەکە لەمردوو ناشتن.

ناوچەی جەلیل: (مەتتا 2:22)
لەو سەردەمەدا زەوی فەلەستین کرابوو بە سێ ناوچە، لەسەرەوە جەلیل، لەناوەڕاست سامیرە، لەخوارەوە یەهودیا.

نوێژ: (1تیمۆساوس 2:1)
گفتوگۆی نێوان باوەڕدارو خودایە. کاتێ باوەڕدار نوێژ دەکات سوپاسو ستایشی خودا دەکات، داواکاریەکانی دەخاتە بەر دەستی خودا، خوداش گوێی لێدەگرێت. لەهەمان کاتدا ووتەکانی کتێبی پیرۆز کە ووتەی خودایە بەیارمەتی ڕۆحی پیرۆز دەکەوێتەوە بیری بەم شێوەیەش گوێ لەخودا دەگرێ. زۆر جاریش لەکاتی نوێژکردن خودا خواستی خۆی بۆ باوەڕدار ئاشکرا دەکات.

نێرراو: (ڕۆما 1:1)
نازناوێکە بۆ ئەو کەسەی مەسیح دەینێرێ مزگێنی بدات بەخەڵکی، لەپەیمانی نوێدا ئەم نازناوە بەدوانزە قوتابیەکەی عیسا بەخشراوە، دواتریش بەپۆڵس.
ئێستا هەندێ جار بەو کەسانە دەوترێ کە لەلایەن کۆمەڵەی باوەڕدارانەوە بەیارمەتی ڕوحی پیرۆز دیاری دەکرێنو دەنێردرێن بۆ بلاوکردنەوەی مزگێنی عیسا.

بڕوانە (کردار 1:13–3).

هارون: (لۆقا 1:5)
بـــراگەورەی مووســـا بـــوو، بەفـەرمانی خودا بوو بەیەکەم سەرۆك کاهین، بەباوکی کاهینان دادەنرێ.

هەلیلویا: (بینین 19:1)
ووشـەیەکی عیبریە واتە (ستایشی خـودا بکـەن). ئـەم ووشـەیە بـۆ ســتایش‌کــردنو شــکۆدارکردنی خوداوەنـد بەکاردێـت، لەپـەیمانی کۆنـدا لەسـەرەتا یـان لـەکۆتایی زەبوورەکـانو گۆرانییەکان دادەنراو لەجەژنو بۆنە ئاینییەکان دەووترایەوە. ئێســتاش ئــەم ووشــەیە لــەکۆڕو کۆبوونەوەکانی باوەڕداران بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرێ.

هۆسانا: (مەرقۆس 11:9)
ئـەم ووشـەیە لـە(هوشـیعنای) عیـــبرییەوە هـــاتووە، بـــەمانای (ڕزگارکـــەر). بـــەکار هـــاتووە بـــۆ دەربڕینـی خۆشـیو پێشوازیکردن، وەکـو ئـەو کاتـەی خەڵکەکـە ئـەم ووشـەیان بـۆ خۆشـحاڵی دەربڕینو بەخـێرهاتن کـردنی عیسا بۆ شاری قودس بەکار هێنا.

هیرۆدس: (مەتتا 2:3)
لـە ئینجـیل سـێ کـەس بەم ناوە ناوبراون:
– هیرۆدسی گەورە، لەسەردەمی ئـەو عیسـا لـەدایك بوو، بە ڕەگەز ئـادۆمیبوو لەلایـەن ڕۆمەکانـەوە کـرابوو بەپادشا لەسەر فەلەستین. بە دڵـــڕەقیو فێڵـــبازی ناوبـــانگی دەرکردبوو. هەوڵیدا بەمندالّی عیسا بکـوژێ بۆیـە فـەرمانیدا هـەموو مـنداڵەکانی بەیـتـلـەحم ئەوانـەی تەمەنـیان دوو سـاڵۆ بچـووکتر بوو، بکوژن. بڕوانە (مەتتا 2:1–22).
– هـیرۆدس ئەنتیـباس، کـوڕی هیرۆدسـی گەورە بوو لە ملتاقە. پاش مـردنی بـاوکی بـوو بـە حوکمـڕانی ناوچـەی جەلـیل. بەشـدار بـوو لـەو حوکمی مردنەی کە بەسەر عیسا درا. بڕوانە (لۆقا 23:7).
– هـیرۆدس ئەغریـبای یەکـەم، کـوڕەزای هیرۆدسـی گەورە بوو، لە سـاڵی (37ز.) بـوو بەحوکمـڕانی باکووری فەلەستین، پاشان لەساڵانی (41–44ز.) بـوو بەپادشـای هـەموو فەلەسـتین. یـاقوبی بـرای یۆحەنـنای

بەشمشێر کوشت.
بڕوانە (کردار 12:1–24).

ووشەکە: (یۆحەننا 1:1)
مەبەست لەووشەی خودایە کە لەسەرەتاوە لەگەڵ خودا بووە، هەموو شتێکیش بەم ووشەیە دروست بووە. ئەم ووشەیەش لەعیسای مەسیح بەرجەستە بوو.

یارمەتیدەر: (یوحەننا 14:16)
واتە ڕۆحی پیرۆز. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە ڕۆحی پیرۆز.

یەشوع: (کردار 7:45)
مەبەست لە یەشوعی کوڕی نوونە کە خزمەتکاری موسا بوو، پاش مردنی موسا ئەو ڕابەرایەتی گەلی ئیسرائیلی کرد بەرەو فەلەستین. لە پەیمانی کۆن نووسراوێك هەیە بە ناویەوە.

یەهودیا: (مەتتا 2:1)
ناوی بەشێکە لەبەشەکانی فەلەستین لەو سەردەمە، کەوتۆتە خواروو ڕۆژهەلاتی شاری یافاوە.

یونس: (مەتتا 12:39)
یان نەبی یونس، خودا فەرمانی پێدا بەرەو نەینەوا بڕوات، بەلأم یونس

ویستی سەرپێچی خودا بکات بۆیە بەڕێی دەریا بەرەو تەرشیش کە دەکەوتە ئیسپانیاوە چوو، لەڕێ کەشتییەکەیان تووشی ڕەشەبا دێت، پاش ئەوەی کەشتیوانەکان دەزانن خودا بەهۆی یونسەوە ڕەشەبای ناردۆتە سەریان، یونس فڕێ دەدەنە ناو دەریاوە، بەفەرمانی خودا ماسییەکی گەورە یونس قووت دەدات بۆ ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژ، پاشان یونس تۆبە دەکات خوداش دەیگەڕێنێتەوە سەر ووشکانی. لەپەیمانی کۆن نووسراوێك هەیە بەناوی یونس.

 خودا یەکە، دروستکەری هەموو شتێکە لەگەردوونو مرۆڤی دروستکرد بۆ ئەوەی بەخۆشییەوە هاوبەشی لەگەڵ خودا بکاتو کرنۆشی بۆ ببات.
(ئـەی خوداوەندمـانو خودامـان، تـۆ شایانی ئەوەی شکۆمەندیو ڕێزو توانا وەرگـری، چـونکە تۆ دروستکەری هەموو شتێکیت، ئەو شتانەش بەخواستی تۆ بوونی هەیەو دروست بووە.)

بینین 4:11

هـەروەها بـڕوانە: مـرقۆس 12:29 ، ڕۆمـا 3:30 ، 1تیمۆسـاوس 2:5 ، عیبرانیەکان 11:3

بۆچی پەیوەندی نێوان خوداو مرۆڤ پچڕاوە؟ بۆچی خراپە بەم ڕادەیە دەستی گرتووە بەسەر جیهان؟

 مـرۆڤ گوناهـبارە، واتـە لەخودای دروستکەری یاخیبووە، کەس نییە یاخی نەبووبێ.
({هـیچ مرۆڤـێك ڕاستودروست نییە، تەنانەت یەکێکیش! هەروەها یەکێك نـیـە تێبگاتو یەکـێك نـیـە بـەدوای خـودا بگەڕێ. هەموو خۆیان لەخودا دوورخسـتەوە، جـا لەبەرئـەوە هـەموو بـێسـوود بـوون، کەس کاری چاك ناکات، نەخێر تەنانەت یەکێکیش نا.})

ڕۆما 3:10–12

هـــەروەهـــا بـــڕوانـــە: مـــرقـــۆس 7:18–23 ، یـۆحـەنـنا 3:19–20، 8:34، 16:8،9 ، ڕۆمـا 1:18–31

کاردانەوەی خودا چییە سەبارەت بەگوناهی مرۆڤ؟ ئایا زۆرداری تاسەر دەمێنێ؟

- **خـودا دادپەروەرە، بەدادپەروەرییەکی تەواوەوە لەڕۆژی لێپرسینەوە حوکمی خـۆی دەدات، بـەم شـێوەیە هـەموو گوناهباڕێکیش شایانی لەناوچوونی هەتاهەتاییە.**

(هـەروەك چـۆن دواڕۆژی مـرۆڤ ئەوەیـە جـارێك بمـرێ، دوایـی ڕۆژی لـێپرسینەوە دێت.)

عیبرانیەکان 9:27

(سزای ئەوانە لەناوچوونی هەتاهەتاییە، دەرکردنیانە لەبەر ڕووی خوداوەندو بێبەش بوونە لەشکۆو توانای ئەو.)

2تسالۆنیکی 1:9

هەروەها بڕوانە:مەتتا 25:31–46 ، لۆقا 3:9 ، یۆحەننا 5:22 ، کردار 17:30–31 ، 2پەترۆس 3:9–13.

ئایا کەس هەیە منی خۆش‌بوێ؟ بۆچی پەیامی ئینجیل، هەواڵێکی خۆشە؟

- **خـودا خۆشەویسـتییە، بۆیـە حـەزرەتی عیسـای نـارد، کـە ووشـە هەتاهەتایـیەکەیەتی، هـەتا لـەجیاتی مرۆڤ بمرێ مرۆڤ لەگوناهەکانی و لەو سزایەی شایانیەتی بەبەرەکەتی خۆی بەخۆڕایی ڕزگار بکات.**

(خۆشەویسـتی لەمـە دایە، نەك لەبەرئەوەی خودامان خۆشویستووە، بەڵکو ئەو خۆشی‌ویستووین و ڕۆڵەکەی خۆی نارد تا ببێتە کەفارەتی گوناهەکانمان.)

1یۆحەننا 4:10

(چـونکە مەسـیح لەپێـناوی گونـاە جارێك بۆ هەمووان مرد، واتە بێتاوان بۆ تاوانباران مرد، تا لەخودامان نزیك‌بکاتەوە، مردوو بەلەشو زیندوو بەڕۆح.)

1پترۆس 3:18

هـەروەهـا بـڕوانـە: مـەرقـۆس 8:31، 9:31 ، 10:31–34، 45 ، لۆقـا 19:10 ، کـردار 13:38–39 ، یۆحەننا 3:16–18، 17:23 ، ڕۆما 3:21–26 ، 5:8، 2 کۆرنسـۆس 5:14–15 ، غـەلاتـیـە 2:20، 6:14 ، کـۆلـۆسـی 1:19–20 ، 1پەترۆس 2:22–24 ، 1یۆحەننا 2:1–2.

دوای ئەوەی مەسیح بەرگەی ئابڕووچوونی خاچی گرت. ئایا مەسەلەکە کۆتایی هات؟

ئایا زیندووبوونەوە هەیە پاش مردن؟

- **خودا زیندووە، حەزرەتی عیسای لەنێو مردووان هەستاندەوە، هەتا مرۆڤ بزانێ حەزرەتی عیسا خوداوەندەو لەڕۆژی دواییشدا ئەو لەمرۆڤ دەپرسێتەوە، هەروەها تا ژیانێکی نوێ بەباوەڕدار ببەخشێ.**

(ئەو عیسایەی خودا لەنێو مردووان زیندووی‌کردەوە، ئێمە هەموو بۆ ئەوە شایەتین... کەواتە باهەموو ڕۆڵەکانی ئیسرائیل بەتەواوی بزانن، ئەو عیسایەی ئێوە لەخاچتاندا، خودا کردی بەمەسیحو بەخوداوەند.)

کردار 2:32، 36

(بۆیە خودا بەرزی‌کردەوەو ناوێکی دایە کە لەسەرووی هەموو ناوێکە، تاکو بۆ ناوی ئەو هەمووان چۆك دابدەن، لەئاسمانو سەر زەوی‌و ژێر زەویش، هەروەها تا هەموو زمانێك دانبنێت کە عیسای مەسیح خوداوەندە، بۆ شکۆمەندی خودای باوك.)

فیلیپی 2:9–11

هەروەها بڕوانە: لۆقا 24:1–49 ، یۆحەننا 20:1–31 ، کردار 2:24، 3:15 ، 13:30–37، 17:31 ، ڕۆما 4:25، 6:4، 8:9–11، 10:9–10 ، 1کۆرنسۆس 6:14، 15:3–20

ئەو ڕێگایانەی لەپێش مرۆڤن چییە؟ ئایا هیچ ڕزگارییەك هەیە بۆ من؟

- **دوو ڕێگا لە بەردەم مرۆڤە:**
  1. **ڕێگای مردنی هەتاهەتایی ئەنجامی یاخی بوونە لەخودا.**
  2. **ڕێگای ژیانی هەتاهەتایش ئەنجامی گەڕانەوەیە بۆ خوداو دانان بەوەی حەزرەتی عیسا خوداوەندەو پشت‌بەستن بە مردنەکەی بۆ لێخۆش‌بوونی گوناە.**

(ئەوەی باوەڕ بەڕۆڵەکە بهێنێ، ژیانی هەتاهەتایی هەیە. ئەوەش کە گوێڕایەڵی ڕۆڵەکە نابێ ژیان نابینێت، بەڵکو تووڕەیی خودای بەسەردا دەچەسپێ.)

یۆحەننا 3:36

(ئەوەی گوێ لەووشەکەم بگرێ و باوەڕبهێنێ بەوەی ناردوومی ژیانی هەتاهەتایی دەبێ، لەڕۆژی دوایدا حوکم نادرێ بەسەری، چونکە ئەو لە مردنەوە پەڕیوەتەوە بۆ ژیان.)

یۆحەننا 5:24

(تۆبەبکەن، با هەر یەکەتان بەناوی عیسای مەسیحەوە لەئاوهەڵبکێشرێ بۆ لێخۆشبوونی گوناەو بەخشینی ڕۆحی پیرۆزتان دەسکەوێ.)

کردار 2:38

هەروەها بڕوانە: مەتتا 4:17، 7:13–14 ، لۆقا 24:47 ، کردار 17:30، 20:21

چۆن مرۆڤ دەچێتە سەر ڕێگای ژیانی هەتاهەتایی؟ چۆن ڕزگار دەبم؟

 لەدایکبوونەوە، ئەمە تەنها ڕێگای خودایە بۆ گواستنەوەی مرۆڤ لەمردنی هەتاهەتاییەوە بۆ ژیانی هەتاهەتایی.

(کەس ناتوانێت پادشاهێتی خودا ببینێت گەر لەئاسمانەوە لەدایك نەبێت... کەس ناتوانێ بچێتە ناو پادشاهێتی خودا گەر لەئاو و لەڕۆح لەدایكنەبێتەوە.)

یۆحەننا 3:3،5

(کە ڕزگاری کردین، ئەمە بەهۆی کاری ڕاستودروستی خۆمان نەبوو، بەڵکو بەپێی بەزەیی خۆی، بە شوشتنی لەدایكبوونەوەی دووەمو تازەبوونەوەی ڕۆحی پیرۆز.)

تیتۆس 3:5

(گەر یەکێك سەر بە مەسیح بێ، ئەوا دەبێتە بوونەوەڕێکی تازە.)

2کۆرنسۆس 5:17

هەروەها بڕوانە: یۆحەننا 1:12–13 ، 5:21 ، ڕۆما 12:2،6:4 ، ئەفەسۆس 1:2–5 ، یاقوب 1:18 ، 1پەترۆس 1:3،23 ، 2پەترۆس 1:4 ، 1یۆحەننا 3:9، 4:7، 5:1،4

چۆن باوەڕداری تازە لەدایکبوو لەڕوح گەشە دەکات؟

چۆن باوەڕدار بەگوێرەی ئینجیل گەشە دەکات

(گەشە بکەن لەبەرەکەتو ناسینی خوداوەندو ڕزگارکەرمان عیسای مەسیح.)

2پەترۆس 3:18

بەسوپاس کردنی خودا بۆ بەزەییەکەی (ڕۆما 12:1،2) کە بەهۆی عیسای مەسیحەوە بێتاوانی کردین بەخۆڕایی بەبەرەکەتی خۆی، باوەڕدار گەشەدەکات:

بەهۆی ووشەی خودا گوێمان لەدەنگی خودا دەبێتو پەیوەندیمان لەگەڵ خودا بەهێزتر دەبێ بەیارمەتی ڕۆحی پیرۆز، هەروەها ووشەی خودا بەسوودو کاریگەرە بۆ گەشەکردنی باوەڕدار لەڕۆح.

(هەموو کتێبی پیرۆز بەوەحی لەخودا هاتووەو سوودبەخشە بۆ فێرکردنو سەرزەنشتو ڕاستەڕێکردن، هەروەها بۆ تەمێکردن بۆ ڕاستودروستی.)

2تیمۆساوس3:16

بڕوانە: یۆحەننا 15:7، 17:17 ، کۆلۆسی 3:16 ، عیبرانیەکان 4:12 ، یاقوب1:21–25 ، 1پەترۆس 2:2

بەهۆی نوێژ لەگەڵ خودا دەدوێن سەبارەت بەهەموو شتێك هەروەکو چۆن منداڵ لەگەڵ باوکی دەدوێ، هەروەها هێز بەدەستدەهێنین بۆ گەشەکردن لەژیانی ڕۆحیو بۆ بەهێزبوونی پەیوەندیمان لەگەڵ خودا بەیارمەتی ڕۆحی پیرۆز.

(هەموو کاتێك لەنوێژکردن بن بەڕۆح، بۆ هەموو نوێژکردنو پاڕانەوەیەك شەواڕە بگرنو هەر بەردەوامبن لەسەر پاڕانەوەکەتان لەخودا لەپێناوی خوشكو برا پیرۆزەکان.)

ئەفەسۆس 6:18

بڕوانە: لۆقا 1:11–12 ، ڕۆما 12:12 ، 1تسالۆنیکی 5:17 ، یاقوب 5:13–16 ، یەهوزا20.

بەهۆی ژیانی هاوبەش باوەڕداران کۆدەبنەوە، بەشداری یەکتری دەکەن لەفێرکردنو نوێژکردن لەپێناوی یەکتری، هەروەها لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان.
(واز لەکۆبوونەوەکانتان مەهێنن، هەروەك هەندێکتان لەسەری ڕاهاتوون، بەڵکو یەکتری هانبدەن بۆ ئامادەبوون، لەمەش زیاتر چونکە دەبینن ڕۆژی خوداوەند نزیکبووەتەوە.)
عیبرانیەکان 10:25
بڕوانە: کردار 2:42–47، 4:32–34 ، 1کۆرنسۆس 12:12–27 ، فیلیپی 2:1–4 ، عیبرانیەکان 3:13.

بەهۆی خزمەتکردن خۆشەویستی بۆ خوداو بۆ خەڵك بەهۆی کردار دەردەکەوێ، ئەمەش بەهۆی بەشداریکردنی خەڵك لەمزگێنیو فێرکردنیان سەبارەت بەڕێگای ژیانو یارمەتیدانیان لەپێویستیەکانیان بەرجەستە دەبێ.
(بۆ لەکاری چاکە نەکەوین، چونکە گەر ووڕە بەرنەدەین لەکاتی خۆی دروێنەی زۆر دەکەین. جا تا دەرفەتمان هەیە، با چاکە لەگەڵ هەموو کەسێك بکەین، بەتایبەتی لەگەڵ خوشكو برایانی باوەڕدار.)
غەلاتیە 6:9–10
بڕوانە: مەتتا 28:19–20 ، یۆحەنا 13:14–17 ، ڕۆما 12:1–21 ، 1کۆرنسۆس 15:58 ، 16:1.